من مؤلفات الشيخ الدكتور

(هيثم بن جميل سرحان)

لە بەرهەمەکانی شەیخ

هەیسەم جەمیل سەرحان

❖اللغة الكردية – السورانية

❖زمانی کوردی – سۆرانی

بسم الله الرحمن الرحيم

الفهرست (ناوەڕۆک)

ناوی کتێب (اسم الكتاب) لاپەرە (الصفحة)

دابەشکردن و بنەمادانان بۆ کتێبی (القول المفيد) التقسيم والتقعيد للقول المفيد ٦

سێ پرسیارەکەی ناو گۆر (الاصول الثلاثة وأدلتها) ٤٣٥

چوار بنەماکە (القواعد الأربعة) ٥٢٣

هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (نواقض الاسلام) ٥٤٧

شەش بنەماکە (الأصول الستة) ٥٩٠

وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای ئوممەت (الدروس المهمة لعامة الأمة) ٦٣١

پوختەیەکی بەسوود لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (المختصر المفيد لسيرة رسول الله) ٨٥٩

هۆکارە سوود بەخشەکان بۆ ژیانێکی ئاسوودە (الوسائل المفيدة في الحياة السعيدة) ٩٥٠

پێغەمبەری موحەممەد کێیە و چی فێرکردین (من هو النبي محمد وماذا علمنا) ٩٥٤

پوختەی ئەو مافانەی فیترەت داوای کردووە وشەریعەت بریاری لەسەر داوە

(ملخص حُقوق دعت إليها الفطرة وقرَّرتها الشريعة) ٩٥٩

سوننەتەکانی فیترەت (سنن الفطرة) ٩٦٥

خێراکە با فێر بین (هيا بنا نتعلم) ٩٦٧

پێناسەی کتێبەکان :

کتێبی یەکەم : دابەشکردن و بنەمادانان بۆ کتێبی (القول المفید) : کتێبێکە بە زمانی کوردی (سۆرانی) دکتۆر هەیسەم سەرحان نوسیویەتی ، ئەویش کورتەیەکی کتێبی (القول المفید علی کتاب التوحید)ـە لە نوسینی زانای پایەبەرز (ئیبن عوثەیمین) – رەحمەتی خوای لێ بێت-

کە بە سوودبەخشترین کتێبی سەردەم دەژمێردرێت لە رووکردنەوەی تەوحیددا کە خوای گەورە لەسەر بەندەکانی واجیبی کردووە ، وە ئەمجار باسی ئەوەی کردووە کە لە گەڵ بنچینەی تەوحیدا جیاوازە لە شیرکی گەورە ، یان لە گەڵ تەواوکاری تەوحیددا جیاوازە کە ئەویش شیرکی بچووکە .

نوسەر لە بەرگێکی تازەو جوانەوە ئامادەی کردووە لەسەر شێوەی خشتە و دابەشکردنی بابەتەکان ، مەبەست و مانا گشتییەکانی هەموو بەشێکی تێدا باسکردووە بە بەڵگە و ئەسەرەوە ، وە لە پاش هەموو بەشێک کۆمەڵێک پرسیار و تاقیکردنەوەی داناوە ، هەموو ئەوانە بە بێ کورتکردنەوەیەک زیان بە بابەتەکە بگەیەنێت و بە بێ درێژکردنەوەیەکی بێزارکەر.

کتێبی دووەم : سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ و چوار بنەماکە و هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام : کتێبێکە بە زمانی کوردی (سۆرانی) دکتۆر هەیسەم سەرحان نوسیویەتی ، ئەمانە لە خۆ دەگرێت :

١/ سێ پرسیارەکەی ناو گۆر :

ئەوەش پەیامێکی بە نرخە کە ئەو بنچینانە لە خۆ دەگرێت کە پێویستە مرۆڤ بیزانێت و لە گۆرەکەیدا پرسیاری لێ دەکرێت ، وە جۆرەکانی پەرستن کە خوای گەورە فەرمانی پێی کردووە و رووکردنەوەی پلەکانی دین .

٢/ چوار بنەماکە :

پەیامێکی کورتە دەربارەی رووکردنەوەی بنەماکان و ناسینی تەوحیدو هەندێ لە گومانەکان کە موشریکەکان خۆیان پێوە پەیوەست کردووە و وەڵامدانەوەیان .

٣/ هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام :

دەقێکی کورتکراوە باسی هەندێک لە مەزنترین مەسەلە ترسناکەکان دەکات لەسەر دینی کەسی موسڵمان ، ئەوەش هەرچەندە تونده کەچی زۆرجار روودەدەن ، تاوەکو کەسی موسڵمان لێی بە ئاگا بێت و لە خۆی بترسێت نەوەک توشی ببێت .

نوسەر لە بەرگێکی تازەو جوانەوە ئامادەی کردووە لەسەر شێوەی خشتە و دابەشکردنی بابەتەکان ، مەبەست و مانا گشتییەکانی تێدا باسکردووە ، وە لە پاش هەموو دەقێک کۆمەڵێک پرسیار و تاقیکردنەوەی داناوە ، هەموو ئەوانە بە بێ کورتکردنەوەیەک زیان بە بابەتەکە بگەیەنێت و بە بێ دریژکردنەوەیەکی بێزارکەر.

کتێبی سێیەم : شەرحی شەش بنەماکە :

لە نوسینی دکتۆر هەیسەم سەرحان , تیایدا شەش بنەماکە راڤە دەکات کە لە نوسینی شەیخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی ئەلتەمیمییە , ئەویش نامەیەکە کە سوودەکانی زۆرن و ماناکانی مەزنن , هەرچەندە خۆی لە خۆیدا نامەیەکی کورتە , شەیخ تیایدا باسی شەش بنەمای مەزنی کردووە .

شەریعەتی ئیسلامی هاتووە بە مەبەستی ئەوەی خەڵکی سەقامگیر بن لە دین و دونیاکەیاندا پێکەوە , وە بە جوانی و ڕێك و پێکی ڕوونی کردووەتەوە , لە گەڵ ئەوەیشدا زۆربەی زیرەکەکانی جیهان هەڵەیان تێدا کردووە , ڕاڤەکار لە سەر شێوەی خشتە و دابەشکردن ڕێکی خستووە بۆ ئەوەی زوو لەبەر بکرێت و کەسی خوێنەر بتوانیت زەبتی بکات , لە گەڵ ئەوەیشدا ڕەچاوی ئامانجی نوسەری کردووە لە ڕووی سووك و ئاسانی و کورتییەوە .

کتێبی چوارەم : ڕاڤەی دەقی وانە گرنگەکان بۆ تێکرای ئوممەت : کتێبێکە بە زمانی کوردی (سۆرانی) دکتۆر هەیسەم سەرحان نوسیویەتی ، ئەویش ڕاڤەی دەقی وانە گرنگەکانە بۆ تێکرای ئوممەت لە نوسینی پێشەوا ئیبن باز – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- تیایدا کۆمەڵێک زانستی شەرعی کە پەیوەستن بە ئەحکامە فیقهی و عەقیدە و ڕەوشت لە خۆ دەگرێت کە پێویستە تێکرای ئوممەت بیزانن .

نوسەر لە بەرگێکی تازەو جوانەوە ئامادەی کردووە لەسەر شێوەی خشتە و دابەشکردنی بابەتەکان ، مەبەست و مانا گشتییەکانی تێدا باسکردووە ، وە لە پاش هەموو بەشێک کۆمەڵێک پرسیار و تاقیکردنەوەی داناوە ، هەموو ئەوانە بە بێ کورتکردنەوەیەک زیان بە بابەتەکە بگەیەنێت و بە بێ دریژکردنەوەیەکی بێزارکەر.

کتێبی پێنجەم : کورتەیەکی بە سوودە لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری خوا و رەوشت و ئاکارەکانی :

کتێبێکە بە زمانی کوردی (سۆرانی) دکتۆر هەیسەم سەرحان نوسیویەتی ، کە چەند باسێکی کورت لە خۆ دەگرێت هەرکەسێک کەمترین هیممەتی هەبێت بۆ ناسینی پێغەمبەرەکەی و ناسینی ژیاننامە و ئاکارەکانی لێی بێ نیاز نییە ، هەروەها گرنگترین سیفاتە خولقەت و رەوشتەکانی تێدایە ، وە ناسینی خزمە نزیک و ناسینی خێزانەکانی .

نوسەر لە بەرگێکی تازەو جوانەوە ئامادەی کردووە لەسەر شێوەی خشتە و دابەشکردنی بابەتەکان ، وە لە پاش هەموو بەشێک کۆمەڵێک پرسیار و تاقیکردنەوەی داناوە ، هەموو ئەوانە بە بێ کورتکردنەوەیەک زیان بە بابەتەکە بگەیەنێت و بە بێ دریژکردنەوەیەکی بێزارکەر.

شەشەم : چەند نامەیەکی کورت کە هەر یەکە مەبەستێک دەپێکێ و سوودی بۆ خوێنەر هەیە .

دکتۆر هەیسەم سەرحان مامۆستا لە پەیمانگای حەرەم لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە پێشدا ، وە سەرپەرشتیاری گشتی لەسەر :

پەیمانگای سوننە و مالپەڕی فەرمییەکەی : https://mahadsunnah.com

وە مالپەڕی فەرمی دکتۆر هەیسەم سەرحان : https://alsarhaan.com

وە مالپەڕی یاری دەکەم و فێر دەبم بۆ منداڵان : http://learnplaykids.com

شەرحی کتێبی تەوحید

دابەشکردن و بنەمادانان لەسەر (القول المفيد)

شەرحی کتێبی تەوحید

نوسینی

هيثم بن محمد سرحان

ماموٚستا لە پەیمانگای حەرەمی مزگەوتی پێغەمبەری خوا – لە پێشدا – و

سەرپەرشتیاری ماڵپەڕی (التأصيل العلمي)

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمدَ لله نَحمَدُه و نستعينهُ ونَستغفرُه، ونَعوذُ بالله من شُرور أنفسِنا ومن سيِّئاتِ أعمالنا مَن يَهدِه الله فلا مُضلَّ له، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له، وأشهَد أنْ لا إله إلا الله وحدَه لا شَريك له، وأشهَد أنَّ محمَّدا عبدُه ورسولُه (ﷺ)، أمَّا بعد :

چەند بنەمایەك كە پێویستە لە پێش خوێندنەوەی ئەم كتێبە بزانرێت

١. پێویستە لەسەر قوتابی زانست و زانیاری دەقی كتێبەكە لەبەر بكات پێش خوێندن و دیراسەت كردنی.
(هەروەكو وتراوە : ((احفظ فكلُّ حافظٍ إمامٌ)) . واتە : لەبەربكە چونكە هەموو لەبەركەرێك (حافز)یّك پێشەوایە).
٢. زانینی هۆی كردنە بەڵگەی هەر ئایەتێك و هۆی هێنانەوەی لە بەشەكەدا .
٣. زانینی پەیوەندی هەر بەشێك لە بەشەكان بە كتێبی تەوحیدەوە و هۆكاری هێنانەوەی تیایدا، بۆ ئەوەی كتێبەكە هەموو پەیوەست بێت بە یەكەوە .
٤. تەنها پشت بە یەك راڤە دەبەستین، وە كۆڵەكەی راڤەكەش لای ئێمە كتێبی (القول المفيد)ـە لە نوسینی شەیخ (ابن عثيمين) –رەحمەتی خوای لێ بێت–، جا ئەگەر ئەم شەرحەمان تەواو كرد ئەوا دەست بە شەرحێكی تر دەكەین (إن شاء الله) ئا بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی زانیارییەكان تێكەڵ بە یەكتر نەبن .

بۆ ئەم کتێبە دەخوێنین ؟

١. چونکە زانا لە خواترس و ڕەبانییەکان ئامۆژگاریان بە خوێندنەوەی کردووە.

٢. چونکە یەکێکە لە باشترین ئەو کتێبانەی لەم بابەتەدا نوسرابێت .

٣. چونکە نوسەرەکەی زۆر بە جوانی توانیویەتی وەڵامی گومان و حوججەی نەیارانی بداتەوە بە بەڵگەوە .

٤. چونکە خوای گەورە ئەم کتێبەی لە سەر زەویدا خۆشەویست و وەرگیراو کردووە .

٥. چونکە زانایان ئامۆژگارییان کردووە بە لەبەرکردن و تێگەیشتن لێی .

٦. دابەشکردن و ڕێزبەندی بابەتەکان بە جوانی داڕێژراوە.

٧. زانایان بایەخیان داوە بە خوێندنەوەی و ڕاڤەکردنێکی زۆری لەسەر کراوە .

٨. چونکە کتێبەکە پاڵپشت کراوە بە بەڵگەکان لە قورئان وسوننەتەوە .

٩. دەستەواژەکانی سووك و ئاسانن.

١٠. چونکە نوسەرەکەی شایەتی زانست و سەلامەتی بیربارەڕی بۆ دراوە لە لایەن زانایانەوە.

١١. چونکە کتێبەکە بایەخێکی زۆری بە تەوحیدی پەرستن داوە چونکە خەلێکی زۆر لەو بابەتەدا هەیە، لە گەڵ باسکردنی تەوحیدی پەروەردگاریتی و تەوحیدی ناو و صیفاتەکان .

١٢. چونکە نوسەر لەم کتێبەدا لە سەر ڕێگای پێشینە چاکەکان ڕۆیشتووە، بۆیە هیچ قسەیەکی خۆی باس نەکردووە، هەر وەکو ئیمامی بوخاری – ڕەحمەتی خوای لێ بێت– کە لە (صحیح)ەکەیدا کردوویەتی.

پوختەی بەشەکانی کتێبی تەوحید (٦٧ بەشە).

پێش دەست کردن بە خوێندنەوەی هەر کتێبێك پێویستە پێشەکی و پێرستەکەی بخوێندرێتەوە، بۆ زانینی ناوەڕۆکی کتێبەکە و رێگا و شێوازی نوسینەکە و بتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی تەماشای کتێبەکە بکرێت، وە دەتوانین ئەم کتێبە دابەش بکەینە (دە) بەشەوە :

یەکەم : پێشەکی (پێنج بەشە)

١/ بەشی واجیب بوونی تەوحید

(نوسەر خۆی ناونیشانی بۆ ئەم بەشە دانەناوە)

ئەم بەشەی باسکردووە بۆ رووڕنکردنەوەی ئەوەی کەوا تەوحید یەکەم و پێویستترین پێویستییەکانە، چونکە بانگەوازی پێغەمبەران بووە .

٢/ بەشی : فەزڵی تەوحید و کە هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە لەبەر هاندان و رووڕنکردنەوەی ئەوەی کەوا باسکردنی فەزڵی شتێك مانای ئەوە نییە ئەو شتە واجیب نییە، چونکە هەندێ کەس هەن خەڵکی دوور دەکەنەوە لە خوێندنەوەی تەوحید و بڵاوکردنەوەی .

٣/ بەشی : هەر کەسێك تەوحیدی جێبەجێ کرد، ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە .

ئەم باسەی هێناوەتەوە تاوەکو تەوحید پاك و پاڵفتە بکاتەوە لە شیرك و بیدعە و سەرپێچی، بۆیە وا دەگونجێ ئەم بەشە لە پاش بەشی واجیب بوونی تەوحید و فەزڵەکەی باس بکات .

٤/ بەشی ترسان لە شیرك

ئەم باسەی هێناوەتەوە چونکە ئەو کەسەی دەیەوێت تەوحید جێبەجێ بکات ئەوا پێویستە ترسی شیرکی لە سەر خۆی و جگە لە خۆی هەبێت، چونکە ئەو گومانی وایە کە تەوحیدی جێبەجێ کردووە کەچی بە جێی نەهێناوە، وە هەموو بەشەکان لە پاش ئەم بەشە بەشێکن لە بەجێهێنانی تەوحید، بۆ نمونە بەشی ترسان لە شیرك لە جێ بە جێکردنی تەوحیدە.

٥/ بەشی بانگەواز بۆ شایەتیدانی (لا إله إلا الله)

ئەم بەشەی هێناوەتەوە – والله اعلم– لەبەر دوو هۆ :

١/ چونکە ئەو کەسەی تەوحید جێ بە جێ دەکات، ئەوا دەبێ بانگەوازی بۆ بکات، وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شوێنکەوتوانی.

٢/ بۆ وەلامی ئەو کەسانەی کە دەڵێن : یەکەم شت بانگەوازی بۆ دەکرێت نوێژە.

دووەم : تەفسیری تەوحید (٩ بەشە)

٦/ بەشی : تەفسیری تەوحید و شایەتیدانی (لا إله إلا الله)

لەپاش ئەوەی باسی واجیب بوونی تەوحیدی بۆ کردین و تامەزرۆی بووین و باسی واجیب بوونی جێ بە جێ کردنی و ترسان لە دژەکەی و بانگەواز کردن بۆی بۆ کردین، وا دەگونجی باسی حەقیقەتی تەوحیدمان بۆ بکات، لە سەرەتای ئەم بەشەوە تاوەکو کۆتایی کتێبەکە ئەو باسەیە .

٧/ بەشی : لەبەرکردنی ئەڵقە و دەزوو و نمونەی ئەوانە بۆ نەهێشتنی بەڵا یان دوورخستنەوەی جۆرێکە لە شیرك .

ئەمە تەفسیری تەوحیدە بە ناسینەوەی دژەکەی.

٨/ بەشی : ئەو بەڵگانەی لە سەر روقیە و تەمیمە هاتوون .

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی روقیەو تەمیمە شیرکییەکان کە لە گەڵ تەوحیددا جیاوازن .

٩/ بەشی : ئەوانەی تەبەڕوك بە دار و بەرد و نمونەی ئەوانەوە دەکەن .

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی تەبەڕوکی قەدەغەکراو کە لە گەڵ تەوحیددا جیاوازە .

١٠/ بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا .

دەیەوێ تەفسیری ئەو سەربڕینە بکات کە لەبەر خۆشەویستی و بە مەزن زانین بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدرێت، ئەوەش جیاوازە لە گەڵ تەوحیددا و هەڵیدەوەشێنێتەوە .

١١/ بەشی : لە جێگایەکدا ئاژەڵ بۆ خوا سەربڕێت بۆ جگە لە خوا سەربڕینی تێدا ئەنجام درابێت .

دەیەوێت ئەوە روون بکاتەوە کە هەندێ لە نەفامەکان ئەنجامی دەدەن لە خۆچواندن و بەشداری کردنی موشریکەکان لە جەژن و جێگای پەرستنەکانیاندا، ئەمەش لە گەڵ تەوحیددا جیاوازە .

١٢/ بەشی: نزرکردن بۆ جگە لە خوا لە شیرکە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەو نزرەی قەدەغەکراوەو لە گەڵ تەوحیددا جیاوازە .

١٣/ بەشی : داواکردنی دالّدەدان لە جگە لە خوا بەشێکە لە شیرك .

دەیەوێت تەفسیری داواکردنی دالّدەدان لە جگە لە خوا بکات (الاستعاذة)، لە شتێکدا کەوا هیچ کەسێك توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت ئەمەش لە گەڵ تەوحیددا جیاوازە.

١٤/ بەشی : هاوارکردن و داواکردن لە جگە لە خوا جۆرێکە لە شیرك .

دەیەوێت تەفسیری کرداری شیرکییەکان بکات لە پەناگرتن و داواکردن لە جگە لە خوا، لە شتێکدا کەوا هیچ کەسێك توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت، ئەمەش لە گەڵ تەوحیددا جیاواز و ناکۆکە .

سێیەم : پوچەڵبوونی پەرستنی جگە لە خوای گەورە (٤ بەشە)

١٥/ بەشی یەکو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ نەفی کردنی هەر پەرستنێك بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدرێت، جا ئەگەر پێغەمبەر بێت یان بت یان جگە لەوانە.

١٦ / بەشی یەکو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾ .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بە مەبەستی پووچەڵبوونی پەرستنی ئەوانەی فریشتە بەڕێزەکان دەپەرستن .

١٧ / بەشی شەفاعەت: ئەم بەشەی هێناوەتەوە بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی ئەوەی بێباوەڕان خۆیانیان پێوە پەیوەست کردووە بە داواکردنی شەفاعەت لە خواکانیان .

١٨/ بەشی یەکو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ۚ ﴿٥٦﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی هیدایەتی تەوفیق بۆ جگە لە خوا.

چوارەم : هۆکارەکانی کوفری نەوەی ئادەم (٤ بەشە)

لە پاش ئەوەی تەفسیری تەوحیدی کرد و پەرستنی بۆ جگە لە خوای پووچەڵکردەوە وا دەگونجێت باسی ئەو هۆکارانە بکات کە مرۆڤ پێی دەچێتە نێو کوفرەوە تاوەکو خۆی لێ دوور بکاتەوە .

١٩/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هۆکاری کوفری نەوەی ئادەم و وازهێنانیان لە دینەکەیان بریتییە لە زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا، ئەویش ترسناکترین هۆکارە بە هۆیەوە نەوەی ئادەم تووشی کوفر بوون، ئەوەش یەکەم جۆری شیرکە لەسەر زەویدا رووبداوە.

٢٠/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی بە گەورە زانینی تاوانی ئەو کەسەی خوای گەورە دەپەرستێ لای گۆڕی پیاوچاکێك، ئەی چۆنە ئەگەر خودی پیاوچاکەکە بپەرستێت ؟

لە هۆکارەکانی کەوتنە ناو شیرکەوە ئەوەیە کە پەیکەر و وێنە و گۆڕستانەکان بکرێنە مزگەوت و جێ نوێژگە.

٢١/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا زیادەڕەوی لە گۆڕی پیاوچاکاندا بەرەو ئەوە دەیبات بکرێنە بت و لە جگە لە خوا بپەرستڕێن .

لە هۆکارەکانی کوفر زیادەڕەوییە لە گۆڕی پیاوچاکاندا .

٢٢/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ تەوحید و داخستنی هەموو ڕێگایەك خاوەنەکەی بەرەو شیرك ببات .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو ئەو ڕێگایانەی داخستووە کە خاوەنەکەی بەرەو شیرك دەبات لە بیروباوەر و کردارەکان، لە پاشاندا باسی داخستنی دەرگای ئەو گفتارانە دەکەین کە خاوەنەکەی بەرەو شیرك دەبات لە لایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) .

پێنجەم : هەڵوەشاندنەوەی بەڵگەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن : شیرك لەم ئوممەتەدا یان لە دورگەی عەرەبدا ڕوو نادات (یەك بەشە) .

٢٣ / بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هەندێ لەم ئوممەتە بت دەپەرستن .

شەشەم : کرداری شەیتانییەکان (٧ بەشە)

٢٤/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی سیحر و جادوو هاتوون.

چونکە سیحر هەرگیز نایەتەدی ئیللا لە ڕێگای کوفرکردن بە خوای گەورە نەبێت، ئەمەش گەورەترین درەگایە بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ کوفر .

٢٥/ بەشی ڕوونکردنەوەی هەندێك لە جۆرەکانی سیحر (جادوو) .

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی فێرمان بکات کەوا سیحر چەندین جۆرە، بۆیە پێویستە لە هەموو جۆرەکانی دوور بکەوینەوە .

٢٦/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی کاهینەکان و نمونەی ئەوانە هاتوون.

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی حاڵی ئەوان ڕوون بکاتەوە بۆمان و هەروەها حوکم و شێوازەکانی چوون بۆ لایان.

٢٧/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی بەتاڵ کردنەوەی سیحر (نوشرە) هاتوون .

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی گومانەکان نەهێڵێ، ئەویش بە باسکردنی ئەوەی دروستە و ئەوەی دروست نییە .

٢٨/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی شوومی و ڕەشبینی (التطيُّر) هاتوون

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ نەفیکردنی ئەو باوەڕەی سەردەمی نەفامی لەسەری بوون دەربارەی ڕەشبینی .

٢٩/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی ئەستێرەناسی (التنجيم) هاتوون

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی زانستی کاریگەری (التأثير) پووچەڵ بکاتەوە.

٣٠/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی باوەڕبوون بەوەی کە ئەستێرەکان هۆکاری باران بن هاتوون

ئەم باسەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی پەیوەست بوون بە هۆکارەکانی شیرکەوە پووچەڵ بکاتەوە .

حەوتەم : کردارەکانی دڵ (٩ بەشە)

٣١/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت :

﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا ﴿١٦٥﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ نەفیکردنی تەوحید لەو کەسەی کەوا دروستکراوێکی بە ئەندازەی خوا یان زیاتر خۆش بوێت .

٣٢ / بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت :

﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ ﴿١٧٥﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ نەفیکردنی تەوحید لەو کەسەی لە دروستکراوێك دەترسێت بە ئەندازەی خوا یان زیاتر.

٣٣ / بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت :

﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ نەفیکردنی تەوحید لەو کەسەی پشت بە جگە لە خوا دەبەستێت.

٣٤/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت :

﴿ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ ﴿٩٩﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست لە کاتی رۆیشتنی بۆ لای خوای گەورە ترس و ئومێد لە خۆیدا کۆ بکاتەوە .

٣٥/ بەشی : هەر لە باوەڕبوون بە خوای گەورە ئارامگرتنە لە سەر قەدەرەکانی خوای گەورە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی باسی حاڵی کەسی یەکتاپەرست بکات لە کاتی بەڵا و موصیبەتدا .

٣٦/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی ڕووپامایی هاتوون .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە لەبەر گەورەیی ترسناکی ڕووپامایی لەسەر کەسی یەکتاپەرست، وە دەبێت لە هەموو شتێك زیاتر لێی بترسین کەوا توشی پیاوچاکان بێت .

٣٧/ بەشی : یەکێك لە جۆرەکانی شیرك ئەوەیە مرۆڤ لە کردارەکانیدا مەبەستی دونیا بێت (شیرکی بچووك).

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەوا هەر کەسێك دونیاویست بێت بە ئەنجامدانی کردەوەکانی دواڕۆژ، ئەوا دەکەوێتە ناو شیرکەوە، وە بەوەدا دیارە کەوا تووڕە دەبێت و ڕازی دەبێت لەبەر دونیا .

٣٨/ بەشی ئەوەی هەرکەسێ گوێڕایەڵی زانایان و ئەمیرەکان بوو لە بە حەرام زانینی ئەوەی خوای گەورە حەڵاڵی کردووە و حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە، ئەوا ئەوانی بە خوا داناوە (شیرك لە گوێڕایەڵیدا).

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەوا داوەری کردن بۆ لای جگە لە خوای گەورە تەوحید پووچەڵ دەکاتەوە.

٣٩ / بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ ﴿٦٠﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ یارمەتی دانی کەسی یەکتاپەرست لەسەر تێگەیشتن لە مانای کوفرکردن بە تاغوت و باسی ئیمانی کەسی راستگۆ و درۆزن .

هەشتەم : تەوحیدی ناو و صیفاتەکان (یەك بەشە)

٤٠/ بەشێك : هەرکەسێ نکۆڵی شتێك بکات لە ناو و صیفاتەکان

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی نەفی تەوحید لەو کەسانەی نکۆڵی شتێك لە ناو و صیفاتەکان بکات

نۆیەم : ئەو قسەو گفتارە شیرکییانەی نەهیان لێکراوە (٢٦ بەشە)

٤١/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴿٨٣﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی پێویستە لەسەر کەسی یەکتاپەرست بەرانبەر بە نیعمەتەکان ئەنجامی بدات.

٤٢/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی حاڵی کەسی یەکتاپەرست لە کاتی سوێند خواردن بە خوا نەك بە جگە لە ئەو، وە جیاوازی نێوان پیتی (واو) و (ثم).

٤٣/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا کەسێك قایل نەبوو بە سوێند خواردن بە خوای گەورە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی باسی مەزنی خوای گەورە لە دڵی کەسی یەکتاپەرستدا لە کاتی سوێند خواردن پێی .

٤٤/ بەشی وتنی : ئەوەی خوا و تۆ ویستتان لەسەر بوو .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لە شەریك بریاردان لە مەشیئەتدا .

٤٥/ بەشی هەرکەسێ جوێن بە ڕۆژگار (زەمانە) بدات ئەوا ئازاری خوای گەورەی داوە.

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لەوەی جوێن بە شتێك بدات، ئەو کات جوێنی بەو کەسە داوە کە فەرمانی پێکردووە و ڕەخساندویەتی .

٤٦/ بەشی ناونان بە قازی قازییەکان و هاوشێوەی ئەوانە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لە تەعەدا کردن لە لایەنی پەروەردگارێتیەوە.

٤٧/ بەشی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ناوەکان لەو پێناوەدا .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی حاڵی کەسی یەکتاپەرست ڕوون بکاتەوە لە بەئەدەب بوون لە گەڵ خوای گەورە و ناو و صیفاتەکانی و دینەکەی و پێغەمبەرانی .

٤٨/ بەشی ئەوەی هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێك ناوی خوای تێدا بێت یان بە قورئان یان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ)

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی نەفی ئەصڵ و بنەمای تەوحید لە کەسی گاڵتەجاردا، وە چۆنیەتی مامەڵە کردن لە گەڵیدا، وە واجیب بوونی پاراستنی زمان .

٤٩/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِى ﴿٥٠﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەوەی پێویستە کەسی یەکتاپەرست لە کاتی بوون و نەبوونی نیعمەتەکاندا بیکات.

٥٠ / بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا ۚ ﴿١٩٠﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی حاڵی کەسی یەکتاپەرست لە کاتی نەمانی نیعمەتەکان، وە حەرامبوونی هەموو ناوێك کە (عبد) ی پێوە بێت بۆ جگە لە خوا .

٥١/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ ﴿١٨٠﴾ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لە ئیلحاد کردن (نکۆڵی کردن) لە ناو و صیفاتەکانی خوادا .

٥٢/ بەشی : ناگوترێت : سڵاو لە خوای گەورە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لەو گفتارانەی کە بێ ئەدەبی تێدا بە دی دەکرێت بەرانبەر بە خوای گەورە .

٥٣/ بەشی وتنی : خودایە لێم خۆشبە ئەگەر ویستت لەسەرە (إن شاء الله).

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لە (استثناء) کردن لە کاتی دوعادا، وە هەست کردن بە توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە .

٥٤/ بەشی : نالێت : بەندەکەم و کەنیزەکەکەم .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لەسەر جوان بەکارهێنانی گفتار و وشەکان .

٥٥/ بەشی : ئەو کەسەی بە ناوی خواوە داوا بکات نابێت رەد بکرێتەوە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست کەوا ئەگەر لەبەر خوا داوای شتێکی لێکرا وەڵامی بداتەوە لەبەر بە گەورە زانینی خوای گەورە .

٥٦/ بەشی : بە رووی (روخساری) خوای پەروەردگار تەنها داوای بەهەشت دەکرێت نەك شتی تر

ئەم بەشەی هێناوەتەوە روونکردنەوەی حاڵی کەسی یەکتاپەرست لە بە گەورە زانینی خوادا، وە بە ئەدەب بوونێکی تەواو لە گەڵ خوادا .

٥٧/ بەشی ئەوەی دەربارەی (ئەگەر – لو) هاتووە

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی ئەدەبی کەسی یەکتاپەرست لەبەر کارهێنانی وشەی جوان و رێکدا، وە رووبەروو نەبێتەوە لە گەڵ شەرع و قەدەردا.

٥٨/ بەشی نەهیکردن لە جوێندان بە (با)

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ رێنمویی کردنی کەسی یەکتاپەرست بۆ قسەیەکی باش و سوود بەخش، ئەگەر شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو .

٥٩/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ ١٥٤ ﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لە گومان خراپ بردن بە خوای گەورە هەروەکو گومانی نەفامی.

٦٠/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی ئەو کەسانەی ئینکاری لە قەدەر دەکەن .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ روونکردنەوەی حاڵی ئیمانی کەسی یەکتاپەرست بە قەزا و قەدەر .

٦١/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی وێنەگران هاتوون .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ وریاکردنەوەی کەسی یەکتاپەرست لە مەترسی تەعەدا کردن لە لایەنی پەروەردگاریێتی .

٦٢/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی زۆر سوێند خواردن هاتوون.

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئامۆژگاری بکات بە پاراستنی سوێندەکانی، وە بە مەزن زانینی خوای گەورە لە کاتی مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵکیدا .

٦٣/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی زیممەتی خوا.

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە مەزن بزانێت لە کاتی فەرحانی و تەنگانەدا .

٦٤/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی سوێند خواردن بە خوای گەورە بە ئەنجامدانی شتێك

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لە تەعەداکردن لە لایەنی پەروەردگارێتی بە داخستنی دەرگای رەحمەتی خوای گەورە لە بەندەکانی .

٦٥/ بەشی نابێت خوا بکرێتە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکانی

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لەوەی پلەی دروستکراو بەرزتر بکاتەوە لە پلەی خوای گەورە .

٦٦/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون لە پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ پاراستنی تەوحید و داخستنی رێگاکانی شیرك .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی کەسی یەکتاپەرست ئاگادار بکاتەوە لە دوور کەوتنەوە لەو وشە و گفتانەی سەردەکێشی بۆ شیرك .

دەیەم : کۆتایی (یەك بەشە)

٦٧/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ ﴿٩١﴾﴾

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی رووتی بکاتەوە بۆ کەسی یەکتاپەرست کەوا موشریکەکان ئەوانەی خوایان بە تاك دانەناوە ئەوا رێزیان لە خوای گەورە نەگرتووە بە رێزێك شایستەی زاتی پیرۆزی ئەو بێت، بۆیە –ئەی کەسی یەکتاپەرست– وریای رێگاکەیان بە.

یەکەم : پێشەکی (٥ بەشە) بەشی تەوحید

بۆ پێشەکی بۆ ئەم بەشە دانەناوە ؟

١/ لە هەندێ لە نوسخەکاندا نییە، وە لە هەندێ نوسخەدا (بسم الله) و (الحمد لله) و (صەلّاواتدان) هاتووە.

٢/ نوسەر بە ناونیشانەکە کیفایەتی کردووە، چونکە ئەوە ناونیشانی بابەتی کتێبەکەیە کە ئەویش تەوحیدە.

٣/ وەکو شوێنکەوتنێکی ئیمامی بوخاری چونکە ئەو پێشەکی بۆ کتێبەکەی دانەناوە، وە دەیەوێ خەڵکی پەیوەست بکاتە قورئان و سوننەتەوە .

٤/ پێنج بەشەکەی سەرەتا لە جێی پێشەکییە .

پێناسەی تەوحید

لە زمانەوانیدا : لە وشەی (وحَّد) ەوە هاتووە، چاوگی وشەی (وحَّد یوحِّد)ە، واتە : شتەکەی کرد بە یەك دانە .

لە شەرعدا : بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان .

سێ بەشەکەی پەکتاپە رستی

تەوحیدی پەروەردگارێتی (الربوبية) :

بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن ومولك و **بەڕێوەبردندا یان :** بە تاکدانانی خوای گەورە بە کردەوەکانی .

تەوحیدی خوداوەندێتی (الألوهية) (پەرستن) :

بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا یان : بە کرداری بەندەکان .

تەوحیدی ناو و صیفاتەکان (الأسماء والصفات) :

بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوەو وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە لە خۆی، بە بێ هیچ لادانێك (تحریف) یەك وهیچ لەکارخستنێك (تعطیل) و چۆنیەتییەك (تکییف) و لێکچواندنێك (تمثیل)یەك .

کردەوەکان وەرناگیرین ئیللا بە تەوحیدەوە نەبێت، ئیمە بۆ تەوحید دروست کراوین و بەهەشت هیچ کەسێکی تێ ناچێت ئیللا کەسی یەکتاپەرست نەبێت، ئەوەش بانگەوازی پێغەمبەرانە، وە جێ بە جێکردنی ئەو کارە رێگرە لە کەوتنە ناو شیرکەوە، هەر ئەویش هۆکارە بۆ زۆربوونی چاکە و حەسەنات .

پەرستن بۆ دوو مانا بە کار دەهێنرێت :

بە نیسبەت بکەرەوە: بە مانای زەلیلی نواندن بۆ خوای گەورە، بە ئەنجامدانی ئەوەی فەرمانی پێکردووە و دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە لەبەر خۆشەویستی و بە مەزنزانین .

بە نیسبەت کارەکەوە : ماناکەی ئەوەیە هەروەکو (شیخ الاسلام ابن تیمیة) فەرموویەتی: (ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێی رازییە لە کردەوەو گفتارەکان، ئاشکرا و پەنهانەکان) .

(١) بەشی واجیب بوونی تەوحید

نوسەر بۆ ئەم بەشە ناونیشانی دانەناوە بۆ ئەوەی خەڵکی بە کتێب و سوننەتەوە پەیوەست بکات، وە ئەو بەڵگانەش باسی کردووە بەڵگەیە لەسەر واجیب بوونی تەوحید، وە دوتوانین ناوی لێ بنێین : بەشی واجیب بوونی تەوحید .

بەڵگەی یەکەم :

ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ٥٦ ﴾

(لِيَعْبُدُونِ) : وە مانای یعبدون : یوحِّدون، بە تەنها بمپەرستن، یان زەلیلی بنوێنن بەرانبەر بە من بە ئەنجامدانی فەرمانەکان و وازهێنان لە قەدەغەکراوەکان، (هەموو (عبادة) تێك لە قورئاندا مانای تەوحیدە) . ئەمەش قسەی (ابن عباس) ە –رەزای خوای لێ بێت.

مانای ئایەتەکە : من جنۆکە و مرۆڤم بۆ هیچ مەبەستێ دروست نەکردووە تەنها بۆ خوا پەرستی نەبێت .

بەڵگەی دووەم :

ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ﴾

- ئەم ئایەتە سێ شێوازی دووپاتکردنەوەی تیادا بەکار هێنراوە : سوێند خواردنە تەقدیر کراوەکە، وە پیتی (لام)، وە (قد).
- ئایەتەکە بەڵگەی کۆدەنگی پێغەمبەرانی تێدایە لەسەر بانگەواز بۆ تەوحید، وە خوای گەورە ئەوانی تەنها لەو پێناوەدا رەوانە کردووە .

ئوممەت لە قورئاندا بۆ چوار مانا بە کارهێنراوە:

١. **تاقم و گرووپ :** وەکو ئەوەی لەو ئایەتەی پێشوودا هاتووە .

٢. **پێشەوا (ئیمام):** ﴿ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا ﴾

٣. **میللەت :** ﴿ بَلۡ قَالُوٓاْ إِنَّا وَجَدۡنَآ ءَابَآءَنَا عَلَىٰٓ أُمَّةٖ ﴾

٤. **زەمەن و کات (سەردەم) :** ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِي نَجَا مِنۡهُمَا وَٱدَّكَرَ بَعۡدَ أُمَّةٍ ﴾

- (وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ) : واتە : لێی دوور بکەونەوە بەوەی خۆتان لە لایەك بن و ئەویش لە لایەکی تر .
- وە کۆکەرەوەترین پێناسە دەربارەی (الطاغوت) هاتبێت ئەوەیە کە (ابن القیم) فەرموویەتی : (تاغوت : هەرچی شتێك بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو (معبود) وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) –متبوع– و گوێڕایەڵکراو (مطاع)) مەبەستی ئەوەیە خۆی پێی رازی بێت .

١. جا شوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) : وەکو کاهینەکان و جادووبازەکان و زانایانی خراپەکاری .
٢. وە پەرستراو : وەکو بتەکان .
٣. وە گوێڕایەڵکراو : وەکو ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون.

- وە دەلالەتی ئایەتەکە لە سەر تەوحید ئەوەیە کەوا بتەکان بەشێکن لە تاغوتەکان، کە لە جگە لە خوا دەپەرستڕێن .
- **تەوحید جێبەجێ نابێت ئیللا بە دوو روکن نەبێت ئەوانیش نەفیکردن و سەلماندنە :**

وە تەنها نەفیکردن یەکتاپەرستی تەواو نییە، چونکە ئەوە لەکارخستنێکی تەواوە، وە تەنها سەلماندن تەوحیدی تەواو نییە، چونکە هیچ ڕێگری نییە لە هاوبەشدانان، دەڵێین: (زید قائم) دەلالەت دەکات لەسەر سەلماندنی هەستان بۆ (زید)، بەڵام دەلالەت ناکات لە سەر ئەوەی تەنها خۆی هەستاوە (ڕەنگە کەسی تریش هەستابێت)، وە (لم یقم أحد) ئەمە نەفیکردنێکی تەواوە، بەڵام (لم یقم إلا زید) ئەمە دەلالەت دەکات لەسەر ئەوەی تەنها (زید) هەستاوە، چونکە نەفیکردن و سەلماندنی تێدایە .

وە حیکمەت لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران :

ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگایەی خاوەنەکەی دەگەیەنێتە خوای گەورە.	**ڕەحمەت و بەزەیی :** ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾	**ئیقامەکردنی حوججە :** ﴿رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ ١٦٥﴾

بەڵگەی سێیەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ ﴾

(أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ) : ئەمە ئەو تەوحیدەیە کە باسمان کرد چونکە نەفی و سەلماندن لە خۆ دەگرێت .

قەزای خوای گەورە دابەش دەبێت دوو بەشەوە :

قەزایەکی شەرعی :

تەنها لەوەدا دەبێت کە خوای گەورە پێی خۆشە.

رەنگە ڕوو بدات و رەنگە ڕوو نەدات، خوای گەورە دەفەرموێت : (وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ)

جا مانای (قضی) لێرەدا ئەوەیە: وەکو شەرع دایڕێژاوەو وەصێتی پێ کردووە .

قەزایەکی کەونی :

لەوەدا دەبێت کە خوای گەورە پێی خۆشە و ئەوەی پێی ناخۆشە .

دەبێت ڕوو بدات، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَقَضَيْنَآ إِلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ فِى ٱلْكِتَٰبِ لَتُفْسِدُنَّ فِى ٱلْأَرْضِ ﴿٤﴾ ﴾

فەساد (خراپەکاری) : خوای گەورە لە شەرعدا داینەڕێژاوە و پێی خۆش نییە .

خوای گەورە چۆن قەزای شتێك دەکات و پێی خۆش نییە ؟

شتێك خۆشەویست بێت لای جگە لە خۆی رەنگە لە خودی خۆیدا نەویستراو بێت،بەڵام خۆشەویست دەبێت لەبەر ئەو حیکمەت و بەرژەوەندیەی تێیدایە، جا ئەو کاتە لە رووپەکەوە خۆشەویست دەبێت و لە رووپەکی ترەوە نەویستراو دەبێت .

بۆ نمونە : فەساد و خراپەکاری لە لایەن بەنی ئیسرائیلەوە لە خودی خۆیدا نەویستراوە لای خوای گەورە، چونکە خوای گەورە خراپەکاری و خراپەکارانی خۆش ناوێت، بەڵام لەبەر چەند حیکمەتێك تێیدایە ئەوا لە رووپەکی ترەوە خۆشەویست دەبێت لای خوای گەورە، هەر لەوانە گرانی و وشکەسالّی و نەخۆشی و هەژاری .

ئەوەی خۆشەویستە دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

خۆشەویستێك بە هۆی خودی خۆیەوە :

کە ئەویش خوای گەورەیە .

خۆشەویستێك بە هۆی جگە لە خۆیەوە :

وەکو دەواو چارەسەر خۆشەویستە چونکە شیفا و چارەسەری تێدایە .

بەندایەتی دابەش دەبێتە سێ بەشەوە :

بەندایەتییەکی گشتی :

(وە پێی دەڵێن : بەندایەتی (زاڵبوون)) ئەمەش بەندایەتی پەروەردگارێتییە، ئەمەش بۆ هەموو دروستکراوەکانە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴿٩٣﴾ ﴾

واتە : بەڕاستی هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدایە سەرجەم هەموو بە بەندێتی و خولامەتی دێنە لای پەروەردگاری بەخشەرو و ملکەچی دەبن) . وە بێباوەڕانیش دەگرێتەوە .

بەندایەتییەکی تایبەت :

(بەندایەتی گوێڕایەڵی گشتییە) خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴿٦٣﴾ ﴾ واتە : بەندە راستەکانی خوای بە بەزەیی ئەوانەن کە زۆر بەسەلاریی و نەرمیی و لەسەرخۆو بێ دەعیەو فیز بەسەر زەوییدا دەڕۆنە ڕێوە) .

ئەمەش گشتییە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا خوای گەورە دەپەرستن بە پێی شەرعەکەی .

بەندایەتییەکی تایبەت :

ئەمەش بەندایەتی پێغەمبەرانە، ئەمەش تەواوترین پەرستنە، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى نَزَّلَ ٱلْفُرْقَانَ عَلَىٰ عَبْدِهِۦ ﴿١﴾ ﴾ چونکە هیچ کەسێك هاوشانی ئەو پێغەمبەرانە نابێت لە خوا پەرستیدا .

بەڵگەی چواەرم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ٣٦ ﴾ ئایەتەکە .

(شَيۡـٔٗا) : (نكرة) یە لە سیاقی نەهیدا هاتووە، کەواتە هەموو شتێك دەگرێتەوە، نە پێغەمبەرێك و نە فریشتەیەك و نە وەلی یەك، بەڵکو نە هیچ کارێك لە کاروباری دونیا، بۆیە دونیا مەکەرە هاوبەش لە گەڵ خوادا.

بەڵگەی پێنجەم و شەشەم

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ أَلَّا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ١٥١ ﴾

ئیبن مەسعود – رەزای خوای لێ بێت – دەفەرموێت : ((هەرکەسێ دەیەوێت تەماشای وەصیێتەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکات کە مۆرەکەی لە سەریەتی، ئەوا با ئەو ئایەتەی خوای گەورە بخوێنێتەوە کە دەفەرموێت : ﴿قُلۡ تَعَالَوۡاْ أَتۡلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمۡ عَلَيۡكُمۡۖ﴾ تاوەکو ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ ١٥٣ ﴾) ئایەتەکە .

سیرات دەدرێتە پاڵ :

١. خوای گەورە، چونکە کەسەکان دەگەیەنێتە لای ئەو، هەروەها چونکە خۆی دایرێژاوە بۆ بەندەکانی ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي ﴾ .

٢. ئەوانەی ئەو رێگایەیان گرتووەتەبەر، چونکە ئەوان گرتویانەتە بەر و تەنها رێگای رزگاربوونە و جگە لەو رێگایە جیاوازی و دووبەرەکییە ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾.

٣.

ئەم ئایەتانە (دە) وەصیێت لە خۆ دەگرێت .

ئایەتی یەکەم (پێنج وەصیێت) :

١. یەکتاپەرستی خوای گەورە .
٢. چاکەکردن لە گەلّ دایك و باوکدا .
٣. منداڵەکانمان نەکوژین .
٤. نزیکی خراپەکاری نەکەوینەوە .
٥. هیچ نەفسێك نەکوژین کە خوای گەورە کوشتنی حەرام کردووە ئیللا بە حەق نەبێت.

ئایەتی دووەم (چوار وەصیێت) :

٦. نزیك سەروەت و سامانی هەتیو نەکەوینەوە (ئەویش ئەو کەسەیە کە باوکی مردووە و هێشتا بالّغ نەبووە) ئیللا بە شێوەیەکی چاك و ڕەوا نەبێت .
٧. ئەگەر قسەیەکمان وت دەبێت دادگەرانە بێت .
٨. پێوانە و کێشانەمان با دادگەرانە بێت .
٩. بەرانبەر بە پەیمانەکانی خوا بە وەفا بین .

ئایەتی سێیەم (یەك وەصیێت) :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي ﴾ لە فەرموودەیەکدا هاتووە(أنَّ رسول الله (ﷺ) خطَّ خطاً مستقيماً، فقال: (هذا سبيل الله) ثم خط خطوطاً عن يمينه وعن شماله، فقال (هذه سبل، على كل سبيل منها شيطان يدعو إليه" ثم قرأ الآية). واتە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەتێکی ڕاستی بۆ کێشاین، فەرمووی : (ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوایە)، ئەمجار چەند خەتێکی لای ڕاست و چەپییەوە کێشا و فەرمووی: (ئەمە ڕێچکەکانە و لە سەر هەر ڕێگایەك شەیتانێك هەیە و بانگەوازی بۆ دەکات، ئەمجار ئایەتەکەی خوێندەوە).

هەندێ سوودی گرنگ

ئەو نەفسانەی خوای گەورە کوشتنی حەرام کردووە چوار دانەن :

١. موسڵمان .
٢. زیممی (ئەو کەسەیە کە لە وڵاتی موسڵمانداندا نیشتەجێیە).
٣. موعاهید (لە نێوان ئێمە و ئەواندا پەیماننامە هەیە).
٤. موستەئمین (ئەو کەسەیە کە ئەمان و دڵنیایی پێ دەدەین).

﴿ نَّحۡنُ نَرۡزُقُكُمۡ وَإِيَّاهُمۡۖ ﴾ ریزق و رۆزی دایك و باوکی پێش خستووە چونکە دایك و باوکەکەش تووشی هەژاری دەبن، بەڵام لە سورەتی (ئیسرادا) دەفەرموێت :

﴿ نَّحۡنُ نَرۡزُقُهُمۡ وَإِيَّاكُمۡۚ ﴾ ریزق و رۆزی منداڵانی پێش خستووە بە سەر ریزق و رۆزی دایك و باوکدا چونکە دایك و باوك دەوڵەمەندن و دەچن منداڵەکانیان دەکوژن تاوەکو تووشی هەژاری نەبن .

﴿ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ ﴾ ئەوەی لە شەرعدا سەلمێنراوە :

١. نەفسێك بەرانبەر بە نەفسێك.
٢. کەسێك ژنی هێنابێت (یان شووی کردبێت) و زینا بکات .
٣. ئەو کەسەی واز لە دینەکەی دەهێنێ و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا دەبێتەوە .

ئەو پێگەیشتنەی کەوا ئیتر تەکلیفی لەسەر دەبێت :

١. پازدە ساڵ تەواو بکات .
٢. یان مووی دامێنی پەیدا بێت .
٣. یان دابەزینی (ئاو) .

وە بۆ ئافرەتان کەوتنە سۆڕی مانگانەوە .

وەصیێت : بە مانای پەیمان دێت، وە پەیمانیش نابێتە وەصیێت ئیللا مەگەر لە کارێکی گرنگدا بێت .

بۆ ئیبن مەسعود فەرموویەتی : ئەم ئایەتە وەصیّتەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، کەچی ئەو وەصیّتی پێ نەکردووە؟

٢. چونکە وا دەبینێ ئەم ئایەتانە هەموو دینی لە خۆ گرتووە، جا ئەوانەش چەند ئایەتێکی مەزنن .

١. چونکە ئەوە وصیّتی خوای گەورەیە، ﴿ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ ﴾ وە پێغەمبەری خواش(ﷺ) لە ئەوەوە دینەکەی گەیاندووە .

بەڵگەی حەوتەم :

لە (معاذ بن جبل)ەوە هاتووە، دەفەرموێت : (كُنْتُ رِدْيفَ النَّبِيِّ (ﷺ)عَلى حِمارٍ، فَقَالَ لِي: يَا مُعاذُ أَتَدْرِي ما حَقَّ اللهِ عَلى العِبادِ؟ وَما حَقُّ الْعِبادِ عَلى اللهِ ؟)) قُلْتُ : اللهُ وَرَسُولُهُ (ﷺ) أَعْلَمُ، قَالَ: حَقَّ اللهِ عَلى الْعِبادِ : أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَحَقَّ الْعِبادِ عَلى اللهِ : أَنْ لا يُعَذِّبَ مَنْ لا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا)) فَقُلْتُ : يا رَسُولَ اللهِ (ﷺ): أَفَلا أُبَشِّرُ النَّاسَ ؟ قَالَ: لا تُبَشِّرْهُمْ فَيَتَّكِلُوا)) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە.

واتە : لە پشتی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لەسەر گوێدرێژێك سواربوو بووم، پێی گوتم : ئەی (معاذ) ئایە دەزانی حەقی خوا لەسەر بەندەکان چییە؟ وە حەقی بەندەکان لەسەر خوا چییە ؟ وتم : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باشتر دەزانن، فەرمووی : حەقی خوای گەورە لەسەر بەندەکان ئەوەیە کە بە تەنها بیپەرستن و شەریکی بۆ بریار نەدەن، وە حەقی بەندەکان لەسەر خوا ئەوەیە : عەزابی ئەو کەسانە نەدات کە شەریکی بۆ بریار نادەن) وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایە موژدە بە خەڵکی بدەم ؟ فەرمووی : نەخێر موژدەیان پێ مەدە، چونکە سارد دەبنەوە).

- (أَتَدْرِي) : ئەم پرسیارە بۆ هاندان و تەشویقە، بۆ ئەوەی زیاتر دڵی لای بێت، ئەمەش لە شێوازی جوان پەروەردەکردنە .
- (حَقُّ الْعِبادِ عَلى اللهِ) : بەندەکان هیچیان واجیب نەکردووە لەسەر خوا، بەڵکو خوای گەورە خۆی واجیبی کردووە لەسەر خۆی ئەوەش فەزڵێکە لە خۆیەوە .
- (أُبَشِّرُ) : موژدەدان : بریتییە لە هەواڵدانێك بەوەی بەرانبەری دڵی پێ خۆش بێت، وە رەنگە بۆ هەواڵێکی ناخۆش بە کار بهێنرێت .
- (لا تُبَشِّرْهُمْ) : واتە : هەواڵیان پێ مەدە .
- لە فەرموودەکەدا بەڵگەی فەزڵی تەوحیدی تێدایە، وە ئەو تەوحیدەش رێگرە لە عەزابی خوای گەورە .
- هەروەها بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا خوای گەورە عەزابی کەسێك نادات کەوا شەریکی بۆ خوای گەورە بریار نەدابێت، وە خوای گەورە لە سەرپێچییەکان خۆش دەوێت بە جێبەجێکردنی تەوحید، وە نەهی کرد لەوەی هەواڵیان پێ بدات، بۆ ئەوەی پشت بەم موژدەیە نەبەستن بە بێ ئەوەی ناوەرۆکەکەی جێ بەجێ بکەن، چونکە جێبەجێکردنی تەوحید دوور کەوتنەوە لە سەرپێچیەکان لە خۆ دەگرێت، چونکە سەرپێچیەکان لە حەز و ئارەزووەوە سەرچاوە دەگرن، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرك .

چەند مەسەلەیەکی تێدایە :

(ئەم مەسەلانە بەشێك نین لە کتێبی تەوحید، نوسەر داینناوە وەکو ڕاڤەیەك بۆ کتێبەکەی، ئەویش باشترین کەسە ڕاڤەی بکات، چونکە ئەو زاناترە لە مەبەستەکەی، بۆیە پێویستە بایەخی پێ بدرێت).

یەکەم : حیکمەت لە دروستکردنی مرۆڤ و جنۆکە : تەوحیدە نەك خواردن و هاوسەرگیری.

دووەم : پەرستن برتییە لە تەوحید، چونکە دژایەتی و ناکۆکی لەوەدایە (واتە لە نێوان پێغەمبەری خوا(ﷺ) و قورەیشدا، جا هەر پەرستنێك لەسەر یەکتاپەرستی بنیات نەنرابێت ئەوا پوچەڵە).

سێیەم : هەرکەسێ لە خۆیدا جێ بەجێی نەکات ئەوا خوای گەورەی نەپرستووە، ئەمەش مانای ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴾.

چوارەم : حیکمەت لە ناردنی پێغەمبەران (پەرستنی خوای تاك و تەنها و دوور کەوتنەوە لە پەرستنی تاغوتە).

پێنجەم : پەیامەکە هەموو ئوممەتێکی گرتووتەوە (واتە هەموو تاقم و گروپێك) .

شەشەم : دینی پێغەمبەران یەکە (ئەصڵ و بنەمای دین یەکە، بەڵام شەریعەتی کرداری ئەوا جیاوازە بە جیاوازی ئوممەتەکان و کاتەکان و شوێنەکان) .

حەوتەم : مەسەلە گەورەکە ئەوەیە کەوا خواپەرستی جێ بە جێ نابێت و رووندات ئیللا بە کوفرکردن بە تاغوت نەبێت، ئەمەش مانای ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ ﴾ ئایەتەکە (وە بە یەکێك لە تاوانە گەورەکانی ژماردووە چونکە زۆرێك لە خەڵکی نایزانن، وە هەرکەسێك کارێك لەو کارانەی کرد ئەوا دروست نییە وشەی شیرك و کوفر و لەعنەتی بە ڕەهایی پێ بڵێین، چونکە حوکمدان بەسەر ئەو جۆرە شتانەدا هۆکار و ڕێگرێ هەیە) .

هەشتەم : تاغوت گشتییە، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە جگە لە خوا دەپەرسترێت .

نۆیەم : مەزنی و گەورەیی ئەو سێ ئایەتە موحکەمەی لە سورەتی (الأنعام) هاتووە لای سەلەف، کە (دە) مەسەلەی لە خۆ گرتووە یەکەمیان نەهی کردنە لە شیرك .

دەیەم : ئایەتە موحکەمەکانی سورەتی (الإسراء) کە هەژدە مەسەلەی لە خۆ گرتووە، بەو ئایەتە دەستی پێکرد کە دەفەرموێت : ﴿ لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا ٢٢ ﴾ وە بە ئایەتی : ﴿ ...وَلَا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلۡقَىٰ فِي جَهَنَّمَ مَلُومٗا مَّدۡحُورًا ٣٩ ﴾ کۆتایی پێ هێناوە، وە خوای گەورە ئاگاداری کردینەوە لە گەورەیی و مەزنی ئەم مەسەلانە لەو ئایەتەدا : ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ ...٣٩ ﴾ .

یازدەیەم : ئایەتەکەی سورەتی (النساء) کە پێ دەڵێن ئایەتی : (دە مافەکە) خوای گەورە بە ئایەتی : ﴿ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ ٣٦ ﴾ دەستی پێکردووە (چونکە گەورەترین ماف مافی خوای گەورەیە).

دوازدەیەم : ئاگاداربوون لە وەصێتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی مردنیدا (بەڵام لە راستیدا وەصێتی پێی نەکردووە، بەڵکو ئاماژەی کردووە بەوەی ئەگەر ئێمە دەستمان بە قورئان و سوننەتەوە گرت ئەوا گومڕا نابین).

سیازدەیەم : زانینی حەقی خوای گەورە بە سەرمانەوە (بەوەی تەنها ئەو بپەرستیت و شەریکی بۆ بریار نەدەیت) .

چواردەیەم : زانینی حەقی بەندەکان بەسەر خواوە ئەگەر مافەکەیان دا (حەقێکە لە فەزڵی خۆیەوە پێی بەخشیوین)

پازدەیەم : ئەم مەسەلەیە زۆربەی هاوەڵان نایزانن ((معاذ) ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە لە کاتی سەرەمەرگدا بۆ ئەوەی نەبێتە یەکێك لەوانەی زانست دەشارنەوە لە کاتێکدا زۆربەی هاوەڵان کۆچی دواییان کردبوو، لەوە دەترسا خەڵکی لە خواپەرستی سارد ببنەوەو پشت بەو فەرموودەیە ببەستن، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیویست بە رەهایی بیشارێتەوە چونکە ئەگەر ئەوەی بویستایە ئەوا بە (معاذ) و جگە لەوی نەدەگوت).

شازدەیەم: دروستە زانست بشاردرێتەوە لە بەر بەرژەوەندی (ئەمەش بە رەهایی نییە) .

حەڤدەیەم : مۆژدەدان بە کەسی موسڵمان بە شتێك دڵی پێ خۆش بێت موستەحەببە (ئەمەش لە باشترین سوود بە دەستهاتووەکانە) .

هەژدەیەم : ترسان لە پشت بەستن لەسەر فراوانی ڕەحمەتی خوای گەورە(الاتکال) (هەروەها بێ ئومێدی).

نۆزدەیەم : وتنی دەستەواژەی : (خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) باشتر دەزانن) بۆ ئەو کەسەی پرسیاری لێ دەکرێت و نایزانێت (ئەمە لە ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)دەگوترێت و لە مەسەلە شەرعییەکان کە دەیزانێت) .

بیستەم : دروستی تایبەتکردنی هەندێ کەس بە زانست و شاردنەوەی لە هەندێکی تر.

بیست و یەکەم : بێ فیزی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەوەی سواری گوێدرێژێك بووە و کەسێکیش لە پشتییەوە سوار بووە .

بیست و دووەم : دروستە کەسێك لە پشتی کەسێکی تر‌ەوە سوار بێت لە سەر ولاخێك (بە مەرجێك ئازار و ناڕەحەتیێ پێ نەگەیەنێت) .

بیست و سێیەم : گەورەیی و مەزنی ئەم مەسەلەیە .

بیست و چوارەم : فەزڵی (معاذ بن جبل) .

٢/ بەشی : فەزڵی تەوحید و هەر ئەویش هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانە

نوسەر ئەم بەشەی دارشتووە بۆ هاندان و تەشویق، بە جیاواز لە گەڵ ئەوەی شەیتان دەیخاتە دڵەکانەوە، وە لە کاتی سەلماندنی فەزڵی هەر شتێکدا ئەوە بەڵگە نییە کەوا ئەو شتە واجیب نییە، بەڵکو فەزڵەکەی لە دەرئەنجام و شوێنەوارەکەیەتی وەکو نوێژی جەماعەت .

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمُ ٱلۡأَمۡنُ وَهُم مُّهۡتَدُونَ ٨٢ ﴾

(وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ) : تێکەڵیان نەکردووە .

(بِظُلۡمٍ) : (الظلم) ستەم، لێرەدا بەرانبەر بە ئیمانە، کە ئەویش بریتییە لە شیرك .

(مُّهۡتَدُونَ) : ١/ لە دونیادا : بۆ شەرعەکەی خوای گەورە بە زانست و کردار، ٢/ لە دواڕۆژدا : بۆ بەهەشت .

لە فەزڵەکانی تەوحید جێگیربوونی ئەمن و ئاسایشە لە دونیا و دواڕۆژدا .

بەڵگەی دووەم :

لە (عبادة بن الصامت)ەوە ریوایەت کراوەو دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((من شهد أن لا اله الا الله، وحده لا شريك له، وأن مُحَمَّداً (ﷺ) عبده و رسوله، وأن عيسى عبدالله ورسوله، وكلمته ألقاها الى مريم، وروح منه، والجنة حق، والنار حق، أدخله الله الجنة على ما كان من العمل) (بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە). واتە : هەرکەسێ شایەتی بدات کەوا هیچ خوایەك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت، تەنهایە و هاوڵی نییە، و (محمد) (ﷺ) بەندە و نێردراوی ئەوەو (عیسا) بەندەو نێردراوی ئەوە، وشەیەکی پیرۆزی ئەو هەڵی داوە بۆ مریەم و بەخشییە ئەو و رۆحێکە لە لایەن خوداوە دروستکراوە، بەهەشت حەقەو دۆزەخ حەقە، ئەوا خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە ئەگەر لەسەر هەر کارێك بێت).

بەڵگەی سێیەم :

لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە فەرموودەی (عتبان) ەوە : ((فإنَّ اللهَ حرَّمَ على النارِ من قال : لا إله الا الله، يَبتغي بذلكَ وَجه الله) واتە : خوای گەورە ئاگری حەرام کردووە لە سەر ئەو کەسەی بڵێت : (لا الـه الا الله)، مەبەستی لەو قسەدا تەنها خوای گەورە بێت)).

- (شهد) : شایەتیدان، دانپێدانان بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و بە راستخستنەوەی بە ئەندامەکان .
- (أن لا اله الا الله) : هیچ پەرستراوێك نییە –لە هەر روویەکەوە بێت– شایستەی پەرستن بێت تەنها خوا نەبێت .
- (وحده) : دووپاتکردنەوەیە، بە مەبەستی سەلماندن، (لا شريك له) دوپاتکردنەوەیەکە مەبەستی نەفیکردنە لە هەموو شتێکدا تایبەتە بە خۆی.

- (وأن مُحَمَّداً(ﷺ)) : (بن عبدالله بن عبدالمطلب القرشي الهاشمي) دوایین پێغەمبەرانە .
- (عبده) : واتە : ١/ هیچ هاوبەشییەکی لە گەڵ خوادا نییە . ٢/ لە هەموو دروستکراوەکان خواپەرستراوە .
- (ورسوله) : واتە : نێردراوە بەوەی وەحی بۆ کراوە، بە ناوی خوای گەورەوە درۆی نەکردووە، وە جێ بە جێ کردنی ئەم شایەتییە پوچەڵ دەبێتەوە بە :

١. ئەنجامدانی سەرپێچییەکان .

٢. داهێنان لە دیندا بە شتێك لە دینەکەدا نەبێت .

سەرپێچییەکان بە مانای گشتی دەکرێت بە شیرك بیژمێرین، وە بە مانای تایبەتی دابەش دەبێتە ئەم بەشانەوە :

١/شیرکی گەورە . ٢/ شیرکی بچووك . ٣/ تاوانی گەورە . ٤/ تاوانی بچووك

- (عيسى عبدالله) : ئەمە وەڵامێکە بۆ گاورەکان، (ورسولە) ئەمە وەڵامێکە بۆ جوولەکەکان، ئێمە باوەڕمان بە پەیامەکەی هەیە وە ناچار نین بە شوێن کەوتنی ئەگەر شەریعەتەکەی لە گەڵ شەریعەتەکەی ئێمەدا ناکۆك و جیاواز بوو، وە شەریعەتەکانی پێش ئێمە چەند حاڵەتێکی هەیە :

١. لە گەڵ شەریعەتەکەی ئێمەدا جیاواز بێت، ئەوا ئێمە کار بە شەریعەتەکەی خۆمان دەکەین .

٢. لە گەڵ شەریعەتەکەی ئێمەدا کۆك بێت و جیاواز نەبێت، ئەوا ئێمە شوێنی شەریعەتەکەی خۆمان دەکەوین .

٣. شەریعەتەکەی ئێمە بێ دەنگ بووە دەربارەی، ئەوا شەرعە بۆ ئێمە .

- خەڵکی دەربارەی عیسا بوونەتە سێ بەشەوە، دوولا و ناوەندێك :

١. (جفاة) (کورت رەوەکان) : وەکو جولەکە، بە درۆیان خستەوە و تانەیان لە خۆی و دایکی دا و نکۆڵیان لە پێغەمبەرایەتی ئەو کردو حوکمیان بە کوشتنی دا .

٢. (غلاة) (زیادە رەوەکان) : وەکو گاورەکان، وتیان : ئەو کوڕی خوایەو سێیەم خوایە لە سێ خواکەو ئەویان بە خوا دانا .

٣. (الوسط) (نێوەند) : دەڵێن : شایەتی دەدەین کەوا ئەو بەندەی خوا و نێردراوی ئەوە، دایکیشی یەکێکە لە (صدیقەکان)، ئەویش دامێنی خۆی پاراست و عازەب بووە، وە نمونەی (عیسا) وەکو نمونەی ئادەمە، خوای گەورە لە گڵ دروستی کردووە و پێی فەرموو: ببە، ئەویش بوو .

- (کلمته) : چونکە ئەو بە وشەیەك دروست بوو، وە عیسا خودی خۆی وشەی خوا نییە، چونکە کەلام صیفەتی خوایە .
- (روح منه) : دروستکراوێکە لە دروستکراوەکانی خوا، وە داویەتییە پاڵ خۆی لەبەر ڕێز و تەشریف .
- (أدخله الله الجنة) : چوونە بەهەشت دوو بەشە :

١. چوونە ژوورەوەیەکی تەواو کە بە هیچ سزایەك پێش ناخرێت بۆ کەسێك کارەکەی تەواو بێت .

٢. چوونە ژوورەوەیەکی نوقصان بە سزا پێش دەخرێت بۆ کەسێك کارەکەی کەمو کورتی تێدا بووە .

- (قال : لا إله الا الله) بە مەرجێ ئیخلاص و دڵسۆز بێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە : (يبتغي بذلك وجه الله)
- **لەم فەرموودەدا وەڵامی دوو گرووپ و تاقمی تێدایە :**

١. گرووپی (المرجئة) ئەوانەی کە دەڵێن : تەنها وتنی (لا اله الا الله) بەسە، بە بێ ئیخلاص و کردار.

٢. گرووپی (الخوارج) ئەوانەی کە دەڵێن : ئەوەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات کافرە و تا هەتایە لە ئاگردایە .

ئەوەی خوای گەورە داویەتییە پاڵ خۆی :

دانەپاڵی شتەکان کە بە خۆیەوە راوەستاوە و پەیوەندی بەم شتە دروستکراوانەوە هەیە، ﴿ نَاقَةَ ٱللَّهِ ﴾، ئەمە لە باسی دانە پاڵی دروستکراوەکانە بۆ دروستکارەکەی، جا هەموو شتێك بۆ خۆی راوەستاو بێت (قائمة بذاتها) و لە خوای گەورە جودا بێت ئەوا دروستکراوە.

دانەپاڵی وەصفەکان کە نەدراوەتە پاڵ خودی شتێکی دروستکراوەوە ﴿ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ ﴾ ئەمەش لە باسی دانەپاڵی صیفەتە بۆ وەصفکراوەکە.

دانەپاڵێکی گشتی : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ أَرۡضِي وَٰسِعَةٌ ٥٦ ﴾

دانەپاڵێکی ڕێز و تەشریف : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ ﴾

بەڵگەی چوارەم :

٤/ لە (أبو سعيد الخدري) یەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) فەرموویەتی : (قال موسى : يا رب علمني شيئا أذكرك وأدعوك به، قال: قل يا موسى : لا إله إلا الله، قال: كل عبادك يقولون هذا ! قال : يا موسى لو أن السموات السبع وعامرهن –غيري– والأرضين السبع في كفة و(لا إله إلا الله) في كفة، مالت بهن لا إله إلا الله) (رواه ابن حبان والحاكم وصححه) واتە : پەروەردگارا... شتێکم فێر بکە یادی تۆی پێ بکەم و بەو شتە لە تۆ داوا بکەم، فەرمووی : ئەی موسا بڵێ : (لا الە الا الله) فەرمووی : پەروەردگارا ... هەموو بەندەکانت ئەوە دەڵێن، فەرمووی : ئەی موسا .. ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکە و ئەوانەی ئاوەدانیان کردووەتەوە لجڤگە لە مزلج و هەر حەوت زەوییەکە لە تای تەرازوو بن و (لا اله الا الله) لە تایەکی تر بێت ئەوا (لا الە الا الله) قورس دەبێت بە سەریاندا) .

بەڵگەی پێنجەم :

٥/ و(الترمذي) ریوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە و بە (حسن)ی زانیوە، دەڵێت : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (قال الله تعالى : يا ابن آدم، إنك لو أتيتني بقراب الأرض خطايا، ثم لقيتني لا تشرك بي شيئا، لأتيتك بقرابها مغفرة)) واتە : خوای گەورە دەفەرموێت : ئەی نەوەی ئادەم ! ئەگەر بە ئەندازەی هەموو زەوی بە تاوانەوە پێم بگەیت و کاتێ بە من گەیشتی هاوەڵت بۆ من بڕیار نەدابوو، ئەوا بە ئەندازەی هەموو زەوی بە لێ خۆش بوونەوەوە پێت دەگەم)).

(لا اله الا الله) : ئەم رستەیە زیکرێکە دوعا لە خۆ دەگرێت، چونکە ئەو کەسەی زیکرەکە دەکات رازی بوونی خوای دەوێت، (هەر ئەو وشەیە کلیلی بەهەشتە) بەڵام ئەگەر هەر کەسێك کلیلەکەی هێناو کەچی کلیلەکە ددانی نەبوو ئەوا بۆی ناکرێتەوە، وە مەرجەکانیشی ددانەکانیەتی .

(بقرابها مغفرة) : چاکەی تەوحید زۆر گەورە و مەزنە، تاوانە گەورەکان دەسڕێتەوە ئەگەر بە خوای گەورە گەیشت و شەریکی بۆی بریار نەدابوو، وە (مغفرة) بریتییە لە داپۆشینی تاوانەکان و لێخۆش بوون لە خاوەنەکەی بەوەی سزای لەسەر نەدات .

مەسەلەکان :

یەکەم : فراوانی فەزڵی خوای گەورە .

دووەم : زۆری پاداشتی تەوحید لای خوای گەورە .

سێیەم : لە گەڵ ئەوەشدا تاوانەکان دەسڕێتەوە .

چوارەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی لە سورەتی (الأنعام) دا هەیە ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ إِيمَٰنَهُم بِظُلۡمٍ ٨٢ ﴾.

پێنجەم : زۆر بە جوانی وردبەرەوە لەو پێنج شتەی لە فەرموودەکەی (عبادة)دا هاتووە.

شەشەم : ئەگەر کۆ بکەیتەوە لە نێوان ئەم فەرموودەیەو فەرموودەکەی (عتبان) و ئەوانەی پاش ئەو هاتوون ئەوا مانای (لا اله الا الله) ت بۆ روون دەبێتەوە و هەڵەی لە خۆبایی و مەغرورەکانت بۆ روون دەبێتەوە (چونکە دەبێت مەبەستی تەنها خوای گەورە بێت، وە ئەگەر وابێت ئەوا پێویستە وا لە کەسەکە بکات کاری چاك ئەنجام بدات) .

حەوتەم : ئاگاداربوونی ئەو مەرجەی لە فەرموودەکەی (عتبان)دا هاتووە .(کە ئەویش ئیخلاصەو تەنها وتن بەس نییە) .

هەشتەم : پێغەمبەرانیش پێویستیان بە ئاگادار کردنەوە هەیە لەسەر فەزڵی (لا الە الا الله) (کەوابوو جگە لەوان لە پێشترە)

نۆیەم : ئاگادار کردنەوە لەوەی کە ئەو وشەیە لە هەموو دروستکراوەکان سەنگینترە، لە گەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە خەڵکی دەیڵێن و تەرازووەکەیان سووکە (جا بەڵاکە لە خاوەنەکەیەتی نەك لە وشەکە، لەبەر نەبوونی یەکێك لە مەرجەکان و بوونی رێگرییەك).

دەیەم : فەرموودەکە دەقێکەو هاتووە کەوا زەوییەکانیش حەوتن وەکو ئاسمانەکان (وەکو یەکن لە ژمارەدا).

یازدەیەم : ئاوەدانکەرەوەیان هەیە (واتە ئاسمانەکان، ئاوەدانکەرەوەکانی فریشتەکانن).

دوازدەیەم : سەلماندنی صیفاتەکان، بە جیاواز لە گەلّ گرووی ئەشعەری و (المعطلة) چونکە سەلماندنی صیفەتی روخساری (وجه) تێدایە .

سیازدەیەم : ئەگەر تۆ فەرموودەکەی ئەنەست زانی، ئەوا باش دەزانی کەوا ئەو دەستەواژەی لە فەرموودەکەی (عتبان)دا هاتووە : (فإنَّ اللهَ حرَّمَ على النارِ من قال: لا إله الا الله، يَبتغي بذلكَ وَجه الله) کەوا وازهێنان لە شیرك تەنها بە زمان نییە .

چواردەیەم : وردبەرەوە لەوەی کەوا (عیسا و محمد) (ﷺ) هەردوو بەندەی خوا و پێغەمبەری ئەون .

پازدەیەم : زانینی تایبەتمەندی عیسا کەوا ئەو وشەی خوایە (بە وشەیەك دروست کراوە) (بە بێ باوك دروستکراوە) .

شازدەیەم : زانینی ئەوەی کەوا ئەو رۆحێکە لە لایەن خواوە (یەکێکە لەو رۆحانەی خوای گەورە دروستی کردووە) .

حەڤدەیەم : زانینی فەزڵی باوەڕبوون بە بەهەشت و دۆزەخ (ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی خاوەنەکەی دەخاتە بەهەشتەوە).

هەژدەیەم : زانینی مانای ئەو فەرموودە : (على ما كان من العمل) .

نۆزدەیەم : زانینی ئەوەی کە تەرازووەکە دوو تای هەیە .

بیستەم : زانینی باسی –روخسار– (وجه) (کە ئەویش صیفەتێکە لە صیفاتەکانی خوا).

٣/ بەشی : هەرکەسێ تەوحید جێ بە جێ بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو تەوحیدە بە جێ بگەیەنین کە واجیبە لە سەرمان و تامەزرۆی بووین، وە جێ بە جێ دەبێت بە پاککردنەوەی و پاڵفتە کردنی لە شیرك و بیدعە و سەرپێچی، ئەویش بە زانست و باوەڕبوون و ملکەچبوون دەبێت.

وە جێ بە جێ کردنی تەوحید لای نوسەر بە خوێندنەوەی بەشەکە بە وردی دەبێت وە بە شێوەیەکی گشتی دێتە دی بە :

١. چاولێکردنی پێغەمبەری خوا ئیبراهیم (ﷺ) .
٢. شوێنکەوتنی گەورە پیاوچاکان و ئەولیاکان (هاوەڵان).
٣. مانەوە لەسەر تەوحید هەرچەندە بە تەنها بویت .
٤. پشت بەستن بە خوا و وازهێنان لە روقیە و داخکردن و شووم و رەشبینی (التطیر).

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ قَانِتٗا لِّلَّهِ حَنِيفٗا وَلَمۡ يَكُ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٢٠ شَاكِرٗا لِّأَنۡعُمِهِۚ .. ﴾ .

لەم ئایەتەدا ستایشی گەورەمان ئیبراهیمی(ﷺ) تێدایە، بۆیە پێویستە لەسەرمان خۆشمان بوێت و شوێنی بکەوین، ئێمەش هێندە ستایش دەکرێین بە ئەندازەی شوێنکەوتنمان بە ئەو پێغەمبەرەوە(ﷺ)، چونکە ئەو تەوحیدی جێ بە جێ کرد بە شەش شت کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە :

١. (أُمَّةً) : پێشەوایە و چاوی لێدەکرێت، لە کار و کردەوەو جیهادەکەیدا، لە گەڵ پشت بەستنی بە خوای گەورە.

٢. (قَانِتًا) : هەموو کات گوێڕایەڵ بوو، وە بەردەوام بوو لەو گوێڕایەڵییە لە هەموو حاڵەتێکدا، ئەو کەسێکی گوێڕایەڵ و دامەزراوەو بەردەوام بوو.

٣. (لِّلَّهِ) : بەڵگەیە لەسەر ئیخلاص .

٤. (حَنِيفًا) : رووی کردبووە خواو پشتی کردبوو لە شیرك، دوور کەوتبووەوە لە هەموو ئەوەی لە گەڵ گوێرایەڵیدا جیاواز بوو.

٥. (وَلَمْ يَكُ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ) : بەری بوون لە شیرك و ئەهلەکەی (بە دڵ و زمان و ئەندامەکان).

٦. (شَاكِرًا لِّأَنْعُمِهِ) : چونکە نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن و پێویستیان بە سوپاسگوزارییە .

چەند سوودێك :

١. باوکی ئیبراهیم (ئازەر) لە سەر کوفر مردووە، بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُۚ ﴾.

٢. باوك و دایکی (نوح) ئیماندار بوون، بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : (رَّبِّ ٱغْفِرْ لِى وَلِوَٰلِدَىَّ) .

٣. ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت : سێ شت ئەصڵ و بنەمای نییە : غەزاکان و داستانەکان و تەفسیر، جا زۆر جار ئەوانە باس دەکرێن بە بێ سەنەد، جا هیچ کەسێك دەربارەی ئۆممەتەکانی پێشوو هیچ شتێك نازانێت ئیللا لە رێگای وەحی یەوە نەبێت کە ئەویش کەلامی خوای گەورە و سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) .

بەڵگەی دووەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَٱلَّذِينَ هُم بِرَبِّهِمۡ لَا يُشۡرِكُونَ ٥٩ ﴾

(لَا يُشۡرِكُونَ) مەبەستی شیرك بە مانا گشتییەكەیەتی، چونكە تەوحید جێ بە جێ نابێت ئیللا بە دوور كەوتنەوە لە شیرك بە مانا گشتییەكەی نەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە سەرپێچی ئەنجام نادەن، چونكە هەموو بەنی ئادەمێك هەڵە دەكات، وە مەعصوم نییە، وە ئەگەر سەرپێچیان كرد ئەوا تەوبە دەكەن و بەردەوام نابن لەسەری .

بەڵگەی سێیەم :

لە (حصین بن عبدالرحمن)ەوە هاتووە دەفەرموێت : (كُنْتُ عِنْدَ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ فَقَالَ: أَيُّكُمْ رَأَى الْكَوْكَبَ الّذِي انْقَضّ الْبَارِحَةَ؟ فقُلْتُ: أَنَا. ثُمّ قُلْتُ: أَمَا إِنِّي لَمْ أَكُنْ فِي صَلاَةٍ. وَلَكِنِّي لُدِغْتُ. قَالَ: فَمَا صَنَعْتَ؟ قُلْتُ: ارْتَقَيْتُ. قَالَ: فَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ قُلْتُ: حَدِيثٌ حَدّثَنَاهُ الشّعْبِيّ. قَالَ: وَمَا حَدّثَكُمُ ؟ قُلْتُ: حَدّثَنَا عَنْ بُرَيْدَةَ بْنِ الحُصَيْبِ، أَنّهُ قَالَ: لاَ رُقْيَةَ إِلاّ مِنْ عَيْنٍ أَوْ حُمَةٍ). قَالَ: قَدْ أَحْسَنَ مَنِ انْتَهَى إِلَى مَا سَمِعَ. وَلَكِنْ حَدّثَنَا ابْنُ عَبّاسٍ عَنِ النّبِيّ (ﷺ) أنه قَالَ: "عُرِضَتْ عَلَيّ الأُمَمُ. فَرَأَيْتُ النّبِيّ وَمَعَهُ الرّهطُ. وَالنّبِيّ وَمَعَهُ الرّجُلُ وَالرّجُلاَنِ. وَالنّبِيّ ولَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ. إِذْ رُفِعَ لِي سَوَادٌ عَظِيمٌ. فَظَنَنْتُ أَنّهُمْ أُمّتِي. فَقِيلَ لِي: هَذَا مُوسَى وَقَوْمُهُ. فَنَظَرْتُ. فَإِذَا سَوَادٌ عَظِيمٌ. فَقِيلَ لِي: هَذِهِ أُمّتُكَ. وَمَعَهُمْ سَبْعُونَ أَلْفاً يَدْخُلُونَ الْجَنّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلاَ عَذَابٍ.) ثُمّ نَهَضَ فَدَخَلَ مَنْزِلَهُ. فَخَاضَ النّاسُ فِي أُولَئِكَ. فَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلّهُمُ الّذِينَ صَحِبُوا رَسُولَ اللهِ(ﷺ). وَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلّهُمُ الّذِينَ وُلِدُوا فِي الإِسْلاَمِ فلَمْ يُشْرِكُوا بِالله شيئاً. وَذَكَرُوا أَشْيَاءَ، فَخَرَجَ عَلَيْهِمْ رَسُولُ اللهِ (ﷺ)، فَأَخْبَرُوهُ. فَقَالَ: "هُمُ الّذِينَ لاَ يَسْتَرْقُونَ. ولا يكتوون، وَلاَ يَتَطَيّرُونَ. وَعَلَى رَبّهِمْ يَتَوَكّلُونَ" فَقَامَ عُكّاشَةُ بْنُ مِحْصَنٍ. فَقَالَ: يا رسول الله (ﷺ) ادْعُ الله أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ. فَقَالَ (ﷺ): "أَنْتَ مِنْهُمْ" ثُمّ قَامَ رَجُلٌ آخَرُ فَقَالَ: ادْعُ الله أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ. فَقَالَ (ﷺ) : "سَبَقَكَ بِهَا عُكّاشَةُ".)

واتە :لای (سعید بن جبیر) بووم، فەرمووی : کێ لە ئێوە ئەو ئەستێرەی بینی کە دوێنێ شەو کشا (ئاوابوو) ؟ گوتم : من بینیم، ئەمجار گوتم : بەڵام من بۆ شەونوێژ هەڵنەستابووم، بەڵکو پێوەدرابووم، فەرمووی : ئەی چیت کرد ؟ گوتم : روقیەم کرد، فەرمووی : چی شتێك وای لێکردی ئەو کارە بکەیت ؟ گوتم : فەرموودەیەك کە (الشعبي) بۆی گێڕاینەوە، فەرمووی : چی بۆ گێڕانەوە ؟ گوتم : لە (بریدة بن الحصیب)ەوە بۆی گێڕاینەوە، کەوا فەرموویەتی : (هیچ چارەسەرێك بۆ حەسودی یان پێوەدان سوودبەخشتر نییە وەکو روقیە) فەرمووی : ئەو کەسەی کە هەواڵەکەی پێ گەیشتووە شتێکی باشی کردووە، بەڵام (ابن عباس) بۆی گێڕاینەوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (ئوممەتەکان خرانە بەرچاوم، پێغەمبەرم دەبینی کۆمەڵە کەسێکی کەمی لە گەڵدایە، وە پێغەمبەرم دەبینی تەنها پیاوێك یان دوو پیاوی لە گەڵدایە، وە پێغەمبەرم دەبینی کەسی لە گەڵدا نییە، ئینجا خەڵکێکی زۆرم پیشاندرا، گومانم کرد کە ئوممەتەکەی من بن، پێم وترا : ئەمە موسا و قەومەکەیەتی، ئەمجار تەماشام کرد، کۆمەڵێکی مەزنم بینی، فەرمویان : ئەوە ئوممەتەکەتە، حەفتا هەزار کەسیان لە گەڵدایە بە بێ لێپرسینەوە و بە بێ سزا دەچنە بەهەشتەوە).

ئەمجار هەستاو چووە ماڵەکەی خۆیەوە، جا خەڵکی دەستیان کرد بە باس کردنی ئەوانە (ئەو حەفتا هەزارە) هەندێکیان وتیان : رەنگە ئەو کەسانە بن کە هاوڕێتی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) کردبێت، وە هەندێکیان فەرموویان : رەنگە ئەو کەسانە بن کە بە موسڵمانێتی لە دایك بوونە و هیچ شەریکیان بۆ خوا بریار نەدابێت، وە باسی چەند شتێکی تریان کرد، ئەمجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو، باسەکەیان بۆ گێڕایەوە، فەرمووی : ئەوانە ئەو کەسانەن کە داوای روقیەکردن لە کەس ناکەن و خۆیان داخ ناکەن (بە هۆی نەخۆشییەوە) وە شومی و رەشبین ناکەن (نە بە هۆی باڵندەوە نە بۆ هۆی شتی ترەوە) و پشت و پەنا تەنها بە خوا دەبەستن) . ئەو کاتە (عکاشة بن محصن) هەستا و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خوا داوا بکە من یەکێك بم لەوانە . فەرمووی : تۆ لەوانیت، ئەمجار پیاوێکی تر هەستا و فەرمووی : داوا لە خوا بکە منیش یەکێك بم لەوانە، فەرمووی : عکاشە پێشت کەوت)) .

- (انْقَضّ) : کەوتە خوارەوە (ئاوابوو) .
- (ارتْقَيْتُ) : داوای روقیەم کرد .
- (عَيْنٍ) تەماشاکردنی کەسێکی حەسوود (چاوپیس) .
- (فَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ) : بەڵگەی دروستی داواکردنی حوججە یان بەڵگەی تێدایە، بەڵام بە ئەدەبەوە .
- (لا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَيْنٍ أَوْ حُمَةٍ) : واتە : هیچ چارەسەرێك و دەوایەك نییە بە سوودتر بێت بۆ حەسوودی و پێوەدانی گیاندارە ژەهراوییەکان وەکو روقیەی شەرعی بە مەرجەکانییەوە، لە گەڵ جێگر بوونی روقیە بۆ جگە لەوانە .
- (حُمَةٍ) : بریتییە لە پێوەدانی هەموو ژەهرداریێك، بەڵام (الحمَّة) بریتییە لەبەرزبوونی پلەی گەرمی لەش .
- (الرَّهط) : لە سێ کەسەوە تاوەکو نۆ کەس .
- (لا يسترقون) داوا لە هیچ کەسێك ناکەن کەوا بەسەریاندا بخوێنێت، لەبەر ئەم هۆیانە :

١. لەبەر بەهێزی پشت بەستنیان لەسەر خوای گەورە .
٢. بوونی عیززەتی نەفسیان لەوەی بەرانبەر بە جگە لە خوا خۆیان زەلیل بکەن.
٣. چونکە پەیوەست بوونی تێدایە بۆ جگە لە خوا .

- ریوایەتی : (لا يَرقون) هەڵەیە، هەروەکو شیخ الاسلام –رەحمەتی خوای لێ بێت– فەرموویەتی، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی روقیەی دەکرد، وە جبریل و دایکە عائیشە روقیەیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە و هاوەڵان روقیەیان دەکرد .

- جۆرەکانی خەڵکی لە داواکردنی روقیەدا :

١. داوا بکات روقیەی بۆ بکرێت، ئەمەش کەمالی لە دەست دەردەچێت (لە حەفتا هەزارەکە نابێت).

٢. رێگر نییە ئەگەر کەسێك روقیەی بۆ بکات، ئەمە کەمالی لە دەست دەرنەچووە، چونکە خۆی داوای روقیەی نەکردووە .

٣. رێگر بێت لەوەی کەسێك روقیەی بۆ بکات، ئەمەش لە گەڵ سوننەتدا جیاوازە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێگر نەبوو لە دایکە عائیشە کاتێ روقیەی بۆ کرد .

- (ولا يكتوون) داوا ناکەن لە هیچ کەسێك داخیان بکات (بە مەبەستی چارەسەر) .
- (ولا يَتَطيَّرُون) : (التطيُّر) بریتییە لە شوومی و رەشبینی بە بینینی شتێك یان بیستنی شتێك یان شتێکی زانراو لە شوێن و کات، وە حوکمی ئەو کارە شیرکی بچووکە .
- جگە لەم سێ حاڵەتە هیچ شتێك رێگر نییە لەوەی بە بی لێپرسینەوە و سزا بچێتە بەهەشتەوە، لەبەر بوونی ئەو دەقانەی هاتوون بە فەرمان کردن بە چارەسەر و ستایش کردنی هەندێ دەواو دەرمان وەکو هەنگوێن و رەشکە .

جۆرەکانی ئوممەت :

ئوممەتی وەڵامدانەوە : ئەوانەی وەڵامی خوا و پێغەمبەری خوایان (ﷺ) داوەتەوە .

ئوممەتی بانگەواز : ئەوانە دەگرێتەوە کە وەڵامی خوا و پێغەمبەری خوایان (ﷺ) داوەتەوە، هەروەها هەموو ئەوانەی وەڵامیان نەداوەتەوە (بێباوەڕان).

مەسەلەکان :

یەکەم : زانینی پلەکانی خەڵکی لە تەوحیددا .

دووەم : مانای جێ بە جێ کردنی چییە ؟ (پاککردن و پاڵفتە کردنی لە شیرك و بیدعە و سەرپێچی) .

سێیەم : ستایشکردنی ئیبراهیم لە لایەن خوای گەورەوە بەوەی ئەو یەکێك نەبووە لە موشریکەکان .

چوارەم : ستایشکردنی گەورە پیاوچاکان و ئەولیاکان بە سەلامەت بوونیان لە شیرك .

پێنجەم : وازهێنان لە روقیە و داخکردن لە بە جێهێنانی تەوحیدە (داواکردنی روقیە و داخکردن).

شەشەم : کۆکەرەوەی ئەو ئاکارانە برتییە لە پشت بەستن (چونکە وازی لێهێناوە لەبەر هێزی پشتبەستن).

حەوتەم : قوولّی زانست و تێگەیشتنی هاوەڵان بەوەی زانیویانە کەوا ئەو پلەیان دەست ناکەوێت ئیللا بە کرداریکی دڵسۆزانە نەبێت .

هەشتەم : سوورببوونیان لەسەر خەیر و چاکە (چونکە دەیانەوێت بگەنە ئەنجامێك بۆ ئەوەی پێی هەستن).

نۆیەم : فەزڵی ئەم ئوممەتە بە چەندێتی (ژمارە) و چۆنییەتی (کردار) .

دەیەم : فەزڵی هاوەڵانی (شوێنکەوتوانی) موسا .

یازدەیەم : نمایش کردن و پیشاندانی ئوممەتەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) (١/ دڵنەوایی کردنە بۆی ٢/ روونکردنەوەی فەزڵ و رێز و شەرەفی ئەوە) .

دوازدەیەم : هەموو ئوممەتێك بە تەنها لە گەڵ پێغەمبەرەکەی خۆیدا حەشر دەکرێت .

سیازدەیەم : کەمی ئەوانەی وەڵامی پێغەمبەرانیان داوەتەوە .

چوارەدەیەم : هەرکەسێ هیچ کەس وەلّامی نەدابێتەوە بە تەنها دێت .

پازدەیەم : بەرهەمی ئەم زانستە، ئەویش : ١/ مەغروور نەبوونە بە زۆری (نەوەك لەگەلّیاندا بە هەلاکەتدا بچین) ٢/ بێ نیاز نەبێت لە کەمەکەیدا·چونکە رەنگە کەمەکە باشتر بێت لە زۆرەکە) .

شازدەیەم : رێگەدراوە بە روقیەی شەرعی بە هۆی چاو و پێوەدان و جگە لەوانە .

حەڤدەیەم : قوولّی زانستی سەلەف، بە بەلّگەی ئەوەی کە دەفەرموێت : (قَدْ أَحْسَنَ مَنِ انْتَهَى إِلَى مَا سَمِعَ. وَلَكِنْ كذا وكذا)، جا ئەوەی زانیوە کەوا فەرموودەی یەکەم جیاواز نییە لە گەلّ دووەمدا .

هەژدەیەم : دووری سەلەف لە ستایشکردنی مرۆڤێك بە شتێك تیایدا نەبێت .

نۆزدەیەم : مەبەست لە : (أَنْتَ مِنْهُم) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی .

بیستەم : فەزلّی عوکاشە (بەوەی یەکێکە لەوانەی دەچنە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە و عەزاب).

بیست و یەکەم : بە کارهێنانی (المعاریض)، ١/ یان لەبەر ئەوەی کەسێکی دووڕوو بووە . ٢/ یان لەوە ترسا ئەو دەرگایە بکرێتەوە و کەسێك داوای ئەو پلەیە بکات کە شایەنی نەبێت).

بیست و دووەم : رەوشت جوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٤/ بەشی ترسان لە شیرك:

نوسەر بۆ ئەم بەشەی هێناوەتەوە لە پاش جێ بە جێ کردنی تەوحید ؟

١/ چونکە هەموو بەشێك لە پاش جێ بەجێ کردنی تەوحید بریتییە لە جێ بە جێ کردنی تەوحید، جا لە جێ بە جێ کردنی تەوحید ترسانە لە شیرك، وە لە جێ بە جێ کردنی تەوحید بانگەوازە بۆی و ئا بەم شێوەیە تا کۆتایی کتێبەکە .

٢/ چونکە مرۆڤ وا دەزانێ کە تەوحیدی جێ بە جێ کردووە کەچی جێ بە جێی نەکردووە، بۆیە با لە خۆی دەرنەچێت و مەغرور نەبێت .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾

خـوای گـەورە لەسـەر زاری ئیـبراهیم دەفـەرموێت : ﴿ وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴾



شیرك تاوانێکە خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت، ئەگەر کەسەکە لەسەر شیرك مرد، چونکە ئەوە تاوانێکە بەرانبەر بە حەقی تایبەتی خوای گەورە ئەنجام دەدرێت کە ئەویش تەوحیدە، جا هەرکەسێ بمرێت لەسەر شیرکی گەورە ئەوا بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە، وە ئەگەر لەسەر شیرکی بچووك بمرێت ئەوا بە ئەندازەی شیرکەکەی سزا دەدرێت و ئەمجار دەخرێتە بەهەشتەوە، وە بە هەتا هەتایی لە ئاگردا نامێنێتەوە چونکە ئەهلی ئیمانە .

(وَٱجۡنُبۡنِي) : من بخەرەوە لایەك و بت پەرستان بخەرە لایەکی تەرەوە، تاوەکو لێی دوور بکەوێتەوە .

(ٱلْأَصْنَامَ) : (الصنم) بت : بریتییە لە هەموو ئەوەی لە جگە لە خوا دەپرستریّت لە سەر شیّوەی مرۆڤ یان جگە لە مرۆڤ دروست دەکریّت، بەلاّم (الوثن) بریتییە لە هەموو ئەوەی لە جگە لە خوا دەپەرستریّت جا ئەگەر لە سەر هەر شیّوەیەك بیّت، کەواتە (الوثن) لە (صنم) گشتگیرترە .

ئیبراهیم لە خۆی دەترسیّت نەوەك تووشی شیرك بیّت، کە خۆشەویست و خەلیلی خوای گەورەیە و پیّشەوای یەکتاپەرستانە، ئەی ئاخۆ دەبیّ بۆ ئیّمە چۆن بیّت ؟ بۆیە هەرگیز لە شیرك تەئمین مەبە، چونکە هیچ کەسیّك تەئمین نییە لە دووڕوویی ئیللا کەسی دووڕوو نەبیّت .

بەڵگەی سیّیەم و چوارەم و پیّنجەم :

٣/ لە فەرموودەیەکدا هاتووە:(أخوف ما أخاف عليكم : الشرك الأصغر، فسُئلَ عنه؟ فقال : الرياء) واتە : ئەو شتەی لە هەموو شتیّك زیاتر لیّی دەترسم تووشتان ببیّت شیرکی بچووکە، پرسیاری لیّکرا کە ئەوە چییە؟ فەرمووی : ریایە)

٤/ وە لە (ابن مسعود) هوە هاتووە لە پیّغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (من مات وهو يدعو لله نداً، دخل النار) (رواه البخاري) واتە : هەرکەسیّ بمریّت لە کاتیّکدا هاوەڵی بۆ خوا بریاردابیّت ئەوا دەچیّتە ئاگرەوە) .

٥/ وە لە (مسلم)دا هاتووە لە (جابر)هوە کەوا پیّغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ لَقِيَ اللهَ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ) واتە : هەرکەسیّ بگاتە خوای گەورە لە کاتیّکدا پیّی دەگات هیچ شەریکیّکی بۆ بریار نەدابیّت ئەوا دەچیّتە بەهەشتەوە، وە هەرکەسیّ بگاتە خوای گەورە لە کاتیّکدا پیّی دەگات شەریکی بۆ بریار دابیّت ئەوا دەچیّتە ئاگرەوە) .

(الرياء) : ئەویش بریتییە لەوەی خوای گەورە دەپەرستێت بۆ ئەوەی خەڵکی ببینێ یان ناوبانگی ببیسن و مەدحی بکەن لەسەر ئەوەی کەسێکی خواپەرستە، وە مەبەستی ئەوە نییە خواپەرستییەکەی بۆ خەڵکی بێت، چونکە ئەگەر وابوو ئەوا شیرکی گەورییە، وە ئەگەر مەبەستی لە خواپەرستییەکەی ئەوە بوو خەڵکی چاوی لێ بکەن ئەوا لە بەشی ریا نییە، بەڵکو ئەمە بەشێکە لە بانگەواز بۆ دینی خوا، وە چارەسەری رووپامایی (ریا) بە بەمانەی خوارەوە دەبێت :

١. دیراسەت و خوێندنەوەی تەوحید، چونکە بە خوێندنەوەی تەوحید خوای گەورە بە مەزن دەزانێت و لە پێناوی دینی خوادا گوێ بە هیچ کەسێك نادات.
٢. دوعا و پاڕانەوە.
٣. سووربوون لەسەر ئەوەی کردارەکان نهێنی بێت لە نێوان بەندە و خواکەیدا .
٤. وازنەهێنان لە کردار بە بیانووی ئەوەی نەوەك بکەوێتە ناو ریاوە .
٥. زۆر ئەنجامدانی کرداری چاك کە دوارۆژ دەخاتە یادی بەندە، وەکو سەردانی گۆڕستان بە پێی مەرجەکانی .

بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ترسی لەسەر ئوممەتەکەی بووە تووشی رووپامایی (ریا) بێت زیاتر لە مەسیحی دەججال ؟

چونکە فیتنەی مەسیحی دەججال دیار و ئاشکرایە، بەڵام فیتنەی ریا شاراوەیە.

چونکە فیتنەی مەسیحی دەججال لە کاتێکی دیاریکراودا دەبێت (کۆتا سەردەمدا) بەڵام ریا لە هەموو کاتێکدا دەبێت.

بەشەکانی ڕووپامایی (ریا)
لە ئەصڵ و بەنەمای پەرستەنەکەدا بێت : واتە هەڵنەستاوە بە ئەنجامی ئەو پەرستنە ئیللا لەبەر ڕووپامایی (ریا)، جا ئەو پەرستنە پووچەڵە .
لە ناکاودا ڕووبدات : لە ئەصڵ و بنەمادا بۆ خوا ئەنجام دراوە بەڵام ریاکە لە ناکاودا ڕووەدات :
لەپاش لێبوونەوە لە پەرستنەکە : هیچ کاریگەری لەسەر نابێت ئیللا مەگەر دوژمنایەتی تێدا بێت، وەکو منەت کردن و ئازاردان لەپاش صەدەقەکردن .
ئەگەر ریاکەی پاڵنا : ئەمە زیانی نییە چونکە ئەوەی پێویستە ئەنجامی داوە و پەرستنەکەی تەواوە .
ئەگەر لە گەڵ ریاکەدا شۆر بویەوەو بەردەوام بوو : ئەوا وردەکاری تێدایە :
ئەگەر پەرستنەکە سەرەتاکەی بچرابوو لەگەڵ کۆتاییەکەیەوە وەکو زەکات : جا ئەو بەشەی کە ریای تێدایە ئەوا پوچەڵە و ئەو بەشەی ریای تێدا نییە ئەوا دروست و تەواوە.
ئەگەر پەرستنەکە سەرەتاکەی پەیوەندی بە کۆتاییەکەیەوە بوو وەکو نوێژ : ئەوا ئەو پەرستنە هەمووی پووچەڵە .

- (نِدًّا) : (النِّدُّ) : واتە : هاوشێوە و لێکچوو و هاوتا .
- (دخل النار) : ئەمە سزای ئەو کەسانەیە هاوشێوە بۆ خوا دادەنێن .
- (شَيْئًا) : هەمووی شتێك دەگرێتەوە، هەر شیرکێك بێت، هەرچەندە بەرێزترین کەس بکاتە شەریك بۆ خوای گەورە ئەوا دەچێتە ئاگرەوە .
- ((وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ)) : ئەگەر شیرکەکە شیرکی بچووك بوو ئەوا بە تاهەتایی لە ئاگردا نامێنێتەوە وە ئەگەر شیرکەکە شیرکی گەورە بوو ئەوا بە تاهەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە .
- شیرك بابەتێکی زۆر گرانە و ئاسان نییە، بەڵام خوای گەورە بە رەحمەتی خۆی ئیخڵاص ئاسان دەکات لای بەندەکان، بەوەی کە هەردەم خوای گەورە لە پێش چاوی بێت، مەبەستی لە ئەنجامدانی کارەکەی تەنها خوای گەورە بێت نەك مەدح و پیاهەڵنانی خەڵکی یان زەمی ئەوان یان ستایشیان، چونکە خەڵکی هیچ سوودی پێ ناگەیەنن .
- هەروەها گرنگە ئەوەیە کە مرۆڤ هەرگیز دڵخۆش نەبێت بەوەی خەڵکی قسە وەردەگرن چونکە ئەوە قسەی ئەوە، بەڵام بەوە دڵخۆش بێت کەخەڵکی قسەکانی وەردەگرن ئەگەر حەق بوون، نەك لەبەر ئەوە قسەی ئەوە، هەروەها بە پێچەوانەوە، جا ئیخڵاص زۆر گرانە، ئیللا مەگەر مرۆڤ بە راستی رووی لە خوا بوو، لەسەر راستە رێگاکە بوو، ئەوا خوای گەورە یارمەتی لەسەر دەدات و سووك و ئاسانی دەکات لەسەری .


دوعا دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :
دوعای پەرستن :
وەکو ئەوەی کەسێك نوێژ دەکات و حەج دەکات و رۆژوو دەگرێت بۆ جگە لە خوا ئەوە کەسێکی کافرە بە کوفری گەورە .
دوعای داواکردن :
ئەمەش دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :
ئەوەی هیچ کەسێك توانای لەسەری نییە تەنها خوا نەبێت :
بۆیە ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە، وەکو ئەوەی کەسێك داوای منداڵ بکات یان داوای باران بارین بکات لە جگە لە خوای گەورە .
ئەوەی کە دروستکراوەکان توانایان لەسەر هەیە :
ئەم جۆرە دوعایە دروستە بە چوار مەرج : ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت زیندوو بێت، ئامادە بێت، توانای هەبێت، وە هۆکاریش بێت.

جیاوازی لە نێوان شیرکی گەورەو بچووک :

شیرکی گەورە :	شیرکی بچووک :
١. خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات.	١. خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات .
٢. هەموو کردەوەکان پووچەڵ دەکاتەوە .	٢. کردەوەی تایبەت پووچەڵ دەکاتەوە .
٣. خاوەنەکەی بۆ هەتایی لە ئاگردا دەهێڵێتەوە .	٣. خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە .
٤. خوێن و مالّی حەڵاڵ دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارەوە .	٤. خوێن و مالّی حەڵاڵ نابێت .
٥. ئەگەر هاتوو بەڵگەیەک هەبوو کەوا گەورەیە (الاکبر) .	٥. ئەگەر هاتوو بەڵگەیەک هەبوو کە بچووکە (الاصغر) .
٦. ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا جگە لە خوا بەڕێوەبردنێك و تەصەڕوفێکی شاراوەی هەیە لە گەردووندا بە دەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زیانەکانی بە دەستە .	٦. باوەڕی وابێت ئەوەی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار ئەم بە هۆکاری بزانێت .
	٧. هەر شتێك وەسیلەیەك بێت بۆ شیرکی گەورە ئەوا شیرکی بچووکە .
	هەموو ئەوەی لە دەقە شەرعییەکاندا بە (شرك) یان (کفر) ناویان هاتووە و بە (ال)ی تەعریف تەعریف نەکرابوون ئەصڵ ئەوەیە کە بچووکن.

مەسەلەکان :

یەکەم : ترسان لە شیرك

دووەم : رووپامایی (ریا) بەشێکە لە شیرك .

سێیەم : ئەوەش (واتە : ریا) لە جۆری شیرکی بچووکە (رووپامایییەکی کەم) .

چوارەم : لە هەموو شتێك زیاتر لێی دەترسێت تووشی پیاوچاکان بێت (چونکە رەنگە بچێتە دڵی مرۆڤەوە بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکات لەبەر شاراوەیی و نەفسیش ئاگای لێیەتی، چونکە زۆرێك لە نەفسەکان پێیان خۆشە مەدح بکرێن بەوەی خاوەنەکەی خواپەرستی دەکات).

پێنجەم : نزیکی بەهەشت و دۆزەخ .

شەشەم : کۆکردنەوە لە نێوان نزیکی هەردووکیاندا لە یەك فەرموودەدا .

حەوتەم : ئەگەر هەرکەسێك گەیشتە خواکەی خۆی شەریکی بۆ بڕیار دابێت ئەوا دەچێتە ئاگرەوە هەرچەندە خواپەرستترین کەس بێت (ئەگەر شیرکی گەورە بێت ناچێتە بەهەشتەوە، وە ئەگەر بچووك بێت، ئەوا بە ئەندازەی تاوانەکی سزا دەدرێت و ئەمجار دەچێتە بەهەشتەوە).

هەشتەم : مەسەلە گەورەکە ئەوەیە کە ئیبراهیم داوای کردووە بۆ خۆی و نەوەکەی کە لە بت پەرستی بپارێزرێن .

نۆیەم : ئیعتبارەکە بە پێی زۆرینەیە : بە بەڵگەی ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت :

﴿ رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضۡلَلۡنَ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلنَّاسِۖ ﴾.

دەیەم : تەفسیری (لا إله إلا الله) تێدایە هەروەکو چۆن بوخاری باسی کردووە .

یازدەیەم : فەزڵی ئەو کەسەی لە شیرك پارێزراو دەبێت (دەچێتە بەهەشتەوە).

٥/ بەشی بانگەواز بۆ شایەتیدانی (لا اله الا الله) .
بۆ نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە ؟

١. کاتێ باسی تەوحیدی مرۆڤی کرد بۆ خۆی، باسی بانگەوازی جگە لە خۆی کرد بۆ ئەو تەوحیدە، چونکە ئیمانی کەسەکە تەواو نابێت ئیللا ئەگەر بانگەوازی بۆ کرد، بۆیە پێویستە لە گەڵ تەوحیددا بانگەواز هەبێت بۆ تەوحید، ئەگەر نا ئەوا تەوحیدەکەی نوقصان دەبێت .

٢. وەڵامی ئەو کەسانەی تێدایە کە دەڵێن پێویستە یەکەم شتێك دەستی پێ بکرێت نوێژە نەك تەوحید .

بەڵگەی یەکەم :

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت : ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ ﴾ .

- (سَبِيلِىٓ) : رێگاکەم، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شەرعدا هێناویەتی وەکو پەرستن و بانگەواز بۆ لای خوا .
- (إِلَى ٱللَّهِ) : بانگخوازان دابەش دەبنە دوو بەشەوە :
- ١/ بانگخوازێك بۆ لای خوا ٢/ بانگخوازێك بۆ لای جگە لە خوا .
- (عَلَىٰ بَصِيرَةٍ) : ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە :
- ١/ **زانستی شەرعی** ٢ / **زانیاری دەربارەی حاڵی ئەو کەسەی بانگی دەکات**
- ٣/ **حیکمەت** .
- مەرجەکانی بانگەواز بۆ لای خوا :

١– تەنها بۆ خوای گەورە بێت (ئیخلاص) . ٢– لەسەر زانستی شەرعی بنیات نرابێت .
٣– حیکمەت و دانایی تێدا بێت . ٤– حاڵی ئەو کەسانە بزانێت کەوا بانگیان دەکات .
٥– ئارامگرتن .

بەڵگەی دووەم :

لە (ابن عباس)ەوە هاتووە، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ (معاذ)ی بۆ یەمەن ڕەوانە کرد پێی فەرموو : (إنَّك تَأْتِي قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، فليكن أول ما تدعوهم إلَيه شَهَادَةِ أَنْ لَا إلَهَ إلَّا اللَّهُ (وفي رواية : الى أن يوحدوا الله)، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ ؛ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ عَلَى فُقَرَائِهِمْ ؛ فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوكَ لِذَلِكَ فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ) (رواه البخاري ومسلم) واتە: تۆ دەچیت بۆ لای قەومێك لە ئەهلی کیتاب، با یەکەم شتێك بانگی ئەوانی بۆ دەکەیت : شایەتیدان بێت بەوەی کە هیچ خودایەك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها اللە نەبێت (وە لەریوایەتێکدا هاتووە : بۆ ئەوەی خوا بە تاك و تەنها بپەرستن)، جا ئەگەر ئەوان گوێڕایەڵت بوون لەوەدا ئەوا ئاگاداریان بکەرەوە کە خوای گەورە پێنج نوێژی لەسەر فەرز کردوون لە هەر شەو و ڕۆژێکدا، جا ئەگەر ئەوان لەوەدا گوێڕایەڵت بوون، ئەوا ئاگاداریان بکەرەوە کە خوای گەورە زەکاتی لەسەر فەرز کردوون، لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگیرێت و بدرێتەوە بە هەژارەکانیان، جا ئەگەر ئەوان لەوەدا گوێڕایەڵت بوون، ئەوا ئاگادار بە و خۆت بپارێزە لە سامانە چاك و جوانەکەیان، وە خۆت بپارێزە لە نزا و دوعای ستەملێکراو، چونکە لە نێوان ئەو و خوای گەورەدا هیچ پەردەیەك نییە).

هەندێ لە سوود بە دەست هاتووەکانی فەرموودەکە :

١. دروستی ڕەوانەکردنی بانگخوازان بۆ لای خوا و فێرکردنیان .
٢. پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەك کەسی ڕەوانە کرد، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وەرگرتنی خەبەری یەك کەس (الآحاد) هەرچەند لە بواری عەقیدەدا بێت .
٣. مەرجی چەند ڕۆژێکی دیاری کراوی دانەناوە بۆ بانگەواز، بەڵکو بە پێی پێویست لە ناویاندا دەمێنێتەوە.
٤. چۆنییەتی بانگەوازی نەیارانی تێدایە، وە سووکترین ڕێگا بۆ بانگکردنیان بریتییە لە تەوحید، نەك مشتومڕ و چەلەحانێ (مناظرة).
٥. تەنها بانگەواز بۆ ئیسلام بەس نییە، بەڵکو هەواڵیان پێ دەدات بەوەی پێویستە لەسەریان تاوەکو پێی قایلبن و دەستی پێوە بگرن،بەڵام بە پێی ئەو ڕێزبەندییەی لە فەرموودەکەی ڕەوانەکردنی (معاذ) دا هاتووە .

بەڵگەی سێیەم :

لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە (سهل بن سعد)ەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی خەیبەردا فەرموویەتی : «لأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ غَداً رجلاً يُحبُّ اللهَ وَرَسولَهُ(ﷺ)، ويُحِبُّهُ اللهُ وَرَسُولُهُ (ﷺ)، يَفْتَحُ الله عَلَى يَدَيهِ »، فَبَاتَ النَّاسُ يَدُوكُونَ لَيْلَتَهُمْ أيُّهُمْ يُعْطَاهَا . فَلَمَّا أصْبَحوا غَدَوْا عَلَى رسولِ الله (ﷺ)، كُلُّهُمْ يَرْجُو أنْ يُعْطَاهَا. فَقَالَ(ﷺ) : « أينَ عَلِيُّ بنُ أَبي طالب ؟ » فقيلَ : هُوَ يَشْتَكي عَيْنَيهِ، فَأَرْسَلُوا إِلَيْه فَأُتِيَ بِهِ، فَبَصَقَ في عَيْنَيْهِ وَدَعَا لَهُ، فَبَرأ حَتَّى كأنْ لَمْ يكُن بِهِ وَجَعٌ، فأعْطاهُ الرَّايَةَ . فقَالَ (ﷺ): « انْفُذْ عَلَى رِسْلِكَ حَتَّى تَنْزِلَ بسَاحَتهمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإسْلاَمِ، وَأخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عَلَيْهِمْ مِنْ حَقِّ اللهِ تَعَالَى فِيهِ، فَوَالله لأَنْ يَهْدِيَ اللهُ بِكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَم » واتە : ((سەبەینێ ئاڵاکە دەدەمە دەستی کەسێکەوە کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشی بوێت و ئەویش خوا و پێغەمبەری (ﷺ) خۆش بوێت،

خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو، فەتحی خەیبەر دەکات)) ئەو شەوە خەڵکی سەرقاڵی ئەوە بوون کە ئاخۆ بدرێتە کامیان، کاتی رۆژ بوویەوە رۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەموویان ئومێدی ئەوەیان بوو بە ئەو بدرێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((کوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب؟) فەرموویان : ئەو تووشی چاوئێشە بووە، ناردیان بە شوێنیدا و هێنایان، ئەویش تفی کردە هەردوو چاوی و دوعای بۆ کرد، بۆیە یەکسەر چاك بوویەوە هەروەکو ئەوەی هیچ ئازاریکی نەبوبێت لە پێشدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاڵاکەی پێدا و فەرمووی : لەسەر خۆت بەرەو پێش بڕۆ تا دادەبزێتە گۆڕەپانی ئەوان، ئەمجار بانگیان بکە بۆ ئیسلام، وە هەواڵیان پێ بدە ئەوەی پێویستە لەسەریان لە حەقی خوای گەورە، سوێند بە خوا ئەگەر تەنها یەك کەس بە هۆی تۆوە هیدایەت بدرێت ئەوا باشترە لە بە دەستهێنانی چەندین وشتری سوور) .

یدوکون : سەرقاڵی بوون و قسەیان لەسەر دەکرد .

- سەلماندنی صیفەتی خۆشەویستی بۆ خوا، وە خوای گەورە خۆشیانی دەوێت و خۆیشی خۆشەویستە، بەڵام خۆشەویستیەکە وەکو ئەو خۆشەویستییە نییە .
- سەلماندنی فەزڵی تایبەت مەرج نییە فەزڵی گشتی بگرێتەوە، وەکو ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی (أبو عبیدە) فەرموویەتی کەوا ئەو : (أَمِينُ هَذِهِ الأُمَّةِ) واتە : دەستپاك و ئەمینی ئەم ئوممەتەیە) ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو باشترین هاوەڵانە، هەروەها (معاذ)یش.
- (خُمْرِ النَّعَم) : واتە : وشتری سوور، بۆیە ناوی ئەوەی هێناوە چونکە لای عەرەب شتێکی نایاب بووەو حەزیان لێ کردووە.

کارە نائاساییەکان چوار دانەن :

مەبەست لێی ئەوەی جیاواز بێت لەوەی خەڵکی لەسەری راهاتوون، وەکو ئەوەی بە ئاسماندا بفڕێت یان بە سەر ئاودا ڕێ بکات :

١/ ئایەت : ئەمە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان دەبێت، وە ناگوترێت (معجزة)، چونکە ئەوە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، وە (المعجزة) ڕەنگە هەندێ خەڵکی نەتوانن بیکەن و جگە لە پێغەمبەرانیش بیکەن، وە هیچ کەسێك بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئایەتی هەیە لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٢ : کەرامەت : لە سەر دەستی ئەولیای خوای گەورە روو دەدات، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە ئیمان و تەقوایان لە خۆیاندا کۆکردووەتەوە، وە نمونەی کەرامەت ئەوەی بە سەر هاوەڵانی ئەشکەوتدا هات (أصحاب الكهف) .

٣/ موعجیزە یان فیتنە : لە سەر دەستی ئەولیای شەیتان روو دەدات، پێی دەزانی بە پێی حاڵی کەسەکە، نە ئیمانی هەیە و نە تەقوا، وە نمونەی موعجیزە ئەوەی لە سەر دەستی دەججال روو دەدات .

٤/ شەرمەزاری (الفضيحة) : هەرکەسێ بە ناوی خواوە درۆ بکات، ئەوا خوای گەورە لە دونیادا شەرمەزاری دەکات پێش قیامەت، وە نمونەی شەرمەزاری ئەوەی بە سەر (مسيلمة الكذاب)دا هات، فووی کردە چاوی کەسێکی نەخۆشەوە کەچی چاوەکانی کوێر بوو .

مەسەلەکان

یەکەم : بانگەواز بۆ لای خوا ڕێگای ئەو کەسانەیە شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوتوون (ڕێگای پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان).

دووەم : ئاگادارکردنەوە لەسەر ئیخلاص، چونکە زۆرێک هەن کاتێ بانگی خەڵکی دەکەن بۆ حەق، ئەو کات بانگی خەڵکی دەکەن بۆ لای خۆیان .

سێیەم : چاوپوونی یەکێکە لە فەرزەکان (بانگەواز فەرزە، جا زانیاری دەربارەی ئەویش فەرزە) .

چوارەم : لە بەڵگەکانی جوانی تەوحید پاک ڕاگرتنی خوای گەورەی تێدایە لە جوێندان .

پێنجەم : لە ناشرینی و نابوتی شیرک ئەوەیە کە جوێندانی خوای گەورەی تێدایە (کەسی یەکخواپەرست خوای گەورە پاک ڕادەگرێت لە کەموکوڕی) .

شەشەم : ئەویش لە گرنگترینیانە دوور خستنەوەی کەسی موسڵمان لە موشریکەکان، بۆ ئەوەی نەبێتە یەکێک لەوان هەرچەندە شیرکیش ئەنجام نەدات (چونکە ئەگەر لە ناویاندا مایەوە، هەرچەندە شیرک ئەنجام نەدات بەڵام بە ڕواڵەت لە گەڵیاندایە).

حەوتەم : تەوحید یەکەم واجیبە لە واجیباتەکان .

هەشتەم : پێش هەموو شتێک دەست بە تەوحید دەکرێت، تەنانەت پێش نوێژیش .

نۆیەم : مانای : (أَنْ يُوَحِّدُوا اللهَ) مانای شایەتیدانی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) یە .

دەیەم : ڕەنگە کەسێک لە ئەهلی کیتاب بێت کەچی شارەزای کیتابەکەی خۆی نەبێت، وە ڕەنگە شارەزای بێت بەڵام کاری پێ نەکات .

یازدەیەم : وریاکردنەوە لەسەر فێرکردن بە شێوەی قۆناغ قۆناغ (تدریج) .

دوازدەیەم : دەست پێکردن بە گرنگرتین ئەمجار گرنگترین (یەکەم تەوحید، ئەمجار نوێژ، ئەمجار زەکات) .

سیازدەیەم : ئەوانەی زەکاتیان پێ دەشێت (هەشت کۆمەڵەکە).

چواردەیەم : ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی گومانەکان لە لایەن کەسی زاناوە بۆ کەسی فێرخواز (بە فێرکردن و لادان و نەهێشتنی نەفامی لەسەری) .

پازدەیەم : نەهیکردن لە بردنی سامانە جوان و چاکەکان.

شازدەیەم : خۆپارێزی لە دوعای کەسی ستەملێکراو .

حەڤدەیەم : هەواڵی پێداوین کە دوعا داناپۆشرێت (ڕەد ناکرێتەوە) (ترسان و هاندانی پێکەوە گرێداوە).

هەژدەیەم : لە بەڵگەکانی تەوحید ئەوەیە بە سەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گەورە پیاوچاکان و ئەولیاکاندا هات لە نارەحەتی و مەشەقەت و برسێتی و نەخۆشی (لە چیرۆکی خەیبەرەوە وەردەگیرێت).

نۆزدەیەم : ئەوە فەرموودەیە : (لأعطين الراية) نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی .

بیستەم : هەروەها تفکردنی بە چاوەکانی نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی .

بیست و یەکەم : فەزڵی عەلی (ئەمەش لە چاکەکانی ئەمیری ئیماندارانە) .

بیست و دووەم : فەزڵی هاوەڵان، لەوەدا دیارە ئەو شەوە هەموو سەرقاڵ بوون بەوەی : ئایە لەسەر دەستی کامیان موژدەی فەتحیان پێ دەدرێت .

بیست و سێیەم : باوەڕهێنان بە قەزا و قەدەر بەبەڵگەی ئەوەی کە کەسێك دەستی کەوت و هەوڵی بۆ نەدابوو وە نەیدا بە کەسانێك کە هەوڵیان بۆ دابوو .

بیست و چوارەم : بەڵگەی بوونی ئەدەب لە فەرموودەکەدا هەیە : (على رِسلِكَ) (فەرمانی پێکردن بە لەسەرخۆیی و پەلەنەکردن).

بیست و پێنجەم : بانگەوا بۆ ئیسلام پێش کوشتار .

بیست و شەشەم : ئەوا کارێکی شەرعییە تەنانەت بۆ ئەوانەی پێش ئەوە بانگ کرابێتن و کوشتاریانش لە گەڵدا کرابێت .

بیست و حەوتەم : بانگەواز بە حیکمەت دەبێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە : (أَخْبِرْهُمْ بِمَا يَجِبُ عَلَيْهِمْ) (چونکە رەنگە ئیسلام جێ بە جێ بکات و رەنگە جێ بە جێی نەکات، بۆیە پێویستە پەیمانی لێ وەربگیرێت تاوەکو نەگەڕێتەوە بۆ کوفر).

بیست و هەشتەم : زانینی حەقی خوای گەورە لە ئیسلامدا .

بیست و نۆیەم : پاداشتی ئەو کەسەی تەنها یەک پیاو لەسەر دەستی هیدایەت دەدرێت . (باشترە لە هەموو ئەوانەی بە چاك و باش دادەنرێن لە دونیادا) .

سییەم : سوێند خواردن لە سەر فەتوا (نابێت سوێندی لەسەر بخورێت ئیللا ئەگەر هاتوو سوود و بەرژەوەندی تێدا بوو).

تاقیکردنەوە لە بەشی یەکەم (٥ بەشە)

پرسیاری یەکەم : ناوی یەکەم پێنج بەش بنووسە لە کتێبی تەوحید و موناسەبەتی هەر بەشێك بە کتێبکەوە :

بەش	ناونیشانی بەشەکە	هۆی هێنانەوەی بەشەکە لە لایەن نوسەرەوە
یەکەم		
دووەم		
سێیەم		
چوارەم		
پێنجەم		

پرسیاری دووەم : ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕ بکەرەوە :

١/ کتێبی تەوحید دەخوێنین لەبەر چەند هۆیەك لەوانە :

١/..... ٢/.....

٣/..... ٤/..... ٥/.....

٢/ نوسەر پێشەکی بۆ کتێبەکەی دانەناوە چونکە : ١/.....

٢/..... ٣/.....,.....

٣/ دەکرێت کتێبی تەوحید دابەش بکەینە چەند بەشێکەوە :

١/..... ٢/.....

٣/..... ٤/..... ٥/.....

٦/..... ٧/..... ٨/.....

٩/..... ١٠/.....

٤/ وەڵامی ئەو کەسانە دەدەینەوە کە دەڵێن کتێبی تەوحید تەنها تەوحیدی خوداوەندێتی (الألوهية) ی تێدایە، بە بەشی: .....

وە بەشی : .....

٥/ پەرستن دابەش دەبێت بە :

١/ پەرستنی : ..... ئەویش بە مانای .....

بەڵگەش لەسەری .....

٢/ پەرستنی : ..... ئەویش بە مانای .....

بەڵگەش لەسەری .....

٣/ پەرستنی : ..... ئەویش بە مانای .....

بەڵگەش لەسەری .....

٦/ ئەو نەفسەی کە خوای گەورە کوشتنی حەرام کردووە چوار دانەن :

١/..... ٢/.....٣/..... ٤/.....

٧/ ئیبن مەسعود ئایەتەکەی ناوناوە وەصێتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چونکە:.....

٨/ ئوممەت لە قورئاندا واتە :.....یان..... یان..... یان .....

٩/ بەجێ هێنانی تەوحید واتە : ..... لە.....و .....و ..... دەبێت.

١٠/ ئەم ئوممەتە زۆرترین ئوممەتە لە رووی :..... و .....

١١/ سەلماندنی فەزڵی تایبەت مانای سەلماندنی فەزڵی .....نییە.

١٢/ (لا رقية إلا من عين) واتە : .....

١٣/ نەهیکراوە لە روقیە و داخکردن کەچی رۆیشتن بۆ لای پزیشك –بۆ نمونە– نەهی لێ نەکراوە چونکە : .....

١٤/ ﴿ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾ واتە : .....

﴿ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ ﴾ واتە :.....

١٥/ ﴿ وَكَلِمَتُهُۥٓ ﴾ واتە :.....﴿ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ ﴾ واتە : .....

١٦/ ئەوەی خوای گەورە داویەتییە پاڵ خۆی :

١/دانە پاڵی..... ئەویش لە جۆر و باسی دانەپاڵی .....

٢/ دانە پاڵی..... ئەویش لە جۆر و باسی دانەپاڵی .....

١٧/ فەرمووی : (عوکاشە پێشت کەوت) تاوەکو ..... یان .....

١٨ / ﴿ وَلَمۡ يَلۡبِسُوٓاْ ﴾ واتە : ..... ﴿ بِظُلۡمٍ ﴾ واتە : .....

١٩/ لە شیرك دەترسین بە ١/ ..... ٢/.....

٣/..... ٤/.....

٢٠/ (يَبْتَغِي بِذَلِكَ وَجْهَ اللهِ) واتــە :..... ئەمــەش ســەلماندی صیفەتی ..... تێدایە .

٢١/ مەرجەکانی بانگەواز :

١/ ..... ٢/.....

٣/.....٤/.....٥/.....

٢٢/کارە نائاساییەکان:

١/ .....بۆ .....و ..... دەبێت .

٢/ .....بۆ..... دەبێت .

٣/ .....بۆ .....دەبێت .

٢٣/نوسەر فەرموویەتی : (وازهێنان لە روقیە و داخکردن لە جێ بە جێکردنی تەوحیدە) کەچی باسی رەشبینی بە شتەکانەوە (التطيُّر) ی نەکردووە، چونکە رەشبینی بە شتەکانەوە (التطيُّر) .....

پرسیاری سێیەم : ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە بەشەکانی روپامایی (ریا) پڕ بکەرەوە :

لە ئەصڵ و بنەمای پەرستندا : واتە : .....

لە ناکاودا : واتە :.....

.....ئەمە زیانی نییە و پەرستنەکەش تەواوە .

..... ئەمە وردەکاری تێدایە .

.....حوکمەکەی.....

.....حوکمەکەی .....

لە پاش لێبوونەوە لە پەرستنەکە : .....

پرسیار چوارەم : نیشانەی (×) لە بۆشایی گونجاودا دابنێ یان دەستەواژەکە تەواو بکە :

١. نوسەری کتێبی تەوحید : ابن عثيمين محمد بن عبدالوهاب التميمي .

٢. ئامۆژگاری زانایان : لەبەرکردنی دەقەکە پێش خوێندنەوەی هیچ سوودێك لە لەبەرکردنیدا نییە گرنگ تێگەیشتنە

٣. ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ ﴾ سوودی ئەوەی لێ دەبینرێت کەوا قوتابی واز لە زانستێك ناهێنێت تاوەکو بە تەواوی لێی تێنەگات :

راستە هەڵەیە

٤. زانایان بە دواداچوونیان کردووە بۆ کتێبی تەوحید کەچی هیچ فەرموودەیەکی (منکر)یان تێدا نەبینیوە:

راستە هەڵەیە

٥. زانایان هەرچەندە زانستیان فراوان بێت ئەوا عیصمەتیان بۆ ناسەلمێنین : راستە هەڵەیە.

٦. لە نوسینەکانی (محمد بن عبدالوهاب) :

كشف الشبهات مسائل الجاهلية مختصر السيرة أصول الإيمان

هەموو ئەوانەی باسکرا .

٧. بەشەکانی کتێبی تەوحید : ٦٧ بەشە ٧٦ بەشە ١٠ بەشە

٨. ئەگەر کتێبێکت دەستکەوت ئەوا یەکسەر مەیخەرە نێو کتێبخانەکەتەوە تاوەکو بە سەر بابەتەکانیدا تێدەپەڕیت یان خوێندنەوەی پێشەکییەکەی و ناوەڕۆکەکەی و چەند بابەتێکی : راستە هەڵەیە

٩. دەکرێ کتێبی تەوحید دابەش بکرێتە : ١١ بەشەوە ٩ بەشەوە ١٠ بەشەوە

١٠. سوودبەخشترین کتێب ئەو کتێبانەیە کە داڕێژراوە لە سەر ڕێگاو شێوازی بەڵگەهێنانەوە، وە تێگەیشتن لە هۆکارەکان و ئەحکامەکان و چوونە نێو نهێنی مەسەلەکان وەکو کتێبی تەوحید : راستە هەڵەیە

١١. زانست بریتییە لە کۆکرنەوە و جیاکردنەوە و بەدواداچوون و دابەشکردن :

راستە هەڵەیە

١٢. پێویستە ئەو پێناسانەی کراون لە لایەن زانایان و دابەشکردنیان و جیاوازییەکانیان زەبت بکرێن : **راستە هەڵەیە**

١٣. بەشی یەکەم لە کتێبی تەوحید بریتییە لە :

پێشەکی تەفسیری تەوحید واجیب بوونی تەوحید

١٤. نوسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت – چاوی لە بوخاری کردووە لە پێشەکی و کۆتاییدا : **راستە هەڵەیە**

١٥. بۆ بەشی یەکەم نوسەر هیچ ناونیشانێکی دانەناوە، دەتوانین ناوی لێ بنێین : پێشەکی : **راستە هەڵەیە**

١٦. بەشی یەکەم لە کتێبەکە چەند بەش لە خۆ دەگرێت ؟ ٥ بەش ٦ بەش ٧ بەش

١٧. تەوحید دابەش دەبێتە : پەروەردگارێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان

ناسین و سەلماندن و ئیرادە و مەبەست

هەموو ئەوانەی باسکرا هیچ جیاوازی نییە

١٨. هەرکەسێ باوەڕ بە یەکێ لە جۆرەکانی تەوحید بکات بە بێ ئەوانی تر ئەوا کەسێکی (مُوَحِّد)نییە : **راستە هەڵەیە**

١٩. دابەش کردنی تەوحید بۆ ئەو بەشانە یەکێکە لە بیدعەکان لەبەر نەبوونی بەڵگە :

راستە هەڵەیە

٢٠. پەیوەندی تەوحید بە ئیمانەوە ئەوەیە کەوا ئیمان گشتییە و تەوحید بەشێکە لەو :

راستە هەڵەیە

٢١. شایەتیدانی (لا إله إلا الله) چەند روکنی هەیە ؟

دوو روکن هەشت روکن حەوت روکن

٢٢. بە تاکدانانی خوای گەورە لە بەڕێوەبردنی گەردوون و باران بارین بریتییە لە تەوحید: خوداوەندێتی پەروەردگارێتی ناو و صیفاتەکان

٢٣. ئەوەی نەفی ئەصڵ و بنەمای تەوحید دەکات :

شیرکی گەورە شیرکی بچووک بیدعەکان

٢٤. واجیبترین واجیباتەکان بریتییە لە چاکەکردنی لە گەڵ دایك و باوکدا :

راستە هەڵەیە

٢٥. مەزنترین حەرامکراوەکان زینا و کوشتنی ئەو نەفسەی خوای گەورە حەرامی کردووە: **راستە هەڵەیە**

٢٦. پەرستن بۆ چەند مانا بە کار دەهێنرێت ؟ دوو شت تەنها یەك شت

٢٧. پەرستن بریتییە لە: (ناوێکی کۆکراوەیە بۆ هەموو ئەوەی ...) ئەمە قسەی کێیە؟:

ابن القيم ابن تيمية

٢٨. قسەی راست و دروست ئەوەی بڵێین: (بە بێ...) :

چۆنییەتی و لێکچواندن چۆنییەتی و شوبهاندن هیچ جیاوازی نییە

٢٩. هەموو ئایەتێك لە قورئاندا تەوحید لە خۆ دەگرێت : راستە هەڵەیە .

٣٠. مەبەست لە دروستکردنی جنۆکە و مرۆڤەکان هەروەکو مەبەستی دروستکردنی ئاژەڵەکانە : **راستە هەڵەیە**

٣١. ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ کێشەکە زۆر جار لە چیدا روو دەدات : تێگەیشتن کارکردن

٣٢. جنۆکە تەکلیفیان لێ کراوە : بە ئیمان بە ئیمان و شەریعەتەکان

٣٣. ئوممەت بۆ چی مانایەك بە کار دێت؟

پێشەوا میللەت سەردەم تاقم هەموو ئەوانەی باسکرا

٣٤. ﴿ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا ﴾

لە سەردەمی (ئادەمەوە نووحەوە) تاکو سەردەمی (عیسا محمد) وە حیکمەت لە رەوانەکردنی پێغەمبەران : (ئیقامەتو لحوججە بەزەیی و رەحمەت روونکردنەوەی رێگایە بۆ لای خوای گەورە هەموو ئەوانەی باسکرا).

٣٥. بتەکان یەکێکن لەو تاغوتانەی کە لە جگە لە خوا دەپەرستڕێن :

راستە هەڵەیە

٣٦.شوێنکەوتەکراو لە تاغوتەکان وەکو ئەو دەسەلاتدارانەی لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون: **راستە هەڵەیە**

٣٧.هەرکەسێ جگە لە خوا بپەرستێت و خۆی رازی نەبێت ئەوا: تاغوتە تاغوت نییە

٣٨.ئایەتی دووەم لە کتێبی تەوحید بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو پێغەمبەران کۆدەنگن لەسەر بانگەواز بۆ تەوحید :

راستە هەڵەیە

٣٩.مەبەستی نوسەر : (ئایەت یان ئایەتەکان) واتە : (ئایەت یان ئایەتەکان تەواو بکە): راستە هەڵەیە .

٤٠. قەزا و حوکم و ئیرادە و دابەش دەبێتە شەرعی و گەردوونی (کەونی) :

راستە هەڵەیە

٤١. هەر لە جۆری قەزا (گەردوونی شەرعی) ئەوەیە کە لای خوای گەورە خۆشەویستە لە رووپەکەوە و مەکروهە لە رووپەکی تریەوە .

٤٢. ﴿ وَقَضَيۡنَآ إِلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ فِي ٱلۡكِتَٰبِ لَتُفۡسِدُنَّ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴾

قەزایەکی : شەرعی یە گەردوونی یە

٤٣.هەموو گیانداران تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن تەنها مارمێلك نەبێت :

راستە هەڵەیە

٤٤. پەرستن دابەش دەبێتە (دوو بەشەوە سێ بەشەوە)، وە تەسبیحات کردنی باڵندەکان پەرستنی (زاڵبوونە گوێڕایەڵییە).

٤٥. موشریکەکان پشکێکیان دەست دەکەوێت لە خواپەرستیەکەیاندا :

راستە هەڵەیە

٤٦.پەرستن بە هیچ شتێك نابێت تەنها بە زمان و ئەندامەکان دەبێت :

راستە هەڵەیە

٤٧. ﴿ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا ﴾ هەموو شتێك دەگرێتەوە : نە هیچ پێغەمبەرێك ونەهیچ فریشتەیەك و نە هیچ وەلییەك بەڵکو هیچ کارێك لە کاروباری دونیا : **راستە هەڵەیە**

٤٨. موژدەدان بریتییە لە هەواڵدان بەوەی خاوەنەکەی دڵخۆش دەکات، نەك ئەو هەواڵانەی زەرەر دەگەیەنێت : **راستە هەڵەیە**

٤٩. ئەو نەفسەی خوای گەورە حەرامی کردووە نەفسی پارێزراوەکەیە کە ئەویش نەفسی:

موسڵمان زیممی موعاهید موستەئمین هەموو ئەوانەی باسکرا

٥٠. ئایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەصێتی کردووە ؟ **بەڵێ نەخێر**

٥١. ئەو قسەیەی ئیبن مەسعود کە دەفەرموێت : ئەمە وەصێتەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە :

هەموو دین دەگرێتەوە وەصێتی خوایە هەموو ئەوەی باسکرا

٥٢. حەقی بەندەکان لەسەر خوا پێی دەگوترێت : حەقی واجیب حەقی فەزڵ

٥٣. (خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترە) دەگوترێت لە کاتی :

لە ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە هەموو کاتێکدا

٥٤. پێغەمبەری خوا (ﷺ)نەهی کرد (معاذ) موژدە بە خەڵکی بدات نەوەك : (پێشبڕکێ بکەن پشت بکەنەوە و واز لە عیبادەت بهێنن هەموو ئەوانەی باسکرا) وە (معاذ) موخالەفەی ئەو نەهییەی کرد ؟ (بەڵێ نەخێر) چونکە شاردنەوەی زانست بە هەموو شێوەیەك حەرامە : **راستە هەڵەیە**

٥٥. ئایە ئەم حوکمە تایبەتە بە (معاذ)ەوە ؟ **بەڵێ نەخێر**

٥٦. لە سەلماندنی فەزڵی هەر شتێکدا بەڵگەیە کەوا واجیب نەبێت : **راستە هەڵەیە** .

٥٧. ﴿ وَإِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَحۡدَهُ ٱشۡمَأَزَّتۡ قُلُوبُ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡأٓخِرَةِۖ وَإِذَا ذُكِرَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦٓ إِذَا هُمۡ يَسۡتَبۡشِرُونَ ﴿٤٥﴾ ﴾ لـــه گەڵ کام بەشدا بە تەواوەتی دەگونجێت ؟ ٢ ٥ ٤

٥٨.ئەوەی خوای گەورە داویەتییە پاڵ خۆی دابەش دەبێتە :

دوو بەشەوە سێ بەشەوە

٥٩.مەزنترین ستەم ستەمی مرۆڤە لە جگە لە خۆی بیکات لە نەفسیدا یان لـە سامانیدا یان لە ناموسیدا : **راستە هەڵەیە**

٦٠. دەرئەنجامی ئەو کەسەی دەگاتە خواکەی خۆی لە کاتێکدا سووڕە لە سەر تاوانەکان جگە لە شیرک : سزای دەدات دەکەوێتە ژێر ویستی خوای گەورەوە

٦١. (لا إله الا الله) زیکرە و دوعا نییە : **راستە هەڵەیە**

٦٢.خەڵکانێك هەن دەڵێن : (لا إله الا الله) بەڵام لای خوای گەورە هیچ سەنگێکیان نییە:

راستە هەڵەیە

٦٣.شایەتیدانی (محمداً عبده ورسوله) چی پووچەڵی دەکاتەوە ؟

ئەنجامدانی سەرپێچی داهێنانی بیدعە هەموو ئەوانەی باسکرا.

٦٤.دەستەواژەی : (عیسی عبدالله) وەڵامی جولەکەیە و (ورسوله) وەڵامی گاورەکانە :

راستە هەڵەیە

٦٥. ﴿ وَرُوحٞ مِّنۡهُۖ ﴾ ئەمە دانەپاڵی : زاتەکانە صیفەتەکانە

٦٦. خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە :

خستنێکی تەواو و کامل خستنێکی کەموکورت هەموو ئەوەی باسکرا

٦٧. جێ بە جێکردنی تەوحید بریتییە لە پاڵفتەکردنی لە :

شیرك بیدعە سەرپێچی هەموو ئەوی باسکرا

٦٨. ﴿ إِنَّ إِبۡرَٰهِيمَ كَانَ أُمَّةٗ ﴿١٢٠﴾ ﴾ واتە :

پێشەنگ پێشەوا مامۆستای خەیر و چاکە هەموو ئەوانەی باسکرا

٦٩. دروست نییە روقیەی بکرێت بۆ نەخۆشی هەستپێکراو و مەعنەوی ئیللا چاو و پێوەدان نەبێت : **راستە هەڵەیە**

٧٠. لە فەرموودەی : (لا یسترقون) ئیمامی موسلیم ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد کردووە (ولا یرقون) جا ئەم زیادەیە : (صحیح)ە (ضعیف)ە

٧١. شیرکی گەورە خوێن و مالّی خاوەنەکەی حەلاڵ دەکات ئیللا مەگەر کەسەکە زیممی بێت یان موعاهید بێت : **راستە هەڵەیە**

٧٢. جیاوازی نێوان (الراقي) و (المسترقي) ئەوەیە کەوا کەسی (المسترقي) داواکارە و داوای بەخشین دەکات و روو دەکاتە جگە خوای گەورە بە دلّی، بەڵام کەسی (الراقي) ئەوا کەسێکی چاکەکارە : **راستە هەڵەیە**

٧٣. هاوتاکردنی جگە لە خوا لە گەڵ خوادا لە شتێکدا کە لە تایبەتمەندییەکانی خوایە ئەوا شیرکی : گەورەیە بچووکە

٧٤. ئەو شتەی تاشراوبێت لە سەر شێوەی وێنەیەك پێی دەڵێن :

صنم وثن هەموو ئەوەی باسکرا

٧٥. (کرائم الأموال) واتە : باشترینەکانی ناوەراستەکانی کەمترینەکانی.

٧٦. بەزانست و کردار بەندە خۆی کامل دەکات و بەبانگەوازو ئارامگرتن جگە لەخۆی کامل دەکات: **راستە هەڵەیە**

٧٧. پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێندە لە ریا دەترسا تووشی ئوممەتەکەی ببێت زیاتر لە هاتنی دەججال، چونکە ئەوە شیرکی بچووکە : **راستە هەڵەیە**

٧٨. بەندە ئەگەر راستگۆ بێت لە باوەڕەکەیدا، ئەوا پێویستە بانگەوازی بۆ بکات : **راستە هەڵەیە** .

٧٩. (البصیرة) بریتییە لە : زانستی شەرعی حیکمەت

زانینی حاڵی ئەو کەسەی بانگی دەکات هەموو ئەوەی باسکرا

٨٠. مەرجەکانی بانگەواز چەندن ؟ پێنج چوار سێ

٨١. جیاوازی لە نێوان شیرکی گەورە و شیرکی بچووك بنووسە :

.....

.....

.....

.....

.....

.....

.....

.....

.....

.....

پرسیاری پێنجەم : بۆشاییەکانی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەرەوە :

(الحُمة ، الألوهية ، العبادة ، الخوارج ، الطاغوت ، الرياء ، التطيُّر ، الندُّ ، الصنم ، التوحيد ، العبادة ، الوثن ، الربوبية ، حُمر النَّعَم ، حنيفاً))

١. .....زەلیلی نواندن بۆ خوا بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی ودوورکەوتنەوە لە نەهییەکانی لەبەر خۆشەویستی و بە مەزن زانین .

٢. .....وشتری سوور , ناوی هێناوە چونکە لای عەرەب شتێکی زۆر باشەو حەزی لێ دکەن.

٣. .....رەشبینی بە بینینی شتێك یان بیستنی شتێك یان شتێکی زانراو لە شوێن و کات .

٤. .....بریتییە لە هاوشێوە و لێکچوو و هاوتا.

٥. .....ئەوەی دەپرستریّت لە سەر شێوەی مرۆڤ یان جگە لە مرۆڤ .

٦. .....ئەوەی لە جگە لە خوا دەپەرستریّت لە سەر هەر شێوەیەك بێت.

٧. .....هەرچی شتێك بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو وشوێنکەوتەکراو گوێڕایەڵکراو .

٨. .....خوای گەورە دەپەرستێت بۆ ئەوەی خەڵکی ببینێ یان ناوبانگی ببیسن و مەدحی بکەن .

٩. .....بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن ومولّك و بەڕێوەبردندا.

١٠. .....بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا . یان بە کرداری بەندەکان.

١١. .....ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێی رازییە لە کردەوە و گفتارەکان .

١٢. .....ئەوانەن کە دەڵێن : ئەوەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات کافرە و تا هەتایە لە ئاگردایە .

١٣. .....بە تاکدانانی خوا بەوەی تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان

١٤. .....روو دەکاتە خواو پشت لە شیرك دەکات , دوور دەکەوێتەوە لە هەموو ئەوەی جیاوازە لە گەڵیدا

١٥. .....بریتییە لە پێوەدانی هەموو ژەهرداریێك.

دووەم: تەفسیری تەوحید (٩ بەشە)

٦/ بەشی تەفسیری تەوحید و شایەتیدانی (لا اله الا الله).

لە پاش باسکردنی تەوحید، وەکو ئەوەی نەفسەکان تامەزرۆی ئەوە بن کە ئاخۆ ئەو تەوحیدە چییە کە ئەم بەشانەی بۆ داناوە؟ (واجیب بوونی تەوحید و فەزڵی و باسی جێبەجێکردنی و ترس لە دژەکەی و بانگەوازکردن بۆی) ئێستا بەم بەشە وەڵامی دەداتەوە، ئەویش روونکردنەوەی تەوحیدە تاوەکو کۆتایی کتێبەکە .

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ يَبۡتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلۡوَسِيلَةَ أَيُّهُمۡ أَقۡرَبُ ٥٧ ﴾ الآية.

(يَدۡعُونَ) : ئەوانەی کە داوایان لێ دەکرێت، خۆیان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی خۆیان لە خوای گەورە نزیك بکەنەوە، کامیان دەتوانێت زیاتر خۆ نزیك بکاتەوە، ئایە ئێوە چۆن داوایان لێ دەکەن لە کاتێکدا خۆیان پێویستیان هەیەو هەژارن (شیرك لە دوعادا).

بەڵگەی دووەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوۡمِهِۦٓ إِنَّنِي بَرَآءٞ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ٢٦ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي ٢٧ ﴾ الآية

- ﴿إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي﴾ : لە نێوان نەفیکردن و سەلماندا کۆی کردووەتەوە، وە نەیفەرموو (إلا الله) لەبەر دوو سوود :

١/ بۆ روونکردنەوەی هۆکاری بە تاکدانانی خوا لە پەرستندا، چونکە ئەو کەسەی تەنهایە لە دروستکردندا پێویستە بە تەنها دابنرێت لە پەرستندا.

٢/ بۆ روونکردنەوەی پووچەڵی پەرستنی بتەکان، چونکە ئەوانە ئێوەیان درووست نەکردووە تاوەکو بیانپەرستن.

- تەوحید جێ بە جێ نابێت بە پەرستنی خوای گەورە لە گەڵ جگە لە خۆیدا، بەڵکو پێویستە ئیخڵاص هەبێت بۆ خوای تاك و تەنها، وە لە هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامی کەسانێك هەن نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و رووژوو دەگرن و حەج دەکەن، کەچی لە گەڵ ئەوەشدا سوژدە بۆ گۆڕەکان دەبەن .

بەڵگەی سێیەم و چوارەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾ الآية.

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادٗا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ ﴿١٦٥﴾ ﴾ الآية.

- (أَحۡبَارَهُمۡ) : زاناکانیان، هەروەها بە زاناش دەگوترێت (بحر) دەریا لەبەر زۆری زانستەکەی .
- (وَرُهۡبَٰنَهُمۡ) : خواپەرستەکانیان .
- (أَرۡبَابٗا) : گوێڕایەڵی زاناکان بوون لەسەرپێچی خوای گەورەدا، وە قەشەکانیان پەرست (شیرکی گوێڕایەڵی).
- (يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِۖ) : واتە : ئەو هاوشێوەکانیان خۆش دەوێت بە ئەندازەی خۆشەویستی خوای گەورە .

بەشەکانی خۆشەویستی :

خۆشەویستی لە گەڵ خوادا :	خۆشەویستی بۆ خوا یان لەبەر خوا :	خۆشەویستی ئاسایی :
(شیرکی گەورەیە)، لە گەڵ خۆشەویستی خوادا یەك ناگرێتەوە، وەکو خۆشویستنی جگە لە خوا بە ئەندازەی خوا یان زیاتر .	ئەمە (واجیبە) : (أوثقُ عُرى الإيمان الحبُّ في الله ....).	(دروستە) بە مەرجێ پێش خۆشەویستی خوای نەخات، وەکو خۆشویستنی منداڵ و خێزان .

هەروەها خۆشەویستی لەبەر خوا دابەش دەبێتە :
خۆشەویستی کار و خۆشەویستی بکەر و خۆشەویستی کات وخۆشەویستی شوێن .

بەڵگەی پێنجەم :

لە کتێبی (صحیح) دا هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (مَنْ قالَ : لاَ إله إلاَّ الله وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ الله حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ عَلَى الله عَزَّوَجَلَّ) واتە : هەرکەسێ بڵێت : (لا اله الا الله) و بێباوەڕبوو بەوەی لە جگە لە خوا دەپەرستێت، ئەوا مالّ و خوێن و حەرام دەبێت و لێپرسینەوەی لای خوایە).
وە راڤەی ئەم ناونیشانە : بەشەکانی پاش ئەوە.

- (وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ) : پێویستە کوفر بکەیت بە پەرستنی ئەوەی لە جگە لە خوا دەپرستێت، بەڵکو بێباوەڕ بێت بە هەموو کوفرێك، جا هەرکەسێ شایەتمان بهێنێ و وا ببینێ گاورەکان و جولەکەکانی ئەمڕۆ لەسەر دینی راستن، ئەوا کەسێکی موسڵمان نییە، هەروەها هەرکەسێ وا ببینێ دینەکان بیرۆکەن ئەوەی بیەوێ بە ویستی خۆی هەڵیدەبژێرێ، ئەوا کەسێکی موسڵمان نییە

مەسەلەکان :

گەورەترین و گرنگترین مەسەلەی تێدایە : ئەویش : تەفسیری تەوحید و تەفسیری شایەتیدان (شەهادەت) و بە چەند کارێکی ڕوون ڕوونی کردەوە (پێویستە نەفی و سەلماندنی تێدا بێت) .

لەوانە : ئایەتەکەی سورەتی (الاسراء)، وەلامی موشریکەکانی تێدا داوەتەوە ئەوانەی داوا لە پیاوچاکان دەکەن، جا ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کەوا ئەم کارە شیرکی گەورەیە (شیرك له داواکردندا) .

وە لەوانە : ئایەتەکەی سورەتی (براءة) ئەوەی تێدا ڕوون کردووەتەوە کەوا ئەهلی کیتاب قەشە و زاناکانیان کردووەتەوە خوداو لە جگە لە خوا (دەیانپەرستن)، وە ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە هیچ فەرمانێکیان پێنەکراوە تەنها ئەوە نەبێت خوای تاك تەنها بپەرستن، لە گەلّ ئەوەشدا ئەو تەفسیرەی کە گومانی تێدا نییە : گوێڕایەلّی زانایان و خواپەرستان لە سەرپێچیدا، نەك داواکردن لە خۆیان (شیرکی گوێڕایەلّی) .

وە هەر لەوانە : ئەو قسەیەی ئیبراهیم کە بە بێبـاوەڕانی فەرموو : ﴿ إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ٢٦ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي ٢٧ ﴾ جا لە پەرستراوەکان خوای گەورەی بە دەرهێنا، ئەمجار خوای گەورە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کەوا ئەم بەرائەتە و ئەم دۆستایەتییە بریتییە لە تەفسیری : شایەتیدانی (لا اله الا الله) بۆیە دەفەرموێت :

﴿ وَجَعَلَهَا كَلِمَةَۢ بَاقِيَةَۢ فِي عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٢٨ ﴾ وە هەر لەوانە : ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) دەربارەی بێبـاوەڕان ئەوانەی خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی : ﴿ وَمَا هُم بِخَٰرِجِينَ مِنَ ٱلنَّارِ ١٦٧ ﴾ باسی ئەوەی کردووە کەوا ئەوان هاوبەشەکانیان خۆش دەوێت وەکو خۆشویستنی خوای گەورە، ئەمەش بەلّگەیە کەوا ئەوان خوای گەورەیان بە خۆشەویستییەکی مەزن

خۆش دەوێت کەچی ئەو خۆشەویستییە نەیانیهێناوە ناو ئیسلامەوە، ئەی چۆنە ئەگەر کەسێك هاوشێوەکەی لە خوای گەورە زیاتر خۆش بوێت ؟ ئەی چۆنە ئەگەر کەسێك تەنها هاوشێوەکەی خۆش بوێت و خوای گەورەی خۆش نەوێت ؟ (شیرکی خۆشەویستی) .

کەواتە چوار بەشە :

١. خوای گەورەی لە هەموو شتێك زیاتر خۆش بوێت، ئەمەش تەوحیدە .
٢. جگە لە خوای گەورەی وەکو خوای گەورەی خۆش بوێت، ئەمەش شیرکە .
٣. جگە لە خوای زیاتر خۆش بوێت لە خوای گەورە، ئەمەش لەوەی پێشی گەورەتر و مەزنترە.
٤. جگە لە خوای گەورەی خۆش بوێت و بە هیچ شێوەیەك لە دڵیدا خۆشەویستی خوا نەبێت، ئەمەش گەورەتر و سەختترە.

وە هەر لەوانە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((مَنْ قَالَ : لاَ إِلَه إِلاَّ اللهُ وَكَفَرَ بِمَا يُعْبَدُ مِنْ دُونِ اللهِ حَرُمَ مَالُهُ وَدَمُهُ وَحِسَابُهُ عَلَى اللهِ عَزَّوَجَلَّ) ئەمەش مەزنترین شتە مانای (لا اله الا الله) روون بکاتەوە، ئەوەتا تەنها وتن بە زمانی نەکردووەتە پاریزەرێك بۆ خوێنەکەی و سامانەکەی، بەڵکو زانینی ماناکەی لە گەڵ وتنیدا، بەڵکو دانپیانانش پێیدا، بەڵکو ئەوەیش کە تەنها داوا لە کەس ناکات تەنها لە خوای گەورە نەبێت کە تەنهایە و بێ شەریکە، بەڵکو مالّ و خوێنی حەرام نابێت تاوەکو کوفر دەکات بەوەی لە جگە لە خوای گەورە دەپەرستێت، جا ئەگەر گومانی بوو یان راوەستا ئەوا خوێن و مالّی حەرام نابێ.

تەماشاکە چی مەسەلەیەکی گرنگە ! چەند مەزن و بە شکۆیە ! وە چەند بە جوانی روونی کردووەتەوە ! وە چی بەڵگەیەکە کە قسەی نەیاران ناهێڵێ و دەیبڕێت !

٧/ بەشی : هەر لە جۆری شیرك لەبەرکردنی ئەڵقە و دەزوو و نمونەی ئەوانە بە مەبەستی لادان و دوورخستنەوە بەڵا .

- (من الشرك) : واتە : هەندێ لە شیرك، وە لەوانە یان گەورەیە و یان بچووکە، بۆیە بە رەهایی باسی کردووە.
- (لرفع البلاء) لادانی لە پاش تووش بوونی، (أو دفعه) دوورخستنەوەی پێش تووشبوونی .

ئایە لەبەرکردنی ئەڵقە و دەزوو شیرکی بچووکە یان گەورەیە ؟

شیرکی گەورەیە : ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا لە خودی خۆیدا کاریگەری هەیە، وە بە دەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زیانی بە دەستە .

شیرکی بچووکە : ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا هۆکارە لە گەڵ ئەوەیشدا خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار نە هۆکاری هەستپێکراو و نە هۆکاری شەرعی .

بەشەکانی خەڵکی لەباوەڕبوون بە هۆکارەکان سێ بەشن :

راست و دروست : باوەڕی وابێت و ئەوەی خوای گەورە کردوویەتییە هۆکار ئەمیش بیکاتە هۆکار، وە هۆکارەکانیش یان هەستپێکراون (وەکو دەواو درەمان) وە یان شەرعین (وەکو روقیە) .

شیرکی بچووك : باوەڕی وابێت و ئەوەی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار ئەم بیکاتە هۆکار، وەکو هەڵواسینی سەری گا بە مەبەستی دوورخستنەوەی چاو (چاوەزار)، لە کاتێکدا ئەوە هۆکار نییە .

شیرکی گەورە : باوەڕی وابێت کە لە خودی خۆیدا کاریگەری هەیە و بە دەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زەرەری بەدەستە .

خەڵکی لە گرتنە بەری هۆکارەکان بوونەتە دوو لایەن و ناوەڕاستەوە :

کەسانێك نکۆڵی لە هۆکار دەکەن : نەفی حیکمەتی خوا دەکەن، وەکو جەبرییەکان و ئەشعەرییەکان .

کەسانێك زیادەڕەوی دەکەن لە هۆکارەکاندا : هۆکاری وا دەسەلمێنن کە هۆکار نین، وەکو صۆفییەکان.

کەسانێك نێوەندن لە هۆکارەکاندا : تەنها هۆکاری هەستپێکراو و شەرعی دەسەلمێنن .

حوکمی ئەو کەسەی دەزوویەك یان نمونەی ئەوانە هەڵدەواسێت و حاڵەتەکانی:

کەسێك حوکمەکەی نەزانێت : ← ئەوا ئەم کەسە فێر دەکرێت

باوەڕی وابێت کە هۆکارە، لە کاتێکدا خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار : ← ئەمە شیرکی بچووکە

باوەڕی وابێت کەوا کاریگەریان هەیە لە خودی خۆیاندا و بە دەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زەرەریان بە دەستە : ← ئەمە شیرکی گەورەیە

هیچ باوەڕێکی پێ نەبێت بەڵام لەبەری دەکات بۆ جوانی وەکو حاڵی هەندێ لە گەنجان – خوای گەورە هیدایەتی ئێمە و ئەوان بداتلج جا هەرکەسێك ئەم هەڵواسینەی بینی وا دەزانێت دروستە، ئا بەم شێوە دەرگای خراپەکاری لەسەر خەڵکی کردووەتەوە، هەروەها لەیەکچواندی ئافرەتان و موشریکەکانی تێدایە : ← ئەم کارە تاوانێکی گەورەیە لە تاوانە گەورەکان

بەڵگەی یەکەم :

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت : ﴿ قُلۡ أَفَرَءَيۡتُم مَّا تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ إِنۡ أَرَادَنِيَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ هَلۡ هُنَّ كَٰشِفَٰتُ ضُرِّهِۦٓ ﴿٣٨﴾ ﴾ الآية.

- ئەم بتانە هیچ سوودێك بـە خاوەنـەکانیان ناگەیـەنێت، نـە لـە بـە دەسـتهێنانی قازانج و نە دوور خستنەوەی زیانەکان، جا ئەوانە هۆکار نـین بـۆ دەسـتکەوتنی ئەو کارە، جا لەسەر ئەم شتانە هەموو ئەوانەی تر (قیاس) دەکرێت کە هۆکاری شەرعی و قەدەری نین، جا ئەگەر ئەوانە بکرێنە هۆکار ئەوا کراونەتە شەریك لە گەڵ خوای گەورەدا .
- ﴿ قُلۡ حَسۡبِيَ ٱللَّهُ ﴾ بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـەوا هـەموو کارەکـانی بداتـە دەستی خوای گەورە نەك هۆکارە خەیاڵاوییەکان.

بەڵگەی دووەم :

عن عِمْرَانُ بن حُصَيْنٍ : أن النبي (ﷺ) رأى رجلاً في يده حَلْقَةً من صُفْرٍ فقال : ما هذه؟ قال : مِنَ الْوَاهِنَةِ .فقال: انزعها فإنها لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً. فَإِنَّكَ لو مِتَّ وَهِيَ عَلَيْكَ ما أَفْلَحْتَ أَبَداً)) (رواه أحمد بسندٍ لا بأس به.) لـــە (عمـــران)ی کـــوڕی (حصین)ەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) کابرایەکی بینی ئەڵقەیـەکی مسی لە دەست کردبوو، فـەرمووی : ئەمـە چـییە ؟ کـابرا وتـی : لەبـەر نەخۆشـی (باداری)یە . فەرمووی : لایبە چونکە ئەوە تەنها (بـاداری)ت بـۆ زیـاد دەکـات، جـا ئەگەر بمریت، لە کاتێکـدا بمریـت ئـەوەت لەسـەر بێـت (لای نەبـەیت) ئـەوا هـەرگیز رزگارت نابێ).

- (حَلْقَةً من صُفْرٍ) : ئەڵقەیەکە لە مس و نمونەی ئەوانە دروست دەکرێت، هەرچەندە ئاسنیش بێت یان دەزوو بێت .
- (ما هذه؟) : بۆ دڵنیابوون پێش ئینکاری کردن، چونکە رەنگە گومان ببەیت شتێك مونکەر بێت کەچی مونکەر نەبێت .
- (الْوَاهِنَةِ) : نەخۆشییەکە تووشی ئێسکەکان دەبێت وەکو (رۆماتیزم)، وە مەبەست لێی : ئەم نەخۆشییەی لێ دوور بخاتەوە و بیپارێزێ .
- (لاَ تَزِيدُكَ الا وَهْناً) : واتە : لاوازی لە جەستە و بیروباوەڕدا، وە سزاش لە جۆری کارەکە دەبێت .

بەڵگەی سێیەم :

لە (عقبة)ی کوڕی (عامر)ەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((من تعلَّق تميمة فلا أتم الله له ومن تعلَّق ودعة فلا ودع الله له)) واتە : هەرکەسێك چاوەزارێك هەڵواسێت خوای گەورە –کارەکانی– بۆ تەواو نەکات وە هەرکەسێك هێلکە شەیتانۆکە (ودعة) هەڵواسێ، ئەوەی ئەو لێی دەترسێت خوا لەسەری سووکی نەکات (لە ئارامیو دڵنیاییدا نەبێت) . وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : ((من تعلَّق تميمة فقد أشرك)) واتە : هەرکەسێ چاوەزارێك هەڵواسێت (یان هەر شتێك هەڵواسێت بە گومانی ئەوەی حەسوودی رەت دەکاتەوە) ئەوا شیرکی کردوە) .

- **(من تعلَّق تميمة) :** هەڵیواسیوە و دڵیشی پێوە پەیوەست کردووە، بۆیە فەرمووی : (تعلَّق) وە نەیفەرموو : (علَّق)
- **(فلا أتم الله له) :** یان ئەمە دوعایەکە لێی دەکات، وە یان هەوالێکە دەربارەی داویەتی .

- **(ومن تعلَّق ودعة) :** چەند شتێکن لە دەریاکان دەردەهێنرێن وەکو صەدەفەکان (هێلکە شەیتانۆکە) .
- **(فلا ودع الله له) :** خوای گەورە لە ئارامیدا نەیهێڵێ، بۆیە بە پێچەوانەی نیەتەکەیەوە مامەڵەی لە گەڵدا کراوە .
- **(فقد أشرك) :** شیرکی گەورەیە: ئەگەر باوەڕی وابوو کە خودی خۆی کاریگەری هەیە بە بێ فەرمانی خوا، ئەگەر نا ئەوە شیرکی بچووکە .

بەڵگەی چوارەم :

وە (ابن أبي حاتم) ریوایەتی کردووە لە (حذيفة) کەوا : (رأى رجلاً في يده خيط من الحمى، فقطعه، وتلا قوله : ﴿ وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشۡرِكُونَ ١٠٦ ﴾ واتە: کابرایەکی بینی دەزوویەکی بەستبووە دەستییەوە بە هۆی (تا) وە، ئەویش دەزووەکەی بڕی و ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشۡرِكُونَ ١٠٦ ﴾

- **(من الحمى)** : واتە بە هۆی (تا)وە بۆ ئەوەی فێنکی بکاتەوە یان چارەسەری بکات .
- **(فقطعه)** واتە : دەزووەکەی بڕی : گۆڕینی مونکەرە بە دەست، وە بەڵگەی هێزی پێشینی تێدایە لە گۆڕینی مونکەر .
- **حوکمی هەڵواسین :** هەڵواسین هەمووی حەرامە : ئەڵقە و دەزوو و چاوەزار و تەمیمە و چاوی گورگ و سم و نەعلە کۆنە و موورووی شین و ناودەست و چاو و سەرەگا و پەیکەری شێر یان هەندێ دار و جگە لەوانە .

مەسەلەکان :

یەکەم : توندی و بە گەورەزانینی لەبەر کردنی ئەڵقە و دەزوو و هاوشێوەی ئەوانە.

دووەم : ئەگەر هاوەڵێک کۆچی دوایی کرد و ئەوەی پێوە بوو، رزگاری نابێت،ئەمەش شاهێدێکی تێدایە بۆ قسەی هاوەڵان کەوا شیرکی بچووک تاوانێکی گەورەیە لە تاوانە گەورەکان (چونکە خوای گەورە لە شیرک خۆش نابێت هەرچەندە بچوکیش بێت، بە جیاواز لە گەڵ تاوانە گەورەکاندا) .

سێیەم : بیانووی نەزانینی بۆ نەهێنایەوە (بیانووی نییە لە پاش ئەوەی بۆی روون کردەوە، وە نەزانین (جهل) دوو جۆرە :

١. نەزانینێک کە بیانووی نییە، ئەوەش کە بە هۆی کەمتەرخەمی و فەرامۆشکردنەوە سەرچاوەی گرتووە لە گەڵ ئەوەی لە توانایدا بووە فێر بێت، ئەوا هیچ بیانوویەکی نییە، جا ئەگەر کوفر بێت یان سەرپێچی .

٢. نەزانینێک بیانووی هەیە، ئەمەش ئەگەر بە جیاواز لەوەی پێشووەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە ئەو کەمتەرخەم نەبووە و فەرامۆشی نەکردووەو پێویست نەبووە بۆ فێربوونی وەکو ئەوەی بە خەیاڵیدا نەهاتبێت کەوا ئەم شتە حەرامە، ئەوا ئەو کاتە بیانووی هەیە، جا ئەگەر موسڵمان بێت ئەوا زیانی نییە وە ئەگەر بێباوەڕ بێت ئەوا بێباوەڕە لە دونیادا، بەڵام لە دواڕۆژدا ئەوا کارەکەی دەگێڕدرێتەوە بۆ لای خوا .

چوارەم : ئەو کارە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت، بەڵکو زەرەری لێ دەکات، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە : **(لا تزيدك الا وهناً)** .

پێنجەم : ئینکارکردن بە توندی و گەورەکردنەوەی بابەتەکە بۆ هەر کەسێ ئەو کارە بکات .

شەشەم : ڕوونکردنەوەی ئەوەی : هەرکەسێ شتێک هەڵواسێت ئەوا بەو رادەسپێردرێت.

حەوتەم : روونکردنەوەی ئەوەی : هەرکەسێ تەمیمەیەك هەڵواسێت ئەوا شیرکی ئەنجام داوە .

هەشتەم : هەڵواسینی دەزوو بە هۆی (تا)وە لەو جۆرەیە .

نۆیەم : خوێندنەوەی ئایەتەکە لە لایەن (حذیفة)ەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵان ئەو ئایەتانەیان دەکردە بەڵگە کە دەربارەی شیرکی گەورە هاتووە بۆ شیرکی بچووك، هەروەکو ابن عباس باسی ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) کردووە (دەربارەی خۆشەویستی) .

دەیەم : هەڵواسینی هێلکە شەیتانۆکە (وەدەعە) بە هۆی چاوەزارەوە لە تەمیمە شیرکییەکانە.

یازدەیەم : دوعاکردن لەو کەسانەی تەمیمە هەڵدەواسن بەوەی خوای گەورە کارەکەیان بۆ تەواو نەکات، وە هەرکەسێ هێلکە شەیتانۆکە (وەدەعە) هەڵواسێت ئەوا خوای گەورە لە ئارامیدا نەیهێڵێ واتە خوای گەورە نائارامی بۆ جێدەهێڵێ (بەم راشکاوییە لە گەڵ کەسدا نادوێین و بە کەسێکی دیاری کراو نالێین ئەگەر بینیمان تەمیمەیەکی هەڵواسی بوو : خوای گەورە کارەکەت بۆ تەواو نەکات، چونکە لە گەڵ کەسێکدا ئەو کارەی کردبێت بەراشکاوی و دیاری کراوی بڵێین رەنگە هۆکارێك بێت بۆ دوورکەوتنەوەی، بەڵام دەڵێین : واز لەو تەمیمە و هێلکە شەیتانۆکانە (وەدەعانە) بهێنە و ئەمجار فەرموودەکەی بۆ دەخوێنینەوە) .

٨/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی روقیە و تەمیمە هاتووە.

بۆ نوسەر فەرموویەتی : (بەشی ئەو بەڵگانەی هاتووە) وە نەیفەرموو : (روقیە لە جۆرەکانی شیرکە) هەروەکو بەشی پێشوو؟

١. چونکە روقیە دابەش دەبێتە دوو بەشەوە : شەرعی و نا شەرعی .

٢. وە تەمیمە هەمووی شیرکە ئیللا مەگەر لە قورئان کرابێت ئەوا حەرامە .

بەڵگەی یەکەم :

لە کتێبی (الصحيح)دا هاتووە لە (أبو بشير الانصاري)یەوە: (أنه كان مع النبي (ﷺ) في بعض أسفاره، فأرسلَ رسولاً : (أنْ لا يبقينَّ في رقبة بعير قلادةٌ من وتر – أو : قلادةٌ – إلّا قُطعتْ) واتە : ئەو لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوو لە هەندێ لە سەفەرەکانیدا، نێردراوێکی نارد : کە بە گەردنی هیچ وشترێکەوە هیچ گەردنبەندێکی (ملوانکەیەکی) دەزوو نەهێڵێت –یان ملوانکە–ئیللا ببچڕێت).

- (فأرسلَ) : بۆ بە دواداچوونی حاڵی ئەوان بەوەی شەریعەت فەرمانی پێکردووە.
- (قلادة) : باوەڕیان وایە کە چاو لە وشترەکە دوور دەخاتەوە (چاوەزارە)، ئەمەش باوڕێکی هەڵە و خراپە.

بەڵگەی دووەم و سێیەم :

٢/ لە (ابن مسعود)ەوە ریوایەت کراوەو فەرموویەتی : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (إنَّ الرقى والتمائم والتولةَ شرك) (رواه أحمد وأبو داود) واتە : بە دڵنیاییەوە روقیە و تەمیمە و نوشتەی سۆزداری (تیوەلە) شیرکن).

٣/ لە (عبدالله بن عُكيم)ەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی: ((من تعلَّق شيئاً وُكِلَ إليه) (رواه أحمد والترمذي) واتە : هەرکەسێك شتێك هەڵواسێت ئەوا بەو دەسپێردرێت) .

- (إنَّ الرقى) : واتە ئەو روقیانەی کە لایان باو بووە ئەویش جۆرێکی شیرکە، بە بێ ئەوەی لە شەرعدا هیچ دەربارەی هاتبێت .
- (من تعلَّق شيئاً وُكِلَ إليه) : نەیفەرموو : (من علَّق) چونکە هەڵیواسی و دڵی پەیوەست بوو پێوە، جا هەرکەسێك دڵی پەیوەست بوو بە خواوە ئەوا خوای

بەسە، وە هەرکەسێ دڵی پەیوەست بوو بە جگە لە خواوە ئەوا شەرمەزار دەبێت .

- بۆیە نابێت هیچ کەسێك دڵی پەیوەست بکات بە هۆکارەکەوە، بەڵکو پەیوەستی بکات بە خواوە، بۆ نمونە کەسی فەرمانبەر کەوا دڵی پەیوەست کردووە بە مووچەکەیەوە، بە پەیوەست بوونێکی تەواو و بێ ئاگا لەو کەسەی ئەو هۆکارەی بۆ رەخساندووە کە ئەویش خوای گەورەیە، ئەوا کەوتوەتە ناو جۆرێك لە جۆرەکانی شیرکەوە، بەڵام ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا ئەم مووچەیە تەنها هۆکارێکەو خوای گەورە بۆی رەخساندووە، ئەوا لە گەڵ پەناگرتندا (توکل)دا جیاواز نییە .

مەرجەکانی روقیەی شەرعی :

دەبێت لە قورئان یان لە فەرموودە بێت یان بە ناو و صیفاتەکانی خواوە داوا بکات .	دەبێت بە قسەیەکی بیستراو زانراو بێت بە زمانی عەرەبی بێت و لێی تێبگەین .	باوەڕی وا بێت کەوا ئەوە هۆکارێکی شەرعییەو هیچ سوودی نییە ئیللا بە ئیزنی خوا نەبێت .

ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی لە دەستدا ئەوا دەبێتە روقیەیەکی ناشەرعی، وە هیچ روقیەیەك نییە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی عەرەبی، ئیللا مەگەر لە باس و بابەتی دوعا بێت ئەوا دروستە بە جگە لە زمانی عەرەبی بپارێتەوە بە مەرجێك ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە نەگۆرێت، چونکە ئەوانە تەوقیفین (وە ناوەکان دەگێردرێتەوە هەروەکو چۆن هاتووە لە هەموو زمانەکاندا).

(التمائم) تەمیمەکان : شتێکە لەبەر چاوەزار بە منداڵاندا هەڵدەواسرێت، بەڵام ئەگەر هەڵواسراوەکە لە قورئان بوو، ئەوا هەندێ لە سەلەف رێگەیان پێداوە، وەهەندێکیان رێگەیان پێ نەداوە، وە دەیکەنە لەو جۆرەی نەهی لێکراوە، لەوانە ئیبن مەسعود .

وە روقیە : ئەوەی پێی دەڵێن : (العزائم) وە بەڵگە هاتووە لە سەر دروستی ئەگەر شیرکی تێکەڵ نەبوو، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێگەی پێداوە بۆ چاو و پێوەدان بکرێت .

وە (التولة) : شتێکە دروستی دەکەن و باوەڕیان وایە کە ژن خۆشەویست دەکات لای پیاوەکەی، وە پیاو لای ژنەکەی .

هەر لە جۆری تەمیمەکان ئەڵقەی هاوسەرگیرییە (الدبلە)یە :

شیرکی گەورەیە : ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا لە خودی خۆیدا کاریگەری هەیە و بە دەست هێنانی قازانج و دوور خستنەوەی زەرەری بە دەستە .

شیرکی بچووکە : ئەگەر باوەڕی وابوو کە هۆکارێکە بۆ مانەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری.

حەرامە : ئەمەش کەمترین حاڵەتێ ئەوە، چونکە ئەوە لە نەریتی گاورەکانە،چونکە باوەڕیان بە عەقیدەی سێ خوا (التثلیث) هەیە لە دانانیدا، وە حەرامێکی تری تێدایە ئەگەر ئاڵتون بوو بۆ پیاوان .

بەڵگەی چوارەم :

ئیمامی ئەحمەد لە (رویفع) ەوە ریوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : (يَا رُوَيْفِعُ، لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ، فَأَخْبِرِ النَّاسَ : أَنَّ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ أَوْ تَقَلَّدَ وَتَرًا أَوِ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أَوْ عَظْمٍ فَإِنَّ مُحَمَّدًا (ﷺ) بَرِيءٌ منه) .واتە : ئەی (رویفع) رەنگە تەمەنێکی زۆر بکەیت، جا هەوالّ بە خەڵکی بدە : هەرکەسێ ریشی خۆی گرێدا یان دەزووی هەڵواسی یان بە پاشەڕۆی ولاخ یان بە ئێسک خۆی پاک کردەوە ئەوا (محمد(ﷺ)) لێی بەرییە).

- **(أَنَّ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ) :** یان بە هۆی فیزلییەوەیە، وە یاخود کردوویەتییە هۆکارێك بۆ دوور خستنەوەی چاو .
- **(تَقَلَّدَ وَتَرًا) :** دەزوو : بریتییە لە دەزوویەك یان کشتەکێك لە (عصب) دروستکراوە لە جەستەی مەڕ وەردەگیرێ، بۆ دوورخستنەوەی چاو بە کار دەهێنرێت .
- **(أَوِ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ) :** لادانی شوێنەواری ئەوەی لە پاش و پێشەوە دەردەچێت بە پاشەڕۆی ئاژەڵ .
- **(أَوْ عَظْمٍ) :** ئەوەیش خۆراکی جنۆکەیە، وەپاشەڕۆیش ئاڵفی ئاژەڵی جنۆکەکانە .

بەڵگەی پێنجەم و شەشەم :

٥/ وە لە (سعید)ی کوڕی (جبیر)ەوە هاتووە و فەرموویەتی : (من قطع تمیمة من إنسانٍ کان کعدل رقبةٍ) (رواه وکیع) واتە : هەرکەسێ تەمیمەیەکی بە قەد کەسێکەوە ببچڕێت وەکو ئەوەیە کۆیلەیەکی ئازاد کردبێت).

٦/ هەروەها لە (ئیبراهیم)ەوە هاتووە : (کانوا یکرهون التمائم کلها من القرآن وغیر القرآن) واتە : –پیشیەنەکان– تەمیمەیان پێ باش نەبوو بە هەموو جۆرەکانیەوە، لە قورئان بوایە یان جگە لە قورئان) .

- (کان کعدل رقبةٍ) : چونکە لە کۆیلایەتی شەیتان رزگاری کرد کە شیرکی تێدایە، وە ئەمەش بەرزترە لە رزگارکردنی کەسێك لە کۆیلایەتی مرۆڤە، بەڵام دەیبڕێت بە شێوازێکی چاك و ڕێك و پێك .

بۆ حوکم دەدەین بە حەرامبوونی تەمیمە هەرچەندە بە قورئانیش بێت ؟

چونکە سەلەف ئەوەیان بە مەکروە زانیوە، وە کەراهەتیش لای سەلەف بە مانای حەرام دێت .	چونکە ئەو فەرموودەیە : (إنَّ الرقی والتمائم والتولةَ شرك) دەیگرێتەوە.	تاوەکو دەرگای خراپەکاری لەسەر خەڵکی نەکەینەوە، چونکە ئەگەر کەسێك بتبینێ وا بزانێت هەموو جۆرە تەمیمەیەك دروستە هەرچەندە لە جگە لە قورئان بێت .	چونکە سووکایەتی پێکردنی قورئانی تێدایە . ڕەنگە بە ئەوەوە بچێتە سەرئاو و یان پیسی بەر کەوێت.

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری روقیە و تەمیمە .

دووەم : تەفسیری نوشتەی سۆزداری (التولة) .

سێیەم : ئەم سێ شتە هەموو شیرکن بە بێ جیاوازی .

چوارەم : روقیەکردن بە قسەی حەق بە هۆی چاوەوە یان پێوەدانەوە لەو جۆرە نییە (هەروەها جگە لە ئەویش دەگرێتەوە وەکو جادوو) .

پێنجەم : تەمیمە ئەگەر لە قورئان بێت، ئەوا زانایان تێیدا جیاوازن، ئایە ئەوە لەوانە یان نا ؟ (وە باشترینیان مەزهەبەکەی ئیبن مەسعودە، چونکە ئەصل وایە کە دروست نییە).

شەشەم : هەڵواسینی دەزوو بە ئاژەڵاندا بۆ مەبەستی چاوەزار لەو جۆرەیە (شیرکە).

حەوتەم : هەڕەشەیەکی توند هاتووە بۆ ئەو کەسەی دەزوو هەڵدەواسێت .

هەشتەم : فەزڵی ئەوە کەسەی تەمیمەیەکی هەڵواسراو بە قەد مرۆڤێکەوە دەبچڕێت .

نۆیەم : قسەکەی (ئیبراهیم) هیچ جیاواز نییە لە گەڵ ئەو جیاوازییەی پێشوو، چونکە مەبەستی لە هاوەڵان هاوەڵانی (عبدالله بن مسعود)ە، (وە مەبەستی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و شوێنکەوتوان بە گشتی نییە) .

٩/ بەشی ئەوەی : ئەو کەسانەی تەبوڕوك دەکەن بە داریکەوە یان بەردێکەو یان نمونەی ئەوانە .

تەبەڕوك بریتییە لە : داواکردنی بەرەکەت، هەر لەوانە :

تەبەڕوکی ڕێگە پێدارو :

بە کاڕێکی شەرعی : وەکو نوێژ لە مزگەوتی حەرام (کەعبە) و خوێندنەوەی قورئان .

بە کاڕێکی هەستپێکراو : وەکو تەبەڕوك کردن بە دیراسەتکردنی کتێبەکانی ئەهلی سوننە، وەکو کتێبەکانی شیخ الاسلام – ڕەحمەتی خوای لێ بێت لج.

تەبەڕوکێکی قەدەغەکراو : ڕێکخەر تێیدا : ئەوەی بەڵگەیەکی شەرعی یان هەستپێکراوی تێدا نەسەلمێنرابێت، وەکو دەست هێنان بە ژوورەکەی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) .

بەڵگەی یەکەم

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ الآيات.

بەڵگەی دووەم :

لە (أبو واقد الليثي)یەوە هاتووە دەفەرموێت : ((خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى حُنَيْنٍ، وَنَحْنُ حدثاء عَهْدٍ بِكُفْرٍ وللمشركين سِدْرَةٌ يَعْكِفُونَ عندها، وينوطون بها اسلحتهم، يقال لها: ذات أنواط، فَمَرَرْنَا بسدرة، فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ، فقال رسول الله (ﷺ) : اللَّهُ أَكْبَرُ إنها السنن، قُلْتُمْ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ كَمَا قَالَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ لِمُوسَى ((اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ)) لَتَرْكَبُنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ)

واتە : لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەرچووین بۆ حونەین، لە کاتێکدا ئێمە تازە لە کوفر رزگارمان بوو بوو، موشریکەکانی داڕێکیان هەبوو (داری کنار) لە بەتەنیشتیەوە دەمانەوە و چەکەکانیان (تیرو شمشێرەکانیان) پێدا هەڵدەواسی بە مەبەستی بەرەکەت : پێیان دەگوت : (ذات أنواط)، ئێمەش بە تەنیشت دار کناریکەوە رۆیشتین، وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ذات أنواط)یێك بۆ ئێمە دیاری بکە هەروەکو چۆن ئەوان (ذات أنواط)یان هەیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : الله أكبر .. ئەمە سوننەتەکانە (ڕێچکەکانە)، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هەمان قسەتان کرد کە بەنی ئیسرائیل بە موسایان فەرموو ((اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ)) شوێنی ڕێچکە و ڕێگای ئەوانەی پێش خوتان دەکەون).

- (أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ) : هەواڵم پێ بدەن و پێم بڵێن ئایە ئەم بتانە چین کە ئێوە هێندە بە مەزنی دەزانن ؟ وە حاڵی ئەوانە چۆنە بەرانبەر بە ئەو ئایەتە مەزنانە وەکو میعراج ؟ چونکە ئەوان باوەڕیان وایە ئەم بتانە زیان و قازانجی بە دەستە، بۆیە دەچن بۆ لایان و لێیان دەپاڕێنەوە و ئاژەڵیان بۆ سەردەبڕن و خۆیانی لێ نزیك دەکەنەوە .
- وە مەبەست لە پرسیارەکە لێرەدا بۆ بە کەمزانینە .
- (ٱللَّٰتَ) : دەخوێنرێتەوە بە بوونی شەددە لە سەر پیتی (تاء) هەکە : یەکێ بوو لە پیاوچاکان ئاردەوای بۆ حاجییەکان دەکرد، وە دەخوێنرێتەوە بەسووکی پیتی (تاء)هەکە (واتە بە بێ شەددە) : لە ناوەکانی خوای گەورە ناویان بۆ ئەم بتە داتاشاوە، وە ناویان ناوە بە (اللات) .
- (وَٱلْعُزَّىٰ) : لە ناوی خوای گەورە (العزیز)ەوە وەرگیراوە .

- **(وَمَنَوٰةَ) :** لە ناوی خوای گەورە (المنان)ەوە وەرگیراوە، یان لە وشەی (منی) وە وەرگیراوە لە بەر زۆر رشتنی خوێن لەوێدا، وە وشەی (منی)ش هەر لە ئەوەوە هاتووە .
- **(حدثاء) :** تازە بووبونە موسڵمان (تازە لە کوفر رزگاریان بووبوو)، باسی ئەوەی کردووە وەکو هێناوەنەوەی بیانوویەك بۆ داواکردن و پرسیارەکەیان .
- **(ينوطون) :** چەکەکانیان پێدا هەڵ دەواسی بۆ تەبەڕوك.
- **(ذات أنواط) :** چونکە چەکی پێدا هەڵدەواسرا بە ئومێدی بەرەکەت .
- **(اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ) :** زانیان کەوا پەرستنەکان تەوقیفین، پێویستە مۆڵەت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرن، بۆیە مۆڵەتیان لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرت، کەچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر بە تونڈی وەڵامی دانەوە، بۆیە ئەوانیش نەکەوتنە ناو ئەو شیرکەوە .
- **(لتركبُنَّ) :** وەکو ئەو کارەی ئەوان کردیان ئێوەش دەیکەن، هەروەها وەکو قسەکانی ئەوان دەکەن، بۆیە هەوڵدان و وریاکردنەوەی تێدایە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکانی سورەتی (النجم) : ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾.

دووەم : زانینی شێوازی فەرمانەکە کە داوایان کردبوو .

سێیەم : هاوەڵان ئەو کارەیان نەکرد .

چوارەم : مەبەستیان بوو خۆیان بەو کارە لە خوا نزیك بکەنەوە، چونکە گومانیان وابوو کەوا ئەو خۆشی دەوێت .

پێنجەم : ئەگەر ئەوان ئەو بابەتەیان نەزانیبێت، ئەوا جگە لەوان لە پێشترە بۆ نەزانین (بۆیە مەغرور نەبین بە کرداری خەڵکی).

شەشەم : هێندە چاکەیان زۆرە و بەڵێنی لێخۆشبوونیان پێدراوە کە جگە لەوان کەس نییەتی (بۆیە بە باشە زیاتر بە هیچ شێوەیەك باسیان مەکە، چونکە تانەدان لەوان تانەدانە لە خوا و دینی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ)).

حەوتەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیانووی بۆ نەهێنانەوە بەڵکو وەڵامی ئەوانی دایەوە و فەرمووی : **(اللَّهُ أَكْبَرُ إِنها السنن ... لَتتبعنَّ سُنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ)** کارەکەی لە سەر قورس و توند کرد بەم سێ شتە .

هەشتەم : مەسەلە گەورەکە –کە هەر ئەوەیش مەبەستەکەیە– هەواڵی پێدان کەوا داواکەیان وەکو داواکەی بەنی ئیسرائیلە کاتێ بە موسایان فەرموو : (اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا) (بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا نەهی کراوە لەوەی خۆمان بە موشریکەکان بچوێنین لە وشەو گفتارەکانماندا) .

نۆیەم : نەفیکردنی لەم باسە لە مانای (لا إلـه الا الله)یە لە گەڵ ئەوەشدا ورد و شاراوەیە لای ئەوان (چونکە شایەتیدان : نەفی هەموو خوایەك دەکات جگە لە (الله) نەبێت، بە هەمان شێوە داوای بەرەکەت لە جگە لە خوا بە دەست ناهێنرێت و داواناکرێت) .

دەیەم : سویندی لەسەر فەتواکەی خوارد، ئەویش تەنها بۆ بەرژەوەندییەك سوێند دەخوات (یان دوور خستنەوەی خراپەیەك) .

یازدەیەم : شیرك گەورە و بچووکی هەیە، چونکە ئەوان بەو کارەیان مورتەد نەبوونەوە (لە دین پێی هەڵنەگڕانەوە).

دوازدەیەم : مەبەست لە : **(وَنَحْنُ حدثاء عَهْدٍ بِكُفْرٍ)** بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا جگە لەوان ئەوەیان دەزانی (جا ئەوان بیانوویان هەیە لەبەر نەزانینیان، چونکە تازە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە).

سیازدەیەم : وتنی (الله أكبر) لە کاتی بینینی شتێکی سەیردا، بە جیاواز لە گەڵ ئەو کەسانەی کە پێیان باش نییە (پێیان مەکروهە) .

چواردەیەم : داخستنی دەرگای هۆکارەکان (سد الذريعة) (ئەویش بریتییە لەو رێگایانەی خاوەنەکەی دەگەیەنێتە شتێك، وە هۆکارەکان دوو جۆرن :

١/ هۆکارێك بۆ کارێکی داواکراو، ئەوا ئەمەیان داناخرێت، بەڵکو دەکرێتەوەو داواکراوە .

٢/ هۆکارێك بۆ کارێکی نەویستراو، ئەوا ئەمەیان دادەخرێت، هەر ئەمەش مەبەستی نوسەرە .

پازدەیەم : نەهیکردن لە خۆچواندن بە نەفامەکان (تایبەت نییە بەوانەی پێش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بەڵکو هەر کەسێك حەق نەناسێت و بە کاری نەفامی کار بکات، ئەوا لە نەفامەکانە).

شازدەیەم : تووڕەبوون لە کاتی فێرکردندا .

حەڤدەیەم : بنەما گشتییەکە لە فەرموودەی : (إنها السنن) (ئەمەش وریا کردنەوەیە) .

هەژدەیەم : ئەمە نیشانەیەکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی چونکە هەر وەکو ئەوەی ئەو هەواڵی پێداین رووی داو هاتە دی .

نۆزدەیەم : هەرشتێك خوای گەورە زەمی جولەکەو گاوری پێ کردبێت لە قورئاندا بۆ ئێمەشە.

بیستەم : لای ئەوان جێگر و سابت بووە کە پەرستنەکان لە سەر فەرمانکردن بنیات نراوە، بۆیە وریاکردنەوەی (پرسیارەکانی ناو گۆڕی) تێدایە، ئەوەی کە دەڵێت : خواکەت کێیە ؟ ئەوا روونە، بەڵام ئەوەی کە دەڵێت : پێغەمبەرەکەت (ﷺ) کێیە ؟ لەو هەواڵانەیە کە دەربارەی غەیب داویەتی، وە : دینەکەت چییە ؟ لەو قسەیەوە وەردەگیرێت کە دەڵێت : (اجْعَلْ لَنَا إِلَهًا) تا کۆتایی .

بیست و یەکەم : سوننەتی ئەهلی کیتاب نەویستراوە هەر وەکو سوننەتی موشریکەکان .

بیست ودووەم : ئەو کەسەی لە ناحەقی و (باطل) واز هێنابێت کە دڵی لەسەری راهاتووە، لەسەری تەئمین نین لەوەی شتێك لەو نەریتە کۆنەی لە دڵدا مابێت، بە بەڵگەی : **(وَنَحْنُ حدثاء عَهْدٍ بِكُفْرٍ)** (بۆیە حیکمەت لە دوورخستنەوەی کەسی زیناکار لە پاش جەڵدە لێدانی لە جێگای تاوانەکەی، بۆ ئەوەیە بۆی نەگەڕێتەوە، جا مرۆڤ پێویستە دوور بکەوێتەوە لە جێگای کوفر و شیرك و فسوق، وە رێگای ئەهلی سوننە ئەوەیە کە لە زانا خواناسەکانەوە شت وەردەگرن، وە هەرکەسێك لە گومڕایی بگەڕێتەوە لێی وەرناگیرێت تاوەکو زانایان شایەتی پاکی و سەلامەتی باوەڕەکەی بۆ نەدەن و نەمانی ئەو گومڕاییەی لەسەری بوون) .

١٠ / بەشی : ئەو بەڵگانەی دەربارەی سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا هاتوون .

بۆ فەرمووی : (بەشی ئەو بەڵگانەی ...) وە نەیفەرموو : (لە جۆرەکانی شیرکی گەورە سەربڕینی ئاژەڵە بۆ جگە لە خوا) ؟

١. دەیەوێ قوتابی رابهێنێ لەسەر وەرگرتنی حوکم لە بەڵگەوە، ئەمەش لە جۆری پەروەردەی کردارییە .

٢. یان لەبەر ئەوەیە کەوا سەربڕین بۆ جگە لە خوا دابەش دەبێتە دوو بەشەوە : دروست و شیرکی گەورە.

بەڵگەی یەکەم و دووەم

١/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ .. ﴾ الآية.

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنۡحَرۡ ٢ ﴾

- (قُلْ) : بە موشریکەکان بڵێ و ئاگاداریان بکەرەوە بە هەستانت بە جێگەیاندنی تەوحید و ئیخلاص.
- (صَلَاتِي) : کردارە جەستەیەکان، وە لە باشترینیان نوێژە جا ئەگەر نوێژە فەرزەکان بێت یان سوننەتەکان .
- (وَنُسُكِي) : ئاژەڵ سەربڕینەکەم، کردارەکان کە بە سامان دەکرێن وە لە باشترینیان ئاژەڵ سەربڕینە بۆ خوای گەورە .
- (وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي) : واتە : هەر تەصەروف و کاروبارێکم، هەروەها بەڕێوەبردنی کارەکانم بە زیندوویی و مردوویی بۆ خوای گەورەیە.
- (أَوَّلُ ٱلْمُسْلِمِينَ) ١- یەکەمینی دانەپاڵە، واتە : من یەکەم موسڵمانم لەم ئوممەتە. ٢- یەکەمینی رەهاییە، وە مەبەست لێی : مەزنترین خەڵکیم لە ئیسلامەتیدا و لە هەموویان تەواوترم لە ملکەچبووندا لە ناو ئوممەتەکاندا .
- (وَٱنْحَرْ) : هەروەکو چۆن نوێژەکەت بۆ خوایە ئاواش ئاژەڵ سەربڕینەکەت هەر بۆ ئەو بێت، وە ئاژەڵ سەربڕین یەکێکە لە پەرستنەکان.

بەشەکانی ئاژەڵ سەربڕین :

سەربڕینێك بۆ خوای گەورە : وەکو (هەدی) و قوربانی و گوێزەبانە (العقیقة)، ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە .

سەربڕینێکی دروست : وەکو سەربڕینی مەڕێك بۆ گۆشتەکەی بێت، وە ڕێزگرتن لە میوان یان بۆ بازرگانی .

سەربڕینێك بۆ جگە لە خوا لەبەر خۆشەویستی و بە مەبەزنراگرتن : (شیرکی گەورەیە) وەکو ئاژەڵ سەربڕین بۆ خاوەن گۆڕ و جنۆکەکان .

بەڵگەی سێیەم :

(لە (علی کوڕی ئەبو تالیب)ەوە ریوایەت کراوەو دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار وشەی بۆ گێڕامەوە : (لَعَنَ اللَّهُ مَنْ ذَبَحَ لِغَيْرِ اللَّهِ، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ لَعَنَ وَالِدَيه، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ آوَى مُحْدِثًا، لَعَنَ اللَّهُ مَنْ غير مَنَارَ الْأَرْضِ) واتە : خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا سەر دەبڕێ، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی نەفرەت دەکات لە دایك و باوکی، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی داڵدەی بیدعەچییەك (تاوانباریّك) بدات، خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی نیشانەکانی زەوی دەگۆڕێت) .

- (لَعَنَ) : لەعنەت کردن لە خواوەیە : ئەویش دەرکردن ودوورخستنەوەیە لە رەحمەتی خوای گەورە، رەنگە هەواڵی پێداوین کەوا خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا ئاژەڵ سەردەبڕێت، یان دوعای لێ کردووە واتە : ئەی خودایە لەعنەت بکە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا ئاژەڵ سەردەبڕێت.

بەڵگەی چوارەم :

(لە (طارق ی کوڕی شهاب)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (دخل الجنةَ رجلٌ في ذباب، ودخل النارَ رجلٌ في ذباب) قالوا : وكيف ذلك يا رسول الله (ﷺ) ؟ قال : (مرَّ رجلان على قوم لهم صنم لا يجاوزه أحد حتى يُقَرِّبَ له شيئاً، قالوا لأحدهما : قرِّبْ، قال : ليس عندي شيء أقرب، قالوا له: قَرِّبْ ولو ذبابا، فقَرَّبَ ذبابا، فخلّوا سبيله، فدخل النار، وقالوا للآخر : قرِّبْ، قال : ما كنت لأقرب لأحد شيئاً من دون الله عزوجل، فضربوا عنقه فدخل الجنة) (رواه أحمد)

واتا : کابرایەك چووە بەهەشتەوە بە هۆی مێشێکەوەو کابرایەك چووە ئاگرەوە بە هۆی مێشێکەوە، وتیان : ئەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : دوو

پیاو بە نزیك كۆمەڵێكدا تێپەڕین كە بتێكیان هەبوو، هیچ كەسێك لێی تێنەدەپەڕی ئیللا دەبوایە شتێكی بۆ بكردایەت بە قوربانی، بە یەكێكیان وت : شتێك بۆ بتەكەمان بكە بە قوربانی، وتی : هیچ شتێكم نییە تاوەكو بۆی بكەم بە قوربانی، پێیان وت: شتێكی بۆ بكە بە قوربانی تەنانەت ئەگەر مێشێكیش بووە، بۆیە مێشێكی بۆ كردە قوربانی، ئەوانیش ڕێگایان پێدا و ڕۆیشت، بۆیە چووە ئاگرەوە، بە ئەویتریان وت : شتێك بۆ بتەكەمان بكە بە قوربانی، ئەویش وتی : بە هیچ شێوەیەك هیچ شتێك بۆ جگە لە خوا ناكەمە قوربانی، بۆیە لە گەردنیان داو چووە بەهەشتەوە).

- **(في ذباب) :** پێیتی (فِي) لێرەدا پێی دەڵێن : (السببية) واتە : بە هۆی مێشێكەوە.

مەسەلەكان :

یەكەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي ﴾

دووەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی كە دەفەرموێت : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾

سێیەم : دەستپێكردن بە لەعنەت كردن لەو كەسەی بۆ جگە لە خوا ئاژەڵ سەردەبڕێت (چونكە جۆرێكە لە شیرك، وە حەقی خوای گەورە گەورەترین حەقە).

چوارەم : لەعنەت كردن لەو كەسەی لەعنەت لە دایك و باوكی دەكات، هەر لەوانە لەعنەت بكەیت لە دایك و باوكی كەسێك و ئەویش لەعنەت بكات لە دایك و باوكت (چونكە هۆكاریش هەروەكو ڕاستەوخۆ وایە، یان بە ڕاستەوخۆیی لەعنەت لە دایك و باوكی بكات).

پێنجەم : لەعنەت كردن لەو كەسەی داڵدەی بیدعەچییەك (تاوانباریێك) بدات، ئەویش بریتییە لەوەی كەسێك شتێك دادەهێنێت كە حەقی خوای تێدا پێویست كراوە، ئەویش خۆی دەداتە پاڵ كەسێك تاوەكو داڵدەی بدات لەو كارە

(وە هەرکەسێك سەریان بخات ئەوا تووندتر و مەزنترە لەو کەسەی دەیانپارێزێ، وە داهێنان لە دوو شتدا دەبێت :

١. لە دیندا : وەکو ئەو بیدعانەی جەهمی و موعتەزیلەو رافیزەکان و جگە لەوان دایان هێناوە.

٢. لە کاروباری ئوممەتدا : وەکو کەتنەکان و نمونەی ئەوانە، بۆ نمونە دالّدەی دز و رێگرەکان دەدات).

شەشەم : خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو کەسەی نیشانەکانی زەوی دەگۆرێت، ئەویش ئەو هێمایانەن کە حەقی زەوییەکەت لە حەقی دراوسێکەت جیا دەکاتەوە، جا دەیگۆریت بە پێشخستن یان دواخستن .

حەوتەم : جیاوازی لە نێوان لەعنەت کردنی کەسێکی دیاری کراوە وە لەعنەت کردن لە سەرپێچیکاران بە شێوەیەکی گشتی (جا کەسی دیاری کراو ئەوا بۆت نییە لەعنەتی لێ بکەیت و قەدەغەیە، وە دووەم دروستە، جا کەسی دیاری کراو بۆت نییە لەعنەتی لێ بکەیت، وەئەصلّ و بنەماش ئەوەیە کە لەعنەت کردن بە رەهایی دورست نییە).

هەشتەم : ئەمە چیرۆکێکی مەزنە، ئەویش چیرۆکی مێشەکەیە (ئەگەر فەرموودەکە صحیح بێت) .

نۆیەم : چووە ئاگرەوە بە هۆی مێشێکەوە کە مەبەستی نەبوو، بەڵکو ئەو کارەی ئەنجامدا بۆ ئەوەی لە خراپەیان دوور بکەوێتەوە و رزگاری بێت (چونکە ناچارکردن لە ئوممەتەکانی پێشوودا بیانوو نەبووە) .

دەیەم : زانینی ئەندازەی شیرك لە دڵی ئیماندارانداء چۆن ئارامی گرتووە لەسەر کوشتن کەچی رازیی نەبووە بە داواکارییەکەیان، لە گەلّ ئەوەشدا تەنها داوای کارێکیان لێ کرد بە روالّەت ؟ (ئەگەر هاتوو لە رازی بوون و ئارامنەگرتنی زەرەرێك لە سەر ئیسلام هەبوو، ئەوا ئارام دەگرێت، وە رەنگە ئارامگرتنەکە واجیب بێت).

یازدەیەم : ئەوەی چووە ئاگرەوە کابرایەکی موسڵمان بوو، چونکە ئەگەر کافر بوایە نەیدەگوت : چووە ئاگرەوە بە هۆی مێشێکەوە (جا خۆنزیکردنەوەکەی بەو قوربانییە بووە هۆی ئەوەی بچێتە ئاگرەوە).

دوازدەیەم : شاهیدێکی تێدایە بۆ فەرموودەیەکی (صحیح) : (الجنة أقربُ الى أحدكم من شراك نعليه، والنار مثل ذلك) واتە : بەهەشت نزیکترە لە هەر یەکێکتانەوە لە قەیتانی پێڵاوەکەی لێیەوە و ئاگریش هەروەها نزیکە) وە مەبەست لەمە هاندان و ترسانە .

سیازدەیەم : زانینی ئەوەی مەبەستە گەورەکە بریتییە لە کاری دڵ، تەنانەت لای بت پەرستەکانیش (وە دەرمان و چارەسەری دڵ تەنها قورئان و سوننەتە، بۆیە دڵی خۆت سەرقاڵ مەکە بە دونیاوە).

ئەگەر کەسێك ناچار کرا کوفر بکات، ئایە کامیان لە پێشترە : کوفر بکات و رزگاری بێت یان ئارام بگرێت هەرچەندە بیکوژن ؟ یان بە روالەت لە گەڵیاندا بێت و تەئویل بکات ؟

١. ئەگەر لە گەڵیاندا بێت بە ئاشکرا و پەنهانی، ئەوا دروست نییە، چونکە هەڵگەڕانەوەیە لە دین.
٢. ئەگەر بە روالەت لە گەڵیاندا بێت و بە پەنهانی لە گەڵیاندا نەبێت، بەڵام مەبەستی تەنها خۆ رزگارکردن بێت لەبەر ناچاری، ئەوا دروستە .
٣. بە ئاشکرا و پەنهانی لە گەڵیاندا نەبێت و بکوژرێت، ئەمەش دروستە و جۆرێکە لە ئارامگرتن، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر لە گەڵیاندا بێت ئەوا زەرەر و زیان بە دینی گشتی بگەیەنێت، ئەگەر نا لە گەڵیاندا دەبێت بە روالەت نەك پەنهانی.

١١/ بەشی هیچ ئاژەڵێك سەرنابڕێت لە جێگایەکدا کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوای تێدا ئە نجام دەدرێت .

ئەمە باشترین گواستنەوەیە لە لایەن نوسەرەوە، لە پاش ئەوەی باسی سەربڕینی بۆ جگە لە خوا کرد، ئەمجار چووە باسی نادروستی سەربڕین بۆ خوای گەورە لە جێگایەکدا کە سەربڕینی بۆ جگە لە خوا تێدا ئەنجام دەدرێت، وەکو ئەوەی کەسێك قوربانی بکات بۆ خوا لە جێگایەکدا کە بۆ بتەکان ئاژەڵی تێدا سەردەبردرێت، وە حیکمەتیش لەوەدا ئەمانەی خوارەوەیە :

١. چونکە بەرەو خۆچواندن بە بێباوەرەکان دەیبات .

٢. خەڵکی بەرەو مەغرور بوون دەبات بەم کارە، بۆیە وا گومان دەبرێت کە کرداری موشریکەکان دروستە .

٣. موشریکەکان لە کردەوەکەیاندا بە هێز دەبن، ئەمەش قەدەغەکراوە، لە کاتێکدا دوورکەوتنەوەو تووڕەکردنیان داواکراوە .

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ﴾

هۆی هێنانەوەی ئەم ئایەتە لە لایەن نوسەرەوە :

کاتێ مزگەوتی (ضرار) بۆ ئەوە درەست کرا ببێتە جێگای سەرپێچی و کوفر، ببێتە بنکەیەك بۆ دووبەرەکی لە نێوان ئیماندارانداا، خوای گەورە نەهی لە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کرد نوێژی تێدا بکات، هەرچەندە بێگومان نوێژەکەی لەو مزگەوتە تەنها بۆ خوایە، ئەمەش بەڵگەیە کەوا هەر جێگایەك سەرپێچی خوای تێدا ئەنجام بدرێت نابێت لەوێدا نوێژ بکرێت، هەرچەندە شوێنی سەرپێچییەکە نەمابێت، جا نوێژ پەرستنە، هەروەها ئاژەڵ سەربڕینش .

وە لە نمونەی نزیك ئەم بابەتە نەهی كردنە لە نوێژ كردن لە كاتی رۆژ هەڵات و ئاوابووندا، چونكە ئەو دوو كاتە بێباوەڕان بۆ رۆژ (خۆر) سوژدەی تێدا دەبەن، ئەمە بە پێی كات، فەرموودەكەش بە پێی شوێنە .

بەڵگەی دووەم :

لە (ثابت) ی كوڕی (الضحاك)ەوە هاتووەو دەڵێت : (نذر رجل أن ينحر إبلاً ببوانة، فسأل النبي (ﷺ) فقال : (هل كان فيها وثن من أوثان الجاهلية يُعبد؟ قالوا : لا، قال : فهل كان فيها عيد من اعيادهم، قالوا : لا، فقال رسول الله (ﷺ) : أوفِ بنذرك فإنه لا وفاء لنذر في معصية الله، ولا فيما لا يملك ابن آدم) (رواه أبو داود، وإسناده على شرطهما) واتە : كابرایەك نزری كردبوو كەوا وشترێك سەربڕێت لە (بوانە) بۆیە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كرد و ئەویش فەرمووی : ئایە بتێكی پەرستراو لە بتەكانی سەردەمی نەفامی تێدا بوو؟ وتیان : نەخێر، وتی : ئایە جەژنێك لە جەژنەكانی ئەوانی تێدا بووە؟ وتیان : نەخێر، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : نزرەكەت جێبەجێ بكە، چونكە وەفاكردن بە نزرێك لە سەرپێچی خوادا بێت ناكرێت، یان لە شتێكدا مولّكی بەنی ئادەم نەبێت و نەیبێت).

(نەزر) لە زمانەوانیدا : پەیمان و ئەرك خستنە سەرخۆ . **لە شەرعدا :** ئەرك خستنە سەرخۆ لەسەر شتێك كە واجب نییە لەسەری بە ئەنجامدانی لە لایەن پێسپێردراوەوە (مكلف).

نەزر بۆ خوای گەورە :

نەزر بۆ جگە لە خوا (شیركی گەورەیە) : وەكو سوێند خواردن بە جگە لە خوا تەنها لە گفتدا، دانامەزرێت (واتە ئەنجام نادرێت و كەفارەتی نییە، وە دەبێ تەوبە بكات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا)

نەزری تاییەت : وەكو ئەوەی شتێكی دیاری كراو بكاتە نزر .

نــزری گشــتی : هــەموو موسـڵمانێك دەگرێتــەوە ﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ ﴾، چــونكە كەســی موســڵمان نــزری كــردووە بــە ئەنجامدانی فەرمانەكان و وازهێنان لە نەهیكراوەكان .

لە پــاش وتــنی بــە زار: دەبێ جێبەجێی بكات یــان كەفارەتی سوێندێ بدات .

پــێش وتــنی بــە زار: حوكمەكــەی حەرامــە، چــونكە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێكردووە، وە ئەگەر خەیر و چاك بوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزری دەكرد .

گوێرایەڵی : پێویستە جێبەجێی بكات، وە ئەگەر نەیكرد ئەوا كەفارەتی لەسەرە (نمونەی ئەوە : نزری نوێژێكی سوننەتی كرد).

سەرپێچی : حەرامە جێ بــە جێی بكــات وە دەبێت نــەیكات و كــەفارەتی بــدات (نمونەی ئەوە : نزری كارێكی حەرامی كرد وەكو غەیبەت) .

دروست (مباح) : سەرپشكە لە ئەنجامدانیدا – ئەنجامدانی لە پێشترەڵج یــان نــەیكات و كەفارەتەكەی بدات (نمونەی ئەوە : نزری كرد ئەم پۆشاكە لەبەر بكات) .

تووڕەبوون و عینــادی : حوكمەكەی وەكــو (مبــاح) ە، وە مەبەســت لێــی ســوێندە (بۆ نمونە: نزر بێت ئەم شارە بە جێ بهێڵم).

مەكروهە : مەكروهە جێ بە جێ بكات و موستەحەببە نەیكات و كەفارەتی بدات (بۆ نمونە : نزر بێت لەسەرم لە نوێژدا ئاوربدەمەوە).

ڕەها : خاوەنەكەی ناوی هیچ شــتێكی لــێ نــەهێناوە، ئــەوا كــەفارەتی لەســەرە، (وەكو ئەوەی بڵێت : نزرێك بۆ خوا لەسەرم بێت، ئەمجار بێ دەنگ بێت) .

- ئەگەر نزرەکە بۆ خوای گەورە بێت ئەوا دادەمزرێت : یان دەبێ نزرەکە بە جێ بگەیەنێت وە یان نەیکات، ئەوا کەفارەتی دەکەوێتە سەر .
- ئەگەر نزرەکە بۆ جگە لەخوای گەورە بێت ئەوا دانامزرێت: ئەوا نەجێ بە جێی دەکرێت و نەکەفارەتی لەسەرە، وە تەوبەی لەسەرە (چونکە شیرکی گەورەیە) .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿ لَا تَقُمْ فِيهِ أَبَدًا ﴾.

دووەم : سەرپێچی رەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر زەوییەکە، هەروەها گوێڕایەڵی (کاتێ ئەم زەوییە شوێنی شیرك بێت، ئەوا حەرام دەبێت هەر کەسێك کارێ بکات لەسەر شێوەی شیرك بێت، چونکە خۆچواندنی موشریکەکانی تێدایە)

سێیەم : گێڕانەوەی ئەو مەسەلانەی ئاڵۆزن بۆ مەسەلەیەکی روون، بۆ ئەوەی ئاڵۆزییەکەی نەمێنێ .

چوارەم : بە درێژی باسکرنی بابەتەکە لە لایەن (مفتی) یەوە ئەگەر پێویستی بەوە کرد(یان بە درێژی باسی بکات)

پێنجەم : تایبەتمەند کردنی جێگایەکی دیاری کراو بە نزر ئاساییە ئەگەر هیچ ڕێگرییەك نەبوو (بەڵام ئەگەر ترسی هەبوو لەوەی خەڵکی عەوام وا بزانێت ئەم جێگایە تایبەتمەندی هەیە ئەوا دەبێتە کارێکی قەدەغەکراو).

شەشەم : ڕێگری کردن لێی ئەگەر بتێك لە بتەکانی سەردەمی نەفامی تێدا بێت، هەرچەندە لە پاش نەمانی بێت .

حەوتەم : ڕێگری کردن لێی ئەگەر جەژنێك لە جەژنەکانی موشریکەکانی تێدا بوو، هەرچەندە لە پاش نەمانی بێت.

هەشتەم : دروست نییە ئەو نزرەی کردوویەتی لەو جێگایە جێ بە جێی بکات، چونکە نزرێکی سەرپێچییە .

نۆیەم : وریابوون لە خۆچواندن بە موشریکەکان لە جەژنەکانیاندا، هەرچەندە مەبەستی نەبێت (شیخ الاسلام ئەوەی دووپات کردووەتەوە کەوا بە ئەنجام گەیاندنی شوبهاندن مەرج نییە مەبەست و نیەتی کەسەکەی لە گەڵدا بێت، جا ئەگەر مەبەستەکەی لە گەڵدا بوو ئەوا تاوانەکەی سەختتر و تووندترە).

دەیەم : نزر لە سەر پێچیدا نییە (مەبەست ئەوەیە کە نزرەکە دادەمەزرێت بەڵام دەبێت جێ بە جێ نەکرێت).

یازدەیەم : بەنی ئادەم نزری ناکەوێتە سەر لە شتێکدا مولکی ئەو نەبێت (واتە : جێبە جێی ناکات) ئەوەی مولکی ئەو نییە یان نیەتی دەکرێتە دوو بەشەوە :

١. **شەرعی :** وەکو ئەوەی بڵێت : نزر بێت لەسەرم بۆ خوا کۆیلەکەی فلان کەس ئازاد بکەم، ئەوا دروست نییە چونکە مولکی ئەو نییە .

٢. **قەدەری :** وەکو ئەوەی بڵێت : نزر بێت لەسەرم بۆ خوا بە دەستەکانم بفڕم، ئەوا دروست نییە چونکە نیەتی و ناتوانێت .

کەفارەتی نزر بۆ خوا وەکو کەفارەتی سوێندە :

- سەرپشک دەبێت لە نێوان رزگارکردنی کۆیلەیەکی موسڵمان، یان ناندانی دە هەژار، یان دابین کردنی پۆشاک بۆیان.
- ئەگەر نەیبوو ئەوا دەچێت بۆ رۆژوو گرتنی سێ رۆژ بە دوای یەکدا .

١٢/ بەشی : نزر کردن بۆ جگە لە خوا جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرك.

بەڵگەی یەکەم ودووەم :

١. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ ﴾

٢. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَآ أَنفَقۡتُم مِّن نَّفَقَةٍ أَوۡ نَذَرۡتُم مِّن نَّذۡرٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُهُۥۗ ﴾

مونـاسەبەتی دوو ئایەتەکە بە بەشەکەوە : نزر یەکێکە لەو هۆکارانەی کە چاکەکاران بە هۆیەوە دەچنە بەهەشتەوە، ئەویش پەرستنە، بۆیە ئەنجامدانی بۆ جگە لـە خـوا شیرکە، هەروەها پەیوەست کردنی شتێك بە زانستی خواوەو جەزاکەی لەسەری .

بەڵگەی سێیەم :

وە لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە لە عائیشـەوە کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِي الله فَلاَ يَعْصِهِ)) واتە: هەرکەسێك نزری کرد کەوا گوێڕایـەڵی خـوا بکـات ئـەوا بـا گوێڕایـەڵی بکـات و هەرکەسێك نزری کرد کەوا سەرپێچی بکات ئەوا با سەرپێچی نەکات).

جیاوازی نێوان نزری گوێڕایەڵی و سەرپێچی و بۆ جگە لە خوا:

نزری گوێڕایەڵی بۆ خوا :
وەکو سوێند خواردنـە بـە خوای گەورە، دادەمزرێت (جێ بـە جـێ کـردن یـان کـەفارەتی لەسـەرە) واجیبـە لەسـەری جێبـەجێی بکـات .

نزری سەرپێچی بۆ خوا :
وەکو سوێند خواردنـە بـە خوای گەورە، دادەمزرێت (جێ بـە جـێ کـردن یـان کـەفارەتی لەسـەرە) حەرامـە لەسـەری جێبەجێی بکات .

نزر بـۆ جگـە لـە خـوا :
وەکو سوێند خـواردن بـە جگە لە خوا، دانامەزرێت، وە پێویستە خاوەنەکـەی تەوبـە بکـات، چـونکە شیرکی گەورەیە .

مەسەلەکان :

یەکەم : واجیب بوونی جێ بە جێ کردنی نزر (تەنها نزری گوێڕایەڵی ئەگەر بۆ خوا بوو).

دووەم : ئەگەر سەلمێنرا کەوا پەرستنە بۆ خوا، ئەوا ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکە .

سێیەم : نزری سەربڕچی نابێت جێ بە جێ بکرێت (وە کەفارەتی سوێندی دەکەوێتە سەر).

تێبینی :

نزر و سوێند خواردن حوکمەکانیان نزیکی یەکترن، بۆیە فەقیهەکان لە یەک بەشدا هەردوو باسەکەیان کۆکردووەتەوە دەڵێن : بەشی سوێندخواردن و نزرەکان .

١٣/ بەشی : لە جۆرەکانی شیرك پەناگرتنە بە جگە لە خوا

(لە شتێکدا هیچ کەسێك توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت)

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ۝٦ ﴾

- (يَعُوذُونَ) : خۆیان دەدەنە پاڵ، جا وشەی (العیاذ) بۆ ئەو شتەیە لێی دەترسێت و وشەی (اللِّیاذ) بۆ ئەو شتەیە ئومێدی پێی هەبێت .
- (فَزَادُوهُمْ رَهَقًا) : ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵدایە، وە ماندوویەتی و شەکەت بوون لە جەستەدایە، وە خۆدانە پاڵ جگە لە خوا هیچ سوودێکی بۆ کەسەکە نییە، بەڵکۆ ماندووبوون و شەکەتی زیاتر دەکات، ئەوەش شیرکی گەورەیە، بۆیە بە پێچەوانەی مەبەستەکەی خۆی سزا درا .

بەڵگەی دووەم :

لە (خەولەی کچی حکیم السلمیة) وە ریوایەت کراوە دەڵێت : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی : (من نزل منزلاً ثم قال : (أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق) لم يضره شيء حتى يرحلَ من منزله ذلك) (رواه مسلم) واتە : هەر کەسێك چووە ماڵێك (لە ماڵێك یان لە جێگایەك لایدا)و ئەمجار گوتی : (پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوا لە خراپەی هەموو ئەوانەی کە دروستی کردووە) ئەوا هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێت تاوەکو ئەو ماڵە بە جێ دەهێڵێ)).

- **(منزلاً) :** ئەو جێگەیە دەگرێتەوە لێی دەمێنێتەوە بە مەبەستی نیشتەجێ بوونی بەردەوام، یان لە ناکاو بوو وەکو کەشتی .
- (أعوذُ) : خۆم دەدەمە پاڵ وشەکانی خوا و پشتی پێ دەبەستم، وشە گەردوونی و شەرعییەکان .
- **(التامَّات) :** ١/ راستگۆیی لە هەواڵەکاندا . ٢/ دادپەروەری لە حوکمەکاندا .
- **(شر ما خلق) :** خراپە (الشر) نادرێتە پاڵ خوای گەورە، چونکە خراپە (الشر) ی لەبەر حیکمەتێك دروست کردووە، بەشەکانی دروستکراوەکان : .

١. خەیرێکی پوخت و تەواوە : وەکو بەهەشت و پێغەمبەران و فریشتەکان .

٢. خراپەیەکی تەواو : وەکو ئاگر و ئیبلیس بە پێی خودی خۆیان، بەڵام بە پێی حیکمەت لە دروستکردنیاندا ئەوا خەیرە.

٣. خراپە و خەیری تێدایە : وەکو مرۆڤ و جنۆکە و ئاژەڵ .

- **(لم يضره شيء) :** هەواڵێکە و نابێت خیلافی تێدا بێت لە لایەن ئەو کەسەوە هەواڵەکەی داوە، چونکە ئەوە قسەی راستگۆی باوەڕ پێکراوەو پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، بەڵام ئەگەر نەهاتە دی، ئەوە لە بەر بوونی رێگرێکە نەك لەبەر کەمی‌و قصوری هۆکارەکە بێت یان خیلافی هەواڵەکە بێت، وەکو خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة) بەسەر نەخۆشدا بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە، کەچی هەندێ کەس دەیخوێننەوە و نەخۆشەکە چاك نابێتەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الجن) ﴿ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقًا ٦ ﴾

دووەم : ئەو کارە شیرکە (شیرکی گەورەیە، واتە پەناگرتن بە جگە لە خوا لە شتێکدا هیچ کەسێك توانای لەسەر نەبێت تەنها خوا نەبێت) .

سێیەم : بە بەڵگەهێنانەوەی فەرموودە بۆ ئەوە، چونکە زانایان ئەمە دەکەنە بەڵگە کە وشەکانی خوا دروستکراو نییە، چونکە پەناگرتن بە دوستکراوە شیرکە (شیرکی گەورەیە، لە نمونەی ئەم کارانەدا، جا ئەگەر دروست کراو بوایە ئەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێنمویی نەدەکردین بۆ پەناگرتن پێی) .

چوارەم : فەزڵی ئەم دوعایە هەرچەندە کورتە (هیچ شتێك زەرەرت پێ ناگەیەنێت تاوەکو لەو جێگایەدا بیت)

پێنجەم : ئەو شتەی سوودێکی دنیایی بە دەست یهێنێ، لە نەهێشتنی خراپە یان بە دەستهێنانی قازانجێك، بەڵگە نییە لە سەر ئەوەی کەوا ئەوە شیرك نییە (جا بە دەستهێنانی قازانجێك مەرج نییە ئەوە شیرك نەبێت).

چەند سوودێکی تر :

لە فەرموودەکەدا بەڵگەی ئەوە هاتووە کەوا شەرع هیچ کارێك لە کارەکانی نەفامی پوچەڵ ناکاتەوە ئیللا باسی کارێکی لەو چاکتر کردووە، لەوانە : ئەوان لە نەفامیدا پەنایان دەگرت بە جنۆکە، خوای گەورە بۆی گۆڕین بەم وشانە .

ئەمەش ڕێگایەکی سەلامەتە پێویستە کەسی بانگخواز لەسەری بڕوات، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو دەرگایەکی خراپەی لە خەڵکی داخست ئەوا واجیبە دەرگایەکی خەیریان بۆ بکاتەوە، ئەمەش نمونە زۆرە لەسەری لە قورئان و فەرموودەدا .

١٤/ بەشی لە جۆرەکانی شیرك پەناگرتنە بە جگە لە خوا یان داواکردن لە جگە لەو .

بەڵگەی یەکەم تاکو پێنجەم :

١. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَدۡعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَۖ فَإِن فَعَلۡتَ فَإِنَّكَ إِذٗا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ١٠٦ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ ..﴾

٢. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓۖ ﴾

٣. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾

٤. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴾

٥. وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (إنه لا يستغاث بي، وإنما يستغاث بالله عز وجل) واتە : هاوار بە من ناکرێت (داوا لە من ناکرێت)، بەڵکو تەنها هاوار بە خوا دەکرێت (داوا لە خوا دەکرێت).

(وَلَا تَدْعُ) : دوعای پەرستن و داواکردن لە شتێکدا هیچ کەسێك توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت .

(عِندَ ٱللَّهِ) : پێشخستنی ئەوەی تێدایە کە حەقی دواخستنە، سوودی (حصر) دەگەیەنێت، واتە : بە دوای رزقدا بگەڕێن لە کاتێکدا لای خوای گەورەیە نەك لای جگە لە ئەو، جا ئەوان ئەو بتانە دەپەرستن کەچی پێدان و دابین کردنی هیچ رزقێکیان بە دەست نییە .

(وَٱعْبُدُوهُ) : ئاماژەیە بۆ جێ بە جێ کردنی پەرستن بۆ ئەو کەسانەی شوێنی رزق و هۆکارەکەی دەکەوێت.

(وَٱشْكُرُواْ لَهُۥ) : چونکە نیعمەت تاقیکردنەوەیە و پێویستی بە سوپاسگوزاریە، بە دڵ و زمان و ئەندامەکان .

(يُجِيبُ) : داوا لە کەسێك ناکات تەنگانەکەی لەسەر لادات و کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات کەچی ناتوانێت .

(منافق) : (دووڕوو): ئەو کەسەیە کە ئیسلام ئاشکرا دەکات و کوفر دەشارێتەوە، وە ئازاردان لە نەرێتی ئەوە .

بەشەکانی رزق و رۆزی

گشتیە : بۆ هەموو دروستکراوێك، ئەویش یان حەڵاڵە وە یان حەرامە .

تایبەتە بە ئیمانداران : ئەویش ئیمان و تەقوا و کاری چاکە یە .

مەسەلەکان :

یەکەم : (عطف) کردنی دوعا لەسەر (استغاثة) لە جۆر و باسی (عطف) ی گشتییە لەسەر تایبەتی .

دووەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَدۡعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَۖ ﴾

سێیەم : ئەم کارە شیرکی گەورەیە .

چوارەم : ئەگەر چاکترین کەس ئەنجامی بدات بە مەبەستی رازی کردنی جگە لە خوا، ئەوا دەبێتە یەکێك لە ستەمکاران (ئەم نەهییە رووبەرووی کەسێك وتراوە کە هەرگیز ناکرێت ئەنجامی بدەن بە پێی حاڵەکەی چونکە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، جا بۆ ئەو کەسانەی کە دەکرێت ئەنجامی بدەن نەهییەکە لە پێشترە).

پێنجەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی لە پاش ئەو هاتووە ﴿ وَإِن يَمۡسَسۡكَ ٱللَّهُ بِضُرّٖ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَۖ ..﴾ جا ئەگەر هیچ کەسێك زەرەر و زیان لانادات ئیللا ئەو نەبێت، ئەوا پێویستە هەموو پەرستن و داواکردنەکانمان تەنها بۆ ئەو بێت.

شەشەم : ئەو شتە لە دونیادا سوودی لێ نابینێ لە گەڵ ئەوەشدا کوفرە (کەوابوو خەسارەتمەندی دونیا و دوارۆژ بوو).

حەوتەم : تەفسیری ئایەتی سێیەم : ﴿ فَٱبۡتَغُواْ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزۡقَ وَٱعۡبُدُوهُ وَٱشۡكُرُواْ لَهُۥٓۖ ﴾ .

هەشتەم : داواکردنی ریزق لە هیچ کەسێك ناکرێت تەنها لە خوا نەبێت، هەروەکو چۆن بەهەشت لە هیچ کەسێك داوا ناکرێت تەنها لەو نەبێت.

نۆیەم : تەفسیری ئایەتی چوارەم : ﴿ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾.

دەیەم : هیچ کەسێك لەوە گومڕاتر نییە کە داوا لە جگە لە خوا دەکات (چونکە مەبەست لە پرسیارکردنەکە لێرەدا نەفی یە)

یازدەیەم : ئەو کەسەی داوای لێ دەکرێت بێ ئاگایە لە داوای ئەوەی داوای لێ دەکات و زانیاری دەربارەی نییە .

دوازدەیەم : ئەو داواکردنە هۆکارە بۆ رق لێبوون و دوژمنایەتی نێوان داواکار و داوالێکراو.

سیازدەیەم : ئەو داواکردنەی ناوناوە بە پەرستنی کەسی داوالێکراو .

چواردەیەم : کوفری کەسی داوالێکراو بەو پەرستنە (رەد دانەوە و ئینکاری کردنی).

پازدەیەم : هۆکاری ئەوەی دەبێتە گومڕاترین کەس: ١/ چونکە داوا دەکات لە جگە لە خوا و هەرگیز وەڵامی داواکەی نادرێتەوە. ٢/ ئەوانەی داوایان لێ دەکرێت بێ ئاگان لەو داوایانەی لێیان دەکرێت . ٣/ ئەو کەسێکی بێباوەڕە بە هۆی پەرستنیانەوە)

شازدەیەم : تەفسیری ئایەتی پێنجەم : ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلْمُضْطَرَّ إِذَا دَعَاهُ ﴾.

حەڤدەیەم : کارەکە زۆر سەیرە ! ئەویش ئەوەی، بت پەرستەکان دان دەنێن بەوەدا کەوا هیچ کەسێك لە تەنگانەدا وەڵامیان ناداتەوە تەنها خوا نەبێت، بۆیە لە کاتی تەنگانەدا تەنها داوا لە ئەو دەکەن و ئیخلاصی دینەکەیان بۆ دەبێت.

هەژدەیەم : پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ پاراستنی تەوحید و بە ئەدەب بوون لە گەڵ خوادا (چونکە ئەو دەزانێت کەوا ئەم ئوممەتە خۆی دەداتە پاڵ خوای تاك و تەنها لە تەنگانەدا، وە هاوار بە هیچ کەسێك ناکرێت تەنها خوا نەبێت).

تاقیکردنەوە لە بەشی دووەم (٩ بەشەکە)

پرسیاری یەکەم : جیاوازییەکانی نێوان ئەم جۆرە نزرانە بنووسە :

نزری گوێڕایەڵی	نزری سەرپێچی	نزر بۆ جگە لە خوا
١/.....	.....	.....
٢/.....	.....	.....
٣/.....	.....	.....

پرسیاری دووەم : حوکمی ئەم کردارانەی خوارەوە بنووسە : (بە هەڵبژاردنی ژمارەی گونجاو بۆ هەر کارێك : (١) دروستە، (٢) مەکروهە، (٣) تاوانی بچووکە، (٤) تاوانی گەورەیە، (٥) شیرکی بچووکە، (٦) شیرکی گەورەیە، (٧) وردەکاری تێدایە، (٨) واجیبە، (٩) موستەحەبە .

کردار	حوکمەکەی	کردار	حوکمەکەی
خۆشویستن لە گەڵ خوادا	.....	خۆشویستنی پێغەمبەری خوا(ﷺ)	.....
خۆشویستنی خێزان	.....	گومان لە کوفری ئەهلی کیتاب	.....
مەصحەف بەمەبەستی دوورخستنەوەی چاو	.....	دوعاکردن لەو کەسەی دەزوویەکی هەڵواسیوە	.....
لەعنەت کردن لە کەسێکی دیاریکراو	.....	هەڵواسینی تەمیمە	.....
ئەڵقەی هاوسەر گیری (الدبلة)	.....	خۆپاککردنەوە بە پاشەڕۆی ئاژەڵ یان بە ئێسك	.....
دەستهێنان بە ژوورەکەی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)	.....	تەبەڕوك کردن بە خوێندنەوەی قورئان	.....
دیاریکردنی شوێنێکی دیاری کراو بە نزر	.....	هاوارکردن بە دروستکراوەکان	.....
ئامادەبوون لە جەژنی بێباوەڕاندا	.....	نزر بۆ جگە لە خوا	.....

نزری سەرپێچی ..... ترسان لە جنۆکە .....

هەڵواسێنی پارچە پەڕۆیەك یان نەعلێك ..... هەڵواسینی چەند ئایەتێك لە قورئان .....

هەڵواسینی دەزووی جوانی ..... تەمیمە لە قورئان .....

روقیە بە جگە لەزمانی عەرەبی ..... زیکرکردن بە ناوەکانی خوا بە جگە لە زمانی عەرەبی .....

دەستهێنان بە بەردە رەشەکەدا ..... خواردنەوەی ئاوی زەمزەم بە مەبەستی چارەسەر .....

سەرف کردنی سەروەت و سامان بۆ بەرژەوەندییەك وتنی : هاوار دەکەینە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ..... زانینی جێگای مزگەوتی (ضرار) .....

پرسیاری سێیەم : نیشانەی (×) لە شوێنی گونجاودا دابنێ یان دەستەواژەکە تەواو بکە:

١/ تەفسیری تەوحید بریتییە لە : بەشی دووەم بەشی شەشەم هەمووی

٢/ راڤەی ناونیشانەکە ئەو بەشانەیە لە پاشی دێن تاوەکو :

کۆتایی کتێبەکە کۆتاییە بەشەکە

٣/ نوسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت– تەفسیری تەوحیدی کردووە بە :

دژەکەی چەند کارێکی ئاشکرا هەمووی

٤/ بەشی دووەم لە کتێبەکە چەند بەشی تێدایە ؟ ٥ ٩ ٧

٥/ ﴿ يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾ واتە : .....

٦/ بەشەکانی خۆشویستن :

١/..... حوکمەکەی .....

٢/..... حوکمەکەی .....

٣/ ..... حوکمەکەی.....

٧/ خۆشەویستی بۆ خوا بە

..... و .....و.....و..... دەبێت .

٨/ هۆکارەکانی حەرامبوون تەمیمە بە قورئان بنووسە :

١/.....

٢/.....

٣/.....

٤/.....

٩/ مەرجەکانی دروستی روقیە چین ؟

١/.....

٢/.....

٣/.....

١٠/ هۆی هێنانەوەی ئایەتی ﴿ لَا تَقُمۡ فِيهِ أَبَدٗاۚ ﴾ لە بەشی (لە جێگایەکدا ئاژەڵ سەربنابردرێت کە بۆ جگە لە خوا ئاژەڵی تێدا سەربرابێت):.....

١١/ هۆی هێنانەوەی ئایەتی :﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ ﴾ لە بەشی (لە بەشەکانی شیرک نزرکردنە بۆ جگە لە خوا) .....

١٢/ پێناسەی نزر لە شەرعدا بکە :.....

١٣/ گرێدان و دامەزراندنی نزر واتە : .....

١٤/ (فيما لا يملك ابن آدم) **واتە : .....**

١٥/ (بوانة) **واتە : .....** (لا يَجُوزُ) **واتە : .....**

١٦/ مزگەوتی (ضرار) دروست کرا بە مەبەستی کوفرو .....

و .....و.....

١٧/ بۆ لە جێگایەکدا ئاژەڵ سەرنابڕین بۆ خوا ئەگەر بۆ جگە لە خوا ئاژەڵی تێدا سەربڕابێت ؟ ١/..... ٢/ .....

٣/.....

١٨/ بۆ فەرمووی : (هاوار به من ناکرێت) ؟.....

١٩/ (آوی) واتە : ..... (محدثاً) واتە : لە .....یان .....

٢٠/ (لعن والديه) واتە : ..... أو .....

٢١/ ﴿ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣ ﴾ واتە :..... یان .....

٢٢/ ﴿ أَفَرَءَيۡتُمُ ﴾ واتە : ..... ﴿ٱللَّاتَ﴾ واتە .....

٢٣/ ﴿وَٱلۡعُزَّىٰ﴾ واتە : ..... ﴿وَمَنَوٰةَ﴾

واتە : .....یان لە .....وەرگیراوە .

٢٤/ (أعوذ) واتە :..... (بكلمات الله) واتە :.....

٢٥/ بەشەکانی تەبەڕوك چین ؟ ١/ ..... ٢/.....

وە جیاوازی دەکەین لە نێوانیاندا بەوەی .....

٢٦/ بەشەکانی خەڵکی لە بیانوو هێنانەوە بە نەزانیندا :

١/.....

٢/.....

٢٧/ کەسانێك هەن نوێژ دەکەن و رۆژوو دەگرن و زەکات دەدەن، کەچی دەچن بۆ سەر قەبران و سوژدەیان بۆ دەبن جا ئەم کارە :

کوفری گەورەیە کوفری بچووکە تاوانە گەورەکانە دووڕوویيە

٢٨/ شیرکی گەورە دابەش دەبێت بۆ : ٣ بەش ٤ بەش ٢ بەش

٢٩/ ئاژەڵ سەربڕین دابەش دەبێتە : ٣ بەشەوە ٤ بەشەوە

٣٠/ ﴿ إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ٢٦ إِلَّا ٱلَّذِي فَطَرَنِي ..﴾ ئەم ئایەتە چی تێدایە؟

مانای (لا إله إلا الله) تەنها دروستکار شایستەی پەرستنە

بێ دەسەڵاتی بتەکان هەموو ئەوانەی باسکرا

٣١/ ﴿ أَحۡبَارَهُمۡ ﴾ واتە : زاناکانیان خواپەرستەکانیان

٣٢/ (وَرُهۡبَٰنَهُمۡ) واتە : خواپەرستەکانیان زاناکانیان

٣٣/ (أَرْبَابًا) شیرکە لە : خۆشویستندا گوێرایەڵیدا

٣٤/ خەڵکی لە دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە بوونەتە :

دوو بەش و ناوەندێك دروست و شیرکی گەورە و بچووك

٣٥/ ئاژەڵ سەربڕین گەورەترین پەرستنە جەستەییەکانە : **راستە هەڵەیە**

٣٦/ دروست نییە لەعنەت بکرێت لە خاوەن سەرپێچییەکان ئیللا لە رووی گشتییەوە نەبێت : **راستە هەڵەیەیە**

٣٧/ پێویستە لە سەر کەسی موسڵمان زمانی خۆی لە لەعنەت کردن بپارێزێ، لەعنەت نەکات لە هیچ کەسێك تەنها لەوانە نەبێت کە شایەنی لەعنەتن بە دەقێکی :

گشتی وەکو بێباوەڕان تایبەت وەکو سووخۆرەکان هەمووی

٣٨/ ئەو جێگایانەی ئامادە کراون بۆ دژایەتی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) دروست نییە نوێژی تێدا بکرێت ئیللا لە مزگەوتەکان نەبێت : **راستە هەڵەیە**

٣٩/ وە ئەگەر توانرا بکرێتە جێگای گوێرایەڵی ئەوا دەکرێت : **راستە هەڵەیە**

٤٠/ دروستە کۆچ و بار ببەسترێت بە مەبەستی سەردانی مزگەوتی (قباء) **راستە هەڵەیە**

٤١/ رۆیشتن بۆ جێگاکانی شیرك کە ئاسەوارییان نەماوە ئەوا دروستە بە مەبەستی یادخستنەوەی : **راستە هەڵەیە**

٤٢/ دروستە سەردانی ئەشکەوتی (حراء) بکرێت بە مەبەستی زانینی ئەوەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لەسەر بووە لە خواپەرستی : **راستە هەڵەیە**

٤٣/ میعراج : واتە کۆچکردنی لە مەککەوە بۆ بیت المقدس : **راستە هەڵەیە**

٤٤ / هەرکەسێ ئەو ناونیشانانە بگۆڕی کە ڕێگاکانی پێ دەدۆزرێتەوە :

لەعنەتی لێکراوە تاوانبارە

٤٥/ پیاوچاکان بە کەم دەزانن و نکۆڵی لە فەزڵیان دەکەن :

زیادەڕەوەکان کەمتەرخەمەکان ناوەندەکان

پرسیاری چوارەم : بە درێژی باسی حوکمی نزر بکە :

نزر بۆ خوا .....

نزر بۆ جگە لە خوا (شیرکی گەورەیە).....

لە پاش وتنی :.....

لە پێش وتنی :.....

گوێڕایەڵی : .....

سەرپێچی :.....

دروست :.....

تووڕەبوون :.....

مەکروهە :.....

ڕەهایە : .....

پرسیاری پێنجەم : بۆشاییەکانی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەرەوە :

(نەزر – دووڕوو – روقیە – التولة – تەمیمەکان – لَعَنَ)

١. .....پێی دەڵێن : (العزائم) وە بەڵگە هاتووە لە سەر دروستی ئەگەر شیرکی تێکەڵ نەبوو .

٢. .....شتێکە دروستی دەکەن باوەڕیان وایە کە ژن خۆشەویست دەکات لای پیاوەکەی، وە پیاو لای ژنەکەی .

٣. ..... شتێکە لەبەر چاوەزار بە منداڵاندا هەڵدەواسرێت .

٤. ..... دەرکردن ودوورخستنەوەیە لە ڕەحمەتی خوای گەورە.

٥. ..... ئەرك خستنە سەرخۆ لە شتێکدا کە واجیب نییە لەسەری بە ئەنجامدانی لە لایەن (مکلف)ەوە.

٦. .....ئەو کەسەیە کە ئیسلام ئاشکرا دەکات و کوفر دەشارێتەوە , وە ئازاردان لە نەرێتی ئەوە .

سێیەم: پووچەڵی پەرستنی جگە لە خوا (٤ بەشە)

لە پاش تەفسیری تەوحید باسی ئەو بەڵگانەی کردووە کە دەڵالەت دەکەن لەسەر پوچەڵبوونی پەرستنی جگە لە خوا بە چوار بەش :

پوچەڵبوونی پەرستنی بتەکان و جگە لە خوا و پەرستنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) .

پوچەڵبوونی پەرستنی فریشتەکان، کە ئەوان نزیکترین کەسن لە خوای گەورەوە جگە لە کەسە تایبەتەکانی بەنی ئادەم نەبێت .

پوچەڵبوونی شەفاعەتی نەفیکراو بۆ جگە لە خوا، وە شەفاعەتی حەق هی خوای گەورەیە .

پوچەڵبوونی هیدایەتی تەوفیق بۆ جگە لە خوا، وە هیچ کەسێك خاوەنی نییە تەنها خوا نەبێت .

١٥/ بەشی : ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ وَلَا يَسْتَطِيعُونَ لَهُمْ نَصْرًا وَلَآ أَنفُسَهُمْ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾﴾.

- خوای گەورە بێ دەسەڵاتی ئەو بتانەی روون کردەوە، وە ئەوانە بە کەڵکی پەرستن نایەن لە چوار رووەوە :

١. ئەوانە ناتوانن هیچ شتێك دروست بکەن، وە هەرکەسێ نەتوانێت شتێك دروست بکات شایەنی پەرستن نییە .

٢. ئەوانە خۆیان لە نەبوونەوە دروست کراون، جا ئەوان پێویستیان بە جگە لە خۆیانە لەسەرەتاوە و بۆ بەردەوام بوون .

٣. ناتوانن ئەو کەسانە سەربخەن کە داوایان لێ دەکەن .

٤. ئەوانە ناتوانن خۆیان سەربخەن .

بەڵگەی دووەم :

ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣ ﴾ ئایەتەکە

- (قِطۡمِيرٍ) : بریتییە لەو تۆپکلّە تەنکەی لەسەر ناوکی خورمایە .
- خوای گەورە پەرستنی جگە لە خۆی بە ئەم بوارانە پووچەڵ کردەوە :

١. ئەوان خاوەنی هیچ شتێك نین .
٢. ئەوانە نابیسن .
٣. ئەگەر وای دانێین ئەوانە دەبیسن ئەوا وەڵام نادەنەوە، چونکە ئەوانە توانای ئەوەیان نییە .
٤. لە رۆژی قیامەتدا خوای گەورە هەموو ئەوانە دەهێنێت کە لە جگە لە خوا دەپەرستران، ئەوانیش کوفر دەکەن بەشیرکی ئەوانەی ئەوانیان کردبووە شەریك بۆ خوا .

بەڵگەی سێیەم تا پێنجەم :

٣/ لە کتێبی (صحيح)دا هاتووە لە (ئەنەس)ەوە دەفەرموێت : (شُجَّ النبي (ﷺ) يوم أُحد، وكُسِرَتْ رَبَاعِيَتُه، وشُجَّ فقال : كيف يُفْلِحُ قوم شَجُّوا نبيَّهم) فنزلتْ : ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾ واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە رۆژی (ئوحود)دا بریندار بوو، ددانی شکاو بریندار بوو، فەرمووی : چۆن کۆمەڵێك سەرفراز دەبن پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) بریندار کردبێت ؟ خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾ .

٤/ وە هەر لە (صحيح)دا هاتووە لە (ابن عمر)ەوە کەوا گوێی لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) – کاتێ سەری بەرز دەکردەوە لە کۆتا کرنۆشی نوێژی بەیانیدا – دەیفەرموو : (اللهم العن فلاناً وفلاناً) لە پاش ئەوەی دەیفەرموو : (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد) خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند :﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾ .

وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : دوعای دەکرد لە (صفوان بن أمية) و (سهيل بن عمرو) و (الحارث بن هشام)، جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ﴾ .

٥/ وە هەر لە (صحيح)دا هاتووە لە (أبو هريرة)وە فەرموویەتی : کاتێ ئایەتی : ﴿ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ٢١٤ ﴾ دابەزی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا و فەرمووی : « يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ –أو كلمة نحوها – اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ، لاَ أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ لاَ أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، يَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، ويَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) سَلِينِي من مالي مَا شِئْتِ لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ». واتە : ئەی هۆزی قورەیش – یان وشەیەك لە نمونەی ئەوە– خۆتان لە خوا بکڕنەوە، هیچ سوودێکتان پێ ناگەیەنم لای خوای گەورە، ئەی (عەبباسی کوڕی عبدالمطلب) هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنم لای خوا، ئەی (صفية)ی پووری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنم لای خوا، ئەی (فاطمة ی کچی محمد) (ﷺ) هەر شتێك لە سامانەکەم ویستت لە سەرە داوام لێ بکە، دڵنیابە کە هیچ قازانجێکت پێ ناگەیەنم لە لای خوای پەروەردگار))

- (شُجَّ) الشَّجَّة : ئەو برینەیە کە بە تایبەتی لە سەر و دەموچاودا دەبن .
- **(رباعيتهُ) :** ئـەو دوو ددانـەی ناوەڕاسـت پێـی دەڵـێن : (ثنايـا) وە ئـەو دوانـەی ئەولایان پێی دەڵێن : (رباعيتين) .
- بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا پێغەمبـەری خـواش (ﷺ) مرۆڤـە و ئـەوەی تووشـی مـرۆڤ دەبێت تووشی ئەویش دەبێـت، هـەروەها پووچـەڵبوونی پەرسـتنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ).
- پەند و عیبرەتی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی پەند وەردەگرن، بەوەی هیچ کەسێکی سەرپێچیکار لە رەحمەتی خوای گەورە دوور نەخەینەوە .
- (صفوان بن أمية و سهيل بن عمرو و الحارث بن هشام) ئەو سێ کەسـە ئیسـلام بوون و بە ئیسلامەتییەکی جوان و چـاك، بۆیـە وردەبـەرەوە کـەوا دوژمنایـەتی رەنگە بگۆردرێت بۆ دۆستایەتی .
- **ئەوەی نەهی لێکراوە :**

١. لەعنەت کردن لە کەسێکی دیاریکراو لە بێباوەڕان، بەڵام لەعنەت کردن لێیـان بە شێوەیەکی گشتی ئەوا ئاساییە، وە دروستە دوعا لە کەسی بێباوەڕ بکرێت و بگوترێت : ((اللهم ! أرح المسلمين منه)) .

٢. پارانەوە لە خوا بە هەلاکەت چوونی هەموو بێباوەڕان، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دوعای لێ نەکردن، خوای گەورە تەقدیری وایە کە بمێننەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری دوو ئایەتەکە (بەڵگەی ئەوەیان تێدایە کەوا پەرستنی بتەکان و جگە لە خوا پووچەڵە).

دووەم : چیرۆکی ئوحود (بەڵگەی پووچەڵبوونی پەرستنی پێغەمبەری (ﷺ) خوای تێدایە جا جگە لە ئەو لە پێشترە).

سێیەم : قنوت کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گەورە ئەولیاکانیش لە پشتییەوە (ئامین)یان دەکرد لە نوێژەکەدا (هیچ کەسێك لەم ئوممەتە نزیکتر نییە لە خوداوە وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی، لە گەڵ ئەوەشدا خۆیان دەدەنە پاڵ خوای گەورەو داوایان لەو دەکرد، جا جگە لەوان لە پێشترن) .

چوارەم : ئەوانەی دوعایان لێ دەکرا بێباوەڕ بوون (کەچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرانبەر بەوان هیچی بە دەست نەبوو)

پێنجەم : ئەوان چەند شتێکیان کرد کەوا زۆربەی بێباوەڕان نەیانکردووە، لەوانە بریندارکردنی دەموچاوی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، سووربوونیان لەسەر کوشتنی و هەروەها شێواندنی جەستەی کوژراوەکان، هەرچەندە ئەوانە ئامۆزای بوون .

شەشەم : خوای گەورە لەو بارەیەوە ئەم ئایەتەی بۆ دابەزاند : ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ (جا هەموو کاروبارەکە بۆ خوایە) .

حەوتەم : ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَٰلِمُونَ ﴾ جا خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتن و ئیمانیان هێنا .

هەشتەم : قنوت کردن لە کاتی بەڵا و موصیبەتدا (نەوازل)دا (دروستە نییە بکرێت ئیللا لەو کاروبارانەدا نەبێت کە لە لایەن خوداوەیە وەکو زەمینە لەرزە).

نۆیەم : ناوهێنانی ئەوانەی دوعایان لێ دەکرێت لە نوێژەکاندا بە ناوی خۆیان و ناوی باوکیانەوە (دروستە).

دەیەم : لەعنەت کردن لە کەسی دیاری کراودا لە قنوتدا (دروست بووە لە پێشدا و ئەمجار نەهی لێکراوە) .

یازدەیەم : چیرۆکەکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ ئەو ئایەتەی بە سەردا دابەزی: ﴿ وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ﴾ (ئەویش فەرمانی خوای بە جێ هێنا).

دوازدەیەم : هەولّ و تێکۆشانی زۆری پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە پێناوی ئەم کارەدا، بە شێوەیەك گەیشتە ئەوەی شێتبوونی بدرێتە پاڵ، هەروەها ئەگەر هەر کەسێکی موسڵمان ئێستا بیکات ئەوا شێتبوونی دەدەنە پاڵ (بۆیە پێویستە ئەوپەڕی هەولّ و تێکۆشان بدرێت لە بانگەوازدا بەڵام بە حیکمەتەوە).

سیازدەیەم : بە کەسی دوور و نزیکی فەرموو : (لاَ أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا) تەنانەت بە (فاطمة)ی کچی فەرموو : (يَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا) جا ئەگەر بە ئاشکرا ئەوەی دووپاتکردەوە کەوا ئەو هیچ سوودێك بە گەورەی ئافرەتانی جێهانیان ناگەیەنێت – لە کاتێکدا خۆیشی گەورەی پێغەمبەرانە –، وە مرۆڤ باوەڕی وا بێت کەوا هیچ ناڵێت تەنها حەق نەبێت، ئەمجار تەماشای ئەوەی کرد کە تووشی دڵی خەڵکی بووە لە ئەمڕۆدا، بۆی روون دەبێتەوە کە خەڵکی چۆن وازیان لە تەوحید هێنانەوە و دین نامۆ بووە (ئەوەی سوود بەخشە بە نیسبەت پێغەمبەری خواوە(ﷺ) باوەڕهێنانە پێی و شوێنەکەوتنیەتی، ئەمجار کەسی ئیماندار سۆز و خۆشەویستی بۆ لای پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، ئەمەش کارێکە و ئینکاری لێ ناکرێت، بەڵام کەسی موسڵمان نابێت حوکم بدات لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی، بەڵکو پێویستە شوێنی ئەوە بکەوێت کە قورئان و فەرموودە دەلالەتی لەسەر دەکەن و عەقڵی ساغ و سەلامەت پشتگیری دەکەن لە کاتی گومان و شەهەواتدا) .

١٦ / بەشی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾

- ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە دەلالەت دەکەن لەسەر ئەوەی هیچ کەسێك شایستەی ئەوە نییە ببێتە شەریك لە گەڵ خوادا، چونکە ئەوەتا فریشتەکان کە نزیکترین دروستکراوی خوان –جگە لە کەسە تایبەتەکانی نەوەی ئادەم نەبێت – کەچی تووشی ئەو ترسە زۆرە دەبن لە کاتی بیستنی قسەی خوای گەورەدا.

باوەڕهێنان بە فریشتەکان، چی لە خۆ دەگرێت ؟

- ئەوە لە خۆ دەگرێت کەوا : باوەڕمان هەبێت ئەوان جیهانێکی غەیبین، خوای گەورە ئەوانی لە روناکی دروست کردووە، گوێڕایەڵی خوا دەکەن و سەرپێچی ناکەن، ئەوان رۆح و عەقڵ و جەستە و دڵیان هەیە، باوەڕمان پێیان هەیە و بەو هەواڵانەی خوای گەورە دەربارەی کارو صیفات و ناو و هەواڵیان داویەتی و ئەوەی لە بارەی ئەوانەوە هاتووە .

(فُزِّعَ) : ترسی لە ناکاو لەسەر دڵیان رووایەوە .

(وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ) : ئەهلی سوننە ئەوە دەسەلمێنن کەوا : ١/ بەرزی زاتی خۆی . ٢/ بەرزی صیفاتەکانی ٣ / بەرزی زاڵبوونی بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا . . سوود بە دەست هاتووەکانی ئایەتەکە :

فریشتەکانش لە خوای گەورە دەترسن، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَخَافُونَ رَبَّهُم مِّن فَوۡقِهِمۡ ﴾

سەلماندنی دڵ بۆ فریشتەکان، خوای گەورە دەفەرموێت : (حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ).

سەلماندنی ئەوەی : ئەوان خاوەنی جەستەن و تەنها گیانێك نین بە بێ جەستە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ ﴾ ئەوان خاوەنی عەقڵن، چونکە دڵەکان عەقڵی لە خۆ گرتووە .

سەلماندنی قسە بۆ خوای گەورە و ئەوەش پەیوەستە بە ویستی خوداوە .

سەلماندنی ئەوەی قسەی خوای گەورە حەقە، حەقیش لە قسەدا واتە: ١/ راستگۆیی لە هەواڵەکاندا. ٢/ دادپەروەری لە ئەحکامەکاندا، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًاۚ ﴾ .

بەڵگەکانی بەرزی زاتی خوای گەورە بە گشتی پێنج دانەن :

- قورئان
- سوننەت
- ئیجماع
- عەقڵ
- فیترەت

بەڵگەی دووەم :

لە (الصحيح)دا هاتووە لە (أبو هريرة)وە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی : ((إذا قضى الله الأمر في السماء ضربت الملائكة بأجنحتها خضعاناً لقوله، كأنه سلسلة على صفوان، ينفذهم ذلك حتى إذا فزع عن قلوبهم، قالوا : {ماذا قال ربكم؟} قالوا: الحق وهو العلي الكبير، فيسمعها مسترق السمع، ومسترق السمع هكذا بعضه فوق بعض – وصفه سفيان بكفه فحرفها وبدد بين أصابعه – فيسمع الكلمة فيلقيها إلى من تحته، ثم يلقيها الآخر إلى من تحته، حتى يلقيها على لسان الساحر أو الكاهن، فربما أدركه الشهاب قبل أن يلقيها، وربما ألقاها قبل أن يدركه، فيكذب معها مائة كذبة، فيقال : أليس قد قال لنا يوم كذا وكذا: كذا وكذا ؟ فيصدق بتلك الكلمة التي سمعتْ من السماء"

واتە : ئەگەر خوای گەورە فەرمانێکی دا لە ئاسمانەکاندا فریشتەکان باڵیان دەدەن بە یەکدا وەکو زەلیلی نواندنێك بۆ فەرمانەکانی خوا، هەروەکو زنجیرێك بەسەر بەردێکی لووس و رەقدا دابێت، ئەم دەنگە دەگاتە هەموو جێگایەك کاتێ ترسەکە لە دڵیان رووایەوە و نەما، وتیان : پەروەردگارتان چی فەرموو ؟ وتیان : حەقی فەرموو هەر خۆی بەرز و مەزنە، ئەو کات لەوانەی گوێقڵاغ دەبەن گوێیان لێ دەبێت، وە گوێقڵاغەکان ئا بەم شێوەن هەندێکیان لە سەر هەندێکی ترن – سوفیان بە لەپی دەستی وەصفی شێوازەکەی کرد و بە سەر یەکەوە پەنجەکانی لە یەك جودا کردەوە – ئەویش وشەکە دەبیسێ و دەیداتە گوێی ئەوەی خوارەوەی خۆی، ئەمجار ئەویتر دەیداتە گوێی ئەوەی خوارەوەی خۆی، تا دەیخەنە سەر زاری جادووبازەکە یان کاهینەکە، رەنگە پێش ئەوەی بگاتە لای جادووبازەکە ئەستێرەیەك لێی بدات، وەرەنگە بگاتە لای جادووبازەکە پێش ئەوەی ئەستێرەکە لێی بدات، ئەمجار ئەویش سەد درۆی لە گەڵدا دەکات، خەڵکیش دەڵێت : ئایە فلان رۆژ فلان قسەی بۆ نەکردین و قسەکەی تەواو بوو ؟ بۆیە بە هۆی ئەو وشەیەوە کە لە ئاسمانەوە بیستی خەڵکی باوەڕ بە قسەکانی دەکات)).

- **(صفوان) :** بریتییە لە بەردێکی لووسی رەق، وە دەنگی زنجیرەکە بە سەریدا دەنگێکی مەزنی دەبێت، مەبەست لێی شوبهاندنی ئەو ترسەی بە سەریاندا دێت کاتێ گوێیان لە قسەکانی دەبێت .
- **(ينفذهم ذلك) :** ئەم دەنگە دەگاتە هەموو جێگایە دەنگ پێی بگات.

سوود بە دەست هاتووەکانی فەرموودەکە :

- سەلماندنی قسەکردن بۆ خوای گەورە و سەلماندنی مەزنی خوای گەورە، وە هیچ شتێك لە خوای گەورەوە دەرناچێت ئیللا حەق نەبێت .
- سەلماندنی باڵ و قسە و عەقڵ بۆ فریشتەکان، وە ئەوان دەترسن و ملکەچی خوا دەبن .

- خوای گەورە خۆی توانای بەو جنۆکانە بەخشیوە بگەنە ئاسمان بۆ ئەوەی ببێتە تاقیکردنەوەیەك و فیتنەیەك بۆ خەڵکی .
- زۆری جنۆکە، وە جەستەیان سووکە و بە فڕین دەفڕن .
- کاهینەکان درۆزنترین خەڵکن، بۆیە چەندین درۆ دەخەنە پاڵ ئەوەی بیستوویانە .
- کەسی جادووباز شتێ پیشانی کەسی جادوولێکراو دەدات کە راستی نییە، بۆیە پێویستە لێی بە ئاگا بین .قوناغەکانی گوێقلاغ کردن لە لایەن جنۆکەوە :

١. لە پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێقلاغی زۆر بووە .
٢. کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەوانە کرا ڕێگریان لێکرا چیتر گوێقلاغی بکەن .
٣. لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێکی تر گەڕانەوە بۆ گوێقلاغی بەڵام بە کەمی .

بەڵگەی سێیەم :

لە (النواس بن سمعان)ەوە هاتوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

((إِذَا أَرَادَ اللَّه تعالى أَنْ يُوحِي بِالأمر، تَكَلَّمَ بِالْوَحْيِ أَخَذَتِ السَّمَاوَات منه رَجْفَة – أَوْ قَالَ: رَعْدَة – شَدِيدَة، خَوْفًا مِنْ اللَّه عَزَّ وَجَلَّ، فَإِذَا سَمِعَ ذَلِكَ أَهْل السَّمَاوَات صعِقُوا وَخَرُّوا لِلَّهِ سُجَّدًا، فَيَكُون أَوَّل مَنْ يَرْفَع رَأْسه جِبْرائيل، فَيُكَلِّمهُ اللَّه مِنْ وَحْيه بِمَا أَرَادَ، ثم يمرُّ جِبْرائيل عَلَى الْمَلَائِكَة، كُلَّمَا مَرَّ بِسَمَاءٍ سَأَلَهُ مَلَائِكَتهَا : مَاذَا قَالَ رَبّنَا يَا جِبْرائيل ؟ فَيَقُول جِبْرائيل: قَالَ الْحَقّ وَهُوَ الْعَلِيّ الْكَبِير، فَيَقُولُونَ كُلّهمْ مِثْل مَا قَالَ جِبْرائيل، فَيَنْتَهِي جِبْرائيل بِالْوَحْيِ حَيْثُ أَمَرَهُ اللَّه عزَّ وجل)) .

واتە : ئەگەر خوای گەورە – بەرز و پیرۆز بێت – ویستی وەحی بە فەرمانێك بکات، بە وەحییەکە قسە دەکات، ئەو کات ئاسمانەکان بە هۆی ئەو قسەیەوە دێنە لەرزە – یان فەرمووی : گرمەیەکی تۆند – لە ترسی خوای پەروەردگاردا، جا ئەگەر ئەهلی ئاسمانەکان ئەوەیان بیست هەموو دادەچەڵەکێن و دەچنە سوژدە بۆ خوای

گەورە، جا یەکەم کەسێك سەر بەرز دەکاتەوە جبرائیلە، جا خوای گەورە ئەوەی بیەوێ وەحی بۆ جبرائیل دەکات، ئەمجار جبرائیل بە فریشتەکاندا تێدەپەڕێت، هەر کاتێك بە هەر ئاسمانێکدا تێپەڕێت فریشتەی ئەو ئاسمانە لێی دەپرسن، ئەی جبرائیل پەروەردگارمان چی فەرموو ؟ جبرائیل دەفەرموێت : حەقی فەرموو، هەر ئەو بەرز و بڵند و مەزنە، ئەمجار هەموویان وەکو ئەوە دەڵێن کە جبرائیل فەرمووی، جا جبرائیل وەحییەکە دەگەیەنێتە ئەو شوێنەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە)).

سوود بە دەست هاتووەکانی فەرموودەکە :

- سەلماندنی ئیرادە بۆ خوای گەورە، ئەویش دوو بەشە :

١/ ئیرادەیەکی شەرعی .

٢/ ئیرادەیەکی گەردوونی (کەونی) .

- دروستکراوەکان هەرچەندە بێ گیان بن هەست بە مەزنی دروستکارەکەیان دەکەن .
- بوونی چەند ئاسمانێك، وە هەر ئاسمانە و فریشتەی تایبەتی خۆی هەیە .
- فەزڵی جبرائیل، ئەوەتا ئەو ناسراوە بە ئەمانەت پارێزی وەحی و ئەویش ئەمین و سپاردە پارێزە .

سەلماندنی عیززەت و شکۆمەندی بۆ خوای گەورە (عزَّ وجل) :

((عزَّ)) : عیززەت بە مانای زاڵبوون و هێز دێت، وە (عەزیز) سێ مانای هەیە :

- کەسێکی عەزیزە کە هیچ کەسێك ناتوانێت خراپەی پێ بگەیەنێت .
- کەسێکی عەزیزە و خاوەنی توانایە هیچ کەسێك تێیدا بەشدار
- کەسێکی عەزیزە زاڵ و سەرکەوتووە .

((جلَّ)) : الجلال : بە مانای مەزنییەك دێت کە هیچ مەزنێك لە سەرووی ئەوەوە نییە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکە : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ ﴾

دووەم : ئەو بەڵگانەی تێدایە لەسەر پووچەڵبوونی شیرك، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە پیاوچاکانەوە، ئەویش ئەو ئایەتەیە کە دەڵێن : دەماری داری شیرك لە دڵەکاندا دەبڕێت .

سێیەم : تەفسیری ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : (قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴿٢٣﴾).

چوارەم : هۆی پرسیار کردنەکەیان دەربارەی ئەوە (تۆندی و سەختی ترسەکەیانە) .

پێنجەم : جبرائیل وەڵامیان دەداتەوە لە پاش ئەوە دەڵێت : (قال كذا وكذا).

شەشەم : باسی ئەوەی کردووە کەوا یەکەم کەس سەری بەرز دەکاتەوە جبرائیلە (ئەمەش بەڵگەی فەزڵی ئەوە) .

حەوتەم : ئەو قسەیە بە هەموو ئەهلی ئاسمانەکان دەڵێت چونکە پرسیاری لێ دەکەن (ئەمەش بەڵگەی مەزنی ئەوی تێدایە لە ناویاندا) .

هەشتەم : ئەو بورانەوە هەموو ئەهلی ئاسمان دەگرێتەوە .

نۆیەم : لەرینەوە و هاتنە لەرزەی ئاسمانەکان بە هۆی قسەی خوای گەورەوە (لەبەر مەزنی خوای گەورە) .

دەیەم : جبرائیل وەحییەکە دەگەیەنێتە ئەو جێگەیەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە (چونکە ئەو دەست پاك و سپاردە پارێزە) .

یازدەیەم : باسی گوێقڵاغی شەیتانەکان .

دوازدەیەم : شێوازی سواربوونی هەندێکیان بەسەر ئەوانی تردا .

سیازدەیەم : ناردنی ئەستێرە (شیهاب) (ئەو کەسانە دەسوتێنێ کە گوێقڵاغ بوون).

چـواردەیەم : هەندێ جار ئەستێرەکە لێی دەدات پێش ئەوەی پێی بگات، وە هەندێ جار دەیگەیەنێتە گوێی دۆستەکەی خۆی لە مرۆڤەکان، پێش ئەوەی ئەستێرەکە (شیهابەکە) لێی بدات .

پازدەیەم : هەندێ جار کاهینەکان راست دەکەن .

شازدەیەم : لە گەڵیدا سەد درۆ دەکەن (لە رووی زیادەڕەوییەوە نەك لە رووی ژمارەوە).

حەڤدەیەم : هیچ کەسێك باوەڕ بە درۆکانی ناکات ئیللا بە هۆی ئەو وشەیەوە نەبێت کە لە ئاسمانەوە بیستی .

هەژدەیەم : نەفسەکان شتی پووچ وەردەگرن، ئەگەر نا چۆن خۆیان پەیوەست دەکەن بە یەك دانەوە و عیبرەت لەو سەدەکەی تر وەرناگرن ؟

نۆزدەیەم : ئەوان ئەو وشە لە یەکتر وەردەگرن و لەبەری دەکەن و دەیکەنە بەڵگە بۆ خۆیان (چونکە ئەو وشەیە ڕەواج بە قسەکانیان دەدات، جا ئەگەر قسەکانیان هەموو درۆ بوایە ئەوا ڕەواجی نەبوو).

بیستەم : سەلماندنی صیفاتەکانی تێدایە، بە جیاواز لە گەڵ گرووی ئەشعەری و (معطلة)کاندا .

بیست و یەکەم : بە راشکاوی وتنی : ئەو لەرزین و بوورانەوە لە ترسی خوادایە .

بیست و دووەم : ئەوان دەچنە سوجدە بۆ خوای تاك و تەنها (وەکو مەزنی بۆ خوا و خۆپارێزی لەوەی لێی دەترسن).

١٧/ بەشی : شەفاعەت

بۆ نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە ؟

- لەبەر پوچەڵی شەفاعەتی بتەکان، چونکە بێباوەڕەکان باوەڕیان وابوو کەوا لای خوای گەورە شەفاعەتیان بۆ دەکەن .
- چونکە خوای گەورە زانست و توانا و دەسەڵاتی کامل و تەواوە، نەك وەکو پادشاکانی دونیا چونکە ئەوان پێویستیان بە شەفاعەتکارە لەبەر کەمی زانست و دەسەڵات و کەمی توانایان، بۆیە شەفاعەت کارەکان جورئەت ئەکەن و بە بێ ئیزنی ئەوان شەفاعەت بکەن.

بەڵگەی یەکەم تا پێنجەم :

١/ خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ وَأَنذِرۡ بِهِ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَن يُحۡشَرُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ لَيۡسَ لَهُم مِّن دُونِهِۦ وَلِيٌّ وَلَا شَفِيعٌ ﴾

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ ﴾

٣/ خوای گەورە دەفـەرموێت : ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ ﴾ البقرة: ٢٥٥

٤/ خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت : ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـٔٗا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ٢٦ ﴾

٥/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ٢٢ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥۚ ﴾

- (وَأَنذِرۡ بِهِ) : (الانذار) بریتییە لە : ئاگادارکردنەوەیەک ترس لە خۆ بگرێت، وە مانای ئەوەیە کە بە قورئان ئاگاداریان بکەرەوە.
- (وَكَم مِّن مَّلَكٖ) : واتە : ئەو فریشتانەی لە ئاسمانەکاندا چەندە زۆرن ! لە گەڵ ئەوەشدا شەفاعەتیان هیچ سوودێکی نییە ئیللا لە پاش ئیزنی خوا نەبێ و رازی بوونی لە شەفاعەتکار و لەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت .
- (ٱدۡعُواْ) : بۆ تەحەددا و بێ توانایی بەرانبەرە، بـە مانـای ئـەوەی : ئامادەیـان بکەن یان لێیان بپارێنەوە بە پارانەوەیەکی داواکردن .

- (مِن شِرْكٍ) : واتە : خاوەنی هیچ شتێك نین نە بەتەنها و نە بە بەشداری یەکتر.
- (مِّن ظَهِيرٍ) : نەفی ئەوەی کردووە کەوا بتەکان ببنە یارمەتیدەر، وە (ظَهِيرٍ) یارمەتیدەرە .
- ئەم بتانە خاوەنی هیچ شتێك نین لەوەی کە پەرستراوەکانیان خۆیان پێوە پەیوەست کردووە، چونکە ئەوان خاوەنی هیچ شتێك نین نە بە تەنها و نە بە بەشداری یەکتر و نە بە یارمەتیدانی یەکتر، چونکە ئەوەی یارمەتیت دەدات هەرچەندە شەریکت نەبێت ئەوا منەتی دەبێت بە سەرتدا، چونکە رەنگە پشتگیری بکەیت لە بەخشینی ئەوەی دەیەوێت، جا ئەگەر ئەم سێ کارە نەفی کرا و نەبوو، هیچ شتێك نامێنێتەوە تەنها شەفاعەت نەبێت، ئەویش خوای گەورە پووچەڵی کردووەتەوە، بۆیە شەفاعەتی ئەوانە هیچ سوودێکی نییە .
- ئەم ئایەتەو ئەوەی لە پاشی دێت، (ابن القيم) – رەحمەتی خوای لێ بێت – دەربارەی دەفەرموێت : (ئەم ئایەتە ئەوەیە کە دەمارى دارى شیرك لە دڵەکاندا دەبڕێت).

بەشەکانی شەفاعەت (بریتییە لە نێوەندگیری کردن بۆ کەسێکی تر بە مەبەستی بە دەست هێنانی قازانجێك یان دوورخستنەوەی زیان و زەرەرێك) .

سەلمێندراو : بریتییە لەو شەفاعەتەی کە خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندوویەتی، وە پێویستە ئەم مەرجانەی تیادا بێت :

١الجەڵەتدانی خوای گەورە بەو شەفاعەتە .

٢الجەرازیبوونی خوای گەورە لەو کەسەی شەفاعەتەکە دەکات .

٣الجەرازیبوونی خوای گەورە لەو کەسەی شەفاعەتەکەی بۆ دەکرێت.

ئەمیش دوو جۆر :

شەفاعەتی نەفیکراو ئەوەیە کە قورئان نەفی کردووە، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە کە لە جگە لە خوا داوا دەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەسێك توانای لەسەر نیە تەنها خوا نەبێت . وە حوکمی ئەم جۆرە شیرکی گەورەیە .

ئەوەی کە دروستکراوەکان توانایان لەسەر هەیە ئەمەش دروستە بەو مەرجەی کەوا کەسی شەفاعەتکار : زیندوو بێت، توانای هەبێت، ئامادە بێت، هۆکار بێت .

﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ لِمَن يَشَآءُ وَيَرۡضَىٰٓ ﴿٢٦﴾ ﴾

١/ تایبەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هیچ کەسێك لە گەڵیدا بەشدار نییە :

شەفاعەتە مەزنەکە : ئەویش بریتییە لە (المقام المحمود) کە خوای گەورە بەڵێنی پێداوە.

شەفاعەت کردن بۆ (ابو تالیب)ی مامی بۆ ئەوەی سزاکەی کەم بکرێتەوە .

شەفاعەت کردنی بە مەبەستی کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت .

٢/ گشتییە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەموو پێغەمبەران و نێردراوان و فریشتەکان و یەکتاپەرستان و منداڵەکان (ئەوانەی بە منداڵی مردوون).

شەفاعەت کردن بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی یەکتاپەرستان لە بەهەشتدا .

شەفاعەت کردن بۆ ئەو یەکتاپەرستانەی کە شایستەن بچنە ناو دۆزەخەوە بەوەی نەچنە دۆزەخەوە.

شەفاعەت کردن بۆ ئەو یەکتاپەرستانەی چوونەتە ئاگرەوە بەوەی لە ئاگر دەرچن.

(أبوالعباس) دەفەرموێت : خوای گەورە هەموو ئەوەی موشریکەکان خۆیان پێوە پەیوەست کردووە نەفی کردووە جگە لە خۆی، جا نەفی خاوەندارێتی لە جگە لە خۆی کردووە، یان هیچ بەشێکی هەبێت یان یارمەتیدەری خوا بێت، کەواتە هیچ شتێك نەمایەوە تەنها شەفاعەت نەبێت، جا ئەوەی روونکردەوە کەوا هیچ سوودێکی نییە ئیللا بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە پەروەردگار ئیزنی پێ داون، هەروەکو دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ ﴾ .

جا ئەم شەفاعەتەی کە موشریکەکان باوەڕیان پێی هەیە شەفاعەتێکی نەفیکراوە و بوونی نییە لە قیامەتدا، هەروەکو قورئان نەفی کردووە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین کەوا دێت و بۆ خواکەی سوجدە دەبات و سوپاس و ستایشی دەکات – لە سەرەتادا بە شەفاعەت دەست پێ ناکات – ئەمجار پێی دەگوترێت : (ارْفَعْ رَأْسَكَ، وقل يُسمعْ، وسَلْ تُعْطَهْ، واشْفَعْ تُشَفَّعْ) واتە : ((سەرت بەرزکەرەوە، وە بڵێ و قسەکانت دەبیسترێت، وە داوا بکە و پێت دەبەخشرێت و شەفاعەت بکە و شەفاعەتەکەت وەردەگیرێت)) .

ئەبو هورەیرە بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو : (من أسعد الناس بشفاعتك ؟ قال: (من قال: لا إله إلا الله، خالصاً من قلبه). واتە : کێ بەختیارترین و کامەرانترین کەسە بە شەفاعەتت ؟ پێغەمەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەو کەسەیە وتبێتی : (لا اله الا الله) بە موخلیصی و دڵسۆزییەوە لە دڵیەوە)) .جا ئەو شەفاعەتە بۆ خاوەن ئیخلاصەکانە بە ئیزنی خوا، وە بۆ کەسێك نییە شەریکی بۆ خوا بڕیار دابێت .

وە حەقیقەتەکەشی : خوای گەورە خۆی فەزڵی خۆی دەبەخشێتە ئەهلی ئیخلاص و لێیان خۆش دەبێت بە هۆی دوعای ئەو کەسەی خۆی ئیزنی پێداوە شەفاعەت بکات بۆ ئەوەی رێزی لێ بگرێت، وە بگاتە پلەو پایەی سوپاسکراو (المقام المحمود).

جا ئەو شەفاعەتەی کە قورئان نەفی لێکردووە ئەوەیە کە شیرکی تێدایە، بۆیە خوای گەورە شەفاعەتی سەلماندووە بە ئیزنی خۆی لە چەند جێگایەکدا، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی روونکردووەتەوە کەوا بۆ هیچ کەسێك نابێت ئیللا بۆ ئەهلی تەوحید و ئیخلاص نەبێت)) قسەکانی لێرەدا تەواو بوو .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکان (ئەوانیش پێنج ئایەتن) .

دووەم : صیفەتی شەفاعەتە نەفیکراوەکە (ئەویش ئەوەیە کە شیرکی تێدایە) .

سێیەم : صیفەتی شەفاعەتە سەلمێنراوەکە (ئەویش شەفاعەتە بۆ ئەهلی تەوحید لە پاش ئیزن و رازیبوون) .

چوارەم : باسی شەفاعەتەکە گەورەکە، ئەویش پلەو جێگا سوپاسکراوەکەیە (المقام المحمود) بۆ ئەهلی (مەوقیف) .

پێنجەم : صیفەتی ئەو کارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکات، ئەویش سەرەتا بە شەفاعەت دەست پێ ناکات، بەڵکو سوجدە دەبات، جا ئەگەر ئیزنی پێدرا ئەو کات شەفاعەت دەکات (ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەزنی پەروەردگار و کەمالی ئەدەبی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)) .

شەشەم : کێ لە هەموو کەس زیاتر دڵخۆشە بەو شەفاعەتە ؟ (ئەهلی تەوحید و ئیخلاص) .

حەوتەم : ئەو شەفاعەتە بۆ کەسێك نابێت کە شیرکی بڕیار دابێت .

هەشتەم : روونکردنەوەی حەقیقەتەکەی (خوای گەورە فەزڵی خۆی دەبەخشێتە ئەهلی ئیخلاص و لێیان خۆش دەبێت بە هۆی دوعای ئەو کەسەی خۆی ئیزنی پێداوە شەفاعەت بکات بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرێت، وە بگاتە پلەو پایەی سوپاسکراو (المقام المحمود).

١٨ / بەشی ئەو ئایەتە پیرۆزە کە دەفەرموێت :

﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾

بەڵگەی دووەم :

لە کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە (ابن المسیب)ەوە لە باوکییەوە فەرموویەتی : (لَمّا حَضَرَتْ أَبا طَالِبٍ الْوَفاةُ، جاءَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) و عِنْدَهُ عَبْدُ اللهِ بْنُ أَبِي أُمَيَّةَ و أَبو جَهْلٍ، فقَالَ (ﷺ) لە : ((يا عَمِّ، قُلْ : لا إِلهَ إِلاّ اللهُ، كَلِمَةً أُحاجُ لَكَ بِها عِنْدَ اللهِ)) فَقَالا لە : أَتَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ عَبْدِ المطَّلِب؟ فأعاد عليه النبي (ﷺ)، فأعادا، فكان آخر ما قال : هُوَ عَلى مِلَّة عَبْدِ المطَّلِبِ، وَأَبى أَنْ يَقُولَ: لا إِلهَ إِلاّ اللهُ، فَقالَ النبي (ﷺ) : ((لأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ ما لَمْ أُنْـهَ عَنْـكَ)) فَـأَنْزَلَ اللهُ عـزَّ وجـل : ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ ﴾ وأنزل الله في أبي طالب :﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾.

واتە : کاتێ ئەبو تالیب لە سەرە مەرگدا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لای لە کاتێکدا (عبدالله بن أبي أمية) و (أبو جهل) ی لابوون، فەرمووی : ئەی مامە، بڵێ : (لا اله الا الله) تەنها وشەیەکە دەیکەمە بەڵگەیەك بۆ تۆ لای خوای پەروەردگار، وتیان : ئایە پشت لە دینەکەی (عبدالمطلب) دەکەیت ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووبارەی کردەوە، ئەوانیش دووبارەیان کردەوە، جا کۆتا وشەیەك وتی : ئەو لە سەر دینەکەی (عبدالمطلب) ە، وە رازی نەبوو بڵێت : (لا الە الا الله) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : دەبێ هەردەم داوای لێخۆشبوونت بۆ بکەم لای خوا ئەگەر نەهیم لێ نەکرێت)) جا خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند :﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ ﴾ وە دەربارەی ئەبو تالیب ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾.



- نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ئەوە روون بکاتەوە کەوا هیچ کەسێك ناتوانێت هیدایەتی هیچ کەسێك بدات بە هیدایەتی تەوفیق، ئەویش هەستێ بەوەی خوای گەورە فەرمانی پێکردووە .
- پرسیارێك : چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو تالیبی خۆش دەوێت لە کاتێکدا ئەو کەسێکی بێباوەڕ بووە ؟

ماناکەی تەقدیر دەکرێت بە :

١. ئەوەی هیدایەتی ئەوت لا خۆشەویستە نەك خودی خۆیت لا خۆشەویست بێت (ئەمەش بەهێزترین بۆچوونەکانە) .
٢. ئەوەی کە بە خۆشویستنێکی سروشتی خۆشت دەوێت، ئەمەش دروستە .
٣. ئەوەی خۆشت دەوێت پێش ئەوەی نەهی بکرێت لە خۆشویستنی موشریکەکان.

- (جاءَهُ رَسُولُ اللهِ(ﷺ)) : بەڵگەیە لەسەر موستەحەب بوونی سەردانی کەسی بێباوەڕ ئەگەر ئومێدی ئیسلام بوونی لێ دەکرا .
- (یا عَمِّ) : ئەو کونییەی بە کار هێنا کە دەلالەت دەکات لەسەر سۆز و میهرەبانی، ئەمەش حیکمەتە لە کاتی بانگەوازدا .

- چۆن کۆ دەکەینەوە لە نێوان ئەم فەرموودەیە و ئەوەی کە زانایان دەفەرموون سوننەتە تەلقینی ئەو کەسە بکەیت لە گیانەڵادایە بە بێ ئەوەی پێی بڵێی : (قل) بڵێ؟

وەڵام : ئەبوتاڵیب کەسێکی بێ باوەڕ بوو، ئەگەر پێی گوترا : بڵێ و ئەویش رازی نەبوو، ئەوا ئەو لە سەر کوفرەکەی خۆی ماوەتەوە، تەلقینەکە زەرەری پێی نەگەیاند، بە جیاواز لە گەڵ کەسی موسڵماندا ئەو کارەکەی ترسناکە، چونکە رەنگە تەلقینەکە زەرەری پێ بگەیەنێت .

- (حضَرَتْ) : واتە : نیشانەکانی مردنی لەسەر دەرکەوت، هێشتا نەکەوتبووە گیانەڵا، کەوابوو ئایە تەوبەکەی وەردەگیرێت؟

رای راست و دروست ئەوەیە کە وەرناگیرێت : ١/ چونکە ئایەتی : ﴿ وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ ﴾ بە تەواوی بە سەر فەرموودەکەدا جێبەجێ دەبێت .

٢/ چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (أُحاجُّ لكَ) وە دووپاتی نەکردەوە کەوا سوودی بۆی دەبێت .

ئەم کارە تایبەتە بە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) شەفاعەت بۆ مامی دەکات هەرچەندە بێباوەڕ بووە .

- (المسيَّب) و (عبدالله بن أبي أمية) موسڵمان بوون، بە جیاواز لە گەڵ (ئەبو تالیب و ئەبو جەهل)دا .
- (هو على ملةِ) : راوییەکە وشەکەی گۆڕیوە، لە جێگای راناوی (أنا – من) راناوی (هو – ئەو)ی دانا، ئەمەش بەڵگەی جێ بەجێکردنی تەوحیدی تێدایە لە لایەن ئەوانەی فەرموودەکەیان گێڕاوەتەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتی : ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦ ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتی : ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ ﴾ (بۆیە حەرامە خەم و پەژارە دەرخەیت بە هۆی مردنیانەوە و تەعزیّباری کردنیان).

سێیەم : ئەویش مەسەلە گەورەکەیە، تەفسیری ئەو فەرموودەیە : (قلْ : لا اله الا الله) بە جیاواز لە گەلّ ئەو کەسەی بانگەشەی زانست دەکات (بۆیە رازی نەبوو بیلّێت) .

چوارەم : ئەبو جەهل و ئەوانەی لە گەلّیدا بوون مەبەستی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەزانی ئەگەر بە کەسێك بیگوتایە بلّێ : (لا إله إلا الله)، جا خوای گەورە ئەو کەسە لە هەموو خەیرێك دوور بکاتەوە کە ئەبو جەهل لەو شارەزاتر بێت لە بنەماکانی ئیسلام .

پێنجەم : هەولّ و تێکۆشان و سووربوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئیسلام بوونی مامی: ١/ چونکە نزیکی ئەوە ٢/ لەبەر ئەو چاکەیەی هەیبوو بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئیسلام، جا ئەو بەم کارەی سوپاسکراوە، هەرچەندە لەسەر کوفرەکەی تاوانبارە)

شەشەم : رەدد و وەلّامی ئەوانەی تێدایە کە دەلّێن ئەبو تالیب موسلّمان بووە (ئەوان میللەتی کوفر بوون)

حەوتەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد کەچی خوای گەورە لێی خۆش نەبوو، بەلّکو نەهی ئەو کارەی لێکرا (کارەکە بە دەستی خوایە) .

هەشتەم : زەرەری هاوڕێتی کردنی کەسی خراپ لە سەر مرۆڤ .

نۆیەم : زەرەر و زیانی بە مەزن راگرتنی پێشین و گەورەکان (ئەگەر لەسەر ناحەقی و ناڕەوایی بوون) .

دەیەم : گومانی ئەوانەی لەسەر ناحەقین لەو کارەیاندا (بە مەزن راگرتنی باوو باپیران هەرچەندە لەسەر ناحەق بوون)، چونکە ئەوەتا ئەبو جەهل کردوویەتییە بەڵگە .

یازدەیەم : شاهید و بەڵگە ئەوەیە کەوا کارەکان بە پێی کۆتاییەکەیەتی، چونکە ئەگەر بیگوتایە ئەوا سوودی پێ دەگەیاند.

دوازدەیەم : جوان وردبەرەوە لە گەورەیی ئەم گومانە لە دڵی گومڕاکاندا، چونکە ئەوەتا لە چیرۆکەکەدا بە هیچ شتێکی تر قسەیان لە گەڵدا نەدەکرد تەنها بەوە نەبێت، هەرچەندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووبارەی دەکردەوە و سوور بوو لەسەری، جا لەبەر مەزنی و رووتی لایان تەنها باسی ئەوەیان دەکرد (ئەویش بە مەزن راگرتنی پێشین و گەورەکانە).

تاقیکردنەوەی بەشی سێیەم (٤ بەشە)

پرسیاری یەکەم : ناونیشانی بەشەکانی ئەم بەشە و هۆی هێنانەوەی هەر بەشەی لە لایەن نوسەرەوە بنووسە :

بەشەکە	ناونیشانەکەی	هۆی هێنانەوەی لە لایەن نوسەرەوە بۆ بەشەکە
یەکەم	.....	.....
دووەم	.....	.....
سێیەم	.....	.....
چوارەم	.....	.....

پرسیاری دووەم : حوکمی ئەم کارانە روون بکەرەوە :

(١) دروست، (٢) دروست نییە، (٣) شیرکی گەورەیە، (٤) سوننەتە

کردار	حوکمەکەی	کردار	حوکمەکەی
داواکردنی شەفاعەت لە مردووەکان	.....	تەوەسولکردن بە خاتری پێغەمبەری خوا(ﷺ)	.....
سەردانی نەخۆشێکی موشریك	.....	تەلقین کردنی ئەو کەسەی لە گیانەڵادایە	.....
لەعنەت کردن لە کەسی دیاریکراو	.....	لەعنەت کردن لە بێباوەڕان بە شێوەیەکی گشتی	.....

پرسیاری سێیەم : نیشانەی (×) لە جێگای گونجاودا دابنێ یان بۆشاییەکان پڕ بکەرەوە:

١/ ناوەڕۆکی بەشی سێیەم لە بەشەکانی کتێبی تەوحید بریتییە لە :

تەفسیری تەوحید پووچەڵبوونی پەرستنی جگە لە خوا

٢/ بەشی سێیەم چەند بەشی تێدایە ؟ ٥ بەش ٤ بەش ٦ بەش

٣/ ئەو پرسیارکردنەی لەو ئایەتەدا هاتووە : ﴿ أَيُشْرِكُونَ ﴾ بۆ ئینکاری و سەرزنشت کردنە : راستە هەڵەیە

٤/ خـوای گـەورە بێدەسـەلاتی و بێتوانـایی بتـەکانی رووتکردووەتـەوە لـە ئایـەتی : ﴿ أَيُشْرِكُونَ ﴾ و ئەوانە بە کەلکی پەرستن نایەن، لە : ٤ رووەوە ٣ رووەوە

٥/ ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِۦ ﴾ ئەمە دوعای :

پەرستنە داواکردنە هەمووی دەگرێتەوە

٦/ رەحمەتی خوا لە هیچ کەسێك بە دوور نـازانین ئەگـەر هـاتوو سەرپێچیکار بـوو ئـیللا پێشەوایانی کوفر نەبێت : **راستە هەڵەیە**

٧/ ئەو قسەیەی نوسەر کە دەڵێت : ئەوانەی دوعایان لێ دەکرێت بێبـاوەڕن، مەبەسـتی ئاگادارکردنەوەیە بە کوفری ئەوان . **راستە هەڵەیە**

٨/ ئەو قسەیەی نوسەر کە دەڵێت : (قنوتی گەورەی پێغەمبەران) مەبەستی :

دروستی قنوتـە هـیچ کەسـێك لـەم ئوممەتـەدا وەکـو پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و هاوەڵان نزیك نین لە خوداوە کەچی پەنا دەبەنە لای خوا .

٩/ چۆن دوعا لە بێباوەڕان دەکەین ؟ .....

١٠/ (فُزِّعَ) : ترسەکە لە سەر دڵیان روایەوە : لە ناکاودا بە بەردەوامی.

١١/ (كونهُ يكذبُ معها مائة كذبة) : وەکو : زیادەڕەوی دیاریکردن

١٢/ ﴿ وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ ﴾ : هەرسێ مەرجەکـەی شـەفاعەتی لـە خـۆ گرتووە : **راستە هەڵەیە**

١٣/ هەر شەفاعەتێك شیرکی تێدا بێت ئەوا شەفاعەتی :

نەفیکراوە شیرکییە هەمووی

١٤/ مەبەست لە شەفاعەت ئەوە نییە کە یارمەتی خوا بدرێت لە شتێکدا شـەفاعەتی تێـدا کرابێت، چونکە ئەمە قەدەغەکراوە (**راستە هەڵەیە**) بەڵکو مەبەستی لێی

(ڕێزگرتن لە کەسی شەفاعەتکارە سوودێك بۆ شەفاعەت بۆکراو هەمووی)

١٥/ ئـەو ئایەتـە کامەیـە دەربـارەی وتـراوە : دەمـاری داری شـیرك لـە دڵەکانـدا دەبڕێت؟ .....

١٦ / هیدایەتی سەلمێنراو بریتییە لە : ..... وە نەفیکراو بریتییە لە.....

١٧/ ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾ واتە : هیدایەتدانی

خۆشویستنی سروشتی پێش ئەوەی نەهی بکرێت لە بێباوەڕان هەمووی

١٨/ (حضرتْ أبا طالب الوفاةُ) واتە : ..... یان .....

١٩ / میللەتی (عبدالمطلب) بریتییە لە :

شیرك و بت پەرستی گاور (نەصرانیەت) ئاگرپەرست (مەجوسیەت)

٢٠/ (أُحاجُ) : واتە : باسی دەکەم وەکو حوججەیەك بۆ تۆ لای خوا

مشتومڕ لەبەر تۆ دەکەم لای خوا

٢١ / سوننەتە تەلقینی ئەو کەسە بکرێت لە گیانەلّادایە بە (لا اله الا الله) بەوەی پێی بڵێین : (بڵێ) بەڵگەش کرداری پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لە گەڵ مامیدا ئەبو تالیب :

راستە هەڵەیە

وە چۆن کۆدەکەینەوە لە نێوان ئەو قسەیەی کە زانایان دەفەرموون : سوننەتە ئەو کەسەی لە گیانەلّادایە تەلقین بکرێت بە (لا إله إلا الله) بەڵام بە بێ ئەوەی پێی بگوترێت : (بڵێ)، لە گەڵ ئەو فەرموودەیەی دەفەرموێت : بڵێ : لا إلە الا الله ؟

.....

٢٢/ بۆ راوی فەرموویەتی (هُوَ علی ملّة) وە نەیفەرموو : (أنا)؟.....

٢٣/ سوورببوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئیسلام بوونی ئەبوتاڵیب مامی چونکە : خزمی نزیکی بوو

لەبەر ئەو چاکەیەی بەرانبەر بە خۆی و ئیسلام کردبووی هەمووی

٢٤/ بە مەزن راگرتنی پێشین و گەورەکان نەویستراوە :

بە رەهایی ئەگەر هاتوو لەسەر ناحەقی بوون

پرسیاری چوارەم : بەشەکانی شەفاعەت تەواو بکە :

....، خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندوویەتی، وە تەنها لە و داوا دەکرێت بە چەند مەرجێك :	....، ئەوەیە کە قورئان نەفی کردووە، ئەویش ئەوەیە کە..... وە حوکمەکەشی ئەوەیە کە	....، ئەمەش دروستە بەم مەرجانە :
١/.....		١/.....
٢/.....		٢/.....
٣/.....		٣/.....
		٤/ .....

تایبەتە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەوانە :

١/.....

٢/.....

٣/.....

گشتییە ..... دەگرێتەوە، لەوانە :

١/.....

٢/.....

٣/.....

چوارەم هۆکاری کوفری بەنی ئادەم (٤ بەشە)

نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی هۆکارەکانی کوفر روون بکاتەوە تاوەکو لێی دوور بکەوینەوە، هەروەکو ئەوەی کەسێك پرسیاری کردبێت لە نوسەر و پێی گوتووە : بۆ لە هەندێکی ئەم ئوممەتەدا کوفر روو دەدات ؟ ئەویش بە سێ بەشە یەکەمەکە وەڵامی داوەتەوە، وە لە بەشی چوارەمدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو ڕێگاکانی داخستووە کە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە شیرك .

١٩/ بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هۆکاری کوفری بەنی ئادەم و وازهێنان لە دینەکەیان بریتی بووە لە زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا .

- ئەمە لە گەورەترین هۆکارەکانە و ترسناکترینیانە، وە یەکەم شیرك رووپدا هۆکارەکەی گومانی زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا بوو.

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ ﴾

٢/ ئیمامی بوخاری لە (صحیح)ەکەیدا لە ئیبن عەباسەوە ریوایەتی کردووە دەربارەی ئەو ئایەتە ﴿ وَقَالُواْ لَا تَذَرُنَّ ءَالِهَتَكُمۡ وَلَا تَذَرُنَّ وَدّٗا وَلَا سُوَاعٗا وَلَا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسۡرٗا ٢٣ ﴾ دەفەرموێت : (هذه أَسْمَاءُ رِجَالٍ صَالِحِينَ مِنْ قَوْمِ نُوحٍ فَلَمَّا هَلَكُوا أَوْحَى الشَّيْطَانُ إِلَى قَوْمِهِمْ، أَنْ انْصِبُوا إِلَى مَجَالِسِهِمْ الَّتِي كَانُوا يَجْلِسُونَ فيها أَنْصَابًا، وَسَمُّوهَا بِأَسْمَائِهِمْ، فَفَعَلُوا، ولَمْ تُعْبَدْ، حَتَّى إِذَا هَلَكَ أُولَئِكَ ونسي الْعِلْمُ عُبِدَتْ) واتە: ئەمە ناوی پیاوچاکانە لە قەومەکەی (نوح)، جا کاتێ کۆچی دواییان کرد شەیتان خستیە دڵ قەومەکەیانەوە : لە ناو مەجلیسەکانیاندا –کە تیایدا دادەنیشتن– پەیکەرێك (بتێك) دابمەزرێنن و دروستی بکەن و بە ناوی خۆیانەوە ناوی بنەن،

ئەوانیش کردیان، جا هێشتا نەیاندەپەرست تاوەکو ئەوان بە هەلاکەتدا چوون و زانست و زانیاری لە بیر کرا ئەمجار ئەوانە پەرستران).

پێشەوا ابن القیم –رەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرموێت : لە یەکێك زیاتر لە سەلەف فەرموویانە : کاتێ ئەوان مردن، لە سەر قەبری ئەوان دەمانەوە و رادەوەستان، ئەمجار پەیکەریان لە سەر وێنەی ئەوان دروست کرد، ئەمجار ماوەیەکی زۆر بە سەریاندا تێپەڕی و ئەوانیان پەرست) .

(يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ) : ئەوانیش جولەکەن کە تەوراتیان هەیە و گاورەکانن کە ئینجیلیان هەیە.

(لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ) : واتە : سنووەرکە مەبەزێنن بە پیاهەڵنان یان لەکەدارکردن، جا گاورەکان زیادەرەوییان کرد لە عیسادا بە پیاهەڵنان تاکو گەیشتە ئەوەی وتیان : کوڕی خوایە، وە سێیەمی سێ خواکەیە، وە جولەکە زیادەڕەوییان تێدا کرد بە لەکەدارکردنی .

(هَلَكُوا) : واتە : مردن .

(أَوۡحَى الشَّيۡطَانُ) : شەیتان وەسوەسەی بۆ کردن .

(أَنۡ ٱنصِبُوا) : هەرشتێك دابنرێت و نەصب بکرێت لە دار و بەرد، ئەویش ئەوە بوو، شەیتان بەوانی گوت : تاوەکو ئەوان ببینن چست وچالاك بن لە پەرستنەکەتاندا، بەڵام جیاواز لە گەڵ رێبازی شەرعدا، جا نییەت تەنها بەس نییە، وە دەبێ کرداریشی لە گەڵدا بێت و لە گەڵ شەرعدا کۆك بێت، جا نییەتەکە تەواوە بەڵام کارەکە هەڵەیە .

(حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ أُوْلَٰٓئِكَ) : ئەوانەی ئەو بتانەیان دانا و ئەو پەیکەرانەیان داتاشی .

ئەوانەی پێش نووح بوون سێ شتیان کردووە :

(صوَّروا) : وێنەی پەیکەرەکانیان کێشا، ئەمەش بەڵگەی ترسناکی وێنەکێشان و پەیکەری تێدایە .

(عكفوا) : له سەر گۆڕەکانیان دەمانەوە .

(طال عليهم الأمد) : وە سەردەمی پێغەمبەرایەتی دوور کەوتەوە، وە زانست و زانیاری بزر بوو، ئەو کات شیرکی گەورە روویدا، ئەوانیش ئەوەیان پەرست جگە لە خوا، وە ئەصلّ و بنەماش وایە کە زانست و کردار پێکەوە بن تاوەکو کاری وەکو ئەمە روو نەدات.

خرا پەکانی زیادەڕەوەی :

دانانی ئەو کەسەی زیادەرەوییەکەی تێدا دەکات لە سەرووی پێگە وجێگەی خۆی ئەگەر پیاهەڵنان بێت، وە لە خوارەوەی پێگەو جێگەی خۆیەتی ئەگەر لەکەدارکردن بێت.

سەردەکێشێ بەرەو پەرستنی ئەو کەسەی زیادەڕەوییەکەی تێدا دەکرێت .

دەبێتە رێگرێك لە پێش بە مەزن دانانی خوای گەورە، چونکە نەفسی مرۆڤ یان سەرقاڵە بە ناحەقی و باتڵەوە وە یان بە حەقەوە .

ئەو کەسەی زیادەڕەوی تێدا دەکرێت، ئەگەر خۆی ئامادە بێت ئەوا لە خۆی دەردەچێت، ئەمەش خراپەیەکە کەوا ئەو کەسەی زیادەڕەوییەکەی تێدا دەکرێت خراپ بێت ئەگەر هاتوو پیاهەڵنان بێت، وە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و بەڵا ئەگەر هاتوو لەکەدار کردن بێت.

بەشەکانی خەڵکی لە پیاوچاکاندا :

بەشێکیان زیادەڕەوی دەکات لە پیاهەڵنانا : وەکو گاورەکان لە گەڵ عیسادا .

بەشێکیان زیادەڕەوی دەکات لەکەدارکردندا : وەکو جولەکە لە گەڵ عیسادا.

بەشێکیان ناوەند بوون : نە زیادەڕەوی دەکەن و نە کورتڕەوی، ئەوانیش ئەهلی سوننەن.

بەڵگەی سێیەم تا پێنجەم :

٣/ لە عومەرە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: **(لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، إنما أنا عبد،فقُولُوا : عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ)** (بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە) واتە : خەڵکینە! لەبارەی منەوە زێدەڕۆیی مەکەن، وەکو گاورەکان دەربارەی عیسا هەڵەڕۆییان کردو ئەوەندەیان پیا هەڵدا، کردیانە کوڕی خوا! بەڕاستیی من تەنها بەندەیەکم، ئێوەش لە بارەی منەوە هەر ئەوەندە بڵێن کە: من تەنها بەندەو پەوانەکراوی خوام) .

٤/ لە (ابن عباس)ەوە ریوایەت کراوەو فەرموویەتی : پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموویەتی : **(إياكم و الغلو، فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو)** واتە: وریای زیادەڕەوی بن، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە زیادەڕەوی بە هەلاکەتدا بردنی).

٥/ لە (ابن مسعود)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (هلك المتنطعون) قالها ثلاثا) (موسلیم ریوایەتی کردووە) واتە : (زیادەڕەوەکان بە هەلاکەتدا چوون) سێ جار دووبارەی کردەوە) .

- **(لاَ تُطْرُونِي) :** (الإطراء) بریتییە لە : زیادەڕەوی کردن لە پیاهەڵنانداء وەکو زیادەڕەوی گاورەکان و ئەوانەی جگە لەوان.
- **(عَبْدُ اللهِ وَرَسُولُهُ) :** ئەو دوو سیفەتە بەرزترین و ڕاسترین سیفەتە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ).
- **(الغلو) :** بریتیە لە سنور بەزاندن لە ستایش کردن و پەرستن و کارکردندا .
- زیادەڕەوی لە چیدا بە هەلاکەتدا بردنی ؟ بە هەلاکەتدا بردنی لە :١/لە دینداو ٢/ لە جەستەدا .
- زیادەڕەوی چەندین بەشی هەیە : زیادەڕەوی لە بیروباوەڕ و پەرستن و مامەڵە و نەریتدا، وە دینەکەی خوای گەورە نێوەندە لە نێوان زیادەڕەو و کورتڕەودا .

- **(المتنطعون) :** (المتنطع) بریتییە لە : کەسی زیادەڕەو و تووندڕەو (کە زۆر دەچێتە ناو قوڵی مەسەلەکانەوە) لە قسە و کرداردا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەرسام بوون بە خۆی، وە ئەم (التنطع)ـە لە دیندا هەروەکو زیادەڕەوییە، وە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی لەناوچوون .

مەسەلەکان :

یەکەم : هەرکەسێ لەم بەشە و دوو بەشەکەی پاش ئەمە تێگەیشت، نامۆ بوونی ئیسلامی بۆ روون دەبێتەوە، وە لە توانا و دەسەڵاتی و خوا و ئەم دیو و ئەودیوی دڵەکان شتی سەیر دەبینێ .

دووەم : زانینی ئەوەی یەکەم شیرك لەسەر رووی زەویدا رووییدا بە هۆی گومان و شوبهەی پیاوچاکانەوە بوو .

سێیەم : زانینی یەکەم شتێك دینی خوای پێ گۆڕدرا (ئەویش شیرکە)، وە هۆکاری ئەوە چی بوو ؟ (زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا) لە گەڵ زانینی ئەوەی کەوا خوای گەورە خۆی ئەوانی ڕەوانە کردووە (بە نیسبەت پێغەمبەرانەوە).

چوارەم : قایلبوون بە بیدعە، هەرچەندە شەریعەتەکان و فیترەت ڕەددی دەکەنەوە .

پێنجەم : هۆکاری هەموو ئەوانە، تێکەڵ کردنی حەقە لە گەڵ ناحەقی و باتڵدا، جا سەرەتا خۆشویستنی پیاوچاکانە، ئەمجار ئەنجامدانی شتێك لە لایەن هەندێ کەسی خاوەن زانست و زانیاری کە مەبەستیان لێی خەیر بوو، جا ئەوانەی دوای ئەوان هاتن وایان زانی مەبەستیان شتێکی تر بوە (بۆیە هەرکەسێ بیەوێ دینەکەی بە بیدعە بە هێز بکات ئەوا زیانی لە قازانجی زۆرترە).

شەشەم : تەفسیری ئەو ئایەتەی لە سورەتی (نووح)دا هاتووە (وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کەوا ئەوان ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە ناحەقی و باتڵ) .

حەوتەم : سروشتی بەنی ئادەم وایە کەوا حەق کەم دەکات لە دڵیدا و باتڵ و ناحەقی زیاد دەکات (ئیللا کەسێك نەبێت خوای گەورە خۆی منەتی بە سەریدا رژاندبێت) .

هەشتەم : بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە لە سەلەفەوە هاتووە : کەوا بیدعە هۆکاری کوفرە (وە هیچ ڕێگرێك نییە ئەگەر هۆکارەکان چەند دانەیەك بن) .

نۆیەم : شەیتان ئەوە باش دەزانێ کەوا بیدعە خاوەنەکەی بەرەو کوێ دەبات، هەرچەندە خاوەنەکەی مەبەستی باش بێت .

دەیەم : زانینی ئەو بنەما گشتییە، ئەویش نەهی کردنە لە زیادەڕەوی و زانینی ئەوەی سەری بۆ دەکێشێ .

یازدەیەم : زەرەری مانەوە (العکوف) لە سەر گۆڕ بە مەبەستی کاری چاکە (دەیانگەیەنێتە پەرستنیان) .

دوازدەیەم : زانینی هۆکاری نەهی کردن لە پەیکەرەکان و حیکمەت لە نەهێشتن و لادانی (لەبەر سد الذرائع).

سیازدەیەم : مەزنی باسی ئەم چیرۆکە و زۆری پێویستی پێی، هەرچەندە خەڵکی لێی بێ ئاگایە .

چواردەیەم : ئەویش سەیرترین شتە سەیرەکانە، ئەوان ئەوە دەخوێننەوە لە کتێبەکانی تەفسیر و فەرموودەدا و مانای قسەکە دەزانن، وە خوای گەورە بەربەستێکی داناوە لە نێوان ئەوان و دڵیاندا تاوەکو باوەڕیان وابوو کەوا ئەوەی قەومی نووح کردیان باشترین پەرستنەکانە، وە باوەڕیان وابوو ئەوەی خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) نەهییان لێ کردووە هەر ئەوە کوفرە و خوێن و مالّی خاوەنەکەی حەڵاڵ دەکات .

پازدەیەم : ڕوونکردنەوەی ئەوەی کەوا ئەوان هیچ شتێکیان نەویست تەنها شەفاعەت نەبێت (لە گەڵ ئەوەشدا کەوتنە نێو شیرکەوە) .

شازدەیەم : گومانیان وابوو کەوا ئەو زانایانە ئەو وێنانەیان کێشاوە مەبەستیان ئەوە بووە (کەوا شەفاعەتیان بۆ بکات، ئەمەشە گومانێکی خراپە) .

حەڤدەیەم : روونکردنەوەی فەرموودەی : (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم) صەلّات و سەلامی خوای لەسەر بێت، بە راستی بەوپەڕی روونکردنەوە روونی کردەوە (جا نەهی کرد لە زیادەڕەوی لە پیاهەڵنانداو و زیادەڕەوی کردن تێیدا، لە کاتێکدا هەندێ لەم ئوممەتە تێی کەوتون، بەڵکو توندتر) .

هەژدەیەم : ئامۆژگاری کردووین بە لە ناوچوونی (المتنطعين) (بۆ ئەوەی لێیان وریا بین و ئاگاداریان بین) .

نۆزدەیەم : روونکردنەوەی ئەوەی کەوا نەپەرستران تاوەکو زانست و زانیاری نەما و لە بیر کرا، ئەمەش روونکردنەوەی زانینی قەدری بوونی زانستە و زەرەر و زیانی نەمانی زانستە .

بیستەم : هۆکاری لە ناوچوونی زانست مردنی زانایانە (ئەمەش لە گەورەترین هۆکارەکانە، هەروەها بێ ئاگایی و پشت کردنە لێی، وە سەرقاڵ بوونە بە کاروباری دونیاوە، و گوێ نەدانە پێی).

٢٠/ بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی تۆندی نواندن بەرانبەر ئەو کەسانەی خوای گەورە دەپەرستن لای گۆڕی پیاوچاکێکدا، ئەی چۆنە ئەگەر گۆڕەکەی بپەرستن ؟

نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی نامۆبوونی دین و وازهێنانی خەڵکی لە تەوحیدت بۆ روون بکاتەوە، وە ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی نەهیکردن لەپەرستنی خوای گەورە لای گۆڕی پیاوچاکاندا تاوەکو نەبێتە وەسیلەیەك بۆ شیرك .

بەڵگەی یەکەم :

فِي الصحيح عَنْ عَائِشَةَ -رضي الله عنها- قَالَ : أن أم سلمة ذكرت لرسول الله (ﷺ) كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ، وما فيها من الصور، فقال : أُولَئِكَ إِذَا مَاتَ فِيهِمْ الرَّجُلُ الصَّالِحُ أو العبد الصالح بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِداً، و صَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللهِ)).

فهولاء جمعوا بين الفتنتين : فتنة القبور وفتنة التماثيل .

واتە : لە کتێبی (الصحيح)دا هاتووە لە دایکمان عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێ- دەڵێ: أم سلمە باسی کەنیسەیەکی کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لە حەبەشە بینی بووی، باسی ئەو وێنانەیان کرد کە تیایدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((ئا ئەوانە کاتێک پیاو چاکێك – یان بەندەیەکی چاك – تیایاندا بمردایە لەسەر گۆڕەکەی مزگەوتێکیان دروست دەکرد، پاشان ئەو وێنانەیان تیادا دەکێشا، ئا ئەوانە خراپترین دروستکراوەکانن لەلای خودا)) . جا ئەوانە دوو فیتنەیان لە خۆدا کۆکردەوە : فیتنەی گۆڕەکان و فیتنەی پەیکەرەکان .

- **(فهولاء جمعوا بين الفتنتين) :** ئەمە قسەی (ابن تيمية) یە – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – وە ئەو کارەی ناوناوە بە فیتنە، چونکە هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لە دینی خوا.
- ئەصڵ و بنەما ئەوەیە کە گۆڕەکان لە دەرەوەی بیناکاندا بن تاوەکو نەبنە هۆکارێك بۆ شیرك .
- فیتنەی گۆڕەکان توندترە لە پەیکەرەکان، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك :
  - گۆڕەکان لە هەموو شوێنێکدا هەن بە جیاواز لە گەڵ پەیکەرەکان .
  - لای گۆڕەکاندا چەند کارێك ڕوو دەدەن کە لە جێگای تردا ڕوونادەن، وەکو : ترس .

بەڵگەی دووەم :

(ولهما عنها، قَالَتْ : (لما نُزلَ برَسُولِ اللهِ (ﷺ) طفق خميصة له على وجهه، فإذا اغتمَّ بها كشفها، فقال – وهو كذلك- : ((لَعَنَةُ اللهِ على الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ)) يُحذِّر ما صنعوا، وَلَوْلا ذَلِكَ لَأُبْرِزَ قَبْرُهُ، غَيْرَ أَنَّهُ خُشِيَ أَنْ يُتَّخَذَ مَسْجِداً " أخرجاه.

واتە : لە هەردوو کتێبی (صحیح) دا هاتووە لە دایکمان عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەڵێ :((کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەرە مەرگدا بوو پارچەیەکی بەسەر دەموچاویدا دابوو، ئەگەر بێزاری بکردایە ئەوا لای دەدا و فەرمووی – لە کاتێکدا ئەو بەو حاڵەوە بوو- : لەعنەتی خودا لە گاور و جولەکەکان، چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت)) عائیشە (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ : خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لەوەی ئەوان کردیان، ئەگەر لەترسی ئەوە نەبوایە ئێستا گۆڕەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بەرز دەکرایەوە، بۆیە ترسی ئەوەی هەبوو گۆڕەکەی بکرێتە مزگەوت) (بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە).

بەڵگەی سێیەم :

وە لە موسلیمدا هاتووە لە (جندب بن عبدالله)ەوە دەفەرموێت : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات بە پێنج ڕۆژ دەیفەرموو : ((إني أبرأ الى الله أن يكون لي منكم خليل، فإن الله قد اتخذني خليلا كما اتخذ ابراهيم خليلا، ولو كنت متخذاً من أمتي خليلا، لأتخذت أبا بكر خليلا، ألا وإن من كان قبلكم كانوا يتخذون قبور أنبيائهم مساجد، ألا فلا تتخذوا القبور مساجد، فإني أنهاكم عن ذلك) .

واتە: من خۆم بەری دەکەم لای خوای گەورە ئەگەر یەکێکتان بە خەلیلی خۆم بزانم، خوای گەورە منی بە خەلیلی خۆی داناوە هەروەکو چۆن ئیبراهیمی بە خەلیلی خۆی داناوە، وە ئەگەر لە ئوممەتەکەمدا کەسێکم بە خەلیلی خۆم بزانیبایە ئەوا ئەبو بەکرم بە خەلیلی خۆم دادەنا، ئەوانەی پێش ئێوە لەسەر گۆڕی

پێغەمبەرانی خۆیان مزگەوتیان دروست دەکرد، بۆیە ئێوە گۆڕەکان مەکەنە مزگەوت، من نەهیتان لێ دەکەم ئەو کارە بکەن)) .

جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی تەمەنیدا نەهی لێکرد، –وە لە پێشدا – لەعنەتی کردبوو لەو کەسەی ئەنجامی بدات، وە نوێژکردن لای گۆڕەکان بەشێکن لەوە، هەرچەندە مزگەوتی لا دروست نەکرابێت، ئەویش مانای ئەو قسەیەیە کە دەفەرموێت : ((خَشيَ أن يُتخذ مسجداً) واتە : لەوە ترسا بکرێتە مزگەوت)) جا هاوەڵان لە دەوری قەبرەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مزگەوتیان درەست نەکرد .

وە هەر شوێنێك خەڵکی بۆی بچن بە مەبەستی نوێژ کردن ئەوە مزگەوتە، بەڵکو هەر جێگایەیك نوێژی تێدا بکرێت پێی دەڵێن : مزگەوت، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (جُعِلَتْ لِيَ الأرضُ مسجداً وطهوراً) واتە : هەموو زەویم بۆ کراوەتە جێ نوێژگە (مزگەوت) و پاکی)) .

(لما نُزِلَ برَسُولِ اللهِ(ﷺ)) : فریشتەی مردن بۆ ئەوەی گیانی پیرۆزی بکێشێ .

(خميصة) : پۆشاك و یان جلوبەرگێکە خەت و نیشانەی پێوەیە .

(لعنة الله) : واتە : دەرکردن و دوورخستنەوەی، ئەمەش هەواڵە لە خواوە، وە رەنگە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای لێیان کردبێت .

(اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ) : یان بە سوجدە بردن لەسەری وە یان بنیاتنانی مزگەوت لەسەری .

(لأُبرزَ قبرُهُ) : واتە : دەردەکەوت و لە ماڵەکەی دەردەکرا بۆ نمونە لە قەبرستانی (بەقیع) دەنێژرا.

بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناو ژوورەکەدا نێژرا و هیچ کەسێك ژوورەکە نابینێ، چ جا گڵی سەر قەبرەکەی ؟

لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : (ما قبض نبي إلا دُفن حيث يُقبض) واتە : هیچ پێغەمبەرێك گیانی نەکێشراوە ئیللا لەو جێگایەدا دەنێژرێت کە گیانی تێدا کێشراوە).

(خَشِيَ) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوە ترسا گۆڕەکەی بکرێتە (وثن)یّك .

(خُشِيَ) : هاوەڵان لەوە ترسان گۆڕەکەی بکرێتە بتێك (وثن)یّك، لە بەر سوورببوونیان بۆ جێ بە جێکردنی تەوحید .

چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەینەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گۆڕەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناو مزگەوتدایە ؟

أ/ وەڵامێکی گشتی: ئەمە یەکێکە لە (متشابه)ـکان، ئەوەی واجیب و پێویستە (محکم)ـەکانی قورئان و فەرمووەوە وەرگرین، وە تۆیش یەکێکی لەوانەی شوێنی (متشابه)ـکان دەکەون و واز لە (محکم)ـەکان دەهێنن، بۆیە هەرگیز گوێت لێ ناگرین .

ب / وەڵامێك بە وردی :

١. مزگەوتەکە لەسەر گۆڕەکە بنیات نەنراوە، بەڵکو مزگەوتەکە لە ژیانی خۆیدا دروست کراوە .

٢. پێغەمبەری خوا (ﷺ)لە ناو مزگەوتەکەدا نەنێژرا، بەڵکو لە ماڵەکەی خۆیدا نێژرا، ئەو کاتەش لە دەرەوەی مزگەوتەکە بوو.

٣. کاتێ ژووڕەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خرایە ناو مزگەوتەکەوە بە کۆدەنگی هاوەڵان نەبوو، بەڵکو لە پاش ئەوەی زۆربەی هاوەڵان کۆچی دواییان کردبوو، وە هەندێ لەوانەی مابوونەوە ناکۆك بوون، هەروەکو چۆن (سعيد بن المسيب) ناکۆك بوون .

٤. گۆڕەکە لە ناو مزگەوتەکەدا نییە، بەڵکو لە ژوورێکی سەربەخۆدایە، وە مزگەوتەکەی لەسەر بنیات نەنراوە، بەڵکو گۆڕەکە بە سێ دیوار پارێزراوە، وە دیوارەکە کراوەتە سووچێکی لارەوە لە رووی قیبلەوە بۆ ئەوەی کەسی نوێژ خوێن رووی لێ نەکات .

٥. مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە نوێژکردن تیایدا و خۆ بەستن و خۆ ئامادکردن بە مەبەستی سەردانی کردنی و جگە لەوانەش .

ئاگاداربیەك : (الخُلَّة) گەورەترین و بەرزترین جۆری خۆشەویستییە، وە خوای گەورە بۆ هیچ کەسێکی نەسەلماندووە ئەوەی بزانین تەنها بۆ دوو کەس نەبێت لە دروستکراوەکانی ئەوانیش (ئیبراهیم و محمد)ن (ﷺ)، وە بەم پێیە ئەو نەفامییە گەورەت بۆ دەردەکەوێت کاتێ خەڵکی عەوام دەڵێن : ئیبراهیم (خلیل الله)یە و محمد (ﷺ) (حبیب الله)یە، ئەمەش کەمکردنەوەی حەقی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، چونکە پایەی محمدیان (ﷺ) لە خوارەوەی پلەی ئیبراهیم داناوە، وە جیاوازییان نەکردووە لە نێوان ئەو و خەڵکی تردا، چونکە خەڵکی تریش هەن (حبیب الله)ن، ئەوەتا خوای گەورە بۆ نمونە چاکەکارانی خۆش دەوێت، جا هەرکەسێ وەصفی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات بەوەی (حبیب الله)یە ئەوا هەڵەی کردووە .

بەڵگەی چواردم :

ئیمامی ئەحمەد بە سەنەدێکی (جید) لە (ئیبن مەسعود)ەوە ریوایەتی کردووە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (إنَّ مِن شِرار الناس مَنْ تدركهمُ الساعة وهم أحياء، والذين يتخذون القبور مساجدَ) واتە : لە خراپترین خەڵکی ئەوانەن کە قیامەت هەڵدەستێو هێشتا ئەوان زیندوون، و ئەوانەی لەسەر گۆڕەکان مزگەوت دروست دەکەن) (رواه أبو حاتم في صحيحه).

- **(شِرار الناس) :** بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا خەڵکی لە خراپەدا جیاوازن، هەندێکیان لە هەندێکی تر خراپترن.

پوختەی بەشەکە :

پێویستە لە شیرك و وەسیلەکانی دوور بکەوینەوە، وە تۆند بین بەرانبەر بەو کەسانەی کە خوای گەورە دەپەرستن لای گۆڕی پیاوچاکێکدا، وە نوێژو جگە لە نوێژ دەگرێتەوە، جا هەر کەسێ باوەڕی وابێت کەوا صەدەقە کردن لای ئەم گۆڕە چاکترە لە جێگایەکی تر، ئەوا وەکو ئەو کەسەیە کردوویەتییە مزگەوت .

مەسەلەکان :

یەکەم : ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کردووە لەوەی کەسێك مزگەوتێك دروست دەکات لای گۆڕی پیاوچاکێکدا بۆ ئەوەی خوای گەورەی تێدا بپەرستێت، هەرچەندە نیەتی کەسی بکەر راست و دروست بێت (ئەم کارە پێویستی بە نیەت نییە، چونکە پەیوەستە بە کارەکەوە و هەروەها چونکە لەیەکچوونی موشریکەکانی تێدایە) .

دووەم : نەهیکردن لە پەیکەر و توندی نواندن بەرانبەر بەو کارە (بە تایبەتی ئەگەر هاتوو وێنەکە لە نەریتدا بە مەزن رادەگیرا، وەکو وێنەی سەرکردەکان و باوك، یان لە شەرعدا وەکو وێنەی ئەولیا و پیاوچاکان) .

سێیەم : عیبرەت لە زیادەڕەوی کردن لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، ئەوەتا لە سەرەتادا ئەوەی بۆ روون کردنەوە، ئەمجار پێش مردنی بە پێنج رۆژ ئەوەی فەرموو کە فەرمووی، لەسەرە مەرگیشدا تەنها بەوەی پێشوو وازی نەهێنا.

چوارەم : نەهی کردووە لەوەی لەسەر گۆڕەکەی بکرێت تەنانەت پێش ئەوەی گۆڕەکەی بوونی هەبێت .

پێنجەم : ئەوە لە سوننەتی جولەکە و گاورەکانە بەرانبەر بە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان .

شەشەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەوان بەهۆی ئەو کارەوە .

حەوتەم : مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادار کردنەوەی ئێمەیە بەرانبەر بە گۆڕەکەی .

هەشتەم : هۆکار و عیللەتەکە بەرزنەکردنەوەی گۆڕەکەی (لە ترسی پەرستنی، وە هەموو پێغەمبەرێك لەوێدا دەنێژرێت کە گیانی کێشراوە) .

نۆیەم : مانای بە مزگەوت کردنی (دروست کردنی بینایە لەسەری و بکرێتە جێی نوێژ کردن) .

دەیەم : ئەو کەسانەی دەیکەنە مزگەوت و ئەوانەی قیامەتیان بەسەردا هەڵدەستێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە یەکەوە گرێی داون و باسی کردوون، جا باسی ئەو هۆکارەی کردووە بەرەو شیرك دەیبات پێش رووداتی و باسی کۆتاییەکەشی کردووە.

یازدەیەم : باسکردنی ئەو بابەتە لە وتارەکەیدا لە پێش وەفات کردنی بە پێنج رۆژ وەڵامی دوو کۆمەڵی تێدایە کە خراپترین گرووی بیدعەکارانن، بەڵکو هەندێ لە زانایان لە حەفتا و دوو کۆمەڵەکەش دەری کردوون، ئەوانیش گرووی (الرافضة و الجهمية) ن، وە بە هۆی (الرافضة) ەوە شیرك و پەرستنی گۆڕەکان رووید‌ا، جا ئەوان یەکەم تاقم و گرووپ بوون لەسەر گۆڕەکان مزگەوتیان بنیات نا.

دوازدەیەم : ئەوەی تووشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات لە کاتی تووندی گیان کێشاندا .

سیازدەیەم : ئەو ڕێزەی لێی گێڕاوە و بووەتە خەلیلی خوای گەورە .

چواردەیەم : باسکردنی ئەوەی کەوا (خەلیل) لە خۆشەویستی بەرزترە .

پازدەیـــەم : باسکردنی ئەوەی کەوا (أبو بكر الصديق) باشترینی هاوەڵانە (باشترینە لە ئیمان و کردەوەی چاکدا، لە سەرووی ئەوەوە باشترینە بە ڕەچەڵەك و نەسەب، هەر بۆیە ئەبو بەکر پێش عەلی کەووە) .

شازدەیەم : ئاماژەیەکە بۆ خیلافەتی ئەبو بەکر .

٢١/ بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا زیادەڕەوی لە گۆڕی پیاوچاکاندا دەیانکاتە بت و لە جگە لە خوا دەپەرستێن .

- ئەمە هۆکاری سێیەمە بۆ ڕوودانی شیرك، جا ئەو کەسانەی زیادەڕەوی دەکەن کارەکە بەرەو ئەوە دەیانبات گۆڕەکان یان خاوەنەکانیان بپەرستن، وە زیادەڕەوی بریتییە لە سنوور بەزاندن لە پیاهەڵنانداا یان لە لەکەدارکردندا .
- بەشەکانی خەڵکی بەرانبەر بە گۆڕەکان دوو لا و ناوەندێکن : بەشێکیان زیادەڕەویان کرد لە پەرستن و دروستکردنی قوببە لە سەری، وە بەشێکیان کەمتەرخەمیان کردووە لەوەی پێویستە لە ڕێزگرتن لێیان بەوەی لەسەری دادەنیشن و گۆڕەکە هەڵدەدەنەوە، وە حەقیش ناوەندە بەوەی حورمەتی بگیردرێت و زیادەڕەوی نەکرێت تا کار بگاتە ئەوەی بپەرستێت .

بەڵگەی یەکەم تا چوارەم:

١. ئیمامی مالیك لە (موطأ)دا ڕیوایەتی کردووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (اللهم لا تجعل قبري وثنا يُعبد اشتد غضب الله على قوم اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد) واتە : ئەی خودایە قەبرەکەم مەکەرە بتێك و بپەرسترێت، خوای گەورە زیاتر پەستو تووڕە بوو لە کۆمەڵێك قەبری پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت).

٢. (ابن جریر) بە سەنەدێك ڕیوایەتی کردووە لە(سفیان)ەوە لە(منصور)ەوە لە(مجاهد)ەوە : ﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ ﴾ فەرمووی: کابرا ئاردەوای بۆ دەکردن و مرد، ئەوانیش لەسەر گوڕەکەی مانەوەو بەجێیان نەدەهێشتن).

٣. هەروەها (أبو الجوزاء) فەرموویەتی لە (ابن عباس)ەوە : (كان يَلِتُ لهم السويق للحاج) واتە: ئاردەوای بۆ حاجییەکان دەکرد).

٤. وە لە (ابن عباس)ەوە ڕیوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی : (لعن رسولُ الله (ﷺ) زائرات القبور والمتخذين عليها المساجد والسرج) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆرستان دەکەن و ئەوانەی دەیکەنە مزگەوت و چرا و ڕوناکی لەسەر هەڵدەکەن) (رواه أهل السنن).

(اشتد غضب الله) : صیفەتێکی حەقیقیە و بۆ خوای گەورە سەلمێنراوەو سابت بووە، وەکو تووڕە بوونی دروستکراوەکان نییە .

(اتخذوا قبور أنبيائهم مساجد) : یان بەوەی سوجدە دەبەن لەسەری، وە یان مزگەوتی لە سەر دروست دەکەن .

ئایە وەڵامی دوعاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) درایەوە بەوەی گۆڕەکەی نەکرێتە بتێك و بپەرسترێت، یان حیکمەتی خوای گەورە جگە لەوەی ویستووە ؟

(ابن القیم) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– فەرموویەتی : خوای گەورە وەڵامی دوعاکەی دایەوە، هەرگیز نەبووە کەوا گۆڕەکەی وەکو بتێك بپەرستڕێت، بەڵکو بە سێ دیوار پارێزراوە :

فأجابَ ربُّ العالمين دعاءَهُ **** وأحاطهُ بثلاثةِ الجدرانِ

ڕاستە هەندێ کەس هەن زیادەڕەوی تێدا دەکەن، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەوەی گۆڕەکەی بکەنە بتێك .

(أَفَرَءَيْتُمُ) : نیسبەتی ئەم بتانە لە چاو ئەو ئایەتە گەورانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شەوی میعراجدا بینی چەندە؟

(السويق) : جۆیە دەیکوڵێنن، ئەمجار دەیهاڕن پاشان لە گەڵ خورمادا تێکەڵ دەکرێت و پێشکەشی حاجیانی دەکەن .

(السُرُج) : کۆی وشەی (سراج)ـە، واتە : چرا، بە شەو و ڕۆژ چرای لەسەر دادەگیرسێنن وەکو بە مەزن ڕاگرتنی و زیادەڕەوی کردن تێیدا .

سەردانی ئافرەتان بۆ لای گۆڕەکان یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، هەروەها بکرێتە مزگەوت و چرای لەسەر هەڵواسرێت ئەوا لەعنەت لە خاوەنەکەی کراوە .

بەشەکانی سەردانی گۆرستان :

١. **(شەرعی) :** ئەوەیە کە کۆڵ و باری بۆ ڕێك ناخرێت، وە مەبەست لێی یادکردنەوەی دواڕۆژە و دوعاکردنە بۆ خۆی و مردووەکان .
٢. وە ئەگەر مەبەستی پاڕانەوە بوو لە مردووەکان ئەوا سەردانێکی (شیرکی)یە .
٣. وە ئەگەر مەبەستی پاڕانەوە بوو لە خوا لای مردووەکان ئەوا سەردانێکی (بیدعی)یە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری (الاوثان) (ئەوەیە کە لە جگە لە خوا دەپەرستریّت جا ئیتر بت بیّت یان گۆڕ یان هەر شتیّکی تر).

دووەم : تەفسیری پەرستن (زەلیلی نواندن و ملکەچ بوون بۆ پەرستراو لە ترس و ئومێد و خۆشەویستی و بە مەزن زانینی)

سێیەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنای بە خوای گەورە نەگرتوو ئیللا لەبەر شتێك ترسی رووداتی هەبووبێت .

چوارەم : باسی ئەوەی قەبرەکەی نەکرێتە مزگەوت و قەبری پێغەمبەرانی پێش خۆی کراون بە مزگەوت لە یەك فەرموودەدا باس کراوە و بە یەکەوە گرێی داوە .

پێنجەم : باسی تووندی تووڕەبوون لە لایەن خوداوە .

شەشەم : ئەویش لە گرنگترینیانە زانینی شێوازی پەرستنی (لات)ـە، کە یەکێکە لە گەورەترین بتەکان .

حەوتەم : زانینی ئەوەی کەوا ئەوە گۆڕی پیاوچاکێکە .

هەشتەم : ئەوە ناوی خاوەنی گۆڕەکەیە، وە باسی ماناى ناوەکە (لە چییەوە هاتووە) .

نۆیەم : لەعنەت کردنی پێغەمبەری خوا لەو ئافرەتانەی کە زۆر دەچنە سەر گۆڕەکان .

دەیەم : لەعنەت کردنی لەوانەی چرا دادەگیرسێنن لەسەر گۆڕەکان .

- **مەسەلەیەکی گرنگ :** زیادەڕەوی لە گۆڕی پیاوچاکاندا دەیانکاتە بت (اوثان) هەروەکو گۆڕی (اللات) کرا بە بت .
- **مەسەلەیەك :** ئەگەر ئافرەتێك رۆیشت بە (الروضة) لە مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی نوێژی تێدا بکات، ئەو کاتە گۆڕەکەی لێوە نزیکە ئەوا رادەوەستێ و سڵاو دەکات، وە هیچ رێگرێك نییە، وە باشتر وایە لە قەڵەبالّغییەکە و تێکەڵ بوونی پیاوان دوور بکەوێتەوە و بۆ ئەوەی هەرکەسێك بینی گومانی ئەوە نەبات کەوا ئافرەت دروستە بۆی بچێت بۆ زیارەت .

٢٢/ ئەو بەڵگانەی هاتوون لە پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ تەوحید، وە داخستنی هەموو ڕێگایەك خاوەنەکەی دەگەیەنێتە شیرك .

ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکاتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگرێکی داناوە ببێتە بەربەستێك بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە دەوری تەوحید نزیك ببنەوە بە پاراستنێکی مەحکەم، وە هیچ دەرگایەکی کراوەی نەهێشتووەتەوە هەرکێ بیەوێت لێی بێتە ژوورەوە، بەڵکو هەموو دەرگایەکی داخستووە خاوەنەکەی دەگەیەنێتە شیرك .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾

٢. لە (ئەبو هورەیرە)وە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ﴿لا تجعلوا بيوتكم قبورا، ولا تجعلوا قبري عيدا، وصلوا علي فإن صلاتكم تبلغني حيث كنتم ﴾ (رواه أبو داود بإسناد حسن ورواته ثقات) واتە : ماڵەکەتان مەکەنە گۆڕستان، وە گۆڕەکەی من مەکەنە جەژن (واتە: سەردانی مەکەن لە کاتی دیاری کراودا سالانە یان مانگانە یان هەفتانە)، وە صەلاواتم لەسەر بدەن چونکە صەلاواتەکەتان پێم دەگات لە هەر کوێیەك بن) .

(لَقَدْ جَآءَكُمْ) : بە سێ شێوازی دووپاتکردنەوە دووپاتکراوەتەوە : سوێند خواردنە تەقدیر کراوەکە، وە پیتی (لام)، وە (قد) .

(مِّنْ أَنفُسِكُمْ) : واتە: ١/ مرۆڤێکە لە جنسی خۆتان، بەڵام لە ئێوە جیاوازە بەوەی وەحی بۆ دەکرێت . ٢/ وە لە خوێندنەوەیەکی تردا هاتووە : (مِن أَنْفَسِكُمْ):

بە بوونی (فەتحە) لە سەر پیتی (فاء)ەکە، واتە : لە هەموو تان شەریفتر و لە خواترسترە .

(عَزِيزٌ عَلَيْهِ) : ئەوەی ئێوە پێی گران و نارەحەت دەبن ئەویش پێی گران و نارەحەت دەبێت، بۆیە بە حەنیفییەتی پاك و بێگەرد و دوور لە شیرك رەوانە کراوە.

(حَرِيصٌ عَلَيْكُم) : هەموو توانای خۆی دەخاتە گڕ لە پێناوی بەرژەوەندی ئێوەدا.

(بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ) : پێشخستنی ئەوەی حەقی دواخستنە سوودی (حەصر) دەگەیەنێت، واتە : بەرانبەر بە جگە لە ئیمانداران تونده، ﴿ مُحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْۖ ﴾

(فَإِن تَوَلَّوْا) : ئەگەر پشتیان لێ کردی، نەیفەرموو : پشتتان لێ کرد، ١/ چونکە پشت لێکردن لە گەڵ ئەم روونکردنەوەدا مەکروهە، ٢/ هەروەها بۆ وریاکردنەوەی خوێنەرە، بۆیە راناوەکەی گۆڕی تاوەکو وریابێت .

(فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ) : گوێ بە پشتکردنەکەیان مەدە و بە زمان و دڵت بڵێ : (حسبي الله) واتە : من خوام بەسە .

(بُيُوتَكُمْ قُبورا) : واتە : ١/ واز لە نوێژکردن مەهێنن تێیدا . ٢/ مردووی تێدا مەنێژن .

(عيداً) : واتە : بەردەوام مەیەنە سەر گۆڕەکەم و مەیکەنە عادەتێك، جا ئیتر ئەگەر هاتوو سالانە بوو یان مانگانە یان هەفتانە، بەڵکو لەبەر هۆکارێك سەردان دەکرێت وەکو گەڕانەوە لەسەفەر یان یادخستنەوەی قیامەت .

(وصلُّوا عليَّ) : جا درووود و صەلاوات دان لە لایەن خوداوە بریتییە لە ستایش کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لای فریشتەکان .

(تُبَلِّغُني) : چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : **(إنَّ لله ملائكة سيَّاحين في الأرض يبلِّغوني عن أمتي السلام)** واتە : خوای گەورە فریشتە گەلێکی هەیە بە زەویدا دەسوڕێنەوە سەلامی ئوممەتەکەمم پێ دەگەیەنێت) بۆیە پێویست بەو هەموو قەڵەبالغییە ناکات لای گۆڕەکەی .

بەڵگەی سێیەم :

((وعنْ عَلِيّ بْنِ الحُسَيْنِ، أَنَّهُ رَأَى رَجُلا يَجِيءُ إِلَى فُرْجَةٍ كَانَتْ عِنْدَ قَبْرِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَيَدْخُلُ فِيهَا فَيَدْعُو، فَنَهَاهُ، وقَالَ : أَلا أُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا سَمِعْتُهُ مِنْ أَبِي، عَنْ جَدِّي، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : لا تَتَّخِذُوا قَبْرِي عِيدًا، وَلا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، فَإِنَّ تَسْلِيمَكُمْ يَبْلُغُنِي أَيْنَمَا كُنْتُمْ)) رواه في (المختارة) . واتە : لە (علی کوڕی الحسین) هاتووە، کەوا کابرایەکی بینی دەچووە کەڵێنێکەوە لە نزیك قەبری پێغەمبەری خواوە (ﷺ)، دەچووە ئەو کەلێنەوە و دوعای دەکرد، ئەویش نەهی لێکرد و فەرمووی : ئایە فەرموودەیەکتان بۆ بگێڕمەوە لە باوکمەوە(واتە : ئیمام حوسێن) بیستوومە لە باپیرمەوە (واتە : ئیمام عەلی) لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) فەرموویەتی : قەبرەکەی من مەکەنە جەژنێك (واتە بەردەوام سالآنە یان مانگانە یان هەفتانە سەردانی بکەن) وە ماڵەکانتان مەکەنە گۆرستان، جا سەلامەکانتان بە من دەگات لە هەر کوێیەك بن) .

- (فَيَدْعُو) : وای دەزانی پارانەوە لای گۆڕەکەی تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، ئەمە دەرگا و وەسیلەیەکە بەرەو شیرك.
- (أَيْنَمَا كُنْتُمْ) : مەبەست : صەلآواتم لەسەر بدەن لە هەر کوێیەك بوون، وە پێویست ناکات بۆ ئەوەی بێن بۆ لای گۆڕەکەم و سەلامم لێ بکەن و صەلآواتم لەسەر بدەن لای گۆڕەکە.

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتی (براءة) ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ ﴾

دووەم : دوور خستنەوەی ئوممەتەکەی لەو جێگا گوماناوییە بەو پەڕی دوور خستنەوە (لا تجعلوا بيوتكم قبورا ...) .

سێیەم : باسی سوور بوون و بەزەیی و میهرەبانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئێمە (ئایەتەکەی براءة) .

چوارەم : نەهیکردنی لە سەردانی گۆڕەکەی بە شێوەیەکی تایبەت، هەرچەندە سەردانی کردنی یەکێکە لە باشترین کارەکان (چونکە لە سەردانی کردنیدا سەلامی لێ دەکرێت، وە حەقی ئەو لە گەورەترین حەقەکانە) .

پێنجەم : نەهیکردنی لە زۆر سەردانی کردنی .

شەشەم : هاندانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەوە.

حەوتەم : ئەوان یەکلا بووەتەوە لایان کەوا لە گۆڕستاندا نوێژ ناکرێت .

هەشتەم : روونکردنەوەی هۆکاری ئەوەی کەوا صەلاوات دان و سەلام کردنی هەرکەسێك پێی دەگات هەرچەندە دوور بێت، بۆیە پێویست ناکات بۆ ئەو کەسانەی کە گومانیان وایە خۆیان نزیك بکەنەوە باشترە (بۆیە علی بن الحسین دەفەرموێت : تۆ و ئەو کەسەی لە (ئەندەلوس)ـە وەکو یەکن) .

نۆیەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەرزەخدایە و کردەوەی ئوممەتەکەی پیشان دەدرێت کاتێ صەلاوات و سەلامی لە سەر دەدەن .

پێنجەم : پەرچدانەوەی بەڵگەی ئەو کەسەی دەڵێت : شیرك لەم ئوممەتەدا روو نادات یان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا (یەك بەشە).

٢٣/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هەندێ لەم ئوممەتە بت دەپەرستن .

- نوسەر ئەم بەشەی هێناوەتەوە بۆ پەرچدانەوەی حوججەی ئەو کەسەی دەڵێت: ناکرێت بتپەرستی لەم ئوممەتەدا روو بدات، چونکە ئەم ئوممەتە لە شیرك پارێزراوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : (إنَّ الشيطان أيِسَ أن يعبدهُ المصلون في جزيرة العرب) واتە : شەیتان بێ ئومێد بوو کەوا نوێژخوێنان لە نیمچە دورگەی عەرەب بیپەرستن)
- وەڵامێك بۆ گومانەکەیان بە شێوەیەکی گشتی : ئەم باسە لە جۆری شوێنکەوتنی (متشابه)ـە و وازهێنانە لە (محکم) .

١. وە بە وەڵامێکی درێژی وەڵامی دەدەینەوە و دەڵێین :
٢. هەوالّدان بە بێ ئومێدی شەیتان مانای ئەوە نییە روو نادات .
٣. بێ ئومێد بووە لە نوێژخوێنان بەڵام خۆ بێ ئومێد نەبووە لەوانەی وازیان لە نوێژ هێناوە، وە نوێژ خوێنیش کەسی یەکتاپەرستە .
٤. ئەم تێگەیشتنە جیاوازە لە گەڵ زۆرێك لە دەقەکانی قورئان و سوننەتدا .
٥. هاوەڵان کوشتاریان لە گەڵ هەڵگەڕاوەکاندا کرد لە نیمچە دورگەی عەرەب بە هۆی شیرکەکەیانەوە .
٦. ئەوەی واقیع پیشانمان دەدات جیاوازە لە گەڵ ئەمەدا، بۆیە بۆ نمونە سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا دەبینین .
٧. ئەم شتە لە دڵی شەیتاندا روویدا، بەڵام ئەو وازی نەهێناوە لە کارکردن لەسەر لە خشتەبردنی بەنی ئادەم .
٨. ئەمە روویدا کاتێك فتوحاتی ئیسلامی زۆر بوون و خەڵکی پۆل پۆل هاتنە ناو دینی خواوە .
٩. زانایان باسی چەند شتێك دەکەن کە کەسی موسڵمانی پێ لە دین هەڵدەگەڕێتەوە و لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا هەیە .

سوودێك :

هەركەسێك بانگەشەی ئەوە بكات كەوا (مسيلمة) پێغەمبەرە ئەوا كافر بووە، وە سوود لە شايەتومانەكەی نابينێت، ئەی چۆنە ئەگەر كەسێك (التيجاني) و جگە لەو بەرز بكاتەوە بۆ پلەی خوای زەوی و ئاسمانەكان، ئايە بەم كارەی كافر نابێت ؟ ئەمەش لە سەيرترين شتە سەيرەكانە ! !

لە چی رووپەكەوە نوسەر ئەم ئايەتانەی هێناوەتەوە بۆ بەشەكە چونكە هيچ بەڵگەيەكی تێدا نييە لە سەر ئەوەی دەيەوێت ؟

مەبەستەكە روون نابێتەوە ئيللا بە فەرموودەكەی (أبو سعيد) نەبێت، ئەو كات ئايەتەكان بە تەواوی لە گەڵ ناونيشانەكەدا دەگونجێ .

بەڵگەی يەكەم و دووەم :

١. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾

٢. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ هَلۡ أُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيۡهِ وَجَعَلَ مِنۡهُمُ ٱلۡقِرَدَةَ وَٱلۡخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَۚ ﴾

(أَلَمۡ تَرَ) : ئەم پرسيارە لێرەدا بۆ دان پيانان و سەرسوڕمانە، وە دواندنەكە دروستە بۆ هەر كەسێك دواندنەكەی رووی تێ بكرێت .

(أُوتُواْ) : پێيان درا، وە هەموو كيتابەكەيان پێ نەدرا، چونكە لێی مەحروم بوون بە هۆی سەرپێچييەوە .

(يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ) : واتە باوەڕيان پێ دەكەن، وە دانی پێدا دەنێن و ئينكاری لێ ناكەن .

سوود بە دەست هاتووەکانی ئایەتی یەکەم :

١. زۆر سەیرە کەسێك پشکێکی لە کیتاب پێ ببەخشرێت ئەمجار باوەڕ بە بت و تاغوت و جادوو بکات .

٢. زانست و زانیاری خاوەنەکەی لە سەرپێچی ناپارێزێت .

٣. پێویستە ئینکاری بکرێت لە بت و تاغوت و جادوو، بۆیە دروست نییە ئیقراری بت و تاغوت و جادوو بکرێت .

٤. کەسانێك هەن لەم ئوممەتەدا باوەڕ بە بت و تاغوت و جادوو دەکەن، هەروەکو لە بەنی ئیسرائیلدا هەبوو .

(قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُمْ) : دواندنەکە بۆ پێغەمبەری خوایە (ﷺ) وەك وەڵامێکی ئەو جولەکانەی کە دینی ئیسلامیان کردووەتە یاری و گاڵتەجاری، وە پرسیار کردنەکە بۆ دانپیانان و تەشویق و هاندانە .

سوود بە دەست هاتووەکانی ئایەتی دووەم :

١. دانپیانانی کەسی نەیار و بکرێتە بەڵگەی بە سەر خۆیەوە بەوەی نەتوانێت ئینکاری لێ بکات، چونکە جولەکەکان باش دەزانن کەوا کۆمەڵێکیان خوای گەورە لێیان تووڕە بوو و لەعنەتی لێ کردن و ئەوانی کرد بە مەیمون و بەراز، جا ئەگەر ئەوان لە کاتێکدا دان بەوەدا دەنێن کەچی گاڵتە بە موسڵمانان دەکەن، ئەوا پێیان دەڵێین : ئەوانەی کە توشی ئەو سزایە بوون ئەوان لە پێشترن گاڵتەیان پێ بکرێت .

٢. جیاوازی پێگەو پایەی خەڵکی لای خوای گەورە، بە زیادبوونی ئیمان و کەمکردنی ئیمانە و ئەوەی لەسەر بنیات دەنرێت .

٣. خراپی حاڵی جولەکە، چونکە توشی سزای لەعنەت و گۆڕینی رواڵەت (بوونە مەیمون و بەران) و تووشی تاغوت پەرستی بوون .

٤. سەلماندنی کرداری هەڵبژاردەکانی خوای گەورە، لە لەعنەت کردن وتووڕە بوون و توانا، وە هەرچی شتێك ویستی لێ بێت دەیکات .

٥. پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (إنَّ الله لم يجعل لمسخ نسلا ولا عقبا) واتە : ئەوانەی خوای گەورە کردنی بە مەیمون و بەراز (هەر گیاندارێکی تر) هیچ نەوە و زوڕیەتێکی بۆ نەهیشتوون) جا مەیمون لە پێشدا بوونی هەبووە .

٦. سزاکان لە جۆر و جنسی کردارەکە دەبێت، جا جولەکە کارێکیان کرد کە لە روالەتدا دروست بوو کەچی ئەویش حەرامە .

٧. جولەکەکان وایان لێ هات تاغوتیان دەپەرست، گومانیشی تیادا نییە کە تاوەکو ئێستا دەیپەرستن .

بەشی سێیەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَيٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا ٢١ ﴾

(قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ) : ئەم قسەیە دەسەلآت دارەکان وتیان لە کاتێکدا سوێندیان دەخوارد و دووپاتیان دەکردەوە .

١. ئەو رووداوە سەیرانەی لە چیرۆکی یارانی ئەشکەوتدا هاتووە، لە بوونی چەندین ئایەت، هەموو دەلالەت دەکەن لە سەر تەواو و کەمالی توانای خوای گەورە .

٢. لە هۆکارەکانی دروستکردنی مزگەوتەکان لەسەر گۆڕەکان زیادەڕەوییە بۆ لە گۆڕنراوەکە .

٣. زیادەڕەوی لە گۆڕەکاندا هەرچەندە کەم بێت رەنگە سەر بکێشێ بۆ شتێ لەوە گەورەتر .

بەڵگەی چوارەم :

لە (أبو سعيد الخدري)یەوە ریوایەت کراوە کە خۆشەویستمان (ﷺ) فەرموویەتی : ((لتتبعن سنن من كان قبلكم، حَذوَ القُذَّة بالقُذَّة، حتى لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه " قالوا : يا رسول الله (ﷺ) : اليهود والنصارى ؛ قال : "فمن ؟؟)) (أخرجاه)، واتە : ڕێگا و ڕێسای ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، وەکو پەڕی تیرەکان (هەروەکو چۆن وەکو یەکن و بە تەنیشت یەکەوەن)، تەنانەت ئەگەر ئەوان بڕۆنە کونی بزن مژەکەوە ئەوا دوایان دەکەون. فەرموویان :- ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستت جوولەکە و گاورەکانە ؟ فەرمووی: ئەی کێ ؟)).

بەڵگەی پێنجەم :

ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە لە (ثوبان)ەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((إنّ اللهَ زَوَى لِيَ الأَرْضَ فرأيْتُ مَشارِقَها ومغارِبَها، وإنّ أُمَّتِي سَيَبْلُغُ ملكها ما زُوِيَ لي مِنْها، و أُعْطِيتُ الكَنْزَيْنِ : الأَحْمَرَ والأَبْيَضَ، وإنّي سألْتُ رَبِّي لأُمَّتي أنْ لا يُهْلِكَها بِسَنةٍ عامّةٍ، وأن لا يُسَلِّطَ عليْهِمْ عدُواً مِنْ سَوى أنْفُسِهِمْ، فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، وإنّ رَبِّي عزَّ وجلَّ قالَ : يا محمّدُ (ﷺ)، إذا قَضَيْتُ قَضَاءً فإنّهُ لا يُرَدُّ، وإنّي أعْطَيْتُكَ لأُمّتِكَ أنْ لا أُهْلِكَها بِسَنةٍ عامّةٍ، وأنْ لا أُسَلِّطَ عليْهِمْ عدُوّاً مِنْ سِوَى أنفُسِهِمْ فَيَسْتَبِيحَ بَيْضَتَهُمْ، ولو اجْتَمَعَ عليْهِمْ مَنْ بأقْطارِها، حَتَّى يَكُونَ بَعْضُهُمْ يُهلكُ بَعْضاً، ويَسبي بعضهم بعضاً)) .

واتە : خوای گەورە زەوی بۆ نزیك کردمەوە (زەوی بۆ کۆکردمەوە) تاوەکو ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوام بینی، وە بە دڵنیاییەوە مولّك و دەسەڵاتی ئوممەتەکەم دەگاتە ئەو جێگایەی کە بۆم کۆ کرایەوە، وە هەردوو گەنجینەکەم پێدرا : سوور و سپی (واتە: گەنجینەی فارس و ڕۆم)، من داوام لە پەروەردگاری خۆم کرد کەوا ئوممەتەکەم بە گرانییەکی سەختی گشتگیر لە ناو نەبات، وە دوژمنێکی جگە لە خۆیان باڵا دەست نەکات بە سەریاندا بگاتە رادەیەك کە وەچە و نەوەیان لە ناو ببات، وە پەروەردگارم پێی فەرموم : ئەی (محمد) (ﷺ) من ئەگەر هاتوو هەر فەرمایشتێکم بڕیار دابێت ئەوا گەڕانەوەی نییە، دڵنیابە ئەوەم پێ بەخشیت کەوا

ئوممەتەکەت بە گرانییەکی سەختی گشتگیری لە ناو نەبەم و دوژمنێکی جگە لە خۆیان بالاّ دەست نەکەم بە سەریاندا بگاتە رادەیەك کە وەچە و نەوەیان لە ناو ببات، ئەگەرچی هەموو خەڵکی دەور و بەریان لەسەر کۆ ببنەوە، تاوەکو هەندێکیان ئەوانی تر لە ناو دەبەن، وە هەندێکیان ئەوانیتر دیل و ئەسیر دەکەن)).

ورواه البرقاني في صحيحه، وزاد : ((وإنَّما أخاف على أُمَّتِي الأَئِمَّةَ المضلِّينَ، وإذا وَقعَ عليهم السَّيْفُ لمْ يُرْفَعْ إلى يَوْمَ القيَامَةِ، ولا تَقومُ السَّاعةُ حَتّى يلْحَقَ حيٌّ منْ أُمَّتِي بالمشْرِكِينَ، وحَتّى تَعْبُدَ فئامٌ مِنْ أُمَّتِي الأوْثانَ، وإنّهُ سَيَكُون في أُمَّتِي كذّابونَ ثلاثونَ كُلُّهُمْ يَزْعمُ أنّهُ نَبِيٌّ، وأنا خاتِمُ النّبيين، لاَ نبي بَعْدِي، ولا تَزَالُ طائِفَةٌ منْ أُمَّتِي على الحَقِّ منصورة، لا يَضَرُّهُمْ منْ خذلهُمْ حَتّى يأْتِي أمْرُ اللَّهِ تبارك وتعالى)

(البرقانی) ریوایەتی کردووە لە (صحیح)ەکەیدا، ئەمەشی زیاد کردووە : ((تەنها لە پێشەوایانی گومڕاکەر دەترسێم لەسەر ئوممەتەکەم، وە ئەگەر کوشتار لە ناو ئوممەتەکەمدا پەیدا بوو ئەوا لە ناویاندا دەمێنێتەوە تاکو رۆژی قیامەت، وە قیامەت هەڵناسێت تاوەکو کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم پەیوەندی بە موشریکەکانەوە نەکەن (دەبنە موشریك)، وە تاوەکو کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم بت دەپرستن، وە لە ئوممەتەکەمدا سی درۆزن پەیدا دەبن هەموویان بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، وە منیش کۆتا پێغەمبەرم، هیچ پێغەمبەرێك لە پاش من نییە، وە بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەقن و زاڵ و سەرکەوتوون، ئەوانەی وا دەستیان لێ هەڵدەگرن و پشتیان لێ دەکەن زەرەر و زیانیان پێ ناگەیەنن تاوەکو فەرمانی خوای گەورە دێت)) .

(سَنَنَ) بە دانانی (فەتحە) لە سەر سینەکە بە مانای رێگا دێت، وە بە دانانی (ضمة) لە سەر سینەکە بە مانای تەریقەت دێت.

(حذو القذة بالقذة) : (القذة) بریتییە لەو پەڕەی لە تیری دەبەستن، ئەمەش کینایەیە بۆ زۆری لێکچواندنەکە .

١. هەندێ لەم ئوممەتە بت دەپەرستن، چونکە لە سوننەتی ئەوانەی پێش خۆمانە، وە ئێمەش شوێنیان دەکەوین .

٢. پێویستە بە زانینی ئەوەی ئەوانەی پێش خۆمان لەسەری بوون لە شتێکدا کە پێویستە لێی ئاگادار بین بۆ ئەوەی لێی دوورکەوینەوە، وە زۆربەی ئەوانە لە قورئان و فەرموودەدا هەیە، بۆیە لە سەرپێچیدا شوێنیان ناکەوین .

٣. بە گەورە زانینی تاوانی شوێنکەوتنمان بۆ ئەوانەی پێش خۆمان هاتون لە لایەن هاوەڵانەوە، لە پاش ئەوەی هیدایەت دراین و ڕێنمویی کراین .

٤. هەرکاتێك ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت بەسەر خەڵکی و پەیامی پەیامبەراندا، ئەوا زیاتر لە حەق دوور دەکەونەوە .

(زَوى) : واتە : زەوی بۆ کۆکردەوەو هێنایە یەك . **(الأحمر والأبيض)** : ئاڵتون و زیو، گەنجینەکانی کیسرا و قەیصەر .

(وإِنِّي سألتُ ربي لأُمتي) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای سێ شتی کرد، دوانی پێدرا و یەکێکی پێ نەدرا .

١. ئەم ئوممەتە بە گرانی و بەڵایەکی گشتی لە ناو نەبات، گرانی و قاتی بەسەر هەموو ئەم ئوممەتەدا زاڵ نەکات .

٢. بێباوەڕان دەسەڵاتیان نەبێت بە سەر هەموو ئوممەتی ئیسلامیدا .

٣. ئەم ئوممەتە لە ناو یەکتردا بە جەنگ و شەڕ نەیەن، ئەم خاڵە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبەخشرا .

(الأئمة المضلين) : ترسی حەصر کردووە لە پێشەوا گومڕاکاندا، وە پێشەوا لە :

١/ خەیردا دەبێت : ﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾

٢/ لە شەڕدا دەبێت : ﴿ وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يُنْصَرُونَ ﴿٤١﴾ ﴾

(وقع عليهم السيف لم يُرفع) : هەر ئەمە بوو رووبدا، لە کوشتنی ئیمامی عوسمانەوە تاوەکو ئەمڕۆ .

(وحتى تَعبدَ فئامٌ من أمتي الأوثان) : تاوەکو چەند کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم بت دەپەرستن .

(كذَابون ثلاثون) : ئەمە لە رووی ژۆرییەوەیە یان لە رووی حەصرەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی (النساء) : ﴿ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی (المائدة) : ﴿ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَۚ ﴾

سێیەم : تەفسیری ئایەتەکەی (الكهف) : ﴿ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا ﴾

چونکە کاتێ ئوممەتەکانی پێشوو بتیان پەرست، ئەوا لەم ئوممەتەشدا بت پەرست پەیدا دەبێت).

چوارەم : ئەویش گرنگترینیانە، ئایە مانای باوەڕهێنان بە بت و سیحر و تاغوت چییە ؟ لەم جێگایەدا ئایە مەبەستی باوەڕهێنانە بە دڵ ؟ یان کۆك بوونە لە گەڵ خاوەنەکانیاندا و زانینی پووچەڵ بوونیەتی ؟

١/ ئەگەر لە گەڵ خاوەنەکانیاندا کۆك بوو و باوەڕی وا بوو کە دروست و راستن، ئەوە کافر دەبێت .

٢/ ئەگەر لە گەڵ خاوەنەکانیاندا کۆك بوو و باوەڕی وا نەبوو کە دروست و راستن، ئەوە کافر نابێت .

پێنجەم : ئەو قسەیەیان کە دەڵێن : رێگای ئەو بێباوەڕانەی کە کوفری خۆیان دەزانن لە ئیمانداران راستترە (واتە ئەم قسەیە لە خۆیدا کوفر و هەڵگەڕانەوەیە لەبەر پێشخستنی کوفر بەسەر ئیماندا) .

شەشەم : ئەویش مەبەستە لە ناونیشانەکە کەوا ئەمە دەبێت روو بدات لەم ئوممەتەدا هەر وەکو باسکرا لە فەرموودەکەی (أبو سعيد) (ئەمەش وریاکردنەوە لە خۆ دەگرێت) .

حەوتەم : ئاگادار کردنەوە بە راشکاوی کەوا روو دەدات – مەبەستم بت پەرستی– لەم ئوممەتەدا و لە ناو کۆمەڵێکی زۆردا .

هەشتەم : سەیر لەوەدایە دەرچوونی کەسانێك کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن، وەکو (المختار) هەرچەندە خۆی شایەتمانی دەهێنا، وە بە راشکاوی دانی بەوەدا دەنا کە خۆی یەکێکە لەم ئوممەتە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەقە و قورئان حەقە و تیایدا هاتووە کەوا (محمد) کۆتا پێغەمبەرە(ﷺ)، وە لە گەڵ ئەوەشدا باوەڕ بە هەموو ئەمانە دەکات لە گەڵ ئەو دژ بە یەکە روونە، وە (مختار) لە کۆتایی سەردەمی هاوەڵاندا دەرچوون، وە خەڵکێك شوێنی کەوتن (مختار كوڕی أبی عبيد الثقفي).

نۆیەم : موژدەی ئەوەی تێدایە : کەوا حەق بە یەکجاری لە ناو ناچێت هەروەکو چۆن لە پێشدا لەناودەچوو، بەڵکو بەردەوام کۆمەڵێك لەم ئوممەتە لەسەر حەقن (لەم ئوممەتەدا زاڵ و سەرکەوتوون تاکو رۆژی قیامەت).

دەیەم : نیشانە گەورەکە لەوەدایە، هەرچەندە ئەوان کەمن کەچی هەر کەسێك پشتیان لێ بکات و لە گەڵیاندا جیاواز بێت ئەوا هەرگیز زیانیان پێ ناگەیەنێت .

یازدەیەم : ئەمە مەرجێکە تاکو نزیك بوونەوەی هەستانی قیامەتە .

دوازدەیەم: چەند ئایەتێکی مەزنی تێدایە، لەوانە: هەواڵدانی بەوەی کە خوای گەورە رۆژهەڵات و رۆژئاوای بۆ راخستووە، وە هەواڵی داوە دەربارەی مانای ئەوە، ئەوەی ئەو فەرمووی روویدا بە جیاواز لە گەڵ باکوور و باشووردا، وە هەواڵدانی بەوەی هەردوو گەنجینەکەی پێدراوە، وە هەواڵدانی بە وەڵامدانەوەی دوعاکەی بۆ ئوممەتەکەی لە دوو شتدا، وە هەواڵدانی بەوەی سێیەم دوعای وەڵام نەدراوەتەوە، وە هەواڵی داوە کە جەنگ روو دەدات، وە ئەو جەنگە ئەگەر روویدا بەرز نابێتەوە

(کۆتایی پێنایەت)، وە هەواڵی داوە هەندێکیان هەندێکی تر لە ناو دەبەن، وە هەندێکیان هەندەکەی تر بە دیل و ئەسیر دەبەن، وە لە ئوممەتەکەی ترساوە کەوا توشی پێشەوایانی گومڕا بن، و هەواڵی داوە بە دەرکەوتنی چەند کەسێك بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن لەم ئوممەتەدا، وە هەواڵی داوە بە مانەوەی کۆمەڵی رزگار بوو، وە هەموو ئەمانە رووێداوە، هەروەکو چۆن هەواڵی داوە، هەرچەندە هەر یەکێك لەوانە زۆر ئەستەمە عەقڵ بۆی بچێت .

سیازدەیەم : ترسی لە ئوممەتەکەی حەصر کردووە لە پێشەوایانی گومڕایی .

چواردەیەم : وریاکردنەوە لە مانای بت پەرستی (تەنها تایبەت نییە بە کرنۆش و سوجدە بردن بۆیان بەڵکو شوێنکەوتنی گومڕاکانیش دەگرێتەوە) .

تاقیکردنەوەی هەردوو بەشی (چوارەم و پێنجەم) (٥ بەشە)

پرسیاری یەکەم : ناونیشانی بەشەکانی ئەم دوو بەشە بنووسە و پەیوەندی هەر بەشە بە کتێبەکەوە .

بەش	ناونیشانی بەشەکە	هۆی هێنانەوەی بەشەکە لە لایەن نوسەرەوە
یەکەم		
دووەم		
سێیەم		
چوارەم		
پێنجەم		

پرسیاری دووەم : نیشانەی (×) لە جێگای گونجاودا دابنێ یان بۆشاییەکە پڕ بکەرەوە:

١/ زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا بنەمای شیرکە لە کۆن و تازەدا : (راستە – هەڵەیە) .

٢/ زیادەڕەوی واتە : ..... وە لە خراپەکانی : .....

٣/ توشی فیتنەبوون بە گۆڕەکانەوە وەکو تووشی فیتنەبوون بە بتەکانە بەڵکو تووندتر :

(**راستە هەڵەیە**)

٤/ رازاندنەوەی گۆڕەکان و داگیرساندی چرا و هاوشێوەی و گەچکردنی و نوسین لەسەری و دروستکردنی قوببە لەسەری و داپۆشینی بە پەردە و هەستان بە خزمەتکردنی ئەوانەی سەردانی دەکەن و پارەدان بەوانەی خزمەتی دەکەن :

(واجیبە – حەرامە)

٥/ نوسەر دەڵێت : سەردانی گۆڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باشترین کردارەکانە :

(**راستە هەڵەیە**)

٦/بە دواداچوونی شوێنەوارەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

موستەحەبە تەفصیلی تێدایە حەرامە

٧/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ترسی لە سەر ئوممەتەکەی حەصر کردووە لە : .....

٨/ موناسەبەتی هێنانەوەی نوسەر بۆ سێ ئایەتەکە لە ژێر بەشی :

ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا ئەم ئوممەتە بت دەپەرستن ؟

هیچ موناسەبەتێکی نییە روون نابێتەوە ئیللا بە فەرموودەکە نەبێت هەڵەی هەندێ لە نوسخەکانە

٩/ خەڵکی بەرانبەر بە پیاوچاکان بوونەتە چەند بەشەوە :

دوو لا و ناوەندێك زیادەڕەو و کورتڕەو

١٠/ خۆشویستنی پیاوچاکان بە دوعاکردن بۆیان و لادانی لەکە و گومانەکانە لەسەریان وەرگرتنی زانیاری لێیانەوە دەبێت : (**راستە هەڵەیە**)

١١/ زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا تەنها هۆکار نییە بۆ کوفر بەڵام ترسناکترین هۆکارەکانە :

(**راستە هەڵەیە**)

١٢/ ئایە زیادەڕەوی دەچێتە ناو پەرستنەکانەوە : بەڵێ نەخێر

١٣/ ئەگەر بەندە خواپەرستی بە بیر نەیەتەوە ئیللا بە بینینی شەبەحی پیاوچاکان نەبێت، ئەو ئەم پەرستنە نوقصانە یان بوونی نییە : (**راستە هەڵەیە**)

١٤/ (عبدالله ورسوله) راستترین و شەریفترین وەصفە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

(**راستە هەڵەیە**)

١٥/ (الإطراء) بریتییە لە ..... نمونەش لەسەری : .....

١٦/ (لا تُطْرُونِي) هەموو ئەو زیادەڕەوانە دەگرێتەوە کە وەکو زیادەڕەوی گاورەکانە و ئەوەی لەوان کەمترە : (**راستە هەڵەیە**)

١٧/ زیادەڕەوی روو دەدات لە :

ستایشدا پەرستندا کرداردا هەموو ئەوانەی باسکرا

١٨/ (المتنطعون) کێن ؟ .....

١٩/ (أهلكَ) مەبەست لێی لەناوچوونی : دینە جەستەکانە هەموو ئەوەی باسکرا

٢٠/ دینی خوای گەورە لە نێوان کەسانێکی زیادەڕەو و کەسانێکی کورتڕەو دایە :

(**راستە هەڵەیە**)

٢١/ (التنطع) روو دەدات لە : قسەکردندا کردارەکاندا هەموو ئەوەی باسکرا

٢٢/ هەموو ئەم ئوممەتە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کەوا حوسێن یەك سەری هەیە بەڵام لە واقیعدا زیاتر لە پێنج سەری هەیە : (**راستە هەڵەیە**)

٢٣/ یەکەم شیرك لەسەر زەویدا لە قەومی کێدا رووید ا ؟ ئادەم نووح ئیبراهیم

٢٤/ یەکەم شت لە دینی پێغەمبەراندا گۆڕدرا بریتی بوو لە شیرك، وە هۆکارەکەی زیادەڕەوی بوو لە پیاوچاکان : (**راستە هەڵەیە**)

٢٥/ هەرکەسێ بیەوێ دینەکەی خۆی بە بیدعە بە هێز بکاتەوە ئەوا زیانەکەی لە قازانجەکەی زۆرترە : (**راستە هەڵەیە**)

٢٦/ هەموو شتێك بکرێتە جەژن، هەموو هەفتەیەك یان ساڵێك دووبارە ببێتەوە و شەرعی نەبێت ئەوا :

بیدعەیە دروستە سوننەتە

٢٧/ بیدعەکان هۆکاری کوفرن : راستە هەڵەیە، چونکە کوفر بە خوای گەورە هۆکاری زۆرە

٢٨/ هۆکاری بزربوونی زانست و زانیاری مردنی زانایان

بێ ئاگایی پشت کردن لێی سەرقاڵبوون بە دونیاوە هەموو ئەوانەی باسکرا

٢٩/ سەردان کردنی گۆڕەکان :

شەرعییە بیدعەیە شیرکە هەموو ئەوانەی باسکرا

٣٠/ ئەو سەردانەی کە مەبەست لێی قازانجە بە مردووەکان و پەند وەرگرتنە لێی بیدعەیە :(**راستە هەڵەیە**) وە ئەو سەردانەی کە مەبەست لێی قازانجە بە مردووەکان شەرعییە : (**راستە هەڵەیە**)

٣١/ هەر شتێك هۆکار بێت بۆ ئەوەی ببێتە رێگر لە خەڵکی بۆ دینەکەیان پێ دەڵێن :

فیتنە بیدعە خورافات

٣٢/ مەبەست لە : (لعنة الله على اليهود) : دوعاکردنە لێیان

هەواڵدانە بەوەی خوای گەورە لەعنەتی لێکردوون ئیحتیمالی هەردوو ماناکەی هەیە

٣٣/ گۆڕەکان بکرێنە مزگەوت : بە سوجدە بردن لەسەری

دروست کردنی مزگەوت لەسەری هەموو ئەوەی باسکرا

٣٤ / ریوایەتی (خُشي) واتە ئەوەی ترساوە : پێغەمبەری خوایە(ﷺ) هاوەڵانە

٣٥/ گۆڕەکەی بەرز نەکراوەتەوە چونکە :

١/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوە ترسا گۆڕەکەی بکرێتە بتێك و بپەرسترێت.

٢/ هاوەڵان لەوە ترسان گۆڕەکەی بکرێتە بتێك .

٣/ هەموو پێغەمبەرێك لەو شوێنەدا دەنێژرێت کە گیانی دەکێشرێت.

٤/ هەمووی ئەوەی باسکرا

٣٦/ (أُبرزَ قَبْرُهُ) واتە : .....

٣٧/ حوکمی وتنی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) (حبیب الله)یە چییە؟ :

دروستە کەمکردنەوەی حەقەکەیەتی موستەحەببە

٣٨/ وتنی : ئیبراهیم (خلیل الله)یە و محمد (ﷺ) (حبیب الله)یە :

دروستە موستەحەببە دروست نییە

٣٩/ (الخلة) بۆ هیچ کەس نەسەلمێنراوە ئیللا بۆ :

ئیبراهیم ئیبراهیم و محمد ئیبراهیم و محمد و جگە لەوان

٤٠/ هەرکەسێك مزگەوتێکی لەسەر گۆڕێك دروست کرد :

گۆڕەکەی دەردەکرێت مزگەوتەکە دەروخێنرێت و گۆڕەکە دەهێڵرێتەوە .

٤١/ دروست نییە نوێژ بکرێت :

لەسەر گۆڕەکان بەرەو گۆڕەکان لە ناو گۆڕەکان هەمووی

٤٢/ خەڵکی جیاوازن لە : خەیردا شەڕدا هەمووی

٤٣/ خراپترین کەس ئەو کەسانەن کە : قیامەت هەڵدەستێ و هێشتا ئەوان زیندوون .

ئەوانەی قەبرەکان دەکەنە مزگەوت هەمووی

٤٤/ پێویستە دوور بکەوینەوە لە : شیرك وەسیلەکانی هەمووی

٤٥/ صەدەقەکردن لای گۆڕەکاندا ئاساییە، چونکە ئەوەی نەهی لێکراوە تەنها نوێژە : (**راستە هەڵەیە**)

٤٦/ خۆشوبەختدن بە بێباوەڕان تاوانێکی گەورەیە :

ئەگەر مەبەست لێی شەبەختدن بوو ئەگەر مەبەستی بێت یان مەبەستی نەبێت.

٤٧/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی گۆڕەکان بکرێنە مزگەوت :

لە ژیانیدا پێش مردنی بە پێنج رۆژ لە میانی قسەکانید ا هەمووی

٤٨/ باشترین لە ئیمان و کردار لە سەرووی باشترینە لە نەسەب و رەچەڵەکدا :

(**راستە هەڵەیە**)

٤٩/ (لا تجعلْ قبري وثناً) : وەڵامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) درایەوە

حیکمەتی خوای گەورە جگە لەوەی دەویست

٥٠/ سەردانی کردنی ئافرەتان بۆ گۆڕستان لە تاوانە گەورەکانە : (**راستە هەڵەیە**)

٥١/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) : تەوحیدی پاراستووە

هەموو رێگایەك بەرەو شیرك بڕوات دایخستووە هەمووی

٥٢/ (بيوتكم قبوراً) واتە :

مردووی تیادا مەنێژن وازمەهێنن لە نوێژکردن تێیدا هەمووی

٥٣/ سەردانی گۆڕی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هۆی هۆکارێکەوە دەبێت و کۆچوباری بۆ ئامادە ناکرێت و بەردەوام ناچینە سەر گۆڕەکەی : (**راستە هەڵەیە**)

٥٤/ صەڵاواتدان و سەلامکردن لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) : لای گۆڕەکەی دەبێت، بۆیە وەصێت بەو کەسانە دەکرێت سەردانی مەدینە دەکەن سەلامی لێ بکەن

لە هەر کوێیەك بێت (تۆ و ئەو کەسەی لە ئەندەلوسە وەکو یەکن)

٥٥/ (قبري عيداً) واتە : .....

٥٦/ نابێت شیرك لەم ئوممەتەدا روو بدات، چونکە لێی پارێزراوە : (**راستە هەڵەیە**)

٥٧/ ﴿ أُوتُواْ نَصِيبًا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾ هەموو کتێبەکەیان پێ نەدراوە بەڵکۆ لێی مەحروم بوون بە هۆی سەرپێچییەوە : (**راستە هەڵەیە**)

٥٨/ زانست و زانیاری خاوەنەکەی لە سەرپێچی ناپارێزێت : (راستە – هەڵەیە)

٥٩/ ئایە مەیمون و بەرازەکان پاشماوەی ئەوانەی شێوە و شکلیان گۆڕدرا (ممسوخ) ؟

بەڵێ نەخێر

٦٠/ زیادەڕەوی لەسەر گۆڕەکان هەرچەندە کەم بێت ئەوا سەردەکێشێ بۆ لە خۆی گەورەتر : (**راستە هەڵەیە**)

٦١/ نزیکە لەوەی هیچ سەرپێچییەك لەم ئوممەتەدا نەبینی ئیللا بنەماکەی لە ئوممەتەکانی پێشوودا بوونی هەبووە : (**راستە هەڵەیە**)

٦٢/ ئەم ئوممەتە کاتێك دووبەرەکی تێکەوت و هەندێکیان ئەوانی تریان بە هەلاکەتدا برد، ئەوا خوای گەورە دوژمنێکی لە جگە لە خۆیان زاڵ کرد بە سەریاندا :

(**راستە هەڵەیە**)

٦٣/ پێشەوا : پێشەوا دەبێت لە : تەنها لە خەیردا لە خەیر و شەڕدا بە یەکەوە

٦٤/ مەزنترین شت مرۆڤ لێی بترسێت تووشی ئەم ئوممەتە بێت :

پێشەوایانی خراپەکاری شوێنکەوتنی سوننەتەکانی جولەکە و گاوڕەکان .

٦٥/ وەڵامی دوو دوعای پێغەمبەری خوا(ﷺ) درایەوە ئەوانیش

١/..... .....

٢/..... وە وەڵامی سێیەم نەدرایەوە کە ئەویش : .....

شەشەم : کرداره شەیتانییەکان (حەوت بەشە)

٢٤/ بەشی ئەو بەڵگانەی لە سەر جادوو (سیحر) هاتوون .

جادوو (سیحر) دروست نابێت و ناکرێت ئیللا لە رێگای شیرکەوە نەبێت، جا شەیتانەکان خزمەتی مرۆڤەکان ناکەن ئیللا لەبەر بەرژەوەندییەك نەبێت، کە ئەویش سەر لێشێوانی بەنی ئادەمە و وایان لێ بکەن شیرك و سەرپێچی ئەنجام بدەن .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلْآخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ ﴾

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾

عومەر فەرمویەتی: (الجبت : سیحر و جادووە، والطاغوت : شەیتانە)، وە جابر فەرموویەتی: (الطواغیت : ئەو کاهینانەن کە شەیتانەکان دەهاتن بۆ لایان، وە لە هەموو گەڕەکێکدا دانەیەك هەبوو).

- ﴿ ٱشْتَرَىٰهُ ﴾ واتە : فێری بووە .
- (الطاغوت : شەیتانە) لە باسی تەفسیر کردنە بە نمونەوە،چونکە (طاغوت) لە شەیتان گشتگیرترە .

ئایە پشکەکە بە گشتی لە دەست دەدات یان هەندێکی ؟

رای یەکەم : ئایەتەکان کە هەڕەشەیان تێدایە بە ڕێیان دەخەین هەروەکو چۆن هاتوون، وە سوور نابین لەسەر کۆکردنەوەی لە گەڵ ئایەتەکانی بەڵێن دان بە لێخۆشبوون، بۆ ئەوەی لەسەنگ و بەهای کەم نەکرێتەوە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە کە دەفەرمووێت : ﴿ وَمَا نُرۡسِلُ بِٱلۡأٓيَٰتِ إِلَّا تَخۡوِيفٗا ﴿٥٩﴾ ﴾ چونکە خوای گەورە هێناویەتییەوە لەبەر ترسان لەو کارە و دوور کەوتنەوە و تۆقان لێی.

رای دووەم : ئایەتەکان کە هەڕەشەیان لە خۆ گرتووە دەیانخەینە پاڵ ئەو ئایەتانەی لێخۆشبوون و لێبوردنی لە خۆ گرتووە، ئەو کاتە نەمانی پشکەکە وردەکاری تێدا بە دی دەکرێت :

- **هەمووی نامێنێ :** ئەگەر هاتوو سیحرەکە بە هۆی بەکارهێنانی شەیتانەکانەوە بوو.
- **هەندێکی نامێنێ :** ئەگەر هاتوو سیحرەکە بە هۆی بەکارهێنانی دەواو دەرمانەوە بوو .

بەڵگەی سێیەم :

لە (ابو هريرة)وە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ ». قِالوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) وَمَا هُنَّ ؟ قَالَ : « الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلا بِالْحَقِّ وَأَكْلُ الرِّبَا وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ).واتە : دوور بکەونەوە لە حەوت بە هەلاکەت بەرەکە. وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانە چین ؟ فەرمووی : هاوەڵبریاردان بۆ خوا و سیحر و کوشتنی ئەو نەفسەی خوای گەورە کوشتنی حەرام کردووە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت و خواردنی ریبا و خواردنی سەروەتو سامانی هەتیوان و هەلاتن لە ڕۆژی رووبەروو بوونەوەدا و تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی ئیماندارانی بێ ئاگا بە زینا (واتە : بوختیانیان بۆ بکرێت) .

(اجْتَنِبُوا) : واتە : وازی لێ بهێنن و لێی دوور بکەونەوە، بە شێوەیەك تۆ لە لایەك بێت و ئەویش لە لایەکەی تر .

(السَّبْعَ) : ئەم ژمارەیە مەبەست لێی (حەصر) نییە، چونکە چەندین تاوانی تر هەن کە ئەوانیش بە هەلاکەت بەرن .

(وَأَكْلُ الرِّبَا) : واتە بیبات، جا ئیتر ئەگەر بیخوات یان بیدات بە راخەرێك و رایخات یان جگە لەوانە، وە سوو (الربا) بریتییە لە زیادەیەك لە گرێبەستێکدا دەکرێت کە پێویست تیایادا یەکسانبوونە، وە دواخستنێکە لە گرێبەستێکدا لە نێوان شتەکاندا کەوا پێویست تیایدا وەرگرتنی دەست بە دەستە، ئەویش دابەش دەبێتە دوو بەشەوە : **یەکەم :** سووی زیادە . **دووەم :** سووی دواخستن .

(وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ) : وە (اليتيم) هەتیو : ئەو کەسەیە کە باوکی مردووە لە پێش ئەوەی بالغ بوو بێت، نێر بێت یان مێ .

(وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ) : هەلاتن لە رۆژی روبەروبونەوەدا لە کاتی جەنگدا لە گەلّ بێباوەراندا .

(وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلاَتِ الْمُؤْمِنَاتِ) : تۆمەتبارکردنی ئافرەتێکی ئازادی ئیماندار بە زینا .

(وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ) ئەویش چوار جۆرە :

ئیماندار : لەبەر ئیمانەکەی .	**کەسی (زیممی) :** ئەو کەسانەیە کە لە نێوان ئێمە و ئەواندا زیممەیەك هەیە و ئەوانیش سەرانە دەدەن.	**کەسی (موعاهید) :** لە نێوان ئێمە و ئەواندا پەیمانێك هەیە کەوا لە گەلّیاندا نەجەنگین و ئەوانیش لە گەلّماندا نەجەنگن	**کەسی (المستأمن) :** لە نێوان ئێمە و ئەواندا ئەمان هەیە لەبەر بوونی بازرگانی یان بۆ ئەوەی لە ئیسلام تێبگەن .

(إلا بالحقِّ) ئەویش سێ دانەیە :

نەفسێك بەرانبەر بە نەفسێك .	کەسێك هاوسەرگیری کردبێت و زینا بکات .	ئەو کەسەی واز لە دینەکەی دەهێنێت و لە جەماعەی موسڵمانان جیابووەتەوە .

وپشتکردن لە دوژمن لە سێ شوێن و جێگادا دروستە :

(مُتَحَرِّفًا لِّقِتَالٍ) : وەکو ئەوەی کەسێك پشت دەکات لە دوژمن بۆ ئەوەی خۆی کۆبکاتەوە و چەك ئامادە بکات، یان بۆ ئەوەی لە لایەکی ترەوە هێرش ببات .	(مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ) : بۆ ئەوەی خۆی بداتە پاڵ تاقمێکی تر لەبەر زەرورەت، بە مەرجێك زیان بە سوپاکەی خۆی نەگەیەنێت .	ئەگەر هاتوو ژمارەی بێباوەڕان زیاتر لە دوو هێندەی موسڵمانان بوو، جا ئەو کاتە هەڵاتن دروستە .

بەڵگەی چوارەم تا حەوتەم :

٤/ وە لە (جندب) ەوە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کەوا فەرموویەتی: (حد الساحر ضربه بالسيف) واتە : حەددی کەسی ساحیر بریتییە لە لێدانی بە شمشێر) (رواه الترمذي وقال : الصحيح أنه موقوف).

٥/ لە (صحيح البخاري) دا هاتووە لە (بجالة)ی کوڕی(عبدة)وە فەرموویەتی: عومەری کوڕی خەتتاب نوسراوێکی نووسی کەوا : (اقْتُلُوا كُلَّ سَاحِرٍ و ساحرة، قال : فَقَتَلْنَا ثَلَاثَ سَوَاحِرَ) واتە : هەموو ساحیرێکی پیاو یان ئافرەت بکوژن دەڵێت : ئێمەش سێ ساحیرمان کوشت) .

٦/ لە (حفصة) هەوە بە (صحيح) ڕیوایەت کراوە کەوا : (أنها أمرت بقتل جارية لها سحرتها فَقُتِلَتْ) واتە : فەرمانی کرد بەکوشتنی کەنیزەیەکی خۆی کە سیحری لێکردبوو بۆیە کوژرا).

٧/ هەروەها بە (صحيح)ی لە (جندب)هوە ریوایەت کراوە . (قال احمد : عن ثلاثة من اصحاب النبي (ﷺ) واتە : لە سێ هاوەڵەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە) ئەوانیش بریتین لە : (عمر و حفصة و جندب)

حوکمی جادووباز چییە ؟

رای یەکەم : (محمدی کوڕی عبدالوهاب) : جادوو هەمووی کوفرە، وە جادووبازیش دەکوژرێت بە ڕەهایی، وە تەوبەکەشی لای خوایە .

رای دووەم : پێشەوا شافعی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەر ئەم ڕایەش شەیخ (ابن عثيمين) بە پەسەندی زانیوە (دوو جۆرە):

جادووی شەیتانەکان : بکەرەکەی لە دین هەڵگەڕاوەتەوە داوای لێ دەکرێت تەوبە بکات، ئەگەر تەوبەی کرد ئەوا دەیکوژین وەکو حەددێك چونکە موسڵمانە، وە ئەگەر تەوبەی نەکرد ئەوا دەیکوژین وەکو کەسێکی لە دین هەڵگەڕاوەی بێباوەڕە .

جادووی دەوا و دەرمان : حوکمی بکەرەکەی حوکمی کەسی ستەمکاری (الصائل)، وە دەکوژرێت وەکو حەددێك چونکە کەسێکی موسڵمانە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (البقرة): ﴿ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (النساء): ﴿ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾

سێیەم : تەفسیری وشەی (الجبت و الطاغوت)، وە جیاوازی نێوانیان، (الجبت : هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە خەیری تیادا نییە وەکو سیحر و جگە لە سیحر، وە (الطاغوت): بریتیە لە هەموو ئەوەی بەندە لە سنوری خۆی پێی دەردەچێت لە پەرستراوێك یان شوێنکەوتەکراوێك (چاولێکراوێك) یان گوێرایەڵی کراوێك .

چوارەم : تاغوت جاری وا هەیە رەنگە لە جنۆکە بێت، وە رەنگە لە مرۆڤەکان بێت (ئەگەر تاغوت بە رەهایی باس کرا ئەوا مەبەست لێی شەیتانی جنۆکەیە و کەسی (کاهین) شەیتانی مرۆڤە .

پێنجەم : زانینی حەوت بە هەلاکەت بەرەکە کە تایبەت کراون بە نەهی .

شەشەم : جادووباز کوفر دەکات .

حەوتەم : دەکوژرێت و داوای تەوبەی لێ ناکرێت (چونکە حەدد ئەگەر گەیشتە پێشەوا ئەوا داوای تەوبە لە خاوەنەکەی ناکرێت، بەڵکو لە هەموو حاڵەتێکدا دەکوژرێت، بەڵام کوفر ئەوا داوای تەوبە لە خاوەنەکەی دەکرێت) .

هەشتەم : ئەم کارە لە ناو موسڵمانانداە هەبووە لە سەردەمی ئیمامی عومەردا، ئەی چۆنە لە پاش سەردەمی ئەو ؟

ئەو رایەی کە دەڵێت : کوشتنی جادووباز لە لایەن کاربەدەستانەوە کۆکە لە گەڵ بنەما شەرعییەکاندا، چونکە ئەوان هەوڵ دەدەن فەساد و خراپەکاری لەزەویدا بڵاو بکەنەوە، وە خراپەکاری و فەسادی ئەوان لە گەورەترین خراپەکارییەکانە، بۆیە کوشتنیان واجبیە لەسەر کاربەدەستان، وە دروست نییە بۆ پێشەوا کەوا دوابکەوێت لە کوشتنیاندا، چونکە ئەوانە ئەگەر وازیان لێ بهێنرێت ئەوا فەساد لەسەر خۆیان و جگە لە خۆیان بڵاو دەکەنەوە، وە ئەگەر کوژران ئەوا خەڵکی لە خراپەیان سەلامەت دەبن، وە خەڵکیش سەرزەنشت دەکرێت و عیبرەت وەردەگرن لە سیحر دوور دەکەونەوە.

٢٥/ بەشی روونکردنەوەی هەندێك لە جۆرەکانی جادوو

پاش ئەوەی باسی جادووی کرد، ئەمجار هەندێ لە جۆرەکانی روون کردەوە، بۆ ئەوەی بزانیت سیحر چەند جۆرێکە تاوەکو لێی دوور بکەویتەوە .

بەڵگەی یەکەم تا پێنجەم :

١. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إِنَّ الْعِيَافَةَ وَالطَّرْقَ وَالطِّيَرَةَ مِنْ الْجِبْتِ) واتە: بە دڵنیاییەوە هەڵدانی باڵندە و لێدانی خەتی بەخت و شوومی جۆرێکن لە سیحر)) . (عوف) فەرموویەتی : (العيافة واتە : هەڵدانی باڵندەیە، وە (الطرق) واتە : لەسەر زەوی خەتیان دەکێشا (بە مەبەستی بەخت گرتنەوە) وە (الجبت) حەسەنی بەصری فەرموویەتی : دەنگ و ئاوازی شەیتانە، (إسناده جيد، ولأبي داود والنسائي وابن حبان في (صحيحه) المسند منه).

٢. لە (ابن عباس)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:_ ((من اقتبس شعبة من النجوم، فقد اقتبس شعبة من السحر، زاد ما زاد)) (رواه أبو داود بإسناد صحيح) واتە: هەرکەسێك بەشێك لە ئەستێرەناسی فێربێت و وەرگرێت ئەوا بەشێك لە سیحری وەرگرتووە و فێربووە، وە ئەگەر زیاتری وەرگرت ئەوا زیاتر سیحری وەرگرتووە) .

٣. وە (النسائي) ریوایەتی کردووە لە فەرموودەی (أبو هريرة)وە : (مَنْ عَقَدَ عُقْدَةً ثُمَّ نَفَثَ فِيهَا فَقَدْ سَحَرَ، وَمَنْ سَحَرَ فَقَدْ أَشْرَكَ، وَمَنْ تَعَلَّقَ شَيْئاً وُكِلَ إِلَيْهِ) واتە : هەرکەسێك گرێیەك ببەستێت ئەمجار تفی پێدا بکات ئەوا سیحری کردووە، وە هەرکەسێك سیحر بکات ئەوا شیرکی کردووە، وە هەرکەسێك شتێك هەڵواسێت ئەوا کاروباری دەدرێتە دەستی ئەوەی هەڵیواسیوە) .

٤. لە (ابن مسعود)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أَلا هل أُنَبِّئُكُمْ مَا الْعَضْهُ ؟ هِيَ النَّمِيمَةُ، الْقَالَةُ بَيْنَ النَّاسِ) (رواه مسلم) واتە : ئایە پێتان

بڵێم (العضه) چییه ؟ بریتییه له دووزمانی و قسه هێنان و بردن له نێوان خەڵکیدا).

٥. وه له هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووه له (ابن عمر)ەوه کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إن من البیان لسحراً) واتە: لە رەوانبێژی و فەصاحەتدا سیحر هەیە –بیستنەکان سیحراوی دەکات–).

- (الْعِيَافَةَ) : هەڵدانی باڵندە لەبەر رەشبینی یان گەشبینی، بەشێکە لە شوومی و رەشبینی (تطیر) بە کردار .
- (وَالطَّرْقَ) : لەسەر لم خەت دەکێشن بە مەبەستی سیحرو کەهانەت .
- (وَالطِّيَرَةَ) : بریتییە لە رەشبینی بە شتێکی زانراوەوە، ئیتر ئەگەر بینراو بێت یان بیستراو، کاتی بێت یان شوێنی .
- (رنَّة الشيطان) : واتە وەحی شەیتان، ئەمە لە وەحی و پڕکردنەوەی شەیتانەوەیە.
- (العضه) : بە مانای بڕین و جیاکردنەوە دێت، وە بۆیە لە باس و بابەتی سیحرەوە هێناویەتییەوە، بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە کەوا جیاکردنەوە ئامانجی هەموو کەسێکی دوو زمان و ساحیرە، وە کەسی دوو زمان لە کەسی ساحیر زیاتر تێك دەدات و ئاشووب دەگێڕێت .

ئەستێرەناسی دوو جۆرن :

زانستی (التأثیر) : رووداوە فەلەکییەکان دەکاتە بەڵگە بۆ رووداوەکانی زەوی .

زانستی (التسییر) : ئەو ئەستێرانە بکاتە بەڵگە بۆ زانینی لاکان و کاتەکان و لای قیبلە .

شیرکی بچووکە : ئەگەر باوەڕی وا بێت کەوا ئەستێرەکان هۆکارن، لە کاتێکدا خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار بۆ زانینی عیلمی غەیب .

شیرکی گەورەیە : ئەگەر باوەڕی وا بوو کە ئەستێرەکان بۆ خودی خۆیان کاریگەریان هەیە، وە بە دەست هێنانی سوود بەخشەکان و دوور خستنەوەی زیان بەخشەکانی بە دەستە .

دروستە : دەکرێنە بەڵگە بۆ زانینی کات و شوێنکان، ﴿وَعَلَٰمَٰتٖۚ وَبِٱلنَّجۡمِ هُمۡ يَهۡتَدُونَ ١٦﴾

واجیبە : ئەوەی واجیبی پێ تەواو نەبێت ئیللا بە هۆی ئەوەوە نەبێت ئەوا ئەویش واجیبە، وەکو ئەوەی کەسێك لە بیابانێکدا بێت و دەیەوێت بزانێت قیبلە لە کام لاوەیە.

(البیان) : بریتییە لەو فەصاحەت و رەوانبێژیە تەواوە کە زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵەکاندا و دەبێتە هۆی گۆڕینی بیرۆکەکان، ئەویش دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

١. **ویستراو :** مەبەست لێی سەلماندنی حەقە و پوچەڵکردنەوەی باتڵە (ناحەقییە).

٢. **نەویستراو :** مەبەست لێی ڕەدد کردنەوەی حەقە و سەلماندنی باتڵ و ناحەقییە.

- ئایە رەوانبێژی و فەصاحەت چی پەیوەندییەکی بە سیحرەوە هەیە ؟ چونکە رەوانبێژی ناڕەوا و سیحر هەردوو بەشدارن لە هەڵگەڕانەوەی راستییەکاندا .

مەسەلەکان :

یەکەم : هەڵدانی باڵندە و خەت کێشان لەسەر زەوی (بە مەبەستی بەخت گرتنەوە) و شوومی و ڕەشبینی، جۆرێکن لە جۆرەکانی سیحر.

دووەم : تەفسیری وشەی (الْعِيَافَةَ وَالطَّرْقَ) .

سێیەم : ئەستێرەناسی جۆرێکە لە جۆرەکانی سیحر (علم التاثير) .

چوارەم : گرێدان لە گەڵ تفکردندا جۆرێکە لەوانە .

پێنجەم : دوو زمانی لە نێوان خەڵکیدا جۆرێکە لەوانە (چونکە دووبەرەکی دروست دەکات وەکو سیحر) .

شەشەم : هەندێ لە فەسادەت و ڕەوانبێژییەکان لەوانەیە . (چونکە کەسی ڕەوانبێژ ڕەنگە هەندێ جار ویستەکان دادەمرکێنێتەوە یان هەڵی دەگیرسێنێت).

٢٦/ بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی فاڵچی و کەهانەت و نمونەی ئەوانە .

ئەمە باشترین ڕێزبەندییە، لە پاش ئەوەی سیحر و هەندێ لە جۆرەکانی ڕوون کردەوە ئەمجار ئەوەتا بۆت ڕوون دەکاتەوە کەوا (کاهین و ئەستێرەناس و فاڵچی) کێیە؟ وە حوکمی چوون بۆ لایان چییە؟ وە چۆنییەتی ڕۆیشتن بۆ لایان .

بەڵگەی یەکەم تا چوارەم

١. ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە هەندێ لە خێزانەکانی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (من أتى عرَّافا فسأله عن شيء فصدَّقه،لم تقبلْ له صلاةٌ أربعين يوماً) واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای فاڵچییەك و پرسیاری لێ بکات و باوەڕی پێ بکات، ئەوا بۆ ماوەی چل شەو نوێژەکەی لێ وەرناگیرێت).

٢. وە لە (أبو هريرة)وە هاتووە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی : ((من أتى كاهنا فصدَّقهُ بما يقول، فقد كفر بما أُنزل على مُحَمَّد (ﷺ)) واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای کاهینێك (فالچییەك) و باوەڕی بە قسەکانی کرد، ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی دابەزیوەتە سەر محمد(ﷺ)) .

٣. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (من أتى عرافا أو كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على مُحَمَّد(ﷺ)) (رواه الأربعة والحاكم وقال : صحيح على شرطهما) واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای فالچییەك یان کاهینێك و باوەڕی بە قسەکانی کرد، ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی دابەزیوەتە سەر محمد(ﷺ)٠)

٤. ولأبي يعلى بسند جيد عن ابن مسعود مثله موقوفا . واتە : وە (أبو يعلى) ریوایەتی کردووە بە سەنەدێکی (جید) لە (ابن مسعود)ەوە بە (موقوف)ی واتە : قسەی (ابن مسعود) خۆیەتی.

(مَنْ أتى) : چوون بە دانیشتن دەبێت لە گەڵیاندا، یان بە پەیوەندی کردن پێیانەوە، یان بە ناردنی کەسێك بۆ لایان، یان بە نامەیەك، یان تەماشاکردنی کەناڵەکانیان، یان ڕۆیشتنە ناو ماڵپەڕەکانیانەوە، یان کڕینی گۆڤارەکانیان بە تایبەتی ئەوانەی بورجەکانی تیادایە، یان بیستنی ئەوەی دەیڵێن، ئەمەش خراپەکارییەکی گەورەی تیادایە .

(لم تقبلْ له صلاةٌ) : ئەو پاداشتەی کە لە ئەنجامی نوێژەکەیدا دەستی کەوت بەرانبەر بوویەوە لە گەڵ خراپەکەدا، بۆیە لە دەستی دا (ڕۆیشتن بۆ لایان بە بێ ئەوەی باوەڕیان پێ بکات).

(فقد كفر بما أُنزل على مُحَمَّد(ﷺ)) واتە بە قورئان، کە ئەو ئایەتەی تێدایە : ﴿ قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ﴾ جا ئەو کەسەی باوەڕ بە کاهین و فالچی دەکات لە زانینی غەیبدا، لە کاتێکدا دەزانێت کەوا هیچ کەسێك غەیب نازانێت تەنها خوا نەبێت، ئەوا کەسێکی بێباوەڕە (کافرە) کوفرێکی گەورەی

کردووە، وە ئەگەر کەسێکی نەزان بوو باوەڕی وا نەبوو کەوا قورئان درۆی تیادایە، ئەوا کوفرەکەی کوفرێکی بچووکە، وە رەنگە باوەڕ پێکردنەکەی لەو کاتەدا نەبێت، بەڵکو باوەڕ پێکردنەکەی لە پاش ئەوە دەبێت ئەگەر شتێك روو بدات .

(عرّافاً) : ناوێکی گشتگیرە، بۆ کاهین و ئەستێرەناس و فاڵچی و لەو جۆرانە بە کار دەهێنرێت، ئەوانەی بۆ زانینی غەیب چەند پێشەکییەك بە کار دەهێنن و دەیکەنە بەڵگە، بۆیە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بانگەشەی ئەو کارانە دەکەن .

بەڵگەی پێنجەم :

لە (عمران بن حصين)ەوە ریوایەت کراوە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) : **((ليس مِنَّا من تَطيَّرَ أو تُطُيِّرَ له، أو تَكهَّن أو تُكُهِّنَ له، أو سَحَرَ أو سُحِرَ له، ومن أتى كاهناً فصدَّقهُ بما يقول، فقد كفر بما أنزل على مُحَمَّد(ﷺ))** (رواه البزار بإسناد جيد) .

واتە: لە ئێمە نییە هەرکەسێ بااڵندە هەڵدات یان بااڵندەی بۆ هەڵدرێت (بە مەبەستی ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێك) یان فاڵ بکات یان فاڵچی فاڵی بۆ بکات، یان جادوو بکات یان جادووی بۆ بکرێت، وە هەر کەسێ بڕوات بۆ لای کاهینێك و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی دابەزیوەتە سەر محمد(ﷺ).

بەڵگەی شەشەم :

هەروەها (الطبراني) لە (الأوسط)دا ریوایەتی کردووە بە سەنەدێکی (حسن) لە فەرموودەی (ابن عباس)ەوە، بە بێ ئەو بەشەی کە دەفەرموێت : (ومن أتى ....) تا کۆتایی.

ئیمامی (البغوي) فەرموویەتی : (العرَّاف : ئەو کەسەیە کە بانگەشەی زانینی چەند کارێك دەکات بە چەند پێشەکییەك کە دەیکاتە بەڵگە لە سەر شتە دزراوەکە و جێگای شتە بزرەکە و نمونەی ئەوانە) وە دەڵێن : ئەوە کاهینە، وە کاهینیش ئەو

کەسەیە کە هەوالّ دەدات لەسەر شتە غەیبییەکان لە داهاتوودا، وە دەلّێن : ئەو کەسەیە کە هەوالّ دەدات دەربارەی ئەوەی لە ناخەکاندا هەیە .

(أبو العباس ابن تيمية) دەلّێت : العرَّاف : ناوێکە بە کار دەهێنرێت بۆ کاهین و ئەستێرەناس و فالّچی و نمونەی ئەوانە، لەو کەسانەی کە قسە دەکەن دەربارەی زانینی بابەتەکان بەم ڕێگایانە .

(من تَطيَّرَ) : هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بالّندە هەلّدەدەن، بالّندە هەلّدەدەن بۆ خۆیان و بۆ جگە لە خۆیان .

(أو تُطُيِّرَ له) : واتە فەرمان دەدات بالّندەی بۆ هەلّبدرێت، یان رازی دەبێت بۆ بکرێت .

(سُحِرَ له) : چونکە هەندێ کەس بەو کەسانە دەلّێن کە شکایەت دەکەن لە مێردەکانیان: من سیحرت بۆ دەکەم و تۆ هیچ ناکەیت، گومانی وایە کە هیچی لەسەر نییە .

بەڵگەی حەوتەم:

(إبن عباس) – دەربارەی ئەو کەسانەی (أباجاد) دەنوسن و تەماشای ئەستێرەکان دەکەن – فەرموویەتی : **(ما أرى من فعل ذلك له عند الله من خلاق)** واتە : ئەو کەسەی ئەو کارە دەکات نابینم لای خوای گەورە هیچ پشکێکی هەبێت) .

(أباجاد : دانانی ژمارەیە بۆ هەر پیتێك وەك : أ = ١، ب = ٢، ج = ٣، د = ٤ .... هتد)

فێربوونی (أباجاد) دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

١. **دروستە :** دروستە فێری ببین بۆ ژماردنی رستەکان و نمونەی ئەوانە، وە بەردەوام زاناکان مێژووی پێ تۆمار دەکەن .

٢. **حەرام (قەدەغەکراو) :** وای لێ بکات پەیوەستی بکات بە ڕێڕەوی ئەستێرەکان و جۆلّان و دەرکەوتن و ئاوابوونیان .

حوکمی پرسیارکردن لە فاڵچی و هاوشێوەی :

پرسیاریێکی ئاسایی : یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە دەفەرموێت : (لم تقبل له صلاةٌ أربعين يوماً)

پرسیارکردن و باوەڕ پێکردن : کوفرێکی گەورەیە، چونکە بە درۆ خستنەوەی قورئانە .

پرسیارکردن بە مەبەستی تاقیکردنەوەی : دروستە، بۆ ئەوەی راست و درۆی بزانێت، نەک بۆ ئەوەی قسەکانی وەرگرێت، بە مەرجێك شایستەی ئەو شوێنە بێت .

پرسیارکردن بە مەبەستی بێ دەسەڵاتی و بە درۆ خستنەوەی : داواکراو و واجیبە، بە مەرجێك کەسی پرسیار کەر شایستەی ئەو جێگەیە بێت .

لە نیشانەکان جادووباز (ساحیر)

١. جیاوازە لە گەڵ مەرجەکانی دروستی روقیەی شەرعیدا .
٢. گرێدان لە گەڵ تف پیاکردندا .
٣. نوسینی چەند پیتێکی بچڕبچڕ و قسەی نەزانراو .
٤. جیاکردنەوەو بەیەك گەیاندن (سۆزداری).
٥. تەماشاکردنی ئەستێرەکان (علم التاثير) .
٦. خوێندنەوەی ناودەست و فنجان .
٧. بۆ نمونە پرسیاری ناوی دایك دەکات .
٨. بانگەشەی زانینی غەیب دەکات .
٩. فەرمان بە نەخۆشەکە بکات بە سەرپێچی کردنی شەرع وەکو وازهێنان لە نوێژ یان وازهێنان لە وتنی (بسم الله) لە کاتی سەربڕیندا .
١٠. نەخۆشەکە پەیوەست بکاتە خۆیەوە نەك خوای گەورە .
١١. ئەو یەکێکە لە ئەولیای شەیتان .

مەسەلەکان :

یەکەم : لە دڵێکدا باوەڕهێنان بە کاهین و ئیمان هێنان بە قورئان کۆ نابێتەوە (ئەمەش گەورەترین کوفرە)

دووەم : وتنی بە راشکاوی کەوا ئەو کارە کوفرە .

سێیەم : باسی ئەو کەسەی کە کەهانەتی بۆ دەکرێت (واتە : ئەویش وەکو کەسی کاهینەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی بەرییە).

چوارەم : باسی ئەو کەسەی کە باڵندەی بۆ هەڵدەدرێت –(تطيُّر)ی بۆ دەکرێت– .

پێنجەم : باسی ئەو کەسەی جادووی بۆ دەکرێت (هەرکەسێ داوا بکات ئەو کارەی بۆ بکرێت ئەوا وەکو ئەوانە لە سزادا) .

شەشەم : باسی ئەو کەسەی فێری (أباجاد) دەبێت (ئەمەش وردەکاری تێدایە).

حەوتەم : باسی جیاوازی لە نێوان کاهین و فاڵچیدا .

٢٧/ بەشی : ئەو بەڵگانەی دەربارەی نوشرە (بەتاڵ کردنەوەی سیحر) هاتوون .

ئەمەش بەڵگەی رێك و پێکی رێزبەندییە، لە پاش ئەوەی باسی جادووی بۆ کردین ئەمجار دەیەوێت باسی چۆنییەتی چارەسەرەکەی بکات، گومانیشی تێدا نییە کە چارەسەرکردنی سیحر لەو کەسەی سیحری لێ کراوە بە رێگایەکی شەرعی و دروست ئەوا فەزڵێکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی لە پێناوی خوای گەورەدا دەیکەن.

بەڵگەی یەکەم :

لە (جابر)ەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) پرسیاری لێ کرا دەربارەی (النُشرة) فەرمووی : (هي من عمل الشيطان) واتە : ئەوە لە کار و کردەوەی شەیتانە) .

بەڵگەی دووەم :

وە دەڵێت : پرسیار کرا لە ئیمامی ئەحمەد دەربارەی نوشرە، فەرمووی : (ابن مسعود يكره هذه كلَّهُ) واتە : ابن مسعود هەموو ئەو کارانەی پێ حەرام بووە) .

- (النشرة) : ئەوەی کە لەسەردەمی نەفامیدا زانراو بوو، وە هەر لە سەردەمی نەفامیدا بە کاریان دەهێنا .
- (من عمل الشيطان) : دانە پاڵ شەیتان نابوتترین و ناشرینترین وەصفە بۆ ئەوەی خەڵکی لێی هەڵبێت .
- (يكره ذلك) : کەراهەت لای ئەوانە پێشین مەبەست لێی حەرام بوونە .
- (يكره هذه كلَّهُ) : مەبەستی ئەو نوشرەیە کە لە کار و کرداری شەیتانە، کە ئەویش نوشرەیە بە سیحر .

بەڵگەی سێیەم :

لە (بوخاری)دا هاتووە لە (قتادە)وە دەڵێت : بە (ابن المسيب)م گوت : (رَجُلٌ بِهِ طِبٌّ أَوْ يُؤَخَّذُ عَنْ امْرَأَتِهِ أَيُحَلُّ عَنْهُ أَوْ يُنَشَّرُ ؟ قَالَ : لَا بَأْسَ بِهِ، إِنَّمَا يُرِيدُونَ بِهِ الْإِصْلَاحَ، فَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَلَمْ يُنْهَ عَنْهُ) واتە : پیاوێك سیحری لێکراوە یان بەستراوە بەرانبەر بە خێزانەکەی، ئایە دروستە سیحرەکەی بۆ بەتاڵ بکرێتەوە ؟ (ابن المسيب) فەرمووی : ئاساییە، چونکە ئەوان ئەو کارە دەکەن لەبەر چاکسازی، ئەوەی سوودی هەبێت نەهی لێ نەکراوە) .

- (طِبٌّ) : واتە : سیحر، گومانیشی تێدا نییە کە (طِبّ) چارەسەری نەخۆشییە، بەڵام بە سیحر دەگوترێت (طِبّ) لەبەر گەشبینی، هەروەکو چۆن بە کەسێك پێوەدرا بێت دەڵێن : (سليم) وە بە شکاوێك دەڵێن : (جبير) .
- (يُؤَخَّذُ عَنْ امْرَأَتِهِ) : واتە : دەبەسترێت و ناتوانێت لە گەڵ خێزانەکەیدا جووت بێت، لە کاتێکدا هیچی نییە، ئەوەش جۆرێکە لە سیحر .

بەڵگەی چوارەم :

لە (الحسن)ەوە ریوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی : (لا يحلُّ السحرَ إلا ساحرٌ) واتە : (هیچ کەسێك سیحر بەتاڵ ناکاتەوە ئیللا ساحیر نەبێت) .

ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت– فەرموویەتی : **نوشرە :** بریتییە لە بەتاڵ کردنەوەی سیحر لە کەسی سیحر لێکراوە، ئەویش دوو جۆرە :

یەکێکیان : بەتاڵ کردنەوەی بە سیحرێکی وەکو خۆی، ئەوەش لە کار و کردەوەی شەیتانە، هەر ئەمەش مانای قسەکەی (الحسن) ە، جا ئەو کەسەی کە نوشرەکە دەکات و ئەوەشی بۆی دەکرێت، خۆیان لە شەیتان نزیك دەکەنەوە بەوەی پێی خۆشە، بۆیە کاریگەرییەکەی لەسەر کەسی سیحر لێکراو بەتاڵ دەکاتەوە .

دووەم : نوشرە کردن بە ڕوقیەی شەرعی و خوێندنەوەی (المعوذات) و دوعاکان و دەوا حەڵاڵ و دروستەکان، ئەوا ئەم کارە دروستە .

چۆن وەڵامی ئەو کەسانە دەدەینەوە کە دەڵێن :
سیحر تەنها بە سیحر بەتاڵ دەبێتەوە ؟

١. ئەوە جیاوازە لە گەڵ قورئان وسوننەت و ئەوەی هاوەڵان و پێشینی ئەم ئوممەتەی لەسەر بووە .

٢. لاواز کردنی تێدایە بە چارەسەر کردن بە قورئان و ئەو دوعایانەی لە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتوون .

٣. بە هێز کردنی سیحر و ساحیرانی تێدایە و زاڵبوونیان لای عەوامی خەڵکی .

٤. لادانی تێدا بە دی دەکرێت لەو دڵنیاییەی کە بریتییە لە چارەسەر کردن بە قورئان و ئەو دوعایانەی هاتوون، بۆ گومان بردن بەوەی کە چارەسەر کردن تەنها بە سیحر دەبێت.

٥. دەبێ ئەو کەسەی نوشرەکە دەکات و ئەوەشی بۆی دەکرێت خۆیان لە شەیتان نزیك بکەنەوە بەوەی پێی خۆشە، بۆ ئەوەی سیحرەکە پووچەڵ ببێتەوە .

٦. ئەو کەسەی سیحری لێکراوە ئەگەر ئارام بگرێت ئەوا پاداشتی بەهەشتە، هەروەکو لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە .

٧. بەتاڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی سیحرلێکراو سیحرێك بە سەر سیحرەکەیدا زیاتر ببێت .

٨. پێغەمبەری خوا (ﷺ) سیحری لێکرا، کەچی بە سیحر چارەسەری خۆی نەکرد بەڵکو بە روقیەی شەرعی .

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهیکردن لە نوشرە .

دووەم : جیاوازی لە نێوان ئەوەی نەهی لێکراوە و ئەوەی رێگەی پێدراوە، کە هیچ ئیشکالێك ناهێڵێ.

(ئەمە لەسەر قسەی ئەوانەی دەڵێن : دروستە سیحر چارەسەر بکرێت بە روقیە و (معوذات) و دەوا و دوعا، وە قسەی ئەوانەی کە رێگرن لە چارەسەر کردنی سیحر بە سیحر، واللە أعلم)

٢٨/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی شوومی و ڕەشبینی (التطير) هاتوون.

شوومی و ڕەشبینی بە هۆی بیستنی یان بینینی شتەکانەوە (تطيُّر) لە گەڵ تەوحیددا ناکۆك و جیاوازە :

١. چونکە ئەو کەسەی شوومی و ڕەشبینی (تطيُّر) دەکات پشت بەستنی بە خوای گەورە بچراندووە، وە پشتی بە جگە لە خوا بەستووە .

٢. چونکە خۆی پەیوەست کردووە بە شتێکەوە کە بوون و حەقیقەتی نییە، بەڵکو ئەوە خەیاڵ و گومانێکە، وە تەوحیدیش بریتییە لە پەرستن و پەناگرتن .

٣. (التطيُّر) : لە شەرعدا بریتییە لە شوومی و ڕەشبینی کردن بە شتێکی بینراوەوە یان بیستراوەوە یان کاتێکی زانراو یان شوێنێکی زانراو .

٤. **بینراو :** وەکو ئەوەی باڵندەیەک دەبینێ ڕەشبین دەبێت بەرانبەری چونکە ناشرینە یان ڕەشە .

٥. **بیستراو :** وەکو ئەوەی کەسێک دەیەوێت کارێ بکات، لەو کاتەدا کەسێک بە کەسێک دەڵێت : ئەی خەسارەتمەند، ئەمیش ڕەشبین دەبێت بەو وشەیە .

٦. **زانراو :** وەکو شوومی و ڕەشبینی بە هەندێ ڕۆژەوە یان مانگەوە یان ساڵەوە یان بە هەندێ جێگاو شوێنەوە .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١- خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾

٢- خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالُواْ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ ﴾

- (طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ): واتە ئەوەی تووشیان دەبێت لە قات و قڕی و گرانی تەنها لە خواوەیە، چونکە ئەو تەقدیری کردووە و هیچ پەیوەندی بە موسا و قەومەکەیەوە نییە، بەڵکو کارەکە وا دەخوازێت کەوا ئەوان هۆکاری خەیر و بەرەکەتن .
- (طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ) : واتە لە گەڵ ئێوەدایە، ئەوەی بەسەرتاندا دێت بە هۆی خۆتان و کردەوەکانتانەوەیە، تەنها خۆتان هۆکاری ئەوەن .

هیچ دژ بەیەکێک لە نێوان ئەو دوو ئایەتەدا نییە : **یەکەم :** بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا تەنها خوای گەورە تەقدیری شتەکان دەکات، وە **دووەم :** هۆکارەکەی ڕوون دەکاتەوە، کە ئەویش لە خۆیانەوەیە، جا لە ڕاستیدا شوومی و ڕەشبینیەکەیان لە گەڵ خۆیاندایەو پەیوەستە بە خۆیانەوە .

بەڵگەی سێیەم و چوارەم :

٣/ لە (أبو هريرة)ەوە ریوایەت کراوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (لا عدوى، ولا طيرة، ولا هامة، ولا صفر) واتە :نە عەدوا کاریگەری هەیە (واتە : تەنینەوەی نەخۆشی) و نە شوومی و رەشبینی و نە بینینی بایەقوش و نە مانگی سەفەر شوومە).

٤/ لە هەردوو کتێبی (صحيح)دا هاتووە لە (ئەنەس) ەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لا عدوى ولا طيرة و يعجبني الفأل) قالوا : وما الفأل ؟ قال: (الكلمة الطيبة) .واتە : نە تەنینەوەی نەخۆشی هەیە و نە شوومی و رەشبینی و (فأل)م پێ خۆشە . وتیان : (فأل) چییە ؟ فەرمووی : وشەی باش و گەشبین .

- **(لا عدوى) :** دەیەوێ ئەو بیروباوەڕەی سەردەمی نەفامی پووچەڵ بکاتەوە کەوا نەخۆشی خودی خۆی کاریگەری هەیە، یان مانای ئەوەیە : هیچ تەنینەوەی نەخۆشییەك –(عدوى)یەك– خودی خۆی کاریگەری نییە، بەڵکو هۆکاری گواستنەوەی نەخۆشییە بە ئیزنی خوای گەورە .
- **(ولا هامة) :** (بایەقوش) باڵندەیەکە لە کوندە پەپوو دەچێت، یان هەر خۆی کوندە پەپووە رەشبینی پێوە دەکەن .
- **(ولا صفر) :** مەبەست لێی، یان :

١/ مانگیە سەفەرە، کە ئەو کات عەرەب رەشبینیان پێوە دەکرد، بە تایبەتی لە هاوسەرگیریدا .

٢/ یان نەخۆشی سك ئێشییە کە تووشی وشتر دەبێت، وە لە وشترێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ وشترێکی تر.

٣/ یان مەبەست لێی دواخستنە، حورمەتی مانگی (محرم)یان دوا دەخست بۆ مانگی (صفر)، تاوەکو لە مانگی (محرم)دا بجەنگن .

- **(لا نوء) :** جێگەو پێگەی مانگە، هەموو پێگەیەك ئەستێرەیەکی هەیە، جا ئەو کات عەرەب رەشبینیان پێوە دەکردو بە شوومیان دەزانی، دەیانگوت ئەو

ئەستێرەیە شوومە و هیچ خەیری پێوە نییە، بە پێچەوانەوە هەندێکیان دەیانگوت : ئەو ئەستێرەیە خەیر و چاکەی پێوەیە.

- **(ولا غول) :** (نە دێویش کاریگەری هەیە) ئەگەر عەرەب سەفەریان بکردایە ئەوا شەیتانەکان دەچوونە دڵیانەوە پڕ ترسیان دەکرد، بۆیە دەیانبینی بێ تاقەت دەبوون و دوودڵ دەبوون لە چوون بۆ ئەو جێگایەی دەیانەوێ بۆی بچن .

ئەوەی پیغەمبەری خوا (ﷺ) نەفی لێکردووە کاریگەرێکەیەتی، وە مەبەست لە نەفیکردنی نەفیکردنی بوونی نییە، وە کەسی موسڵمان دەچێت بۆ ئەو جێگەیەی کە دەیەوێت بە سنگێکی فراوانەوە و بە پشت بەستن بە خوای گەورە، وە گومانی خراپ بە خوای خۆت مەبە .

- هیچ دژ بەیەکێك لە نێوان ئەم دەقانە و ئەو فەرموودەیەدا نیە کە دەفەرموێت : (إن كان الشؤمُ في شيءٍ.....) واتە : ئەگەر شوومی و رەشبینی لە شتێکدا هەبوایە ئەوا ...) چونکە :

١. ئەم فەرموودەیە لە جۆری (متشابە)ـە وە ئەو دەقانەی کە دەربارەی زەمکردنی شوومی و رەشبینی هاتوون کەوا کارێکی شیرکە لە جۆری (محکم)ـەکانە .

٢. شوومی و رەشبینی (الطيرة) هەمووی زەمکراوە، ئەوەی بە دەستهێنانی قازانجەکان و دوور خستنەوەی زەرەرەکانی بە دەستە تەنها خوایە .

٣. دروستە کەسی موسڵمان لە قەدەری خوا هەڵبێت بۆ قەدەری خوا وەکو دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە، بە شووم و رەشبینی نازانێت .

٤. رەشبینی و شوومی لە فەرموودەکەدا ئەوەیە کە کەسەکە رەشبینی پێوە بکات، نەك ئەو کەسەی پشت بە خوا دەبەستێ و رەشبینی ناکات .

٥. هەرکەسێ لە شتێك بترسێت جگە لە خوا ئەوا ئەو شتە زاڵ دەبێت بە سەریدا، هەروەکو ئەوەی هەرکەسێ لە گەڵ خوای گەورەدا کەسێکی تری خۆش بوێت ئەوا بە ئەو کەسە سزا دەدرێت، وە هەرکەسێ لە گەڵ خوای گەورەدا تکا لە کەسێکی تر بکات ئەوا لە لایەن ئەوەوە شەرمەزار دەکرێت . (ابن القيم باسی کردووە) .

بەڵگەی پێنجەم :

لە (أبو داود) بە سەنەدێکی (صحیح) هاتووە لە (عقبە بن عامر)ەوە فەرمویەتی : باسی شووومی و ڕەشبینی کرا لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، فەرمووی : ((أحسنها : الفأل، ولا تردُّ مسلما، فإذا رأى أحدكم ما يكره فليقل : (اللهم لا يأتي بالحسنات إلا أنت، ولا يدفع السيئات إلا أنت، ولا حول ولا قوة إلا بك) واتە : باشترینیان وشەی باش و گەشبینە، وە کەسی موسڵمان ناگێڕێتەوە، جا یەکێ لە ئێوە شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو ئەوا با بڵێت : (پەروەردگار .. لە لایەن هیچ کەسێکەوە جاکە بە دەست نایەت تەنها لای تۆوە نەبێت، وە هیچ کەسێك خراپە ناگێڕێتەوە تەنها تۆ نەبێت، وە هیچ هێز و توانایەك نییە تەنها بە تۆ نەبێت)).

جیاوازی لە نێوان وشەی چاك (فأل) و شووومی و ڕەشبینی (تطيُّر)

وشەی چاك (فأل)	شووومی و ڕەشبینی (تطيُّر)
هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ چست و چالاك دەکات بۆ ئەنجامدانی شتێکی باش لە وتە و کردار، چ ببینراو بێت یان بیستراو.	شووومی و ڕەشبینی بە بینراوەوە یان بیستراوەوە یان کات و شوێنێکی زانراو.
پشت بەستن بە خوای گەورە زیاد دەکات	پشت بەستن بە خوای گەورە لاواز دەکات
کارێکی موستەحەببە	١/شیرکی بچووکە ئەگەر وایزانی هۆکارە. ٢/شیرکی گەورەیە ئەگەر وایزانی خودی خۆی کاریگەری هەیە.
گومانی باشی بە خوای گەورەی تیادایە	گومانی خراپی بە خوای گەورەی تیادایە
ئەمە حاڵی کەسی یەکتاپەرستێکە و یەکتاپەرستی جێبەجێ کردبێت.	ئەمە حاڵی کەسی بێباوەڕو دووڕووە
بە بێ مەبەست و (تکلف) پەیدا دەبێت	ڕەنگە بە مەبەستەوە پەیدا بێت وەکو هەڵدانی باڵندە (العيافة)

وات لێناکات بگەڕێیتەوە یان بڕۆیت، وە پشت بەوە نابەستێت کە بینیویەتی یان بیستویەتی بەڵام دڵخۆش و چالاکی دەکات.	وات لێدەکات کە بڕۆیت یان بگەڕێیتەوە، بەوەی کە پشت دەبەستێت بەوەی بینیویەتی یان ئەوەی بیستویەتی و هۆکارە بۆ ئەنجامدانی کارەکەی.
وات لێدەکات پەیوەست بیت بە خواوە	وات لێدەکات پەیوەست بیت بەوەی رەشبینی پێوە کردووە

- **نمونەی (١) :** کەسێك وییستی ژن بهێنێ کاتی پرسیاری کرد ناوی کچەکە چییە : وتیان : (هناء)ە، بۆیە رۆیشت بۆ ئەو هاوسەرگیرییە، یەکێکیتر پرسیاری کرد وتیان ناوی (صخرة)یە ئەویش گەڕایەوە، ئەمە هەردوو لەبەشی شوومی و رەشبینییە (التطيُّر)ە، چونکە (التطير) : ئەوەیە کە بتخاتە سەر رێگاکەو بەردەوامت کات یان بتگێڕێتەوە .
- **نمونەی (٢) :** کەسێك پرسیاری ناوی کچێکی کرد لە پاش ئەوەی بەردەوام بوو، کاتێ زانی ناوی (سعاد)ە پێی دڵخۆش بوو، ئەمە لە باسی وشەی گەشبینییە (الفأل)ە، چونکە هۆکار نەبوو بۆ بەردەوامبوونی یان وازلێهێنانی، بەڵکو دڵخۆش بوو لە پاش ئەوەی بەردەوام بوو لە کارەکە.
- هەندێ کەس قورئانی پیرۆز دەکاتەوە بە مەبەستی گەشبینی، ئەگەر باسی ئاگری بینی ئەوا پێی رەشبین دەبێت، وە ئەگەر باسی بەهەشتی بینی دەڵێت : ئەمە وشەیەکی گەشبینییە (فأل)ێکی باشە، ئەمە هەروەکو کاری سەردەمی نەفامییە کە تیروپشکیان دەکرد (استقسام بالأزلام).
- استقسام بالأزلام چییە ؟ لە سەردەمی نەفامیدا سێ داریان دەهێنا لە سەر یەکێکی دەیاننوسی : (بیکە) و لە سەر یەکێکیان دەیاننوسی : (مەیکە) و لە سەر ئەویتر هیچیان نەدەنوسی، ئەگەر بیانویستایە کارێك بکەن ئەوا تیرو پشکیان بۆ دەکرد لە نێوان ئەو سێ دارەدا، جا ئەگەر ئەو دارە دەرچوایە کە نوسراوە (بیکە) کارەکەیان دەکرد و ئەگەر ئەوە دەرچوایە کە نوسراوە

(مەیکە) کارەکەیان نەدەکرد و ئەگەر ئەویتر دەرچوایە ئەوا تیروپشکەکەیان دووبارە دەکردەوە .

- **(عقبة بن عامر) :** هەڵەیە و ناوە تەواوەکە (عروة بن عامر)ە .
- **(ولا تردُّ مسلماً) :** وا تێدەگەین لەم دەستەواژە کەوا هەرکەسێ (الطيرة)کەی بیگێڕێتەوە لە ئەنجامدانی کارەکەی، ئەوە کەسێکی موسڵمان نییە .
- **(ولا قوَّة إلا بك) :** پیتی (باء)ەکە لێرەدا یان :
- ١/ بە مانای (في) دێت . ٢/ یان بۆ پەناگرتنە (الاستعانة). ٣/ یان بۆ هۆکارە (السببية)

بەشەکانی خەڵکی دەربارەی شوومی و ڕەشبینی (الطيرة):

لە کارەکەی نایگێڕێتەوە و بەردەوام دەبێتو پشت بە خوا دەبەستێت، ئەمە حاڵی کەسێی یەکتاپەرستە، ئەمەش ئەصڵ و بنەمایە .	واز لە کارەکەی دەهێنێ و ولاّمی (الطيرة)کە دەداتەوە، شیرکی بچووکە ئەگەر وایزانی هۆکارە و شیرکی گەورەیە ئەگەر وایزانی خودی خۆی کاریگەری هەیە .	بەردەوام دەبێت بەڵام خەم و دڵەڕاوکە دایدەگرێت، ترسی هەیە لە کاریگەری ئەوەی (التطيُّر)ی پێوە کردووە، ئەمەش تاوانە .

بەڵگەی شەشەم تا هەشتەم :

٦/ لە ئیبن مەسعودەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (الطيرة شرك، الطيرة شرك، وما منَّا إلا، ولكنَّ الله يذهبه بالتوكل) (رواه أبو داود والترمذي وصححه وجعل آخره من قول ابن مسعود) واتە : شوومی و رەشبینی شیرکە، شوومی و رەشبینی شیرکە، هەریەکێك لە ئێمە ئیللا.. – مەبەستی ئیللا تووشی دەبێت – بەڵام خوای گەورە بە پشت بەستن بە خۆی دووری دەکاتەوە).

٧/ لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە لە (ابن عمرو)ەوە – رەزای خوای لێ بێت–، لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) : (من ردته الطيرة عن حاجته فقد اشرك) قالوا: فما كفارة ذلك ؟ قال : أن تقول : اللهم لا خير إلا خيرك، ولا طير إلا طيرك، ولا إله غيرك) واتە : هەرکەسێك (طيرة)ەکە بیگێڕێتەوە لە کارەکەی ئەوا شیرکی کردووە، فەرموویان : کەفارەتەکەی چییە ؟ فەرمووی : بڵێت : ئەی خودایە .. هیچ خەیرو چاکەیەك لە هیچ شتێکەوە نییە تەنها ئەوە نەبێت کە لە لای خۆتەوە دێت، و رەشبین نیم بەرانبەر شتێك تەنها ئەوە نەبێت خۆت بە خراپت داناوە، وە جگە لە تۆ هیچ خوایەك نییە شایستەی پەرستن بێت) .

٨/ هەر لە (أحمد)ەوە ریوایەت کراوە لە فەرموودەی (الفضل بن العباس)ەوە : (إنما الطيرة ما أمضاك أو ردك) واتە : بە راستی شوومی و رەشبینی ئەوەیە کە دەبێتە هۆی بەردەوامیت یان گێڕانەوەت لە کارەکەت)) .

(وما منَّا إلا) : هیچ کەسێك نییە لە ئێمە ئیللا .. –رەشبینی دەکات–، ئەمەش لە بەشی وازهێنانە لەو وشانە کە وتنی جوان نییە، وە دوور کەوتنەوە لە وشەی شیرکی، وە جێ بەجێکردنی تەوحیدە لە وشەکانیشدا، هەرچەندە ئەوەی کوفر بگێڕێتەوە کافر نابێت .

پەناگرتن (التوكل) : بریتییە لە راستی پشت بەستن بە خوای گەورە لە بەدەست هێنانی قازانجەکەکان و دوورکەوتنەوە لە زەرەرەکان لەگەڵ بوونی سیقە پێی و ئەنجامدانی ئەو هۆکارانەی خوای گەورە کردوویەتییە هۆکار .

چارەسەری ڕەشبینی و شوومی (التطيُّر) چییە ؟

١- بە جێبەجێکردنی تەوحید، چونکە پەناگرتن بە خوا (التطيُّر) لادەبات و نایهێڵێ، وە سینگی فراوان دەبێت .

٢- وتنی ئەو دوعایەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێت : ((اللهم لا خير .....)).

٣- گەشبین دەبێت بە خەیر و چاکە و ڕەشبینی بە مێشکی خۆیدا ناهێنێ .

٤- ئەوەی بەرژەوەندی تێدایە، بێ ئومێد و شەکەت مەبە لە یەکەم هەوڵداندا، بەڵکو چەند جارێك دووبارەی بکەرەوە تاوەکو خوای گەورە بۆت ئاسان دەکات.

جیاوازی لە نێوان (تیروپشك) و (استقسام بالازلام)

تیروپشك	استقسام بالازلام (لە پێشدا مانەکە یمان ڕوون کردەوە)
حوکمی ئەم کارە دروستە	یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، ئەویش بەشێکە لە قومار
مەبەستێکی شەرعی دەست دەکەوێت	مەبەستی شەرعی لێ بە دەست نایەت
بە کار دەهێنرێت بۆ دیاری کردنی ئەو کەسەی حەقی هەیە لە نێوان چەند کەسێکدا هەموویان هەمان حەقیان ناتوانین یەکێکیان دیاری بکەین .	بەکار دەهێنرێت بۆ جیاکرنەوەی چاکە لە خراپە وە لە بانگەشەی زانینی غەیب دەچێت بە پشت بەستن بە شانس و بەخت.
کاری یەکتاپەرستانە	کاری هاوبەشدارانە (موشریکەکانە)
بۆ نمونە : تیروپشك کردن بۆ ڕیزی یەکەم و بانگدان	هەڵبژاردنی کارێك بە فرێدانی پارەی ئاسن یان ژمارەی (واتە: پارەیەکی ئاسن فرێ دەدات ئەگەر دیوی نوسینەکە دەرچوو کارەکەی دەکات و ئەگەر دیوی وێنەکە دەرچوو کارەکەی ناکات) .
دیاری کردنی خاوەن حەقێك لە شتێکدا کە ناکرێت دابەش بکرێت.	دیاریکردنی ئەوەی حەقی خۆی نییە و دابەشکردنیش دەکرێت .

مەسەلەکان :

یەکەم : وریاکردنەوە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ ﴾ لە گەڵ ئەو ئایەتەی : ﴿ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ ﴾ (هیچ دژ بە یەکی تێدا نییە).

دووەم : نەفیکردنی تەنینەوەی نەخۆشی (عەدوا) (واتە کاریگەربوونی بە خودی خۆی نەك ئەوەی هۆکار بێت بۆ کاریگەر بوون).

سێیەم : نەفیکردنی شوومی و رەشبینی (الطیرة) (نەفیکردنی کاریگەربوونی نەك نەفیکردنی بوونی)

چوارەم : نەفیکردنی کاریگەری بایەقوش، (الهامة) بریتییە لە باڵندەی بووم یان لە هاوشێوەی .

پێنجەم : نەفیکردنی (سەفەر) (کاتەکان هیچ کاریگەریان بە شتەکان و بە تەقدیری خوای گەورەوە نییە، جا سەفەریش وەکو ئەو کاتەکانی تر چاکە و خراپەی تێدا تەقدیر کراوە، هەندێ کەس ئەگەر لە شتێك ببێتەوە و تەواوی بکات لە مانگی سەفەردا ئەو بەرواڕە دەنوسێت و دەڵێت : لە مانگی سەفەری پڕ خەیردا تەواو بوو، ئەمەش لە بەشی چارەسەر کردنی بیدعەیە بە بیدعە، وە لەبەشی چارەسەرکردنی نەفامی بە نەفامی، چونکە ئەو نە مانگی خەیرە و نە مانگی خراپە و شەڕە.

شەشەم : وشەی چاك و گەشبین (فأل) بەشێك نییە لەوە بەڵکو شتێکی موستەحەببە .

حەوتەم : تەفسیری وشەی چاك و گەشبین (فأل) : هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ چست و چالاك دەکاتەوە لە ئەنجامدانی کاری چاکە .

هەشتەم : ئەوەی بەسەر دڵدا دێت هەرچەندە پێی ناخۆش بێت، بە پشت بەستن بە خوای گەورە نامێنێ .

نۆیەم : ئەگەر کەسێك ئەوەی لە خۆیدا بینی ئەم زیکرە دەڵێت : ((اللهم لا خير إلا خيرك .....)) .

دەیەم : روونکردنەوەی ئەوەی کەوا بە شووم زانینی شتەکان (الطيرة) شیرکە (بە **کورتی :** ئەگەر باوەڕی وا بوو خودی خۆی کاریگەری هەیە ئەوا شیرکی گەورەیە، وە ئەگەر باوەڕی وابوو کە هۆکارە ئەوە شیرکی بچووکە).

یازدەیەم : تەفسیری شوومی و رەشبینی (الطيرة)ی نەویستراو (ئەوەی وات لێ بکات برۆیت بۆ کارەکە یان بتگێڕێتەوە) .

٢٩/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی ئەستێرەناسی (التنجيم) هاتوون.

نەیفەرموو : (بەشێکە لە شیرك) چونکە بابەتەکە وردەکاری تێدایە : زانستی (تأثیر) و زانستی (تسییر) هەیە، لە پێشدا باسکرا.

بەڵگەی یەکەم تا سێیەم :

١- ئیمامی بوخاری لە (صحیح)ەکەیدا ریوایەتی کردووە و دەفەرموێت : قەتادە فەرموویەتی : ((خلق الله هذه النجوم لثلاث : زينة للسماء ورجوماً للشياطين وعلامات يهتدى بها، فمن تأوَّلَ فيها غير ذلك، أخطأ وأضاع نصيبه وتكلف ما لا علم به)) واتە : خوای گەورە ئەستێرەکانی بۆ سێ مەبەست دروست کردووە : بۆ رازاندنەوەی ئاسمانی دونیا و رەجمکردنی شەیتانەکان و وەکو نیشانەیەك لاکان و رێگاکانی پێ بدۆزرێتەوە، جا هەرکەسێك بانگەشەی جگە لەمانە بکات، ئەوا هەڵەی کردووە و پشکی خۆی بزر کردووە و تەکلیفی زیاتری لە خۆی کردووە لە شتێکدا کە هیچ زانیاری دەربارەی نییە—مەبەستی غەیبە—).

٢- قەتادە فێربوونی جێگە و پێگەی مانگێ پێ حەرام بووە، وە (ابن عيينة) روخسەتی پێ نەداوە، (حَرب) لە هەردووکیانەوە گێڕاویەتییەوە.

٣- ئەحمەدو ئیسحاق بۆ فێربوونی جێگەو پێگەی مانگ روخصەتیان داوە .

- هەموو ئەو زانایانەی پێشین کە فێربوونی ئەستێرەناسی (جێگای ئەستێرەکانیان) بە حەرام زانیوە مەبەستیان زانستی (التأثیر)ە.
- وە هەموو ئەو زانایانەی پێشین کە فێربوونی ئەستێرەناسی (جێگای ئەستێرەکانیان) بە دروست زانیوە مەبەستیان زانستی (التسییر)ە.

بەڵگەی چوارەم :

لە (أبو موسى)وە ریوایەت کراوە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ثلاثة لا يدخلون الجنة : مدمن الخمر وقاطع الرحم ومصدق بالسحر) (رواه أحمد وابن حبان في صحيحه) واتە : سێ کۆمەڵ ناچنە بەهەشتەوە : ئەوەی ئالوودەی عارەق خواردن بووە، ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی بچراندووە و ئەوەی باوەڕ بە سیحر دەکات).

(لا يدخلون الجنة) : ئەمە لەو فەرموودانەن کە هەڕەشەیان تێدایە کەوا بە ڕێی دەخەین هەروەکو چۆن هاتووە، وە دژیەك نین لە گەڵ ئەو فەرموودانەی تر کە موژدەیان تێدایە، ئەمەش ڕەوانبێژترە لە قەدەغەو یاساغکردن .

(مُدمن الخمر) : ئەوەی کە مەی دەخواتەوە بە زۆری و ئالوودەی بوون، وە (خمر) یش (مەی) هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە عەقڵ دادەپۆشێت لە ڕووی لەززەت و خۆشییەوە .

(وقاطع الرحم) : مەبەست لە (رحم) بریتییە لە خزمە نزیکەکان، وە چۆنییەتی گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی شەرع دیاری نەکردووە بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ عورف و عادەت، بە مەرجێ لە گەڵ شەرعدا جیاواز نەبێت .

(ومُصدِّق بالسحر) : ئەمە بەڵگەی بابەتەکەیە، ئەوەی تێدا ڕوون دەبێتەوە کەوا زانستی ئەستێرەناسی (التنجيم) بەشێکە لە سیحر .

بەشێك لە باسی تاوانە گەورەکان :

پێناسەی تاوانە گەورەکان (الكبيرة) : شیخ الاسلام – ڕەحمەتی خوای لێبێت– **پێناسەی کردووە و فەرموویەتی :** (هەموو ئەو تاوانانەیە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە) وەکو لەعنەت لێکردن یان تووڕەبوون یان دەرکردن و دوورخستنەوە یان بەریبوون لەوەی ئەنجامی دەدات، یان ئەو یەکێکە لە بێباوەڕان یان موشریکەکان، یان یەکێك نییە لە ئیمانداران، یان بە نابوتترین ئاژاڵان شوبهێنراوە...

حوکمی ئەو کەسەی ئە نجامی دەدات : کەسێکی ئیماندارە لەبەر ئیمانەکەی و کەسێکی (فاسق)ە لە بەر ئەنجامدانی تاوانە گەورەکە، لە ژێر ویستی خوادایە، ئەگەر ویستی لێببێت سزای دەدات و ئەگەر ویستی لێ ببێت لێی خۆش دەبێت .

ئایە تاوانە گەورەکان ژمێردراون یان سنووردارن ؟ سنووردارە بە پێی پێناسەکەی پێشوو، وە ژمێردراو نییە .

ئایە تاوانە گەورەکان گەورەترن یان شیرکی بچووک ؟ سەرپێچییەکان بەم ریزبەندییە دەست پێ دەکات : تاوانە بچووکەکان، ئەمجار تاوانە گەورەکان، ئەمجار شیرکی بچووک، ئەمجار شیرکی گەورە، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ وە ابن مسعود فەرموویەتی : **(لأن أحلف بالله كاذباً خيرٌ من أن أحلف بغيره صادقاً)** واتە : ئەگەر سوێند بە خوا بخۆم لە کاتێکدا تێیدا درۆزن بم باشترە لەوەی سوێند بخۆم بە جگە لە خوا و تێیدا راستگۆ بم) وە سوێند خواردن بە خوا بە درۆوە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان بەڵام سوێند خواردن بە جگە لە خوای گەورە هەرچەندە راستگۆ بێت تیایدا شیرکی بچووکە .

ئایە تاوانە گەورەکان بە کردەوەی چاکە پاک دەبێتەوە یان پێویستی بە تەوبە هەیە ؟ پێویستی بە تەوبەیە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : **(النائحة إذا لم تتب قبل موتها .....)** واتە : ئەو ژنەی دەلاوێتەوە لەسەر مردوو ئەگەر پێش مردنی تەوبە نەکات .....) وە فەرموودەی : **(...اذا اجتُنبت الكبائر...)** واتە : بە مەرجێ لە تاوانە گەورەکان دوور کەوتبێتەوە) .

ئایە دروستە تەوبە بکات لە هەندێکی و تەوبە نەکات لە هەندێکی ؟ بەڵێ تەوبە دروستە لە هەندێکی بکرێت و لە هەندێکی نەکرێت، لە گەڵ زەرورەتی وازهێنان لە هەموو سەرپێچییەکان .

ئەو کەسەی تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدات ئێمە خۆشمان بوێت یان رقمان لێ ببێتەوە ؟بە ئەندازەی ئیمانەکەی خۆشمان دەوێت و بە ئەندازەی تاوانەکانی رقمان لێی دەبێتەوە، وە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانە گەورەکەدا لە گەڵیدا دانانیشین .

ئایە تاوانە گەورەکان جیاوازن لە گەورەیی و گەورەتردا ؟ بەڵێ جیاوازیان هەیە، بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە دەفەرموێت : (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر....) واتە: ئایە هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی گەورەترین تاوانە گەورەکان ....).

ئەو کەسەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدات ناوی دەنێین چی ؟ ئەو کەسێکی ئیماندارە لەبەر ئیمانەکەی و کەسێکی (فاسق)ـە لەبەر تاوانە گەورەکەی، ئەو کەسێکی ئیمانداری کەم ئیمانە، وەکو گرووی مورجیئە نالێین : ئیماندارێکە و ئیمانەکەی تەواوە، هەروەها وەکو خەوارێج نالێین : کەسێکی کافرە .

مەسەلەکان :

یەکەم : حیکمەت لە دروستکردنی ئەستێرکان (رازاندنەوەی ئاسمانەکان – رەجم پێکردنی شەیتانەکان – نیشانەن)

دووەم : وەڵامی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە جگە لەوانە هەیە (علم التأثير).

سێیەم : باسکردنی ئەو جیاوازیانەی دەربارەی فێربوونی ئەستێرەناسی هاتوون .

چوارەم : باسی ئەو هەڕەشانەی هاتوون دەربارەی ئەو کەسانەی باوەڕیان بە سیحر هەیە هەرچەندە بزانێت کە شتێکی پووچەڵ و ناڕەوایە .

٣٠ / بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی باوەڕبوون بەوەی کەوا ئەستێرەکان هۆکاری بارانن هاتوون .

١/ شیرکی گەورە : داوا لە ئەستێرەکان بکات بەوەی باران ببارێنێت، یان باوەڕی وابێت کەوا ئەو کارەکان دەکات و پێویستییەکان جێ بە جێ دەکات .

٢/ شیرکی بچوك : باوەڕی وابێت کەوا ئەوانە هۆکارن، وە خوای گەورە خۆی بکەرو دروستکارە.

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ٨٢ ﴾

٢/ لە (ابو مالك الاشعري) یەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أربع في أمتي من أمر الجاهلية، لا يتركونهن: الفخر بالاحساب، و الطعن في الانساب، والاستسقاء بالنجوم، والنياحة) واتە : چوار –ئاکار – لە ئوممەتەکەمدا هەن لە کاروباری –سەردەمی – نەفامین وازی لێ ناهێنن : شانازی کردن بە رەچەڵەکەوەو تانەدان لە نەژادو داوای بارانکردن لە ڕێگەی ئەستێرەکانەوە– باوەڕبوون بەوەی کەوا ئەوان هۆکارن– و شیوەنکردن) .

وە فەرموویەتی : ((النائحة إذا لم تتب قبل موتها تقام يوم القيامة وعليها سربال من قطران ودرع من جرب)) واتە : ئەو ژنەی دەلاوێتەوە لەسەر مردوو ئەگەر پێش مردنی تەوبە نەکات لە ڕۆژی قیامەتدا کە زیندوو دەکرێتەوە، کراسێکی قەتران و گەڕی لەشی دادەپۆشێت وەک زرێپۆشی لە بەردا بێت)) .

(وَتَجۡعَلُونَ): بە درۆی دەخەنەوە کەوا ئەوە لە لایەن خوداوە بێت، ئەوەتا دەیدەنە پاڵ جگە لە ئەو لە پەیدابون و روودانیدا.

(أربع) : ئەمە بۆ (حەصر) نییە، چونکە شتی تریش هەن بەشدارن لە گەڵیدا، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ ئەوە دەڵێت لەبەر (حەصر) کردنی زانستەکانە و کۆ کردنەوە و دابەشکردنی و ژماردنی، چونکە ئەوە تێگەیشتنەکە نزیکتر دەکاتەوە و لەبەرکردنەکە جێگیر دەکات .

(الجاهلية) : سەردەمی پێش ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، مەبەستیش نابوتکردن و هەڵاتنە لێی، چونکە هەمووی نەفامی و نابووتە .

(لا يتركونهن) : ئەمە هەواڵدان و وریاکردنەوەیە، نەک دانپێدانان.

(الفخر بالاحساب) : واتە خۆی بە گەورەو مەزن دەزانێت بەوەی خاوەن شەرەف و پلە وپایەیە، لە ڕاستیدا شانازی کردن بە تەقواوە دەبێت کە ڕێگرە لە خۆبەزل

زانین و فیززلی، وە هەر کاتێك نیعمەتەکانی خوای گەورە زۆرتر بوون بە سەریەوە ئەوا خۆبەکەم زانینی بەرانبەر حەق و خەڵکی زیاتر دەبێت .

(و الطعن في الانساب) : ئەصڵ و بنەمای کەسەکە عەیبدار دەکات، وەکو ئەوەی بڵێت : تۆ کوڕی دەباغچیت (پێستە خۆشکەر) .

(والاستسقاء بالنجوم) : ئەمە شاهید و بەڵگەی بابەتەکەیە، واتە باران بدرێتە پاڵ ئەستێرەکان .

(والنياحة) : بەرزکردنەوەی دەنگ بە مردنی کەسێك بە مەبەستی شیوەن کردن .

(تقام) : لە گۆڕەکەی راست دەبێتەوە، **(سربال) :** پۆشاکێکی شۆڕ و درێژ (قطران) : واتە : زفت یان مسی تواوە، (جرب) : گەڕبوون : نەخۆشییەکە توشی پێست ئەبێت، هەر شتێك لێی بدات ئازاری دەگاتێ، واتە : هەموو پێستەکەی توشی نەخۆشی گەڕی دەبێت وەکو ئەوەی قەڵغانێك بە جەستەیەوە بێت، وە ئەگەر قەتران و گەڕی بە یەکەوە بن ئەوا بەڵاکە زیاتر و زۆرتر دەبێت، وە حیکمەتیش لەوەدا ئەوەیە کە موصیبەتەکەی بە ئارام گرتن دانەپوشی ئەوا بەمە داپۆشرا، چونکە سزا لە جۆر و جنسی کارەکەیە .

رۆژی قیامەت بەم ناوەوە ناونراوە لەبەر هەستانی :

خەڵکی : ﴿ يَوۡمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾	شایەتەکان : ﴿ وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴾	تەرازووەکان : ﴿ وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾

بەڵگەی سێیەم و چوارەم :

٣/ لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە (زید بن خالد)ەوە دەفەرموێت : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی بەیانی لە(حدیبیة) بۆ کردین لە پاش بارانێك شەو باریبوو، جا کە لە نوێژەکەی بووەوە رووی لە خەڵکی کرد و فەرمووی: (هل تدرون ماذا قال ربكم ؟) قالوا : الله ورسوله (ﷺ) أعلم، قال : (قال : أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا من قال : مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ، فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا من قال: مطرنا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ) واتە : ئایە دەزانن پەروەردگارتان چی فەرموو ؟ فەرموویان : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن، فەرمووی : خوای گەورە فەرمووی : هەندێ لە بەندەکانم باوەڕدار بوون بە من و هەندێك بێباوەڕ، جا ئەو کەسەی وتی : بە فەزڵ و رەحمەتی خوای گەورە بارانمان بۆ باری ئەوا ئیماندارە بە من و بێ باوەڕە بە ئەستێرە، بەڵام هەرکەسێ وتی : بە هۆی فلان ئەستێرەوە بارانمان بۆ باری، ئەوا بێباوەڕە بە من و باوەڕدارە بە ئەستێرەکان).

٤/ لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە (ابن عباس) ەوە –ڕەزای خوای لێ بێت– دەڵێت: (هەندێکیان وتیان : ئەستێرەی فلان و فلان ڕاستی کرد، بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند : ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ ﴾ تاکو ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ٨٢ ﴾.

- (فَلَآ) : (لا) بۆ ئاگادارکردنەوەیە، واتە : وریابە، سوێند بێ بە جێگای ئەستێرەکان .
- سوودی سوێندخواردنی خوای گەورە : (هەرچەندە ئەو ڕاستگۆیە و پێویستی بە سوێندخواردن نییە) :

١. ئەمە شێوازێکی زمانی عەرەبییە، بۆ دووپاتکردنەوەی شتەکانە بە سوێندخواردن .

٢. کەسی ئیماندار یەقین و دڵنیایی زیاد دەکات، وە هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ دووپاتکردنەوەی زیاتر کە دەبێتە هۆی زیادبوونی یەقین و دڵنیایی بەندە .

٣. خوای گەورە سوێند دەخوات بە شتی مەزن کە دەلالەت دەکات لەسەر کەمالی توانا و مەزنی و زانستی خوای گەورە .

٤. وریاکردنەوە بە حاڵی ئەوەی سوێندی لەسەر دەخوات، چونکە خوای گەورە سوێند بە شتی مەزن دەخوات .

٥. بایەخدان بەوەی سوێندی لەسەر خواردووە، وە ئەوەش شایەنی بایەخدان و سەلماندنە .

- ﴿ كَرِيمٌ ﴾ : مانای : ١/ قەشەنگ و باش و جوان، چونکە قورئان هیچ شتێك لەو چاکتر نییە، ٢/ بە زۆری دەبەخشێت، خەیر و خۆشی دەبەخشێت لە کاروباری دونیایی و دینی و جەستەیی و ئەوەی پەیوەندی بە دڵەوەیە .
- ﴿ فِي كِتَٰبٖ مَّكۡنُونٖ ٧٨ ﴾ : یا مەبەستی (اللوح المحفوظ)ـە یان ئەو دەفتر و نامانەی ها بە دەستی فریشتەکانەوە .
- ﴿ لَّا يَمَسُّهُۥٓ إِلَّا ٱلۡمُطَهَّرُونَ ٧٩ ﴾ : فریشتەکان، ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە کەوا هەرکەسێ دڵی پاك ببێتەوە لە سەرپێچی ئەوا زیاتر لە قورئان تێدەگات .
- ﴿ تَنزِيلٞ ﴾ : بەڵگەی ئەوەی تێدایە:

١. قورئان بۆ هەموو خەڵکی دابەزیوە و پەیامەکە گشتگیرە .

٢. لە پەروەردگاریانەوە دابەزێنراوە، جا ئەگەر وابێت ئەو داوەرە لە نێوانیاندا و دادوەرو حاکمە بە سەریانەوە .

٣. دابەزینی قورئانی پیرۆز لە کەمالی پەروەردگارێتی خوایە، کەوابوو قورئان ڕەحمەت و میهرەبانییە بۆ هەموو بەندەکان .

٤. قورئان کەلامی خوایە و دابەزێنراوە و دروستکراو نییە .

- ﴿ مُّدۡهِنُونَ ﴾ : دەترسن، نابێت بترسن، پێویستە ئەو کەسەی قورئانی پێیە ئاشکرای بکات و بانگەوازی بۆ بکات .
- ﴿ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ٨٢ ﴾ : لە جیاتی ئەوەی شوکرانە بژێری بن کەچی بە درۆی دەخنەوە، ئەمەش کارێکی نەفامییە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الواقعة) : ﴿ وَتَجۡعَلُونَ رِزۡقَكُمۡ أَنَّكُمۡ تُكَذِّبُونَ ٨٢ ﴾.

دووەم : باسی ئەو چوار شتەی کە لە ئاکار و رەوشتی سەردەمی نەفامییە : (شانازی کردن بە رەچەڵەکەوە، تانەدان لە بنەما و رەچەڵەکەی یەکتر، چاوەڕوان و داوای باران لە ڕێگای ئەستێرەکانەوە، شیوەن کردن)

سێیەم : باسی کوفر لە هەندێکی دا (داوای باران لە ئەستێرەکان و تانەدان و شیوەن کردن) .

چوارەم : هەندێ کوفر هەن خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات (وەکو داواکردنی باران بە هۆی ئەستێرەوە، ئەوا هەندێکی کوفرە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات و هەندێکی کوفر نییە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات).

پێنجەم : مەبەست لەو فەرموودەیە : (أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر) بە هۆی دابەزینی نیعمەتەکانەوە (ئەوەی پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەگەر نیعمەتێك لە نیعمەتەکانی دەستکەوت ئەوا نەیگێڕێتەوە بۆ هۆکارەکەی و لە خوای گەورە دایمالێ (دووری بکاتەوە).

شەشەم : تێگەیشتن و ئاگاداربوون لە ئیمان لەم جێگەدا (بەوەی دەدرێتە پاڵ فەزڵ و ڕەحمەتی خوای گەورەوە) .

حەوتەم : تێگەیشتن و ئاگاداربوون لە کوفر لەم جێگەدا (بەوەی دەدرێتە پاڵ ئەستێرەکان) .

هەشتەم : تێگەیشتن و ئاگاداربوون لە ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت **:** (لقد صدق نوء كذا وكذا) (واتە : بە جێبەجێکردن و بەڵێنەکەی) .

نۆیەم : باسکردنی مەسەلەکان لە لایەن زاناوە بۆ قوتابی لە رێگای پرسیارەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە : (أتدرون ماذا قال ربكم؟) (ئەمەش وا دەکات بەرانبەر بیرو هۆشی لای بێت، ئەمەش بەڵگەی جوان پەروەردەکردنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)

دەیەم : هەڕەشەدان لەو ئافرەتەی شیوەن دەکات، (کراسێکی قەتران و گەڕی لەشی دادەپۆشێت وەك زریپۆشی لە بەردا بێت) .

تاقیکردنەوەی بەشی شەشەم (حەوت بەش)

پ١/ جیاوازی چییە لە نێوان ئەمانە خوارەوە :

وشەی چاك (فأل)	شوومی و رەشبینی (تطيُّر)
١/	١/ .....
٢/	٢/ .....
٣/	٣/ .....

تیروپشك الاستقسام بالازلام (لە پێشدا مانەکەیمان روون کردەوە)

١. ....

٢. ....

٣. ....

پ٢/ نیشانەی (×) لە جێگایە شیاودا دابنێ، یان دەستەواژەکە تەواو بکە :

١/ لە نیشانەکانی جادووباز :

١/...../٢...../٣...../٤...../٥.....

٢/ تەفسیر کردنی تاغوت بە شەیتان لە لایەن عومەرەوە تەفسیرکردنە بە نمونە :

راستە هەڵەیە

٣/ (ٱشۡتَرَىٰهُ) واتە : .....(مِنۡ خَلَٰقٍۚ) واتە : .....

٤/ **(اجتنبوا)** لە وشەی (اترکوا) رەوانبێژترە، چونکە وشەی (الاجتناب) مانای وازهێنانە لە گەڵ دوورکەوتنەوە : **راستە هەڵەیە**

٥/ **(السبع الموبقات)** ژمارە لێرەدا : حەصر لەخۆ دەگرێت حەصر لە خۆ ناگرێت

٦/ ئایە ژمارەکە لە دەقەکاندا مەبەستدارە یان نا ؟ .....

٧/ بۆ باسی دەکات و کەچی مەبەستدار نییە ؟ .....

٨/ئەو نەفسەی خوای گەورە کوشتنی حەرام کردووە : (سێ جۆرە چوار جۆرە)

ئەوەی حەرام کراوە : (خواردنی سووە (ریبا) تایبەت نییە بە خواردنی).

٩/ هەتیو ئەو کەسەیە : (باوکی دایکی) مردووە، کورِ بێت یان کچ، (لە پێش لە پاش) بالغبوونی .

١٠ / مەبەست لە خۆپارێزەکان (المحصنات) :

ئازادەکانە ئەوانەی خۆیان لە زینا پاراستووە

١١/ پێویستە لەسەر کاربەدەستان جادووبازەکان بکوژن : بە بێ ئەوەی داوایان تەوبەیان لێ بکەن لەپاش ئەوەی داوای تەوبەکردنیان لێ دەکەن

١٢/ (الجبت) بریتییە لە :

جادوو هەموو ئەوانەی خەیری تێدا نییە وەکو جادوو و جگە لە جادوو

١٣/ تاغوت : شەیتانە ئەوەی بەندە لە سنووری خۆی پێی دەردەچێت لە هەموو پەرستراوێك و شوێنکەوتەکراوێك و گوێڕایەڵکراوێك .

١٤/ هەڵدانی بانّدە (العيافة) بەشێکە لە جۆرەکانی شوومی و رەشبینی (التطيُّر) :

راستە هەڵەیە

١٥/ هەرکەسێك بەشێك لە ئەستێرەناسی فێربێت ئەوا بەشێك لە جادوو فێربووە :

راستە هەڵەیە

١٦/ حاڵەتەکانی فەلەك پەیوەندیان بە روداوەکانی سەر زەوییەوە : هەیە نییە

١٧/ بەشەکانی ئەستێرەناسی : ١/ ..... وەحوکمەکەی : .....

٢/ .....وەحوکمەکەی : .....

١٨/ مەبەست لە هێنانەوەی باسی دوو زمانی (نەمیمە) لە گەڵ جادوودا :

هەڵەی چاپە چونکە هەردووکیان جیادەکەنەوە

١٩/ (إنَّ من البيان لسحراً) : بۆ مەدحکردنە بۆ زەمکردنە

بۆ روونکردنەوەی واقیعە و ئەمجار تەماشای شوێنەواریەکەی دەکرێت .

٢٠/ کەسی فاڵچی (عەرراف) : کاهینە ناوێکی گشتییە

٢١/ باسی کاهینەکانی کردووە بە مەبەستی روونکردنەوە :

ئەوان کێن چۆنییەتی چوون بۆ لایان حوکمەکەی هەموو ئەوانەی باسکرا

٢٢/ فێربوونی (اباجاد) دابەش دەبێت بۆ :

دوو بەش یەك بەشە بە بەڵگەی فەرموودەكەی (ابن عباس)

٢٣/ هەركەسێ باوەڕی بە كاهین كرد و دانی نا بەوەدا كەوا هیچ كەسێك غەیب نازانێت تەنها خوا نەبێت ئەوا كوفری كردووە بە كوفرێكی : گەورە بچووك

٢٤/ ئافرەتێك بە ئافرەتێكی تر دەڵێت :

جادوو بۆ پیاوەكەت بكە و تۆیش هیچت لەسەر نییە :

هەردوكیان هاوبەشن لە جادووەكەدا دووەم هیچی لەسەر نییە

٢٥/ پیاوێك تووشی (طِبّ) بووە، واتە :

سیحر لە رووی گەشبینیەوە ئەو ناوەیان ناوە چارەسەری نەخۆشی

٢٦/ دەقەكان و قسەی زانا پێشینەكان دەڵالەت دەكەن بۆ ئەوەی كەوا سیحر بە سیحر :

هەڵدەوشێتەوە هەڵناوەشێتەوە

٢٧/ سیحر هەڵدەوشێتەوە بە : كەڵەشاخ خوێندنەوەی (آية الكرسي)

دوعاكردن وەكو: (رب الناس اذهب البأس ...) هەموو ئەوانەی باسكرا

٢٨/ هەڵوەشانەوەی سیحر (نوشرە) دەكرێتە دوو بەشەوە :

١/ ..... /٢.....

٢٩/ شوومی و رەشبینی (تطيُّر)ی ئالو فیرعەون پووچەڵ بوویەوە بە بەڵگەی ئەم ئایەتە:

﴿ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ ﴾ ﴿ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ ﴾

٣٠/ شوومی و رەشبینی (تطيُّر) لە گەڵ تەوحیددا جیاوازە چونكە ئەو كەسەی دەیكات : پشت بەستنی بە خوای گەورە بچراندووە و پشتی بە جگە لە ئەو بەستووە

خۆی پەیوەست كردووە بە شتێكەوە كە حەقیقەتی نییە هەموو ئەنانەی باسكرا

٣١/ ﴿ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ ﴾ ئەمە قسەی : گوندنشینەكانە پێغەمبەرانە

٣٢/ ﴿ أَلَآ إِنَّمَا طَٰٓئِرُهُمۡ عِندَ ٱللَّهِ ﴾ واتە : .....

﴿ طَٰٓئِرُكُم مَّعَكُمۡ ﴾ واتە : .....

٣٣/ گواستنەوەی نەخۆشی بە ئیزنی خوا لە :

نەخۆشی هەستپێکراوەکاندایە مەعنەوی و رەوشتیەکاندایە هەمووی

٣٤/ **(لا عدوى و طيرة ولا هامة ولا صفر)** ئەم فەرموودەیە نەفیکردنی چی تێدایە ؟:

بوونی کاریگەری

٣٥/ **(لا عدوى)** واتە : .....، ئایە ئەم فەرموودەیە جیاوازە لە گەڵ فەرموودەی **(فِر من المجذوم)** ؟ .....

٣٦/ چۆن کۆ دەکەیتەوە لە نێوان فەرموودەی **(لا طيرة)** و فەرموودەی **(لا شؤم إلا في ثلاث)** ؟ .....

٣٧/ (لا هامة) واتە : ..... (لا صفر) واتە :.....

٣٨/(وما منَّا إلا) واتە :..... ئەمەش بەڵگەیە لەسەر .....

٣٩/ (لا نوء) واتە : ..... (لا غول) واتە :.....

٤٠/ وتنی (صفر الخير) واتە سەفەری پڕ خەیر :

دروستە گەشبینی لە باس و بابەتی چارەسەر کردنی بیدعەیە بە بیدعە

٤١/ مەبەست لە (زجر الطير) ئازاردانییەتی : **راستە هەڵەیە**

٤٢/ عەرەب بۆ خۆیان چەند زانیارییەکی خەیاڵاویان ئامادە کردبوو وەکو (طيرة و زجر و عيافة و رقية)، وە چەندین درۆیان ڕێك خستبوو، وە لە نێو خەڵکدا بڵاویان کردبووەوە، لەوەی کە گوایە دێو لە سەفەرەکەیاندا ڕێی پێ گردوون، وە دەرچوونی باڵندەیەك لە خۆینی کەسی کوژراو کە پێی دەڵێن (الهامة) وە گفتوگۆ کردنیان لە گەڵ جنۆکەدا و جگە لەوانە : **راستە هەڵەیە**

٤٣/ وتنی (خەیرە إن شاء الله) لە کاتێکدا گوێت لە دەنگی گوێدرێژ یان سەگ دەبێت:

دروستە دروست نییە

٤٤/ وتنی (ئەم ئەستێرەیە ئەستێرەی بەختەوەریە) دروستە دروست نییە

٤٥/ (فأل) بریتییە لە : تەنها وتنی وشەیەکی باشە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ چالاك دەکاتەوە بۆ کاری چاك لە وتن و کرداری بینراو یان بیستراو .

٤٦/ ئەگەر کەسێك شوومی و رەشبینی (تطیُّر)ی کرد و بەردەوام بوو لە کارەکەی بەلاّم بە دلّەڕاوکێ و خەمەوە و لە کاریگەری ئەوەی رەشبینی (تطیُّر)ی پێکردووە دەترسێت، ئەم کارە (دروستە شیرکی بچووکە تاوانە) وە ئەگەر رەشبینی (تطیُّر)ی کرد و وازی لە کارەکەی هێنا و دەستی لێ هەلّگرت (شیرکی بچووکە شیرکی گەورەیە) .

٤٧/ شوومی و رشبینی (طیرة) ی نەویستراوە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە (طیرة) هەیە ویستراوە . **راستە هەلّەیە**

٤٨/ رق لێبوون لە هەندێ ژمارە و جێگا و رێگا :

دروستە لە باسی شوومی و رەشبینییە(تطیُّر)ە

٤٩/ ویستی ژن بهێنێ، بۆیە رۆیشت گوللّێکی هێنا گلاّیەکی لێکردەوە وتی ژن دەهێنم و گەلاّیەکی تری کردەوە وتی ژن ناهێنم ئەم کارە لە باس و بابەتی :

گەشبینییە شوومی و رەشبینییە (تطیُّر)ە

٥٠/ دوودلّ بوو بۆ سەفەرەکەی، قورئانەکەی کردەوە ئایەتی رەحمەتی بەرچاو کەوت بۆیە بەردەوام بوو و رۆیشت .

گەشبینییە شوومی و رەشبینییە (تطیُّر)ە

٥١/ خۆی یەکلا کردبووەوە بۆ سەفەرکەی و لەرێگادا بیستی کەسێك بەویتر دەلّێت : (موفق) ئەمیش زیاتر چست وچالاك بوو، ئەمە لە باس و بابەتی : گەشبینییە شوومی و رەشبینییە (تطیُّر)ە

٥٢/ شوومی و رەشبینی (تطیُّر) هات بە دلّیدا و کەچی ئەو (تطیُّر)ە نەیگێرایەوە و دوودلّی نەکرد : تاوانبارە هیچی لەسەر نییە

٥٣/ شوومی و رەشبینی (طیرة) ی لە ناخی خۆیدا بە دی کرد، بەلاّم لەسەر کارەکەی خۆی بەردەوام بوو و گوێی پێ نەدا : شیرکی ئەنجام داوە شیرکی ئەنجام نەداوە

٥٤/ خوای گەورە هەندێ نەخۆشی کردووەتە هۆکاری تەنینەوە و گواستنەوەی :

راستە هەلّەیە

٥٥/ هەرکەسێ لە شتێك بترسێت جگە لە خوا ئەوا زاڵ دەبێت بە سەریدا، ئەمە سزای ئەو کەسەیە شوومی و ڕەشبینی (تطيُّر) دەکات . **ڕاستە هەڵەیە**

٥٦/ وتنی (خوای گەورە لە خراپەی پێکەنین بمانپارێزێ) لە پاش پێکەنینێکی زۆر :

دروستە دروست نییە

٥٧/ ئیستیخارەی کرد و خەوت، لە خەوەکەیدا شتێکی بینی و رایچەڵەکان، بۆیە ئەوەی ئیستیخارەی بۆ کردبوو وازی لێهێنا .

شوومی و ڕەشبینی (تطيُّر)ە ئەنجامی ئیستیخارەکەیە

٥٨/ لە نێوان ئەنجامدانی دوو کاردا دوودڵە :

دەپارێتەوە ڕاوێژ دەکات ئیستیخارە دەکات تیروپشك دەکات لە نێوانیاندا یەکەم و دووەم وە ئەگەر نیەتی بوو یەکێکیان بکات ئەمجار ئیستیخارە دەکات هەموو ئەوانەی باسکرا

٥٩/ ئیستیخارەی کرد و سەفەری کرد، ئەمجار کراسەکەی لە ڕێگادا درا، بۆیە وازی هێنا لەسەفەرەکەی : شوومی و ڕەشبینی (تطيُّر)ە ئەنجامی ئیستیخارەکەیە.

٦٠/ ئیستیخارەکردن لەپاش ئەوە دێ کە دەیەوێت کارێك بکات بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە (في هذا الأمر) **ڕاستە هەڵەیە**

٦١/ لەو کارەی ئیستیخارەی بۆی کردبوو گەڕایەوە تەنها بە هۆی هۆکارێکی هەستپێکراوەوە یان شەرعییەوە : **ڕاستە هەڵەیە**

٦٢/ باوەڕی وایە کە ئەستێرە هۆکاری بارانە و خوای گەورە بکەرە :

ڕاستە شیرکی بچووکە

٦٣/ باوەڕبوون بە ئەستێرەکانی سەردەمی نەفامی نەماوە، ئێستا دابەزینی پاڵەپەستۆ پەیدا بووە: **ڕاستە هەڵەیە**

٦٤/ بە خۆرەکە دەڵێت : (ددانی من ببە و ددانی بووکەکەم بدەرێ) :

دروستە شیرکە

٦٥/ دەکرێت لە نێوان جیاوازی زانایاندا کۆ بکەینەوە دەربارەی فێربوونی جێگاکانی مانگ، هەروەکو لە باسی نوشرەدا کۆمان کردەوە : **راستە هەڵەیە**

٦٦/ ئەو نیشانانەی کە رێنوییان پێ دەکرێت :

زەمینییە ئاسوییە هەموو ئەوانەی باسکرا

٦٧/ (الرَّحِم) بریتین لە : خزمە نزیکەکان خزمی هاوسەرەکان

٦٨/ جادوو (سیحر) کاریگەری لەسەر دڵی کەسەکان دەبێت بە شێوەیەك دار دەکاتە ئالّتون : **راستە هەڵەیە**

٦٩/ ئەو فەرموودانەی کە هەرەشە ئامێز لە خۆ دەگرێت هەروەکو خۆیان بەرێیان دەخەین هەروەکو چۆن هاتوون، وە بە دەقەکانی تر کە بە رواڵەت دژ بە یەکن بەرانبەر بە یەکیان ناکەینەوە (مەبەستمان فەرموودەکانی بەڵێن و موژدە) ئەمەش کاریگەر تر بۆ قەدەغەکراوەکە : **راستە هەڵەیە**

٧٠/ رەنگە هەندێ جار لە دەقەکاندا باسی ژمارە بکرێت لە باسی حەصری زانستەکان و کۆ کردنەوە و دابەشکردن و ژماردنی، چونکە تێگەیشتنەکە نزیکتر دەکاتەوە و زیاتر جێگیر دەبێت لای کەسەکە : **راستە هەڵەیە**

٧١/ مەبەست لە دانە پاڵی هەر کارێك بۆ سەردەمی نەفامی :

دوورکەوتنەوەیە لێی ئەوە کارێکی نەفامی و گێلییە هەموو ئەوانەی باسکرا

٧٢/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵ دەدات دەربارەی هەندێ شت رووەدات، مەبەستی ئەوە نییە کە کارێکی دروستە، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (لا یترکونهنَّ...) **راستە هەڵەیە**

٧٣/ تاوانە گەورەکان بە کردەوەی چاك پاك نابێتەوە بۆیە پێویستە تەوبەی لێ بکرێت : **راستە هەڵەیە**

٧٤/ قورئانی پیرۆز مانای ئەوەیە کە :

بەخشندەیە قەشەنگ و جوان و باشە هەموو ئەوانەی باسکرا

٧٥/ مەبەست لە پاکەکان (المُطهَّرون) :

فریشتەکانە هیچ کەسێك دەست لە قورئان نادات ئیللا کەسی پاك نەبێت .

پرسیاری سێیەم : بۆشاییەکانی خوارەوە بەم وشانە پڕ بکەرەوە :

(کەسی موعاهید , کەسی زیممی , الجبت , کەسی (المستأمن) , الطیرة , تاوانە گەورەکان , رووبەرکردنەوە (البیان) , الطرق , العراف , العیافة , العضه)

١. .....لە نێوان ئێمە و ئەودا پەیمانێك هەیە لەبەر بازرگانی یان بۆ ئەوەی فێری ئیسلام بێت.

٢. .....لم بە کار دەهێنن بە مەبەستی سیحر و کەهانەت.

٣. .....لە نێوان ئێمە و ئەواندا پەیمان هەیە نە جەنگمان لە گەڵدا بکەن و نە جەنگیان لە گەڵدا بکەین.

٤. .....لە نێوان ئێمە و ئەودا زیممەتێك هەیە لە گەڵ پێدانی سەرانە.

٥. .....بڕین و جیاکردنەوە.

٦. ..... فەصاحەتێکی تەواوە کە زاڵ دەبێت بەسەر عەقڵەکاندا و بیرۆکەکان دەگۆڕێت.

٧. .....ناوێکی گشتگیرە بۆ کاهین و ئەستێرەناس و فاڵچی و نمونەی ئەوانە.

٨. ..... هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە سزایەکی تایبەتی لەسەرە.

٩. ..... هەڵدانی باڵندە بۆ رەشبینی یان گەشبینی لە گەڵ (تطیُّر) بە کردار.

١٠. ..... رەشبینی بە شتێکی بینراو بێت یان بیستراو , شوێنی بێت یان کاتی

١١. ..... هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە هیچ خەیری تێدا نییە وەکو سیحرو جگە لەوانە

حەوتەم : کردارەکانی دڵ (نۆ بەشە)

٣١/ بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە.

بەشەکانی خۆشەویستی (المحبة)

خۆشویستن لە گەڵ خوادا : ئەمەش شیرکی گەورەیە .

خۆشویستن لەبەر خوا : ئەمەش واجیبە، بەڵکو لە تۆکمەترین

خۆشویستنێکی سروشتی : ئەمەش دروستە وەکو خۆشویستنی منداڵ .

- ئەو کردارانەی کە خوای گەورە پێی رازییە، ئەویش بریتیە لە هەموو ئەوەی شەرع هێناویەتی وەکو تەوحید .
- ئەو بکەرانەی کاری پێ دەکەن، وەکو پێغەمبەران و نێردراوان و فریشتەکان و هاوەڵان و هەموو یەکتاپەرستێك .
- ئەو کاتانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت، بۆ نمونە شەوی قەدر و کۆتا سێ یەکی هەموو شەوێك .
- ئەو شوێنانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت، وەکو شاری مەککە و شاری مەدینە.

بەڵگەی دووەم و سێیەم :

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ...﴾

٣/ لە (ئەنەس)ەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ﴿لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين﴾ (رواه البخاري ومسلم) واتە : هیچ یەکێك لە ئێوە ئیمانی کامل نابێت تاوەکو منی خۆشتر نەوێت لە منداڵەکەی و لە باوکی و لە هەموو خەڵکی).

- ﴿ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ...﴾ : خۆشویستنی ئەوانە خۆشویستنی پەرستن نییە بەڵام ئەگەر زاڵ بوو بە سەر خۆشویستنی خوادا ئەوا دەبێتە هۆی سزا لە لایەن خوای گەورەوە .
- ﴿لا يؤمن أحدكم﴾ : ئەوەی نەفی کراوە کەمالی ئیمانە واجیبەکەیە، ئیللا مەگەر دڵەکە خۆشەویستی خوای تێدا نەبێت.

حاڵەتەکانی نەفی شتەکان :

نەفی بوون : ئەمەش ئەصڵ و بنەمایە، وەکو : ((بت پەرست ئیمانی نییە)) ئەگەر وانەبوو ئەوا دەبێتە :

نەفی ڕاست و دروستی (الصحة): وەکو (لا صلاة بغير طهور) واتە: نوێژ دانامەزرێت بە بێ دەستنوێژ) ئەگەر وا نەبوو ئەوا دەبێتە :

نەفی کەمال : وەکو : (لا صلاة بحضرة الطعام) واتە : نوێژ دانامەزرێت لە کاتی ئامادەبوونی خواردندا) .

- هۆی هێنانەوەی فەرموودەکە لێرەدا دیارو ئاشکرایە، چونکە خۆشویستنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خۆشویستنی خوایە، وە خۆشویستنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەر چەند شتێك دەبێت :

١. چونکە ئەو پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، جا ئەگەر خوای گەورەت لە هەموو کەس زیاتر خۆشدەوێت ئەوا دەبێت پێغەمبەرەکەیت(ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر خۆش بوێت .

٢. چونکە هەستاوە بە خواپەرستی و گەیاندنی پەیامەکەی خوا .

٣. چونکە خوای گەورە ئەو هەموو ئاکار و رەوشتە جوان و کردارە چاکەی پێ بەخشیوە .

٤. چونکە ئەو هۆکاری هیدایەتدان و فێرکردن و رینموویی کردنی تۆیە .

٥. لەبەر ئەو هەموو ئارامییەی لە پێناوی گەیاندنی پەیامەکەی خوادا گرتی.

٦. چونکە بە هەموو تێکۆشانی و سامان و نەفسی خۆی هەوڵیدا بۆ بەرزکردنەوەی وشەی (الله) .

چۆن پێغەمبەری خوامان(ﷺ) خۆش دەوێت لە پاش وەفات کردنی ؟

بە فێربوونی سوننەتەکانی و کارکردن پێی و بانگەوازکردن بۆی و بەرگری کردن لێی و پێشخستنی قسەی ئەو بەسەر قسەی هەموو کەسێکدا لە خەڵکی و دەست گرتن بە رێبازەکەیەوە .

خەڵکی لە باسی خۆشویستن لە گەڵ خوادا بوونەتە چوار بەشەوە :

خوای گەورەی خۆشدەوێت و لە گەڵیدا هیچ کەسێکی تری خۆش ناوێت، ئەمەش ئیخلاصە.	هاوتاکانی خۆشدەوێت بە خۆشویستنێکی یەکسان لە گەڵ خۆشەویستی خوادا، ئەمەش شیرکی گەورەیە.	هاوتاکانی خۆشدەوێت زیاتر لە خۆشویستنی خوا، ئەمەش شیرکی گەورەیە .	هاوتاکانی خۆشدەوێت و بە هیچ شێوەیەك خوای گەورەی خۆش ناوێت، ئەمەش لە مەزنترین و گەورەترین جۆری شیرکە .

بەڵگەی چوارەم تا شەشەم

٤. لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە (ئەنەس)ەوە کەوا فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمانِ : أنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُهُ (ﷺ)أحَبَّ إلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُما، وأنْ يُحِبَّ المَرْءَ لا يُحِبُّهُ إلا لله، وأنْ يَكْرَهَ أنْ يَعُودَ فِي الكُفْرِ بَعْدَ إذْ أنْقَذَهُ اللهُ مِنْهُ، كما يَكْرَهُ أنْ يُلْقَى فِي النَّارِ) وفي رواية : (لا يجد أحدٌ حلاوة الإيمان حتى ...) تا کۆتایی) واتە: سێ ئاکار هەن لە هەر کەسێکدا هەبن تامی شیرینی ئیمان دەچێژێت : خوا و پێغەمبەری خوای(ﷺ) لە هەموو کەسێك زیاتر خۆش بوێت، وە هەر کەسێکی خۆش بوێت تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت، وە پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە سەر کوفر لەپاش ئەوەی خوای گەورەی رزگاری کرد لێی هەروەکو چۆن پێی ناخۆشە فرێ بدرێتە ناو ئاگرەوە) وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : (هیچ کەسێك تامی شیرینی ئیمان ناچێژێ تاکو...)

٥. لە (عبدالله بن عباس)ەوە ریوایەت کراوەو دەفەرموێت : (من أحَبَّ في الله، وأبغَضَ في اللهِ، ووالى في اللهِ، وعادى في اللهِ، فإنّما تُنالُ ولايةُ اللهِ بذلك، ولن يجد عبدٌ طعم الإيمان – وإن كثرت صلاته وصومه – حتى يكون كذلك، وقد صارَت عامَّةُ مُؤاخاة الناسِ على أمرِ الدُّنيا، وذلك لا يُجدي على أهله شيئاً) رواه ابن جرير

واتە : هەرکەسێ خۆشویستنی لەبەر خوا بوو، رق لێبوونی لەبەر خوا بوو، دۆستایەتی لەبەر خوا بوو، وە دوژمنایەتی لەبەر خوا بوو، جا ویلایەت بەو شتانە بە دەست دێت، وە هیچ بەندەیەکی خوا تامی ئیمان ناچێژی تاوەکو وا نەبێت – هەرچەندە نوێژ و رۆژووی زۆر بێت – وای لێهاتووە برایەتی زۆربەی خەڵکی لەبەر دونیایە، ئەوەش سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت).

٦. دەربارەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَتَقَطَّعَتۡ بِهِمُ ٱلۡأَسۡبَابُ﴾ ئیبن عەببباس دەفەرموێت : خۆشەویستی .

خۆشەویستی بە پێی ئەوەی خوا پەرستییە :

خوا پەرستییە لە زاتی خۆیدا :

خۆشەویستی پەرستن بۆ هیچ کەسێك نابێت تەنها بۆ خوا نەبێت، کە ملکەچبوون و بە مەزن زانین واجیب دەکات، ئەوەش جێبەجێ کردنی فەرمانەکان و دوور کەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان لە خۆ دەگرێت .

لە خودی خۆیدا پەرستن نییە :

خۆشەویستی بۆ خوا و لەبەر خوا : وەکو خۆشویستنی پێغەمبەران .

خۆشەویستی بەزەیی و میهرەبانی : وەکو خۆشویستنی منداڵ و بچووکەکان .

خۆشویستنی شکۆمەندی و بە مەزن زانین : وەکو خۆشویستنی باوك و مامۆستا.

خۆشویستنی سروشتی : وەکو خۆشویستنی خواردن و خواردنەوە .

- شەریفترین جۆر جۆری یەکەمە، بەڵام ئەوانیتر لە بەشی رێگەپیدراو و حەڵاڵن، ئیللا مەگەر شتێکی پێوە گرێ بدرێت کە پەرستن لە خۆ بگرێت ئەوا ئەو کاتە دەبێتە عیبادەت .
- (حلاوة الإيمان) : ئەوەی لە دڵ و ناخی خۆیدا بە دی دەکات لە دڵنارامی و سینگ فراوانی و پشوودان .
- (مَنْ أحبَّ في الله) : ئەوەی خوای گەورە رقی لێی بێت ئەمیش رقی لێی دەبێت و ئەوەی خوای گەورە خۆشی بوێت ئەمیش خۆشی دەوێت .
- (وَتَقَطَّعَتْ) : هەموو ئەوەی موشریکەکان دڵیان پێ خۆش کردبوو و خۆیان پێوە پەیوەست کردبوو بچڕا و نەما.



مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (البراءة) : ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ ﴾

سێیەم : واجیب بوونی پێشخستنی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر نەفس و کەس و کار و ساماندا .

چوارەم : نەفی ئیمان بەڵگەی دەرچوون لە ئیسلام نییە (ئیللا مەگەر دڵەکە بە تەواوەتی خاڵی بێت لە خۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، گومانیشی تێدا نییە ئەمەش نەفی ئەصڵی ئیمانە)

پێنجەم : ئیمان تامێکی شیرینی هەیە رەنگە مرۆڤ تامی بکات و رەنگە تامی نەکات .

شەشەم : باسی چوار کردارەکەی دڵ، کە هیچ کەسێك ویلایەت و دۆستایەتی خوای دەست ناکەوێت ئیللا بەو چوارە نەبێت، وە هیچ کەسێك تامی شیرینی ئیمان ناکات ئیللا بەو چوارە نەبێت (خۆشویستنی لەبەر خوا بوو، رقلێبوونی لەبەر خوا بوو، دۆستایەتی لەبەر خوا بوو، وە دوژمنایەتی لەبەر خوا بوو).

حەوتەم : تێگەیشتنی هاوەڵان بۆ واقیعەکە کەوا زۆربەی برایەتی لەبەر دونیایە (ئەمە لەسەردەمی ئەواندا وابووە، ئەی ئاخۆ سەردەمی ئێمە چۆن بێت ؟)

هەشتەم : تەفسیری ئایەتی : ﴿ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ ٱلْأَسْبَابُ ﴾ وەکو: خۆشەویستی و هۆکارەکانی تر.

نۆیەم : هەندێ لە موشریکەکان هەن خوای گەورەیان زۆر خۆشدەوێت (ئەوەی موسڵمانان لەوان زیاترە کەوا خۆشویستنیان بۆ خوای گەورە لەوان زۆرترە بۆ بتەکانیان).

دەیەم : هەڕەشە لەو کەسانە کەوا ئەو هەشت شتە خۆشەویستر بێت لای لە دینی خوا.

یازدەهەم : هەرکەسێك هاوتایەکی خۆش بوێت کەوا خۆشەویستییەکەی یەکسان بێت لە گەڵ خۆشەویستی خوادا، ئەوا شیرکی گەورەی ئەنجامداوە .

٣٢/ بەشی ئایەتی ﴿ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمۡ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ﴾ **ئایەتەکە** .

نوسەر –ڕەحمەتی خوای لێبێت– بەشی ترسی لەپاش بەشی خۆشویستن هێناوە، چونکە پەرستنی خودا لە سەر دوو شت بنیات نراوە :

خۆشویستن : و بەوەش گوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکان ڕوو ئەدات .

ترس : بەوەش دوورکەوتنەوە لە نەهی لێکراوەکان ڕوو ئەدات.

بەشەکانی ترس :

ترسی (نهێنی) پەرستن و خۆزەبوون کردن و بە مەزن دانان و ملکەچ بوون : ئەنجامدان و دەربڕینی بۆ جگە لەخودا شیرکی گەورەیە، وە خەڵکیش لەم باسەدا دوو لا و نێوەندێکن.

ترسی سروشتی و جیبیلی (ڕێگە پێدراوە) : ﴿فَخَرَجَ مِنۡهَا خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُۖ﴾، جا ئەگەر ببێتە هۆی وازهێنان لە واجبێك یان ئەنجامدانی کارێکی حەرام، ئەوا حەرامە.

- ﴿يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ﴾ : شەیتان هەموو ئەو کەسانە دەترسێنێت کە ئەیانەوێت واجبێك ئەنجام بدەن.
- ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ﴾ : بەڵکو بەردەوام بن لەوەی فەرمانم پێکردوون و واجیبم کردووە لەسەرتان لە جیهادکردن لە پێناوی خوادا و لەوان مەترسن، وە ئەگەر خودا لەگەڵ مرۆڤدا بێت، ئەوا کەس نایبەزێنێت.

بەڵگەی دووەم :

ئایەتی ﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا ٱللَّهَ﴾.

- ﴿مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ﴾ : خودای گەورە زۆر جار باوەڕبوون بەخۆی ئەبەستێتەوە بەباوەڕبوون بە پۆژی دوایی، لەبەر ئەوەی ئیمان هێنان بەخوای گەورە رەجا و تکای خاوەنەکەی بە هێز دەکات و ئیمان هێنان بە پۆژی دوایی ترسی خاوەنەکەی بە هێز دەکات .
- ﴿وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾ : واتە بەشێوەیەکی لایەق ئەنجامی داوە بەبێ کەم و کورتی، ئەنجامدانیشی دوو جۆرە:

١. ئەنجامدانێکی واجیب : تەنها واجیبەکان ئەنجام دەدات لە مەرجەکان و ئەرکانەکان و واجیباتەکان.

٢. ئەنجامدانێکی موستەحەب : لە واجیبەکە زیاتر ئەکات و واجب و موستەحەبەکان ئەنجام دەدات.

- ﴿وَلَمْ يَخْشَ﴾ : (خشية) ئەو ترسەیە کە بنیاتنراوە لەسەر زانینی مەزنی و کەمالی دەسەلاتی ئەوەی لێی ئەترسیت، و جیاوازی نێوان (خشية) و (خوف) ئەوەیە کە :

١- (خشية) ناسین و زانینی ئەوەی لێی ئەترسیت و حاڵەتەکەی بەڵام (خوف) ڕەنگە لە نەزانەوە بێت.

٢- (خشية) بەهۆی مەزنی ئەوەی لێی دەترسێت بەڵام (خوف) بەهۆی لاوازی ترساوەکەوەیە.

- ﴿عَسَىٰٓ﴾ : ئیبن عەببباس ئەفەرموێت : وشەی (عسى) لە خوای گەورەوە جێ بە جێکردنی واجیبە، وە بە شێوازی (الترجي) تکاکردن هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خۆی بایی نەبێت بەوەی خۆی ئەم وەصفەی بە دەست هێناوە .

بەشەکانی ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان و دژەکەشی وێرانکردنیەتی،

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ أَن يُذْكَرَ فِيهَا ٱسْمُهُۥ وَسَعَىٰ فِى خَرَابِهَآ﴾:

ئاوەدان کردنەوەیەکی حسی (هەستپێکراو) : بە بنیات نان و فەرش و خاوێنی و نۆژەنکردنەوەی، ودژەکەشی ڕووخاندنی حسییە، بە وێرانکردن و ڕووخاندنی.

ئاوەدان کردنەوەیەکی مەعنەوی : بەنوێژکردن و زیکرکردن و خوێندنەوەی قورئان، وە دژەکەشی ڕووخاندی مەعنەوی وەکو ئەوەی مزگەوتەکان بکرێنە شوێنی شیرك و بیدعە.

بەڵگەی سێیەم :

ئایەتی ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ﴾ .

- ئاشکرایە کە مرۆڤەکان لە عەزابی خوا هەڵدێن، بۆیە فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، جا ئەم کەسە فیتنەی خەڵکی وەکو عەزابی خوا لێکردووە، لە ئازاردانیان هەڵدێت بەوەی ئارەزووەکانیان جێ بە جێ بکات ئەمەش ئەو فیتنەیەی وەکو عەزاب لێ کردووە، جا وای لێدێت لێیان ئەترسێت وەکو چۆن لەخوا دەترسێت، چونکە عەزابی ئەوانی وەکو عەزابی خوا لێکردووە، بۆیە لێی هەڵهات بەڕازی بوون بە فەرمانەکانیان.
- لەو ئایەتەدا ئاگادارکردنەوەیەك هەیە لەوەی کە مرۆڤ پێچەوانەی ئەوە بڵێت لە دڵیدایە.

بەڵگەی چوارەم :

لە (ابو سعید الخدری)یەوە هاتووە ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) فەرموویەتی : ((إنّ مِنْ ضَعْفِ اليَقِينِ أنْ تُرْضِيَ الناسَ بِسَخطِ الله، وأنْ تَحْمَدَهمْ على رِزْقِ الله، وأنْ تَذُمَّهُمْ على ما لَمْ يُؤْتِكَ الله، إنَّ رِزقَ الله لا يَجُرُّهُ حِرْصُ حَرِيصٍ، ولا يَرُدُّهُ كَرَاهَيةُ كارِهٍ)) . واتە : لە لاوازی یەقین ئەوەیە کە خەڵکی رازی بکەیت هەرچەندە تووڕە بوونی خوای تێدا بێت، وە سوپاسگوزاریان بیت لەسەر رزقی خوای گەورە، وە زەمیان بکەیت لەسەر ئەوەی خوای گەورە پێی نەبەخشیویت، باش بزانە کەوا رزقی خوای گەورە هەرگیز بە دەست نایەت بە سووربوونی ئەوانەی سووردەبن و رەد ناکرێتەوە بە بێزار بوونی ئەوانەی پێیان ناخۆشە))

- ((أَنْ تُرْضِيَ النَّاسَ)) : بەترسان لێیان لەخودا زیاتر و ئامۆژگاری نەکردنیان.
- ((وأَنْ تَحْمَدَهُمْ)) : هەموو سوپاسگوزاریەك بۆ ئەوان بێت بە لە بیرکردنی ئەنجامدەرەکەی کە خودایە.
- ((وأَنْ تَذُمَّهُمْ)) : چونکە ئەگەر خوا بڕیاری ئەوە بدات ئەوا هۆکارەکان دروست ئەبن، واجبیش ڕازی بوونە.

بەڵگەی پێنجەم :

لە دایکە عائیشەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی : ((من التمس رضا الله بسخط الناس رضي الله عنه وأرضى عنه الناس، ومن التمس رضا الناس بسخط الله، سخط الله عليه وأسخط عليه الناس)) واتە : هەرکەسێ بە دوای ڕازی بوونی خوادا بگەڕێت هەرچەندە تووڕە بوونی خەڵکی تێدا بێت، ئەوا خوای گەورە لێی ڕازی دەبێت و واش دەکات خەڵکی لێی ڕازی بێت، وە هەرکەسێ بە دوای ڕازی بوونی خەڵکیدا بگەڕێت هەرچەندە تووڕەبوونی خوای تێدا بێت، ئەوا خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت و خەڵکیشی لێ تووڕە دەکات) ابن حبان لە (صحیح)ەکەیدا ریوایەتی کردووە.)) .

- ((مَنِ الْتَمَسَ)) : ترسان لێیان تاکو لێی ڕازی بن، جا ترسی ئەوانی پێش ترسی خوا خستووە.

سوود بە دەست هاتووەکانی فەرموودەکە :

١. واجبە بوونی داواکردنی ئەوەی خودا لێی ڕازییە هەرچەندە خەڵکیش تووڕە بن، چونکە قازانج و زیان بە دەستی خودایە.
٢. دروست نییە خوای گەورە لە خۆی تووڕە بکات لە پێناوی ڕازی کردنی خەڵکیدا جا ئەگەر کەسەکە هەر کەسێك بێت .
٣. سەلماندنی ڕازی بوون و تووڕەبوون بۆ خودا بە حەقیقەت، بەڵام بەبێ لێکچواندن بە دروستکراوەکان.

مەسەلەکان:

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی (آل عمران): ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوۡلِيَآءَهُۥ﴾ .

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی (براءة) : ﴿إِنَّمَا يَعۡمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾

سێیەم : تەفسیری ئایەتەکەی (العنکبوت) : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ﴾

چوارەم : یەقین لاواز دەبێت و بەهێزیش دەبێت.

پێنجەم : نیشانی لاوازی یەقین، لەوانەش ئەم سێ خاڵەیە: (خەڵکی ڕازی بکەیت بە تووڕە بوونی خوا، سوپاسی ئەوان بکەیت لەسەر رزق و ڕۆزی خوا، و لۆمەی ئەوان بکەیت لەسەر ئەوەی کەخودا پێی نەداویت).

شەشەم : ترسان لە خودا بە دڵسۆزی یەکێکە لە فەرزەکان.

حەوتەم : باسکردنی پاداشتی ئەوەی ئەنجامی دەدات ((ئەوا خوای گەورە لێی ڕازی دەبێت و واش دەکات خەڵکی لێی ڕازی بێت)).

هەشتەم : باسکردنی سزای ئەوەی وازی لێدێنێت ((ئەوا خوای گەورە لێی تووڕە دەبێت و خەڵکیشی لێ تووڕە دەکات)).

٣٣/ بەشی ئایەتی : ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ٢٣﴾

- دوای خۆشویستن و ترس نوسەر –ڕەحمەتی خوای لێبێت– ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کەوا بەدەستهێنانی داواکراو و لابردنی خراپە نابێت ئیللا بە پشتبەستن (توکل) نەبێ، وە پەرستن جێبەجێ نابێت بەبێ پشتبەستن و ئەوەش بەرزترین پلەو مەقامە، و ئەبێت مرۆڤ لە هەموو کاروبارێکیدا هاوەڵی بێت.
- ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ﴾ : پێشخستنی مەعمولەکە سوودی حەصرە دەگەیەنێت، وە بەڵگەی ئەوەی تێدا بە دی دەکرێت کەوا کەمالی ئیمان بوونی نامێنێت لە کاتی نەمان و نەبوونی پشتبەستندا (التوکل)، ئیللا مەگەر پشتبەستنەکە بە تەواوەتی لەسەر جگە لەخودا بێت، ئەو کاتە دەبێتە شیرکی گەورە.

پشتبەستن (توکل) : بریتییە لە پشتبەستنێکی راست بە خودا لە گەڵ بوونی متمانە پێی و گرتنە بەری هۆکارە دروستەکان، جا بێگومان پێویستە پشتبەستنێکی ڕاستگۆیانە و ڕاستەقینە هەبێت لە گەڵ ئە نجامدانی هۆکارە ڕێگە پێدراوەکان، وە بەشەکانی :

ڕادەستکردنی هەموو کارەکان بۆ لای خودا، و باوەڕهێنان بەوەی کە بە دەستهێنانی قازانج و لابردنی زیان بەدەستی ئەوە، جا ئەمە ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە.

پشت بەستن بە زیندوویەک لە گەڵ بوونی جۆری هەژاری نواندن، جا ئەمە شیرکی بچووکە، وەکو ئەو کەسەی لە ڕزقەکەیدا پشت بە کەسێك ئەبەستێت لەگەڵ هەژاری نواندن بۆ لای .

الوکالە (وەکالەت) : دروست نییە بوترێت : پشتم بە فلآن بەستووە، یان :پشتم بەخودا بەست پاشان بە فلآن، بەڵکو ئەوترێت : فلآنم کردە وەکیل یان کارەکەم ڕادەستی کرد، وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەکارە تایبەتی و گشتیەکانیدا وەکالەتی کردووە.

بەڵگەی دووەم و سێیەم :

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ۝٣ ﴾.

٣/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾

- مرۆڤ ئیماندار ئەبێت هەرچەندە ئەم صیفەتانەشی تێدا نەبێت، بەڵام رەهای ئیمانی لە گەڵدایە.
- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ : هیچ پشت و پەنات نییە جگە لە (اللە) و پشت و پەنای شوێنکەوتوانت لە ئیمانداران تەنها (اللە) یە ، جا هەموتان پشتی پێببەستن، تۆ و ئەوانەشی شوێنت کەوتوون.

خوای گەورە لەم ئایەتە و ئایەتەکانی دوای ئەوە باسی پێنج وەصفی ئیمانی تەواوی کردووە:

﴿إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾

واتە : ترسا، چونکە مەزنی خوا لەو دڵەدا هەیە، جا نیشانەی ئیمان ئەوەیە کە ئەگەر بە خوای گەورەی یاد بخرێتەوە ئەترسێت.

﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا﴾

واتە : لەبەر بەڕاست دانان و ملکەچ بوون، وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە مرۆڤ رەنگە زیاتر سوود ببینێت لە خوێندنەوەی کەسانی تر وەک لە خوێندنەوەی خۆی .

﴿وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾

واتە : پشت بە خودا ئەبەستن نەک بە جگە لە ئەو، لە گەڵ ئەوەشدا کار بە هۆکارەکان ئەکەن، وە ئەمەش شاهیدەکەیە.

﴿ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ﴾

واتە : بە تەواوەتی و ڕاستی ئەنجامی دەدەن، نوێژ (اسم جنس)ـە فەرزەکان و سوننەتەکانش ئەگرێتەوە.

﴿وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ﴾

ستایشی ئەوانەی تێدایە کە بەشێکی ماڵەکەیان بەخشیوە و ئەوانەی هەموو ماڵەکەیان بەخشیوە، وە ئەوانەی هەموو ماڵەکەیان دەبەخشن ئەو ستایشە دەیانگرێتەوە ئەگەر پشت بەخودا ببەستن .

بەڵگەی چوارەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾

- کارە گرانەکانی لە کۆڵ دەکاتەوەو کاری بۆ ئاسان ئەکات، و ئەگەر هەندێك زیانی پێبگات ئەوا خوای گەورەی بەسە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەورەی ئەو کەسانەیە پشت بە خوا دەبەستن، لەگەڵ ئەوەشدا ئازاری تووش دەهات بەڵام زەرەر و زیانی پێ نەدەگەیشت .
- جا ئایەتەکە مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە هەرکەس پشت بە جگە لەخودا ببەستێت سەرشۆڕ و ریسوا ئەبێت و خودا وازی لێ دەهێنێت.

بەڵگەی پێنجەم :

ئیبن عەببباس ریوایەتی کردووە و دەفەرموێت : (حسبنا الله ونعم الوكيل) قالها ابراهيم حين ألقي في النار، و قالها محمد (ﷺ) حين قال له الناس : ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ واتە : عبدالله ی کوڕی عەببباس دەڵێت : (خودای گەورەمان بەسەو هەر ئەویش باشترین کەسە پشتی پێ ببەستین) ئەم وتەیە ئیبراهیم فەرمووی کاتێك هاویشتیانە ناو ئاگرەوەو موحەممەد (ﷺ) فەرمووی کاتێ خەڵکی پێی گوت : ﴿إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾﴾ رواه البخاري.

ئەم چیرۆکە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کاتێ (أبو سفیان) لە جەنگی ئوحود بووەوە ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی بۆ ئەوەی لە ناویان بەرێت بە عەقڵی خۆی، بۆیە بە کۆمەڵێکدا گەیشت، بەوانی وت : بۆ کوێ دەڕۆن ؟ وتیان : دەچین بۆ مەدینە، وتی : هەواڵ بە محمد (ﷺ) و هاوەڵانی بدەن کەوا ئێمە دەگەڕێینەوە لایان و لە ناویان دەبەین، بۆیە ئەو کۆمەڵە کەسە کە گەیشتنە مەدینە، هەواڵەکەیان بەوان گەیاند، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی وتیان : ﴿حَسۡبُنَا ٱللَّهُ وَنِعۡمَ ٱلۡوَكِيلُ﴾ بە حەفتا سوارەوە دەرچوون، تاکو گەیشتنە (حمراء الأسد) ئەمجار (أبو سفیان) لە بریارەکەی پاشگەز بوویەوە و گەڕایەوە بۆ مەککە، ئەمەش بەڵگەی پشتگیری کردنی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و ئیماندارن، چونکە پشتیان بە ئەو بەست .

ئاگادارییەك :

ئەو باسەی کە دەکرێت کەوا ئیبن عەببباس لە بەنی ئیسرائیلەوە ریوایەت دەکات قسەیەکی بەناوبانگە لەلای زانایانی موستەڵحی فەرمووده (مصطلح الحديث) ، بەڵام ئەمە قسەی تێدایە، چونکە ئیبن عەببباس لەو کەسانەیە کە ڕەتی ئەکاتەوە لە بەنی ئیسرائیلەوە ڕیوایەت بکرێت.

ئایە ئەو هەواڵانەی لە بەنی ئیسرائیلەوە هاتوون باوەڕی پێ بکەین یان نا؟

١. باوەڕی پێ دەکەین ئەگەر لە شەرعەکەماندا هاتبێت کە ڕاستە.

٢. باوەڕی پێ ناکەین ئەگەر لە شەرعەکەماندا هاتبێت کە درۆیە.

٣. ڕائەوەستین لەسەری ئەگەر لەشەرعەکەماندا بەڕاست دانان یان بەدرۆ دانان دەربارەی نەهاتبێت.

مەسەلەکان:

یەکەم : پشتبەستن بەخودا یەکێکە لە فەرزکراوەکان (چونکە خوای گەورە ئیمانی بەوەوە پەیوەست کردووە).

دووەم : یەکێکە لە مەرجەکانی ئیمان.

سێیەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی ئەنفال : ﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ .

چوارەم : تەفسیری ئایەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسْبُكَ ٱللَّهُ﴾.

پێنجەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الطلاق) : ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾.

شەشەم : مەزنی و گەورەیی ئەم وشەیە، وە ئەوە قسەی (ئیبراهیم و محمد(ﷺ)) بووە لە کاتی تەنگانەدا.

(وە لە بابەتەکە زیادکردنی ئیمانیشی تێدایە، وە پێویستە لە کاتی تەنگانەدا مرۆڤ پشت بەخودا ببەستێت، لەگەڵ ئەنجامدانی هۆکارەکان و شوێنکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئیماندا هۆکارێکە بۆ ئەوەی بەندە خودای گەورەی بەس بێت).

(٣٤) **بەشی ئایەتی :** ﴿أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾

- ئەم بەشە ئەمانە ئەگرێتەوە : تەئمین بوون لە مەکری خوای گەورە و بێ ئومێدبوون لە ڕەحمەتی خوای گەورە، و هەردووکیان دوو لای بەرامبەر و دژ بە یەکن، وە دەیەوێ بە ئەو کەسە بڵێت کە بەرەو لای خوا دەڕوات کەوا ترس و رەجا (تکا) لە خۆیدا کۆ بکاتەوە، وە چەند سوودێك لەم ئایەتە ئەبینین :

١. وریابوون لەو نیعمەتانەی خوای گەورە دەیڕێژێتە سەر بەندەکەیدا نەوەك ئەوە پەلکێشکردن (استدراج) بێت .

٢. حەرامی تەئمین بوون لە مەکری خوا .

بەڵگەی دووەم :

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿قَالَ وَمَن يَقْنَطُ مِن رَّحْمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ﴾

- **ماناکەی :** واتە هیچ کەسێك لە ڕەحمەتی خودا بێ هیوا نابێت مەگەر کەسێك هیدایەتی لە دەست دابێت، ئەو ونبووەی کە نازانێت چی پێویستە لەسەری بەرانبەر بە خوا، لە گەڵ ئەوەشدا خوای گەورە غیرەتەکەی نزیکە، وە بێ هیوابوونیش دروست نییە چونکە گومانی خراپ بردنە بە خودا چونکە :

١. تانەدانە لە توانای خوای گەورە، چونکە هەرکەسێك بزانێت کە خودا هەموو شتێکی لە تواندایە، ئەوا هیچ شتێك بە دوور نازانێت ئەگەر بیەوێ ئەنجامی بدات.

٢. تانەدانە لە ڕەحمەتی خوای گەورە، چونکە هەرکەسێك بزانێت کە خودا میهرەبانە ئەوا بە دووری نازانێت خودا ڕەحمی لێ بکات.

بەڵگەی سێیەم و چوارەم:

٣/ لە (ابن عباس)ەوە ڕیوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێکرا دەربارەی تاوانە گەورەکان؟ ئەویش فەرمووی : (الشرك بالله، واليأس من روح الله، والامن من مكر الله) واتە : هاوەڵ بریاردان بۆ خوای گەورە و بێ ئومێدی لە ڕەحمەتی خوا و تەئمین بوون لە مەکری خوای گەورە) .

٤/ وە لە (ئیبن مەسعود)ەوە ریوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی: (أكبر الكبائر : الاشراك بالله، والامن من مكر الله، والقنوط من رحمة الله، واليأس من روح الله) (رواه عبدالرزاق) واتە : گەورەترین تاوانە گەورەکان بریتین لە : هاوەڵ بریاردان بۆ خوای گەورە و تەئمین بوون لە مەکری خوا و بێ ئومێدی لە لە ڕەحمەتی خوا و بێ هیوایی لە ڕەحمەتی خوا) .

- ((الشرك بالله)) : مەبەست لێی شیرکی گەورە و بچووکە، وە شیرکی بچوك لە تاوانە گەورەکان گەورەترە.
- ((والامن من مكر الله)) : بە شێوەیەك کە سەرپێچی خوا بکات هەرچەندە نیعمەتەکان بەردەوامن بەسەریەوە .
- ((والقنوط من رحمة الله)) : ڕەحمەتی خودا بە دوور بزانێت و بەدەستهێنانی داواکراو بە دوور بزانێت.
- ((واليأس من روح الله)) : لابردن و نەمانی مەینەتییەکان بەدوور بزانێت.

کورتەی باسەکە :

ئەو کەسەی بەرەو لای خوای گەورە دەڕوات دوو شت دەبنە کۆسپ لە ڕێگاکەیدا، ئەوانیش تەئمین بوونە لە مەکری خوای گەورە و بێ ئومێد بوون لە ڕەحمەتەکەی، جا ئەگەر تووشی نارەحەتییەك بوو یان ئەوەی پێی خۆشە لە دەستی دەرچوو، دەیبینی –ئەگەر ڕەحمەتی خوای گەورەی پێ نەگات– ئەوا بێ ئومێدی زاڵ دەبێت بە سەریدا فەرحانی و ڕزگار بوون بە دوور دەزانێت و هۆکارەکان ناگرێتە بەر، وە مەبەست لە تەئمین بوون لە مەکری خوا ئەوەی دەیبینین بەردەوامە لەسەر ئەنجام دانی تاوانەکان و هەرچەندە نیعمەتەکان بەردەوامن بەسەرییەوە، وە باوەڕی وایە کەوا ئەو لەسەر حەقە بۆیە بەردەوام دەبێت لەسەر ناحەقییەکەی، گومانیشی تێدا نییە ئەمە پەلکێشکردنە (ئیستدراجە) .

مەسەلەکان:

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الاعراف) : ﴿أَفَأَمِنُواْ مَكۡرَ ٱللَّهِۚ﴾ .

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الحجر) : ﴿قَالَ وَمَن يَقۡنَطُ مِن رَّحۡمَةِ رَبِّهِۦٓ إِلَّا ٱلضَّآلُّونَ﴾ .

سێیەم : تۆندی هەڕەشە لەسەر ئەو کەسەی کە تەئمینە لە مەکری خوای گەورە (بەوەی یەکێکە لە تاوانە گەورەکان).

چوارەم : تۆندی هەڕەشە لە بێ هیوا بوون لەڕەحمەتی خودا.

(٣٥) بەشی : (لە باوەڕهێنان بە خوا : ئارامگرتنە لەسەر قەدەرەکانی خوای گەورە)

بەشەکانی ئارام گرتن سێ دانەن :

ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ کردووە، ئەمەش ئارامگرتن لەسەر فەرمانەکان ئەگرێتەوە وەکو نوێژ و ڕۆژوو.	ئارامگرتن لەسەر وازهێنان لەوەی خوای گەورە نەهی لێ کردووە، وەکو خۆ دورخستنەوە لە شیرك و هەموو حەرامکراوەکان.	ئارامگرتن لەسەر ئەوەی خوای گەورە تەقدیری لەسەر کردووە لەموصیبەتەکان، وەکو مردنی کەسێکی نزیك.

ئارامگرتنی لەسەر گوێڕایەڵی پێش خستووە چونکە ملکەچ بوون و کردار لە خۆ دەگرێت، پاشان ئارامگرتن لەسەر ئەنجام نەدانی تاوان چونکە وازهێنانی تێدایە، ئەمجار ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکان چونکە هۆکارەکەی بەهەڵبژاردنی بەندە خۆی نییە، بەڵام بە پێی ئەوەی کە پێوەی پەیوەستە ئەوا ڕەنگە ئارامگرتن لەسەر ئەنجام نەدانی تاوان سەختتر بێت لەسەر مرۆڤ وەك لە ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی گوێڕایەڵی.

بەشەکانی خەڵکی لەکاتی تووشبونی موصیبەتدا چوارن :

تووڕەبوو (متسخط) (یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، بەرەو کوفر ئەیبات) بەدڵ (تووڕە ئەبێت) و بەزمان (دوعای وەیل و واوەیلا دەکات) و بە ئەندامەکان (لە خۆدەدات و کراس دادەڕێت و پرچی دەڕنێت).	ئارامگر (بە کۆدەنگی هەموو زانایان واجیبە) بەدڵ و بەزمان و بەئەندامەکان، جا ئەوە لەسەری قورسە و ڕقی لێیەتی بەڵام بەرگەی ئەگرێت و ئارامی لەسەر ئەگرێت.	ڕازی بوون (موستەحەبە) لەبەر تەواوی ڕازی بوونی بەخودای خۆی، لای ئەو نیعمەت و دژەکەی وەکو یەکە، تەماشای دەکات وەکو ئەوەی قەزایەکە لە لایەن خوداوە.	سوپاسگوزارە (بەرزترین پلەیە) وای ئەبینێت کە بۆ لێخۆشبوونی تاوانەکانی و زیادکردنی چاکەکانی و ئیمانەکەیەتی، وە پێی وایە کارەساتی لەوە گەورەتریش هەیە.

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ ﴾ عەلقەمە فەرموویەتی : ((ئەوە کەسێکە تووشی موصیبەتێك دەبێت، دەزانێت ئەو موصیبەتە لە خواوەیە بۆیە ڕازی دەبێت و تەسلیم دەبێت) .

- ﴿يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾ : دڵئارامی پێ ئەبەخشێ، جا ئەگەر دڵ هیدایەت وەربگرێت ئەوا ئەندامەکانیش هیدایەت وەردەگرن .

بەڵگەی دووەم :

لە صەحیحی موسلیم دا هاتوە لە (ابو هريرة)وە- رەزای خوای لێبێت- کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (اثنتان في الناس هما بهم كفر : الطعن في النسب، والنياحة على الميت) واتە : دوو ئاکار لە ناو خەڵکیدا هەن کەوا کوفریان تێدایە : تانەدان لە نەسەب و نەژادو شیوەنکردن لە سەر مردوو) .

- (الطعن في النسب) : واتە عەیبدارکردنی یان نەفیکردنی، جا ئەمە کارێکە لە کارە کوفریەکان.
- (والنياحة على الميت) : ئەمە جێگەی شاهیدەکەیە، جا شیوەن کردن بەشێکە لە تووڕەبوون (التسخط) .

بەڵگەی سێیەم و چوارەم :

٣- عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ - رضي الله عنه - عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ : ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ)) (رواه البخاري ومسلم) واتە : لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە (ڕەزای خوایان لێبێ) هاتووەو دەڵێ :((پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : لە ئێمە نییە ئەو کەسەی لەڕومەتی خۆی دەدا و یەخەی خۆی دادەدڕێ و دەنگ و هاوارو شین و واوەیلێی لێ بەرز دەبێتەوە وەك سەردەمی نەفامی)) .

٤/ لە (ئەنەس)ەوە هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (إذا أراد الله بعبده الخير عجل له العقوبة في الدنيا، وإذا أراد بعبده الشر أمسك عنه بذنبه حتى يوافي به يوم القيامة).واتە : ئەگەر خوای گەورە چاکەی بۆ عەبدەکەی بوێت ئەوا سزای تاوانەکانی لە دونیادا دەدات، وە ئەگەر خراپەی بۆ عەبدەکەی بوێت ئەوا سزای تاوانەکانی لە دونیادا نادات تاوەکو لە ڕۆژی قیامەتدا پێی دەگات)).

- ((بِـدَعْوَى الْجَاهِلِيَّـةِ)) : هـەموو ئـەو بانگەوازانـە سەرچـاوەکەی نەفامیـە، نمونەی ڕوخاندنی خـانوو، وشـکاندنی دەفـر، و خراپکردنـی خـواردن ، وە چـەندان نمونـە وەکـو ئەوانـە کـە خـەڵکی ئـەنجامی ئـەدەن لـەکاتی توشبوونیان بە موصیبەتێك.
- ((إذا أراد الله بعبده)) : خراپە خودی خۆی مەبەستی خوا نییە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت : ((والشـرُ لـيسَ إليـك))، خـوای گـەورە ئەوەی بـۆ حیکمـەتێك ئـەوێت، جـا ئـەو کـات ئەبێتـە چـاکە بـە پێـی ئـەو حیکمەتەی کە تێیدایە.
- وە ئامـانجی فەرموودەکـە دڵنـەوایی کردنـی ئـەو کەسـانەیە تووشـی موصیبەت هاتوون بۆ ئەوەی بێـزار و بـێ ئومێـد نـەبن ، جـا ئـەوە ڕەنگـە خەیر و چاکە بێت، و سزای دونیا سوکترە لە سزاو ئازاری ڕۆژی دوایی، جا سوپاسی خوا دەکات کە سزاکەی دوانەخستووە بۆ ڕۆژی دوایی.

بەڵگەی پێنجەم :

پێغەمبەری خـوا (ﷺ) دەفـەرموێ : (إن عظم الجزاء مع عظم البلاء، و إن الله إذا أحـب قومـا ابـتلاهم، فمـن رضـي فلـه الرضـا، و مـن سـخط فلـه السـخط) (حسنه الترمذي).واتە : بە ڕاستی گەورەیی پاداشت بە پێی گەورەیی بەڵاکەیـە، وە ئەگەر خوای گەورە کۆمەڵێکی خۆش بوێت تاقیان دەکاتـەوە، جـا هەرکەسـێك ڕازی بـوو ئـەوا ڕازیبـونی دەسـت دەکـەوێت و هەرکەسـێك تـووڕە بێـت ئـەوا تووڕەبونی دەست دەکەوێت)).

سوود بە دەست هاتووەکان :

١. هەرچەندە بەڵاکە سەختتر بوو و مرۆڤ ئارامی لەسەر گرت، ئەوا پاداشتەکەی مەزنتر ئەبێت.

٢. ئەگەر خودا گەلێکی خۆشبوێت تاقیان ئەکاتەوە بەوەی تەقدیری داوە بەسەریانەوە قەدەری گەردوونی و شەرعی.

٣. سەلماندنی خۆشویستن و تووڕەبوون و ڕازی بوون بۆ خودا، لەگەڵ وریابوون لە لێکچووادن و چۆنیەتی.

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (التغابن) : ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾

دووەم : ئەمە بەشێکە لە ئیمان هێنان بەخودا (ئارامگرتن لەسەر قەدەرەکانی خودا).

سێیەم : تانەدان لە نەسەب و ڕەچەڵەك (بە عەیبدارکردن و ڕەتکردنەوەیەی دەبێت، و ئەوەش کوفری بچووکە).

چوارەم : سەختی هەڕەشەی لەو کەسانەی لە ڕوومەتی خۆیان دەدەن و کراس دادڕین و بانگەواز کردن بە بانگەوازێکی جاهیلییەت (چونکە پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لێ بەری کردووە).

پێنجەم : لە نیشانەی چاکە ویستنی خودا بۆ بەندەکەی (سزاکەی لە دونیادا بۆ پێش ئەخات).

شەشەم : لە نیشانەی خراپە ویستنی خودا بۆ بەندەکەی (سزاکەی بۆ ڕۆژی دوایی بۆ دوا ئەخات).

حەوتەم : نیشانەی خۆشویستنی خودا بۆ بەندە (ئەویش تاقیکردنەوەیە).

هەشتەم : حەرامی تووڕەبوون (واتە ئەو بەڵایانەی تووشی بەندە دێت).

نۆیەم : پاداشتی ڕازی بوون لەسەر بەڵاکان (ئەویش ڕازیبوونی خودایە لە بەندەکە).

٣٦/ بەشی ئەو بەڵگانەی لەسەر ڕوو پامایی (ریا) هاتوون

بەڵگەی یەکەم بۆ سێیەم :

١/ خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ﴾ تا کۆتایی ئایەتەکە.

٢ / لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتوە کە ئیمامی (مسلم) ریوایەتی کردوە لە فەرموودەی (أبو هريرة)ەوە کـەوا خۆشەویست (ﷺ) فەرموویـەتی : ((قال الله تبارك و تعالى : أنا أغنى الشركاء عن الشرك، من عمل عملاً أشرك معي فيه غيري، تركته و شركه)) رواه مسلم واتە : من لە هەموو شەریکەکان بێ نیـاز تـرم لـە شەریك، کەسێ کردەوەیەك بکات و جگە لە مـنی تێدا بەشدار بکـات ئـەوا لـە گەڵ شەریکەکەیدا بە جێیان دەهێڵم))

٣ / لـە (ئـەبو سـەعید)ەوە هـاتووە ئـەویش لـە پێغەمبـەری خـوداوە(ﷺ) دەفەرموێت : (ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال ؟ قالوا : بلى يا رسول الله (ﷺ)، قال : الشرك الخفي، يقوم الرجل فيصلي فَيُزَيِّنُ صلاته لما يرى من نظر رجل) رواه أحمد واتە : ئایە هەواڵتان پێ بدەم بەوەی لێی دەترسم تووشتان ببێت زیاتر لە مەسیحی دەججال ؟ وتیـان : بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، فـەرمووی : شـیرکی شـاراوە، کەسـێك هەڵدەسـتێ نوێـژ دەکـاتو نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کەسیکیتر تەماشای دەکات)).

- ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ﴾ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکراوە بەخەڵکی بڵێت کەوا ئەویش مرۆڤە، و ئەم مرۆڤبوونەی دووپات کردوەتەوە بە ئایەتی ﴿مِّثۡلُكُمۡ﴾، تەنها ئەوەیە ئەو وەحی بۆ دێت، بۆیە گوێڕایەڵی کردنی واجیبە، بەڵام پەرستنی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) حەرامە.
- ﴿لِقَآءَ رَبِّهِۦ﴾ : گەیشتن بە پاداشی بوونی خوای گەورە و نیعمەتەکانی تایبەتە بە ئیمانداران، و بینینی خوداش لە ڕۆژی دواییدا ئەگرێتەوە.
- ﴿عَمَلٗا صَٰلِحٗا﴾ : بە دڵسۆزی و بە دروستی (ئیخلاص و شوێنکەوتن).
- ((أنا أغنى)) دوو مانا ئەگرێتەوە :

١. پووچەڵبوونی ئەو کارانەی کە ڕووپامایی (ریا)ی تێدایە و حەرامبوونی (ریا).

٢. ڕوونکردنەوەی بێ نیازبوونی خوای گەورەو گەورەیی مافەکەی، و مافی کەس نییە هاوەڵی لە گەڵدا بۆ پەیدا بکات.

- ((المسيح الدجال)) : چاوی ڕاستی سڕاوەتەوە، پیاوێکی درۆزنە و لە نەوەی ئادەمە.

بۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕیا ترساوە تووشی ئوممەتەکەی ببێت زیاتر لە مەسیحی دەججال؟

١. چونکە فیتنەی دەججال دیار و ڕوونە، بەڵام فیتنەی ڕیا شاراوەیە، وە خۆ دوورخستنەوە لە ڕیا زۆر گرانە.

٢. چونکە فیتنەی دەججال تەنها لە کۆتایی دونیادا دەبێت، بە جیاواز لە گەڵ ڕیادا کە فیتنەکەی لە هەموو کاتێکدایە.

شیرك دوو جۆرە :

١. **شاراوە :** ئەوەی کە لە دڵدایە وەکو (ڕیا)، و پێشی ئەوترێت شیرکی نهێنییەکان .

٢. **دیار (ئاشکرا) :** ئەوەی بە قسە و زمان دەبێت وەکو سوێندخواردن بە جگە لە خودا، یان بە کردار وەکو کرنۆش بردن بۆ جگە لە خودا.

رووپامایی (ریا) : واتە کارێك بکات تاکو خەڵکی ببینن یان گوێیان لێبێ، وئەوەش لە خورەوشتی دووڕووەکانە.

لە ئەصڵی پەرستنەکەدا دەبێت : پەرستنەکە پوچەڵ ئەکاتەوە.

لەناکاودا بێت : وردەکاری تێدایە :

دوای تەواو بوونی پەرستنەکە : هیچ کاریگەری نابێت لەسەر پەرستنەکە تەنها مەگەر دژایەتی تێدا بێت وەکو منەت کردن و ئازار پێگەیاندن لە پاش سەدەقە.

خاوەنەکەی پاڵی دەنێت و لە خۆی دووری دەکاتەوە : ئەوەی واجیب بووە لەسەری کردوویەتی، وپەرستنەکەش دروستە.

لە گەڵیدا شۆر دەبێتەوە : وردەکاری تێدایە:

سەرەتای پەرستنەکە پەیوەستە بە کۆتاییەکەیەوە : وەکو نوێژ، ئەوا تەواوی پەرستنەکە پوچەڵە.

سەرەتای پەرستنەکە جیا بێت لە کۆتاییەکەی : وەکو زەکات، ئەوا ئەو بەشەی پوچەڵ ئەبێتەوە کە ڕیای تێدایە.

چارەسەری ڕیا چییە؟

١. بە گەورە دانانی خودا، ئەویش بە فێربوونی یەکتاپەرستی و کارکردن پێی دەبێت، چونکە مرۆڤ ئەگەر خودا بەمەزن دابنێت ئەوا گرنگی بە هیچ کەسێکی تر نادات .

٢. وازنەهێنان لەکارەکە لەترسی ڕیا، چونکە شەیتان یان ئەتکاتە ناو ڕیاوە یان ناو ترسان لەجگە لەخودا.

٣. نزاکردن (دوعاکردن).

٤. شاردنەوەی کارەکان لە ترسی کەوتنە ناو ڕیاوە.

٥. سەردانی کردنی گۆڕستان بەسەردانێکی شەرعی و دروست، چونکە ئەوە دواڕۆژت بیر ئەخاتەوە، وە ڕیا مرۆڤ بە دونیاوە دەبەستێتەوە.

مەسەلەکان:

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الکهف): ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰ إِلَيَّ﴾

دووەم : ئەم بابەتە گەورە و مەزنە، ئەویش ڕەدکردنەوەی کاری چاکەیە ئەگەر نیەتێکی بۆ جگە لە خودا تێکەڵ ببێت.

سێیەم : باسکردنی هۆکاری واجیب بوونی ئەوە، ئەویش کاملبوونی بێ نیازی خودایە.

چوارەم : یەکێك لەهۆکارەکان ئەوەیە کەخوای گەورە باشترین شەریکەکانە.

پێنجەم : ترسی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هاوەڵەکانی لەوەی تووشی ڕیا بن (جا ئەوانەی پاش ئەوان دێن لەپێشترن).

شەشەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی بەوە تەفسیر کردووە کە مرۆڤ بۆ خودا نوێژ بکات، بەڵام جوانی ئەکاتەوەو دەیڕازێنێتەوە، لە بەر ئەوەی کە ئەبینێت خەڵکی تەماشای دەکەن (هەروەها لە کاتی قسەکردنیشدا).

(٣٧) بەشی : لە جۆرەکانی شیرك دونیاویستی مرۆڤە لە کردەوەکانیدا

- ئەم بەشە باسی ئەو کەسانە دەکات کە نایەوێت باسبکرێت لە پەرستنەکەیدا و رووپامایی ناوێت، بەڵکو خودا بە دڵسۆزی و ئیخلاصەوە ئەپەرستێت، چونکە پشکێکی لە دونیا ئەوێت، وەکو مالّ و پلەو پایە و لەشساغی خۆی و نمونەی ئەوانە، جا ئەو بەکارەکەی سودێکی دونیایی ئەوێت، بێ ئاگا لەپاداشتی ڕۆژی دوایی.
- هیچ ڕێگرێك نییە مرۆڤ لە نوێژەکانیدا نزا بکات و داوا بکات خودا مالّی پێ بدات، بەڵام ئەو نوێژکردنەکەی لەبەر ئەوە نییە، چونکە ئەگەر وابێت ئەمە پلەیەکی زۆر نزمە، ئەویش دونیاویستییە بەکردەوەکانی ڕۆژی دوایی.
- **ئاگاداری :** هەندێ کەس کاتێ باسی سوودی پەرستنەکان ئەکات ئەیگۆڕن بۆ سوودی دونیایی، وە پێویست و زەرور ئەوەیە کە سوودە دونیاییەکان نەکرێنە ئەصلّ و بنەما.
- ئەم بابەتە لە بابەتی ڕیا ترسناکترە، چونکە ڕیا ڕەنگە بۆ نمونە لەیەك نوێژدا روو دەدات، بەڵام دونیاویستی بە کردەوەی ڕۆژی دوایی ترسناکیەکەی بۆ هەموو پەرستنەکان درێژ ئەبێتەوە.

بەشەکانی خەڵکی بەنیسبەت ئەم بەشەوە پێنجن:

دونیای دەوێت بە کردەوەی دونیا :	ئەمەش دروستە، وەکو ئەوەی یەکێك بازرگانی بکات تاکو خانوویەك بکڕێت.
ڕۆژی دوایی ئەوێت بەکردەوەی دونیا :	ئەمەش موستەحەببە، وەکو ئەوەی کشتوکاڵ دەکات تاکو بیکاتە صەدەقە.
ڕۆژی دوایی ئەوێت بەکردەوەی ڕۆژی دوایی :	موژدەی لێ بێت، ئەمە بەرزترین پلە و پایەیە.
دونیا و ڕۆژی دوایی ئەوێت بەکردەوەی ڕۆژی دوایی :	دروستە بەمەرجێك ڕۆژی دواییەکە لەپێشتر بێت، ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ﴾
دونیای ئەوێت بەکردەوەی ڕۆژی دوایی :	شیرکی بچووکە، وەکو ئەو کەسەی پێشنوێژی بۆ خەڵکی ئەکات بۆ پارە.

- چۆن بزانێت دونیای ئەوێت یاخود ڕۆژی دوایی؟ ((إِنْ أُعطيَ رَضيَ، وإن لَمْ يُعطَ سخِطَ)) واتە : ئەگەر پێی درا ئەوا رازی دەبێت و ئەگەر پێی نەدرا ئەوا تووڕە دەبێت).
- ئاگاداری: هەندێك قوتابی لەکاتی تاقیکردنەوەدا بەدڵسۆزیەوە پەرستن ئەکات، بەڵام هەر لە گەڵ هاتنەوەی ئەنجامەکان واز لەپەرستن دێنێت.

بەڵگەی یەکەم :

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت : ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيۡهِمۡ أَعۡمَٰلَهُمۡ فِيهَا﴾ .

ئەمە تایبەتە بەئایەتەکەی سورەتی (الاسراء) : ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡعَاجِلَةَ عَجَّلۡنَا لَهُۥ فِيهَا مَا نَشَآءُ لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلۡنَا لَهُۥ جَهَنَّمَ يَصۡلَىٰهَا مَذۡمُومٗا مَّدۡحُورٗا﴾، جا کارەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ویستی خودا و لە کێدا ئەیەوێ.

بەڵگەی دووەم :

لە فەرموودەیەکی (صحيح)دا لە (ابو هريرة)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((تعسَ عبدالدينار، تعس عبد الدرهم، تعس عبد الخميصة، تعس عبد الخميلة، إن أعطيَ رضيَ و إنْ لم يعطَ سخطَ، تَعسَ و انتكسَ، وإذا شيك فلا انتقشَ، طوبى لعبدٍ آخذ بعنانِ فرسهِ في سبيل الله، أشعثَ رأسُهُ، مغبرةٍ قدماهُ، إن كان في الحراسةِ كان في الحراسةِ، وإن كان في الساقة كان في الساقة، إن استأذنَ لم يؤذنْ لهُ، وإن شفعَ لم يُشفَّعْ)) واتە :- کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی دینار، کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی دەرهەم، کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی پۆشاکی جوان (الخميصة)، کەساس و چارەڕەش بوو بەندەی راخـەری جـوان (الخميلة)، ئەگەر پێی بدرێ ئەوا رازی دەبێت و ئەگەر پێی نەدرێ ئەوا پەست دەبێت، کەساس و سەرەوژێر بوو، ئەگەر درکێك چوو بە لەشیدا ئـەوا کەسێك نابینێتەوە بۆی دەربهێنێ، موژدە بۆ بەندەیەك کـە جلّـەوی ئەسپەکەی خـۆی گرتووە لە پێناوی خوادا، قژی گـڤ و هـەردوو پێـی تـۆزاوی، ئەگـەر لـە کـاتی پاسەوانیدا بێت ئەوا ئەو پاسەوان دەبێت، وە ئەگەر پێویست بوو لـە پاشـەوە بێت ئەوا ئەو لە پاشەوە دەبێت، ئەگەر داوای مۆڵەت بکـات ئـەوا مۆڵـەتی پـێ نادرێت، وە ئەگەر داوای لێ خۆش بوون بـۆ کەسێك بکـات ئـەوا لـێ ی خـۆش نابن (شەفاعەتەکەی قبولّ ناکرێت))) .

- ((تَعِسَ)) : دۆڕاو و سەرشۆڕ بوو، ((عبدُ الدينار)) : پارەی نەختینە لە ئالّتوون، و پێی وتووە بەندەی دینار، چونکە ئەو واپەیوەستی بووە وەکو پەیوەست بوونی بەندە بە پەروەردگارەوە و بووەتە گەورەترین کێشەی، وە پێشی گوێڕایەلّی خواکەی خستووە.
- ((الدرهَم)) : پارەی نەختینە لە زیو.
- ((عبدالخميصة))، ((عبدالخميلة)) : ئەوەی کە بایەخ بە جل و بەرگ و پۆشاکەکەی دەدات.
- ((إن أعطيَ رضيَ)) : ڕازی نابێ ئیللا بە پارە نەبێت و تووڕەش نابێت ئیللا بۆ پارە نەبێت، بۆیە ناوی ناوە بەندەی دینار.
- ((انتكسَ)) : کارەکانی بەسەردا هەلّگەڕایەوە بەپێچەوانەی ئەوەی ئەو ئەیەوێت بەشێوەیەك بۆی ڕێکناکەوێت.
- ((وإذا شيك فلا انتقشَ)) : ئەگەر دڕکێکی بە پێدا بچەقێت ناتوانێت لایبەرێت.
- هەرسێ ڕستەکە ئەکرێت ڕستەیەکی خەبەری بێت یان دوعاکردن بێت لێی.
- ((طوبى)) : باشترین دۆخ کەبەسەر ئەم پیاوەدا بێت، وە دەلّێن : داریکە لەبەهەشت، و یەکەم ڕا گشتگیرترە.
- ((في سبيل الله)) : ڕێکخەرەکەی ئەوەی کە دەجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی پیرۆزی (الله) بەرزکاتەوە نەك لەبەر دەمارگیری و نیشتمان .
- ((أشعثَ رأسُهُ)) : لەخۆلّدا لەپێناو خوادا، جا ئەو گرنگی نە بە حالّی خۆی ئەدات نە بە جەستەی، مادام ئەوە لەئەنجامی گوێڕایەلّی خوادا بێت، وە پێی تۆزاوی بووە لە بەر ڕۆشتن لە پێناوی خوادا، وە ئەو شوێنەوارەی بە هۆی خواپەرستییەوە دەرکەوتووە، ئەگەر خۆماندوو کردنی تێدا نەبێت بۆی، ئەوا پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، وەکو ئەو فەرموودەیەی

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لخلوف فم الصائم ...) واتە : بۆنی دەمی کەسی رۆژووان ...)

- ((السَّاقَةِ)) : لەدواوەوەی سوپا ئەبێت، وە ئەو دوو پستەیە لە فەرموودەکەدا دوو مانای هەیە کە بۆی گونجاوە :

١. لای گرنگ نییە لەکوێ دائەنرێت، ئەو داوای پلەیەکی بەرزتر ناکات بۆ نمونە لە پێشەوەی سوپا بێت .

٢. ئەگەر لە پاسەوانیدا بێت مافەکەی ئەدات، هەروەها لە دواوەی سوپاش بێت مافی دەدات.

- ((إِنِ استأذَنَ)) : لە لای خەڵکی ڕوو و شەرەف و پلەو پایەی نییە، بەڵام لای خوای گەورە هەیەتی.

- شاهید لە فەرموودەکەدا ئەوەیە کە کەسانێك لە خەڵکیدا هەن دونیا پەرستن، لەبەر دونیا تووڕە ئەبن، و فەرموودەکە خەڵکی دابەش کردووە بۆ :

١. کەسانێك هیچ کێشەیان نییە جگە لە دونیا، بە کۆکردنەوەی پارە یان باشکردنی حاڵیان، دڵی کردووەتە کۆیلەی خۆی، لە یادی خودا و خواپەرستی سەرقاڵی کردووە، جا دۆخەکە بەسەریدا هەڵئەگەڕێتەوە و خۆی لەبچووکترین ئازار پێ لانادرێت.

٢. گەورەترین خەمی ئەو ڕۆژی دواییە، بۆیە ئەو هەوڵی بۆ ئەدات بەسەختترین هیلاکی و ماندوو بوون کە ئەویش جیهاد کردنە لەپێناو خوادا، وە لە گەڵ ئەوەشدا لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی داوە، وە چاکەی لا گرنگە بۆیە شەفاعەت بۆ خەڵکی ئەکات.

مەسەلەکان :

یەکەم : دونیاویستی مرۆڤ بە کردەوەی پۆژی دوایی.

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی هود : ﴿مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا وَزِينَتَهَا﴾

سێیەم : ناونانی مرۆڤی موسڵمان بە بەندەی دینار و دەرهەم و پۆشاکی جوان.

چوارەم : تەفسیرەکەی ئەوەیە کە ئەگەر پێی بدرێت پازییە، وە ئەگەر پێی نەدرێت تووڕە ئەبێت .

پێنجەم : ((تعس وانتكس)) (ئەکرێت هەواڵدان بێت و ئەکرێت نزا بێت).

شەشەم : ((وإذا شيك فلا انتقش)) (ئەکرێت هەواڵدان بێت و ئەکرێت نزا بێت).

حەوتەم : ستایشکردنی ئەو موجاهیدانەی ئەو صیفاتانەیان تێدایە (ئەو شایەنی ئەوەیە مەدح و ستایش بکرێت نەك خاوەنی دەرهەم و دینار و خاوەنی راخەر و پلە و پایە).

(٣٨) بەشی ئەو کەسەی گوێڕایەڵی زانا و فەرمانڕەوا ئەکات لە حەرامکردنی ئەو شتانەی کە خودا حەڵاڵی کردووە یان حەڵاڵکردنی ئەو شتانەی کەخودا حەرامی کردووە، ئەوا ئەوانی بە پەروەردگار داناوە جگە لەخودا.

حاڵەتەکانی گوێڕایەڵیکردنی زانا و فەرمانڕەواکان لە سەرپێچی خوادا :

کوفری گەورە : شوێنیان بکەوێت بەڕازی بوون بە قسەکانیان، پێشیان بخات، ڕقی لە حوکمی خوا بێت، جا هەر کەسێك ڕقی لەوە بێت کە خودا داییەزاندووە کوفری کردووە، وە هەروەها ئەگەر باوەڕی وابێت کە حوکمی ئەوان هاوشانی حوکمی خوایە یان باشترە لێی.

کوفری بچووك و ترسێکی مەزنە، نزیکە لەوەی بکەوێتە نێو کوفری گەورەوە : شوێنیان بکەوێت بەڵام بە حوکمی خودا ڕازی بێت و بزانێت کە باشتر و چاکترە بۆ خەڵکی و وڵاتیش، بەڵام لەبەر ئارەزوویەکی نەفسی خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە، وەکو ئەوەی پیشەیەکی بوێت، وە ئەگەر بەوە ماڤی موسڵمانێك نەدات و ببڕێت ئەوا ئەبێتە ستەمکار.

وردەکاری تێدایە کە بە نەزانین شوێنیان بکەوێت و پێی وابێت کە ئەوە حوکمی خودایە :

١/ ئەگەر بەخۆی توانی حەق بناسێت، ئەوا ئەو زیادەڕۆکارە یان کەمتەرخەمە بۆیە تاوانبارە.

٢/ کە نەزانێت و نەتوانێت فێر ببێت و بەلاسایی کردنەوە شوێنیان ئەکەوێت، و پێی وایە ئەمە حەق و ڕاستە، ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە و بیانووی هەیە.

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ ئـیبن عـەببـاس فەرموویـەتی : ((يوشكُ أن تنزلَ عليكم حجارة من السماء، أقول: قال رسول الله (ﷺ) وتقولون : قال أبو بكر وعمر)) واتە : نزیکە لەوەی لـە ئاسمانـەوە بـەردتان بـە سـەردا ببارێـت، مـن دەڵـێم : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی، ئێوە دەڵێن : ئەبو بەکر و عومەر فەرموویانە)) .

٢/ ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی : سەرم سوڕماوە بە کەسانێك راست و دروستی سەنەدیان ناسی، کەچی دەچن بۆ بۆچوونی سـوفیان، لـە کاتێکدا خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت : ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾

ئایە دەزانی فیتنە چییە ؟ فیتنە بریتییە لە شیرك، چـونکە ئەگـەر هەنـدێکی رەد کردەوە ئەوا شتێك لە لادان لە دڵیدا دروست بێت و بە هەڵاکەتدا دەچێت)).

- ((قال أبو بكر وعمر)) : بە هیچ شێوەیەك نەزانراوە کـە ئەبوبـەکر و عومـەر بەڕای خۆیان پێچەوانەی دەقێکیان کردبێت.
- ﴿يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ﴾ : واتـە پشـتی لـێ دەکـەن چـونکە بـە کـەمی دەزانێت و گوێی پـێ نادات .

سەبارەت بە لاساییکردنەوە سێ ڕای جیاواز هەیە :

واجیب بوونی لاسایکردنەوە :	حەرامبوونی بەڕەهایی :	دروستە (ئەمەش ڕای ڕاجیحە) :
چونکە دەرگای ئیجتیهاد داخرا بە مردنی چوار پێشەواکە.	چونکە قەبوڵکردنی ڕای کەسێکە کەقسەکەی حوججەو بەڵگە نییە.	لەکاتی پێویستیدا، وە نەتوانێت ئەحکامەکان دەربهێنێ، بۆیە لاسایی ئەو کەسە ئەکاتەوە کە متمانەی بە دینەکەی و زانستەکەی ئەکات و لە هەموو مەسەلەکاندا قسەی وەرئەگرێت و شوێنی روخصەت و مۆڵەتەکان ناکەوێت.

بەڵگەی سێیەم :

لە (عدی کوڕی حاتم)ەوە هاتووە کەوا گوێی لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾، (عدی کوڕی حاتم) دەڵێت : پێم وت : (إنا لسنا نعبدهم . قال: أليس يحرمون ما أحل الله فتحرمونه؟ ويحلون لكم ما حرم الله، فتحلونه؟ " فقلت: بلى، قال : "فتلك عبادتهم) (رواه أحمد والترمذي وحسنه). واتە : ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست ! فەرمووی : ئایە ئەو شتەی خوای گەورە حەڵاڵی کردبوو ئەوان حەرامیان نەدەکرد و ئێوەش بە حەرامتان دەزانی و ئەوەی خوای گەورە حەرامی کردبوو ئەوان حەڵاڵیان دەکرد بۆتان و ئێوەش بە حەڵاڵتان دەزانی ؟ وتم : بەڵێ، فەرمووی : ئەوە پەرستنیانە).

- ﴿أَحْبَارَهُمْ﴾ : ئەو زانایانەی زانست و زانیاریان فراوانە، ﴿وَرُهْبَانَهُمْ﴾ : خواپەرستێکی لەخواترس.
- ((إنا لسنا نعبدهم)) : سوژدەیان بۆ نابەین و کڕنۆشیان بۆ نابەین و سەربڕینیان بۆ ئەنجام نادەین و نزریان بۆ ناکەین، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بۆی ڕوونکردوەوە کە لە ماناکانی پەرستن گوێڕایەڵییە، ئەمە بەندایەتیەکی بەستراوە (مقيدة).

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (النور) : ﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (براءة) ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا﴾

سێیەم : وریاکردنەوە لە مانای عیبادەت کە (عدي) ئینکاری لێ کرد (پەرستنیان بە گوێڕایەڵی) .

چوارەم : ئیبن عەببباس نمونەی بە ئەبوبەکر و عومەر هێنایەوە، و ئەحمەد نمونەی بە سوفیان هێنایەوە .

پێنجەم : گۆڕانی دۆخەکان بۆ ئەم ئاستە، تاکو وای لێهاتووە لای زۆرینە خەڵکی پەرستنی ڕاهیبەکان بووەتە باشترین کار، و ناویان ناوە ویلایەت، وە پەرستنی زاناکانیان زانست و فیقهە، پاشان دۆخەکە گۆڕا تا وای لێهات ئەوانە ئەپەرستێنرێن کە تەنانەت پیاو چاکیش نین، و بەمانایەکی تر ئەوانە دەپەرستێنرێن کە کەسانی نەزانن (جا پێویستە وریا بین و بزانین کە شەرعی خودا پێویستە بپارێزرێت، وە هەرگیز گوێڕایەڵی کەس نەکرێت لەحارمکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە و حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە).

٣٩/ بەشی ئایەتی : ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠﴾

- ئەم بەشە پەیوەندیەکەی بەهێزی هەیە لەگەڵ بەشەکەی پێشوودا، چونکە ئەوەی پێشوو باسی حوکمی ئەو کەسەی تیادا بوو کە گوێرایەڵی زانا و فەرمانڕەوا دەکات لە حەڵاڵ کردنی ئەوەی خوا حەرامی کردووە یان حەرامکردنی ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە، وە ئەم بەشەش ئینکارکردنی تێدایە لە ئەو کەسانەی کە بیانەوێ داوەری ببەن بۆ لای جگە لەخودا.
- ﴿أَلَمۡ تَرَ﴾ : شێوازی پرسیاریيە مەبەست لێی تەقریر و سەرسوڕمانە لە دۆخیان، وە دواندنەکەش لە گەڵ پێغەمبەرە (ﷺ).
- ﴿يَزۡعُمُونَ﴾ : نەیوت : (ئەوانەی باوەڕیان هێنا) چونکە ئەوان ئیمانیان نەهێنا، بەڵکو قسەڵۆك ئەکەن و لە کاتێکدا ئەوان درۆزنن .
- ﴿وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ : شەیتان (جنس)ێکە مەبەست لێی شەیتانە مرۆڤ و جنۆکەکانە.
- ﴿أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا﴾ : ئەیانخاتە نێو گومڕایی دوور لە حەق هەنگاو بە هەنگاو.
- ﴿رَأَيۡتَ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ﴾ : دەرخستن لە جێگایەکدا کە دەکرێت (ضمیر)ی بە کار بهێنایە لەبەر سێ هۆ :

١. ئەوانەی خۆیان بە ئیماندار ئەزانی دووڕوو بوون.

٢. ئەم قسەیە تەنها لەدەمی دووڕوو دەرئەچێت، چونکە ئیمانداری ڕاستەقینە ئەبێت ملکەچ بێت بە بێ پشت لێکردن .

٣. وریاکردنەوە، چونکە ئەگەر قسە بەیەک شێواز و نەستەق بێت ڕەنگە کەسەکە لێی بێ ئاگا و غافڵ بێت، و ئەگەر شێوازەکە گۆڕدرا ئاگادار ئەبێتەوە.

- **شیخ الاسلام – ڕەحمەتی خوای لێ بێت - ئەفەرموێت :** ئەم ئایەتانە بەتەواوەتی جێبەجێ ئەبێت بەسەر جەماعەتی تەحریف و تەئویل لە صیفاتەکانی خوای گەورەدا، چونکە ئەوان ئەڵێن : ئەوان ئیمانیان بەخودا و پێغەمبەر (ﷺ) هێناوە، وە ئەگەر پێیان بوترێت : وەرن بۆ لای ئەوەی خودا دایبەزاندووە و بۆ لای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی دەبینی ئەوان ڕوو هەڵئەگێڕنەوە، و ڕەتی ئەکەنەوە و ئەڵێن : دەڕۆین بۆ لای فڵان و فڵان، وە ئەگەر ئاگادار بکرێنەوە ئەوا دەڵێن : ئێمە چاکە و تەوفیقمان ئەوێت و دەمانەوێت لە نێوان بەڵگە عەقڵیەکان و بەڵگە بیستراوەکاندا (قورئان و سوننەتدا) کۆبکەینەوە.

بەڵگەی دووەم تا چوارەم :

١. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ قَالُوا إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾

٢. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾

٣. خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾

- ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ﴾ : خراپەکاری لە سەر زەویدا دوو جۆرە:

١. خراپەکاریەکی هەست پێکراوی مادی : وەکو ڕووخاندنی خانوو و خراپکردنی ڕێگاوبانەکان.

٢. خراپەکاریەکی مەعنەوی : ئەوەش بە سەرپێچی دەبێت، جا ئەمە لە گەورەترین خراپەکارییە لە سەر زەویدا ڕوو دەدات.

- ﴿إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ﴾ : ئەم بانگەشەکردنە لە پووچترین بانگەشەکانە، خوای گەورە دەتوانێت لەوەی خۆیان بە خۆیان دەڵێت گەورەتریان بە سەردا بهێنێت، جا ئەوانەی خراپەکاری ئەکەن لەزەویدا و بانگەشەی چاکەکاری ئەکەن، بە ڕاستی هەر ئەوانە خراپەکارن نەک کەسانی تر.

- ﴿بَعْدَ إِصْلَاحِهَا﴾ : لە لایەن چاکەکارانەوە، هەر لەوەش وەستانە لە دژی بانگەوازی ئەهلی زانست و بانگەوازی سەلەف و ئەوانەی حوکم بە شەریعەتەکەی خوا دەکەن.

- ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ : پرسیارکردنەکە بۆ سەرزەنشتکردنە، واتە : ئایە هیچیان ناوێت جگە لە حوکمی جاهیلیەت؟ وشەی جاهیلیەتیش دوو مانا هەڵئەگرێت : ئەوەی پێش هاتنی پەیامی ئیسلام بێت، وە ئەوەی لەسەر جەهل و نەفامی بنیات ئەنرێت.
- ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكْمًا﴾ : هیچ کەسێك حوکمی باشتر نییە لە حوکمی ئەو، ئەمەش مانایەکی تەحەددا لە خۆ دەگرێت .

بەڵگەی پێنجەم :

لە (عبدالله ی کوڕی عمرو) هوە –رەزای خوای لێ بێت– هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (**لا يؤمن أحدكم حتى يكون هواه تبعا لما جئت به**) واتە : هیچ یەکێك لە ئێوە ئیمانەکەی تەواو و کامل نییە تاوەکو حەز و ئارەزووی شوێنکەوتەی ئەوە نەبێت کە من هێناومە)) قال النووي : حديث صحيح، رويناه في (كتاب الحجة) بإسناد صحيح)

بەڵگەی شەشەم :

(الشعبی) دەفەرموێت : ((كان بين رجل من المنافقين ورجل من اليهود خصومة، فقال اليهودي : نتحاكم الى مُحَمَّد (ﷺ)، عرف أنه لا يأخذ الرشوة، وقال المنافق : نتحاكم الى اليهود، لعلمه أنهم يأخذون الرشوة، فأتفقا أن يأتيا كاهناً من جهينة، فيتحاكما إليه، فنزلت : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ الآية.

واتە : لە نێوان کابرایەکی دووڕوو و کابرایەکی جولەکەدا ناکۆکییەك رووید، کابرای جولەکە وتی : داوەری دەبەینە لای (محمد) (ﷺ)، چونکە دەیزانی بەرتیل وەرناگرێت، کابرای دووڕوو وتی : داوەری دەبەینە لای جولەکە، چونکە دەیزانی ئەوان بەرتیل وەردەگرن، بۆیە ڕێك کەوتن لە سەر ئەوەی بچن

بۆ لای کاهینێك لە (جوهەینە) و داوەری ببەن بۆ لای ئەو، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾ الآية

((وقيل : نزلت في رجلين اختصما،فقال أحدهم : نترافع الى النبي (ﷺ) وقال الآخر : الى كعب بن الأشرف، ثم ترافعا الى عمر، فذكر له أحدهما القصة، فقال للذي لم يرض برسول الله (ﷺ) أكذلك ؟ قال : نعم، فضربه بالسيف فقتله)).

واتە : وە دەڵێن : بە هۆی دوو پیاوەوە دابەزیوە کە ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو، یەکێکیان وتی : بابەتەکە بەرز دەکەینەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە ئەویتر وتی : بۆ لای (کعب بن الاشرف)، ئەمجار بابەتەکەیان بردە لای عومەر، یەکێکیان باسەکەی بۆ کرد، جا بەو کەسەی وت کە رازی نەبوو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ئاوایە باسەکە ؟ وتی : بەڵێ، بۆیە بە شمشێر لێیدا و کوشتی))

- ((لا يؤمن)) : واتە ئیمانێکی تەواوەتی و کامل، ئیللا مەگەر بە گشتی خۆشی نەوێت، ئەوا ئەو کاتە بێ ئیمانە .
- فەرموودەکە کۆمەڵێك لەزانایان بە لاوازیان داناوە، بەڵام ماناکەی ڕاستە.
- ((من المنافقين)) : ئەو کەسەیە ئیسلام دەرئەخات و لەناخەوە کوفری شاردووەتەوە.
- ((اليهود)) : ئەوانەن کە دراونەتە پاڵ ئاینی موسی، وە بەو ناوەوە ناویان لێنراوە چونکە:

١. چونکە وتیان ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ﴾ واتە : گەڕاینەوە.

٢. یان دراونەتە پاڵ باوکیان (یهوذا).

- ((الى محمد (ﷺ))) : وەکو وەصفی پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نەهێناوە، چونکە ئەوان باوەڕیان بە پەیامەکەی نییە.
- ((الرشوة)) : بەرتیل : ئەو بڕە پارەیەیە کە ئەدرێت بە مەبەستی گەیشتن بەشتێك.

مەسەلەکان:

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (النساء) کە یارمەتیدەرێکە بۆ تێگەیشتن لە مانای (تاغوت) : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ﴾

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) : ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ﴾ (ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا دووڕوویی فەساد و خراپەکارییە لەسەر زەویدا چونکە لە باسی دووڕووەکاندا هاتووە، وە فەسادیش هەموو سەرپێچییەکان دەگرێتەوە)

سێیەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الأعراف) : ﴿وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا﴾.

چوارەم : تەفسیری ئایەتی ﴿أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ﴾ وە جاهلییەت هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە گەڵ شەرعدا ناکۆك و جیاوازە، وە دراوەتە پاڵ جاهلییەت بۆ ئەوەی خەڵکی خۆی لێ دوور کاتەوە و نابوتی و ناشرینی روون ببێتەوە، چونکە لەسەر نەفامی و گومڕایی بنیات نراوە).

پێنجەم : ئەوەی کە ئیمامی (الشعبي) فەرمووی دەربارەی هۆی دابەزینی یەکەم ئایەتەکە.

شەشەم : تەفسیر و ڕوونکردنەوەی ئیمانی ڕاستگۆیانە و درۆ (چونکە ئیمانی ڕاستگۆ پێویستی بە ملکەچبوونی تەواوەتی و تەسلیم بوون هەیە بۆ حوکمی خودا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، وە ئیمانی درۆ پێچەوانەی ئەوەیە).

حەوتەم: چیرۆکەکەی (عومەر) لەگەڵ دووڕووەکەدا.

هەشتەم : هیچ کەسێك ئیمانی دەست ناکەوێت تاوەکو حەز و ئارەزووی شوێنکەوتەی ئەوە بێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی .

تاقیکردنەوەی بەشی حەوتەم (٩ بەشە)

پرسیاری یەکەم : نیشانەی (×) لەشوێنی گونجاو دابنێ یان بۆشاییەکە پڕ بکەرەوە :

١/ بەشی یەکەمی لە بەشی حەوتەم بەشی خۆشویستنە : **ڕاستە هەڵەیە**.

٢/ هەندێك لە خواپەرستەکان کۆمەڵێك گۆڕ و پیاوچاکانیان خۆش دەوێت و بە مەزنی دەزانن هەروەکو خۆشویستنی خودا یان زیاتر . **ڕاستە هەڵەیە**.

٣/ ئەگەر دڵ بە تەواوەتی خاڵی بێت لەخۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا ئیمانی (لاوازە ... نەفی ئەصڵی ئیمانە).

٤/ دەبێت پێغەمبەرمان (ﷺ) خۆش بوێت زیاتر لە منداڵ و دایك و باوك و هەموو خەڵکیش: **ڕاستە هەڵەیە**.

٥/ لە هۆکارەکانی بوونی شیرینی تامی ئیمان خۆشویستنە:

لەبەر خودا ..... لەبەر خزمایەتی.

٦/ نەهی مانای نەفی ..... لە خۆ دەگرێت ئەگەر نا ئەوا لەسەر ..... ئەگەر نا ئەوا لەسەر .....

٧/ قسەی ئەهلی سوننە سەبارەت بەو دەقانەی هەڕەشە لە خۆ دەگرێت ئەوەیە کە ..... ئایە ئەمە مانای ئەوەیە کە لە ماناکەی تێنەگەین ؟ بەڵێ نەخێر

٨/ ئەو کەسەی پێی وابێت کە جوولەکە و گاورەکان لەسەر ئاینێکن کە خودا پێی ڕازییە یان قەبوڵیەتی لە پاش هاتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا لە ئیسلام دەرچووە و قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە : **ڕاستە هەڵەیە**.

٩/ موسڵمان غەش لە کافر ناکات و ئامۆژگاری دەکات و بۆی ڕوون ئەکاتەوە کە لەسەر گومڕاییە و پێچەوانەی ئەوەیە کە موسی و عیسی فەرمانیان پێکردووە:

ڕاستە هەڵەیە.

١٠ / رق و کینە لە دوژمنانی خودا و دوژمنایەتی کردنیان مانای ئەوە نییە کە بەوەفا نەبین بەرانبەر پەیمانەکان لە گەڵیاندا : **ڕاستە هەڵەیە**.

١١/ ئەم وتەیە کێ فەرموویەتی :

(ئەگەر کەسێکی گاور ببینم ئەوا چاوەکانم دادەخەم چونکە پێم ناخۆشە بە چاوەکانم دوژمنی خوا ببینم) : ئیمامی ئەحمەد شیخ الاسلام ابن تیمیة.

١٢/ ئەم وتەیە کێ فەرموویەتی : (هەرکەسێك ئیمانداریکی لەخواترس بێت ئەوە وەلی خوایە): ابن تیمیة ابن القیم.

١٣/ ویلایەتی گشتی کە لە خوداوە بۆ بەندەکانی ئەوەیە کە هەموو موسڵمان و کافر و هەموو دروستکراوەکانی ئەگرێتەوە: **ڕاستە هەڵەیە**.

١٤/ ئەگەر مرۆڤ نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێت و ویلایەتی دوژمنانی خودا بکات ئەوا ویلایەتی خودای دەست ناکەوێت : **ڕاستە هەڵەیە**.

١٥/ نووسەر بەشی خۆشویستنی دوای بەشی ترس هێناوە، چونکە پەرستن تەرکیزی لەسەر ئەو دووانە کردووە : **ڕاستە هەڵەیە**.

١٦/ خەڵکی لە باسی ترسان لەخودا دابەش بوونە بۆ دوو لا و نێوەندێك :

ڕاستە هەڵەیە

١٧/ ترسی ڕاست ئەوەیە کە تەنها لەحەرامکراوەکان ئەتگێڕێتەوە، جا ئەگەر لەوە زیاتر بوو، ئەوا ئەتگەیەنێتە بێ هیوا بوون لە ڕەحمەتی خوا :

ڕاستە هەڵەیە.

١٨/ هەرکەسێك فاحیشە و خراپەکاری سەرخات ئەو ئەولیای شەیتانە :

ڕاستە هەڵەیە.

١٩/ هەرکەسێك لە خودا بترسێت هەموو شتێك لێی ئەترسێت، وە هەرکەس تەقوای خودا هەبێت هەموو شتێك دەیپارێزیت، وە هەرکەسێك لەجگە لەخودا بترسێت ئەوا لە هەموو شتێك ئەترسێت: **ڕاستە هەڵەیە**.

٢٠/ مەبەست لە نوژەنکردنەوەی مزگەوتەکان بریتییە لە نوژەنکردنەوەی :

(ماددی) مەعنەوی هەردووکیان.

٢١/ زۆر جار خوای گەورە ئیمان هێنان بەخۆی گرێداوە بە ئیمان هێنان بە پۆژی دوایی، چونکە وادەکات فەرمانەکان جێ بە جێ بکرێت : **ڕاستە هەڵەیە**.

٢٢/ بۆچی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) خۆش ئەوێت ؟ :

١/ ..... ٢/ .....

٣/ ..... ٤/ .....

٢٣/ وە خۆشویستنی لە پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەبێت ؟:

١/..... ٢/.....

٢٤/ (أقام الصلاة) مەبەستی ئیقامەتی :

واجیبە موستەحەببە هەردووکیان.

٢٥/ پشتبەستن (توکل) نیوەی دینە : (ڕاستە هەڵەیە)، و ئەکرێت بوترێت : (پشتم بەتۆ بەست تۆم کرد بەوەکیل پشتم بەخودا بەست پاشان تۆ هەمووی جگە لە یەکەم.

٢٦/ پشت بەستن بریتییە لە: .....، وە دابەش ئەبێت بۆ (سێ ... چوار ... پێنج) بەش.

٢٧/ پشتبەستن بە پیاوچاکان لە ئامادەنەبوو و مردووەکان شیرکی :

(گەورەیە بچووکە)

٢٨/ پشتبەستن بە کەسێك بۆ دابینکردنی پۆزی و بژێوی پشتبەستنی هەژاری نواندنە : (ڕاست و دروستە شیرکی بچووکە)

٢٩/ پێغەمبەر (ﷺ) گەورەی ئەوانەیە پشتیان بە خوا بەستووە (متوکلین)ـە، لەگەڵ ئەوەشدا ئازاری (تووش ئەبێت ... تووش نابێت)، وە زیانی (پێئەگات ... پێناگات)، چونکە خودای بەس بووە.

٣٠/ چی ئەوتریّت لەکاتی بەلاّو تەنگانەدا؟ .....

٣١/ (ابن عباس) لەو کەسانەیە کە لەبەنی ئیسرائیلەوە هەواڵی (وەردەگرت وەرنەدەگرت)

٣٢/ ئەو کەسەی بێ هیوا ئەبێ لە ڕەحمەتی خودا : (گومڕایە ... هیدایەتی لە دەست داوە ..... بزر و ون بووە نازانێت کەچی واجیبە بۆ خودا ... هەموویان.

٣٣/ تەئمین بوون لە مەکری خوا کەلێنێکە لە لایەنی (ترسەوە ... ڕەجاوە) وە بێ ئومێدی لە ڕەحمەتی خوا کەلێنێکە لە لایەنی (ترسەوە ... ڕەجاوە).

٣٤/ تاوانە گەورەکان (ژمێردراوە ...سنوردارە) و هەموویشی بەیەك پلەن (ڕاستە هەڵەیە.)، وە شیرکی بچووك گەورەترین تاوانە گەورەکانە (ڕاستە هەڵەیە.)، وە حوکمی ئەو کەسەی تاوانی گەورەی کردووە (ئیماندارێکی ئیمان کەمە ... ئیماندارە بە ئیمانەکەی و فاسقە بە تاوانەکەی..... ئیماندارە ...کافرە ... یەکەم و دووەم)، وە ئەو کەسەی تاوانی گەورەی کردووە (خۆشمان دەوێت ... ڕقمان لێی ئەبێت ..... هێندەی ئەوەی ئیمانی هەیە خۆشمان ئەوێت و هێندەی خراپەکەی ڕقمان لێی ئەبێت)، وە ئایە تاوانە گەورەکان بە کرداری چاك ئەسڕێتەوە؟ (بەڵێ ...نەخێر)، وە ئایە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی لەتەنیشتی دائەنیشین؟ (بەڵێ ... نەخێر)، وە بۆ هەندێ لە تاوانە گەورەکان تەوبە هەیە (بەڵێ ... نەخێر).

٣٥/ بەشەکانی ئارامگرتن (سێ ... چوار ... پێنج) بەشە، وە نیشانەی خۆشویستنی خودا بۆ بەندە بەلاّ بەسەرا هێنانە : (ڕاستە ... هەڵەیە).

٣٦/ بەرزترین جۆرەکانی ئارامگرتن خۆگرتنە لەسەر ئەنجام نەدانی سەرپێچی:

ڕاستە هەڵەیە.

٣٧/ بەرهەمی لەبەرکردنی بابەتی ئارام گرتن بریتییە لە خوێندنەوەی لەکاتی موصیبەتدا و خوێندنەوەی بە سەر ئەو کەسەدا بەلاّکەی بە سەردا هاتووە.

ڕاستە هەڵەیە.

٣٨/ پێویستە بەبوونی دوو ئاکار لە ئاکارەکانی کوفر لە کەسێکدا تا ببێتە کافر : **ڕاستە هەڵەیە.**

٣٩/ پێویستە بەبوونی دوو ئاکاری ئیمان ناکات لە کەسی کافردا تاکو ببێتە ئیماندار، وەکو حەیا: **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٠/ هاتنی وشەی کوفر بە (نکرە) (بەڵگەیە ... بەڵگە نییە) لەسەر دەرچوون لە ئیسلام.

٤١/ خەڵکی لەکاتی کارەساتدا چەند پلەن؟ : (پێنج ... چوار ... سێ).

٤٢/ تووڕەبوون لە کاتی بەڵادا سەرئەکێشێ بۆ کوفر **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٣/ تووڕەبوون بە (دڵ و زمان و ئەندامەکان... زمان و ئەندامەکان) دەبێت.

٤٤/ جیاوازی لە نێوان ئارامگرتن و ڕازی بوونداە لە حوکم و قورسی کارەساتەکەدایە: **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٥/ ڕەنگە ئیمانی مرۆڤ بە موصیبەتەکان زیاد بکات : **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٦/ خودا خراپەیەکی دەوێت لەبەر حیکمەتێك، بۆیە کارەکە دەبێتە خەیر بە پێی ئەو حیکمەتەی لە خۆی گرتووە : **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٧/ ناونراوە ڕۆژی هەڵسانەوە (قیامەت) بەهۆی هەڵسانەوەی :

خەڵکی لەگۆڕەکانیان ... شایەتەکان ... دادپەروەری ...هەمووی.

٤٨/ پێشخستنی سزا لە دونیادا باشترە بۆ خاوەنەکەی لە دواخستنی بۆ ڕۆژی دوایی : **ڕاستە هەڵەیە.**

٤٩/ پاداشتی ئەو کەسەی دڕکێك دەچێتە جەستەیدا وەکو پاداشتی ئەو کەسەیە شوێنێکی بشکێت : **ڕاستە هەڵەیە.**

٥٠/ پێویستە لە هەموو صیفاتەکانی خوادا هەبێت :

(سەلماندن ... وریابوون لە لێکچواندن و چۆنیەتی ... هەموویان) .

٥١/ تانەدان لەڕەچەڵەك واتە : (عەیبدارکردنی ...نەفی کردنی ... هەموویان)

٥٢/ ڕیا شیرکی : (بچووکە ... بچوکە وڕەنگە بگاتە گەورە)، وە ڕیاش ئەوەیە کەسێك کارێك بکات تاکو خەڵکی ببینن و ئەوە ناگرێتەوە کەسێك ڕیای بکات تاکو خەڵکی ببیسن و باسی بکەن : **ڕاستە هەڵەیە**

٥٣/ لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی ڕیا بیرکردنەوەیە لە مردن و سەکەراتی مردن :

ڕاستە هەڵەیە.

٥٤/ دڵخۆشی مرۆڤ بەوەی کە خەڵکی بە پەرستنەکەی ئەزانن : (ڕیایە ... ڕیا نییە)

٥٥/ دڵخۆشی مرۆڤ بە ئەنجامدانی گوێڕایەڵی : (ڕیایە ... ڕیا نییە)

٥٦/ پیاوێك چاکەی کرد لەپێناو خوادا پاشان خودا خۆشەویستی و ستایشی ئەوی خستە دڵی ئیماندارانەوە : (بە ریاباز دەژمێردرێت ..... بە دڵسۆز دەژمێردرێت)

٥٧/ پارەی بەخشی لەپێناو خوادا تاکو پارەکانی زیاد بکات، چی ویستووە ؟ :

(دونیا بە کردەوەی ڕۆژی دوایی ... ڕۆژی دوایی بەکردەوەی ڕۆژی دوایی) .

٥٨/ ئەگەر موسڵمان لەوە ترسا بکەوێتە ناو ڕیاوە ئەوا ئەتوانێت واز لە پەرستنەکە بێنێت : (دروستە ... شیرکی بچووکە)

٥٩/ ناونراوە بەندەی دینار : (چونکە دەیپەرستێت ... بەهۆی ڕازیبوون و تووڕە بوونی لەپێناویدا وەکو بەندەیەکی)

٦٠/ ((طوبی)) واتە :

(باشترین حاڵ بۆ ئەم پیاوە ببێت ... درەختێکە لەبەهەشت)

٦١/ باسی دونیا ویستی مرۆڤ بەکردەوەکانی ترسناکترە لەباسی ڕیا :

ڕاستە هەڵەیە.

٦٢/ ئەوەی یەکێك لە نەیارەکان ئەیدەنە دادوەر پێی دەڵێن :

(دیاری کارکردنە ... بەرتیلە ... هەردووکیان)

٦٣/ جیاوازی نییە لە نێوان ڕیا لە (لا إله إلا الله) و ڕیاکردن لە سەدەقەدا:

ڕاستە هەڵەیە.

٦٤/ دەرهەم نەختینەیە لە : (ئالّتوون ... زیو)

٦٥/ ئەوانەی شایەنی ئەوەن مەدح بکرێن خاوەن پارە و پلە وپایەکانن:

ڕاستە هەڵەیە.

٦٦/ موسڵمان بەوەدا ئەناسرێتەوە کە دونیاویستە ئەگەر پێی بدرێت ڕازی ئەبێت و ئەگەر پێی نەدرێت تووڕە ئەبێت: **ڕاستە هەڵەیە**.

٦٧/ زاناکان خاوەنی (زۆرلێکردن و جێبەجێکردنن ڕێنمونێنی و دەلالەتن) و دەسەلاّتدارانیش ئەویترن.

٦٨/ نەزانراوە ئەبوبەکر و عومەر بە بۆچوون و ڕاکانیان پێچەوانەی دەقێکیان کردبێت: (ڕاستە هەڵەیە).

٦٩/ بەشەکانی شوێنکەوتنی زاناکان و دەسەلاّتداران لە سەرپێچی خوادا :

١/..... و حوکمەکەی..... .....

٢/ ..... و حوکمەکەی .....

٣/ .... و حوکمەکەی .....

٧٠/ لاسایکردنەوەی کوێرانەو دەمارگیری مەزهەبی : (ویستراوە نەویستراوە)

٧١/ ڕاهیب واتە:

(زانایەکی زانست فراوان خواپەرستێکی زاهید) حەبریش ئەویترە .

٧٢/ لەو فەرمودەیەی کە لە (عدي)ـەوە گێڕدراوەتە بە بەحەرامکردنی حەلاّڵ دەستی پێکرد، چونکە ئەوە لە حەلاّڵکردنی حەرام گەورەترە، وەردووکیان حەرامن : (**ڕاستە هەڵەیە**)، وە شوێنکەوتنی زانا و دەسەلاّتداران لە (پێچەوانەی هاوڕابوونی هەردووکیان) شەرعی خوادا، ئەوا لە بە خوا دانانی ئەوانە.

٧٣/ هەرکەسێك ڕقی لەوە بێت کە خودا دایبەزاندووە، ئەوا کوفرێکی :

(گەورەیە بچوکە)

٧٤/ باوەڕبوون بە دروستی حوکم کردن بە جگە لەوەی خوای گەورە دابەزاندووە: (گەورەیە بچووکە)

٧٥/ باوەڕبوون بەوەی کە حوکمی جگە لەخودا وەکو حوکمی خودایە یان لەو باشترە کوفرێکی : (گەورەیە بچووکە)

٧٦/ باوەڕی وابوو کە حوکمی خوا باشترین حوکمە، بەڵام لەبەر ئەوەی رقی لە حوکملێکراوەکە بوو تاکو وای کرد کە حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دابەزاندووە بکات ئەوا : (کافرە ستەمکارە فاسقە)

٧٧/ ﴿وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ جنسێکە کە شەیتانە (مرۆڤەکان جنۆکەکان هەردووکیان) ئەگرێتەوە.

٧٨/ بانگەشە دەکەن : (ئیمانن بەڵام درۆ ئەکەن

کردەوەکانیان و قسەکانیان بەدرۆی ئەخاتەوە هەردووکیان).

٧٩/ مەبەست لە موصیبەت : (شەرعییە دونیاییە هەردووکیان).

٨٠/ ملکەچی فەرمانی خودا و پێغەمبەر (ﷺ) نابێ و ڕەتی ئەکاتەوە :

(ئیماندار دووڕوو).

٨١/ گەورەترین خراپەکاری لەزەویدا خراپەکاری : (ماددیە مەعنەویە).

٨٢/ خراپەکاری پاش چاکەکاری مەزنتر و خراپترە لەوەی کە مرۆڤ لەسەر خراپەکاریەکەی بەردەوام بێت پێش چاکبوونەوە، هەرچەندە ئەوەی پێویست بێت چاکەکاری بێت دوای خراپەکاری : **ڕاستە هەڵەیە**

٨٣/ جاهلییەت (نەفامی) : (پێش هاتنی پێغەمبەرە(ﷺ)

ئەو نەزانینەیە کە لەسەر زانست بنیات نانرێت هەردووکیان)

٨٤/ بەرتیل حەرامە تەنانەت ئەگەر بگەیەتە مافێك کە لێی زەوت کراوە یان خراپەیەك لەخۆی دوور بکاتەوە: (ڕاستە هەڵەیە)

هەشتەم : تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی خوا (یەك بەشە)
٤٠ / بەشی : کەسێك نکۆڵی بکات لە بەشێکی ناو و صیفاتەکان

نکۆڵی کردن بریتییە لە ئینکاری کردنە، وە ئەویش دوو جۆرە:

ئینکاری بەدرۆخستنەوە (بێگومان کوفرە) : ئەگەر کەسێك ئینکاری ناوێك لەناوەکانی خودا یان صیفەتێك لە صیفاتەکانی بکات کە لە قورئان و فەرمودەدا جێگر و سابت بووبێت ئەوا بە کۆدەنگی زانایان کافرە، چونکە بەدرۆدانانی خودا و پێغەمبەرە (ﷺ)، بە کۆدەنگی زانایان کوفرێکە خاوەنەکەی لە دین دەرئەکات.

ئینکارکردنی تەئویل : ئینکاری ناکات بەڵام تەئویلی ئەکات بۆ مانایەکی پێچەوانە:

ئەوەی لە زمانەوانی عەرەبیدا پاکانەیەکی نەبێت و جێی نابێتەوە، ئەوا پێی کافر ئەبێت: وەکو ئەوەی بڵێت : دەستی خودا واتە ئاسمانەکان، ئەمە کوفرە، چونکە لە زمانەوانیدا هیچ پاکانەیەکی نییە و جێی نابێتەوە، وە نە مەبەستە شەرعیە ڕاستەقینەکەیە، جا ئەوە ئینکاریکەر و بەدرۆخەرەوەشە.

ئەوەی لە زمانەوانیدا پاکانەی هەیە و جێی دەبێتەوە، ئەمە کافر نییە بەڵام لە خەتەرێکی گەورەدایە و ڕەددی ئەدەینەوە : وەکو ئەوەی لەم ئایەتەدایە ﴿بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ﴾ بڵێت مەبەست لە (یەد لج دەست) نیعمەتە، ئەوا کافر نابێت، چونکە دەست لە زمانەوانیدا بەمانای نیعمەتیش دێت، بەڵام ڕەدد ئەدرێتەوە بە:

١. ئەوە پێچەوانەی رواڵەتی دەقەکە و کۆدەنگی پێشینانە و بەڵگەی لەسەر نییە.

٢. دەست بە چەند صیفاتێك وەصف کراوە کە ناکرێت نیعمەت و هێزی پێ وەصف بکرێت، وەکو (تثنیة) کردنی بە دوو دانە و کۆکردنەوە و نوقاندن و کردنەوە، و ئەمانەش بۆ نیعمەت و هێز نابن.

٣. خوای گەورە منەتی کرد بەسەر ئادەمدا کە بەدەستی خۆی دروستی کردووە، و ئەگەر دەست بەمانای نیعمەت یان هێز بوایە ئەوا هیچ تایبەتمەندییەك نییە بۆ ئادەم بە سەر دروستکراوەکانی تردا .

یەکتاپەرستی ناو و صیفاتەکان : بەتاك دانانی خودایە بەو ناوانەی ناو خۆی لێناوە و ئەو وەصفانەی خۆی پێ وەصف کردووە لە قورئانەکەیدا یان لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، ئەوەش بە سەلماندنی ئەوەی بۆ خۆی سەلماندوویەتی و نەفیکردنی ئەوەی خۆی لەبارەی خۆیەوە نەفیکردووە، بەبێ لادان و پەکخستن و چۆنیەتی بۆ دانان و لێکچواندن.

بۆچی وتی (بەبێ لادان- تحریف) و نەیگوت : (بەبێ تەئویل)؟

١. چونکە ئەم وشەیە لە قورئاندا هاتووە، ئێمەش لێی لانادەین.

٢. چونکە لە دادپەروەریەوە نزیکترە، چونکە ئەوانە ئەهلی لادانن نەك تەئویل.

٣. دوورخستنەوەی خەڵکی لێیان، چونکە ئەهلی لادان (تەحریف) ئەگەر بە تەئویل وەصفیان بکەیت خۆشحاڵ ئەبن.

٤. تەئویل هەمووی خراپ نییە، چونکە ئەوەی بەڵگەی لەسەر بێت ئەوا ڕاستە و وەرگیراوە، و ئەوەشی بەڵگەی لەسەر نەبێت ئەوا فاسیدە و ڕەت ئەکرێتەوە، بەڵام لادان (تحریف) هەمووی نەویستراوە و خراپە.

بۆچی (تمثیل)ـی نەفی کردووە بەڵام (تشبیە)ـی نەفی نەکردووە؟

١. چونکە (تمثیل) ئەوەیە کە لە قورئاندا هاتووە و بەتەواوەتی ڕەت ئەکرێتەوە، بەپێچەوانەی (تشبیە)وە.

٢. چونکە نەفیکردنی (تشبیە) بە ڕەهایی ڕاست و دروست نییە، چونکە هەموو بوونەوەرەکان بێگومان لە یەکچونێك لە نێوانیاندا هەیە وە هەر یەکەو بە تایبەتمەندییەکەی خۆی تایبەتمەند کراوە .

٣. خەڵکی لە مانای (تشبیە) ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان وایان داناوە کە سەلماندنی صیفاتەکان (تشبیە)ە.

(الاسم) وەرگیراوە لە :

١. لە (سمو) واتە بەرزی، جا ناونراو بەناوەکەی بەرز ئەبێتەوە و ڕوون ئەبێت و دەرئەکەوێت.

٢. وە یان لە (سمة) واتە نیشانە، ئەوەش نیشانەی بۆ ئەو ناولێنراوە.

جیاوازی نێوان ناو و صیفەت:

ناو ئەوەیە کە خوای گەورە ناوی خۆی بەو ناوەوە ناوناوە و صیفەتیش ئەوەیە کە خوای گەورە بەو صیفەتەوە وەصفی خۆی کردووە .

بۆچی تەوحیدی ناو و صیفاتەکان ئەخوێنین؟

١. تاکو یەکتاپەرستی جێ بە جێ بکەین، بەڵکو مرۆڤ یەکتاپەرست نابێت تاکو خوای گەورە بەتاك دانەنێت بەهەر سێ جۆرەکەی یەکتاپەرستی.

٢. چونکە لەوەدا ژیانی دڵەکانی تێدایە، وە مەزنترین شت بۆ ژیانی و شەرەفمەندترین زانست بریتییە لە ناسینی خودای گەورە.

٣. چوونە ناو بەهەشت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (لله تسعة وتسعين اسماً، من أحصاها دخل الجنة) واتە :خوای گەورە نەوەت و نۆ ناوی هەیە، هەرکەسێك بیژمێرێتو لەبەری بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە) .

٤. چونکە ئەمە ئەو بنەماو بنچینەیە کە پێشینان لەسەری بوون.

٥. بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەوەی کە کۆمەڵە گومڕاکان تێی کەوتن هەر لە (تمثیل) و (تعطیل)...هتد.

٦. تاکو پێی داوا لەخودا بکەین، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا﴾

تەحریف : واتە : گۆڕینی ئەوەی پێویستە بۆ خودا بسەلمێنرێت

مەعنەوی : وەکو ئەو کەسەی کە ئەڵێت : دەستی خودا واتە نیعمەت.

زارەکی : وەکو گۆڕینی وشەی (اللهُ) بۆ (اللهَ) لەئایەتی : ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكْلِيمًا﴾، بەوەش قسەکردنیان بۆ خودا ڕەتکردەوە بە بیانووی ئەوەی قسە ئەکات موسایە نەك خودا، وەڵامیش بۆ ئەوان، لێیان ئەپرسین لەبارەی ئایەتی : ﴿وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ﴾، بەوەش وەڵامیان نامێنێت و حوججە و بەڵگەیان دەبڕێتەوە .

لە کارخستن (التعطیل) : ئینکارکردنی ئەو ناو و صیفاتانەیە کەئەبێت بۆ خودا بسەلمێنرێت.

لەکارخستنی جۆزئی وەکو ئەشعەرییەکان کە هەندێك صیفات ئەسەلمێنن و هەندێکی تر ڕەت ئەکەنەوە.

لەکارخستنێکی گشتی وەکو جەهمییەکان کە خوای گەورەیان لە هەموو صیفاتەکانی دامالّی و لەکارخست .

(التكييف) : بە وشەی (چۆن) لە بارەیەوە پرسیار ئەکرێت، بە چەند شێوەیەك دەبێت :

ئەویش بە زمان دەرئەبڕدرێت :
بەوەی شتێك بەزمانی وەصف بکات.

بە پەنجەکانی :
بەوەی بە پەنجەکانی وێنەی شتێك بکێشێت .

بە دڵ تەقدیری دەکات :
بەوەی کە شتەکان چۆنییەتیەکی بۆ دابنا لە دڵیدا .

دەلالەتەکانی ناو :

هاوتاکردن (المطابقة) : ئەویش دەلالەتێتی لەسەر هەموو ماناکانی

لە خۆگرتن (التضمين) : ئەویش دەلالەتە لەسەر بەشێکی ماناکەیەتی.

(الالتزام) : ئەویش دەلالەتە لەسەر شتێك دەکات کە لە دەرەوەیەتی و پێویستە بۆی.

نمونە بۆ ئەوە : (الخالق–بەدیهێنەر) بەڵگەیە لەسەر زاتی خودا بەتەنها بە هاوتاکردن (المطابقة)، و لەسەر صیفەتی بەدیهێنان بە (التضمين)، و بەڵگەیە لەسەر زانست و توانا بە دەلالەتی (الالتزام)، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖ وَمِنَ ٱلۡأَرۡضِ مِثۡلَهُنَّۖ يَتَنَزَّلُ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنَهُنَّ لِتَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ وَأَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عِلۡمَۢا ١٢﴾ .

چۆن زانستی ناو و صیفاتەکان بخوێنین؟

١. زانست پەرستشە، بۆیە دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە بڕۆین کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان لەسەری ڕۆیشتوون .

٢. پێویستە مەبەست لە خوێندن و فێربوونەکە بە مەزن دانانی خودا بێت، هەر بۆیە کاتێك ئیمامی مالیك پرسیاری (ئیستیوا)ـی لێکرا، سەری دانواند و ئارەقەی کرد (چونکە لەبارەی مەزنێکەوە پرسیاری لێکراوە).

٣. لەبارەی شتانێکەوە پرسیار ناکەین کە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاریان لەبارەوە نەکردبێت.

٤. یەکەمجار باسی بەڵگە ئەکەین ئینجا باوەڕە دادەمەزرێنین، وە ئەوانەی دژایەتی ئەهلی سوننەت دەکەن سەرەتا باوەڕەکەیان دادەمەزرێنن ئەمجار بەدوای بەڵگەدا ئەگەڕێن بۆی، بۆیە بۆی نادۆزنەوە و لێیان تێك دەچێت و ناچار ئەکەونە ناو بیدعەوە.

٥. ڕێگاکەی ئیمامی شافیعی جێبەجێ ئەکەین کە ئەڵێت : (باوەڕ بهێنە هیدایەت ئەدرێیت)، و باوەڕ ئەهێنین بەخودا و ئەوەی لەخوداوە هاتووە، بەو شێوەی خودا ئەیەوێت و مەبەستێتی، و باوەڕ ئەهێنین بە پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ئەوەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە، بەو شێوەی پێغەمبەر (ﷺ) مەبەستێتی.

هەندێك لەو بنەمایانەی پەیوەندیان بەناو و صیفاتەکانەوە هەیە :

١. **ناوەکانی خودا لە ژمارەیەی دیاریکراودا دیاری نەکراون :** بەڵگەش فەرموودەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) کە دەفەرموێت : ((أو استأثرت به في علم الغيب عندك)) واتە: یان لە عیلمی غەیبدا لای خۆت هێشتوتەتەوە)، بەڵام فەرموودەی : ((إن لله تسعة وتسعين اسماً)) واتە :خوای گەورە نەوەتو نۆ ناوی

هەیە)) مانای ئەوە نییە کەخودا جگە لەو ناوانە ناوی تری نییە، بەڵکو وەکو ئەوەیە کەسێك بڵێ : سەد ئەسپم هەیە بۆ سەدەقە دامناوە.

٢. **ناوەکانی خودا عەلەم و وەصفن:** تەنها عەلەم نین، جا لەو لایەنەوە کە بەڵگەیە لەسەر زاتی خودا عەلەمن، وە لەو لایەنەوە کە دەلالەت دەکات لەسەر صیفەتێك کە ئەم ناوە لە خۆی دەیگرێت ئەوا صیفاتن، بە جیاواز لە گەڵ ناوەکانی ئێمەدا، ڕەنگە کەسێك ناوی (علی–بەرز) بێت و لە بێنرختترین کەسەکان بێت.

٣. **ناوەکانی خوا هاومانای (موورادیفی) یەکترن و جیاوازن :** جا ناوەکان هاومانان (موورادیفن) بە پێی ئەوەی هەموویان دەلالەت دەکەن بۆ یەك ناونراو و یەك کەس کە زاتی خوای گەورەیە، جا ناوی (السمیع و البصیر و الحکیم) هەمووی دەلالەت دەکەن بۆ یەك زات کە ئەویش (الله)یە، بەڵام بە پێی ماناکەیان جیاوازن، چونکە مانای (الحکیم) جیاوازە لە گەڵ مانای (السمیع)دا.

٤. **هەر ناوێك لەناوەکانی خودا بەڵگەیە لەسەر زاتی خودا و ماناکەشی:** بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە وەکو ناوێك لەناوەکانی خودا باوەڕی پێ بهێنین، و باوەڕ بەو صیفاتەش بێنین کە ئەو ناوە ئەیگرێتەوە، و باوەڕ بێنین بەو لێکەوتەو حوکمانەی کە ئەم صیفەتە ئەیگرێتەوە ئەگەر صیفەتێکی (متعدی) تێپەڕ بێت، بۆ نمونە : (سمیع–بیسەر) باوەڕمان وایە کە یەکێك لەناوەکانی خودا (سمیع)ـە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر صیفەتی بیستن، وئەم بیستنەش حوکم و شوێنەوار و لێکەوتەی هەیە کە ئەویش ئەویە پێی ئەبیستێت، بەڵام ئەگەر ناوەکە تێپەڕ نەبێت (غیر متعدي) بێت وەکو (عظیم–مەزن) و (حي–زیندوو) و (جلیل–شکۆمەند)، ئەوا ناو و صیفەتەکە ئەسەلمێنین، وە هیچ حوکمێکی تێپەڕی (متعدي) نییە.

٥. **صيفاتەکان لەناوەکان فراوان ترن** : چونکە هەر ناوێك صيفەتێك لە خۆ دەگرێت، بەڵام هەموو صيفەتێك ناوێك لەخۆ ناگرێت،خوای گەورە وەصف کراوە بە (کلام و إرادة) کەچی ناونانرێت بە (متکلم) و (مرید).

٦. هەموو ئەوە وەصفانەی کە خودا وەصفی خۆی پێکردووە لەسەر حەقیقەت و ڕاستیەکەیەتی، بەڵام خودا پاك ڕائەگرین لە لێکچواندن و چونییەتی.

بەڵگەی یەکەم:

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ﴾

- کافرەکانی قورەیش باوەڕیان بەو ناوە نییە، نەك بە ناونراوەکە کە (اللە)یە چونکە ئەوان دانی پیانەنێن.
- وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە هەر کەس ئینکاری ناوێك لەناوەکانی خودا بکات ئەوا کوفری کردووە.

بەڵگەی دووەم:

لە (صحيح البخاري) دا هاتووە کەوا (عەلی) فەرموویەتی : ((حدِّثوا الناسَ بما يعرفون، أتريدون أن يكذب الله و رسوله (ﷺ)؟!)) واتە : لە گەڵ خەڵکیدا بەوەی ئەوان دەیزانن بدوێن، ئایە دەتانەوێت خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە درۆ بخرێنەوە؟!)).

- پێویستە کەسی بانگخواز سەیری عەقڵییەتی ئەو کەسانە بکات کە بانگەوازیان ئەکات و دابەزێتە ئاستی عەقڵی ئەوان، وە بەشێوەیەك قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکات کەبە عەقڵیان بگات، بەوەی هێواش هێواش بیانگوازینەوە تاکو فەرموودە قەبوڵ ئەکەن و لێی دڵنیارام ئەبن، وە بانگیان ناکەین بە شتێك عەقڵیان پەی پێ نەبات .

بەڵگەی سێیەم:

پێشەوا عبدالرزاق ریوایەتی کردووە لە (معمر)ەوە ئەویش لە (طاووس)ەوە لە باوکییەوە لە (ابن عباس)ەوە کەوا کابرایەکی هەڵچوو کاتێک فەرموودەیەکی بیست لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) دەربارەی صیفاتەکان، وەکو ئینکاری کردنێک لێی، بۆیە (ابن عباس) فەرمووی : ((ما فَرَقُ هؤلاء، يجدون رقة عند محكمة، ويهلكون عند متشابهه)) واتە : چی ئەوانەی ترساندووە، دڵنەرمییەک دەبینن لە موحکەمەکەیدا و کەچی لە متشابهەکەیدا بە هەلاکەتدا دەچن))

- ((ما فَرَقُ)): واتە ترسی ئەوانە لە چییە لە سەلماندنی ئەو صیفەتەی کە بەسەریاندا خوێندرایەوە و پێیان گەیشتووە، بۆچی بۆ خوای گەورەی ناسەلمێنن وەکو ئەوەی خودا بۆ خۆی سەلماندوویەتی و پێغەمبەریش (ﷺ) بۆی سەلماندووە؟

قورئان وەصف ئەکرێت بەوەی کە:

- هەموو موحکەمە: بە مانای توکمەبوون (إتقان).
- هەموو موتەشابیهە: لەیەک ئەچن و یەک بەڕاست ئەخەنەوە.
- هەیەتی موحکەمە و هەیەتی موتەشابیهە:
  - موحکەم: ماناکەی ڕوون بووەوە.
  - موتەشابیە:
    - ڕێژەیی (نسبی): خوێندنەوەی گەیاندن.
    - ڕەها: لەسەر خوێندنەوەی وەستان.

١/ بە قورئان ئەوترێت **کە (هەمووی موحکەمە)** بەبێ ئەوەی باسی موتەشابیهـ بکرێت : واتـە هـیچ کـەموکورتی تێـدا نییـە، هەواڵـەکانی درۆی تێـدا نییـە، وە حوکمەکانیشـی سـتەمی تێـدا نییـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدۡقٗا وَعَدۡلٗاۚ﴾

٢/ بە قورئان ئەوترێت کە **(هەمووی موتەشابیهە)** بە بێ باسی موحکەم : واتە لەیەك ئەچن لە ڕووی باشییەتی و کەمال و تەواوییەوە، و خۆی خۆی بەڕاست ئەخاتەوە و دژیەك نییە، ﴿ٱللَّهُ نَزَّلَ أَحۡسَنَ ٱلۡحَدِيثِ كِتَٰبٗا مُّتَشَٰبِهٗا﴾

٣/ بـە قورئـان ئـەوترێت کـە **(تیایـەتی موحکـەم و تیاشـیەتی موتەشـابیهـ)** : موحکەمیش لێرە واتە ئەوەی کـە ماناکـەی ڕوون بووەتـەوەو ئاشـکرا بـووە، و موتەشـابیهیش واتـە ئـەوەی ماناکـەی شـاراوەیە، ئـەویش دوو جـۆرە ڕەهـا و ڕێژەیی، ئەمەش بنیات دەنرێت لە سەر خوێندنەوەی وەستان و گەیاندن، لـەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ﴾ :

ڕەها : ئەوەی کە جگە لەخودا کەس نایزانێت، وەکو : چۆنیەتی صـیفاتەکانی خودا، وە حەقیقەتی شتەکانی ناو بەهەشت.

ڕێـژەیی : ئەوانـەی لـە زانسـتدا قـوڵ بوونەتـەوە ئـەیزانن و لای جگـە لـەوان موتەشابیهە .

وە لە قورئاندا هیچ شتێك نییە لە ڕووی ماناوە لای هەموو خەڵکی موتەشابیهـ بێـت، بەڵام هەڵە لە تێگەیشتندایە، هەر بۆیە ئیبن و عەببـاس ئەفەرموێت : (أنا من الراسخين في العلم الذين يعلمون تأويله)، واتـە : مـن یـەکێکم لـەو زانایانـەی کـە لێکدانـەوەی ئایەتەکان دەزانم)، ئەمەشی بۆ خۆ هەڵکێشان نـەگوتوە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی خـەڵکی بزانێت کە لە کتێبەکەی خودادا هیچ شتێك نییە کەماناکەی نەزانرێت، چونکە ناکرێت لەم ئوممەتەدا، لە پێغەمبـەرەوە (ﷺ) تـا دوا دانـەیان لـەمانای قورئـان تێنەگـەن و ئایەتەکانی صیفاتی خودا بخوێننەوە و لەماناکەی تێنەگەن.

بەڵگەی چوارەم:

((ولما سَمعتْ قُريشٌ رسولَ الله (ﷺ) يذكرُ الرحمن أنكروا ذلكَ، فأنزلَ الله فيهم : ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ﴾ واتە : کاتێ قوڕەیش بیستیان کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی (الرحمن) دەکات ئینکارییان لێکرد، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دەربارەیان دابەزاند : ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ﴾

مەسەلەکان:

یەکەم : هەرکەسێك نکۆڵی بکات لە بەشێك لە ناو و صیفاتەکانی خودا ئەوا بێ ئیمانە (واتە نەمان و نەبوونی ئیمان بە هۆی ئەمەوە).

دووەم: تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی الرعد: ﴿وَهُمۡ يَكۡفُرُونَ بِٱلرَّحۡمَٰنِۚ﴾.

سێیەم: وازهێنان لە قسەکردن بە شێوەیەك گوێگر لێی تێنەگات (وە بە شێوەیەك قسەیان لە گەڵ دەکەین کە لێی تێ بگەن و پەی پێ ببەن).

چوارەم : باسکردنی هۆکارەکە، کە سەردەکێشی بۆ بە درۆخستنەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، هەرچەندە ئەو کەسەی ئینکاری ئەکات مەبەستیشی نەبێت.

پێنجەم: قسەکەی ئیبن عەبباس بۆ کەسێکە کە شتێك لەوانە ئینکار بکات، و ئەویش بەهەلاکەتدا بردویەتی .

پرسیارەکانی بەشی هەشتەم (یەك بەشە)

پرسیاری یەکەم : نیشانەی (×) لەشوێنی گونجاو دابنێ یان بۆشاییەکان تەواو بکە:

١. ئینکاری کردنی ناو و صیفاتەکان دابەش ئەبێت بۆ : (دوو بەش سێ بەش)، و جیاوازی نێوان ناو و صیفەت ئەوەیە کە ناو ئەوەیە خوای گەورە ناوی خۆی بەو ناوەوە ناوناوە و صیفەت ئەوەیە خۆی پێ وەصف کردووە :

ڕاستە هەڵەیە

٢. ئینکار کردنی ناوێك یان صیفەتێك کە لە قورئان و فەرمودەدا هاتبێت کوفری : گەورەیە بچووکە.

٣. (الاسم) داڕێژراوە لە : بەرزی تایبەتمەندی و نیشانە هەردووکیان.

٤. ناوەکانی خودا : عەلەمن وەصفن عەلەم و وەصفن.

٥. ناوی بەندەکان : عەلەمن وەصفن عەلەم و وەصفن.

٦. دەلالەتەکانی ناو :

هاوتابوون (المطابقة) لە خۆگرتن (التضمين) ئیلتیزام هەمووی

٧. ناوەکانی خودا : هاومانان جیاوازن هاومانا و جیاوازن

٨. ناوەکانی خودا : (دیاریکراون دیاری نەکراون) لە ژمارەیەکی دیاریکراودا.

٩. صیفاتەکان لەناوەکان زۆرترن، چونکە هەموو ناوێك صیفەتێك لەخۆ دەگرێت :

ڕاستە هەڵەیە

١٠. چەندین صیفەت هەن لەخودا ئەنرێت و لە ناوەکانیشیدا نییە : **ڕاستە هەڵەیە**

١١. نەفیکردنی (التمثيل) باشترە لە نەفیکردنی (التشبيه): **ڕاستە هەڵەیە**

١٢. هۆکارەکانی خوێندنی ناو و صیفاتەکان:

١. .....

٢. .....

٣. .....

٤. .....

٥. .....

١٣- شێوازی خوێندن:

١. .....

٢. .....

٣. .....

٤. .....

١٤-واز ئەهێنین لەو قسانەی خەڵکی لێی تێناگەن هەرچەندە پێویستیشیان پێی بێت: **راستە هەڵەیە**

١٥- ﴿وَهُمۡ بِٱلرَّحۡمَٰنِ﴾

واتە:.....

١٦-دەقەکانی صیفات لە موحکەمەکانن کە لەڕووی ماناوە ماناکەی ڕوون بووەتەوە، وە موتەشابیهێکی ڕەهان کە جگە لەخودا هیچ کەسێك نازانێت لە ڕووی چۆنیەتیەوە : **راستە هەڵەیە**

١٧- واتای (موحکەم) ئەگەر بە تەنها باس بکرێت :

ئەوەی واتاکەی ڕوون بووەتەوە ئەوەی کەموکورتی تێدا نییە.

١٨- واتای (موتەشابیە) ئەگەر بەتەنها باس بکرێت :

ئەوەی کە لە ڕووی تەواوی و باشییەوە لەیەکتری ئەچێت: **راستە هەڵەیە**

١٩- موتەشابیهی ڕێژەیی لای هەموو کەسێك شاراوەیە، و ڕەهاش هەندێك کەس نایزانن و هەندێك ئەیزانن : **راستە هەڵەیە**

٢٠- لە قورئاندا هیچ شتێك نییە نەتوانرێت بگەین بە ماناکەی: **راستە هەڵەیە**

٢١- پێویستە لەسەر بانگخواز سەیری عەقڵی ئەوانە بکات کە بانگەوازیان ئەکات و دابەزێتە ئاستیان: **راستە هەڵەیە**

٢٢- لەقورئاندا هیچ شتێك نییە لە ڕووی ماناوە لەسەر هەموو خەڵکی موتەشابیە بێت : (**راستە هەڵەیە**) بەڵام بە نیسبەت ڕاستیەکانیشەوە، ئەوەی خوای گەورە هەواڵی داوە دەربارەی کاروباری غەیبی ئەوا موتەشابیهە لە لای (هەندێ کەسەوە هەموو خەڵکی).

٢٣- بۆچی ئیبن عەببباس فەرمووی : (من یەکێکم لەو زانایانەی لێکدانەوەی ئایەتەکان دەزانم) ؟ :..... .

٢٤- لە خراپترین قسەکانی ئەهلی بیدعە ئەوەیە کە ئەڵێن ئایەتەکانی صیفات لەماناکەی کەس تێناگات، چونکە بەنەزان دانانی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان و بەدرۆخستنەوەی قورئان و دەمدرێژی فەیلەسوفەکانی تێدایە : راستە هەڵەیە

٢٥- لە نیشانەکانی ئەهلی باتڵ ئەوەیە کە موحکەم وەرئەگرن و ئینکاری لە موتەشابیە ئەکەن: **راستە هەڵەیە**

٢٦- لە بنەماکانی ناو و صیفاتەکان : ١/ .....

٢/..... ٣/.....

پرسیاری دووەم: ئەم بۆ شاییانەی خوارەوە بەم ووشانە پڕ بکەرەوە:

(التحریف ، تەئویل ، تعطیل ، موحکەم ، موتەشابیە ، تکییف ، جحود)

١. ..... بریتییە لەئینکارکردن ئەوەش دوو جۆرە: بەدرۆخستنەوە و تەئویل.

٢. .....ئەویش دەربڕینە بەزمان و ئەنجامدانە بە پەنجەکان و تەقدیرکردنە بەدڵ.

٣. .....لە باشێتی و تەواویدا لەیەکتر ئەچن , و یەکتری پشتڕاست ئەکەنەوە.

٤. .....گۆڕینی ئەوەی کەئەبێت بۆ خودا بسەلمێنرێت , ئەویش یان زارەکییە یان مەعنەویە.

٥. ..... ئینکارکردنی ئەوەی کە بۆ خودا ئەبێت بسەلمێنرێت لەناو و صیفاتەکان (گشتی و جوزئی)

٦. .....کەم وکورتی تیا نییە , درۆش لە هەواڵەکانیدا نییە و ستەمیش لە حوکمەکانیدا نییە.

٧. .....ئەوەی بەڵگەیەکی لەسەر بێت ئەوا ڕاستە و وەرگیراوە , ئەگەر نا خراپە و ڕەت ئەکرێتەوە.

نۆیەم : (ئەو وشانەی نەهییان لێکراوە و ئەوانەی شیرك لە خۆ دەگرێت) (٢٦ بەشە)

- ئەمە درێژترین بەشی کتێبەکەیە، چونکە لە نەریتی نووسەر وایە بەگشتی باسکردن پاشان وردەکاری.
- لەم بەشەدا باسی ئەو وشانەی کردووە نەهییان لێکراوە و ئەوانەی شیرك لە خۆ دەگرێت و هەندێك لە کردەوە شرکیەکانی کردووە، وە جەختی خستوەتە سەر شیرکی بچووك چونکە شاراوەیە، وە جەختیشی خستوەتە سەر کوفری نیعمەت چونکە زۆرە و باوە.

٤١/ بەشی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿يَعْرِفُونَ نِعْمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾ (کوفرکردنی نیعمەت بەشێکە لە شیرك)

موجاهید فەرموویەتی : وەکو قسەی کەسێك بڵێت : ئەمە سامانی خۆمە و لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە)) وە (عون بن عبدالله) دەڵێت : (دەڵێن : ئەگەر فلان کەس نەبوایە ئەوا وا رووی نەدەدا)) وە ابن قتیبة دەفەرموێت : ((دەڵێن : ئەمە بە شەفاعەتی خوداکەمانە))

- نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن، بەڵگەش : ﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾
- دانەپاڵی نیعمەتەکانی خوای گەورە بۆ جگە لە ئەو کەموکورتی خستنە نێو یەکتاپەرستی : ١/ **الربوبية**: چونکە ئەو داویەتیە پاڵ هۆکارەکە کە گوایە ئەو بکەرەکەیە. ٢/ **پەرستن:** چونکە وازی لە سوپاسگوزاری هێناوە.
- ((دەڵێن : ئەگەر فلان کەس نەبوایە ئەوا وا رووی نەدەدا)): ئەگەر بەوە مەبەستیان لە هەواڵەکە بوبێت و هەواڵەکەش ڕاست و دروست بێت ئەوا کێشە نییە.

ناز و نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن، جا چۆن لێی سەلامەت بین؟

پێش ئەوەی نیعمەتەکە بێت: بێگومان ئەبێت لە خودا داوا بکرێت و دڵیش پێوەی پەیوەست بێت، هەندێك لە خەڵکی وا بیر ئەکەنەوە کە وەزیرێك یان سەرۆکێك بیناسێت و نیعمەتی بەسەردا برژێنێت، جا هەروەك چۆن بەهەشت تەنها لە خودا داوا ئەکرێت، ئاواش رزق و ڕۆزیش.

دوای ئەوەی نیعمەتەکە دێت: جا ئەبێت سوپاسی ئەو کەسە بکەیت کە نیعمەتەکەی پێ بەخشیوە بە دڵ و زمان و ئەندامەکان.

بەشەکانی خەڵکی لە دانە پاڵی نیعمەتەکان:

راست و دروست: بەشێوەیەك کە ئەیداتە پاڵ هۆکارێکی ڕاستی سەلمێنراو بێت لەڕێگەی شەرعەوە نە هەستەوە نەسەلمێنراوە کە هۆکارە.

شیرکی بچووك: بیداتە پاڵ هۆکارێکی ئاشکرا، بەڵام نە لە ڕێگەی شەرعەوە نە هەستەوە نەسەلمێنراوە کە هۆکارە.

شیرکی گەورە: هۆکارێکی شاراوە بێت و بەهیچ شێوەیەك کاریگەری نەبێت.

- باوەڕی وانەبێت کەهۆکارەکە بەخۆی کاریگەرە.
- سوپاسکردنی نیعمەت بەخشەکەی بیر نەچێت.

بەڵگەی دووەم:

لە پاش فەرموودەکەی (زید بن خالد) کە تیایدا هاتووە خوای گەورە فەرموویەتی : ((أَصْبَحَ من عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ ...)).تا کوتایی فەرموودەکە، لە پێشدا باسکرا – ابو العباس دەفەرموێت : ((ئەمەش لە قورئان و فەرموودەدا زۆرە کەوا خوای گەورە زەمی ئەو کەسانە دەکات کە نیعمەتەکان دەدەنە پاڵ جگە لە ئەو و جگە لە ئەو بەشدار دەکات لەو نیعمەتەدا)

هەندێ لە پێشین فەرموویانە : ((وەکو ئەوەی هەندێ کەس دەڵێت : بایەکی باش بوو و کەشتیوانەکەش زیرەك و لێهاتوو بوو، لە نمونەی ئەوانە کە لە سەر زاری زۆرێك لە خەڵکی دەیبیستین)).

مەسەلەکان:

یەکەم : تەفسیری زانینی نیعمەت و ئینکارکردنی (واتە: بەهەستەکانیان ئەزانن کە لە خوداوەیە کەچی ئینکاری لێ دەکەن بەوەی دەیدەنە پاڵ جگە لە ئەو).

دووەم : زانینی ئەوەی ئەم قسانە لەسەر زاری زۆر کەس بڵاوە (وەکو ئەوەی کاتێ لە فرۆکە دادەبەزن).

سێیەم : ناونانی ئەم قسەیە بەئینکارکردنی نیعمەت (ئینکارکردنی بەوەی لە لایەن خوداوە پێی بەخشراوە نەك ئینکارکردنی بەوەی بوونی نەبێت، چونکە ئەوان دەیزانن و هەست بە بوونی دەکەن).

چوارەم: کۆبوونەوەی دوو دژ بەیەك لە یەك دڵدا (زانین و ئینکارکردن).

٤٢/ بەشی ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿فَلَا تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ أَندَادًا وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ (تەفسیری هاوتا)

- لە پەرستندا هاوتا بۆ خودا دامەنێن لەکاتێکدا باش دەزانن لە پەروەردگارێتیدا هاوتای نییە، وە ئەم ئایەتەش یەکەمین فەرمان و بانگەوازی تێدایە بۆ یەکتاپەرستی و یەکەمین نەهیکردنی تێدایە لە شیرک لە قورئانی پیرۆزدا.

((ئیبن عەببباس – رەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت– دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت : (الانداد) بریتییە لەو شیرکانەی کە سوکترە لە خشەی مێروو لە لە سەر بەردێکی رەش لە تاریکی شەودا، ئەویش ئەوەیە کە بڵێت : سوێند بە خوا و سوێند بە ژیانی تۆ ئەی فلان و سوێند بە ژیانی من، وە بڵێیت : ئەگەر ئەم سەگە نەبوایە ئەوا دز دەهاتە سەرمان، وە ئەگەر ئەو مراوییە لە ماڵماندا نەبوایە ئەوا دز دەهاتە سەرمان، وە قسەی کەسێك بە هاوەڵەکەی دەڵێت : (ما شاء الله وشئت) وە قسەی کەسێك : ئەگەر خوا و فلان نەبوایە، فلان کەسی تێدا مەکە، ئەمە هەمووی شیرکی تیادایە)) رواه ابن أبي حاتم.

- ((أخفى منْ ...)): ئەمەش ئەو پەڕە لە شاراوەییدا، جا ئەگەر شیرکی ناو دڵی مرۆڤەکان لەوە شاراوەتر بێت، ئەوا داواکارین لەخودا یارمەتیدەرمان بێت بۆ ڕزگاربوون لێی.

بەڵگەی دووەم:

(عومەری کوڕی خەتتاب) ڕیوایەتی کردووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرمویەتی: ((من حلف بغير الله فقدكفر أو أشرك). واتە: هەر کەسێ سوێندی بە غەیری خوا خوارد ئەوا کوفری کردووە یان شیرکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە.)) رواه الترمذي وحسنه وصححه الحاكم.

بەڵگەی سێیەم:

ئیبن مەسعود فەرموویەتی : (لأن أحلف بالله كاذباً، أحب إلي من أن أحلف بغيره صادقاً) واتە : ئەگەر سوێند بە خوا بخۆم لە کاتێکدا تێیدا درۆزن بم، پێم خۆشترە لەوەی کە سوێند بخۆم بە جگە لە خوا و تێیدا راستگۆ بم)).

- ((كفرَ أو أشركَ)): کوفر یان شیرکی گەورەیە ئەگەر پێی وابێت ئەوەی سوێندی پێی خواردووە لە گەورەیی و مەزنیدا هاوتای خوای گەورەیە ، ئەگەرنا شیرکی بچووکە.
- ئیبن مسعود نە حەزی لەوەیە نە ئەویتر، بەڵام خراپەی شیرك گەورەترە لە خراپەی درۆ، چونکە خودا لە شیرك خۆش نابێت.

بەڵگەی چوارەم:

لە (حوزەیفە)وە ریوایەت کراوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کەوا فەرموویەتی : (لا تقولوا : ما شاء الله وشاء فلان، ولكن قولوا : ما شاء الله ثم شاء فلان) (رواه أبو داود بسند صحيح) واتە : مەڵێن : خوا و فلاّن ویستیان لە سەر بوو، بەڵکو بڵێن : خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئەمجار فلاّن)).

بەڵگەی پێنجەم:

لە (ئیبراهیمی نەخەعی)یەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێی ناخۆش بووە کەسێك بڵێت : (پەنا ئەگەرم بە خوا و تۆ) وە دروستە بڵێت : (پەنا ئەگەرم بە خوا ئەمجار تۆ)، وە دەڵێت : (ئەگەر خوا نەبوایە ئەمجار فلاّن) وە مەڵێن : (ئەگەر خوا و فلاّن نەبوایە) .

- ((ولكن قولوا)): شەریعەت ئەگەر دەرگای حەرامکراوەکان دابخات ئەوا دەرگای ڕێگە پێدراوەکان ئەکاتەوە، تاکو وازهێنان لە حەرام ئاسان بێت، هەروەها تاکو بەرزی و مەزنی شەریعەت بزانین.

مەسەلەکان:

یەکەم: تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (البقرة) لەباسی هاوتاکاندا.

دووەم : هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ئایەتەی بۆ شیرکی گەورە دابەزیوە شیرکی بچووکیشی پێ گشتگیر دەکەن، (چونکە (الند) هاوشێوە و هاوتا دەگرێتەوە بە شێوەیەکی رەها یان لە هەندێ رووەوە) .

سێیەم: سوێند خواردن بەجگە لەخودا شیرکە (بۆ نمونە دەڵێن : سوێند بە ژیانت، بە ژیانی من، سوێند بە زیممەتی تۆ، سوێند بە زیممەتی خۆم، بەگەردنم، بە ڕیشم، بە ڕووخسارم، بە پێغەمبەر (ﷺ)، بە شەرەفم، بە کەعبە، بە نوێژەکانت ، بە ڕۆژووەکانت، بە تەمەنت، سوێند بە یارمەتێکانت، یان کەسێك لە سوێندەکانیدا دەڵێت : ئەو جولەکەیە یان گاورە یان کافرە ئەگەر ئەو کارەی کردبێت))

چوارەم: ئەگەر بەڕاستەوە سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا لە سوێندی (غموس) گەورەترە (سوێندی (غموس) : بریتییە لەوەی سوێند بە خوا دەخوات بە درۆوە بۆ ئەوەی مالّی موسلّمانێك بە ناحەق بخوات).

پێنجەم: جیاوازی نێوان (و) و (ثم) لە گفتاردا (چونکە پیتی واو یەکسانبوون لە خۆ دەگرێت ئەویش دەبێتە شیرك، بەڵام (ثم – پاشان) ریزبەندی و (تەراخی) لە خۆ دەگرێت و نابێتە شیرك، من لە پەنای خوا و پەنای تۆدام، من لە پاراستنی خوا و پاراستنی تۆدام، کێم هەیە ئیللا خوا و تۆ نەبێت، پشتم بە خوا و تۆ بەستووە، ئەمە لە خوا و تۆوەیە، خوام هەیە لە ئاسمان و تۆم هەیە لە سەر زەوی، من بۆ لای خوا و تۆ تەوبە دەکەم)

٤٣/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی ئەوانەی قایل نابن بە سوێند خواردن بە خوا (یەکێکە لە تاوانە گەورەکان)

کەسی سوێندخۆر ئەوەیە کە سوێند دەخوات لەسەر شتێك، بە مەزندانانی ئەوەی سوێندی لە سەر دەخوات، بە مەبەستی دووپات کردنەوەی، جا قایل نەبوون بە سوێند خواردن بە خوا بەڵگەی بەکەم زانینی گەورەیی خوایە، ئەمەش لە گەڵ کەمالی تەوحیددا یەك ناگرێتەوە.

بەڵگەی یەکەم :

لە (ابن عمر)ەوە ریوایەت کراوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لا تحلفوا بآبائكم، من حلف بالله فليصدق، ومن حُلف له بالله فليرضَ، ومن لم يرضَ فليس من الله) (رواه ابن ماجه بسند حسن) واتە: سوێند بە باوکتان مەخۆن، وە هەرکەسێك سوێندی بە خوا خوارد با راستگۆ بێت، وە هەرکەسێك سوێندیان بۆ خوارد بە خوای گەورە با رازی بێت، وە هەر کەسێك رازی نەبێ ئەوا خوای گەورە لێی بەرییە).

بەشەکانی قایل بوون بە سوێند خواردن

شەرعی :

پێویستە رازی بێت بە سوێند خواردن بە خوا ئەگەر سوێندێك رووبەرووی کەسی تۆمەتبار کرایەوە، بە پێی حوکمی شەرعی.

هەستپێکراو :

ئەوەی سوێندی بۆ دەخورێت یەکێکە لەم پێنج حاڵەتە :

١. بزانێت کە درۆ دەکات، ئەوا لەسەری نییە باوەڕی پێ بکات .
٢. درۆکەی لای پەسەندتر و زیاتر بێت، ئەوا لەسەری نییە باوەڕی پێ بکات .
٣. درۆ و راستی لا یەکسان بێت، پێویستە باوەڕی پێ بکات.
٤. راستەکەی لا پەسەندتر و زیاترە، پێویستە باوەڕی پێ بکات .
٥. بزانێت راستگۆیە، پێویستە باوەڕی پێ بکات .

مەسەلەکان :

یەکــەم : نــەهیکراوە لــە سـوێند خـواردن بـە باوکـان (وە نەهییەکـەش بـۆ حەرامبوونە)

دووەم : فەرمان کراوە بەو کەسـەی بـە خـوای گـەورە سـوێندی بـۆ دەخوڕێت رازی بێت .

سێیەم : هەڕەشە کراوە لەو کەسەی رازی نابێت .

چوارەم : فەرمان کراوە بـەو کەسـەی سـوێند دەخـوات راسـتگۆ بێـت، چـونکە راستی واجیبە ئەگەر سوێندیشی لە گەڵدا نەبێت، ئـەی چـۆنە ئەگـەر سـوێندی لە گەڵدا بێت؟

٤٤/ بەشی وتنی : خوا و تۆ ویستتان لەسەر بوو

بەڵگەی یەکەم :

لە (قتيلة)وە ریوایەت کراوە کەوا کابرایەکی جولەکە هاتە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) و پێـی فـەرموو : ((إنكم تشركون ! تقولون : ما شاء الله وشئت، وتقولـون: والكعبـة ، فـأمرهم النـبي (ﷺ) إذا أرادوا أن يحلفـوا أن يقولـوا : ورب الكعبة، وأن يقولوا : ماشاء الله ثم شئت) رواه النسائي وصححه . واتە : ئێوە شـیرك بڕیـار دەدەن، دەڵـێن : (ما شاء الله وشئت) وە دەڵـێن : سـوێند بـە کەعبـە، جـا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کـردن ئەگـەر ویسـتیان سـوێند بخـۆن ئـەوا بڵێن : سوێند بە پەروەردگاری کەعبە و بڵێن : (ماشاء الله ثم شئت) .

بەڵگەی دووەم :

هەروەها ئیمامی (النسائي) لە (ئیبن عەببباس)ەوە ریوایەتی کردووە کەوا کابرایەك بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو : (ما شاء الله وشئت) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : (أجعلتني لله ندا ؟!) قل : ما شاء الله وحده) واتە : منت کرد بە هاوتای خوا ؟ بڵێ : خوای تاك و تەنها ویستی لەسەر بوو) .

- **بۆ (یهود) بەم ناوەوە ناونراون ؟**

١/ چونکە وتیان : (هُدنا إليك) واتە : گەڕاینەوە بۆ لای تۆ .

٢/ چونکە باپیریان ناوی (یهوذا بن یعقوب) بوو .

- **فەرموودەی یەکەم چەند سوودێکی تێدایە لەوانە :**

١. پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئینکاری نەکرد لە جولەکەکە هەرچەندە مەبەستی زەمکردن بوو، چونکە ئەوەی وتی حەق و راستی بوو .

٢. دروستی گەڕانەوە بۆ لای حەق، هەرچەندە ئەو کەسەی لە حەقەکە ئاگاداری کردینەوە خۆی حەق دۆست و ئەهلی حەق نەبێت .

٣. پێویستە لە کاتی گۆڕینی شتێکدا بۆ شتێکی نزیك خۆی بگۆڕدرێت .

- **چۆن هیچ کەسێك ئاگاداری ئەو کارە نەبوو ئیللا ئەم کابرای جولەکە نەبێت؟**

حیکمەتەکە تاقیکردنەوەی ئەو جولەکانەیە کە ڕەخنەیان لە موسڵمانان گرت، لە کاتێکدا خۆیان بە شیرکی گەورە شیرك بۆ خوای گەورە بریار دەدەن کەچی ئەو تاوانە نابینن .

- **(ما شَاءَ اللهُ وَحْدَهُ) :** ڕێنمویی کرد بۆ ئەوەی شیرکی لێ دەبچڕێت و نایهێڵێ، ڕێنمویی نەکرد بۆ وتنی: (ما شاء الله ثم شئت) بۆ ئەوەی ڕێگایەك بەڕەو شیرك دەیبات بیبڕێتەوە هەرچەندە دووریش بێت، وەکو پاراستنێك بۆ تەوحید و بە ئەدەب بوون لە گەڵ خوادا .

جۆرەکانی ئەوەی کەسی خەوتوو دەیبینێ :

- خەوی تێکەڵ و پێکەڵ
- خەوی راست
- قسەی نەفسی خۆی دەبێتە خەو

بەڵگەی سێیەم :

(ابن ماجه) ریوایەتی کردووە لە (طُفَيْلِ بْنِ سَخْبَرَةَ)ەوە –بۆ دایکە عائیشە لە دایکییەوە– دەفەرموێت : ((رَأَيْتُ كَأَنِّي أَتَيْتُ عَلَى نفرٍ مِنَ الْيَهُودِ، قُلْتُ : إِنَّكُمْ لأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ : عُزَيْرٌ ابْنُ اللهِ، قَالُوا : وإنكم لأَنَتُمُ الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ : مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ مُحَمَّدٌ (ﷺ)، ثُمَّ مررتُ بنفرٍ مِنَ النَّصَارَى، فَقُلْتُ: إِنَّكُمْ لأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ : الْمَسِيحُ ابْنُ اللهِ، قَالُوا : وإنكم لَأَنْتُمُ الْقَوْمُ لَوْلاَ أَنَّكُمْ تَقُولُونَ : مَا شَاءَ اللَّهُ وَشَاءَ مُحَمَّدٌ (ﷺ)، فَلَمَّا أَصْبَحتُ أَخْبَرتُ بِهَا مَنْ أَخْبَرتُ، ثم أتيت النبي (ﷺ) فأخبرته، فقال : (هل أخبرتَ بها أحداً ؟ قلت : نعم، قال : فحمد الله وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ : ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ طُفَيْلاً رَأَى رُؤْيَا أَخْبَرَ بِهَا مَنْ أَخْبَرَ مِنْكُمْ، وَإِنَّكُمْ قلتم كَلِمَةً كَانَ يَمْنَعُنِي كذا وكذا أَنْ أَنْهَاكُمْ عَنْهَا، فَلاَ تَقُولُوا : مَا شَاءَ اللَّهُ و شَاءَ مُحَمَّدٌ (ﷺ)، ولكن قولوا : ما شاء الله وحده)) واتە : لە خەودا بینیم وەکو ئەوەی رۆیشتم بۆ لای کۆمەڵێك لە جولەکە، وتم : بە راستی ئێوە قەومێکی باش دەبوون ئەگەر نەڵێن : عوزەیر کوڕی خوایە، ئەوانیش وتیان : ئێوەش قەومێکی باش دەبوون ئەگەر نەڵێن : (ماشاء الله وشاء محمد(ﷺ))، ئەمجار بە تەنیشت کۆمەڵێکی گاوردا تێپەڕیم و وتم : بە راستی ئێوە قەومێکی باش دەبوون ئەگەر نەڵێن : مەسیح کوڕی خوایە، ئەوانیش وتیان : ئێوەش قەومێکی باش دەبوون ئەگەر نەڵێن : (ماشاء الله وشاء محمد(ﷺ))، کاتێ کە رۆژ بوویەوە، هەوالّم بە چەند کەسێك دا، ئەمجار هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەوالّم پێدا، وتی : ئایە هەوالّت بە کەس

داوە ؟ وتم : بەڵێ، ئەمجار ئەویش حەمد و سەنای خوای گەورەی کرد و وتی: أما بعد : (طفيل) خەوێکی بینیوە و هەواڵی بە هەندێ کەس داوە، وە ئێوە قسەیەکتان دەکرد چەند شتێك رێگرم بوو نەهیتان لێ بکەم، بۆیە چیتر مەڵێن: (ماشاء الله وشاء محمد (ﷺ)) بەڵکو بڵێن : ما شاء الله وحده) .

- (يَمْنَعُنِي كذا وكذا) : شەرم و حەیا رێگری بوو، نەك لە رووی ئینکارکردنی باتڵ، بەڵکو ئەوەی رێگر بوو بۆی کە نەهی لێ بکات بە بێ ئەوەی خوای گەورە فەرمانی پێ بکات، وەکو مەی (عارەق) لێی بێ دەنگ بوو تاوەکو حەارم کرا .

مەسەلەکان :

یەکەم : زانیاری جولەکە دەربارەی شیرکی بچووك .

دووەم : تێگەیشتنی مرۆڤ ئەگەر ئارەزووی هەبێت.

سێیەم : ئەو فەرموودەیە کە دەفەرموێت : (أجعلتني لله نداً؟)، ئایە ئەو کەسە چۆن دەبێت کە دەڵێت : (ما لي من ألوذ به سواك ....) هەروەها دوو بەیتەکەی پاش ئەوە ؟ (ئەمەش ئەو پەڕی کوفر و زیادەڕەوییە) .

چوارەم : ئەمە لە جۆری شیرکی گەورە نییە، بە بەڵگەی : (يمنعني كذا وكذا).

پێنجەم : خەوی راست و چاك بەشێکە لە پێغەمبەرایەتی .

شەشەم : رەنگە هۆکاری تەشریع دانانی هەندێ حوکمی شەرعی بێت (لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا).

٤٥/ بەشی : هەرکەسێك جوێن بە زەمانە بدات ئەوا ئازاری خوای گەورەی داوە (دانە پاڵی رووداوەکان بۆ رۆژگار).

- (فقد آذى الله) : مەرج نییە ئازاردان زەرەری لە گەڵدا بێت، ئەوەتا مرۆڤ ئازار دەبینێ بە بیستنی قسەی خراپ، بەڵام زەرەری پێ ناگەیەنێت، بۆیە خوای گەورە ئازاردانی بۆ خۆی سەلماندووە لە قورئاندا، بەڵام زەرەری نەفی کردووە.

بەشەکانی جوێندان بە رۆژگار :

شیرکی گەورەیە : جوێن بە رۆژگار بدات بەوەی ئەو بکەرەکەیە، وەکو ئەوەی باوەڕی وا بێت کەوا ئەو کارەکان دەگۆڕێت بۆ خەیر و شەڕ .

حەرامە : جوێن بە رۆژگار بدات نەك وەکو ئەوەی ئەو بکەرە، بەڵکو باوەڕی وایە کەوا خوای گەورە خۆی بکەرە، بەڵام جوێنی پێ دەدات چونکە جێگەو کاتی ئەم شتە نەویستراوەیە .

دروست : مەبەستی تەنها خەیر بێت بە بێ ئەوەی لۆمەی بکات، وەکو ئەوەی بڵێت: گەرمای ئەمڕۆ ماندووی کردین، هەر لە نمونەی ئەوە، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿هَٰذَا يَوۡمٌ عَصِيبٞ ٧٧﴾

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿وَقَالُوا۟ مَا هِىَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ﴾

٢/ لە فەرموودەیەکی (صحيح)دا هاتووە لـە (أبـو هريـرة)وە کـەوا پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : **(قال الله تعالى: يؤذيني ابن آدم، يسب الدهر وأنا الدهر، أقلب الليل والنهار)**واتـە : خـوای گـەورە فەرموویـەتی : بـەنی ئـادەم ئـازارم دەدات، جوێن بە رۆژگار دەدات لـە کاتێکدا بـەڕێوەبردنی رۆژگـار بـە دەسـتی منە، من شەو و رۆژ دەگۆڕم و ئەمدیو ئـەودیوی دەکـەم)، وە لـە ریوایەتێکدا هاتووە : **(لا تسبوا الدهر، فإن الله هو الدهر)** واتە : جوێن بە رۆژگار مـەدەن، چونکە خوای گەورە خۆی رۆژگارە (واتـە : گـۆڕین و بـەڕێوەبردنی رۆژگـار بـە دەستی ئەوە).

- (حَيَاتُنَا ٱلدُّنْيَا) : واتە ئەوەی ژیان و بوون بێت تەنها هـەر ئەمەیـە و رۆژی دوایی نییە .
- (وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ ۚ) : لەناوچـوون و هەلاکـەتی ئێمـە بـە دەسـتی خـوا و قەدەر نییە، بەڵکو ئەوەی بە هەلاکەتماندا دەبـات بەسەرچـوونی چـەندین سـاڵە بـۆ ئەوانـەی تەمـەنیان کـردووە و نەخۆشـی و خـەم و پـەژارە بـۆ ئەوانەی تەمەنیان کورتە، جـا ئـەوەی بـە هەلاکەتیانـدا دەبـات لای ئـەوان تەنها رۆژگارە (زەمانە)یە.
- (يؤذيني ابن آدم) : واتە : ئازارم پـێ دەگـات، جـا صـیفەتی ئـازار بـۆ خـوا سابتە، پێویستە ئێمەش بـۆ خـوای بسـەلمێنین چـونکە خـوای گـەورە بـۆ خۆی سەلماندوویەتی، ئێمە شارەزای صیفاتی خوا نیمان لە خوای گـەورە زیاتر، بەڵام وەکو ئازاری دروستکراوەکان نییە .

- **(يسب الدهر)** : واتـە جـوێنی پـێ دەدات و بـە نـابوتی دادەنێـت و لۆمـەی دەکات و لەعنەتی لێ دەکات، وە (الدهر) بریتییە لە زەمان و کات .
- **(وأنا الدهر)** : واتە بەڕێوەبەری رۆژگارە و فەرمانی ئەو بە دەستی خوایـە، وەک (با) و شتیتر.

ئایە (الدهر) یەکێکە لە ناوەکانی خوای گەورە؟

لە ناوەکانی خوای گەورە نییە، لەبەر چەند هۆیەك :

١. سیاق و میانەی ئایەتەکـە رەددی دەکاتـەوە، جـا ئەگـەر یـەکێك بوایـە لـە ناوەکانی ئەوا بیروباوەڕی سەردەمی نەفامی تەواو بوو .
٢. هەروەها سیاق و میانەی فەرموودەکە ئەوە رەد دەکاتەوە .
٣. هەرکەسێك رۆژگار (الدهر) بکاتە خوا ئەوا دروستکراوێکی کردووەتە خوا .
٤. ناوەکانی خوای گەورە بەرز و پیرۆزن لەوپەڕی چاکی و کامل بوونداید، وە مانایان هەیە، وە رۆژگار (الدهر) جوانی تێدا نییە .
٥. ناوەکانی خوا هەمووی دارێژراون (مشتق)ن، بەڵام الدهر ناوێکی (جامد)ە .
٦. نەهێکردنی دەربارەی جوێندان بە (وڵاخ) و (با) و (تا) هاتووە لە شەرعدا.

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهی کردووە لە جوێندان بە رۆژگار (وەکو ئەوەی کەسێك دەڵێت : رۆژگار بێ هیوای کردین یان زەمانێکی خراپە، یان زەمانێکی ستەمکارە)

دووەم : ناوی لێناوە ئازار .

سێیەم : وردبـەرەوە لـەو فەرموودەیـەی کـە دەفـەرموێت : (فإنَّ الله هو الدهر) واتە : گوڕین و بەڕێوەبردنی رۆژگار بە دەستی ئەوە).

چوارەم : ئەو رەنگە جوێنی پێبدات، هەرچەندە بە دڵ مەبەستیشی نەبێت .

پێنجەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الجاثية) : ﴿وَمَا يُهْلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهْرُ﴾

٤٦/ بەشی ناونان بە (قازی قازییەکان) و نمونەی ئەوانە (نەهی لێکراوە)

واتە کەسێك ئەم ناوە لە خۆی بنات، یان رازی بێت جگە لە خۆی ئەم ناوەی لێ بنێن.

حوکمی ناونان بە قازی قازییەکان چییە ؟

یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ئەگەر مەبەستی تەنها ناوەکە بێت .

شیرکی گەورەیە ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا قازییە بە سەر هەموو قازییەکانەوە تەنانەت بەسەر خوای گەورەشەوە .

دروستە بەڵام باشتر وایە نەوترێت، ئەگەر تایبەتمان کرد بە کۆمەڵێکەوە یان شارێکەوە یان سەردەمێکەوە .

بەڵگەی یەکەم :

لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا لە (أبو هريرة)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ أَخْنَعَ اسم عند الله : رجلٌ تَسَمَّى مَلِك الأَمْلاك، لا مَالِكَ إِلاَّ اللَّهُ)) واتە : سوکترین ناو لای خوای گەورە، کابرایەکە ناوی خۆی ناوە خاوەنداری هەموو خاوەنداراەکان، هیچ خاوەندارێك نییە تەنها خوا نەبێت))

سوفیان فەرموویەتی : وەکو شاهان شاە، وە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە : ((أَغْيَظُ رَجُلٍ على الله يَوْمَ القيامَةِ وأَخْبَثُهُ) واتە : نابوترین کەس لای خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا و لە هەموو زیاتر خوای گەورە تووڕە بکات و لە هەموو ناوێك درۆتر بێت) مەبەست لە (أخنع) واتە سوکترین .

- (أخنَعَ) : بە دڵی مەبەستەکەی خۆی سزا درا، وە نمونەی هەموو ئەو ناوانەی کە دەلالەت دەکەن لەسەر جەبەروت و دەسەڵاتداری و خۆ بە گەورە زانین .
- (أغيَظُ) : سەلماندنی (غيظ)ی تێدایە بۆ خوای گەورە جا ئەوە صیفەتێکە لایەقی خوای گەورەیە، وە ئەوەی ئاشکرایە کەوا لە تووڕەبوون توندترە .

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهیکراوە لە ناونان بە (ملك الاملاك) خاوەندارێ خاوەندارەکان .

دووەم : ئەوەی لە مانادا وەکو ئەوە ئەوا حوکمەکەشی وەکو ئەوە، هەروەکو سوفیان فەرمووی (وەکو قازی قازییەکان، داوەری داوەرەکان، سولّتانی سولّتانەکان)

سێیەم : وریابوون و دیقەتدان لەو تووڕەبوونە و نمونەی ئەوانە، لە گەلّ دلّنیابوون لەوەی مەبەستی ماناکەی نەبووە بە دلّ.

چوارەم : وریابوون لەوەی کە ئەمە لە پێناوی خوادایە .

٤٧/ بەشی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورەو گۆڕینی ناوەکان لەو پێناوەدا بەشەکانی ناوەکانی خوای گەورە:

تایبەتن : ئەوەی بۆ هیچ کەسێك نابێت تەنها بۆ خوای گەورە نەبێت، بۆیە ئەمە هیچ کەسێك بەو ناوەوە ناو نانرێت، وە ئەگەر ناونرا ئەوا پێویستە بگۆردرێت، وەکو: الله، الرحمن، رب العالمين، لە نمونەی ئەوانە .

ئەوانەی تایبەت نین : دروستە جگە لە خوای گەورە بەو ناوەوە ناوبنرێت، وەکو : الرحيم و السميع و البصير، جا ئەگەر صیفەتێکی تێدا بە دی کرا، ئەوا نابێت ناوبنرێت، وە ئەگەر صیفەتەکەی تێدا بە دی نەکرا ئەوا دروستە ناو بنرێت وەکو ئەوەی عەلەمێکی رووتە و بەس .

بەڵگەی یەکەم :

لە (أبو شريح)ەوە ریوایەت کراوە کەوا ئەو کونییەکەی (ابو الحکم) بووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (إن الله هو الحكم وإليه الحكم، فقال : إن قومي إذا اختلفوا في شيء أتوني فحكمت بينهم فرضي كلا الفريقين . قال : ما أحسن هذا! فما لك من الولد؟ قلت : شريح و مسلم وعبد الله، قال : فمن أكبرهم؟ قلتُ : شريح . قال : فأنت أبو شريح) رواه أبو داود وغيره) واتە : خوای گەورە تەنها خۆی حەکەمە و حوکمیش بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە) وتی : کەس و کارەکەم ئەگەر لە شتێکدا کێشەیان هەبوایە ئەوا دەهاتن بۆ لای من، منیش حوکمم دەکرد لە نێوانیاندا و هەردوو لا رازی دەبوون، فەرمووی : چەندە کارێکی باشە ! ئایە منداڵی چیت هەیە ؟ وتم : (شریح و مسلم و عبدالله)، وتی: کامیان لە هەموویان گەورەترە ؟ وتم : شورەیح، فەرمووی : تۆ باوکی شورەیحی) .

کونییە ئەوەیە کە بە (أب) یان (أم) یان (أخ) یان (عم) یان (خال) دەست پێ دەکات، وە ئەم ناوەش کە بۆ ئەم پیاوە دانراوە ئەوەی تێدا بە دی دەکرێت کە مانای صیفەتەکە لە خۆ دەگرێت ئەویش (الحکم) ە، بۆیە لە گەڵ ناوی خوادا وەکو یەک بوون، نەک تەنها لەبەر ناوەکە وەکو عەلەمێك، بەڵکو لەبەر ناوەکە کە صیفەتەکەش لە خۆ دەگرێت، بەم پێیە دەبێتە هاوبەش لە گەڵ خوای گەورەدا، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە کونییەیەك ناوی نا کەوا پێویستە بەو کونییەوە ناو بنرێت، وە فەرمانی پێ نەکرد حەفتەمەکەی دووبارە بکاتەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : ڕێزگرتن لە ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە، هەرچەندە لە قسەیەکدا بێت کە مەبەستی نەبێت (لەوەی تایبەت بێت بە خوای گەورە یان مەبەست لێی بەدیکردنی صیفەتێك بێت تێیدا) .

دووەم : گۆڕینی ناو لەو پێناوەدا (هەروەها ئەگەر بابەتێکی لە خۆ گرت ئەوا نابێت)

سێیەم : دیاریکردنی گەورەترین کوڕ بۆ کوونییە (وە کوونییە دروستە بۆ کەسێك دابنرێت، وە کەسی موشریك کوونییەی بۆ دانانرێت)

٤٨/ بەشی : هەرکەسێك گاڵتە بە شتێك بکات ناوی خوای تێدا بێت یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان قورئان.

هەرکەسێك گاڵتەی کرد بە خوای گەورە یان ئایەتە کەونییەکانی یان ئایەتە شەرعییەکانی یان بە پێغەمبەرانی ئەوا کوفری کردووە بە کوفری گەورە، چونکە گاڵتە کردن بەڵگەیە بۆ نەفی کردنی ئیمان بە نەفیکردنێکی گەورە، وە کوفریش دوو جۆرە :

کوفری بەرنگاری و ناڕەزایی (معارضة) : ئەمە لە هەمووی گەورەتر و تووندترە، وەکو کوفری ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب .

کوفری پشتهەڵکردن (إعراض) : نایەتە ناو دینی خوداوە، وە ڕووبەڕووی نابێتەوە نە بە بۆسەدانان بۆی و نە بە جەنگاندن

- کەسی گاڵتەجار کافرە بە کوفری بەرنگاری و ناڕەزایی، تاوانەکەی گەورەترە لەو کەسەی تەنها سوژدە بۆ بتێك دەبات، ئەمەش بابەتێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە رەنگە وشەیەك خاوەنەکەی تووشی بەڵایەك بکات یان بە هەلاکەتیا بیبات کەچی ئاگای لە خۆی نییە، رەنگە مرۆڤێك وشەیەك بڵێت تووڕەیی خوای تێدا بێت و گوێی پێ نادات بە هۆیەوە دەکەوێتە ناو ئاگرەوە .

جا هەرکەسێك گاڵتە بە نوێژ بکات – هەرچەندە نوێژە سوننەتەکان بێت – یان زەکات یان رۆژوو یان حەج ئەوا کەسێکی کافرە بە یەکدەنگی زانایانی موسڵمانان، هەروەها کەسێك گاڵتە بە ئایەتە کەونییەکان بکات وەکو ئەوەی بڵێت : بوونی گەرما لە وەرزی زستاندا نەفامییە، یان بوونی سەرما لە وەرزی هاویندا نەفامییە، ئەمە کوفرە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات، چونکە خوای گەورە هەموو کردەوەکانی لەسەر حیکمەت بنیات ناوە، وە رەنگە ئێمە پێی نەگەین، بەڵکو بە دڵنیاییەوە پێی ناگەین .

- زانایان دوو بۆچوونیان هەیە دەربارەی ئەو کەسەی جوێنی بە خوا یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ) یان کیتابەکەی داوە ئایە تەوبەی لێ وەردەگیرێ یان نا ؟ لە سەر دوو ڕا :

تەوبەکەی وەرناگیرێت و سوڵتان دەیکوژێت : نوێژی لەسەر ناکرێت و دوعای خەیری بۆ ناکرێت و لە جێگای دووری گۆڕستانی موسڵمانان دەنێژرێت، هەرچەندە وتی تەوبەی کردووە، چونکە ئەمە هەڵگەڕانەوەیە، ئەمەش کارەکەی زۆر قورس و گەورەیە سوود لە تەوبەکەی نابینێت .

تەوبەکەی وەردەگیرێت بە چەند مەرجێك :

١/ راستی تەوبەکەیمان بۆ دەرکەوێت .

٢/ ستایشی خوای پەروەردگار بکات .

٣/ وە خۆی بەری بکات لەوەی وتویەتی.

بەڵام ئەوەی جوێنی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوە ئەوا تەوبەکەی وەردەگیرێت و پێویستە لەسەر سوڵتان بیکوژێت لەبەر حەق و مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جا ئەگەر کوژرا دەیشۆرین و کفنی دەکەین و نوێژی لەسەر دەکەین و لە گۆڕستانی موسڵماناندا دەینێژین .

بەڵگەی یەکەم و دووەم:

١/ خـــوای گـــەورە فەرموویـــەتی : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ﴾

٢/ لە (ابن عمر و محمد بن كعب و زيد بن أسلم و قتـادة) وە (فـەرموودەكانیان هەندێکی تێکەڵی هەندێکی بووە) دەفەرموون: ((قَالَ رَجُلٌ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ : مَا رَأَيْنا مِثْلَ قُرَّائِنَا هَؤُلاءِ أَرْغَبَ بُطُونًا، وَلا أَكْذَبَ أَلْسِناً، وَلا أَجْبَنَ عِنْدَ اللِّقَاءِ – يعني: الرسول (ﷺ) وأصحابه القُرَّاء – فَقَالَ له عوف بن مالك : كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ مُنَافِقٌ، لأُخْبِرَنّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فذهب عوف الى رسول الله (ﷺ) ليخبره، فوجد القرآن قد سبقه، فجاء ذلك الرجل الى رسول الله (ﷺ)وقد ارتحل وركـب ناقتـه فقال : يا رسول الله (ﷺ)! إنما كنا نخـوض ونلعـب ونتحـدث حـديث الركـب، نقطع به عنا الطريق، قَالَ ابن عمر : كأني أنظر إليه متعلقـاً بنسعة ناقة رسول الله (ﷺ) وإن الحجارة تنكب رجليه وهو يقول : إنما كنا نخوض ونلعب،فيقول له رســـول الله (ﷺ) : ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَـٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴾ ما يلتفت إليه وما يزيده عليه ..

واتە : ((كابرایەك لە غەزوەی تەبوكدا وتی : هـیچ كەسێكمان نـەبینوە وەكـو ئەو قورئان خوێنانە لە هەموو كەسێك زیاتر حەزیان لە پڕكردنی سكیان بێت و لـە هـەموو كەسـێك درۆزنتربـن و لـە هـەموو كەسـێك ترسـنۆكتربن لـە كـاتی رووبەڕووبونەوەدا –مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی بوو– عوف ی كوڕی مالك وتـی : درۆ دەكـەیت بـەڵام تـۆ كەسـێكی دووڕوویـت، دەبـێ ئـەم هەواڵـە بگەیەنمە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، جا عوف رۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی هەواڵەكەی پـێ بگەیەنێ، بینی قورئان پێشی كەوتووە و لەو بـارەوە ئایەت دابەزیوە، جا ئەو كابرایە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە كاتێكدا ئەو سواری وشترەكەی بوو بـوو وە بـە رێ كـەوتبوو، وتـی : ئـەی پێغەمبـەری

خوا (ﷻ)، ئێمە تەنها گاڵتە و گەپمان دەکرد و ئەو قسانەمان دەکرد تەنها بۆ ئەوەی دووری ڕێگای پێ ببڕین .

عبدالله ی کوری عومەر دەڵێت : هەر دەڵێی ئێستا لە پێش چاومە، کابرا خۆی پەیوەست کردبوو بە ڕەشمەی حوشترەکەی پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)، بەردەکان پێیان بریندار دەکردو دەیگوت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە گاڵتەو گەپمان دەکرد، کەچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: ﴿قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ﴾ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەری نەدەکردە لایانەوە و لەوە زیاتر هیچی نەدەگوت .

- **(قُرَّائِنا)** : مەبەستیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی بوو، سوێند بە خوا درۆیان کرد .
- **(ولَكِنَّكَ مُنافِقٌ)** : بەمە دەزانرێت هەرکەسێ جوێن بە هاوەڵان بدات کافرە، چونکە تانەدان لەوان تانەدانە لە خوا و دینی خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ).
- **(بِنِسْعَةِ)** : ئەو پشتوێنەی باری وڵاخی پێ دەبەسترێت .
- **(تَنْكُبُ رِجْلَيهِ)** : دەیدا لە پێیەکانی .
- سوود بە دەستهاتووەکانی فەرموودەکە :

١. ڕوونکردنەوەی عیلمی خوای گەورە بەوەی کە لە ئایندەدا ڕوو دەدات، جا خوای گەورە دەزانێت لە پێشدا چی ڕوویداوە و لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات .

٢. پێغەمبەری خوا (ﷺ) حوکم دەکات بەوەی لە لایەن خوای گەورەوە بۆی دابەزێنراوە .

٣. گاڵتەکردن بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە گەورەترین جۆرەکانی کوفرە .

٤. کەسی گاڵتەجار بە خوای گەورە کافرە .

٥. بە کارهێنانی توندی لە شوێن و جێگای خۆیدا .

٦. وەرگرتنی تەوبەی کەسی گاڵتەجار بە چەند مەرجێك .

چەند ئاگادارییەك :

١. ئەو كەسەی ئامادەی جوێندانەكە دەبێت وەكو ئەو كەسەیە جوێنەكەی دابێت، ئیللا مەگەر كەسێك ئینكاری لێ بكات یان لە مەجلیسەكە هەڵسێت و بڕوات، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذًا مِثْلُهُمْ﴾

٢. وریابە باسی قورئان و فەرموودە بكەیت بۆ ئەوەی خەڵكی پێ بكەنێت، وە لە كاتی باسكردنیاندا لە خوا بترسە .

٣. ئەگەر قسەكەی ئیحتمالی جوێنی تێدایە بوو ئەوا خاوەنەكەی ئاگادار دەكەینەوە ئەگەر تەوبەی كرد باشە ئەگەر نا ئەوە كەسێكی گاڵتەجارە .

٤. ئاگادار بە خۆبەزل زان و مەغرور مەبە، چونكە رەنگە چاكەیەك بتخاتە بەهەشتەوە و خراپەیەك بتخاتە ئاگرەوە، ئەوەتا ئەم پیاوە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بۆ غەزای تەبوك دەرچووە ئەمجار ئەوەی رووییدا رووییدا .

مەسەلەكان :

یەكەم : كە ئەمەشە زۆر گەورەیە : هەركەسێك گاڵتە بە خوا و ئایەتەكانی و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) بكات ئەوا كەسێكی كافرە .

دووەم : ئەمە تەفسیری ئایەتەكەیە بۆ هەركەسێك ئەو كارەی كرد جا ئیتر هەركەسێك بێت (دووڕوو بێت یان دووڕوو نەبێت)

سێیەم : جیاوازی لە نێوان دووزوانی و ئامۆژگاری لەبەر خوا و پێغەمبەرەكەی (ﷺ) (مەبەست لێی ڕێزگرتنی شەعائیری خوای گەورەیە).

چوارەم : جیاوازی لە نێوان ئەو لێبوردنەی کە خوای گەورە پێی خۆشە (کە چاکسازی تێدایە) وە لە نێوان ئەو تونديیەی بەرانبەر بە دوژمنانی خوای گەورە دەکرێت (بەڵام بەکارهێنانی نەرم و نیانی هەندێ جار لە کاتی بانگەوازدا رەنگە شتێکی باش بێت)

پێنجەم : هەندێ داوای لێبوردن و بیانوو هەن وەرناگیرێت (ئەگەر زانرا ئەو داوای لێبوردن و بیانووە باتڵ و ناڕەوایە).

٤٩/ بەشی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنۢ بَعْدِ ضَرَّآءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي﴾

موجاهید دەفەرموێت : (ئەمە بە هۆی کرداری خۆمەوەیە، وە منیش شایستەی ئەوەم) ئیبن عەببباس فەرموویەتی : (مەبەستی ئەوەیە –ئەم نیعمەتە– لە خۆمەوەیە) .

ئەگەر هەر کەسێك نیعمەتەکانی داوە پاڵ کار و کەسابەتی خۆی ئەمە جۆرێك لە جۆرەکانی شیرکی لە پەروەردگارێتی تێدایە، بەڵام ئەگەر دایە پاڵ خوای گەورە بەڵام وتی کەوا من شایستەی ئەوەم و ئەوەی خوای گەورە پێی بەخشیوم تەنها فەزڵێك نییە لە خواوە بەڵام من ئەهلی ئەو بەخشینەم، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی خۆبەزل زانین لە لایەن بەندایەتییەوە.

بەڵگەی دووەم و سێیەم :

٢/ خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ﴾

قەتادە دەفەرموێت : بە هۆی شارەزای خۆمەوەیە کە جۆرەکانی کەسابەت دەزانم) ئەوانیتر فەرموویانە : (خوای گەورە خۆی دەزانێت من شایستەی ئەوەم) ئەمە مانای قسەکەی موجاهیدە کە دەفەرموێت : (لەبەر شارەزای خۆم پێم دراوە)

٣/ لە(أبو هريرة)ەو ڕیوایەت کراوە کەوا ئەو گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە فەرموویەتی :

((إنّ ثَلاثَةَ من بَنِي إسْرائِيلَ : أبْرَصَ وأقْرَعَ وأعْمَى، فأراد الله أنْ يَبْتَلِيَهُمْ، فَبَعَثَ إليْهِمْ مَلَكاً، فأتَى الأَبْرَصَ، فقالَ : أيُّ شَيْءٍ أحَبُّ إلَيْكَ ؟ قالَ : لَوْنٌ حسنٌ، وَجِلْدٌ حَسَنٌ، ويذهب عني الذي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ به، فَمَسَحَهُ، فَذَهَبَ عنه قذره، فأُعْطِيَ لَوْناً حَسَناً وَجِلْداً حَسَناً، فَقالَ: فأيُّ المالِ أحَبُّ إلَيْكَ ؟ قالَ : الإبِلُ أو البقر – شك إسحاق– فأُعْطِيَ ناقَةً عُشَرَاءَ فَقالَ : بارَكَ الله لَكَ فِيها .

قال : فأتَى الأَقْرَعَ، فَقالَ : أيُّ شَيْءٍ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قالَ شَعْرٌ حَسَنٌ، ويَذْهَبُ عَنِّي الذي قَدْ قَذِرَنِي النَّاسُ به، فَمَسَحَهُ، فَذَهَبَ عنه، وَأُعْطِيَ شَعْراً حَسَناً، قالَ : فأيُّ المالِ أحَبُّ إلَيْكَ ؟ قالَ البَقَرُ أو الإبل، فأُعْطي بَقَرَةً حامِلاً، وَقالَ بارَكَ الله لَكَ فِيها .

فأتَى الأَعْمَى، فَقالَ : أيُّ شَيْءٌ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قالَ : أن يَرُدَّ الله إلَيَّ بَصَرِي، فأُبْصِر بِهِ النَّاسَ، فَمَسَحَهُ، فَرَدَّ الله إلَيْهِ بَصَرَهُ، قالَ : فأيُّ المَالِ أحَبُّ إلَيْكَ؟ قالَ : الغَنَمُ، فأُعْطي شاةً وَالِداً، فأَنْتَجَ هذانِ وَوَلَّدَ هذا، فَكانَ لِهذا وَادٍ مِنْ الإبِلِ ولِهذا وَادٍ مِنْ البَقَرِ ولِهذا وَادٍ مِنْ الغَنَمِ .

قال : ثمَّ إنَّهُ أتَى الأَبْرَصَ في صُورَتِهِ وَهَيْئَتِهِ، فَقالُ : رَجُلٌ مِسْكِينٌ، وابن سبيل، قد انقَطَّعَتْ بِهِ الحِبالُ في سَفَرِي هذا، فلا بَلاغَ لي اليوْمَ إلاّ بِاللَّه ثمَّ بِكَ، أسْأَلَكَ بالّذِي أعْطاكَ اللّوْنَ الحَسَنَ والجِلْدَ الحَسَنَ والمَالَ، بَعِيراً أتَبَلَّغُ به في سَفَرِي، فَقالَ : الحُقُوقَ كثِيرَةٌ، فَقالَ لهُ : كأنِّي أعْرِفُكَ! ألمْ تكُنْ أبْرَصَ يَقْذَرُكَ النَّاسُ فَقِيراً فأَعْطاكَ الله المال ؟ فَقالَ : إنما وَرِثْتُ هذا المال كابِراً عنْ كابِرٍ، قالَ : إنْ كُنْتَ كاذِباً فَصَيَّرَكَ الله إلى ما كُنْتَ . قال : وأتى الأَقْرَعَ في صُورَتِهِ وهَيْئَتِهِ، فَقالَ لهُ مِثْلَ ما قالَ لِهذا وَرَدَّ عَلَيْهِ مِثْلَ ما رَدَّ عَلَيْهِ هذا، فقالَ له : إن كُنْتَ كاذِباً فَصَيَّرَكَ الله إلى ما كُنْتَ . قال : وأتى الأَعْمَى في صُورَتِهِ وهَيْئَتِهِ، فَقالَ : رَجُلٌ مِسْكِينٌ وابْنُ سَبِيلٍ، قد انقَطَّعَتْ بِيَ الحِبالُ في سَفَرِي، فلا بَلاغَ لي اليَوْمَ إلاَّ بِالله ثمَّ بِكَ، أسْأَلُكَ بالّذِي رَدَّ عَلَيْكَ بَصَرَكَ شاةً أتَبَلَّغُ بِها في سَفَرِي، فَقالَ : قَدْ كُنْتَ أعْمَى فَرَدّ الله اليَّ بَصَرِي، فَخُذْ ما شِئْتَ ودع ما شئت، فَوالله لا أجهدكَ اليَوْمَ لِشَيْءٍ أخَذْتَهُ لِلَّهِ .

فَقالَ : أمْسِكْ مالَكَ، فإنَّما ابْتُلِيتُمْ فَقَدْ رَضِيَ الله عَنْكَ، وسَخِطَ على صاحِبَيْكَ) أخرجاه

واتە : سێ کەس هەبوون لە بەنی ئیسرائیلدا، گەڕێك و کەچەڵێك و نابینایەك، خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە، بۆیە فریشتەیەکی بۆ ڕەوانە کردن و ئەویش هات بۆ لای کابرای گەڕ و پێی گوت : چی شتێك لای تۆ لە هەموو شتێك خۆشەویسترە ؟(واتە : ئاوات بخوازە) گوتی : ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوان و ئەوەی کە بە هۆیەوە خەڵکی بێزم لێ دەکەنەوە لە سەرم نەمێنی و چاك ببمەوە، گوتی : بە دەستەکانی سڕی و ئەویش چاك بووەوەو بێزێکەی نەما و ڕەنگێکی جوان و پێستێکی جوانی پێ بەخشرا، گوتی : : حەز لە چی جۆرە سامانێك دەکەیت ؟ وتی : وشتر، وشترێکی ئاوسی پێ درا (عشراء : ئەو وشترانەیە کە دە مانگ یان هەشت مانگ بە سەر ئاوس بوونیاندا تێپەڕیوە) ئەمجار فریشتەکە گوتی : خوای گەورە بەرەکەت بخاتە سامانەکەتەوە)) .

ئەمجار چوو بۆ لای کابرای کەچەڵ و گوتی : چی شتێك لای تۆ لە هەموو شتێك خۆشەویسترە ؟ گوتی : قژێکی جوان و ئەوەی کە بە هۆیەوە خەڵکی بێزم لێ دەکەنەوە نەمێنێ، ئەویش بە دەستەکانی سڕی و ئەویش چاك بووەوەو قژێکی جوانی پێ بەخشرا، گوتی : : حەز لە چی جۆرە سامانێك دەکەیت ؟ گوتی : مانگا (چێل)، گوتی : ئەویش مانگایەکی ئاوسی پێ درا و گوتی : خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ناو سامانەکەتەوە .

ئەمجار چوو بۆ لای کابرای نابینا و گوتی : چی شتێك لای تۆ لە هەموو شتێك خۆشەویسترە ؟ گوتی : خوای گەورە چاوەکانم بۆ بگێڕێتەوە و خەڵکی پێ ببینم، گوتی : ئەویش سڕی و خوای گەورە چاوەکانی بۆ گەڕاندەوە .

ئەمجار فریشتەکە بە کابرای نابینای گوت : حەز لە چی جۆرە سامانێك دەکەیت ؟ گوتی : مەڕ، گوتی : ئەویش مەڕێکی ئاوسی پێدا .

ئەو دووانەی پێشوو بەرهەمییان زیادی کرد و ئەویتریش بێچووی زۆری بوو، پاشان ئەمیان پڕ دۆڵێك وشتری بوو، وە ئەمیش پڕ دۆڵێك مانگای بوو، وە ئەویش پڕ دۆڵێك لە مەڕ .

پاشان هات بۆ لای کابرای گەڕ لە شێوە و وێنەی خۆی، گوتی : کابرایەکی هەژارم و هەموو ڕێگاکان لە سەفەرەکەمدا لێبڕاوە و هیچ دالّدەیەکم نییە تەنها لای خوا و ئەمجار لای تۆ نەبێت بۆیە داوات لێ دەکەم لە بەر خاتری ئەو کەسەی ئەو ڕەنگە جوانە و ئەو پێستە جوانە و ئەو سامانەی پێداوی، وشترێکم پێ بدە بۆ ئەوەی لە سەفەرکەمدا بە کاری بهێنم، ئەویش گوتی : خەڵکی ڕەواتر زۆرن، وتی : دەڵێی من تۆ دەناسم ؟ ئایا تۆ کەسێکی گەڕ نەبووییت و خەڵکی بێزی لێت دەکردەوە، هەژار بووییت و خوا پێی بەخشی ؟ گوتی : بەڵکو من ئەم سامانەم لە باوباپیرە گەورە بەرێزەکانەوە و ئەوانیش

لە گەورە بەرێزەکانەوە بۆم بە جێ ماوە، گوتی : ئەگەر درۆ دەکەیت ئەوا خوای گەورە بتگێڕێتەوە سەر حاڵی جارانت .

ئەمجار هات بۆ لای کابرای کەچەڵ لەسەر شێوەی خۆی، ئەوەی کە بە کابرای پێشوو گوت بە ئەمیشی گوت، ئەویش وەکو کابرای پێشوو وەاڵمی دایەوە، ئەویش گوتی : ئەگەر درۆ دەکەیت ئەوا خوای گەورە بتگێڕێتەوە سەر حاڵی جارانت .

ئەمجار هات بۆ لای کابرای نابینا لەسەر شێوە و دیمەنی خۆی گوتی : کابرایەکی هەژار و ڕێبوارم و هەموو ڕێگاکانم لێبڕاوە لە سەفەرکەمدا و هیچ دااڵدەیەکم نییە تەنها لای خوا و ئەمجار لای تۆ نەبێت بۆیە داوات لێ دەکەم لە بەر خاتری ئەو کەسەی چاوەکانتی بۆ گێڕایەوە مەڕێکم پێ بدە بۆ ئەوەی لە سەفەرکەمدا بە کاری بهێنم، ئەویش گوتی : من کەسێکی نابینا بووم و خوای گەورە چاوەکانی بۆ گەڕاندمەوە بۆیە هەرچی دەبەی ببە و هەرچی بە جێ دەهێڵی جێی بهێڵە، سوێند بە خوا هەرگیز ڕێگات لێ ناگرم لە بەر خوا هەرچی ببەی، بۆیە فریشتەکە گوتی : دەست بە سامانی خۆتەوە بگرە، بزانە کە ئێوە تاقیکرانەوە، جا خوای گەورە لە تۆ ڕازی بوو وە لە دوو هاوەڵەکەت پەست بوو)) .

- **لەم فەرموودە مەزنەدا چەندین پەند و عیبرەتی تێدایە، لەوانە :**

١. ئەو چیرۆکانەی لە قورئان و فەرموودەدا هاتوون بە مەبەستی پەند وەرگرتن و عیبرەت هاتوون .
٢. ڕوونکردنەوەی توانا و دەسەاڵتی خوای گەورە بە چاککردنەوەی کەچەڵ و گەڕ و نابیناکە تەنها بەوەی کاتێ فریشتەکە دەستی هێنا بە سەریاندا .
٣. فریشتەکان دەتوانن خۆیان بگۆڕن، دەتوانن خۆیان بشوبهێنن لەسەر شێوەی مرۆڤ، بەاڵم بە فەرمانی خوای گەورە بۆیان .
٤. فریشتەکان بریتین لە جەستە نەك تەنها ڕۆح یان مانا یان هێز .

٥. سوور بوونی راوییەکان بە گێڕانەوەی فەرەموودەکە وەکو گفتەکەی خۆی.
٦. مرۆڤ پێویست و لازم نییە لەسەری رازی بێت بە قەزا لەسەر کراوەکە، بەڵکو پێویستە لەسەری رازی بێت بە قەزاکە کە کاری خوایە، جا جیاوازی هەیە لە نێوان کاری خوا و قەزا لەسەر کراوەکە، وە قەزا لەسەر کراوەکە دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

- بەڵا و موصیبەت کە ناچار نییە مرۆڤ پێی رازی بێت .
- ئەحکامە شەرعییەکان کە پێویستە پێی رازی بێت .

٧. دروستی دوعای پەیوەست کراو (مُعلَّق).
٨. دروستی تەنازول کردن بەرانبەر بە کەسی نەیار لە شتێکدا کە ئەو دانی پێدا نانێت و تەنازول ناکات لەبەر بەزاندنی کەسی نەیار.
٩. بەرەکەتی خوای گەورە کۆتایی نییە، بۆیە ئەمەیانە پڕ دۆڵێك وشترى بوو.
١٠. رووبەرووبونەوەی ئەوەی سوپاسگوزاری هەر نیعمەتە و بە پێی خۆی دەبێت.
١١. دروستی خۆشوبەختکردنی مرۆڤ بۆ سەر حاڵەتێك کە لە حەقیقەتدا وا نییە .
١٢. تاقیکردنەوە رەنگە گشتی و ئاشکرا بێت، وە چیرۆکەکەیان بەناوبانگە .
١٣. فەزڵی وەرع و زوهد، رەنگە خاوەنەکەی پەلکێش بکات بۆ شتێك ئەنجامەکەی سوپاسکراو بێت، وەکو کابرای نابینا.
١٤. سەلماندنی میرات لە ئوممەتەکانی پێش خۆماندا .
١٥. رازیبوون و تووڕەبوون و ئیرادە لە صیفاتەکانی خوای گەورەن، ئێمەیش بۆی دەسەلمێنین بە شێوەیەك لایەقی خۆی بێت .
١٦. هاوەڵبوون جاری وا هەیە بە کار دەهێنرێت لە هاوشێوەبوون لە شتێك لە شتەکاندا و مەرج نییە لە هەموو رووبەکەوە وەکو یەك بن و بەرهاورد بکرێن .
١٧. تاقیکردنەوەی خەڵکی لە لایەن خوای گەورەوە بەو نیعمەتانەی پێیانی بەخشیوە .
١٨. یادخستنەوە رەنگە هەندێ جار بە شێوەی گفتار بێت یان کردار یان شێواز .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتی : ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ﴾

دووەم : مانای : ﴿لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي﴾ چییە ؟ واتە من شایەن و شایستەی ئەوەم .

سێیەم : مانای : ﴿إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓ﴾ .

چوارەم : ئەو پەند و ئامۆژگارییە گەورە و مەزنانەی لەم چیرۆکە سەیردا هەیە (لەوانە : جیاوازی لە نێوان کابرای کەچەڵ و گەڕ و نابینا، چونکە کابرای کەچەڵ و گەڕ نکۆڵیان کرد لە نیعمەتەکانی خوا لە پاش بەخشینی لە لایەن خوداوە وە پێش نیعمەتەکەش پەیوەست نەبوون بە خواوە، بەڵام کابرای نابینا دانی نا بە نیعمەتەکانی خوای گەورە بە سەریەوە لە پاش بەخشینی لە لایەن خوداوە وە لە پێش نیعمەتەکەش پەیوەست بوو بە خوداوە، (ابن القیم) دەفەرموێت : با وریابین بەوپەڕی وریایی لەخۆ دەرچوون بە هۆی وشەی (أنا (من)، لي (هەمە)، عندي (هی خۆمە)) چونکە بەم وشانە ئیبلیس و فیرعەون و قارون تووشی ئیبتیلا بوون، وشەی :﴿أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ﴾ هی ئیبلیسە، وشەی : ﴿لِي مُلْكُ مِصْرَ﴾ هی فیرعەونە، وشەی : ﴿إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓ﴾ هی قارونە، وە باشترین جێگا وشەی (أنا) ی تێدا بە کار هێنرابێت ئەوەیە کە بەندەی هەڵەکار و تەوبەکار و تاونبار و ئەوەی داوای لێخۆشبوون دەکات و نمونەی ئەوانە، وە وشەی (لي) لەو جێگایەدا کە بەندە دەڵێت : تاوانم هەیە، کەتنم هەیە، بێ دەسەڵاتم، زەلیل و هەژارم بەرانبەرت، وە وشەی (عندي) لەو دواندنەی بەندەدایە کە دەڵێت : (أغفر لي جِدِّي وهزلي وخطئي وعمدي، وكل ذلك عندي)

٥٠ / بەشی ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾

جۆری ئەو شیرکە لە ئایەتەکەدا مەبەستێتی :

شیرکی گەورە : باوەڕی وایە ئەو کەسەی ئەم منداڵەی پێ بەخشیون فلآن وەلییە یان فلآن پیاوچاکە یا لە نمونەی ئەوانە، چونکە دروستکردنیان داوەتە پاڵ جگە لە خوا .

شیرکی بچووک : سەلامەتی و پاراستنی منداڵەکە دەداتە پاڵ پزیشکەکان و نمونەی ئەوانە، چونکە نیعمەتەکەی داوەتە پاڵ هۆکار و (مُسَبِّب)ی لێبیر کردووە .

شیرکی بچووک : لە بەندایەتیدا بەوەی خۆشەویستی ئەو بخاتە پێش خۆشویستنی خوای گەورەو لە گوێرایەڵی خوا غافڵی بکات، ئایە چۆن ئەم منداڵە بکەینە هاوتا و هاوبەش بۆ خوای گەورە لە خۆشەویستیدا .

بەڵگەی دووەم :

ئیبن حەزم دەفەرموێت : (زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرام بوونی هەموو ناوێك بەندایەتی بۆ جگە لە خوا تێدا بە دی بکرێت، وەکو : عبد عمرو، عبدالکعبة، وە لە نمونەی ئەوانە، جگە لە عبدالمطلب).

- دروست نییە ناونانی بەندایەتی بۆ جگە لە خوای گەورە، وە هەرکەسێ فەرموودەی : (أنا ابن عبدالمطلب) بکات بەڵگە، بە چەند وەڵامێگ ڕەددی دەدەینەوە:

١. ئەمە لە فەرموودە موتەشابیهەکانە، ئێمەش چەندین دەقی ڕوونی مەحکەممان هەیە کە ڕەددی ئەوە دەتاوە .

٢. ئەم فەرموودەیە لە باس و بابەتی هەواڵدانە، نەك لە باس و بابەتی ئیقرار و دامەزراندن .

٣. پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ کەسێکی بەو ناوەوە ناو نەناوە، وە ڕێگای نەداوە بە هیچ کەسێك لە هاوەڵان ئەو کارە بکەن یان ئیقراری کردبێت .

٤. پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم ناوەوە ناسراو بوو، چونکە ئەگەر بیگوتایە: من کوڕی (عبدالله) م ئەوا کەس نەیدەناسی .

٥. پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی شتێك دەکات ڕوویداوە و تەواو بووە و ڕابوردووە، وە (عبدالمطلب) مردبوو .

٦. عبدالمطلب ناو نییە، بەڵکو نازناوە (لقب)ە، وە ناوی تەواوی خۆی (شیبة الحمد)ە، وە باوکی ناوی (هاشم)ــە، باوکی بە منداڵی ناردی بۆ شاری مەدینە بۆ لای خاڵوانی لە (بەنی نەججار) بۆ ئەوەی فێر بێت و پەروەردە بێت، کاتێ مامەی (المطلب) هات بۆ مەدینە (شیبة الحمد) ی لە گەڵ خۆیدا بردەوە، کە گەیشتنە مەککە و لەبەر دوور و درێژی ڕێگاکە ڕەنگی تێك چوو بوو، خەڵکی وتیان : ئەم کۆیلەیە (عەبدە) هی کێیە ؟ وتیان : (عبدالمطلب)ە (وە بەندایەتی کۆیلایەتی کێشەی تێدا نییە) بۆیە ئەم ناوەی پێوەی پەیوەست بوو، بەم شێوەیە ئیشکال و گومانەکان نامێنن .

بەڵگەی سێیەم :

((وعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، فِي الآيـة، قَـالَ: ((لَمَّا تَغَشَّاهَا آدم حَمَلَتْ، فأتَاهُمَا إِبْلِيسُ، فَقَالَ: إِنِّي صَاحِبُكُمَا الَّذِي أَخْرَجْتُكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ، لَتُطِيعنَّي أَوْ لأَجْعَلَنَّ لَهُ قَرْنَيْ أَيِّلٍ، فَيَخْرُجَ مِنْ بَطْنِكِ، فَيَشُقَّهُ، وَلأَفْعَلَنَّ وَلأَفْعَلَنَّ، يُخَوِّفُهُمَا، سَمِّيَاهُ عَبْدَ الْحَارِثِ، فَأَبَيَا أَنْ يُطِيعَاهُ، فَخَرَجَ مَيِّتًا، ثُمَّ حَمَلَتْ فَأَتَاهُمَا، فَقَالَ مثل قوله، فَأَبَيَا أَنْ يُطِيعَاهُ، فَخَرَجَ مَيِّتًا، ثُمَّ حَمَلَت فَأَتَاهُمَا فَذَكَرَ لَهُمَا، فَأَدْرَكَهُمَا حُبَّ الْوَلَدِ، فَسَمَّيَاهُ عَبْدَ الْحَارِثِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ تعالى : ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾ رواه ابن أبي حاتم .

و له بسند صحيح عن قتادة قال : ((شركاء في طاعته، ولم يكن في عبادته)) .

وله بسند صحيح عن مجاهد في قوله : ﴿لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا﴾ قال : أشفقا أن لا يكون إنساناً)) وذكر معناه عن الحسن وسعيد وغيرهما .

واتـە : لـە ئـیبن عەببـاسـەوە ریوایـەت کـراوە دەربـارەی ئایەتەکـە، دەڵێـت : ((کاتێ ئادەم چووە لایەوە دووگیان بوو، ئیبلیس هات بۆ لایان و وتـی : مـن هاورێکەتانم کە لە بەهەشت دەرەتانم هێنا، گوێرایـەڵیم دەکـەن یـان دوو شـاخ وەکو شاخی بزنە کێوی بۆ منداڵەکە پەیدا بکەم، کاتێك لە سـکت دەردەچـێت سکت دەدڕێت، وا دەکەم و وا دەکەم، ئەوانی دەترسان، بۆیـە نـاوی لـێ بنـێن (عبدالحارث)، بۆیە رازی نەبوون گوێرایەڵی بکـەن، جـا بـە مردوویـی دەرچـوو، پاشان دووگیان بوو، ئیبلیس هات بۆ لایان، جارێکی تر وەکـو جـاری یەکـەمی پـێ وتن، ئەوانیش رازی نەبوون گوێرایـەڵی بکـەن، جـا بـە مردوویـی دەرچـوو، پاشان دووگیان بوو، ئیبلیس هات بۆ لایان، جارێکی تر وەکـو جـاری یەکـەمی پـێ وتن، ئەمجار ئەوان خۆشەویستی منداڵ بەڕۆکی گرتن، بۆیە ناویـان لـێ نـا (عبدالحارث) ئەمەش باسی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾

هەر لە ئەوەوە بە (صحیح) ی هاتووە لە (قەتادە)وە، فەرموویەتی : هاوەڵدانان لە گوێڕایەڵیدا نەك لە پەرستندا).

هەر لە ئەوەوە بە (صحیح) ی هاتووە لە (موجاهید)ەوە دەربارەی ئەو ئایەتە: ﴿لَئِنْ ءَاتَيْتَنَا صَٰلِحًا﴾ فەرموویەتی :بەزەییان پێدا هاتەوە نەوەك مرۆڤ نەبێت))

- (قرني أيل) : ساوەرێنە کێوی (نیرەی بزنە کێوییە) .
- (عبدالحارث) : ئەم ناوەی هەڵبژارد، چونکە ئەوە ناوی خۆیەتی، ویستی بەندایەتییەکەی بۆ خۆی بێت .
- ئەم چیرۆکە پوچەڵ و باتڵە لە چەند رووپەکەوە :

١. هیچ هەواڵێك یان فەرموودەیەکی (صحیح) نەهاتووە لەبارەیەوە لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ)، (ابن حزم) دەڵێت : ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوە و درۆیە.

٢. نابێت بە هیچ شێوەیەك خوای گەورە باسی تاوانێك بکات و باسی تەوبەکەی نەکات .

٣. پێغەمبەران مەعصومن لە شیرك بە یەکدەنگی زانایان .

٤. خەڵکی کە دەچن بۆ لای ئادەم لە رۆژی قیامەتەدا بیانوو دەهێنێتەوە بە خواردنی لە دارەکە کە سەرپێچییە، جا ئەگەر ئەو شیرکی ئەنجام دابێت، ئەوا بیانووی بەو کارە بەهێزتر و لە پێشترە.

٥. شەیتان بەوانی وت : (من هاورێکەتانم) کەسێك ئەگەر بیەوێ لە خشتەیان بەرێت ئەوا ئەم قسەیە ناڵێت .

٦. نابێت باوەڕ بە شەیتان بکەن کەوا شاخی بزنە کێوی بۆ پەیدا دەکات، چونکە ئەمە شیرکی پەروەردگارێتییە.

٧. لە ئایەتی (یشرکون) هاتووە بە راناوی کۆ، ئەگەر ئادەم و حەوا بوایەن ئەوا دەیگوت : (یشرکان).

٨. بەم پێیە تەفسیری ئایەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەنی ئادەم ئەوانەی بە شیرکی حەقیقی شیرکیان ئەنجام دا، چونکە لەواندا کەسی موشریك و کەسی یەکتاپەرست هەیە .

مەسەلەکان :

یەکەم : حەرامبوونی هەموو ناوێك بەندایەتی لە خۆ دەگرێت بۆ جگە لە خوا (تەنانەت عبدالمطلب)

دووەم : تەفسیری ئایەتی : ﴿فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحًا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَا﴾

سێیەم : ئەم جۆرە شیرکە لە جۆری تەنها لە ناونانە مەبەستی حەقیقەتەکەی نییە (راستی ئەمە شیرکی حەقیقیە، وە شیرکیش لە شیرکی بەنی ئادەمە نەك ئادەم و حەوا).

چوارەم : بەخشینی کچی ساغ و سەلامەت بە هەرکەسێك لە لایەن خوای گەورەوە یەکێکە لە نیعمەتەکان (چونکە هەندێ کەس وا دەزانن بەخشینی کچ یەکێکە لە بەڵاکان، ئەگەر نا بەخشینی کوڕی ساغ و سەلامەت لە باس و بابەتی نیعمەتەکانە)

پێنجەم : باسکردنی پێشین دەربارەی جیاوازی لە نێوان شیرك لە گوێڕایەڵیدا و شیرك لە پەرستندا (چونکە ئادەم و حەوا گوێڕایەڵی شەیتانیان کرد و ئەویان بە پەرستن نەپەرست، ئەمەش بنیات نراوە لەسەر راست و دروستی چیرۆکەکە)

٥١/ بەشی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ﴾

(ابن أبي حاتم) ریوایەتی کردووە لە (ابن عباس)ەوە : ﴿يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ﴾: واتە : هاوەڵی بۆ بریار دەدەن، هەر لە ئەوەوە هاتووە : ((اللات) لە (الإلە)ەوە وەرگیراوە، وە (العزى) لە (العزیز)ەوە))، هەروەها لە (الأعمش)ەوە هاتووە : چەند ناوێك دەخەنە ناو ناوەکانەوە کە لە ئەو نین).

- لەم بەشەدا رەددی ئەو کەسانە دەداتەوە کە دەڵێن : کتێبیی (التوحید) تەنها باسی تەوحیدی خوداوەندێتی دەکات .
- (وَلِلَّهِ) : رێگای تەوحید، لێرەدا (خبر)ی پێش خستووە چونکە پێش خستنی ئەوەی حەقی دواخستنە سوودی (حەصر) دەگەیەنێت .
- (ٱلْحُسْنَىٰ) : واتە : ئەوپەڕی لە جوانیدا و کامل و تەواون لە هەموو رووێکەوە، بە هیچ شێوەیەك کەموکورتی تێدا نییە .
- (فَٱدْعُوهُ بِهَا) : داواکردنی لە خوا بە ناوەکانی دوو مانای هەیە :

دوعای عیبادەت (پەرستن) : بەوەی خوای گەورە بپەرستیت بەو مانایانەی ئەم ناوانە لە خۆی گرتوون، بۆ نمونە : (البصیر) بینەر : ئەو مانایە لە خۆ دەگرێت بە شێوەیەك خواپەرستی ئەنجام بدەیت بە پێی ئەو بینینە، بە شێوەیەك شتێکت لێ نەبینێ پێی ناخۆش بێت تۆ ئەنجامی بدەیت .

دوعای داواکردن : بەوەی کە لە پێش داواکارییەکەت تەوەسولی پێ بکەیت بۆ لای خوای گەورە، وەکو ئەوەی بڵێیت : (فأغفر لي مغفرة من عندك وأرحمني، إنك أنت الغفور الرحيم).

الالحاد : لادان لەوەی کە پێویستە باوەڕی پێ بکرێت، وە دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

یەکەم : لادان لە ناو و صیفاتەکاندا، ئەمەش چەند جۆرێکە :

١. ئینکار کردنی هەموو ناوەکان یان هەندێکی وەکو جەهمییەکان .
٢. ناوەکە دەسەلمێنێ و ئینکاری لە صیفەتەکەی دەکات، وەکو ئەوەی دەڵێن: (سمیع بلا سمع) واتە : بیسەرە بە بێ بیستن.
٣. یان دەیشوبهێنێت وەکو (الممثلة) .
٤. لە ناوەکانی خوادا ناوی بتەکانی لێ دەتاشێت وەکو ناونانی (العزی) لە (العزیز)ەوە.
٥. ناونانی خوای گەورە بەو ناوانەی خۆی ناوی لە خۆی نەناوە، وەکو ئەوەی دەڵێت: (ثالث الثلاثة) سێیەم خوایە لە سێ خواکە، یان (القادر علی الاختراع) توانای داهێنانی هەیە .

دووەم : لادان لە ئایەتەکاندا :

جا ئایەتەکان دوو جۆرن :

١. **ئایەتە شەرعییەکان :** وەکو ئەوەی کەسێك بڵێت قورئان دروست کراوە.
٢. **ئایەتە کەونییەکان :** وەکو ئەوەی کەسێك دەڵێت : سروشت دروستکراوەکانی دروست کردووە .

مەسەلەکان :

یەکەم : سەلماندنی ناوەکان بۆ خوای گەورە بە جیاواز لە گەڵ جەهمی و موعتەزیلە زیادەڕەوەکان .

دووەم : هەموو ناوەکان جوان و پیرۆزن (واتە لە جوانی و پیرۆزیدا گەیشتونەتە پلەی کاملبوون).

سێیەم : فەرمانی کردووە بەو ناوانەوە دوعا بکەین (دوعای پەرستن و دوعای داواکردن، وە لە هەردووکدا فەرمانمان پێکراوە کە داوا لە خوا بکەین بەم ناوانەوە)

چوارەم : وازهێنان لەوانەی دژایەتی دەکەن لە نەفامان و لادەران (واتە واز لە ڕێگاکەیان بهێنین، مانای ئەوە نییە بانگەوازیان نەکەین و بۆیان ڕوون نەکەینەوە، وە ئایەتەکە هەڕەشە ئامێزێکی لە خۆ گرتووە)

پێنجەم : تەفسیر کردنی ئیلحاد.

شەشەم : هەڕەشە لەو کەسەی لادەدات و ئیلحاد دەکات .

تاقیکردنەوەی یەکەم لە بەشی نۆیەمدا (١١ بەشە)

پرسیاری یەکەم : نیشانەی (×) لە جێگای پێویست دابنێ یان بۆشاییەکان تەواو بکە :

١/ بەشی نۆیەم درێژترین بەشی کتێبەکەیە : **راستە هەڵەیە**

٢/ نوسەر جەختی کردووەتە سەر شیرکی بچووك چونکە شاراوەیە:

راستە هەڵەیە

٣/ ﴿نِعۡمَتَ ٱللَّهِ﴾ : تاکە و مەبەست لێی : کۆیە تاکە

٤/ نیعمەت چۆن دەبێت ؟ بەدەست هێنانی ویستراوەکان

بە لادانی ناڕەحەتییەکان هەمووی

٥/ ﴿ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾ :

ئینکاری بوونی دەکەن ئینکاری دانەپاڵ خوای دەکەن

٦/ چەپڵەلێدان لە کاتی دابەزینی فرۆکە وەکو سوپاسگوزاری بۆ سەرۆکی فرۆکەکە:

دروستە دروست نییە

٧/ دانەپاڵی نیعمەتەکان بۆ جگە لە خوا ئەوا کوفرێکی : گەورەیە بچووکە

٨/ شیرك لە دڵی بەنی ئادەمدا :

شاراوەترە لە خشەی مێروو لە سەر بەردێکی ڕەش لە تاریکە شەودا ئاشکراو ڕوونە

٩/ سوێند خواردن بە خوای گەورە بە درۆوە :

شیرکی بچووکە شیرکی گەورەیە حەرامە وردەکاری تێدایە

١٠/ سوێندخواردن بە خوا بە راستەوە :

شیرکی بچووکە شیرکی گەورەیە حەرامە وردەکاری تێدایە

١١/ خوای گەورە لە شیرك خۆش نابێت هەرچەندە بچووکیش بێت :

راستە هەڵەیە

١٢/ سوێندخوردن بە خوا بە درۆ سووکترە لای ئیبن مەسعود لە سوێند خواردن بە جگە لە خوا بە راستەوە : **راستە هەڵەیە**

١٣/ وتنی : بە چی سوێندت بۆ بخۆم تاوەکو باوەڕ بکەیت؟

دروستە دروست نییە

١٤/ وتنی (ما شاء الله وشاء فلان) ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا فلان لە خوا گەورەترە یان یەکسانە لە گەڵ خوادا ئەوا شیرکی (گەورەیە بچووکە) وە ئەگەر باوەڕی وابوو کە لە خوا کەمترە ئەوا شیرکی (گەورەیە بچووکە)

١٥/ سوێند خواردن بە ئەمانەت (وتنی : أمانة عليك) :

شیرکی بچووکە تاوانێکی گەورەیە دروستە

١٦/ پێویستە فێری شیرك ببین تاوەکو نەکەوینە ناوییەوە : **راستە هەڵەیە**

١٧/ هاوەڵان تەفسیری ئەو ئایەتانە دەکەن کە بۆ شیریکی گەورە دابەزیوە کەوا شیرکی بچووکیش دەگرێتەوە : **راستە هەڵەیە**

١٨/ سوێند خواردنی (الغموس) ئەوەیە کە سوێند بە خوا دەخوات : بە درۆوە مالّی موسڵمانێکی پێ دەبات بۆ خۆی

١٩/ پیتی (واو) (ریزبەندی یەکسانی) لە خۆ دەگرێت، بۆیە (شیرکە دروستە)

٢٠/ ئەو کەسەی سوێند دەخوات و جێگای باوەڕ نییە (بۆت هەیە بۆت نییە) رازی نەبیت بە سوێندەکەی .

٢١/ سوێند خوارد بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بە ژیانی دایك و زیممەت و گەردن و شەرەف : ئەم بەڵایە گشتگیر بووە شیرکی بچووکە

٢٢/ فەرموودەی : (فلّان شت و فلّان شت رێگریم لێ دەکات) واتە:.....

٢٣/ بۆچی هیچ کەسێك ئاگاداری ئەو سوێندخواردنە نەبوو ئیللا کابرای جولەکە نەبێت ؟.....

٢٤/ جولەکە ئەو کەسەیە خۆی داوەتە پاڵ شەریعەتەکەی (عیسا موسا) وە هۆکاری ناونانیان بەو ناوە : (وتنیان : ﴿إِنَّا هُدْنَا إِلَيْكَ﴾ لەبەر باپیریان یهوذا هەمووی)

٢٥/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ شیرکی بچووك بەڵگەی شیرکی گەورەی هێنایەوە لەو جێگای کە دەفەرموێت : (أجعلتني لله نداً) : (**راستە هەڵەیە**) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رێنمویی کردووین بۆ : (بچڕاندنی هەموو ئەو رێگایانەی کە خاوەنەکەی بەرەو شیرك دەبات هەرچەندە دووریش بێت وازهێنان لە شیرك)

٢٦/ لەکاتی سڵاوکردندا بۆت چەمایەوە (ئینکاری لێ دەکەیت ئاساییە ئەگەر شەرم رێگر بوو لێت ئاساییە) وە ئەگەر ئینکاریت لێ نەکرد ئەوا تۆ کەسێکی (تاغوتی یەکتاپەرستی)

٢٧/ بە مەزن زانینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە وشەیەك یەکسان بوون لە خۆی بگرێت لە گەڵ خوادا :

شیرکە دەگەڕێتەوە بۆ نییەتی کەسەکە، ئەگەر مەبەستی رێز بوو ئەوا ئاساییە

٢٨/ جولەکە کەموکورتی زۆرە، بەڵام ئەو وشەیان تایبەت کراوە کە دەڵێن : ﴿عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ﴾ چونکە لە هەمووی گەورەتر و بە ناوبانگترە :

راستە هەڵەیە

٢٩/ (فلان شت و فلان شت رێگریم لێ دەکەن) :

شەرم لە ئینکارکردنی باتڵ نەهی کردن لێ بە بێ فەرمان خوای گەورە

٣٠/ ئەوەی راست و دروستە : بەڵگە بهێنەوە ئەمجار باوەڕ دروست بکە

باوەڕ دروست بکە ئەمجار بەڵگە بهێنەرەوە

٣١/ شەرەفی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەدایە کە :

بەندەی خوا و پێغەمبەری ئەوە(ﷺ) محمدی کوڕی عبدالله یە(ﷺ)

٣٢/ خەوبینینی باش ئەوەیە کە :

چاکسازی تێدا بە دێ دەکرێت بە ڕێك و پێکی دەیبینێ هەمووی

٣٣/ ئەگەر خەوبینین ڕێك و پێك نەبوو ئەوا خەوی تێکەڵ و پێکەڵە و هیچ حەقیقەتێکی نییە : **ڕاستە هەڵەیە**

٣٤/ خەوە ناخۆشەکان لە شەیتانەوەیە (**ڕاستە هەڵەیە**) سوننەتە (بۆ ئەو کەسەی خەوپەرژێن دەکات بیگێڕێتەوە سێ جار تف بکات بە لای چەپیدا و (أعوذ بالله من الشيطان الرجيم) بکات .

٣٥/ ئەگەر قەرینە هەبوو کەوا خەوەکە لە گەڵ شەریعەتدا جیاوازە ئەوا :

پەندی لێ وەردەگرین هیچ پەندێکی تێدا نییە

٣٦/ کەسێك بە ژنەکەی دەڵێت : (ڕەشتترین ڕۆژ ڕۆژی هاوسەرگیریمان بوو) :

دروستە دروست نییە

٣٧/ ئەوەی ڕاستە کەوا : مەرجە لەگەڵ ئازاردا زەرەر هەبێت

مەرج نییە لە گەڵ ئازاردا زەرەر هەبێت

٣٨/ ناوەکانی خوا جوان و پیرۆزن، وە (الدهر) ناوێکی جامدە هیچ مانایەك هەڵناگرێت تەنها ئەوە نەبێت کە بۆ کات بە کار دەهێنرێت (ڕاستە هەڵەیە) وە مانای : (أنا الدهر) واتە : .....

٣٩/ وتنی (زەمانە غەدارە) : حەرامە دروستە چونکە لە باسی هەواڵدانە

٤٠/ وتنی (فلان کەس لە سالی گرانییەکە لە دایك بووە)

حەرامە دروستە چونکە لە باسی هەواڵدانە

٤١/ وتنی : (ئەی زەوی ئەوەی لەسەرتە بیپارێزە) :

داواکردنە لە جگە لە خوا (شیرکە) دروستە

٤٢/ بەشەکانی جوێندان بە رۆژگار :

١/ ..... حوکمەکەی .....

٢/ ..... حوکمەکەی .....

٣/ ..... حوکمەکەی .....

٤٣/ وتنی : (سروشت چەندین نهێنی و سەیروسەمەرەی هەیە) یان (ئەمە لە کرداری سروشتە) **راستە هەڵەیە**

٤٤/ قازی کۆ دەکاتەوە لە نێوان ناچارکردن (ئیلزام) و فەتوادا : **راستە هەڵەیە**

٤٥/ وتنی : (قازی قازییەکانی سەدەی حەوتەم) :

دروستە وازهێنان لێی لە پێشترە

٤٦/ شیخ الاسلام واتە : شەیخی رەها کە ئیسلام بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە کەسێکە دینەکەی تازە کردووەتەوە و شوێنەواری چاکی هەیە لەبەرگری لە ئیسلام

٤٧/ (پێویستە پێویست نییە) موراعاتی لایەنی کەسی وەصفکراو بکرێت بۆ ئەوەی لە خۆی بایی نەبێت .

٤٨/ خۆشەویسترین ناو لای خوای گەورە ئەوەیە کە دەلالەت دەکات لەسەر زەلیلی نواندن و ملکەچ بوون وەکو (شاهان شاهـ عبدالرحمن) وە سوکترین ناو لای خوای گەورە ئەوەیە کە دەلالەت دەکات لەسەر (جەبەروت دەسەلآت مەزن زانین هەمووی) بۆیە بە جیاواز لە گەڵ نییەتەکەیدا مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت و ئیهانە دەکرێت **(راستە هەڵەیە)**

٤٩/ ناونان بە خاوەندارەکان و قازی قازییەکان :

دروستە حەرامە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان

٥٠/ کونییە ئەوەیە کە بە (أب) یان (أم) یان (أخ) یان (عم) یان (خال) دەست پێ دەکات وە مەبەست لێی : پیاهەڵنانە (مدح) زەمە

هاوەڵبوون لە گەڵ شتێکدا عەلەمییە هەمووی

٥١/ لە ناو هاوەڵاندا کەسانێك هەبوون ناوی (حکیم) و (الحکم) بووە، کەچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیگۆڕاوە چونکە مەبەستیان تەنها عەلەمییە بووە (راستە هەڵەیە) وە ئەوەی نابێت لە ناوەکانی خوا ناوی کەسانیتری لێ بنێیت (ئەوەی تایبەتە بە خۆیەوە ئەوەی تێببینی صیفەتەکەی لێ دەکرێت هەمووی)

٥٢/ حوکمی دانانی کونییە : دروستە موستەحەبە

٥٣/ (هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێك ناوی خوا یان قورئان یان پێغەمبەری (ﷺ) تێدا بێت) مەبەست لە پێغەمبەر : (محمد)ـە(ﷺ) هەموو پێغەمبەران

٥٤/ نەفی کردنی ئیمان لە کەسی گاڵتەجار نەفیکردنێکی گەورەیە و ناکرێت کەسی موسڵمان ئەمە نەزانێت . راستە هەڵەیە

٥٥/ مەرجەکانی تەوبەی کەسی گاڵتەجار :

١/.....

٢/.....

٣/.....

٥٦/ پێویستە لە باس و بابەتی گاڵتەکردندا توند بین و بە ئاسانی نەزانین : راستە هەڵەیە

٥٧/ کەسانێك هەن بەرگری دەکەن لەو کەسانەی جوێن بە پەروەردگار دەدەن بەڵام ئەگەر جوێن بە خۆی بدرێت یان بە دایکی ئەوا تورە دەبێت و غیرەت دەیگرێت : **راستە هەڵەیە**

٥٨/ پێویستە بۆ خەڵکی روون بکەینەوە لە مەترسی ئەم باسە، کەوا ئەو کوفرێکە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات و چاوەڕێ نەکەین تاوەکو کەسێك تووشی جوێندان یان گاڵتەجاری ببێت : **راستە هەڵەیە**

٥٩/ کەسانێك هەن دەڵێن : پرسیار دەکەین لەوەی جوێنی داوە یان کەسی گاڵتەجار ئایە مەبەستی جوێندانە یان نا، ئەمەش قسەیەکی : باتڵە راستە

٦٠/ لە بە گەورەدانانی حەقی دروستکراوەکان بە سەر حەقی خواوە ئەوەیە : ئەوەی جوێنی داوە بیانووی بۆ دەهێنینەوە کەوا تووڕە بووە، بەڵام ئەو بیانووە وەرناگیرێت کاتێ جوێن بە سەرۆك یان باوك دەدات یان پارە دەدرێت : راستە هەڵەیە

٦١/ ئەم تونديیە لە هەندێ وڵاتدا بەرهەمی هەبووە سوپاس بۆ خوا، وە کەمتەرخەمی لە هەندێ وڵاتی تردا وای کردووە منداڵ و گەورە جوێن بدەن :

راستە هەڵەیە

٦٢/ کەسی گاڵتەجار تاوانەکەی گەورەترە لەو کەسەی سوژدە بۆ بت دەبات :

راستە هەڵەیە

٦٣/ رەنگە نەبیسی لە جولەکە و گاورەکان جوێن بە خوا یان بە عیسا یان موسا یان دین بدەن، بەڵام رەنگە لەو کەسانەوە بانگەشەی ئیسلام دەکەن ببیسیت :

راستە هەڵەیە

٦٤/ ئیمانداری راست ئەوەیە کاتێك باسی ئایەتێکی بۆ بکرێت یان فەرموودەیەك دەترسێت و ئیمانی زیاد دەکات، بەڵام کەسی دووڕوو گاڵتە دەکات و یاری دەکات و فەرموودە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ بکەنێت : **راستە هەڵەیە**

٦٥/ پارچە دەنگییەك جوێن بە دایکت بدات ئایە بڵاوی دەکەیتەوە یان گوێی لێ دەگریت ؟ ئایە چۆنە دەنگییەك جوێن بە دایکی هەموو ئیمانداران دەدات، گوێی لێ دەگرێت و بڵاوی دەکەیتەوە ؟ بەڵێ نەخێر

٦٦/ ئەوەی پێویستە کاتێ پارچە دەنگییەك دەبیسی جوێنی تێدایە : گوێی لێ بگرین و بڵاوی بکەینەوە یەکسەر بیسڕینەوە

٦٧/ کۆکردنەوەی ئەو پارچە دەنگییانە کە جوێندان یان گاڵتەی تێدایە رێگای :

سەلەفە دووڕووەکانە

٦٨/ هەڵگەڕانەوە بە هۆی جوێندان و گاڵتەکردنەوە، کارێکی زۆر مەزن و گەورەیە، هەندێ لە زانایان دەڵێن : تەوبە سوودی نییە بۆی، وە دەبێت سوڵتان بیکوژێت و نوێژ لەسەری ناکرێت و دوعای لێخۆشبوونی بۆ ناکرێت و لە گۆڕستانی موسڵمانەکاندا نانێژرێت: **راستە هەڵەیە**

٦٩/ ئەوەی جوێن دەدات ئەگەر وتی : تەوبەم کردووە، وە جارێکی تر گەڕایەوە بۆ جوێندان ئەمە بەڵگەیە لەسەر درۆکەی : **راستە هەڵەیە**

٧٠/ کەسی دووڕوو ئەگەر جوێن بدات دەڵێت : مەبەستم ئەوە نەبووە، ئەمە تەنها قسەی سەر زارەکییە : **راستە هەڵەیە**

٧١/ بەڵگەی راستگۆیی تەوبەی کەسی گاڵتەجار ئەوەیە دەڵێت : جوێندان و گاڵتەکردن کوفرە و خۆم بەری دەکەم لێی لای خوای گەورە: **راستە هەڵەیە**

٧٢/ ئەو کەسەی گوێبیستی جوێندانەکە یان گاڵتەکردنەکە دەبێت و ئینکاری لێ ناکات یان هەڵناسێت ئەوا حوکمی وەکو ئەوانە : **راستە هەڵەیە**

٧٣/ شەیتان رەنگە چەند درەگایەکی خەیرت لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی بتخانە ناو کوفرەوە، جا ئەم پیاوە لە تەبوک بووە کەچی توشی ئەوە بوو : راستە هەڵەیە

٧٤/ سوود لە فەرموودەی گاڵتەجارەکە ووەردەگرین : کوفری ئەو کەسەی گاڵتە بە هاوەڵان دەکات : (راستە هەڵەیە) چونکە تانەدان لەوان تانەدانە لە (خوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دین هاوەڵان هەمووی)

٧٥/ هەرکەسێ لێبوردنەکەی فەساد بە دوای خۆیدا بهێنێت نەک چاکسازی ئەوا (تاوانبارە تاوانبار نابێت) بەم لێبوردنە.

٧٦/ ئەگەر مرۆڤ نیعمەتەکانی داوە پاڵ کارەکەی یان کەسابەتەکەی خۆی ئەوا شیرکی تێدایە لە جۆری (پەروەردگارێتی بەندایەتی) وە ئەگەر دایە پاڵ خوای گەورە بەڵام باوەڕی وابوو کەوا ئەو شایەنی ئەو نیعمەتەیە ئەوا جۆرێکە لە خۆ بە گەورە زانین (راستە هەڵەیە)

٧٧/ رازیبوون بە قەزای خوای گەورە کە کرداری خوایە (واجبیە واجیب نییە) وە قەزا لەسەر کراوەکە ئەگەر موصیبەت بوو ئەوا پێویست نییە پێی رازی بین (راستە هەڵەیە)

٧٨/ هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان کابرای کەچەڵ و گەڕ و نابینا لە داواکردنیان لە فریشتەکە (راستە هەڵەیە)

٧٩/ ناونان بە (عبدالمطلب): دروستە دروست نییە

٨٠/ ناونانی هەندێ گوڵ بە (عبَّاد الشمس) بەندەی خۆر : دروستە دروست نییە

٨١/ بازنەی بدە بە دەوری ئەو ناوەدا کە دروست نییە ناوی بنێین :

(عبدالمطلب – عبدالكعبة – عبد مناف – عبدالحسين – عبدالنبي – عبدالحارث – فرعون – خنزب – عاصية – سلطان السلاطين – سيدالناس – غلام علي – رب العالمين – الرحمن – الخالق – عبدالستار – عبدالنور – بطرس – جورج – سيدالسادات – ست النساء – عبدالناصر) .

٨٢/ ئەوە هاتووەتە ناو موسڵمانانەوە لە زیادەڕەوی رەوافیزەکان، ناونان بەوەی بەندایەتی لێ بە دی دەکرێت وەکو ئەوەی دەڵێن : (غلام علي) واتە (عبد علي) جا ئەوە بەندایەتی تێدا بە دی دەکرێت بۆ جگە لە خوا و ئەوەش شیرکە :

راستە هەڵەیە

٨٣/ وتنی ئەو کەسەی کە ناتوانێت تەصەروف بکات لە سامانی کەسانی تردا : من تەنها عەبدێکی پێسپێردراوم (عبد المأمور)م : دروستە دروست نییە

٨٤/ چیرۆکەکەی ئادەم و حەوا: راستە راست نییە

٨٥/ شەیتان ناوی (عبدالحارث)ی هەڵبژارد :

چونکە ئەوە ناوی ئەوە ئەمە راست نییە چونکە (الحارث) راستترین ناوەکانە

٨٦/ ناونان بە (الحارث) : دروستە دروست نییە

٨٧/ پێغەمبەران بەریبوونە لە شیرك بە یەکدەنگی زانایان، وە هەرکەسێك قسە بکات پێیان یان بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێت لەوانەوە رووبداوە ئەوە کەسێکی :

دووڕووە یەکتاپەرستە

٨٨/ داواکردن لە خوای گەورە بە ناوەکانی ئەوا داواکردنی :

پەرستنە داواکردنە هەمووی

٨٩/ کتێبی تەوحید :

کۆکەرەوەی هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدە تەنها تەوحیدی پەرستنی تێدایە

٩٠/ ئیلحاد (لادان) لە ناوەکاندا دابەش دەبێت بۆ : دوو بەش پێنج بەش

٩١/ ﴿وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ﴾ واتە :

بانگەوازیان ناکەین و بۆیان روون ناکەینەوە وازهێنان لە ڕێگاکەیان

٩٢/ ئیلحاد (لادان) لە ناو و صیفاتەکانی خوادا دابەش دەبێت بۆ :

١. .....

٢. .....

٣. .....

٤. .....

٥. .....

٥٢/ بەشی : ناگوترێت : سڵاو لە خوا (حەرامبوون)

بـــۆ؟

چونکە لە گەڵ حەقیقەتدا جیاوازە، خوای گەورە داوای لێ دەکرێت نەك داوای بۆ دەکرێت، ئەو بێ نیازە لە ئێمە، بەڵام بە صیفاتی کەمال ستایش دەکرێت .	چونکە لە نمونەی ئەم دوعایانە گومانی کەموکورتی لە حەقی خوادا بە دی دەکرێت، چونکە داوای سەلام بۆ هیچ شتێك ناکرێت ئیللا مەگەر دروست بێت پێی وەصف بکرێت، خوای گەورەش بێ گەردە لەو کەموکوڕیانە.

بەڵگەی یەکەم :

لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتوە لە (ابن مسعود)ەوە –رەزای خوای لێبێت– دەفەرموێ : ((كنا إذا كنا مع رسول الله(ﷺ) في الصلاة قلنا: السلام على الله من عباده، السلام على فلان وفلان، فقال النبي (ﷺ) : لا تقولوا : السلام على الله، فإن الله هو السلام).

واتا : ئێمە ئەگەر لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بوایەین لە نوێژەکانماندا دەمانگوت : سەلام لە خوای گەورە لەلایەن بەندەکانییەوە، سەلام لە فلان و فلان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : مەڵێن : سەلام لە سەر خوا، چونکە خوای گەورە خۆی سەلامە)

- **السلام :** ناوێکی سلبی ئەرێنییە، جا (سلبی) یە واتە مەبەست لێی نەفی کردنی خوای گەورەیە لە هەموو کەموکوڕییەك یان عەیبێك کە مرۆڤ بیری بۆ بچێت یان عەقڵ گومانی پێ ببات، جا خوای گەورە هیچ کەموکوڕییەکی تووش نابێت نە لە زاتیدا و نە لە صیفاتیدا و نە لە کرداریدا و نە لە ئەحکامەکانیدا، وە ئەرێنییە واتە سەلماندنی ئەم ناوەیە بۆی، وە ئەو صیفەتەش کە لە خۆی دەگرێت بریتییە لە سەلامەت بوون لە هەموو کەم و کوڕییەك.
- **السلام :** چەند مانایەکی هەیە :

سڵاوکردن : وەکو چۆن دەڵێن : سەلام بکە لە فلان کەس.	سەلامەت بوون لە هەموو کەمو کوڕی و ئافاتێك، وەکو ئەوەی بڵێین : (السلام عليك أيها النبي) (ﷺ).	السلام : ناوێکە لە ناوەکانی خوا .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری (السلام) وەکو ناوێك لە ناوەکانی خوا : واتە سەلامەت و بێ گەردە لە هەموو کەموکوڕییەك و عەیبێك .

دووەم : مانای سڵاوکردنە .

سێیەم : بۆ خوای گەورە ناوترێت و بەکارناهێنرێت (جا ئەگەر وابێت ئەوا حەرامە)

چوارەم : هۆکاری ئەوە (چونکە خوای گەورە خۆی سەلامە)

پێنجەم : هاوەڵانی فێری ئەو سەلامە کردووە کە بۆ خوای گەورە دەگونجی و بە کاردەهێنرێت.

٥٣/ وتنی (خودایە لێم خۆشبە ئەگەر ویستت لەسەرە) حەرامبوونی ئەو بەدەرهێنانە (استثناء)ە لە دوعادا .

ئەم بەشە کەمالی دەسەلاتی خواو سەخاوەت و فەزڵی روون دەکاتەوە، ئەوەی قەدەغەیە لەم بەدەرهێنانە :

هەست بەوە دەکرێت کەوا خوای گەورە کەسێك هەیە ناچاری دەکات، کارەکەش وا نییە .	هەست بەوە دەکرێت کەوا ئەم کارە زۆر گەورەیە لەسەر خوا و قورسە لەسەری و ناتوانیت بیکات، کارەکەش وانییە .	هەست بە بێ نیازی مرۆڤەکانی تێدا دەکرێت لە خوای گەورە، ئەمەش شیاو و ئەدەب نییە .

بەڵگەی یەکەم :

لە فەرموودەیەکی (صحیح) دا لە (ابو هريرة)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لا يقل أحدكم : اللهم اغفر لي إن شئت، اللهم ارحمني إن شئت، ليعزم المسألة، فإن الله لا مكره له) .

ولمسلم : وليعظم الرغبة، فإن الله لا يتعاظمه شيء أعطاه) واتە :بە یەکێکتان نەڵێت: خودایە لێم خۆشبە ئەگەر ویستت لێیەتی، خودایە رەحمم پێ بکە ئەگەر ویستت لێیەتی، با مەسەلەکە یەکلا بکاتەوە و سوور بێت لەسەری، چونکە خوای گەورە هیچ کەسێك نییە ناچاری بکات بۆ هەر کارێك) وە لە (مسلم)دا هاتووە : وە با ویست و حەزەکانی گەورە بکاتەوە، چونکە خوای گەورە هیچ شتێکی لا گەورە نییە، ئەگەر بیەوێ بیبەخشێ)

ئەو هەڵواسینەی دوعا بە کارێکەوە لە دوعای (استخارة)دا هاتووە هەڵواسینێك نییە بە ویستەوە، بەڵکو دەربارەی کارێکە لای من نەزانراوە، نازانم ئەو کارە بۆ من خەیر و چاکە یان نا ؟ هەروەها لەو فەرموودەدا کە دەفەرموێت : (أحيني ما كانت الحياة خيرا لي) واتە : خودایە بمژێنە ئەگەر ژیان بۆ من باشترە))

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهیکردن لە بەدەرهێنان (استثناء) لە دوعادا.

دووەم : روونکردنەوەی هۆکاری ئەوە .

سێیەم : مەبەست لە (وليعزم المسألة) ئەگەر داوات کرد سوورببە لەسەر مەسەلەکە و دوودڵ مەبە.

چوارەم : گەورەکردنی حەزەکان (واتە : داوای ئەوە دەکات کە حەزی لێیەتی و دێتە خەیاڵیدا، هیچ شتێك ڕێگر نییە لەوەی خوای گەورە پێی ببەخشێت)

پێنجەم : باسی هۆکاری ئەم بابەتە :

١. بۆ روونکردنەوەی بەرزی و بەڕێزی شەریعەت .

٢. زیادبوونی دڵنیارامی مرۆڤ

٣. قیاس ئەگەر هاتوو مەسەلەکە لە ئەحکامەکاندا بوو .

٥٤/ بەشی : نالێت : عەبدەکەم و کەنیزەکەکەم

حوکمی وتنی : عەبدەکەم یان کەنیزەکەکەم

بیداتە پاڵ خۆی : ئەمەش دوو شێوەی هەیە :

ئەگەر بیداتە پاڵ جگە لە خۆی : وەکو ئەوەی بڵێت : (عەبدەکەی فلان) یان (کەنیزەکەکەی فلان) ئەوا دروستە .

بە شێوازی هەواڵدان : وەکو ئەوەی کەسێك بڵێت: خواردنم دا بە عەبدەکەم یان عەبدەکەم ئازاد کرد، ئەمەش وردەکاری تێدایە :

بە شێوازی بانگ کردن بێت : وەکو ئەوەی دەڵێت : ئەی عەبدەکەوە ، جا ئەمە نەهی لێکراوە .

ئەگەر لە پاش ملەی عەبدەکە یان کەنیزەکەکە بوو ئەوا دروستە .

ئەگەر لە پێش عەبدەکە یان کەنیزەکەکە وتی، تەماشا دەکەین ئایە هیچ مەفسەدەیەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت پەیوەست بێت بە عەبدەکەوە یان گەورەکەوە، ئەگەر مەفسەدەکە بوو ئەوا رێگری دەبین ئەگەر نەبوو ئەوا دروستە.

بەڵگەی یەکەم :

وە لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتوە لە (ابو هریرة)– رەزای خوای لێبێت– کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (لا يقل أحدكم : أطعم ربك وضئ ربك و ليقل : سيدي و مولاي و لا يقل أحدكم : عبدي و أمتي و ليقل : فتاي و فتاتي و غلامي) واتە : با یەکێکتان نەڵێت : خواردن بدە بە خاوەنەکەت (ربك) یان ئاوی دەستنوێژ ئامادە بکە بۆ خاوەنەکەت (ربك)، با بڵێت : گەورە و مەولام و با یەکێکتان نەڵێت : عەبدەکەم و کەنیزەکەم و با بڵێت : (فتاي و فتاتي و غلامي).

- (لا يقل أحدكم : أطعم ربك وضئ ربك) : چونکە سنوور بەزاندنی تێدایە لە لایەنی پەروەردگاریێتی .
- (و ليقل : سيدي و مولاي) : ئەم دواندنە بۆ عەبدە، ئەمەش بۆ واجیب بوون نییە بەڵکو لە بەشی ڕێنوێیی حەڵاڵە، چونکە زانایان دەفەرموون : ئەگەر کارێك لە بەرانبەر شتێکی قەدەغەکراو هات ئەوا مەبەست لێی دروستی کارەکەیە، وە هەر لە نمونەی ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَٱصْطَادُواْ﴾
- (و لا يقل أحدكم) : نەهی یان بۆ حەرامبوونە یان بۆ کەراهەتە، بۆ ئەوەی گومانی ئەوە نەبرێت کە مەبەست لێی ئەو بەندایەتیەیە کە تەنها بۆ خوای گەورەیە، (عبدي) بۆ کورِە (أمتي) بۆ کچە .
- (و ليقل : فتاي و فتاتي و غلامي) : ئەم دواندنە بۆ کەسی خاوەندارە (سید)ە، بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کەوا ئەگەر شەرعی خوا درەگایەکی حەرام دابخات ئەوا دەرگایەکی دروست و جائز دەکاتەوە، هەروەها بەڵگەی ئاگاداربوون لە جێبەجێ گەیاندنی تەوحیدی تێدایە تەنانەت لە گفتارەکاندا .

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهی لە وتنی (عەبدەکەم کەنیزەکەم)

دووەم : عەبدەکەش نالێت : (ربي) وە پێی ناگوترێت (أطعم ربك)

سێیەم : فیرکردنی کەسی یەکەم بە وتنی : (فتاي و فتاتي وغلامي)

چوارەم : فیرکردنی کەسی دووەم بە وتنی : (سيدي و مولاي)

پێنجەم : ئاگادار کردنەوە لە مەبەستەکە، ئەویش جێبەجێ گەیاندنی تەوحیدە تەنانەت لە گفتارەکاندا.

٥٥/ بەشی : هیچ کەسێك ناگێڕدرێتەوە ئەگەر بە ناوی خوا داوای کرد (حەرامبوون یان کەراهەت)

بەشەکانی داواکردن بە ناوی خواوە :

داواکردن بە ناوی خودی خواوە (واتە: بەکارهێنانی وشەی (اللە)ی تێدابێت): وەکو ئەوەی بڵێت : داوات لێ دەکەم بە ناوی خوا.

داواکردن بە شەرعی خوا : واتە : داوای شتێك دەکات کە شەرع حەڵاڵی کردووە وەکو ئەوەی هەژارێك داوای صەدەقە دەکات .

ئایە دروستە مرۆڤ داوای بکات بە ناوی خواوە یان نا ؟

داواکردن خۆی لە خۆیدا مەکروهە یان حەرامە ئیللا بۆ پێویستییەك یان زەرورەت نەبێت، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەی لە هاوەڵانی وەرگرت کەوا داوای هیچ شتێك لە خەڵکی نەکەن، بەڵام هاتنە دەم کەسی داواکارەوە ئەوا لە یەکێك لەم بەشانەدا خۆی دەبینێتەوە، داواکارییەکە یان :

تەنها داواکارییەك : وەکو ئەوەی بڵێت : ئەی فلان پێم بدە، جا ئەگەر هاتوو لەو شتانە بوو کە شەرع حەڵاڵی کردووە ئەوا پێی دەدەیت .

بە ناوی خواوە : ئەوا ئەم کەسە وەڵامی داواکەی دەدەیتەوە هەرچەندە شایستەش نەبێت، چونکە بە ناوی مەزنێکەوە داوای کردووە، بۆیە وەڵامدانەوەی بە مەزن زانینی ئەو مەزنەیە، بەڵام ئەگەر داواکەی تاوان بوو یان لە وەڵامدانەوەیدا زەرەرێك هەبوو بۆ کەسی داواکراو ئەوا وەڵام نادرێتەوە.

بەڵگەی یەکەم :

لە (ابن عمر) ەوە –ڕەزای خوا لە خۆی و باوکی بێت – دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (من أستعاذ بالله فأعيذوه، ومن سأل بالله فأعطوه، وَمَنْ دَعاكُمْ فأجِيبُوهُ، وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفاً فَكَافِئُوهُ، فإنْ لَمْ تَجِدُوا ما تُكافِئُونَهُ فادْعُوا لَهُ، حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كافَأْتُمُوهُ)رواه أبو داود والنسائي بسند صحيح .

واتە : هەرکەسێ داوای دالّدەی لێ کردن بە ناوی خواوە ئەوا دالّدەی بدەن، وە هەرکەسێ داوای لێکردن بە ناوی خواوە ئەوا پێی ببەخشن، وە هەرکەسێ دەعوتی کردن وەلّامی دەعوەتەکەی بدەنەوە، وە هەرکەسێ چاکەیەکی بۆ کردن ئەوا پاداشتی بدەنەوە، وە ئەگەر هیچ شتێکتان نەبوو پاداشتی پێ بدەنەوە ئەوا دوعای بۆ بکەن تاوەکو وا دەبین کە پاداشتتان داوەتەوە) .

- (فأعيذوه) : ئیللا مەگەر داوای دالّدەتان لێ بکات لە شتێکدا کە واجیبە بە سەرییەوە، یان هاوکاری کردن لە سەر تاوان و دوژمنایەتی .

ئایە وەلّامدانەوەی ئەو کەسەی دەعوەتت دەکات حەقی خوایە یان حەقی مرۆڤەکانە ؟

حەقی مرۆڤەکانە، بۆیە ئەگەر داوای لێبوردنت کرد لەو کەسەی دەعوەتت دەکات کەوا تو ناتوانیت ئامادە بیت و ئەویش ڕازی بوو، ئەوا تاوانبار نابیت، بەلّام واجیب کراوە بە فەرمانی خوای گەورە، بەلّام ئەگەر داوای لێبوردنەکەی قبولّ کرد لە کاتێکدا شەرمی لێت کرد و ڕووگیر بوو، وە لە ناخەوە ڕازی نەبوو، ئەوا نابێت واز لەو دەعوەتییە بهێنی .

- (فأجيبوهُ) : مەبەست لە دەعوەت کردن ئەوەیە کە بۆ ڕێزە نەك بانگەواز کردن، وە جمهوری زانایان لە گەلّ ئەوەدان کە وەلّامی ئەو کەسەی

دەعوەتت دەکات موستەحەببە ئیللا دەعوەتی هاوسەرگیری نەبێت، ئەویش واجیبە بە شەش مەرج :

١. ئەو کەسەی دەعوەتت دەکات یەکێک نەبێت لەوانەی کە واجیبە یان سوننەتە هەجری بکەیت .

٢. لە جێگای دەعوەتییەکە شتی مونکەر و خراپ نەبێت، ئەگەر هەبوو، ئەگەر توانی لایبات ئەوا واجیبە وەلامی دەعوەتییەکە بداتەوە، وەکو وەلامدانەوەی دەعوەتییەکەو گۆڕینی خراپەکارییەکە.

٣. ئەوەی دەعوەتییەکە دەکات دەبێ موسڵمان بێت، ئەگەر نا واجیب نابێت.

٤. کەسەکە لە ڕێگای حەرامەوە پارەی پەیدا نەکردبێت .

٥. وەلامدانەوەی دەعوەتییەکە نەبێتە هۆی وازهێنان لە واجبێک یان شتێک لەو واجیبتر بێت.

٦. نەبێتە هۆی زەرەرێک بۆ ئەو کەسەی دەعوەت دەکرێت، وەکو سەفەر یان جیابوونەوە لە کەسوکاری کە پێویستیان پێیەتی .

ئایە ئەو کارتانەی دابەش دەکرێت جێی دەعوەتی دەگرێتەوە کە بە زار دەگوترێت ؟

ئەگەر زانرا یان گومانت زاڵ بوو کەوا ئەو کەسەی بۆی نێردراوە مەبەست لێی ئەوە ، ئەوا حوکمی دەعوەتی بە زارەکی هەیە .

(فَكَافِئُوهُ) : پاداشت دانەوە دوو سوودی هەیە :

١. هاندانی چاکەکارانە بۆ بەردەوامبوون لە چاکەکردن .

٢. شکانەوەی ئەو زەلیلییەی بە هۆی ئەو چاکەیەی لە گەلێدا کراوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : دالّدەدانی ئەو کەسەی بە ناوی خواوە داوای دالّدە دەکات (هەرکەسێ بە ناوی خواوە داوای دالّدەی کرد واجیبە دالّدە بدرێت، ئیللا مەگەر داوای دالّدە بکات لە شتێکدا واجیبە، ئەنجامدانی یان وازلێهینانی، ئەو کات دالّدە نادرێت .

دووەم : ئەو کەسەی بە ناوی خواوە داوا دەکات پێ بدرێت.

سێیەم : وەلّامدانەوەی دەعوەتی .

چوارەم : پاداشت دانەوە لەسەر ئەنجامدانی کارێك (واتە : لەسەر ئەوەی کەسێك کارێکی چاکت بۆ دەکات).

پێنجەم : دوعاکردن پاداشتی ئەو کەسانەیە کە ناتوانن پاداشت بدەنەوە تەنها بەو شێوە نەبێت (چونکە ئەوە پاداشتێکە بۆ ئەوە، وە یان کەسی چاکەکار وا باوە کە پاداشت نادرێتەوە).

شەشەم : مەبەست لە : (حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كافأْتُمُوه) : کەمتەرخەمی ناکات لە دوعاکەیدا، بەلّکو بەردەوام دوعا دەکات تاوەکو دەزانێت یان گومانی ئەوە دەبات کە پاداشتی داوەتەوە)

٥٦/ بەشی : داوا هیچ شتێك ناکرێت بە روخساری خوا ئیللا بەهەشت نەبێت

مانای ئەم ناونیشانە :

واتە : داوا لە هیچ کەسێك مەکە بە روخساری خوا، چونکە هیچ کەسێك توانای بەخشینی بەهەشتی نییە .

یان : ئەگەر داوات کرد بە روخساری خوا ئەوا داوای بەهەشت بکە، وە داوای هیچ شتێك لە کاروباری دونیا مەکە .

ئەمەش بەڵگەی مەزنی و گەورەیی روخساری خوای تێدایە، کەوا داوا بە روخساری خوا ناکرێت ئیللا بەهەشت نەبێت یان ئەو ڕێگایەی بەرەو بەهەشتت دەبات.

بەڵگەی یەکەم :

لە (جابر)ەوە –ڕەزای خوای لێبێت– هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (لا يُسأل بوجه الله إلا الجنة) رواه أبو داود واتە : بە روخساری خودا داوای هیچ شتێك ناکرێت تەنها بەهەشت نەبێت)

(بوجه الله) : سەلماندنی (روو – روخسار)ی تێدایە بۆ خوای گەورە، ئەوەش لە قورئان و سوننەت و ئیجماعدا سەلمێنراوە، روالّەتی فەرموودەکە روخسارێکی ڕاستەقینەیە لە روخساری دروستکراوەکان ناچێت .

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهی هاتووە لە داواکردنی هەر شتێك بە روخساری خواوە ئیللا مەگەر ئەوپەڕی داواکارییەکان بێت کە بەهەشتە (هەر لە ئەدەب نواندنە داوای هیچ شتێك نەکەیت بە روخساری خوا ئیللا ئەوەی لە کاروباری دوارۆژ نەبێت، ئەویش : بە دەستهێنانی بەهەشتە یان دوور کەوتنەوەیە لە ئاگر).

دووەم : سەلماندنی صیفەتی (الوجه) روخسار بۆ خوای گەورە .

حوکمی داواکردن لە صیفەتێك لە صیفەتەکانی خوا :

دروست نییە داوا لە صیفەت بکەیت، وەکو ئەوەی بڵێت : ئەی رەحمەتی خوا، ئەی روخساری خوا، ئەی عیززەتی خوا، ئەمە دوعایەکی تازەیە و لە دەقەکاندا نەهاتووە، وە لە سەلەفەوە نەهاتووە، شیخ الاسلام فەرموویەتی : (ئەوە کوفرە)

٥٧/ بەشی : ئەو بەڵگانەی دەربارەی (لو – ئەگەر) هاتوون (وردەکاری تێدایە)

بەشەکانی بەکارهێنانی وشەی (لو – ئەگەر) لە گەڵ حوکمەکەیدا :

حەرامە و رەنگە خاوەنەکەی بەرەو کوفر ببات : لە جێگایەکدا کە بەرنگاری شەرعی پێ بکرێتەوە :

﴿لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا﴾ :

دووڕووەکان بەرنگاری شەرعەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوونەوە، وتیان : ئەگەر گوێڕایەڵی ئێمەیان بکردبایە و هەروەکو ئێمە چۆن گەڕاینەوە ئەوانیش بگەڕیانەتەوە ئەوا نەدەکوژران، بۆیە لە شەرعەکەی ئەو باشترمان دەستکەوت .

حەرامە : لە جێگایەکدا کە بەرنگاری قەدەری پێ ببێتەوە :

﴿لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟﴾ : واتە : ئەگەر ئەوان بمایەنەتەوە ئەوا نەدەکوژران، جا ئەوان بەرنگاری قەدەری خوا بوونەوە .

حەرامە : ئەگەر هاتوو بۆ پەشیمانی و حەسرەت بێت :

((لو أني فعلتُ كذا لكان كذا و كذا)) واتە : ئەگەر ئەو کارەم بکردایە ئەوا بەم شێوە و بەو شێوە ڕووی دەدا) چونکە پەشیمانی وا لە خاوەنەکەی دەکان تووشی دڵتەنگی و سنگ تەنگی بێت، لە کاتێکدا خوای گەورە دەیەوێت ئێمە هەردەم سنگمان فراوان بێت .

حەرامە : بەکار بهێنرێت بۆ بیانوو هێنانەوە بۆ سەرپێچییەکان :

﴿لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا﴾ : ئەمەش پوچەڵ و ناڕەوایە، بەڵام دروستە قسەدەر بکرێتە حوججە لەسەر موصیبەتەکان نەك لەسەر سەرپێچییەکان، بەوەش دەزانرێت کە بەندەکە تەوبە دەکات و واز لە سەرپێچییەکە دەهێنێت.

ئەگەر هاتوو لە خێردا بوو ئەوا خێرە و ئەگەر هاتوو لە شەڕدا بوو ئەوە شەڕە، کاتێ بۆ ئاوات خواستن بە کار بهێنرێت .

((لو أنَّ لِي مالاً لعملت بعمل فلان) واتە : ئەگەر پارەم هەبوایە ئەوا وەکو فلّان کەس کارم دەکرد لە کردەوەی چاکە و خێر)) جا ئەم کەسە خۆزگەی چاکەی خواست بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((فهو بنيته، فأجرهما سواء)) واتە : جا ئەو کەسە خۆی و مەبەستەکەی، وە پاداشتیان وەکو یەکە) کەچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو کەسەی فەرموو کە خۆزگەی خراپەی دەخواست : ((فهو بنيَّته، فوزرهما سواء)) واتە : جا ئەو خۆی مەبەستەکەی، وە تاوانەکەیان وەکو یەکە) .

دروستە : مەبەست لێی تەنها هەوالّ بێت :

((لَوْ اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ مَا سقتُ الهدي)) واتە :، ئەگەر ئێستام ئەوسا بوایە منیش حەیوانی دیاری بەیتم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا) ئەمە هەواڵە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆزگە بە شتێك ناخوازێت خوای گەورە تەقدیری دژەکەی کردبێت، ئەمە وەکو ئەوەیە بڵێیت : ئەگەر ئامادەی دەرسەکە بوایەیت ئەوا سوودت وەردەگرت .

بەڵگەی یەکەم تا سێیەم :

١/ خوای گەورە فەرموویەتی :﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا ۗ﴾

٢/ خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ﴾

٣/ لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە لە (ئەبو هورەیرە)وە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((احرص على ما ينفعك، واستعن بالله – عز وجل – ولا تعجزن، وإن أصابك شئ فلا تقلْ : لو أني فعلت كذا لكان كذا و كذا، ولكن قل : قدر الله وما شاء فعل، فإن لو تفتح عمل الشيطان)) واتە: سووربە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیەو پەنا بە خوا بگرەو تەمبەڵ و تەوەزەل مەبەو ئەگەر شتێکت تووش هات ئەوا مەڵێ : ئەگەر وام بکردایە ئەوا ئەوەو ئەوە رووێدەدا، بەڵکو بڵێ : خوای گەورە ئەوەی ویستی لێبوو و تەقدیری بوو کردی، چونکە وشەی ئەگەر (لو) دەرگاو کارەکانی شەیتان دەکاتەوە)

- ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلْأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَٰهُنَا ۗ﴾ : ئەمە لە ناڕەزایی دووڕووەکانە بەرانبەر بە شەرعی خوا، چونکە گلەییان کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بێ رازیبوونی ئەوان دەرچوو بۆ جیهاد .
- وە دەکرێت ناڕەزایی بێت بەرانبەر بە قەدەر بە مانای ئەوەی : دەرنەچوین بۆ ئەوەی بکوژرێین .
- ﴿ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ ۗ﴾ : ئەمە نارازیبوونی تێدایە بەرانبەر بە ئیمانداران و بەرانبەر بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، وە تەمبەڵی و تەوەزەلی لە جیهاد کردندا .

- هەرکەسێك ناڕازی بێت بەرانبەر بە قەدەر ئەوا خوای گەورەی بە خوای خۆی نەزانیوە و تەوحیدی جێ بەجێ نەکردووە .
- **ئەم فەرموودە چەند سوودێکی تێدایە لەوانە :**

١. سوورببوون لەسەر ئەوەی سوود دەگەیەنێت و دوور کەوتنەوە لەوەی زەرەر دەگەیەنێت .

٢. پەنا بە خوا گرتن .

٣. بەردەوام بین لەسەر کارەکە و بێ دەسەڵاتی نەنوێنین، ئەم پلەیانە بۆ خۆتە .

٤. ئەگەر بە جیاواز لە مەبەستەکە رووبدا ئەوا بۆ تۆ ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە بە قەدەری خوا بووە، بۆیە کارەکە بگێڕەوە بۆ لای ئەو .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری دوو ئایەتەکەی سورەتی آل عمران (یەکێکیان نارازیبوونە بەرانبەر بە شەرع و دووەمیان نارازیبوونە بەرانبەر بە قەدەر) .

دووەم : نەهی ئاشکرا هاتووە دەربارەی وتنی (ئەگەر من ...) کاتێ شتێکت تووش بوو .

سێیەم : باسکردنی هۆکاری بابەتەکە ئەویش ئەوەیە کە دەرگای کار و کرداری شەیتان دەکاتەوە (بۆیە مرۆڤ توشی حەسرەت دەبێت و پەشیمان دەبێتەوە).

چوارەم : رێنمویی کردن بۆ وتنی گفتاری باش (خوای گەورە ئەوەی ویستی لێبوو و تەقدیری بوو کردی) .

پێنجەم : فەرمان کردن بە سوور بوون لەسەر ئەوەی سوود دەگەیەنێت، لە گەڵ پشت بەستن بە خوای گەورە .

شەشەم : نەهیکردن لە دژەکەی، ئەویش بێ دەسەڵاتی و تەمبەڵی و سستییە لەسەر ئەنجامدانی شتێك، چونکە ئەوە لە توانای مرۆڤدایە .

٥٨ / بەشی نەهیکردن لە جوێندان بە (با) (رازییوون بە قەزا)

بەڵگەی یەکەم :

لە (أبي بن كعب)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا تسبوا الريح، فإذا رأيتم ما تكرهون فقولوا : اللهم إنا نسألك من خير هذه الريح، وخير ما فيها، وخير ما أُمِرَتْ به، ونعوذ بك من شر هذه الريح، وشر ما فيها، وشر ما أُمِرَتْ به) (صححه الترمذي) واتە : جنێو بە (با) مەدەن، جا ئەگەر شتێکتان بینی پێتان ناخۆش بوو ئەوا بڵێن : ئەی خودایە ئێمە داوای چاکەی ئەم (با)یەت لێدەکەینو چاکەی ئەوەی تێیدایەو چاکەی ئەوەی فەرمانی پێکراوە و پەنات پێدەگرین لە خراپەی ئەم (با)یەو خراپەی ئەوەی تێیدایەو خراپەی ئەوەی فەرمانی پێکراوە) .

- جوێندان بە (با) وردەکاری تێدایە، هەر وەکو ئەوەی لە باسی رۆژگاردا کردمان، وە نوسەر لێرەدا بە بەشێکی سەربەخۆ داینـاوە چونکە زۆر روودەدات، وە لەشەرعدا نەهی کراوە لە جوێندان و لەعنەت کردن بە گشتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَيْسَ المُؤْمِنُ بالطَّعَّانِ وَلا اللَّعّان وَلا الفاحِشِ وَلا البَذيء)) واتە : ئیماندار کەسێکی تانەدەر و نەفرەت فرۆش و بەد رەوشت و زمان پیس نییە) .
- هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا يَكُونُ اللَّعَّانُونَ شُفَعاءَ وَلا شُهَدَاءَ يَوْمَ القِيامَةِ)) واتە : لەعنەت فرۆشەکان نابنە شەفاعەتکار و شاهید لە رۆژی قیامەتدا)).
- وە دەربارەی جوێندان بە موسڵمان دەفەرموێت (ﷺ): ((سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ)) واتە : جوێندان بە موسڵمان خراپەکارییە و کوشتاریشی کوفرە).

- وە دەربارەی جوێندان بە مردووان دەفەرموێت (ﷺ): ((لا تَسُبُّوا الأَمْوَاتَ فَإِنَّهُمْ قَدْ أَفْضَوْا إِلَى مَا قَدَّمُوا)) واتە : جوێن بە مردووەکان مەدەن چونکە ئەوان گەیشتنە ئەوەی پێشیان خست))
- وە دەربارەی جوێندان بە وڵاخ و ئاژەڵ دەفەرموێت (ﷺ): ((لا تُصَاحِبُنا ناقَةٌ عَلَيْها لَعْنَةٌ)) واتە : وشترێکی لەعنەت لێکراو نابێت لە گەڵماندا بێت – لەسەفەرەکەماندا–))
- وە دەربارەی جوێندان بە (تا) دەفەرموێت (ﷺ): ((لا تَسُبُّوا الحُمَّى)) واتە : جوێن بە (تا) مەدەن))

مەسەلەکان :

یەکەم : نەهێکردووە لە جوێندان بە (با) (نەهی حەرامبوونە، چونکە جوێندان بە (با) جوێندانە بەو کەسەی دروستی کردووە و ناردوویەتی)) .

دووەم : ڕێنمویی کردن بۆ وتنی قسەی سوود بەخش ئەگەر کەسێك شتێکی بینی پێی ناخۆش بوو (لەوانە، دەڵێت : (ئەی خودایە من داوای .....)، ئەمجار هۆکارە مادییەکانیش دەگرێتەبەر، وەکو خۆ پاراستن لێی بە دیوار یان هەرشتێکی تر).

سێیەم : ڕێنمویی کردن بۆ ئەوەی کە ئەو (با)یەش فەرمان پێکراوە .

چوارەم : ئەو (با)یە ڕەنگە فەرمانی پێکرابێت بە خەیر، وە ڕەنگە فەرمانی پێکرابێت بە شەڕ.

دەرئەنجام : پێویستە مرۆڤ نارازی نەبێت بەرانبەر بە قەزا و قەدەری خوای گەورە، وە جوێنی پێ نەدات، وە پێویستە ملکەچی فەرمانە گەردوونیەکانی خوای گەورە ببێت هەروەکو چۆن ملکەچی فەرمانە شەرعییەکانی دەبێت، چونکە ئەم دروستکراوانە ناتوانن هیچ شتێك بکەن ئیللا بە فەرمانی خوای گەورە نەبێت) .

٥٩/ بەشی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ﴾

- ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ﴾: واتە (دووڕووەکان) گومانی نەفامەکان، کە کەسی گومانکار ڕێز و گەورەیی خوای نەدەزانی، جا ئەو گومانە گومانێکی باتڵە و لەسەر نەزانین بنیات نراوە، وە گومان بردن بە خوا دوو جۆرە :

١/ گومانی باش بە خوای گەورە ببات، وە ئەوانەی پەیوەستن پێوە :

أ. ئەوانەی پەیوەستن بەوەی لەم گەردوونەدا ئەنجامی دەدات، ئەوا پێویستە گومانی باش بە خوای گەورە ببەیت .

ب. ئەوانەی پەیوەستن بەوەی بە تۆی دەکات، پێویستە بەو پەڕی گومانی باش گومانی باش بە خوای گەورە ببەیت، بە مەرجێك ئەوەی گومانی باش پێویست دەکات هەتبێت کە ئەویش : ئیخلاّص و شوێنکەوتنە .

٢/ گومانی خراپ بۆ خوای گەورە ببات : بۆ نمونە گومانی ئەوە ببات لە کردارەکانی خوادا نەفامی یان ستەم یان نمونەی ئەوانە هەیە، جا ئەوە لە گەورەترین حەرامکراوەکانە و ناشرینترین تاوانەکانە، هەروەکو دووڕووەکان و نمونەی ئەوان گومانی ناحەقیان برد .

بەڵگەی دووەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِۚ عَلَيۡهِمۡ دَآئِرَةُ ٱلسَّوۡءِۖ﴾

مەبەست لەوانە دووڕووەکان و موشریکەکانە، جا خراپەکاری لە هەموو لایەکەوە دەورەی داون .

پێشەوا (ابن القیم) لە تەفسیری ئایەتی یەکەمدا فەرموویەتی :_ (ئەم گومانە تەفسیر کراوە بەوەی خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەر ناخات و کارەکە نامێنێ و لەناو دەچێ، هەروەها تەفسیر کراوە کەوا ئەوەی تووشی ئەوان هات بە قەدەری خواو حیکمەتی ئەو نەبووە، جا تەفسیر کراوە بەئینکار کردنی حیکمەت و ئینکار کردنی قەدەرو ئینکاری ئەوەی خوای گەورە کاری پێغەمبەرەکەی(ﷺ) تەواو بکات و دینەکەی سەربخات بەسەر هەموو دینەکاندا، ئەمەش گومانی خراپە کە دووڕووەکان و موشریکەکان گومانیان بەخوا دەبرد لەسورەتی (الفتح)دا، ئەمەش گومانی خراپە، چونکە ئەوە گومانێکە و لایەقی خوای گەورە نییەو لایەقی حیکمەت و ستایش و بەڵێنی ڕاستی ئەو نییە، هەرکەسێ وابزانێ کەخوای گەورە ناهەق زاڵ دەکات بەسەر حەقدا بەزاڵ بوونێکی بەردەوام تاوای لێ بێت حەقەکە لەگەڵیدا لەناو بچێت و نەمێنێ، یان ئینکاری بکات لەوەی ئەوەی ڕوویداوە بە قەزاو قەدەری خوای گەورە نییە، یان ئینکاری ئەوەی کرد کەقەدەرەکەی بۆ حیکمەتێکی تۆکمە نەبێ کە لایەق و شایستەی ستایش و حەمدی ئەو بێت، بەڵکو ئەوە تەنها لەبەر ویستێك بووە، جا ئەوە گومانی ئەوانەیە کە کوفریان کرد، بۆیە وەیل بۆ ئەو کەسانە کە کوفریان کرد بە ئاگرێك، زۆربەی خەڵکی گومانی ناهەق بەخوا دەبەن بەگومانێکی خراپ بەوەی تایبەتە بە خۆیان و بەوەی لەگەڵ جگە لەخۆیان دەکرێ، وەهیچ کەسێك لەوە سەلامەت نابێ ئیللا کەسێك خوای ناسی بێت و ناوو صیفەتەکانی خوای ناسی بێت کە واجبی حیکمەت و ستایشی ئەو دەکات، بۆیە با کەسی ژیر و ئامۆژگاریکار وریای خۆی بێت لەمەدا، با تەوبە بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خوا، با داوای لێخۆشبوون بکات لە خوای گەورە لەو گومان خراپ بردنە بە خوای گەورە .

ئەگەر بپشکنیت ئەوانەی دەتەوێ بیپشکنیت، دەبینی ئینکاری و عینادی هەیە بەرامبەر بەقەدەر و لۆمەی دەکات، وەپێشنیاری ئەوە دەکات جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی ڕوویداوە، وەباوەڕی وایە کەئەبوایە وابوایەو وابوایە، جا هەیە بە زۆری و هەیە بە کەمی، جا تۆش خۆت بپشکنە بزانە تۆ لەوە سەلامەتی ؟

فان تنج منها تنج من ذي عظيمة والا فإني لا إخالكَ ناجياً

- ئەمە قسەی (ابن القيم) – رەحمەتی خوای لێ بێت – لە (زاد المعاد) باسی کردووە لە پاش غەزای ئوحود لە ژێر ناونیشانی ئەو حیکمەت و مەبەستە چاکانەی تێیدا بوو، وە کورتەی ئەوەی باسی کرد دەربارەی گومانی خراپ :

١. گومانی وابێت کەخوای گەورە ناهەق زاڵ دەکات بەسەر حەقدا بەزاڵ بوونێکی بەردەوام تا وای لێ بێت حەقەکە لەگەڵیدا لەناو بچێت و نەمێنێ.
٢. ئینکاری بکات لەوەی ڕوویدا بە قەزاو قەدەری خوا بووە، ئایە چۆن لە دەسەلاتەکەی خوادا شتێك دەبێت کە ئەو نایەوێت ؟
٣. ئینکاری ئەوە بکات کەوا قەدەری خوای گەورە لەبەر حیکمەتێك بێت شایەنی ئەوە بێت ستایشی لەسەر بکرێت .

- وە پوختەی ئەوەی باسی کرد بۆ چارەسەری گومانی خراپ :

١. ناسینی ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە بە ناسینێکی حەق نەك ناسینێکی تەئویل و تەحریف .
٢. بایەخدانی کەسی ژیر بە ئەمە تاوەکو گومانی باش بە خوای خۆی دەبات، نەك گومانی خراپ و گومانی نەفامی .
٣. گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە بە تەوبەکردن لەو سەرپێچییانە کردوویەتی بۆ گوێڕایەڵی و داوای لێخۆشبوون .
٤. گومانی خراپ بە خۆت ببەیت، چونکە مرۆڤەکان جێگای کەموکورتی و خراپەکارین.

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی آل عمران : ﴿يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ﴾ وە راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دووڕووەکان .

دووەم : تەفسیری ئایەتەکەی سورەتی (الفتح) : ﴿ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوۡءِ﴾ وە راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ دووڕووەکان .

سێیەم : هەواڵدان بەوەی کە ئەوە چەندین جۆرە و حەصر ناکرێت (وە رێکخەرەکەی ئەوەیە کەوا گومان ببات بە خوای گەورە لایەقی ئەو نەبێت).

چوارەم : هیچ کەسێك لەوە پارێزراو نابێت ئیللا ئەو کەسە نەبێت کە ناو و صیفاتەکانی خوای گەورەی ناسی بێت و خۆیشی ناسی بێت (بۆیە بیپشکنە، لە راستیدا مرۆڤ خۆی جێگای کەموکورتی و خراپەکارییە، بەڵام خوای پەروەردگار جێگای کەمالی رەهایە کە بە هیچ شێوەیەك توشی کەموکورتی نابێت).

٦٠/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی ئەوانەی ئینکاری لە قەدەر دەکەن (کوفری گەورەیە)

- **قەدەر :** نهێنی خوای گەورەیە لە دروستکراوەکانیدا، وە هیچی دەربارەی نازانین تاوەکو روو دەدات، وە پەیوەندی بە تایبەتی ها بە تەوحیدی پەروەردگارێتییەوە، وە پەیوەندی ها بە تەوحیدی ناو و صیفاتەکانیشەوە، وە خەڵکی لە باسی قەدەردا بوونەتە سێ بەشەوە :

١/ گرووی (الجبریة) : قەدەریان سەلماند و زیادەڕەوییان تێدا کرد، تاکو گەیشتە ئەوەی توانا و هەڵبژاردە لە عەبد دامالێن، وتیان : مرۆڤ هیچ هەڵبژاردە و توانایەکی نییە .

٢/ گرووی (القدریة المعتزلة) : هەڵبژاردە و توانایان بۆ عەبد سەلماند، وە زیادەڕۆییان کرد لەوەدا تاکو گەیشتە ئەوەی نەفی مەشیئەت یان دروستکردن بکەن بۆ خوای گەورە لە کرداری بەندەدا .

٣/ گرووی سێیەم ئەوانیش ئەهلی سوننە و جەماعەن : بەڵگەکانیان کۆکردووەتەوە و رێگای باشترینی ئەم میللەتەیان گرتووەتە بەر، بۆیە ئیمانیان بە قەزا و قەدەری خوای گەورە هێنا، وە مەشیئەت و ویستیان بۆ بەندە سەلماند کە پەیوەستە بە مەشیئەت و ویستی خوداوە .

ئیمان هێنان بە قەزا و قەدەر چەندین سوودی هەیە، لەوانە :

١. لە تەواوکاری تەوحیدی پەروەردگاریێتییە .
٢. وا لە خاوەنەکەی دەکات بە راستەوە پشت بە خوای گەورە ببەستێت .
٣. دڵەکان ئارام دەکاتەوە، ئەگەر زانیت ئەوەی تووشی تۆ بووە نەئەبوایە لێت لایبدایەو تووشت نەبوایە، ئەوەی تووشت نەبوو نەئەبوایە تووشت ببێت، ئەوا دڵنیارام دەبویت بەوەی توشت بووە لە پاش ئەنجامدانی هۆکارە سوود بەخشەکان .
٤. رێگر دەبێت لەوەی مرۆڤ بە خۆی بنازێت ئەگەر کارێکی کرد و سوپاسگوزاری بوون، چونکە خوای گەورە خۆی منەتی رژاندووە بە سەریدا .
٥. خەم ناخوات بۆ ئەوەی تووشی بووە، چونکە لە خوداوەیە، جا ئەوە لە میهرەبانی و حیکمەتی خوداوە سەرچاوەی گرتووە .
٦. مرۆڤ هۆکارەکان دەگرێتە بەر، چونکە باوەڕی بە حیکمەتی خوا هەیە، وە ئەو تەقدیری هیچ شتێك ناکات ئیللا پەیوەستە بە هۆکارەکانیەوە .

بەڵگەی یەکەم:

(عبدالله ی کوڕی عمر) دەفەرموێت : سوێند بەو کەسەی گیانی (ابن عمر)ی بە دەستە، ئەگەر یەکێك لەوان بە قەد چیای ئەحوود ئالتونی بوایەو ئەمجار بیبەخشێت ئەوا خوا لێی وەرناگرێت تاکو باوەڕ بە قەدەر نەهێنێ، ئەمجار فەرموودەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کردە بەڵگە کە دەفەرموێت :

((الإيمان، أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وتؤمن بالقدر خيره وشره)) رواه مسلم . واتە : ئیمان، ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبەکانی و هەموو پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و وە باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ چاك بێت یان خراپ))

ئیمان : بریتییە لە وتن بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکان، زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی ، شەش پایەی هەیە :

باوەڕبوون بە خوای گەورە	باوەڕبوون بە فریشتەکانی	باوەڕبوون بە کتێبەکانی	باوەڕبوون بە هەموو پێغەمبەرانی	باوەڕبوون بە رۆژی دوایی	باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر چ چاك بێت یان خراپ

(أن تؤمن بالله) باوەڕهێنان بە خوای گەورە، ئەم چوار کارە لە خۆ دەگرێت :

باوەڕ هێنان بە بوونی خوای گەورە :	تەوحیدی پەروەردگاریەتی (الربوبية)	تەوحیدی خوداوەندێتی (الألوهية)	تەوحیدی ناو و صیفاتەکان (الأسماء و الصفات)
بە عەقڵ : جا لای عەقڵ زۆر ئەستەمە کەوا باوەڕی وابێت دروستکراوێك هەبێت بە بێ دروستکار، ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ﴾	**بە هەستەکان :** لە تەنگانە و نارەحەتییەکاندا دەبیت و دەستەکان بۆ ئاسمان بەرز دەکەیتەوە، دەبینی ئەم تەنگانەیە نامێنی بە ئیزنی خوای گەورە، هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە رۆژی ئوحوددا دوعای کرد .	**بە فیترەت :** پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (كل مولود يولد على الفطرة، فأبواه يهودانه، أو ينصرانه، أو يمجسانه..)) واتە : هەموو منداڵێك لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام لە دایك دەبێت، جا دایك و باوکی دەیکەنە جولەکە یان دەیکەنە گاور یان دەیکەنە مەجوسی (ئاگرپەرست) .	**بە شەرع :** (ابن القيم) باسی ئەوەی کردووە کەوا هیچ ئایەتێك نییە لە کتێبەکەی خوادا ئیللا بەڵگەیەکی تێدایە لەسەر تەوحید .

- **(وملائکته) :** فریشتەکان : جیهانێکی غەیبین، خوای گەورە لە روناکی دروستی کردوون، گوێرایەڵی خوا دەکەن و سەرپێچی ناکەن، ئەوان روحیان هەیە : ﴿ رُوحُ ٱلۡقُدُسِ﴾، وە جەستەیان هەیە : ﴿ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ﴾ وە دڵ و عەقڵیان هەیە : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ﴾ باوەڕمان پێیان هەیە، وە بەو ناوانەی خوای گەورە فێری کردووین وەکو (جبریل و میکائیل و ئیسرافیل) وە باوەڕمان بە صیفاتەکانیان هەیە : ﴿ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ﴾ هەروەها بە کردارەکانیان (لەوانە ئەو هەشت فریشتەی کە عەرشی خوایان هەڵگرتووە) وە ئەو هەموو هەواڵانەی دەربارەیان هاتووە.
- **(وكتبه) :** پێویستە باوەڕمان هەبێت کەوا ئەوانە قسەی خوای گەورەن نەک بە مەجازی، لە لایەن خوداوە دابەزێنراون و دروستکراو نین، وە خوای گەورە لە گەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا –(رسول)ێکدا– کتێبێکی ناردووە، وە باوەڕمان پێیان هەیە و بەو ناو و هەواڵ و ئەحکامانەی خوای گەورە بۆی باس کردووین بە گشتی و بە تەفصیلی، ئەگەر نەسخ نەکرابێتەوە، وە باوەڕمان وایە کەوا قورئان هەموو کتێبەکانی پێش خۆی نەسخ کردووەتەوە کە ئەوانیش : (تەورات و ئینجیل و زەبور و صوحوفی ئیبراهیم و موسا) ن .
- **(ورسله) :** پێویستە باوەڕمان وابێت کەوا ئەوان مرۆڤن و بە هیچ شێوەیەک لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردگاریەتیان تێدا نییە، وە ئەوان بەندەی خوان ناپەرستڕێن و خوای گەورە رەوانەی کردوون و وەحی بۆ کردوون و بە

چەندین ئایەت و نیشانە پشتگیری کردوون وە ئەوان ئەو سپاردەی لەسەر شانیان بوو بە تەواوی گەیاندیان و ئامۆژگاری ئوممەتیان کرد و دینەکەیان پێ گەیاندن، وە لە پێناوی خوادا بەو پەڕی تێرو تەسەلی و شیاوی جیهادیان کردووە، باوەڕمان پێیان هەیە، وە بەو ناو و صیفات و هەواڵانەی خوای گەورە دەربارەیان فێری کردووین، وە یەکەم پێغەمبەران (أنبیاء) (ئادەم)ە و یەکەم نێردراوان (الرسل) (نووح)ە، وە دوایین پێغەمبەر و نێردراو (محمد)ە(ﷺ)، وە هەموو شەریعەتەکانی پێشوو بە شەریعەتەکەی (محمد) (ﷺ) نەسخ کراونەتەوە، وە (أُولوا العزم) پێنج دانەن کە لە هەردوو سورەتی (الشوری) و (الأحزاب)دا باسکراون ئەوانیش: محمد ونوح ئیبراهیم و عیسا و موسا –صەڵات و سەلامی خوای گەورە لە هەموویان بێت– .

- **(والیوم الآخر) :** باوەڕبوون بە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین لە پاش مردن روو دەدەن، وەکو : تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ و فووکردن بە کەڕەنادا و هەستانەوەی خەڵکی لە گۆڕەکانیان و تەرازوو و دەفتەری کردەوەکان و سیڕات و حەوز و شەفاعەت و بەهەشت و ئاگر و بینینی خوای گەورە لە لایەن ئیماندارانەوە لە رۆژی قیامەتدا و لە بەهەشتدا، وە جگە لەوانەی کە روو دەدەن لە کاروبارە غەیبییەکان .
- **(وتؤمن بالقدر):** فرمانی (تۆمن)ی دووبارە کردەوە چونکە ئیمان هێنان بە قەدەر زۆر گرنکە، ئەویش چوار پلەی هەیە کە هۆنەر لەم دێرەدا باسی کردووە :

علمٌ ، کتابةُ مولانا، مشیئته وخلقه وهو إیجاد و تکوین

زانست : باوەڕمان وابێت کەوا خوای گەورە زانیاری دەربارەی هەموو شتەکان بووە بە گشتی و تەفصیلی، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:

﴿ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ ﴾

نوسین : باوەڕمان وابێت کەوا خوای گەورە مەقادیری هەموو شتەکانی نوسیوە تاکو قیامەت، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت :

﴿ وَمَا مِنۡ غَآئِبَةٖ فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مُّبِينٖ ﴾

ویست : باوەڕمان وابێت کەوا ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بێت دەبێت و ئەوەی ویستی لێ نەبێت نابێت، وە بەندە ویستی خۆی هەیە بەڵام داخلی ویستی خوای گەورەیە، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ ﴾

دروستکردن : هیچ شتێك نییە ئیللا خوای گەورە دروستی کردووە و بەڕێوەی دەبات و دەسەڵاتی بە سەریەوە هەیە، تەنانەت کرداری دروستکراوەکانیش دروستکراوە، باوەڕمان وابێت کەوا بەندەکان دروستکراون، خۆیان و کردەوەکانیان،

﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴾

بەڵگەی دووەم تا چوارەم

٢/ لە (عبادة بن الصامت)ەوە هاتووە، کەوا بە کورەکەی خۆی فەرموو : ((يا بني، إنك لن تجد طعم الإيمان حتى تعلم أن ما أصابك لم يكن ليخطئك، وما أخطأك لم يكن ليصيبك، سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : ((إنَّ أول ما خلق الله القلم، فقال له: اكتب، فقال : ربِّ ! وماذا اكتب؟ قال : اكتب مقادير كل شئ حتى تقوم الساعة) يا بنيَّ سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : ((من مات على غير هذا فليس مني) وفي رواية لأحمد : ((إنَّ أول ما خلق الله تعالى القلم، فقال له : اكتب، فجرى في تلك الساعة بما هو كائن الى يوم القيامة) واتە : ئەی کوڕە شیرینەکەم ، تۆ هەرگیز تامی ئیمان ناچێژی تاوەکو باوەڕت وا نەبێت کەوا ئەوەی تووشت بووە نەئەبوایە لێت لایبدایەو تووشت نەبێت، ئەوەی تووشت نەبوو نەئەبوایە تووشت ببێت، گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : یەکەمجار خوای گەورە قەڵەمی دروست کرد پێی فەرموو : بنووسە، وتی : پەروەردگارا ! چی بنووسم ؟ فەرمووی : مەقادیری هەموو شتێك بنووسە تاکو ڕۆژی قیامەت)) ئەی کوڕە شیرینەکەم گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: هەرکەسێك لەسەر ڕێبازێك جگە لەم ڕێبازە بمرێت ئەوا لە من نییە) وە لەڕیوایەتێکی تردا (أحمد) ڕیوایەتی کردووە : یەکەمجار خوای گەورە قەڵەمی دروست کرد پێی فەرموو : بنووسە، ئەویش لەو کاتەدا هەموو ئەوانەی نووسی کەوا دەبن و ڕوو دەدەن تاکو ڕۆژی قیامەت).

٣/ وە لە ڕیوایەتێکی تردا کە (ابن وهب) ڕیوایەتی کردووە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((فمن لم يؤمن بالقدر خيره وشره أحرقه الله بالنار)) واتە : جا هەرکەسێك باوەڕ بە قەدەر نەکات خەیر و شەڕەکەی ئەوا خوای گەورە بە ئاگر دەیسوتێنێت)

٤/ وفي (المسند) و (السنن) عَنِ ابْنِ الدَّيْلَمِيِّ، قَالَ : أَتَيْتُ أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ فَقُلْتُ : فِي نَفْسِي شَيْءٌ مِنَ الْقَدَرِ، فَحَدِّثْنِي بِشَيْءٍ لَعَلَّ اللَّهَ يُذْهِبُهُ مِنْ قَلْبِي، فَقَالَ : لَوْ أَنْفَقْتَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا، مَا قَبِلَهُ اللَّهُ مِنْكَ، حَتَّى تُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ، وَتَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ، و مَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ، وَلَوْ مُتَّ عَلَى غَيْرِ هَذَا لكنت من أهل النَّارَ، قَالَ : فأَتَيْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ و حُذَيْفَةَ بْنَ الْيَمَانِ و زَيْدَ بْنَ ثَابِتٍ فكلهم حَدَّثَنِي بمثل ذلك عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)) حديث صحيح، رواه الحاكم في (صحيحه) .واتە : لە (المسند) و (السنن)دا هاتووە لە (ابن الديلمي)یەوە، دەڵێت : چووم بۆ لای (أبي بن كعب) وتم : لە نەفسمدا شتێك پەیدا بووە دەربارەی قەدەر، بۆیە شتێکم بۆ باس بکە بەڵکو خوای گەورە لێم دوور کاتەوە، وتی : (ئەگەر بە ئەندازەی چیای ئوحود ئالتون ببەخشیت، ئەوا خوای گەورە لێت وەرناگرێت تاوەکو باوەڕ بە قەدەر نەکەیت، وە بزانیت ئەوەی تووشت بووە نەئەبوایە لێت لایبدایەو تووشت نەبوایە، ئەوەی تووشت نەبوو نەئەبوایە تووشت ببێت، وە ئەگەر بمریت لەسەر جگە لەم باوەڕە ئەوا دەبێتە یەکێك لە ئەهلی ئاگر). دەڵێت : چووم بۆ لای (عبدالله بن مسعود) و (حذيفة بن اليمان) و (زيد بن ثابت) هەموویان هەمان قسەیان بۆ کردم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ).

- **(حَتَّى تَعْلَمَ) :** خوای گەورە لە قورئانەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم مانایە کردووە و دەفەرموێت : ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾

- **(يا بُنَيَّ) :** بەڵگەی نەرمونیانی تێدایە لە گەڵ منداڵەکاندا بە ئامۆژگاری، وە پێویستە ئەحکامەکان بە منداڵان بگوترێت و بەڵگەکەشی لە گەڵدا بێت :

١/ بۆ ئەوەی منداڵەکەت رابهێنیت لەسەر شوێنکەوتنی بەڵگەکان .

٢/ وە بۆ ئەوەی پەروەردەی بکەیت لە سەر خۆشویستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

- **(فِي نَفْسِي شَيْءٌ) :** ئەوەی لە ناخی (الديلمي)دا بوو بەڵگەیە لەسەر ترسناکی دانیشتن لە گەڵ بیدعاکاراندا، ئەوانەی گومانیان لە قەدەر بۆ دروست بوو، وە گومانەکانیش بە بەڵگە لادەچن و نامێنن، وە بە عەقڵ لاناچێت بەڵکو زیادی دەکات .

- **(القَلَمُ) :** بە دوو ریوایەت هاتووە بە (ضمة) و بە (فتحة) :

١/ بە (ضمة) ئەوا بە مانای ئەوەیە کە یەکەم شت خوای گەورە دروستی کردووە بە گوێرەی ئەوانەی ئێمە دەیبینین لە دروستکراوەکان، وەکو ئاسمانەکان و زەوی، جا ئەمە یەکەمینی (نسبی)یە، ابن القيم فەرموویەتی :

والناس مختلفونَ في القلم الذي ... كُتِبَ القضاءُ به من الديَّانِ

هل كان قبل العرش أو هو بعده ... قولان عند أبي العلا الهمذاني

والحق أن العرش كان قبلُ لأنهُ ... قبل الكتابة كان ذا أركان

٢/ بە (نصب – فتحة) مانای ئەوە دێت کەوا خوای گەورە فەرمانی کردە قەڵەم بنوسێت کاتێ یەکەم جار دروستی کرد .

مەسەلەکان :

یەکەم : روونکردنەوەی فەرزبوونی باوەڕبوون بە قەدەر .

دووەم : روونکردنەوەی چۆنییەتی باوەڕهێنان بە قەدەر (بەوەی باوەڕمان بە هەرچوار پلەکەی هەبێت).

سێیەم : پووچەڵبوونی کرداری ئەوەی باوەڕی پێی نەبێت (ئەوە کەسێکی کافرە بە کوفری گەورە)

چوارەم : هەواڵدان بەوەی هیچ کەسێك تامی ئیمان ناچێژێت تاوەکو باوەڕی پێ نەکات .

پێنجەم : باسی یەکەم شت خوای گەورە دروستی کردووە (گومانی تێدا نییە کە دروست کردنی قەڵەم لە پاش دروست کردنی عەرشەوە بووە، وە قەڵەم یەکەم شتە لەو دروستکراوانەی ئێمە دەیبینین، جا ئەو لە پێش ئاسمانەکان و زەوی دروست کراوە، کەواتە یەکەمینەکەی (نسبي)یە .

شەشەم : مەقادیری شتەکانی نووسییەوە لەو کاتەوە تاوەکو قیامەت (وە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە خوای گەورە لە گەڵ بێ گیانەکاندا دەدوێت، وە ئەویش تێ دەگات لە فەرمانەکانی خوا، چونکە خوای گەورە فەرمانی کردە قەڵەم و ئەویش وەڵامی فەرمانەکەی دایەوە)

حەوتەم : بەریبوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوانەی باوەڕیان پێی نییە (ئەو کەسێکی کافرە بە کوفرێك خاوەنەکەی لە ئیسلام دەر دەکات).

هەشتەم : نەریتی پێشین وابووە بۆ لادانی گومانەکان پرسیاریان لە زانایان کردووە (وە دروستە پرسیار لە یەك زانا زیاتر بکرێت بە مەبەستی جێگر بوونی بابەتەکە نەك بۆ دۆزینەوەی روخصەتێك).

نۆیەم : زانایان وەڵامیان دایەوە بەوەی گومانەکەیان نەهێشت، ئەوانیش قسەکەیان داوە پاڵ تەنها پێغەمبەری خوا (ﷺ) (بەم شێوەیە گومانەکان بە تەواوی لای کەسی موسڵمان دەڕوێتەوە و نامێنێت، وە هیچ رێگرییەك نییە بەڵگە عەقڵی یان هەستپێکراوەکان بهێنیتەوە بۆ ئەوەی بەرانبەر قایل بێت و ئەوەی رای وەکو تۆیە پێی دڵنیا بێتەوە، وە بەڵگەیەکی چوارەمی تێدایە کە ئەویش بەڵگەی فیترەتە).

٦١/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی وێنەکێشان هاتوون (هەڕەشەیەکی تووندیان لێکراوە)

١. لە وێنەکێشاندا دروستکردن و داهێنانی هەیە، بەوەش کەسی وێنەکێش بەشدار دەبێت لە گەڵ خوادا لە دروستکردن و داهێناندا .

٢. یەکەم شەرێك دانانێك لەسەر زەویدا رووید لە قەومی نوحدا بوو هۆکارەکەی وێنە و پەیکەر بوو .

بەڵگەی یەکەم تا پێنجەم :

١. لە (ئەبو هورەیرە)وە – رەزای خوای لێ بێت – ریوایەت کراوە و دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (قال الله تعالى : ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي؟! فليخلقوا ذرة، أو ليخلقوا حبةً أو ليخلقوا شعيرة) (أخرجاه) واتە : خوای گەورە فەرمویەتی : چی کەسێك هەیە لەو کەسە ستەمکارتر بێت دەڕوات وەکو دروستکراوەکانی من دروست دەکات؟! دەبا بڕوات میروویەك دروست بکات یان دەنکە تۆوێك دروست بکات یان دەنکە جۆیەك دروست بکات).

٢. ئیمامی بوخاری و موسلیم لە دایکە عائیشەوە– رەزای خوای لێ بێت – ریوایەتیان کردووە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی : (أشد الناس عذاباً يوم القيامة الذين يُضاهئون بخلق الله) واتە : سەختترین کەس سزا دەدرێت لە رۆژی قیامەتدا ئەوانەن کە هاوشێوەی خوای گەورە دەیانەوێت دروست بکەن).

٣. ئیمامی بوخاری و موسلیم–رەحمەتی خوایان لێ بێت– لە ئیبن عەببباسەوە– رەزای خوای لێ بێت – ریوایەتیان کردووەو دەڵێت : گوێم

لێ بوو کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (كل مصور في النار، يُجعل له بكل صورة صوَّرها نفس يُعذَّب بها في جهنم) واتە : هەموو وێنەکێشێك لە ئاگردایە، بۆ هەر وێنەیەك وێنەی کێشابێت نەفسێك دروست دەکرێت لە جەهەنەمدا عەزابێ پێ دەدرێت) .

٤. ئیمامی بوخاری و موسلیم–رەحمەتی خوایان لێ بێت– لە ئیبن عەببباسەوە– رەزای خوای لێ بێت – ریوایەتیان کردووە، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ): (من صوَّر صورة في الدنيا، كُلِّفَ أن يُنفخَ فيها الروح، وليس بنافخ) واتە : هەرکەسێك وێنەیەك بکێشێت لە دونیادا، داوای لێدەکرێت –لە رۆژی قیامەتدا– روح بە بەریاندا بکات، وە هیچ کەسێك ناتوانێت روحیان بەبەردا بکات).

٥. ئیمامی موسلیم – رەحمەتی خوای لێ بێت– لە (أبو الهياج)ەوە ریوایەتی کردووە و دەفەرموێت : ئیمامی عەلی – رەزای خوای لێ بێت– پێی گوتم: (ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله (ﷺ)؟ : ((أن لا تدع صورة إلا طمستها، ولا قبرا مشرفا إلا سويته) واتە : ئایە رەوانەت بکەم بۆ ئەو کارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بۆی رەوانە کردووە ؟ هیچ وێنەیەك مەهێڵە ئیللا بیدڕە و هیچ گۆڕێکی ئاشکراو بەرز مەهێڵە ئیللا لە گەڵ زەویدا راستی بکەرەوە)

سزای وێنەکێش :

١. لە هەموو خەڵکی سزاکەی توندترە یان یەکێکە لەوانەی سزایان لە هەموو کەس سەختترە.

٢. کەسێکی لەعنەت لێکراوە .

٣. خوای گەورە بۆ هەر وێنەیەك نەفسێك دروست دەکات و لە ئاگری جەهەنەمدا سزا دەدرێن.

٤. ئەو لە ئاگردایە .

٥. داوای لێ دەکرێت روح بە بەریاندا بکات، وە هیچ کەسیش ناتوانێت روح بە بەریاندا بکات.

٦. هیچ کەسێك لەو ستەمکارتر نییە لەم باسەدا، یان ئەو لە لوتکەی ستەمدایە.

- **(طَمَسْتَهَا) :** ئەگەر رەنگاو رەنگ بوو ئەوا رەنگێکی تر بە سەریدا دەهێنیت و شێوەکەی ناهێڵیت، وە ئەگەر پەیکەر بوو ئەوا سەری لێ دەکەیتەوە، وە ئەگەر حەفر بوو ئەوا بە سەر دەموچاویدا حەفر دەکەیت تاوەکو شێوازەکەی نەمێنێت، جا (طمس) جیاوازە، وە روالەتی فەرموودەکە بۆ هەموویانە، ئەوانەی دەپەرستڕێن و ئەوانەی ناپەرستڕێن.
- **(مُشْرِفاً) :** واتە : بەرز، (سَوَّيْتَهُ) : دوو مانای هەیە :

١. بە شێوەیەك رێکی بخەیت بە پێی شەریعەت بێت .

٢. یەکسانی بکەیتەوە لە گەڵ قەبەرکانی دەورو بەریدا .

بەشەکانی گرتنەخۆی وێنەکان :

١. لەبەر بە مەزن زانینی ئەوەی وێنەی گیراوە : ئەمە حەرامە بە بێ گومان، چونکە بە مەزن دانانی خاوەن دەسەڵاتەکان بە گرتنەخۆی وێنەکانیان

کەلێنێکە لە تەوحیدی پەروەردگاریێتی، وە بە مەزن دانانی پیاوچاکان بە گرتنەخۆی وێنەکانیان کەلێنێکە لە لایەن تەوحیدی خوداوەندێتی.

٤. بۆ خۆشی : بە تەماشا کردنی یان چێژ وەرگرتن، ئەمەش حەرامە لەبەر ئەو فیتنەیەی تێیدایە.

٥. بۆ یادگاری لەبەر سۆز و خۆشەویستی، وەکو ئەوانەی وێنەی منداڵەکانیان دەگرن، ئەمەش حەرامە .

٦. ناچار بێت بە گرتنەخۆی وێنەکانیان، وەکو ئەو وێنانەی لەسەر پارەو تەسکەرەو جنسێ، ئەمە تاوانی تێدا نییە، چونکە ناتوانی خۆتی لێ دوورکەیتەوە .

٧. لەبەر ئەوەی پاشکۆی شتی تر، بە هیچ شێوەیەك حەزی لێی نییە، وەکو ئەو وێنانەی لە رۆژنامەکاندا هەیە، ئەمە ئاساییەو بەڵام ئەگەر توانرا لەناو ببرێت بە بێ ئەزێت و مەشەقەت ئەوە لەناودانی لە پێشترە.

٨. سووك کرابێت بە فرێدانی لە زبڵدانەکاندا یان لە زەوییەکەدا بێت و پێی بەسەردا بنرێت ئەوا ئاساییە، وە ئەمە ئەو جلوبەرگانە ناگرێتەوە کە وێنەی لەسەرە.

مەسەلەکان :

یەکەم : تۆندی نواندن بەرانبەر بە وێنەکێشان .

دووەم : ئاگادارکردنەوەی هۆکارەکەی، ئەویش وازهێنانی ئەدەبە لە گەڵ خوادا، بە بەڵگەی ئەو فەرموودە قودسییە : ((ومن أظلم ممن ذهب يخلق كخلقي؟!)) واتە : چی کەسێك هەیە لەو کەسە ستەمکارتر بێت دەڕوات وەکو دروستکراوەکانی من دروست دەکات ؟!) جا ئەوە بێ ئەدەبی نواندووە بەرانبەر بە خوای گەورە وەکو ئەو کەسەیە کە لە شەرعەکەیدا دژایەتی بکات، هیچ کەسێك لەو ستەمکار تر نییە).

سێیەم : وریاکردنەوە لەسەر تواناو دەسەلاتی و خوا و بێ دەسەلاتی ئەوان، بە بەڵگەی : (فليخلقوا ذرة أو شعيرة) واتە : دەبا بڕوات میروویەك دروست بكەن یان دەنكە جۆیەك دروست بكەن) (چونكە خوای گەورە زۆر لەوانە گەورەتری دروست كردووە كەچی ئەوان بێ توانا و بێ دەسەلات بوون لە دروستكردنی مێروویەك یان دەنكە جۆیەك).

چوارەم : راگەیاندنی بە راشكاوی كە ئەوانە سزایان لە هەموو كەس زیاترە.

پێنجەم : خوای گەورە بە ژمارەی هەر وێنەیەك نەفسێك دروست دەكات و لە جەهەنمدا سزایان دەدات .

شەشەم : داوای لێدەكرێت كە روح بە بەریاندا بكات (لە سەختترین سزاكانە)

حەوتەم : فەرمان كردن بە لە ناوبردنی ئەگەر هەبوو (وە لەم فەرموودەدا كۆی كردووەتەوە لە نێوان فیتنەی پەیكەر و فیتنەی گۆڕەكان، چونكە لە هەر یەكێكیاندا رێگایەك هەیە بۆ شیرك، وە سەلماندنی سزا لە رۆژی قیامەتدا، وە سزا لە جۆر و جنسی كارەكەیە، وە داواكردنی شتێك لە رۆژی دواییدا كە ئەوەی داوای لێ دەكرێت ناتوانێت بیكات وەكو سزایەك).

٦٢/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی زۆر سوێند خواردن هاتوون (هەڕەشەن - لەبەر بە مەزن راگرتنی خوا).

بەڵگەی یەکەم :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡۚ﴾

پلەکانی پاراستنی سوێند:

پاراستنی هەر لە سەرەتاوە :	پاراستنی لە ناوڕاستەوە :	پاراستنی لە پاشییەوە :	بەوەی سوێند نەخوات تەنها بە خوا نەبێت .
ئەویش بەوەی زۆر سوێند نەخوات .	بەوەی سوێندەکەی نەشکێنێت، ئیللا ئەوەی لێی بەدەر هاتووە.	بەوەی کەفارەتەکەی بدات ئەگەر سوێندەکەی شکاند .	

بەڵگەی دووەم تا شەشەم :

٢. لە (ئەبو هورەیرە)وە ریوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی : گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (الحلف منفقة للسلعة، ممحقة للكسب) أخرجاه. واتە : سوێند خواردن مالْفرۆشە، بەڵام داهات و کەسابەت لەناوبەرە).

٣. هەروەها لە (سەلمان)ـەوە هاتوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((ثلاثة لا يكلمهم الله و لا يزكيهم، و لهم عذاب أليم : أشيمط زانٍ، وعائل مستكبر، و رجل جعل الله بضاعته، فلا يشتري إلا بيمينه، و لا يبيع إلا بيمينه) رواه الطبراني بسند صحيح . واتە : سێ کەس هەن خوای گەورە قسەیان لە گەڵدا ناکات و تەزکیەیان ناکات و سزایەکی سەختیان بۆ هەیە : بەتەمەنێکی زیناکار، وە هەژارێکی لەخۆبایی، وە کابرایەك خوای کردووەتە کالا و

کوتالّ (کەل وپەلی بازرگانی)، بۆیە هیچ شتێك ناکڕێت ئیللا لە ڕێگای سوێندەکەیەوە نەبێت و هیچ شتێك نافرۆشێت ئیللا لە ڕێگای سوێندەکەیەوە نەبێت)).

٤. لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە لە (عمران ی کوڕی حصین) هوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی : ((خير أُمتي قرني، ثم الذين يلونهم، ثم الذين يلونهم)) – قال عمران : فلا أدري أذكر بعد قرنه مرتين أو ثلاثاً !– ثم إنَّ بعدكم قوماً يشهدونَ ولا يستشهدون، ويخونونَ ولا يؤتَمنون، وينذرون ولا يوفون، ويظهر فيهم السمن)) واتە : باشترینی ئوممەتەکەم ئەوانەی ئەم سەدەیەن، پاشان ئەوانەی لە پاش ئەوان دێن، پاشان ئەوانەی پاش ئەوان دێن)) (عمران) فەرمووی : نازانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پاش ئەوە دوو سەدەی فەرموو یان سێ سەدە) – ئەمجار لە پاش ئەوان کۆمەڵێك دێن شایەتی دەدەن بە بێ ئەوەی داوای شایەتییان لێ بکرێت، وە خیانەت و ناپاکی دەکەن و کەس ئەمانەتیان لا ناپارێزی، وە نزر دەکەن و جێ بە جێی ناکەن، وە قەڵەوی لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە))

٥. وە لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا هاتووە لە (ابن مسعود)هوە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((خَيْرُ الناس قرني، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ يَجِيءُ قَوْمٌ تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ، وَيَمِينُهُ شَهَادَتَهُ)) واتە : باشترینی خەڵکی ئەوانەی ئەم سەدەیەن، ئەمجار ئەوانەی لە پاش ئەوان دێن و ئەمجار ئەوانەی پاش ئەوان دێن، ئەمجار کۆمەڵێك دێن شایەتییەکەیان پێش سوێندەکەیان دەکەوێت، وە سوێندەکەیان پێش شایەتییەکەیان (واتە بە بێ ئەوەی داوایان لێ بکرێت سوێند دەخۆن بە زۆری).

٦. قال ابراهيم : ((وكانوا يضربوننا على الشهادة والعهد ونحن صغار)) واتە : ئەوان –مەبەستی گەورەکان و پەروەردەکارانیان – لەسەر شایەتی و پەیمان لێیان دەداین لە کاتێکدا ئێمە بچووك بووین))

- **(منفقة) :** واتە رەواجدان بە کالاکان، (ممحقة) واتە : داهات و کەسابەتەکەی لە ناو دەچێت .
- **(ولا يزكيهم) :** لە رۆژی قیامەتدا متمانەیان پێ ناکات و بە راستگۆیان نازانێت و شایەتی ئیمانیان بۆ نادات .
- **(أشيمط) :** ئەو کەسەیە کە قژی سەری رەش و سپی بووەتەوە لەبەر گەورەیی تەمەنی، وە شەهوەتی سارد بووەتەوە .
- **(عائل) :** هەژار، (مستكبر) : بەرانبەر بە حەق و خەڵکی .
- **(لا يشتري إلا بيمينه) :** زۆری سوێند خواردنی هەست بەوە دەکرێت کە بە کەمی دەزانێت و بە سووک تەماشای سوێندەکەی دەکات .
- **(ولا يستشهدون) :** یان پەلە دەکەن لە شایەتیدانا یان شایەتی ناحەق دەدەن .
- **(تَسْبِقُ شَهَادَةُ أَحَدِهِمْ يَمِينَهُ) :** ١/ لەبەر کەم متمانەیی پێیان شایەتی نادەن ئیللا سوێندی لە گەڵدا دەخۆن .

٢/ یان مەبەستی ئەوەیە کە ئەوانە گوێ بە شایەتی و سوێند نادەن .

مەسەلەکان :

یەکەم : وەصیێت کردن بە پاراستنی سوێندەکان .

دووەم : هەواڵدان بەوەی کە سوێندخواردن رەواج دەداتە کالاکان، بەڵام بەرەکەت لەناو دەبات.

سێیەم : هەڕەشەیەکی توند لەو کەسانەی کە نافرۆشێت ئیللا بە سوێند نەبێت وە ناکڕێت ئیللا بە سوێند نەبێت .

چوارەم : وریاکردنەوە لەوەی کە تاوانەکان گەورەتر دەبن ئەگەر پێویستی کەسەکە پێی کەمتر بێت .

پێنجەم : زەمی ئەو کەسانەی کە سوێند دەخۆن و کەچی داوایان لێ ناکرێت سوێند بخۆن (ئیللا بۆ پێویستی نەبێت یان لەبەر بەرژەوەندییەك)

شەشەم : ستایشی ئەو سێ سەدەیە یان چوار سەدەیە لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) و باسی ئەوەی لە پاش ئەوان روو دەدات .

حەوتەم : زەمی ئەو کەسانەی شایەتی دەدەن کەچی داوای شایەتیان لێ ناکرێت (وە خیانەت دەکەن و متمانەیان پێ ناکرێت و نزر دەکەن و بە جێی ناگەیەنن و هۆکارەکانی قەڵەوی دەگرنەبەر کەچی بێ ئاگان لە قەڵەو کردنی دڵیان بە عیلم و ئیمان).

هەشتەم : پێشین لە منداڵەکانی خۆیانیان دەدا لەبەر شایەتی و پەیمان بەسەر بردن (لەبەر مەزن راگرتنی شایەتی و پەیمان و بایەخیان بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، وە بۆ دروستی لێدانی منداڵ چەند مەرجێك هەیە :

١/ دەبێ بچووکەکە ئەدەبی پێ وەرگرێت، منداڵێك نەزانێت بۆ لێی دەدرێت ئەوا لێی نادرێت.

٢/ ئەو کەسەی لێی دەدات ویلایەتی بە سەرییەوە هەبێت .

٣/ زیادەڕەوی نەکات لە چەندێتی یان چۆنییەتی یان جۆرەکەی یان جێگاکەی یان جگە لەوانە .

٤/ دەبێ منداڵەکە شتێکی کردبێت شایەنی ئەو لێدانە بێت .

٥/ مەبەستی تەمێ کردنی بێت نەك تۆڵەی خۆی لێ بسێنێتەوە، ئەگەر نا ئەوە مەبەستی سەرخستنی خۆیەتی نەك تەمێکردن).

٦٣/ بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هاتوون (ئیخلاص و شوێنکەوتن)

بێ وەفایی بە پەیمانی خوای گەورە بە کەمزانینی ئەوە، ئەمەش خەڵەل دەخاتە ناو تەوحیدەوە، جا بە مەزن راگرت نی خوای گەورە پێویستە لە مامەڵەکردندا لە گەڵ خەڵکیدا بە دی بکرێت هەرچەندە کەسەکان کافریش بن، هەرچەندە لە سەختترین کاتدا بێت، کە ئەویش جیهادکردنە لە پێناوی خوادا، بۆیە شەریعەت مەحکەم دەکات و زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە مەزن دەزانێت .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١/ خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَوْفُواْ بِعَهْدِ ٱللَّهِ إِذَا عَٰهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُواْ ٱلْأَيْمَٰنَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا﴾

٢/ وعَنْ بُرَيْدَةَ قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)إِذَا أَمَّرَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ أَوْ سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِتَقْوَى اللَّهِ، وَبِمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا، فقَالَ « اغْزُوا بِاسْمِ اللَّهِ، قاتلوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ، اغْزُوا وَ لاَ تَغُلُّوا، وَلاَ تَغْدِرُوا، وَلاَ تَمْثُلُوا، وَلاَ تَقْتُلُوا وَلِيدًا، وَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ إِلَى ثَلاَثِ خِصَالٍ – أَوْ خِلاَلٍ – فَأَيَّتُهُنَّ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلاَمِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ إِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ، وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْهَا، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ، يَجْرِى عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللَّهِ تعالى، وَلاَ يَكُونُ لَهُمْ فِي الْغَنِيمَةِ وَالْفَىْءِ شَىْءٌ، إِلاَّ أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ الْمُسْلِمِينَ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسأَلْهُمُ الْجِزْيَةَ، فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا

فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَقَاتِلْهُمْ، وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لَهُمْ ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، فَلاَ تَجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّةَ اللَّهِ وَ ذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنِ اجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ، فَإِنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ، أَهْوَنُ مِنْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نبيه، وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ، فَلاَ تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ، فَإِنَّكَ لاَ تَدْرِى أَتُصِيبُ حُكْمَ اللَّهِ فِيهِمْ أَمْ لاَ) رواه مسلم . واتە : لە (بورەیدە)وە – رەزای خوای لێ بێت– هاتووە دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئەمیرێکی دیاری بکردایە بۆ لەشکرێك یا سرییەیەك، وەصیێتی پێ دەکرد بە تەقوای خوا و ئەوانەی لە گەڵیدان لە موسڵمانان بە خەیر، فەرمووی : ((غەزا بکەن بە ناوی خواوە، بجەنگن لە پێناوی خوادا بەرانبەر بەوانەی کوفریان بە خوا کردووە، غەزا بکەن و لە غەنیمەت مەبەن تا دابەش دەکرێت و پەیمان شکێن مەبن و جەستەی کوژراوەکان مەشێوێنن، وە منداڵ مەکوژن، وە ئەگەر بە دوژمنەکەتدا گەیشتیت لە موشریکەکان ئەوا بانگیان بکە بۆ سێ ئاکار – یان : سێ شت – هەرکام لەوانە وەڵامی دانەوە ئەوا لێیان وەرگرە – پێی رازی بە– و وازیان لێ بهێنە، ئەمجار بانگیان بکە بۆ ئیسلام، ئەگەر وەڵامیان دایتەوە ئەوا لێیان وەرگرە، ئەمجار داوایان لێ بکەن کەوا لە جێگای خۆیانەوە کۆچ بکەن بۆ لانەی کۆچەران، وە پێیان بڵێ : ئەگەر ئەوان ئەو کارەیان کرد ئەوا هەرچی مافێك بۆ کۆچەران هەیە بۆ ئەوانیش دەبێت و ئەوەی لەسەر کۆچەرانە لەسەر ئەوانیش دەبێت، جا ئەگەر رازی نەبوون کۆچ بکەن، ئەوا هەوالّیان پێ بدە ئەوان هەروەکو موسڵمانە دەشتەکییەکان دەبن، حوکمی خوایان بەسەردا جێ بە جێ دەبێت، وە لە دەستکەوت و غەنیمەت هیچیان بۆ نییە، ئیللا دەبێت لە گەڵ موسڵماناندا جیهاد بکەن – ئەو کات بۆیان دەبێت– جا ئەگەر رازی نەبوون – بە موسڵمان بوون– ئەوا داوای سەرانەیان لێ بکە –

جزیة– جا ئەگەر وەڵامی تۆیان دایەوە ئەوا پێی رازی بە و وازیان لێ بهێنە، بەڵام ئەگەر رازی نەبوون ئەوا پشت بە خوا ببەستە و لە گەڵیاندا بجەنگە، وە ئەگەر دەوری قەڵایەکت دا و ویستیان زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوانتاندا هەبێت ئەوا با زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوانتاندا نەبێت، بەڵام با زیممەتی خۆت و هاوەڵانت لە نێوانتاندا هەبێت، چونکە ئەگەر ئێوە زیممەتی خۆتان و هاوەڵانتان بشکێنن سوکترە لەوەی زیممەتی خوا و زیممەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بشکێنن، وە ئەگەر دەوری قەڵایەکت دا و داوایان لێ کردی کە حوکمی خوایان بەسەردا جێبەجێ بکەیت، ئەوەیان لە گەڵدا مەکە، بەڵکو حوکمی خۆتیان بەسەردا جێ بە جێ بکە، چونکە تۆ نازانی کە ئایا وەکو پێویست ئەتوانی بڕیار و حوکمی راستی خوایان بەسەردا جێبەجێ بکەیت یان نا))

- **(جَيْشٍ) :** ئەو سوپایەیە کە لە چوار سەد کەس زیاترە .
- **(أو سرية) :** سریە لە چوار سەد کەس کەمترە .
- **(اغزوا باسم الله) :**

١/ پشت بە خوا ببەستن ٢/ غەزاکەتان بە ناوی خواوە دەست پێ بکەن .

- **(في سبيل الله) :** نیەت و کرداریش دەگرێتەوە .
- **(من كفر بالله) :** مەجەنگە لە گەڵ خەڵکیدا لە پێناوی دەمارگیریدا یان نەتەوە یان نیشتمان، بجەنگە لە گەڵیاندا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەویش رزگار کردنیانە لە ئاگر، وە کوفریش بە دەوری دوو تەوەردا دەسورێتەوە : نکۆڵی و ئینکارکردن .
- **(ولا تغلوا):** بەوەی شتێك لە دەستکەوتەکان بشارێتەوە بۆ خۆی، ئەمەش یەکێکە لە تاوانە گەورەکان .

- (ولا تغدروا) : ئەگەر پەیمانمان دا خیانەت ناکەین، بەڵام پلانێك بەسەر دوژمندا بە بێ پەیمان ئەوا دروستە چونکە جەنگ بریتییە لە فێڵ .
- (ولا تمثلوا) : شێواندن بە بڕینی هەندێ لە ئەندامەکانی کە پێویستی پێی نییە، چونکە ئەو تۆڵە سەندنەوە لە جێگای خۆیدا نییە، ئیللا مەگەر ئەوان جەستەی کوژراوەکانی ئێمەیان شێواند .
- (وليداً) : منداڵی بچووك ناکوژین و ئافرەتان و بەتەمەنەکان و خواناسەکان و نەخۆشەکانیش ناکوژین، ئیللا مەگەر ئەوانیش دەجەنگان یان هانی خەڵکیان دەدا بۆ جەنگ و کوشتار، یان را و بۆچوونیان هەبێت لە جەنگەکەدا و رۆڵیان هەبوو .
- (عدوك) : وروژاندن بۆ کوشتاریان، وە کەسی دوژمن شەرمەزارت دەکات و لێت دوور دەکەوێتەوە و تەعەدات لێ دەکات .
- (الغنيمة) : ئەو ماڵ و سامانەیە کە بە کوشتار لە کافران وەردەگیرێت، یان ئەوەی وەکو ئەو بێت .
- (والفيء) : ئەوەی بۆ (بيت المال) صەرف دەکرێت، وەکو پێنجیەکی پێنجیەکی دەستکەوت و باج و سەرانە .
- (إلا أن يجاهدوا) : ئەگەر هاتوو موسڵمان بوون و جیهادیان کرد ئەوا ئەوەی بۆ موسڵمانان هەیە لە غەنیمە و دەستکەوت بۆ ئەوانیش هەیە .
- (الجزية) : ئەو پارەیەیە کە لە لایەن غەیرە موسڵمانەوە دەدرێت لە بڕی پاراستنی و مانەوەی لە وڵاتی موسڵمانانداء وە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا دروستە لە جگە لە جولەکە و گاور و مەجوس سەرانە وەربگیرێت .

ئەوەی ئە نجامی دەدەین لە گەڵ (موعاهیدەکاندا)

دەبێت پەیمانەکە بەسەر ببەین ئەگەر ئەوان بەردەوام بوون لەسەر پەیمانەکەیان : ﴿ فَمَا ٱسْتَقَٰمُوا۟ لَكُمْ فَٱسْتَقِيمُوا۟ لَهُمْ ﴾.	ئەگەر پەیمانەکەیان شکاند ئەوا پەیمانەکە پووچەڵ دەبێتەوە و کوشتاریان دروستە : ﴿ وَإِن نَّكَثُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُم مِّنۢ بَعْدِ عَهْدِهِمْ ﴾	ئەگەر دوودڵ بووین لە پەیمانەکەی ئەوا پەیمانەکەیان بۆ دەگێڕینەوە : ﴿ وَإِمَّا تَخَافَنَّ مِن قَوْمٍ خِيَانَةً فَٱنۢبِذْ إِلَيْهِمْ ﴾

ئەوەی موسڵمانان دەیکەن لە جیهادی بێباوەڕاندا	ئەوەی بێباوەڕان دەیکەن لە کاتی کوشتاری موسڵماناندا .
حەرامبوونی کوشتنی منداڵ و ئافرەتان و خواناسان و نەخۆشەکان .	کوشتنی منداڵ و ئافرەتان و خواناسان و نەخۆشەکان .
کوشتاریان لەبەر بەرژەوەندی خۆیانە (لە ئاگر رزگار دەکرێن)	کوشتاریان لەبەر دونیایە
پەیمانەکان لە گەڵیاندا دەبەنە سەر .	زۆر جار پەیمانەکان نابەنە سەر .
ئەگەر بێباوەڕان پەیمانەکەیان شکاند ئەوا ئاگادار دەکرێنەوە لە کۆتایی هێنانی پەیمانەکە .	ئەگەر لە موسڵمانانەوە شتێك روو بدات ئەوا ئاگاداریان ناکەنەوە
پەیمانشکێن نین.	پەیمانشکێنن
جەستەی کوژراوەکانیان ناشێوێنن ئیللا مەگەر ئەوان بیشێوێنن .	جەستەی کوژراوەکان دەشێوێنن بە بێ ئەوەی جەستەی کوژراوەکانیان شێوێندرابێت

کوشتاریان لە گەڵ ناکەن تاوەکو لە نێوان ئیسلام بوون و سەرانە و کوشتاردا سەرپشکیان نەکەن .	ئەصڵەن بانگەوازیان نییە
لە حوکمەکەیاندا دادپەروەر دەبن و ستەم ناکەن .	حوکمەکانیان لەسەر ستەم بنیات نراوە
ژمارەی کوژراوەکان لە کاتی ڕەوانەکردنی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) تاوەکو کۆچی دوایی کرد هەزار کەسی تێنەپەڕاند لە هەموو غەزاکانیدا .	
هەرگیز منداڵ یان ئافرەت یان بە تەمەنی نەکوشتووە .	

مەسەلەکان :

یەکــەم : جیـاوازی لـە نێـوان زیممـەتی خـوا و پێغەمبـەر (ﷺ) و زیممـەتی موسڵمانان .

دووەم : ڕێنمویی کردن بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو کارە کە کەمترین ترسی هەیە.

سێیەم : مەبەست لە : (اغزوا باسم الله في سبيل الله) (واجیب بوونی غەزاکردن لـە گەڵ پشت بەستن بە خوای گەورە و ئیخڵاص و ڕۆیشتن لەسەر بەرنامەکەی).

چوارەم : مەبەسـت لـە : (قاتلوا من كفر بالله) وە هۆکـاری کوشـتار لـە گەڵیانـدا کوفرەکەیانە .

پێنجەم : مەبەست لە : (استعن بالله وقاتلهم) (مـرۆڤ نابێـت پشـت بـە توانـای هیزی خۆی ببەستێت).

شەشەم : جیاوازی نێوان حوکمی خوا و حوکمی زانایان .

حەوتــەم : جـاری وا هەیـە یـەکێك لـە هـاوەڵان لـە کـاتی پێویسـتیدا حوکمێـك دەکات، کەچی نازانێت لە گەڵ حوکمی خوادا کۆکـە یـان نـا؟ (ئەمـەش تایبـەت نییە بە هاوەڵانەوە بەڵکو تەنانەت ئەوانەی لە پاش ئەوان دێن دەیگرێتەوە).

٦٤/بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی سوێند خواردن لەسەر خوای گەورە هاتوون

(التألي على الله)

هەرکەسێك سوێندی لەسەر خوا خوارد ((سوێند دەخوات کە خوای گەورە ئەوە دەکات یان ئەوە ناکات ئەمەش پێی دەڵێن : التألي)) بێگومان ئەمە بێ ئەدەبییە بەرانبەر بە خوای گەورە و ڕێگەگردنە لە فەزڵی خوای گەورە و گومان خراپ بردنە پێی، وە هەموو ئەوانە لە گەڵ کەمالی تەوحیددا یەك ناگرێتەوە، وە ڕەنگە جاری وا هەبێت لە گەڵ ئەصڵی تەوحیددا یەك نەگرێتەوە، جا (التألي) بەرانبەر کەسێکی مەزن کەموکورتییە.

بەشەکانی سوێند خواردن لەسەر خوا

دروستە : بەوەی سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەواڵیان داوە لە نەفی و سەلماندنا، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دڵنیایی و یەقینی کەسەکە، (سوێند بە خوا گەورە، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەکاتە شەفاعەتکار لە ڕۆژی قیامەتدا)

دروستە : سوێند بخوات لەسەر خواکەی بە هۆی هێز و زوری تکا و ڕەجاکەی و گومانی باش بردن بە خواکەی و یەقینەکەی، بە مەرجێك خۆی کرداری باشی هەبێت، هەروەکو لە چیرۆکەکەی (أنس بن النضر)دا هاتووە .

حەرامە و نزیکە لەوەی کردارەکانی پووچەڵ بکاتەوە: پاڵنەرەکەی سەرسام بوون بێت بە خۆی، وە ڕێگری کردن بێت لە فەزڵی خوا و گومان خراپ بردنە بە خوای گەورە .

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١. لە (جندب بن عبدالله) هاتوە- رەزای خوای لێ بێت- فەرمویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : (قال رجل : والله لا يغفر الله لفلان، فقال الله : من ذا الذي يتألى عليَّ أن لا أغفر لفلان ؟! إني قد غفرت له، و أحبطت عملك)رواه مسلم .

واتە : پیاوێك وتی : سوێند بە خوا، خوای گەورە لە فلّان کەس خۆش نابێت، خوای گەورە فەرمووی : ئەوە کێیە سوێند لەسەر من دەخوات کەوا لە فلّان خۆش نابم ؟ ئەوا من لە ئەو خۆش بووم و کردارەکانی تۆم پووچەڵ کردەوە).

٢. وفي حديث أبي هريرة : أنَّ القائل رجلٌ عابد، قال أبو هريرة : تكلَّمَ بكلمة أوبقت دنياه وآخرته) واتە : وە لە فەرموودەکەی (ئەبو هورەیرە)دا هاتووە: ئەوەی ئەو قسەیەی گوت کەسێکی خواناس (عابد) بوو، (ئەبو هورەیرە) دەفەرموێت: تەنها وشەیەکی وت، دونیا و قیامەتی خۆی بە هەلاکەتدا برد).

- (لا يغفر الله لفلان) : بەڵگەیە لەسەر بێ ئومێدی لە رەحمەتی خوای گەورە و بە کەم زانینی عەبدەکانی خوایە و سەرسام بوونە بە خۆی .
- (يتألى عليَّ) : رێگر دەبێت لە فەزڵ و نیعمەتی من، بەوەی من لەو عەبدانەم خۆش نابم کە هەڵەیان کردووە .

مەسەلەکان :

یەکەم : ئاگاداربوون لە (التأليه) لەسەر خوای گەورە .

دووەم : ئاگر نزیکترە لە قەیتانی پێڵاوی هەریەکێکمانەوە (لە پەتی نەعلەکانمان).

سێیەم : بەهەشتیش هەروەکو ئەوەیە .

چوارەم : شاهیدێکی تێدایە لە فەرموودەکەدا : (إنَّ الرجلَ ليتكلمُ بالكلمة...) تا کۆتایی .

پێنجەم : رەنگە خوای گەورە لە کەسێك خۆش بێت بە هۆی کارێکەوە کە لە هەموو شتێك زیاتر لای ناخۆشترە .

٦٥ / بەشی : خوای گەورە ناکرێتە شەفاعەتکار بەسەر خەڵکییەوە (لەبەر کەمالی گەورەیی و مەزنی)

خواکردنە شەفاعەتکار بەسەر خەڵکییەوە کەموکورتییە بۆ خوای گەورە، چونکە پلە و پایەی خوای گەورەی لە پلەو پایەی ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت کەمتر داناوە .

بەڵگەی یەکەم :

لە (جبير بن مطعم)ەوە ریوایەت کراوە کەوا فەرموویەتی : ((جَاءَ أَعْرَابِيٌّ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ)، نُهِكت الأَنْفُسُ، وَجَاعَ الْعِيَالُ، وَهَلَكَتِ الأَمْوَالُ، فَاسْتَسْقِ لَنَا رَبَّكَ، فَإِنَّا نَسْتَشْفِعُ بِاللَّهِ عَلَيْكَ، وَبِكَ عَلَى اللَّهِ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : سُبْحَانَ اللَّهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ ! فَمَا زَالَ يُسَبِّحُ حَتَّى عُرِفَ ذَلِكَ فِي وُجُوهِ أَصْحَابِهِ، ثُمَّ قَالَ: ((وَيْحَكَ، أَتَدْرِي مَا اللَّهُ؟ إِنَّ شَأْنَ اللهِ أَعْظَمُ مِنْ ذَاكَ، إِنَّهُ لا يُسْتَشْفَعُ بِهِ عَلَى أَحَدٍ، ....))تا کۆتایی فەرموودەکە) رواه أبو داود.

واتە : کابرایەکی دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، خەڵکی لە ناوچوون، وە منداڵەکان برسی بوون، مالْ و سامانەکان لەناوچوون، بۆیە داوات لێ دەکەیت داوای بارانمان بۆ بکەیت لە خواکەت، ئێمە خوای گەورە دەکەینە شەفاعەتکار لای تۆ و تۆ لای خوای گەورە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (سبحان الله ! سبحان الله!) بەردەوام تسبیحاتی دەکرد تاوەکو ئەوەیان لە دەم و چاوی هاوەڵەکانیدا بەدی کرد، ئەمجار فەرمووی : تیابچیت، ئەزانی خوا چییە ؟ دڵنیابە کە شەئن و پایەی خوای گەورە زۆر لەوە مەزنترە و ناکرێتە شەفاعەتکار لای هیچ کەسێك .....)

- **(نُهِكت) :** لاواز بوو، (وهلكت الأموال) : لەبەر کەمی باران و کەمی پیت و بەرەکەت.
- **(فاستسق) :** داوا لە خوا بکە بارانمان بۆ ببارێنێت، ئەمەش دروستە بۆ کەسێك تکای ئەوەی لێ بکرێت وەڵامی دوعاکانی بدرێتەوە بە بێ زەلیلی نواندن.
- **(نستشفع بالله عليك) :** واتە خوای گەورە دەکەینە نێوەندێك لە نێوان ئێمە و تۆدا بۆ ئەوەی لای خوا دوعامان بۆ بکەیت، ئەمەش ئەوە لە خۆ دەگرێت کەوا پلە و پایەی خوای لە خوار پلەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) داناوە، ئەمەش کارێکی ناڕەوا و مونکەرە .

(سبحان الله ! سبحان الله!) لەبەر گەورەیی ئەم قسەیەو ئینکاری کردن لێی، ئەویش بە پاکراگرتنی خوای گەورە .

- **(ويحك) :** بەزەییم پێتدا دێتەوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : ئینکاردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو کەسەی وتی : (خوا دەکەینە شەفاعەتکار لای تو)

دووەم : بە شێوەیەك گۆڕدرا بە دەموچاوی هاوەڵانیدا دیار بوو لەبەر ئەو وشەیە.

سێیەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئینکاری لێی نەکرد لەوەی وتی : (تۆ دەکەینە شەفاعەتکار لای خوا)

چوارەم : ئاگادار کردنەوە لە تەفسیری (سبحان الله).

پێنجەم : موسڵمانان داوای ئەوەیان لێ دەکرد کە داوای باران بکات لە خوای گەورە لە کاتێکدا کە زیندوو بوو .

(بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا لە کاتی داواکردندا ئەو صیفاتانە هەڵبژێرێت کە مایەی بەزەیین)

٦٦/ بەشی ئەو بەڵگای هاتوون دەربارەی پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ قەڵای تەوحید و داخستنی هەموو ڕێگایەکی شیرك (تەنانەت لە گفتارەکانیشدا)

بەڵگەی یەکەم و دووەم :

١. لە فەرمودەیەکدا کە (عبدالله بن الشخير) ڕیوایەتی کردووە دەفەرموێت : (انطلقتُ في وفد بني عامر الى النبي (ﷺ)، فقلنا : أنت سيدنا، فقال : السيد الله تبارك وتعالى، قلنا : وأفضلنا فضلا وأعظمنا طولا، فقال : قولوا بقولكم، أو: بعض قولكم، ولا يستجرينَّكم الشيطانُ) رواه أبو داود بسند جيد . واتە : لە گەڵ وەفدێکی بەنی عامردا چووین بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وتمان : تۆ گەورە و سەیدی ئێمەیت، ئەویش فەرمووی : سەیدی راستەقینە تەنها خوایە، ئێمەش وتمان : تۆ لە هەمومان باشتریت بە فەزڵ و چاکە و لە

هەمومان مەزنتریت لە بەخشین و دەسەلاّتدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: قسەکانی خۆتان بکەن، یان : هەندێ لە قسەکانتان، وریابن شەیتان پەلکێشتان نەکات و بتانکاتە وەکیلی خۆی) .

٢. هەروەها لە (ئەنەس)ەوە هاتووە و فەرموویەتی : (أن ناساً قالوا : يا رسول الله (ﷺ)، يا خيرنا وابن خيرنا وسيدنا وابن سيدنا، فقال (ﷺ) : يا أيها الناس، قولوا بقولكم، ولا يستهوينكم الشيطان، أنا مُحَمَّد (ﷺ)، عبد الله ورسوله، ما أحب أن ترفعوني فوق منزلتي الذي أنزلني الله عز و جل) رواه النسائي بسند جيد. واتە: (خەڵکانێك وتیان: ئەوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی چاکترینی ئێمەو کوڕی چاکترینی ئێمە و گەورەی ئێمەو کوڕی گەورەی ئێمە)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەی خەڵکینە ئەو قسەیەی خۆتان بکەن و وریابن شەیتان پەلکێشتان نەکات و بتانکاتە وەکیلی خۆی، من (محمد) م(ﷺ)، بەندەی خوا و نێردراوی ئەوم، پێم خۆش نییە لە پلەوپایەی خۆم کە خوای گەورە داینابوم بەرزترم بکەنەوە)

- (السَّيِّد الله) : (السَّيِّد) ناوێکە لە ناوەکانی خوا، ئەویش یەکێکە لە ماناکانی (الصمد)، نەهی لێکردن کە شەیتان پەلکێشیان بکات و لە گەورەیی تایبەتەوە (السيادة الخاصة) بەرزی بکەنەوە بۆ گەورەیی گشتی (السيادة العامة) کە ئەویش خوای گەورەیە .
- (ولا يستجرينكم) : پەلکێشتان نەکات قسەیەکی خراپ بکەن، جا ئەوەی پێویستە بکرێت رێنمویی کردن و ئەوەی پێویستە نەکرێت نەهی لێ کردن لەبەر پاراستنی تەوحید لە هەر کەموکورتی و دژ بە یەکێك .
- (يا خيرنا) : باشترینمانی لە نەسەب و پایە و حاڵدا، (وابن خيرنا) : لە نەسەبدا نەك لە پایەو حاڵدا .
- (ولا يستهوينكم) : شەیتان پەلکێشتان نەکات و ئەوتان خۆش بوێت و رێگاکانی بگرنەبەر تاکو دەگەنە زیادەڕەوی .

مەسەلەکان :

یەکەم : ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لە زیادەڕەوی .

دووەم : ئەوەی پێویستە بگوترێت کاتێ بە کەسێك دەگوترێت : تۆ گەورەی ئێمەیت (دەڵێت : خوا گەورەیە، بۆیە نابێت کەسانێکی فاسق و دووڕوو و بێباوەڕ بکرێنە گەورە ئیتر نێر بن یان مێ).

سێیەم : مەبەست لە : (شەیتان پەلکێشتان نەکات)، هەرچەندە ئەوان هیچ شتێکیان نەگوت لە حەق زیاتر .

چوارەم : مەبەست لە : (پێم خۆش نییە لە پلەوپایەی خۆم کە خوای گەورە داینابوم بەرزترم بکەنەوە) ئەویش پایەی بەندایەتی و پێغەمبەرایەتییە .

دەیەم : کۆتایی (یەك بەشە)

کتێبەکەی بەم بەشە تەواو کردووە چونکە – واللە أعلم – :

١. تاوەکو وەك موشریکەکان نەبین کە خوای گەورە بە مەزن نازانن .

٢. تاوەکو بە کردەوەکانی خۆمان لەخۆبایی نەبین، چونکە بەندە هەرچۆنێك بێت کردەوەکانی کەموکورتی تێدایە، بۆیە دەبێ بەندە زەلیلی بنوێنێت بۆ خوای گەورە و ملکەچی ئەو بێت .

٣. وەکو شوێنکەوتنی ئیمامی بوخاری کە کتێبەکەی بە فەرموودەی (ثقيلتان في الميزان) کۆتایی پێ هێناوە، هەروەکو ئەوەی داوا لە خوا بکات تەرازووەکەی قورس بکات بەم کتێبە هەروەکو چۆن ئەم دروستکراوانە قورسن، وە داوای لێخۆشبوون دەکات لە هەڵەکانی .

٦٧/ بەشی ئەوەی دەربارەی ئەم ئایەتە هاتووە : ﴿وَمَا قَدَرُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطْوِيَّٰتٌۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٦٧﴾﴾

- راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ موشریکەکان کە خوای گەورەیان بە گەورە نەزانی وەکو حەقی خۆی چونکە دروستکراوەکانیان کرد بە شەریکی ئەو، لە کاتێکدا ئەو پاك و بێگەردە لە هەر کەموکورتییەك، وە پاك و بێگەردە لەهەر هاوتایەك، جا ئەگەر خوای گەورەیان بە گەورە بزانیبا بە حەقی خۆی، ئەوا جگە لە ئەویان نەدەپەرست و گوپرایەڵی جگە لە ئەو نەدەبوون .

بەڵگەی دووەم :

لە (ابن مسعود)ەوە ریوایەت کراوە و دەڵێت : ((جاء حبر من الأحبار إلى رسول الله(ﷺ) فقال : يا مُحَمَّد (ﷺ)، إنا نجدُ أن الله يجعل السموات على إصبع، والأرضين على إصبع، والشجر على إصبع، والماء على إصبع والثرى على إصبع، وسائر الخلق على إصبع، فيقول : أنا الملك، فضحك النبي (ﷺ) حتى بدت نواجذه، تصديقا لقول الحبر، ثم قرأ (ﷺ) : ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾

واتە : زانایەك لە زاناكانی جوولەكە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوتی : ئەی محمد(ﷺ)، ئێمە لە كتێبەكانی خۆماندا بینیومانە كە : خوای گەورە هەموو ئاسمانەكان لە سەر پەنجەیەكی دادەنا و زەوی لە سەر پەنجەیەك و دار و درەخت لە سەر پەنجەیەك و ئاو لە سەر پەنجەیەك و خاك لە سەر پەنجەیەك و هەموو دروستكراوەكانی تر لە سەر پەنجەیەك، جا دەڵێت : من پادشام، بۆیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێكەنی تاوەكو ددانەكانی دەركەوت وەكو پشتگیری كردن و راستكرنەوەی قسەی ئەو زانایە، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئایەتەی خوێندەوە كە دەفەرموێت : ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾

وە لە ریوایەتەكەی (موسلیم)دا هاتووە : ((والجبال والشجر على إصبع، ثم يهزهُنَّ فيقول : أنا الملك، أنا الله)) واتە : وە چیاكان و دارو درەخت لە سەر پەنجەیەك، ئەمجار دەیەلەڕێنێتەوە و دەڵێت : من پادشام، من خوام)) .

وە لە ریوایەتەكەی (بوخاری)دا هاتووە : ((يجعل السموات على إصبع والماء والثرى على إصبع وسائر الخلق على إصبع)) أخرجاه واتە : ئاسمانەكان دەخاتە سەر پەنجەیەك و ئاو و خاك لەسەر پەنجەیەك و هەموو دروستكراوەكان لەسەر پەنجەیەك))

- (حِبر) : ئەو زانایەیە کە زانستەکەی زۆر و فراوانە، وە پێیشی دەڵێن : (بحر).
- (إنا نجد) : واتە لە تەوراتدا .

بەڵگەی سەلماندنی پەنجەی تێدایە بۆ خوای گەورە، پەنجەی حەقیقی و راستەقینە کە لایەقی خوای گەورە بێت، هەروەکو چۆن دەستی راستەقینە و حەقیقی هەیە لایەقی خۆی بێت.

بەڵگەی سێیەم تا پێنجەم :

٣/ لە (موسلیم)دا هاتووە لە (ابن عمر)ەوە ئەویش لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ): ((يطوي اللَّهُ السموات يوم القيامة، ثم يأخذهنَّ بيده اليمنى، ثُمَّ يَقُولُ : أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ ؟)) ثم يطوي الأرضين السبع، ثم يأخذهنَّ بشماله، ثُمَّ يَقُولُ : أَنَا الْمَلِكُ، أَيْنَ الْجَبَّارُونَ؟ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ ؟) واتە : خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا ئاسمانەکان لوول دەکات و دەیپێچێتەوە، ئەمجار بە دەستی راستی دەیگرێت، ئەمجار دەڵێت : منم پادشا، دەسەڵاتدارە بە زەبرەکان لە کوێن ؟ خۆ بەزلزانەکان لە کوێن ؟ ئەمجار زەوی لوول دەکات و دەیپێچێتەوە و بە دەستەکەی تری دەیگرێت و دەفەرموێت : منم پادشا، دەسەڵاتدارە بە زەبرەکان لە کوێن ؟ خۆ بەزلزانەکان لە کوێن ؟)) .

وە لە (ابن عباس)ەوە ریوایەت کراوە و دەفەرموێت : (ما السماوات السبع، والأرضون السبع في كف الرحمن إلا كخردلة في يد أحدكم)) واتە : هەر حەوت ئاسمانەکان و هەر حەوت زەوییەکە لە لەپی خوای گەورەدا تەنها وەکو دەنکە گەردیلەی تۆمێکی بچووکە لە دەستی یەکێکتاندا).

٥/ وقال ابن جرير : حدثني يونس أنبأنا ابن وهب قال : قال ابن زيد : حدثني أبي قال : قال رسول الله (ﷺ): « ما السماوات السبع في الكرسي، إلا كدراهم سبعة أُلقيتْ في تُرسٍ » وقال : قال أبو ذر : سمعت رسول الله (ﷺ) يقول : « ما

الكرسيُّ في العرش إلا كحلقة من حديد، أُلقيتْ بين ظهري فلاة من الأرض))

واتە : هەر حەوت ئاسمانەکان لە چاو کورسیدا تەنها وەکو حەوت دەرهەمە فرێدرابێتە ناو قەڵغانێکەوە) وە فەرمووی : (أبو ذر) فەرموویەتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : کورسی لە چاو عەرشدا تەنها وەکو ئەڵقەیەکە لە ئاسن فرێدرابێتە بیابانێکەوە لەو دەشتەدا).

(أنا الملك) : من خاوەنی دەسەڵاتێکی رەها و سوڵتانێکی تەواوم هیچ کەسێك تێیدا بەربەرەکانێم لە گەڵدا ناکات .

- **(اين الجبارون) :** پرسیارەکە بۆ تەحەدایە، واتە : کوان ئەو پادشایانەی کە لە دونیادا دەسەڵات و فیز زل و لە خۆبایی و خۆیان بە گەورەتر دەزانی لە عەبدەکانم ؟ جا ئەوان لەو رۆژەدا هەروەکو گەردیلەیەك حەشر دەکرێت و خەڵکی پایان پێدا دەنێن .
- **(بشماله) :** ئەم زیادەیە (شاذ)ە، وە ئەگەر وا دانرا کە (محفوظ) بێت ئەوا بە مانای دەستەکەی تری دێت و هیچ جیاواز نییە لە گەڵ ئەو فەرموودەدا کە دەڵێت : (كلتا يديه يمين) واتە : هەردوو دەستەکەی راستن)، هەروەها وەکو چەپی دروستکراوەکان نییە کە لە راست کەمترە .
- **(كخردلة) :** تۆوێکی زۆر بچوکی رووکێکە، ئەمەش بەڵگەی مەزنی و گەورەیی خوایە، وە هیچ زانیارییەکیان نییە دەربارەی خوای گەورە .
- **(الكرسي) :** جێگای هەردوو پێی خوای گەورەیە، (تُرس) : قەڵغان : شتێکە لە پێست یان لە دار دروست دەکرێت لە کاتی جەنگدا هەڵدەگیرێت و لە شمشێر و رم و نمونەی ئەوانە خۆیانی پێ دەپارێزن .
- **(العرش) :** ئەو دروستکراوە مەزنەیە کە خوای گەورە لەسەری ئیستوای کردووە، وە هیچ کەسێك ئەندازە و گەورەیی نازانێت تەنها خوای گەورە نەبێت.
- فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر مەزنی خوای گەورە کەواتە شیاوە بۆ تەفسیری ئایەتی ناونیشانی بەشەکە .

بەڵگەی شەشەم و حەوتەم :

٦. لە (ئیبن مەسعود)ەوە ریوایەت کراوە و فەرموویەتی : (بَيْنَ السَّمَاءِ الدُّنْيَا وَالَّتِي تَلِيهَا خَمْسمِائَةِ عَامٍ، وَ بَيْنَ كُلِّ سَمَاءٍ خَمْسمِائَةِ عَامٍ، وَ بَيْنَ السَّمَاءِ السَّابِعَةِ وَالْكُرْسِيِّ خَمْسمِائَةِ عَامٍ، وَ بَيْنَ الْكُرْسِيِّ وَالْمَاءِ خَمْسمِائَةِ عَامٍ، وَالْعَرْشُ عَلَى الْمَاءِ، وَاللَّهُ فوق الْعَرْشِ، لا يخفى عليه شيء من أعمالكم)) أخرجه ابن مهدي ورواه بنحوه المسعودي، قاله الحافظ الذهبي، قال : وله طرق) واتە : لە نێوان ئاسمانی دونیا و ئەوەی سەرەوەیدا پێنج سەد ساڵە، وە لە نێوان هەر ئاسمانێکدا پێنج سەد ساڵە، وە لە نێوان ئاسمانی حەوتەم و کورسیدا پێنج سەد ساڵە، وە لە نێوان کورسی و ئاودا پێنج سەد ساڵە، وە عەرشیش لە سەرەوەی ئاوە، وە خوای گەورەش لە سەرەوەی عەرشە، هیچ شتێك لە کردەوەکانی ئێوەی لا شاراوە نییە)) .

٧. لە (العباس بن عبدالمطلب)ەوە ریوایەت کراوە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((هَلْ تَدْرُونَ كَمْ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ؟ قلنا : الله ورسوله (ﷺ)أعلم، قال : ((بَيْنَهُمَا مَسِيرَةُ خَمْسِمِائَةِ سَنَةٍ، وَبين كُلِّ سَمَاءٍ إِلَى سَمَاءٍ مَسِيرَةُ خَمْسِمِائَةِ سَنَةٍ، وَكِثَفُ كُلِّ سَمَاءٍ مسيرة خَمْسُمِائَةِ سَنَةٍ، وَبين السَّمَاءِ السَّابِعَةِ والعرش بَحْرٌ بَيْنَ أَسْفَلهُ وأَعْلاَهُ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، وَالله سُبْحَانَهُ وَتَعَالى فَوْقَ ذلِكَ، وَلَيْسَ يَخْفى عَلَيْهِ شيءٌ مِنْ أَعْمَالِ بَنِي آدَمَ) أخرجه أبو داود وغيره) واتە : ئایە دەزانن لە نێوان ئاسمان و زەویدا چەندە ؟ وتمان : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترن، فەرمووی : لە نێوانیاندا ماوەی پێنج سەد ساڵە، وە نێوان هەر ئاسمانێك بۆ ئاسمانەکەی تر ماوەی پێنج سەد ساڵە، وە ئەستوری هەر ئاسمانێك ماوەی پێنج سەد ساڵە، وە لە نێوان ئاسمانی حەوتەم و عەرشدا دەریایەکە نێوان خوارەوەی تا سەرەوەی بە ئەندازی نێوان ئاسمان و زەوییە، وە خوای گەورەش لە سەرووی ئەوەوەیە، وە هیچ شتێکی لە کردەوەی بەنی ئادەم لێ ناشاردرێتەوە)).

- **(والله فوق العرش)** : دەقێکی روون و ئاشکرایە کەوا بەرزی بۆ خوای گەورە دەسەلمێنێ لە زات و صیفاتیدا .
- **(لا يخفى عليه شيء من أعمالكم)** : کرداری دڵ و ئەندامەکان، ئەوانەی دەبینرێن و ئەوانەی دەبیسرێن، ئەوەش لەبەر گشتگیری و فراوانی عیلم و زانستی خوایە، وە باسی ئەوەی کرد لە پاش ئەوەی باسی بەرزی خوای گەورەی کرد، بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە کەوا بەرزی خوای گەورە رێگر نییە لە ئاگاداربوونی بە کردەوەکانمان، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ بەرزی زاتی خوای گەورە .
- **(هل) : ئەم پرسیارکردنە مەبەستی دوو شتە :**

١. بۆ تامەزرۆبوونی ئەوەی باسی دەکات .

٢. بۆ وریاکردنەوەی ئەوەی باسی دەکات .

- **(الله ورسوله ﷺ أعلم)** : ئەم رستەیە دەگوترێت لە کاتی : ١/ ژیاینیدا ٢/ لەو مەسەلە شەرعییانە کە خوای گەورە فێری کردووە .

بەڵگەی بە مەزن زانینی خوای گەورەی تێدایە و وریابوون لە جیاوازی کردنی فەرمانەکانی، چونکە ئەو لە سەرەوەی ئێمەوەیە، زانست و فەرمانەکانی دەورەی ئێمەی داوە .

مەسەلەکان :

یەکەم : تەفسیری ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾

دووەم : ئەم زانست و زانیارییە و نمونەی ئەمانە لای جولەکەکانی سەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێشتا مابوونەوە و ئینکاریان لێ نەدەکرد و تەئویلیان نەدەکرد (وەکو ئەوەی دەیەوێ بڵێت : جولەکەکان باشترن لەو کەسانەی لێی لادەدەن، چونکە ئەوان بە درۆیان نەخستەوە و تەئویلیان نەکرد).

سێیەم : کاتێ زاناکە باسی کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش پشت راستی کردەوە و خوای گەورەش ئایەتی دابەزاند بۆ پشت راستکردنەوەی .

چوارەم : پێکەنینێکی زۆر لە لایەن پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کاتێ باسی ئەم زانستە گەورەی بۆ کرا .

پێنجەم : باسی دوو دەست بە راشکاوی، وە ئاسمانەکان لە دەستی راستیدان، وە زەوی لە دەستەکەی تریدان (لە قورئان و سوننەت و ئیجماعی سەلەفدا دوو دەست بۆ خوای گەورە سەلمێنراوە).

شەشەم : ناونانی بە چەپ (ریوایەتێکی شاذة)

حەوتەم : باسی دەسەڵاتدارە بە زەبرەکان و خۆ بەزلزانەکان لەو کاتەدا.

هەشتەم : باسی فەرموودەی : (وەکو دەنکە گەردیلەی تۆوێکە لە لەپی یەکێکتاندا)

نۆیەم : مەزنی و گەورەیی کورسی لە چاو ئاسمانەکاندا (وەکو حەوت دەرهەمە فرێدرابێتە ناو قەڵغانێکەوە).

دەیەم : مەزنی و گەورەیی عەرش لە چاو کورسیدا (وەکو ئەڵقەیەکە لە بیابانێکدا فرێدرابێت)

یازدەیەم : دڵنیابوون لەوەی عەرش کورسی نییە .

دوازدەیەم : نێوان هەر ئاسمانێك و ئاسمانەکەی تر چەندە؟ (پێنج سەد ساڵە)

سیازدەیەم : نێوان ئاسمانی حەوتەم و کورسی چەندە ؟ (پێنج سەد ساڵە)

چواردەیەم : لە نێوان کورسی و ئاودا چەندە ؟ (پێنج سەد ساڵە)

پازدەیەم : عەرش لە سەرەوەی ئاوە .

شازدەیەم : لە نێوان ئاسمان و زەوی چەندە؟ (پێنج سەد ساڵە)

حەڤدەیەم : ئەستوری هەر ئاسمانێك پێنج سەد ساڵە.

هەژدەیەم : ئەو دەریایەی لە سەرەوەی ئاسمانەکانە لە نێوان خوارەوە و سەرەوەی نێوان پێنج سەد ساڵە، خوای گەورە زاناترە .

سوود بە دەست هاتووەکانی فەرموودەکانی بەشەکە :

١. ئاگاداربوون لە جیاوازی کردن لە گەڵ فەرمانەکانی خوای گەورەدا .

٢. خوای گەورە هیچ شتێکی لە کردەوەکانی بەنی ئادەمی لا شاراوە نییە .

والله أعلم والحمد لله رب العالمين، وصلى الله وسلم على نبينا مُحَمَّد وأسأل الله أن يختم لنا ولكم بالتوحيد، أمين .

تاقیکردنەوەی پاشماوەی بەشی نۆیەم و کۆتاییەکە (١٦ بەشە)

پرسیاری یەکەم : نیشانەی (×) لە جێگای شیاودا دابنێ یان بۆشاییەکە پڕ بکەرەوە :

١. حوکمی وتنی (سلاو لە خوا) : مەکروهە حەرامە دروستە

٢. (السلام) ناوێکە لە ناوەکانی خوا : (ئەرێنییە سلبییە هەمووی) وە خوای گەورە : داوای لێ دەکرێت داوای بۆ دەکرێت .

٣. داوای (سلام) ناکرێت بۆ هیچ شتێك ئیللا ئەگەر هاتوو دروست بێت وەصف بکرێت پێی : **راستە هەڵەیە**

٤. حوکمی وتنی (خوایە لێم خۆشبە ئەگەر ویستت لە سەری هەیە) مەکروهە.

حەرامە دروستە

٥. دروستە بەدەرهێنان (ئیستیسنا) بکرێت لە دوعادا : (راستە هەڵەیە) وە ئیستیسنا مەرجە : **راستە هەڵەیە**

٦. مرۆڤ کە دوعای کرد، بۆی هەیە کە دوو دڵ بێت و دوعاکەی پەیوەست بکات بە شتێکەوە : **راستە هەڵەیە**

٧. ئەگەر عەبدێك هەرچی هات بە خەیاڵیدا و داوای لە خوا کرد ئەوا هیچ رێگرێك نییە لای خوای گەورە بۆ وەڵامدانەوەی : **راستە هەڵەیە**

٨. وتنی : (خوایە من داوات لێدەکەم دەرگاوانی دەرگای بەهەشت بم)

دروستە دروست نییە

٩. وتنی (خوایە من داوات لێ ناکەم قەزا بگێڕیتەوە بەڵام داوات لێ دەکەم بە سۆز و میهرەبان بە تێیدا) دروستە دروست نییە

١٠. داوای چی لە خوا دەکەیت ؟ بەهەشت فیردەوسی ئەعلا لە بەهەشتدا

١١. دوعای (ئیستیخارە) پەیوەست کردنی دوعای : تێدایە تێدا نییە

١٢. حوکمی وتنی (عەبدی فلاّن یان کەنیزەکی فلاّن) چییە؟

دروستە دروست نییە

١٣. حوکمی وتنی کەسی گەورە – سید– (ئەی عەبدەکەم ئەو شتە بهێنە) :

دروستە دروست نییە

١٤. نەهی کردن لە وتنی : (فتاي و فتاتي) بۆ جێ بەجێکردنی تەوحیدە تەنانەت لە گفتارەکانیشدایە : **راستە هەڵەیە**

١٥. داواکردن حەرامە یان مەکروهە ئیللا بۆ پێویست یان زەرورەت نەبێت :

راستە هەڵەیە

١٦. هەرکەسێك بە ناوی خوا داوای پارەی لێت کرد بۆ ئەوەی شتێکی حەرام بکڕێت وەکو عارەق(مەی) : پێی دەدەیت پێی نادەیت

١٧. حوکمی وەلاّمی ئەو کەسەی بە ناوی خواوە داوا دەکات :

موستەحەبە واجیبە

١٨. لە فەرموودەی : (هەرکەسێك داوای لێتان کرد پێی بدەن) مەبەست لە داواکردن : رێزلێگرتنە بانگەوازە

١٩. وەلاّمدانەوەی دەعوەتی : واجیبە بە رەهایی

موستەحەبە ئیللا دەعەوەتی هاوسەرگیری نەبێت ئەوە واجیبە

٢٠. هەرکەسێك داوای دالّدەی کرد لە شتێکی واجیبدا بە ئەنجامدانی یان وازلێهێنانی ئەوا : دالّدە دەدرێت دالّدە نادرێت

٢١. فەرموودەی (هێندە دوعای بۆ بکەن تاوەکو وا دەبینن پاداشتان داوەتەوە) واتە :

یەك دوعا کەمتەرخەمی لە دوعادا مەکەن

٢٢/ فەرموودەی (بە روخساری خواوە داوای هیچ شتێك ناکرێت ئیللا بەهەشت نەبێت) واتە: داوا لە هیچ کەسێك مەکە لە دروستکراوەکان بە روخساری خوا داوا لە خوا مەکە بە روخساری خۆی ئیللا بەهەشت نەبێت هەمووی

٢٣/ صیفەتی روو (وجە) بۆ خوای گەورە سەلمێنراوە بە :

قورئان سوننەت ئیجماع هەمووی

٢٤/ وتنی : (خودایە من داوات لێدەکەم لەبەر خاتری رووی خۆت یارمەتیم بدەیت بۆ لەبەر کردنی قورئان) (**راستە هەڵەیە**) وە حوکمی وتنی : (خودایە من داوات لێ دەکەم لەبەر خاتری رووی خۆت دالّدەم بدەیت لە ئاگر) :

دروستە حەرامە

٢٥/ وتنی : (خوایە داوات لێ دەکەم لەبەر خاتری رووی خۆت ناومالّەیەکی جوانم بە قسمەت بکەیت) دروستە حەرامە

٢٦/ حوکمی وتنی : (ئەگەر گوێڕایەڵی منت بکردایە و سەفەرت نەکردایە ئەوا تووشی ئەو رووداوە نەدەهاتیت) دروستە حەرامە

٢٧/ حوکمی وتنی : (ئەگەر سەفەرم نەکردایە قازانجەکەم لە دەست دەرنەدەچوو):

دروستە حەرامە

٢٨/ حوکمی وتنی : (ئەگەر ویستی خوا نەبوایە درۆم نەدەکرد) : دروستە حەرامە

٢٩/ حوکمی وتنی : (ئەگەر وەکو سامانەکەی فلّان کەسم بوایە ئەوا صەدەقەم پێی دەکرد) : دروستە موستەحەببە حەرامە

٣٠/ حوکمی وتنی : (ئەگەر ئامادەی دەرسەکە بوایەم سوودم وەردەگرد) :

دروستە حەرامە

٣١/ (دروستە دروست نییە) کەسی ژیر هەوڵ و تێکۆشانەکەی لە شتێکی بێ سوودا بەسەر بەرێت.

٣٢/ ئەوەی توانای مرۆڤی لەسەر نەبێت (بۆی هەیە بۆی نییە) قەدەر بکاتە حوججە و بەڵگە.

٣٣/ دروستە قەدەر بکرێتە حوججە لەسەر :

موصیبەتەکان نەك هەڵەکان پێچەوانەکەی

٣٤/ جوێندان بە (با) : (حەرامە مەکروهە)، وە حوکمی وتنی : بایەکی باراناوی بەڕێوەیە : (دروستە حەرامە)

٣٥/ وتنی : (خوای گەورە منی خۆش دەوێت) بۆ کەسێك نیعمەتێکی بەسەردا رژا بێت : (راستە هەڵەیە)

٣٦/ کەسێکی فاسقی دەوڵەمەندی بینی و وتی ئەمە شایەنی ئەم سامانە نییە :

دروستە حەرامە

٣٧/ ئەگەر کەسێك کەمتەرخەم بێت لە واجیباتەکانیدا و حەرامکراوەکانی ئەنجام دابێت و گومانی باشی بە خوا بردبێت ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٣٨/ هەندێ کەس گومانی ئەوە دەبات ئەگەر داوا لە خوا بکات بە شێوەیەکی شەرعی ئەوا خوای گەورە وەڵامی ناداتەوە، ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٣٩/ وتنی : (خوای گەورە بۆی هەیە عەزابی کەسی گوێڕایەڵ بداتەوە و پاداشتی کەسی سەرپێچیکار بداتەوە) ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٤٠/ وتنی : (من لە فلاّن کەس شایستەترم بەو پۆستە) ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٤١/ بە نەخۆش دەڵێت : (چەند گوناهە !) و (شایستەی ئەوە نەبویت) و (ئەگەر بە دەستی من بوایە ئەوە رووی نەدەدا) ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٤٢/ حوکمی وتنی : ئەگەر بە دەستی من بوایە ئەوا فلّان کەسم دەکردە موفتی :

دروستە حەرامە

٤٣/ وتنی : (ڕێگای سەلامەتی) ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٤٤/ وتنی : (پێویستە توشی نەخۆشییەکان نەبین و رزقمان فراوان بێت) ئەمە :

گومان باش بردنە بە خوا گومان خراپ بردنە بە خوا

٤٥/ پێویستە مرۆڤ گومانی (باش خراپ) بە خۆی ببات.

٤٦/ پێویستە گومانی خراپ بە خۆت ببەیت تاوەکو لە خۆت دەرنەچیت و لە خۆ بایی نەبیت : راستە هەڵەیە

٤٧/ نەفس جێگەی هەموو خراپەیەکە لە ڕەزیلی و ستەم : راستە هەڵەیە

٤٨/ پلەکانی قەزا و قەدەر : چوارە پێنجە سێیە

٤٩/ حوکمی ئەو کەسەی ئینکاری لە قەزا و قەدەر دەکات :

لە ئیسلام پێی دەردەچێت لە ئیسلام پێی دەرناچێت

٥٠/ وتنی : (لە ناخمدا شتێك دەربارەی قەدەر هەیە) واتە :

گومان و شلّژان (اضطراب) ئینکاری و نکۆلّی

٥١/ (لە ناخمدا شتێك دەربارەی قەدەر هەیە) واتە : .....

ئایە بەمە کافر دەبێت ؟.....

٥٢/ قەڵەم : یەکەم دروستکراوەکانە بە ڕەهایی

یەکەم دروستکراوەکانە بە نیسبەت ئەوانەی ئێمە دەیبینین

٥٣/ نەریتی سەلەف بۆ لادانی گومانەکان پرسیار کردن بووە لە :

زاناکان خواناسەکان

٥٤/ پرسیار کردن لەیەك زانا زیاتر دروستە ئەگەر مەبەستی :

جێگرکردنی بابەتەکە بێت گەڕان بە دوای روخصەتەکاندا هەمووی

٥٥/ گومانەکان نامێنێت و دەڕوێتەوە ئەگەر کارەکە بگێڕدرێتەوە بۆ لای :

خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) زاناکان

٥٦/ پێویستە وریابین لە بیستنی گومانەکان چونکە پەیوەست دەبێتە دڵەکانەوە :

راستە هەڵەیە

٥٧/ زۆربەی خەڵکی جیاوازی دەکەن لە گەڵ فەرمانەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بە گوێگرتنیان بۆ گومانەکان و بڵاوکردنەوەی : راستە هەڵەیە

٥٨/ دروست نییە تەورات و ئینجیل بخوێنرێتەوە : راستە هەڵەیە

٥٩/ هێنانەوەی (بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی وێنەگرەکان هاتووە) هەڵەی چاپە، چونکە ئەم باسە پەیوەندی بە باسی تەوحیدەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە باسی فیقهەوە هەیە : راستە هەڵەیە

٦٠/ سزای وێنەکێش لە (٥ ٤ ٣) بەش پێکهاتووە .

٦١/ وێنەکێشان بریتییە لە دروستکردن و داهێنان، بە هۆی ئەوەوە کەسی وێنە کێش بەشدارە لە گەڵ خوادا : راستە هەڵەیە

٦٢/ وێنەکێشان یەکێکە لە تاوانە گەورەکان چونکە :

خۆچواندنە بە بێباوەڕان زیادەڕەوییە هاوشێوەی دروستکراوەکانی خوایە

٦٣/ وێنەکێشانی دارو درەخت ودەریا و شاخ و روبارەکان : دروستە حەرامە

٦٤/ لەناودان و شێواندنی وێنە چۆن دەبێت ؟ رەنگکردنی بە رەنگکێکی تر شێوەکەی تێك بدات لادانی سەری پەیکەرەکە

شێواندنی دەموچاوی هەموو ئەوانە هەریەکەو بە پێی خۆی

٦٥/ گۆڕی دیار چی شتێکی لەسەرە ؟

بەیداخ (علم) خانوو (بناء) رەنگەکان

لە گۆرەکانی تر جیاوازە بە بەردەکانی یان خاکەکەی هەمووی

٦٦/ یەکسانکردنەوەی گۆڕ چۆن دەبێت ؟ وەکو لە سوننەتدا هاتووە وای لێ بکرێت

یەکسانکردنی وەکو ئەوانەی دەوروبەری هەمووی

٦٧/ لەخۆگرتنی وێنە لەبەر بە مەزن دانانی وێنەکێشراوەکە

دروستە دروست نییە

٦٨/ ئەو کەسەی سوێند زۆر دەخوات ئەوا کەسێکە : خوای گەورەی بە مەزن زانیوە خوای گەورەی بە مەزن نەزانیوە

٦٩/ هەموو سوێندێك سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی هەیە : راستە هەڵەیە

٧٠/ قەڵەوییەك بە دەست مرۆڤ خۆی نەبێت : زەمکراوە زەمکراو نییە

٧١/ تاوان بە گەورە دادەنرێت ئەگەر پاڵنەرەکەی کەمتر بێت : راستە هەڵەیە

٧٢/ سوێند ئەگەر پێویستی کرد یان بەرژەوەندییەکە لەوەدا بوو : دروستە دروست نییە

٧٣/ لێدانی منداڵی بچووك : دروستە بەرەهایی دروستە بە چەند مەرجێك

٧٤/ پەیمانەکەی خوا لە گەڵ عەبدەکانیدا : بیپەرستن و شەریکی بۆ بریار نەدەن عەزابی ئەو کەسە نەدات کە شەریکی بۆ بریار نەداوە

٧٥/ سوپا ئەوەیە کە لە (٤٠٠ کەس هەزار کەس) زیاترە و سریەش پێچەوانەیەتی .

٧٦/ لە پێناوی خوادا :

نیەت تایبەتە کردارەکە تایبەتە نیەت و کرادار دەگرێتەوە

٧٧/ لە گەڵ بێباوەڕاندا دەجەنگین لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئەویش رزگارکردنیانە لە ئاگر : راستە هەڵەیە

٧٨/ (الغلول) بریتییە لەوەی شتێك لە دەستكەوتی جەنگ بشارێتەوە و تایبەتی بكات بۆ خۆی (راستە هەڵەیە) وە حوكمەكەشی (دروستە حەرامە یەكێكە لە تاوانە گەورەكان)

٧٩/ دروست نییە منداڵی بێباوەران و ئافرەتان و خواناسان و راهیبەكان بكوژین :

راستە هەڵەیە

٨٠/ شێواندنی جەستەی كوژراوەكان و پەیمان شكاندن و بردنی دەستكەوت پێش دابەش كردنی و كوشتنی منداڵان : دروستە دروست نییە

٨١/ سەرانە لە كێ وەردەگیرێت ؟

جولەكەو گاورەكان و مەجوس هەموو بێباوەڕان

٨٢/ حوكمی وتنی : (خوای گەورە تەوبەكەت قبوڵ ناكات) :

دروستە تاوانێكی گەورەیە

٨٣/ حوكمی وتنی : (سوێند بە خوا خوای گەورە لەو كەسانە خۆش نابێت شێركیان بریار داوە) دروستە تاوانێكی گەورەیە

٨٤/ وریابوون لە هەڵەی زمان لە حوكمدان بەرانبەر بە كەسەكان :

حەڵاڵە دروستە واجیبە

٨٥/ نەهێكردن لە وتنی : (خوای گەورە لە فلان كەسی زیندوو خۆش نابێت)

تایبەتە بە موسڵمانی سەرپێچیكارەوە موسڵمان و بێباوەڕ دەگرێتەوە

٨٦/ ئەوەی ئینكاری لێكراوە وتنی :

خوای گەورە دەكەینە شەفاعەتكار لای تۆ

تۆ دەكەینە شەفاعەتكار لای خوا .

٨٧/ (نستشفع بالله عليك) واتە : .....

٨٨/ بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (بەشێکی سەربەخۆیە دووبارەیە) ئەمەش پاراستنی پێغەمبەری خوای(ﷺ) تێدایە بۆ تەوحید لە

(کردارەکاندا گفتارەکاندا)

٨٩/ (السَّيِّد) : یەکێکە لە ناوەکانی خوا لە ناوەکانی خوا نییە

٩٠/ (السَّيِّد) یەکێکە لە ماناکی (الصمد) : راستە هەڵەیە

٩١/ (سيادة)ی تایبەت دروستە بە جیاواز لە گەڵ گشتیدا : راستە هەڵەیە

٩٢/ باشترین و چاکترین وەصف بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

بەندەی خوا و نێردراوی ئەوە محمدی کوڕی عبدالله(ﷺ)

٩٣/ جولەکە باشترن لەوانەی ئینکاری صیفاتەکانی خوا دەکەن و تەئویلی دەکەن لەم باسەدا و زاناترن بە خوای گەورە: راستە هەڵەیە

٩٤/ عەرش : ..... کورسی :.....

٩٥/ لە کۆتایی کتێبی تەوحیددا لەوە دەکات نوسەر داوای کردبێت لە خوای گەورە تەرازووەکەی قورس بکات هەروەکو چۆن ئاسمانەکان و عەرش و کورسی قورس کردووە (راستە هەڵەیە) وە ئاگاداری ئەوەی کردووەتەوە کەوا کەسی بێباوەڕ بە حەقی خۆی ڕێزیان لە خوا نەگرتووە، بۆیە تۆیش وەکو ئەو مەبە، بەڵکو بە مەزنی راگرە بە تەوحیدی خوای گەورە (راستە هەڵەیە)

٩٦/ زۆرێك لە سەلەف بە چەند ناوێك ناوی عەقیدەی راست و دروستیان ناوە لەوانە: سوننەت شەریعەت تەوحید فیقهە گەورەترەکە هەموو ئەوانەی باسکرا.

پێرستی بابەتەکان

پوختەی بەشەکانی کتێبی تەوحید (٦٧ بەشە).....٥

یەکەم : پێشەکی (پێنج بەشە).....١٨

١. بەشی واجیب بوونی تەوحید ٢٠

٢. بەشی : فەزڵی تەوحید و کە هۆکاری سڕینەوەی تاوانەکانە ٣٤

٣. بەشی : هەر کەسێك تەوحیدی جێبەجێ کرد , ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە بە بێ لێپرسینەوە ٤٢

٤. بەشی ترسان لە شیرك.....٥٠

بەشی بانگەواز بۆ شایەتیدانی (لا إله إلا الله).....٥٩

تاقیکردنەوەی بەشی یەکەم (لە ٥ بەشدا) ٦٧

دووەم : تەفسیری تەوحید (٩ بەشە).....٧٩

٥. بەشی : تەفسیری تەوحید و شایەتیدانی (لا إله إلا الله).....٧٩

٦. بەشی : لەبەرکردنی ئەڵقە و دەزوو و نمونەی ئەوانە بۆ نەهێشتنی بەڵا یان دوورخستنەوەی ٨٤

٧. بەشی : ئەو بەڵگانەی لە سەر روقیە و تەمیمە هاتوون ٩٠

٨. بەشی : ئەوانەی تەبەڕوك بە دار و بەرد و نمونەی ئەوانەوە دەکەن ٩٧

٩. بەشی : ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لە خوا ١٠٢

١٠. بەشی : لە جێگایەکدا ئاژەڵ بۆ خوا سەرنابڕێت بۆ جگە لە خوا سەربڕینی تێدا ئەنجام درابێت ١٠٨

١١. بەشی: نزرکردن بۆ جگە لە خوا لە شیرکە ١١٢

١٢. بەشی : داواکردنی دالّدەدان لە جگە لە خوا بەشێکەلە شیرك ١١٤

١٣. بەشی : هاوارکردن و داواکردن لە جگە لە خوا جۆرێکە لە شیرك ١١٧

تاقیکردنەوەی بەشی دووەم (لە ٩ بەشدا) ١٢١
سێیەم : پوچەڵبوونی پەرستنی جگە لە خوای گەورە (٤ بەشە)..... ١٢٧
١٤. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ أَيُشْرِكُونَ مَا لَا يَخْلُقُ شَيْـًٔا وَهُمْ يُخْلَقُونَ ﴿١٩١﴾ ﴾ ١٢٧
١٥. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ قَالُوا۟ ٱلْحَقَّ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْكَبِيرُ ﴿٢٣﴾ ﴾ ١٣٣
١٦. بەشی شەفاعەت..... ١٣٩
١٧. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّكَ لَا تَهْدِى مَنْ أَحْبَبْتَ﴾..... ١٤٦
تاقیکردنەوەی بەشی سێیەم (لە ٤ بەشدا) ١٥٠
چوارەم : هۆکارەکانی کوفری نەوەی ئادەم (٤ بەشە)..... ١٥٤
١٨. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هۆکاری کوفری نەوەی ئادەم و وازهێنانیان لە دینەکەیان بریتییە لە زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا ١٥٤
١٩. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی بە گەورە زانینی تاوانی ئەو کەسەی خوای گەورە دەپەرستێ لای گۆڕی پیاوچاکێك , ئەی چۆنە ئەگەر خودی پیاوچاکەکە بپەرستێت ؟..... ١٦٠
٢٠. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا زیادەڕەوی لە گۆڕی پیاوچاکاندا بەرەو ئەوە دەیبات بکرێنە بت و لە جگە لە خوا بپەرسترێن ١٦٧
٢١. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ تەوحید و داخستنی هەموو ڕێگایەك خاوەنەکەی بەرەو شیرکبات..... ١٧١
پێنجەم : پەرچدانەوەی بەڵگەی ئەو کەسەی دەڵێت : شیرك لەم ئوممەتەدا ڕوو نادات یان لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا (یەك بەشە)..... ١٧٥
٢٢. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا هەندێ لەم ئوممەتە بت دەپەرستن ١٧٥
ڕەم و پێنجەم (لە ٥ بەشدا) ١٨٥
شەشەم: کرداری شەیتانییەکان (٧ بەشە).. ..... ١٩١

٢٣. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی سیحر و جادوو هاتوون.....١٩١
٢٤. بەشی ڕوونکردنەوەی هەندێك لە جۆرەکانی سیحر (جادوو) ١٩٧
٢٥. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی کاهینەکان و نمونەی ئەوانە هاتوون.....٢٠٠
٢٦. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی بەتاڵ کردنەوەی سیحر (نوشرە) هاتوون ٢٠٥
٢٧. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی شوومی و ڕەشبینی (التطیر)هاتوون.....٢٠٨
٢٨. بەشی ئەو بەڵگانەی درەبارەی ئەستێرەناسی (التنجیم)هاتوون.....٢١٨
بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی باوەڕبوون بەوەی کە ئەستێرەکان هۆکاری باران بن هاتوون.....٢٢١
تاقیکردنەوەی بەشی شەشەم (لە ٧ بەشدا) ٢٢٨
حەوتەم : کردارەکانی دڵ (٩ بەشە).....٢٣٦
٢٩. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا﴾.....٢٣٦
٣٠. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ ﴿١٧٥﴾ ﴾.....٢٤٣
٣١. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾﴾.....٢٤٩
٣٢. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ أَفَأَمِنُواْ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ ﴿٩٩﴾﴾.....٢٥٥
٣٣. بەشی : هەر لە باوەڕبوون بە خوای گەورە ئارامگرتنە لە سەر قەدەرەکانی خوای گەورە.....٢٥٨
٣٤. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی ڕووپامایی هاتوون ٢٦٣
٣٥. بەشی : یەکێك لە جۆرەکانی شیرك ئەوەیە مرۆڤ لە کردارەکانیدا مەبەستی دونیا بێت (شیرکی بچووك).....٢٦٧

٣٦. بەشی ئەوەی هەرکەسێ گوێرایەڵی زانایان و ئەمیرەکان بوو لە بە حەرام زانینی ئەوەی خوای گەورە حەڵاڵی کردووە ٢٧٣

٣٧. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ ﴿٦٠﴾ ﴾..... ٢٧٧

تاقیکردنەوەی بەشی حەوتەم (لە ٩ بەشدا) ٢٨٣

هەشتەم : تەوحیدی ناو و صیفاتەکان (یەك بەشە)..... ٢٩١

٣٨. بەشێك : هەرکەسێ نکۆڵی شتێك بکات لە ناو و صیفاتەکان..... ٢٩١

تاقیکردنەوەی بەشی هەشتەم (لە یەك بەشدا) ٣٠٢

نۆیەم : ئەو قسەو گفتارە شیرکییانەی نەهیان لێکراوە (٢٩ بەشە)..... ٣٠٦

٣٩. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا ﴿٨٣﴾ ﴾..... ٣٠٦

٤٠. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ ٣٠٩

٤١. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون کەوا کەسێك قایل نەبوو بە سوێند خواردن بە خوای گەورە..... ٣١٢

٤٢. بەشی وتنی : ئەوەی خوا و تۆ ویستتان لەسەر بوو ٣١٣

٤٣. بەشی هەرکەسێ جوێن بە رۆژگار (زەمانە) بدات ئەوا ئازاری خوای گەورەی داوە ٣١٧

٤٤. بەشی ناونان بە قازی قازییەکان و هاوشێوەی ئەوانە ٣٢٠

٤٥. بەشی ڕێزگرتن لە ناوەکانی خوای گەورە و گۆڕینی ناوەکان لەو ٣٢١

٤٦. بەشی ئەوەی هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێك ناوی خوای تێدا بێت یان بە قورئان یان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ٣٢٣

٤٧. بەشـی ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە کـە دەفـەرموێت : ﴿ وَلَئِنۡ أَذَقۡنَٰهُ رَحۡمَةٗ مِّنَّا﴾.....٣٢٨
٤٨. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفـەرموێت : ﴿ فَلَمَّآ ءَاتَىٰهُمَا صَٰلِحٗا جَعَلَا لَهُۥ شُرَكَآءَ فِيمَآ ءَاتَىٰهُمَاۚ ﴾ ٣٣٥
٤٩. بەشـی ئـەو ئایەتـەی خـوای گـەورە کـە دەفـەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾.....٣٤٠
٥٠. تاقیکردنەوەی بەشی نۆیەم (لە ١١ بەشدا).....٣٤٣
٥١. بەشی : ناگوترێت : سڵاو لە خوای گەورە ٣٥٣
٥٢. بەشی وتنی : خودایە لێم خۆشبە ئەگەر وێستت لەسەرە (إن شاء الله).....٣٥٥
٥٣. بەشی : نالێت : بەندەکەم و کەنیزەکەکەم ٣٥٧
٥٤. بەشی : ئەو کەسەی بە ناوی خواوە داوا بکات نابێت رەد بکرێتەوە ٣٥٩
٥٥. بەشی : بە (روخساری) خوای پەروەردگار تەنها داوای بەهەشت دەکرێت.....٣٦٣
٥٦. بەشی ئەوەی دەربارەی (ئەگەر – لو) هاتووە.....٣٦٥
بەشی نەهێکردن لە جوێندان بە (با).....٣٦٩
٥٧. بەشی ئەو ئایەتەی خـوای گـەورە کـە دەفـەرموێت : ﴿ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ ﴾ ٣٧١
٥٨. بەشـی ئـەو بەڵگانـەی هـاتوون دەربـارەی ئـەو کەسـانەی ئینکـاری لـە قـەدەر دەکـەن ٣٧٤
٥٩. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی وێنەگران هاتوون ٣٨٥
٦٠. بەشی ئەو بەڵگانەی دەربارەی زۆر سوێند خواردن هاتوون.....٣٩٠
٦١. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی زیممەتی خوا.....٣٩٤
٦٢. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی سوێند خواردن بـە خـوای گـەورە بـە ئەنجامـدانی شتێك.....٤٠٠

٦٣. بەشی نابێت خوا بکرێتە شەفاعەتکار لای دروستکراوەکانی.....٤٠٢
٦٤. بەشی ئەو بەڵگانەی هاتوون لە پاراستنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ پاراستنی تەوحید و داخستنی رێگاکانی شیرك ٤٠٤
دەیەم : کۆتایی (یەك بەشە).....٤٠٧
٦٥. بەشی ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ ﴾.....٤٠٧
تاقیکردنەوەی بەشی نۆیەم و کۆتایی (لە ١٦ بەشدا) ٤١٥
پێرستی بابەتەکان ٤٢٤

شـەرحی کتێبی:

پرسیارەکانی نـاوگـۆڕ

چوار بنەماکە

هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

هەموو مافێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ
کتێبخانەی صلاح الدین

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ( )ی پێدراوە

- چاپی یەکەم -

١٤٣٩ ك

مكتبة صلاح الدين
Salahaddin Bookshop

کتێبخانەی صلاح الدین
هەولێر- فلکەی شیخ محمود- باڵەخانەی سید بهاء الدین
٠٧٥٠ ٤٨٥ ٥٦٦٤

شـــەرحی کتێبی:

- پرسیارەکانی نـاوگـۆڕ
- چوار بنەماکە
- هەلوەشێنەرەوەکانی ئیسلام

نووسینی
شێخ هیثم محمد سرحان


اللهُ

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

إنَّ الحمدَ للّه نَحمدُه ونســـتعينهُ ونستغفرُه، ونَعوذُ باللّه من شرور أنفسنا ومن ســـيئات أعمالنا من يهده اللّه فلا مُضلَّ له، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له، وأشهدان لا إله الاّ اللّه وحدَهُ لاشريك له، وأشهدُ أنَّ محمَّداً عبدهُ ورسولهُ. أما بعد..

بۆ تەوحید دەخوێنین ؟

چونکە خوای گەورە لەو پێناوەدا ئێمەی دروست کردووە	خوای گەورە هیچ کردەوەیەک وەرناگرێت ئیللا بە تەوحیدەوە نەبێت
هیچ کەسێک ناچێتە بەهەشتەوە تەنها کەسی یەکتاپەرست (**موحِّد**) نەبێت	هۆکارێکە بۆ زۆربوونی حەسەنات (چاکەکان)
هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان	هۆکارێکە بۆ هیدایەت و بەرقەرار بوونی ئەمن و ئاسایش
هۆکارێکە بۆ دڵنیایی	هۆکارێکە بۆ بە دەستهێنانی شەفاعەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

هۆکاری هەڵبژاردنی خوێندنی ئەم دەقە لە سەرەتای داواکردنی زانست و زانیاری

بایەخدانی پێشینە چاکەکان و زانایانمان لە ئەهلی سوننە و جەماعە بەم دەقە پیرۆزە، لەبەر بوونی چەندین سوود و قازانجی مەزن تیایدا، کردویەتیە بناغەیەک کە قوتابی زانست و زانیاری لەویوە هەناگاو بنێت و دەستکەوتە زانستە شەرعییەکەی لەسەری بنیات بنات ، ئیمەش چاو لەوان دەکەین و شوێن پێی ئەوان هەڵدەگرین لەم مەنهەجەدا. هەروەها عەوامی خەڵکی بێ نیاز نین لە خوێندنەوەی ئەم دەقە و لە ئەو هەموو بنەمایانەی تیادایە کە دەبێ ئیمانێکی بتەوی پێی هەبێت و هیچ گومان و دوودڵییەکی تێکەڵ نەبێت .

تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقە – هەروها هەموو کتێبەکانی شەیخی پێشەوا





ئەو بەرهەمانە چین کە لە خوێندنی سێ بنچینەکە دەستمان دەکەوێت ؟

ئەگـەر تـۆ سـێ بنچینەکە فێـر بوویت و ئەمجار کارت پێی کـرد و ئەمجار بانگەوازت بۆی کرد و ئەمجار ئارامت لەسەر زانست و کردەوە و بانگەوازەکە گرت ، ئەوا – بە ئیزنی خوای گەورە- وەلامی پرسیارەکانی ناو گۆڕ دەدەیتەوە.


ناوەڕۆکی دەقی سێ بنچینەکە :
١- چوار مەسەلەکە (سورە العصر)
٢- سێ مەسەلەکە (بەشەکانی تەوحید) .
٣- گرنگی خوێندنی تەوحید.
٤- سێ بنچینەکە (پرسیارەکانی ناو گۆڕ) .
٥- کۆتایی

١ چوار مەسەلەکە:

١) زانست

٢) کارکردن پێی

٣) بانگەوازکردن بۆی

٤) ئارامگرتن لەسەر ئەو ئازارانەی لەو پێناوەدا تووشی دەبێت

٢ سێ مەسەلەکە :

١/ تەوحیدی پەروەردگاریێتی و ناو و صیفاتەکان (الربوبية والأسماء والصفات)

٢/ تەوحیدی خوداوەندێتی (الألوهية)

٣/ بەرائەت لە شیرک و ئەهلەکەی – موشریکەکان– (بە دڵ و زمان و ئەندامەکان) .

٣ گرنگی خوێندنی تەوحید :

وەڵامی ئەو پرسیارە : بۆ ئێمە تەوحید دەخوێنین؟

٤ سێ بنچینەکە :

سێ بنچینەکە بە کورتی بریتییە لە : **سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ**



٥ کۆتایی

لەو وتەیەی نووسەرەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت : (والناس اذا ماتوا یُبعثون)
واتە : وە خەڵکی ئەگەر مردن ئەوا زیندوو دەکرێنەوە ، **تا کۆتایی دەقەکە .**

یەکەم : چوار مەسەلەکە

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

(١) بزانە –ڕەحمەتی خوات لێ بێت :
(٢) کەوا پێویستە لە سەرمان فێری چوار مەسەلە ببین :
یەکەم : زانست : ئەویش بریتییە لە ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەرەکەی و ناسینی دینی ئیسلامە بە بەڵگەوە .
دووەم : کارکردن پێی

١) هۆکاری دەستپێکردنی دەقەکە بە (بەسمەلە) لە لایەن نووسەرەوە :

١-
وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران

٢-
چاولێکردنی زانایان و پێشینەکانی پێش خۆی ، ئەوانەی کە لە نەریتیاندا بووە نوسینەکانیان بە (بەسمەلە) دەست پێ بکەن .

٣-
وەکو تەبەڕوکێک بە ناوی خوای بەخشندەوە

٢/ هەروەکو لە پێشەکییەکەدا ئاماژەمان پێکرد ، لە عادەت و نەریتی نووسەر ئەوەیە : بە دوعاکردن بۆ قوتابی زانست دەست پێ دەکات و داوای ڕەحمەتیان بۆ بکات لە خوای گەورە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر :

ڕەحمەت و بەزەیی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە بە قوتابیەکانیان

دینی ئیسلام لە بنەڕەتدا لە سەر ڕەحمەت بنیات نراوە

زانست (العلم) : بریتییە لە ناسینەوەی حەق بە بەڵگەکانیەوە، وە دژەکەشی نەفامییە.

٣) دەربارەی روونکردنەوەی پەیوەندی نێوان زانست و کردار (العلم والعمل) وتراوە: زانست بانگی کردار دەکات ئەگەر وەڵامی دایەوە باشە ئەگەر نا ئەوا کۆچ دەکات و دەڕوات) بۆیە هیچ سوودێک لە زانستدا نییە ئەگەر کردەوەی لە گەڵدا نەبێت ، جا ئەگەر فێر بوو ئەوا پێویستە لەسەری کار بکات ئەگەر نا ئەوا لێکچواندنێکی لە گەڵ جولەکەدا تیادایە ، چونکە جولەکە زانستیان هەیە بە بێ کردار، ﴿ يَعْرِفُونَهُۥ كَمَا يَعْرِفُونَ أَبْنَآءَهُمْ ۖ ﴿١٤٦﴾ ﴾ البقرە : ١٤٦ **واتە** : (چاک ئەو (پەیامبەر)ـە دەناسن و هەرچیشی لەگەڵ خۆی هێناوە دەزانن راستە، هەرچۆنێ منداڵ و کوڕانی خۆیان دەناسن.) وە یەکەم کەسانێک کەوا ئاگریان پێ تاو دەدرێت سێ کەسن : لەوانە : زانایەک فێری زانست بوو و کاری پێی نەکردووە .

وعالِمٌ بعلمهِ لمْ يعملَنْ مُعذَّبٌ من قبلَ عُبّادِ الوَثَنْ

واتە: هەر زانایەک کار بە زانستەکەی نەکات ئەوا سزاکەی لەپێش بت پەرستانەوە دەبێت.



بەڵگە لەسەر ئەم مەرجانە :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾يوسف/ (١٠٨) واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) ! بەو خەڵکە بڵێ: ئەمەیە ڕێگەی من خۆم و ئەوەی شوێنم کەوتوون خەڵکی بانگ دەکەین بۆ یەکتاپەرستی لەسەر بنچینەی چاوساغی و بەڵگەی شەرعیی و عەقڵی ، هەمیشەیش خوا لەهەر کەم وکورتیی و ناتەواوییەک بدرێتە پاڵی بێخەوش ڕادەگرم و من لەوانەیش نیم شەریک و هاوەڵی بۆ بڕیار دەدەن!) .

قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ / ئاماژە پێکراو ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) هێناویەتی لەو شەرعە ، وە (السبیل) واتە : ڕێگا .

أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ / ئەوەی بانگەواز دەکات بۆ لای خوا ئەو کەسە دڵسۆزەیە کە دەیەوێت خەڵکی بگەیەنێتە لای خوای گەورە.

عَلَىٰ بَصِيرَةٍ / البصیرە : بریتیە لە زانست ، وە زانست لێرەدا ئەمانە دەگرێتەوە :

هەروەکو ئەوەیە کە نووسەر دەیەوێ بڵێت : ئەگەر فێر بویت و ئەمجار کارت کرد ئەوا پێویستە لەسەرت لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆیت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵان و پێشینە چاکەکان لەسەری بوون ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِيٓ أَدْعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ ﴾يوسف/ (١٠٨) کەواتە پێویستە بانگەواز بکات .

(١) نووسەر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە پاش بانگەواز باسی ئارامگرتنی کردووە ، هەروەکو ئەوەی دەیەوێ پێت بڵێت : ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر چەند کاروبارێکی بەسەردا دێت هەروەکو بە سەر پێغەمبەراندا هاتووە ، بۆیە پێویستە لەسەری ئارام بگرێت .

ئارام گرتن :

لە زمانەوانیدا واتە : خۆگرتنەوە

لە شەرعدا : خۆگرتنەوەی نەفس لە سەر ئەنجامدانی چەند شتێک و وازهێنان لە چەند شتێک :

چوارەم : ئارامگرتن لەسەر ئازارکێشان لە پێناویدا :

(١) بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو سورەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣﴾ العصر: ١ - ٣ **واتە :** سوێند بەکات و ڕۆژگار (١) کەبەڕاستی هەرچی ئادەمیزاد هەیە بەتایبەت ئەوانەیان کە تەکلیفیان لەسەرە لەزیانێکی گەورەدایە(٢) جگە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کارە چاکەکانیان کردووە، وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەهەق، کە هەمیشە پابەندی هەق بن و ماخولانی ڕاستی بن وە وەسیەتیان بۆ یەکتر کردووە بەسەبرو خۆڕاگیری لەسەر هەق و ئایینی خوا) .

پێشەوا ابن القیم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئارامگرتنی کردووەتە سێ بەشەوە:

١/ ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە تاوەکو ئەنجام دەدرێت .

٢/ ئارامگرتن لە ئەنجامندانی سەرپێچی خوای گەورە تاوەکو لێی بە دوور دەبێت .

٣/ ئارامگرتن لەسەر قەدەرە بە ئازارەکانی خوای گەورە.

(٢) له پاش باسکردنی چوار مەسەلەکە نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەری ، ئەویش لە قورئانی پیرۆزەوە ، کە سورەتی (العصر) ە ، نووسەر –ڕەحمەتی خوی لێ بێت – هەردەم باسی هەر مەسەلەیەک دەکات بەڵگەیشی لە گەڵدا دەهێنێتەوە ، بۆ ؟

- تاوەکو قوتابی پەروەردە بکات لەسەر شوێنکەوتن نەک لەسەر لاسایی کردنەوە
- تاوەکو قوتابی بەڵگەیەکی لا بێت وەڵامی نەیارانی پێ بداتەوە .
- تاوەکو قوتابی توانای هەبێت لەسەر دەرهێنانی ئەحکامەکان لە بەڵگەکانیەوە لەسەر بنەماکان

پێشەوا (الشافعی) –ڕەحمەتی خوای لێبێت – فەرمویەتی : (ئەگەر خوای گەورە هیچ حوججەیەکی بۆ سەر دروستکراوەکانی دانەبەزاندبایە تەنها ئەم سورەتە نەبێت ئەوا بەسیان بوو)

وە بوخاری –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی : (بەشی : زانست لە پێش وتە و کردەوەوە)

وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾ محمد: ١٩ واتە : جا ئەی موحەممەد (ﷺ) ! ئەی ئینسان! بزانە کە بێگومان جگە لە(**اللّه**) هیچ پەرستراوێکی هەق نیە مافی پەرستنی ببێ، دەسا تۆش لەسەر ئەو بیروباوەڕە سابت بەو، هەرگیز نەگۆڕێیت وە بۆ خۆت و ئیمانداران لە پیاوان و ژنان داوای لێبوردنی گوناهان بکە) .

جا بە زانست دەستی پێکرد لە پێش وتە و کردەوە.

١–مەبەستی (الشافعی) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – ئەم سورەتە بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی ببێتە حوججە بە سەر خەڵکییەوە بۆ ئەوەی فێربن و کار بکەن و بانگەواز بکەن و ئارام بگرن .

ئەی ڕات چییە بەرانبەر سورەتەکانی تری قورئان ؟ جا قورئان هەمووی حوججە و بەڵگەیە .

٢–ئەمیری ئیمانداران لە فەرموودەدا –ئیمامی بوخاری– لە کتێبەکەیدا (صحیح البخاری) بەشێکی داناوە بە ناوی (بەشی : زانست لە پێش وتە و کردەوەوە) ئەمجار باسی بەڵگەکەشی کردووە، جا بۆیە پێویستە لەسەرەتاوە فێری زانست ببیت لە پێش وتە و کردەوەوە .

بۆیە نابێت کار بکات بە بێ زانست و زانیاری ، ئەگەر نا ئەوە لێکچونێکی تێدایە لە گەڵ گاورەکاندا .

دووەم : سێ مەسەلەکە

١/ نووسەر ئەم بەشەی لە دەقەکە بە دوعاکردن بۆ قوتابی دەستی پێ کردووە .
جا نووسەر – رەحمەتی خوای لێ بێت- لە (سێ بنچینەکەدا) لە سێ جێگادا دوعای بۆ قوتابی زانست کردووە : لە سەرەتای چوار مەسەلەکە، ئەمجار لێرە لە سەرەتای سێ مەسەلەکە، وە جێگای سێ یەم لەو جێگایەی کە دەفەرموێت: (**اعلم أرشدك الله لطاعته أن الحنيفية ملة إبراهيم**) .

بزانە -رەحمەتی خوات لێبێت- : کەوا پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاو و ژن ئەم سێ مەسەلەیە فێر ببێت و کاریان پێ بکات

پێشەکییەک پێش ڕاڤەکردنی سێ مەسەلەکە :

یەکتاپەرستی (التوحيد):

لە زمانەوانیدا :
چاوگی وشەی(**وَحَّد يوحِّد توحيداً**) ، **وَحَّد الشيء** : ئەگەر شتەکەی کردە یەک دانە .

لە شەرعدا :
بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکان



ناو و صیفاتەکان تەوقیفین لە سەری رادەوەستێت تەنها لە سەر ئەوەی لە کیتاب و سوننەدا هاتووە ئەویش بەم شێوەیە دەبێت :

سەلماندنی ئەوەی خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندویەتی لە کیتابەکەیدا یان ئەوەی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەلماندویەتی.

وە نەفی ئەوەی خوای گەورە نەفی کردووە دەربارەی خۆی لە کیتابەکەیدا یان پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەفی کردووە دەربارەی ئەو ، وەکو: ﴿لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ﴾ البقرە -٢٥٥) ، **واتە** : (نەخەوە نووچکە دای ئەگرێ و نەخەو دەیباتەوە) (**وَمَا مَسَّنَا مِنْ لُغُوبٍ**) ق -٣٨) واتە : (لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرە ماندوو بوونێکیشمان تووش نەهات) بە بێ هیچ لادانێک (تحریف) و هیچ لەکارخستنێک (تعطیل)یک و بە بێ هیچ چۆنیەتیک (تکییف) و لێکچواندنێک (تمثیل)یک.

یەکەم : خوای گەورە دروستی کردووین و رزق و رۆزی داوین و فەرامۆشی نەکردووین بەڵکو پێغەمبەرێکی بۆ ناردوین ، جا هەرکەسێک گوێڕایەڵی بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە و هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەوا دەچێتە ئاگرەوە .
وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَيۡكُمۡ رَسُولٗا شَٰهِدًا عَلَيۡكُمۡ كَمَآ أَرۡسَلۡنَآ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ رَسُولٗا ١٥ فَعَصَىٰ فِرۡعَوۡنُ ٱلرَّسُولَ فَأَخَذۡنَٰهُ أَخۡذٗا وَبِيلًا ١٦ ﴾ (المزمل) واتە : خۆ بەڕاستی ئێمە پەیامبەرێکمان (موحەممەد) (ﷺ) بۆ ڕەوانە کردوون، بۆتە شایەد بەسەرتانەوە کەهەرچیمان بەسەرا داوە پێی ڕاگەیاندوون، ئێوە هیچ بڕوبیانوویەکتان نەماوە ، هەروەک چۆن بۆلای فیرعەونیش پەیامبەرێکمان (مووسا) (علیه السلام) ڕەوانە کرد، تاتێی بگەیەنێت(١٥) جا فیرعەون سەرپێچی کرد لەپەیامبەرەکەو لەفەرمانی دەرچوو و بڕوای نەهێناو داوای خوایەتی دەکرد..! ئینجا ئێمەش زۆر بەتوندی پێچامانەوەو قارمان لێگرت، ئەوەبوو خۆی و تاقمەکەی لە دەریادا خنکان.
جا ئێوەش ئەی قورەیش ! بێدارو هۆشیار بن پێش ئەوەی قارتان لێبگرین)

پوختەی سێ مەسەلەکە :

مەسەلەی یەکەم :
تەوحیدی پەروەردگاریێتی و ناو و صیفاتەکان .

مەسەلەی دووەم :
تەوحیدی خوداوەندێتی .

مەسەلەی سێیەم :
بەریبون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).

(١) لە مەسەلەی یەکەمدا نووسەر تەوحیدی پەروەردگاریێتی و ناو و صیفاتەکانی تێدا سەلماندووە، (**أن اللّه خلقنا**) **واتە:** (خوای گەورە دروستیِ کردووین) ئەویش (الخالق) ە (ورزقنا) واتە: (وە رزق و رۆزی داوین) ئەویش (الرزاق)ە ، (**ولم یترکنا هملا**) واتە: (فەرامۆشی نەکردووین – جێِ نەهێشتوین) بە لەکارخستنی نە فەرمانەکانی و نە نەهییەکانی ، (**بل أرسل إلینا رسولا**) واتە : (بەڵکو پێغەمبەرێکی (ﷺ) بۆ ناردووین) .

مەبەست لە ناردنی پێغەمبەران لە لایەن خوداوە :

ئیقامە کردنی حوججە لە سەر خەڵکی: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴾(١٥)الاسراء) واتە : و ئێمە تۆڵەو سزای هیچ خەڵکێکمان نەداوە ، هەتا پەیامبەرێکیان بۆ نەناردبن ڕێیان بۆ ڕۆشن بکاتەوە) .

ڕەحمەت و بەزەیی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾(١٠٧)الأنبياء) واتە : ئێمە هەر بۆیە تۆمان نارد کە ڕەحمەت و بەزەیی و میهرەبانییەک بیت بۆ هەموو جیهانیان تادەستێی تەواوی مەردوم بەرەو هیدایەت و ڕێگەی بەختیاریی بگری).

مەسەلەی دووەم سەلماندنی خوداوەندێتی تیادایە بۆ خوای گەورە .

نووسەر دەڵێت : (خوای گەورە رازی نابێت کە هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە شەریک) ، وشەی : (أحد) (نکرە)یە هەموو کەسێک دەگرێتەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) یان وەلی یان جنۆکە یان پیاوچاک یان جگە لەوانە ، هەرکەسێک بێت .

بەڵگەش لە سەر ئەوە ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ١٨ ﴾ الجن: ١٨

دووەم : خوای گەورە رازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە هاوەڵی لە پەرستنیدا نە فریشتەیەکی نزیککراو و نە پێغەمبەرێکی نێردراو . وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلۡمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدۡعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدٗا ١٨ ﴾(١٨)الجن) واتە : (وە خوا وەحی بۆ کردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن).

لە مانای (المساجد)دا سێ را هەیە – دەکرێت جەمع لە نێوانیاندا بکرێت



لِلَّهِ فَلَا تَدْعُواْ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا : (أحداً) (نکرە)یە لە سیاقی نەهیدا هاتووە ، کەواتە هەموو کەسێک دەگرێتەوە ، بۆیە پێشەوا –رەحمەتی خوای لێ بێت – لە سەرەتای مەسەلەی دووەمدا دەفەرموێت : (خوای گەورە رازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە شەریک) واتە هەرکەسێک بێت پێغەمبەر (ﷺ) بێت یان وەلی یان جنۆکە یان پیاوچاک .

سێیەم : هەرکەسێک گوێرایەڵی پێغەمبەری خوای کرد(ﷺ) و خوای گەورەی بە تاک دانا دروست نییە بۆی دۆستایەتی و لایەنگیری ئەو کەسانە بکات کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن هەرچەندە نزیکترین کەسە نزیکەکان بێت ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَٰئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾المجادلة:٢٢ **واتە :** هیچ کۆمەڵێ نابینیت کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی بێت دۆستایەتی ئەوانە بکەن دژایەتی خواو پەیامبەرەکەی دەکەن ! هەرچەندە ئەوانە باوکیان ، یان کوڕو نەوەیان، یا براو عەشرەتیان بن، بە کورتیی: مرۆڤی باوەڕدار نابێ بە هیچ شێوەیەک دۆستایەتی بکا لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەردا ئەگینا لەوان دەژمێردرێن ئەوانە – کەلەدۆستایەتی دوژمنانی خوا خۆئەپاڕێزن– کەسانێکن خوا ئیمان و باوەڕی لەنێودڵیاندا چەسپاندووە، بەهیچ شتێ لەق نابێت، وە پشتگیری کردوون بە سەرخستن لە لایەن خۆیەوە و لەپاشە ڕۆژیشدا ئەیانباتە نێو چەند باخاتێکی بەهەشتەوە کە جۆگە ئاوی زۆر لە ژێر درەختەکانیدا ئەڕوات بەهەتا هەتاییش تێیدا دەبن خوا لێیان خۆشنوود و ڕازیی بووە، ئەوانیش لە خوا ڕازیی بوون ئا ئەوانە گرووپەکەی خوان ئاگادار و هۆشیاربن! کە هەر گرووپەکەی خوان بەرەوەکان لەدونیاو، لەقیامەتدا).

مەسەلەی سێیەم : نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێ– واجب بوونی بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی تیادا ڕوون کردووەتەوە .

بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی بە

- دڵ
- زمان
- ئەندامەکان دەبێت

١/ بـه دڵ : بـەوەی کـە رقـت لە بێباوەڕ و جەژن و ئاهەنگەکانیان بێت ، بە تایبەتی ئەو شیرک و بیدعانە لای ئەوان هەیە.

٢/ بـه زمـان : ﴿ إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ ﴾الزخـرف/٢٦ واتە : بێگومان من لەو خوایانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم) .

خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦ ﴾ (الكافـرون) واتـە : ئـەی موحەممەد (ﷺ)! بڵێ: ئەی هۆزی کافرو بێباوەڕان! دارو بەرد پەرسـتان! خوا نەناسـان! (١) ئەوەی ئێوە دەیپەرسـتن مـن نایپەرسـتم، مـن چـی لەدارو بـەرد بکـەم؟(٢) وە ئـەوەش من ئەیپەرسـتم ئێوە نایپەرسـتن، چونکـە مـن خوایەکـی هەق و راسـت ئەپەرسـتم، ئێوەیـش دارو بەردو ئەندێشە، دیارە ئەم دوانەش فەرق و جیاوازییان زۆر زۆرە(٣) وە منیش پەرەسندەی ئەوە نیم کە ئێوە پەرسـتووتانە و دەیپەرسـتن(٤) ئێوەیش پەرەسندەی ئەو زاتە نین کەمـن ئەیپەرسـتم. بەکورتیـی: لـە هیچ کاتێکـدا ئێوە بەتەمای ئـەوە مەبن کە من بت و خواکانتـان بپەرسـتم، ئەگەرچـی ئێـوەش حەقتانـە خواکەی من بپەرسـتن، چونکە خواکەی من هەقە و راستە، بەڵام خواکانی ئێوە ناهەقەو ناراست(٥) جاکەوابوو دین و ئایینی خۆتان بۆ خۆتان و، منیش دین و ئایینی خۆم بۆ خۆم(٦)

٣/ بـه ئەندامـەکان : ئەویـش بە بەشـداری نەکردنیان دەبێت لـە ئاهەنگەکان یان نەریتە ئاینیەکانیان یان جلوبەرگەکانیان یان ئەوەی ئەوان لە سـەرین لە هەر بیروباوەڕێک .

سێیەم : گرنگی خوێندنی تەوحید :

الحنيفية

لە زمانەوانیدا

لە وشەی (الحنف)ەوە وەرگیراوە ئەویش بە مانای لادان دێت .

لە شەرعدا

ئەو میللەتەیە کە لە شیرک لایداوە و رووی کردووەتە ئیخلاص و تەوحید و ئیمان : ﴿ قَانِتًا لِلَّهِ حَنِيفًا ﴾ **واتە** : رووی کردووەتە خوا و پشتی لە شیرک کردووە ، جا (الحنیف) ئەو کەسەیە کە هەردەم دەگەڕێتەوە بۆ لای تەوحید و لە شیرک دوور دەکەوێتەوە .

بزانە –خوای گەورە ڕێنموییت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی– کەوا حەنیفییەتی میللەتی ئیبراهیم بریتییە لە :

خوای گەورە بپەرستیت بەتاک و تەنها و دینداری بە ئیخلاصەوە بۆ ئەو ئەنجام بدەیت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانی کردووەتە هەموو خەڵکی و هەر لەو پێناوەدا دروستی کردوون ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاریات/٥٦ وە مانای یعبدون: واتە : بە تەنها بمپەرستن .

وە گەورەترین شت خوای گەورە فەرمانی پێکردبێت تەوحیدە ، ئەویش بریتییە لە : بە تاکدانانی خوای گەورەیە لە پەرستندا .

وە گەورەترین شت خوای گەورە نەهی لێ کردبێت شیرکە ئەویش بریتیە لە : داواکردن و هاواکردن لە جگە خوا لەگەڵ خوادا .

٣/ لێرەدا نووسەر هۆی خوێندنی تەوحید روون دەکاتەوە ، وە لە پێشدا باسی گرنگیەکەیمان کرد .

نووسەر دەڵێت : (وماناى يعبدون : **يوحِّدون** ، بە تەنها بمپەرستن) ، ئەمەش قسەی (ابن عباس) ە -رەزای خوای لێ بێت - ، ابن عباس دەفەرموێت : (هەموو (عبادە)تێک لە قورئانـدا مانـای تەوحیـدە) . (**وَاعْبُدُوا اللَّهَ**) واتە : خوای گـەورە بە تەنها بزانن –بە تەنها بیپەرستن- ،(**يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ**) واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بە تەنها بزانن –بە تەنها بیپەرستن-.

چواردەم : سێ بنچینەکە

جا ئەگەر پێیان وتی : ئایە ئەو سێ بنچینەیە چییە کەوا پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک بیزانێت؟

ئەوا بڵێ: ناسینی پەروەردگار و دینەکەی و پێغەمبەرەکەی (محمد)ە (ﷺ) لە لایەن بەندەوە . وە ئەگەر پێیان وتی : پەروەردگارت کێیە ؟ ئەوا بڵێ : پەروەرگاری من (اللّه) یە کە پەروەردەی کردووم و هەموو جیهانیانی پەروەردە کردووە بە نیعمەتەکانی ، هەر ئەویش پەرستراوی منە و جگە لەو پەرستراوی ترم نییە . وە بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ الفاتحة: ٢ وە هەموو شتێک جگە لە (اللّه) بوونەوەر و دروستکراوە ، وە منیش یەکێکم لەو بوونەوەر و دروستکراوانە .

(١) نووسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت – دەستی کردووە بە باسکردنی سێ بنچینەکە، کە ئەویش خۆی لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕدا دەبینێتەوە ، وە بیری خوێنەر یان بیسەری وروژاند بە پرسیارێک و وەڵامیشی دایەوە.

(٢) نووسەر – رەحمەتی خوای لێ بێت– بنەمای یەکەمی روون کردەوە و ئەوەشی روون کردەوە کەوا پەروەردگار و ئەو کەسەی شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللّه) یە ، ئەمجار بەڵگەکەشی باس کردووە ، ئەویش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ الفاتحة:٢ جا پەروەردگار ئەوەیە کە دەپەرستێت (پەرستراوە).

﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾

ئەم ئایەتە هەر سێ جۆرەکەی تەوحیدی لە خۆی گرتووە :



(٣) واتە : هەرچی شتێک هەیە جگە لە خوا دروستکراوە ، وە ئەگەر منیش دروستکراو بم ئەوا پێویستە هەستم بە سوپاسگوزاری ئەو دروستکار و نیعمەت ڕێژ و خاوەن فەزڵە .

جا ئەگەر پێیان وتی : بە چی شتێک پەروەردگارەکەت ناسیەوە ؟ ئەوا بڵێ : بە ئایەتەکانی و دروستکراوەکانی ، وە لە ئایەتەکانی شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ ، وە لە دروستکراوەکانی حەوت ئاسمانەکە و حەوت زەوییەکە و ئەوەی تیایانداییە و ئەوەی لە نێوانیانداییە . بەڵگەش لەسەری ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيۡلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُۚ لَا تَسۡجُدُواْ لِلشَّمۡسِ وَلَا لِلۡقَمَرِ وَٱسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ﴾ فصلت: ٣٧ واتە : (لە نیشانەکانی تاک و تەنیایی خوایە: شەوو ڕۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگ و ڕێک و پێک دامەزراون

و کاری خۆیان دەکەن ، دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سوژدە هەربۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستکردووە ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن.)

وە ئەو ئایەتە کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ يُغْشِى ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ الأعراف: ٥٤

واتە : (بەڕاستیی هەر خوای پەروەردگاری ئێوە بوو توانی ئاسمانەکان و زەویی لەماوەی شەش رۆژدا دروست بکات، ئەوسایش بەوشێوەیە کە شایستەو شیاوی زاتی خۆی بێت ‹جل جلاله› چووە سەر عەرشی خۆی، رۆژ بە شەو دائەپۆشێ، رۆژیش بە پەلە دەکەوێتە شوێنی شەو پەروەردگارتان خۆرو، مانگ و، گشت ئەستێرەکانی دروستکرد هەموویشان لە ژێردەستی ئەودا ڕامکراون و، بە پێی یاسای ئەویش دێن و دەچن چاکیش بزانن! کە دروستکردن و تەگبیر و فەرمانی بۆ بە ڕێوەبردنی هەموو بوونەوەر، هەر بەدەستی ئەوە زۆر بە بەرەکەت و گەورەیە خوایەک کە پەروەردگاری گشت جیهانە)

(١) نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێبێت– دەستی کردووە بە باسکردنی کۆمەڵێک لە ئایەتە گەردوونیەکان و دروستکراوەکان کە بەڵگەن لەسەر بوونی خوا ، ئەوە دەسەلمێنن کەوا هیچ پەروەردگار و دروستکار و پەرستراوێکی بە حەق نییە تەنها (اللّه) نەبێت ، ئەمجار چەند بەڵگەیەکی بۆ هێناوەتەوە لە قورئان هەروەکو لە دەقەکەدا هاتووە . وە هەموو دروستکراوێک لە دروستکراوەکان نیشانە و بەڵگەیە لەسەر بوونی خوا ، بەڵام شێخ جیاوازی کردووە لە نێوان ئایەتەکان و دروستکراوەکاندا ، چونکە ئایەت دەگوڕێت وەکو شەو و رۆژ ، جا ئەوەی کە دەگوڕدرێت بەڵگەی بەهێزترە لەوەی کە ناگوڕدرێت .

وه پـەروەردگار ئـەو کەسـەیە کە دەپەرسـتریێت (پەرسـتراوە) ، وە بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە ئـەو ئایەتەیە کە خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ٢١ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ٢٢ ﴾البقـرة:٢١-٢٢ واتـە : ئـەی خەڵکینە! تەنها پەروەردگاری خۆتان بپەرسـتن کە ئێوەو پێشـووەکانی ئێوەی لەنەبوون دروستکردووە چونکە ئاوا پەرستنێک هێـزی پارێـزگاری دروسـت دەکاو، بەڵکو ئێوەش خـۆ بپارێزن (٢١) خوایەکـی وایـە زەوی بـۆ ئامادەکـردوون و کردوویەتـی بـە ڕایـەخ تـا بەئاسـانی لـە سـەری بژیـن و بـەلای سەرووشـتانەوە -وەک گومەزیی و کۆشـک- ئاسـمانی ڕاگرتووە لەو حەوایشەوە ئاوێکی بۆ باراندن ئینجـا بـەو بارانە جۆرەها میـوەو ڕۆزی بـۆ فەراهەم هێنان و شـینی کـرد جـا کە وابـوو ئێوەش چـاک بپەرسـتن و، هیچ جۆرە هاوبەشـێکی بۆدامەنێـن و، تەنهـا یاسـاو بەرنامەکـەی ئـەو وەرگرن دەخـۆ خۆیشـتان چـاک دەزانن کـە ئەوجۆرە بتانە هیچیان بەدەسـت نیەو، تەنها خوای گەورەیە ڕۆزیی و دارایی و سـامانتان دەداتێ(٢٢) ابـن کثیـر - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت - دەفەرموێـت : دروسـتکاری ئـەم شـتانە هـەر ئـەوە شـایەنی پەرسـتن بێـت .

٢) ئەم ئایەتە لە سورەتی (البقرە)یە ، هەندێ لە زانایان فەرموویانە: ئەم ئایەتە یەکـەم بانگـەوازی تیادایە لە قورئانـدا : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴾ ، وە یەکەم فەرمانی داخـوازی تیادایـە لە قورئاندا : ﴿ ٱعۡبُدُواْ ﴾ واتە: بە تاکی بزانن لە پەرسـتندا. وەیەکەمنەهیتیادایەلەقورئاندا:﴿ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾نەهیکردنە لەشیرک، (٣) واتە : ئەوکەسەی کە تەنهایە لە تەوحیدی پەروەردگاریێتیدا پێویستە بە تەنها بزانرێت لە تەوحیدی خوداوەندێتیدا.

وه جۆرەکانی پەرستن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە : وەکو ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، وە هەر لەوانە : پاڕانەوە (الدعاء) و ترس (الخوف) و تکاکردن (الرجاء) و پشت بەستن (التوكل) و حەزکردن و ئارەزووکردن (الرغبة) و ترس و بیم (الرهبة) و ملکەچی وتەسلیم بوون (الخشوع) و ترس (الخشیه) و گەڕانەوەو پەشیمان بوونەوە (الأنابة) و کۆمەک خوازی (الاستعانة) و هانابردنەبەر (الاستغاثة) و سەربڕین (الذبح) و نەزر (النذر) ، وە جگە لەوانە لە جۆرەکانی خواپەرستی کەوا خوای گەورە فەرمانی پێکردووە ، هەمووی دەبێ بۆ خوا بێت ، وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنَّ ٱلْمَسَٰجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا۟ مَعَ ٱللَّهِ أَحَدًا ﴾ الجن: ١٨ واتە : وە خوا وەحی بۆکردوم کە بەڕاستی مزگەوتەکان تایبەتی خوان، جا لەگەڵ خوادا هاوارو هانا بۆ کەسی تر مەبەن، واتە: هەر خوا بپەرستن تیایانداو، وێنەو نیگاری بتانی تیا هەڵ مەواسن و هاواریش تەنها لەو بکەن) جا ئەگەر کەسێک هەر یەکێک لەو پەرستنی بۆ جگە لە خوا ئەنجامدا ئەوا کەسێکی موشریکی بێباوەڕە ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٧واتە : ئەوەی لە گەڵ خوادا هانا بۆ خوایەکی تر دەبات و، دەیپەرستێ هیچ بەڵگەیەکیش نیە لە سەر شیاوی بۆ پەرستنایە تی ئەوە هەر پرسینەوەی کارو کردەوەکانی لای پەروەردگاریەتی، وە نایگەیەنێت بە بەختیاری، چونکە کافرو بێباوەڕە ، دەی خۆ بێباوەڕەکان هەرگیز بەختیارو ڕزگار نابن، بەڵکو تەنها بڕواداران پیرۆزو بەختیار ئەبن) .

وه لەفەرموودەیەکدا هاتووە: (الدعاء هو العبادة)، وە بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر: ٦٠ واتە : و پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپارێنەوە ، منیش وەڵامتان دەدەمەوە، بێگومان ئەوانەی خۆ بە گەورە دەزانن لە پەرستنم بە تەنیا بێگومان بە سەرشۆڕی و بە بچووکی دەچنە دۆزەخەوە.)

لە پاش قسەکەی (ابن كثير) نووسەر باسی چەند جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنی دڵ و جەستەی کردووە لە گەڵ هێنانەوەی بەڵگە لە قورئاندا بۆ هەر کارێک لەوکارانە ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

پارانەوە (الدعاء) : دەبێتە دوو بەشەوە :

پارانەوەی پەرستن :
بریتییە لە پارانەوە بە زمانی حاڵ، وەکو نوێژ و ڕۆژوو و حەج . ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە .

ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە .

پارانەوەی داواکردن :
بریتییە لە پارانەوە بە زمانی وتن، وەکو ئەوەی کەسێک دەڵێت : لێم خۆشبە، ڕەحمم پێ بکە .

حوکمەکەی ڕوونکردنەوەی تیادایە ، ئەویش دەکرێتە دوو بەشەوە وەکو ئەوەی لە خوارەوە باسکراوە



بـەڵام ئەگـەر باوەڕی وا بوو کەوا کەسـی داوالێکراو تەصـەروفێـک و بەڕێوەبردنێکی شـاراوەی هەیـە لـە گەردووندا و بە دەسـت هێنانی قازانجەکان و دوور خسـتنەوەی زیانەکانی بە دەستە ، ئەوە شیرکە .

- **تێبینی :**

ئێمە حوکم لەسەر کارەکە دەخوێنین ، بەڵام حوکم لەسەر کەسەکە –بکەرەکە– ئەوا پێویستی بە ئیقامە حوججە و نەهێشتنی گومان هەیە .

وە تەنها زاناکان حوکم لەسەر بکەرەکەی دەدەن کەوا ئیماندارە یان کافرە .

خەڵکی لە باوەڕبوونیان بە هۆکارەکان بوونەتە سێ بەشەوە :

(١)
بەشێکیان باوەڕی وایە و ئەوەی خوای گەورە کردوویەتیە هۆکار ئەمیش دەیکاتە هۆکار .

ئەمەش راست و دروستە

(٢)
بەشێکیان باوەڕی وایە و ئەوەی خوای گەورە نەیکردوەتە هۆکار کەچی ئەم دەیکاتە هۆکار .

ئەمیش شیرکی بچوکە

(٣)
بەشێکان باوەڕی وایە کەوا هۆکارەکان خودی خۆیان کاریگەریان هەیە و بە دەست هێنانی قازانج و دوور خستنەوەی زیانەکانی بە دەستە.

ئەمەش شیرکی گەورەیە

هۆکارە شەرعییەکان

وەکو روقیەی شەرعی ، جا خوای گەورە روقیەی کردووەتە هۆکارێکی شەرعی بۆ لادان و نەهێشتنی نەخۆشی .

هۆکارە هەست پێکراوەکان (الحسیە)

وەکو دەواو دەرمان ، جا خوای گەورە کردویەتیە هۆکارێک بۆ شیفاو چارەسەر.

ئەو فەرمودەیەی کە دەفەرموێت: (**الدعاء مخ العبادة**)[١] فەرموودەیەکی (ضعیف)ە، وە فەرموودەی راست و دروستەکە ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (**الدعاء هو العبادة**)[٢] .

چۆن دوعا دەبێتە پەرستن ؟

ئەو ئایەتەی کە دەلالەتی لە سەر دەکات : ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدْعُونِيٓ أَسْتَجِبْ لَكُمْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ﴿٦٠﴾ ﴾ غافر: ٦٠

خوای گەورە دەفەرموێت : (**عِبَادَتِي**) ئەمەش بەڵگەیە کە دوعا پەرستنە .

---

١) قال الشيخ الألباني : (ضعيف) انظر حديث رقم : ٣٠٠٣ في ضعيف الجامع

٢) صحيح (صحيح سنن ابن ماجة ٣٨٢٨ , صحيح سنن الترمذي ٢٥٩٠)

وه بەڵگەی تـرس ئـەو ئایەتەیە کـە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾ آل عمران : ١٧٥ واتە : جا ئەگەر باوەڕتان بەهێزە، لەوان مەترسن ، لەخۆم بترسن).

وە بەڵگەی تکاکردن (الرجاء) ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴾الكهف: ١١٠ واتـە : ئینجـا هەرکەسـێک لەئێوە ئومێـدی بەگەیشـتنی دیـداری پـەروەردگاری خۆی هەبێ لـەدواڕۆژدا بـا کاری چـاک وکردەوەی دروسـت ئەنجام بدات وە لە پەرسـتنی پەروەردگاری خۆیدا هیچ کەسـێک نەکاتە هاوتاو هاوبەشیی و رووپامایی نەکات، چونکە خوا تەنها دڵسـۆزیی وئیخڵاس وەرئەگرێ، نەڕیاو رووپامایی وشیرک و هاوبەش دانان..

(١) **تـرس** : بریتیـە لـە هەڵچوونێک بە هـۆی گومانی رووداتی لـە ناوچوون یان زیـان یـان ئازارێـک رووەدات، وە خـوای گـەورە نەهی کردووە لە ترسـان لە ئەولیای شەیتان و فەرمانی کردووە بە ترسان تەنها لە خۆی .



(٢) **تکاکردن (الرجاء)** : ئومێد و تەماحی مرۆڤ بۆ دەستکەوتێکی نزیک وە ڕەنگە دەستکەوتێکی دووریش بێت وەکو دابەزاندنی بۆ جێگایەکی نزیک .
وە ئەو تکایەی کە زەلیلی و ملکەچبوونی لە گەڵدایە تەنها بۆ خوای گەورە دەبێت ، وە ئەنجامدانی بۆ جگە لە خوا شیرکی گەورەیە.
وە تکاکردنی ستایشکراو (محمود) ناکرێت و نابێت ئیللا بۆ کەسێک نەبێت کە بە گوێڕایەڵی خوا کاری کردووە و تکای پاداشتەکەیەتی یان تەوبەی کردووە لە سەرپێچیەک و تکای وەرگرتنی تەوبەکەی دەکات ، بەڵام تکایەک بە بێ کردار ئەوە لەخۆبایی بوونە و ئومێدێکی خراپە (نەویستراوە) .

وه بەڵگەی پەناگرتن (التَّوكُل) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ المائدة: ٢٣ واتە : و دەبێ بۆ سەرکەوتنش تەنها پشت بەخوا ببەستن، ئەگەر ئێوە بڕوای ڕاستەقینەتان هەیە)

وە ئەو ئایەتە :﴿ وَمَن يَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسۡبُهُۥٓ ﴾ الطلاق: ٣ واتە : وەهەرکەسێک پشت بەخوا ببەستێ دوای بەکار هێنانی هۆکار، ئەوە تەنیا خوای بەسەو کاروباری بۆ ئاسان دەکات)

وە بەڵگەی ڕەغبەت و ترس و ملکەچی وتەسلیمبوون (الرغبة و الرهبة و الخشوع) ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّهُمۡ كَانُواْ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡخَيۡرَٰتِ وَيَدۡعُونَنَا رَغَبٗا وَرَهَبٗاۖ وَكَانُواْ لَنَا خَٰشِعِينَ ﴾ الأنبياء: ٩٠ واتە : چونکە ئەوان هەموویان لە کاری خێرو چاکەدا بەردەوام پەلەو تالوکەیان دەکرد هەمیشە لەبەر هیوای میهرەبانی و ڕەحمەتی ئێمەدا نزایان دەکرد، وە لەترسی دۆزەخ هاواریان دەکرد لە ئاست ئێمە هەموکات خۆ بەکەم زان و ملکەچی کارو فەرمانی ئێمە بوون.)

(١) پێناسەی (التَّوكُل) :

لەزمانەوانیدا:

(التَّوكُل) کردن لە سەر شتێک واتە : پشت بەستنە پێی .

لە شەرعدا :

پشت بەستنێکی ڕاستییە بە خوای گەورە لە گەڵ سیقەبوونە پێی ، وە گرتنە بەری هۆکارە دروستەکان (شەرعیەکان) .



(٢) **رەغبەت (الرغبة)** : حەز کردن لە گەیشتن بە شتێکی خۆشەویست .

ترس و بیم (الرهبة) : ترسێکە کە بەرهەمەکەی هەڵاتنە لەوەی لێی دەترسێت، جا ئەوە ترسێکە کرداری لە گەڵدایە .

ملکەچبوون وتەسلیم بوون (الخشوع) : زەلیلی و ملکەچبوون بۆ گەورەیی و مەزنی خوای گەورە ، بە شێوەیەک تەسلیمی قەزای شەرعی و کەونی خوای گەورەی بێت .

ئەو کەسەی بۆ لای خوای گەورە دەچێت پێویستە لە سەری لە نێوان ترس و رەجادا لەخۆیدا کۆ بکاتەوە بکاتەوە ، لایەنێکی زاڵ نەکات بەسەر لایەنەکەی تردا و ببێتە هۆی کەوتن و لە ناوچوونی ، بۆیە پێویستە ترس و رەجای هەبێت وەکو دوو باڵی باڵندە .

وە بەڵگەی ترس (الخشية) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِي ﴾ البقرة: ١٥٠ واتە : دەسا ئێوە لەو پیلانی ستەمکارانە مەترسن و گوێ بۆ قسەشیان مەگرن دەبێ هەر لەخۆم بترسن، لە من شەرم بکەن و پەیڕەوی لەم پەیامبەرەی منە بکەن و، هەر لەسەر ئەو ڕووگە تازەیەش بن).

وە بەڵگەی گەڕانەوە (الانابة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾ الزمر: ٥٤ واتە : بگەڕێنەوەو بۆلای خواوەندتان و ملکەچی فەرمانی ئەوبن).

وە بەڵگەی پەناگرتن (الاستعانة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ الفاتحة: ٥ واتە : خوایە تەنها هەر ئەتۆ دەپەرستین، تەنیا بەرنامەو پڕۆگرامەکەی تۆمان لاپەسەندە، هەر گوێ رایەڵ و ملکەچی تۆ دەبین، وە تەنها هەر لەتۆ داوای یارمەتیی و کۆمەک دەکەین، تەنها ئەتۆی کەبتوانی لەڕۆژە سەختەکاندا یارمەتیمان بدەیت و سەرمان خەیت بەسەر دوژمنی خۆت و ئێمەدا) وە لە فەرموودەیەکدا هاتووە : (**إذا استعنتَ فاستعن باللّه**) واتە : وە ئەگەر پەنات گرت ئەوا تەنها پەنا بە خوا بگرە .

وە بەڵگەی (الاستعاذة) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ الفلق: ١ واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) ! بڵێ: پەنا دەبەمە بەر پەروەردگاری سپیایی بەرەبەیان، ئەو خوایەی کەپەردەی نەبوونی لەت کردوو بوونەوەری لێدەرهێنا).

وە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ الناس: ١ واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) !(ئەی موسڵمان !) بڵێ: پەنا ئەبەمە بەر پەروەردگاری خەڵک)

وە بەڵگەی فریادڕەسی (الاستغاثة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت :﴿ إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ ﴾ الأنفال: ٩ واتە: وەبیر بێنن ئەودەمە کەناڕەحەت ودڵ نیگەران بوون و، هاناتان بۆپەروەردگارتان برد ، ئەوا پەروەردگارتان وەڵامی دانەوە) .

وە بەڵگەی سەربڕین (الذبح) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥ ﴾ الأنعام: ١٦٢ – ١٦٣ واتە : دیسان بڵێ: بە ڕاستی نوێژ و حەج و قوربانیی و ژیان و مردنم گشت هەر بۆ خوای پەروەردگاری جیهانەکانە (١٦٢) کە هیچ هاوەڵێکی بۆ نییە....) وەلە سوننەتدا هاتووە : (**لعن اللّه من ذبح لغير اللّه**) واتە : خوای گەورە لەعنەتی کردووە لەو کەسەی بۆ جگە لە خوا سەردەبڕێت).

الخشية: بريتيية لەو ترسەی کە بنيات نراوە لەسەر زانينی گەورەيی و کەمالی سوڵتانی ئەوەی لێی دەترسێت .

الإنابة : واتە گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە ، ئەويش بە هەستان بە گوێڕايەڵيەکانی و دوور کەوتنەوە لە سەرپێچيەکانی ، ﴿ وَأَنِيبُوٓاْ ﴾واتە : بگەڕێنەوە ﴿ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَأَسۡلِمُواْ لَهُۥ ﴾ واتە : هەموو کارەکەت تەسليمی خوای گەورە دەکەيت ، چونکە تۆ بەندەی ئەوی ، وە بەندەش دەبێت تەسليمی گەورەکەی ببێت ، وە گەورەش (السيد) خوای گەورەيە ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی : (**السيد الله**)[٣] .

الإستعانة: واتە : داواکردنی يارمەتی . ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ لەم ئايەتەدا پێشخستنێکی تيادايە کە حەقی ئەوە بوو دواکەوێت[٤] ، ئەمەش دەلالەت دەکات لەسەر (حصر) ، واتە : هيچ کەسێک ناپەرستين تەنها تۆ نەبێت و پەنا بە هيچ کەسێک ناگرين تەنها بە تۆ نەبێت .

الإستعاذة: واتە : داواکردنی دالّدەدان ، ئەويش بريتيە لە پاراستن لە هەر نەخوازراوێک ، ﴿ أَعُوذُ ﴾ واتە : خۆم دەدەمە پاڵی و پشتی پێ دەبەستم .

الإستغاثة: واتە : داواکردنی فريا کەوتن (هانا بۆ بردن) ، ئەويش بريتيە لە رزگار کردن لە ناڕەحەتی و لە ناوچوون .

(الاستعانة و الاستعاذة و الاستغاثة و الشفاعة) دروستە لە دروستکراوەکان داوا بکرێت لە شتێکدا توانای لەسەر بێت بە چوار مەرج : دەبێت زيندوو بێت و ئامادە بێت و توانای هەبێت و هۆکار بێت .

سەربڕين (**الذبح**) : دەرچوونی رۆحە لە جەستە بە خوێن رشتن بە شێوەيەکی ديارى کراو .

---

٣) صحيح ، المشكاة (٤٩٠١) ، إصلاح المساجد رقم (١٠٣) // صحيح الجامع (٣٧٠٠)

٤) مەبەستی ئەوەيە کە (إيّـاك) مفعول بە يە کە دەبێت لە پاش فعل و فاعلەوە بێت (نعبد) کەچی پێشيان کەوتووە .

وه بەڵگەی (نەزر) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ﴾ الإنسان: ٧ واتە : بۆیە ئەم پاداشەیان هەیە، چونکە لە دونیادا هەر شتێ نەزر بکەن و بڕیاری لە سەر بدەن لە کارێکی چاکە، وەفای پێ دەکەن و پێی هەڵ ئەسن، بێ کەم و کورتی. وە لە رۆژێک ئەترسن کە زیانەکەی بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە) .

سەربڕین دەبێتە سێ بەشەوە :

سەربڕینێک بۆ خوای گەورە
وەکو : (هدي) و قوربانی و صەدەقات .

سەربڕینێک بۆ جگە لە خوا
وەکو خۆشویستن و بە مەزن زانین وەکو: سەربڕین بۆ جنۆکە و مردووەکان، ئەمەش شیرکی گەورەیە .

سەربڕینی دروست (مباح)
وەکو سەربڕینی مەڕێک بۆ گۆشتەکەی و ڕێزگرتن لە میوان و بازرگانی .

- **تێبینی :** زیاتر وردەکاری هەیە لە بابەتی سەربڕیندا ، لە کتێبی (التوحید) بە دریژی باس دەکرێت ، بە ئیزنی خوای گەورە .

پێناسەی (نەزر)

لە زمانەوانیدا
پەیمان و ئەرک خستنە سەر خۆ .

لە شەرعدا
ئەرک خستنە سەرخۆ لەسەر شتێک کە واجب نییە لەسەری بە ئەنجامدانی لە لایەن پێسپێرراوەوە (مکلف).

- **تێبینی :** نەزر چەند بەش و مەرج و کەفارەتێکی هەیە لە کیتابی (التوحید) بە دریژی باس دەکرێت ، بە ئیزنی خوای گەورە.



- باسکردنی ئەم پەرستنانە لە لایەن نووسەرەوە لە رووی (حصر)ەوە نییە بەڵکو وەکو نمونە باسی کردووە ، چونکە چەندین پەرستنی تر هەن باسی نەکردوون ، بەڵام مەبەست و شاهید ئەوەیە کەوا هەرکەسێک شتێکی لەو پەرستنانە یان جگە لەوانە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدا ئەوا شیرکی کردووە .

ئەمجار نووسەر دەستی کرد بە باسکردنی بنەمای دووەم ، ئەویش ناسینی بەندەیە بۆ دینەکەی ، وە بە پێناسەی ئیسلام دەستی پێکردووە ، دەفەرموێت:

پلەی یەکەم ئیسلام :

ئەویش تەسلیم بوونە بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوونە بۆی بە گوێڕایەڵی و بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان).

ئەمە پێناسەی ئیسلامە ، کەوا دەبێت هەموو کارەکانت تەسلیمی خوای گەورە بکەیت ، چونکە تۆ بەندەیت ، وە بەندەش پێویستە تەسلیمی گەورەکەی ببێت ، وە گەورە و سەید هەر خوایە ،هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی .

ئەمجار دینی کردووەتە سێ پلەوە :



پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن یەکەمیان :

شایەتیدانە

بنەمای دووەم : ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەکانەوە .

ئەویش بریتییە لە : تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی ، وە بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان) .

ئەویش سێ پلەیە : ئیسلام و ئیمان و ئیحسان ، وە هەر پلەیەک چەند پایەیەکی هەیە .

پلەی یەکەم : ئیسلام ، جا پایەکانی ئیسلام پێنج دانەن : شایەتی دان بەوەی کە هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت بە هەق جگە لە خوای گەورە ، وە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی ئەوە و ئەنجامدانی نوێژ و زەکات دان و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەجکردنی ماڵی خوا.

جا بەڵگەی شایەتیدان (الشهادة) ئەو ئایەتەیە کەخوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلْعِلْمِ قَآئِمًۢا بِٱلْقِسْطِ ۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ آل عمران: ١٨ واتە : خوا لەڕێگەی دروستکراوەکانیەوە شایەتی دەدا – خۆهەر خۆی بەسە بۆ شایەتی– پاشان فریشتەو زاناکانیش شایەتی دەدەن کە: بێجگە لەخۆی هیچ پەرستراوێکی شیاوی راستەقینە نییە گشت کاتێکیش لە نێوان بوونەوەردا، دادپەروەری راگرتووە دووبارە غەیرە خۆی، هیچ پەرستراوێکی تر نییە، بالادەست و زاڵە، کارجوان و کارزانە، بۆیە هەمیشە بەدادگەرانە لەنێو گشت بوونەوەردا ئەجوولێتەوە).

وە ماناکەی : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە ئیللا (الله) نەبێت .
(لا إله) نەفی هەموو پەرستراوێکی تیادایە لە جگە لەخوا بپەرستریت .
(إلاّ الله) سەلماندنی پەرستنی بۆ خوای تاک و تەنهاو بێ شەریکی تیادایە لە پەرستنیدا ، هەروەها هیچ شەریکێکی نییە لە مولکەکەیدا .
وە تەفسیرەکەی کە بە جوانی رووناکی دەکاتەوە ، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴿٢٦﴾ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى فَإِنَّهُۥ سَيَهْدِينِ ﴿٢٧﴾ وَجَعَلَهَا كَلِمَةًۢ بَاقِيَةً فِى عَقِبِهِۦ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٨﴾ ﴾ الزخرف: ٢٦ – ٢٨ واتە : کاتە وە بیر بێنە ئەی موحەممەد(ﷺ) کە ئیبراهیم (علیه السلام) بە باوک و گەلەکەی خۆی وت: بێگومان من لەو خوایانەی کە ئێوە ئەیانپەرستن، بێزارو بەریم(٢٦) جگە لەو خوایەی کە دروستی کردووم، جابە ڕاستی ئەویش ڕێنموونیم ئەکات بۆ ڕێگەی ڕاست و دروست(٢٧) کارێکی کرد کە ئەو وشەیە، (وشەی یەکخواپەرستیی) – پاش خۆیشی– لە نەوەکانییدا هەر بمێنێت ، تا بەڵکو بگەڕێنەوە بۆلای خوا..
بەڵێ پەیامبەران و پەیڕەوانیان ، هەردەم هەوالیان داوە بۆ چەسپاندنی وشەی (لا إله إلا الله)، دەبێ پاش خۆشیان هەر ئەوە لەسەر زارو لەناو دڵی پەیڕوان و نەوەکانیاندا بێ(٢٨)

﴿ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴾ : ئەمە مانای (لا اله) یە .

﴿ إِلَّا ٱلَّذِى فَطَرَنِى ﴾ : واتە (الا الله) .

نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – بەڵگەی شایەتیدانی (**لا إله إلاّ اللّه**) ی هێناوەتەوە ، وە ماناکەشی ڕوون کردووتەوە ، ئەویش بە مانای :

هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە (اللّه) نەبێ



نەفی کردن لەو وتەیەدایە : (**لا إله**)

سەلماندن لەو وتەیەدایە : (**إلاّ اللّه**)

ئەم شێوازەش سوودی حەصر و سەلماندنی تیادایە ، چونکە ئەوەتا پەرستن بۆ خوای تاک و تەنها حەصر دەکات و دەیسەلمێنێت ، وە نەفی دەکات لە جگە لە خۆی.

بۆیە نووسەر دەڵێت : وە تەفسیرەکەی کە بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە ، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦٓ إِنَّنِى بَرَآءٌ مِّمَّا تَعْبُدُونَ ﴾ الزخرف: ٢٦

- ئەگەر کەسێک وتی : مانای شایەتیدانی (**لا إله إلاّ اللّه**) واتە : هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە (**اللّه**) .

دەڵێین : ئەمە قسەیەکی پوچەڵە ، چونکە بە پێی ئەم قسەیە هەموو ئەوانەی لە جگە لە خوا دەپەرستریت بە ڕاست دەزانڕێت . بەڵام کاتێ دەڵێت : (بە حەق) ئەوە بەڵگەیە کەوا کوفر دەکات بە هەموو ئەوانەی کە لە جگە لە خوا دەپەرستڕێت وە هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە جگە لە (**اللّه**) .

- ئەگەر کەسێک وتی : مانای (**لا إلـه إلا اللّه**) هیچ پەروەردگارێک بە حەق نییە جگە لە (**اللّه**).

دەڵێین : ئەمە قسەیەکی ڕاست و دروستە ، بەڵام ئەوە تەفسیری (**لا إله إلا اللّه**) نییە ، چونکە ئەمە تەوحیدی پەروەردگارێتییە (الربوبیة) ، وە کافرەکانی مەککە دانیان پێدا نابوو ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناویاندا ڕەوانە کرابوو کەچی بەو قسەیە نەهاتنە ناو ئیسلامەوە .

وە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ٦٤ واتە : ئەی پێغەمبەر! (ﷺ) بەخاوەن نامەکان بڵێ: وەرن با ئێمەو ئێوە لەسەر و شەو بەرنامەیەک سوورببین کە بۆ هەردوولامان چوونیەکەو یەکسانەو، پەیامبەرانیش هەموو هاودەنگ بوون لەسەری و، واز لەو تەفرەقەیە بێنن وەرن با جگە لەخوا کەسێکی تر نەپەرستین و، هیچ شتێکیش نەکەینە شەریک و هاوبەشی هەندێکیشمان لەباتی خوا نەکەینە خواو بپەرستڕێن، واتە: لەنافەرمانی خوا گوێ بیستی یەکدی نەبین، ئینجا ئەگەر هەر ڕوویان لەو قسە ڕاستەیە وەرگێڕاو بۆ یەکتاپەرستیی نەهاتن بەدەمتانەوە، بەڕاشکاوی پێیان بڵێن: دەسا ئێوە بەشایەت بن و بزانن کە بەڕاستیی ئێمە موسڵمان و ملکەچی بڕیارەکانی خواین و، سووریشین لەسەر دینی خۆمان و، خواش تاک و تەنیایەو، ئیتر نە عوزەیر خوایەو، نەعیسایش).

(١) ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴾ئەم ئایەتە بەڵگەی پوچەڵی نزیککردنەوەی نێوان دینەکانی تیادایە.

وه بەڵگەی شایەتیدان کەوا (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾ التوبة: ١٢٨ واتە : سوێند بەخوا هەر لەخۆتان پەیامبەرێکی پایە بەرزتان بۆ هات و چاک دەیناسن لەکێیە هەر نارەحەتییەکتان تووش بێت زۆر سەختە لایی و پێی سەختە دەبێ زۆریش سووڕە لەسەر بڕوا هێنانتان بەرامبەر بە بڕواداران زۆر دڵسۆزو بە بەزەیی و دلۆڤانە)

و مانای شایەتیدان کە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە : گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی پێکردووە ، وە بە راست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە ، وە دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، وە خوای گەورە نەپەرستڕێت ئیللا بەو شەرعە نەبێت کە ئەو هێناویەتی.

(١) نووسەر – ڕەحمەتی خوای لێ بێت- باسی ئەم ئایەتەی کردووە وەکو بەڵگەیەک لەسەر شایەتیدان کە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خودایە ، خوای گەورە تیایدا بە سێ شێوازی دووپاتکردنەوە دووپاتکردنەوەی تیادا بە کار هێناوە : سوێند خواردنە تەقدیر کراوەکە ، وە پیتی (لام) ، وە (قد) .

(٢) نووسەر –ڕەحمەتی خوای لێ بێت – مانای شایەتیدانی (**محمد رسول اللّه**) ی ڕوون کردووەتەوە ، وە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێک پیاو بێت یان ئافرەت بۆ بە جێگەیاندنی ئەم شایەتیدانە ئەم کارانەی لەسەرە : گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوەی فەرمانی پێکردووە ، وە بەراست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە ، وە دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، وە خوای گەورە نەپەرستڕێت ئیللا بەو شەرعە نەبێت ئەو هێناویەتی و ڕوونی کردووەتەوە –صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت – .

ناوەرۆکی مانای شایەتیدانی (محمد رسول الله) بریتییە لە : کەوا ئەو بەندەیەکە و ناپەرستریێت ، وە پێغەمبەرێکەو (ﷺ) بە درۆ نازانرێت) واتای ئەمەش :

- گوێڕایەڵی بکەین لە هەموو ئەوەی فەرمانی پێکردووە چونکە ئەو گەیەنەرێکە لە لایەن خوداوە
- بە راست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە چونکە ئەو راستگۆیە و راستی هێناوە (پەیامەکەی راستە).
- دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، بە شێوەیەک هەموو ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێکردووە لە لایەک دانێیت و خۆتیش لە لایەک .
- خوای گەورە نەپەرستریێت ئیللا بەو شێوەیە نەبێت کە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە ئەمەش ڕەددی بیدعەچیەکانی (مبتدعە)ی تیادایە .

(١) روکنی دووەم : نوێژ .

بریتییە لە خواپەرستی بە چەند کردار و گفتارێک کە بە تەکبیر (**اللّه أكبر**) دەست پێ دەکات و بە تەسلیم (**السلام عليكم ورحمة اللّه**) کۆتایی پێ دێت، ئەویش کۆڵەکەی دینە ، بە راستەوخۆیی فەرز کرایە سەر پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە لایەن خوداوە ، ئەویش لەو کاتەی بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان .

(٢) روکنی سێیەم : زەکات.

لە زمانەوانیدا : گەشەسەندن و پاککردنەوەیە .

ئەویش دوو جۆرە زەکاتی جەستە (**بَدَن**) وزەکاتی سەروەت و سامان .

(٣) روکنی چوارەم : رۆژوو گرتن .

لە زمانەوانیدا : بریتییە لە خۆگرتنەوە .

لە شەرعدا : بریتیە لە خوا پەرستی بە خۆگرتنەوە لەوانەی رۆژووی پێ بەتاڵ دەبێتەوە لە گەڵ بوونی نیەت لە کاتی دەرکەوتنی فەجرەوە تاوەکو خۆر ئاوا بوون .

وە رۆژوو لە باشترین جۆرەکانی پەرستنە ، لەبەر کۆبونەوەی هەر سێ جۆرەکانی ئارامگرتن تیایدا ، وە هەر لە بەر مەزنی ئەو پەرستنە خوای گەورە پاداشتی رۆژووانی داوەتە پاڵ خۆی .

(٤) روکنی پێنجەم : حەج .

لە زمانەوانیدا : بریتیە لە مەبەست ، وە لە شەرعدا : بریتیە لە خواپەرستی بە ئەنجامدانی چەند مەناسکێک بە پێی ئەو سوننەتەی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە .

ئەوەش فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێک لە هەموو تەمەنیدا یەک جار .

وه بەڵگەی نوێژ و زەکات و تەفسیری تەوحید ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ ﴾ البينة: ٥ واتە : لە هەمان کاتا لە (تەورات و ئینجیل)دا فرمانیان پێ نەدرابوو بەوە نەبێ کە بەتەواوی هەموو خوابپەرستن و سەر بۆ ئەو دانەوێنن و ئایینی خالیس هەر بۆ ئەو دابنێن و لەهەموو ئایینێکی هیچ و پوچ لابدەن و بەتێرو تەسەل نوێژەکانیان بکەن لەماڵ و سامانیان زەکات بدەن بەو شێوەیەی بۆیان روون کراوەتەوە وەهەر ئەو خوا پەرستیی و یەکلا بوونەوەیەو نوێژو زەکات دانەیە ئایینی پایەدارو راستە، ئاوا فرمانیان پێکرابوو، کەچی ئەوان جیابوونەوەو بوونە چەند دەستەیەک)

وە بەڵگەی رۆژوو ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴾ البقرة: ١٨٣ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بزانن رۆژووی مانگی رەمەزانتان لەسەر نووسراوەو فەرز کراوەتە سەرتان هەروەکو لەسەر ئەوانەی لەپێشتانەوە بوون بڕیاردراو نووسرا، دیارە هەر هۆزو ئوممەتێک ، جۆرێ رۆژووی بووە بەڵکو بە تەقوا بن و سنوورەکانی خوا بپارێزن و دەرگای گوناح لەخۆ داخەن و دەرگای هەموو خێرێ لەخۆ واز بکەن) .

وە بەڵگەی حەج ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلۡبَيۡتِ مَنِ ٱسۡتَطَاعَ إِلَيۡهِ سَبِيلٗاۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ آل عمران: ٩٧ واتە : خوا حەجی کەعبەی بڕیارداوە لەسەر مەردم، لەسەر ئەوەی توانای رێگای هەبێ و هەرکەسێکیش باوەڕی بەو حەجە نەبێ، ئەوە باچاک بزانێ کە کافرو بێ باوەڕە، بەراستیی خوایش لەتەواوی خەڵکانی جیهان، نەک تەنها هەر لەوان، بێ نیازە!.)

پلەی دووەم : ئیمان ، ئەویش حەفتاو ئەوەندە لقە ، بەرزەکەی وتنی (**لا إله إلاّ اللّه**)یە و نزمەکەی لادانی ناڕەحەتییەکە لەسەرە ڕێگا ، وە (حەیا) ش لقێکە لە ئیمان .

وە پایەکانی شەش دانەن :

ئیمانت هەبێت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و ئیمانت هەبێت بە قەدەر خەیرەکەی وشەڕەکەی .

وە بەڵگەش لەسەر ئەم شەش پایە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ ﴾ البقرة: ١٧٧ واتە: چاکەو چاکەکاریی هەر ئەوە نیە ئێوە -جولەکەو گاور- کاتی نوێژ-روو لە خۆرهەڵات بکەن، یان خۆرئاوا، ئەگەر لەرووی گوێرایەڵیەوە نەبێ بۆ فەرمانی خوا، دیارە ڕووکردنە ‹مەسجیدولحەرام›یش هەروایە، بەڵکو چاکەی ڕاست و دروست ئەمەیە کە باوەڕی ڕاستەقینەی بەخواو بەڕۆژی دوایی و بەفریشتەو بەکتێبی ئاسمانی و بەپەیامبەرانی خوا هەبێ)

وە بەڵگەی قەدەر ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴾ القمر: ٤٩ واتە : بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان بەئەندازەیەکی دیاریکراو دڕووستکردووە).

پلەی دووەم : ئیمان :

لە زمانەوانیدا : بڕیتیە لە دان پیادانان.

وە لە شەرعدا : بڕیتییە لە وتن بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکانی لاشە، وە پایەکان- واتە بە دڵ – زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی .

جا ئیمان پێویستە و دەبێ پێنج کاری تیادا بێت .

ئەگەر یەکێکی توشی هەر گرفتێک بوو ئەوا لە پێناسەی ئیمان دەردەچێت لای ئەهلی سوننە و جەماعە.

بەڵگە لەسەر ئەم پێنج کارە چییە ؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : بەرزەکەی وتنی (**لا اله الا اللّه**) یە ، ئەمە بەڵگەیە لەسەر وتن .
(وە نزمەکەی لادانی ئازارێکە لە سەرە ڕێگا) ئەمە کرداری ئەندامەکانە .
وە (حەیا) ئەمە کرداری دڵە .ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا ﴾ التوبة: ١٢٤ واتە : ئاخۆ ئەم سوورەتە باوەڕی کێتان زیاد بکات ؟) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئیمان زیاد دەکات ، جا ئەگەر زیاد بکات ئەوا بێ گومان کەمیش دەکات ، وە کەمی لە دیندا بە ڕوونی لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**ما رأيت من ناقصات عقل و دين**)[٥] جا دین کەم دەکات .

٥) وأخرجه البخاري ومسلم


پایەکانی ئیمان شەش دانەن :
ئیمان هێنان بە خوای گەورە
ئیمان هێنان بە فریشتەکان
ئیمان هێنان بە کتێبەکان
ئیمان هێنان بە پێغەمبەران
ئیمان هێنان بە رۆژی دوایی
ئیمان هێنان بە قەدەر خەیرەکەی و شەڕەکەی

پایەی یەکەم : ئیمان هێنان بە خوا ، پێویستە چوار کاری تیادا بێت

- ئیمان هێنانی بە بوونی خوای گەورە ئەمەش بە چوار کار دەبێت
- ئیمان هێنان بە تەوحیدی پەروەردگاریەتی
- ئیمان هێنان بە تەوحیدی خوداوەندیەتی
- ئیمان هێنان بە ناو و صیفاتەکان

بە عەقڵ

جا عەقڵ زۆر ئەستەمە لای کەوا گومان ببات دروستکراوێک هەبێت بە بێ دروستکار ﴿أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ﴾ الطور: ٣٥ واتە : یا خۆ هەر لەخۆیانەوە دروستبوون، وا ئەوەندە سەربەستن و بەئارەزووی خۆیان قسە ئەکەن ومنەتی هیچ کەسێک نازانن ؟ یا هەر خۆیان دروستکەری خۆیانن ؟)

بە هەستەکان (الحس)

ئەمەش لە کاتی تەنگانە و نارەحەتیدا دەردەکەوێت ، دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرز دەکەیتەوە و دەڵێیت : پەروەردگارا .... دەبینی ئەم تەنگانەیەت لەسەر نامێنی و کۆتایی پێ دێت بە ئیزنی خوای گەورە .

بە فیترەت :

(**كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه**)

(واتە: هەموو منداڵێک لەسەر فیترەتی پاک لەدایک دەبێت، جا دایک و باوکی دەیکەنە کەسێکی جولەکە یان گاور یان مەجوسی)

بە شەرع

ابن القیم ئەوەی دووپات کردووەتەوە کەوا هیچ ئایەتێک نییە لە قورئاندا ئیللا بەڵگەیەکی لەسەر تەوحید تیادایە .

پایەی دووەم : ئیمان بە فریشتەکان

فریشتە : جیهانێکی غەیبین ، خوای گەورە ئەوانی لە رووناکی دروست کردووە ، گوێڕایەڵی خوا دەکەن و سەرپێچی ناکەن ، ڕۆحیان هەیە ﴿رُوحُ ٱلْقُدُسِ﴾النحل:١٠٢ وە جەستەشیان هەیە ﴿جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِىٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۚ يَزِيدُ فِى ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ۚ﴾ فاطر: ١ واتە : بگێڕی فریشتەکان بەنێردراو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بە پەیامبەران فریشتەکانی خاوەنی دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵ، لەئاسمانەوە بەو باڵانە بەرەو ڕووی زەویی دێن و ئەگەڕێنەوە. خۆی هەر شتێکی حەز لێبکا لەدروستکردنی باڵ بۆ فریشتەکان و هەرچی تر زیادی ئەکات) وە عەقڵ و دڵیان هەیە ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُوا۟ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ ۖ﴾سبأ: ٢٣ واتە : تا ئەو دەمەی کە سام و ترس لە دڵیاندا دادەمرکێ بەمۆڵەتدان بە شەفاعەت بۆیان ئەوجا دەمیان ئەکرێتەوەو لەناو یەکتردا ئەڵێن: ئاخۆ پەروەردگاری ئێوە چ بڕیارێکی دا، چی وت سەبارەت بە تکاکردن؟؟) باوەڕمان پێیان هەیە ، وە بەو ناوانەی کە خوای گەورە ئێمەی فێری ناوەکانیان کردووە (وەکو : جبریل و میکائیل و ئیسرافیل) وە صیفاتەکانیان ﴿لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ۝﴾ التحریم: ٦ واتە : نافەرمانی خوا ناکەن لە هەرشتێک فرمانیان پێبکا وهەر فرمانێکیشیان پێ بسپێرێ، بە خێرایی ئەنجامی دەدەن) وە لەکارەکانیان (وەکو هەڵگرانی عەرش) وە ئەو هەواڵانەی دەربارەیان هاتووە . بە گشتی و بە تەفصیلی .

پایەی سێیەم : ئیمان بە کتێبەکان

پێویستە باوەڕمان وا بێت کەوا ئەوانە قسەی خوای گەورەن بە حەقیقەت نەک مەجاز ، وە ئەوانەش دابەزێنراون لە لایەن خوداوە نەک دروستکراو بن ، وە خوای گەورە لە گەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا کیتابێکی ناردووە ، باوەڕمان پێی هەیە و بە هەموو ئەوانەی خوای گەورە هەواڵی پێداوین دەربارەی ناوەکانیان و هەواڵەکانیان و ئەحکامەکانیان بە گشتی و بە تەفصیلی ، ئەگەر نەسخ نەکرابێتەوە ، وە باوەڕمان وایە کە قورئان نەسخی هەموو کتێبەکانی پێش خۆی کردووەتەوە ئەوانیش : تەورات و ئینجیل و زەبور و صوحوفی ئیبراهیم و موسا .

پایەی چوارەم : ئیمان بە پێغەمبەران

پێویستە باوەڕمان هەبێت بەوەی کەوا ئەوان مرۆڤن و بە هیچ شێوەیەک تایبەتمەندی پەروەردگاریێتیان نییە ، وە ئەوانیش بەندەن و ناپەرستڕێن، وە خوای گەورە ئەوانی رەوانە کردووە و وەحی بۆ کردوون ، وە بە نیشانە و ئایات پشتگیری کردوون ، وە ئەوانش ئەو ئەمانەتەی لەسەریان بوو بە جوانترین شێوە گەیاندیان و ئامۆژگاری ئوممەتەکەیان کردوو و پەیامەکەیان گەیاند و لە پێناوی خوادا جیهادیان کرد بە تێرو تەسەلی و مافی جیهادیان بە تەواوی جێ بە جێ کرد ، باوەڕمان پێیان هەیە ، وە بەو ناو و صیفات ئەو هەواڵانەی خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووین، بە گشتی و بە تەفصیلی ، وە یەکەم پێغەمبەر (نبی) (ئادەم)ە و یەکەم پێغەمبەر (رسول) (نوح)ە(ﷺ) و کۆتا پێغەمبەر (محمد)ە (ﷺ) ، وە هەموو شەریعەتەکانی تر نەسخ کراونەتەوە بە شەریعەتەکەی (محمد) (ﷺ) ، وە (اولو العزم) پێنج دانەن خوای گەورە لە سورەتی (شورا و ئەحزاب)دا باسی کردوون ئەوانیش : (محمد و نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا)ن صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێت .

پایەی پێنجەم : ئیمان بە رۆژی دوایی

ئیمان بە هەموو ئەوانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین کە لە پاش مردن روو دەدەن دەگرێتەوە ،وەکو پرسیارەکانی ناو گۆڕ و فووکردن بە کەڕەنادا و هەستانەوەی خەڵکی لە گۆڕەکانیان و تەرازوو و نامەی کردەوەکان و صیرات و حەوز و شەفاعەت و بەهەشت و ئاگر و بینینی خوای گەورە لە لایەن ئیماندارانەوە لە رۆژی قیامەتدا و لە بەهەشتدا ، وە جگە لەوانە لە کاروبارە غەیبیەکان .

پایەی شەشەم : ئیمان بە قەدەر خەیرەکەی و شەڕەکەی

پێویستە ئەم پایە ئیمان بە چوار کار لە خۆ بگرێت :

زانست و زانیاری:
باوەڕ بەوەی کە خوای گەورە هەموو شتەکانی زانیوە بە گشتی و بە تەفصیلی .

نوسین
باوەڕ بەوەی کە خوای گەورە ئەندازەی (مەقادیری) هەموو شتەکانی نوسیوە تاوەکو رۆژی قیامەت .

ویست و مەشیئەت
باوەڕ بەوەی کە ئەوەی خوای گەورە ویستی لەسەر بێت دەبێت و ئەوەی ویستی لەسەر نەبێت نابێت ، وە بەندەکانیش ویستیان هەیە بەڵام بەشێکە لە مەشیئەتی خوای گەورەیە (داخلی مەشیئەتی ئەوە).

دروستکردن و بەدیهێنان
باوەڕ بەوەی کەوا بەندەکان دروستکراون، خۆیان و کردەوەکانیان ، هەروەها هەموو بوونەوەرەکان، بەڵگەش لەسەر ئەوە : ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ ﴾ الرعد:١٦ واتە : بڵێ: ئەی موحەممەد (ﷺ) تەنها هەر (الله) خوایە دروستکەری هەموو شتێک، نەک ئەو بتانە ئەوان دەیانپەرستن) وە دەفەرموێت : ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ وَمَا تَعۡمَلُونَ ﴾ الصافات: واتە : هەم خۆتان و هەم ئەو بتانە دروستیان دەکەن لە دارو بەرد، خوا بەدیهێناون، واتە: ئەو خوایە دەسەڵاتدارێکی وەهایە، ئەگەر بیەوێ ناهێڵێ ئێوە هیچ شتێ بکەن و، هێزو تواناتان لێدەسێنێتەوە)

وە ئەم چوارە پلەیە هۆنەر لە بەیتێکدا کۆی کردووەتەوە و دەڵێت :

علم کتابة مولانا مشیئته وخلقه وهو ایجاد و تکوین

پلەی سێیەم : ئیحسان (چاکەکاری): یەک پایەیە ، ئەویش : (خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ) .

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَواْ وَّٱلَّذِينَ هُم مُّحۡسِنُونَ ﴾ النحل: ١٢٨ واتە : بەراستیی خواش لەگەڵ ئەوانەدایە کەخۆ پارێزو بەتەقوان و ئەوانەش چاکەکارو چاکەخوازن، ئەم لەگەڵ بوونەش تەنها خوا خۆی باش دەزانێت چۆن دەبێت) . وە دەفەرموێت : ﴿ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلرَّحِيمِ ٢١٧ ٱلَّذِي يَرَىٰكَ حِينَ تَقُومُ ٢١٨ وَتَقَلُّبَكَ فِي ٱلسَّٰجِدِينَ ٢١٩ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٢٢٠ ﴾ الشعراء: ٢١٧ – ٢٢٠ واتە : تەنها هەر بە خوای زۆر زاڵ و بەدەسەڵات و زۆر میهرەبان پشت ببەستە، چونکە هەرگیز ئەو دەس لە دۆستانی خۆی بەرنادا (٢١٧) ئەو خوایەی کە تۆ دەبینێ کاتێ بەئێوارە ئەوەستی بۆ نوێژ بە کۆمەڵ ‹وەیان بەتەنها لە شەوگاردا (٢١٨) هەڵسوکەوتت لەناو ڕیزی سوژدە بەرانا دەبینێ ، واتە: ئەگەر هەر خۆت بیت، یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا بیت، ئەو هەر ئەتبینێ و، چاوی لێتەوەیە (٢١٩) بەڕاستی هەر ئەویشە زۆر ژنەوا، هەموو چپەیەک ئەبیستێ، زۆریش بە ئاگاو زانایە، بەهەموو جموجوڵێکیان (٢٢٠) . وە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا تَكُونُ فِي شَأۡنٖ وَمَا تَتۡلُواْ مِنۡهُ مِن قُرۡءَانٖ وَلَا تَعۡمَلُونَ مِنۡ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيۡكُمۡ شُهُودًا إِذۡ تُفِيضُونَ فِيهِ ﴾ یونس: ٦١ واتە : وە تۆ لەهیچ کارێکدا نابی و هیچ شتێ لەقورئانیان بەسەرا ناخوێنیت و ئێوەش ئەی مرۆڤ ! هیچ کارێ ئەنجام نادەن مەگەر ئێمە بەسەرتانەوە ئاگادارین، واتە: هەر شتێک دەکەن و، بەهەر جۆرێ دەیکەن ، ئێمە لێی بەئاگاین هەر ئەوکاتە دەست بەکارەکەتان دەکەن و بۆی ڕوودەچن)

پلەی سێیەم : ئیحسان (چاکەکاری)

ئەویش بەرزترین پلەکانی دینە ، تەنها یەک پایەیە و دوو پلەی لێ دەبێتەوە :

پەرستنی بینین :

ئەویش بریتیە لە پەرستنی خۆشەویستی و رەغبەت و تامەزرۆیی بۆ ئەوەی لای خوا هەیە .
بۆ نمونە : خوا پەرستی پێغەمبەران و نێردراوان ، وە دەکرێت جگە لەوان بگاتە ئەم پلەیە .

پەرستنی چاودێری

ئەویش بریتیە لە پەرستنی ترس و هەڵاتن ، وە ئەم پلەیە کەسی موسڵمان لێی بەدەر نییە .

ڕوونکردنەوەیەک : ئەمە مانای ئەوە نییە کە خاوەنی ئەم پلەیە تەنها خۆشەویستی بۆ خوا هەیە و ترسی نییە لە خوا ، بەڵام لەم پلەیەدا بە هێزترین پاڵنەر کە پاڵ بە بەندەوە بنات بۆ خواپەرستی : خۆشەویستی خوایە و هەر لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت : (أفلا أكون عبداً شكوراً) رواه مسلم (٧٣٠٢) .

وه بەڵگە لەسەر ئەم بابەتە لە سوننەتدا : فەرموودە بەناوبانگەکەی (جبريل)ە کە لە عومەرەوە هاتووە دەفەرمویّت : (بينما نحن عند رسول الله (ﷺ) ذات يوم ، إذ طلع علينا رجل شديد بياض الثياب ، شديد سواد الشعر، لا يرى عليه أثر السفر ، ولا يعرفه منا أحد ، حتى جلس إلى النبي (ﷺ)، فأسند ركبتيه إلى ركبتيه ، ووضع كفيه على فخذيه ، وقال : يا محمد (ﷺ) أخبرني عن الإسلام ، فقال رسول الله (ﷺ): (الإسلام أن تشهد أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله (ﷺ) ، وتقيم الصلاة ، وتؤتي الزكاة ، وتصوم رمضان ، وتحج البيت إن استطعت إليه سبيلا) ، قال : صدقت ، قال : فعجبنا له يسأله ، ويصدقه ، قال : فأخبرني عن الإيمان ؟، قال (ﷺ) : (أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه ، ورسله ، واليوم الآخر ، وتؤمن بالقدر خيره وشره « ، قال : صدقت . ، قال : فأخبرني عن الإحسان ، قال : (أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك « ، قال : فأخبرني عن الساعة ، قال (ﷺ): (ما المسؤول عنها بأعلم من السائل (قال : فأخبرني عن أمارتها قال (ﷺ): (أن تلد الأمة ربتها ، وأن ترى الحفاة العراة العالة رعاء الشاء يتطاولون في البنيان (، قال : فمضى، فلبثنا ملياً ، فقال (ﷺ) : (يا عمر أتدري من السائل ؟ (قلت : الله ورسوله أعلم، قال : (فإنه جبريل أتاكم يعلمكم أمر دينكم).

واتە: لە کاتێکدا ئێمە رۆژێک لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووین لە پرێکدا کابرایەک هاتە ژوورەوە ، جلوبەرگێکی زۆر سپی لە بەردابوو وە قژێکی زۆر رەشی هەبوو ، وە شوێنەواری سەفەری پێوە دیار نەبوو، وە هیچ کەسێک لە ئێمە ئەوی نەدەناسی تاکو نزیک پیغەمبەری خوا(ﷺ) دانیشت هەردوو ئەژنۆی توند کرد لە هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە هەردوو دەستی خستە سەر هەردوو رانی و فەرمووی: ئەی (محمد) (ﷺ) پێم بڵێ ئیسلام چییە ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((ئیسلام ئەوەیە کە شایەتی بدەیت کەوا جگە لە (الله) هیچ خوایەکی تر نییە شایەنی پەرستن بێت بە حەق و (محمد) یش (ﷺ) نێردراوی خوایە و نوێژەکانت بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەیت و زەکاتی ماڵەکەت

بدەیت و رۆژووی مانگی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانات هەبوو)) کابرا فەرمووی : ڕاست دەکەیت . فەرمووی : ئێمەیش سەیرمان پێهات پرسیاری لێ دەکات و هەر خۆیشی بە ڕاستی دەخاتەوە ،فەرمووی : ئەی پێم بڵێ ئیمان چییە ؟ ئەویش فەرمووی : ئیمان ئەوەیە باوەڕی تەواو بهێنیت بە خوای گەورە و فریشتەکانی و کتێبە ئاسمانییەکان و هەموو پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و وە باوەڕیش بە قەزاو قەدەر بهێنیت چ خەیر بێت یان شەڕ : فەرمووی : ڕاست دەکەیت، فەرمووی : ئەی پێم بڵێ چاکە(ئیحسان) چییە ؟ ئەویش فەرمووی: ئەوەیە بە شێوەیەک خودا بپەرستیت وەکو ئەوەی کە دەیبینی خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینی ئەوا باش بزانە ئەو تۆ دەبینێ ، فەرمووی : پێم بڵێ قیامەت کەی دێت ؟ فەرمووی : ئەو کەسەی کە پرسیاری لێ دەکرێت لە پرسیارکەر زاناتر نییە . فەرمووی : کەوایە نیشانەکانم پێ بڵێ ؟ فەرمووی : لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە : کەنیزەک گەورەو خاوەنی خۆی لێوە لە دایک ببێت ، وە خەڵکانێکی پێ پەتی ڕووت و هەژار و شوانی مەڕ پێشبڕکی بکەن لە بەرز کردنەوەی کۆشک و خانووەکانیاندا . (عمر) دەڵێت : پاش ئەوە کابرا هەڵسا و ڕۆیشت و ماوەیەک ڕامایەن ، ئەمجار پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : ئەی (عمر) ئایا دەزانی ئەو پرسیارکەرە کێ بوو ؟ گوتم : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) باشتر دەزانن ، فەرمووی : ئەوە (جبریل) بوو ، هاتبوو بۆ ئەوەی لە دینەکەتان شارەزاتان بکات)).

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر پایەکانی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان .

لەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (ما المسؤول عنها بأعلم من السائل) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هیچ کەسێک کاتی قیامەت نازانێت .

مەبەست لە : (أن تلد الأمة ربتها)

واتە : زۆربوونی رەنجاندن

واتە : زۆربوونی کۆیلایەتی

واتە : هەڵگەڕانەوەی حاڵەتەکان.

واتــە : کەسێکی مالیک کەنیزەکێک دەخوازێت کوڕێکی دەبێت ، جا لە پاش کۆچکردنی باوکی ئــەم کــوڕە دەبێتە خاوەن و گەورەی دایکی .

(وأن ترى الحفاة العراة العالة) : العالة : واتە هەژارەکان .
(العالة رعاء الشــاء يتطاولون في البنيان) واتە : حاڵەتــەکان دەگۆڕێت ، ئەم کەسە هەژارە دەبێتە دەوڵەمەندێکی لە رادە بەدەر.

سوود بەدەست هاتووەکانی فەرموودەکەی (جبریل)
– سەلامی خوای لەسەر بێت–

(١) قوتابی شەش حەقی لەسەرە : حەقی نەفسی خۆی ، حەقی مامۆستاکانی، حەقی ئەو جێگەیەی کە دەرسی تیادا دەخوێنێت ، حەقی هاوڕێکانی ، حەقی کتێبەکەی ، حەقی ئەو زانستەی کە فێری بووە.

–حەقی نەفسی خۆی : زانست خواپەرستییە (ئیخلاص و شوێنکەوتن) ، ببە بە سەلەفی لەسەر ڕێگا ڕاستەکە ، ترس، چاودێری، باڵی میهرەبانی نەوی کردن و دوورکەوتنەوە لە خۆبەزلزانین.
قەناعەت و زوهد، خۆڕازاندنەوە بە ڕەونەقی زانست، مروئەت، دەستگرتن بە ئاکاری پیاوانەوە (جوامێری) ، وازهێنان لە ڕەفاهیەت، پشتکردن و دوورکەوتنەوە لە مەجلیسی بێکەڵک و بێ سوود، خۆڕازاندنەوە بە نەرمونیانی، دامەزراوی و بەردەوامی و دڵنیابوون لە شتەکان .
هیممەت و حەزکردن لە داواکردنی زانست، گەشت کردن لە پێناوی زانستدا، بەستنەوەی زانست (بە نوسین و لەبەرکردن)، پاراستن و چاودێری کردن ، دووبارەکردنەوەو بەستنەوەی لەبەرکراوەکان، تێگەیشتن لە دەرهێنانی لقەکان لە ئەصلەکانەوە ، پەناگرتن بە خوا، پاراستنی سپاردەی زانستی، ڕاستگۆیی .
بەهەشتی قوتابی زانست (نازانم)، پاراستنی سەرمایە (کات)، خۆدەوڵەمەند کردن (ڕۆشنبیری گشتی) ، خوێندنەوەی چاککراوەکان و ڕێکخراوەکان، خوێندنەوە و قووڵبوون لە کتێبە دڕێژ و سەرچاوە گەورەکاندا .
جوان پرسیارکردن ئەمجار گوێگرتن ئەمجار تێگەیشتن ئەمجار کارکردن، وتو وێژکردن بە بێ دەمەدەم کردن و بەربەرەکانی،

خوێندنەوە و گفتوگۆکردنی زانستی، هەردەم لە نێو قورئان و سوننەت و زانستەکانیاندا بە، تەواوکردنی ئامرازەکانی (ئەدەواتەکانی) هەموو زانستێک (هونەرێک) .
کارکردن ، هەڵاتن لە خۆشویستنی ریاسەت و ناوبانگی و دونیا .
گومان خراپ بە خۆبردن و گومانی باش بردن بە خەڵکی .
زەکاتی زانست (هەردەم حەق وێژ بێت و کەسێک بێت هەردەم فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە بکات و هاوسەنگی بکات لە نێوان بەرژەوەندییەکان و زەرەرەکاندا ، هەردەم زانست بڵاو بکاتەوە و حەزی لە قازانج بێت بۆ خەڵکی و شکۆمەندی و شەفاعەتی چاکی خۆی ببەخشێتە موسڵمانان لە کاتی رووداوە حەق و چاکەکاندا (واتە ئەگەر کەسێک لە تەنگانەیەکدا پێویستی بە شەفاعەتی ئەم بوو درێغی لێ نەکات) .
عیززەت (شکۆ و سەربەرزی) ، پاراستنی زانست ، بە تەنگەوەهاتن و ئاگالێبوون نەک روپامایی کردن ، وازهێنان لە خۆبەزانا زانین و خۆبردنە پێشەوە لە پێش خۆشیاندن و خۆئامادەکردن .
هەڵوێستت دەربارەی هەڵەی زانا و جیاوازی نێوان زانایان .
دوور خستنەوەی گومانەکان ، دوورکەوتنەوە لە تایفەگەرێتی و حزبایەتی کە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لە سەر بنیات دەنرێت .
حەقی مامۆستاکەی : خەڵکی لە بابەتەدا بوونەتە سێ بەشەوە دوو لایەن و ناوڕاستێک ، وە لە پاشاندا باسی دەکەین کەوا یەکەم شیرک لە سەر رووی زەویدا رووبدابێت بە هۆی گومانی زیادەڕەوی لە پیاوچاکاندا بووە ، بۆیە پێویستە نێوەندگیر بین لە گەڵ پیاوچاکاندا، نە زیادەڕەوی و نە کورت رەوی .
– حەقی ئەو جێگایەی تیایدا دەخوێنێت .
–حەقی هاوڕێکەی : خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ كُنتُمۡ

﴿ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران: ١١٠ واتە : ئێوە چاکترین ئومەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵک گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه**)[1] "واتە : هیچ کەسێک لە ئێوە ئیمانی کامل نییە تاوەکو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش بێت)).

حەقی کیتاب : بەوەی کیتابەکەی بپارێزی ، چونکە خوای گەورە نیعمەتی خۆی ڕژاندووە بە سەرماندا بەم هەموو کیتابانەوە ، بۆیە پێویستە بپارێزرێت .

حەقی زانست : بە ڕێکخستن و زەبتکردنی زانست دەبێت و هەردەم دووبارەی بکاتەوە ، کاری پێ بکات ، چونکە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک فێری زانست بوو کاری پێ بکات ، ئەمجار لە پاش ئەویە بانگەواز بکات بۆ ئەم زانستە ، چونکە ئەمە نیعمەت و پێویستە سوپاسگوزاری خوا بێت بۆ ئەم نیعمەتە .

---

(١) أخرجه البخاري (١ / ١١) ، و مسلم (١ / ٤٩) ، و أبو عوانة في « صحيحه »(١ / ٣٣) ، و النسائي (٢ / ٢٧١ ، ٢٧٤) ، و الترمذي (٢ / ٨٤) ، و الدارمي (٢ / ٣٠٧) ، و ابن ماجه (رقم ٦٦) ، و الطيالسي (رقم ٢٠٠٤) ، و أحمد (٣ / ١٧٧ ، ٢٠٧ ، ٢٧٥ ، ٢٧٨)

(٢) لە ئادابی پرسیارکردن ئەوەی کەوا پرسیارێک بکات ئۆمێدی ئەوە بکات سوود و قازانجی لێ ببینێت .

(٣) پێویستە لەسەر قوتابی زانست پارێزگاری لە ڕواڵەتی جوانی خۆی بکات .

(٤) لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناگوترێت : خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زاناترە ، بەڵکو تەنها دەگوترێت : خوای گەورە زاناترە .

ئەم برگەیە کورتەیەک لە ژیانی پێغەمبەری خوای لە خۆ گرتووە -صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت- ، وە ناو و ڕەچەڵەک و تەمەن و هەندێک لە بانگەوازەکەی لە

پێویستە چەند شتێک دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بزانین لەوانە :

ناو و ڕەچەڵەکی

ئەویش محمد ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم، وهاشم یش لە قورەیشە، وەقورەیشیش لە عەرەبە لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلە -صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت- .

تەمەنی

تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، چل ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی و بیست و سێ ساڵی پاش پێغەمبەرایەتی بوو .

بنچینەی سێیەم : ناسینی پێغەمبەرتان (محمد) (ﷺ).

ناوی پیرۆزی : محمد ی کوڕی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم ، وهاشم یش لە قورەیشە ، وەقورەیشیش لە عەرەبە و عەرەبیش لە نەوەی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی خەلیلە ، صەڵات و سەلام لە سەر خۆی و پێغەمبەرمان بێت .

تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، چل ساڵی پێش پێغەمبەرایەتی بوو و بیست و سێ ساڵی پێغەمبەرو نێردراو بوو .

بوو بە (نبي) بە سورەتی (إقرأ) وە بوو بە (رسول) بە سورەتی (المدثر) ، شارەکەی شاری مەککە بوو پاشان کۆچی کرد بۆ مەدینە .

ماوەی ڕەوانەکردنی دەبێتە دوو بەشەوە :

ماوەی مەککی

کە سیازدە ساڵی خایاند

ماوەی مەدەنی

کە دە ساڵی خایاند

ئایە ئەو (نبی) یە یان (رسول) ؟

ئەو(نبی) و(رسول)ش بوو ، بە سورەتی (إقرأ) بوو بە (نبی) و بە سورەتی (مدثر) بوو بە (رسول) .

خوای گەورە ڕەوانەی کرد بۆ وریاکردنەوە لە شیرک و بانگەواز کردن بۆ تەوحید.

وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ۝١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ۝٤ وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ ۝٥ وَلَا تَمۡنُن تَسۡتَكۡثِرُ ۝٦ وَلِرَبِّكَ فَٱصۡبِرۡ ۝٧﴾ المدثر: ١ – ٧ واتە : ئەی ئەوەی جلکی خەوت بەخۆوە پێچاندووە ! ئەی پێغەمبەر!(ﷺ) (١) هەستە، لە ناو نوێنەکەت خەڵکی بێباوەڕ بێدار بکەرەوەو بترسێنە لەسزای خوا (٢) وە پەروەردگاری خۆت بە گەورە بگرە (٣) وە بەرگ و کالاّت خاوێن بکەرەوە،(٤) لە هەموو گوناح و جۆرە کارێکی ناپوخت و ناپەسەند گەڕێ(٥) وەشتێک مەبەخشە بۆ ئەوەی زۆرترت دەسکەوێت، واتە: منەت بەسەریانداو مەکە و چاوەڕوانی زۆریان لێ مەکە(٦) و لە بەر ڕەزامەندی پەروەردگارت خۆگربە لەبەرامبەر ئازارو هەڕەشەی هۆزەکەتدا(٧).

وە مانای ﴿قُمۡ فَأَنذِرۡ﴾ خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لە شیرک و بانگیان بکات بۆ تەوحید .

﴿وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ﴾ واتە : بە مەزنی ڕاگرە بە تەوحید .

﴿وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ﴾ واتە : کارەکانت لە شیرک پاک بکەرەوە .

﴿وَٱلرُّجۡزَ فَٱهۡجُرۡ﴾ الرجز : واتە بتەکان ، وە (هجرها) واتە وازهێنان لێیان و بەریبوون لێیان ، لە خۆیان و ئەهەلەکەیان .

لە سەر ئەم کارە دە ساڵ مایەوە خەڵکی بانگ دەکرد بۆ تەوحید ، لە پاش دە ساڵ خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان ، وە پێنج نوێژەکەی لەسەر فەرز کرا ، لە مەککە سێ ساڵی نوێژی کرد و لە پاش ئەوە فەرمانی پێکرا کەوا کۆچ بکات بۆ مەدینە .

کورتەیەک لە ژیاننامەکەی

بانگەواز لە سەردەمی مەککەدا جەختی لە تەوحید دەکردەوە و بانگەواز بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە شیرک و ئیخلاصی خواپەرستی تەنها بۆ خوای تاک و تەنها ، وە ئەم بانگەوازەش سیازدە ساڵ بەردەوام بوو.
ئەمجار فەرمانی پێکرا کۆچ بکات بۆ شاری مەدینە ، هەر بەو شێوەیە بانگەواز بەردەوام بوو بۆ تەوحید ، لە گەڵ دابەزینی ئەودوای شەریعەتەکانی ئەم دینە لە پەرستشەکان و مامەڵەکان و کاروباری ژیان.
ئەگەر کەسێک بە تیرامانەوە تەماشای ژیانی بکات و تەماشای بانگەوازەکەی بکات دەبینی کەوا بانگەواز بۆ تەوحید بەردەوام بوو لە گەڵیدا تاوەکو کۆچی دوایی کرد ، ئەمەش وەڵامێکی روون و ئاشکرایە بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی بێ نیاز دەکەن لە فێربوونی تەوحید ، وە بانگەشەی ئەوە دەکات کەوا پێویست بە فێربوونی تەوحید ناکات تەنها چەند خولەکێک نەبێت .

مەبەست لە : (**عُرج به الی السماء**) چەند سوودێکی لێ وەردەگرین لەوانە :

١. ئەو هەواڵانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی غەیب داویەتی ئێمە دەربارەیان دەڵێین : باوەڕمان پێیان هەیە و بەراستی دەزانین و تەسلیمی بوین .
٢. گرنگی نوێژە فەرزەکان ، چونکە ئەوەتا خوای گەورە لە ئاسمان فەرزی کردووە .

وه هیجرەت (کۆچکردن) : بریتییە لە گواستنەوە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ، وە هیجرەت فەرزە لەسەر ئەم ئوممەتە لە وڵاتی شیرکەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ، ئەویش بەردەوام ماوەتەوە تاوەکو رۆژی قیامەت .

بەڵگەش لە سەر ئەمە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٩٩﴾ ﴾ النساء: ٩٧ - ٩٩ واتە: بێگومان ئەوانەیان کە فریشتە گیانیکێشان، لەکاتێکدا ناهەقییان لەخۆیان کرد، چونکە (دار الشرک) یان بەجێ نەهێشت و کۆچیان نەکرد بۆنیشتمانی ئیمان (مەدینە) بەرلەوە ئەڵێن: باشە ئێوە لەکوێبوون، بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشریکەکاندا مانەوە ؟! ئەڵێن: ئێمە لەو وڵاتەی مەککەدا بێ دەسەڵات و لاوازکرا بووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاریی هەر لەوشوێنە ماینەوە ، فریشتەکان ئەڵێن: ئایا زەویی خوا فراوان و ئاوادانە نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆنە جێگایەکی ترو، بەئازادانە خواپەرستی خۆتانتان کردبا؟ جا لەقیامەتدا ئەنواو جێگایان جەحەننەمەو، ئەویش چارەنووسێکی نالەبارو خراپە (٩٧) ئەو پیاوو ژن و منداڵانە نەبێ کە توانای هیچ خۆدەربازکردنێکیان نییە و شارەزای ڕێگەش نین و ڕێ دەرناکەن (٩٨) جا بێگومان خوا لەوانە ئەبووڕێ و خوا هەمیشە گوناه پۆشی لێبوردەیە، لەخاوەن بیانوانیش بیانوو وەردەگرێت.(٩٩) .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَٰعِبَادِىَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِنَّ أَرْضِى وَٰسِعَةٌ فَإِيَّٰىَ فَٱعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾العنکبوت: ٥٦ واتە : ئەی ئەو بەندانەم بڕواتان هێناوە بەڕاستی زەویی من پان و فروانە، ئەگەر لە (مەککە)ئەزیەت دەکرێن، دەسا کۆچ بکەن و بچنە (مەدینە) وە یان بۆ هەر جێگایەکی تر، ئیتر بۆ هەر لەمەککە دانیشتوون و قبوولّی ئەو گش ئازارو بێزارە دەکەن؟ سا

ئەگەر نەتاندەتوانی لە جێگەی بە ئازادانە پەرەستش بکەن بگوێزنەوە بۆ جێگەیەکی تر سا هەر لەوێ پەرەستشی من بکەن)

(البغوي) دەفەرموێت : هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە دەربارەی ئەو موسڵمانانە بوو کە لە مەککە مابوونەوە و هیجرەتیان نەکردبوو ، خوای گەورە بە ناوی ئیمانەوە بانگی ئەوانی کردووە)، وە بەڵگەش لە سوننەتدا دەربارەی هیجرەت ئەو فەموودیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة، ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها**) واتە : هیجرەت کۆتایی پێ نایەت و نابڕێتەوە تاوەکو تەوبە نەبڕێتەوە و کۆتایی پێ نەیەت، وە تەوبەش کۆتایی پێ نایەت ونابڕێتەوە تاوەکو رۆژ لە رۆئاواوە دەرنەچێت)

هیجرەت دەبێتە سێ بەشەوە :

- هیجرەت لە ولاتی کوفرەوە بۆ ولاتی ئیسلام ئەوا حوکمی واجبە .
- هیجرەت لە مەککەوە بۆ مەدینە ئەم جۆرەش نەما و کۆتایی پێهات بە رزگار کردن شاری مەککە .
- هیجرەت لە هەموو ئەوەی خوای گەورە واجبی کردووە هەجر بکرێت لە هەر کرداریک و بکەرێک و کات و شوێنێک .

کردار : هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە حەرامی کردووە ، لەسەرووی هەموویانەوە شیرک .

بکەر : کافران و دووروەکان و جگە لەوان .

کات : وازهێنان و دوورکەوتنەوە لەو کاتانەی کە بێباوەڕان ئاهەنگی تیادا دەگێڕن.

شوێن : وازهێنان ودوورکەوتنەوە لەو شوێنانەی کە بێباوەڕان ئاهەنگی تیادا دەگێڕن.

- تەوبە بە یەکێ لەم دوو کارە دەبڕێتەوە و نامێنێ :

١/ دەرکەوتنی رۆژ لە رۆژئاواوە .

٢/ ئامادەبونی مردن (گیانەڵا) ﴿ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌ ﴾ النساء: ١٨) واتە : وە تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەوانە نییە کە بەدرێژایی تەمەنیان، خەریکی گوناح و تاوانن تا لەسات و کاتی گیانەڵا و مردندا دەڵێ: بێگومان لەوکارانەم پەشیمانم، دیارە ئەوجۆرە تەوبەیە لای خوا وەرناگیرێ وە بۆ ئەوکەسانەش بەکافری دەمرن تەوبە قبوڵ نییە، واتە: ئەگەرچی لەکاتی سەرەمەرگیشدا تەوبە بکەن ، هەر لێیان وەرناگیرێ) مەبەست لە (**لا هجرة بعد الفتح**)[٦] واتە : لە شاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە . ئەمەش ئاماژەیەکە لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) کەوا شاری مەککە جارێکی تر ناگەڕێتەوە و ببێتەوە شارێکی کوفر .

کاتێ لە شاری مەدینە جێگیر بوو فەرمانی کرد بە ئەودوای شەریعەتەکانی ئیسلام ، وەکو : زەکات و رۆژوو و حەج و جیهاد و بانگدان و فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە و جگە لەوانە لە شەریعەتەکانی تری ئیسلام.

بەم کارە بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو ، وە لە پاش ئەوە کۆچی دوایی کرد -صەلات و سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت- .

وە دینەکەی ماوەتەوە ، ئەمەش دینەکەیەتی ، هیچ خەیرێک نییە ئیللا نیشانی ئوممەتەکەی داوە ، وە هیچ خراپەیەک نییە ئیللا ئوممەتەکەی لێ ئاگادار کردووەتەوە .

وە ئەو خەیرەی کە رێنمویی کردووین بریتییە لە تەوحید و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێی خۆشە و پێی رازییە .

وە ئەو شەڕەی کە ئاگاداری کردووینەتەوە بریتیە لە شیرک و هەموو ئەو شتانەی خوای گەورە پێ ناخۆشە و پێی رازی نییە .

٦) قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٧٥٦٣ في صحيح الجامع.

(١) شیخ ابن العثیمین دەفەرموێت : زەکات لەسەرتادا لە شاری مەککە فەرزکرا ، بەڵام نیصابەکەی تەقدیر نەکرابوو وە واجب تێیدا تەقدیر نەکرابوو ، وە لە شاری مەدینە نیصاب و واجبەکی تەقدیر کرا)

(٢) پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سااڵی دەی کۆچی کۆچی دوایی کرد ، وە لە ژوورەکەی عائیشەدا نێژرا .

(٣) (**لا خیر إلا دلّ الأمة علیه ، ولا شرّ إلا حذّرها منه**) پێویستە شایەتی بدەین کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سپاردەکەی بە جوانی گەیاند و پەیامەکەی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کرد و لە پێناوی خوادا بە تێروتەسەلی جیهادی کرد و حەقی جیهادەکەی دا ، وە ئێمەی لە سەر راستە رێیەکی سپی بە جێ هێشت ، شەوەکەشی وەکو رۆژ روناکە هیچ کەسێک لێی لانادات ئیللا بە هەلاکەتدا دەچێت .



خوای گەورە پێغەمبەری بۆ هەموو خەڵکی ڕەوانە کرد ، وە گوێڕایەڵی خۆی فەرز کردووە بە سەر هەموو (الثقلين)دا واتە : مرۆڤ و جنۆکەکان. بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾ الأعراف: ١٥٨ واتە : ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ! بڵێ: ئەی خەڵکینە! چاک بزانن کە: من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم ئێوە) .

وە خوای گەورە دینەکەی پێ تەواو و کامل کرد .

بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴾ المائدة: ٣ واتە : وا لەئەمڕۆوە بەرنامەو ئایینەکەتانم بەپایان گەیاند، واتە: لەبارەی ئاقیدەو جیهادەوە، لەبارەی حەڵاڵ و حەرامەوە، هەموو شتێکم بۆ تەواوکردن وە نیعمەت و بەخششی خۆمم بۆ تەواوکردن سەرم خستن بەسەر دوژمنانتاناو ڕێنماییم کردن بۆ ڕێگەی ڕاست، ئیتر نەپێویست بە پێغەمبەرێ تر هەیەو، نە قورئانێکی دیکە ئیسلامیشم بەبەرنامەو ئایین بۆ هەڵبژاردن و نابێ هیچ کاتێک لێی لابدەن و خۆکلا بکەن) .

بەڵگەش لەسەر مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ عِندَ رَبِّكُمْ تَخْتَصِمُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ الزمر: ٣٠ - ٣١ واتە: بەراستی ئەی موحەممەد (ﷺ) ئەمریی و، ئەوانیش هەر ئەمرن، واتە: لەداهاتوودا هەمووتان ئەمرن، جا ئەو کاتە خوا دادگایی ئەکات و هەق و ناهەق دەرئەکەوێ (٣٠) پاشان ئێوە لە ڕۆژی قیامەتیشدا لەلای پەروەردگارتاندا دەمەقاڵێ و کێشمەکێش دەکەن(٣١)

(١) خـوای گـەورە پێغەمبـەری (ﷺ) بـۆ هەمـوو خەڵکـی ڕەوانە کـرد ، وە بەو ڕەوانە کردنە هەموو شـەریعەتەکانی پێش خۆی نەسـخ کردەوە ، جا جولەکە و گاورەکان لە سـەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و لە سـەردەمی ئەمرۆمانـدا ئەگـەر ئـەم بانگەوازەیـان پـێ گەیشـت و نەهاتنە نـاو دینەوە ئەوا کافرن ، هەرچەندە لەسـەر ئەو دینە بن وەکو ئەوەی موسـا و عیسـا لەسەری بوون ، بەڵگەش لەسەر ئەوە :

١- خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا ﴾ آل عمران: ٦٤ واتە : ئەی پێغەمبـەر (ﷺ) ! بەخـاوەن نامـەکان بڵـێ: وەرن بـا ئێمەو ئێوە لەسـەر و شـەو بەرنامەیەک سووربین کە بۆ هەردوولامان چوونیەکەو یەکسانەو، پەیامبەرانیش هەموو هاودەنگ بوون لەسەری و، واز لەو تەفرەقەیە بێنن وەرن بـا جگـە لەخوا کەسـێکی تر نەپەرسـتین و، هیچ شـتێکیش نەکەینە شەریک و هاوبەشی)

٢- خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ﴾ التوبة: ٢٩ واتە : لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن ‹ئەی بڕواداران› کە بەخواو، بـە ڕۆژی دوایـی بـێ باوەڕن و هەر شـتێکیش خـواو پەیامبەرەکەی ئەو حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەڵاڵ و ڕەوای دادەنێن و ملکەچی ئەم دین و ئایینە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە›. ئەوانەش دەبـێ ئـەو جەنگەیـان لەگەڵ بکرێت ، خاوەن کتێب نامەکانن، موسـایی و عیسایین)

٣- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (**والذي نفسي بيده لا يسمع بي يهودي ولا نصراني ثم لا يؤمن بي إلا كان من أهل النار**) واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە هیچ کەسێک لە جولەکە و گاورەکان پەیامەکەی منی پێ گەیشتبێت ئەمجار باوەڕم پێ نەهێنی ئیللا دەبێتە ئەهلی دۆزەخ) .

(٢) ئەم ئایەتەیە وەڵامی بیدعەچییەکانی تیادایە .

پێنجەم : کۆتایی

وە خەڵکی ئەگەر مردن ئەوا زیندوو دەکرێنەوە ، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَىٰ ﴾ طه: ٥٥) واتە : لە سەرەتاوە ئێوەمان هەر لەو زەوییە دروستکرد وە لەودا دوای مردن ئەتانگێڕینەوە بۆ گڵ وە جارێکی تر لەودا ئەتانهێنینەوە دەرو زیندووتان ئەکەینەوە).

وە دەفەرموێت : ﴿ وَاللَّهُ أَنْبَتَكُمْ مِنَ الْأَرْضِ نَبَاتًا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمْ فِيهَا وَيُخْرِجُكُمْ إِخْرَاجًا ﴿١٨﴾ ﴾نوح: ١٧ – ١٨ واتە : وە خوای تاک و تەنیایە ئێوەی لە توخمەکانی زەوی رووواندونی بەرووواندن وەک رووەک و گیا (١٧) پاشان – دوای مردنتان– ئەتانگێڕێتەوە بۆ ناوی و لەوێ بەفەرمانی خۆی ئەشاردرێنەوەو ئەتانهێنێتەوە دەرێ ، لە زەوی بەدەرهێنان، واتە: زیندووتان ئەکاتەوەو بەدادگەرانەش پاداش و تۆڵەتان دەست ئەکەوێتەوە(١٨) .

وە لە پاش مردن لێپرسینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت و پاداشتی کردەوەکانیان وەردەگرن ، بەڵگەش ئەو ئایتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاءُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَىٰ ﴾ النجم: ٣١ واتە : هەر بۆ خوایە چی لەئاسمانەکان و چی لە زەویدایە، واتە: هەرچییان تێدایە مولک و دروستکراوی ئەوە تا لەپاشە رۆژدا پاداشی بەدکاران بداتەوە بەکارەکانیان و پاداشتی چاکەکارانیش بداتەوە بە پاداشتێکی چاکتر)، وە هەر کەسێک باوەڕی بە زیندووبوونەوە نەبێت ئەوا کوفری کردووە ، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنْ لَنْ يُبْعَثُوا قُلْ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٧﴾ ﴾ التغابن: ٧ واتە : ئەوانەی کافرو بێ بڕوا بوون گوتیان : هەرگیزپاش مردن

زیندوو ناکرێنەوە! پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ)! بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم بێگومان لە گۆڕەکانتاندا دەر ئەهێنرێن و زیندوو ئەکرێنەوە پاشان لەهەر کارو کردەوەیەک ئەنجامتان داوە ئاگادار دەکرێن، لەگەورەو لە بچووک، و هەر بەوەش پاداشت دەدرێنەوە ئەوەیش بۆ خوا کارێکی ئاسانە، چونکە ئێوە خۆتان ئەزانن کە لەسەرتاوە شتێک نەبوون و وجوودتان نەبوو، پاشان دروستیکردن و بوون، باشە ئیتر چۆن ناتوانێ زیندووتان بکاتەوە؟!)

خوای گەورە هەموو پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە موژدەدەر و ترسێنەرن ، بەڵگەش لە سەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت :﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ ﴾النساء: ١٦٥ واتە : گشتیان پێغەمبەری مژدەدەرو ترسێنەر بوون)

یەکەمیان (نوح)ە و دواییانیان (محمد) ە (ﷺ) ئەویش کۆتا پێغەمبەرە .

بەڵگەش لەسەر ئەوە کە یەکەمیان (نوح) ە ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ﴾ النساء: ١٦٣ واتە : ئێمە وەحیمان بۆ تۆ کرد، هەروەکو بۆ (نووح) و پێغەمبەرانی دوای ئەویشمان کرد) .

وە خوای گەورە فەرزی کردووەتە سەر هەموو بەندەکان کوفر بە تاغوت بکەن و ئیمان بە خوا بهێنن ، ابن القیم فەرموویەتی : (تاغوت : هەرچی شتێک بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو (معبود) وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) –متبوع- و گوێڕایەڵکراو (مطاع)) .

وە هەموو ئوممەتێک خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە کردووە ، هەر لە (نوح)ەوە تاوەکو (محمد) (ﷺ) فەرمانیان پێ دەکات بە پەرستنی خوای تاک و تەنها و نەهی لێکردوون لە پەرستنی تاغوت .

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴾ النحل: ٣٦ واتە :

بۆناو هەموو ئوممەت و نەتەوەیەک لەهەموو سەردەمێکدا پەیامبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوە پێیان بڵێ: تەنها خوا بپەرستن و لە(تاغووت) و یاسا پوچەڵەکان دوورین) .

وە تاغوتەکان زۆرن ، سەرەکییەکانیان پێنج دانەن :

ئیبلیس -لەعنەتی خوای لێ بێت- ، وە هەرکەسێک بپەرستێت و خۆی پێی رازی بێت ، وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی، وە هەرکەسێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە داییبەزاندووە .

بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ ۖ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ ۚ فَمَن يَكْفُرْ بِالطَّاغُوتِ وَيُؤْمِن بِاللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَىٰ ﴾ البقرة: ٢٥٦ واتە : لەم دینی ئیسلامەدا داسەپاندن و ناچارکردن و زەبرو زەنگ نیە بۆدینداریی و وەرگرتنی ئایینی ئیسلام ، چونکە بێگومانە کەرێگای چاک و راست لە رێگای ناڕاست و کوفرو تووڵە رێگاکان لێک جیاکراوەتەوە و ئاشکراو نمایانە، جا لەبەر ئەوە نایەوێ زۆر لە هیچ کەسێک بکرێت بۆ ئیسلامبوون و هەر کەسەش بەمەیلی خۆیەتی ، ئینجا هەرکەسێک باوەڕی بە ‹تاغوت› نەبێت، دیارە تاغووت ئەو کەسەیە کە لە سنووری خوا دەرچێ و، بەرنامە چەوتەکان قبووڵ کا، جا هەرکەس خۆی لەو جۆرە شتانە دوورگرت و باوەڕی بەخوا هێنا ئەوە بێگومانە دەستی بە هەنگڵ و بەهۆکارێکی پتەوو قایمەوە گرتووە)ئەمەش مانای (لا اله الا الله)یە ، وە لە فەرموودەدا هاتووە : (رأس الأمر الإسلام ، وعموده الصلاة ، وذروة سنامه الجهاد في سبيل الله) (صحيح) السلسلة الصحيحة (١١٢٢) للالباني

(١) هەموو خەڵکی تامی مردن دەچێژن بە بێ گومان ، وە زیندوو دەکرێنەوە بـۆ رۆژێکـی مـەزن ، ئەویش رۆژی قیامەتـە ، ئەمجار لێپرسـینەوەیان لە گەڵدا دەکرێت و هەریەکە بە پێی کردەوەکەی خۆی پاداشت وەردەگرێت .

(٢) هەرکەسێک زیندووبوونەوە و لێپرسینەوەی بە درۆخستەوە (باوەڕی پـێ نەبـوو) ئـەوا کوفری کـردووە ، چونکە نکۆڵی لە پایەیـەک لە پایەکانی ئیمانی کردووە .

(٣) (نـوح) یەکـەم پێغەمبـەرە (رسـول)ە (ﷺ) ، بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ﴾
بەڵام یەکەم پێغەمبەران (نبی) ئەوا ئادەمە ، بەڵگەش : کەوا پرسیار کرا لە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەربارەی ئادەم ئایە پێغەمبەرە (نبی)یە ؟ فەرمووی (ﷺ) : (نبي مُكلَّم)[٧] .
وە کۆتا پێغەمبەران (نبی و رسول) محمد ە (ﷺ) ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ الأحزاب: ٤٠ واتە : موحەممەد (ﷺ) باوکی هیچ پیاوێکتان نییە، نە زەیدو نە کەسی دیکەتان هەتا حەرام بێت ژنی بە کوڕکراوی خۆی- پاش تەڵاقدانی- مارەبـکات، چونکـە کـچ وکوڕی ئەو ئاشـکران و بێ لەوان کەسـیتر نابێتە کـچ وکـوڕی، بۆیە دەتوانێ ژنەکەی زەید مارە بکات بەڵکو ئەو پەیامبەری خوایەو دواهەمینی پەیامبەرانە، کۆتایی زنجیرەی پەیامبەرانی پێهاتووە) .

جـا هەر کەسـێک بانگەشـەی پێغەمبەرایەتی کـرد (النبوة یان الرسـالة) لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا کەسێکی درۆزن و کافرە ، وە هەر کەسێک باوەڕ بەم کەسە بکات ئەوا ئەویش وەکو ئەو کافرە .

٧) سلسلة الأحاديث الصحيحة (٢٦٦٨) للالباني .

خـوای گـەورە پێغەمبەرانـی رەوانە کـردووە کە موژدەدرە و ترسـینەرن، وە هەمووێـان یەکدەنگـن لەسـەر بانگـەوازی تەوحیـد و دژایەتـی کردنـی تاغـوت و شـیرک بـە هەمـوو جۆرەکانیـەوە ، بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیـە کـە دەفەرموێـت: ﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا ﴾واتـە: لەهەمـوو تاقمێکـدا ﴿ أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ ﴾خـوای گـەورە بە تەنها بپەرسـتن، ﴿وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ ﴾هەمـوو تاغوتـەکان بخەنـە لایـەک و خۆتانش بچنە لایـەک ، ئەمـەش رەوانبێژتـرە لە رێگری کـردن و دوورکەوتنـەوە لێیان ، ئەویش لە بەجێگەیاندنی بەرییوونە لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان). خـوای گـەورە فەرزی کردووەتە سـەر هەموو بەنـدەکان کوفر بە تاغوت بکـەن و ئیمـان بـە خـوا بهێنـن ، وە پێویسـتە کوفر بـە تاغـوت بکرێت لە سەرەتاوە پێش ئیمان هێنان بە خوا : ﴿ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ ﴾.

تـاغوت : بریتیە لەوەی بەندە لە سنوری خۆی پێی دەردەچێت لە پەرستراوێک (وەکـو دار و بـەرد) یـان وشـوێنکەوتەکراو (چاولێکـراو) (وەکـو زانایانی خراپەکاری) یان گوێڕایەڵکراو (وەکو ئەو دەسـەڵاتدارانەی کە لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون)

وە تاغوتـەکان زۆرن ، سـەرەکییەکەیان پێنـج دانـەن : ئیبلیـس –لەعنەتـی خوای لێ بێت– (شەیخ لێرەدا لەعنەتی لێکردووە وەکو بابەتی هەواڵدانێک) وە هەرکەسێک بپەرستریت و خۆی پێی رازی بێت ، وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرسـتنی خۆی ، وە هەرکەسـێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە دابیبەزاندووە .

حوکم کردن به جگه لەوەی خوای گەورە دابەزاندووە باسی دوورو درێژی تیادایە :

کوفری گەورە

ئەگەر باوەڕی وابێت کەوا حوکمی مرۆڤەکان وەکو حوکمی خوایە یان لەو باشترە .

کفر دون کفر

هەرکەسێک باوەڕی وابێت کەوا حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دابەزاندووە پووچەڵە بەڵام حوکمی پێ دەکات لەبەر ئارەزوویەک یان خۆشەویستی دەسەڵات یان جگە لەوە لە هەر هۆکارێک بێت .

پێشەوا (ابن القیم) جیهادی کردووەتە چوار مەرتەبەوە :

جیهادی نەفس ئەمە بە زانست و کردار و بانگەواز لە ڕێی خوادا و ئارامگرتن دەبێت .

جیهادی شەیتان ئەمەش بە وازهێنان لە گومانەکان (شیرک و بیدعە) و شەهەوات (تاوانە گەورەکان و تاوانە بچوکەکان) دەبێت .

جیهادی بێباوەڕان و دووڕووەکان : ئەمەش بە دڵ و زمان و سامان و نەفس دەبێت .

جیهادی خاوەن ستەم و بیدعە و مونکەرەکان ، ئەمە بە دەست و زمان و دڵ دەبێت .

کۆتایی :

پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی ژیر کەوا لەم دەقە مەزنە وردبێتەوە و بە بایەخێکی زۆر تایبەت بایەخی پێ بدات ، لەبەر بوونی چەندین بنەمای مەزن تیایدا کە هەموو مرۆڤێک لە گۆڕەکەیدا پێویستی پێ دەبێت .

واللہ أعلم وصلی اللہ علی محمد وعلی آلہ وصحبہ وسلم

سێ بنچینەکە (بە کورتی بڕیتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) ، بەڵگەکانیان ، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیدا ؟	چوار مەسەلەکە و بەڵگەکەی (سورەتی العصر)	زانست و زانیاری ناسینی خوای گەورە و ناسینی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەوە (واتە سێ بنچینەکە) .
		کارکردن پێی يهتف العلم بالعمل فإن أجابه وإلا أرتحل واتە زانست بانگی کارکردن دەکات ئەگەر وڵامی دایەوە ئەگەر نا کۆچ دەکات و دەڕوات . وعالم بعلمه لم يعملنْ معذبٌ من قبل عُبَاد الوثن واتە : هەر زانایەک کار بە زانستەکەی نەکات ئەوا سزاکەی لە پێش بت پەرستانەوە دەبێت .
		مەرجەکانی بانگەواز بانگەواز کردن بۆی : ئیخلاص ، زانستی شەرعی ، زانینی حاڵی ئەو کەسەی بانگ دەکرێت ، دانایی و حیکمەت ، ئارامگرتن
		یەکەم شتێک بانگەوازی بۆ دەکرێت تەوحیدە ، ئەمە بانگەوازی پێغەمبەرانە ، وە بەرزترین پلەکانی بانگەواز تەوحید و نەفی شیرکە .
		ئارامگرتن ئارامگرتن لەسەر گوێرایەڵی خوای گەورە (وەکو نوێژ) ، ئارامگرتن لە ئەنجام نەدانی سەرپێچی خوای گەورە تاوەکو لێی بە دوور دەبێت (وەکو ریبا). ئارامگرتن لەسەر قەدەرە بەئازارەکان (وەکو هەژاری)
		واتە : ئارامگرتن لەسەر زانست ئەمجار لەسەر کردار ئەمجار لەسەر بانگەواز .
	سێ مەسەلەکە	تەوحیدی پەروەردگاریێتی (ئەو کەسەی کە تەنهایە لە پەروەردگاریێتیدا پێویستە بە تەنها بزانرێت لە خوداوەندێتیدا) و تەوحیدی ناو و صیفاتەکان .
		تەوحیدی خوداوەندێتی (ئیخلاص) : خوای گەورە رازی نابێت هیچ کەسێکی لە گەڵدا بکرێتە هاوەڵ لە پەرستنیدا ، نە فریشتەیەکی نزیککراو و نە پێغەمبەرێکی نێردراو .
		بەریبوون لە شیرک وئەهلەکەی (موشریکەکان) : بە دڵ (رقلێبوونی بێباوەڕان) وە بە زمان ﴿إِنَّنِي بَرَآءٌ مِّمَّا تَعۡبُدُونَ﴾ الزخرف: ٢٦ وە بە ئەندامەکان (بەشداری نەکردنیان لە جەژن و ئاهەنگەکانیان و خۆچواندن بەوان)

سێ بنچینەکە (بە کورتی بڕیتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) ، بەڵگەکانیان ، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیدا ؟	هۆکاری خوێندنی تەوحید	**الحنیفیة** : بڕیتییە لەو میللەتەی کە لە شیرک لایداوە و لەسەر ئیخلاص و تەوحید بنیات نراوە .
		لە زمانەوانیدا : چاوگی وشەی (وحَّد یوحِّد توحیداً) ، وحَّد الشیء : ئەگەر کردیە یەک دانە .
		لە شەرعدا : بە تاکدانانی خوای گەورە بەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە لە پەروەردگاریتی و خوداوەندیتی و ناو و صیفاتەکان . وە جۆرەکانی سێ دانەن :
		تەوحیدی پەروەردگاریتی (الربوبیة) : بڕیتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بە کردەوەکانی ، بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن (داهێنان) و مولّک و بەڕێوەبردندا . **تەوحیدی خوداوەندیتی** (الألُوهیة) : بڕیتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بە پەرستن ، یان بە کرداری بەندەکان. تەوحیدی ناو و صیفاتەکان : بڕیتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوە یان وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە دەربارەی خۆی بە بێ هیچ لادانێک (تحریف) یک وهیچ لەکارخستنێک (تعطیل) و چۆنیەتیەک (تکییف) و لێکچواندنێک (تمثیل)یک .
		شیرک : بڕیتییە لە بانگکردن و داواکردن لە جگە لەخوا لە گەڵ خوادا ، ئەویش گەورەترین تاوانە لەسەر زەویدا ئەنجام دەدرێت .
	سێ بنچینەکە	**ناسینی خوای گەورە** : کێ پەروەردگارتە؟ بە چی خوات ناسی؟ (الرب) بڕیتییە لە پەرستراو ، جۆرەکانی پەرستن ، حوکمی ئەو کەسەی جۆرێک لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ جگە لەخوا ئەنجامدا لە گەڵ بەڵگەدا .
		ناسینی دینی ئیسلام بە بەڵگەکانیەوە ، پێناسەی ئیسلام ، پلەکانی دین ، پایەکانی ئیسلام ، پێناسەی شایەتیدان ، پایەکانی ئیمان ، لقەکانی ئیمان، ئیحسان ، بەڵگەی پلەکانی دین ، نیشانەکانی قیامەت .
		ناسینی پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، رەچەڵەکی ، لەدایکبوونی، تەمەنی، پێغەمبەرایەتی و پەیامەکەی ، شارەکەی ، حیکمەت لە رەوانەکردنی ، سەردەمی بانگەوازکردنی بۆ تەوحید ، ئیسرا و میعراج ، لە کوێ و کەی نوێژی لەسەر فەرز کرا ؟ کۆچکردن و حوکمەکەی و کاتەکەی، کەی ئەودوای شەریعەتەکان فەرز کرا ؟ ماوەی بانگەوازەکە ، کۆچی دوایی، ئەو دینەی کە هێناویەتی، گشتگیری پەیامەکەی بۆ مرۆڤ و جنۆکە ، کاملبوونی دین و نیعمەتی ئیسلام .

سێ بنچینەکە (بە کورتی بڕیتیە لە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) ، بەڵگەکانیان ، بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ بۆ سێ بنچینەکە دەخوێنین ؟ چ سوودێک هەیە لە خوێندنیدا ؟	کۆتایی	زیندووبوونەوە لە پاش مردن و لێپرسینەوە لەسەر کردارەکان ، کوفری ئەو کەسەی باوەڕی بە زیندووبوونەوە نییە ، کاری پێغەمبەران و بانگەوازەکەیان ، یەکەم پێغەمبەر (ﷺ) و دواییانیان ، دوو روکنەکەی تەوحید: کوفرکردن بە تاغوت و ئیمان هێنان بە خوا ، پێناسەی تاغوت ، تاغوتە سەرەکەییەکان ، چۆنییەتی کوفر کردن بە تاغوت ، مانای (لا اله الا اللّه)، ئیسلام سەری دینە ، کۆڵەکەی دین نوێژە ، لوتکەی هەرەبەرزی دین لە جیهاددایە .		
		جۆرەکانی جیهاد	جیهادی نەفس	بەو شێوەیە دەبێت کە لەسورەتی (العصر)دا هاتووە (زانست و کارکردن و بانگەوازکردن بۆی و ئارامگرتن).
			جیهادی شەیتان	شەهەوات	تاوانە گەورەکان : بریتییە لەو تاوانانەی کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە .
					تاوانە بچووکەکان : بریتییە لەو کارە حەرامانەیە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری نەکراوە
				گومانەکان (شبهات)	شیرکی گەورە (خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات) ، شیرکی بچووک .
					بیدعەکان
			جیهادی بێباوەر و دووڕووەکان	بە دڵ و زمان و ئەندامەکان و سامان دەبێت .	
			جیهادی خاوەن ستەم و بیدعە و مونکەرەکان	بە دەست و زمان و دڵ دەبێت	

تاغوت

بریتیە لەوەی بەندە لە سنوری خۆی پێی دەردەچێت لە پەرستراوێک (معبود) (وەکو دار و بەرد) یان شوێنکەوتەکراوێک (چاولێکراوێک) (متبوع) (وەکو زانایانی خراپەکاری) یان گوێرایەڵی کراوێک (مطاع) (وەکو ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە گوێڕایەڵی خوا دەرچوون) .

وە تاغوتەکان زۆرن ، سەرەکییەکەیان پێنج دانەن : ئیبلیس -لەعنەتی خوای لێ بێت- (شەیخ لێرەدا لەعنەتی لێکردووە وەکو بابەتی هەواڵدان) وە هەرکەسێک بپەرستێت و خۆی رازی بێت، وە هەرکەسێک بانگی خەڵکی بکات بۆ پەرستنی خۆی ، وە هەرکەسێک بانگەشەی شتێک بکات لە زانینی عیلمی غەیب ، وە هەرکەسێک حوکم بکات بە جگە لەوەی خوای گەورە داییەزاندووە

والله اعلم وصلى الله على محمد وعلى اله وصحبه وسلم

تاقیکردنەوە لە سێ بنچینەکە و بەڵگەکانی

وەڵامی ڕاست لە نێو کەوانەکاندا هەڵبژێرە :

١. سێ بنچینەکە بە کورتی بریتییە لە پرسیارەکانی ناو گۆڕ : (ڕاستە – هەڵەیە)
٢. نووسەر دوعای کردووە بۆ خوێنەر لە سێ بنچینەکە لە : (دوو جێگا – سێ جێگا)
٣. لە تایبەتمەندییەکانی کتێبەکانی نووسەر : (سووک و ئاسانی دەستەواژەکان – گشتگیری ئەمجار تەفصیل – بەڵگە هێنانەوە لە کیتاب و سوننە – دوعاکردن بۆ قوتابی – وەڵامی گومانەکانی سەردەم – زۆری ڕاڤەکان لەسەری – هێنانەوەی پرسیاری گرنگ و ئەمجار وڵامدانەوەی – خوای گەورە لە ناو خەڵکیدا قایلبوونی پێ بەخشیوە – هەموو ئەوانەی باسکرا) .
٤. دەکرێت دەقی سێ بنچینەکە بکەینە : (٥ – ٦) بەشەوە .
٥. خوێندنی تەوحید : (فەرزی کیفایەیە – فەرزی عەینە)
٦. بەڵگەی چوار مەسەلەکە : سورەتی (العصر – الإخلاص)
٧. هەرکەسێ فێربوو وە کاری پێی نەکرد ئەوە دەچوێنرێت بە : (گاورەکان – جولەکەکان – هەموو ئەوانەی باسکرا)
٨. ئارامگرتن دەبێتە : (دوو بەشەوە –سێ بەشەوە)
٩. مانای ئەو قسەیەی (شافعی) دەربارەی سورەتی (العصر) کەوا ئەو سورەتە : (بەسە بۆ ئیقامە حوججە – بێ نیازمان دەکات لەو دوای سورەتەکان)
١٠. هەرکەسێک باوەڕی بە یەکێک لە جۆرەکانی تەوحید هێنا بە بێ ئەوانی تر ئەوا کەسێکی یەکتاپەرست نییە : (ڕاستە – هەڵەیە)
١١. بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان) ئەنجام دەدرێت بە : (بە دڵ و زمان و ئەندامەکان – بەریبوون لە کردار و بکەرەکە – هەموو ئەوانەی باسکرا)
١٢. مەبەست لە (المساجد) لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : (وأن المساجد لله) : (مزگەوتە بنیاتنراوەکان – ئەندامەکانی سوژدە بردن – ئەو زەوییەی کە سوژدەی لەسەر دەبرێت – هەموو ئەوانەی باسکرا)
١٣. ڕێگای سەلەف : (بەڵگەهێنانەوە ئەمجار باوەڕهێنانە – باوەڕهێنان ئەمجار بەڵگەهێنانەوەیە)

١٤. هەرکەسێ لە زانایانمان گومڕا بوو ئەوا دەچوێنرێت بە : (جولەکە – گاور)
١٥. هەرکەسێ لە عابیدەکانمان گومڕا بوو ئەوا دەچوێنرێت بە : (جولەکە – گاور)
١٦. سێ مەسەلەکە هەمان سێ بنچینەکەیە : (راستە – هەڵەیە)
١٧. دوعا دابەش دەبێتە : (دوعای پەرستن و دوعای مەسەلە – دوعا بە زمانی حاڵ و دوعا بە زمانی وتن)
١٨. دوعای مەسەلە دەبێتە : (دوو بەشەوە – چوار بەشەوە)
١٩. خەڵکی لە باوەڕبوون بە هۆکارەکان بوونەتە : (دوو بەش و ناوەندێک – شیرکی گەورە و شیرکی بچوک و دروست)
٢٠. دروستە داوای یارمەتی بکەیت لە دروستکراو : (بە رەهایی – لەوەی توانای لەسەرە – لەوەی توانای لەسەر بە چوار مەرج)
٢١. مانای **لا إلـه إلاّ اللّه** : (بەتوانایە لە داهێنانداِ – هیچ پەرستراوێک نییە تەنها اللّه نەبێت – هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە اللّه نەبێت – هەموو ئەوانەی باسکرا)
٢٢. نزیککردنەوە لە نێوان دینەکاندا : (دروستە – لە تاوانە گەورەکانە – کوفرە)
٢٣. بەڵگەکان لە سەر بوونی خوا بە گشتی : (زۆرن – چوار دانەن)
٢٤. ئایە فریشتەکان دڵیان هەیە : (بەڵێ – نەخێر)
٢٥. پەیوەندی نێوان تەوحید و ئیمان ئەوەیە کە ئیمان گشتییە و تەوحید بەشێکە لێی : (راستە – هەڵەیە)
٢٦. پایەکانی ئیمان : (٥- ٦- ٨) دانەن .
٢٧. موشریکەکان شتێکیان بۆ هەیە لە پەرستنەکانیاندا : (راستە – هەڵەیە)
٢٨. هەر کەسێک پەرسترا لە جگە لە خوا لە کاتێکدا خۆی رازی نییە : (تاغوتە – تاغوت نییە)
٢٩. بە تاکدانانی خوا لە بەڕێوەبەردنی گەردووندا و دابەزاندنی باران تەوحیدی : (خوداوەندێتی – پەروەدگارێتی – ناو و صیفاتەکان) ه .
٣٠. ئەوەی نەفی دەکات لەگەڵ ئەصلی تەوحیدا: (شیرکی گەورەیە –شیرکی بچوکە – بیدعەیە)
٣١. واجیب ترین شتە واجب کراوەکان گوێرایەڵی دایک و باوکە : (راستە – هەڵەیە)
٣٢. /گەورەترین حەرام کراوەکان زینا و کوشتنی ئەو نەفسەیە کە خوای گەورە

حەرامی کردووە : (راستە – هەڵەیە)

٣٣. میعراج بریتییە لە سەفەرکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەوە بۆ (بیت المقدس) : (راستە – هەڵەیە)

٣٤. پێغەمبەری خوا (ﷺ) رەوانە کرا بۆ : (تەنها قەومەکەی خۆی – بۆ جنۆکە و مرۆڤەکان)

٣٥. پێغەمبەری خوا (ﷺ) : (مرد – پێغەمبەران نامرن)

٣٦. هەرکەسێک باوەڕی بە زیندووبونەوە نەبوو ئەوە کوفری کردووە بە کوفری : (گەورە – بچوک)

٣٧. دینی پێغەمبەران : (یەک دینە – هەر پێغەمبەرەو دینێکی هەبووە)

٣٨. کۆچکردن : (بە رزگار کردنی مەککە بڕیارەوە – ماوەتەوە تاکو رۆژی قیامەت)

٣٩. کۆچکردن بریتییە لە : (گواستنەوە لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وەڵاتی ئیسلام – وازهێنان لەوەی خوای گەورە حەرامی کردووە) .

٤٠. دینی ئیسلام کامل بووە ئیللا ئەوە نەبێت کە لە خەوبینینی پیاوچاکاندا هەیە: (راستە – هەڵەیە)

٤١. ئەنجامدانی پەرستن بۆ جگە لە خوا شیرکی : (گەورەیە – بچوکە)

٤٢. پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان حوکمدان بەسەر کردارەکە و حوکمدان بەسەر بکەرەکەدا : (راستە – هەڵەیە)

٤٣. یەکەم پێغەمبەر(ﷺ) (نبی) : (نوح – ئادەم)ە .

٤٤. پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) : (نبی – رسول)ە .

ئەوەی لە لیستی یەکەمدا دەگونجێ لە گەڵ ئەوەی لە لیستی دووەمدا دیاری بکە :

لیستی یەکەم	ژمارە	ژمارە	لیستی دووەم
تەوحید لە زمانەوانیدا		١	قسەکەی ئەحمەد : ئەگەر بێباوەڕێک ببینم چاوەکانم دەنوقێنم لە ترسی بینینی دوژمنی خوا .
تەوحید لە شەرعدا		٢	ئیمان بە هەموو ئەوانەی لە پاش مردن روو دەدەن لە خۆ دەگرێت
تەوحیدی خوداوەندێتی		٣	بریتییە لە وتن بە زمان و باوەڕهێنان بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکان و زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی
تەوحیدی پەروەردگاریێتی		٤	ئیسلام و ئیمان و ئیحسان
تەوحیدی ناو و صیفاتەکان		٥	بۆ خوا و بۆ جگە لە خوا
حەنیفیەت		٦	واجیب و دروست و حەرامە
یەکەم بانگو فرمان لە قورئاندا		٧	شەرعی و هەستپێکراو (حسّی)
هاوشێوە (الند)		٨	پرسیارەکانی ناو گۆڕ
ترس (الخشیة)		٩	زانست و کارکردن و بانگەواز و ئارامگرتن
پەناگرتن (التوکل)		١٠	ئیخلاص و شوێنکەوتن
دوو مەرجەکەی وەرگرتنی کردارەکان		١١	بریتییە لە راستی پشتبەستن بە خوا لە گەڵ سیقە پێی و دەستگرتن بە هۆکارەکانەوە

چوار مەسەلەکە بە کورتی		١٢	بریتییە لەو ترسەی کە بنیات نراوە لەسەر زانینی مەزنی و کەمالی دەسەڵاتی ئەوەی لێی دەترسێت
سێ مەسەلەکە بە کورتی		١٣	بریتییە لە هاووێنە و هاوشێوە و لێکچوو
سێ بنچینەکە بە کورتی		١٤	لە سورەتی (البقرة)
هۆکارەکان دابەش دەبنە		١٥	بریتییە لەو میللەتەی کە لە شیرکەوە لایداوە و لەسەر ئیخلاص و تەوحید بنیات نراوە
نەزر دابەش دەبێتە		١٦	بە تاکدانانی خوای گەورە بەو ناوانەی کە ناوی خۆی ناوە یان وەصفی خۆی کردووە لە کیتابەکەیدا یان لە سەر زاری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، ئەویش بە سەلماندنی ئەوەی خۆی بۆ خۆی سەلماندویەتی و نەفی کردنی ئەوەی خۆی نەفی کردووە لە خۆی ، بە بێ هیچ (تحریف) یێک وهیچ (تعطیل) و (تکییف) و (تمثیل)یێک .
سەربڕین دابەش دەبێتە		١٧	بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا
ترس دابەش دەبێتە		١٨	بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە لە دروستکردن و مولک و بەڕێوەبردندا
ئیسلام		١٩	بریتییە لە بەتاکدانانی خوای گەورە لەوەی کە تایبەتە بە خۆیەوە
پلەکانی دین		٢٠	چاوگی وشەی (وحد) ئەگەر شتێکی کردە یەک دانە

ئیمان		٢١	هەڵاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە یان گیانەڵای مردن
ئەوەی ئیمان بە ڕۆژی دوایی لە خۆی دەیگرێت		٢٢	هەرچی شتێک بەندە لە سنووری خۆی پێی دەرچێت لە پەرستراو وشوێنکەوتەکراو (چاولێکراو) و گوێڕایەڵکراو .
لە بە جێگەیاندنی بەریبوون لە شیرک		٢٣	تەوحیدی پەروەردگاریێتی و ناو و صیفاتەکان و تەوحیدی خوداوەندێتی و بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی
کاتی بڕان و نەمانی تەوبە		٢٤	تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید ، وە ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی ، وە بەریبوون لە شیرک و ئەهلەکەی (موشریکەکان) .
تاغوت		٢٥	ئەوەی لە جگە لە خوا دەپەرستریێت لەسەر شێوەیەک

چوار بنەماکە

به ناوی خوای به‌خشنده و میهره‌بان

إنَّ الحمدَ للّه نَحمدُه ونستعينهُ ونستغفرُه، ونَعوذُ باللّه من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا من يهده اللّه فلا مُضلَّ له، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له، وأشهدان لا إله إلاّ اللّه وحدَهُ لاشريك له، وأشهدُ أنَّ محمَّداً عبدهُ ورسولهُ. أما بعد..

پێشه‌کییه‌ک له‌بەر ده‌ستی ئه‌م راڤه‌یه‌دا :

چوار بنه‌ماکه دووەم ده‌قه له زنجیره‌ی ئه‌و ده‌قانه‌ی که له لایه‌ن قوتابی زانسته‌وه ده‌خوێنرێت ، وه بایه‌خدان به‌م ده‌قه له‌سه‌ر چه‌ند هۆکارێک بنیات نراوه له‌وانه :

- ئامۆژگاری زانایانمان به خوێندنه‌وه‌ی .
- وه‌کو شوێنکه‌وتنی زانایانی پێشینه چاکه‌کانمان .
- وه‌ڵامی گومانی موشریکه‌کانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ی تیادایه .
- چونکه کورتکراوه‌ی کتێبی (کشف الشبهات)ه

له پێش کتێبی (کشف الشبهات) ده‌ست ده‌که‌ین به خوێندنه‌وه‌ی ئه‌م کتێبه بۆ ئه‌وه‌ی هیچ گومانێک په‌یوه‌ست نه‌بێته نه‌فس و ناخی قوتابی زانسته‌وه .

ناوەڕۆکی چوار بنەماکە
ئەم دەقە دابەش دەبێتە سێ بەشەوە ، ئەوانیش :

- ١/ پێشەکی (ناونیشانی بەختیاری)
- ٢/ گرنگی خوێندنی تەوحید
- ٣/ بنەماکان

یەکەم : پێشەکی (ناونیشانی بەختیاری)

هۆکاری دەستپێکردنی دەقەکە بە (بەسمەلە) لە لایەن نووسەرەوە

- ١/ وەکو شوێنکەوتنی کیتابەکەی خوا و پێغەمبەران و نێردراوان (صەلّات و سەلامی خوایان لەسەر بێت) .
- ٢/ وەکو چاولێکردنێکی زانایان و پێشینەکانی پێش خۆی ئەوانەی کە لە نەریتیاندا هەبووە بەرهەم و نوسینەکانیان بە (بەسمەلە) دەست پێبکەن .
- ٣/ لە رووی تەبەڕوەک کردن بە ناوی پیرۆزی خوداوە .

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان
داوا لە خوای بەخشندە و خاوەنی عەرشی مەزن دەکەم کە خۆی ئاگاداریت بکات لە دونیا و دوارۆژدا ، وە بتکاتە کەسێکی پیرۆز لە هەر کوێیەک بیت .

لەپاش (بەسمەلە) شەیخ – رەحمەتی خوای لێبێت – پێشەکی کتێبەکەی بەدوعاکردن بـۆ قوتابی زانسـت دەسـت پێکردووە وەکـو نەریتێکی خۆی، ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر سـوور بوونـی و خۆشویسـتنی قوتابـی زانسـت و داواکردنـی لە خوا کەوا تووشـی هەموو چاکەیەک بن.

خۆشەویستانی خوا ئەوانەن کەئیمان و تەقوایان لەخۆیاندا کۆکردووەتەوە.

شـیخ الاسـلام (ابـن تیمیـە) دەفەرموێـت : ((هەرکەسـێک ئیمانداریکـی خۆپارێـز بێت ئـەوا وەلـی خودایـە)) وە بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیـە کـە خـوای گـەورە دەفەرموێـت : ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣ ﴾ یونـس: ٦٢ – ٦٣ واتـە : چـاک بزانن و هۆشـیاربن ! کە دۆسـتەکانی خـوا – دوا رۆژ– هیـچ تـرس و بیمێکیـان لەسـەرنیە و دڵ زویـرو خەفەتباریش نابن بـۆ دونیـای پـاش خۆیان (٦٢) دۆسـتی خـوا ئەوانەن کە: بـاوەڕی کاملیـان هێناوەو، هەمیشەش لە خوا دەترسن و خۆدەپارێزن لە هەر شتێ پێویستە خۆپارێزی لێبکەن، بەردەوامیش بە پێی فەرمانی خواو پەیامبەر کاردەکەن (٦٣) .

البركة : بریتییە لە زیادەکردن و گەشەسەندن .

التبرُك : داواکردنی زیادەکردن و گەشەسەندن .

المُبارَك : ئەوەیە کە سوودی لێ دەبینرێت لە هەر کوێیەک بێت .

وە بتگێڕێ لەو کەسانەی ئەگەر پێیان بدرێت سوپاسگوزار دەبن

تەبەڕۆک دابەش دەبێتە دوو بەشەوە :

تەبەڕۆکێکی دروست

تەبەڕۆکێکی نادروست (قەدەغەکراو) : بریتییە لەوەی کە هیچ شتێکی تیادا نەسەلمێنراوە نە بە شەرع و نە بە هەستەوەرەکان ، ئەویش جۆرێکە لە جۆرەکانی شیرکی بچووک .

هەستپێکراوەکان (حسی) : وەکو زانست و پارانەوە و نمونەی ئەوانە ، جا کەسێک تەبەڕۆک دەکرێت بە زانستەکەیەوە ، وە بە بانگەوازکردنەکەی بۆ خەیر، جا ئەمە دەبێتە بەرەکەت ، چونکە ئێمە خەیرێکی زۆرمان لێوە دەستکەوت، وەکو کتێبەکانی شیخ الاسلام و جگە لەو لە زانا و پێشەوایان، ئەوانەی کە خوای گەورە بەرەکەت و خەیرێکی زۆری خستوەتە نێو کتێبەکانیانەوە و ئەم ئوممەتە سوودی لێ بینیوە.

شەرعی : وەکو نوێژ کردن لە مزگەوتی (حەرام) یان لە مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

نیعمەتـەکان تاقیکردنـەوەن ، وە بەڵگـەش زۆرە ، لەوانـە : ﴿ وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ﴾الأنبيـاء:٣٥ واتـە : بەناخۆشـیی، خۆشـیی، هەژاریی، دەوڵەمەندیی، لەش ساغیی و، نەخۆشیی، تا سابیرو ناشوکر دەرکەوێ وە ئیلـلا خـوا بۆ خۆی دەزانێ وە بەمەش ئیقامە حوججەیان لە سـەر دەکات تـا کـەس بیانـووی نەمێنـێ) وە دەفەرموێـت : ﴿ فَلَمَّا رَءَاهُ مُسْتَقِرًّا عِندَهُۥ قَالَ هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّى لِيَبْلُوَنِىٓ ءَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ ۖ وَمَن شَكَرَ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ رَبِّى غَنِىٌّ كَرِيمٌ ﴾ النمل: ٤٠ واتە : جا کاتێ سولەیمان دیتی واتەختەکەی بەڵقیس لەلای ئامادەو حازرە ، وتی: ئەمەش هەر لەبەش و بەهرەکانی پـەروەردگاری منـە بـۆ ئـەوەی تاقیم بکاتـەوە : ئایا سوپاسـگوزاریی ئەکەم، یا سپڵە وبەدنمەک و نەزان ئەبم خۆهەر کەسێک سوپاسگوزار بـوو ، بـۆ خـۆی دەکاو ، کەڵکەکەی بۆ خۆی ئەگەڕێتەوە کێش سـپڵەو ناشـوکربوو، ئـەوە بێگومـان پەروەردگاری من، خوایەکـی بێ نیازە و بەبەخششە).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴾الفجـر:١٥ واتـە : بەڵام مرۆڤـی کافر و خوا نەناس کاتێ کە پەروەردگاری تاقی کردەوە بە پێدانی ماڵ و دارایی جا ڕێزی لێناو سـەروەت و سـامانی پێبەخشـێ و نیعمەت و بەهرەی بەسـەردا ڕشت تا دەرکەوێ: سپڵەیە، یان سوپاسگوزار جا بە بایی بوونێکەوە دەڵێت: پـەروەردگارم ڕێزی لێناوم لە بەرئەوەی شـایەنی ئەو بەهرەیەم بۆیە پێیداوم)

وە لـە فەرموودەیەکـدا هاتـووە : ((إن ثلاثـة مـن بني إسـرائيل ، فأراد اللـه عـز وجـل أن يبتليهـم ، ...)) واتە : سـێ کەس هەبـوون لە بەنی ئیسرائیلدا ، خوای گەورە ویستی تاقیان بکاتەوە ...)[1]

١) أخرجه البخاري , كتاب أحاديث الأنبياء , باب حديث أبرص و أعمى و أقرع في بني إسرائيل (٣٤٦٤) , ومسلم , كتاب ((الزهد والرقائق)) (٢٩٦٤).

نیعمەت پەیوەستە بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی و تەوحیدی خوداوەندیێتی یەوە وە سوپاسگوزاری نیعمەت دەبێتە دوو بەشەوە :

پەیوەست بوون بە خوداوە پێش نیعمەتەکە :

ئەم جۆرەش وا پێویست دەکات کەوا دەبێت بەندە بە باوەڕێکی بتەو باوەڕی وا بێت کەوا کەسی بەخشندە و نیعمەت ڕێژ تەنها خودایە، بۆیە نابێت دلێ پەیوەست بکات بە جگە لە خواوە و داوای هیچ خەیرێک لە کەس ناکات ئیللا لە خوا نەبێت .

جا هەروەکو چۆن داوای بەهەشت لە هیچ کەسێک ناکرێت لە خوا نەبێت ، چونکە تەنها ئەو خاوەنیەتی ، ئاواش رزق و ڕۆزی لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت ئیللا لە خوا نەبێت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱلْحَيِّ ٱلَّذِى لَا يَمُوتُ ﴾ الفرقان: ٥٨ واتە : وە لە کارەکانتدا تەنها پشت بەو خوایە ببەستە کە هەمیشە زیندووە و هەیەو هەرگیز نامرێ ئیتر گوێت لەئەزیەت وئازاری ئەوانەوە نەبێت) وە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقًا فَٱبْتَغُوا۟ عِندَ ٱللَّهِ ٱلرِّزْقَ ﴾ العنکبوت: ١٧ واتە: خۆ ئەوانەی ئێوە ئەیانپەرستن لە باتی خوا ،هیچ رزقێکی ئێوەیان بەدەست نیە جا کەواتە تەنها لای خوا داوای ڕزق و ڕۆزی بکەن) .

واتە : داوای رزقو ڕۆزی لە خوا بکەن نەک لە کەسی تر .

﴿ وَٱعْبُدُوهُ وَٱشْكُرُوا۟ لَهُۥ ﴾ واتە : و هەر ئەویش بپەرستن و سوپاسی بکەن)

سوپاسگوزاری له پاش رژاندنی نیعمەتەکەی خوا ، ئەمیش ئەنجام دەدرێت بە :

دڵ	زمـــان	ئەندامەکان
ئـــەویـــش بـە ئـیـمـانـیـک و باوەڕێکی بتە و تەسلیم بوونێکی تـــەواو بـــەوەی کەوا رۆزیدەری بەخشش تەنها خوایە، وە هەموو نـیـعـمـەتـێـک کە بەخشراوەتەوە بـەندە لـە لایـەن خوداوەیە .	ئەویش بە باسکردنی نیعمەتەکانی خوا و حەمد کردنی و سوپاس کردنی و ستایش کردنی دەبێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿ وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴾ الضحى: ١١ واتە: وە ئەمما بە چاکەی خواوەندت (واتە: بە پێغەمبەرێتیی و هەر نیعمەتێکە تر) باس بکە بۆ خەڵک، واتە: سوپاسی خوا بکە لە سەر نیعمەتی پێغەمبەرێتی و غەیری ئەویش بە سەر خۆتەوە، چونکە باسکردنی نیعمەتی خوا شوکرو سوپاسگوزاریە بۆ خاوەنی نیعمەت کە خوایە).	ئـــەویـــش بـە بەکارهێنانی ئەو نـیـعـمـەتـەی کـە پێمان بەخشراوە بـــەو شـێـوەیـەی کـە خـۆی لێمان رازی بـێـت ، لـە گـــەڵ ئـــەوەشـــدا کـــارکـــردن بـە گوێڕایەڵی لەبەر خۆنزیککردنەوە لـــــێـــــی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی لـــــەبـــــەر جێبەجێکردنی فەرمانەکانی .

(١) چونکە ئارامگرتن واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە

ئەگەر تووشی تاقیکردنەوەیەک هات ئارام دەگرێ وە ئەگەر تاوانێکی کرد داوای لێخۆشبوون دەکات



١. **تووڕە بوو :** ئەمە حەرامە ، وە یەکێکە لە تاوانە گەورەکان ، ئەویش ئەنجام دەدرێت بە :

تووڕە بوون بە دڵ : پێشەوا (ابن القيم الجوزية) فەرموویەتی (کورتەی قسەکانی ئەوە دەگەیەنێ) : هەندێ کەس جورئەتی ئەوە ناکات ئەمە بە دەم بڵێت ، بەڵام ئەو نەفسەی کە لە ناخیدایە شایەتی ئەوە دەدات بە گومان خراپ بردن بە خوای گەورە ، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: پەروەردگارم ستەمی لێ کردووم، پەروەردگارم مەحرومی کردووم ، پەروەدگارم ڕێگری لێ کردووم ..... هتد ، هەیانە زۆر دەڵێن و هەیانە کەم ، ئێستا خۆت بپشکنە بزانە تۆ سەلامەتی، جا ئەگەر لەمە ڕزگارت بووە ئەوا لە کێشەیەکی گەورە ڕزگارت بووە .

تووڕە بوون بە زمان : ئەویش ئەنجام دەدرێت بە هاوارکردن و شیوەن و جوێندان و لەعنەتکردن و وتنی قسەی ڕێرانکاری و دەردوبەڵا .

تووڕە بوون بە ئەندامەکان: ئەمیش بە لێدانی ڕوومەت و جلوبەرگ دڕین و پرچ ڕنین دەکرێت .

٢. **ئارامگرتن** : حوکمی ئارامگرتن واجبە ، بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە، وە پێویستە ئارام بگرێت بە دڵی و زمانی و ئەندامەکانی . پێشەوا ئەحمەد دەفەرموێت : ئارامگرتن لە قورئاندا بە نزیکەی حەفتا جار هاتووە ، ئەویش واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئوممەتە ، ئەویش نیوەی ئیمانە ، چونکە ئیمان دوو نیوەیە : نیوەی ئارامگرتنە و نیوەی سوپاسگوزارییە)

٣. **رازیبوون :** حوکمی رازیبوون موستەحەبە ، ئەویش پلەیەکە لە ئارامگرتن بەرزترە .

٤. **سوپاسگوزاری :** حوکمی سوپاسگوزاری موستەحەبە ، ئەمیش باشترین پلەیەو لە هەمووی کاملترە .

دووەم : چـوار بنـەماکـە

١. نووسەر -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- هۆکاری خوێندنی تەوحیدی ڕوون کردووەتەوە .
٢. ئـەو بێباوەڕانـەی کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناویاندا ڕەوانە کرا دانیان بە تەوحیدی پەروەردگاریێتیدا دەنا لە گەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن ، جا ناکۆکی لە نێوان ئەوان و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسـەر تەوحیدی خوداوەندێتی بووە ، جا هەرکەسـێک هەر جۆرێک لـە جۆرەکانـی پەرسـتن بۆ جگە لـە خوا ئەنجـام بدات ئـەوا بێباوەڕێکی موشریکە .

بە ناوی خوای گەورە ومیهرەبان

بزانـە –خـوای گەورە ڕێنمویـت بکات بۆ گوێڕایەڵی خۆی – : حەنیفیەت میللەتەکـەی ئیبراهیمـە : بریتیـە لـەوەی خـوای گـەورە بە تـاک و تەنها بپەرستیت و ئیخلاصی دینەکە بۆ ئەو بێت ، هەر بەوەش خوای گەورە فەرمانـی کردووەتـە هەموو خەڵکی ، وە هەر لەو پێناوەشـدا دروسـتی کـردوون ، هەروەکـو خـوای گـەورە دەفەرموێـت :﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ الذاريـات: ٥٦ واتـە : و مـن هـەر بۆیـە جنۆکـەو ئادەمیم دروستکردووە بمپەرستن و بمناسن)

جـا ئەگـەر زانیـت خوای گـەورە تۆی دروسـت کـردووە بۆ پەرسـتنی ئـەو، ئـەوا باش بزانە کە پەرسـتن پێی ناگوترێت پەرسـتن ئیللا لە گەڵ تەوحیـددا نەبێـت ، هەروەکـو چـۆن نوێـژ پێـی ناگوترێت نوێـژ ئیللا لە گـەڵ تەهـارەت و دەسـتنوێژدا نەبێـت ، جـا ئەگـەر شـیرک چـووە نـاو پەرستنەوە ئەوا پووچەڵی دەکاتەوە ، وەکو (پوچەڵکەرەوەی دەستنوێژ) چۆن دەچێتە ناو دەستنوێژەوە – پوچەڵی دەکاتەوە- ، جا ئەگەر زانیت کـەوا شـیرک تێکەڵـی پەرسـتن بوو ئـەوا پووچی دەکاتـەوە و کارەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە ، وە خاوەنەکـەی دەبێتـە یەکێـک لەوانـەی بـە هەتـا هەتایـی لـە ئاگردا دەمێننەوە ، ئەوا ئەو کاتە دەزانیت کەوا گرنگترین

شت پێویستە لەسەرت ناسینیەتی ، بۆ ئەوەی خوای گەورە لەو تۆڕە رزگارت بکات ، ئەویش هاوەڵ بڕیاردانە لە گەڵ خوادا ، کە خوای گەورە دەربارەی دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ ﴾ النساء: ٤٨ واتە: بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریێ و لە خوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووریێ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت)، ئەویش بە زانینی چوار بنەما دەبێت ، خوای گەورە لە کیتابەکەیدا باسی کردووە .

بنەمای یەکەم : بزانیت کەوا ئەو بێباوەڕانەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن دانیان بەوەدا دەنا کەوا خوای گەورە دروستکار و بەڕێوەبەرە ، کەچی ئەوە نەیانی هێنایە ناو ئیسلامەوە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴾ یونس: ٣١ واتە : بڵێ: کێ لەم ئاسمان و زەوییەدا رزق و ڕۆزیتان دەداتێ ؟ کێیە دروستکەرو خاوەنی ئەو گوێ و چاوانەتان؟ ئەی کێیە زیندوو لەمردوو دەردێنێ ؟ و مردوو لە زیندو دەردەکا؟ وە کێیە زۆر بەوردیی بۆ کاروباری ئەم دونیایە نەخشە دەکێشێ ؟ بەزوویی لەوەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێن: هەرخوایە هەموو ئەوانە دەکات بڵێ: دەسا بۆ لە خوا خۆ ناپارێزن و ناترسن؟)

بنەمای دووەم : ئەوان دەڵێن : ئێمە داوامان لێیان نەکردووە و ڕوومان لێیان نەکردووە ئیللا لەبەر داواکردنی خۆنزیک کردنەوە و شەفاعەت نەبێت .

بەڵگەی خۆ نزیککردنەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ فِي مَا هُمۡ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ﴾ الزمر: ٣ واتە : ئەوانەی کە لەباتی خوا چەند دۆس و بتێکیان بۆ

خۆیان گرتووە، وەبەبێ هیچ بەڵگەیەکیش ئەڵێن: ئێمە هەر بۆ ئەوە ئـەو بتانە دەپەرسـتین، کە لەخوامان نزیـک بکەنەوەو ، تکامان بۆ بکەن لای، کەچـی ئەگـەر پێیان بوترایە: ئەی کێ ئێوەی دروسـتکردووە؟ ئەی کـێ ئاسـمانەکان و زەوی وەدیهێنـاوە؟ لەوەڵامـدا ئەڵێـن: هـەر (الله)یە، ئیتر پێیان ئەوترا: ئەی بۆچی خوا بەتاک و تەنیا ناپەرستن؟ وشـەی (مَا نَعۡبُدُهُمۡ..) وەڵامیان بوو ، جا با هەر وابکەن بێگومان خوا هەق و ناهەق جیـا ئەکاتـەوەو، بڕیاری خـۆی دەربارەی ئـەو دوو بەرەکیەی نێوانیان دەدات، ئـەو کات موسـڵمانان ئەچنـە بەهەشـتەوەو، بـێ بڕوایانیـش بۆ دۆزەخ ئەنێردرێن دیارە ئەو جۆرە کەسـانە گومڕاو سـەر لێشـێواون ، خۆبەڕاستی خوایش مرۆی درۆزن و سپڵە ڕێنوێن ناکا) .

وە بەڵگـەی شـەفاعەت ، ئـەو ئایەتەیـە کە خـوای گـەورە دەفەرموێت : ﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ﴾ یونـس: ١٨ واتـە : وە لـە باتـی خوایـش چەند شـتێکی وا دەپەرسـتن کە: نە دەتوانن زیانێکیان پێ بگەیەنن و، نە سـوودێکیان پێ ببەخشـن دەشـڵێن : ئەوانە –دەیانپەرسـتین– لای خوا تکاکارمان دەبن، واتە: بۆ ئەو مەبەستە ئێمە ئەیانپەرستین) .

وە شـەفاعەتیش دوو شـەفاعەتە : شـەفاعەتێکی نەفیکراو و شـەفاعەتێکی سەلمێنراو .

١. موشـریک و بێبـاوەڕەکان ئـەوە دەکەنـە حوججە کەوا ئـەوان داوایان لە پەرسـتراوە پوچەڵەکانیـان نەکـردووە و رووبـان لێیـان نەکـردووە ئیللا لەبەر داواکردنی خۆنزیک کردنەوە و شـەفاعەت نەبێت ، بۆیە شایسـتەی ئەوە بوون کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوان بە کافر بزانێت و کوشتاریان لە گەڵدا بکات .

٢. شـەفاعەت : لـە زمانەوانیدا : لە (دانەپاڵ یـەک)ەوە هاتووە و یەک بگرێتە دووان ، وە لە شەرعیشـدا : نێوەندگیری کردن بۆ کەسـێک لە بە دەسـت هێنانی سوودێک یان دوور خستنەوەی زیانێک .

بەشەکانی شەفاعەت

سەلمێندراو

بریتییە لەو شەفاعەتەی کە تەنها لە خوا داواەدکرێت، وە پێویستە ئەم مەرجانەی تیادا بێت :

١- ئیزندانی خوای گەورە بەو شەفاعەتە .

٢- رازیبوونی خوای گەورە لەو کەسەی شەفاعەتەکە دەکات .

٣- رازیبوونی خوای گەورە لەو کەسەی شەفاعەتەکەی بۆ دەکرێت .

ئەوەی کە دروستکراوەکان توانایان لەسەر هەیە

دروستە بە چوار مەرج:

١. ئامادە بێت

٢. زیندوو بێت

٣. توانای هەبێت

٤. هۆکار بێت .

شەفاعەی نەفیکراو

ئەوەیە کە قورئان نەفی کردووە، ئەویش ئەو شەفاعەتەیە کە لە جگە لە خوا داواەدکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەسێک توانای لەسەر نیە تەنها خوا نەبێت . وە حوکمی ئەم جۆرە شیرکی گەورەیە .

ئەمیش دوو جۆر :

١- تایبەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هیچ کەسێک لە گەڵیدا بەشدار نییە:

شەفاعەتە مەزنەکە .

شەفاعەت کردن بۆ (ابو تالیب)ی مامی بۆ ئەوەی سزاکەی کەم بکرێتەوە .

شەفاعەت کردنی بە مەبەستی کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت

٢- گشتییە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان و فریشتەکان و یەکتاپەرستان و منداڵەکان (ئەوانەی بە منداڵی مردوون) بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی یەکتاپەرستان لە بەهەشتدا .

بۆ ئەو یەکتاپەرستانەی کە شایستەن بچنە ناو دۆزەخەوە بەوەی نەچنە دۆزەخەوە، بۆ ئەو یەکتاپەرستانەی چوونەتە ئاگرەوە بەوەی لە ئاگر دەرچن.

وه شەفاعەتی نەفیکراو : بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە جگە لە خوا داوا دەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەسێک توانای لەسەر نییە جگە لە خوای گەورە نەبێت ، بەڵگەش لەسەر ئەوە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ يَوۡمٞ لَّا بَيۡعٞ فِيهِ وَلَا خُلَّةٞ وَلَا شَفَٰعَةٞۚ وَٱلۡكَٰفِرُونَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ البقرة: ٢٥٤ واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! ببەخشن هەندێک لەو ماڵ و سامانەی پێماندراون پێش لە هاتنی ڕۆژێک هیچ کڕین و فرۆشتنێکی تێدا نییە(تا بەماڵ خۆتان بکڕنەوە) هەروەک هیچ دۆستیی و تکاو شەفاعەتێک سوودی نابێ. و هەر کافر و بێ باوەڕان ناهەقیکارو ستەمکارن، چونکە هەر ئەوانن بە تەواوی لە سنوور دەرچوون و لەخوا یاخی بوون) .

وه شەفاعەتی سەلمێنراو : بریتییە لەو شەفاعەتەی کە لە خوا داوا دەکرێت، وە شەفاعەتکار ڕێزلێگیراوە بە شەفاعەتەکەی ، وە ئەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت : ئەو کەسەیە کە خوای گەورە لە گفتار و کرداری ڕازیبە و لە پاش ئیزنی خۆی ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ ﴾البقرة: ٢٥٥ واتە : کێ بێت- لە ڕۆژی دواییدا- بتوانێ شەفاعەت بکات لای ئەو، هەتا ئەوخۆی مۆڵەتی نەدا؟› دیارە کە هەتا ئەوخۆی مۆڵەت نەدات ، هیچ کەسێک ناتوانێ تکا بکات) .

بنەمای سێیەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا لە ناوخەڵکیکدا دەرکەوتو رەوانە کرا کە ئەوان جیاوازبوون لە پەرستنەکانیاندا ، تیایاندا هەبوو فریشتەی دەپەرست و تیایاندا هەبوو پێغەمبەران و پیاوچاکانیان دەپەرست و تیایاندا هەبوو دار و بەردیان دەپەرست ، وە تیایاندا هەبوو مانگ و خۆریان دەپەرست ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ هەموویاندا کوشتاری کردو هیچ جیاوازیەکی نەکرد لە نێوانیاندا . وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَقَٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ﴾ الأنفال: ٣٩ واتە : هەتا کوفرو شیرک لەبندێ و بە هەتا هەتایی کۆتایی دێ و دینداریی هەر بۆ خوا دەبێ، ئێوەش ئەی موسڵمانان! بەردەوام بەجەنگ بێن لەگەڵیان) وە بەڵگەی خۆر و مانگ ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ ﴾ فصلت: ٣٧ واتە: لە نیشانەکانی تاک و تەنیایی خوایە: شەوو رۆژو خۆرو مانگ، چونکە هەر یەکەیان بە چەند بەرنامەیەکی قەشەنگ و ڕێک و پێک دامەزراون و کاری خۆیان دەکەن ، دەسا ئێوەش نە بۆ خۆر سوژدە بەرن، وە نە بۆ مانگ، چونکە ئەوانە هەردوو دروستکراوی خودان و ئەوانیش سوژدە هەر بۆ ئەو دەبەن ، ئێوە سوژدە هەر بۆ ئەو خودایە بەرن ئەوانی دروستکردووە ، ئەگەر دەتانەوێ بەهەقیانەت خودا بپەرستن) . وە بەڵگەی فریشتە ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ أَرْبَابًا ﴾ آل عمران:٨٠ واتە : فەرمان بە هیچ کامیشتان نادەن بچن فریشتەو پێغەمبەران بکەنە خواو بیانپەرستن، خوا چۆن کەسێ دەکاتە پەیامبەر لەملاو لەولاوە بڵێت لەگەڵ خوادا منیش، وەیان فلانیش بپەرستن).

وه بەڵگەی پێغەمبەران ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ وَإِذْ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ءَأَنتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيْنِ مِن دُونِ ٱللَّهِ قَالَ سُبْحَٰنَكَ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُۥ فَقَدْ عَلِمْتَهُۥ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَآ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ ﴾ المائدة: ١١٦ واتە : ئەو کاتەش وە بیربێنە کە خوای کارزان لە رۆژی قیامەتدا بە عیسای کوڕی مەریەم دەڵێ: ئەرێ تۆ بەو خەڵکەت گوت کە لە جیاتی خوای تاک و تەنیا خۆت و دایکت بکەنە دوو خوا ؟! عیسایش دەڵێ: خوایە ! من هەمیشە تۆبە پاک و خاوێن رائەگرم و، هەرگیزیش بۆ من ناشێ شتێکی ناراست و ناشیاوی وا بەرامبەر بە تۆ بڵێم ، ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ، بێ شک تۆ خۆت دەزانی ، هەرچی لەناخی منداية تۆ ئەیزانیت ، بەڵام من دەربارەی ئەوەی لە نەفس و زاتی تۆدایە شتێکی ئەو تۆ نازانم ، بە ڕاستیی تەنها هەر خۆتی بەهەموو نادیارەکان زانایت) .

وە بەڵگەی پیاوچاکان ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَىٰ رَبِّهِمُ ٱلْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُۥ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُۥٓ ﴾ الإسراء: ٥٧ واتە : ئەوانەی ئەوان دەیانپەرستن و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، بۆنموونە: (جوولەکە بۆ عوزەیر، گاور بۆ عیسا، موشریکەکان بۆ فریشتە) خۆیشیان هەتا بەخواوە نزیکترین ، هێشتا هەر لە هۆیەک دەگەڕێن کە خۆیانی زیاتر لە پەروەردگار پێ نزیک بکەنەوە، ئیتر ئێوە چۆن ئەوانە دەپەرستن ؟! بەئومێدی ڕەحمەت و میهرەبانی ئەو (پەروەردگار)ەن و لەتۆڵەو سزایشی دەترسن، بەڵێ خوا پەرستی دەبێ لە نێوان هیواو ترسدا بێت) .

وە بەڵگەی دار و بەرد ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :
﴿ أَفَرَءَيْتُمُ ٱللَّٰتَ وَٱلْعُزَّىٰ ﴿١٩﴾ وَمَنَوٰةَ ٱلثَّالِثَةَ ٱلْأُخْرَىٰٓ ﴿٢٠﴾ ﴾ النجم: ١٩ – ٢٠) واتە: هەواڵی لات و عوززاو سییەمەکەی تریان (مەنات)م بدەنێ ئایا کچی خوان ئەی خوانەناسان؟! ئەوانە سێ بتەکە بوون لە (تائیف و غەتفان و مەککە)دا ئەپەرستران .

وه فەرموودەکەی (**ابو واقد الليثي**) کە دەفەرموێت : (خَرَجْنَا مَعَ النبي إِلَى حُنَيْنٍ وَنَحْنُ حدثاء عَهْدٍ بِكُفْرٍ ، وللمشركين سِدْرَةٌ يَعْكِفُونَ عندها وَيَنوطونَ بِهَا أَسْلِحَتَهُمْ ، يقال لها ذَاتَ أَنْوَاطٍ ، فَمَرَرْنَا بسدرة فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ ....) الحديث

(١) ئەم بنەمایە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە وەڵامی ئەو کەسانەی دەڵێن کەوا شیرک بۆ خوا بڕیاردان تەنها بە بت پەرستی دەبێت ، جا بەڵگە شەرعیەکان هاتوون تایبەت بە بتەکان و جگە لە بتەکان لە پەرستراوە پوچەڵەکان لەو سەردەمەدا ، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) جیاوازی نەکرد لە نێوانیاندا بەڵکو هەمووی بە تاغوت ژمارد و لە گەڵ هەموویاندا وەکو یەک کوشتاری کرد بۆ ئەوەی دینداری هەموو بۆ خوا بێت .

بنەمای چوارەم : موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان توندتر و خراپترە لە موشریکە پێشووەکان ، چونکە موشریکە پێشووەکان لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد و لە کاتی تەنگانەدا ئیخلاصیان هەبوو، بەڵام موشریکەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان شیرکەکەیان بەردەوامە ، لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا ، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَإِذَا رَكِبُوا۟ فِى ٱلْفُلْكِ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ فَلَمَّا نَجَّىٰهُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ ﴿٦٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٦٥ واتە : لەکاتی خۆشیی و ئاسایشدا دەبینی ئەو خەڵکەیە بێ باوەڕن و نکوڵیی قیامەت دەکەن، کەچی کاتێ سواری کەشتی ئەبن و ترسی نقوم بوونیان لێ دەنیشێت زۆر بەکوڵ سەر دائەنێن و ملکەچی و یەکلابوونەوەی خۆیان بۆ خوا دەرئەبڕن و تەنها لەو داوا ئەکەن و، باسی بتەکان نامێنێ، بەڵام کاتێ ڕزگاریان دەکاو دەگەنە وشکانی ، دووبارە دەچنەوە سەر بیرە پووچەڵەکەی خۆیان و بەهەمان جۆر شەریک و هاوەڵ بۆ خوا دادەنێن) .

(١) نووسەر لەم بنەمایەدا ئاستی ترسناکی هەڵویستی موشریکەکانی سەردەمی خۆمانی روون کردووەتەوە ، چونکە ئەمانە شیرکەکەیان توندترە لە موشریکە یەکەمەکان ، چونکە موشریکەکانی سەردەمی خۆمان لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا شیرک دەکەن ، بەڵام موشریکەکانی رابوردوو ئەوان لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد و لە کاتی تەنگانەدا دانیان دەنا بە تاک و تەنهایی خوای گەورەدا .

جا ئەگەر ئەو بیّباوەڕانەی کە خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) تیایاندا رەوانە کرد شیرکەکەیان کەمتر بێت لەمان کەچی خوای گەورە ئەوانی بە کافر ژمارد ، ئەی رات چییە بەرانبەر کەسانێک کە شیرکەکەیان بەردەوامە لە تەنگانە و فەرحانیدا ، بێ گومان ئەوانە کافر بوونیان لە پێشترە .

واللّه اعلم وصلى اللّه على محمد وعلى آله وصحبه وسلم

چوار بنەماکە ، بریتیە لە کورتکراوەی کتێبی (کشف الشبهات)

پێشەکی ، کە ناونیشانی بەختیاری لە خۆ دەگرێت

ناونیشانی بەختیاری

ئەگەر پێی درا سوپاسگوزار دەبێت

وە ئەگەر تاقیکرایەوە ئارام دەگرێت

نیعمەتەکان

تاقیکردنەوەن

بە بەڵگەی

﴿وَنَبْلُوكُم بِٱلشَّرِّ وَٱلْخَيْرِ فِتْنَةً ۖ وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ﴾ الأنبياء:

سوپاسگوزاری نیعمەتەکان

ئەوەی پەیوەستە بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی یەوە

بەهەشت لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت ئیللا لە خوای پەروەردگار نەبێت چونکە تەنها ئەو خاوەنیەتی، هەروەها رزق و رۆزی لە هیچ کەسێک داواناکرێت ئیللا لە خوا نەبێت ، بۆیە دەبێت پەیوەست بین بە خوداوە نەک بە جگە لە ئەو .

بە دڵ سوپاسگوزار دەبێت : بە دانپیانان و ئیعتراف کردن دەبێت بەوەی کە هەموو نیعمەتەکان لە لایەن خوداوەیە نەک لە لایەن جگە لەوەوە

ئەوەی پەیوەستە بە تەوحیدی خوداوەندێتیەوە

بە زمان سوپاسگوزار دەبێت : ﴿هَذَا مِنْ فَضْلِ رَبِّي لِيَبْلُوَنِي أَأَشْكُرُ أَمْ أَكْفُرُ﴾.

بە ئەندامەکانی سوپاسگوزار دەبێت: ئەویش بە بەکارهێنانی نیعمەتەکان لە خزمەتی سوپاسگوزاری نیعمەتریژەکەدا ببێت ، وە هەر نیعمەتە و بە پێی خۆی ، جا نیعمەتی سەروەت و سامان بەوە دەبێت کە لە گوێڕایەڵی خوادا سەرفی بکات و نیعمەتی زانست بەوە دەبێت کەوا بیبەخشێتە ئەو کەسەی کە داوای لێ دەکات یان بە زمانی حاڵ وە یان بە زمانی وتن.

حاڵی خەڵکی لە کاتی رووداوی موصیبەتەکاندا

کەسی تووڕەبوو : حوکمی ئەم کارە لە تاوانە گەورەکانە بەڵکو رەنگە بگاتە شیرکی بچووک ، وە تووڕە بوون بە دڵ و زمان و ئەندامەکان دەبێت.

کەسی ئارامگر : حوکمی ئارامگرتن: واجبە بە کۆڕای زانایانی ئەم ئومەتە ، بە دڵ و زمان و ئەندامەکانی ئارام دەگرێت ، وە ئارامگرتن هەروەکو ناوەکەی تامەکەی تاڵە بەڵام دەرئەنجامەکەی لە هەنگوین شیرینترە.

					کەسی رازیبوو : حوکمی رازیبوون موستەحەبە ، جا لەبەر رازیبوونی بە خوای گەورە دەزانێت هەموو ئەوەی تووشی بووە لە خوداوەیە ، وە هەموو ئەوەی خوای گەورە تەقدیری لەسەر بەندەکەی کردووە ئەوا خەیر و چاکەیە بۆی .
					کەسی سوپاسگوزار : ئەمەش بەرزترین پلەیە ئەویش لای خوا لە هەموی خۆشەویستر ، وە کەسەکە دەبێتە یەکێ لە بەندە سوپاسگوزارەکانی خوا (الشاکرین) .
				ئەگەر تاوانی کرد ئەوا داوای لێخۆشبوون دەکات	
			بۆ تەوحید دەخوێنین ؟ ترسناکی شیرک	**حەنیفیەت** : میللەتەکەی ئیبراهیم ، خوای گەورە تۆی دروست کردووە بۆ پەرستنی ، پەرستنش پێی ناگوترێت پەرستن ئیللا لە گەڵ تەوحیددا نەبێت ، وە شیرکیش ئەگەر تێکەڵی پەرستن بوو ئەوا پووچەڵی دەکاتەوە و کارەکەش پووچەڵ دەکاتەوە و خاوەنەکەی دەبێتە یەکێک لەوانەی بە هەتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، وە گرنگترین شت لەسەرت فێربونیەتی .	
					بنەمای یەکەم : ئەوە بزانیت کەوا ئەو بێباوەڕانەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کوشتاری لە گەڵ کردن دانیان بە تەوحیدی پەروەردگاریێتیدا دەنا ، بەڵام دانیان بە تەوحیدی خوداوەندێتیدا نەدەنا ، کەچی ئەوە نەیانی هێنایە ناو ئیسلامەوە .
					بنەمای دووەم : بێباوەڕەکان کاتێ بتەکانیان دەپەرست ، لەبەر خۆنزیک کردنەوە و شەفاعەت بوو .
					بنەمای سێیەم : پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتێکدا لە ناو خەڵکیکدا دەرکەوت و ڕەوانە کرا کە جیاوازبوون لە پەرستنەکەیاندا ، کەچی جیاوازی لە نێوان شیرکێک و شیرکێکی تردا نەکرد .
					بنەمای چوارەم : موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان توندتر و خراپترە لە موشریکە پێشووەکان .

تاقیکردنەوەی چوار بنەماکە

ناو :..... ئەندازەی لەبەرکردنی کتێبی تەوحید.....

ئایە چوار بنەماکەت لەبەر کردووە .....

کردەوە :	بەڵگە لە قورئان یان لە سوننەت
نیعمەتەکان تاقیکردنەوەن	
دانپیانانی بێباوەڕەکان بە تەوحیدی پەروەردگاریێتی	
داواکردنی خۆ نزیککردنەوە	
شەفاعەتی نەفیکراو	
بەڵگەی خۆر و مانگ	
بەڵگەی پێغەمبەران	
بەڵگەی فریشتەکان	
بەڵگەی پیاوچاکان	
بەڵگەی بەرد و دار	
موشریکەکان لە کاتی تەنگانەدا ئیخڵاصیان هەبوو وە لە کاتی فەرحانیدا شیرکیان دەکرد	
بەڵگەی شیرک.	

بۆ تەوحید دەخوێنین ؟	
بۆ چوار بنەماکە دەخوێنین ؟	
چوار بنەماکە دابەش دەبێتە :	
چوار بنەماکە پوختەی کتێبی ...	
بۆ کتێبی (کشف الشبهات) ناخوێنین ؟	
ناونیشانی بەختیاری ،	
حەنیفیەت بریتییە لە ...	
بەرهەمی خوێندنی چوار بنەماکە ...	
ئەولیای خوا بریتین لە ...	
شیخ الاسلام دەفەرموێت :	
وە بەڵگەش لەسەر ئەوە .... وە بۆ :	
شوکری نیعمەتەکان دەبێت بە	
نمونە لەسەری	
پەیوەست بوونی بەندە چۆن دەبێت ؟	
حاڵی خەڵکی لە کاتی رووداتی موصیبەتەکاندا لە گەڵ حوکمەکەی	
شەفاعەت لە زمانەوانیدا ....شەفاعەت لە شەرعدا	
شەفاعەت دابەش دەبێت بۆ	
مەرجەکانی شەفاعەتی سەلمێنراو	
وە دابەش دەبێتە ...	
بنەمای یەکەم بنەمای دووەم بنەمای سێیەم بنەمای چوارەم	
حوکمی کرداریک شیریکی تێکەڵ بوو بێت وە بەڵگەش لەسەری	
هەر بنەمایەک و....	

شەرحی دەقی کتێبی

(هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام)

شەرحی دەقی کتێبی
(هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام)

دەقی کتێبی (نواقض الاسلام)

به ناوی خوای به‌خشنده و میهره‌بان

بزانه که‌وا هه‌ڵوه‌شێنه‌ره‌وه‌کانی ئیسلام (ده) هه‌ڵوه‌شێنه‌ره‌وه‌ن :

یەکەم : شیرک بریاردان لە خواپەرستیدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴾ النساء: ٤٨ واتە : (بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریێ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووریێ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت) وە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ﴾ المائدة: ٧٢، واتە : (چاک بزانن کە هەرکەسێک شەریک و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شک خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن.)
وەهەر لەوانە: ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا ، وەکو ئەوەی کەسێک بۆ جنۆکە یان بۆ گۆرێک –ئاژەڵێک- سەربڕێت .

دووەم : هەرکەسێک لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا چەند نێوەندێک دابنێ و لێیان بپارێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ ، ئەوا بەو کارەی بە کۆڕای زانایان کوفری کردووە .

سێیەم : هەرکەسێک موشریکەکان بە کافر نەزانێت ، یان گومانی بوو لە کافر بوونیان ، یان مەزهەبەکەیانی بە راست زانی ، ئەوا کوفری کردووە

چوارەم : هەرکەسێک باوەڕی وا بێت کەوا جگە لە هیدایەتی پێغەمبەر تەواوترە لە هیدایەتی ئەو ، یان حوکمی جگە لەو باشترە لە حوکمەکەی – وەکو ئەوانەی فەزڵی حوکمی تاغوتەکان دەدەن بە سەر حوکمەکەیدا – ئەوا کەسێکی کافرە .

پێنجەم : هەرکەسێک رقی ببێت لە شتێک لەوەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ، هەرچەندە کاری پێبکات ئەوا کوفری کردووە .

شەشەم : هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێک لە دینەکەی پێغەمبەر یان پاداشتی خوای گەورە یان سزاکەی ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ ﴾ التوبة: ٦٥ – ٦٦، واتە : (پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخوا ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە(٦٦) .

حەوتەم : جادوو ، هەر لەوانە لەیەک جیاکردنەوە و سۆز (لە یەک نزیک کردنەوە) ،جا هەرکەسێ ئەو کارەی کرد یان پێی رازی بوو ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقرة: ١٠٢ واتە : (وە لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە و فێری جادوو نەبیت)

هەشتەم : کۆمەک کردنی موشریکەکان و یارمەتیدانیان لە دژی موسڵمانان ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ واتە : (و هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکاو، بیانکا بەیارمەتیدەرو دۆستی خۆی، وە یان هاوکاریی و هاوڕێیان بکات ، بێ شک ئەوکەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ ، ئەگەرچی بەناسنامەیش موسڵمان بێت بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنمایی گەلی ناهەقو ستەمکار ناکات) .

نۆیەم : هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچن ، هەروەکو چۆن (خضر) بۆی بوو لە شەریعەتەکەی موسا دەرچێت ، ئەوا کافرە .

دەیـەم : پشـت کـردن لـە دینی خوای گەورە ، نە فێری دەبێـت و نەکاری پێ بکات ، بەڵگـەش ئـەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَـٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ ۚ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ السجدة:٢٢ واتە : کێ لەو کەسـە ستەمکارترە کە بەئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی رووبان لێوەرچەرخێنێت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاستی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران ئەسێنین.)

وە هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشـێنەرەوانەدا لە نێوان کەسـێک بە گاڵتەوە بیکات و کەسێک بە راستی بیکات و کەسێکی ترساودا و ئیللا کەسێکی ناچار نەبێت ، وە هەر هەمـووی لـە گەورەترین شـتە ترسـناکەکانە ، وە لـە هەمووی زیاتـر رووبەدات ، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان لێی بە ئاگا بێت ، وە لێی بترسێت لەسەر خۆی ، پەنا بەگرین بە خوا لەوەی غەزەبی خۆی و سـزا سـەختەکەی بە سـەرماندا پێویست دەکات ، وصلى الله على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم .

راڤـــه

پێشەکی نووسەر

به ناوی خوای گەوره ومیهرەبان
بزانه کەوا هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام (دە) هەڵوەشێنەرەوەن :

بۆ زانایان نوسینەکانیان بە (بەسمەلە) دەست پێ دەکەن ؟

١/ وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران .

٢/ وەکو کارکردن بەو فەرموودەیە : (کل أمر ذی بال ...) هەرچەندە فەرموودەکە (ضعیف) ە.

٣/ چاولێکردنی زانایان و پێشینەکانی پێش خۆی –رەحمەتی خوایان لێ بێت –

٤/ وەکو تەبەڕوکێک بە دەست پێکردن بە ناوی خوای بەخشندەوە .

ئەگەر باسی ژمارەیەک کرا لە قورئان و سوننەتدا :

ئەگەر لە دەقەکانی کیتاب و سوننەدا ژمارەیەکمان نەبینی لەم ژمارەیە زیاتر بێت ئەوا ئەم ژمارەیە مانایەک دەبەخشێت ، واتە : لەوە زیاتر ناکرێت ، وەکو : پایەکانی ئیسلام و ئیمان هەروەکو لە فەرموودەکەی (جبریل)دا هاتووە .

وە ئەگەر لە دەقەکانی کیتاب و سوننەدا ژمارەیەکمان دۆزییەوە لەو ژمارەیە زیاتر بوو ئەوا ئەو ژمارەیە هیچ مانایەک نابەخشێ ، واتە : زیاد دەکرێتە سەری بەوەی لە کیتاب و سوننەدا هاتووە ، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت: (خمس من الفطرە ...) واتە : پێنج ئاکار هەن لەفیترەتن ....) وە ئەوفەرموودەیەی : (اجتنبوا السبع الموبقات ....) واتە : خۆتان بە دوور بگرن لەحەوت بە هەلاکەت بەرەکە ....)

بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەک دەکرێت کەچی مانایەک نابەخشێ ؟

ئەمەش لە جوان پەروەردەکردن و فێرکردنی پێغەمبەری خوایە ، چونکە دەیەوێ لە بیسەران ئەوەی لە مەجلیسەکەدا باسی دەکات بە جوانی لێی تێبگەن ، بۆ ئەوەی لە پاش ماوەیەک ئەم مەسەلانە هەر کاتێک بیانەوێ لە بەر دەستایاندا ئامادە بێت و بە جوانی لە یادیان بمێنێ ، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (ثلاثة أقسم عليهن وأحدثكم حديثا فاحفظوه : ما نقص مال عبدٍ من صدقة ....) جا لەسەر ئەم رێگایە نووسەر چووە .

بۆ هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنین ؟

بۆ ئەوەی لێی دوور کەوینەوە و نەکەوینە ناوییەوە ، جا سوودێکی مەزنی هەیە ، بەڵکو لە سوودبەخشترین قازانجەکانە ، هەروەکو چۆن فێری هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ دەبین بۆ ئەوەی دەشتنوێژەکانمان هەڵنەوەشێتەوە و فێری هەڵوەشێنەرەوەکانی نوێژ دەبین تاوەکو نوێژەکانمان پووچەڵ نەبێتەوە ، لە (حذيفه ى كورِى اليمان)ەوە هاتووە کەوا فەرمویەتی: ((كان الناس يسألون رسول اللّه(ﷺ) عن الخير وكنت أسأله عن الشر مخافة أن يدركني)) واتە : خەڵکی پرسیاریان دەکرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خێر و چاکە ، بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەم لێ دەکرد لە ترسی ئەوەی نەوەک تووشم بێت))

ئایە هەڵوەشێنەوەرکانی ئیسلام چین ؟

بریتییە لە پوچەڵ کەرەوەکانی ئیسلام و ئەوەی لە ئیسلام دەری دەکات بۆ کوفری گەورە ، وە ئیسلامیش بریتییە لە : (تەسلیم بوون بۆ خوای گەورە بە تەوحید و ملکەچبوون بۆی بە گوێڕایەڵی و بەریبوون لە شیرک و موشریکەکان) .

ماناکەی

واتە ئەو شتانەی کە موسڵمان لە ئیسلامەوە دەردەکات بۆ کوفری گەورە ، داوا لە خوا دەکەین بمانپارێزێ و سەلامەتمان بکات .

بۆ هەندێ جار زانایان ناوی دەبەن بە (النواقض) و هەندێ جار بە (المفسدات) یان (المبطلات) ؟

ئەمە لە باس و بابەتی جۆراوجۆر کردنە تاوەکو قوتابی بێزار نەبێت ، ئەگەر نا ماناکەیان یەکە ، دەڵێن : (نواقض الاسلام و الوضوء و مبطلات الصلاة و مفسدات الصوم)

ئایە ئەم هەڵوەشێنەرەوانە یەکدەنگی زانایانی لەسەرە ؟

بەڵێ .

ئایە سنووردار کراوە بە ژمارەیەکی دیاری کراو ؟

نەخێر سنووردار نییە.

ئەی بۆ فەرموویەتی : دە دانەیە ؟

واتە : لە هەمویان ترسناکترن و بۆ ئەوەی لەبەر بکرێت .

ئایە دەتوانریت هەڵوەشێنەرەوەکان حەصر بکرێت بە گشتی ؟

- وتن ، لە نمونەی جوێندان بە خوا یان بە پێغەمبەری خوا یان بە دین .
- کردار ، لە نمونەی کردار سیحر .
- بیروباوەر ، وەکو باوەڕبوون بە دەستهێنانی قازانج لە جگە لە خوای گەورە .
- بوونی گومان لە کوفری جولەکەو گاورەکان ئەوانەی کە بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوایان پێگەیشت و باوەڕیان پێ نەهێنا .

ئایە پێغەمبەری خوا باسی ئەم دە هەڵوەشێنەرەوەی کردووە ؟ بەڵگە چییە لەسەری؟

بەڵێ ، هەموو ئەم هەڵوەشێنەرەوانە پێغەمبەری خوا باسی کردووە ، بەڵکو هەر یەکێک لەو هەڵوەشێنەرەوانە بەڵگەی لەسەر هاتووە لە قورئان و فەرمووودەدا، خوای گەورە فەرموویەتی:﴿ وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْأَيَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴾الانعام:٥٥ واتە : ئێمە هەرئا بەو شێوەیە هەمیشە ئایەت و بەڵگەکانی خۆمان بۆمرۆڤەکان روون ئەکەینەوە بەشکوم شوێنی هەق بکەون، دەشمانەوێ ڕێگەو ڕێبازی تاوانباران روون بێت وهەقیش ئاشکرا ببێ)

هەرکەسێک یەکێک لەم هەڵوەشێنەرەوانەی ئەنجامدا ، ئەگەر هەرکەسە بینی یان پێی زانی دەتوانێت کافری بکات ؟

نەخێر ، بەڵکو پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای زانا ڕەبانییەکان و دادگا شەرعییەکان بۆ بە کافردانانی کەسی دیاری کراو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أيما رجلٍ قال لأخيه : يا كافر، فقد باء بها أحدهما)

کێ دەربارەی هەڵوەشێنەرەوەکان کتێبی نوسیوە ؟

هەر کەسە لە سەر بابەتی (فیقە) کتێبی نوسیبێت باسی هەڵوەشێنەرەوەکانی کردووە لە باس و بابەتی حوکمی (المرتد)دا ، بەڵام نووسەر یەکەم کەسە بە کتێبێکی سەربەخۆ نوسیبێتی .

ئایە جیاوازی دەکرێت لە هەڵوەشێنەرەوەکاندا لە نێوان کردار و بکەردا؟

بەڵێ وە دەبێ بکرێت ، چونکە هەرکەسە بکەوێتە ناو کوفرەوە مەرج نییە کوفرەکەی بەسەردا جێبەجێبکرێت ، بۆیە کافردانانی کەسی دیاری کراو پێویستی بە ئیقامە حوججە و نەهێشتنی گومانەکان هەیە ، وە مەبەستی نووسەر تەکفیرکردنی کەسانی دیاری کراو نییە ، بەڵکو مەبەست لێی وریاکردنەیە لە هەڵوەشێنەرەوەکان ، ئەمەش لە باس و بابەتی ئامۆژگاری یە بۆ ئەم ئوممەتە.

ئەو کەسەی کە هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنێ چی لەسەر پێویستە ؟

پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان کەوا ئاگاداری بێت و لێی بترسێت لەسەر خۆی (نەوەک توشی بێت) و وریای بێت ، بەڵام حوکم دان بەسەر کەسەکاندا ئەوا لەمەدا دەگەڕێینەوە بۆ لای گەورە زانایان و دادگا شەرعییەکان .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُلْ حَسْبِىَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾ واتە : (سوێند بەخوا هەر لەخۆتان پەیامبەرێکی پایە بەرزتان بۆ هات و چاک دەیناسن لەکێیە هەر ناڕەحەتییەکتان توش بێت زۆر سەختە لایی و پێی سەختە دەبێ زۆریش سووڕە لەسەر بڕوا هێنانتان بەرامبەر بە بڕواداران زۆر دڵسۆزو بە بەزەیی و دلۆقانە(١٢٨) ئینجا ئەر بەهاتنەکەت بەهرەمەند نەبوون ، دڵ زوێر مەبەو بڵێ: من هەر خوام بەسە بێ لەو خوایە هیچ پەرستراوێک نییە شیاوی پەرستن بێت هەر بەویش پشتدەبەستم و هەر ئەویشە خاوەن و پەروەردگاری عەرشی گەورە(١٢٩).

هەڵوەشێنەرەوەی یەکەم

شیرک بریاردان لە خواپەرستیدا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ﴾النساء: ٤٨ واتە : (بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووریێ و لەخوار شیرکەوە لەهەر گوناهێک دەبووریێ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت) وە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدۡ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِ ٱلۡجَنَّةَ وَمَأۡوَىٰهُ ٱلنَّارُۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٍ ﴾ المائدە: واتە : (چاک بزانن کە هەرکەسێک شەریک و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شک خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە، ستەمکارانیش هیچ جۆرە یارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن.)

وەهەر لەوانە: ئاژەڵ سەربڕین بۆ جگە لە خوا ، وەکو ئەوەی کەسێک بۆ جنۆکە یان بۆ گۆڕێک –ئاژەڵێک– سەربڕێت .

جۆرەکانی شیرک

شیرکی گەورە
(ئەمەش ئەو جۆرەیە کە نووسەر مەبەستێتی لێرەدا)

حەقیقەتەکەشی بەو شێوەیە کەوا کەسەکە باوەڕی وابێت جگە لە خوای گەورە تەصەروفێکی شاراوەی هەیە لە گەردووندا یان بە دەستهێنانی قازانجەکان یان دوورخستنەوەی زیانەکانی بە دەستە .

- خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات .
- هەموو کردەوەکان پووچەڵ دەکاتەوە .
- خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارەوە .
- خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا دەهێڵێتەوە .
- ئەگەر هاتوو لە شەرعدا بە گەورە (الاکبر) ناوی برا .
- ئەگەر لە دەقە شەرعییەکاندا وشەی (شرک) یان (کفر) هاتبوون و بە (ال)ی تەعریف کرابوون ، ئەوا گەورەیە (الاکبر)ە .

شیرکی بچووک :

حەقیقەتەکەشی ئەوەیە کەوا ئەوەی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار ئەم بە هۆکاری بزانێت ، وە هەر شتێک وەسیلەیەک بێت بۆ شیرکی گەورە ئەوا شیرکی بچووکە .

- خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات .
- تەنها کردەوەی تایبەت پووچەڵ دەکاتەوە .
- خوێن و ماڵی حەڵاڵ نابێت .
- خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە .
- ئەگەر هاتوو لە شەرعدا بە (الاصغر) ناوی برا .
- هەموو ئەوەی لە دەقە شەرعییەکاندا بە (شرک) یان (کفر) ناویان هاتووە و بە (ال)ی تەعریف تەعریف نەکرابوون .

ئایە خوای گەورە لە شیرکی گەورە خۆش دەبێت ؟

هەرگیز لێی خۆش نابێت ئەگەر لەسەر ئەو شیرکە مرد ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ ﴾النساء: ٤٨ واتە : بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووردێ)) وە ئەگەر تەوبەی لێکرد ئەوا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ جَمِيعًاۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾الزمر: ٥٣، واتە : ئەی موحەممەد! لە منەوە بڵێ: ئەی بەندەکانی من! ئەی ئەوانەی ستەم و زیادە ڕۆییتان لە خۆتان کردووە! ئێوە لەڕەحمەت و میهرەبانی خوا بێ ئومێد مەبن، بەڕاستی خوا لە هەموو گوناحێ خۆش ئەبێ دیارە ئەم بانگەشەیە بۆ تەواوی تاوانبارانە کە بگەڕێنەوە بۆلای خوا، ئەگەرچی گونا هیشیان بەئەندازەی کەفی سەر زەریاکان بێ، چونکە ئەوە لێبوردەو میهرەبان) بە مەرجێ ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە دەرنەچووبێت ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (**لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها**) واتە :هیجرەت نابڕێتەوەو کۆتایی پێ نایەت تاوەکو تەوبە نەبڕێتەوە ،وە تەوبە نابڕێتەوە تاوەکو ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە دەرنەچێت) یان لە گیانەڵادا بێت واتە : غەرغەرە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَلَيۡسَتِ ٱلتَّوۡبَةُ لِلَّذِينَ يَعۡمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ إِنِّي تُبۡتُ ٱلۡـَٰٔنَ ﴾ النساء: ١٨ واتە : و تەوبەو پەشیمانی بۆ ئەوانە نییە کە بەدرێژایی تەمەنیان، خەریکی گوناح و تاوانن تا لەسات و کاتی گیانەڵا و مردندا دەڵێ: بێگومان لەوکارانەم پەشیمانم، دیارە ئەوجۆرە تەوبەیە لای خوا وەرناگیرێ)

بەشەکانی حەرامکراوەکان

شیرکی گەورە:
ئەمەش بەرزترینیانە

شیرکی بچووک :
ئەمە لە شیرکی گەورە بچووکترە بەڵام لە تاوانە گەورەکان گەورەترە .

تاوانە گەورەکان :
هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە وەکو لەعنەت یان دوورخستنەوە (دەرکردن) یان بەربوون لە بکەرەکەی یان ئەو یەکێکە لە بێباوەڕان یان لە موشریکەکانە یان لە ئیمانداران نییە یان چواندنی بە نابوتترین ئاژەڵان ...

تاوانە بچووکەکان
هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کەوا شەرع حەرامی کردووە بەڵام سزایەکی تایبەتی بۆ دانەناوە .

ژمارەیان :
ژمارەیەکی دیاری کراوی نییە بەڵام سنووردارە بەو پێوەرانەی لە پێشدا باسکرا .

حوکمی ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات :
ئیمانداریکە بەڵام ئیمانەکەی نوقصانە یان کەسێکی ئیماندارە بە ئیمانەکەی و کەسێکی (فاسق) بە تاوانە گەورەکەی .
خۆشمان دەوێت بە ئەندازەی ئەو ئیمانەی هەیەتی و رقمان لێی دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەو تاوانە گەورەی ئەنجامی داوە .
لە گەڵیدا دانانشین لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەی .

پلەکانی :
جیاوازن ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (أکبر الکبائر ....) واتە: گەورەترین تاوانە گەورەکان....)

حوکمەکەی :
پێویستە تەوبەی لێ بکرێت بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (**النائحة إذا لم تتب قبل موتها...**)) واتە : ئەو ژنەی بەدەنگ دەلاوێتەوە ئەگەر پێش مەرگی تەوبە نەکات....)) وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : (**...اذا اجتنبت الکبائر...**) واتە : بە مەرجێ لە تاوانە گەورەکان دوور کەوتبێتەوە)

بەشەکانی – ئاژەڵ- سەربڕین

بۆ خوا :

ئەوا کارێکی دروستە ، وەکو (الهدي) و قوربانی و صەدەقە .

بۆ جگە لە خوا

لەبەر بەمەزن زانین و خۆشەویستی : (ئەمەش ئەو جۆرەیە کە نووسەر مەبەستێتی) ئەمەش شیرکی گەورەیە ، وەکو ئاژەڵ سەربڕین بۆ جنۆکە و خاوەن گۆڕەکان .

دروست (مباح) :

وەکو ئەو ئاژەڵەی بۆ گۆشتەکەی یان رێزگرتنی میوان و بازرگانی و جگە لەوانە سەردەبڕدرێت.

هەڵوەشێنەرەوەی دووەم

هەرکەسێک لە نێوان خۆی و خوای گەورەدا چەند نێوەندێک دابنێ و لێیان بپاڕێتەوە و داوای شەفاعەتیان لێ بکات و پشتیان پێ ببەستێ ، ئەوا بەو کارەی بە کۆڕای زانایان کوفری کردووە .

بەشەکانی شەفاعەت

ئەوەی کە دروستکراو لە توانایدایە:

دروستە بە چوار مەرج:

١/ دەبێت ئامادە بێت .

٢/ زیندوو بێت .

٣/ توانای لەسەر هەبێت .

٤/ بڕوای وابێت کە تەنها هۆکارە .

ئەوەی کە هیچ کەس توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت

ئەوەی سەڵمێنراوە:

ئەوەیە کە خوای گەورە بۆ خۆی سەلماندوویەتی و لە هیچ کەسێک داوا ناکرێت تەنها لەو نەبێت ، وە چەند مەرجێکی تێدایە :

١/ مۆڵەتدانی خوای گەورە بەو شەفاعەتە .

٢/ رازی بێت لەو کەسەی شەفاعەت دەکات .

٣/ رازی بێت لەو کەسەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت .

ئەوەی نەفیکراوە :

(ئەمە ئەو جۆرەیە کە نووسەر مەبەستێتی) ئەو جۆرەیە کە قورئان نەفی لێکردووە ، ئەوەیە کە لە جگە لە خوا داوادەکرێت لە شتێکدا کە هیچ کەس توانای لەسەر نییە تەنها خوا نەبێت ، ئەمیش شیرکی گەورەیە .

تایبەتە بە پێغەمبەری خوا

١/ شەفاعەتە مەزنەکە .

٢/ شەفاعەتی بۆ مامی (ئەبو تالیب) کەوا سزاکەی لەسەر سووک بکرێتەوە .

٣/ شەفاعەتی پێغەمبەری خوا بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بەهەشت .

گشتییە بۆ هەموو پێغەمبەران و فریشتەکان و یەکتاپەرستان و منداڵان :

١/ شەفاعەت دەکەن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی یەکتاپەرستان .

٢/ بۆ ئەوانەی کە شایستەن بچنە ئاگرەوە لە یەکتاپەرستان کەوا نەچێتە ئاگرەوە .

٣/ ئەوانەی کە چوونەتە ئاگرەوە لە یەکتاپەرستان بۆ ئەوەی دەرچن .

ئایە دروستە کەسێک بە براکەی بڵێت : دوعای خێرم بۆ بکە ؟

ئەگەر هاتوو لەم داواکردنەدا جۆرێک هەژاری و زەلیلی نواندنی پێوە دیار بێت ئەوا جۆرێکە لە شیرکی بچووک ، وە ئەگەر هاتوو داواکردنی دوعاکە لە کەسێکی زیندووی ئامادەبووی خاوەن توانا بوو وە باوەڕی وا بوو کەوا ئەوە تەنها هۆکارێکە ئەوا دروستە ، بەڵام باشتر وازهێنانە لێی .

پەناگرتن (التوكل)

بریتییە لە راستی پشتبەستن بە خوای گەورە لە گەڵ بوونی سیقەیەکی تەواو پێی و گرتنە بەری هۆکارە دروستەکان .

شیرکی گەورەیە ئەگەر بۆ جگە لەخوا صەرف بکرێت :

(ئەمەش هەر ئەوەیە کە نووسەر دەیەوێت)

پەناگرتنی پەرستن و ملکەچبوون . بریتییە لە پشت بەستێکی رەها لەسەر ئەو کەسەی پشتی پێ بەستووە، بە شێوەیەک باوەڕی وابێت کە بەدەستهێنانی قازانج و دوورخستنەوەی زیانەکانی بە دەستە لە گەڵ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن، وەکو پشت بەستن بە مردووەکان.

شیرکی بچووک :

بریتییە لە پشتبەستن بە زیندوو لە گەڵ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن بۆی ، وەکو ئەوەی کەسێک پشت ببەستێ بەزیندوویەک لە رزق و رۆزیەکەیدا لە گەڵ ئەوەی بیکاتە سەرووی هۆکار .

دروست :

ئەویش بریتییە لە پشت بەستن بە زیندوویەک لەوەی کە کارێکی پێ سپاردووە بە بێ بوونی هەژاری و زەلیلی نواندن ، وەکو ئەوەی کەسێک بکەیتە وەکیلی خۆت لە فرۆشتنی شتێکدا .

ئایە دروستە بڵێیت :
(پشت بە فلان دەبەستم) یان
(یان پشت بە خوا دەبەستم ئەمجار فلان) ؟
وە کامە دروستە؟

دروست نییە بڵێیت : (پشت بە فلان دەبەستم) وە دروستیش نییە بڵێیت : (پشت بە خوا دەبەستم ئەمجار فلان) چونکە ئەمە کرداریکە پەیوەندی بە دڵەوەیە بۆ جگە لە خوا صەرف ناکرێت ، بەڵکو دەڵێیت : فلان کەسم تەوکیل کردووە ، ئەوەتا پێغەمبەری خوا هەندێ لە هاوەڵانی تەوکیل کردووە بۆ کارویاری گشتی وتایبەتی .

هەڵوەشێنەرەوەی سێیەم

هەرکەسێک موشریکەکان بە کافر نەزانێت ، یان گومانی بوو لە کافر بوونیان ، یان مەزهەبەکەیانی بە راست زانی ، ئەوا کوفری کردووە .

حوکمی موشریکەکان لە ئیسلامدا

هەرکەسێک بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوای پێ گەیشتبێت و باوەڕی پێی نەهێنابێت ئەوا کافرە ، کوفرێکی گەورە ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾آل عمران: ٨٥ واتە: هەرکەسێ بێجگە لەبەرنامەو شەریعەتی ئیسلام هەردینێک بۆخۆی هەڵبژێرێ و بیکا بەبەرنامەی خۆی هەرگیز لێیوەرناگیردرێ و لەدواڕۆژیشدا لەڕیزی زیانمەندانە.)

ئایە ئەهلی کیتاب بەشێکن لە موشریکەکان ؟

بەڵێ ئەهلی کیتابیش دەگرێتەوە ئەوانەی کە باوەڕیان بە پێغەمبەری خوا نەهێناوە ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلْحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعْطُوا۟ ٱلْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَٰغِرُونَ ﴾التوبة: ٢٩ واتە : لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن ‹ئەی بڕواداران› کە بەخواو، بە ڕۆژی دوایی بێ باوەڕن و هەر شتێکیش خواو پەیامبەرەکەی ئەو حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەڵاڵ و ڕەوای دادەنێن و ملکەچی ئەم دین و ئایینە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە.› ئەوانەش دەبێ ئەو جەنگەیان لەگەڵ بکرێت ، خاوەن کتێب نامەکانن، موسایی و عیسایین ، جەنگیان لەگەڵ بکەن هەتا بەدەستی خۆیان سەرانە دەدەن و ملکەچ دەبن بۆ شەرعی پیرۆزی ئیسلام)، هەروەها ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت : (**والذي نفس محمد بيده لا يسمع بي أحد من هذه الامة يهودي ولا نصراني ثم يموت ولم يؤمن بالذي أرسلت به إلا كان من أصحاب النار**) واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی محمدی بە دەستە هیچ کەسێک لەم ئوممەتە جولەکە بێت یان گاور پەیامەکەی من ببیسێت و باوەڕ نەهێنێت بەوەی من هێناومە ئیللا دەبێتە ئەهلی دۆزەخ)

ئایە ئەمە مانای ئەوەیە کە وەفامان بۆ پەیمانەکان نەبێت ؟

هەرکەسێک پەیمانێکی هەبێت ئەوا پێویستە وەفامان بەو پەیمانە هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی خوا بە دەست بهێنین ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَمَا ٱسۡتَقَٰمُواْ لَكُمۡ فَٱسۡتَقِيمُواْ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَّقِينَ﴾التوبة : ٧ واتە : ئەوانە هەتا بەڕێک و پێکی لەسەر پەیمانەکەیان بن و وەفاداربن دەبێ ئێوەیش پەیمانەکەیان بەڕێک و پێک راگرن و وەفاداربن. بە راستی خوا پارێزکارانی خۆشدەوێ، ئەوانەی وەفادارن و پەیمان شکێن نین) وەخەڵکیش لە مامەڵەکردنی موشریکەکاندا سێ بەشن :

لایەک کە بەشداری کافرەکان دەکات لە جەژن و ئاهەنگ و بۆنەکانیاندا.	وە لایەک تەعەدایان لێ دەکات بە کوشتن و تاڵان و فێڵ و لێدان .	وە ناوەندیش ئەوەیە کە ئەهلی سوننە و جەماعەی لەسەرە ، ئەویش بەشداری نەکردنیانە لە جەژن و ئاهەنگەکانیاندا و وەفابوونە بە پەیمانەکانیان ئەوەی ئەوان لەسەرین ، وە بەهیچ شێوەیەک تەعەدایان لێ ناکەین و لەکڕین و فەرۆشتندا مامەڵەیان لە گەڵدا دەکەین و بانگیان دەکەین بۆ تەوحید .

هەڵوەشێنەرەوەی چوارەم

هەرکەسێک باوەڕی وا بێت کەوا جگە لە هیدایەتی پێغەمبەر تەواوترە لە هیدایەتی ئەو ، یان حوکمی جگە لەو باشترە لە حوکمەکەی – وەکو ئەوانەی فەزڵی حوکمی تاغوتەکان دەدەن بە سەر حوکمەکەیدا – ئەوا کەسێکی کافرە .

بەشەکانی حوکم کردن بە جگە لەوەی خوای گەورە داییەزاندووە.

بەوەی حوکمی تاغوتەکان و یاساکان پێش حوکمی خوا بخات و باوەڕی وابێت کە حوکمی خوا بە کار نایەت ، ئەمە ئەگەر باوەڕی وا بێت ئەوا کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾التوبة: ٣١ واتە: لە بری خوا مەلاو رەبەنەکانی خۆیانیان کردە خوا !)

وە ئەگەر باوەڕی وا بوو کە حوکمی خوا پێویستە جێ بە جێ بکرێت و هەر ئەویش باشترە بۆ وڵات و خەڵکی ، بەڵام حوکمی تاغوتەکان پێش دەخات لەبەر ئارەزوویەک لە نەفسیدا یان خۆشویستنی دەسەڵات (پلەو پایە) و جگە لەوانە ، ئەوا (کفر دون کفر) ە ، کوفری بچووکە و فاسق بوونە ، وە ئەگەر بەم حوکمە حەقی کەسێکی موسڵمانی بڕی (پێی نەدا) ئەوا کەسێکی ستەمکارە ، وە نزیکە لەوەی کە بکەوێتە ناو کوفری گەورەوە کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات .

هەڵوەشێنەرەوەی پێنجەم

هەرکەسێک رقی بێت لە شتێک لەوەی کە پێغەمبەری خوا هێناویەتی ، هەرچەندە کاری پێبکات ئەوا کوفری کردووە .

بەڵگە لەسەر ئەم هەڵوەشێنەرەوە

خـوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَٰلَهُمْ ﴾ محمـد: ٩ واتـە : ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی ئەوان رقیـان لەوپەیامە دەبـووەوە خـوا دایبەزاندووە جا خوایش کارەکانیانی بـێ ئاکام کردەوە).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾ النسـاء: ٦٥ واتـە : نەخێـر وەک ئەوە نییـە دووڕووەکان دەیزانن، سـوێندبێ بەپـەروەردگارت ئـەی پێغەمبـەر نابنـە بـاوەڕدار تـا بـۆ یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی نێوانیـان تـۆ دەکەنـە داوەر و ئەوسـاش بەرامبـەر بەوبڕیارەی تـۆ داوتـە، هیـچ تەنگیەکیـان دەسـت نەکـەوێ لەدەروونیانـدا و بەچاکیش تەسـلیم و ملکـەچ ببن).

وە دەفەرموێـت : ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ ۖ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ۚ كَذَٰلِكَ يَجْعَلُ ٱللَّهُ ٱلرِّجْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ ﴾الأنعـام: ١٢٥ واتـە : ئینجـا ئەوکەسـە کـە خـوا بیـەوێ رێنمایی بـکات بۆ دینی ئیسـلام، دڵ و سـنگی فـراوان و گوشـاد دەکاو، پاداشـی قیامەتـی لاشـیرین ئـەکاو، ئەوجـا زۆر بەئاسـانی دینـی ئیسـلام قبووڵـدەکات، کێـش خۆی حـەز بکا گومـڕای بکا وا بەتونـدی نەفـەس تەنگـی دەکا دەڵێـی بـەرەو ئاسـمان سـەردەکەوێ ئەوکەسـانەی وا بڕواناهێنـن، هەر بەوشـێوازە خـوای گەورە شـەیتان زاڵ دەکات بەسـەر یانـدا).

خۆشویستن و رق لێبوون لەبەر خوا

خۆشویستن و رقلێبوون لەبەر خوا لە واجیباتەکانە ، بەڵکو ئەوە لە پتەوترین هۆکارو دەستەگیرەی ئیمانە).

ئەو شتە چییە کەوا پێویستە لەبەر خوا خۆشمان بوێت ؟

ئەوکرداردەی کە خوای گەورە پێی رازییە ، ئەویش هەموو ئەوانەیە کە شەرع هێناویەتی وەکو تەوحید.	ئەو کەسانەی کە کاری پێ دەکەن وەکو پێغەمبەران و فریشتەکان و هاوەڵان و هەموو یەکتاپەرستێک .	ئەو کاتانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت وەکو شەوی قەدر و کۆتا سێیەکی شەو.	ئەو جێگایانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت وەکو شاری مەککە و مەدینە .

ئەو شتە چییە کەوا پێویستە لەبەر خوا رقمان لێی بێت ؟

ئەو کردارەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وپێی رازی نییە ، ئەویش هەموو ئەوانەیە کە شەرع نەهی لێکردووە وەکو شیرک.	ئەو کەسانەی کە کاری پێ دەکەن وەکو موشریکەکان و دووڕووەکان و شەیتانەکان.	ئەو کاتانەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وەکو ئەو کاتانەی کە رۆژی تێدا دەپەرستریت .	ئەو جێگایانەی کە خوای گەورە رقی لێیەتی وەکو جێگاکانی شیرک.

ئایە ئەو ئافرەتەی کە رقی لە فرەژنی بێت کافر دەبێت ؟

ئەوەی واقیعە کەوا ئافرەت ئینکاری لە حوکمە شەرعییەکە ناکات بەڵکو پێی خۆش نییە کە پیاوەکەی ژن بهێنیتە سەری ، ئەمەش کارێکە لۆمەی لەسەر ناکرێت .

هەڵوەشێنەرەوەی شەشەم

هەرکەسێ گاڵتە بکات بە شتێک لە دینەکەی پێغەمبەر یان پاداشتی خوای گەورە یان سزاکەی ئەوا کوفری کردووە ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿قُلْ أَبِٱللَّهِ وَءَايَٰتِهِۦ وَرَسُولِهِۦ كُنتُمْ تَسْتَهْزِءُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا۟ قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَٰنِكُمْ﴾التوبة: ٦٥ – ٦٦ واتە : (پێیان بڵێ: ئایا گاڵتەتان بەخواو ئایەتەکانی و بە پێغەمبەرەکەی کردبوو؟ (٦٥) بڵێ: بڕوبیانووی بێجێ مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە(٦٦)).

گاڵتەجار

ماناو حوکمەکەی: گاڵتە کردن بریتیە لە سووکایەتی کردن (سخریە) وە حوکمی ئەو کەسەی کە گاڵتەجارە یان جوێن دەدات ئەو کەسێکی کافرە بە کوفرێکی بەرهەڵستکار (معارضە)، ئەویش کوفرێکی گەورەیە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات و بە هەتا هەتایی لە ئاگری دۆزەخدایە، پەنا بە خوا .

بەڵام ئەو کەسەی گوێی لە جوێنەکە دەبێت پێویستە لە سەری ئینکاری بکات یان لەو مەجلیسە هەڵسێت ، وە لە نمونەی ئەوەی ئەو کەسەی دەیبێنێ یان دەیگێڕێتەوە بە بێ ئەوەی ئینکاری لێ بکات ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ ﴾

النساء: ١٤٠ واتە : خۆ بەراستی خوای گەورە لەم قورئانەدا بەئێوەی ڕاگەیاندووە کە هەرکات زانیتان و بیستان ئایەتەکانی خوا کەسانێک باوەڕیان پێناکەن و گاڵتەیان پێدەکەن هەتا ئەوباسە دەگۆڕن و دەچنە سەر قسەیەکی ترو واز لەوکارەیان دێنن، ئێوە لەگەڵیان دامەنیشن ئەگینا ئێوەش لە گوناح و تاواندا وەک ئەوان دەبن).

وە تەوبەکەی وەردەگیرێت بە چەند مەرجێک :

ستایشی خوای گەورە بکات بەوەی شایستەیەتی.

تەبەڕا بکات لەو گاڵتەیەی وتویەتی.

شوێنەواری تەوبەکەی بە سەرەوە دیار بێت و ڕاستیەکەیمان بۆ دەرکەوێ .

بەڵام ئەو کەسەی جوێنی بە پێغەمبەری خوا داوە ئەوا تەوبەکەی لای خوا وەردەگیرێت ئەگەر ڕاستگۆ بوو ، بەڵام دەسەڵاتدار دەیکوژێت لەبەر کردارەکەی .

ئایە ئەگەر قسەکەی ئیحتیمالی جوێنی دانی تێدا بوو بە کافر دادەنرێت ؟

بۆی ڕوون دەکرێتەوە ، ئەگەر تەوبەی کرد ئەوا وازی لێ دەهێنین و ئەگەر نا کارەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ لای قازی و گەورە زانایان .

هەڵوەشێنەرەوەی حەوتەم

جادوو ، هەر لەوانە لەیەک جیاکردنەوە و سۆز (لە یەک نزیک کردنەوە)، جا هەرکەسێ ئەو کارەی کرد یان پێی رازی بوو ئەوا کوفری کردووە، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقرة: ١٠٢ واتە : (وە لەهەمان کاتدا هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد لە سەرەتاوە پێیان دەگوت: ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە و فێری جادوو نەبیت)

سیحر (جادوو)

حوکمەکەی :

جادوو کوفرێکی گەورەیە ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ﴾ البقرة: ١٠٢

نیشانەکانی جادووباز (ساحیر) :

- جیاوازی لە گەڵ مەرجە ڕێگە پێدراوەکانی ڕوقیەی شەرعی .
- نوسینی چەند پیتێکی بچڕبچڕ ، وە قسەکردن بە قسەکردنێک لێی تێناگەین .
- تەماشا کردنی ئەستێرەکان (علم التأثير) ، خوێندنەوەی ناو دەست و فنجان .
- گرێدان لە گەڵ فووکردندا
- لەیەک جیاکردنەوە و سۆزداری (لە یەک نزیک کردنەوە)
- فەرمان بکات بە نەخۆشەکە بە ئەنجامدانی سەرپێچییەکی شەرعی وەکو ئەنجامدانی کارێکی حەرام یان وازهێنان لە نوێژ یان وازهێنان لە (بسم الله) لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵدا .
- پرسیاری ناوی دایک بکات .
- بانگەشەی زانینی عیلمی غەیب بکات .

چوون بۆ لای جادووباز و حوکمەکەی :

مەبەست لە چوون واتە لە گەڵیدا دانیشێت ، یان کەسێکی بۆ لا بنێرێت یان نامەیەک ، هەروەها تەماشاکردنی ئەو کەنالّ و پەیج و گۆڤارانەی کە بورجەکانی تێدایە ، وە خوێندنەوەی ناودەست و فنجان .
وە حوکمی ئەو کەسەی کە دەچێت بۆ لای جادووباز ئەوا بۆ ماوەی چل رۆژ نوێژەکەی لێ وەرناگیرێت هەروەکو لە فەرموودەیەکدا هاتووە ، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێکرد بەوەی کە دەیڵێت ئەوا پێغەمبەری خوا دەربارەی فەرموویەتی : (**من أتى عرّافا فصدقه فقد كفر بما أنزل على محمد**) واتە: هەر کەسێ بڕوات بۆ لای فالّچییەک و باوەڕی بە قسەکانی کرد ئەوا کوفری کردووە بەو قورئانەی کە دابەزیوەتە سەر محمد)
بەڵام ئەو کەسە ناگرێتەوە ئەگەر ڕۆیشت بۆ لای بە مەبەستی ئینکاری کردن لێی و خۆیشی کەسێکی ئەهلی ئەوە بوو .

نوشرە (پوچەڵ کردنەوەی سیحر)

بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی سیحر لەو کەسەی سیحری لێکراوە ، ئەمەش دەبێتە دوو بەشەوە :

ئەوەی دروستە:

ئەوەیش بریتییە لەوەی کە بە ڕوقیەی شەرعی و دەوای حەڵاڵ و دوعا دەکرێت .

ئەوەی کە دروست نییە :

ئەگەر جۆرێک لە جۆرەکانی سیحری تێدا بوو ، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (إنها من عمل الشيطان) واتە : ئەوە لە کار و کردەوەی شەیتانە) .

وەڵامی ئەو کەسانەی کە دەڵێن :
دروستە بە سیحر سیحر پوچەڵ بکرێتەوە :

١/ پوچەڵ کردنەوەی سیحر بە سیحر جیاوازە لە گەڵ کیتاب و سوننەت و ئەوەی هاوەڵان و پێشینی ئەم ئوممەتە لەسەری بوون .
٢/ لاوازی چارەسەر کردن بە قورئان و ئەو دوعایانەی لە سوننەتی پێغەمبەرەوە هاتووە تێدا بە دی دەکرێت .
٣/ وە بە هێز بوونی سیحر و ساحیرەکان و دەسەڵاتیان لە ناوخەڵکیدا بە دی دەکرێت .
٤/ لادانی تێدایە لەو دڵنیاییەی کە ئەویش چارەسەر کردنە بە قورئان و ئەو دوعایانەی هاتووە بەرەو گومان کە ئەویش چارەسەر کردنە بە سیحر .
٥/ پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە سیحرەکە پووچەڵ دەکاتەوە و ئەوەی بۆی پوچەڵ دەکرێتەوە کە خۆیان لە شەیتان نزیک بکەنەوە بەوەی پێی خۆشە تاوەکو ئەو سیحرە پوچەڵ بکاتەوە .
٦/ ئەگەر سیحرلێکراوەکە ئارام بگرێت ئەوا بە بەهەشت پاداشت دەدرێتەوە هەروەکو لە پێغەمبەری خوداوە هاتووە.
٧/ چارەسەرکردنی سیحر بە سیحر ئەوا کەسی سیحرلێکراو سیحر زیاد دەکات بە سەر سیحرەکەیدا .
٨/ پێغەمبەری خوا سیحری لێکرا کەچی بە سیحر چارەسەری نەکرد بەڵکو بە روقیەی شەرعی چارەی کرد.

هەڵوەشێنەرەوەی هەشتەم

کۆمەک کردنی موشریکەکان و یارمەتیدانیان لە دژی موسڵمانان ، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ المائدة: ٥١ واتە : (و هەرکەسێکیشتان دۆستایەتییان لەگەڵ بکاو، بیانکا بەیارمەتیدەرو دۆستی خۆی، وە یان هاوکاریی و هاوڕێییان بکات ، بێ شک ئەوکەسە هەر لەوانەو بەوان دادەنرێ ، ئەگەرچی بەناسنامەیش موسڵمان بێت بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنمایی گەلی ناهەقو ستەمکار ناکات) .

کۆمەک کردنی موشریکەکان بەسەر موسڵمانانداا

ئەوەی پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان بەریبوونە لە موشریکەکان و دینەکەیان و کوفرکردنە بەوە ، وە خۆشویستن و دۆستایەتی ئەهلی تەوحید و خۆشویستنی دینەکەیانە ، جا هەرکەسێ کوفری خۆشویست یان پێی رازی بوو یان یارمەتی دان و موشریکەکانی سەرخست ئەوا کەسێکی کافرە بە کوفرێک کە خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات .

دەرئەنجام ئەوەیە کەوا سەرخستن و کۆمەکی موشریکەکان دوو بەشە :

کوفر و هەڵگەڕانەوە

سەرخستنی موشریکەکان بەسەر موسڵمانان لە بەر خۆشویستنیان و ڕق لێبوونی موسڵمانان و حەزکردنی بالادەستی موشریکەکان بە سەر موسڵمانانداا .

کوفر نییە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات

ئەو کارەی لەبەر خۆشویستنی موشریکەکان و ڕق لێبوونی موسڵمانان نەبێت ، بەڵکو لەبەر بەرژەوەندی دونیایی بێت .

هەڵوەشێنەرەوەی نۆیەم

هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچن ، هەروەکو چۆن (خضر) بۆی بوو لە شەریعەتەکەی موسا دەرچێت ، ئەوا کافرە .

هەرکەسێ باوەڕی وابێت کەوا هەندێ کەس بۆیان هەیە لە دینەکەی محمد دەرچن :

ئەوا کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە و لە ئیسلام پێی دەردەچێت بە کۆڕای زانایان ، جا داوای تەوبەی لێ دەکرێت و بەڵگەکانی بۆ روون دەکرێتەوە ، ئەگەر تەوبەی کرد باشە ئەگەر نا دەکوژرێت .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾الأعراف: ١٥٨ واتە : ئەی پێغەمبەر! بڵێ: ئەی خەڵکینە! چاک بزانن کە: من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆلای سەرجەم ئێوە ، نەک تەنها بۆلای هەندێکتان) .

وە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (**لوكان أخي موسى حياً ما وسعه إلا اتباعي**) واتە: ئەگەر موسای برام زیندوو بوایە ئەوا شوێنی من دەکەوت) وە لەم باسەشدا هەموو ئەو ئەهلی کیتابانە دەگرێتەوە کە بانگەوازەکەیان پێ گەیشتووە ، چونکە ئەوانە موشریکن هەروەکو لە پێشدا باس کرا .

وە ئایە (خضر) لە میللەتەکەی موسا دەرچوو ؟ هیچ بەڵگەیەک نییە کە (خضر) لە دینەکەی موسا دەرچووبێت ، وە ئەگەر هەشبێت ئەوا رەنگە لە ئوممەتەکەی موسا نەبێت ، چونکە هەر پێغەمبەرێک خوای گەورە بۆ قەومەکەی خۆی دەینارد ، وە پێغەمبەری خۆا محمد خوای گەورە بۆ هەموو خەڵکی رەوانەی کرد بۆیە نابێت هیچ کەسێک لە شەریعەتەکەی دەرچێت .

هەڵوەشێنەرەوەی دەیەم

پشت کردن لە دینی خوای گەورە ، نە فێری دەبێت و نەکاری پێ بکات، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾ السجدة: ٢٢ واتە: کێ لەو کەسە ستەمکارترە کە بەئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی رووبان لێوەرچەرخێنێت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاستی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران ئەستێنین.)

پشتکردن له دینی خوا

پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (**من یرد الله به خیراً یفقهه في الدین**) واتە: (هەرکەسێ خوای گەورە خەیری بۆی بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شارەزای دەکات) وە هەرکەسێک خوای گەورە خەیری بۆی نەوێت ئەوا پشت هەڵدەکات و بێ ئاگا دەبێت لە دینی خوا ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ ثُمَّ أَعْرَضَ عَنْهَآ إِنَّا مِنَ ٱلْمُجْرِمِينَ مُنتَقِمُونَ ﴾ السجدة: ٢٢ واتە : کێ لەو کەسە ستەمکار تر کە بەئایەتەکانی پەروەردگاری ئامۆژگاریی دەکرێت کەچی رووبان لێوەرچەرخێنێت؟ ئەوانە تاوانبارن، بەڕاستی ئێمەش تۆڵە لە تاوانباران ئەستێنین)، وە (مجرم)ەکانیش لە ئاگردان ، پەنا بە خوا .

حوکمی پشتهەڵکردن

ئەگەر پشتی هەڵکرد بە بیستن و دڵی لە پێغەمبەری خوا نە باوەڕی پێ دەکات و نە بە درۆی دەزانێت ، دوستایەتی ناکات و دوژمنایەتی ناکات ، بە هیچ شێوەیەک گوێ بۆ ئەوە ناگرێت کە لە لایەن ئەوەوە هاتووە ، ئەوا کافرە بە کوفرێکی گەورە کە لە ئیسلام دەری دەکات .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴾النساء: ٦١ واتە : کاتێکیش بەو دووڕووانە بگوترێ: وەرنە لای ئەم بەرنامەو شەریعەتە خوا دایبەزاندووەو، وەرنە لای ئەم پەیامبەری خوایە، تا کێشەکەتان بۆ ببڕێتەوە کەچی دووڕووەکان دەبینی بەتوندی رووت لێوەردەگێڕن و، قەتیش بەو بەرنامەو بڕیارەی تۆ رازی نابن) . وە دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يُعْرِضْ عَن ذِكْرِ رَبِّهِۦ يَسْلُكْهُ عَذَابًا صَعَدًا ﴾الجن: ١٧ واتە: وە ئەوەی لەیادی پەروەردگاری خۆی، واتە: لە قورئان روو وەرگێڕێ خوا دەیخاتە ناوسزایەکی سەختەوە).

کۆتایی

وە هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا لە نێوان کەسێک بە گاڵتەوە بیکات و کەسێک بە راستی بیکات و کەسێکی ترساودا و ئیللا کەسێکی ناچار نەبێت ، وە هەر هەمووی لە گەورەترین شتە ترسناکەکانە ، وە لە هەمووی زیاتر رووەدات ، بۆیە پێویستە لەسەر کەسی موسڵمان لێی بە ئاگا بێت ، وە لێی بترسێت لەسەر خۆی ، پەنا دەگرین بە خوا لەوەی غەزەبی خۆی و سزا سەختەکەی بە سەرماندا پێویست دەکات ، **وصلى الله على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه وسلم.**

وە هیچ جیاوازیەک نییە لەم هەڵوەشێنەرەوانەدا لە نێوان :

گاڵتەجار :
ئەو کەسەیە کە هەڵوەشێنەرەوەکە دەکات و ئەمجار بانگەشەیە ئەوە دەکات کەوا گاڵتە دەکات .

کەسێک بەراستی بیکات :
ئەو کەسەیە کە بە قەصدی هەڵوەشێنەرەوەکە ئەنجام دەدات و هیچ بیانویەکی نییە.

ترساو :
ئەو کەسەیە کە بە درۆوە بانگەشەی ئەو دەکات کە ئەو کارەی لە ترسی زیانێک بووە کە توشی سامانەکەی یان رووە کۆمەڵایەتییەکەی دەبێت ، وە لەسەر هیچ شتێک ناچار نەکراوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَقُولُ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ فَإِذَآ أُوذِىَ فِى ٱللَّهِ جَعَلَ فِتْنَةَ ٱلنَّاسِ كَعَذَابِ ٱللَّهِ وَلَئِن جَآءَ نَصْرٌ مِّن رَّبِّكَ لَيَقُولُنَّ إِنَّا كُنَّا مَعَكُمْ أَوَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَعْلَمَ بِمَا فِى صُدُورِ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ العنكبوت: ١٠ واتە: لەنێو مەردومدا هێندێ خەڵک هەیە دەڵێت: باوەڕمان بەخوا هەیە کەچی کاتێکیش لەسەر خوا ئازاردرا سزاو ئازاری خەڵکی، گێڕا وەکو سزای خوا، بۆیە دواییش خۆی بۆ راناگیرێ و پاشگەز دەبێتەوە. ئەگەر سەرکەوتن و پیرۆزییەک لەلایەن پەروەردگارتەوە هاتبا دەیانگوت : بێگومان ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا بووین ‹مەبەستیشیان هەر ئەوەیە کە لە دەستکەوتە جەنگییەکاندا شتێکیان دەست کەوێ. ئایا خوا زاناتر نیە بەوەی کە لە دڵ و سنگی هەموو خەڵکدایە؟).

ناچارکردن:

هەر کەسێک ناچار کرا بۆ ئەنجامدانی هەڵوەشێنەرەوەیەک لە هەڵوەشێنەرەوەکان ئەوا کافر نابێت ، وە مەرجەکانی ئەو ناچارییەی کە بیانوی لەسەر هەیە بریتییە لە :

١. بەراستی ناچار بوبێت ، بۆیە کەسی ترساو یان کەسی (مجامل) کەناچار نیە بیانویان نییە .

٢. زیادەڕەوی نەکات ، بۆ نمونە ئەگەر ناچار کرا بە جوێندانی دانەیەک کە بە جوێندانی کافر دەبێت ، زیادەڕەوی نەکات بۆ دانەیەک زیاتر ، جا ئەمە کوفرە ، چونکە ئەو ناچار کراوە بە جوێندانی دانەیەک .

٣. تا دەتوانێت پشتی لێبکات و بە راشکاوی کوفرەکە نەکات .

٤. دڵی پڕ لە ئارامی ئیمان بێت ، واتە : تەنها بە زمان بیڵێت و لە گەڵ مانەوەی دڵی لە سەر ئیمانەکەی .

٥. ئەوەی کە ناچاری لەسەر کراوە تەعەدای غەیری خۆی و فەسادی تێدا نەبێت یان گومڕایی خەڵکی تێدا نەبێت .

چەند ئاگاداریيەکی گرنک :

یەکەم : نووسەر لەم کتێبەدا تەکفیر کردنی ئوممەتی نەویستووە ، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە خەڵکی فێری ببێت و لێی بە ئاگا بن و لێی بترسن، جا ئەگەر ترسان ئەوا ئیمانەکەیان دروست دەبێت و لە سزای سەخت دەربازیان دەبێت، هەروەها پێویستە لە سەریان ئاگاداری جگە لەخۆیان بکەنەوە لێی ، چونکە ئەوە کارێکی زۆر ترسناکە ، بۆیە پێویستە فێری ببین و خۆمانی لێ بپارێزین .

دووەم : ترسی کەسی موسڵمان لە شیرک بەوە دەبێت کە فێری زانستی شەرعی بێت ، پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (**من یرد الله به خیراً یفقهه في الدین**) واتە: (هەرکەسێ خوای گەورە خەیری بۆ بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شارەزای دەکات) جاتێگەیشتن لە دیندا لە پێویستترین پێویستییەکانە و بەرێزترینیانە ، بە زانستی شەرعی مرۆڤ خۆی دەپارێزێت لە شیرک و بیدعە و سەرپێچی ، وە تا زیاتر مرۆڤ خواکەی خۆی ناسی ئەوا زیاتر چاودێری کردەوە و حاڵی خۆی دەکات ، وە تا زیاتر لە زانستدا شارەزا بێت و بەرزتر بێت ئەوا ئیخڵاصی بۆ خوای گەورە زیاتر دەبێت و ئیمانی کاملتر دەبێت ، هەندێ لە زانایان فەرموویانە : داوای زانستمان کرد بۆ جگە لە خوا بەڵام خوای گەورە نەیوەیست تەنها بۆ خۆی نەبێت .

سێیەم : نابێت کەسی دیاری کراو (المعین) کافر بکەین ئیللا لە پاش سەلماندنی روودانی هەڵوەشینەرەوەیەک لەم هەڵوەشێنەرەوانە و ئیقامە حوججە کردن لەسەری و نەهێشتنی (موانع التکفیر) لەسەر کەسەکە ، وە ئەو کەسەی کە کافری دەکات دەسەڵاتداری موسڵمانانە یان جێگرەکەی لە قازییەکان و ئەوانەی لە جێگەی ئەوانن ، بەڵام عەوامی خەڵکی ئەوا بۆیان نییە بچنە نێو ئەم بابەتانەوە .

چوارەم : نووسەر کیتابەکەی بە دوعایەک کۆتایی پێ هێناوە و دەفەرموێت: (**نعوذ بالله من موجبات غضبه وأليم عقابه**) ئەمەش بەڵگەی چاکی مەبەستی و بەزەیی بە خوێنەری تێدایە ، ئەمەش نەرێتی ئەوە لە هەموو نوسینەکانیدا خوای گەورە لێی خۆش بێت و پاداشتی چاکەی بداتەوە .

خۆت تاقیبکەرەوە:

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە جێگای تایبەتدا بدەرەوە:

١/ بۆ زانایان بە (بەسمەلە) دەست پێ دەکەن ؟

١. .....

٢. .....

٣. .....

٢/ مانای هەڵوەشێنەوەرەکانی ئیسلام چییە ؟

.....

.....

٣/ بۆ هەندێ جار زانایان بە هەڵوەشێنەرەوەکان ناوی دەبەن و هەندێ جار بە پووچەڵکەرەوەکان یان (مفسدات) ؟

.....

.....

٤/ ئایە ئەم هەڵوەشێنەرەوانە یەکدەنگی زانایانی لەسەرە ؟

.....

.....

٥/ ئایە هەڵوەشێنەرەوەکان بە ژمارەیەک دیاری کراون (سنووردارن)؟
سنووردارن سنووردار نین بە ژمارەیەک سنوودار نەکراوە بەڵام بە گشتی سنووردار کراوە (ئیجمالی)

.....

.....

٦/ بۆ نووسەر دەڵێت دە دانەیە ؟

.....

.....

٧/ ئەگەر ژمارەیەک لە کیتاب و سوننەدا هات ئایە مەبەستدارە یان لەوە زیاتر دەکرێت یان نا ؟

.....

.....

٨/ بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەک دەکات و مەبەستدار نییە ؟

.....

.....

٩/ نمونەیەک بۆ ژمارەیەکی مەبەستدار بهێنەرەوە .

.....

.....

١٠/ نمونەی بۆ ژمارەیەکی بهێنەرەوە کە مەبەستدار نەبێت .

.....

.....

١١/ ئایە نووسەر بروای وایە کە لە دە هەڵوەشێنەرەوە زیاتر هەیە ؟

.....

.....

١٢/لە کوێی قسەکانیدا ئەوە وەردەگرین ؟

.....

.....

١٣/ ئایە دەکرێت هەڵوەشێنەرەوەکان هەموو دیاری بکرێن ؟

.....

.....

١٤/ ئایە هەڵوەشێنەروەکان چۆن حەصر دەکرێت ؟

.....

.....

١٥/ بۆ هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنین ؟

.....

.....

١٦/ ئایە هیچ کەسێ جگە لە نووسەر لە سەر هەڵوەشێنەرەوەکان کتێبی نوسیوە ؟

.....

.....

١٧/ ئایە جیاوازی لە هەڵوەشێنەرەوەکاندا دەکرێت لە نێوان کردار و بکەرەکەدا ؟

.....

.....

١٨/ هۆی ئەم جیاوازییە چییە ؟

.....

.....

١٩/ ئایە مەبەستی نووسەر لەم هەڵوەشێنەرەوانە بەکافر زانینی تاکەکانە ؟

.....

.....

٢٠/ چی پێویستە لەسەر ئەو کەسەی هەڵوەشێنەرەوەکان دەخوێنێت ؟

.....

.....

٢١/ نووسەر چی شیرکێکی مەبەستە ؟

.....

.....

٢٢/چۆن جیاوازی دەکەین لە نێوان شیرکی بچووک و شیرکی گەورە ؟

.....

.....

٢٣/ کەسێکی موشریک شیرکی گەورەی کردبێت ئایە تەوبەکەی لێ وەردەگیرێت ؟ وە کەی لێی وەرناگیرێت ؟

.....

.....

٢٤/ ئایە شیرکی بچووک گەورەترە یان تاوانە گەورەکان ؟

.....

.....

٢٥/ ئایە چی رێکخەرێک هەیە بۆ دیاری کردنی تاوانە گەورەکان ؟.....

.....

.....

٢٦/ ئایە تاوانە گەورەکان بە ژمارەیەکی دیاری کراو حەصر کراوە ؟

.....

.....

٢٧/ ئایە حوکمی ئەو کەسە چییە کە تاوانە گەورەکان ئەنجام دەدات ؟ وە ئایە خۆشمان دەوێت یان رقمان لێی دەبێت ؟

.....

.....

٢٨/ ئەوکەسەی تاوانی گەورەی ئەنجام دابێت ئایە لە گەڵیدا دادەنیشین ؟

.....

.....

٢٩/ ئایە تاوانە گەورەکان جیاوازیان هەیە ؟ بەڵگەش چییە؟

.....

.....

٣٠/ ئایـە تاوانـە گـەورەکان بـە کردەوەی چاک خوای گەورە لێـی خۆش دەبێت یان پێویستی بە تەوبەیە؟

.....

.....

٣١/ ئایە حەرامکراوەکان چەند بەشە ؟

.....

.....

٣٢/ ئایە بەشەکانی شیرکی گەورە چیيە ؟

.....

.....

٣٣/ ئایە بەشەکانی ئاژەڵ سەربڕین چیيە؟

.....

.....

٣٤/ کەی سەربڕین دەبێتە شیرکی گەورە ؟

.....

.....

٣٥/ بەشەکانی شەفاعەت چیيە؟

.....

.....

٣٦/ پەناگرتن چیيە ؟

.....

.....

٣٧/ پەناگرتن دەکرێتە چەند بەشەوە ؟

.....

.....

٣٨/ ئایە دروستە بڵێت : پەنا دەگرم بە فلان ؟ یان : پەنا دەگرم بە خوا ئەمجار فلان دروستە دروست نییە؟

٣٩/ پێویستە لەسەری چی بڵێت ؟

.....

.....

٤٠ / بەڵگە چییە لەسەر کوفری موشریکەکان ؟ ئایە ئەهلی کیتابیش بەشێکن لەوان ؟

.....

.....

٤١/ ئایە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پەیمانەکانمان نەبەینە سەر ؟

.....

.....

٤٢/ ئایە خەڵکی دەبنە چەند بەشەوە بەرانبەر بە هاوپەیمانان (معاهدین)؟

.....

.....

٤٣/ ئایە بەشەکانی حوکم بە جگە لەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە چییە ؟

.....

.....

٤٤/ حوکمی خۆشویستن لەبەر خوا چییە؟

.....

.....

٤٥/ کێمان خۆش دەوێت لە بەر خوا ؟ وە رقمان لە کێ دەبێتەوە لەبەر خوا ؟

.....

.....

٤٦/ کەسی گاڵتەجار لە چی جۆرە کوفرێکە ؟

.....

.....

٤٧/ ئایە کەسی گاڵتەجار تەوبەی بۆ هەیە ؟ مەرجەکانی چییە ؟

.....

.....

٤٨/ حوکمی کەسێک جوێنی بە پێغەمبەری خوا دابێت چییە ؟

.....

.....

٤٩/ حوکمی کەسێک گوێی لەو جوێنە بێت چییە ؟

.....

.....

٥٠/ بەڵگە چییە لەسەر کوفری کەسی ساحیر ؟

.....

.....

٥١/ نیشانەکانی کەسی ساحیر چییە ؟

.....

.....

٥٢/ حوکمی چوون بۆ لای ساحیر چییە ؟

.....

.....

٥٣/ ئایە چۆن دەبێ بچین بۆ لایان ؟

.....

.....

٥٤/ بەشەکانی (نوشرە) چییە ؟

.....

.....

٥٥/ چۆن وەڵامی کەسێک دەدەینەوە کە دەڵێت : دروستە سیحر بە سیحر پووچەڵ بکەینەوە ؟

.....

.....

٥٦/ حوکمی کۆمەک کردنی موشریکەکان چییە؟

.....

.....

٥٧/ ئایە هیچ کەسێک بۆی هەیە لە شەریعەتەکەی محمد دەرچێت ؟

.....

.....

٥٨/ ئایە (خضر) لە شەریعەتەکەی موسی دەرچوو ؟

.....

.....

٥٩/ ئایە حوکمی پشت لێکردن چییە ؟

.....

.....

٦٠/ مانای کەسی (ترساو) لە قسەکانی نووسەردا چییە ؟ وە ئایە ئەو کەسێکی ناچارە؟

.....

.....

٦١/ مەرجەکانی ناچارکردن چییە ؟

.....

.....

٦٢/ ئایە موناسەبەتی کۆتایی هێنان بە دوعا چییە ؟

.....

.....

٦٣/ ئایە کەسی موسڵمان چۆن لەوە دەترسێت کە توشی شیرک ببێت ؟

.....

.....

پێـــرســـــت

زنجیرە	نـــــــــــــــاوەڕۆک	لاپـــەڕە
١	پرسیارەکانی نـاوگـۆڕ	٣
٢	چوار بنەماکە	٨٩
٣	هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام	١١٣

راڤـــەی

((شەش بنەماکە))

نوسینی شەیخ الاسلام:
موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی سولەیمانی ئەلتەمیمی
(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

بە پێنووسی:
شەیخ هەیسەم موحەممەد سەرحان

مامۆستا لە پەیمانگای مزگەوتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)
لە پێشاندا وە سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە .

پێشەکی:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ. وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء: ١

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾

الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أما بعد: پێویستە لەسەر قوتابی زانست و زانیاری سوور بێت لەسەر شارەزابوونێکی تەواوی بنەما و بنچینەکان کە شەرع هێناویەتی، وە لە گرنگترین ئەو نامە و پەیامە کورتانەی کە بایەخ بە ئەم لایەنە دەدات، ئەم پەیامە بە بەهایەی شەیخ الاسلام موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب ی کوڕی سولەیمانی ئەلتەمیمییە (ڕەحمەتی خوای لێبێت) (لە ساڵی ١٢٠٦ کۆچی وەفاتی کردووە)، ناوی لێناوە: (شەش بنەماکە)، ئەویش پەیامێکە کە زانایان بایەخی تەواویان پێداوە بە بایەخێکی گەورە، نوسەر شەش بنەمای هێناوەتەوە کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئیقراریان کردووە، بە ئیقراڕێکی ڕوون و ئاشکرا، لە گەڵ ئەوەیشدا

زۆرێك لـە خەڵکی هەڵەیـان تێـدا کـردووە و لایانـداوە لـەوەی خـوای گـەورە دایرشـتووە.

وە لـە راڤـەی ئـەم پەیامـەدا رێگـای خشـتە کردنـی بابەتەکەمـان بـە کار هێنـاوە ، لەبـەر سـووك و ئاسـانی، وە پشـتمان بـە راڤـەی شـەیخ (محمـد بـن صالـح العثیمیـن) بەسـتووە (کـە لـە سـاڵی ١٤٢١ کۆچـی وەفاتـی کـردووە)، لـە گـەڵ زیـاد کردنـی هەنـدێ راڤـەی کـەم لـە هـەر کوێیەکـدا پێویسـتی بـووە .

داوا لـە خـوای گـەورە دەکەیـن ئـەم کارەمـان تەنهـا لـە پێنـاوی ئـەودا کردبێـت، وە ئـەم کتێبـە نوسـەر و خوێنەرەکـەی سـوودی لـێ ببینـن .

وصلى الله وسلّم على رسول الأمين
وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان الى
يوم الدين والحمدلله رب العالمين

پێشەکی کتێبەکە:

نوسەر دەڵێت:

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

لە سەیرترین شتە سەیرەکان و گەورەترین نیشانە کە بەڵگەن لەسەر توانای خوای پادشای زاڵی دەسەڵاتدار ، شەش بنەمایە کە خوای گەورە رووبی کردووەتەوە بە رووبکردنەوەیەکی ئاشکرا بۆ خەڵکی عەوام لەسەرووی ئەوەی کە گومان لێکەران گومانی لێ دەکەن . لەپاش ئەمەش زۆربەی زیرەکەکانی جیهان و ژیرەکانی نەوەی ئادەم هەڵەیان تیایدا کردووە، ئیللا کەمێکی کەم نەبێ.

پوختەی شەش بنەماکە:

بنەمای یەکەم:
ئیخلاص و دڵسۆزی و رووبکردنەوەی دڵەکەی کە شیرکە .

بنەمای دووەم:
کۆبوونەوە لە دینداو نەهی کراوە لە دووبەرەکی تیایدا .

بنەمای سێیەم:
گوێبیست و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران و دڵەکەی کە دەرچوونە لە دڵیان و سەرپێچییانە.

بنەمای چوارەم:
رووبکردنەوەی زانست و زانایان و فیقە و فوقەها و رووبکردنەوەی دڵەکەی لەوانەی خۆیان بە ئەوان دەشوبهێنن و لەوان نین .

بنەمای پێنجەم:
رووبکردنەوەی ئەوەی ئەولیا وە خۆشەویستانی خوا کێن و رووبکردنەوەی دڵەکەی کە ئەولیاو خۆشەویستانی شەیتانن .

بنەمای شەشەم:
داواکردنی هیدایەت لە قورئان و سوننەت و دڵەکەی کە وازهێنانە لە قورئان و سوننەت .

بۆ شەش بنەماکە دەخوێنین ؟

١/ چونکە زانایان ئامۆژگاریان بە خوێندنی کردووە .

٢/ بۆ زانینی شەش بنچینەکەی ئیسلام و باوەربوون پێی و کارکردن پێی .

نوسەر بە بەسمەلە دەستی پێکردووە ، ئەویش رێگایەکی گشتی زانایانە ، چونکە:

١/ وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران .

٢/ وەکو دڵخۆشکردنێک بە فەرموودەی (كل أمر ذي بال ...) هەرچەندە فەرموودەکە (ضعيف)ـە .

٣/ چاولێکردنی زانا پێشینەکان رەحمەتی خوایان لێ بێت.

٣/ وەکو تەبەروکێک بە دەست پێکردن بە ناوی خوای بەخشندەوە .

مانای بەسمەلە :

١/ بسم / واتە : بە ناوی خواوە دەنوسم، وە پێشخستنی ناوی خوا لەبەر تەبەروک کردنە پێی، وە چونکە سوودی حەصر دەگەیەنێت .

٢/ الله / لەفزی (الله) ناوێکە بۆ خوای گەورە دانراوە، ئەویش ئەو ناوەیە کە هەموو ناوەکانی تر شوێنی ئەو دەکەون .

٣/ الرحمن / بە بەزەیی و رەحمەتی فراوان وەصف کراوە، کە هەموو دروستکراوەکان دەگرێتەوە .

٤/ الرحيم / خاوەنی رەحمەتێکی بەردەوامی گەیەنەرە، کە رەحمەتەکەی دەگاتە ئەو بەندانەی خۆی ویستی لەسەر بێت .

ئایە مەبەستی نوسەر بە شەش بنەماکە حەصرکردنە ؟

یاسا و ڕێساکە ئەوەیە ئەگەر باسی ژمارەیەك کرا لە قورئان یان لە سوننەتدا یان لە قسەی زانایاندا :

١/ ئەگەر لە دەقەکانی کیتاب و سوننەدا ژمارەیەکمان نەبینی لەو ژمارەیە زیاتر بێت ئەوا ئەم ژمارەیە مەبەستدارە، واتە: لەوە زیاتر ناکرێت، وەکو: پایەکانی ئیسلام و پایەکانی ئیمان، هەروەکو لە فەرموودەکەی (جبریل)دا هاتووە.

٢/ وە ئەگەر لە دەقەکانی کیتاب و سوننەدا ژمارەیەکمان دۆزییەوە لەو ژمارەیە زیاتر بوو ئەوا ئەو ژمارەیە مەبەستدار نییە، واتە : زیاد دەکرێتە سەری بەوەی لە کیتاب و سوننەدا هاتووە، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (خمس من الفطرة ...) واتە : پێنج ئاکار هەن لە فیترەتن ....) وە ئەو فەرموودەیەی: (اجتنبوا السبع الموبقات ....) واتە: خۆتان بە دوور بگرن لە حەوت بە هەلاکەت بەرەکە ....)

بۆ هەندێ جار باسی ژمارەیەك دەکرێت کەچی مەبەستدار نییە ؟

ئەمەش لە جوان پەروەردەکردن و فێرکردنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، چونکە دەیەوێ ئەوەی لە مەجلیسەکەدا باسی دەکات بیسەران بە جوانی لێی تێبگەن، بۆ ئەوەی لە پاش ماوەیەك ئەم مەسەلانە هەر کاتێك بیانەوێ لە بەر دەستیاندا ئامادە بێت و بە جوانی لە یادیان بمێنێ، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (ثلاثة أقسم عليهن وأحدثكم حديثا فاحفظوه : ما نقص مال عبدٍ من صدقة ....) واتە : سێ شت هەن سوێندی لەسەر دەخۆم و قسەیەکتان بۆ دەکەم و باش ڕەوانی بکەن و لە بیری مەکەن : هەرگیز لەدەقە سامانی بەندەکان کەم ناکاتەوە .....)) ئیمامی (الترمذي) ڕیوایەتی کردووە، جا لەسەر ئەم ڕێگایە نوسەر چووە .

چەند بابەتێکی گرنگ :

١/ ئایە شەش بنەماکە کۆدەنگی پێشینی لەسەرە ؟	٢/ کێ یەکەم کەس دەربارەی شەش بنەماکە کتێبی نوسیوە ؟	٣/ چۆن دەتوانین شەش بنەماکەزەبت بکەین و باش لێی تێبگەین؟
بەڵێ، قورئان و سوننەت و قسەی هاوەڵان و قسەی پێشین و پێشەوایان بەڵگەن لەسەری .	هیچ کتێبێك لە کتێبەکانی عەقیدە نییە ئیللا ئەم شەش بنەمایەی تێدایە، بەڵام یەکەم کەس لە نامەیەکدا کۆی کردبێتەوە ئەم پێشەوایە بووە .	بە زانینی هەر بنەمایەك و زانینی دژەکەی .

بنەمای یەکەم

نوسەر دەڵێت:
دەبێ عیبادەت و خواپەرستی بە دڵسۆزی و نیازپاکییەوە تەنها بۆ خوا بێت، تاك و تەنها و بێ هاوەڵە، وە ڕوون کردنەوەی دژەکەی کە هاوبەش بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، وە زۆربەی قورئان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بنەمایە هاتووە بە چەندین شێوازی جیاواز، بە قسە و وتەیەك کە نەزانترین کەسی خەڵکی ماناکەی دەزانێت .
پاشان ئەوەی ڕوویدا بەسەر زۆربەی ئەم ئوممەتەدا ڕوویدا، شەیتان وێنەی دڵسۆزی خۆی لەسەر شێوەی کەمکردنەوەی پایەی پیاوچاکان و کورتـرەوی لە مافەکانیاندا نیشانی ئەواندا، وە هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورەی لەسەر وێنەی خۆشویستنی پیاوچاکان و شوێنکەوتنی ئەوان دەرخست.

ئیخلاص و دڵسۆزی بۆ خوای گەورە :

ئەوەیە کە هەرکەسێك مەبەستی لە پەرستنەکەی خۆنزیك کردنەوە بێت بۆ لای خوای گەورە و گەیشتن بە بەهەشتە پایەدار و بەرزەکەی، وە ئەمانە لە خۆ دەگرێت :

١/ دەبێت لە مەبەستیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.	٢/ دەبێت لە خۆشەویستیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.	٣/ دەبێت لە بەمەزن زانینیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە .	٤/ دەبێت لە ناوەوەو دەرەوەیدا دڵسۆز و موخلیص بێت بۆ خوای گەورە.	٥/ دەبێت لە پەرستنەکەیدا رازیبوونی هیچ کەسێکی نەوێت، تەنها خوای گەورە و گەیشتن بە بەهەشتە بەرینەکەی نەبێت .

هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی ئیخلاص هاتوون :

١/﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾

(الأنعام: ١٦٢)

واتە: ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ: نوێژ کردن و حەیوان سەربڕین و ژیان و مردنم بۆ الله یە کە پەروەردگاری هەموو جیهانە، وە تەنها بۆ خوا ئەژیم وە لە پێناو خوای گەورەشدا ئەمرم).

٢/﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُواْ ٱلزَّكَوٰةَۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلۡقَيِّمَةِ﴾

(البينة: ٥)

واتە : وە ئەهلی کتاب فەرمانیان پێ نەکرابوو تەنها بەوە نەبێ بەتاك و تەنها عیبادەتی خوای گەورە بکەن بە ئیخلاص و دڵسۆزی و نیاز پاکییەوە وە شەریکی بۆ دانەنێن وە لە شیرك لادەن و بێنە سەر تەوحید، وە نوێژەکانیان ئەنجام بدەن لە کاتی خۆیدا، وە زەکاتی ماڵەکانیان بدەن و چاکە لەگەڵ فەقیرو هەژارو نەداراندا بکەن، وە دینی ڕێك و ڕاست و دامەزراو و جێك ئەمەیە))

٣/﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ﴾

(الأنبياء: ٢٥)

واتە: وە لە پێش تۆیشدا ئەی محمد (ﷺ) هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا وەحیمان بۆی ناردووە کە هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە زاتی پیرۆزی الله کە تاك و تەنهاو بێ شەریکە بۆیە بەتاك و تەنها عیبادەتی من بکەن).

هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی ئیخلاّص هاتوون :

١/ کابرایەك بە پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرموو : خوا و تۆ ویستان لەسەری بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : منت کرد بە هاوتای خوا ؟ بەڵکو خوای تاك و تەنها ویستی لەسەر بوو) ئەحمەد ریوایەتی کردووە .

٢/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((هەر کەسێ سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا کوفری کردووە یان شەریکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە)) ئەحمەد و ئەبو داوود و (الترمذي) ریوایەتیان کردووە.

٣/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((ئەی خەڵکینە ئەو قسەیەی خۆتان بکەن و وریابن شەیتان پەلکێشتان نەکات و بتانکاتە وەکیلی خۆی، من موحەممەدی کوڕی عەبدوڵام، بەندەی خوا و نێردراوی ئەوم، پێم خۆش نییە لە پلەوپایەی خۆم کە خوای گەورە داینام بەرزترم بکەنەوە)) ئەحمەد ریوایەتی کردووە.

دژی ئیخلاص شیرکە :

١/ ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا﴾ (النساء: ٤٨) واتـە : بـە دڵنیایـی خـوای گـەورە هەرگیـز خـۆش نابـێ لـە کەسـێك کـە شـەریك بـۆ خـوای گـەورە بریـار بـدات و لەسـەر شـیرك بمـرێ و تەوبـە نـەکات وە جگـە لـە شـەریك دانـان بـۆ خـوای گـەورە چەندێـك مـرۆڤ تاوانـی گـەورەی هەبـێ ئـەوە ئەکەوێتـە بـەر ویست و مەشیئەتی خوای گەورە، خوای گەورە ویستی لێ بێت لێی خۆش ئەبێت بە فەزڵی خـۆی، وە ویستی لـێ بێت سـزای ئـەدات بـە دادپـەروەری خـۆی، بـەڵام بـە هەمیشـەیی لـە ئاگـری دۆزەخـدا نامێنێتـەوە وە هـەر کەسـێك شـەریك بـۆ خـوای گـەورە بریـار بـدات ئـەوە بەدڵنیایـی درۆو بوهتـان و تاوانێکـی یەکجـار گـەورەی بـۆ خـوای گـەورە هەڵبەسـتووە)) .

٢/ ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَۖ فَمِنۡهُم مَّنۡ هَدَى ٱللَّهُ وَمِنۡهُم مَّنۡ حَقَّتۡ عَلَيۡهِ ٱلضَّلَٰلَةُۚ فَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ كَانَ عَٰقِبَةُ ٱلۡمُكَذِّبِينَ﴾ (النحـل: ٣٦) واتـە : وە بەدڵنیایـی ئێمـە بـۆ هەمـوو کۆمەڵـە خەڵـك و نەتەوەیـەك لـە شـوێنێك ژیابێتـن پێغەمبەرێکمـان بـۆ نـاردوون ئیشـی هەمـوو پێغەمبـەران ئـەوە بـووە بـە خەڵکەکەیـان وتـووە: ئـەی خەڵکینـە بەتـاك و تەنهـا خـوای گـەورە بپەرسـتن و شـەریکی بـۆ دامەنێـن وە خۆتـان دووربخەنـەوە لـە تاغوتـەکان هەیـان بـووە خـوای گـەورە هیدایەتـی داون لەسـەر دەسـتی پێغەمبـەران وە هەیشـیان بـووە گومرایـی بەسـەریاندا جێبەجـێ بـووە لەبـەر ئـەوەی شـایەنی هیدایـەت نەبوونـە دەی ئێـوە بەسـەر زەویـدا بگەڕێـن و پەنـدو ئامۆژگـاری وەرگـرن و بزانـن سـەرەنجامی ئوممەتانـی پێشـتر کـە پێغەمبەرانـی خوایـان بـە درۆ زانیـوە وەکـو عـادو ثەمـودو ئەوانـە چیـان بەسـەرهاتووەو سـەرەنجامیان چـۆن بـووەو خـوای گـەورە چـۆن لەنـاوی بـردوون).

٣/ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتـی : هەرکەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە کاتێکـدا پێـی دەگـات هیـچ شـەریکێکی بـۆ بریـار نەدابێـت ئـەوا دەچێتـە بەهەشـتەوە، وە هەرکەسـێ بگاتـە خـوای گـەورە لـە کاتێکدا پێـی دەگـات شـەریکی بـۆ بریـار دابێـت ئـەوا دەچێتـە ئاگـرەوە) موسـلیم ریوایەتـی کـردووە .

شیرك دوو جۆرە :

١/ شیرکی گەورە:

شـیرکێکە خاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەردەکات: ئەویـش بریتییـە لـە هەمـوو ئـەو شـیرکەی کـە شـەرع بـە رەهایـی باسـی کـردووە، ئەویـش لـە گـەڵ تەوحیـددا جیـاوازە بـە رەهایـی . وەکـو داواکـردن لـە خـاوەن قەبرێـك، یـان داوا بـکات لـە کەسـێکی ئامـادە نەبـوو بـۆ ئـەوەی رزگـاری بـکات لـە کارێـك کـە توانـای لەسـەر نییـە ئیللا کەسـی ئامادەبـوو نەبێـت .

٢/ شیرکی بچووک:

خـاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەرنـاکات: ئەویـش بریتییـە لـە هەمـوو کارێکـی وتـن یـان کـردار بێـت و شـەرع وەصفـی شـیرکی لەسـەر دابێـت، بـەڵام لـە گـەڵ تەوحیـددا بـە رەهایـی جیـاواز نییـە .

وەکـو : سـوێند خـواردن بـە جگـە لـە خـوا، وە ریایەکـی کـەم و بچـووك .

جیاوازی لە نێوان شیرکی گەورە و شیرکی بچووك :

شیرکی گەورە :

١. خاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەردەکات .
٢. هەمـوو کـردەوەکان پووچـەڵ دەکاتـەوە .
٣. خاوەنەکـەی بۆ هەتـا هەتایی لـە ئاگـردا دەهێڵێتـەوە .
٤. خوێـن و مـاڵـی حـەڵاڵ دەکات لـە لایـەن دەسـەڵاتدارەوە .
٥. ئەگـەر بـاوەڕی وابـوو کـەوا تەصەروفێکـی شـاراوەی هەیە لـە گەردوونـدا .
٦. خـوای گـەورە لێـی خـۆش نابێـتئەگـەرلەسـەرِی مـرد.
٧. ئەگـەر هاتـوو بەڵگەیـەك هەبـوو کـەوا گەورەیـە (الاکبر)ـە .
٨. بـاوەڕی وا بێـت کـە جگـە لـە خـوا تەصەروفێکـی شـاراوەی هەیـە لـە گەردوونـدا، وە بـە دەسـت هێنانـی قازانـج و دوورخسـتنەوەی زیانەکانـی بـە دەسـتە .

شیرکی بچووک :

١. خاوەنەکـەی لـە ئیسـلام دەرنـاکات .
٢. کـردەوەی تایبـەت پووچـەڵ دەکاتـەوە .
٣. خاوەنەکـەی بۆ هەتـا هەتایی لـە ئاگـردا ناهێڵێتـەوە .
٤. خوێـن و مـاڵـی حـەڵاڵ نابێت .
٥. ئـەوەی خـوای گـەورە نەیکردووەتـە هـۆکار ئـەم بـە هـۆکاری بزانێـت .
٦. بـۆ لێخۆشـبوونی ئەگـەر بمرێـت لەسـەری جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان زانایانـدا .
٧. ئەگـەر هاتـوو لـە شـەرعدا بەڵگەیـەك هەبـوو کـە بچووکـە (الاصغر)ـە .
٨. وە هـەر شـتێك وەسـیلەیەك بێـت بـۆ شـیرکی گـەورە ئـەوا شـیرکی بچووکـە .
٩. هەمـوو ئـەوەی لـە دەقـە شـەرعییەکاندا بـە (شـرك) یـان (کفـر) ناویـان هاتـووە و بـە (ال)ی تەعریـف تەعریـف نەکرابـوون ئـەوە ئەسـل و بنەمـا ئەوەیـە کـە بچووکـە .

ترسان لە شیرك :

شیرك زۆر شاراوەیە، ئەوەتا خۆشەویستی رەحمان و پێشەوای یەکتاپەرستان (ئیبراهیم) لێی ترساوە، هەروەکو خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی : ﴿ وَٱجۡنُبۡنِي وَبَنِيَّ أَن نَّعۡبُدَ ٱلۡأَصۡنَامَ ﴾ إبراهیم: ٣٥) واتە : و وە خۆم و نەوەکانم بپارێزە لەوەی کە بت بپەرستین) ئیبن ئەبی مولەیکە وتویەتی : بە سی کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) گەیشتم هەموویان ترسی دووروویی لە خۆیان هەبوو)) جا هیچ کەسێك لە دووروویی تەئمین نییە ئیللا کەسی دووروو نەبێت، وە هیچ کەسێك لە دووروویی ناترسێت ئیللا کەسی ئیماندار نەبێت، وە ترسان لە شیرك بەم رێگایانە دەبێت :

١/ بە فێربوونی تەوحید و کارکردن پێی و بانگەوازکردن بۆی و ئارامگرتن لەسەری .	٢/ خوێندنەوە و دیراسەت کردنی شیرك و زانینی هۆکار و پاڵنەرەکانی، بۆ ئەوەی لێی دوور بکەوینەوە .	٣/ پارانەوە و پشت بەستن بە خوا .	٤/ بەریبوون لە شیرك و ئەهلەکەی و دوور کەوتنەوە لێیان، بۆ ئەوەی نەبێتە یەکێك لەوان .

بنەمای دووەم:

خـوای گـەورە فەرمانـی کـردووە بـە یەکدەنگـی لـە دینەکەیـدا, وە نەهـی کـردووە لـە جیابوونـەوەو دووبەرەکـی تیایـدا .

خـوای گـەورە ئەمـەی بـە شـێوەیەك ڕوون کردووەتـەوە کـە خەڵکـی عەوامیـش لێـی تێدەگـات، وە نەهـی لێمـان کـردووە وەکـو ئەوانـەی پێـش خۆمـان ببیـن، بـوون بـە کۆمـەڵ کۆمـەڵ و پشـتیان لەیـەك کـرد بۆیـە خـوای گـەورە لەنـاوی بـردن، وە خـوای گـەورە باسـی ئـەوەی کـردووە کـەوا فەرمانـی بـە پێغەمبـەران کـردووە کـە یەکدەنگبـن لـە دینەکـەدا و نەهـی لێ کـردوون دووبەرەکـی تیایـدا بکـەن .

ئـەو باسـەش زیاتـر ڕوون دەبێتـەوە کـە لـە سـونەتدا بەسـەیرترین شـێوە باسـکراوە .

پاشـان کارەکـە وای لێهاتـووە کـە دووبەرەکـی لـە بنەمـا و لقەکانـی دینـدا بووەتـە زانسـت و فیقـە لـە دینـدا، وە کاری یەکدەنگی لـە دیندا وای لێ هاتووە هیـچ کەسـێ نایلێـت ئیللا کەسـی زەندیـق یـان شـێت نەبێـت.

هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی یەکدەنگی هاتوون لە قورئانی پیرۆزدا:

١) ﴿ وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ ۚ وَٱذْكُرُواْ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ﴾(آل عمـران: ١٠٣) واتـە : وە ئێـوە هـەر هەمووتـان دەسـت بگـرن بـە حەبـل و پەتـی خـوای گـەورەوە واتـە: بـە دینـی خـواو بـە ئیسـلام و بـە قورئـان وە بـەڵام تەفرەقـە مەکـەن و پارچـە پارچـەو بـەش بـەش و پەرتـەوازە مەبـن وەیـادی ئـەو نیعمەتانـەی خـوای گـەورە بکـەنـەوە بەسـەرتانەوە کاتێـك کـە ئێوە(ئـەوس و خـەزرەج) دوژمنـی یەکتـری بـوون وە خـوای گـەورە دڵی یەکخسـتن و بەهـۆی نیعمـەت و دینەکـەی خـوای گـەورە کردنـی بـە پـرای یەکتـری وە ئێـوە لەسـەر لێـواری چاڵـی ئاگـری دۆزەخ بـوون کـە بـەو حاڵـە بمردنایـە ئەچوونـە ئاگـری دۆزەخ چونکـە کافـر بـوون خـوای گـەورە لـەو کوفـرە وە لـەو ئاگـری دۆزەخ ئێـوەی ڕزگـار کـرد بەهـۆی پێغەمبـەری خـواوە)

٢) ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (آل عمـران: ١٠٥) واتـە : وە ئێـوەی موسـڵمان وەك ئـەو کەسـانە مەبـن کـە تەفرەقەیـان کـرد، واتـە: جوولەکـەو گـاور کـە دینەکەیـان پارچـە پارچـە کـردو بوونـە بـەش بەشـەوە، وە ئیختیـلاف و جیـاوازی و ناکۆکی کەوتـە نێوانیانـەوە لـە دوای ئـەوەی کـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشـکرایان لەلایـەن خـوای گـەورەوە بـۆ هـات وە ئـەم کەسـانە سـزایەکی زۆر گەورەیـان بـۆ هەیـە)

٣) ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ﴾ (الأنعام: ١٥٩) واتـە : ئـەو کەسـانەی کـە دینەکەیـان بـەش بـەش و پارچـە پارچـە کـردووە ئـەی محمـد (ﷺ) تـۆ لـەوان نیـت و تـۆ بەریـت لـەوان و لـە کـردەوەی ئـەوان لـە تەفرەقـەو پارچـە پارچەیـی)

٤) ﴿ وَلَا تَنَٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ (الأنفال: ٤٦) واتە : وە کێشەو ناکۆکی لە نێوانتاندا نەبێت، چونکە ئەبێتە هۆی فەشەل و دۆڕاندنتان وە هێزو قوەت و سەرکەوتنتان ئەڕوات و نامێنێت) .

هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی یەکدەنگی هاتوون لە سونەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) :

١/ ((موسڵمان برای موسڵمانە، ستەمی لێ ناکات، وە شەرمەزاری ناکات کاتێك داوای یارمەتی لێ بکات، وە رقی لێی نابێتەوە، تەقوا ئا لێرەیە، تەقوا ئا لێرەیە وە ئاماژەی بۆ سینگی دەکرد بەسیەتی کەسێك هێندە خراپەی تێدا بێت کە رقی لە برا موسڵمانەکەی بێت، هەموو موسڵمانێك بۆ هەموو موسڵمانێك حەرامە، خوێنەکەی و ناموسەکەی (کەسایەتییەکەی) و سامانەکەی) متفق علیه.

٢/ ((حەسوودی بە یەکتر مەبەن، وە رقتان لە یەکتر نەبێت، وە سیخوری بەسەر یەکەوە مەکەن، وە گوێقلاغی قسەی یەکتر مەبن، وە نرخی مالی کەس بەرز مەکەنەوە بە بێ ئەوەی مەبەستی کرینی بێت، وە ببنە بەندەی خوا و برای یەکتر)) متفق علیه.

٣/ ((ئیماندار بۆ ئیماندار وەکو جەستەیەکە یەکتر بۆ لای یەکتر رادەکێشن (یەکتر بەهێز دەکەن)) متفق علیه .

وە لەبەرانبەر ئەمەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی کردووە لە هەموو ئەوەی ببێتە هۆی دووبەرەکی نێوان موسڵمانان و دوور کەوتنەوەیان لەیەکتر، وە هانی داوین بۆ خۆشەویستی و بەزەیی هاتنەوە بە یەکتردا بە قسەو کرداری .

کاری هاوەڵان :

لە نێوان هاوەڵاندا جیاوازی رووبداوە، بەڵام تەفریقەو دوژمنایەتی و رقلێبوونەوە رووی نەداوە، لە نمونەی جیاوازی لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ)، ئەوە بوو لە پاش غەزای ئەلئەحزاب فەرمووی : ((هیچ یەکێك لە ئێوە نوێژی عەسر نەکات لە بەنی قورەیزە نەبێت)) متفق علیه، کاتێك لەوە ترسان کاتی نوێژەکە نەمێنێت هەندێکیان وتیان : گوێبیست و گوێرایەل بووین، بەڵام ئەوانیتر وتیان : لە کاتی خۆیدا نوێژ دەکەین، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی ئەوە بووە کە پەلە بکەین لە دەرچوونداو، وە هیچ یەکێك لەوان ئەوانیتری سەرزەنشت نەکرد .

کاری پێشین ڕەحمەتی خوایان لێ بێت

لە بنەماکانی ئەهلی سوننە و جەماعە لە بابەتە ناکۆکەکاندا ئەوەیە : ئەگەر ناکۆکییەکە لە ئیجتیهادەوە سەرچاوەی گرتبوو، وە ئەو بابەتانە بوو کە ئیجتیهاد تیایدا جێی دەبێتەوە، ئەوا هەندێکیان بیانوویان بۆ ئەوانیتر دەهێنایەوە و هیچ بوغز و قینیان بەرانبەر بە یەکتر هەڵنەدەگرت .

لە نمونەی کۆك بوون لەسەر شەریعەتی ئیسلام :

کۆکین لەسەر پەرستنی تەنها یەك خوا .	وە شوێنی یەك پێغەمبەر (ﷺ) دەکەوین .	وە بە یەك شەریعەت کار دەکەین .	یەك خەلیفەمان هەیە.	قیبلەمان یەکە .
لە هەموو گەرەکێکدا ڕۆژانە پێنج جار کۆ دەبینەوە بۆ نوێژە فەرزەکان .	وە خەڵکی شار لە هەموو ڕۆژێکی جومعەدا کۆ دەبنەوە.	وە لە هەموو جەژنێکدا کۆ دەبینەوە تەنانەت منداڵان و ئافرەتانیش بەڵام بە بێ تێکەڵ بوون .	وە خەڵکی هەموو وڵاتەکان سااڵنە لە عەرەفە کۆ دەبنەوە .	

بنەمای سێیەم:

لە کامل بوونی کۆدەنگی و ئیجتیماع ئەوەیە : گوێبیستی و گوێرایەڵی ئەو کەسەی دەبێتە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە، هەرچەندە کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت .

خوای گەورە ئەم باسەی روون کردووەتەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکراو ڕوون، بەچەند شێوەیەك لە شێوەکانی ڕوونکردنەوە هەم وەکو شەرع و هەم وەکو قەدەر، پاشان ئەم بنەمایە وای لێهاتووە کە زۆرێك لەوانەی بانگەشەی زانست دەکەن نایزانن، چ جا کار پێ کردنی؟

گوێبیستی و گوێرایەڵی دەسەڵاتدار بەم ڕێگایانە دەبێت :

١/ جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی .

٢/ وازهێنان لە قەدەغەکراوەکانی .

هەندێ لەو ئایەتانەی دەربارەی واجیب بوونی گوێرایەڵی دەسەڵاتدار هاتووە لە قورئاندا :

١/ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾ (النساء: ٥٩) واتە : ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە گوێرایەڵی خواو گوێرایەڵی پێغەمبەری خوا بکەن وە ئەوانەی کە فەرمانڕەواو کاربەدەستی ئێوەن چ فەرمانڕەوایان وە چ زانایان هەردووکی ئەگرێتەوە لە چاکەدا بەڵام لە خراپەو تاوانداگوێرایەڵی بۆ کەس نییە)

٢/ ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ﴾ (الأنفال: ٤٦) واتە : وە گوێرایەڵی خواو پێغەمبەری خوا بکەن، وە کێشەو ناکۆکی لە نێوانتانداڕ نەبێت، چونکە ئەبێتە هۆی فەشەل و دۆڕاندنتان وە هێزو قوەت و سەرکەوتنتان ئەڕوات و نامێنێت)

٣/ ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ﴾ (آل عمران: ١٠٣) واتە : وە ئێوە هەر هەمووتان دەست بگرن بە حەبل و پەتی خوای گەورەوە واتە: بە دینی خواو بە ئیسلام و بە قورئان وە بەڵام تەفرەقە مەکەن و پارچە پارچەو بەش بەش و پەرتەوازە مەبن)

هەندێ لەو فەرموودانەی دەربارەی واجیب بوونی گوێرایەڵی دەسەڵاتدار هاتوون لە سوننەتدا :

١/ (بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر گوێبیستی و گوێرایەڵی کردن لە کاتی گورج و گۆڵی (چابووکی) و سستیماندا (واتە : لە گران و ئاساندا)، وە لە کاتی تەنگانە و فەرحانیدا، وە لە سەر هەر پێشخستنێك پێشمان بخرێت، وە کێشمەن کێش لەسەر دەسەڵات نەکەین، فەرمووی : ئیللا مەگەر کوفرێکی ئاشکرایان لێ ببینن کە لە لایەن خوای گەورەوە بەڵگەیەکتان لەسەری هەبێت) متفق علیه

٢/ (هەرکەسێك لە ئەمیرەکەی شتێکی بینی ئەوا با ئارام بگرێت، چونکە ئەگەر هەرکەسێك لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا ببێتەوە بە ئەندازەی بستێك و بمرێت ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە) متفق علیه.

٣/ ((هەرکەسێ دەستی گوێرایەڵی دامالی ئەوا دەگاتە خواکەی خۆی لە رۆژی قیامەتدا لە کاتێکدا پێی دەگات هیچ بەڵگەیەکی نییە)) موسلیم ریوایەتی کردووە.

ئەو کەسەی تەماشای حاڵی ئەم ئوممەتە بکات بە دریژایی مێژوو دەبینی :

١/ کاتێك دەستیان گرتبوو بە دینەکەیانەوە، لەسەری کۆبوونەوە، دەسەڵاتدارەکانی خۆیانیان بە مەزن تەماشا دەکرد، لە چاکەدا گوێرایەڵیان بوون، ئەوا دەسەڵاتداری و دەرکەوتنیان لەسەر زەویدا هەبوو .

٢/ وە ئەوەی رووبدا کە رووبدا و لە دینەکەیاندا جیاواز و ناکۆك بوون، وە یاخی بوون لە پێشەواکانیان و لە دەڕیان دەرچوون، وە لە ناو خۆیاندا بوون بە چەند تاقمێکەوە، ئەو کات هەیبەتیان لە دڵی دوژمنانیاندا دەرچوو و نەما، وە دووبەرەکی کەوتە ناویان و شکستیان خوارد و ناوبانگیان نەما، وە هەموو ئوممەتان سەریان کردە سەر ئەم ئوممەتە، هەروەکو کەفی سەر دەریایان لێ هات .

ئەوەی پێویستە لەسەرمان وەکو دەسەڵاتدار و ژێردەستە :

هەستین بەوەی خوای گەورە واجیبی کردووە لە سەرمان لە خۆشویستنی یەکتر و هاوکاری یەکتر لەسەر چاکەکاری و تەقوا، وە کۆبوونەوە لەسەر بەرژوەندییەکان، وە لەسەر حەق کۆ ببینەوە و هاوکاری یەکتر بکەین لەسەری، وە لە هەموو کردارەکانماندا ئیخلاّصمان هەبێت، وە هەموومان هەوڵ بدەین بۆ یەك ئامانج کە ئەویش چاککردنی ئەم ئوممەتەیە بە ئیصلاحێکی دینی و دونیایی بە گوێرەی توانا، وە ئەوەیش روو نادات تاوەکو یەك دەنگ نەبین، وە واز بهێنین لە دژایەتی کردنی یەکتر و دووبەرەکی .

بنەمای چوارەم:

رووڕنکردنەوە و ناسینی زانست و زانایان و فیقهـ و فەقیهەکان بۆ خەڵکی، وە رووڕنکردنەوەی ئەوانەی کە خۆیان بە زانایان دەشوبهێنن و کەچی لەوانیش نین .

خوای گەورە ئەم بنەمایەی لەسەرەتای سورەتی (البقرە) ڕوون کردووەتەوە لەو ئایەتەوە کە دەفەرموێت : ﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتِيَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ ﴾(البقرە: ٤٠) واتە : ئەی نەوەکانی ئیسرائیل یادی ئەو نیعمەتانەی من بکەنەوە کە ڕژاندم بەسەرتاندا)). تاکو ئەو ئایەتەی پێش باسکردنی ئیبراهیم - علیه السلام- : ﴿ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ﴾ (البقرە: ١٢٢) وە زیاتر ڕوون دەبێتەوە : ئەوەی سوننەت بە ڕاشکاوی باسی کردووە لەم بارەوە لە چەندین فەرموودەی ڕوون و ئاشکرا تەنانەت- بۆ کەسی عەوامی گێلی نەزان .

پاشان ئەمە بووەتە نامۆترین شت، تا وای لێ هاتووە کە زانست و فیقهـ بووەتە بیدعەو گومرایی, وە باشترین بژاردە کە هەیانبێ : تێکەڵکردنی حەقە بە ناحەق، وە وای لێهاتووە ئەو زانستەی کە خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر خەڵکی و پیایدا هەڵناوە، هیچ کەسێ نایلێت ئیللا کەسێکی زەندیق یان شێت نەبێ، وە وای لێهاتووە ئەو کەسەی کە ئینکاری لێ دەکات و دژایەتی دەکات و کتێبی نووسیوە دەربارەی وریاکردنەوەی خەڵکی لێی و نەهی کردن لێی بووەتە کەسێکی فەقیهـ و زانا.

زانست دوو جۆرە :

١/ زانستی شەرعی و ئەوەی پەیوەستە پێوە :
ئەویش ئەو زانستەیە کە خوای گەورە دایبەزاندووەتە سەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە رووڕکەرەوەیەکی ئاشکرا و دیار و هیدایەت .
ئەویش ئەو زانستەیە کە مەدح و ستایشێکی رەهای تێدایە، ئەویش ئەصل و بنەمایە دواندن و خیتابی کیتاب و سوننەیە .

٢/ زانستی دونیایی :
وەکو زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و جگە لەوانە، ئەوانەیش چەند حاڵەتێکی هەیە :

أ/ ئەگەر وەسیلەیەك بوو بۆ خەیر و چاکە ئەوا خەیر و چاکەیە .

ب/ وە ئەگەر وەسیلەیەك بوو بۆ خراپە و ئەوا خراپە .

ج/ وە ئەگەر وەسیلەیەك نەبوو بۆ ئەمیان بۆ ئەویان ئەوا کات بەسەر بردن و لەغووە .

هەندێ لەو بەڵگانەی هاتوون دەربارەی مەدحی زانست و ستایش کردنی :

١/ ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ﴾ (الزمر: ٩) واتە : ئایا زانایان وەکو نەزانان وان لە دینداا؟ واتە: هەرگیز یەکسان نین بەڵکو تەنها ئەو کەسانە بیر ئەکەنەوەو پەندو ئامۆژگاری وەرئەگرن کە خاوەنی عەقڵ و ژیرین) .

٢/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((پێغەمبەران دینار و دەرهەمیان بە جێ نەهێشتووە بەڵکو زانستیان بە جێ هێشتووە، جا هەرکەسێ لەو زانستەی بردئەوا بە ناوچاوانێکی چاکەوە بردوویەتی)) ئەحمەد و هەندێ لە خاوەن سونەنەکان ریوایەتیان کردووە .

٣/ (هەرکەسێ خوای گەورە خەیری بوێت ئەوا لە دینەکەی خۆی شارەزای دەکات) متفق علیە.

لە فەزڵەکانی زانست :

١/ خـوای گـەورە ئەهلـی زانسـت و زانیـاری بـەرز دەکاتـەوە لـە دونیـادا لـە نێـو بەندەکانیـدا بـە پێـی ئـەو کارەی ئەنجامیـان داوە، وە لـە دوارۆژیشـدا پلەیـان لـە بەهەشـتدا بـەرز دەکاتـەوە .

٢/ یەکێـك لەوانەیـە کـە بـۆ مرۆڤـەکان دەمێنێتـەوە لـە پـاش مردنـی، ((ئەگـەر بەندەیـەك وەفاتـی کـرد ئـەوا چیتـر کردەوەکانـی دەبچـڕێ جگـە لە سـێ کـردەوە نـەبێ: خێـرێکی بـەردەوام، زانسـتێك سـوودی لـێ ببینـرێ، ....)) موسـلیم ریوایەتـی کـردووە .

٣/ حەسـوودی تێـدا دروسـتە : ((ئیرەیـی و حەسـودی نیـە مەگـەر لـە دوو شـتدا : پیاوێك خـوا مـاڵ و سـامانێکی پێبەخشـی بێـت و دەسـەڵاتی ئـەوەی پێدابێـت لـە حەقـدا بەکاری بهێنـێ، وە پیاوێـك خـوا حیکمەتێکـی پێدابێـت ئەویـش دادوەری پـێ بـکات و خەڵکـی پـێ فێـر بـکات)) متفـق علیـە

٤/ ئەوە میراتی پێغەمبەرانە : ((بەڵکو زانستیان بە میرات بە جێ هێشتووە))

٥/ ئـەوە رووناکییەکـە بەنـدە رێگـای خـۆی پـێ رۆشـن دەکاتـەوە و بـەو زانسـتە دەزانێـت چـۆن خواکـەی خـۆی دەپەرسـتێت و چـۆن مامەڵـە دەکات لـە گەڵ کەسـانی تـردا .

٦/ زانایان روناکین رێگای خەڵکی رۆشن دەکەنەوە لە کاروباری دین و دونیایاندا .

ئەوەی پێویستە لەسەرمان :

پێویسـتە لەسـەرمان بزانیـن زانایـان کێـن بەراسـتی، ئەوانیـش ئـەو زانـا ڕەببانییانـەن کـە خەڵکـی پـەروەردە دەکـەن لەسـەر شـەریعەتەکەی پەروەردگاریـان .

بنەمای پێنجەم:

نوسەر دەڵێت :

ڕوونکردنەوەی خوای گەورە بۆ دیاری کردنی سیفاتی ئەولیاکانی خۆی و جیاکردنەوەیان لە گەڵ ئەو کەسانەی خۆیان دەچوێنن بە ئەوان لە دوژمنانی خوای گەورە، لە دووروەکان و خراپەکاران .

وە بۆ ئەم باسە ئەو ئایەتەی سورەتی (ئاڵ عمران) بەسە کە دەفەرموێت﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ﴾ آل عمران: ٣١ واتە : ئەی موحەممەد پێیان بفەرمە: ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن خوای گەورەتان خۆش ئەوێ ئەوە شوێن من بکەون ئەوە ئەو کاتەش خوای گەورە ئێوەی خۆش ئەوێ).

وە ئەو ئایەتەی سورەتی (المائدە) کە دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ﴾ المائدة : ٥٤ واتە : ئەی باوەڕداران هەر کەسێك لە ئێوە لە دینەکەی خۆی پاشگەز بێتەوە هەڵگەڕێتەوە ئەوە خوای گەورە زەرەر و زیانی پێناگات ، بەڵکو خوای گەورە ئێوە لە ناو ئەبات و کەسانێکی تر دێنێ کە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش ئەوێ وە ئەوانیش خوای گەورەیان خۆش ئەوێ).

وە ئەو ئایەتەی سورەتی (یونس) کە دەفەرموێت ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٦٢﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿٦٣﴾ ﴾ یونس: ٦١ - ٦٣ واتە : ئاگادار بن و بزانن کە بەڕاستی ئەولیاو دۆستان و خۆشەویستانی خوای گەورە هیچ ترسێکیان لەسەر نییە لە داهاتوویاندا لە قیامەتدا، وە هیچ خەفەتێکیش ناخۆن لەوەی کە بەجێیان هێشتووە لە دونیا چونکە خوای گەورە باشترو چاکتریان پێ دەبەخشێت(٦٢) ئەو کەسانەن کە باوەڕدارو ئەهلی تەوحیدن بەتاك و تەنها خوای گەورە ئەپەرستن و یەکخواپەرستن وە تەقوای خوای گەورە ئەکەن و خۆیان لە تاوان ئەپارێزن (٦٣).

پاشان کارەکە وای لێهاتووە لای زۆربەی ئەو کەسانەی بانگەشەی زانست

دەکـەن و ڕێنمایـی خەڵکـی دەکـەن و پارێـزەری شـەرعن، کـەوا ئەولیـاکان پێویسـتە وازیـان لـە شـوێنکەوتنی پێغەمبـەران هێنابـێ، وە هەرکەسـێ شـوێنی پێغەمبـەران بکـەوێ ئـەوا لـەوان نییـە. وە پێویستە وازی لـە جیهـاد هێنابێـت، وە هەرکەسـێ جیهـاد بـکات ئـەوا لـەوان نییـە، وە پێویسـتە وازی لـە ئیمـان و تەقـوا هێنابێـت، وە هـەر کەسـێ دەسـتی بـە ئیمـان و تەقـواوە گرتبێـت ئـەوا لـەوان نییـە ! ئـەی پەروەردگـارا ... داوای لـێ خۆشـبوون و سـەلامەتیت لـێ دەکەیـن، هـەر تـۆ بیسـەری نزاکانـی .

چۆن ئەولیا و خۆشەویستانی خوا بناسین ؟

ئـەو کەسـانەن کـە باوەڕیـان بـە خـوا هێنـاوە و لـە خـوا دەترسـن و بـەردەوام و سـەقامگیرن لـە سـەر دینەکەیـان، خـوای گـەورە فەرموویەتـی: ﴿أَلَآ إِنَّ أَوْلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ۝٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ۝٦٣﴾ یونس: ٦١ - ٦٣ واتـە : وە ئاگادار بـن و بزانـن کـە بەڕاسـتی ئەولیـاو دۆسـتان و خۆشەویسـتانی خـوای گـەورە هیـچ ترسـێکیان لەسـەر نییـە لـە داهاتوویانـدا لـە قیامەتـدا وە هیـچ خەفەتێکیش ناخـۆن لـەوەی کـە بەجێیـان هێشـتووە لـە دونیـا چونکـە خـوای گـەورە باشـترو چاکتریـان پـێ دەبەخشـێت (٦٢) ئـەو کەسـانەن کـە باوەڕدارو ئەهلـی تەوحیـدن بەتـاك و تەنهـا خـوای گـەورە ئەپەرسـتن و یەکخواپەرسـتن وە تەقـوای خـوای گـەورە ئەکـەن و خۆیـان لـە تـاوان ئەپارێـزن(٦٣).

بانگەشـە کردنـی ویلایـەت و خۆشەویسـتی خـوا تەزکیـەی نەفسـی تێدایـە، ئەمـەش جیـاوازە لـە گـەڵ تەقـوای خـوای گـەوردا، خـوای گـەورە فـەرموویەتی: ﴿فَلَا تُزَكُّوٓاْ أَنفُسَكُمْ ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ ٱتَّقَىٰٓ ۝٣٢﴾ النجـم: ٣٢ واتـە : بۆیـە ئێـوە نەفسـی خۆتـان پـاك مەکەنـەوەو مەدحـی خۆتـان مەکـەن خـوای گـەورە خـۆی زاناتـرە بـەو کەسـانەی کـە تەقـوای خـوای گـەورە ئەکـەن و خۆیـان لـە تـاوان ئەپارێـزن).

چۆن ئەولیا و خۆشەویستانی خوا بناسین ؟

١/ ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ ﴾ آل عمـران: ٣١ واتـە : ئـەی محمـد(ﷺ) پێیان بفەرمـە: ئەگـەر ئێـوە راست ئەکـەن خـوای گەورەتـان خـۆش ئـەوێ ئـەوە شـوێن مـن بکـەون ئـەوە ئـەو کاتـەش خـوای گـەورە ئێـوەی خـۆش ئـەوێ)

ئەمەیش پێی دەڵێن ئایەتی تاقیکردنەوە، حەسـەنی بەصـری فەرموویەتـی : خەڵکی لەسـەردەمی پێغەمبـەری خـوادا (ﷺ) دەیانفەرمـوو : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئێمـەی خواکـەی خومانمـان زۆر خـۆش دەوێـت، خـوای گـەورە پێـی خۆشـبوو کـە نیشـانەیەك بـۆ ئـەوە دابنێـت، بۆیـە ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد .

٢/ ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ٥٤ ﴾ المائـدة : ٥٤ واتـە : ئـەی بـاوەڕداران هـەر کەسـێك لـە ئێـوە لـە دینەکـەی خـۆی پاشـگەز بێتـەوە هەڵگەڕێتـەوە ئـەوە خـوای گـەورە زەرەرو زیانـی پێناگـات، بەڵکـو خـوای گـەورە ئێـوە لەنـاو ئەبـات و کەسـانێکی تـر دێنـێ کـە خـوای گـەورە ئـەو کەسـانەی خـۆش ئـەوێ وە ئەوانیـش خـوای گەورەیـان خـۆش ئـەوێ، زەلیلـی و خۆبەکەمزانیـن و رەحـم و سـۆز و تـەوازوع بـۆ بـاوەرداران دەرئەبـرن ، بـە عیـززەت ئەبـن بەرانبـەر بـە کافـران ، جیهـاد ئەکـەن لـە پێنـاوی خـوای گـەورەدا و لـە لۆمـەی لۆمـەکاران ناترسـن لـە وتنـی حەقـدا کـە بیبینـن ، چونکـە نـە ئەجـەل نزیـك دەکاتـەوە نـە رزق و رۆزی دوور دەکاتـەوە ، خـوای گـەورە ئـەم سـیفەتانە بە هەرکەسـێك ببەخشـێت ئـەوە فەزڵـی خـوای گەورەیـە بـە هـەر کەسـێك ئەبەخشـێ کـە ویسـتی لـێ بێـت).

خوای گەورە وەصفی ئەوانی کردووە بەم وەصفانە :

١/ زەلیلـن بەرانبـەر بـە ئیمانـداران، جـا لـە گەڵیانـدا ناجەنگـن و دژایەتیـان ناکـەن و بەرانبەریـان رانـاوەسـتن و رقیـان لێیـان نابێتـەوە .

٢/ بەرانبـەر بێبـاوەڕان بـە عیززەتـن، واتـە : بـە هێـزن بەرانبەریـان و زاڵـن بـە سـەریاندا.

٣/ تێدەکۆشن و جیهاد دەکەن بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی وشەی (اللە) .

٤/ لە پێناوی خوای گەورەدا لە لۆمەی لۆمەکاران ناترسن .

٣/ ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣ ﴾ يونس: ٦١ - ٦٣ خوای گەورە ڕوونی کردەوە کەوا ئەولیای خوا ئەوانەن کە بە ئیمانی دڵیان وەصف کراون و بە ئەندامەکانیان تەقوای خوا دەکەن .

شەیخ لئیسلام ئیبن تەیمیە - ڕەحمەتی خوای لێ بێت - فەرموویەتی :

خـوای گـەورە لـە کتێبەکەیـدا و لـە سـوننەتی پێغەمبەرەکەیـدا (ﷺ) ڕوونـی کردووەتـەوە کـەوا خـوای گـەورە لـە نـاو خەڵکیـدا ئەولیـا و خۆشەویستانی هەیـە، وە شـەیتانیش ئەولیـا و خۆشەویستانی هەیـە، جـا جیـاوازی لـە نێـوان ئەولیـای خـوا و ئەولیـای شـەیتاندا ئەمانەیـە :

١/ ئەولیای خوا :

خـوای گـەورە دەربارەیـان فـەرموویەتی: ﴿ أَلَآ إِنَّ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهِ لَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ ٦٣ ﴾ يونس: ٦١ - ٦٣

٢/ ئەولیای شەیتان :

خـوای گـەورە دەربارەیـان فـەرموویەتی : ﴿ إِنَّمَا سُلۡطَٰنُهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ يَتَوَلَّوۡنَهُۥ وَٱلَّذِينَ هُم بِهِۦ مُشۡرِكُونَ ١٠٠ ﴾ النحل: ١٠٠ واتـە : شـەیتان بەسـەر ئـەو کەسـانەوەیە کـە شـەیتان ئەکەنـە دۆسـتی خۆیـان و گوێرایەڵـی ئەکـەن و سـەرپێچی خـوای گـەورە ئەکـەن وە ئـەو کەسـانەی کـە شـەریك بـۆ خـوای گـەورە بریـار ئـەدەن، یـان بەهـۆی گوێرایەڵـی شـەیتان شـەریکیان بـۆ خـوا داناوە) .

شەیخ لئیسلام ئیبن تەیمییە فەرموویەتی :

لە یەکێك زیاتر لە زانایان و مامۆستایان فەرموویانە : ((ئەگەر پیاوێکتان بینی بە هەوادا دەفری و بەسەر ئاودا ڕێی دەکرد، ئەوا پێی مەغرور مەبن تاوەکو تەماشای ڕاوەستانی بەرانبەر فەرمانەکان و نەهییەکاندا دەکەن.

ئەولیای خوا دوو چینن :

١/ پێشینە نزیکەکان .

٢/ هاوەڵانی لای ڕاست مامناوەندەکان .

خوای گەورە لە چەند جێگایەکدا لە قورئانەکەیدا باسی کردووە : لەسەرتای سورەتی (الواقعة) و کۆتاییەکەی، وە لەسورەتی : (الانسان) و (المطففین) و (فاطر) . وە بەهەشتیش چەندین پلە و پایەی جیاوازی تێدا بە جیاوازییەکی زۆر، وە ئەولیای خوا و ئیماندارە لە خواترسەکانی خوای گەورە لەو پلەیانەدان بە پێی ئیمان و تەقوایان .

بەشەکانی خەڵکی لە گەڵ ئەولیا و خۆشەویستانی خوادا :

١/ زیادەڕەوەکان :
ئەوانەن ئەگەر باوەڕیان وابوو کەوا کەسێك وەلی خوایە : ئەوا لە گەڵیدا کۆکە و هاوڕایە لە هەموو شتێکدا کە گومانی وایە کە دڵەکەی بۆی گیراوەتەوە ئەوەیش لە خواکەیەوە، وە خۆی تەسلیمی دەکات لە هەموو کارو باڕێکیدا .

٢/ کەمتەرخەمەکان :
هەرکەسێك بیبینێت شتێك دەڵێت یان کارێك دەکات کە لە گەڵ شەرعدا کۆك نییە : لە ویلایەتی خوا دەری دەکات بە گشتی، هەرچەندە موجتەهیدێك بێت و نەپێکابێت .

٣/ نێوەندەکان :
ئەوانەی کە ئەوان بە مەعصوم نازانن و بە تاوانباریان نازانن ئەگەر ئیجتیهادێکی هەڵەیان کرد، لە هەموو شتێکدا شوێنی ناکەوێت کە دەیڵێت، وە حوکمی کافربوون و فاسقبوون بە سەریدا نادات لە ئیجتیهادەکەیدا .

کەراماتی ئەولیای خوا :

١/ سابیت و جێگیرە : ئەولیـا کـەراماتی هەیـە، خـوای گـەورە بـەو کـەراماتە ڕێـز لـە ئەولیـا لـە خواترسـەکان دەگـرێـت، وە باشـترین ئەولیـاکان ئەوانـەن کـە کەرامەتەکانیـان بـۆ حوججەیەکـی دینـی بێـت یـان پێویسـتی موسڵمانـان پێـی.

٢/ ئایەتێك و نیشانەیەکە بۆ پێغەمبەر (ﷺ): ئـەو کەراماتـە ڕووی داوە لەبـەر بەرەکەتی شـوێنکـەوتنـی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، ئـەوەش لـە ڕاسـتیدا بەشـێکە لـە ئایـەت و نیشـانەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ).

٣/ لازیم نییە بۆ وەلییەکە : جـا کەراماتـەکان جـاری وا هەیـە بـە پێـی پێویسـتی کەسـەکە دەبێـت، جـا ئەگـەر پێویسـتی پێـی هەبێـت لەبـەر لاوازی ئیمانەکـەی ئـەوا ئـەو کەراماتـەی بـۆ دێـت بـۆ ئـەوەی ئیمانەکـەی پـێ بـە هێـز بکاتـەوە و پێویسـتییەکەی دابیـن بـکات، وە خەڵکـی تـر هەیـە لـە ئـەو ویلایەتیـان زیاتـرە کەچـی ئـەو کەراماتەیـان بـۆ نایـەت چونکـە پێویسـتیان پێـی نییـە، جـا بۆیـە دەبینیـن لـە نـاو تابعییەکانـدا هێنـدە کەرامـات هەبـووە کـە لـە نـاو هاوەڵانـدا نەبـووە .

کارە نا ئاساییەکان :

بریتییە لەوەی کە شتێك دێت جیاواز بێت لەوەی خەڵکی لەسەری راهاتوون، وەکو ئەوەی بە ئاسماندا بفڕێت، یان بە سەر ئاودا ڕێ بکات، ئەویش چوار بەشە :

١/ ئایەت:

ئەمە بۆ پێغەمبەران و نێردراوان دەبێت، وە ناگوترێت (موعجیزە)، چونکە ئەوە (واتە : ئایەت) لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، وە (المعجزة) ڕەنگە هەندێ خەڵکی نەتوانن بیکەن و جگە لە پێغەمبەرانیش بیکەن، وە هیچ کەسێك بۆی نییە بانگەشەی ئەوە بکات کە ئایەتی هەیە لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ).

٢: کەرامەت :

لە سەر دەستی ئەولیای خوای گەورە ڕوو دەدات، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە ئیمان و تەقوایان لە خۆیاندا کۆکردووەتەوە، وە نمونەی کەرامەت ئەوەی بە سەر هاوەڵانی ئەشکەوتدا هات (أصحاب الکهف) .

٣/ موعجیزە یان فیتنە :

لە سەر دەستی ئەولیای شەیتان ڕوو دەدات، پێی دەزانین بە پێی حاڵی کەسەکە، نە ئیمانی هەیە و نە تەقوا، وە نمونەی موعجیزە ئەوەی لە سەر دەستی دەججال ڕوو دەدات .

٤/ شەرمەزاری (الفضیحة) :

هەرکەسێ بە ناوی خواوە درۆ بکات، ئەوا خوای گەورە لە دونیادا شەرمەزاری دەکات پێش قیامەت، وە نمونەی شەرمەزاری ئەوەی بە سەر (مسیلمة الکذاب)دا هات، فووی کردە چاوی کەسێکی نەخۆشەوە کەچی چاوەکانی کوێر بوو .

بەشەکانی خەڵکی لە کارە نائاساییەکاندا :

١/ بە درۆزان :

ئـەوە بـە درۆ دەزانـێ بـۆ جگـە لـە پێغەمبـەران، وە ڕەنگـە بـە گشـتی باوەڕی پێـی هەبێـت، وە ئـەوەی بـاس دەکرێـت دەربـارەی زۆرێـك لـە خەڵکـی بـە درۆی دەزانێـت چونکـە بـە ڕای ئـەو ئەوانـە لـە ئەولیـای خـوا نیـن .

٢/ زیادەڕەو :

وا دەزانێـت کـەوا هـەرکەسـێك کارێکـی نائاسـایی بـکات ئـەوا وەلـی خوایـە .

٣/ نێوەند :

باوەڕی وایـە کـەوا خـوای گـەورە ئـەوەی بیەوێـت بیبەخشـێت دەیبەخشـێتە ئـەوەی بیەوێـت لـە بەندەکانـی لـە هـەر جـۆرە کەرامەتێـك بـە شـێوەیەکی نائاسـایی، بـەڵام هەمـوو کارێکـی نائاسـایی کەرامـەت نییـە، بەڵکـو ڕەنگـە کارە نائاساییەکان لەسـەر دەسـتی جادووبـازەکان و دەججالەکانیـش ڕوو بـدات .

بەشەکانی خەڵکی لە کارە نائاساییەکاندا :

کورتـەی جیاوازییەکانـی نێـوان ئەولیـای خـوا و ئەولیـای شـەیتان لـە کتێبـی (اقتضاء الصـراط المسـتقیم مخالفـة أصحـاب الجحیـم) لـە نوسـینی شـەیخول ئیسـلام (ئیبـن تەیمییـە) - ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت- .

ئەولیای خوا :

- شوێنی قورئان و سوننەت دەکەون
- بـە ئیمـان و تەقـوا وەصـف دەکرێـن (خەڵکـی هەمـان کانـزان، جیـاوازی و باشـترینیان بـە پێـی تەقـوا دەبێـت)
- شوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەون و لە شەریعەتەکەی دەرناچن .
- هانـی خەڵکـی دەدەن بـە : شـوێنکەوتنی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، وە ئەنجامدانـی فـەرزەکان و پارانـەوە .
- باوەڕیـان وایـە کـەوا پێغەمبـەر باشـترە لـە وەلـی، وە وەلیـش بـە کـۆڕای زانایـان مەعصـوم نییە .
- ئیمـان و تەقـوا هـۆکاری کەرامەتەکەیانـە (پاداشـاتی بـە گوێـرەی کارەکـەی دەبێـت)
- پێویستە لەبەر خوا خۆشیانمان بوێت و لەبەر خوا دۆستایەتیان بکەین .
- لە دووڕوویی دەترسن، وە بە حاڵی خۆیان کە تیایدان ناخەڵەتێن .
- لە خەڵکی خۆیان جیا ناکەنەوە، وە سوننەت بە ڕواڵەتیاندا دیارە .
- نە زیادەڕۆییان هەیە و نە کورتڕەوی .
- بە ئیمان وەصف دەکرێت لە ناخەوە و بە ڕواڵەتیش .
- هەرکەسـێك بـاوەڕی وابێـت کـەوا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) تەنهـا زانسـتی ڕواڵەتـی زانیـوە و باتنـی نەزانیـوە ئـەوا کافـرە .
- ویلایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوشێوەی نییە .
- بـەردەوام نابـن لەسـەر ئەنجامدانـی تـاوان، ئەمـەش لـە نیشـانەکانی خۆشویسـتنی خـوای گەورەیـە بـۆ بەندەکـەی .
- قـەزا و قـەدەر دەکەنـە حوججـە بـۆ موصیبەتـەکان نـەك خەڕاپـەکان و عەیبـەکان .
- شوێنی خواپەرستن لای ئەوان مزگەوتەکانە .
- ئەوپەڕی کەرامەت لای ئەوان دەستگرتنە بە سەقامگیرییەوە .

ئەولیای شەیتان :

- جیاوازی قورئان و سوننەت دەکەن.
- بـە کوفـر و خراپـەکاری و فالْچێتـی و جـادوو و شـێتی و زانینـی شـتەغەیبیەکان وەصـف دەکرێن .
- جیاوازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکەن و لە شەریعەتەکەی دەردەچن .
- هانـی خەڵکـی دەدەن بـە : شـوێنکەوتنی خۆیـان، وە فـەرزەکان ئەنجـام نـادەن و داوا لـە خـوا ناکـەن .
- باوەڕیـان وایـە کـەوا وەڵـی لـە پێغەمبـەر باشـترە، وە ئـەو مەعصومـە وە بـۆی هەیـە جیاوازی کۆڕای زانایان بکات
- موعجیـزە یـان فیتنـە یـان شـەرمەزاریان هەیـە، وە نابێـت یەکێـک لـە بێبـاوەڕان یـان دووروەکان وەڵـی خـوا بـن، وە بـە بێباوەڕانـدا هەڵدەنێـن .
- پێویستە لەبەر خوا ببوغزێنرێن.
- لە دووروویی ناترسن، وە بە حاڵی خۆیان دەخەڵەتێن .
- لـە خەڵکـی خۆیـان جیـا دەکەنـەوە بـە پۆشـاکەکانیان و ریـش تاشـین و جگـە لەوانـە و بـە بێبـاوەڕان خۆیـان دەشـوبهێنن .
- زیادەڕۆیی و کورتڕەوییان هەیە .
- جیاوازی دەکەن لە نێوان ئیمانی ناخ و ڕواڵەت .
- شوێنکەوتوانیان وا دەزانن کەوا ناخ دەزانن .
- شوێنکەوتوانیان وا دەزانن کەوا کانزای پێغەمبەران و ئەولیاکان یەکن .
- شەیتانەکان هەڵیان دەخەڵەتێنن و وا دەزانن فریشتەن.
- خراپەکاران لە کاتی گوێرایەڵدا قەدەرین و لە کاتی سەرپێچیدا جەبرین .
- شـوێنکەوتوانیان باوەڕیـان وایـە کـە تایبەتمەنـدی پێغەمبەرانیـان هەیـە، وە صیفاتـی مەلائیکەتیـان هەیـە .
- باوەڕیان بە عەقیدەی حلول و وەحدەتول وجوود هەیە .
- گۆڕستانەکان دەکەنە جێی نوێژگەی خۆیان .
- ئـەو کارە دەکـەن کـە ئەحوالـی شـەیتانی بەهێـز دەکات لـە : گوێبیسـتنی گۆرانـی و فیکـە و چەپڵـە لێـدان .

بنەمای شەشەم:

وەڵامدانەوەی ئەو گومانانەی کە شەیتان داینـاوە، بۆ وازهێنـان لـە قورئـان و سـوننەت، وە شـوێنکەوتنی بۆچـوون و ئـارەزووە ناکۆك و جیـاوازەکان، گومانەکەش ئەوەیـە : قورئـان و سـوننەت هیـچ کەسـێ لێـی تێناگـات ئیلـلا موجتەهیدێکـی ڕەهـا نەبـێ، وە موجتەهیدیـش ئـەو کەسـەیە کـە : دەبێـت ئـەم سـیفاتانەو ئـەو سـیفاتانەی تێـدا بێـت، بەچەنـد سـیفەتێك کـە ڕەنگـە بەتەواوەتـی لـە ئەبـو بەکـر و عومەریشدا نەبـێ !

جـا ئەگـەر مـرۆڤ ئـاوا نەبـوو، ئـەوا بـا پشـتیان لـێ بـکات وەکـو فـەرز لەسـەری بەبـێ گومـان و دوو دڵـی، وە ئەگـەر کەسـێك داوای هیدایەتیـان لـێ بـکات واتـە لـە قورئـان و سـوننەت- ئـەوا یـان کەسـێکی زەندیقـە وە یـان شـێتە لەبـەر گرانـی تێگەیشـتن لێیـان !! پاکـی و بـێ گـەردی بـۆ خـوای گـەورە و سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو، خـوای گـەورە چەنـد ئەمـەی ڕوونکردۆتـەوە لـە شـەرع و قـەدەردا، بـە دروسـتکردن و فەرمـان کـردن لـە وەڵامـی ئـەم گومانـە نەفـرەت لێکـراوەدا لـە چەنـد ڕوویەکـی جیـاوازەوە کـە دەگاتـە سـنووری زەرورەتـە گشـتیەکان، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨٧﴾﴾ الأعـراف: ١٨٧ واتـە : بـەڵام زۆربـەی زۆری خەڵـك نایزانـن) ﴿لَقَدْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ عَلَىٰٓ أَكْثَرِهِمْ فَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٧﴾ إِنَّا جَعَلْنَا فِىٓ أَعْنَٰقِهِمْ أَغْلَٰلًا فَهِىَ إِلَى ٱلْأَذْقَانِ فَهُم مُّقْمَحُونَ ﴿٨﴾ وَجَعَلْنَا مِنۢ بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَٰهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ ﴿٩﴾ وَسَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ إِنَّمَا تُنذِرُ مَنِ ٱتَّبَعَ ٱلذِّكْرَ وَخَشِىَ ٱلرَّحْمَٰنَ بِٱلْغَيْبِ ۖ فَبَشِّرْهُ بِمَغْفِرَةٍ وَأَجْرٍ كَرِيمٍ ﴿١١﴾﴾ یس: ٧ - ١١ واتـە : وە وتـەو سزا لەسـەر زۆربـەی کافرانـی قورەیـش جێبـەجێ بـوو ئەوانـەی لەسـەر کوفـر مـردن، لەبـەر ئـەوەی خـوای گـەورە ئەیزانـی ئـەوان ئیمـان ناهێنـن و لەسـەر کوفـر ئەمـرن (٧) ئێمـە لەنـاو ئاگـری دۆزەخـدا کـۆت و زنجیرمـان خسـتۆتە گەردنیـان و تـا چەناگەیـان کـۆت و زنجیـر کـراوە وە سـەریان بـەرز بۆتـەوە (٨) وە لـە پێـش و پاشـیاندا بەربەسـتمان داناوە بـۆ ئـەوەی کـە ئیمـان نەهێنـن لەبـەر ئـەوەی شایەنـی ئیمـان هێنـان نـین و لووتبـەرزو خۆبەگـەورەزان و عینـادن، وە پەردەشـمان داوە بـە چاویانـدا تـا حـەق نەبینـن وە ئـەوان ئـەو حەقـە

کـه لەلایـەن خـوای گـەورەوە هاتـووە نایبینـن و سـودی لـێ نابینـن (٩) وە یەکسانە بـۆ ئـەوان ئایـا ئاگاداریـان بکەیتـەوە یـان نـا ئـەوان ئیمـان ناهێنـن، چونکـە خـوای گـەورە مـۆری داوە بەسـەر دڵیانـدا (١٠) تەنهـا ئاگادارکردنـەوەی تـۆ کەسـانێك سـوودی لـێ ئەبینـن کـە شـوێنی ئـەو زیکـرە کەوتـوون کـە قورئانـی پیـرۆزە، وە لـە خـوای گـەورە ئەترسـێن لـە نهێنیـدا، وە مـوژدە بـدە بـەو کەسـانە بـە لێخۆشـبوونی خـوای گـەورەو ئەجـرو پاداشـتێکی زۆر بـاش و جـوان و چـاك (١١).

ئیجتیهاد

لە زمانەوانیدا : هەوڵدان بۆ درککردن و گەیشتن بە کارێکی قورس و سەخت.

لە زاراوەییدا : هەوڵدان بۆ درککردن و گەیشتن بە حوکمێکی شەرعی .

لە مەرجەکانی ئیجتیهاد :

١/ هێنـدە بەڵگە شەرعییەکان بزانێت کە پێویستی پێی هەبێت لە ئیجتیهادەکەیدا، وەکو ئایات و فەرموودەکانی ئەحکام.

٢/ ئەوەی کە پەیوەندی بە صەحیحی و زەعیفی فەرموودەوە هەیە بزانێت، وەکو زانینی سەنەدی فەرموودە و پیاوانی ناو سەنەدی فەرموودەکە و جگە لەوانە .

٣/ ناسخ و مەنسووخ بزانێت، وە جێگاکانی ئیجماع و کۆڕای زانایان بزانێت، تاوەکو بە مەنسوخێك حوکم نەدات یان شتێك جیاواز بێت لە گەڵ ئیجماع و کۆڕای زانایاندا .

٤/ ئەو بەڵگانەی کە حوکمەکانی تێدا جیاوازە بزانێت، وەکو (تەخصیص) و (تەقیید) و نمونەی ئەوانە، تاوەکو حوکم نەدات بە سەر شتێکدا جیاواز بێت لە گەڵ ئەودا .

٥/ زمان و (أصول الفقه) بزانێت کە پەیوەندی بە دەلالەتی وشەکانەوە هەیە، وەکو گشتی و تایبەت (عام و خاص) بۆ ئەوەی حوکم بدات بە گوێرەی ئەوەی دەلالەتی بۆ دەکەن .

٦/ دەبێت توانای ئەوەی هەبێت کە حوکمە شەرعییەکان لە بەڵگەکانییەوە دەربکات .

ئایە ئیجتیهاد بەش بەش دەبێت ؟

بەڵێ، ئیجتیهاد بەش بەش دەبێت، لە یەك بەش لە بەشەکانی زانستدا یان لە مەسەلەیەك لە مەسەلەکانیدا.

پێویستە لەسەر موجتەهید هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بدات، ئەمجار ئەگەر :

١/ حوکمەکەی بۆ دەرکەوت ئەوا حوکمی لەسەر دەدات : جا ئەگەر :

أ/ پێکای : ئەوا دوو پاداشتی هەیە : پاداشتی تێکۆشانەکەی و پاداشتی پێکانی حەق، چونکە لە پێکانی حەقدا دەرخستنی ئەو حەقەیە و کارکردنە پێی .

ب/ ئەگەر هەڵەی کرد : ئەوا یەك پاداشتی هەیە، وە خوای گەورە لە هەڵەکەیشی خۆش دەبێت .

٢/ وە ئەگەر حوکمەکەی بۆ روون نەبێتەوە : پێویستە لەسەری راوەستێت لە حوکمداندا، وە ئەو کاتە دروستە تەقلید بکات چونکە زەرورەتە .

تەقلید (چاولێکردن) دوو جێگای هەیە :

١/ کەسە موقەلییدەکە (چاولێکەرەکان) کەسێکی عامی بێت، ناتوانێت حوکمەکە بە خودی خۆی بدۆزێتەوە و دەری بهێنێت، ئەوە فەرزەکەی سەرشانی تەقلیدەکەیە (چاولێکردنەکەیە) : بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَسْـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾﴾ (النحل: ٤٣)

٢/ کەسی موجتەهید کارێکی لە ناکاوی بۆ دێتە پێشەوە کە پێویستە کارەکە بە پەلە بکات، وە لەو کاتەیشدا ناتوانێت تێرامانێت، ئەو کاتە بۆی هەیە تەقلید بکات .

تەقلید (چاولێکردن) دوو جۆرە :

١/ گشتی (عام) :

ئەویش ئەوەیە کە دەست بگرێت بە مەزهەبێکی دیاری کراوەوە هەموو روخصەت و عەزیمەتەکانی وەرگرێت لە هەموو کاروباری دینەکەیاندا، وە زانایان تیایدا جیاوازن، هەندێ لە زانایان بە حەرامی دەزانن، چونکە دەستگرتنی رەهای تێدایە بۆ شوێنکەوتنی جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

٢/ تایبەت (خاص) :

وتەیەکی دیاریکراو لە بابەتێکی دیاریکراودا وەرگرێت، ئەوا ئەم کارە دروستە، ئەگەر بێ توانا بوو لە زانین و ناسینی حەقدا، جا ئەگەر :

أ/ بە یەکجاری نەتوانێت، نەتوانینێکی حەقیقی و راستی.

ب/ یان ئەوە بتوانێت بەڵام لە دوای مەشەقەتێکی زۆر .

نوسەر دەڵێت :

آخـره، والحمـد لله رب العالمیـن، وصلـی الله علـی سـیّدنا محمـد وعلـی آلـه وصحبـه وسـلّم تسـلیما کثیـراً الـی یـوم الدیـن.

داوا لە خوا

دەکەین پاداشتی نوسەر بداتەوە بە باشترین پاداشت، وە ئێمە لە گەڵ ئەودا لە بەهەشتی بەریندا کۆ بکاتەوە، هەر ئەو بەخشندە و میهرەبانە، وە سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وە صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد .

تاقیکردنەوە :

١/ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە :

بۆ کتێبی شەش بنەماکە دەخوێنین :	(١) ..... (٢) .....
شەش بنەماکە و دژەکانی بژمێرە :	(١) ..... (٢) ..... (٣) ..... (٤) ..... (٥) ..... (٦) .....
پێنج جیاوازی لە نێوان ئەولیای خوا و ئەولیای شەیتاندا بژمێرە :	(١) ..... (٢) ..... (٣) ..... (٤) ..... (٥) .....

٢/ وەڵامی راست هەڵبژێرە :

شەش بنەماکە : ☐ زانایان کۆکن لەسەری ☐ زانایان جیاوازن تیایدا
باسکردنی ژمارەیەکی دیاری کراو لە دەقەکانی قورئان و فەرموودەدا : ☐ مەبەستدارە ☐ بێ مەبەستە ☐ وردەکاری تێدایە
بەشەکانی دەلالەت و تێگەیشتن : ☐ سێ ☐ چوار ☐ پێنج

بە (راست) یان (هەڵە) وەڵام بدەرەوە :

پرسیارەکان	راست	هەڵە
هەندێ جار باسی ژمارەیەکی دیاری کراو دەکرێت و مەبەستدار نییە وەکو : دەرگاکانی بەهەشت.	☐	☐
هەندێ جار باسی ژمارەیەکی دیاری کراو دەکرێت و مەبەستدارە وەکو : ئەو دە کەسەی موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە.	☐	☐
باسکردنی ژمارە لە مەجلسێکدا بەڵگەیە لەسەر زەبت کردنی مەسەلەکان و هێنانە بیری کەسەکە هەرکاتێك بیەوێت.	☐	☐
خوای گەورە خێری نوسەر بنوسێت بە کۆکردنەوەی مەسەلەکان بە ژماردنی .	☐	☐

٤/ بازنەیەك بە دەوری ئەو ژمارەیەدا بدە کە مەبەستدارە
(واتە : دیاری کراوە و لەوە زیاتر نییە) لە ئەمانەی خوارەوە :

پایەکانی ئیمان	حەوت بەهەلاکەت بەرەکە	سێ بنەماکە	پێنج کار هەن لە فیترەتن
شوشتنی دەفر حەوت جار کاتێك سەگێك زمانی لێ دەدات	ئوممەتەکەی من دەبێتە حەفتا و سێ گروپ و تاقمەوە	دوو ئاکار لە ناو خەڵکیدا هەن کە کوفریان تێدایە	زیکرەکانی پاش نوێژە فەرزەکان

٥/ لە نوسینەکانی شێخ موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب دا ژمارە سنووردارەکە دیاری بکە کە ناکرێت لەوە زیاتر بێت، لەو ژمارانەی کە سنوردار نین و دەکرێت لەوانە زیاتر بکرێت :

سێ بنچینەکە	چوار بنەماکە	دەهەلوەشێنەرەوەکەی ئیسلام	شەش بنەماکە
.....	.....	.....	.....

وانە گرنگەکان
بۆ تێکڕای ئوممەت

وانەگرنگەکان بۆ تێگەیشتی ئوممەت

نوسینی: عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

ڕاڤەکردنی: هیثم بن محمد جمیل سرحان

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

راڤەی پێشەکی نوسەر

شەیخی پێشەوا (عبدالعزیز بن عبدالله بن باز) –ڕەحمەتی خوای لێ بێت– دەفەرموێت :

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، وە دوارۆژ و دەرئەنجام تەنها بۆ خۆپارێزانە، وە صەڵات و سەلام لەسەر بەندە و نێردراوی خۆی پێغەمبەرمان (محمد) و لەسەر هەموو ئال و هاوەڵانی بێت .

أما بعد ...

ئەمە چەند باسێکی کورتە دەربارەی ڕوونکردنەوەی هەندێ لەوەی کەوا پێویستە خەڵکی بە گشتی بیزانن دەربارەی دینی ئیسلام، وە ناوم لێ ناوە (وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای ئوممەت) . وە داوا لە خوا دەکەم سوودی بۆ موسڵمانان هەبێت و لێم قبوڵ بکات، هەر خۆی بەخشندە و میهرەبانە.

عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

بۆ (وانە گرنگەکان) دەخوێنین ؟

چونکە گرنگە هەروەکو نوسەر ناوی لێناوە و هەروەها زانایان ئامۆژگاریان بە خوێندنەوەی کردووە.
ئەگەر کەسێک بڵێت : بەڵی ئەوە گرنگە بەڵام بۆ عەوامی خەڵکییە و منیش قوتابی زانستم، پلەی من لە پلەی خەڵکی عەوام بەرزترە !
وەڵام : پرسیاری لێ دەکەین چی تێدایە ؟ ئەگەر نەیزانی ئەوا عەوامی خەڵکی لەو باشترن، وە پێویستە قوتابی خۆی بە کەم بزانێت و خۆی بە زل نەزانێت بەرانبەر بە زانست و زانایان، وە لەسەر ڕێگای زانا ڕەبانییەکان بڕوات .
وە لە (صحيح البخاري) دا هاتوو : موجاهید فەرموویەتی : کەسی شەرمۆک و خۆبەزل زان فێری زانست نابن .

(وانە گرنگەکان) چی تێدایە ؟

١. ڕێگای پێشینە چاکەکان لە گەڵ قورئاندا لە خوێندنەوە و لەبەرکردن و تێڕامان و کارکردن .
٢. ڕوونکردنەوەی ئیسلام و ئیمان و ئیحسان و تەوحید و بەشەکانی شیرک .
٣. ڕوونکردنەوەی نوێژ .
٤. ڕوونکردنەوەی دەستنوێژ.
٥. خۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتە شەرعییەکان و دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە .
٦. وریاکردنەوە لە شیرک و جۆرەکانی سەرپێچی .
٧. ئامادەکردنی جەنازە و نوێژکردن لەسەری و بە خاک سپاردنی .

زانایان بۆ نوسینەکانیان بە (بەسمەلە)(١) دەست پێ دەکەن ؟

(١)	(٢)	(٣)	(٤)
وەکو شوێنکەوتنێکی کیتابەکەی خوای گەورە و پێغەمبەران.	وە کو چاولێکردنی فەرموودەی (كل أمر ذي بال ...) هەرچەندە فەرموودەکە (ضعيف)ە .	چاولێکردنی زانا پێشینەکان – رەحمەتی خوایان لێ بێت –	وەکو تەبەروکێک بە دەست پێکردن بە ناوی خوای بەخشندەوە.

١) بەسمەلە کورت کراوەی (بسم الله الرحمن الرحيم)ە

وانەی یەکەم

سورەتی (الفاتحة)و سورەتە کورتەکان .

سـورەتی (الفاتحة) و ئەوەی دەتوانرێت لە سورەتە کورتەکان، لە سـورەتی (الزلزلة) تاوەکو سورەتی (الناس)، خوێندنەوەی و چاککردنـی خوێندنـەوەی و لەبەرکردنـی و راڤەکردنی ئەوی پێویستە لێی تێ بگەین.

روونکردنەوە :

پێویسـتە هەموو رۆژێک – هەروەکو حاڵی پێشـینەکان– دە ئایەت لەبەر بکات لە گەڵ خوێندنەوەی راڤەکەی لە تەفسیرێکی کورتکراوە، وەکـو تەفسـیری (ابن سـعدي) –رەحمەتی خوای لێ بێت– و پشـت بەستن بە خوای گەورە لەسەر کارکردن پێی .

قوتابی زانست بە چی تەفسیرێک دەست پێ دەکات ؟

ئامۆژگاری قوتابی زانسـت دەکرێت بە تەفسیری (تيسير الكريم الرَّحمن في تفسـير كلام المنَّان) دەست پێ بکات لە نوسینی شەیخ (عبدالرحمن بن ناصر السـعدي) –رەحمەتی خوای لێ بێت و خوای گەورە لێی خۆش بێت– .

بۆ ؟

چونکە زانایان ئامۆژگاریان پێی کردووە و بایەخیان پێداوە	چونکە کورتکراوەیە، بۆیە دەگونجی کەسی سەرەتایی بیخوێنێتەوە	چونکە دەستەواژەکانی ئاسانە و روونە و هیچ ئاڵۆزییەکی تێدا نییە	چونکە یارمەتیدەرە بۆ کارکردن بە قورئان بە ئیزنی خوای گەورە	چونکە نوسەر –رەحمەتی خوای لێ بێت – بایەخ بە تەوحید دەدات

بەشەکانی خەڵکی لە گەڵ قورئاندا چەندن ؟

خەڵکی بەرانبەر بە قورئان بوونەتە سێ بەشەوە، دوو لا و ناوەندێک:

کەمتەرخەمی : بەشێک وازی لە قورئان هێناوە ئەویش بە :

- وازهێنان لە خوێندنەوەی
- واز هێنان لە لەبەرکردنی
- وازهێنان لە تێگەیشتن لێی
- وازهێنان لەکارکردن پێی
- وازهێنان لە چارەسەرکردن پێی

زیادەڕەوی : بەشێک قورئان دەخوێنێتەوە و لەبەری دەکات بەڵام بە بێ تێگەیشتن و بە بێ کارکردن پێی

ناوەند : بەشێک بەردەوامە لە خوێندنەوەی و لەبەرکردنی و تێگەیشتن لێی و پەنا بە خوا دەگرێت بۆ کارکردن پێی، ئەمەش حاڵی پێشینە چاکەکان و شوێنکەوتوانیان بووە.

خـوای گەورە دەفەرموێـت : ﴿ وَقَالَ ٱلرَّسُولُ يَٰرَبِّ إِنَّ قَوْمِي ٱتَّخَذُواْ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ مَهْجُورًا ﴾ الفرقـان: ٣٠ واتە : پێغەمبـەر گوتی: ئەی پەروەردگاری من! بێگومان–وەک خۆت ئاگاداریی قەوم و هۆزەکەم وازیان لەم قورئانە هێناو پشتگوێیان خست و بەدوایا نەچوون و لێی دوور کەوتنەوە!!)[1].

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إنَّ من ضئضيء هذا قوماً يقرؤون القُرآنَ لا يُجاوِزُ حَناجِرَهُمْ, يقتلون أهل الاسلام ويدعون أهل الاوثان, يَمْرُقونَ من الاسلام كما يَمْرُقُ السَّهْمُ من الرَّمِيَّةِ, لئن أنا أدركتهم لأقتلنهم قتل عاد)، واتە : لە نەوە و رەچەڵەکی ئەم کابرایە کەسانێک دەردەچن قورئان دەخوێننەوە کەچی لە قورگیان تێپەڕ نابێت، موسـڵمانان دەکوژن و واز لە بت پەرستان دەهێنن، لە ئیسلام دەردەچن هەروەکو چۆن تیر لـە کەوانەکەی دەردەچێت، ئەگەر مـن بەوان بگەم ئەوان هەموویان دەکوژم هەروەکو کوشـتنی عـاد (واتە : هەروەکو چۆن خوای گەورە هەمویانی لەناوبرد لە یەک کاتدا) .

[1] تەفسیری (رامان) مامۆستا ئەحمەدی کاکە محمود .

گوڵبژێرێک لە تەفسیری
(تيسير الكريم الرَّحمن في تفسير كلام المَنَّان)
لە نوسینی زانای پایەدار (عبدالرحمن السعدي) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- و چەند پرسیارێک لەسەری .

تەفسیری سورەتی (الفاتحة) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

﴿بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ١ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٢ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٤ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ الفاتحة: ١ - ٧

١- واتە : بە هەموو ناوێکی بەرز و باڵای خوا دەست پێ دەکەم، چونکە وشەی (اسم) ناوێکی تاکی (مضاف) ە، بۆیە هەموو ناوە بەرز و باڵاکان دەگرێتەوە، (ٱسۡمِ) : ئەو کەسەیە کە پەرستراوە و شایەنی ئەوەیە بە تاک دابنرێت لە پەرستندا، لەبەر ئەو هەموو صیفاتە خوداوەندییەی وەصف کراوە، ئەویش هەموو صیفاتی تەواو و کەمالن، ﴿ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾ : دوو ناون دەلالەت دەکەن لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە خاوەنی ڕەحمەتێکی فراوانی مەزنە کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە، وە هەموو زیندوویەکی گرتوەتەوە، وە خوای گەورە بۆ خۆپارێزەکانی نوسیویەتی ئەوانەی شوێنی پێغەمبەران و نێردراوانی کەوتوون، جا ئەوانە ڕەحمەتێکی ڕەهایان بۆ هەیە، وە جگە لەوانیش لەو ڕەحمەتە پشکێکیان بۆ هەیە .

ئەوەش بزانە کەوا لە بنەماکانی پێشینی ئەم ئوممەتە و

پێشەوایانی کە یەکدەنگن لەسەری : باوەڕبوونە بە ناوەکانی خوای گەورە و صیفاتەکانی و ئەحکامەکانی صیفاتەکان، بۆ نمونە : باوەڕیان وایە کەوا ئەو (رحمن رحیم)ـە خاوەنی ڕەحمەتێکە کە پێی وەصفکراوە و پەیوەستە بە ڕەحم پێکراوەکەوە، جا هەموو نیعمەتەکان شوێنەوارن لە شوێنەواری ڕەحمەتەکەی، ئا بەم شێوە لە هەموو ناوەکانی تردا .

دەربارەی (العلیم) دەگوترێت : ئەو خودایە زانایە و عەلیمە خاونی زانستە زانیارییەو هەموو شتێک دەزانێت، (قدیر) ە خاوەنی توانایەکە کە توانای هەموو شتێکی هەیە .

٢- ﴿ ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ﴾: بریتییە لە ستایش کردنی خوای گەورە بە هەموو صیفاتێکی کەمالەوە، وە بە هەموو کردارەکانی کە لە نێوان فەزڵ و دادپەروەریدا دەخولێتەوە، جا هەموو سوپاس و ستایشێکی کامل بۆ ئەوە لە هەموو ڕوویەکەوە .

٣-﴿ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الرَّب: پەروەردەکاری هەموو جیهانیانە بە دروست کردنیان – ئەوانەش بریتین لە هەموو شتێک جگە لە خوای گەورە– وە هەموو ئامرازەکانی بۆ ئامادە کردوون، وە چەندین نیعمەتی مەزنی بەسەریاندا ڕژاندووە، کەوا ئەگەر لە دەستیان بچێت نامێنن و لە ناودەچن، جا هەر نیعمەتێکیان هەیە ئەوا تەنها لە خوداوەیە.

وە پەروەردەکردنی خوای گەورە بۆ دروستکراوەکانی دوو جۆرە، گشتی و تایبەتی .

جا ئەوەی کە گشتییە بریتییە لە دروستکردنی دروستکراوەکان و ڕۆزی دانیان و ڕێنمویی کردنیان لەوەی بەرژەوەندی ئەوانی تێدایە لە مانەوەیان لە دونیادا .

وە تایبەتەکە بریتییە لە پەروەردەکردنی خۆشەویستانی خۆی،

جا لەسەر ئیمان پەروەردەیان دەکات، وە تەوفیقیان دەدات بۆی و کاملی دەکات، وە هەموو کۆسپ و ڕێگرییەکان لە نێوان ئەوان و خۆی و هەر هۆکارێک ببێتە هۆی دوورخستنەوەیان ئەوا لێیان دوور دەخاتەوە، وە حەقیقەتەکەشی بریتییە لە: پەروەردکردنی تەوفیق بۆ هەموو خەیرێک و پاراستنی لە هەموو خراپەیەک، وە ڕەنگە ئەم مانایە نهێنی ئەوە بێت کەوا زۆربەی نزا و پارانەوەی پێغەمبەران بە (الرب) پەروەردگارا. بێت، چونکە هەموو داواکانیان لە ژێر پەروەردەکردنی تایبەتدا جێی دەبێتەوە، جا ئەو ئایەتە ﴿ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ دەلالەت دەکات لەسەر بە تاکدانانی خوای گەورە بە دروستکردن و بەڕێوەبردن و نیعمەتەکان و کەمالی بێ نیازی و تەواوی هەژاری و پێویستی هەموو جیهانیان بۆ لای ئەو بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو ڕوویەکەوە .

٤- ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ المالک : ئەو کەسەیە کە بە صیفەتی (ملِك) پادشا وەصف دەکرێت کە لە شوێنەوارەکانی ئەوەیە : فەرمان دەکات و نەهی دەکات، وە پاداشت و سزا دەدات، وە لە دەسەڵاتەکەیدا بە هەموو جۆرەکانی ڕەفتارکردن ڕەفتار دەکات، وە وشەی (مَٰلِكِ) ی داوەتە پاڵ (يَوۡمِ ٱلدِّينِ) کە ئەویش ڕۆژی قیامەتە، چونکە لەو ڕۆژەدا خەڵکی پاداشتی کردەوەکانی خۆیان وەردەگرنەوە چاکە بە چاکە و خراپە بە خراپە، چونکە لەو ڕۆژەدا کەمالی مولکی خوای گەورە و دادپەروەری و حیکمەتی و بچران و نەمانی مولکی دروستکراوەکان بۆ خەڵکی ڕوون دەبێتەوە بە ڕوونییەکی تەواو، تەنانەت لەو ڕۆژەدا پادشاکان و ژێردەستەکان و بەندە و ئازادەکان تیایدا یەکسان دەبنەوە، هەموان ملکەچی مەزنی و عیزەتی ئەون و چاوەڕوانی ئەوەن

جەزایان بداتەوە و ئومێدی پادداشتەکەی دەکەن و لە سزاکەی دەترسن، بۆیە بە تایبەت باسی کردووەو ناوی هێناوە، ئەگەر نا ئەو خاوەنی رۆژی قیامەت و رۆژەکانی تریشە .

٥- مەبەست لە : ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ واتە : تەنها تۆ تایبەت دەکەین بە پەرستن و پەناگرتن، چونکە پێش خستنی (معمول)ەکە[1] سوودی حەصر دەگەیەنێت ئەویش بریتییە لە سەلماندنی حوکمە باسکراوەکەیە و نەفیکردنە لە جگە لە ئەو، هەروەکو ئەوەیە بڵێت : ئێمە تەنها تۆ دەپەرستین و جگە لە تۆ ناپەرستین، وە پەنا بە تۆ دەگرین و پەنا بە جگە لە تۆ ناگرین، وە پێشخستنی پەرستن بەسەر پەناگرتندا لە باس و بابەتی پێشخستنی گشتییە بەسەر تایبەتیدا، وە ئەویش لەبەر بایەخدان بە حەقی خوای گەورە بەسەر حەقی بەندەکانیدا .

وە پەرستن : (ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێی رازییە لە کردەوە و گفتارەکان، ئاشکرا و پەنهانەکان) .

وە پەناگرتن : (پشت بەستنە بە خوای گەورە لە بە دەست هێنانی سوودبەخشەکان و دوورخستنەوەی زیانبەخشەکان، لە گەڵ بوونی متمانەیەکی تەواو پێی لە بەدەستهێنانیدا) .

وە هەستان بە ئەنجامدانی خواپەرستی و پەناگرتن پێی بریتییە لە هۆکاری بەدەستهێنانی بەختەوەری هەتاهەتایی و رزگاربوون لە هەموو خراپەکان، جا هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەربازبوون ئیللا بە هەستان بەو دوو کارە نەبێت، وە بەو پەرستنە دەگوترێت پەرستن ئەگەر هاتوو لە پێغەمبەری

[1] واتە : پێشخستنی (مفعول به) (ایاک) ودواخستنی (فعل و فاعل)ەکە کە (نعبدُ) ە.

خوداوە (ﷻ) وەرگیرابێت و مەبەست لێی تەنها خوا بێت، جا بە ئەم دوو کارە دەبێتە پەرستن، وە باسکردنی پەناگرتن لە پاش پەرستن هەرچەندە بەشێکە لەو چونکە بەندە لە هەموو پەرستنەکانیدا پێویستی بە پەناگرتن بە خوای گەورە هەیە، چونکە ئەگەر خوای گەورە یارمەتی نەدات ئەوا ناتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات، لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە نەهی کراوەکان، ئەمجار خوای گەورە فەرموویەتی :

٦- ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾: واتە : ڕێگامان نیشان بدە و ڕێنموییمان بکە و تەوفیقمان بدە بۆ ڕێگای ڕاست، کە ڕێگایەکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەو کەسەی لەسەری بڕوات دەیگەیەنێتە خوا و بەهەشتەکەی، ئەویش ناسینی حەق و کارکردنە پێی، بۆیە ڕێنموییمان بکە بۆ سەر ڕێگاکە، وە ڕێنموییمان بکە لەسەر ڕێگاکە، جا ڕێنمویی بۆ ڕێگاکە دەستگرتنە بە دینی ئیسلامەوە و وازهێنانە لە دینەکانی تر، وە ڕێنمویی لەسەر ڕێگاکە ڕێنمویی هەموو وردەکارییەکانی دینەکە دەگرێتەوە لە زانست و کردارەکان، جا ئەم پارانەوەیە لە کۆکەرەوەترین و سوودبەخشترین پارانەوەیە بۆ بەندە، بۆیە واجیب کراوە لەسەر مرۆڤ کەوا لە هەموو رکاتەکانی نوێژەکانیدا ئەم دوعایە بکات لەبەر پێویست بوونی پێی، وە ئەم ڕێگا راستە ئەو ڕێگایەیە کە :

٧- ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾لە پێغەمبەران و صدیقەکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان، ﴿غَيۡرِ﴾ ڕێگای ﴿ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ﴾ ئەوانەی کە حەقیان ناسی و وازیان لێ هێنا وەکو جولەکە و نمونەی ئەوانە، وە نەک

رێگای ﴿ٱلضَّآلِّينَ﴾ ئەوانەی وازیان لە حەق هێنا لەسەر نەفامی وەکو گاورەکان و نمونەی ئەوان .
جا ئەم سورەتە لە گەڵ ئەوەی سورەتێکی کورتە هێندەی بابەتی گرنگی تێدایە کە هیچ سورەتێک لە سورەتەکانی تری قورئان ئەوەی تیادا نییە، ئەوەتا هەرسێ جۆرەکەی تەوحیدی تیادایە : تەوحیدی پەروەردگاریێەتی (الربوبية) لەو ئایەتەوە وەردەگیرێت کە دەفەرموێت : ﴿رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ وە تەوحیدی خوداوەندێتی (الإلهَّية) – ئەویش بریتییە لە بە تاکدانانی خوای گەورە لە پەرستندا– لەو وشەیەوە وەردەگیرێت کە دەفەرموێت (ٱللَّهِ) و لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ هەروەها تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی تێدایە (الأسماء والصفات) – ئەویش بریتییە لە سەلماندنی صیفاتی کەمال و تەواو بۆ خوای گەورە ئەوانەی بۆ خۆی سەلماندوویەتی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەلماندوویەتی بە بێ هیچ لەکارخستنێک و لێکچوونێک و شوبهاندنێک – وە ئەوەی دەلالەتی بۆ دەکات ئەو وشەیەیە کە دەفەرموێت : ﴿ٱلۡحَمۡدُ﴾ هەروەکو لە پێشدا باسکرا .
هەروەها سەلماندنی پێغەمبەرایەتی لە خۆ گرتووە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ چونکە ئەوە هەرگیز بە بێ پەیام نابێت .
هەروەها سەلماندنی سزای کردەوەکانی تێدایە لەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ﴾ وە سزا بە دادپەروەری دەبێت، چونکە ﴿ٱلدِّينِ﴾ مانای سزایە بە دادپەروەری .
هەروەها سەلماندنی قەدەری لە خۆگرتووە، وە بەندە بکەری راستەقینەیە بە جیاواز لە گەڵ گرووی قەدەری و جەبرییەکاندا

بەڵکــو وەڵامــی هەموو ئەهلــی بیدعە و گومڕایــی تیادایە لەو ئایەتــەی کــە دەفەرموێــت : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾ چونکە ئەوە ناسینی حەقە و کارکردنە پێی، وە هەموو بیدعەکارێک و گومڕایەک جیاوازە لەوەدا .

هەروەها ئیخلاصی دینی بۆ خوای گەورەی تیادایە بە پەرستن و پەناگرتــن لــەو ئایەتەی کە دەفەرموێــت: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾. بۆیــە ســوپاس و ســتایش بــۆ پــەروەردگاری جیهانیان.

تەفسیری (آيــة الكرسي)

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ البقرة: ٢٥٥

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پێداوین کەوا ئەم ئایەتە مەزنترین ئایەتەکانی قورئانە، لەبەر بوونی ئەو هەموو مانای تەوحید و مەزنی و فراوانی صیفاتەکانی خوای گەورەی تێدایە، جا هەواڵی پێداوین کە ئەو﴿ ٱللَّهُ ﴾یە کە هەموو ماناکانی خوداوەندێتی هەیە، وە هیچ کەسێک شایەنی خوداوەندێتی و پەرستن نییە ئیللا ئەو نەبێت، وە خوداوەندێتی جگە ئەو و پەرستنی جگە لە ئەو پوچەڵە، هەروەها ئەو ﴿ٱلۡحَيُّ ﴾ یە کە هەموو ماناکانی زیندوویی کاملی هەیە لە بیستن و بینین و توانا و ئیرادە و جگە لەوانە لە صیفاتە زاتییەکان، هەروەها ئەو ﴿ٱلۡقَيُّومُ ﴾ ـە هەموو صیفاتە کردارییەکان لە خۆ دەگرێت چونکە ئەو (القیوم) واتە خۆی بە هەموو کارەکان هەڵدەستێ و بێ نیازە لە هەموو دروستکراوەکان، وە هەستاوە بە هێنانە دی هەموو بوونەوەرەکان و مانەوەیان و کۆمەکی کردوون بە هەموو پێداویستیەک کە پێیوستیان پێیەتی بۆ بوون و

مانەوەیان، وە لە بەر کەمالی زیندوویەتی و قەییومیەتی ئەو خوایە ﴿لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ﴾ واتە: خەوەنوچکە ﴿وَلَا نَوۡمٞ﴾ چونکە خەوەنوچکە و خەولێکەوتن توشی دروستکراوەکان دەبێت کە توشی لاوازی و بێ توانایی و هەڵوەشان دەبن، وە توشی کەسێک نابێت کە خاوەنی مەزنی و دەسەڵات و شکۆمەندی بێت، وە هەواڵی داوە کەوا ئەو خاوەنی هەموو ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدان، هەمویان بەندەی خوان و کۆیلەی ئەون هیچ کەسێک لەوان لەم سنووورە دەرناچن ﴿إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا﴾ [1] مریم: ٩٣، جا ئەو خاوەنی هەموو مولکەکانە و هەر ئەو خاوەنی صیفاتی مولک و تەصەروف و سولتان و دەسەڵاتە، وە لە بەر تەواوی مولکەکەی هیچ کەسێک ﴿يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ﴾ هیچ کەسێک شەفاعەتی لاناکات ﴿إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ﴾ جا هەموو خاوەن پایەکان و شەفاعەتکارەکان بەندەی ئەون و مولکی ئەون ناتوانن هیچ شەفاعەتێک بکەن تاوەکو ئەو مۆڵەتیان پێ نەدات ﴿قُل لِّلَّهِ ٱلشَّفَٰعَةُ جَمِيعٗاۖ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ﴾ [2] الزمر: ٤٤، وە خوای گەورە ئیزن بە هیچ کەسێک نادات شەفاعەت بکات ئیللا لە کەسێک رازی بووبێت وە لە هیچ شتێک رازی نابێت ئیللا یەکتاپەرستی و شوێنکەوتنی پێغەمبەرانی نەبێت، جا هەرکەسێک ئەم صیفاتانەی تێدا نەبێت ئەوا هیچ پشکێکی لە شەفاعەتدا نییە، ئەمجار هەواڵی داوە دەربارەی زانستە فراوانەکەی کە هەموو شتێکی گرتوەتەوە،

---

١) بەراستی هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدایە سەرجەم هەموو بە بەندێتی و خولامەتی دێنە لای پەروەردگاری بەخشەرو و ملکەچی دەبن.(تەفسیری رامان)

٢) بلێ: لێبوردن و بەخشین و تکاو شەفاعەت سەرلەبەر تەنها بۆ خوایە، هیچ کەسێکی دیکە شتێکی بە دەست نیە خاوەنێتی ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ ئەوە. (تەفسیری رامان)

هەموو ئەوەی لە بەر دەستی دروستکراوەکاندایە دەیزانێت لە کاروباری ئایندەیان کە کۆتایی نییە ﴿وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ﴾ لە کاروباری رابوردویان کە سنوری نییە، وە هیچ شتێکی لێ ناشاردرێتەوە ﴿يَعۡلَمُ خَآئِنَةَ ٱلۡأَعۡيُنِ وَمَا تُخۡفِي ٱلصُّدُورُ﴾ [1] غافر: ١٩، وە هیچ یەکێک لە دروستکراوەکان دەورەی زاست و زانیاری خوای گەورە نادەن ﴿إِلَّا بِمَا شَآءَۚ﴾ لەوانە، ئەویش ئەو زانیارییە شەرعی و قەدەرییانەیە، ئەویش بەشێکی زۆر کەمە کە لە زانست و زانیارییەکانی خوادا بزر دەبن، هەروەکو شارەزاترین کەس دەربارەی فەرموویانە کە ئەوانیش پێغەمبەران و فریشتەکانن: ﴿سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا مَا عَلَّمۡتَنَآۖ﴾ [2] البقرة: ٣٢.

ئەمجار دەربارەی مەزنی و شکۆمەندی خۆی هەواڵی پێداوین کەوا کورسیەکەی تەواوی ئاسمانەکان و زەوی داگرتووە، وە خوای گەورە هەمووی پاراستووە و هەموو ئەوانەی تێیدایە لە جیهانییەکان لە ڕێگای ئەو هۆکار و سیستەمانەی کە خوای گەورە بۆ دروستکراوەکان داینناوە، لە گەڵ ئەوەشدا پاراستنی هەردوو (واتە: ئاسمانەکان و زەوی) لای ئەو قورس نین لەبەر کەمالی مەزنی و توانا و فراوانی دانایی لە ئەحکامەکاندا، ﴿وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ﴾ -بەرزە- بە زاتی خۆی بە سەر هەموو دروستکراوەکانیدا، هەر ئەویش بەرزە بە مەزنی صیفاتەکانی، هەر ئەویش بەرزەو زاڵ بووە بەسەر دروستکراوەکاندا، وەهەموو بوونەوەرەکان ملکەچی ئەون و شتە ئەستەم و گرانەکان بۆی هاتنە چۆک و گەردن کەشەکان

١) ئەو خوایە هەمیشە بەچاوە خیانەتکارەکان- بەرامبەر بە نافەرمانی خۆی- دەزانێت و بەوەش سینەکان حەشاری دەدەن(تەفسیری رامان)

٢) ئەوانیش گوتیان: تۆ پاک وبێخەوشی، ئێمە هیچ زانیارییەکمان نیە، مەگەر ئەوەی خۆت فێرت کردبین. (تەفسیری رامان)

زەلیلی بەردەستی ئەو بوون ﴿ٱلۡعَظِيمُ﴾ کۆکەرەوەی هەموو صیفاتی مەزنی و دەسەڵات و شکۆمەندی و گەورەیی، ئەوەی کە خۆشەویستی دڵانە و ڕۆحەکان بە مەزنی دەزانن، وە هەموو عاریفان دەزانن کەوا مەزنی هەموو شتێک هەرچەندە مەزن بێت ئەوا لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە و نامێنن بەرانبەر بە مەزنێتی خوای بەرز و مەزن.

جا ئایەتێک کە ئەم هەموومانایانە لە خۆ بگرێت کە لە شکۆمەندترین ماناکانە بەراستی شایەنی ئەوەیە ببێتە مەزنترین ئایەتەکانی قورئان، وە شایەنی ئەوەیە هەرکەسێک خوێندیەوە بە تێڕامان و تێگەیشتنەوە کەوا دڵی پڕ بێت لە دڵنیایی و یەقین و عیرفان و ئیمان، وە بەو کارەی پارێزراو بێت لە خراپەی شەیتان.

تەفسیری سورەتی ﴿ الزلزلة ﴾ ئەوەیش سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا ﴿١﴾ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴿٢﴾ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ مَا لَهَا ﴿٣﴾ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا ﴿٤﴾ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَىٰ لَهَا ﴿٥﴾ يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿٦﴾ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُۥ ﴿٨﴾ ﴾

(١–٢) خوای گەورە هەواڵی ئەو رووداوانە دەدات کە لە رۆژی قیامەتدا روو دەدەن، وە زەوی دێتە لەرزە و بە تووندی دەهەژێت و دەلەرێتەوە تاوەکو هەموو نیشانە و هێما و خانوویەکی لەسەر دەکەوێت، چیاکان خاپوور دەبن، گرد و تەپۆڵکەکان یەکسان و راست دەبنەوە لە گەڵ زەوییەکەدا، شوێنەکەشیان دەکاتە دەشتێکی ساف و پان و کاکی بە کاکی، وەک هەر هیچی تیا نەبووبێ، هیچ خواریی و نارێکی و بەرزی و نزمی تیا نابینی، هەمووی یەک پارچە ئەبێتەوە، ﴿ وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا ﴾ واتە : ئەوەی لە ناو سکیدایە لە کانزا و مردووەکان – دەریدەهێنێ و فرێی دەداتە دەرەوە–.

٣– ﴿ وَقَالَ ٱلْإِنسَٰنُ ﴾: کاتێ ئەوەی توشی دەبێت لەو کاروبارە مەزنە (چونکە ئەو کارە بە مەزن دەزانێت) ﴿ مَا لَهَا ﴾ واتە : چی شتێک توشی بووە ؟!

٤–٥ – ﴿ يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ ﴾ زەوی ﴿ أَخْبَارَهَا ﴾ واتە : شایەتی دەدات

لە سەر ئەوانەی لە سەر پشتی چاکە و خراپەیان کردووە، چونکە زەویش یەکێکە لەو شایەتانەی کە شایەتی لەسەر کرداری بەندەکان دەدەن، چونکە : ﴿ بِأَنَّ رَبَّكَ أَوۡحَىٰ لَهَا ﴾ واتە : ئەو فەرمانی پێکردووە بۆ ئەوەی هەواڵ بدات دەربارەی ئەو کردارانەی لەسەری ئەنجام دراون، بۆیە ئەویش سەرپێچی فەرمانەکەی ناکات .

٦- ﴿ يَوۡمَئِذٖ يَصۡدُرُ ٱلنَّاسُ ﴾ لە مەوقیفی قیامەت (کاتێ خوای گەورە داوەری دەکات لە نێوانیاندا) ﴿ أَشۡتَاتٗا ﴾ چەند کۆمەڵێکی جیا جیا (جیاواز) ﴿ لِّيُرَوۡاْ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴾ واتە : بۆ ئەوەی ئەو کارانەی ئەوان کردوویانە خوای گەورە پیشانیان بدات لە چاک و خراپە، وە پاداشت و سزا پاشەکەوت کراوەکەیان ببینن .

٧-٨- ﴿ فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ ٨ ﴾ ئەمەش گشتگیرە هەموو چاکە و خراپەیەک دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر هاتوو بە ئەندازەی دەنکە وردیلەیەکی بینی کە کەمترین شتەو پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە جا ئەوەی لەسەرەوەی ئەوە بێت ئەوا لە پێشتر و شایستەترە، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَوۡمَ تَجِدُ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا عَمِلَتۡ مِنۡ خَيۡرٖ مُّحۡضَرٗا وَمَا عَمِلَتۡ مِن سُوٓءٖ تَوَدُّ لَوۡ أَنَّ بَيۡنَهَا وَبَيۡنَهُۥٓ أَمَدَۢا بَعِيدٗاۗ ﴾ [١]، آل عمران: ٣٠ ﴿ وَوَجَدُواْ مَا عَمِلُواْ حَاضِرٗاۗ ﴾ [٢] الكهف: ٤٩، ئەمەش هاندانی تێدایە بۆ ئەنجامدانی چاکە

١) بترسن لەو رۆژەی کە هەموو کەسێک هەر چاکەیەکی کردبێت! دۆسیەو پەروەندەی بۆکراوەو دەیبینێ و' پێی دڵخۆش ئەبێت ' هەرکارێکی خراپیشی کردبێت 'دیسان دەیبینێ و ئاوات خوازە کە لەنێوان خۆیی و کارە خراپەکانیدا مەوداو ماوەیەکی زۆر دوور ببوایەو هەرچاوی پێ نەکەوتبا. (تەفسیری رامان) .

٢) ئەوسا پاداشتی کارو کردەوەکانی خۆیان بە حازری دەبینن ووەری دەگرن

هەرچەندە کەمیش بێت، وە ترسـاندنی تێدایە لە ئەنجامدانی خراپە هەرچەندە کەمیش بێت .

تەفسیری سورەتی (العادیات)ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا ﴿١﴾ فَٱلْمُورِيَٰتِ قَدْحًا ﴿٢﴾ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ﴿٣﴾ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ﴿٤﴾ فَوَسَطْنَ بِهِۦ جَمْعًا ﴿٥﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴿٦﴾ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴿٧﴾ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ لَشَدِيدٌ ﴿٨﴾ ۞ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ﴿٩﴾ وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ﴿١٠﴾ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌۢ ﴿١١﴾

١- خوای گەورە سـوێندی خواردووە بە ئەسـپ لەبەر بوونی چەندین نیشانەو ئایەتی ئاشکراو رۆشن ونیعمەتە رووتەکانی کەوا ئاشکرایە لای هەموو خەڵکی، هەروەها سوێندی خواردووە پێی لە حاڵەتێکیدا کە هیچ گیانداڕێکی تر تیایدا بەشدار نییە، دەفەرموێت : ﴿وَٱلْعَٰدِيَٰتِ ضَبْحًا﴾ واتە : ئەو ئەسپانەی کە بە تـاو غاردەدەن بە غاردانێکـی توند و بە هێز کە دەنگێکی لێوە دەردەچێت، دەنگی هەناسـەیەتی کە لە سـنگییەوە دەردەچێت

(تەفسیری رامان)

لە کاتی تۆندی تاودان و غاردانیدا .

٢- ﴿ فَٱلْمُورِيَٰتِ ﴾ بە سەمەکانی کاتێ بەسەر بەردەکاندا دەدەن ﴿ قَدْحًا ﴾ رەقی و هێزی سەمەکانیان بریسکەی ئاگر دەکاتەوە کاتێ غاردەدەن .

٣- ﴿ فَٱلْمُغِيرَٰتِ ﴾ بەسەر دوژمندا ﴿ صُبْحًا ﴾ ئەمەش زۆر جار وا دەبێت، کەوا هێرش و پەلامار بە بەیانیان دەبێت .

٤-٥- ﴿ فَأَثَرْنَ بِهِۦ ﴾ واتە : بە هۆی غاردان و هێرشیانەوە ﴿ نَقْعًا ﴾ واتە : تەپ و تۆز ﴿ فَوَسَطْنَ بِهِۦ ﴾ واتە : بە سوارەکەیانەوە ﴿ جَمْعًا ﴾ واتە : دەچنە ناوراستی ئەو دوژمنانەی کە هێرشیانە کردووەتە سەر .

٦- ئەوەی سوێندی لەسەر دەخوات ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٌ ﴾ واتە : رێگرە لە چاکەکردن کە هی خوایە بە سەریەوە، جا سروشتی مرۆڤ وایە کە نەفسەکەی رێگەی پێ نادات بە ئەنجامدانی ئەو مافانەی لەسەریەتی و بە تەواوی جێ بە جێی بکات، بەڵکو سروشتی ئەو تەمبەڵی و رێگری کردنە لە ئەنجامدانی ئەوەی لە سەریەتی لە مافە دارایی و جەستەیەکان، ئیللا ئەو کەسەی نەبێت کە خوای گەورە هیدایەتی داوە و لەم وەصفە دەرچوو بۆ وەصفی رێگەدان بە ئەنجامدانی مافەکان .

٧- ﴿ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٌ ﴾ واتە : مرۆڤ خۆی شایەتە و باش دەزانێت دەربارەی نەفسی خۆی لە رێگری کردن و ناشکوری کردن کەچی نکۆڵی و ئینکاری لێ ناکات، چونکە ئەوە کارێکی ڕوون و ئاشکرایە، وە رەنگە راناوەکە[1] بگەڕێتەوە بۆ خوای گەورە، واتە : بەندە رێگرە بۆ ئەنجامدانی چاکەکەکردن بۆ خواکەی، وە خوای گەورەش شایەتە لەسەر ئەوە، جا لەمەدا

١) مەبەستی راناوی (هاء)ەکەی لە وشەی (وإنه) .

هەرەشــەیەکی تونــدی تێدایە بۆ ئەو کەســانەی کە ڕێگرن لە ئەنجامدانی چاکە بۆ خوایەکەیان بەوەی خوای گەورە شایەتە بە سەریەوە .

٨- ﴿ وَإِنَّهُۥ ﴾ واتــە : مــرۆڤ ﴿ لِحُبِّ ٱلْخَيْرِ ﴾ واتە : ســەروەت و ســامان ﴿ لَشَدِيدٌ ﴾ واتــە : زۆر ســامانەکەی خۆش دەوێت ، وە ئەو خۆشویســتنەی بۆ ســامانەکەی وای لێکردووە واز لەو مافانە بهێنی کە واجیبە بە سەریەوە ، حەزو ئارەزووی نەفسی خــۆی پێش ڕازی بوونی خوای خســتووە ، هەمــوو ئەو کارانە چونکــە بیر لەم دونیایە دەکاتەوە و بــێ ئاگا بووە دەربارەی دواڕۆژ .

٩-١٠- بۆیە خوای گەورە هانمان دەدات بۆ ترسان لە ڕۆژی قیامەت و دەفەرموێت : ﴿ أَفَلَا يَعْلَمُ ﴾ واتە : ئایە ئەم کەسە لە خۆباییە نازانێت ﴿ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي ٱلْقُبُورِ ﴾ واتە : خوای گەورە مردووەکان لە گۆڕەکانیان دەردەهێنێت بۆ زیندووبونەوە و حەشر کردنیان ، ﴿ وَحُصِّلَ مَا فِي ٱلصُّدُورِ ﴾ ئەوەی لە ســینگەکاندا شــاراوە بوو لە چاکە و خراپە هەموو ئاشکراو ڕوون بوویەوە ، جا چیتر ئەوەی نهێنی بوو ئاشــکرا بوو ، ئەوەی پەنهان بوو دەرکەوت ، وە بە بەرچاوی دروستکراوەکانەوە ئەنجامی کارەکانیان دەرکەوت و ئاشکرا بوو .

١١- ﴿ إِنَّ رَبَّهُم بِهِمْ يَوْمَئِذٍ لَّخَبِيرٌ ﴾ واتە : ئاگای لە کارە ئاشــکراو پەنهانەکانیــان هەیــە ، شــاراوە و دیارەکان ، وە پاداشــتیان دەداتەوە لە ســەری ، وە ئاگابوونی بەوان لەو ڕۆژەدا تایبەت کــردووە هەرچەندە ئەو ئاگاداری ئەوانە لــە هەموو کاتێکدا ، چونکە مەبەســت لەم پاداشتە لەسەر کردەوەکان ، سەرچاوەی لە زانست و ئاگای خواوە گرتووە .

تەفسیری سورەتی (القارعة) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴿١﴾ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٣﴾ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴿٤﴾ وَتَكُونُ ٱلْجِبَالُ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴿٥﴾ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٦﴾ فَهُوَ فِى عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴿٨﴾ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴿٩﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴿١٠﴾ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴿١١﴾ ﴾

١-٣- ﴿ ٱلْقَارِعَةُ ﴾ یەکێکە لە ناوەکانی رۆژی قیامەت، بەو ناوەوە ناونراوە چونکە خەڵکی رادەچەڵەکێنێ و بێزاریان دەکات بە هۆی ترسناکییەکەیەوە، جا کارەکەی زۆر مەزن و گەورەیە، ﴿ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْقَارِعَةُ ﴾

٤- ﴿ يَوْمَ يَكُونُ ٱلنَّاسُ ﴾ لەبەر تۆندی ترس و بیمەکەی ﴿ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾ واتە: هەروەکو کوللەی بڵاو کە دەچن بە یەکدا، وە (الفراش) برتییە لەو گیاندارانەی کە بە شەو دێن و دەچن بە یەکدا و نازانن بۆ کوێ بڕۆن، ئەگەر لەوکاتەدا ئاگرێکیان بۆ بکرێتەوە بەرەو لای دەڕۆن لەبەر کەمی تێگەیشتنیان، جا ئەمە حاڵی خەڵکی خاوەن عەقڵە.

٥- بەڵام شاخە رەق و بێ ئاگاکان ئەوا ﴿ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾ واتە: وەکو خوری شیکراوە کە بە لاوازی ماونەتەوە بە هۆی کەمترین (با)وە بە ئاسماندادێن و دەچن، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَتَرَى ٱلْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ ٱلسَّحَابِ ﴾ [1] النمل: ٨٨ ئەمجار لە پاش ئەوە بە بادا دەچن و هیچی لێ نامێنێت تاکو ببینرێت، جا ئەو کاتە تەرازووەکان دادەنرێن و خەڵکی دەبنە دوو بەشەوە : بەختیارەکان و بەدبەختەکان .

٦-٧- ﴿ فَأَمَّا مَن ثَقُلَتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ واتە : چاکەکانی زاڵ بوو بەسەر خراپەکانیدا، ﴿ فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾ لە بەهەشتی بەریندا (خوشگوزران دەبێت).

٨-١١/ ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَٰزِينُهُۥ ﴾ بەوەی کە هێندە چاکەی نەبێت بەرگەی خراپەکانی بگرێت، ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾ واتە: دەرئەنجام و دااڵدەی ئاگر دەبێت کە یەکێک لە ناوەکانی (الهاوية)یە، هێندە پەیوەست دەبن بە یەکەوە هەروەکو دایکی دەبێت بۆی، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ﴾ [2] الفرقان٦٥، وە دەڵێن : ماناکەی ئەوەیە : مێشکی دەکەوێتە ناو ئاگرەوە، واتە : بە سەردا فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە، ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴾ ئەمەش بە مەزن راگرتنی کاروبارەکەیەتی، ئەمجار تەفسیری کردووە و فەرموویەتی: ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌۢ ﴾ واتە : گەرمایەکەی توند و زۆرە، گەرمی ئەو ئاگرە لە گەرمی ئاگری دونیا بە حەفتا جار زیاترە، داوا لە خوا دەکەین لەو ئاگرە بمانپارێزێ .

[1] لەکاتی نەفخەی یەکەمدا تۆ کێوەکان ئەبینی وا دەزانیت وەستاون و ناجوڵێن و تەکان نادەن و 'وەک جاران تابتن' کەچی وەک هەور بەتوندی دێن و ئەڕۆن ولە جووڵەدان و لەجێی خۆیان ترازاون . (تەفسیری رامان) .

[2] چونکە سزای دۆزەخ سزایەکی جیا نەبووەو لە کۆڵ نەکەوتووە.(تەفسیری رامان).

تەفسیری سورەتی (ألهاكم التكاثر) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ أَلۡهَىٰكُمُ ٱلتَّكَاثُرُ ١ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ٢ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٣ ثُمَّ كَلَّا سَوۡفَ تَعۡلَمُونَ ٤ كَلَّا لَوۡ تَعۡلَمُونَ عِلۡمَ ٱلۡيَقِينِ ٥ لَتَرَوُنَّ ٱلۡجَحِيمَ ٦ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيۡنَ ٱلۡيَقِينِ ٧ ثُمَّ لَتُسۡـَٔلُنَّ يَوۡمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ٨ ﴾

١- خوای گەورە سەرزەنشتی بەندەکانی خۆی دەکات لەبەر سەرقاڵ بوونیان لەوەی بۆی دروست کراون کە ئەویش پەرستنی خوای تاک و تەنها و بێ هاوەڵە و ناسینی و گەڕانەوە بۆ لای و پێشخستنی خۆشەویستی ئەو بەسەر هەموو شتێکدا و دەفەرموێت : ﴿ أَلۡهَىٰكُمُ ﴾ لەوەی باسکرا ﴿ ٱلتَّكَاثُرُ ﴾ باسی ئەو زیادکراوەی نەکردووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە خەڵکی زیادی دەکەن و شانازی پێوە دەکەن لە سەروەت و سامان و منداڵ و پشتیوانان و سەرباز و خزمەتکار و رووی کۆمەڵایەتی و جگە لەوانە کە مەبەستی هەریەکە لەوانە زیاد کردنیەتی بە سەر ئەوانی تردا، وە مەبەست لێی خوای گەورە نییە .

٢- بێئاگایی وسەرقاڵی و رابواردنتان بەردەوام بوو ﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴾ جا ئەو کاتە ئەوەی داتانی پۆشی بوو ئاشکرا بوو، بەڵام ئەو کات نەتانتوانی بگەڕێنەوە، وە ئەو ئایەتە ﴿ حَتَّىٰ زُرۡتُمُ ٱلۡمَقَابِرَ ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا (بەرزەخ) ئەو ماڵەیە

کە مەبەست لێی تێپەڕبوونە پێیدا بەرەو دواڕۆژ، چونکە خوای گەورە ناوی ئەوانی ناوە میوان (زائرین) و ناوی لێ نەناون نیشتەجێبوان (مقیمین)، ئەمەش بەڵگەیە کەوا زیندوو بوونەوە و سزا لەسەر کردەوەکان لە ماڵێکدایە کە بەردەوامە و لە ناوناچێت .

٣-٦- بۆیە هەڕەشەیان لێ دەدات و دەفەرموێت : ﴿ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ۝٣ ثُمَّ كَلَّا سَوْفَ تَعْلَمُونَ ۝٤ كَلَّا لَوْ تَعْلَمُونَ عِلْمَ ٱلْيَقِينِ ﴾ واتە : ئەگەر بزانن بەوەی لە پێشتانە بە زانینێک بگاتە دڵەکانتان ئەوا ئەو (زۆربوونە) بێ ئاگای نەدەکردن، وە هەڵدەستان بە ئەنجامدانی کاری چاکە، بەڵام نەبوونی زانستێکی حەقیقی بەرەو ئەو ئاقارە بردنی ﴿ لَتَرَوُنَّ ٱلْجَحِيمَ ﴾ واتە : قیامەت بە چاوی خۆتان دەبینن، جا بە دڵنیاییەوە ئەو دۆزەخە دەبینن کە خوای گەورە بۆ بێباوەڕان ئامادەی کردووە .

٧-﴿ ثُمَّ لَتَرَوُنَّهَا عَيْنَ ٱلْيَقِينِ ﴾ واتە : بە بینینی چاوەکانتان، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَرَءَا ٱلْمُجْرِمُونَ ٱلنَّارَ فَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مُّوَاقِعُوهَا وَلَمْ يَجِدُواْ عَنْهَا مَصْرِفًا ﴾ الكهف[1] /٥٣ .

٨- ﴿ ثُمَّ لَتُسْـَٔلُنَّ يَوْمَئِذٍ عَنِ ٱلنَّعِيمِ ﴾ ئەو نیعمەتەی کە لە دونیادا لەسایەیدا بوون، ئایە هەستان بە شوکرکردنی و حەقی خوای گەورەتان تێیدا دا ؟ وە پەناتان پێ نەگرت بۆ ئەنجامدانی سەرپێچییەکان، بۆ ئەوەی ئێستا نیعمەتێکی بەرزتر و چاکترتان پێ ببەخشێ ؟ یان پێی مەغرور بوون، وە

[1]) جا لەو ڕۆژەدا تاوانباران بەچاوی خۆ ئاگری دۆزەخ دەبینن دڵنیادەبن و تێدەگەن کە هەر دەخرێنە ناوییەوە وئیدی پەناگاو خۆلادانێکیشیان دەست ناکەوێ، تا خۆیان لێ بشارنەوە(تەفسیری رامان).

هەڵنەستان بە شوکرکردنی، بەڵکو ڕەنگە پەناتان پێ گردبێت لەسەر ئەنجامدانی سەرپێچییەکان جا لەسەر ئەوە سزاتان بدات ؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ ﴾ الأحقاف[1] / ٢٠.

تەفسیری سورەتی (والعصر) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَٱلْعَصْرِ ۝١ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ ۝٣ ﴾

(١-٣) خوای گەورە سوێندی بە کات خواردووە کە ئەویش بریتییە لە شەو و ڕۆژ، کاتی کردار و کردەوەی مرۆڤەکانە، کەوا مرۆڤەکان هەموویان لە خەسارەتمەندان، خەسارەتمەندیش دژی سوود و قازانجە، خەسار و زەرەریش چەند پلەیەکی جیاوازی هەیە، ڕەنگە زەرەرێکی ڕەها بێت وەکو حاڵی ئەو کەسانەی دونیا و دوارۆژیان زەرەر کردووە، وە خۆشگوزرانی

[1] وە ڕۆژێک ئەوانەی کە بێ باوەڕن بەرامبەر ئاگر ڕائەنوێنرێن و نیشانیان ئەدرێ پێیان ئەوترێ: ئێوە لە ژیانی دونیادا، هەرچی خۆشی و، ڕابواردنێکتان هەبوو ئەنجامتاندا، ئیتر بەشی ئێرەتان نەهێڵایەوە وە بەهرەوەر بوون پێیان ئینجا ئەمڕۆش پاداشت دەدرێتەوە بە سزای سەرکز کەر بەهۆی ئەوە کە بەناهەق خۆتان بە زل دادەنا لەسەر زەوی وە بەهۆی ئەو گوناهو تاوانەوە دەتانکرد.(تەفسیری ڕامان).

لــە دەســت دەرچووە و شــایەنی دۆرزەخ بــووە، وە ڕەنگە لە هەندێ ڕووەوە زەرەری کردبێت لە هەندێکی نەیکردبێت، بۆیە خــوای گەورە خەســار و زەرەری گشــتگیر کــردووە بۆ هەموو مرۆڤەکان ئیللا ئەو کەسانە نەبێت کە ئەم چوار صیفاتانەیان تیادایە :

- باوەڕ بــەوەی کە خوای گەورە فەرمانــی پێکردووە باوەڕی پێ بهێنین، وە باوەڕیش دروســت نابێت ئیللا بە زانســت و زانیاری نەبێت، چونکــە ئەوە لقێکە لە ئەو و تەواو نابێت ئیللا بەوەوە نەبێت .
- کار و کــرداری چاک، ئەمەش گشــتگیرە بــۆ هەموو کارێکی چــاک، ئاشــکرا و پەنهانــەکان، ئــەوەی پەیوەســتە بــە مافەکانی خوا و بەندەکانییەوە، ئەوەی کە واجیبە و ئەوەی موستەحەبە .
- وەسێت و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن بە دەستگرتن بە حەقەوە، کــە ئەویــش باوەڕبوون بە خوا و کــرداری چاکەیە، واتە : هەندێکیــان ئامۆژگاری ئەوانی تــر دەکەن بەو کارە و هانی یەکتر دەدەن لەسەری.
- وەسێت و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن لەسەر ئارامگرتن لەسەر ئەنجامدانی گوێڕایەڵی خوا و دوور کەوتنەوە لە سەرپێچی خــوای گەورە، وە لەســەر قــەدەرە بە ئــازارەکان، بە دوو کارە یەکەمەکــە بەنــدە خۆی پێ کامل دەکات و بە دوو کارە دواییەکــە جگە لە خــۆی کامل دەکات، وە کامل بوونی ئەم چوار کارە ئەوا ئەو کاتە بەندە سەلامەت و پارێزراو دەبێت لە خەسارەتمەندی و قازانجە مەزنەکە دەباتەوە .

تەفسیری سورەتی (الهُمَزة) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَيۡلٞ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ۝١ ٱلَّذِي جَمَعَ مَالٗا وَعَدَّدَهُۥ ۝٢ يَحۡسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ۝٣ كَلَّاۖ لَيُنۢبَذَنَّ فِي ٱلۡحُطَمَةِ ۝٤ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحُطَمَةُ ۝٥ نَارُ ٱللَّهِ ٱلۡمُوقَدَةُ ۝٦ ٱلَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى ٱلۡأَفۡـِٔدَةِ ۝٧ إِنَّهَا عَلَيۡهِم مُّؤۡصَدَةٞ ۝٨ فِي عَمَدٖ مُّمَدَّدَۢ ۝٩ ﴾

١/ ﴿ وَيۡلٞ ﴾ واتە : هەڕەشە و خراپە و ئازار و توندی عەزاب، ﴿ لِّكُلِّ هُمَزَةٖ لُّمَزَةٍ ﴾ واتە : ئەوەی کە توانج دەدات لە خەڵکی بە کردەوەی و زمانی و عەیبداریان دەکات، جا کەسی ﴿ الهمَّاز ﴾ ئەو کەسەیە کە خەڵکی عەیبدار دەکات و تانەیان لێ دەدات بە ئاماژە و کردەوەکەی، وە کەسی ﴿ اللمَّاز ﴾ ئەو کەسەیە کەوا بە قسەکانی عەیبداریان دەکات.

٢- وە لەصیفەتەکانی ئەم کەسە ﴿ الهمَّاز و اللمَّاز ﴾ەـە کەوا هیچ خەمێکی نییە تەنها کۆکردنەوەی سەروەت و سامان و ژماردنی و کەیف خۆشی پێی، وە نیازی نییە کە لە ڕێگای خەیر و چاکە و گەیاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جگە لەوانە سەرفی بکات.

٣- ﴿ يَحۡسَبُ ﴾ لەبەر نەزانینی خۆی ﴿ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخۡلَدَهُۥ ﴾ لە دونیادا، بۆیە هەموو هەوڵ و کۆششی لە دونیادا زیادکردنی سامانەکەیەتی، کەوا گومان دەبات تەمەنی لە گەڵیدا زیاد

دەکات، کەچی نازانی چرووکی تەمەن لەناو دەبات و مالّ وێران دەکات، وە چاکە لە تەمەن زیاد دەکات .

٤-٧- ﴿ كَلَّا لَيُنۢبَذَنَّ ﴾ واتــە : فــڕێ دەدرێتــە، ﴿ فِي ٱلْحُطَمَةِ ﴿٤﴾ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا ٱلْحُطَمَةُ ﴾ لەبــەر مەزنی و ترســناکی بارودۆخەکە، ئەمجار تەفسـیری کردووە و دەفەرموێت : ﴿ نَارُ ٱللَّهِ ٱلْمُوقَدَةُ ﴾ کە ســوتەمەنیەکەی خەڵکی و بــەردە، ﴿ ٱلَّتِي ﴾ لە بەر تووندی ﴿ تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ ﴾ واتــە : لە جەســتەکان دەچێتە ژوورەوە بۆ دڵەکان .

٨-٩- لە گەڵ ئەم هەموو گەرما سەختەدا، ئەوان لە ناویدا بەند کــراون، بێ ئومێد بوونە لە درەچوون لێی، بۆیە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ ﴾ واتــە : داخراوە، ﴿ فِي عَمَدٍ ﴾ لە پشــتی دەرگاکانەوە، ﴿ مُّمَدَّدَةٍ ﴾ بۆ ئەوەی لێی دەرنەچن، ﴿ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا ﴾ (السـجدە -٢٠)[1] پەنا بە خوا دەگرین لەو ئاگرە و داوای لێ دەکەین بمانپارێزێ و سەلامەتمان بکات.

[1] هەر کات بخوازن لەو ئاگرە دەرچن و بڕۆنە دەرەوە بەهەر شێوەیەک کە عەقڵیان ببڕێ ئەیانگێڕنەوە ناو ئاگرەکە (تەفسیری رامان)

تەفسیری سورەتی (الفیل) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَلَمۡ تَرَ كَيۡفَ فَعَلَ رَبُّكَ بِأَصۡحَٰبِ ٱلۡفِيلِ ١ أَلَمۡ يَجۡعَلۡ كَيۡدَهُمۡ فِي تَضۡلِيلٖ ٢ وَأَرۡسَلَ عَلَيۡهِمۡ طَيۡرًا أَبَابِيلَ ٣ تَرۡمِيهِم بِحِجَارَةٖ مِّن سِجِّيلٖ ٤ فَجَعَلَهُمۡ كَعَصۡفٖ مَّأۡكُولِۭ ٥﴾ الفيل: ١ - ٥

١–٥– واتە : ئایە لە توانا و دەسەڵات و مەزنی کار، و بەزەیی خوای گەورە بەبەندەکانی، و بەڵگەکانی یەکتاپەرستی و راستی پێغەمبەرەکەی (محمد)ت (ﷺ) نەبینیوە چی بە خاوەن فیلەکان کرد ؟ ئەوانەی نزیکی (بیت الحرام) بوونەوە و ویستیان ویرانی بکەن، بۆیە خۆیان بۆ ئەو کارە ئامادە کرد و لە گەڵ خۆیاندا چەندین فیلیان هێنا بە مەبەستی روخاندنی، وە لەشکرێکیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا عەرەب توانای رووبەرووبونەوەی نەبوو لە حەبەشە و یەمەنەوە، کاتێ کە نزیکی مەککە بوونەوە – وە لەو کاتەدا عەرەب توانای بەرگری نەبوو، وە خەڵکی مەککە لە مەککە دەرچوون لە ترسی ئەوەی نەوەک خۆیان تووشی شتێک ببن – لەو کاتەدا خوای گەورە باڵندەی (ئەبابیل) ی بۆ ناردن، واتە : جیاجیا، لە گەڵ خۆیاندا بەردیان هەڵگرتبوو کە لە بەردی گڵمتی رەق و گەرم بوو، بۆیە بەو بەردە بەردەبارانیان کرد، دوور و نزیکیانی گرتەوە، جا ئەوان دامرکانەوە و هێمن و کپ بوون، وەکو کای خوراویان لێهات،

خـوای گـەورە خراپەیانی لە کـۆڵ کردەوە، وە فێـڵ و پلانی خۆیانی گەڕانـەوە بۆ خۆیـان، وە چیرۆکەکەیان بەناوبانگ و ڕوونە، جا لەو ساڵەدا بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا لە دایک بـوو، بۆیە بووە یەکێک لە سـەلماندنی بانگەوازەکەی و بەڵگەی پەیامەکەی، جا سـوپاس و سـتایش بۆ خوای باڵا دەست .

تەفسیری سورەتی (لإيلاف قريش) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿لِإِيلَٰفِ قُرَيْشٍ ﴿١﴾ إِۦلَٰفِهِمْ رِحْلَةَ ٱلشِّتَآءِ وَٱلصَّيْفِ ﴿٢﴾ فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ﴿٣﴾ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ﴿٤﴾﴾

١-٤/ زۆرێـک لـە موفەسـیرەکان فەرموویانە : ئـەم (جار و مجـرور)ە پەیوەسـتن بە سـورەتەکەی پێش خۆیـەوە، واتە: ئـەوەی کردمـان بـە خاوەنـی فیلەکان لـە پێنـاوی قورەیش و ئاسـایش و سـەقامگیری بەرژەوەندیـان و ڕێکخسـتنی کۆچکردنەکانیان بوو بۆ یەمەن لە زستاندا و بۆ شام لە هاویندا بۆ بازرگانی و کەسـابەتیان، جا خوای گەورە ئەوەی ویستی لـە ناوی بردن و بە هەڵاکەتدا بردنـی، وە هەیبەتی حەرەم و دانیشتوانەکەی لای عەرەب مەزن و گەورە بوو، تاوەکو لە ناو

خەڵکیـدا ڕێزدار بوون، وە بۆ هەر لایەک سـەفەریان بکردایە ئـەوا کەس دەسـتی نەدەهێنایە ڕێگایان، بۆیـە خوای گەورە فەرمانـی پێکردن کەوا سوپاسـگوزاری ئەو بن، فەرموویەتی : ﴿ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ ﴾ واتە : با خوای گەورە بە تاک دابنێن و پەرستن تەنها بۆ ئەو ئەنجام بدەن، ﴿ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ ﴾ بەرفراوانـی ڕزق و ڕۆزی و بەرقەراربوونی ئاسایش و نەمانی ترس لە گەورەترین نیعمەتەکانە کە شوکری خوای گەورە لەسەر بەندەکان واجیب دەکات، بۆیە سوپاس و ستایش و شوکر بۆ تۆ ئەی خودایە لەسەر ئەو هەموو نیعمەتە ئاشـکرا و پەنهانانە، وە خوای گـەورە پەروەردگارێتی خۆی تایبەت کـردووە بە (بیت)ەوە لەبەر فەزڵ و شـەرەفی بەیتە، ئەگەر نا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە .

تەفسیری سورەتی (الماعون) ئەویش سورەتێکی (مەککی)یە.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ ٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ ٣ فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ ٤ ٱلَّذِينَ هُمۡ عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ ٥ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ٦ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ٧﴾

١- خوای گەورە لە زەمی ئەو کەسانەدا کە مافەکانی خوا و مافەکانی بەندەکانیان فەرامۆش کردووە دەفەرموێت : ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴾ واتە : بە زیندووبوونەوە و پاداشت، جا باوەڕی نییە بەوەی پێغەمبەران هێناویانە .

٢- ﴿فَذَٰلِكَ ٱلَّذِي يَدُعُّ ٱلۡيَتِيمَ﴾ واتە : بە توندی و بە بێ بەزەیی پاڵی پێوە دەنێت، لەبەر دڵڕەقی، هەروەها چونکە چاوەڕوانی پاداشت ناکات و لە سزا ناترسێت .

٣- ﴿وَلَا يَحُضُّ﴾ هانی جگە لە خۆی نادات ﴿عَلَىٰ طَعَامِ ٱلۡمِسۡكِينِ﴾ جا خۆی لە پێشترە بۆ ئەوەی خواردنی هەژاران نەدات .

٤-٥- ﴿فَوَيۡلٞ لِّلۡمُصَلِّينَ﴾ واتە : ئەوانەی دەستیان گرتووە بە ئەنجامدانی نوێژەکانیانەوە بەڵام ﴿عَن صَلَاتِهِمۡ سَاهُونَ﴾ واتە: بزری دەکەن، وازیان هێناوە لە ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا، پایەکانی وەکو خۆی ئەنجام نادەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بایەخ بە فەرمانەکانی خوا نادەن، چونکە ئەوەتا نوێژیان

بـزر کردووە کە گرنگتریـن گوێرایەڵییەکانە، سـەهوکردن لە نوێژەکاندا ئەوا وا لە خاوەنەکەی دەکات شایەنی زەم و لۆمە بێـت، بەڵام سـەهوکردن لە نـاو نوێژەکاندا ئەمـە لە هەموو کەسێک دەوەشێتەوە تەنانەت لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ).

٦-٧- بۆیـە خوای گەورە وەصفی ئەوانـەی کردووە بە ریا و دڵڕەقـی و بێ بەزەیـی، دەفەرموێـت : ﴿ ٱلَّذِينَ هُمۡ يُرَآءُونَ ﴾ واتـە : کارەکانیـان لەبـەر ڕووپامایـی خەڵکـی دەکـەن، ﴿ وَيَمۡنَعُونَ ٱلۡمَاعُونَ ﴾ واتە : ڕێگرن لە پێدانی هەر شتێک کە لە بەخشـینیدا هیچ زیانێک ناکات لە ڕووی ئەمانەتەوە بێت یان بەخشـینەوە، وەکو دەفر و سـەتڵ و پاچ و جگە لەوانە کە لە نـاو خەڵکیدا عادەت وا بووە بە بەخشـین و ڕێگەدان پێی، جا ئەوانە لەبەر سـوور بوونیان -لەسـەر خۆشەویستی دونیا- ڕێگـری دەکەن لـە پێدانی دەفر، ئەی لـەوە زیاتر ئاخۆ چۆن بێت؟

لەم سورەتەدا هاندانی تێدایە لەسەر ناندانی هەتیو و هەژاران و هاندان بۆ ئەو کارە، وە دەستگرتن بە ئەنجامدانی نوێژەکان و پارێـزگاری کردن لێیان و دڵسـۆزی و ئیخلاص تیایدا و لە هەمـوو کردەوەکاندا، وە هاندان بـۆ ئەنجامدانی کاری چاکە و پێدانی کەرەسـتە سـووکەکان وەکو پێدانی دەفر و سـەتڵ و کیتـاب و نمونەی ئەوانـە بە ئەمانەت، چونکـە خوای گەورە زەمی ئەوکەسانەی کردووە کە نایدەن و لە خەڵکی دەگرنەوە، وە خوای گەورەش زاناترە .

تەفسیری سورەتی (الکوثر) ئەوەیش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
﴿ إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ۝١ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ۝٢ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣ ﴾

١- وەکو باسکردنی منەتی خۆی بە سەر پێغەمبەرەکەیەوە(ﷺ) خـوای گەورە پێی دەفەرموێت : ﴿ إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ﴾ واتە: خەیرێکـی زۆر و فەزڵێکـی فراوان، کە یەکێـک لەوانە ئەوەیە خوای گەورە دەیبەخشێتە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە رۆژی قیامەتدا روبارێکـە کە پێی دەڵێن : (الکوثر) وە ئەو حەوزە درێژییەکەی مانگێکـە و پانییەکەی مانگێکە، ئاوەکەی لە شـیر سـپی تـرە و لە هەنگوین شـیرینترە، پەرداخەکانی وەکو ئەسـتێرەکانی ئاسـمانە لە ژمارە و درەوشانەوەدا، هەرکەسێک جارێک لێی بخواتەوە ئەوا هەرگیز تینووی نابێت .

٢- کاتێ باسـی نیعمەتەکانی خۆی کرد بە سـەریەوە ئەمجار فەرمانـی پێکرد بـە شـوکرکردنی، دەفەرموێت : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَٱنْحَرْ ﴾ ئـەم دوو پەرستشـەی تایبەتمەنـد کـردووە چونکـە باشـترین پەرستشـەکانن و پیرۆزترین ئەو کارانەن لە خوای گەورە نزیکی بکاتەوە، هەروەها چونکە نوێژ ملکەچبوونی دڵ و ئەندامـەکان لە خۆ دەگرێت بۆ خوای گەورە و دەیگوازێتەوە بۆ جۆرەکانی تری پەرستشەکان، وە لە ئاژەڵ سەربڕین نزیک

بوونەوەی خوای گەورەی تێدایە بە باشترین شت کە لای بەندە هەیە لە سەربڕینەکان، وە دەرکردنی سامانە کە سروشتی مرۆڤەکانی پێوە بەندە لە سەر خۆشەویستی و چروکی بۆی .

٣- ﴿إِنَّ شَانِئَكَ﴾ واتە : ئەوەی رقی لێت دەبێتەوە و زەمت دەکات و بە کەمت دەزانێت، ﴿هُوَ الْأَبْتَرُ﴾ واتە : لە هەموو خەیر و چاکەیەک بچڕاوە، کار و کرداری بچڕاوە و ناو و باسی بچڕاوە، بەڵام (محمد) (ﷺ) بە راستی کەسێکی کاملە، ئەو کەمالەی کە دەکرێت لە دروستکراوەکاندا بێتە دی لە بەرزراگرتنی ناوی و زۆری پشتیوان و شوێنکەوتوانی.

تەفسیری سورەتی (قل یا أیها الکافرون) ئەوەیش سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ ١ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ٢ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٣ وَلَآ أَنَا۠ عَابِدٞ مَّا عَبَدتُّمۡ ٤ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ٥ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦ ﴾

١–٦ / واتە : بە ڕوونی و ڕاشکاوی بە بێباوەڕان بڵێ و پێیان ڕابگەیەنە: ﴿ لَآ أَعۡبُدُ مَا تَعۡبُدُونَ ﴾ بەرائەتی خۆت لەوەی ئەوان دەیپەرستن لە جگە لە خوا ڕابگەیەنە بە ئاشکرا و بە پەنهانی، ﴿ وَلَآ أَنتُمۡ عَٰبِدُونَ مَآ أَعۡبُدُ ﴾ لەبەر نەبونی دڵسۆزی و ئیخلاص لە پەرستنتاندا بۆ خوای گەورە، جا ئەو پەرستنەی ئێوە کە تێکەڵ بە شیرک و هاوەڵ بریاردانە پێی ناگوترێت پەرستن، وە ئەوەی دووبارە کردوەوە بۆ ئەوەی یەکەم بەڵگە بێت لەسەر بوونی کردارەکەو دووەم بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کەوا ئەوە بووەتە وەصفێکی لازم بۆی، بۆیە ئەو دوو گرووپ و تاقمەی جیاکردەوە و فەرمووی : ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴾ هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلۡ كُلّٞ يَعۡمَلُ عَلَىٰ شَاكِلَتِهِۦ ﴾الاسراء[1]، الإسراء: ٨٤ ئێوە بەرین لەوەی من دەیکەم و منیش بەریم لەوەی ئێوە دەیکەن .

---

١) بڵێ: با هەردوولا (کافرو بڕوادار) لەسەر بیرو بۆچوونی خۆی چۆنی بۆ دەکرێ کار بکات؛ ئەگەر دڵ و دەروون پاک بێت، ئەوا کارو کرداری پاکی لێ دەوەشێتەوە، ئەگینا بەپێچەوانەوە. (تەفسیری رامان)

تەفسیری سورەتی (النصر) ئەویش
سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ٣﴾

١- لەم سورەتە پیرۆزەدا موژدەیەکی تێدایە، وە فەرمانێکی تێدایە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەگەر رووبدا، وە ئاماژەیەک و وریاکردنەوەیەکی تێدایە لەسەر ئەوەی لەسەری بنیات دەنرێت، جا موژدەکەی موژدەی سەرخستنی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) لە لایەن خوای گەورەوە، وە رزگارکردنی مەککەیە، وەخەڵکی دێنە ناو ﴿فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا﴾ بە شێوەیەک زۆربەی دانیشتوانەکەی دەبنە ئەهل و پشتیوانی لە پاش ئەوەی لە دوژمنانی بوون، وە ئەوەی کە موژدەی پێدرا هاتە دی.

بەڵام ئەو کارەی کە لە پاش رووبدانی سەرکەوتن و رزگارکردنەکە رووبدەن، ئەویش فەرمان کردنە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کەوا سوپاسگوزاری بێت و تەسبیحاتی بکات و ستایشی بکات و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات.

بەڵام ئاماژەکە دوو ئاماژەیە: ئاماژەیەک کەوا سەرکەوتن بەردەوام دەبێت بۆ دینی خوا و زیاد دەکات لە کاتی ئەنجامدانی تەسبیح و ستایشی خوای گەورەو داوای لێخۆشبوون لە لایەن

پێغەمبــەری خواوە (ﷺ)، جا ئەمە بەشــێکە لە شــوکر، خوای گــەورە دەفەرموێــت : ﴿لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ﴾[1]، إبراهيــم: ٧ وە ئەمەش لە سەردەمی خەلیفە راشدییەکاندا بە دی کرا و لە پاش ئەوانیش لەم ئوممەتە، ســەرکەوتنی دینی خوا بەردەوام دەبێت تاوەکو ئیســلام گەیشــتە ئەو جێگەیەی کە هیچ دینێک لــە دینەکان پێی نەگەیشــتووە، وە هێندە خەڵکــی هاتنە ناو دینەکــەوە کە هەرگیز ئەوەندە نەچوونەتە ناو هیچ دینێکەوە، تاوەکــو ئەو کاتەی لــەم ئوممەتەدا جیاوازییــان کرد لە گەڵ فەرمانەکانــی خوادا بۆیە ئــەوەی رووێدا رووێــدا، ئەوانیش تووشی دووبەرەکی وناکۆکی بوون، ئەوەی رووێدا رووێدا، لە گەڵ ئەوەشدا بۆ ئەم ئوممەتە و بۆ ئەم دینە هێندە میهرەبانی و بەزەیــی خوای گەورەی رژاوەتە ســەر کــە بە بیر و خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە .

وە ئامــاژەی دووەم ئەویــش ئــەو ئاماژەیــە کــەوا ئەجەلــی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیک بووەتەوە، وە ئەویش لەو رووەوە دەبێت کەوا تەمەنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەمەنێکی پڕ نیعمەت و بەخششە، خوای گەورە سوێندی پێی خواردووە، وە پەیمان وادراوە کــەوا کارە چــاک و پــڕ نیعمەتەکان بە ئیســتغفار و نوێــژ و حەج و نمونەی ئەوانە کۆتاییان پێ بێت، بۆیە خوای گــەورە فەرمانی کردە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بە حەمد و ســەنای خوای گەورە و ئیستغفار لەم حاڵەتەدا وەکو ئاماژەیەک کەوا ئەجەلــی ئەو کۆتایــی پێ هات، بۆیە با خۆی ئامادە بکات بۆ دیدەنــی و چاوپێکەوتنــی خواکەی خۆی و بــا تەمەنەکەی بە

[1] ئەگەر لەبەرامبەر نیعمەتەکانمەوە سوپاسگوزاریی بکەن، ئەوا منیش نیعمەت و بەخششی خۆمتان بۆ زیاد دەکەم(تەفسیری رامان)

باشترین شت کۆتایی پێ بهێنێت، بۆیە ئەویش ئەو قورئانەی بە کردار راڤەدەکـرد و هەردەم ئەوەی لە نوێژەکانیدا دووبارە دەکردەوە، وە زۆر جار لە سوژدە و کرنۆشەکانیدا دەیفەرموو: (سبحانك اللهم ربنا وبحمدك، اللهم اغفر لي) .

تەفسیری سورەتی (تَبَّتْ) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴿١﴾ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ﴿٢﴾ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴿٣﴾ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ﴿٤﴾ فِى جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍ ﴿٥﴾ ﴾

(ئەبـو لەهەب) مامی پێغەمبەری خوایـە (ﷺ)، وە یەکێک بوو لەوانەی زۆر دژایەتی دەکرد و ئازاری دەدا، خاونی هیچ دینێک نەبوو، وە هیچ دەمارگیرییەکی نەبوو لەبەر خزمایەتی ڕێگری لێ بکات –خوای گەورە لە هەموو خەیرێک بی بەشی بکات– بۆیـە خوای گەورە بەم زەمە گـەورە زەمی کردووە کە ئەویش شەرمەزارییە تا ڕۆژی قیامەت، دەفەرموێت :

١– ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ ﴾ واتـە : هـەردوو دەسـتی تیابچێت و بەدبەخت بێت ﴿ وَتَبَّ ﴾ وە هیچ قازانجێکی نەکرد .

٢- ﴿ مَآ أَغۡنَىٰ عَنۡهُ مَالُهُۥ ﴾ ئەو سامانەی کە هەیبوو و بە هۆیەوە لــە خۆبایی بوو، ﴿ كَسَبَ ﴾ وە نەیتوانی هیچ شــتێک لە عەزابی خوا لە خۆی دوور بخاتەوە ئەگەر تووشی ببێت .

٣-٥- ﴿ سَيَصۡلَىٰ نَارٗا ذَاتَ لَهَبٖ ﴾ واتە : لە هەموو لایەکەوە ئاگر دەوری دەدات، خــۆی و ﴿ وَٱمۡرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلۡحَطَبِ ﴾ ئەویــش زۆر ئــازاری پێغەمبــەری خوای (ﷺ) دەدا، خــۆی و پیاوەکەی یارمەتــی یەکتریــان دەدا لەســەر خراپــە و دوژمنایەتی، وە خراپــەی بڵاو دەکردەوە، وە لەوپەری هەوڵ و کۆشــش دا بوو بۆ ئازاردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە تاوان و خراپەی لەسەر شــانی خۆی هەڵدەگرت وەکوئەوەی کۆڵەداری لەســەر شانی خۆی کۆ بکاتەوە، جا ئەو گوریســێکی لــە گەردندا بۆ ئامادە کراوە ﴿ مِّن مَّسَدِۭ ﴾ واتە : لە ریشاڵی دارە خورما، یان ئەو لە ئاگردا کۆڵەدار هەڵدەگرێت بۆ سەر پیاوەکەی و گوریسێکی لە پوشی دارەخورما لە گەردنی خۆیشیدا هەیە .

بە هەر حاڵ، لەم ســورەتەدا نیشــانەیەکی روون و ئاشــکرای تێدایــە لــە ئایەتەکانی خــوای گــەورە، کاتێ خــوای گەورە ئــەم ســورەتەی دابەزاند هێشــتا ئەبو لەهــەب و خێزانەکەی نەمردبــوون، وە هەواڵی دا کەوا ئەوان دەبێت لە ئاگردا ســزا بدرێن، وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەوان موسڵمان نابن، جا هەروەکو خوای زانا بە گشت دیار و نادیارەکان هەواڵی دا ئاوا رووویدا.

تەفسیری سورەتی (الإخلاص) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤ ﴾

١- واتە : ﴿ قُلْ ﴾ وتنێکی یەکلایی بێت و باوەڕت پێی هەبێت و ماناکەی بزانیت : ﴿ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ واتە : تاک و تەنهایی لە ئەودا حەصر بووە، جا ئەو تاک و تەنهایە لە کەمالدا، کە خاوەنی ناوە جوانەکان و صیفاتە بەرزەکان و کارە پیرۆزەکانە، کە بە هیچ شێوەیەک هاوتا و هاوشێوەی نییە .

٢- ﴿ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ﴾ واتە : لە هەموو پێداویستیەکاندا روو لە ئەو دەکرێت، جا جیهانی سەرەوە و خوارەوە پێویستیان بە ئەوە بە ئەوپەڕی پێویستی، داوای پێداویستیەکانیان لێ دەکەن، وە لە کارە گرنگەکانیاندا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، چونکە ئەو کاملە لە هەموو صیفاتەکانیدا، زانایە کە زانست و زانیارییەکەی کامل بووە، لەسەرخۆ و میهرەبانە کە میهرەبانییەکەی کامل بووە، بەخشندە و بە بەزەییە کە ڕەحمەت و بەزەییەکەی کامل بووە، ڕەحمەتەکەی هەموو شتێکی گرتووەتەوە ... ئا بەم شێوەیە بۆ هەموو صیفاتەکانی تر دەگوترێت .

٣- وە هەر لە کەمالی ئەو ﴿ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴾ لە بەر کەمالی بێنیازی خۆی لە جگە لە خۆی .

٤- ﴿ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴾ نــە لــە ناوەکانیدا، نە لە صیفاتەکانیــدا، نە لە کردارەکانیدا، بەرزی پیرۆزی بۆ خوای گەورە، جا ئەم ســورەتە تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی لە خۆ گرتووە .

تەفسیری سورەتی (الفلق) ئەویش
سورەتێکی (مەککی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ٣ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥ ﴾

١- واتە : ﴿ قُلۡ ﴾ وەکو خۆدانە پاڵ ﴿ أَعُوذُ ﴾ واتە : خۆم دااڵدە دەدەم و پەنــا دەگرم و خۆم دەســپێرمە ﴿ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ واتە: ئەو کەســەی تۆ و ناوکــی لەت کردووە و ســپیایی بەیانیانی هێنایە بوون .

٢- ﴿ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴾ ئەمــەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا خوای گەورە دروستی کردوون لە مرۆڤ و جنۆکە و گیانلەبەران، جا پەنا دەگیرێت بە دروستکارەکەی لەو خراپەی تیایدایە .

٣- لە پاش ئەوەی بە گشتی باسی کرد ئەمجار تایبەتی کرد و فەرمووی : ﴿ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴾ واتە : لە خراپەی ئەوەی

لە شــەوگاردا ڕوو دەدەن لە پاش ئەوەی خەڵکی دەخەون، وە زۆرێک لە ڕۆحە خراپەکان و گیاندارە درندە و زیانبەخشەکان بڵاو دەبنەوە .

٤- ﴿ وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلْعُقَدِ ﴾ واتــە : لــە خراپــەی ئــەو جادووبازانە کە بــە فووکردن بە گرێدا پەنــا دەبەنە بەر سیحرەکەیان و لە کاتی سیحرکردندا گرێی دەدەن .

٥/ ﴿ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴾ کەســی حەســود ئەو کەسەیە کە پێی خۆشــە نیعمەتەکانی ســەر ئەو کەســە نەمێنی کە ئەم حەســودی پێ دەبات، بۆیە بە هەموو شــێوەیەک هەوڵ دەدات بــۆ نەمــان و لەناوبردنی، جا پێویســت دەکات بــە پەناگرتن بــە خوای گــەورە لــە خراپــەی و پوچــەڵ کردنــەوەی فێڵ و تەڵەکەبازیەکــەی، هەروەها چاوپیســیش دەگرێتەوە، چونکە چاوپیســی لە کەســێکی حەســودی تەبیعەت خــراپ و نەفس پیسەوە دەردەچێت و ڕووەدات .

ئەم ســورەتە پەناگرتن لە خۆ دەگرێت لــە هەموو جۆرەکانی خراپەکاری گشــتی و تایبەتی، بەڵگەشــە لەسەر ئەوەی کەوا ســیحر حەقیقەتی هەیە و ترس لە زەرەر و زیانەکەی دەکرێت و پەنا دەگیرێت بە خوا لێی و لە کەسە زیانبەخشەکان .

تەفسیری سورەتی (الناس) ئەویش
سورەتێکی (مەدەنی)یە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ۝٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ۝٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ۝٦ ﴾

١-٦- ئەم سورەتە پەناگرتنی تیادایە بە پەروەردگار و خاوەن و خودای خەڵکی لە شەیتان، کە بنەمای هەموو خراپەیەکە، ئەوەی کە هەر لە فیتنە و خراپەی ئەوەیە ﴿ يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ﴾ کاری خراپەیان لا جوان دەکاتەوە، بە شێوەیەکی جوان دەیهێنێتە پێش چاویان، وە چست و چالاکیان دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی، وە ساردیان دەکاتەوە لە کاری چاکە، وە بە شێوەیەکی تر لە شێوەکەی خۆی دەیهینێتە پێش چاویان، ئەویش هەموو کاتێک وایە، وەسوەسە دەکات ئەمجار (خَنَّاس) واتە: وەسوەسەکەی دوا دەخات ئەگەر بەندە یادی خوای کرد و پەنای بە خوای گەورە گرت بۆ پاڵنان و لە ناوبردنی، بۆیە پێویستە پەنای پێ بگرێت وخۆی بداتە پاڵ پەروەردگارێتی خوای گەورە بەسەر هەموو خەڵکیەوە، وە هەموو دروستکراوەکان داخلی پەروەردگارێتی و خاوەندارێتی ئەون، هەموو ئەوەی لەسەر زەوی ڕێ دەکات ئەوا نێوچاوانی بە دەستی خوداوەیە، وە بە خوداوەندێتی کە لەو پێناوەدا دروستی

کـردوون، ئەمەش بۆیان تـەواو نابێت تاوەکو بە پاڵنان و لە ناوبردنی خراپەی دوژمنەکەیان کە دەیەوێ لە یەکیان ببڕێنی و دووریان بخاتەوە لەو کارەو بیانکاتە حیزب و تاقمی خۆی، بۆ ئەوەی بچنە دۆزەخەوە، جا وەسوەسـە هەروەکو چۆن لە جنۆکـەوە دەبێت لە مرۆڤیشـەوە دەبێت، بۆیـە دەفەرموێت : ﴿مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ﴾.

سـوپاس و سـتایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان لە سەرەتا و کۆتاییدا و بە ئاشـکرا و بە پەنهانی، وە داوا لە خوای گەورە دەکەیـن نیعمەتەکانی خۆی بە سـەرماندا تەواو بکات، وە لە تاوانەکانمـان خـۆش بێت کـە بوونەتە هۆی ڕێگـر لە نێوان ئێمـە و زۆرێک لە بەرەکەتەکانیدا، وە تاوان و شـەهەوات کە دڵـی داگرتووین و بوونەتە ڕێگر لە نێوان ئێمە و تێگەیشـتن لـە ئایەتەکانـی، وە تـکای لا دەکەین و ئومێدمـان هەیە کە مەحروممان نـەکات لەو خەیرەی لای خۆی هەیە بە هۆی ئەو خراپانـەوە کە لای ئێمە هەیە، وە هیچ کەس بێ ئومێد نابێت لـە ڕەحمەتی خـۆی ئیللا بێباوەڕان نەبێت، وە هیچ کەسـێک بـێ هیوا نابێت لـە ڕەحمەتی خۆی ئیللا گومڕاکان نەبێت، وە صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا (محمد) و لەسەر هەموو کـەس و کار و هاوەڵانـی، بـە صەڵات و سـەلامێکی بەردەوام تاوەکو ڕۆژی قیامەت، وە سـوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە بە نیعمەتەکانی بە چاکەکان کۆتایی پێ دێت .

پرسیارەکان دەربارەی پێشەکی و تەفسیر

١- نوسەری کتێبی (الدروس المهمة) کێیە ؟

◯ عبدالعزیز بن باز(رحمه الله) ◯ محمد بن عثیمین(رحمه الله) ◯ هیثم سرحان(حفظه الله)

٢- بۆ کتێبی (الدروس المهمة) دەخوێنین ؟

◯ چونکە گرنگە

◯ چونکە زانایان ئاموژگارییان کردووە بە بایەخدان پێی

◯ چونکە کۆمەڵێک گرنگی تێدایە کەوا کەسی موسڵمان پێویستی پێیەتی.

◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٣- ئەم دەقە کام لەمانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت ؟

◯ حاڵی کەسی موسڵمان لە گەڵ قورئان و تەوحیددا

◯ نوێژ و دەستنوێژ

◯ ئاداب و ئاکار و ڕەوشتەکان

◯ وریاکردنەوە لە سەرپێچییەکان

◯ ئامادەکردنی جەنازە

◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٤- کەسی موسڵمان لە سەرەتادا دەست دەکات بە چاک خوێندنەوە و لەبەرکردن و ڕاڤەی :

◯ سورەتی العلق ◯ سورەتی الفاتحة ◯ سورەتی الإخلاص

٥- خەڵکی لە بارەی تێگەیشتن لە قورئان و کارکردن پێی بوونە بە دوو لا و ناوەندێکەوە . (راستە - هەڵەیە)

٦- کام لەم تەفسیرانە قوتابی لە پێشدا دەیخوێنێ ؟

◯ ابن كثير ◯ ابن سعدي ◯ القرطبي

٧- قوتابی دەست دەکات بە کتێبە کورتەکان لە پێش کتێبە درێژەکان. (راستە - هەڵەیە)

٨- قوتابی بە خوێندنەوەی تەفسیری ئەو سورەتانە دەست پێدەکات کە سەرنجراکێشن لای و بەردەوام دەبێت و دووبارە دەبێتەوە وەکو سورەتی : القصص ، ومريم ، والكهف . (راستە - هەڵەیە)

٩/ قوتابی دەتوانێت گوێ بگرێت لەو تەفسیرە دەنگییانەی کە بۆی دەخوێنرێتەوە ، ئەگەر هاتوو خوێندنەوەی لا گران بوو وەکو بەرنامەی تەفسیری دەنگی بۆ قورئان لە تەفسیری (السعدي) . (راستە - هەڵەیە)

١٠/ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردوینەتەوە لەو کەسانەی قورئان دەخوێننەوە و لە ماناکەی تێناگەن . (راستە - هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الفاتحة)

١١/ ئەم سورەتە بەو ناوەوە ناونراوە چونکە بە شورە دەورە دراوە هیچ شتێکی لێ دەرناچێت و هیچ شتێک ناچێتە ژوورەوە . (راستە – هەڵەیە)

١٢/ سورەتی (الفاتحة) بەوناوەوە ناونراوە چونکە :

.....

١٣/ لە ناوەکانی سورەتی (الفاتحة) :

◯ أُمُّ القران ◯ السبع المثاني ◯ الرُقية

◯ الصلاة ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

١٤/ (الاستعاذة) کردن لە پێش خوێندنەوەی قورئان واجیبە هەرچەندە ئێمە لە ناو پەرستنێکداین نەک سەرپێچی، ئایە هۆکار چییە ؟

.....

.....

١٥/ مانای وشەی (أعوذ) چییە ؟

.....

١٦/ شەیتان نانراوە بە ڕەجمکراو (الرجيم) :

◯ چونکە ڕەجمکراوە واتە : دەرکراوە لە ڕەحمەت

◯ چونکە بە بزیسکی گڕدار و سوتێنەر ڕەجم دەکرێت

◯ چونکە شەهەوات و گومانەکان فرێ دەداتە دڵی مرۆڤەوە

◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

١٧/ (جار و مجرور) لە بەسەملەدا پەیوەستە بە فرمانێکی حەزف کراوی دواکەوتووی (متأخر) گونجاو . (راستە – هەڵەیە)

١٨ / اللّه :

ئەو خوداوەندە پەرستراوەیە لەبەر خۆشەویستی و مەزنی

◯ هیچ کەسێک بەم ناوەوە ناونراوە ئیللا (اللّه) نەبێت

◯ سەرچاوەی هەموو ناوەکانە

◯ دەڵێن : ئەم ناوە (إسم الله الأعظم) ە

◯ لە کاتی بانگکردندا (ال)ـەکەی ناسڕێتەوە

◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

١٩/ چی جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەم دوو ناوە پیرۆزەی خوای گەورە : (الرحمن و الرحيم)؟

.....

.....

٢٠/ پەروەردەکردنی خوای گەورە بۆدروستکراوەکانی دوو جۆر، ئەوانیش :

◯ عامة وخاصة ◯ مطلقة و مقيدة

٢١ / زۆربەی دوعای پێغەمبەران دەست پێدەکات بە وشەی :

◯ اللَّهمَّ ◯ الرَّبِّ

٢٢/ (یوم الدِّین) بریتییە لە :

◯ رۆژی قیامەت

◯ ئەو رۆژەی کە خەڵکی پاداشتی کردەوەکانیان وەردەگرنەوە

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٢٣/ ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾ گشتگیرترین و سوودبەخشترین دوعایە بۆ بەندەکان . (راستە – هەڵەیە)

٢٤/ مانای (الدِّین) بریتییە لە :

◯ پاداشت ◯ کردار ◯ هەندێ جار پاداشت و هەندێ جار کردار

٢٥/ پێشخستنی (معمول)ەکە بە سەر (عامل)ەکەدا چی سوودێکی هەیە ؟

◯ حەصر ◯ هیچ سوودێکی نییە

٢٦/ پێشخستنی پەرستن بەسەر پەناگرتندا لە باس و بابەتی :

◯ گشتی بەسەر تایبەتیدا

◯ حەقی خوای گەورە بە سەر بەندەکانیدا

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٢٧/ بۆ ئایەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ ﴾ بە شێوازی کۆ هاتووە ؟

.....

٢٨/ پەرستن :

◯ ناوێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو ئەوەی خوای گەورە خۆشی دەوێت و پێی رازییە لە کردەوە و گفتارەکان، ئاشکرا و پەنهانەکان.

◯ زەلیلی نواندن بۆ خوای گەورە بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی و وازهێنان لە نەهیکراوەکانی لەبەر خۆشەویستی و بە مەزن راگرتن .

◯ هەندێ جار مەبەستی یەکەمە و هەندێ جار دووەم .

٢٩/ ئەو هیدایەتەی لە ئایەتی ﴿ ٱهۡدِنَا ﴾ باسکراوە مەبەست لێی :

◯ دەلالەت و ڕێنمویی ◯ تەوفیق ◯ هەمووی

٣٠/ مەبەست لەو ئایەتە : ﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ بریتین لە :

◯ هەموو ئەوانەی ئیمانیان هێناوە لەم ئوممەتەدا

◯ ئەوانەی کە نیعمەتی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و صدیقکان و شەهیدەکان و پیاوچاکان .

٣١/ ئایەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾ کۆکردنەوە لە نێوان شەرع و قەدەردا دەگرێتەوە . (راستە – هەڵەیە)

٣٢/ کام لەمانەی خوارەوە ئەوەی تێدایە کە لە هیچ سورەتێک (ئایەتێک) ی تری قورئاندا نییە .

◯ سورەتی (الفاتحة) ◯ آية الكرسي ◯ سورەتی (الإخلاص)

٣٣/ ئەم ئایەتە ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ﴾ چی لە خۆ دەگرێت ؟

- ◯ سەلماندنی پێغەمبەرایەتی
- ◯ وەڵامدانەوەی ئەهلی بیدعە و گومڕایی
- ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٣٤ / ئەم ئایەتە ﴿ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴾ چی لە خۆ دەگرێت ؟

- ◯ پاداشت بە دادپەروەری دەبێت
- ◯ بەندە بە حەقیقەت خۆی بکەرە
- ◯ هەموو ئەوەی باسکرا
- ◯ پاداشت تەنها لەسەر کردەوەکان دەبێت

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری (آية الكرسي)

٣٥/ (آية الكرسي) بەم ناوەوە ناو نراوە چونکە باسی (الكرسي) تێدا کراوە . (راستە – هەڵەیە)

٣٦/ مەزنترین ئایەت لە قورئاندا کام ئایەتە ؟

◯ ئایەتی قەرز ◯ ئایەتی دە مافەکە ◯ آية الكرسي

٣٧/ قورئان مەزنە لە رووی ماناکەیەوە . (راستە – هەڵەیە)

٣٨/ لە (آية الكرسي) چەند ناو لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەی تێدایە؟

◯ پێنج ◯ شەش ◯ حەوت

٣٩/ناوی خوای گەورە (الحي) چی کەمالێکی تێدایە ؟

◯ زاتی ◯ سوڵتانی

٤٠/ ناوی خوای گەورە (القيوم) چی کەمالێکی تێدایە ؟

◯ زاتی ◯ سوڵتانی

٤١/ ئەگەر ﴿ٱلۡحَيُّ﴾ لە گەڵ ﴿ٱلۡقَيُّومُۚ﴾ دا پێکەوە هاتن ئەوا دەلالەت دەکات لەسەر زاتی و سوڵتانی . (راستە – هەڵەیە)

٤٢ / ناوی (الحي) لە گەڵ (القيوم) پێکەوە چەند جار لە قورئاندا هاتووە ؟

◯ سێ جار ◯ چوار جار ◯ دوو جار

٤٣/لە صیفاتە نەفیکراوەکاندا پێویستە ئێمەش نەفی بکەین لە خوای گەورە هەروەکو خۆی نەفی کردووە لە خۆی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەفی لێکردووە لە گەڵ سەلماندنی کەمالی دژەکەی چونکە نەفێکی رەها لە خۆیدا نەفی نییە، بۆ نمونە : نەفی خەوەنوچکە و خەو لە خوا دەکەین لەبەر کەمالی زێندوویەتی و قەییومیەتی . (راستە – هەڵەیە)

٤٤/ خوای گەورە مۆڵەت ناداتە هیچ کەسێک بۆ شەفاعەت کردن ئیللا کەسێک نەبێت خۆی لێی رازی بێت، وە لە هیچ کەسێک رازی نابێت تەنها لە :

◯ تەوحید
◯ شوێنکەوتوانی پێغەمبەران
◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٤٥/ ئەوەی خوای گەورە نیشانی دروستکراوەکانی داوە لە کاروباری شەرعی و قەدەری :

◯ کەمن ◯ زۆرن

٤٦/ ﴿يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ﴾ ئێستا و ئایندە دەگرێتەوە، ﴿وَمَا خَلْفَهُمْ﴾ تەنها رابوردوو دەگرێتەوە : (راستە – هەڵەیە)

٤٧/ مانای ناوی خوای گەورە (العلي) : واتە بەرزە :

◯ بە زاتی خۆی
◯ بە صیفاتەکانی
◯ کە زاڵە بەسەر هەموو دروستکراوەکاندا
◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٤٨/ هەرکەسێک لە شەوێکدا بیخوێنێتەوە ئەوا لە لایەن خوای گەورەوە پارێزراوێکی بۆ دەبێت و شەیتان نزیکی ناکەوێتەوە تاکو رۆژ دەکاتەوە، ئەوە چی سورەتێکە (ئایەتێکە) ؟

◯ دوو ئایەتەکە کۆتاییەکەی سورەتی (البقرە) ◯ آية الكرسي

٤٩/ (آية الكرسي) دەخوێنرێتەوە لە :

◯ لە پاش هەموو نوێژە فەرزەکان ◯ لە کاتی خەوتندا
◯ لە بەیانیان و ئێوارەاندا ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الزلزلة) :

٥٠- سورەتی (الزلزلة) سورەتێکی : ◯ (مەککی)یە ◯ مەدەنی یە

٥١- سورەتی (الزلزلة) چی تێدایە ؟
◯ هەڕەشە ◯ هاندان بۆ کاری چاکە ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٥٢- ئایەتی : ﴿إِذَا زُلْزِلَتِ ٱلْأَرْضُ زِلْزَالَهَا﴾ هاوشێوەی ئایەتی ﴿فَيَذَرُهَا قَاعًا صَفْصَفًا ﴿١٠٦﴾ لَّا تَرَىٰ فِيهَا عِوَجًا وَلَآ أَمْتًا ﴿١٠٧﴾﴾ـە . (راستە - هەڵەیە)

٥٣- ئایەتی : ﴿وَأَخْرَجَتِ ٱلْأَرْضُ أَثْقَالَهَا﴾واتە :
◯ چیا و گردەکان ◯ کانزا و مردووەکان

٥٤/ زەوی یەکێکە لەو شایەتانەی کە شایەتی دەدەن لەسەر کردەوەی بەندەکان . (راستە - هەڵەیە)

٥٥/ ئایەتی : ﴿أَشْتَاتًا﴾ واتە :
◯ هەر یەکەو بۆ خۆی ◯ گرووپ و تاقمی جیا جیا

٥٦/ ئایەتی : ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ ....﴾هاوشێوەی ئایەتی : ﴿وَوَجَدُوا۟ مَا عَمِلُوا۟ حَاضِرًا ۗ وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا﴾ (راستە - هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (العادیات)

٥٧/ سورەتی (العادیات) سورەتێکی :

◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٥٨/ مانای وشەی (العادیات) واتە :

◯ ئەسپ

◯ هەموو ئەوەی دەجوڵێتەوە

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٥٩/ سورەتی (العادیات) ترسانی تێدایە لە بزرکردنی مافە واجیبەکان:

(ڕاستە – هەڵەیە)

٦٠/ مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە :

﴿ضَبْحًا﴾ : .....

﴿قَدْحًا﴾ : .....

﴿نَقْعًا﴾ : .....

﴿لَكَنُودٌ﴾ : .....

پرسیارەکان لەسەر سورەتی (القارعة)

٦١/ سورەتی (القارعة) سورەتێکی :

◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٦٢- لە مەبەستەکانی سورەتی (القارعة) وریاکردنەوەیە لە :

◯ ترسەکانی رۆژی قیامەت ◯ تاقیکردنەوەی دونیا

٦٣- (القارعة) بریتییە لە :

◯ ئەو ئایەتانەی هەڕەشەی تێدایە ◯ رۆژی قیامەت

٦٤- مانای ئەم وشانە بنووسە :

﴿ كَٱلْفَرَاشِ ٱلْمَبْثُوثِ ﴾ : .....

﴿ كَٱلْعِهْنِ ٱلْمَنفُوشِ ﴾ : .....

٦٥- ئەو تەرازووەی لەم سورەتەدا باسکراوە بریتییە لە :

◯ تەرازوویەکی حەقیقی ◯ کینایە بۆ دادپەروەری

٦٦- ﴿ عِيشَةٍ رَّاضِيَةٍ ﴾ واتە لە : ◯دونیادا ◯بەهەشتدا

٦٧- ﴿ فَأُمُّهُۥ هَاوِيَةٌ ﴾ واتە :

◯ وەکو ئەوەی لە جێی دایک بێت بۆی

◯ مێشکی لە ناو ئاگردایە

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٦٨- ئایەتی : ﴿ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا هِيَهْ ﴾بەڵگەی چی تێدایە :

◯ مەزنی کاروبارەکەی ◯ پرسیارکردن دەربارەی

٦٩- لە ناوەکانی ئاگر - پەنا دەگرێن بە خوا لە ئاگر- :

◯ الهاوية ◯ جهنم ◯ الحطمة

◯ لظى ◯ السعير ◯ سقر ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٧٠- ﴿ نَارٌ حَامِيَةٌ ﴾ - پەنا بە خوا دەگرین لێی- گەرمیەکەی لە گەرمی ئاگری دونیا زیاترە بە چەند جار ؟

◯ حەفتا ◯ نەوەت ◯ نەوەت و نۆ

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (التكاثر)

٧١- ئەم سورەتە سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٧٢- ئەم سورەتە چی لە خۆ دەگرێت؟

◯ هەواڵدان دەربارەی حاڵی خەڵکی

◯ سەرزەنشت کردنی بەندەکان لە سەرقاڵبوونیان لەوەی لە پێناویدا دروستکراون

٧٣- لەم سورەتەدا نەهی کراوە لە (زۆربوون) هەرچەندە مەبەست لێی خوای گەورە بێت . (راستە - هەڵەیە)

٧٤- ئەو قسەیەی کە لە ناو خەڵکیدا دەکرێت : رۆیشت بۆ دوا مەنزڵگای خۆی : ◯ نکۆڵی زیندووبوونەوەی تیادایە ◯ دروستە

٧٥- ئایەتی : ﴿ حَتَّىٰ زُرْتُمُ ﴾ خوای گەورە ناوی لێناون میوان (زائرین) وناوی لێ نەناون نیشتەجێ (مقیمین)، بۆ ؟

◯ چونکە مەبەست لە بەرزەخ تێپەربوونە پێیدا بۆ رۆژی دوایی .

◯ چونکە لەماڵەکی خۆیانەوە لە دونیا رۆیشتن بۆ گۆڕستان کە هی خۆیان نییە .

٧٦- عیلم و زانین دەبێتە سێ بەشــەوە : زانینی یەقین (علم الیقین) چــاوی یەقین (عین الیقین) هەواڵی راســتی بێ گومان (حق الیقین) . (راستە – هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (العصر)

٧٧- سورەتی (العصر) سورەتێکی :

◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٧٨- ســورەتی (العصر) بەڵگەی چوار مەسەلەکەی تێدایە : زانست و کردار و بانگەواز و ئارامگرتن (راستە – هەڵەیە)

٧٩- کام لەم دەســتەواژانە تەواون دەربارەی ســوێند خواردن بە جگە لە خوا ؟

◯ خوای گەورە بۆی هەیە ســوێند بە هەر شــتێک بخوات ویستی لێ بێت لە دروستکراوەکانی.

◯ دروستکراوەکان بۆیان نییە سوێند بە جگە لە خوا بخۆن .

◯ دروستکراوەکان بۆیان هەیە سوێند بە جگە لە خوا بخۆن.

◯ وەڵامی یەکەم و دووەم.

٨٠- ئارامگرتن دەکرێتە چەند بەشەوە ؟

◯ دوو بەش ◯ سێ بەش ◯ چوار بەش

٨١- سـورەتەکە چوار فەرمانی تێدایە، بـە فەرمانە یەکەمەکە بەندە خۆی پێ کامل دەکات و بە دوو فەرمانەکەی دواییـن بەندە جگە لە خۆی پێ کامل دەکات . (راستە - هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الـهمزة)

٨٢- ئەم سورەتە سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٨٣- مانای وشەی (ویل) بریتییە لە :
◯ دۆڵێکە لە دۆزەخدا
◯ هەرەشەیەکە کە دۆڵێکی دۆزەخ و جگە لە ئەویش دەگرێتەوە

٨٤- (الهمز) بە قسە دەکرێت (اللَّمز) بە کردار . (راستە- هەڵەیە)

٨٥- ئایەتـی : ﴿يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُۥٓ أَخْلَدَهُۥ﴾ سـوودی ئەوەی لێ دەبینرێت کەوا چاکە لە تەمەن زیاد دەکات . (راستە - هەڵەیە)

٨٦- مانای ئایەتی : ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ﴾ کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) :
◯ زانیویەتی ◯ نەیزانیوە

٨٧- ئایەتی : ﴿نَارُ ٱللَّهِ ٱلْمُوقَدَةُ﴾سوتەمەنی ئاگر بریتیە لە :
◯خەڵکی ◯ بەرد ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٨٨- ئایەتی : ﴿تَطَّلِعُ عَلَى ٱلْأَفْـِٔدَةِ﴾ واتە :
◯ئەوەی باوەڕت پێی هەیە
◯ لە جەستەکانەوە دەچنە ژوورەوە بۆ دڵەکان

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الفیل)

٨٩- سورەتی (الفیل) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٩٠/ لەم سورەتەدا ئەو پەند و عیبرەتەی تێدایە کەوا گەورەترین گیاندارانی سەر زەوی دەترسێت لەوەی تەعەدا بکات لە ماڵێک لە ماڵەکانی خوا، جا کەواتە مرۆڤ لە پێشترە . (راستە - هەڵەیە)

٩١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چی سالێکدا لە دایک بووە ؟
◯ فیل ◯ دڵتەنگی ◯ ڕەمادە

٩٢- ئەم سورەتە لە پاڵپشتەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کە ئەویش کارێکی نائاساییە بۆ پێغەمبەرێک ڕوو دەدات لە پێش پێغەمبەرایەتیەکەی . (راستە - هەڵەیە)

٩٣- مانای ئەم وشانە بنووسە :
﴿طَيْرًا أَبَابِيلَ﴾: واتە.....
﴿كَعَصْفٍ مَّأْكُولٍ﴾: واتە .....

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (قریش)

٩٤- سورەتی (قریش) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

٩٥- ئەم سورەتە پەیوەندی بە چی سورەتێکەوە هەیە ؟
◯ الفیل ◯ الکافرون ◯ الناس

٩٦- قورەیش لە زستاندا گەشتیان دەکرد بۆ شام و لە هاویندا بۆ یەمەن . (راستە - هەڵەیە)

٩٧- خوای گەورە حەرەمی مەککەو خەڵکەکەی مەزن کردەوە لە دڵی عەرەبدا تا وای لێهات ڕێزیان لێ دەگرتن و ریگایان لێ نەدەگرتن :
◯ لە مەککەدا ◯ لە مەککە و لەسەفەرەکانیاندا

٩٨- خوای گەورە پەروەردگاریێتی تایبەت کردووە بە بەیتەوە لەبەر فەزڵ و شەرەفی، ئەگەر نا ئەو پەروەردگاری هەموو شتێکە : (راستە - هەڵەیە)

٩٩- ﴿رَبَّ هَٰذَا ٱلۡبَيۡتِ﴾ لە باس و بابەتی دانە پاڵی دروستکراو بۆ لای دروستکارەکەی وەکو تەشریفێک . (راستە - هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الماعون)

١٠٠- سورەتی (الماعون) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٠١- مانای وشەی ﴿الدِّين﴾ لە ئایەتی : ﴿أَرَءَيۡتَ ٱلَّذِي يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ﴾ بریتییە لە :
◯ زیندووبونەوە و پاداشت ◯ نکۆڵی کردن لە حەق

١٠٢- مانای وشەی ﴿يَدُعُّ﴾ واتە:
◯ وازی لێ دەهێنێ ◯ پاڵی پێوە دەنێت بە هێزەوە

١٠٣– هەتیو ئەو کەسەیە کە : ◯باوکی مردووە ◯دایکی مردووە

١٠٤– هەروەها پێی دەڵێن هەتیو ئەگەرە :
◯ بالغ نەبوبێت ◯ هەرچەندە بالغیش بوبێت

١٠٥– سەهوکردن لە نوێژدا ئەوەیە کە خاوەنەکەی شایستەی زەم و لۆمەیە، بەڵام سەهو بۆ نوێژ ئەوا لە هەموو کەسێکەوە روو دەدات : (راستە – هەڵەیە)

١٠٦– حوکمی ڕوپامایی : ◯ دروستە ◯ مەکروهە
◯حەرامە ◯ شیرکی بچووکە ◯ شیرکی گەورەیە

١٠٧– لەم سورەتەدا هاندانی تیادایە لەسەر ئەنجامدانی چاکە . (راستە – هەڵەیە)

١٠٨– ئەو (الماعون) لە ئایەتەکەدا هاتووە مانای :
◯ دەفرە
◯ هەموو ئەوەی کە لە عورف و عادەتدا هاتوو لە بەخشینی و ڕێگە پێدانی

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الکوثر)

١٠٩– سورەتی (الکوثر) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١١٠/ (الکوثر) واتە :

◯ روبار ◯ خەیرێکی و زۆر و فەزڵێکی فراوان

١١١– خوای گەورە ئەم دوو پەرستشەی تایبەت کردووە : نوێژ و ئاژەڵ سەربڕین، چونکە باشترین پەرستشەکانن و چاکترین ئەو کارانەن لە خوا نزیکت بکاتەوە . (راستە – هەڵەیە)

١١٢– ﴿شَانِئَكَ﴾ واتە :

◯ ئەوەی رقی لێت دەبێتەوە ◯ ئەوەی زەمت دەکات

◯ ئەوەی بە کەمت دەزانێت ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١١٣– ئایەتی : ﴿هُوَ ٱلْأَبْتَرُ﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خۆشەویستانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) یاد و ستایشیان دەمێنی . (راستە – هەڵەیە)

١١٤– لەم سورەتەدا بەڵگەی زۆری پشتیوانان و شوێنکەوتوانانی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدایە . (راستە – هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الکافرون)

١١٥– سورەتی (الکافرون) سورەتێکی :◯ مەککی یە ◯مەدەنی یە

١١٦– سورەتی (الکافرون) لە پاش سورەتی (الفاتحة) لە رکاتی یەکەمدا دەخوێنرێت لە :
◯ سوننەتی فەجر ◯ سوننەتی مەغریب ◯سوننەتی تەواف
◯ لە ویتردا ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١١٧– ئەو پەرستشەی تێکەڵە بە شیرک :
◯ پەرستشێکی کەموکورتە ◯ پێی ناگوترێت پەرستش

١١٨– ئەو دووانەی لە ﴿قُلْ﴾ هاتووە :
◯ بۆ پێغەمبەری خوایە(ﷺ)
◯ بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەموو کەسێک دروست بێت دواندنەکەی روو تێ بکات

١١٩– (الکافرون) بێباوەڕان ئەوانە دەگرێتەوە کە :
◯ هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) پێگەیشتووە و باوەڕیان پێی نەهێناوە وەکو جولەکە و گاور.
◯ بێباوەڕانی مەککە .

١٢٠– لەم سورەتەدا جێبەجێکردنی بەریبوونی تێدایە لە شیرک و موشریکەکان بە دڵ و زمان و ئەندامەکان . (راستە– هەڵەیە)

١٢١– دووبارە کردنەوە لە سورەتەکەدا :
◯ مەبەست لێی دوپاتکردنەوەیە.
◯ یەکەمی بەڵگەیە لەسەر نەبوونی کارەکە و دووەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو وەصفە بووتە صیفەتێکی لازم بۆی .

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (النصر)

١٢٢– سورەتی (النصر) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٢٣/ ئەم سورەتە موژدە و خەیر و فەرمان و وریاکردنەوەی تێدایە: (راستە – هەڵەیە)

١٢٤– ئەم ئوممەتە و ئەم دینە هێندە ڕەحمەت و میهرەبانی خوای بۆ هەیە کە بە بیری هیچ کەسێک و بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەهاتووە. (راستە – هەڵەیە)

١٢٥– لەم سورەتەدا ئاماژەی ئەوەی تێدایە کەوا ئەجەلی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزیک بووەتەوە . (راستە – هەڵەیە)

١٢٦– وەکو کارکردنێک بەم سورەتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر جار لە کرنۆش و سوژدەکانیدا دەیفەرموو : (سبحانک اللهم ربنا وبحمدک، اللهم اغفر لي) (راستە – هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (المسد)

١٢٧– سورەتی (المسد) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٢٨/ ئەبو لەهەب :
◯ مامی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)
◯ هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتی لە گەڵدا نییە

١٢٩/ تاکو ڕۆژی قیامەت زەم دەکرێت :
◯ ئەبو لەهەب
◯ هەرکەسێ دژایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات

١٣٠/ مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە :

(تبَّت):.....

(ماکسب):.....

(جیدها):.....

(مسد):.....

١٣١/ ئەم سورەتە ئایەتێکی روون و ئاشکرای تێدایە کەوا ئەبو لەهەب وخێزانەکەی موسڵمان نابن : (راستە – هەڵەیە)

پرسیارەکان لە سەر تەفسیری سورەتی (الإخلاص)

١٣٢/ سورەتی (الإخلاص) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٣٣/ ئەم سورەتە ناونراوە بە (الإخلاص) چونکە :

◯ تایبەتە بە وەصفی خوای گەورە

◯ خوێنەرەکەی لە شیرک دەرباز دەکات

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١٣٤/ ئەم سورەتە لە پاداشتدا بەرانبەر بە :

◯ نیوەی قورئانە ◯ چواریەکی قورئانە ◯ سێیەکی قورئانە

١٣٥/ ئەم سورەتە لە رکاتی دووەمدا لە پاش (الفاتحة) دەخوێنرێت لە :

◯ سوننەتی فەجر ◯ سوننەتی مەغریب

◯ سوننەتی تەواف ◯ سوننەتی ویتر

◯ لە پاش نوێژە فەرزەکان ◯ لە کاتی خەوتندا

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١٣٦/ سـورەتی (الكافرون) و(الإخلاص) لە شـەو و رۆژدا دەخوێنرێت تاوەکو سێ جۆرەکەی تەوحید جێ بەجێ دەبێت . (راستە – هەڵەیە)

١٣٧/ لە سورەتی (الإخلاص) دا :
- ◯ تەوحیدی (الألوهية)ی تێدایە
- ◯ تەوحیدی پەروەردگاریێتی و تەوحیدی ناو و صیفاتەکانی تێدایە

١٣٨/ مانای ﴿قُلْ﴾ :
- ◯ تەنها بە زمان
- ◯ وتن و کردار و بیروباوەڕ

١٣٩/ ئایەتـی : ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَـدٌ﴾واتە : تەنهایە لە پەروەردگاریێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکانی.(راستە – هەڵەیە)

١٤٠/ وشەی :﴿ ٱلصَّـمَدُ ﴾واتە :
- ◯ لە هەموو پێداویستیەکاندا روو لە ئەو دەکرێت
- ◯ ئەوەی کە خۆی بە کارەکانی خۆی هەستاو و بە جگە لە خۆیشی
- ◯ ئـەو گەورەیـە کـە گەورەیی کامل بـووە و لـە پەروەردگاریێتی و
- ◯ خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکانیدا کامل بووە.

هەموو ئەوەی باسکرا.

١٤١/ دانـە پاڵـی کـوڕ و باوک بـۆ خوای گـەورە بە کوفـری گەورە دەژمێردرێت: (راستە – هەڵەیە)

پرسیارەکان لەسەر تەفسیری سورەتی (الفلق)

١٤٢/ سورەتی (الفلق) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٤٣/ سورەتی (الفلق) دەخوێنرێت لە :

◯ پاش نوێژە فەرزەکان

◯ لە کاتی خەوتندا

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١٤٤/ مانای ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە :

(أعوذ) : .....

(الفلق) : .....

(غاسقٍ): .....

(وقب): .....

(النَّفَّاثات): .....

(العُقَد) : .....

(حاسدٍ) : .....

١٤٥/ ئەم سورەتە چی تێدایە ؟

◯ پەناگرتن بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی

◯ سیحر و جادوو حەقیقەتی هەیە

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

پرسیارەکان لەسەر سورەتی (الناس)

١٤٦/ سورەتی (الناس) سورەتێکی : ◯ مەککی یە ◯ مەدەنی یە

١٤٧/ سورەتی (الناس) لە کوێدا دەخوێنرێت؟ :

◯ لە پاش نوێژە فەرزەکان

◯ لە کاتی خەوتندا

◯ هەموو ئەوەی باسکرا

١٤٨/ مانای وشەی (الخنَّاس) چییە ؟

.....

وانەی دووەم

وانەی دووەم : پایەکانی ئیسلام

رووبەڕووبونەوەی پێنج پایەکەی ئیسلام : یەکەمیان و مەزنترینیان : شایەتیدانە کەوا هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللە) نەبێت و (محمد)یش (ﷺ) پێغەمبەر و نێردراوی ئەوە، بە راڤەکردنی ماناکەی و رووبەڕووبونەوەی مەرجەکانی (لا إله الا الله).

ماناکەی : (لا إله) نەفی کردنی هەموو ئەوانەی لە جگە لە خوای گەورە دەپەرستریّت، (إلا الله) سەلماندنی پەرستن بۆ خوای تاک و تەنها و بێ شەریک .

وەمەرجەکانی (لا إله إلا الله) بریتین لە :

١. زانست و زانیاری کە نەفیکراوی نەزانینە .
٢. دڵنیایی و یەقین کە نەفیکراوی گومانە .
٣. ئیخلاص و دڵسۆزی کە نەفیکراوی شیرکە .
٤. راستگۆیی کە نەفیکراوی درۆیە .
٥. خۆشەویستی کە نەفیکراوی رق و کینەیە
٦. ملکەچبوون کە نەفیکراوی وازهێنانە .
٧. قایلبوون کە نەفیکراوی ڕەتکردنەوەیە
٨. کوفرکردن بەوەی لە جگە لە خوا دەپەرستریّت .

وە ئەو مەرجانە لەم دوو بەیتەدا کۆکراونەتەوە :

علمٌ يقينٌ و اخلاصٌ و صدقك مع محبةٍ وانقيادٍ والقبولُ لها
وزيد ثامنها الكفران منك بما سوى الاله من الأشياء قد أُلها

لە گەڵ روونکردنەوەی شایەتیدانی (محمد رسول الله) و ناوەڕۆکەکەی بریتیە لە : باوەڕپێکردنی لەوەی هەواڵی داوە و گوێڕایەڵی کردنی ئەوەی فەرمانی پێکردووە و دوورکەوتنەوە لەوەی نەهی لێ کردووە و قەدەغەی کردووە، وە نابێت خوای گەورە بپەرستریت ئیللا بەو شێوەیە نەبێت کەوا ئەو دایڕێژاوە .

ئەمجار ئەو دوای پێنج پایەکەی ئیسلام بۆ قوتابی روون دەکاتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە : نوێژ و زەکات و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و حەججی ماڵی خوای گەورە بۆ هەرکەسێک توانای هەبێت بڕوات.

پایەکانی (لا اله الا الله)

نەفیکردن (لا اله) :
نەفی بکات لە هەموو ئەوانەی لە جگە لە خوای گەورە دەپەرستریت (کوفرکردن به تاغوت)

سەلماندن (الا اللّه)
خواپەرستی تەنها بۆ خوای تاک و تەنها بسەلمێنێت (باوەڕبوون به خوا)

لكلمة الاخلاص ركنان هما النفي والاثبات فاحفظنهما

راڤەی مەرجەکانی (لا اله الا الله):

مەرجەکانی (لا اله الا الله) هەروەکو دانەکانی کلیل وایە، جا وشەی (لا اله الا الله) کلیلی بەهەشتە و کلیلیش ناکاتەوە ئیللا بە بوونی دانەکانی نەبێت، بەم پێیە هەرچی لە کیتاب و سوننەدا هاتووە کەوا هەرکەسێ فەرمووی: (لا اله الا الله) ئەوا ئەو شتەی بۆ هەیە و دەستی دەکەوێت، ئەوا بۆ بە دەست هێنانی ئەو پاداشتە پێویستە ئەم مەرجانە جێ بە جێ بکات، کە ئەوانیش هەشت مەرجن:

١. **ماناکەی بزانێت (العلم)**: وە دژەکەشی نەزانینە بە ماناکەی، جا هەرکەسێ ماناکەی نەزانی ئەوا سوودی لێ نابینێ، جا بۆیە پێویستە هەرکەسێ هاتە ناو ئیسلامەوە مانەکەی بزانێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (من مات وهو يعلم أنه (لا إله الا الله) دخل الجنة) رواه مسلم واتە: هەرکەسێ بمرێت و بزانێت هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت بە حەق تەنها خوا نەبێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە).

٢. **دڵنیایی (اليقين)**: واتە سەد لە سەد، چونکە ئەگەر لە سەدا یەک گومانی هەبوو لە کوفرکردن بە تاغوت یان راوەستا یان دوو دڵ بوو ئەوا کەسێکی یەکتاپەرست نییە، وە ئەگەر گومانی هەبوو لە کوفری جولەکە و گاورەکان ئەوانەی بانگەوازەکەی (محمد)یان پێگەیشتووە(ﷺ) ئەوا کەسێکی یەکتاپەرست نییە، پێغەمبەری خو(ﷺ) فەرموویەتی: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ لاَ يَلْقَى اللَّهَ بِهِمَا عَبْدٌ غَيْرَ شَاكٍّ فِيهِمَا إِلاَّ دَخَلَ اَلْجَنَّةَ) رواه مسلم واتە: شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت و منیش پێغەمبەری خوام (ﷺ)، هیچ بەندەیەک بەو دوو وشەوەو بە بێ گومان ناگاتە خواکەی خۆی

ئیللا دەچێتە بەهەشتەوە).

٣. **ئیخلاص و دڵسۆزی** : هەرکەسێ رووپامایی تیادا بکات یان بە شیرکێکی گەورە بریاری شیرکی دا – وەکو کەسێک جگە لە خوا دەپەرستێت – ئەوا سوودی لێ نابینێ، لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) هاتووە کەوا فەرموویەتی : (أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال: لا إله إلا الله، خالصاً من قلبه أو نفسه) رواه البخاري واتە : بەختەوەرترین کەس لە ڕۆژی قیامەتدا بە شەفاعەتم ئەو کەسەیە وتبێتی : لا اله الا الله . بە موخلیصی و دڵسۆزییەوە لە دڵیەوە یان لە ناخی خۆیەوە)) .

٤. **ڕاستگۆیی (الصدق)** : جا هەرکەسێ بە درۆوە و بیڵێت – وەکو کەسی دووڕوو– ئەوا سوودی لێ نابینێ، لە پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) هاتووە کەوا فەرمویەتی : (مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلَّا حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ) رواه البخاري واتە : هیچ کەسێک نییە شایەتی بدات کەوا هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرست بێت بە حەق ئیللا (الله) نەبێت و (محمد)یش (ﷺ) بەندە و نێردراوی خوایە بە ڕاستگۆیی و لە دڵیەوە ئیللا خوای گەورە ئاگری لەسەر حەرام دەکات) .

٥. **خۆشەویستی (المحبة)** : جا خوای گەورەی خۆشدەوێت و لە گەڵ خوادا هیچ کەسێکی تری خۆش ناوێت، وە هەموو ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە خۆشویستنیان، وە دژەکەشی ڕقلێبوونە، بۆیە یەکێ لە هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام : (هەرکەسێ ڕقی لە شتێ بێت لەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێناویەتی، هەرچەندە کاری پێ بکات ئەوا کوفری کردووە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾ البقرة: ١٦٥ واتە : هەندێ لەم خەڵکە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا تێنافکرێ

تاخوا بەتەنها بپەرستێ، هێشتا چەند هاوتاو چەند هاوبەشێکی بۆ دادەنێ خۆشیان دەوێن وەک خۆشەویستی خودا).

٦. **ملکەچبوون** : واتە پێویستە کار بە ناوەرۆکەکەی بکات، چونکە هەرکەسێ وازی لەکارکردن هێنا ئەوا سوودی لێ نابینێ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴾ النساء: ٦٥ واتە : نەخێر وەک ئەوەنییەدووڕووەکان دەیزانن، سوێندبێ بەپەروەردگارت ئەی پێغەمبەر نابنەباوەڕدار تا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان تۆ دەکەنەداوەر و ئەوساش بەرامبەر بەو بڕیارەی تۆ داوتە، هیچ تەنگیەکیان دەست نەکەوێ لەدەروونیاندا و بەچاکیش تەسلیم و ملکەچ ببن.)

٧. **قایلبوون** : بۆیە هیچ قسە و کردار و باوەڕێک پێی رەت ناکاتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوٓا۟ إِذَا قِيلَ لَهُمْ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٣٥﴾ وَيَقُولُونَ أَئِنَّا لَتَارِكُوٓا۟ ءَالِهَتِنَا لِشَاعِرٍ مَّجْنُونٍ ﴾ الصافات: ٣٥ – ٣٦ واتە : چونکەئەوان کاتێ پێیان گوترابا:هیچ پەرسراوێکی هەق نیەجگەلە(اللە)، ئیبایان دەکرد و خۆیان زۆر بەزل دەزانی (٣٥) و دەشیان گوت:ئایا ئێمەبۆ شاعیرێکی شێت و لێوەوەکو موحەممەد، واز لەخواکانمان بێنین ؟!(٣٦) .

٨. **کوفرکردن** : واتە هەر شتێک لە جگە لە خوای گەورە بپەرستریێت ئەوا پەرستنەکەی پووچەڵە، وە هیچ شتێک شایەنی پەرستن نییە ئیللا خوا نەبێت .

ئاگادارییەک

لە وشەی ئیخلاصدا (تەوحیددا) پێویستی بە وتن و کردار و باوەڕبوون هەیە .

بەشەکانی خۆشەویستی (المحبة)

خۆشویستن لە گەڵ خوادا

ئەمەش شیرکی گەورەیە : خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾

خۆشویستن لەبەر خوا

ئەمەش واجیبە ، بەڵکو لە تۆکمەترین دەستەگیرەی ئیمانە ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ﴾ الفتح: ٢٩ واتە : محەممەد کە پێغەمبەری خودایەو بۆ هیدایەتدانی هەموو ئادەمیزاد نێردراوە ، هەروەها ئەوانەی کە وان لەگەڵیداو باوەڕیان پێ هێناوە ، کەسانی ئازاو جوامێرن و تووندوتیژن لەگەڵ بێباوەڕاندا ، بەڵام لە نێوان خۆیاندا خاوەن بەزەیی و میهرەبانن) . وە لە چوار شتتدا دەبێت :

خۆشویستنێکی سروشتی

ئەمەش دروستە بە مەرجێ پێش خۆشویستنی خوا نەکەوێت ، لە نمونەی ئەوە خۆشویستنی منداڵ و خێزان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين) حديث صحيح : رواه البخاري ومسلم وغيرهما واتە: هیچ یەکێک لە ئێوە ئیمانی کامل نابێت تاوەکو منی خۆشتر نەوێت لە کوڕەکەی و لە باوکی و لە هەموو خەڵکی) .

- ئەو کردارانەی کە خوای گەورە پێی رازییە ، ئەویش بریتیە لە هەموو ئەوەی شەرع هێناویەتی وەکو تەوحید .
- ئەو بکەرانەی کاری پێ دەکەن وەکو پێغەمبەران و نێردراوان و فریشتەکان و هاوەڵان و هەموو یەکتاپەرستێک
- ئەو کاتانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت بۆ نمونە شەوی قەدر و کۆتا سێ یەکی هەموو شەوێک .
- ئەو شوێنانەی کە خوای گەورە خۆشی دەوێت وەکو شاری مەککە و شاری مەدینە .

مانای وشەی (عبده) چییە کاتێ کەسی موسڵمان لە شایەتیدانی (محمد رسول الله)دا دەیڵێت ؟

واتە ناپەرستریت، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ تایبەتمەندییەکی پەروەردگاریێتی و خوداوەندێتی و ناو و صیفاتەکانی نییە .

هەروەها ئەو لە هەموو خەڵکی خواپەرستر، جا ئەو کەمالی پەرستنی لە خۆیدا بە جێ هێنا .

بەشەکانی بەندایەتی بۆ خوای گەورە:

گشتی :

ئەویش بەندایەتی پەروەردگاریێتیە (زاڵبوونە)، ئەمەش بۆ هەموو دروستکراوەکانە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحْمَٰنِ عَبْدًا ﴾ مریم: ٩٣ واتە: بەراستی هەرچی لەناو ئاسمانەکان و زەویدایەسەرجەم هەموو بەبەندێتی و خولامەتی دێنەلای پەروەردگاری بەخشەرو و ملکەچی دەبن) وە هەموو موسڵمان و بێباوەڕێک دەگرێتەوە .

تایبەت :

ئەویش بەندایەتی گوێرایەڵی گشتییە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا ﴾ الفرقان: ٦٣ واتە : بەندەراستەکانی خوای بەبەزەیی ئەوانەن کە زۆر بەسەلاریی و نەرمیی و لەسەرخۆ بێ دەعیەو فیز بەسەر زەوییدا دەڕۆنەڕێوە) . ئەمەش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا خوای گەورە بپەرستن بە پێی شەرعەکەی .

تایبەتی تایبەت :

ئەویش ئەو بەندایەتییە کە پێغەمبەران ئەنجامی دەدەن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّهُۥ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا ﴾ الإسراء: ٣ واتە: بێگومان نوح بەندەیەکی خوداناس بوو، وەهەموو کاتێک و لەهەموو حاڵێکدا سوپاسی خودای دەکرد.) جا ئەم بەندایەتیە کە دراوەتە پاڵ پێغەمبەران تایبەتی تایبەتە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێ کێبرکێی هیچ یەکێ لەو پێغەمبەرانە بکات لە بەندایەتی خوای گەورەدا .

کورتەیەک لە ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

ڕەچەڵەکی :	ناوی (محمد) ی کوڕی (عبدالله) ی کوڕی (عبدالمطلب) ی کوڕی (هاشم) ە، وە (هاشم) یش لە قورەیشە و قورەیشیش لە عەرەبە و عەرەبیش لە نەوەی (ئیسماعیل ی کوڕی ئیبراهیم)ە .
لە دایکبوونی :	لە ساڵی (فیل) لە دایک بووە لە شاری مەککە لە مانگی ڕەبیعی یەکەم، وە تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو، چل ساڵ لە پێش پێغەمبەرایەتی و بیست و سێ ساڵ پێغەمبەر و نێردراو بوو، کەسێکی هەتیو بوو، لە پێش لە دایکبوونی باوکی کۆچی دوایی کردبوو، لە کەفالەتی باپیری (عبدالمطلب)دا بوو، وە لە پاش کۆچی دوایی باپیری (ئەبو تالیب) ی مامی کەفالەتی دەگرێتە ئەستۆی خۆی .
ڕەوانەکردنی :	خوای گەورە پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ مرۆڤ و جنۆکە ڕەوانە کرد، جا هەرکەسێک بانگەوازەکەی پێگەیشت و ئیمانی پێ نەهێنا ئەوا کەسێکی کافرە بە کوفرێکی گەورە، جا ئیتر ئەو کەسە هەرکەسێک بێت .
بانگەوازەکەی :	پێغەمبەری خوا(ﷺ) بانگەوازی بۆ تەوحید و ئاکار و کرداڕە چاکەکان کردووە، وە نەهی کردووە لە شیرک ئاکار و کرداڕە خراپەکان .

ئیسرا و میعراج :	پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مەککەوە بۆ (بیت المقدس) شەوڕەوی پێکرا، ئەمجار بۆ ئاسمانی حەوتەم بەرز کرایەوە و خوای گەورە قسەی لە گەڵدا کرد و پێنج نوێژەکەی لەسەر فەرز کرد .
هیجرەت و کۆچی دوایی :	لە شاری مەککەوە کۆچی کرد بۆ شاری مەدینە، وە هەر لەو شارەدا کۆچی دوایی کرد، وە لە ژوورەکەی دایکە عائیشەدا نێژرا .
گەیاندنی دینەکە :	خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو دینەکەی کامل و تەواو کرد، وە بە گەیاندنێکی ڕوون دینەکەی گەیاند، وە سپاردەکەی بە جوانی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کرد، وە لە پێناوی خوای گەورە بە هەموو جۆرە جیهادێک جیهادی کرد، بۆیە بۆ هیچ کەسێک نییە شتێکی تازە بخاتە سەر ئەم دینە .
گرنگترین غەزاکانی :	حەوت دانەن : بەدر و ئوحود و خەندەق و خەیبەر و ڕزگارکردنی مەککە و تەبوک و حونەین.
منداڵەکانی حەوت دانەن :	القاسم و ئیبراهیم و عبدالله کە بە (الطیب الطاهر) ناسراوە، وە (زینب و رقیة و ام کلثوم و فاطمة)، وە هەموویان لە ژیانی خۆیدا کۆچی دواییان کرد تەنها (فاطمة) نەبێت، چونکە (فاطمة) لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە شەش مانگ کۆچی دوایی کرد –ڕەزای خوا لە هەموویان بێت– .

خێزانەکانی دوازدە دانەن :	(خەدیجـة) و (عائیشـة) و (سـەودة) و (حەفصە) و (زەینەبی هیلالی) و (ام سلمە –هند) و (زەینـەب ی کچی جەحـش) و (جویریەی کچی الحـارث) و (صفیەی کچی حیـی) و (ام حبیبة – رملة–) و (ریحانەی کچی زید) و (میمونەی کچی الحارث) رەزای خوای گەورە لە هەموویان بێت .
دایانەکانی :	ئامینەی کچی وەهەبـی دایکی، وە (ثویبة) مەولای (ابو لهب) ی مامی و حەلیمە ی کچی ابی ذؤیب السعدیة رەزای خوای گەورە لە هەموویان بێت .
یەکەم ئایەتانێکی دابەزیوەتە سەر :	ئـەو ئایەتانەیـە لەسـەرەتای سـورەتی (العلـق): ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ۝٥﴾ العلق: ١ – ٥ واتە : ئەی پێغەمبەر ! بە ناوی خودای پەروەردگارتەوە کـە کائیناتی هێناوەتە دی بخوێنەرەوە(١) ئەو خودایەی کە ئادەمیزادی لە حەیوانێکی مەنەوی خوڵقاندووە(٢) بخوێنە.. پـەروەردگارت بە کەرەمترین و بەخشـندەترینە (٣) ئەو زاتەیە کە بە قەڵەم هیدایەتی ئادەمیزادی دا ، تـا فێری نووسـین و خوێنـدەواری ببێت(٤) ئـەو خودایـەی کە بە هیدایەتـی ژیریی و هۆش و هیدایەتی ئایینەوە ئادەمیزادی فێری شـتانێک کردووە کە خۆی نەیدەزانین(٥)

یەکەم کەس باوەڕی پێهێنا :	لــە پیــاوان (ئەبــو بەکــری صدیــق) و لە ئافرەتــان دایکــی ئیمانــداران (خەدیجــەی کچی خویلــد) و لــە هــەرزەکاران (عەلی کــوڕی ئەبو تالیــب) و لە مەوالیکان (زیدی کوڕی الحارثة) و لە کۆیلەکان (بیلال ی کوڕی رباح) .
حەج و عومرەکەی:	پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار عومرەی کردووە هەمــووی لە مانگی (ذي القعدة) بووە , وە تەنها یەک حەجی کردووە کە ئەویش حەجی مالئاوایی بووە لە ساڵی (دە)ی کۆچی .
رەوشتی :	خوای گەورە دەفەرموێــت : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم: ٤ واتە : ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕاستیی تۆ لەســەر ڕەوشتێکی زۆر مەزن و جوانیت)، وە دایکــی ئیمانداران عائیشــە دەفەرموێــت : (کان خلقه القرآن)واتە : بە ڕاستی ڕەوشتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) قورئان بوو) .
گرنگی خوێندنی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا(ﷺ):	ابــن القیــم – ڕەحمەتــی خوای لــێ بێت – دەفەرموێــت : (ئەگەر هاتوو بەختــەوەری بەندە لە هەردوو دونیادا پەیوەســت بێت بە ڕێبازەکەی پێغەمبەرەوە(ﷺ)، ئەوا پێویســتە لەسەر هەموو کەســێک ئامۆژگاری نەفســی خۆی دەکات و پێی خۆشە ڕزگاری بێت و ئاسوودە بێت ئەوا ڕێبازەکەی و ژیاننامە و کار و باری بزانێت و نەبێتە یەکێک لەو کەســانەی ناشــارەزان لە ژیانــی، وە ببێتە یەکێک لە شوێنکەوتوان و گروپ و حیزبەکەی، وە خەڵکیش لەم باسەدا لە نێوان کەسانێکی کەمزان و کەســانێکی زۆرزان و کەســانێکی مەحرومدان، فەزڵیش بە دەســتی خوایە دەیداتە هەرکەســێک خۆی ویستی لێ بێت، وە خوای گەورەش خاوەنی فەزڵێکی گەورە و مەزنە) .

وانەی سێیەم

پایەکانی ئیمان :

پایەکانی ئیمان شەش دانـەن : دەبێ بـاوەڕت هەبێت بە خوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و باوەڕت هەبێت بە قەدەر چاک وخراپەکەی کە هەمووی لە خوداوەیە.

پێناسەی ئیمان لە شەرعدا :

وتن بە زمان و باوەڕبوون بە دڵ و کارکردن بە ئەندامەکان، وە پایەکان – واتە دڵ– زیاد دەکات بە گوێڕایەڵی و کەم دەکات بە سەرپێچی، وە بەڵگەش :

بەڵگەی وتن ئەو فەرمودەیەیە کە دەفەرموێت: (فأعلاها : قول لا إله الا الله) واتە : بەرزترینەکەی: وتنی (لا اله الا الله)یە.	بەڵگەی کرداری ئەندامەکان ئەو فەرمودەیەیە کە دەفەرموێت: (وأدناها إماطة الأذى عـــن الطريق) واتە: نزمترینەکەی: لادانی ئازارێکە لەسەرە ریگا)	بەڵگەی کرداری دڵ ئەو فەرمودەیەیە کە دەفەرموێت: (والحياء شعبة من الايمان) واتە: وە حەیاش لقێکە لە ئیمان)	وە بەڵگەی زیادبوونی ئیمان، ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت : ﴿أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِۦٓ إِيمَٰنًا﴾ التوبة: ١٢٤واتە : ئەم سوورەتەباوەڕی کامتانی زیاد کردووە؟!)	وە بەڵگەی کەمبوونەوەی ئەو فەرمودەیەیە کە دەفەرموێت : (ما رأيت من ناقصات عقل ودينٍ)

هۆکارەکانی زیادکردنی ئیمان :

- خوێندنەوەی تەوحید بە تایبەتی باس و بابەتی ناو و صیفاتەکان
- زۆر ئەنجامدانی تاعەتەکان
- وازهێنان لە سەرپێچییەکان
- بیرکردنەوە لە دروستکراوەکان

هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ئیمان :

- وازهێنان لە خوێندنەوەی تەوحید بە تایبەتی باس و بابەتی ناو و صیفاتەکان.
- وازهێنان لە تاعەتەکان
- ئەنجامدانی سەرپێچییەکان
- وازهێنان لە بیرکردنەوە لە دروستکراوەکان.

پایەکانی ئیمان شەش دانەن :

- باوەڕبوون بە خوای گەورە
- باوەڕبوون بە فریشتەکانی
- باوەڕبوون بە کتێبەکانی
- باوەڕبوون بە پێغەمبەرانی
- باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی
- باوەڕبوون بە قەدەر چاکە و خراپەکەی

پایەی یەکەم :
باوەڕهێنان بە خوای گەورە، ئەم کارانە لە خۆ دەگرێت :

- باوەڕ بە بوونی خوای گەورە ئەمیش بە چوار شت دەبێت :
  - **بە عەقڵ :** جا لای عەقڵ زۆر ئەستەمە کەوا باوەڕی وابێت دروستکراوێک هەبێت بە بێ دروستکار، ﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴾ الطور: ٣٥ واتە : یا خۆ هەر لەخۆیانەوە دروستبوون، وا ئەوەندە سەربەستن و بەئارەزووی خۆیان قسەئەکەن و منەتی هیچ کەسێک نازانن ؟ یا هەر خۆیان دروستکەری خۆیانن؟
  - **بە هەستەکان :** لە تەنگانە و نا رەحەتییەکاندا دەبیت و دەستەکان بۆ ئاسمان بەرز دەکەیتەوە و دەڵێیت : پەروەردگارا پەروەردگارا..دەبینی ئەم تەنگانەیە نامێنی بە ئیزنی خوای گەورە .
  - **بە فیترەت :** پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (كل مولود يولد على الفطرة ، فأبواه يهودانه ، أو ينصرانه ، أو يمجسانه . .) أخرجه البخاري (١٣٥٨) ، وانظر (١٣٨٥) ، ومسلم (٢٦٥٨) واتە : هەموو منداڵێک لەسەر فیترەتی پاکی ئیسلام لە دایک دەبێت ، جا دایک و باوکی دەیکەنە جولەکە یان دەیکەنە گاور یان دەیکەنە مەجوسی (ئاگرپەرست) .
  - **بە شەرع :** (ابن القيم) باسی ئەوەی کردووە کەوا هیچ ئایەتێک نییە لە کتێبەکەی خوادا ئیللا بەڵگەیەکی تێدایە لەسەر تەوحید .
- باوەڕبوون بە پەروەردگاریێتی خوای گەورە
- باوەڕبوون بە خوداوەندێتی خوای گەورە
- باوەڕبوون بە ناو وصیفەتەکانی

پایەی دووەم : باوەڕبوون بە فریشتەکان:

فریشتەکان : جیهانێکی غەیبین، خوای گەورە لە روناکی دروستی کردوون، گوێڕایەڵی خوا دەکەن و سەرپێچی ناکەن، ئەوان روحیان هەیە : ﴿ رُوحُ ٱلْقُدُسِ ﴾ النحل: ١٠٢ وە جەستەیان هەیە: ﴿ جَاعِلِ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجْنِحَةٍ مَّثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُۚ ﴾ فاطر: ١ واتە : بگێڕی فریشتەکان بەنێردراو بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بەپەیامبەران، فریشتەکانی خاوەنی دوو باڵ و سێ باڵ و چوار باڵ، لەئاسمانەوەبەو باڵانەبەرەو رووی زەویی دێن و ئەگەڕێنەوە. خۆی هەر شتێکی حەز لێبکا لەدروستکردنی باڵ بۆ فریشتەکان و؛ هەرچی تر زیادی ئەکات) وە دڵ و عەقڵیان هەیە: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمْ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْۖ ﴾ سبأ: ٢٣ واتە: تا ئەوەمەی کەسام و ترس لەدڵیاندا دادەمرکێ بەمۆڵەتدان بەشەفاعەت بۆیان، ئەوجا دەمیان ئەکرێتەوەو لەناو یەکتردا ئەڵێن: ئاخۆ پەروەردگاری ئێوەچ بڕیارێکی دا، چی وت سەبارەت بەتکاکردن؟؟) باوەڕمان پێیان هەیە، وە بەو ناوانەی خوای گەورە فێری کردووین وەکو (جبریل و میکائیل و ئیسرافیل) وە باوەڕمان بە صیفاتەکانیان هەیە :﴿ لَّا يَعْصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ التحريم: ٦ واتە : نافەرمانیی خودا ناکەن و هەر فەرمانێکیان پێ بکات خێرا جێبەجیی دەکەن.) هەروەها بە کردارەکانیان .

هەندێ لەو فریشتانەی هەواڵیان دەربارە دراوە :

لەوانە ئەو هەشت فریشتەن کە عەرشی خوایان هەڵگرتووە و (جبرئیل) کە راسپێردراوە بە وەحی و (میکائیل) بە باران .. باوەڕمان بە هەموویان هەیە و بەو هەواڵانەی دەربارەیان هاتووە بە گشتی و بە تەفصیلی .

پایەی سێیەم : باوەڕبوون بە کتێبەکان

پێویستە باوەڕمان هەبێت کەوا ئەوانە قسەی خوای گەورەن نەک بە مەجازی، لە لایەن خوداوە دابەزێنراون و دروستکراو نین، وە خوای گەورە لە گەڵ هەموو پێغەمبەرێکدا –(رسول) یێکدا– کتێبێکی دابەزاندووە، وە باوەڕمان پێیان هەیە و بەو ناو و هەواڵ و ئەحکامانەی خوای گەورە بۆی باس کردووین بە گشتی و بە تەفصیلی، ئەگەر نەسخ نەکرابێتەوە، وە باوەڕمان وایە کەوا قورئان هەموو کتێبەکانی پێش خۆی نەسخ کردووەتەوە کە ئەوانیش: (تەورات و ئینجیل و زەبور و صوحوفی ئیبراهیم و موسا)ن .

پایەی چوارەم : باوەڕبوون بە پێغەمبەران

پێویستە باوەڕمان وابێت کەوا ئەوان مرۆڤن و بە هیچ شێوەیەک لە تایبەتمەندیەکانی پەروەردگاریێتیان تێدا نییە، وە ئەوان بەندەی خوان ناپەرستڕێن و خوای گەورە رەوانەی کردوون و وەحی بۆ کردوون و بە چەندین ئایەت و نیشانە پشتگیری کردوون وە ئەوان ئەو سپاردەی لەسەر شانیان بوو بە تەواوی گەیاندیان و ئامۆژگاری ئوممەتیان کرد و دینەکەیان پێ گەیاندن، وە لە پێناوی خوادا بەو پەڕی تێرو تەسەلی و شیاوی جیهادیان کردووە. باوەڕمان پێیان هەیە، وە بەو ناو و صیفات و هەواڵانەی خوای گەورە دەربارەیان فێری کردووین، بە گشتی و بە تەفصیلی، وە یەکەم پێغەمبەران (انبیاء) (ئادەم)ە و یەکەم نێردراوان (الرسل) (نووح)ە، وە دواپین پێغەمبەر و نێردراو (محمد)ە(ﷺ)، وە هەموو شەریعەتەکانی پێشوو بە شەریعەتەکەی (محمد)(ﷺ) نەسخ کراونەتەوە، وە (اولوا العزم) پێنج دانەن کە لە هەردوو سورەتی (الشوری) و (الاحزاب)دا باسکراون ئەوانیش : محمد ونوح و ئیبراهیم و عیسا و موسا –صەڵات و سەلامی خوای گەورە لە هەموویان بێت–.

پایەی پێنجەم : باوەڕبوون بە رۆژی دوایی

باوەڕبوون بە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵی پێداوین لە پاش مردن روو دەدەن، وەکو : تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ و فووکردن بە کەڕەنادا و هەستانەوەی خەڵکی لە گۆڕەکانیان و تەرازوو و دەفتەری کردەوەکان و سیڕات و حەوز و شەفاعەت و بەهەشت و ئاگر و بینینی خوای گەورە لە لایەن ئیمانداران‌ەوە لە رۆژی قیامەتدا و لە بەهەشتدا، وە جگە لەوانەی کە روو دەدەن لە کاروبارە غەیبییەکان .

پایەی شەشەم :

باوەڕبوون بە قەدەر خەیر و شەڕەکەی
ئەویش چوار پلەی هەیە کە هۆنەر لەم دێرەدا باسی کردووە :
علمٌ , کتابةٌ مولانا , مشیئته وخلقه وهو إیجاد و تکوین

زانست :

باوەڕمان وابێت کەوا خوای گەورە زانیاری دەربارەی هەموو شتەکان بووە بە گشتی و تەفصیلی، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت:

﴿ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ﴾ البقرة: ٢٥٥

واتە : ئەوەی ئێستا لەبەر دەستیانایەو دیارە، ئەوەیش کەلەپاش سەریانەوە یەو نادیارە، ئەو پێی ئاگایە، واتە: کاروباری دونیاو قیامەتیان تەنها هەر ئەو ئەیزانێ)

نوسین :

باوەڕمان وابێت کەوا خوای گەورە مەقادیری هەموو شتەکانی نوسیوە تاکو قیامەت، وە بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت :

﴿ وَمَا مِنْ غَائِبَةٍ فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ ﴾ النمل: ٧٥

واتە : هەموو شتێکی پەنهان و نادیار لەئاسمان وزەوییدا لەنامەیەکی روون و ئاشکرا ' لوح المحفوظ 'دا تۆمارکراوە)

ویست :

باوەڕمان وابێت کەوا ئەوەی خوای گەورە ویستی لێ بێت دەبێت و ئەوەی ویستی لێ نەبێت نابێت، وە بەندە ویستی خۆی هەیە بەڵام داخلی ویستی خوای گەورەیە، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ ﴾ التكوير: ٢٩ واتە : وەئێوە ئارەزووی ئیستیقامە ناکەن، مەگەر خوای خاوەنی جیهانەکان ئارەزووی بکات، جاکەوابوو داوای یارمەتی هەر لـــەو بکەن و، خۆشتانی بەتەواوی بۆ ڕێک بخەن، تا خوایش پشتیوانتان بـــێ و ڕێنماییتان بکا، ئەگینەخوا بەزۆر هیچ کەسێک ناهێنێتەژێر بار).

دروستکردن :

باوەڕمان وابێت کەوا بەندەکان دروستکراون، خۆیان و کردەوەکانیان، هەروەها هەموو بوونەوەرەکان، بەڵگەش ئەو ئایەتەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ اللَّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ ﴾ الرعد: ١٦ واتە : تەنها هەر (اللە) خوایە دروستکەری هەموو شتێک، نەک ئەو بتانەئەوان دەیانپەرستن) وە دەفەرموێت:

﴿ وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴾ الصافات: ٩٦ واتە: هەم خۆتان و هەم ئەو بتانەدروستیان دەکەن لەدارو بەرد، خوا بەدیهێناون)

وانەی چوارەم

بەشەکانی تەوحید و بەشەکانی شیرک

ڕوونکردنەوەی بەشەکانی تەوحید، ئەویش سێ دانەن : تەوحیدی پەروەردگاریێتی و تەوحیدی خوداوەندێتی و تەوحیدی ناو و صیفاتەکان.

تەوحیدی پەروەردگاریێتی : ئەویش بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە دروستکاری هەموو شتێکە و موتەصەریفە (فەرمان ڕەوایە) لە هەموو شتێکدا، لەو کارانەدا هیچ شەریکێکی نییە .

وە تەوحیدی خوداوەندێتی : ئەویش بریتییە لە باوەڕبوون بەوەی کەوا خوای گەورە پەرستراوی بە حەقە هیچ شەریکێکی لەوەدا نییە، ئەویش مانای (لا اله الا الله) یە، جا ماناکای بریتییە لە : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە ئیللا (الله) نەبێت، جا هەموو پەرستنەکان لە نوێژ و ڕۆژوو و جگە لەوانە پێویستە بە ئیخڵاصەوە بۆ خوای تاک و تەنها ئەنجام بدرێت، وە نابێت هیچ یەکێک لەوانە بۆ جگە لە خوا ئەنجام بدرێت .

وە تەوحیدی ناو و صیفاتەکان : بریتییە لە باوەڕبوون بە هەموو ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا یان لە فەرموودە دروستەکاندا هاتووە لە ناو و صیفاتەکانی خوای گەورە، وە سەلماندنی بۆ خوای تاک و تەنها بە شێوەیەک لایەقی ئەو بێت بە بێ هیچ لادانێک و لەکارخستنێک و چۆنیەتیک و لێکچواندنێک، وەکو کار کردنێک بەو ئایەتەی کە دەفەرموێت : ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤﴾

الإخلاص: ١ – ٤ واتە : ئەی موحەممەد! بڵێ: ئەو پەروەردگارەی کە

من دەیپەرستم، تاک و تەنیایەو، هاوەڵ و هاوبەشی نیە(١) ئەو خوایەکەناوی (اللە)یە، جێگای هیواو ئومێدەو، بێ نیازیشە، هیچ کەسێکیش-بێ لەو شای لێبوومەوەستەی ئەوەنییەگیرو گرفتەکان ببڕێنەلای بۆ چارەسەر، هەر ئەوزاتەگەورەیشە، کەدەبێ هەر بۆلای ئەو بگەڕێینەوە(٢) کەسی لێ نەبووەو، هیچ رۆڵەیەکی نیەوەک جولەکەو گاورو بتپەرستەکان دەڵێن، چونکەخوا زۆر بڵوند و پاک و بێخەوش و دوورەلەو جۆرەبیرو بۆچوونانەولەکەسیش نەبووەو بێدایک و بابە، چونکەهەموو شتێکی لەدایک بوو تازەو نوێیەو خوا نیەو سەرەتایەکی هەیە، خۆ خوایش بێ سەرەتاو (ئەزەل)ییە(٣) و هەرگیز هیچ کەسێک هاوشێوەو هاوتای نیەو، کەسێ ناتوانێ بەر هەڵستی بکات) (٤) وە ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡبَصِيرُ﴾ الشورى: ١١ واتە: هیچ شتێک نیەلەوێنەی ئەو (خوا)یە، نەلەزاتیا، نەلەسیفاتیا، نەلەکرداریا، بۆ خۆی تەنیایەو، لەهەموو شتێک، بێ نیازەو، هەمو شتێکیش نیازمەندەبەو ئەویشەبیسەری بینا، بەئاگایەبەوتەی بەندەکانی، بینایەبۆ کاروکردارییان)، وە هەندێ لە زانایان تەوحیدیان کردووەتە دوو جۆرەوە، وە تەوحیدی ناو و صیفاتەکانیان کردووەتە بەشێک لە تەوحیدی پەروەردگاریتی، وە هیچ کێشەیەک لەوەدا نییە، چونکە مەبەستەکە رووبە لە هەردوو دابەشکردنەکەدا، وە بەشەکانی شیرک سێ دانەن : شیرکی گەورە و شیرکی بچووک و شیرکی شاراوە .

جا شیرکی گەورە: هەموو کردەوەکانی خاوەنەکەی پووچەڵ دەکاتەوە و بە هەتا هەتایی لە ئاگردا دەمێنێتەوە هەر کەسێک لەسەر ئەم جۆرە شیرکە بمرێت، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٨٨﴾

الأنعام: ٨٨ واتە : لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئەو پەیامبەرانە(علیهم السلام) هاوبەشیان بۆخوا دانابا هەموو کارەکانیان سەرجەم پووچەڵ دەبوویەوە، باشەدەبێ حاڵی خەڵکانی تر چۆن بێت، ئەگەر هاوبەش و شەریک بۆخوا دابنێن؟) هەروەها فەرموویەتی : ﴿ مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَن يَعْمُرُوا۟ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ شَٰهِدِينَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِم بِٱلْكُفْرِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ وَفِى ٱلنَّارِ هُمْ خَٰلِدُونَ ﴾ التوبة: ١٧ واتە: بۆ خەڵکانی هاوبەشدانەر شیاوو ڕەوا نیەئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکانی خوا بۆ خۆشیان شایەتی بێباوەڕێتی خۆیان دەدەن، کارو ڕەفتاریان هی بێ بڕوا و بت پەرستانە، واتە: بێ بڕوا لێی ناوەشێتەوەمزگەوت ئاوەدان بکاتەوە، بۆهەمیشەکاروکردەوەی ئەمانەپووچەو بەردەوامیش لەئاگردان) .

وە هەر کەسێک لەسەر شیرک بمرێت ئەوا خوای گەورە لێی خۆش نابێت، وە بەهەشتیشی لەسەر حەرامە، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ ﴾ النساء: ٤٨ واتە : بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابووڕێ و لەخوار شیرکەوەلەهەر گوناهێک دەبووڕێ بۆ هەرکەسێک خۆی بیەوێت)، وە خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴾ المائدة: ٧٢ واتە : چاک بزانن کەهەرکەسێک شەریک و هاوبەش بۆخوا دابنێ بێ شک خوا بەهەشتی لەسەر یاساغ دەکا جێ و شوێنی ئاگرە. ستەمکارانیش هیچ جۆرەیارمەتی دەرێکیان بۆ نییەو رزگار نابن)، وە لە جۆرەکانی : داواکردن لە بت و مردووەکان، وە هاوارکردن پێیان و نەزر کردن بۆیان و ئاژەڵ سەربڕین بۆیان و لە نمونەی ئەوانە .

وە شیرکی بچووک : هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لە دەقەکانی

قورئاندا یان سوننەتدا سەڵمێنراوە کەوا ناوی لێ نرابێت شیرک، بەڵام لە جۆر و جنسی شیرکی گەورە نییە، وەکو ڕوپامایی لە هەندێ کرداڕەکاندا، وە سوێند خواردن بە جگە لە خوای گەورە، وە وتنی : خوای گەورە و فلان ویستیان لێ بوو (ما شاء الله وشاء فلان) وە لە نمونەی ئەوانە.

بە بەڵگە ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (أخوف ما أخاف عليكم الشرك الأصغر، قالوا : (و ما الشرك الأصغر، يا رسول الله(ﷺ) ؟ قال : الرياء)[1] واتە : ئەو شتەی لە هەموو شتێک زیاتر لێی دەترسم لێتان شیرکی بچووکە، وتیان : ئایە شیرکی بچووک چییە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی : ریایە)

وە ئەو فەرموودەیەی : (من حلف بشيء دون اللّه فقد أشرك)، واتە: هەر کەسێ سوێند بە شتێک بخوات لە غەیری خوا ئەوا شەریکی بۆ خوای گەورە ئەنجام داوە.)

وە ئەو فەرموودەیەی : (لا تقولوا : ما شاء الله وشاء فلان , ولكن قولوا: ما شاء الله ثم شاء فلان) واتە : مەڵێن : خوا و فلان ویستیان لە سەر بوو، بەڵکو بڵێن : خوای گەورە ویستی لەسەر بوو ئەمجار فلان).

جا ئەم جۆرەیان خاوەنەکەی بە هەڵگەڕاوە ناژمێردرێت، وە خاوەنەکەی بە هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە، بەڵام لە گەڵ کەمالی تەوحیدی واجیبدا جیاوازەو یەکناگرنەوە .

جۆری سێیەم : ئەویش شیرکی شاراوەیە، بەڵگەش ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت : ((ألا أخبركم بما هو أخوف عليكم عندي من المسيح الدجال ؟ قالوا : بلى يا رسول الله , قال: الشرك الخفي،

١)/ صحيح : أخرجه أحمد (٥/ ٤٢٨) وصححه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (١٥٥٥) .

يقوم الرجل فيصلي فيزين صلاته لما يرى من نظر الرجل إليه)[1] واتە : ئایە هەواڵتان پێ بدەم بەوەی لێی دەترسم تووشتان ببێت زیاتر لە مەسیحی دەججال ؟ وتیان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی : شیرکی شاراوە، کەسێک هەڵدەستێ نوێژ دەکات و نوێژەکەی دەڕازێنێتەوە لەبەر ئەوەی کەسیکیتر تەماشای دەکات). وە دەکرێت شیرک بکرێتە دوو جۆرەوە : گەورە و بچووک، بەڵام شیرکی شاراوە ئەوا لە هەردوکیاندا هەیە .

جا لە شیرکی گەورەدا روودەدات، وەکو شیرکی دووڕووەکان، چونکە ئەوان عەقیدە پوچەڵەکەیان دەشارنەوە و بە روالەت خۆیان بە ئیسلام نیشان دەدەن لەبەر رووپامایی و ترس لە خۆیان .

وە لە شیرکی بچووکدا روو دەدات، وەکو ڕوپامایی، هەروەکو لە فەرموودەکەی (محمود بن لبيد الانصاري) پیشوودا هاتووە و فەرموودەکەی (ابوسعید) کە باسکرا، خوای گەورە پشت و پەنامانە.

١) حسن : أخرجه ابن ماجه (٤٢٠٤) وحسنه الشيخ الألباني في (صحيح الجامع) (٢٦٠٧) .

بەشەکانی قەدەغەکراوەکان:

شیرکی گەورە:	شیرکی بچووک:	تاوانە گەورەکان :	تاوانە بچووکەکان:
ئەمیش بەرزترینیانە	ئەمیش لە شیرکی گەورە بچوکترە و لە تاوانە گەورەکان گەورەترە	هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە سزایەکی تایبەتی بۆ دیاری کراوە وەکو لەعنەت یان دوورخستنەوە (دەرکردن) یان بەریبوون لە بکەرەکەی یان ئەو یەکێکە لە بێباوەران یان لە موشریکەکانە یان لە ئیمانداران نییە یان چواندنی بە نابوتترین ئاژەڵان ...	هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کەوا شەرع حەرامی کردووە بەڵام سزایەکی تایبەتی بۆ دانەناوە .

تاوانە گەورەکان:

ژمارەیان :	حوکمی ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات :	پلەکانی :	حوکمەکەی :
ژمارەیەکی دیاری کراوی نییە بەڵام سنووردارە بەو پێوەرانەی لە پێشدا باسکرا	ئیمانداریٚکە بەڵام ئیمانەکەی نوقصانە یان کەسێکی ئیماندارە بە ئیمانەکەی و کەسێکی (فاسق) بە تاوانە گەورەکەی . خۆشمان دەوێت بە ئەندازەی ئەو ئیمانەی هەیەتی و رقمان لێی دەبێتەوە بە ئەندازەی ئەو تاوانە گەورەی ئەنجامی داوە . لە گەڵیدا دانانشین لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا .	جیاوازن، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر . .) واتە: ئایە هەواڵتان پێ بدەم دەربارەی گەورەترین تاوانە گەورەکان...)	پێویستە تەوبەی لێ بکرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (النائحة إذا لم تتب قبل موتها . . .) رواه مسلم . . واتە : ئەو ژنەی بەدەنگ دەلاوێتەوە ئەگەر پێش مەرگی تەوبە نەکات....)) وە لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : (. . اذا اجتنبت الكبائر .) رواه مسلم. واتە : بە مەرجێ لە تاوانە گەورەکان دوور کەوتبێتەوە).

جیاوازی لە نێوان شیرکی بچووک و گەورەدا :

شیرکی گەورە :

١. خاوەنەکەی لە ئیسلام دەردەکات
٢. هەموو کردەوەکان پووچەڵ دەکاتەوە .
٣. خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا دەهێڵێتەوە .
٤. خوێن و ماڵی حەڵاڵ دەکات لە لایەن دەسەڵاتدارەوە .
٥. ئەگەر هاتوو بەڵگەیەک هەبوو کەوا گەورەیە (الاکبر).
٦. ئەگەر باوەڕی وابوو کەوا تەصەروفێکی شاراوەی هەیە لە گەردووندا .
٧. خوای گەورە لێی خۆش نابێت ئەگەر لەسەر مرد .
٨. ئەگەر تەوبەی کرد ئەوا خوای گەورە تەوبەکەی لێ وەردەگرێت تەنها لە دوو کاتدا نەبێت : دەرچوونی رۆژ لە رۆژئاواوە و کاتی غەرغەرە کە ئەویش کاتی گیانەڵایە .

شیرکی بچووک :

١. خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات
٢. هەموو کردەوەکان پووچەڵ ناکاتەوە بەڵام کردەوەی تایبەت پووچەڵ دەکاتەوە .
٣. خاوەنەکەی بۆ هەتا هەتایی لە ئاگردا ناهێڵێتەوە .
٤. خوێن و ماڵی حەڵاڵ نابێت .
٥. ئەگەر هاتوو لە شەرعدا بەڵگەیەک هەبوو کە بچووکە (الاصغر) .
٦. ئەوەی خوای گەورە نەیکردووەتە هۆکار ئەم بە هۆکاری بزانێت .
٧. وە هەر شتێک وەسیلەیەک بێت بۆ شیرکی گەورە ئەوا شیرکی بچووکە .
٨. هەموو ئەوەی لە دەقە شەرعییەکاندا بە (شرک) یان (کفر) ناویان هاتووە و بە (ال)ی تەعریف تەعریف نەکرابوون ئەوە بچووکە ئەگەر هاتوو قەرینەیەک نەبێت کەوا شیرکی گەورەیە .

وانەی پێنجەم

چاکەکاری (الاحسان)

پایەی ئیحسان : ئەویش ئەوەیە: (خوای گەورە بپەرستیت هەروەکو ئەوەی دەیبینی وە ئەگەر تۆ ئەوت نەبینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ) .

ئیحسان تەنها یەک پایەیە و دوو پلەی لێ دەبێتەوە :

پەرستنی بینین :

ئەویش بریتیە لە پەرستنی خۆشەویستی و رەغبەت و تامەزرۆیی بۆ ئەوەی لای خوا هەیە ، ئەمەش خوا پەرستی پێغەمبەران و نێردراوانە ، وەکو ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: (أفلا أكونُ عبداً شكوراً)رواه مسلم (٧٣٠٢) جا بە هێزترین پاڵنەر کە پاڵ بە بەندەوە بنات بۆ خواپەرستی: رەغبەت و خۆشەویستی و تامەزرۆیی ئەوەی لای خوا هەیە ، لە گەڵ بوونی ترس .

پەرستنی چاودێری :

ئەویش بریتیە لە پەرستنی ترس و هەڵاتن ، وە ئەم پلەیە کەسی موسڵمان لێی بەدەر نییە.

پرسیارەکان لەسەر تەوحید

١/ ژمارەی پلەکانی دین چەندە ؟ ◯ سێ ◯ دوو ◯ پێنج

٢/ ژمارەی پایەکانی ئیسلام چەندە ؟ ◯ پێنج ◯ شەش ◯ حەوت

٣/ ئیسلام پلەیەکە لە ئیمان بەرزترە ؟ (راستە – هەڵەیە)

٤/ ژمارەی پایەکانی شایەتی ئیخڵاص چەندە ؟
◯ حەوت ◯ هەشت ◯ دوو

٥/ ژمارەی مەرجەکانی (لا اله الا الله) چەندە ؟
◯ هەشت ◯ حەوت ◯ پێنج

٦/ زانیاری یەکێکە لە مەرجەکانی (لا اله الا اللّه) ماناکەی :
◯ زانینی شتێک وەکو ئەوەی وایە
◯ هیچ پەرستراوێک بە حەق نییە ئیللا (اللّه) نەبێت

٧/ ئەگەر کەسێک گومانی هەبوو لە کوفری ئەو کەسانەی کە بانگەوازیان پێگەیشتووە و باوەڕیان نەهێناوە ئەوا حوکمی :
◯ کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە
◯ ئەگەر هاتوو دڵنیاییەکەی لە گومانەکەی زۆرتر بوو ئەوا کافر ناکرێت

٨/ قایلبوون یەکێکە لە مەرجەکانی (لا اله الا الله) وە مەبەست لێی قایلبوون بە :

◯ وتن ◯ کردار ◯ باوەڕبوون ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٩/ ڕوپامایی لە (لا اله الا الله) وەکو ڕوپاماییە لە صەدەقەدا لە شیرکی بچووکە : (ڕاستە – هەڵەیە)

١٠ / هەرکەسێک بە زمانی بڵێت : (لا اله الا الله) بە بێ ئەوەی باوەڕی بە دڵی هەبێت ئەوە :

◯ کەسێکی یەکتاپەرستە
◯ موسڵمانێکی بێ ئیمانە
◯ کافرە بە کوفرێکی گەورە
◯ ئیمانی لاوازە

١١/ کەسێک پێغەمبەری خوای(ﷺ) خۆش بوێت وەکو خۆشویستنی خوا واتە: خۆشویستنێکی یەکسان :

◯ کوفری کردووە بە کوفرێکی گەورە
◯ کوفری کردووە بە کوفرێکی بچووک
◯ تاوانێ لە تاوانە گەورەکانی ئەنجامداوە

١٢/ بەشەکانی خوشویستن چەند بەشن ؟ ◯ چوار ◯ سێ ◯ دوو

١٣/ خۆشویستن لەبەر خوا بۆ کردار و بکەر و شوێن و کاتەکان دەبێت. (ڕاستە – هەڵەیە)

١٤/ حوکمی خۆشویستن لە گەڵ خوادا :

◯ شیرکی بچووکە ◯ واجیبە ◯ شیرکی گەورەیە

١٥/ حوکمی خۆشویستن لەبەر خوا :

◯ دروستە ◯ واجیبە ◯ شیرکی گەورەیە

١٦/ بەشەکانی پەرستن چەندن ؟ ◯ دوو ◯ سێ ◯ چوار

١٧/ هەموو خەڵکی بەندەی خوان، بەندایەتیەکی زاڵبوون تەنانەت بێباوەڕانیش : (راستە – هەڵەیە)

١٨ / ئەگەر کەسێک وتی (لا اله الا الله) و وازی لە هەموو کرداریک هێنا بە گشتی، نوێژی نەکرد و هیچ پەرستنێک لە پەرستنەکانی نەکرد ئەوا : ◯ سوودی بۆی هەیە ◯ سوودی بۆی نییە

١٩/ (عبده و رسوله) لە دوو شایەتییەکەدا واتە بەندەیە و ناپەرستریت و نێردراوە و بە درۆ ناخرێتەوە : (راستە – هەڵەیە)

٢٠/ لە شایەتیدانی (أنَّ محمداً عبده و رسوله) گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی کردووە و بە راست زانینی ئەوەی هەواڵی دەربارەی داوە ... ئەمە دادەنرێت بە : ◯ ماناکەی ◯ ناوەڕۆکەکەی

٢١/ هەرکەسێک شتێک لە تایبەتمەندییەکانی پەروەردگاریتی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دابنات ئەوا شایەتی نەداوە کەوا ئەو بەندەیە : (راستە – هەڵەیە)

٢٢/ بەرزترین وەصفێک بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانرابێت ئەوەیە کەوا ئەو :

◯ پێغەمبەری خوایە(ﷺ)
◯ بەندە و پێغەمبەری خوا(ﷺ)
◯ دواین پێغەمبەرە(ﷺ)

٢٣/ ((هەرکەسێک لەئیسلامدا بیدعەیەک دابهێنێت و بە باشی بزانێت ئەوا بانگەشەی ئەوەی کردووە کەوا (محمد) (ﷺ) خیانەتی لە پەیامەکە کردووە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ﴾ المائدة: ٣ جا ئەوەی ئەو رۆژە دین نەبوبێت ئەمڕۆ نابێتە دین)) ئەم قسەیە قسەی :

◯ شیخ الاسلام ابن تیمیة ◯ ئیمامی مالیک ◯ ئیمامی ئیبن باز

٢٤/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە نەوەی : ◯ ئیسحاقە ◯ ئیسماعیلە

٢٥/ ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە :
پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ساڵی ..... لە دایک بووە لە شاری ..... تەمەنی ..... ساڵ بووە ..... ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی و ..... ساڵ پێغەمبەر بووە(ﷺ)، بە سورەتی ..... بوو بە (نبي) و بە سورەتی ..... بوو بە (رسول) .

٢٦/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) رەوانە کرا بۆ :

◯ قەومەکەی خۆی ◯ مرۆڤ ◯ جنۆکە و مرۆڤ

٢٧/ میعراج بریتییە لە گەشتکردنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە شاری مەککەوە بۆ (بیت المقدس) (راستە – هەڵەیە)

٢٨/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆچی کرد بۆ :

◯ طائف ◯ حەبەشە ◯ مەدینە ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٢٩/ ژمارەی گرنگترین غەزاکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە ؟

◯ یەک ◯ دوو ◯ سێ ◯ چوار ◯ حەوت

٣٠/ ژمارەی منداڵەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چەندە؟

◯ سێ ◯ چوار ◯ حەوت

٣١/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەجی ماڵئاوایی کرد ئەمەش بەڵگەیە کەوا پێش ئەوە حەجی کردووە : (راستە – هەڵەیە)

٣٢/ خوێندنی ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) :

◯ واجیبە ◯ موستەحەبە ◯ دروستە

٣٣/ ئەم بۆشاییانە پڕ بکەرەوە :

ئیمان لە شەرعدا بریتییە لە وتن بە ..... و باوەڕهێنان بە ..... و کارکردن بە ..... زیاد دەکات بە ..... و کەم دەکات بە .....

٣٤/ پایەکانی ئیمان چەندە ؟ ◯ شەش ◯ پێنج ◯ چوار

٣٥/ ئیمان هێنان بە خوای گەورە چەند کارێک لە خۆ دەگرێت، ژمارەیان چەندە ؟ ◯ چوار ◯ سێ ◯ دوو

٣٦/ بەڵگەکان لە سەر بوونی خوا بە گشتی :

◯ چوار ◯ لە ژماردن نایەت

٣٧/ میکائیل ئەو فریشتەیە کە راسپێردراوە بە باران . (راستە – هەڵەیە)

٣٨/ مرۆڤەکان دڵیان هەیە بەڵام فریشتەکان دڵیان نییە : (راستە – هەڵەیە)

٣٩/ ژمارەی ئەو کتێبانەی ناوەکانیان دەزانین چەندن؟

◯ شەش ◯ چوار ◯ حەوت ◯ زۆرن

٤٠/ خوای گەورە بۆ هەموو (نبي)یەک کتێبێکی دابەزاندووە (راستە – هەڵەیە)

٤١ / یەکەم (رسول) ئادەمە . (راستە – هەڵەیە)

٤٢/ پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) (رسول)ە بەڵام (نبي) نییە . (راستە – هەڵەیە)

٤٣/ ژمارەی (اولوا العزم) لە پێغەمبەران چەندە ؟

◯ پێنج ◯ چوار ◯ زۆرن

٤٤/ باوەڕبوون بە رۆژی قیامەت هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە لە پاش مردن روو دەدەن تاوەکو ئەو رۆژەی خەڵکی لە گۆڕەکانیان دەردەچن. (راستە – هەڵەیە)

٤٥/ باوەڕبوون بە قەزا و قەدەر چەند پلەیەکی هەیە، ژمارەیان چەندە؟ ◯ چوار ◯ پێنج ◯ سێ

٤٦/ ئایە لە پێش رووداني شتەکان خوای گەورە پێی دەزانێ ؟

◯ بەڵێ ◯ نەخێر

٤٧/ ئایە هەموو ئەو کارانەی خەڵکی دەیکەن خوای گەورە پێی دەزانێ؟

◯ بەڵێ ◯ نەخێر

٤٨/ ئایە هەموو ئەو کارانەی خەڵکی دەیکەن خوای گەورە نوسیویەتی؟

◯ بەڵێ ◯ نەخێر

٤٩/ بەندەکان ویست و ئیرادەیەکی سەربەخۆیان هەیە هەرچی بیانەوێ دەیکەن . (راستە – هەڵەیە)

٥٠/ ئایە کردەوەی مرۆڤەکان دروستکراون ؟ بەڵێ نەخێر

٥١/ تەوحید دەبێتە چەند بەشەوە ؟

◯ دوو بەش

◯ سێ بەش

◯ هیچ گفتوگۆیەک لەوەدا نییە و رووننە

٥٢/ پێنج لە جیاوازییەکانی نێوان شیرکی بچووک و شیرکی گەورە بنووسە :

١. .....

٢. .....

٣. .....

٤. .....

٥. .....

٥٣/ پێنج نمونە لە هەریەکە لە شیرکی بچووک وشیرکی گەورە بنووسە :

شیرکی گەورە	شیرکی بچووک
.....	.....
.....	.....
.....	.....
.....	.....
.....	.....

٥٤/ دووڕووی لە بیروباوەردا شیرکی بچووکە و خاوەنەکەی لە ئیسلام دەرناکات: (راستە – هەڵەیە)

٥٥/ ئیحسان چەند روکن لەخۆ دەگرێت؟

◯ یەک روکن ◯ دوو روکن

وانەی شەشەم

مەرجەکانی نوێژ

مەرجەکانی نوێژ نۆ دانەن :

١- موسڵمان بێت
٢- عاقڵ بێت
٣- تەمیزی هەبێت (واتە: توانای جیاکردنەوەی شتەکانی لە یەکتر هەبێت)
٤- لادانی (الحدث)
٥- نەهێشتن و لابردنی پیسی
٦- داپۆشینی عەورەت
٧- چوونە ناو کاتەوە
٨- رووکردنە قیبلە
٩- نیەتی هەبێت

مەرجی یەکەم: موسڵمان بێت

دژەکەشی کوفرە، جا ئەگەر کەسێک جوێنی بە خوا دەدا یان کەسێک بەشێکی لە پەرستنەکانی بۆ جگە لە خوا ئەنجام دەدا و نوێژی کرد ئەوا نوێژەکەی پوچەڵە، تاکو ئەو کاتەی تەوبە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا .

مەرجی دووەم : عاقڵ بێت

دژەکەشی شێتبوونە (بێ عەقڵییە)، وە کەسی سەرخۆش لە پێشترە.

مەرجی سێیەم :

تەمیزی هەبێت (واتە: توانای جیاکردنەوەی شتەکانی لە یەکتر هەبێت)، مانای بالغبوون نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە کەوا بتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان شتەکاندا، واتە : پرسیار و وەڵام بزانێت، وە تەمەنێکی دیاری کراوی نییە، بەڵکو زۆر جار لە تەمەنی حەوت ساڵیدا تەمیزی دەبێت، لە چی کاتێکدا نوێژی منداڵ دروستە؟ ئەگەر شتەکانی لە یەک کردەوە، واتە پرسیار و وەڵام بزانێت، وە بۆ نمونە جیاوازی لە نێوان ئاو و ئاگردا بکات، ئەگەر نا نوێژەکەی پوچەڵە .

مەرجی چوارەم :

لادانی (حدث) ئەمانە لە خۆدەگرێت :

- (حدث) ی گەورە بە غوسڵ نامێنێ و لادەچێت .
- (حدث) ی بچووک بە دەستنوێژ نامێنێ و لادەچێت .

مەرجی پێنجەم: نەهێشتن و لادانی پیسی

لە سەر جەستە و پۆشاک و هەر جێگەیەکی، ئەگەر کەسێک نوێژی کرد و پیسی بە گیانیەوە بوو لە کاتێکدا پێی دەزانێ و توانای لادانی هەیە و لە یادیشی بوو ئەوا نوێژەکەی پوچەڵە، وە لابردنی پیسی دەکرێتە سێ بەشەوە :

تۆندو قورس :

ئەویش بریتییە لە نەجاسەتی سەگ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کردووە بە شوشتنی دەفرەکە –ئەگەر سەگ لیستیەوە– حەوت جار یەکەمیان بە گڵ دەبێت، ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە.

سووک و کەم :

بە ئاوپەرژاندن نامێنی ئەویش ئەوەیە کە ئاوی پیا دەپرژێنی و نایگوشێت، ئەمەش بۆ میزی منداڵی کوڕ دەبێت کە هێشتا چێشتی نەخواردووە، و مەزی، و مەنی هەرچەندە خۆی پاکە بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاوپەرژێنی دەکرد ئەگەر تەڕ بوایە و دەیوەراند ئەگەر وشک بوایە .

ناوەند :

ئەمەش بەشوشتن لادەدرێت ئەویش ئاوپرژاندنە لە گەڵ گوشیندا، ئەمەش بۆ جگە لە (مغلظة و مخففة) دەبێت، وەکو میزی پیاوان و ئافرەتان و جگە لەوانە لە نەجاسەتەکان .

شتە پیسەکان

میزی مرۆڤ و پیسییەکەی و میز و پیسی ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان ناخۆرێت و درِندەکان هەمووی پیسن ئیللا ئەوە نەبێت کە خۆپارستن لێی گرانە وەکو پشیلە و قاتر وڵاخی بار و گوێدرێژ و ئەو خوێنەی لە پاش سەربڕینی ئاژەڵ دەردەچێت و ئەو خوێنەی لە پێش و پاشی مرۆڤــەوە دەردەچێت و مــرداڕەوە بووەکان، ئیللا مــرۆڤ و ئەوەی خوێنی تیادا نییە و مرداربووەوەی دەریا و کوللە نەبێت .

مەرجی شەشەم : داپۆشینی عەورەت

عەورەتەکان سێ جۆرن :

سووک و کەم :

ئەویش عەورەتی کورِی تەمەن حەوت ساڵ بۆ دە ساڵە، پێویستە لەسەری پێش و پاشی خۆی داپۆشێت .

توندو قورس : :

ئەویش عەورەتی ئافرەتی ئازادی پێگەیشتووە، پێویستە لەسەری هەموو جەستەی داپۆشێت ئیللا روومەتی نەبێت، وە پێویستە لەسەری لای کەسانی بێگانە دایپۆشێت .

ناوەند :

ئەویش بۆ جگە لەوانەیە، وە مەرجە لە نێوان ئەژنۆ و ناوکی داپۆشێت، هەروەها موستەحەبە کەوا هەردوو شانی داپۆشێت و تەواوی زینەتی خۆی راگرێت .

مەرجی حەوتەم : چوونە ناو کاتەوە

دروست نییە نوێژەکان لە پێش کاتی خۆی و پاش کاتی خۆی ئەنجام بدرێت، ئیللا مەگەر لە گەڵ نوێژێکی تردا کۆ بکرێتەوە لەبەر بوونی عوزرێک، جا هەرکەسێ نوێژەکەی بە قەصدی دوا بخات ئەوا تاوانبارە .

مەرجی هەشتەم : رووکردنە قیبلە

جگە لە نوێژی سوننەت لە کاتی سەفەردا، ئەوا بەو شێوەیە نوێژ دەکات کە سوارەکەی رووی لە هەر کوێیەک بوو، وە بۆ نمونە لەم سەردەمەی خۆماندا نوێژکردن لەناو فڕۆکەدا، هەروەها جگە لە کەسێک نەتوانێت ڕوو بکاتە قیبلە یان ترسی دوژمنی هەبوو .

مەرجی نۆیەم : نیەت هەبێت

جێگاکەشی دڵە، وە وتنی بە زمان بیدعەیە، ئەگەر لە پێش نوێژەکە بە کاتێکی کەم یان تەنها نیەتی فەرزی کاتەکەی هێنا ئەوا نوێژەکەی دروستە .

چەند ئاگادارییەکی گرنگ :

١- وازهێنان لە هەر مەرجێک وەرناگیری بە نەزانین بێت یان لە بیر چوونەوە یان بە قەصدی، ئیللا کەسێک نوێژی کرد و پیسییەک بە گیانیەوە بوو نەیزانیبێت یان لەبیر چووبێتەوە ئەوە نوێژەکەی دروستە، چونکە ئەمە لە بەشی وازهێنانە نەک ئەنجامدان .

٢- مەرجەکان لە دەرەوەی پەرستنەکە دەبن و پێشی دەکەون، وە پێویستە هەبێت تاوەکو کۆتایی پەرستنەکە .

وانەی حەوتەم

پایەکانی نوێژ

پایەکانی نوێژ چواردە دانەن :

١- ڕاوەستان بە پێی توانا .

٢- تەکبیرەی ئیحرام (واتە وتنی : اللە اکبر بۆ دابەستنی نوێژ).

٣- خوێندنەوەی سورەتی (الفاتحة)

٤- کرنۆش بردن (الرکوع)

٥- ڕاستبوونەوە لە پاش کرنۆش بردن

٦- سوژدە بردن لە سەر حەوت ئەندامەکە

٧- هەستانەوە لە سوژدەکە

٨- دانیشتن لە نێوان دوو سوژدەکەدا

٩- ئارامی و لە جووڵەکەوتن لە هەموو کردارەکاندا .

١٠- ڕێزبەندی لە نێوان پایەکاندا

١١- تەحیاتی کۆتایی

١٢- دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات

١٣- صەڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ)

١٤- هەردوو سەلامدانەوەکە.

پایەی یەکەم: هەستان بە پێی توانا

لە نوێژە فەرزەکاندا :

هەستان پایەیەکە لە فەرزەکاندا، وە کاتێ کەسەکە توانای نەبێت ئەوا ئەم پایەی لە سەر نامێنی بە گشتی یان دەتوانێت هەستێت بەڵام خشوعی نامێنی، وە ئەگەر کەمێکیش توانای هەبوو هەستێت ئەوا هەڵدەستێت .

لە نوێژە سوننەتەکاندا :

دروستە بە دانیشتنەوە نوێژەکانی بکات بەڵام نیوەی پاداشتی ئەو کەسە وەردەگرێت کە بە پاوە نوێژ دەکات، یان بە راکشانەوە نوێژەکەی بکات ئەوا پاداشتی نیوەی کەسی دانیشتوی هەیە.

پایەی دووەم :

تەکبیرەی ئیحرام (واتە وتنی : اللە اکبر بۆ دابەستنی نوێژ).
وە هیچ دەستەواژەیەک نابێت ئیللا (اللە اکبر) نەبێت .

پایەی سێیەم :

خوێندنی سورەتی (الفاتحة)

پێویستە لە هەموو رکاتێکدا بخوێندرێت جا ئەگەر نوێژەکە نوێژە ئاشکراکان بێت یان نهێنییەکان، خوێندنەوەیەکی تەواو و بە جوانی بە هەموو ئایەت و حەرەکات و وشە و پیتەکانیەوە، وە لەسەری دەکەوێت ئەگەر کاتێ گەیشتە ئیمامدا لە کرنۆشدا بوو .

پایەی نۆیەم :

ئارامی و لە جوولّەکەوتن لە هەموو کردارەکاندا ئەمیش بە خوێندنەوەی هەر زیکرێکی پیویست لە هەر پایەیەکدا دێتە دی .

ئاگادارییەکی گرنگ :

پایەکان بەشێکن لە پەرستنەکە واتە لە ناو پەرستنەکەدان، وە ئەو پەرستنە وەرناگیرێت بە وازهێنان لە پایەیەک لە پایەکان نە لەبەر نەزانین و نە لەبەر لەبیرچوون و نە بە قەصدی، وە بە سوژدەی سەهو پڕناکرێتەوە، وە فەرمانی پێ دەکرێت بە گەڕانەوەی ئەو نوێژەی ئامادەیە، بەڵام ئەو نوێژانەی کە پێشتر کردبووی و هەندێ لە پایەکانی نەکردبوو ئەوا عوزری هەیە تیایدا، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی نەکردە ئەو کەسەی نوێژەکانی باش نەکردبوو بە گێڕانەوەی هەموو نوێژەکانی، بەڵکو فەرمانی پێکرد بە گێڕانەوەی تەنها ئەو نوێژەی ئامادەیە، هەرچەندە ئەو وازی لە پایەیەکی هێنا بوو کە ئەویش ئارامی و لە جوولّەکەوتنە، واللە اعلم .

وانەی هەشتەم

واجیباتەکانی نوێژ

واجیباتەکانی نوێژ هەشت دانەن :

١- هەموو تەکبیراتەکان جگە لە تەکبیرەی ئیحرام .

٢- وتنی : (سمع اللّه لمن حمده) بۆ ئیمام و کەسی تاک .

٣- وتنی : (ربنا ولك الحمد) بۆ هەمووان .

٤- وتنی : (سبحان ربي العظيم) لە کرنۆشدا .

٥- وتنی : (سبحان ربي الاعلى) لە سوژدەدا .

٦- وتنی : (رب اغفرلي) لە نێوان هەردوو سوژدەکەدا .

٧- تەحیاتی یەکەم .

٨- دانیشتن بۆی .

ئاگادارییەکی گرنگ :

پێویستە (سبحان ربي العظيم) بڵێت لە کرنۆشدا بەم دەستەواژەیە ، ئەمجار موستەحەبە بە وتنی ئەو زیکرانەی هاتوون ، هەروەها لە سوژدەدا وتنی (سبحان ربي الاعلى) پێویستە بەم دەستەواژەیە بێت ، ئەمجار وتنی ئەو زیکرانەی هاتوون .

وانـەی نۆیەم

ڕوونکردنەوەی تەحیات

تەحیات بەم شێوەیە : (التحيات لله، والصلوات، والطيبات، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا عبده ورسوله).

ئەمجار صەڵاوات دەداتە سەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) و نزای بەرەکەتی بۆ دەکات و دەڵێت : (اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صلّيت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد , و بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم و على آل إبراهيم إنك حميد مجيد).

ئەمجار پەنا بە خوا دەگرێت لەتەحیاتی کۆتاییدا لە سزای جەهەنەم و سزای ناوگۆڕ و لە فیتنەی ژیان و مردن و فیتنەی مەسیحی دەججال، ئەمجار بە ویستی خۆی دەپارێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە فەرموودەدا هاتوون، لەوانە : (اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك , اللهم إني ظلمت نفسي ظلما كثيرا و لا يغفر الذنوب إلا أنت , فاغفر لي مغفرة من عندك و ارحمني إنك أنت الغفور الرحيم).

بەڵام تەحیاتی یەکەم ئەوا لە پاش دوو شەهادەتەکە هەڵدەستێ بۆ ڕکاتی سێیەم لە نوێژەکانی نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشا، وە ئەگەر صەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوا باشترە، لەبەر گشتگیری ئەو فەرموودانەی لەو بارەوە هاتوون، ئەمجار هەڵدەستێ بۆ ڕکاتی سێیەم .

وانەی دەیەم

سوننەتەکانی نوێژ

سوننەتەکانی نوێژ، لەوانە:

١. دوعای دەست پێکردنی نوێژ (الاستفتاح)
٢. خستنە سەری ناودەستی راست لەسەر دەستی چەپ لەسەر سینگ لە کاتی وەستاندا، لە پێش کرنۆش و پاش کرنۆش .
٣. بەرزکردنەوەی هەردوو دەست لەکاتێکدا پەنجەکان بەیەکەوە لکابن و درێژ کرابنەوە بەرانبەر بە هەردوو شانەکان، یان هەردوو گوێیەکەی لە کاتی تەکبیرەی یەکەمدا و لە کاتی کرنۆشدا و هەستانەوە لە کرنۆش و لە کاتی هەستانەوە لە تەحیاتی یەکەم بۆ رکاتی سێیەم .
٤. زیاد وتنی تەسبیح لە جارێک لە کرنۆش و سوژدەدا .
٥. وتنی زیکری زیاتر لە (ربنا لك الحمد) لە پاش هەستان لە کرنۆش، وە لە یەکجار زیاتر لە وتنی دوعا بە داوای لێخۆشبوون لە نێوان هەردوو سوژدەکەدا .
٦. سەری بخاتە بەرانبەر بە پشتی لە کرنۆشدا .
٧. لەیەک دوور خستنەوەی هەردوو دەستی لە لاکانی و سکی لە هەردوو رانی و هەردوو رانی لە هەردوو لاقی لە سوژدەدا .
٨. بەرزکردنەوەی هەردوو باڵی لە زەوی لە کاتی سوژدەدا .
٩. دانیشتنی نوێژخوێن لەسەر پێی چەپی بە راخراوی، وەستاندنی پێی راستی لە تەحیاتی یەکەمدا و لە نێوان دوو سوژدەکە .
١٠. تەوەروک کردن لە تەحیاتی کۆتاییدا لە نوێژە چوار رکاتی و سێ رکاتیدا ئەویش بریتییە : دانیشتن لە سەر رانی و پێی چەپی بخاتە ژێر پێی راستی و وەستاندنەوەی پێی راستی .
١١. ئاماژەکردن لە پەنجەی شایەتمان لە تەحیاتی یەکەم و

دووەمدا، لەو کاتەوە دادەنیشی تاوەکو کۆتایی تەحیاتەکە و جۆڵاندنی لە کاتی دوعاکردندا .

١٢.صەڵاوات دان و دوعای بەرەکەت بۆ محمد(ﷺ) و ئالی محمد(ﷺ) و لەسەر ئیبراهیم و ئالی ئیبراهیم لە تەحیاتی یەکەمدا .

١٣. دوعاکردن لە تەحیاتی کۆتاییدا .

١٤.دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی خوێندنی قورئاندا لە نوێژی بەیانی و نوێژی هەینی و نوێژی دووجەژنەکە ونوێژە بارانە و لە دوو رکاتە یەکەمەکەی نوێژی مەغریب و عیشا .

١٥.دەنگ نزم کردنەوە لە کاتی خوێندنی قورئاندا لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا و رکاتی سێیەم لە نوێژی مەغریب و دوو رکاتی کۆتایی نوێژی عیشا .

١٦.خوێندنەوەی زیاتر لە (الفاتحة) لە قورئان .

لە گەڵ موراعات کردنی سوننەتەکانی نوێژ جگە لەوەی کە باسمان کرد، هەرلەوانە : وتنی زیاتر لە زیکری (ربنا لک الحمد) لە پاش هەستانەوە لە کرنۆش لە حەقی ئیمام و مأموم و تاکە کەسدا، چونکە ئەوە سوننەتە، هەر لەوانە : دانانی هەردوو دەست لە سەر ئەژنۆ بە بڵاوە پێکردنی پەنجەکان لە کاتی کرنۆشدا .

دوعای دەستپێکردنی نوێژ (الاستفتاح)

دوعای (استفتاح) لە نوێژدا لە پاش تەکبیرەی ئیحرام دەگوترێت بەو دوعایانەی لە پێغەمبەری خوداوە(ﷺ) هاتوون، وەکو ئەوەی کە دەفەرموێت : (اللهم باعد بيني وبين خطاياي كما باعدت بين المشرق والمغرب ، اللهم نقني من الخطايا كما ينقى الثوب الأبيض من الدنس، اللهم اغسلني من خطاياي بالماء والثلج والبرد) یان (سبحانک اللهم وبحمدک وتبارک اسمک وتعالى جدک ولا إله غيرک).

وانەی یازدەیەم

پوچەڵکەرەوەکانی نوێژ

پوچەڵکەرەوەکانی نوێژ هەشت دانەن :

١– قسەکردن بە قەصدی لە گەڵ ئەوەی لە یادی بێت و بزانێت، بەڵام کەسێک لە بیری چووبێت یان نەزانێ ئەوا نوێژەکەی پوچەڵ نابێتەوە بەو کارەی .

٢– پێکەنین ٣–خواردن ٤–خواردنەوە

٥– دەرکەوتنی عەورەت ٦– وەرچەرخانێکی زۆر لە رووی قیبلەوە.

٧– زۆری گاڵتە و جوڵانەوەی زۆر و لە دوای یەک لە کاتی نوێژدا .

٨– پوچەڵبونەوەی دەستنوێژ .

پوچەڵکەرەوەی یەکەم :

قسەکردن بە قەصدی لە یادی بێت و بزانێت

جگە لە چاککردنەوە بۆ ئیمام ئەگەر سەهوی کرد یان هەڵەیەکی کرد لە خوێندنەوەکەیدا

حاڵەتەکانی جوواڵانەوە لەنوێژدا

جوڵانەوەیەکی حەرام ئەویش بریتییە لە جوڵانەوەیەکی زۆری لە دوای یەک بە لای عورفەوە بە بێ بوونی هیچ پێویستییەک وەکو خواردن	جوڵانەوەیەکی مەکروە ئەویش جوڵانەوەیەکی کەمە بە بێ پێویستی وەکو ئاوردانەوەیەکی کەم .	جوڵانەوەیەکی دروست (مباح) ئەویش جوڵانەوەیەکە لەبەر بوونی پێویستی وەکو خواندنی ریش .	جوڵانەوەیەکی موستەحەب ئەویش بریتییە لەو جوڵانەوەی کە کەمالی نوێژەکەی لەسەر بنیات نرابێت، وەکو پڕکردنەوەی کەلینەکان.	جوڵانەوەی پێویست (واجب) دروستێتی نوێژەکەی لە سەر بنیات نراوە وەکو لادانی پیسی .

ئاگادارییەکی گرنگ :

لە پێشدا باسی مەرجەکانی نوێژ و پایەکانی و واجیباتەکانی و سوننەتەکانی کرا، ئایە جیاوازی چییە لە نێوانیاندا؟

مەرج	رۆکن (پایە)	واجیب (پێویست)	سوننەت
لە دەروەی پەرستنەکەیە	لە ناوەوەی پەرستنەکەیە		
بەردەوام دەبێت لە هەموو پەرستنەکەدا	تەنها لە بەشێک لە بەشەکانی پەرستنەکەدایە		
نەزانین و لەبیرچوون و قەصدی نابێتە بیانوو بۆی		نەزانین و لەبیرچوون دەبێتە بیانوو بۆی نەک قەصدی	نەزانین و لەبیرچوون و قەصدی دەبێتە بیانوو بۆی
سوژدەی سەهوی نییە	سوژدەی سەهو جێگەی ناگرێتەوە	سوژدەی سەهو جێگەی دەگرێتەوە	/

سـوژدەی سـەهو:

هۆکارەکانی سوژدەی سەهو سێ دانەن :

زیادکردن :

وەکو ئەوەی کەسێک کرنۆشێک یان سوژدەیەک یان هەستانێک یان دانیشتنێک زیاد بکات

کەمکردنەوە :

وەکو ئەوەی کەسێک واجبێک لە واجیباتەکانی نوێژ کەم بکاتەوەو لە جێگەی خۆی لە دەستی بچێت .

گومان :

وەکو ئەوەی گومانی بێت چەند رکاتی کردووە سێ یان چوار، ئەویش دوو جۆرە :

گومانێک لە پاش تەواوبوون و لێبوونەوە لە پەرستنەکە :

ئەمە بە هیچ شێوەیەک ئاوڕی لێ ناداتەوە تاوەکو لێی دڵنیا نەبێت .

گومانێک لە ناو پەرستنەکەدا :

ئەگەر زۆر بوو ئەوا ئاوڕی لێنادانەوە و ئەگەر کەم بوو ئەوە بنیات لەسەر پەسەند کراوەکە دەنێت، وە ئەگەر لای ئەو یەکسان بوو ئەوە لەسەر کەمەکە بنیات دەنات

چەند تێبینییەک :

ئەگەر نوێژ خوێن سەهوی کرد لە سەهوەکەدا ئەوا هیچی لەسەر نییە و نوێژەکەی دروستە .

ئەگەر نوێژخوێن روکنێکی نەکرد ئەوا نوێژەکەی دروست نییە تاوەکو ئەو روکنە و ئەوانەی دوای ئەو ئەنجام نەدات و ئەمجار سوژدەی سەهو ببات .

ئەگەر نوێژخوێن واجبێکی بە سەهو لەبیر چوو وە جێگەکەی رۆیشت ئەوا سوژدەی سەهو دەبات .

کورتەیەکی لە چۆنیەتی نوێژ بە وێنە

- لەسەرەتاوە کەسی موسڵمان لە ماڵەکەی خۆیدا دەستنوێژ دەشۆرێت و باشترین جلوبەرگی خۆی لەبەر دەکات .
- ئەمجار دەکەوێتە ڕێ بەرەو مزگەوت – وە بۆی هەیە بە سواری بڕوات– بە لەسەر خۆیی و هێمنی و ویقارەوە ڕێ دەکات، واتە بە هەروەلە و ڕاکردن نەبێت یان زۆر ئاوردانەوە یان دەنگ بەرزکردنەوە.

- کە گەیشتە مزگەوت نەعلەکانی دادەکەنێت لە سەر جێگای تایبەت بۆ دانانیان دایدەنا و دونیاشی لە گەڵدا دادەنا، جا کڕین و فرۆشتن و بانگەواز کردن بۆ شتی بزر لە مزگەوتدا حەرامە .
- لە کاتی چوونە ژوورەوەدا پێی ڕاستی پێش دەخات و دەڵێت : (بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله (ﷺ) , اللهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە : بە ناوی خوای گەورە، صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەی خوایە . دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەرەوە) .

وە لە کاتی دەرچووندا پێی چەپی پێش دەخات ودەڵێت : ((بسم الله والصلاة و السلام على رسول الله (ﷺ)، اللهم إني أسألك من فضلك)) واتە : بە ناوی خوای گەورە، صەڵات و سەلام لە سەر پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەی خودایە ..من داوای فەزڵی تۆ دەکەم).

- وە پیاوان لە ریزەکانی پێشەوە دەبن و ئافرەتان دوا دەکەون . جا ئەگەر نوێژەکە دەستی پێکردبوو ئەوا تەکبیرەی ئیحرام دەکات و وەکو ئیمام دەکات ئیتر لەسەر هەر شێوەیەک بێت، وە ئەو رکاتەی کە بە پێوە یان لە کاتی کرنۆشدا پێی گەیشت ئەوا ئەو رکاتەی بۆ دەژمێردرێت، جا ئەگەر ئیمامەکە سەلامی دایەوە ئەوا ئەو هەڵدەستی و ئەو رکاتانە دەکات کە لە دەستی دەرچووە .
- وە ئەگەر چووە ناو مزگەوتەکەوە و هێشتا قامەت بۆ نوێژ نەکرابوو ئەوا نوێژە سوننەتەکەی پێش نوێژ دەکات، وە ئەگەر نوێژەکە نوێژی سوننەتی پێشی نەبوو ئەوا دوو رکات نوێژی (تحية المسجد) دەکات پێش ئەوەی دانیشێت .
- وە پێشیلی حورمەتی مزگەوتەکە ناکات بە تەماشا کردنی سەعات یان کۆکە کردن بە مەبەستی هەستان بۆ نوێژ کردن .
- سوننەتە ئیمام و کەسی تاک نوێژ بەرەو سوترە بکەن، وە سوترەی ئیمام سوترەیە بۆ ئەوانەی لە پشتییەوە نوێژ دەکەن.



- وە نێوان هەردوو پێی بە ئەندازەی نێوان هەردوو شانی دەبێت، نە زیادی دەکات و نە کەمی دەکات وە لای دەرەوەی یەکسان دەکات .



- پاش ئەوەی مەرجەکانی نوێژی بە جێ گەیاند، دەڵێت : (الله أكبر) لە گەڵ بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی بە شێوەیەک پەنجەکانی بە قەد یەکەوە بێت بەرانبەر بە گوێیەکانی یان شانەکانی، وە ناو دەستی (لەپی) روو لە قیبلە بێت .



- ئەمجار ناو دەستی ڕاستی دەخاتە سەر پشتی دەستی چەپی و مەچەک و باسکی یان دەیگرێت .



- ئەمجار تەماشای جێگەی سوژدەکەی دەکات و ئاوڕ ناداتەوە

- ئەمجار موستەحەبە دوعای (استفتاح) بخوێنێت تەنها لە ڕکاتی یەکەمدا، وە باشتر وایە کە دوعاکان جۆراوجۆر بکات بەو دوعایانەی دەربارەی (استفتاح) هاتوون .
- ئەمجار پەنا دەگرێت بە خوا لە شەیتانی نەفرەت لێکراو بەو دەستەواژانەی هاتوون، بۆ نمونە بڵێت : (أَعُوذُ بِٱللَّهِ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ ٱلرَّجِيمِ).

- ئەمجار بەسمەلە دەکات و دەڵێت : (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ).
- ئەمجار هەموو سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێتەوە بە تەواوی و بە حەرەکات و وشەکان و پیتەکان و ئایەتەکانیەوە .
- ئەمجار چەندی بوێت قورئان دەخوێنێ چونکە موستەحەبە بە بێ (استعاذة) کردن، وە تەنها بەسمەلە دەکات لەسەرەتای سورەتەکەدا .
- ئەمجار دەستەکانی بەرز دەکاتەوە هەروەکو چۆن لە تەکبیرەی ئیحرامدا بەرزی کردەوە و دەڵێت : (الله أكبر) و کرنۆش دەبات.
- وە بە دەستەکانی هەردوو ئەژنۆی دەگرێت و دەستەکانی ناچەمێنێتەوە، وە پشتی لە گەڵ سەریدا یەکسان دەکاتەوە .
- وە دەڵێت : (سبحان ربي العظيم) یەک جار واجیبە و ئەگەر لە جارێک زیاتر وتی یان ئەو زیکرانەی هاتوون ئەوا موستەحەبە.



- ئەمجار لە گەڵ راستبوونەوەدا و پێش ئەوەی راست ببێتەوە دەڵێت : (سمع الله لمن حمده) لە گەڵ بەرز کردنەوەی هەردوو دەستی بەرانبەر بە گوێیەکانی یان شانەکانی .
- جا ئەگەر راست بووەوە دەڵێت : (ربنا ولك الحمد) وە موستەحەبە لە گەڵیدا ئەو زیکرانە بڵێت کە هاتوون .

- ئەمجار (الله أكبر) دەکات بە بێ بەرز کردنەوەی دەستەکانی و لەسەر حەوت ئەندامەکە سوژدە دەبات : نێو چاوان و لوت و ناو هەردوو دەستەکانی و هەردوو ئەژنۆی و بەشی ناوەوەی پەنجەی پێیەکانی .
- وە بن باڵی جیا دەکاتەوە، هەروەها نێوان سکی و رانی و نێوان رانی و لاقی لەیەک جیا دەکاتەوە، وە هەردوو باڵی لە زەوی بەرزدەکاتەوە .

- وە دەڵێت : (سبحان ربي الاعلى) یەکجار واجیبە، وە موستەحەبە ئەو ویردانە زیاتر بڵێت کە هاتوون، وە بۆی هەیە هەر دوعایەک پێی خۆش بێت بیکات، باشتر وایە ئەو دوعایانە بکات کە لە فەرمودەکاندا هاتوون .
- ئەمجار (الله أكبر) دەکات و لە سەر پێی چەپی بە راخراوی دادەنیشێت، و پێی راستی راست دەکاتەوە وە بەشی ناوەوەی پەنجەکانی پێی راستی دەخاتە زەوی و پەنجاکانی رووەو

قیبلــە، وە بە شــی نــاوەوەی دەســتی دەخاتە ســەر کۆتایی ئەژنــۆی، ئەم دانیشــتنە لــە هەمــوو دانیشــتنەکانی نوێژدا دەبێــت ئیللا لــە تەحیاتی کۆتایی نوێژە ســێ رکاتی و چوار رکاتییەکانــدا، لەو جێگایەی تەوەروک دەکات بەوەی کە پێی چەپی دەخاتە ژێر لاقی راستی .



- ئەمجار (الله أكبر) دەکات و سوژدە دەبات وەکو سوژدەی یەکەم.
- ئەمجار (الله أكبر) دەکات و هەڵدەستێ بۆ رکاتی دووەم، وە ئەوەی لە رکاتی یەکەمدا کردی لەم رکاتەشدا دەیکات تەنها ئەوە نەبێت رکاتی دووەم تەکبیرەی ئیحرام و دوعای (استفتاح) تێدا نییە .
- جا ئەگەر لە سوژدەی دووەم بوویەوە ئەوا بۆ تەحیات دادەنیشێت.
- وە بە پەنجەی شایەتمان ئاماژە دەکات و بە پەنجە گەورە و پەنجەی ناوەراست وەکو ئەڵقەیەک دروست دەکات، وە پەنجەی شایەتمان دەجوڵێنێتەوە و دوعا دەکات .

- ئەمجار تەحیات دەخوێنێت چونکە واجیبە .
- وە ئەگەر نوێژەکە دوو رکاتی بێت ئەوا (صلاة الابراهيمية) دەخوێنێت چونکە واجیبە، وە پەنا بە خوای گەورە دەگرێت لە چوار شت : ((اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم وأعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة الدجال، وأعوذ بك من فتنة المحيا و الممات)) واتە : ئەی خودایە. پەنات پێ دەگرم لە سزای دۆزەخ و پەنات پێ دەگرم لە سزای ناو گۆڕ، وە پەنات پێ دەگرم لە فیتنەی دەججال، وە پەنات پێ دەگرم لە فیتنەی ژیان و مردن))
- وە بەوەی پێی خۆش بێت دوعا دەکات، وە باشتر وایە ئەو دوعایانە بکات کە هاتوون لە گەڵ وتنی : (اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك)[1] واتە : ئەی خودایە یارمەتیم بدە بۆ ئەنجامدانی زیکری تۆ سوپاسی تۆ جوان پەرستنی تۆ).



١) (صحيح أبي داود : ١٣٦٢)

- ئەمجار سەلام دەداتەوە بە لای ڕاست و بە لای چەپدا تەنها بە سەر ئاوردەداتەوە بە بێ شانەکانی و بە بێ جوڵانەوەی سەری بۆ سەرەوە و خوارەوە، وە بە بێ ئاماژەکردن بە دەستەکانی .



- وە ئەگەر نوێژەکە سێ ڕکاتی بێت یان چوار ڕکاتی ئەوا لە پاش خوێندنی تەحیاتی یەکەم هەڵدەستێ بۆ ڕکاتی سێیەم، وە موستەحەبە (صلاة الابراهيمية) بخوێنێت لە تەحیاتی یەکەم .
- (اللّه أكبر) دەکات و ڕکاتی سێیەم دەکات و دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات ئەگەر نوێژەکە سێ ڕکاتی بوو، وە ئەگەر نوێژەکە چوار ڕکاتی بوو ئەوا ڕکاتی چوارەم دەکات و ئەمجار دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیاتی کۆتایی.
- تەحیات دەخوێنێت و (صلاة الابراهيمية) دەخوێنێت، وە پەنا بە خوای گەورە دەگرێت لە چوار شت : (اللهم إني أعوذ بك من عذاب جهنم وأعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة الدجال،

وأعــوذ بك من فتنة المحيا و الممات) ئەمجار بەوەی پێی خۆش بێت دوعا دەکات، وە باشــتر وایە ئەو دوعایانە بکات کە هاتوون لە گەڵ وتنی : ((اللهم أعني على ذكرك وشكرك وحسن عبادتك)).

- وە ئەگەر نوێژەکە نوێژە فەرزەکان بوو موستەحەبە کەوا ئەو زیکرانە بخوێنێت لە پاش نوێژ هاتوون .
- (أستغفر الله استغفر الله استغفر الله، : اللهم أنت السلام ومنك السلام تباركت يا ذا الجلال والإكرام) واتە : استغفر الله استغفر الله استغفر الله : ئەی خودایە . هەر تۆ سەلام و ئاشتیت و سەلام و ئاشتیش لە تۆوەیە، پاکی و بێ کەمو کوورِی بۆ تۆ ئەی خاوەن شکۆو ڕێز))
- ئەمجار سی و سێ جار دەڵێت : (سبحان الله والحمد لله والله اكبر) هەموو دەکاتە نەوەت و نۆ جار، وە بۆ تەواوکردنی سەد دەڵێت : (لا إِلَهَ إِلاَّ الله وحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ ولَهُ الحَمْدُ وهُوَ على كلِّ شيءٍ قَدير) واتە : هیچ پەرستراوێک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت، تەنها و بێ هاوەڵە، موڵک و سوپاس و ستایش تەنها بۆ ئەوە و توانای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە).
- ئەمجار (آية الكرسي) دەخوێنێت :﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ ﴾ البقرة: ٢٥٥ دەخوێنێت.
- ئەمجــار﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَــدٌ ﴾ و﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ و ﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ دەخوێنێت

چەند ئاگادارییەکی گرنگ:

- هەروەکو لە پێشدا لە باسی مەرجەکانی راست و دروستی نوێژدا باسمان کرد کەوا داپۆشینی عەورەت واجیبە لە نوێژدا، بۆیە با کەسی نوێژخوێن ئاگادار بێت کەوا عەورەتی دەرنەکەوێت لە کاتی نوێژدا و نوێژەکەی پوچەڵ ببێتەوە بەو کارەی .

- ئەگەر کەسی (مأموم) لەگەڵ ئیمامدا نوێژی کرد ئەوا دەبێت لای راستییەوە بوەستێت، وە قاچەکانی بەرانبەر بە قاچەکانی بێت، دوا نەکەوێت و پێش نەکەوێت، هەروەکو لە گەڵ ئەوانەی بە تەنیشتییەوەن دەوەستێت .



کورتەیەک لە باسی نوێژ

ناو	حوکمەکەی	کاتەکەی	ژمارەکەی	شێوازەکەی
نوێژی هەینی	فەرزە	نوێژەکە کاتی نیوەرۆیە	دوو رکاتە	نوێژی هەینی بە (جهري) ئاشکرا دەکرێت و جەماعەتەکە بە سێ پیاو بە سەرەوە دەکرێت
نوێژی خۆرگیران	فەرزی کیفایەیە	لە کاتی خۆرگیران یان مانگ گیراندا دەکرێت	دوو رکاتە	نوێژی خۆرگیران بە (جهري) دەکرێت بە دوو کرنۆش لە هەر رکاتێکدا .
نوێژی وتر	سوننەتێکی موئەکەدەیە	لە پاش نوێژی عیشا دەکرێت تاوەکو کاتی فەجر	لە ١– ١١	نوێژەکە یان : یەک رکات دەکرێت. سێ رکات بە یەکەوە دەکات و لە کۆتاییەکەیدا بۆ خوێندنی تەحیات دادەنیشێت، یان دوو رکات نوێژ دەکات و سەلام دەداتەوە و ئەمجار یەک رکات دەکات . پێنج رکاتە تەنها لە رکاتی پێنجەمدا بۆ خوێندنی تەحیات دادەنیشێت . حەوت رکاتە تەنها لە رکاتی حەوتەمدا دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات. نۆ رکاتە لە رکاتی هەشتەمدا دادەنیشێت بۆ خوێندنی تەحیات و هەڵدەستی بۆ نۆیەم بە بێ سەلام دانەوە، وە تەحیاتی تێدا دەخوێنێت و سەلام دەداتەوە . دوو رکات دوو رکات دەکات و ئەمجار یەک رکات وتر دەکات

سوننەتی نوێژی بەیانی	سوننەتێکی موئەکەدەیە	پێش نوێژی بەیانی	دوو رکاتە	لە رکاتی یەکەمدا سورەتی (الکافرون) و لە دووەمدا (الاخلاص) دەخوێنێت .
سوننەتی نیوەڕۆ	سوننەتە	چوار رکات پێش نیوەڕۆ و دوو رکات لە پاشی	٢/٤	دوو رکات دوو رکات بە جیا جیا دەکرێت
سوننەتی مەغریب	سوننەتە	لە پاش نوێژی مەغریب	دوو رکاتە	لە رکاتی یەکەمدا سورەتی (الکافرون) و لە دووەمدا (الاخلاص) دەخوێنێت .
سوننەتی عیشا	سوننەتە	لە پاش نوێژی عیشا	دوو رکاتە	
تەراویح	سوننەتە	لە پاش نوێژی عیشا تاکو فەجر	لە دوو رکاتەوە تاوەکو دە رکات	
تحیة المسجد	واجیبە	لە کاتی چوونە ناو مزگەوت وپێش دانیشتن	دوو رکاتە	
چێشتەنگاو	سوننەتە	لە کاتی بەرز بوونەوەی خۆرەوە تاوەکو پێش زەوال	لە دوو رکاتەوە تاوەکو هەشت رکاتە	
ئیستیخارە	سوننەتە	لە هەموو کاتێکدا دەکرێت	دوو رکاتە	لە پێش سەلامدانەوە دوعای ئیستیخارە دەخوێنێت

نوێژە بارانە	سوننەتە لە کاتی پێویستدا	لە پاش بەرزبوونەوەی خۆر بە ئەندازەی رمێک	دوو رکاتە	وەکو تەکبیرەی جەژنەکان حەوت تەکبیرەی تیادا دەکات لە گەڵ یەکەم تەکبیرەی ئیحرامدا وە پێنج تەکبیرە لە دووەم رکاتدا جگەلە تەکبیرەی گواستنەوە.
نوێژی دوو جەژنە	سوننەتە	لە کاتی بەرزبوونەوەی خۆر بە ئەندازەی رمێک	دوو رکات و دوو خوتبە یە	حەوت تەکبیرەی تیادا دەکات لە گەڵ تەکبیرەی یەکەمدا لە یەکەم رکاتدا و پێنج تەکبیرە لە رکاتی دووەمدا جگەلە تەکبیرەی گواستنەوە

ئەو کاتانەی نەهی لێکراوە نوێژی سوننەتی تیادا بکرێت بە ڕەهایی:

١. لە کاتی فەجرەوە تاوەکو خۆر بەئەندازەی رمێک بەرز دەبێتەوە.
٢. لە نوێژی عەسرەوە تاوەکو خۆرئاوابوون.
٣. لە کاتی ئەوەی خۆر دەچێتە ناوراستی ئاسمان تاوەکو زەوال.

چەند پرسیارێک دەربارەی نوێژ:

١/ مەرجەکانی نوێژ چەندە ؟ ◯ نۆ ◯ یازدە ◯ هەشت

٢/ دانانی مەرجی موسڵمان بوون لە مەرجەکانی نوێژدا هەڵەیە، چونکە تەنها کەسی موسڵمان نوێژ دەکات . (راستە – هەڵەیە)

٣/ تەمیز و توانای جیاکردنەوەی شتەکان بریتییە لە بالغبوون: (راستە – هەڵەیە)

٤/ لادانی (حدث) هەر یەک لە جەستە و شوێن و پۆشاک دەگرێتەوە: (راستە – هەڵەیە)

٥/ نەجاسەتی بەراز نەجاسەتێکی : ◯ قورسە ◯ ناوەندە

٦/ مەنی پیسە (نەجسە) لەبەر واجیب بوونی غوسل لە پاش دەرچوونی: (راستە – هەڵەیە)

٧/ جیاوازی نییە لە نێوان ئاوپەرژێن و شوشتندا : (راستە – هەڵەیە)

٨/ مرداربووەکان هەمووی پیسن : (راستە – هەڵەیە)

٩/ لە نەجاسەتی سەگدا جگە لە خۆڵ جێگەی دەگرێتەوە لە پاککەرەوە نوێیەکان : (راستە – هەڵەیە)

١٠/ ئەوەی کە زەحمەتە خۆتی لێ بپارێزی ئەوەی زۆر دێتە ژووروەوە و دەرواتە دەرەوە، رەنگە پشیلە پاک بێت بۆ هەندێ کەس و پیس بێت بۆ هەندێکی تر : (راستە – هەڵەیە)

١١/ ئەوەی (نەفسی) نەبێت لێوەی دەرچێت . نەفس واتە رۆح : (راستە – هەڵەیە)

١٢/ ئەو خوێنەی لە (دەمارەکاندا) دەمێنێتەوە : ◯ پیسە ◯ پاکە

١٣/ پایەکانی نوێژ چەندە ؟ ◯ چوارە ◯ نۆ ◯ هەشت

١٤/ تەکبیرەی ئیحرام بریتییە لە دەست بەرزکردنەوە : (راستە – هەڵەیە)

١٥/ ئەگەر سەهوی کرد و روکنێکی لە بیرچوو ئەوا تەنها سوژدەی سەهوی لەسەرە . (راستە – هەڵەیە)

١٦/ واجیباتەکانی نوێژ چەندن ؟ ◯ هەشت ◯ چوارە ◯ نۆ

١٧/ ئەگەر لە سوژدەکەیدا وتی : (سبوح قدوس رب الملائكة والروح) لە کاتێکدا زانی وتنی : (سبحان ربی الأعلی) بۆ یەکجار واجیبە ئەوا نوێژەکەی پوچەڵە . (راستە – هەڵەیە)

١٨/ دروستە لە نوێژدا بەشی ناوەوەی دەستی راستی بخاتە سەر پشتی دەستی چەپی و مەچەک و باسک : (راستە – هەڵەیە)

١٩ / خوێندنی قورئان بە دەنگی بەرز لە دوو رکاتە یەکەمەکەی نوێژە فەرزەکاندا دەخوێندرێت ئەگەر لە شــەودا بوو وە لە هەموو نوێژێکدا کــە دروســت بێت موسـڵمانانی بــۆ کۆ ببێــتەوە وەکــو دوو جەژنە : (هەڵەیە – راستە)

٢٠/ پوچەڵکەرەوەکانی نوێژ چەند دانەن ؟

◯ هەشت ◯ نۆ ◯ چوارده

٢١/ تەوەروک لە کام تەحیاتدا دەکرێت ؟

◯ یەکەم ◯ کۆتایی ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٢٢/ حوکمی زیادەکردنی وشــەی (والشــکر) لە دەستەواژەی (ربنا لک الحمد والشکر): ◯ دروستە ◯ موستەحەبە ◯ حەرامە

٢٣/ وتنی : (رب أغفر لي ولوالدي) لە نێوان دوو سوژدەکەدا :

دروستە مەکروهە حەرامە

٢٤/ دانانی ئەنیشک لەسەر زەوی لە کاتی سوژدەدا :

◯ حەرامە ◯ موستەحەبە ◯ مەکروهە

٢٥/ هۆکارەکانی سوژدەی سەهو چەندن ؟

◯ دوو ◯ سێ ◯ چوار

٢٦/ گومان لە پاش ئەنجامدانی کارەکە هیچ کاریگەری نییە – ئا بەم شێوەیە ئەگەر گومانەکان زۆر بوون : (هەڵەیە – راستە)

٢٧/ دوو رکاتەکەی سوننەتی فەجر لە رەواتیبەکانی تر جیادەکرێتەوە لە فەزڵ و سووکی و خوێندنی تایبەت و بەردەوام بوون لەسەری لە سەفەریشدا، وە راکشان لە پاش ئەنجامدانی تەنها لە مااڵدا . (هەڵەیە – راستە)

٢٨/ حوکمی ئەم مەسەلانەی خوارەوە روون بکەرەوە :

مەسەلەکە	حوکمەکەی
نوێژی ئەو کەسەی جوێن بە دین دەدات	
نوێژی سەرخۆش	
نوێژی کەسێک تووشی نەخۆشی (الزهایمر) بوو بێت .	
نوێژی منداڵی بچووک	
کەسێک لەبیری چوو بوو بە بێ دەستنوێژ نوێژی کرد .	
کەسێک نوێژی کرد لەبیری چوو بوو پۆشاکەکەی پیسە .	
میزی مانگا	
میزی قەڵەرەش	
کەسێک نوێژی کرد بەڵام هەردوو رانی دیار بوو .	
کەسێک لە بیری چوو نوێژی کرد لە پێش کاتەکەی خۆی .	
نوێژ لە ناو فڕۆکەدا .	
نیەتی فەرزی کاتەکانی هێنا	

بە دانیشتنەوە نوێژی کرد .	
سورەتی (الفاتحة)ی لەبیر چوو .	
بە ئیمامدا گەیشت لە کاتێکدا ئیمام لە کرنۆشدا بوو .	
پەلە کردن لە نوێژدا .	
بە گومانی زۆر گومانی کرد لە پاش نوێژەکە.	
گومانی لە دەستنوێژەکەی بوو لە پاش دابەستنی نوێژ .	
نەیزانی کرنۆشێکی زیادەی برد .	
تەکبیرەی ئیحرامی ئەنجام نەدا .	
تەحیاتی یەکەمی ئەنجام نەدا .	
تەحیاتی کۆتایی ئەنجام نەدا .	
گەمانی بوو ئایە سێ رکات یان چواری کردووە.	
گومانی بۆ دروست بوو لە پاش نوێژەکە	
گومانی بۆ دروست بوو لە کاتی نوێژەکەدا.	
لە سەهوەکەدا سەهوی کرد .	
لە بیری چوو لە کاتی نوێژەکەدا قسەی کرد .	

نوێژی کرد لە کاتێکدا عەورەتی دەرکەوتبوو کەچی نەیزانی ئیللا لە پاش تەواوبوونی نوێژەکە.	
دەستنوێژ شوشتن لە ماڵەوە لە پێش دەرچوون بۆ نوێژ .	
کڕین و فرۆشتن لە مزگەوتدا .	
پارە گۆڕینەوە لە مزگەوتدا .	
گەیشت بە ئیمامدا لە تەحیاتی کۆتاییدا.	
سوترە لە نوێژدا .	
ئاوردانەوەیەکی کەم .	
ئاوردانەوەیەکی زۆر .	
نوێژەکەی بە پەلە کرد.	
(الصلاة الابراهيمية) لە تەحیاتدا .	
قسەکردن لە نوێژدا .	
جوڵانەوە لە نوێژدا .	
(الفاتحة)ی لە بیرچوو .	
نوێژی هەینی	
وتر	
تحية المسجد.	

٢٩/ جیاوازییەکانی نێوان مەرج و روکن و واجیب و سوننەت بنوسە:

مەرج	روکن	واجیب	سوننەت

وانەی دوازدەیەم

مەرجەکانی دەستنوێژ

مەرجەکانی دەستنوێژ دە دانەیە :

١- موسڵمان بوون

٢- عاقڵ بوون

٣- تەمیزی هەبێت واتە بتوانێت شتەکان لە یەک جیابکاتەوە

٤- بوونی نیەت

٥- بەردەوام بوونی حوکمەکەی، بەوەی نیەتەکەی نەبڕێت تاکو دەستنوێژەکە تەواو دەکات .

٦- وازهێنان لەو شتانەی کە دەستنوێژ واجیب دەکات (پوچەڵکەرەوەکانی دەستنوێژ)

٧- تارات کردن لە پێش دەستنوێژەکە بە ئاو یان بە بەرد.

٨- ئاوەکە پاک بێت و حەڵاڵ بێت .

٩- لادانی ئەو شتەی کە دەبێتە ڕێگر بۆ گەیاندنی ئاوەکە بە پێست.

١٠- کاتی نوێژەکە هاتبێت بۆ ئەو کەسانەی (حدث)ەکەیان بەردەوامە.

راڤەی هەندێ لە مەرجەکان:

- مەبەست لە : (بەردەوام بوونی حوکمەکەی بەوەی نیەتەکەی نەبڕێت تاکو دەستنوێژەکە تەواو دەکات .) واتە : نیەتەکە بەردەوام بێت لە سەرەتای دەستنوێژەکەوە تاوەکو کۆتایی .
- مەبەست لە : (وازهێنان لەو شتانەی کە دەستنوێژ واجیب دەکات (پوچەڵکەرەوەکانی دەستنوێژ)) بۆ نمونە دەستنوێژ نەگرێت لە هەمان کاتدا گۆشتی وشتر بخوات یان خەریکی میزکردن بێت، بەڵکو دەبێت لە هەڵوەشێنەرەوەکە ببێتەوە پێش ئەوەی دەست بکات بە دەستنوێژ.
- مەبەست لە : (تارات کردن لە پێش دەستنوێژەکە بە ئاو یان بە بەرد.) ئەوەی لێی بەدەرە ئەگەر هاتوو دەستنوێژەکە بە هۆی بایەکەوە بوو یان خەوتن یان خواردنی گۆشتی وشترەوە بوو .
- مەبەست لە : (ئاوەکە پاک بێت و حەڵاڵ بێت) واتە دەستنوێژ ناگرێت بە ئاوێکی پیس یان بە ئاوێکی زەوتکراو .
- مەبەست لە : (لادانی ئەو شتەی کە دەبێتە ڕێگر بۆ گەیاندنی ئاوەکە بە پێست) وەکو هەویر و بۆیاغکردنی نینۆکەکان چونکە ئەوانە دەبنە هۆی ڕێگری لە ئاوەکە بگاتە ئەندامەکە .

سوننەتەکانی فیترەت:

لە سوننەتەکانی فیترەت :

١- خەتەنەکردن : ئەویش واجیبە بۆ پیاوان و سوننەتە بۆ ئافرەتان ئەگەر پێویستی کرد .

٢-٥- (بەرسوێل کردن) بڕینی سمێڵ و نینۆک کردن و لادانی مووی بن باڵ و بەر تاشین (حلق العانة) : لە ئەنەسەوە هاتووە: (وقّت لنا في قص الشارب وحلق العانة ونتف الإبط وتقليم الأظفار أن لا نترك ذلك أكثر من أربعين ليلة) واتە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتی بۆ دیاری کردین بۆ بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و بەرتاشین و لادانی توکی بن باڵ و نینۆک کردن کە لە چل شەو زیاتر نەیهێڵینەوە) دەرئەنجام ئەوەیە کەوا ئەم کارانە نابێت لە چل رۆژ زیاتر دوابخرێت .

٦- ریش بەردانەوە : حوکمەکەی واجیبە، وە تاشینی تاوانێکە لە تاوانە گەورەکان .

٧- سیواک کردن : ئەویش بە کارهێنانی داری ئەراکە و نمونەی ئەوە بۆ پاککردنەوەی ددانەکان، وە حوکمەکەی سوننەتە، وە لە هەموو کاتێکدا دووپاتکراوەتەوە، وە لە کاتی دەستنوێژدا، وە لە کاتی نوێژدا، وە کاتی چوونە ماڵەوە و کاتی خوێندنەوەی قورئان و هەستان لە خەو ومردن و گۆڕینی بۆنی دەم .

وانەی سیازدەیەم

فەرزەکانی دەستنوێژ:

فەرزەکانی دەستنوێژ شەش دانەن :

١- شۆشتنی دەموچاو، وە ئاوهەڵدانە دەم و لوت بەشێکە لەو .

٢- شۆشتنی دەستەکان تاوەکو ئەنیشکەکان .

٣- سڕینی هەموو سەر، وە گوێیەکان بەشێکن لەو .

٤- شۆشتنی هەردوو پێیەکان لە گەڵ قاپەرەقەدا .

٥- ریزبەندی .

٦- (موالات) هەریەکەو لە دوای ئەویتر بێت بە بێ ئەوەی ناوبڕێک لە نێوانیاندا بێت .

وە موستەحەبە شۆشتنی دەموچاو و هەردوو دەست و هەردوو پێ سێ جار دووبارە بکرێتەوە، هەروەها ئاوهەڵدانە دەم و لوت، وە فەرزیش تیایدا تەنها یەک جارە، بەڵام سڕینی سەر ئەوا موستەحەب نییە دووبارە بکرێتەوە هەروەکو لە فەرموودە راست و درەستەکاندا هاتووە .

جێبەجێ کردنی (موالات):

بەوە دەبێت کەوا ئەو کەسەی دەستنوێژ دەشۆرێت شۆشتنی هیچ ئەندامێک دوانەخات تا ئەو کاتەی ئەندامەکەی پێش خۆی وشک ببێتەوە .

وانەی چواردەیەم

هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ

هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ شەش دانەن :
١- دەرچوونی هەرشتێک لە پاش و پێشەوە .
٢- ئەو شتە زۆرە پیسەی لە جەستەوە دەردەچێت.
٣- نەمانی عەقڵ بە خەوتن یان جگە لەو .
٤- دەست لێدانی(دامێن) فەرج چ پێشەوە بێت یان پاشەوە بە بێ هیچ پەردەیەک.
٥- خواردنی گۆشتی وشتر . ٦- هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام .

<u>ئاگاداریەکی گرنگ:</u>
بەڵام شوشتنی مردوو : رای پەسەند ئەوەیە کە دەستنوێژ بەتاڵ ناکاتەوە، ئەمەش قسەی زۆربەی زانایانە، لەبەر نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەری، بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی مردووەکە دەشۆرێت ئەگەر دەستی بەر عەورەتی مردووەکە کەوت بە بێ هیچ پەردەیەک ئەوا دەستنوێژەکەی دەشکێت، وە ئەوەی پێویستە لەسەری کە دەستی نەدا لە عەورەتی مردووەکە ئیللا لەسەروی پەردەیەکەوە نەبێت، هەروەها ئەگەر دەستی بدات لە - دەستی- ئافرەت دەستنوێژ ناشکێنێت بە هیچ شێوەیەک، جا ئەگەر هاتوو ئەو دەست لێدانە بە شەهەوەتەوە بوو یان بە بێ شەهوەت لە سەر رای پەسەندی زانایان، ئەگەر هیچ شتێکی بە هۆیەوە دەرنەچێت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەندێ لە خێزانەکانی ماچ کرد و نوێژی کرد و دەستنوێژی نەشوشتەوە .
بەڵام ئەو ئایەتە کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ﴾ النساء: ٤٣ ئەوا مەبەست لێی (جیماع)ـە لە سەر رای پەسەندی زانایان، هەر ئەوەش قسەی (ابن عباس) و کۆمەڵێک لە زانایانی سەلەف و خەلەفە .

راڤەی هەندێ لەو هەڵوەشێنەرەوانە :

- مەبەست لە : (دەرچوونی هەرشتێک لە پاش و پێشەوە) بە رەهایی وەکو میز و پیسی و مەنی و مەزی و وەدی و با و بەرد و خوێن و کرم و سوڕی مانگانە و زەیسانی .
- مەبەست لە : (ئەو شتە زۆرە پیسەی لە جەستەوە دەردەچێت) رای پەسەند ئەوەی کە دەستنوێژ هەڵناوەشێنێتەوە ئیللا مەگەر لە جنسی میز و پیسی بێت .
- مەبەست لە : (نەمانی عەقڵ بە خەوتن یان جگە لەو) خەو لە خودی خۆیدا دەستنوێژ پوچەڵ ناکاتەوە، ئەوە نەبێت کەوا جێی گومانی دەرچوونی بایە، وە ئەگەر ئاگای لە خۆی بوو کەوا هیچ دەرنەچووە ئەوە پووچەڵ نەبووەتەوە .
- مەبەست لە : (دەست لێدانی فەرج (دامێن) چ پێشەوە بێت یان پاشەوە بە بێ هیچ پەردەیەک) شیخ الاسلام (ابن تیمیة) ئەوەی پەسەند کردووە کەوا دەستنوێژ شوشتن موستەحەبە بۆ ئەو کەسەی دەستی دەدا لە فەرجی (دامێن) نەک واجیبە .

پوختەی شێوازی دەستنوێژ بە وینەوە:

- ئەگەر نیەتی دەستنوێژی هەبوو ئەوا (بسم الله) دەکات .
- ئەمجار ئاو دەکاتە سەر دەستیدا و هەردوو دەستی سێ جار دەشۆرێت.
- ئەمجار بە دەستی راستی گوێلێک ئاو دەکاتە دەمییەوە لە گەڵ خولانەوەی لە ناو دەمیدا و فڕێی دەدات، ئەمجار بە لوتی ئاوەکە هەڵدەمژێت و ئەمجار هەردوو پەنجەی شایەتمان و پەنجە گەورەکەی دەخاتە سەر لووتی ئاوەکە دەردەکات، ئەم کارە سێ جار دووبارەی دەکاتەوە .
- ئەمجار دەموچاوی سێ جار دەشۆرێت، وە سنوری دەموچاو بە درێژی لەسەرەتای قژەکەوە تاوەکو کۆتای ریش و چەناکە، وە بە پانی نێوان هەردوو گوێیە .
- ئەمجار دەستەکانی دەشۆرێت لە گەڵ ئەنیشکەکانی سێ جار، بە دەستی راستی دەست پێ دەکات ئەمجار دەستی چەپی .
- ئەمجار سەری مەسح دەکات، دەستەکانی لەسەرەتای سەریەوە دەست پێ دەکات تاوەکو کۆتایی و ئەمجار هێنانەوەی بۆ سەرەتای سەری.
- ئەمجار پەنجەی شایەتمانی دەخاتە بەشی ناوەوەی گوێ و مەسحی دەکات.
- ئەمجار هەردوو پێی سێ جار دەشۆرێت لە گەڵ قاپەرەقەی.



- لە پاش لێبوونەوە لە دەستنوێژەکەی دەڵێت : (أشهد أن لا إله إلا اللّه وحده لا شريك له وأشهد أن محمداً عبده ورسوله) واتە : شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (اللە) نەبێت، تەنهاو بێهاوەڵە، وە شایەتی دەدەم کە (محمد)(ﷺ) بەندە و نێردراوی ئەوە) وە لە (الترمذي) هاتووە : ((اللهم اجعلني من التوابين واجعلني من المتطهرين)[1] واتە: ((ئەی خودایە بمگێڕە لە تەوبەکاران و بمگێڕە لە خۆپاک کەرەوەکان)).

١) (الإرواء : ٩٦)

حوکمی زیادە کردن لەو ئەندازەی بۆی دیاری کراوە

دروست نییە لەو ئەندازەی دانراوە زیادە بکرێت، وەکو ئەوەی سێ جار زیاتر بیشۆرێت، یان لە سەرەوەی ئەنیشکەکانی بشۆرێت، یان لەسەرەوەی قاپەرەقەی، یان ملی مەسح بکات .



پاشکۆیەک کە هەندێ لە پایەکانی ئیسلام لەخۆ دەگرێت:

یەکەم : تەهارەت (پاکوخاوێنی)

تەیەموم :

ئەمەش جێگرەوەی دەستنوێژە بە ئاو ئەگەر کەسەکە نەیتوانی ئاو بەکار بهێنێ لە ئەندامەکانی تەهارەتدا، یان هەندێکی لەبەر نەبوونی ئاو یان ترسی زیانێک لە بەکارهێنانیدا، ئەوا ئەو کاتە خۆڵ جێگەی ئاو دەگرێتەوە .

شێوازی تەیەموم :

نیەتی تەیەموم دەهێنێ : ئەمجار (بسم الله) دەکات، ئەمجار بە دەستی یەکجار دەدا لە زەوی و بە بەشی ناوەوەی دەستی دەموچاوی و هەردوو دەستی مەسح دەکات .

وە دروست نییە پەنجەکانی بڵاو بکاتەوە لە کاتی لێدانی بە سەر زەوییدا ، وە تەخلیلی پەنجەکانی دروست نییە لە کاتی سرینی هەردوو دەستیدا .



شێوازی غوسلی واجیب:

نیەتی غوسل و لادانی جەنابە بێت ، ئەمجار (بسم الله) دەکات ، ئەمجار هەموو جەستەی دەشۆرێت و ژێرەوەی قژی تەنک بێت یان پڕ بێت بە ئاو لە گەڵ ئاو هەڵدانە دەم و لوت .

سوننەتەکانی غوسل :

شوشتنی فەرجی (دامێن) پێش و پاشەوە ، ئەمجار هەردوو دەستی ، ئەمجار دەستنوێژ دەگرێت وەکو ئەوەی بۆ نوێژ دەیگرێت ، وە قژی تەڕ دەکات ، ئەمجار لای راستی دەشۆرێت و ئەمجار لای چەپی ، ئەمجار هەردوو پێی دەشۆرێت.

ئەوەی کە غوسل واجیب دەکات :

١) جەنابە : ئەویش بە دەرچوونی مەنی دەبێت بە هۆی جیماعەوە یان جگە لەو ، یان بە لێکدانی دوو خەتەنەکراوەکە.

٢) دەرچوونی خوێنی حەیز و زەیسانی .

٣) مردن جگە لە شەهید .

٤) موسڵمان بوونی کەسێکی بێباوەڕ .

مەرجەکانی مەسح لە سەر خوففەکان :

دەبێ بە دەستنوێژەوە لە پێی کردبێت واتە : هەردوو پێی بە ئاو شۆردبێت لە دەستنوێژەکەیدا.

دەبێ خوففەکان یان گۆرەوییەکان پاک بێت .

دەبێ زۆربەی ئەندامەکەی گردبێتەوە.

دەبێ مەسح کردن لەسەر بە هۆی (حدثي) بچووکەوە بێت نەک لە جەنابە یان شتێ غوسلی واجیب کردبێت .

دەبێ مەسحەکە لەو ماوەیەدا بێت کە شەرع دیاری کردووە، ئەویش شەو و رۆژێکە بۆ نیشتەجێ (٢٤ کاتژمێر)، سێ شەو و رۆژ بۆ کەسی موسافیر (٧٢ کاتژمێر)، وە کاتەکەی لە یەکەم مەسحەوە دەست پێ دەکات لە پاش (حدث) هەکە .

چۆنییەتی مەسح لەسەر خوفف :

بـە هـەردوو دەسـتی لەسـەر پەنجەکانییـەوە بـۆ قاچـی، واتـە ئەوەی کە مەسـح دەکرێـت سـەرەوەی خوفەکەیە، جا دەستەکانی بە سـەر پەنجەکانییەوە دەهێنێت تاوەکو قاچی، وە مەسحەکەش بە هەردوو دەست دەبێت لە سەر هەردوو پێ، واتە دەستی راست پێی راست و دەستی چەپ پێی چەپ مەسح دەکات لـە هەمان کاتـدا، هەروەکو چۆن هـەردوو گوێیەکان مەسح دەکرێت، چونکە لە روالەتی سوننەتەکەدا وا هاتووە .

چەند مەسەلەیەک پەیوەندی ها بە مەسحەوە :

١– ئەگەر هاتوو ماوەی مەسحەکە تەواو بوو یان مەسحکراوەکەی داماڵی، ئەوا دەستنوێژەکە دەمێنێتەوە و پوچەڵ نابێتەوە .
٢– دروسـتە مەسـح لەسـەر خوففی درِاو بکرێـت، هەروەها ئەوەی کە پێستەکەی لێوە دیارە لەبەر رووبی یان تەنکی .

ئادابەکانی سەراوکردن :

ئەوەی موستەحەبە :

- ئەگەر چووە ئاودەستەوە : پێی چەپی پێش بخات و بڵێت: (بسم الله، اللهُمَّ إنّي أعُوذُ بِكَ مِنَ الخُبْثِ والخبائِثِ.)[1] واتە : بە ناوی خوا، ئەی خودایە . پەنات پێ دەگرم لە شەیتانە نێرو مێیەکان) .
- وە ئەگەر دەرچوو پێی ڕاستی پێش دەخات و دەڵێت : (غفرانک)[2] واتە : ئەی خودایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم).
- وە پێویستە لەسەری خۆی بشارێتەوە بە دیوارێک یان جگە لەوە، وە ئەگەر لەو دەشتە بوو ئەوا دوور بکەوێتەوە لە خەڵکی.

وە دروست نییە :

- سەراو بکات لە سەرەڕێگادا، یان لە جێگای دانیشتنی خەڵکی، یان لە ژێر داری بەرپدا، یان لە جێگایەکدا زیان بە خەڵکی بگەیەنێت یان لە ئاوێکی وەستاودا .
- ڕوو لە قیبلە بکات یان پشتی لێ بکات لە کاتی سەراوکردنەکەدا.
- دەستی ڕاستی بدات لە زەکەری .
- ناوی خوای گەورە بهێنێت .

١) . (مختصر البخاري : ٩٤)
٢) (صحيح أبي داود : ٣٠)

ئەگەر سەراوەکەی تەواو کرد ئەوا بە ئاو خۆی پاک دەکاتەوە یان بە بەرد.

- وە مەرجەکانی خۆ پاک کردنەوە بە جگە لە ئاو ئەمانەن :
- بە سێ جار سڕین بێت یان زیاتر، لە هەمان شوێندا مەسح نەکات .
- دەبێ پاک ببێتەوە، وە پاکبوونەوە دەزانرێت بەوەی کە بەردەکە یان دەستەسرەکە بە وشکی بگەڕێتەوە.

خۆپاککردنەوەکە بە شتێکی پیس نەبێت، یان بە شتێکی ڕێز لێ گیراو وەکو خواردن و بە ئێسک و پاشەڕۆی ئاژەڵ نەبێت.

وە دروستە میزکردن بە ڕاوەستانەوە بە مەرجێ پرشی میزەکە نەدات لە جەستە و جلوبەرگەکەی، وە دڵنیا بێت لە دەرنەکەوتنی عەورەتی، (أتى (ﷺ) سباطة قوم فبال قائما) متفق عليه.

پرسیارەکان لەسەر تەهارەت:

١- مەرجەکانی دەستنوێژ چەندە ؟ ◯ نۆ ◯ دە ◯ هەشت

٢- فەرزەکانی دەستنوێژ بریتییە لە :
چوار ئەندامەکە ئەوەی باسکرا لە گەڵ ڕێزبەندی و موالاتدا

٣- هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ چەندن؟
◯ شەش ◯ پێنج ◯ هەشت

٤- هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ لەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە :
◯ گۆشتی وشتر ◯ گۆشت ئاسک ◯ دەنگی سک ◯ با
◯ خەوەنوچکە ◯ شوشتنی مردوو
◯ دەستی لە دەستی ئافرەت بدات

٥- شێوازی تەیەموم بنووسە :
.....
.....
.....

٦/ شێوازی غوسلکردن بنووسە :
.....
.....
.....

٧/ حوکمی ئەم مەسەلانەی خوارەوە بنووسە :

مەسەلە	حوکمەکەی
وتنی نیەت بە زمان	
نیەتی هێنا لەدەستنوێژ شوشتنەکەیدا بۆ ئەنجامدانی یەک نوێژ ئەمجار لە نوێژی زیاتری کرد .	
دەستنوێژی شوشت بۆ خوێندنەوەی قورئان ئەمجار نوێژی کرد	
لە کاتی دەستنوێژدا نیەتەکەی بچڕاند	
لە پاش دەستنوێژەکە نیەتەکەی بچڕاند	
دەستنوێژی شوشت کەچی هەویر بە پایەوە بوو	
دەستنوێژی دەشوشت لە کاتێکدا گۆشتی وشتری دەخوارد	
بە ئاوێکی دزراو دەستنوێژی شوشت	
لە پێش خۆپاککردنەوە بە ئاو یان بە بەرد، دەستنوێژی شوشت	
ئاوێکی نوێی بەکارهێنا بۆ گوێیەکانی	
سێ جار مەسحی سەری کرد	
یەک جار یەک جار دەستنوێژی شوشت	
سێ جار سێ جار دەستنوێژی شوشت	
شوشتنی هەردوو دەست لە دەستنوێژدا	
دەست خستنە نێو ریشەوە	
دەست هێنان بەسەر ئەندامەکانی دەستنوێژدا لەکاتی دەستنشوێژدا	

سڕینی ئەوەی فەرزە بشۆردرێت	
شوشتنی سەر	
دەست خستنە ناو دەفرەکەوە	
دەست پێکردن بە ئەندامە راستکان لە دەستنوێژدا	
لە سێ جار زیاتر ئەندامەکان بشۆرێت	
شوشتنی لاق	
لە پاش مەلەکردن نوێژی کرد	
لە پاش غوسلکردن نوێژی کرد و دەستنوێژی نەگرت	

دووەم : زەکات

ئەویش دوو بەشە:

زەکاتی سەروەت و سامان:

ئەمەش سێیەم پایەیە لە پایەکانی ئیسلام، ئەمەش واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی ئازاد خاوەنی نیصاب بێت، وە زەکاتی ناکەوێتە سەر تاوەکو ساڵێکی بەسەردا نەڕوات، ئیللا ئەوە نەبێت کە لە زەوییەوە دەردەچێت، وەکو ئەوەی کە پاشکۆی ئەصڵەکە بێت وە زیادکردنی نیصابەکە و قازانجی بازرگانی ئەوا ساڵەکەی کۆتایی دێت بە کۆتایی ساڵێک بەسەر ئەصڵەکەدا، ئەمەش دابەش دەبێتە چوار بەشەوە :

زەکاتی جەستە:

کە سەرفترەیە، ئەمەش واجیبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی گەورە و بچووک، نێر و مێ، کۆیلە و ئازاد .

دوو نەختینەکە :

ئاڵتون و زیو و ئەوەی جێگایان دەگرێتەوە لە پارە و جگە لە ئەو، جا نیصابی ئاڵتون (٢٠) مسقاڵە (٨٥ غرام) وە نیصابی زیو (٢٠٠) دیرهەمە (٥٩٥ غرامە) .

مەڕو ماڵات (بهيمة الانعام) ئاژەڵ و وڵاخ:

ئەوەی کە ساڵەکە یان زۆربەی ساڵەکە لە لەوەڕی دەشت دەخوات، وەمەبەست لە (بهيمة الانعام) وشتر و مانگا و مەڕە .

ئەوەی لە زەوییەوە دەردەچێت :

ئەویش دانەوێڵە و بەروبوومە .

شتومەکی بازرگانی :

هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بۆ کڕین و فرۆشتن دانراوە .

ئەوانەی زەکاتیان پێ دەدرێت :

١- هەژاران (الفقراء) : ئەمانەش ئەو کەسانەن کە پێویستیان هەیەو هیچ شتێکیان نییە، یان هەندێکیان لە پێویستییەکان هەیە .

٢- نەداران (المساكين): ئەمانەش زۆربەی پێداویستیان هەیە یان نیوەی، ئەگەر بۆ نمونە پێویستی سااڵێکمان بە (١٢٠٠٠) دانا ئەوا کەسی هەژار کەمتر لە شەش هەزاری هەیە یان هیچی نییە، وە کەسی نەدار شەش هەزار یان زیاتری هەیە بەاڵم ناگاتە (١٢٠٠٠) چونکە ئێمە بەشی هەژار و نەدار دەدەین بەشی ساڵەکەی بکات چونکە زەکات لە یەک ساڵی تەواودا واجیبە .

٣- ئەوانەی کار دەکەن لەسەر کۆکردنەوەی زەکات (فەرمانبەرەکانی زەکات) : ئەوانەش باج سێن و پارێزەرانی زەکات و ئەوانەی دابەشکردنی زەکاتیان لە ئەستۆ گرتووە، کە دەسەاڵتدار ئەوانی دامەزراندووە، وە مەرج نییە ئەو کەسانە هەژار بن، بەاڵکو بەشیان دەدرێت هەرچەندە دەوڵەمەندیش بن.

٤- ئەوانەی ئۆمێد هەیەلەئایندەدا دڵیان بەئیسلامەوەهۆگربێ: ئەو کەسانەی کە ئومێدی ئیسالم بوونیان لێ دەکرێت یان خراپەیان نەهێڵێ یان بە هێزی بوونی ئیمانەکەیان .

٥- بۆ ئازاد کردنی بەندەو یەخسیرەکان : ئەوانیش :

أ- (المكاتب) ئەو موسڵمانە کۆیلەیە کە خۆی دەکرێت لە گەورەکەی.

ب- رزگارکردنی کۆیلەیەکی موسڵمان .

ت- موسڵمانێکی بەندکراو .

وە ئەو کۆیلەیە ناگرێتەوە کەوا خاوەنەکەی رزگاری دەکات و بە زەکاتی دەژمێردرێت، جا ئەمە دروست نییە .

٦- قەرزاران : ئەوانیش :

أ- قەرزارێک لەبەر چاکسازی نێوان یەکتر .

ب- بۆ خۆی قەرزار بووە .

وە دروست نییە گەردنی هەژارێکی قەرزار ئازاد بکرێت بە نیەتی زەکات.

٧- لە پێناوی خوادا : ئەو جەنگاوەرانە دەگرێتەوە و ئەوەی پێویستیان پێیەتی لە چەک و جگە لە چەک .

٨- ڕێبوار : ئەو موسافیرەیە کە پارەی لێ بڕاوەتەوە، ئەوەندەی پێ دەدرێت کە بیگەیەنێتە وڵاتەکەی خۆی .

وە دەکرێت بدرێت بە تەنها یەک جۆر لەوانە، وە دروست نییە زەکات بدرێتە دەوڵەمەندێک یا بە هێزێکی کەسابەتکار، هەروەها نابێت بدرێتە (ئالو محمد)(ﷺ)کە ئەوانیش بەنی هاشم و مەولاکانیانن، وە نە بۆ ئەو کەسانەی کە نەفەقەی لەسەریەتی لەو کاتەی زەکاتەکە دەدات، وە نە بە کافریش، بەڵام صەدەقەی (تطوع) ئەوا دروستە بدرێتە ئەوانە و جگە لەوانەش، بەڵام هەرچەندە زیاتر سوود بەخشتر بێت بە سوودێکی گشتی یان تایبەت ئەوا کاملترە .

چەند پێناسەیەکی گرنگ:

- بنت المخاض : ئەو وشترەیە کە ساڵێکی تەواو کردووە، وە بەو ناوەوە ناوی نراوە چونکە دایکی ئاوس (دووگیان) بووە .
- بنت اللبون : ئەو وشترەیە کە دوو ساڵی تەواو کردووە، وە بەو ناوەوە ناوی نراوە چونکە دایکی بووەتە خاوەنی شیر.
- الحقة : ئەو وشترەیە کە سێ ساڵی تەواو کردووە، بەو ناوەوە ناو نراوە چونکە شایستەی ئەوەیە سوار ببێت.
- الجذعة : ئەو وشترەیە کە چوار ساڵی تەواو کردووە، بەو ناوەوە ناو نراوە چونکە لەم تەمەنەدا ددانەکانی دەکەوێت.
- التبيع يان التبيعة : ئەو چێڵانەیە کە ساڵێکیان تەواو کردووە.
- المسنة : ئەو چێڵانەیە کە دوو ساڵیان تەواو کردووە .

ئەندازەکانی زەکات :

سەروەت و سامان	حەول	نیصاب	ئەندازەی زەکات
مەڕو مالاّت	مەرجە	تەماشای نەخشەکەی پاش ئەم نەخشەیە بکە	تەماشای نەخشەکەی پاش ئەم نەخشەیە بکە
ئەوەی لە زەوی دەردەچێت	مەرج نییە	٣٠٠ صاع	ئەوەی بە ئاوی باران ئاو دەدرێت یان کانیاو یان لە هەر رێگایەکی ترەوە ئاوبدرێت (بە بێ ماندووبوون) دە یەک
			ئەوەی ئاو دەدرێت و ماندوو دەبن بە هۆی ئاودانەکەوە نیو دەیەک
			ئەوەی بە هەردووی ئاو دەدرێت ئەوا سێ چارەکی دەیەکی تێدایە

نەختینەکان	مەرجە	(٨٥) غرام لە ئاڵتون یان (٥٩٥) غرام لە زیو	چل یەک
شتومەکی بازرگانی	مەرجە	ئەوەی زیاتر قازانجی هەژارانی تێدا بێت لە ئالتون و زیو	چل یەک

نیصابی زەکاتی ئاژەڵان لە مەرومالات (بهيمة الأنعام) و ئەندازەکەی

مەڕ و بزن		
ئەندازەکەی		زەکاتەکەی
لە	تاوەکو	
٤٠	١٢٠	یەک مەڕ
١٢١	٢٠٠	دوو مەڕ
٢٠١	٣٠٠	سێ مەڕ
ئەمجار لە هەر (١٠٠) سەردا یەک مەڕە		
لە زەکاتدا ئەمانە وەرناگیرێت : بەران، پیر، عەیبدار، وە خراپەکان هەروەها ئەمانەش وەرناگیرێت : لاواز، ئاوس (دووگیان)، دانی، وە باشترینەکان.		

وشتری یەک کۆپارە و دوو کۆپارە		
زەکاتەکەی	ئەندازەکەی	
	تاوەکو	لە
یەک مەڕ	٩	٥
دوو مەڕ	١٤	١٠
سێ مەڕ	١٩	١٥
چوار مەڕ	٢٤	٢٠
بنت مخاض	٣٥	٢٥
بنت لبون	٤٥	٣٦
حقة	٦٠	٤٦
جذعة	٧٥	٦١
دوو بنت لبون	٩٠	٧٦
دوو حقة	١٢٠	٩١
سێ بنت لبون	١٢٩	١٢١
ئەمجار هەر لە چل دانەدا یەک (بنت لبون)، وە لە هەر پەنجا دانەدا یەک (حقة)، وە الوقص لە (٩) کەمترە، (ئەویش لە نێوان دوو فەریزەکەدایە)		

مانگا و گامێش		
ئەندازەکەی		زەکاتەکەی
لە	تاوەکو	
٣٠	٣٩	یەک (تبیع) یان یەک (تبیعة)
٤٠	٥٩	یەک (مسنة)
٦٠	٦٩	دوو (تبیعة)
ئەمجار لە هەر (٣٠) دانەدا یەک (تبیع) و لە هەر (٤٠) دانەدا یەک (مسنة) یە.		

پرسیارەکان لەسەر زەکات

١/ هیچ ماڵێک زەکاتی لەسەر نییە تاوەکو ساڵێکی بەسەردا تێنەپەڕێ بە:

◯ ساڵی کۆچی ◯ ساڵی زاینی ◯ جیاوازی نییە

٢/ لە مەرجدانانی تێپەربوونی ساڵدا کام لەمانە بەدەرە :

◯ کانزای ژێر زەوی
◯ ئەوەی لە زەوی دەردەچێت
◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٣/ نیصابی ئاڵتون :

◯ (٨٥) غەرامە ◯ (٥٩٥) غەرامە ◯ (٩٥) غەرامە

٤/ نیصابی زیو :

◯ (٢٠٠) دیرهەمە ◯ (٥٩٥) غرامە ◯ هەموو ئەوەی باسکرا

٥/ (بهیمة الانعام) وشتر و مانگا و گامێش و مەڕ دەگرێتەوە : (راستە – هەڵەیە)

٦/ میوەهات زەکاتی لەسەر نییە : (راستە – هەڵەیە)

٧/ (السائمة) بریتییە لە :

◯ ئەوەی نرخەکەی بەرز دەبێتەوە
◯ ئەوەیە کە ساڵەکە یان زیاتر دەلەوەرێت

٨/ ئەوەی لە لەوەڕی دەشت دەلەوەڕێت واتە :

◯ تەنها پاک دەخوات

◯ ئەوەیە کە خاوەنی نییە.

٩/ ئەگەر باسی (مساکین) بکرێت ئەوا (فقراء) یش دەگرێتەوە: (راستە – هەڵەیە)

١٠/ هێندە دەدرێتە هەژار بەشی چەندی بکات؟ :

◯ ساڵێک ◯ مانگێک

١١: ئەوانەی کار لەسەر زەکات دەکەن :

◯ هەموو ئەوانەی کاری تێدا دەکەن

◯ تەنها ئەوانەن دەسڵاتدار دایان دەنات

١٢/ ئەندازەی زەکاتی ئەمانە بنووسە :

ماڵەکە	ئەندازەی زەکاتەکە	(الوقص) ئەگەر هەبوو
١٠٠ دیرهەم		
٣٠٠ دینار		
٤٠٠ دیرهەم		
٨٠ غەرام ئاڵتون		
٥٠٠ غەرام زیو		
٣٠ مەڕ		
٦٠ مەڕ		
٥٦٥ مەڕ		

٤ وشتر		
١٧ وشتر		
٤٤٩ وشتر		
٣٠ مانگا		
٤٩ مانگا		
٧٧ مانگا		
٩٩ مانگا		
٢٠ ملیۆن ریال		
٤٠ ریال		
٤٥٦٧٩ ریال		
٢٥٥ صاع لە گەنم		

١٣/ المؤلفة قلوبهم : تەنانەت ئەو کافرانەش دەگرێتەوە هەرچەندە ئومێدی ئیسلام بوونی نەکرێت : (راستە – هەڵەیە)

١٤/ ئەگەر گەورەیەک کۆیلەکەی خۆی رزگار کرد ئەوا لە زەکاتەکەی دەردەکرێت : (راستە – هەڵەیە)

١٥/ دەوڵەمەندێک قەرزی لای هەژارێکە، لە قەرزەکەی خۆی خۆش بوو وە خستیە بەر زەکات، ئەو کارەی تەواوە : (راستە – هەڵەیە)

١٦/ (لە پێناوی خوادا) هەموو بەشەکانی خەیر دەگرێتەوە وەکو دروست کردنی مزگەوت : (راستە – هەڵەیە)

١٧/ زەکاتی دوو نەختینەکە بە دابەش کردنی بەسەر (چل) دا دەردەکرێت:
(راستە – هەڵەیە)

١٨/ زەکاتی واجیب لە مەڕومالآت (بهيمة الانعام)دایە، بەڵام واجیب نییە لەوەی کاری پێدەکرێت و لە دانیدا (راستە – هەڵەیە)

١٩/ زەکات واجیبە لە دانەوێڵەو بەروبوومدا ئەگەر گەیشتە نیصابی خۆی، ئەویش لە کاتی پێگەیشتنی دانەوێڵەو بەروبوومەکەدا : (راستە – هەڵەیە)

٢٠/ ئەوەی واجیبە لە زەکاتی دانەوێڵەو بەروبوومدا بیست یەکە، ئەوەی کە بە پارەی تێدەچێت بۆ ئاودانی : (راستە – هەڵەیە)

٢١/ زەکات واجیبە لە ئاڵتوندا ئەگەر گەیشتە نیصابی خۆی کە (٢٠) مسقاڵە : (راستە – هەڵەیە)

٢٢/ بازنەیەک بە دەوری ئەو شتەدا بدە کە زەکاتی تێدا واجیبە :

- ◯ مریشک
- ◯ جێگای بازرگانی
- ◯ مەڕی دانی
- ◯ وشتر لە لەوەڕی دەشت دەلەوەڕێت
- ◯ کێڵگەیەکی دارەخورما
- ◯ ٢٥ مسقاڵی ئاڵتون

٢٣/ (تبيع) لە مانگادا ئەوەیە کە تەمەنی دوو ساڵ بێت : (راستە – هەڵەیە)

٢٤/ نیصابی پارەی نەختینە بەراورد دەکرێت بە :

- ◯ شتومەکی بازرگانی
- ◯ بەهای نیصابی ئاڵتون یان زیو

٢٥/ ئەوەی واجیبە لە زەکاتی پارەی نەختینەدا :

◯ چل یەک ◯ بیست یەک

٢٦/ هەشتا غەرامی ئالّتون زەکاتەکەی دەکاتە :

◯ دوو غرام ◯ چوار غەرام ◯ زەکاتی تێدا نییە

٢٧/ ئەو خانوانەی ئامادە کراوە بۆ نیشتەجێ بوون زەکاتی واجیبە: (راستە – هەڵەیە)

٢٨/ هەرکەسێ سەفەری کرد ئەوا لە زەکات بەشی دەدرێت چونکە ڕێبوارە : (راستە – هەڵەیە)

سێیەم : رۆژوو

لە زمانەوانیدا : خۆگرتنەوە ، لە شەرعدا : پەرستنی خوای گەورە بە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە و هەموو رۆژووشکێنەرەکانی تر لە کاتی دەرکەوتنی فەجری راستەوە تاوەکو خۆرئاوابوون .

پایەکانی رۆژوو

١- نیـــەت

نیەتی فەرز

پێویستە هەر لە شەوەوە نیەتی هێنا بێت واتە پێش فەجر ، وە گریدانی نیەت بە چوونە ناو مانگەکەوە بەسە ، وە جێگاکەی دڵەو وتنی بە زمان بیدعەیە .

نیەتی سوننەت

دروستە لە هەر کاتێکی رۆژدا بە مەرجێ لە پێشەوەی هیچی نەخواردبێت ، بەڵام پاداشتەکەی لە کاتی نیەتەوە بۆ دەژمێردرێت.

٢- خۆگرتنەوە لەوەی رۆژوو دەشکێنێ

بەشەکانی رۆژوو

واجیب

لە رەمەزان و کەفارەت و نزرەکاندا دەبێت .

سوننەت

جگە لەوانە .

مەرجەکانی واجیب بوونی رۆژوو :

١- موسڵمان بوون

٢- عاقڵ بێت

٣- بالغبوون : بەڵام جگە لە کەسی (بالغ) ئەوا هانی دەدرێت بۆ رۆژوو وە خاوەنەکەی فەرمانی پێ دەکات .

٤- نیشتەجێبوون : کەواتە لەسەر کەسی موسافر واجیب نییە، وە باشتر وایە رۆژوو بگرێت بە مەرجێ پێی ناڕەحەت نەبێت، لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) رۆژووی گرتووە، هەروەها چونکە بەزوویی لەسەری دەچێت، وە سووک تر لە سەر کەسی (مکلف) وە لەبەر ئەوەی فەزڵی مانگەکەی دەست دەکەوێت .

٥- ساغ و سەلامەتی

٦- لە سۆڕی مانگانە و زەیسانیدا نەبێت

بەشەکانی نەخۆش لە رۆژووداً:

نەخۆشێک ئومێدی چاکبوونەوەی نییە:

هەروەها کەسی بەتەمەنیش دەگرێتەوە کە ناتوانێت بە رۆژوو بێت، بۆیە رۆژووی لەسەر نییە بەڵام لەجێی هەر رۆژێک نانی هەژارێک دەدات، یان بە ژمارەی رۆژەکان هەژار کۆ دەکاتەوە و نانی نیوەرۆ یان نانی ئێوارەیان دەداتێ، یان خواردنەکە دابەش دەکاتە سەر هەژاراندا بە ژمارەی رۆژەکان بۆ هەر هەژارێک چارەکە صاعێکی وەکو صاعەکەی پێغەمبەر(ﷺ) واتە : نیو کیلۆ و دە غەرام لە گەنمی باش، وە باشتر وایە پێخۆرێکی لە گەڵدا بدات وەکو گۆشت یان رۆن.

نەخۆشێک ئومێدی چاکبوونەوەی هەیە بەڵام نارەحەتە لەسەری بە رۆژوو بێت :

کەسێک لە سۆڕی مانگانەدا بێت و کەسی زەیسانی و شێردەر و موسافیریش دەگرێتەوە، ئەوا بە ژمارەی رۆژەکانی کە نەیگرتووە دەیگرێتەوە ئەگەر چاکەوە بوو، وە ئەگەر مرد پێش چاکبوونەوەی ئەوا لەسەری دەکەوێت .

بە چی شتێک هاتنی مانگی ڕەمەزان دەسەلمێت؟

یان بە بینینی مانگی یەک شەوەی ڕەمەزان، یان بە کۆتایی هاتنی سی ڕۆژەی مانگی شەعبان.

هەڵوەشێنەرەوەکانی ڕۆژوو :

١- خواردن و خواردنەوە بە قەصدی، بەڵام هەرکەسێ لە بیری چووەوە ئەوا ڕۆژووەکەی دروستە .

٢- جووت بوون لە گەڵ خێزاندا، جا ئەگەر لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا بوو وە ڕۆژووەکەش لەسەر واجیب بوو بێت ئەوا کەفارەیەکی قورسی لەسەرە، ئەویش ئازادکردنی کۆیلەیەکە وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا ڕۆژووی دوو مانگی لەسەر یەکی لەسەرە، وە ئەگەر نەیتوانی ئەوا خواردنی شەست هەژاری لەسەرە .

٣- دەرچوونی مەنی بە هۆی موباشەرە یان ماچکردنەوە بێت یان باوش لێدان یان لە نمونەی ئەوانە .

٤- ئەوەی لە جێی خواردن وخواردنەوە بێت بۆ نمونەی دەرزی موغەدی، بەڵام ئەوەی موغەدی نەبێت ئەوا ڕۆژووەکەی پوچەڵ نابێتەوە .

٥- دەرکردنی خوێن لە ڕێگای کەڵەشاخەوە، بەڵام دەرکردنی خوێنێکی کەم بۆ پشکنین ئەوا ڕۆژووەکەی پوچەڵ نابێتەوە.

٦- خۆرشانەوە بە قەصدی .

٧- دەرچوونی خوێنی سوڕی مانگانە یان زەیسانی .

هەندێ لەو شتانەی بۆ ڕۆژووان دروستە :

قوتدانی تفی دەمی خۆی، تام کردنی چێشت لەبەر پێویستی، خۆ شوشتن، سیواک کردن، خۆبۆن خۆشکردن، خۆ فێنک کردنەوە .

موستەحەبەکانی رۆژوو:

١- پارشێو کردن .
٢- دواخستنی پارشێو .
٣- پەلەکردن لە رۆژوو شکاندندا .
٤- رۆژوو شکاندن بەخورمای تەڕ(شل) ئەگەر نەبوو ئەوا بەخورمای وشک، وە تاک بێت، وە ئەگەر دەستی نەکەوت ئەوا بە چەند قومێکی ئاو، وە ئەگەر هەر هیچی دەست نەکەوت ئەوا بە نیەتی رۆژووەکەی دەشکێنێ .
٥- دوعاکردن لە کاتی بەربانگ کردندا و لە کاتی بە رۆژووبوونداً .
٦- زۆر ئەنجامدانی صەدەقە .
٧- تێکۆشان لە شەونوێژ کردندا .
٨- خوێندنەوەی قورئان .
٩- وتنی : (من بە رۆژووم) بە ئەو کەسەی جوێنی پێ دەدات .
١٠- ئەنجامدانی عومرە .
١١- ئیعتیکاف کردن لە دە رۆژەکەی کۆتاییدا .
١٢- گەڕان و چاودێری کردنی هاتنی (لیلة القدر).

مەکروهاتەکانی رۆژوو:

١- زیادەڕەوی کردن لە ئاوهەڵدانە دەمدا.
٢- تامکردنی چێشت بە بێ پێویستی .

ئەو شتانەی لە سەر رۆژووان حەرامە :

١- قوتدانی بەڵغەم و رۆژووکەی بەتاڵ ناکاتەوە .
٢- ماچکردن بۆ کەسێک کە دڵنیا نییە لە پوچەڵ بوونەوە رۆژووەکەی.
٣- وتنی قسەی درۆ (ئەویش بریتییە لە ئەنجامدانی هەموو قەدەغەکراوێک)
٤- جەهالەت (ئەویش نەفامی و نەبوونی میهرەبانی و هێمنییە)
٥- الوصال (واتە دوو رۆژ بە سەر یەکەوە بە رۆژوو بێت)

رۆژووی سوننەت :

١. رۆژوو گرتنی شەش رۆژ لە مانگی شەوال بۆ ئەو کەسانەی کە بە تەواوی رەمەزانیان گرتووە، وە باشتر وایە بە دوای یەکدا بێت و لە رۆژی دووەمەوە دەست پێ بکات .
٢. رۆژوو گرتنی رۆژی عەرەفە بۆ جگە لە حاجییان .
٣. رۆژووی رۆژی عاشورا، لە گەڵ هەردوو رۆژی نۆ و یازدەیەم.
٤. رۆژووی رۆژی دوو شەممە و پێنج شەممە، وە دوو شەممە زیاتر دووپات کراوەتەوە .
٥. رۆژووی سێ رۆژ لە هەموو مانگێکدا، وە باشتر وایە (ایام البیض) بێت واتە (١٣-١٤-١٥)ی مانگ .
٦. رۆژوو گرتنی رۆژێک و نەگرتنی رۆژێک .
٧. رۆژوو گرتنی مانگی (محرم).
٨. رۆژووی نۆ رۆژی یەکەمی (ذي الحجة).
٩. رۆژووی مانگی (شعبان) بەڵام بە تەواوی نەیگرێت .

ڕۆژووی مەکروهـ :

مەکروهە ڕۆژی هەینی وشەممە و یەک شەممە بە تەنها بگرێت، بەڵام ئەگەر بە تەنها گرتی لەبەر هۆیەک وەکو عەرەفە ئەوا ئاساییە .

ڕۆژووی حەرام :

١. ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەجەب بە تەنها .
٢. ڕۆژوو گرتنی هەردوو ڕۆژی جەژن .
٣. ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی گومان، بەڵام ئەگەر کەسێک ویردێکی هەبوو لە ڕۆژووەکەیدا ئەوا ئاساییە .
٤. ڕۆژوو گرتنی (أيام التشريق) ئیللا مەگەر کەسێک (هدي) نەبێت –ئەو ئاژەڵەی بە تایبەت هێناویەتی بۆ قوربانی– .
٥. ڕۆژووگرتنی ساڵەکە بە گشتی.

حوکمەکانی ڕۆژوو دانەوە :

١. موستەحەبە دانەوەی ڕۆژووەکان بە دوای یەکدا بێت .
٢. وە باشتر وایە لە دوای ڕۆژی جەژنەوە دەست پێ بکات .
٣. نابێت ڕۆژوو دانەوەکە دوابخات بۆ ڕەمەزانەکەی دواتر .
٤. جا ئەگەر دوای خست ئەوا هیچ شتێکی لەسەر نییە تەنها دانەوەی ئەو ڕۆژانە نەبێت بەڵام تاوانبار دەبێت .

سەرفتره :

واجیبە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە خۆری دوا ڕۆژی ڕەمەزانی بە سەردا ئاوابووبێت و کەسێکی موسڵمان بێت، جا ئەگەر گەورە بێت یان بچووک، نێر بێت یان مێ، ئازاد بێت یان کۆیلە، وە زیاتر لە صاعێکی خواردنی بۆ خۆی و منداڵەکانی و پێداویستیە بنەڕەتییەکانی هەبێت بۆ ڕۆژی جەژن و شەوەکەی، وە موستەحەبە بۆ کۆرپەلەش بدرێت .

وە حیکمەتیش لە دروست بوونی :

- پاککەرەوەیە بۆ کەسی ڕۆژووان لە قسەی پڕوپووچ و خراپە .
- بێ نیاز بوونی نەداران و هەژارانی تێدایە لە داواکردن لە خەڵکی لە ڕۆژی جەژندا .

کاتی دەرکردنی سەرفتره :

ئەو کاتەی کە دروستە :	ئەو کاتەی کە موستەحەبە :	ئەو کاتەی کە حەرامە :
پێش ڕۆژی جەژن بە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ	لە پاش فەجر و پێش نوێژی جەژن .	لە پاش نوێژی جەژن .

ئەندازەی سەرفترە :

صاعێک لە خواردنی ئەو شتەی کە مرۆڤەکان رۆژانە دەیخۆن، جا بە پارە دەرناچێت، وە ئەندازەی هەر صاعێک دوو کیلۆ و چل غەرامە لە گەنمێکی باش .

نوێژی جەژن :

نوێژی جەژن فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێک، لە پاش بەرزبوونەوەی خۆر بە ئەندازەی رمێک تاکو کاتی زەوال دەکرێت، وە بە قەزا نادرێتەوە ئەگەر کەسێک لەدەستی دەرچوو، وە سوننەتیش وایە کە لەو دەشتە بکرێت واتە لە دەرەوەی خانووەکان، وە دروستە لە مزگەوتیشدا بکرێت، وە چەند دانەیەک خورما لە پێش جەژن بخوات، وە خۆی پاک بکاتەوە و خۆی بۆن خۆش بکات و باشترین پۆشاکی لەبەر بکات، وە لە رێگایەکەوە بڕوات و لە رێگایەکی ترەوە بگەڕێتەوە، وە ئاساییە پیرۆز بایی بکات و بڵێت : (تقبَّل اللّه منا ومنكم) وە سوننەتە بە رەهایی (اللّه اكبر) بکرێت لە شەوی جەژندا و لە دوای نوێژەکان تاوەکو خۆرئاوابوونی رۆژی جەژن، وە شێوازەکەشی : (اللّه أكبر، اللّه أكبر، لا إله إلا اللّه و اللّه أكبر، اللّه أكبر، وللّه الحمد) وە شێوازی نوێژەکە دوو رکاتە پێش وتارەکە، وە لە رکاتی یەکەمدا لە پاش تەکبیرەی ئیحرامدا شەش (اللّه اكبر) دەکات، وە لە رکاتی دووەمدا و پێش خوێندنەوەکە پێنج (اللّه اكبر) بکات جگە لە (اللّه اكبر) هەستانەوەکە .

پرسیارەکانی رۆژوو :

١/ پایەکانی رۆژوو چەندە ؟ دوو سێ چوار

٢/ رۆژوو لەسەر کێ واجیبە ؟

أ- .....

ب- .....

ت- .....

ث- .....

٣/ هەموو نەخۆشییەک رێگرە لە رۆژووگرتن ؟ (راستە – هەڵەیە)

٤/ حوکمی ئەم کارانەی لای خوارەوە بنووسە :

مەسەلە	حوکمەکەی
لە پاش فەجر نیەتی رۆژووی هێنا	
رۆژوو بە بێ نیەت	
رۆژووی بچووک	
رۆژووی موسافیر	
رۆژووی زەیسانی	
رۆژووی بێ توانا	
نانی خوارد و بە رۆژوو بوو .	
دەرزی موغەدی بۆ کەسی بەرۆژوو	
قەترەی چاو	

دەرزی موسەکین	
کەڵەشاخ	
ڕشانەوە	
قوتدانی تف	
تامکردنی چێشت	
خەوتن	
خۆشوشتن	
خۆفێنک کردنەوە	
سیواک کردن	
بخور	
کاتی پارشێو	
بە چی پارشێو دەکات	
بە چی بەربانگ دەکات	بە.....ئەگەر نەبوو بە.....ئەگەر نەبوو بە.....
نوێژی تەراویح	
ئەنجامدانی عومرە لە ڕەمەزاندا	
زیادەڕەوی کردن لە ئاو هەڵدانە دەم لە کاتی بە ڕۆژوو بوونداا	
ماچکردن بۆ کەسێ بە ڕۆژوو بێت	
ویصالی دوو ڕۆژ بە دوای یەکدا	

رۆژووی شەش رۆژ لە مانگی شەوال	
رۆژووی رۆژی عەرەفە	
رۆژووی رۆژی گومان	
رۆژووی رۆژی جەژن	
رۆژووی رۆژەکانی تەشریق	
رۆژووی مانگی محرم	
رۆژووی مانگی (رجب)	
رۆژووگرتنی هەموو ساڵەکە	
رۆژووی رۆژی هەینی	
قەزای رەمەزانی دواخست بۆ رەمەزان	

چواردەم : حەج

حــەج پایەی پێنجەمــە لە پایەکانی ئیسـلام، ئەویــش واجیبە بە مەرجی موسـڵمان بوون و عاقڵ بوون و بالغبوون و ئازاد و توانا، وە مەرجێـک بـۆ ئافرەتان زیاتـرە کە ئەویش بوونــی مەحرەمێکە لــە گەڵیدا ئەگەر لە حەجەکەیدا پێویسـتی بە سـەفەر هەبوو، وە پایەکانی حەج چوار دانەن :

ئیحرام :
ئەویش بریتییە لە نیەت هێنان بە مەبەستی چوونە ناو نوسوکە کانەوە، ئەمەشە (تلبية) و لەبەرکردنی ئیزار و ریدا نییە.

وەستان لە عەرەفە :
لە زەوالی خۆری رۆژی نۆیەمی (ذي الحجة) هوە تاوەکو دەرکەوتنی فەجری رۆژی جەژن، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی : **(الحج عرفة)**

تەوافی (الافاضة) (تەوافی زیارەت):
ئەمەش لە پاش وەستان لە عەرەفە دەبێت، ئەمەش تەوافی هاتن (قدوم) نییە .

سەعی :
لە نێوان صەفا و مەروەدا، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ﴾ البقرة: ١٥٨ واتە : بەراستیی هاتووچۆی نێوان (سەفاو مەروە) لەدروشم و نیشانەکانی ئایینی خوای گەورەن)

جۆرەکانی نوسک (النسک)

تاک (الافراد) :

ئەمەش بریتییە لەوەی کەسی حاجی تەنها نیەتی حەج دەهێنێ وە کارەکانی حەج بە تەنها دەکات .

حەج و عومرە کردن بە یەکەوە (القِران) :

ئەمەش بریتییە لەوەی کەسی حاجی نیەتی حەج و عومرە پێکەوە دەهێنێ کردارەکانی بە تەنها دەکات و (هدي) لەسەرە .

التمتع :

ئەمەش بریتییە لەوەی کە نیەتی عومرە دەهێنێ لە مانگەکانی حەجدا و تەواوی دەکات و تەحەلول دەکات، ئەمجار هەر ئەو سالّە نیەتی حەج دەهێنێ و قوربانی (هدي) لەسەرە .

واجیباتەکانی حەج

هەرکەسێ یەکێک لەم واجیباتانە ئەنجام نەدات ئەوا پێویستە بە خوێن ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە، ئەویش بریتییە لە سەربڕینی مەڕێک لە حەرەم و دابەش کردنی بە سەر هەژارەکانی مەککەدا، وە نابێت خۆی لێی بخوات.

ئیحرام لە میقاتەوە .	راوەستان لە عەرەفە تاوەکو خۆر ئاوابوون بۆ ئەو کەسەی بەرۆژ دەوەستێت .
شەومانەوە لە موزدەلیفە .	شەومانەوە لە مینا لە شەوانی (ایام التشریق)دا
فڕێدانی جەمەرات .	سەرتاشین یان کورت کردنەوە .

تەواف کردنی (الوداع) بۆ هەمووان جگە لە ئافرەتێک لە سوڕی مانگانەدا بێت یان زەیسانی، بۆ ئەو کەسەی دەیەوێ شاری مەککە جێ بهێڵێ، هەرچەند لە پاش مانگەکانی حەج بێت .

میقاتەکانی حەج و عومرە:

میقاتی کاتی :

ئەویش بریتییە لە مانگەکانی حەج (شوّال و ذو القعدة و ذو الحجة) میقاتە کاتییەکان تایبەتن بە حەج، چونکە عومرە میقاتێکی کاتی دیاریکراوی نییە .

میقاتی شوێنی :

ذو الحليفة: بۆ مەدینە و ئەوانەی پێیدا تێدەپەڕن .

الجحفة: بۆ شام و میسر و مەغریب .

قرن المنازل: بۆ نەجد .

یلملم: بۆ یەمەن .

ذات عرق: بۆ عێراق .

موستەحەبەکانی حەج :

خۆشوشتن بۆ ئیحرام و خۆبۆن خۆش کردن .	لەبەرکردنی ئیزار و ریدائی سپی بۆ پیاوان .
نینۆک کردن و تەراش کردن ئەوەی پێویستە لابربێت پێش دامەزراندنی نیەتی ئیحرام .	تەلبیە کردن لە کاتی ئیحرام کردنەوە تاوەکو فرێدانی جەمەراتی عەقەبە (واتە / وتنی : لبیك اللهم لبیك . . .) .
تەوافی هاتن بۆ کەسی (مفرد) و (قارن)	(الرمل) لە سێ شەوتە یەکەمەکاندا لە تەوافی هاتن و تەوافی عومرەدا بۆ کەسی (المتمتع) وە (الرمل): بریتییە لە پەلەکردن لە رێکردندا .
(الاضطباع) لە تەوافی هاتن و تەوافی عومرە بۆ کەسی (متمتع) ئەویش بریتییە لە دەرخستنی شانی راست .	جەمع کردنی نوێژی مەغریب و عیشا لە موزدەلیفە بە جەمعی پێشخستن کاتێ دەگاتە ئەوێ .
مانەوە لە مینا لە شەوی عەرەفەدا .	ماچکردنی بەردە رەشەکە .

راوەستان لە موزدەلیفە لە (المشعر الحرام) لە فەجرەوە تاوەکو پێش خۆرهەڵاتن، وە موزدەلیفە هەمووی جێی راوەستانە (مەوقیفە).

قەدەغەکراوەکانی ئیحرام :

ئەویش نۆ دانەن : لادانی هەر مووێک لەسەر و جەستە، وە نینۆک کردن و داپۆشینی سەر بۆ پیاوان و لەبەرکردنی شتی دوراو بۆ پیاوان و لەبەر کردنی نیقاب و دەستکێش بۆ ئافرەتان و بۆن خۆشکردن(هەر لە نمونەی ئەوە صابون و معطر) و کوشتنی نێچیری دەشتی و راوکردنی، وە ژن مارە برین بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر، و جووت بوون و موباشەرە کردن بە بێ دامێن، جا هەر کەسێ یەکێ لەو قەدەغەکراوانەی ئەنجامدا لەبیری چوو یان نەیزانی یان ناچار بوو ئەوا هیچی لەسەر نییە، ئیللا کەسێک نێچیرێکی راوکردبێت ئەوا فدیەی لەسەرە بە رەهایی، بەڵام بە قەصدی ئەوا قەدەغەکراوەکان تیایدا دەبنە چوار بەشەوە :

ئەوەی فدیەی لەسەر نییە

ئەویش ژن مارەبرینە، جا ئەگەر بۆ خۆی بێت یان بۆ کەسێکی تر بێت، هەر بەو شێوەیە موباشەرە کردن بە بێ دامێن ئەگەر هیچ دانەبەزی ئەوا کەفارەتی لەسەرنییە و تەوبەی لەسەرە

ئەوەی فدیەکەی وەکو خۆیەتی

ئەویش کوشتنی نێچیری دەشتییە و راوکردنییەتی، جا هەر کەسێ کوشتی ئەوا فدیەی لەسەرە بە رەهایی، ئەویش: لەتۆڵەی ئەوەدا دەبێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە لە مەڕو بزن و وشترو گا کەفارەت بدات، دوو کەسی دادگەرێ زانا بڕیاری لەسەر بدەن و بڵێن: ئەمەبۆ بارتەقا و کەفارەتی نێچیرە کوژراوەکە دەشێ.

ئەوەی فدیەکەی قورسە

ئەویش جووت بوونە لە گەڵ خێزانیدا، بەڵام ئەگەر کەسێک پێش تەحولولی یەکەم جووت بێت ئەوا حەجەکەی پوچەڵ دەبێتەوە، وە بە فاسدی تێیدا تێدەپەڕێ، لەسەریەتی دووبارەی بکاتەوە، و وڵاخێکی لەسەرە

ئەوەی فدیەکەی فدیەیەکی ئازارە

ئەویش ئەو دوای قەدەغە کراوەکانە، وە فدیەکەشی بە هەڵبژاردنی خۆی دەبێت: یان سێ رۆژ بە رۆژوو دەبێت، وە یان خواردنی شەش هەژارە بۆ هەر هەژارێک نیو صاعە، یان سەربڕینی مەڕێکە بە سەر هەژارانی مەککەدا دابەش دەکرێت .

ناوی رۆژەکانی حەج :

رۆژی (التروية) ئەویش رۆژی هەشتەمە، لەو رۆژەدا ئاویان دەگواستەوە بۆ مینا .	رۆژی (عرفة) یان (الوقفة) ئەویش رۆژی نۆیەمە	رۆژی جەژن و رۆژی (النحر) ئەویش رۆژی دەیەمە	رۆژی (القرّ) ئەویش رۆژی یازدەیەمە	رۆژی (النفر الاول) ئەویش رۆژی دوازدەیەمە	رۆژی (النفر الثاني) ئەویش رۆژی سیازدەیەمە

وە شەوی (جمع) ئەویش شەوی جەژنە، بەو ناوەوە ناو نراوە لەبەر کۆبوونەوەی خەڵکی تیایدا لە پاش وەستان لە (عەرەفە)، وە چونکە ئەهلی مەککە لە سەردەمی نەفامیدا دەرنەدەچوون بۆ عەرەفە.

جێگاکانی پارانەوە لە حەجدا پێنج دانەن :

لە عەرەفە لە پاش زەوالی رۆژی نۆیەم تاوکو خۆر ئاوابوون	لە موزدەلیفە لە پاش فەجری رۆژی نۆیەمەوە تاوەکو بەیانی	لە پاش فریدانی جەمەراتی بچووک و ناوەڕاست لە رۆژانی تەشریقدا	لە تەوافدا	لە سەعیدا لەسەر صەفا و مەروە و نێوانیان .

شێوازی عومرە و حەج :
شەیخ (محمد بن صالح العثيمين) دەفەرموێت :

ئەگەر گەیشتنە میقات ئەوا خۆتان بشۆرن و بۆنی خۆش لە خۆتان و سەر و ریشتان بدەن، ئەمجار ئیحرامی عومرەی (التمتع) بکەن، ئەمجار بەرەو مەککە بکەونە رێ بە (تەلبیە)وە (واتە : وتنی: لبیک اللهم لبیک ....)، ئەگەر گەیشتنە (بیت الحرام) ئەوا حەوت جار بە دەوریدا بسوڕێنەوە بە نیەتی تەوافی عومرە، ئەوەش بزانن کە هەموو مزگەوتەکە جێگای تەوافە ئەوەی نزیکە لە کەعبەوە و ئەوەشی دوورە، بەڵام نزیکەکە باشترە ئەگەر ئازارت نەدەدرا لە بەر قەڵەبالغی، جا ئەگەر قەڵەبالغ بوو ئەوا لێی دووربکەوە، بابەتەکەش فراوانە سوپاس بۆ خوا، ئەگەر لە تەواف بوونەوە ئەوا دوو رکات نوێژ بکەن لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە یان لە نزیکیەوە ئەگەر بۆتان کرا، ئەگەر نا دووریش بێت دەبێت، گرنگ ئەوەیە مەقام بکەوێتە نێوان خۆت و کەعبە، ئەمجار بڕۆن بۆ سەعی عومرە و لە صەفاوە دەست پێ بکەن، جا ئەگەر حەوت جارەکەتان تەواو کرد، ئەوا لە هەموو قژتان کەم بکەنەوە، وە لە تەنها لایەک کەمکردنەوە نابێت، وە بە کردەوەی زۆرێک لە خەڵکی مەغرور مەبن.

جا ئەگەر رۆژی هەشتەمی مانگی (ذي الحجة) بوو ئەوا خۆتان بشۆرن و بۆنی خۆش لە خۆتان بدەن، ئیحرامی حەج بکەن لەو شوێنەی کە نیشتەجێ بوون، ئەمجار دەرچن بۆ مینا و نوێژی نیوەرۆ و عەسر و مەغریب و عیشا و بەیانی بە قەصر بکەن بە بێ جەمع، چونکە پێغەمبەرکەتان (ﷺ) لە مینا و لە مەککە قەصری دەکرد و جەمعی نەدەکرد، ئەگەر خۆری رۆژی عەرەفە

دەرکـەوت ئەوا بە خشـوعەوەو بە تەلبیـەوە بکەونە ڕێ بەرەو عەرەفـە، وە لەوێ نوێژی نیوەڕۆ و عەسـر بـە جەمعی تەقدیم نوێژەکانتـان بە دوو رکات بکەن، ئەمجار خۆتان یەکلا بکەنەوە بۆ پارانەوە و لاڵانەوە بۆ لای خوای گەورە، وە سوور بن بەردەوام بە دەسـتنوێژەوە بن، وە ڕوو بکەنـە قیبلە هەرچەندە چیاکەش لە پشـتانەوە بوو، چونکە ئەوەی دروسـتە ڕوو کردنە قیبلەیە، وە زۆر بە وردی ئاگاتان لە سنوری عەرەفە و نیشانەکانی بێت، چونکە زۆرێک لە حاجییەکان لە خواری ئەوەوە دەوەسـتن، وە هەرکەسـێ لە عەرەفە نەوەسـتێت ئەوا حەجەکـەی بۆ نییە، بە بەڵگەی ئـەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێت : (الحـج عرفة) وە هەموو عەرەفە جێی ڕاوەسـتانە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای، باکور و باشـوری، تەنها دۆڵی عەرەنە نەبێـت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیـەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە دەفەرموێت : (وقفتُ ها هنا، وعرفة کلها موقف)

جـا ئەگەر خۆر ئاوا بوو و دڵنیابوون لـە ئاوابوونی ئەوا بڕۆن بۆ موزدەلیفە بە تەلبیە و بە خشوعەوە، وە دەست بە ئارامی و لەسـەر خۆییەوە بگرن تا دەتوانن هەروەکو پێغەمبەرکەتان(ﷺ) بـەو کارە فەرمانی پێکـردوون، چونکە پێغەمبـەری خوا(ﷺ) لە کێـوی عەرەفەوە دابەزی ڕەشـمەی وشـترەکەی توند کردبوو بە شێوەیەک سەری وشترەکە دەیدا لە سینگی، ئەویش ئاماژەی بە دەستەکانی دەکرد و دەیفەرموو : (ئەی خەڵکینە دەست بە ئارامی و هێمنیەوە بگرن، دەست بە ئارامی و هێمنیەوە بگرن).

جـا ئەگەر گەیشـتنە موزدەلیفە ئـەوا نوێژی مەغریب و عیشـا بکـەن، ئەمجار ئەو شـەوە لـەوێ بمێننەوە تاوەکـو فەجر، وە پێغەمبـەری خوا(ﷺ) مۆڵەتی بە هیچ کەسـێک نەداوە بە کەوتنە

ڕێ لە موزدەلیفە لە پێش فەجر ئیللا کەسی لاواز نەبێت، چونکە ئەوان مۆڵەتی پێدان لە کۆتایی شەودا بکەونە ڕێ، ئەگەر نوێژی بەیانیتان کرد ئەوا بەرەو مەککە بکەونە ڕێ و تەکبیر و ستایشی خوا بکەن، وە لێی بپارێنەوە تاوەکو دونیا بە تەواوی ڕۆشنا دەبێتەوە، ئەمجار لە پێش دەرکەوتنی خۆر بەرەو مینا بکەونە ڕێ، ئەمجار حەوت بەرد لە گەڵ خۆتاندا هەڵگرن و بڕۆن بۆ جەمەرەی (العقبة) ئەویش کۆتاییەکەیانە کە لەملای مەککەوەیە، وە لە پاش دەرکەوتنی خۆر حەوت بەردەکە فرێی دەن – تێبگرن– لە گەڵ هەموو بەردێکدا (الله اكبر) بکەن و بە ملکەچی و بە مەزنییەوە بۆ خوای گەورە .

ئەوەش بزانن کەوا مەبەست لە تێگرتنی –فرێدانی– بەردەکان بە مەزن ڕاگرتنی خوای گەورەیە و جێبە جێ کردنی زیکرەکەیەتی، وە دەبێ بەردەکان بکەونە ناو حەوزەکەوە، مەرج نییە تەنها بدات لە ستوونەکە، ئەگەر لە فرێدانی – تێگرتنی– بەردەکان بوونەوە ئەوا قوربانییەکە سەر ببڕن، وە هیچ ئاژەڵێک نابێت بۆ (هدي) ئیللا ئەو ئاژەڵانە نەبێت کە بۆ قوربانی دەشێت، وە ئاساییە کەسێکی تر بکەیتە وەکیلی خۆت بۆ سەربڕینی ئاژەڵەکە، لە پاش ئاژەڵ سەربڕینەکە سەرتان تەراش بکەن، وە پێویستە هەموو سەر تەراش بکرێت، وە نابێت هەندێکی تەراش بکرێت و هەندێکی نەکرێت، وە ئافرەتان پرچەکانیان بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەک لە سەری پرچەکانیان کورت دەکەنەوە، لە پاش ئەوەی تەحەلولی یەکەمتان کرد، ئەوا جلوبەرگەکانتان لەبەر بکەن و نینۆکەکانتان بکەن، ئەمجار تەواف و سەعی حەج بکەن، ئەمجار بگەڕێنەوە بۆ مینا، وە بە تەواف و سەعی لە گەڵ فرێدانی – تێگرتنی – بەردەکە و تەراش کردنەکە ئەوا

تەحەلولی دووەمتان کردووە، ئیتر هەموو شتێکتان بۆ دروستە تەنانەت ئافرەتانیش .

ئەی خەڵکینە، حاجی لە رۆژی جەژندا چوار نوسک دەکات : فرێدانی –تێگرتنی– بەردەکان، ئەمجار ئاژەڵ سەربڕینەکە، ئەمجار سەرتەراش کردنەکە ئەمجار تەواف و سەعی، ئەمەش رێزبەندی تەواوە، بەڵام ئەگەر هەندێکیتان پێشی هەندێکی تر کرد، بۆ نمونە تەراشتان کرد لە پێش ئاژەڵ سەربڕینەکەوە ئەوا ئاساییە، وە ئەگەر تەواف و سەعییەکە دوا بخەن تاوەکو لە مینا دەگەڕێنەوە ئەوا ئاساییە، وە ئەگەر ئاژەڵ سەربڕینەکەتان دواخست و لە مەککە سەرتان بڕی لە رۆژی سیازدەیەم ئەوا ئاساییە، بە تایبەت ئەگەر پێویستی و بەرژەوەندی تێدا بوو .

وە شەوی یازدەیەم لە مینا بمێننەوە، ئەگەر زەوالی خۆر بوو ئەوا سێ جەمەراتەکە فرێ بدەن –رەجم کردنەکە– لە سەرەتاوە یەکەمەکە ئەمجار ناوەستەکەیان ئەمجار (العقبة)، هەر یەکەیان بە حەوت بەرد، لە گەڵ هەموو بەردێکدا (الله اكبر) بکەن، وە کاتی بەرد فرێدانەکە –رەجمکردنەکە– لە رۆژی جەژندا بۆ کەسێک توانای هەبێت لە دەرکەوتنی خۆرەوە دەبێت، وە بۆ کەسی لاواز لە کۆتایی شەوەوە دەست پێ دەکات و کۆتاییەکەی خۆر ئاوابوونە، وە کاتەکەی لە پاش جەژن لە زەوالەوە تاوەکو خۆر ئاوابوونە، وە لە پێش زەوال دروست نییە، وە دروستە بە شەو بەردەکان فرێ بدات –رەجم بکات–، ئەگەر خەڵکەکە زۆربوون لەو رۆژدا، وە هەرکەسێک نەیتوانی بەردەکان فرێ بدات –رەجم بکات– لە بەر بچووکی یان لەبەر گەورەیی یان لەبەر نەخۆشی ئەوا بۆی هەیە یەکێکی تر بکاتە وەکیلی خۆی، وە ئاساییە کەسی وەکیل بۆ خۆی و بۆ ئەو کەسەش بەردەکان فرێ بدات

که کردوەیەتیە وەکیلی خۆی لە یەک جێگادا، بەڵام سەرەتا بۆ خۆی –رەجم دەکات– بەردەکان فرێ دەدات، ئەگەر رۆژی دووەم بەردەکانتان فرێدا –رەجمتان کرد– ئەوا حەجەکە تەواو بووە، وە چیتر بە ئارەزووی خۆتانە ئەگەر بتانەوێ پەلە دەکەن و دادەبزن، وە ئەگەر بتانەوێت شەوی سیازدەیەمیش دەمێننەوە و لە پاش زەوال سێ جەمەراتەکە فرێ بدەن –رەجمەکە بکەن– ئەمەش باشترە، چونکە ئەوە کرداری پێغەمبەری خوایە(ﷺ) .

ئەگەر ویستتان لە مەککە دەرچن ئەوا تەوافی وەداع بکەن، وە ئافرەتێک لە سۆڕی مانگانەدا بێت یان زەیسانی ئەوا تەوافی وەداعیان لەسەر نییە، وە دروست نییە بۆیان بێن بۆ دەرگای مزگەوت و لەوێ بوەستن .

پرسیارەکانی حەج :

٥/ حەج لەسەر کێ واجیبە ؟

أ- .....

ب- .....

ت- .....

ث- .....

ج- وە بۆ ئافرەت ئەم مەرجەی زیاترە:.....

٦/ پایەکانی حەج چەندن ؟ ◯ دوو ◯ سێ ◯ چوار

٧/ ئیحرام روکنێکە لە روکنەکانی حەج ئەویش بریتییە لە لەبەرکردنی ئیزار و ریدا لە میقاتەوە . (راستە – هەڵەیە) .

٨/ تەوافی (الافاضة) تەوافی زیارە نییە چونکە یەکەمیان روکنە و دووەمیان سوننەتە . (راستە – هەڵەیە) .

٩/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) سێ حەجی کردووە . (راستە – هەڵەیە) .

١٠/ پێویستە بە زوویی حەج بکرێت . (راستە – هەڵەیە) .

١١/ خەڵکی شاری مەدینە لە (یلملم)ەوە ئیحرام دەکەن . (راستە – هەڵەیە) .

١٢/ میقاتی عومرەی کاتی بریتییە لە مانگی رەمەزان . (راستە – هەڵەیە) .

١٣/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە :
حەج و عومرە ..... لە تەمەندا ..... یەکجار، وە هەرکەسێ حەجی کرد و ..... نەکرد و ..... نەکرد ..... ئەوا لە تاوانەکانی دەردەچێت وەکو ئەو رۆژەی لە دایک بووبێت، وە حەجی (مەبرور) هیچ پاداشتێکی نییە ئیللا .....

١٤/ ئەهلی مەککە ئیحرامی حەج لە تەنعیمەوە دەکەن . (راستە – هەڵەیە) .

١٥/ ئافرەتان جلوبەرگی سپی لەبەر دەکەن بۆ ئیحرام . (راستە – هەڵەیە) .

١٦/ موستەحەبە بۆ ئەو کەسەی ئیحرام دەکات خۆی بۆن خۆش بکات بە..... وە خۆی بۆن خۆش نەکات بە.....

١٧/ دروست نییە بۆ ئافرەتان جلوبەرگی دوراو لەبەر بکەن . (راستە – هەڵەیە) .

١٨/ دورست نییە بۆ کەسی موحریم پشتوێن ببەستێت . (راستە – هەڵەیە) .

١٩/ ئافرەتی موحریمە ..... و ..... لەبەر ناکات .

٢٠/ سوننەتە (اضطباع) بکرێت لە :

◯ تەوافی عومەردا ◯ تەوافی هاتندا ◯ تەوافی زیارەتدا

◯ تەنها یەکەم و دووەم ◯ هەموو ئەوانەی باسکرا

٢١/ سوننەتە بە تۆندی سەعی بکات . (راستە – هەڵەیە) .

٢٢/ سەعی لە ..... دەست پێ دەکات و لە ..... کۆتایی پێ دێت .

٢٣/ کەسی حاجی عەرەفە جێ دەهێڵێ لە پێش مەغریب . (راستە – هەڵەیە) .

٢٤/ راوەستان لە عەرەفە واجبێکە لە واجیباتەکانی حەج . (راستە – هەڵەیە) .

٢٥/ کارەکانی حەج لە رۆژی ..... دەست پێ دەکات و بەردەوام دەبێت تاکو کۆتایی رۆژی .....

٢٦/ دروست نییە بچیتە سەر کێوی عەرەفە . (راستە – هەڵەیە) .

٢٧/ قوربانی (هدي) بۆ کەسی (متمتع) و کەسی (قارن) واجیبە و بۆ کەسی (مفرد) سوننەتە . (راستە – هەڵەیە) .

٢٨/ تەلبیە دەبڕێتەوە بە فرێدانی جەمەرەی عەقەبە لە رۆژی جەژندا. (راستە – هەڵەیە) .

٢٩/ ئەگەر کەسی حاجی بەردەکانی فڕێ دایە ناو حەوزەکەوە بە بێ ئەوەی بدات لە ستونەکە ئەوا فڕێدانەکەی دروستە . (راستە – هەڵەیە)

٣٠/ کەسی حاجی سێ جەمەراتەکە لە رۆژی دەیەمدا فرێ دەدات . (راستە – هەڵەیە) .

٣١/ فرێدانی بەردەکان لە رۆژانی تەشریقدا دەست پێ دەکات لە پاش زەوال . (راستە – هەڵەیە) .

٣٢/ دروستە لە پاش فڕێدانی بەردی عەقەبە دوعا بکرێت . (راستە – هەڵەیە) .

٣٣/ ئەگەر تەوافی (الافاضة) دوا بخات بۆ کاتی دەرچوونی لە مەککەو تەوافی وەداع جێی دەگرێتەوە، وە تەوافی (الافاضة) وەکو تەوافی عومرەیە تەنها ئەوە نەبێت .....و .....

٣٤/ کەسی (القارن و المفرد) پێویستە سەعی بکەن .....بەڵام کەسی (المتمتع) ئەوا سەعی دەکات .....

٣٥/ حوکمی هەر یەکە لەمانەی خوارەوە بنووسە :

مەسەلە	حوکمەکەی
حەجی منداڵی بچووک	
حەجی ئافرەت بە بێ بوونی مەحرەم	
حەجی کەسێ قەرزی لەسەر بێت	

وانەی پازدەیەم

خۆڕازاندنەوە بە ئاکارە شەرعییەکان بۆ هەموو موسڵمانێک

خۆڕازاندنەوە بە ئاکارە شەرعییەکان بۆ هەموو موسڵمانێک، لەوانە: ڕاستگۆیی و سپاردەپارێزی و داوێن پاکی (دەست و دەروون پاکی) و شەرم و بوێری (ئازایەتی) و سەخاوەت (بەخشندەیی) و وەفاداری و خۆپارێزی لە هەموو ئەوانەی خوای گەورە حەرامی کردووە، چاک بوون لە گەڵ دەرهاوسێدا، و یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی بە پێی توانا و جگە لەوانە لەو ئاکار و ڕەوشتانەی کە قورئان یان سوننەت دەلالەتیان بۆ شەرعییەتی کردووە .

چەند تێبینیەکی گرنگ :

(**ڕاستگۆیی**) : لە گەڵ خوای گەورەدا ڕاست بکات لە قسە و کردار و باوەڕەکەیدا، وە لە گەڵ بەندەکانی خوادا ڕاست بکات، وە دژەکەشی (درۆ)یە .

(**سپاردەپارێزی**) : ئەمەش فەرزێکی زۆر مەزنە کە مرۆڤ هەستاوە بە هەڵگرتنی، دژەکەشی (خیانەت)ە .

(**داوێن پاکی(دەست و دەروون پاکی**) : ئەویش بریتییە لە خۆگرتنەوە لە حەرام کراوەکان .

(**شەرم**) : بریتییە لەو ڕەوشتەی کەوا لە خاوەنەکەی دەکات هەستێت بە ئەنجامدانی کاری چاک و دوورکەوێتەوە لە خراپە .

(**چاکبوون لە گەڵ هاوسێدا**) : چاوداپۆشین و تەماشانەکردنی عەورەتەکانی دەرهاوسێ لە خۆ دەگرێت .

(**یارمەتیدانی خاوەن پێداویستی**) : پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)

وانەی شازدەیەم

دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە

دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە، لەوانە: سەلامکردن، رووخۆشی، خواردن و خواردنەوە بە دەستی راست، وە (بسم الله) کردن لە سەرەتاوەو سوپاسگوزاری خوای گەورە لە کاتی تەواوبونیدا (واتە: وتنی: الحمد لله)، وە (الحمد لله) کردن لە پاش پژمین، وە ولامدانەوەی ئەو کەسەی (الحمد لله) دەکات لە پاش پژمین (واتە: پێی بگوترێت: يرحمك الله)، وە سەردانی نەخۆش، وە شوێنکەوتنی جەنازە بە مەبەستی نوێژکرن و بە خاک سپاردنی، وە ئادابە شەرعییەکان لە کاتی چوونە ژووورەوە بۆ مزگەوت یان بۆ ماڵ و دەرچوون لێیان، وە لە کاتی سەفەردا، وە لە گەڵ دایک و باوک و خزمان و هاوسێ و گەورە و بچووکدا، وە پیرۆز بایی کردن بە هۆی لە دایکبوونی منداڵی بچووکەوە و دوعای بەرەکەت بۆ ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات، وە سەرەخۆشی کردن لە کاتی موصیبەتدا و جگە لەوانە لە ئادابە ئیسلامییەکان لە کاتی لەبەرکردن و داکەندنی پۆشاک و پیلاو لە پێکردندا .

چەند تێبینییەکی گرنگ:

مەبەست لە (سەلامکردن) واتە: سڵاوکردن لە خەڵکی وە شێوازە تەواوەکەشی: (السلام عليكم ورحمة الله وبركاته)سڵاو دەکەیت لەوەی دەیناسیت و لەوەی ناینناسیت و وەڵامی ئەو کەسانە دەدەیتەوە کە سەلامت لێ دەکەن .

مەبەست لە: (خواردن و خواردنەوە بە دەستی راست): واجیبە، بە سێ پەنجە دەخوات و پێدان و وەرگرتن بە دەستی راست موستەحەبە.

مەبەست لە : (ناوهێنانی خوا لە کاتی دەستپێکردنی نان خواردندا)
واتە وتنی : (بسم الله)
مەبەست لە : (سوپاسگوزاری لە کاتی تەواوکردنیدا) بەو زیکرانەی هاتوون، وەکو : (الحمد لله الذي أطعمني هذا و رزقنيه من غير حول مني ولا قوةٍ)[1] واتە : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئەم خواردنەی دامێ و رزق و رۆزی دام بە بێ هێزو توانای خۆم).
وە لە پێش خۆیەوە بخوات و خواردنەکە عەیبدار نەکات ئەوا کارێکی شەرعییە .
مەبەست لە : (وە حەمد و سەنای خوا کردن لە پاش پژمین) واتە وتنی : (الحمد لله)
مەبەست لە : (وە ولامدانەوەی ئەو کەسەی (الحمد لله) دەکات لە پاش پژمین) واتە وتنی : (يرحمك الله) ئەمجار ئەو کەسەی دەپژمێت دەڵێت : (يهديكم الله ويصلح بالكم) .
مەبەست لە : (وە سەردانی نەخۆش) واتە : سەردانی دەکات و سەردانەکەش دووبارە دەکاتەوە لە کاتی گونجاودا، وە زۆر لای نامێنێتەوە و بێ ئومێدی ناکات لە رەحمەتی خوا .
مەبەست لە : (وە شوێنکەوتنی جەنازە بە مەبەستی نوێژکرن و بە خاک سپاردنی) بۆ پیاوان نەک بۆ ئافرەتان .
مەبەست لە : (وە ئادابە شەرعییەکان لە کاتی چوونە ژووورەوە بۆ مزگەوت یان بۆ ماڵ و دەرچوون لێیان) :
لە کاتی چوونە مزگەوت پێی راستی پێش دەخات و دەڵێت : (بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله , اللهم افتح لي أبواب رحمتك .)[2]
واتە: بە ناوی خوای گەورە، صەڵات و سەلام لە سەر پێغەمبەری

١) حديث صحيح : صحيح الترمذي (٢٧٥١) للألباني .
٢) (صحيح ابن ماجة : ٦٣٢) ، (تمام المنة : ٢٩٠) ، (تراجع العلامة : ٥١٠) .

خـوا(ﷺ)، ئەی خوایـە . دەرگاکانی ڕەحمەتـی خۆتم لێ بکەرەوە) وە لـە کاتـی دەرچوونداو پێی چەپی پێش دەخات و دەڵێت : (بسـم الله والصلاة والسـلام على رسول الله (ﷺ)، اللهم إني أسألك من فضلك)[1] واتە: بە ناوی خوای گەورە، صەڵات و سـەلام لە سەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئەی خوایە . من داوای فەزڵ و ڕەحمەتی تۆ دەکەم) .

بەڵام بە نیسـبەت ماڵەوە پێی ڕاسـتی پێش دەخات لە دەرچوون و چوونە ژوورەوەدا و لە کاتی دەرچوونداو دەڵێت : (بسم الله , توكلت على الله ، ولا حول ولا قوة إلا بالله , اللهم إني اعوذ بك أن أضِل أو أُضَل، أو أزِل أو أُزَل ، أو أظلِم أو أُظـلَم ، أو أجهَل أو يُجهل عليَّ) واتە: بە ناوی خواَ . پشـت و پەنام بە خوای گەورە بەست . هیچ هێزو توانایەک نییـە تەنها بە خوای گەورە نەبێت، ئـەی خودایە . من پەنات پێ دەگـرم لەوەی کە خەڵک گومڕا بکـەم یان گومڕا بکرێم . یان هەڵە بـە خەڵکی بکـەم و یان هەڵەم لە گەڵ بکرێ . یان سـتەم بکەم لە خەڵکی یان سـتەمم لێ بکرێت ..یـان نەفامی بکەم یان نەفامیم لە گەڵ بکرێت) .

وە لە کاتی چوونە ژوورەوەدا دەڵێت : (اللهم إني أسألك خير المَولج وخير المَخرَج , بسم الله ولجنا وبسم الله خرجنا , وعلى الله ربنا توكلنَا) ئەمجار سەلام دەکات لە خێزانەکەی .

مەبەست لە : **(وە دوعای بەرەکەت کردن بۆ ئەو کەسەی هاوسەرگیری دەکات)** واتە بڵێت : (بارك الله لكما , وبارك عليكما , وجمع بينكما في خير) واتە : خوا بەرەکەت بخاتە هاوسەر گیرییەکەتانەوەو بەرەکەت برژێنێت بە سەرتانداو لەسەر خەیرو چاکە کۆتان بکاتەوە) .

مەبەست لە : **(وە سەرەخۆشی کردن لە کاتی موصیبەتدا)** ئەویش لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەبێت و لەوە زیاتر نایکات.

١) (صحيح ابن ماجه : ٦٣٢) ، (تمام المنة : ٢٩٠) ، (تراجع العلامة : ٥١٠)

وانەی حەڤدەیەم

وریاکردنەوە لە شیرک و جۆرەکانی سەرپێچی:

وریابوون و وریاکردنەوە لە شیرک و جۆرەکانی سەرپێچی :
لەوانە : حەوت تاوانە بەرەکە، کە ئەوانیش : شیرک بریاردانە بۆ خوای گەورە و جادوو (سیحر) و کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت، وخواردنی سوو (ریبا) و خواردنی مالّی هەتیو و هەلّاتن لە رۆژی رووبەرووبونەوەدا (پێشرەویدا) و بوختانی زینا کردن بۆ ئەو ئافرەتە ئیماندار و داوێنپاک و بێ ئاگایانە .
وە هەر لەوانە : رەنجاندنی دایک و باوک و بڕینی پەیوەندی خزمایەتی و شایەتیدانی بە درۆ و سوێندی درۆ و ئازاردانی دەرهاوسێ و ستەمکردن لە خەڵکی لە بابەتی خوێن وسامان و ناموسدا، وە خواردنەوەی بێهۆشکەرەکان و یاری کردنی قومار و غەیبەت کردن و دووزوانی وجگە لەوانەی کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە یان پێغەمبەرەکەی(ﷺ).

چەند تێبینییەکی گرنگ :

مەبەست لە : (شیرک بریاردان بۆ خوای گەورە) هەموو شیرکێک دەگرێتەوە، گەورە و بچووک .
مەبەست لە : (جادوو –سیحر–) هەر لەوانە سۆزداری و جیاکردنەوە، جا هەرکەسێ بیکات یان پێی رازی بێت ئەوا کوفری کردووە، وە چوون بۆ لایان حەرامە یان چوونە ژوورەوەی پەیجەکانیان یان تەماشاکردنی کەناڵەکانی جادوو و خوێندنەوەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە بورجەکانی تێدایە، وە جادوو بە جادوو پوچەڵ ناکرێتەوە، بەڵکو بە روقیەی شەرعی و دوعا و دەرمانی دروست پووچەڵ دەکرێتەوە وەکو کەڵەشاخ .

مەبەست لە : (کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوای گەورە حەرامی کردووە) جا ئەگەر هاتوو کەسەکە موسڵمان بێت یان موعاهید یان زمی یان موستەئمین بێت .

مەبەست لە : (ئیللا بە حەقی خۆی نەبێت) ئەوانیش سێ کەسن: (النفس بالنفس , والثيب الزاني , والتارك لدينه المفارق للجماعة)[1] واتە : نەفس بەرانبەر بە نەفس و ئەو پیاوەی (یان ئەو ژنەی) هاوسەرگیری کردوەو زینا دەکات و ئەو کەسەی واز لە دینەکەی خۆی دەهێنێت و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا دەبێتەوە) .

مەبەست لە : (هەتیو) ئەو کەسەیە کە باوکی مردووە و هێشتا تەمەنی نەگەیشتوەتە تەمەنی بالغبوون .

مەبەست لە : (هەڵاتن لە رۆژی رووبەرووبونەوەدا – پێشرەویدا–) مەبەستی ئەو لەشکرانەیە کە لە پێناوی خوادا دەجەنگن .

مەبەست لە : (بوختانی زیناکردن بۆ ئەو ئافرەتە ئیماندار و داوێنپاک و بێ ئاگایانە) واتە ئازادەکان وە مەبەستی هاوسەردارەکان (متزوجات) نییە .

مەبەست لە : (سوێندی درۆ) هەروەها سوێند خواردن بە جگە لە خوای گەورە وەکو سوێند خواردن بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) یان بە شەرەف یان بە ژیانی کەسێک یان ویژدان یان گۆڕی کەسێک یان بە تەمەنی پیری (ریشی سپێتی) .

مەبەست لە : (یاری کردنی قومار) بریتییە لە هەموو مامەڵەیەک کە لە نێوان قازانج و زەرەردا دەسورێتەوە وەکو (یانصیب) .

مەبەست لە : (غەیبەت کردن) پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێناسەی کردووە و فەرموویەتی : (ذكرك أخاك بما يكره) واتە : باسکردنی براکەت بەوەی پێی ناخۆشە) .

مەبەست لە : (دووزوانی) بریتییە لە گواستنەوەی قسە لە نێوان خەڵکیدا .

---

١) رواه البخاري (٦٤٨٤) ومسلم (١٦٧٦) .

حوکمی کێبڕکێ و پێشبڕکێ :

دروستە بە قەرەبوو و جگە لەوە :	بە هەموو شێوەیەک حەرامە :	دروستە بە بێ قەرەبوو وە دروست نییە بە قەرەبووەوە :
وەکو کێبڕکێی ئەسپ سواری و وشتر و تیرهاویشتن، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : (لا سبق إلا في خفٍّ أو حافر أو نصلٍ)	زار و شەترەنج و نمونەی ئەوانە .	هەموو ئەو کێبڕکیانە دەگرێتەوە جگە لەوەی باسکرا.

وانەی هەژدەیەم

ئامادەکردنی جەنازە و نوێژکردن لەسەری و ناشتنی :

یەکەم : شەرعمان وا داوادەکات کەوا ئەو کەسەی دەکەوێتە گیانەڵاوە بـە (لا اله الا الله) تەلقین بکرێت، بە بەڵگـەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەفەرموێت : (لقنـوا موتاكم : لا الـه الا الله)[1]. واتـە : تەلقینـی مردووەکانتان بکەن بە (لا اله الا الله)) مەبەسـت لە (مردووەکانتان) ئەوانەی وان لەسەرەمەرگدا، ئەوانش ئەو کەسانەن کە نیشانەکانی مردنیان لێ دەرکەوتووە .

دووەم : ئەگـەر دڵنیا بوو لە مردنی ئەوا چاوەکانی لە یەک دەنرێت و هـەردوو چەناکـەی دەنرێنـە یـەک، لەبـەر بوونـی سـونەت لەوبارەیەوە.

سێیەم : پێویستە مردووی موسڵمان بشۆردرێت، ئیللا مەگەر کەسەکە شـەهید بێت و لـە جەنگدا مردبێت، جا ئەوە ناشـۆردرێت و نوێژ لەسـەری ناکرێت، بەڵکـو بە جلوبەرگەکەی خۆیـەوە دەنێژرێت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) شـەهیدانی ئوحودی نەشـۆرد و نوێژی لەسەر نەکردن .

چـوارەم : چۆنیەتـی شوشـتنی مـردوو : لـە پێشـان عەورەتـی دادەپۆشـرێت، ئەمجار کەمێک بەرز دەکرێتەوە و سکی دەگوشرێت بە لەسـەر خۆیی، ئەمجار کەسـی مردووشۆر پارچەیەکی پەڕۆ لە دەسـتی دەئاڵێنێ یان لە نمونەی ئـەوەو پاکی دەکاتەوە، ئەمجار دەسـتنوێژیکی بۆ دەگرێت وەکو دەستنوێژی نوێژ، ئەمجار سەر و ریشـی دەشۆرێت بە ئاو و سـیدر و یان هاوشێوەی ئەوە، ئەمجار لای راستی دەشۆرێت، ئەمجار لای چەپی، دیسان بۆ جاری دووەم و سێیەم دەیشۆرێت، هەموو جارێک دەستی دەهێنی بەسەر سکیدا،

---

١) (صحيح الموارد : ٧١٩)

ئەگـەر شـتێکی لێوە دەرچوو ئـەوا دەیشـۆرێت، وە جێگەکەی بە لۆکە یان نمونەی ئەوە دەبەسـتێ، جا ئەگەر نەوەسـتاوە ئەوا بە قوڕی پاک و خاوێن دەیبەسـتێ، یان بە هەر هۆکارێکی پزیشـکی سـەردەم،وەکو لەزگە و نمونەی ئەوە، وە دیسان دەستنوێژەکەی بۆ دووبارە دەکاتەوە، وە ئەگەر بە سـێ جار پاک نەبووەوە ئەوا زیادی دەکات بۆ پێنج جار، یان بۆ حەوت، ئەمجار بە پۆشـاکێک وشـکی دەکاتـەوە، ئەمجار بۆنی خـۆش دەکاتـە بنباخەڵی و بن رانەکانـی، وە جیگـەی سـوژدەکەی، وە ئەگەر هەموو جەسـتەی بـۆن خۆش بکات باشـترە، ئەمجار بە بخـور کفنەکەی بۆنخۆش دەکات، وە ئەگەر سـمێڵی یان نینۆکەکانی درێژ بوون ئەوا کورتی دەکاتەوە، وە ئەگەر بەو شـێوەش جێی بهێڵێ ئەوا ئاسـاییە، وە قژی داناهێنێ، وە بەری ناتاشێـت، وە خەتەنەی ناکات، چونکە هیـچ بەڵگەیەک لـەو بارەیەوە نەهاتـووە، وە ئافرەت پرچەکەی دەکرێتە سێ پەلک و شۆر دەکرێتەوە بە پشتی سەریدا .

پێنجـەم : کفـن کردنی مردوو : باشـتر وایە پیاو بە سـێ پۆشـاکی سـپی کفن بکرێت کـراس و عەمامەی (میزەری) نەبێـت، هەروەکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەو شـێوەیە کفـن کرا، دەخرێتە ناویەوە، وە ئەگـەر بە کراسـێک و ئیزارێک و لیفافە (پێچ) یکـدا کفن کرا ئەوا ئاساییە .

وە ئافرەتان لە پێنج پۆشاکدا کفن دەکرێت، کراسێک وخیمارێک و ئیزارێک و دوو لیفافە (دوو پێچ).

وە منداڵان لە یەک تا سێ پۆشاکدا کفن دەکرێن، وە منداڵی بچووک لە یەک قەمیص و دوو لیفافەدا (پێچدا) کفن دەکرێن .

وە ئەوەی پێویستە (واجیبە) لە حەقی هەمووادا بکرێت تەنها یەک پۆشاکە هەموو جەستەی مردووەکە داپۆشێت.

بـەڵام ئەگـەر مردووەکـە لـە ئیحرامدا بوو ئـەوا بەئاو و سـیدر دەشۆردرێت،وە لە ئیزار و ریدائێکدا کفن دەکرێت یان جگە لەوانە،

وە سـەر و دەموچاوی داناپۆشرێت، وە بۆنخۆش ناکرێت، چونکە ئەو بە تەلبیەوە لە رۆژی قیامەتدا زیندوو دەکرێتەوە (واتە : زیندوو دەکرێـتەوە لە کاتێکدا دەڵێت : لبيك اللهم لبيك . . .)، هەروەکو لە فەرموودەیەکی (صحیح)دا لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە .

وە ئەگـەر ئافرەتێک لە ئیحرامدا بوو ئەوە هـەر وەکو ئافرەتانی تر کفن دەکرێت بەڵام بۆنخۆشی لێ نادرێت و دەموچاوی بە نیقاب داناپۆشرێت و بە دەستکێش دەستەکانی داناپۆشرێت، بەڵام دەست و دەموچاوی بەو کفنەی کفنی پێکراوە دادەپۆشـرێت، هەروەکو لە پێشدا لە باسی کفنی ئافرەتاندا باسمان کرد .

شەشـەم : شایسـتەترین کەس شایستە بێت بە شۆردنی و نوێژکردن لەسـەری و بە خاکسـپاردنی ئەو کەسـەیە کە خۆی وەسـێتی بۆ کـردووە، ئەمجار باوکـی، ئەمجار باپیری، ئەمجـار نزیکترین و نزیکترین لە (عەصەبات) لە حەقی پیاواندا .

وە بـۆ شـۆردنی ئافرەتان لە پێشـترین کەس ئەو کەسـەیە خۆی وەسێتی بۆ کردووە، ئەمجار دایکی ئەمجار داپیری ئەمجار نزیکترین و نزیکترین لە ئافرەتان .

وە ژن و مێرد بۆیان هەیە یەکتر بشۆرن، چونکە (ابو بكر الصديق) خێزانەکـەی خۆی شوشـت و عەلی کـوڕی ئەبو تالیـب فاتیمەی خێزانی شوشت .

حەوتـەم : شـێوازی نوێژکـردن لەسـەر مـردوو : چوار (اللـه أكبر) دەکات، وە لە پاش یەکەم سورەتی (الفاتحة) دەخوێنێ، وە ئەگەر سورەتێکی تری بچووک یان ئایەتێک یان دوو ئایەتی خوێند ئەوا شتێکی باشە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە لە (ئیبن عەببـاس) ەوە هاتـووە، ئەمجـار (اللـه اكبـر)ی دووەم دەکات وە صەڵاوات دەدات لەسـەر پێغەمبـەری خوا(ﷺ) هەروەکو ئـەوەی لە تەحیاتدا هاتووە، ئەمجار (الله أكبر)ی سـێیەم دەکات و دەڵێت : (اللهم اغفر لحينا وميتنا، وشـاهدنا وغائبنا ، وصغيرنا وكبيرنـا ، وذكرنا وأنثانا ، اللهم

من أحييته منا فأحيه على الاسلام ، ومن توفيته منا فتوفه على الايمان ، اللهم اغفر له وارحمه ، وعافه واعف عنه ، وأكرم نزله ، ووسـع مدخله ، واغسـله بالمـاء والثلج والبرد ، ونقه من الخطايا كما ينقي الثوب الابيض من الدنس , وأبدله دارا خيرا من داره ، وأهـلا خيرا من أهله ، وأدخله الجنة ، وأعذه من عذاب القبر ، و عذاب النار ، وافسح له في قبره ، ونور له فيه , اللهم لا تحرمنا أجره ، ولا تضلنا بعده)

ئەمجار (الله أكبر)ی چوارەم دەکات و بە یەک سەلام بە لای راستدا سەلام دەداتەوە.

وە موستەحەبە هەردوو دەستەکانی بەرزکاتەوە لە هەر (الله أكبر) یێکدا .

وە ئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو ئەوا دەگوترێت : (اللهم أغفر لها ....الخ).

وە ئەگەر دوو جەنازە بوون ئەوا دەگوترێت : (اللهم أغفر لهما .... الخ).

وە ئەگـەر جەنازەکان لـەوە زیاتر بوون ئـەوا دەگوترێت : (اللهم أغفر لهم .... الخ).

بـەڵام ئەگـەر مردووەکە منـداڵ بوو ئەوا لە جێـی دوعا کردن بۆی بە لێخۆشـبوون ئەم دوعایە دەخوێندرێت : (اللهم اجعله فرطاً وذخراً لوالديه ، وشفيعاً مجاباً . اللهم ثقل به موازينهما وأعظم به أجورهما ، وألحقهُ بصالح سـلف المؤمنين ، واجعلهُ في كفالة إبراهيم (عليه الصلاة والسلام) ، وقه برحمتك عذاب الجحيم).

وە سـوننەت وایە کـە ئیمام بەرانبەر بەسـەری پیاو بوەسـتێت ، وە بەرانبـەر بـە ناوەراسـتی ئافرەت بوەسـتێت ، وە ئەگەر چەند جەنازەیەک بوون ئەوا سـوننەتە کە پیاوان لە لای ئیمامەوە بن و ئافرەتـان لای قیبلەوە بن وە ئەگەر منداڵـی کوڕیان لە گەڵدا بوو ئەوا لە نێوانیان دەبن (واتە : پیاوان ئەمجار منداڵانی کوڕ ئەمجار ئافرەتـان ئەمجار منداڵی کچان) وە دەبێ سـەری منداڵە کوڕەکان بەرانبەر بە سـەری پیـاوان بێت و ناوەڕاسـتی ئافرەتان بەرانبەر

بە سـەری پیاوان بێت و سـەری منداڵە کچەکان بەرانبەر بە سەری ئافرەتـان بێت و ناوەراسـتی منداڵە کچەکان بەرانبەر بە سـەری پیاوان بێت، وە نوێژخوێنان هەموویان لە پشـتی ئیمامەوە دەبن، ئیللا مەگەر نوێژخوێنەکە تەنها یەک کەس بێت ئەوا لە پشتییەوە ناوەستێ بەڵکو لە لای راستیەوە دەوەستێت .

هەشتەم : شـێوازی ناشـتنی مردوو : ئـەوەی لە شـەرعدا هاتووە گۆڕەکـەی قوواڵ بکرێـت تاوەکو ناوەراسـتی (ناوقـەدی) پیاوان، وە لەحدێکـی هەبێت بە رووی قیبلـەوە، وە مردووەکە بخرێتە ناو لەحدەکەوە لەسەر لای راستی، وە گرێیەکانی کفنەکە دەکرێنەوە، وە دەرناهێنرێت بەڵکو وازی لێ دەهێنرێت، وە دەموچاوی ئاشکرا ناکرێـت ئەگەر هاتـوو مردووەکە ژن بێت یان پیـاو بێت، ئەمجار خشـتەکانی ڕێک دەخرێت بە سـەردا، ئەمجار بە قوڕ کەلێنەکانی دەگیرێـت بۆ ئەوەی توند بێـت و لە خۆڵیش بیپارێزی، وە ئەگەر خشـت نەبوو ئەوا بە شـتی تـر وەکو لەوحێک یان بـەرد یان دار دادەپۆشـرێت بۆ ئەوەی لـە خۆڵەکە بیپارێـزێ، ئەمجار خۆڵ بە سـەریدا دەکرێت، وە موسـتەحەببە لەو کاتەدا بگوترێت : (بسـم الله و علـى ملة رسـول الله) واتە : بە نـاوی خواو لە سـەر میللەتی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ).) وە بـە ئەنـدازەی بسـتێک قەبرەکە بەرز دەکرێتەوە، وە چەند بەردێکی بچوکی دەخرێتە سـەر ئەگەر هەبوو ئەمجار ئاوپەرژێن دەکرێت .

وە دروسـتە بۆ ئەوانەی هاتوون لە سەر قەبرەکە ڕاوەستن و دوعا بۆ مردووەکە بکەن، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر لە ناشـتنی مـردوو بوایەتەوە لەسـەری ڕادەوەسـتاو دەیفەرموو : (اسـتغفروا لاخيكم وسألوا له التثبيت فانه الآن يُسأل) [1]. واتە : داوای لێخۆشبوون بـۆ براکەتان بکەن و داوای دامەزراوی بۆ بکەن چونکە ئێسـتا ئەو پرسیاری لێ دەکرێـت) .

١) حديث صحيح : صحيح أبي داود للألباني برقم (٢٧٥٨)

نۆیەم : دروستە بۆ ئەو کەسانەی کە نوێژیان لەسەر نەکردووە نوێژی لەسەر بکەن لە پاش ناشتنی، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو کارەی کردووە، ئەوەش لە ماوەی مانگێکدا بێت یان کەمتر، وە ئەگەر ماوەکە لەوە زیاتر بوو ئەوا دروست نییە نوێژ لەسەر قەبرەکە بکرێت، چونکە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نەهاتووە لە پاش مانگێک لە ناشتنی مردوو نوێژی کردبێت .

دەیەم : دروست نییە کەسوکاری مردووەکە نان بۆ خەڵکی دروست بکەن، بە بەڵگەی ئەو ریوایەتەی لە (جرير بن عبدالله البجلي)یەوە هاتووە کە هاوەڵێکی بەرێزە و دەفەرموێت : (كنا نعد الاجتماع الى أهل الميت وصنعة الطعام بعد الدفن من النياحة)واتە : ئێمە کۆبوونەوەی خەڵکی لە لای کەسوکاری مردوو و دروستکردنی خواردن لە پاش ناشتنی بە شێوەنمان دەژمارد) بەڵام دروستکردنی خواردن بۆیان و بۆ میوانەکانیان ئەوا دروستە، وە دروستە بۆ کەسوکار و هاوسێکانیان خواردنیان بۆ ئامادە بکەن، چونکە کاتێ هەواڵی مردنی (جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب) لە شامەوە گەیشتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی کردە کەسوکارەکەی خۆی کە خواردن بۆ ماڵی جەعفەر دروست بکەن، وە فەرمووی : (إنهم أتاهم مايشغلهم) واتە : ئەوان هەواڵیکیان پێگەیشتووە کە سەرقاڵی کردوون)، وە ئاساییە کەسوکاری مردووەکە خەڵکی و هاوسێ بانگ بکەن بۆ ئەو نانەی کە بە دیاری بۆیان هێنراوە، ئەوەی بزانین ئەو کارەش کاتێکی دیاری کراوی نییە لە شەرعدا .

یازدەیەم : دروست نییە ئافرەت حیداد (پرسە، تەعزیەباری) بگێرێت بۆ مردوو لە سێ رۆژ زیاتر ئیللا بۆ پیاوەکەی خۆی نەبێت ئەوا پێویستە لەسەری چوار مانگ و دە رۆژ حیدادی بۆ بگێرێ، ئیللا مەگەر دووگیان بێت ئەوا ماوەکەی بە دانانی منداڵەکە تەواو دەبێت بە بەڵگەی جێگربوونی سوننەتی راست و دروست لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) .

بەڵام پیاوان ئەوا دروست نییە بۆیان حیداد بۆ هیچ کەسێک بگێڕن لە نزیکەکانیان یان جگە لەوان .

دوازدەیەم : دروستە بۆ پیاوان سەردانی گۆڕستان بکەن لە ماوەی جارێکدا بە مەبەستی دوعاکردن بۆیان، وە داوای بەزەیی هاتنەوەی خوای گەورە بکات بۆیان، وە یادی مردن و ئەوەی لە پاش مردن دێت بکەن، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) هاتووە کە دەفەرموێت : (زوروا القبور فإنها تذكركم الآخرة) واتە : سەردانی گۆرستان بکەن چونکە ئەوە دواڕۆژتان دەهێنێتەوە یاد)، وە هاوەڵانی خۆی فێرکردبوو ئەگەر ڕۆیشتن بۆ گۆرستان ئەم دوعایە بخوێنن، (السلام عليكم أهل الديار ، من المؤمنين و المسلمين ، وإنا إن شاء الله بكم لاحقون , نسأل الله لنا ولكم العافية , يرحم الله المستقدمين منا والمستأخرين) . واتە : سڵاوتان لێبێت ئەی خاوەن خانەکان – ئەهلی ئەم گۆڕستانە– لە ئیمانداران و موسڵمانان، وە ئێمەیش بە ویستی خوا پێتان دەگەین، داوا لە خوا دەکەین لە ئێمەو ئێوە ببوڕێت، خوا بەزەیی بە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانماندا بێتەوە).

بەڵام ئافرەتان بۆیان نییە سەردانی گۆڕستان بکەن، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) : (لعن زائرات القبور) لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی سەردانی گۆرستان دەکەن .

هەروەها چونکە ترسی ئەوە هەیە لە سەردانەکەیاندا تووشی فیتنە بن و هەروەها ئارامگرتنیان کەمە .

وە بۆیان نییە شوێنی جەنازە بکەون بۆ گۆرستان، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێ کردوون بەو کارە، بەڵام نوێژ کردن لە مزگەوت یان لە نوێژگە (مصلى) ئەوا دروستە بۆ پیاوان و ئافرەتان .

ئەمە کۆتا باسە کە توانرا بە ئاسانی کۆی بکەینەوە، وصلى الله وسلم على نبينا محمدٍ وآله وصحبه .

بەشەکانی سەردانی گۆرستان

سەردانێکی دروست:

مەبەستی یادکردنی رۆژی دوایی بێت، وە کۆچ و باری بۆ ئامادە نەکرێت، وە مەبەستی لێی دوعاکردن بۆ خۆی و مردووەکان بێت بەو شێوەیەی هاتووە، وە هیچ کارێک ناکات ناکۆک بێت لە گەڵ شەرعدا .

سەردانێکی بیدعەیی :

ئەگەر مەبەستی ئەوە بوو لە خوای گەورە بپارێتەوە لای گۆڕەکان .

سەردانی شیرکی :

ئەگەر مەبەستی وا بوو لە خاوەن گۆڕەکە بپارێتەوە.

پرسیارەکان دەربارەی ئەوانەی پێشوو:

١/ پارێزگاری کردن لە سیستەم و ئادابە شەرعییەکان لە ئاکار و ڕەوشتی کەسی موسڵمانە : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٢/ دینەکەم فەرمانم پێ دەکات کە هاوڕێتی پیاو خراپان بکەم و لە پیاو چاکان دوور بکەومەوە : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٣/ ئیسلام فێری کردووین کە هەڵسوکەوتمان باش بێت لە گەڵ خزمەتکار و کرێکار و جگە لەوانە : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٤/ هاوڕێتی ئەو کەسانە دەکەم کە ئازاری خەڵکی دەدەن بە دەست و زمانیان : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٥/ ئەگەر کەسێک جوێنی پێدام ئەوا منیش وەڵامی دەدەمەوە و چێژی لێ وەردەگرم : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٦/ ئیسلام فێری کردووم کە یارمەتی لێقەومان و خەڵکی لاواز بدەم : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٧/ حەقی موسڵمان لەسەر موسڵمان ئەوەیە ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکات و دوعای شیفای بۆ بکات : (ڕاستە – هەڵەیە) .

٨/ بەدوادا گەڕانی نهێنی دەرهاوسێ لە ڕەوشت و ئاکاری موسڵمانانە: (ڕاستە – هەڵەیە) .

٩/ خۆشەویسترین کەس لای خوا ئەو کەسەیە کە لە هەموو کەس زیاتر سوودی بۆ خەڵکی هەبێت : (راستە – هەڵەیە) .

١٠/ دوعای دەرچوون لەماڵ بریتییە لە : (بسم الله ولجنا وبسم الله خرجنا وعلى ربنا توكلنا) (راستە – هەڵەیە) .

١١/ ئەو کەسەی جوێنم پێ دەدات پێی دەڵێم : (يهديكم الله ويصلح بالكم) (راستە – هەڵەیە) .

١٢/ زیکرەکان کەسی موسڵمان دەپارێزێ و لە خوا نزیکی دەکاتەوە : (راستە – هەڵەیە) .

١٣/ نیشانەی خۆشویستنت بۆ برا موسڵمانەکەت چییە ؟

.....

١٤/ ئەوەی بەڵگە بێت لەسەر نوقصانی ئیمان : حەسوودی بە برا موسڵمانەکەت ببەیت : (راستە – هەڵەیە) .

١٥/ ئەو هۆکارە چین کە بە هۆیەوە خۆشەویستی بە دەست دەهێنی ؟

.....

١٦/ ئەوەی حەرامە لە هۆشبەرەکان ئەوەیە کە پێی دەڵێن (الخمر) : (راستە – هەڵەیە) .

١٧/ مەکروهە فوو بکرێتە خواردن و خواردنەوەدا : (راستە – هەڵەیە).

١٨/ موستەحەبە لە پاش نانخواردن و پێش دەست شوشتن پەنجەکان بلێسیتەوە : (راستە – هەڵەیە) .

١٩/ نێوەندبوون ئەو بەرنامە داواکراوەیە لە خواردن و پۆشاک و رازاندنەوە : (راستە – هەڵەیە) .

٢٠/ شایستەترین کەس بۆ شۆردنی و نوێژکردن لەسەری و ناشتنی بریتییە لە .....ئەمجار .....ئەمجار ..... ئەمجار .....

٢١/ قەرزدانەوەی مردوو : واجیبە سوننەتە دروستە

٢٢/ حوکمی ناشتنی مردوو :

◯ سوننەت ◯ واجیبە ◯ فەرزی ◯ کیفایەیە

٢٣/ حوکمی تەلقین کردنی ئەو کەسەی لە گیانەڵادایە :

◯ واجیبە ◯ سوننەتە ◯ دروستە

٢٤/ حوکمی ئامادە بوونی ئەو کەسەی یارمەتی شوشتنی مردووەکە نادات : حەرامە دروستە مەکروهە

٢٥/ گرێی کفنەکە دەکرێتەوە کاتێ مردووەکە دەخرێتە ناو گۆڕەکەیەوە: (راستە – هەڵەیە) .

٢٦/ ژن و مێرد یەکتر ناشۆرن چونکە بە مردنی یەکێکیان گرێبەستی هاوسەرگیریەکە نامێنی : (راستە – هەڵەیە) .

٢٧/ ژن و پیاو بۆیان هەیە .....بشۆرن .

٢٨/ هەرکەسێ نوێژی لەسەر مردوو لە دەست دەرچوو ئەوا نوێژەکەی ..... ئەوەش لە ماوەی .....

٢٩/ گریان لەسەر مردوو دروستە بە رەهایی . (راستە – هەڵەیە) .

٣٠/ مردوو دەخرێتە لەحدەکەیەوە رووی لە قیبلە دەبێت : (راستە – هەڵەیە) .

پێرستی بابەتەکان

راڤەی پێشەکی نوسەر ٥

راڤەی وانەی یەکەم : سورەتی (الفاتحة)و سورەتە کورتەکان ٨

گوڵبژێرێک لە تەفسیری (تیسیر الکریم الرَّحمن)..... ١٠

پرسیارەکان دەربارەی پێشەکی و تەفسیر ٥١

راڤەی وانەی دووەم : پایەکانی ئیسلام ٧٦

راڤەی وانەی سێیەم : پایەکانی ئیمان ٨٧

راڤەی وانەی چوارەم: بەشەکانی تەوحید و بەشەکانی شیرک ٩٤

راڤەی وانەی پێنجەم : ئیحسان ١٠٢

پرسیارەکان لەسەر تەوحید..... ١٠٣

راڤەی وانەی شەشەم : مەرجەکانی نوێژ ١١١

راڤەی وانەی حەوتەم : پایەکانی نوێژ ١١٦

راڤەی وانەی هەشتەم : واجیباتەکانی نوێژ ١١٩

راڤەی وانەی نۆیەم : رووکردنەوەی تەحیات ١٢٠

راڤەی وانەی دەیەم : سوننەتەکانی نوێژ ١٢١

راڤەی وانەی یازدەیەم : پوچەڵکەرەوەکانی نوێژ ١٢٣

ئەحکامەکانی سوجدەی سەهو :..... ١٢٦

پوختەیەک لەسەر چۆنیەتی نوێژ بە وێنە :..... ١٢٧

کورتەیەک لەسەر نوێژ و ئەحکامەکانی ١٣٨

پرسیارەکان لەسەر نوێژ ١٤١

راڤەی وانەی دوازدەیەم :مەرجەکانی دەستنوێژ ١٤٨

راڤەی وانەی چواردەیەم : فەرزەکانی دەستنوێژ ١٥١

راڤەی وانەی چواردەیەم : پوچەڵکەرەوەکانی دەستنوێژ ١٥٢
پوختەیەک لەسەر چۆنیەتی دەستنوێژ بە وێنە ١٥٤
پاشکۆیەک لەسەر پاکوخاوێنی (تەهارەت) ١٥٨
پرسیارەکان لەسەر پاکوخاوێنی (تەهارەت)..... ١٦٤
پاشکۆیەک لەسەر زەکات ١٦٧
پرسیارەکان لەسەر زەکات ١٧٥
پاشکۆیەک لەسەر رۆژوو ١٨٠
پرسیارەکان لەسەر رۆژوو ١٨٩
پاشکۆیەک لەسەر حەج و عومرە ١٩٢
پرسیارەکان لەسەر حەج ٢٠٤
راڤەی وانەی پازدەیەم: خۆڕازاندنەوە بە ئاکارە شەرعییەکانەوە..... ٢٠٨
راڤەی وانەی شازدەیەم: دەستگرتن بە ئادابە ئیسلامییەکانەوە..... ٢٠٩
راڤەی وانەی حەڤدەیەم: وریاکردنەوە لە شیرک و سەرپێچییەکان..... ٢١٢
راڤەی وانەی هەژدەیەم : ئامادەکردن و ناشتنی مردوو ٢١٥
پرسیارەکان لەسەر ئادابەکان و جەنازە ٢٢٣
پێرست ٢٢٧

پوختەیەکی بە سوود لەسەر

ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و
ڕەوشت و ئاکارەکانی

بە پێنوسی: هیثم بن محمد سرحان

مامۆستا لە پەیمانگای حەڕەم لە مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ)– لە پێشاندا–

وە سەرپەرشتیاری مالپەڕی (التأصيل العلمي)

خوای گەورە لە خۆی و باوك و دایک و هەموو ئەو کەسانە

خۆش بێت کە هاوکاری بوون لە بە چاپگەیاندنی ئەم کتێبەدا

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمدَ لله نَحمَدُه و نستعينهُ ونَستغفرُه ، ونَعوذُ بالله من شُرور أنفسِنا ومن سيِّئاتِ أعمالنا مَن يَهدِه الله فلا مُضلَّ له ، ومَن يُضلل فلا هادِيَ له ، وأشهَد أنْ لا إله إلا الله وحدَه لا شَريك له ، وأشهَد أنَّ محمَّدا عبدُه ورسولُه (ﷺ) ،

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران)،﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء)، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب)

أما بعد :

ئەمە چەند باسێکی کەمە بێ نیاز نییە لێی هەرکەسێك کەمترین هیممەتی هەبێت بۆ ناسینی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و ژیاننامە و ڕێبازەکەی، (ئیبنو

لقەییم) –رەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرموێت : (ئەگەر هاتوو بەختەوەری بەندەکان پەیوەست بێت بە رێبازەکەی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، ئەوا پێویستە لەسەر هەموو کەسێك ئامۆژگاری خۆی دەوێت و دەرباز بوون و بەختەوەری دەوێت، ئەوا هێندە لە رێباز و ژیاننامە و کاروبارەکەی بزانێت لەو کەسانە دەری بکات کە ناشارەزان بەو پێغەمبەرە (ﷺ)، وە ببێتە یەکێك لە شوێنکەوتوان و جەماعەت و حیزبەکەی، وە خەڵکیش لەم باسەدا جیاوازن لە نێوان کەسانێك زۆر دەزانن و کەسانێك کەم و کەسانێك مەحرومن لێی، وە فەزڵیش بە دەستی خوایە دەیداتە هەرکەسێك ویستی لەسەر بێت و خوای گەورەش خاوەنی فەزڵێکی زۆر و مەزنە).

داوا لە خوای گەورە دەکەم خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە نسیب من و ئێوە بکات، هەروەها گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی پێکردووە و دوور کەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و یاساغی کردووە .

اللَّهُمَّ صلِّ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آل مُحَمَّد كَمَا صليت عَلَى إِبْرَاهِيم و على آل إِبْرَاهِيم ، وَبَارك عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آل مُحَمَّد كَمَا باركت عَلَى إِبْرَاهِيم و على آل إِبْرَاهِيم إِنَّك حميد مجيد، والحمد لله رب العالمين.



بەشی یەکەم : ڕەوشت و ڕێبازەکەی

ڕەوشت و ڕێبازەکەی (ﷺ) :

ناو و ڕەچەڵەکی (ﷺ) :

ناوی پیرۆزی (محمد) ی کوڕی (عبدالله) ی کوڕی (عبدالمطلب) ی کوڕی (هاشم) ی کوڕی (عبدمناف) ی کوڕی (قصي) ی کوڕی (کلاب) ی کوڕی (مرَّة) ی کوڕی (کعب) ی کوڕی (لؤي) ی کوڕی (غالب) ی کوڕی (فهر) ی کوڕی (مالك) ی کوڕی (النضر) ی کوڕی (کنانة) ی کوڕی (خزيمة) ی کوڕی (مُدركة) ی کوڕی (إلياس) ی کوڕی (مُضر) ی کوڕی (نزار) ی کوڕی (معد) ی کوڕی (عدنان)، وه (عدنان) له نەوەی (إسماعيل) ی کوڕی (ئیبراهیم) ی خەلیله .

باشترین کەسی سەر زەوییه له ڕەچەڵەکدا به ڕەهایی، له فەرموودەیەکدا هاتووه کەوا (هیرەقل) پادشای ڕۆمەکان به ئەبو سوفیانی وت : پرسیارم لێ کردی دەربارەی ڕەچەڵەکی ؟ وتت : کەوا خاوەنی نەسەب و ڕەچەڵەکێکی بەرزە، دەی پێغەمبەرانیش ئاوان، له باشترین ڕەچەڵەکی قەومەکەی خۆیان ڕەوانه دەکرێن)).

هەڵبژاردنی (ﷺ) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إن الله اصطفى كنانة من ولد إسماعيل، واصطفى قريشاً من كنانة، واصطفى من قريش بني هاشم، واصطفاني من بني هاشم) واتە : خوای گەورە (کەنانە)ی لە نەوەی (ئیسماعیل) هەڵبژارد و لە (کەنانە) قورەیشی هەڵبژارد و لە قورەیشدا (بەنی هاشم)ی هەڵبژارد، وە لە (بەنی هاشم)دا منی هەڵبژارد).

ناوەکانی (ﷺ) :

هەموو ناوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەصفن، هیچی تەنها ناوێکی رووت نین و تەنها مەبەست لێی ناسین بێت، بەڵکو ئەوانە چەند ناوێکن لە صیفاتەوە وەرگیراون کە مەدح و سەتایش و کەمال لە خۆ دەگرێت : لەوانە :

محمدٌ :

بە ناوبانگترین ناوەکانیەتی، وە لە تەوراتدا بە راشکاوی بەو ناوەوە هاتووە .

وە مانای : زۆری ئەو ئاکار و صیفاتانەی کە ستایشی لەسەر دەکرێت .

أحمد :

واتە : لە هەموو کەسێك زیاتر سوپاس و ستایشی خوا دەکات، وە ئەوانەی لە ئاسمان و زەویدان و ئەوانەی لە دونیا و دوارۆژدان سوپاس و ستایشی دەکەن لەبەر زۆری ئاکار و صیفاتە جوانەکانی، وە (مەسیح) بە ئەو ناوەوە ناوی لێ ناوە .

المُتوكّل :

بەو ناوەوە ناو نراوە، چونکە پشتی بە خوای گەورە بەستبوو لە جێ بە جێ کردنی دینی خوادا، بە پشت بەستنێك کە هیچ کەسێکی بەشدار نەدەکرد لە گەڵیدا .

ناوەکانی (ﷺ) :

الماحي :	ئەو کەسەی کە خوای گەورە کوفری پێ دەسڕێتەوە و نایهێلێ، وە بە هیچ کەسێك کوفر نەسڕاوەتەوەو لە ناو نەدراوە هەروەکو چۆن بە ئەو سڕایەوە .
الحاشر :	خەڵکی لە پاش من و بە دوای منداحەشر دەکرێن، هەر دەڵێی ئەو ڕەوانە کراوە بۆ ئەوەی حەشری خەڵکی بکات .
العاقب :	ئەو پێغەمبەرەی (ﷺ) کە هیچ پێغەمبەرێك لە پاش ئەو نییە، ئەمەش وەکو دواییەنە (الخاتم).
المُقفّي :	ئەو کەسەی کە شوێن پێی ئەوانەی پێش خۆی هەڵگرتووە، خوای گەورە خستییە سەر ڕێگاو شوێن پێی ئەوانەی پێش خۆی هاتبوون لە پێغەمبەران .
نبيُّ التَّوبة :	ئەو کەسەی کە خوای گەورە بە دەستی ئەو دەرگای تەوبەی لەسەر خەڵکی سەر زەوی کردەوە، جا خوای گەورە لێیان خۆش بوو و تەوبەی لێ وەرگرتن، بە شێوەیەك لە پێش ئەو بەو شێوە نەبووە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو کەس زیاتر داوای لێخۆشبوونی دەکرد و تەوبەی دەکرد .
نبيُّ الملحمة :	ئەو کەسەی کە بۆ جیهادی دوژمنانی خوا ڕەوانە کرا، هیچ پێغەمبەرو ئوممەتێك بەو شێوەیە جیهادیان نەکردووە هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئوممەتەکەی جیهادیان کردووە، وە ئەو داستانە گەورانەی کە ڕوویدا لە سەر دەستی ئەو و ئوممەتەکەی، هەرگیز لە پێش ئەو بەو شێوەیە ڕووی نەداوە .

ناوەکانی (ﷺ) :		
	نبیُ الرحمة :	ئەو کەسەی خوای گەورە وەکو رەحمەتێك بۆ هەموو خەڵکی رەوانەی کرد، خوای گەورە بە ئەو رەحمی بە هەموو خەڵکی سەر زەوی کرد، جا ئیمانداران زۆرترین پشکیان لەو رەحمەتە بەرکەوت، بەڵام بێباوەڕان، ئەوانەی کە ئەهلی کیتاب بوون لە ژێر سێبەر و پەیمان و بەڵێنەکانیدا ژیان .
	الفاتح :	خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو دەرگای هیدایەتی کردەوە لە پاش ئەوەی داخرا بوو، وە ئەو چاوانەی کردەوە کە نابینا بوون و ئەو گوێیانەی کردەوە کە کەڕ بووبوون، وە ئەو دڵانەی کردەوە کە پەردەپۆش کرابوون، لە سەر دەستی ئەو شار و وڵاتی بێباوەڕان ئازاد کران، بە ئەو دەرگای بەهەشتەکان کرانەوە، وە بە ئەو دەرگای زانستی بەسوود و کاری چاك کرایەوە .
	الأمين :	ئەو لە هەموو کەسێك شایستەترە بەم ناوە، جا ئەو ئەمین و دەستپاکی خوای گەورەیە لە سەر وەحی و دینەکەی، ئەو ئەمین و دەستپاکی ئەوەی لەسەر زەویدایە و ئەمین و دەستپاکی ئەوەیە لە ئاسمانەکاندایە، بەڵکو بێباوەڕانی مەککە ناویان لێ نابوو ئەمین و دەستپاك لە پێش ئەوەی رەوانە بکرێت و ببێتە پێغەمبەر (ﷺ).
	البشير :	موژدەدەری پاداشتە بۆ ئەو کەسەی گوێڕایەڵی دەکات و ترسێنەرو هەڕەشەدەری سزایە بۆ ئەو کەسەی سەرپێچی دەکات .

ناوەکانی (ﷺ) :

گەورەی نەوەی ئادەم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا فَخْرَ)) واتە: من گەورەی نەوەی ئادەمم لە رۆژی قیامەتدا بە بێ هیچ شانازی و خۆهەڵکێشانێك)).

السراج المنير : ئەوەی کە رووناکی دەبەخشێت بە بێ سووتان، بە جیاواز لە گەڵ (الوهاج) دا چونکە جۆرێك لە سووتانی تێدایە .

جا ئەو بەندەی خوایە، بەندایەتییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ئەو هەموو پلەکانی بەندایەتی تەواو کردووە .

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

کاملترین و تەواوترین وەصف ئەوەیە کە خۆی وەصفی خۆی کردووە و فەرموویەتی : (أَنَا مُحَمَّدٌ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ، مَا أُحِبُّ أَنْ تَرْفَعُونِي فَوْقَ مَنْزِلَتِي الَّتِي أَنْزَلَنِي اللَّهُ) واتە : من محمدم (ﷺ), بەندەی خوا و نێردراوی ئەوم، پێم خۆش نییە لەو پلەوپایەی کە خوای گەورە داینابوم بەرزترم بکەنەوە)

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جوانترین کەس بووە لە رەوشت و خولقەتدا، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴿٤﴾ ﴾ القلم) وە عائیشە فەرموویەتی : (كَانَ خُلُقُهُ القُرآنَ) واتە : بە راستی رەوشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئان بوو) .

بە قورئان کاری دەکرد و لە سەر سنوورەکانی رادەوەستا و ئەوەی ئەو پێی رازی بوایە ئەمیش پێی رازی دەبوو، وە ئەوەی ئەو پێی تووڕە بوایە ئەمیش پێی تووڕە دەبوو .

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :	**خلیل الله :**	**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت :** (إِنَّ اللهَ اتَّخَذَنِي خَلِيلًا كَمَا اتَّخَذَ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا) **واتە : خوای گەورە منی بە خەلیلی خۆی هەڵبژاردووە، هەروەکو چۆن ئیبراهیمی بە خەلیلی خۆی هەڵبژاردووە)) (خەلیل : بەرزترین پلەی خۆشەویستییە).**
صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :	**جەستەی شکۆدار و شەریفی :**	**ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت :** (كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أَزْهَرَ اللَّوْنِ» أي: أَبْيَضَ مُسْتَدِيرًا «كَأَنَّ عَرَقَهُ اللُّؤْلُؤُ، إِذَا مَشَى تَكَفَّأَ، وَلَا مَسِسْتُ دِيبَاجَةً» وهو نوعٌ نفيسٌ من الحرير «وَلَا حَرِيرَةً أَلْيَنَ مِنْ كَفِّ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، وَلَا شَمَمْتُ مِسْكَةً وَلَا عَنْبَرَةً أَطْيَبَ مِنْ رَائِحَةِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ)) **واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی سپی مەیلەو سوورکار بوو، ئارەقەکەی هەروەکو مرواری بوو لە سپێتی و روونیدا، ئەگەر ڕێی بکردایە ڕاست و چەپی دەکرد، هەرگیز دەستم نەداوە لە هیچ ئاورێشمێك (کە جۆرێکی گرانبەها و دەگمەنە لە حەریر) و هیچ حەریرێك لە دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەرمتر بێت، وە بۆنی هیچ میسك و عەنبەرێکم نەکردووە خۆشتر بێت لە بۆنی پێغەمبەری خوا (ﷺ))).**

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

بەژن و بالای پیرۆزی :

(ئەلبەرائی کوڕی عازیب) دەفەرموێت : (كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) مَرْبُوعًا» أي: مُتوسِّط القامة «بَعِيدَ مَا بَيْنَ الْمَنْكِبَيْنِ، لَهُ شَعْرٌ يَبْلُغُ شَحْمَةَ أُذُنِهِ، رَأَيْتُهُ فِي حُلَّةٍ حَمْرَاءَ، لَمْ أَرَ شَيْئًا قَطُّ أَحْسَنَ مِنْهُ) **واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی چوار شانە بوو (واتە : بەژن و بالای ناوەند بوو) نێوان هەردوو شانەکەی دوور لە یەکتر بوون، پرچێکی هەبوو دەگەیشتە لای نەرمەی گوێیەکانی، لە پۆشاکێکی سووردا بینیم، هەرگیز هیچ شتێکم نەبینیوە لەوە جوانتر بێت))**

روخسار و روومەتی پیرۆزی :

(کەعبی کوڕی ماليك) دەفەرموێت : ((فَلَمَّا سَلَّمْتُ عَلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) وَهُوَ يَبْرُقُ وَجْهُهُ مِنَ السُّرُورِ، وَكَانَ رَسُولُ اللهِ إِذَا سُرَّ اسْتَنَارَ وَجْهُهُ حَتَّى كَأَنَّهُ قِطْعَةُ قَمَرٍ، وَكُنَّا نَعْرِفُ ذَلِكَ مِنْهُ»، وسُئل البراء : أكان وجه النَّبيّ (ﷺ) مثل السَّيف؟ قال: «لَا؛ بَلْ مِثْلَ القمر)) **واتە : کاتێ کە سەلامم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا ئەو لە خۆشیاندا رووخساری دەگەشایەوە، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر خۆشحاڵ بوایە ئەوا روخساری دەگەشایەوە تا وەکو پارچەیەکی مانگی لێ دەهات، وە ئەوەمان لێ بە دی دەکرد) وە پرسیار کرا لە (ئەلبەرائی کوڕی عازیب) : ئایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) روخساری وەکو شمشێر بوو (مەبەستی بە درێژی بوو) فەرمووی : نەخێر بەڵکو وەکو مانگ بوو)) (مەبەستی بازنەیی و خڕ بوو).**

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :	**پرچی پیرۆزی (ﷺ) :**
	ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت : «كان النبي (ﷺ) ضخم اليدين. لم أر بعده مثله ، وكان شعر النبي (ﷺ) رَجِلا، لا جَعد)) أي : لا التواء فيه ولا تقبض ((ولا سبط)) أي : ولا مسترسل)) **واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستەکانی گەورە بوون، هیچ کەسێکم لە پاش ئەو وەکو ئەو نەبینیوە، وە پرچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە خاو بوو نە لوول))** .
	چاوی پیرۆزی :
	(جابیری کوڕی سەمورە) دەفەرموێت : ((كَانَ رَسُول الله (ﷺ) ضَلِيعَ الْفَمِ» أي: واسعه «أَشْكَلَ الْعَيْنِ» أي: فيه حمرةٌ في بياض العينين «مَنْهُوسَ الْعَقِبَيْنِ» أي: قليل لحم العقب.)) **واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمی پیرۆزی گەورە بوو (عەرەب مەدحی دەمی گەورەیان دەکرد و زەمی دەمی بچوکیان دەکرد) وە کەمێك سوورایی لە سپێتی چاوەکانیدا هەبوو (یان : شەقی چاوەکانی درێژ بوو) و پاژنەکانی کەم گۆشت بوون))** .
	ئارەقەی پیرۆزی (ﷺ) :
	ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت : «دَخَلَ عَلَيْنَا النَّبِيُّ (ﷺ)، فَقَالَ» أي: نام نومة القيلولة «عِنْدَنَا، فَعَرِقَ وَجَاءَتْ أُمِّي بِقَارُورَةٍ، فَجَعَلَتْ تَسْلُتُ» أي: تجمع «الْعَرَقَ فِيهَا، فَاسْتَيْقَظَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا أُمَّ سُلَيْمٍ؛ مَا هَذَا الَّذِي تَصْنَعِينَ؟ قَالَتْ: هَذَا عَرَقُكَ نَجْعَلُهُ فِي طِيبِنَا، وَهُوَ مِنْ أَطْيَبِ الطِّيبِ». **واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لامان و لای ئێمە خەوت (خەوی پشووی نیوەڕۆ)، جا ئارەقەی کرد و دایکم بوتڵێکی شووشەی هێنا و ئارەقەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا**

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

ئارەقەی پیرۆزی (ﷺ) :

کۆدەکردەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەوەکەی هەستا و فەرمووی: ئەی دایکی (سولەیم) چی دەکەیت ؟ فەرمووی: ئەمە ئارەقەی تۆیە و دەیکەینە ناو بۆنە خۆشەکانی خۆماندا، ئەمەش بۆنخۆشترین بۆن خۆشەکانە)) .

مۆری پێغەمبەرایەتی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆری پێغەمبەرایەتی لە نێو هەردوو شانیدا بوو، ئەویش بریتی بوو لە شتێکی دیار و بارز لە جەستەیدا وەکو نیشانەیەك بوو .

جابیری کوڕی سەمورە فەرموویەتی: «وَرَأَيْتُ الْخَاتَمَ عِنْدَ كَتِفِهِ مِثْلَ بَيْضَةِ الْحَمَامَةِ، يُشْبِهُ جَسَدَهُ».واتە : مۆرەکەم بینی لە نێو شانیدا بە ئەندازەی هێلکەی کۆتریێك دەبوو، شێوەی لە جەستەی دەچوو).

هاوڵانی (ﷺ) بە شکۆمەندییەوە تەماشایان دەکرد

عەمری کوڕی ئەلعاص دەفەرموێت : «مَا كَانَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، وَلَا أَجَلَّ فِي عَيْنِي مِنْهُ، وَمَا كُنْتُ أُطِيقُ أَنْ أَمْلَأَ عَيْنِي مِنْهُ إِجْلَالًا لَهُ، وَلَوْ سُئِلْتُ أَنْ أَصِفَهُ مَا أَطَقْتُ؛ لِأَنِّي لَمْ أَكُنْ أَمْلَأُ عَيْنِي مِنْهُ». واتە : هیچ کەسێك نەبوو بە ئەندازەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لام خۆشەویست بێت، وە هیچ کەسێك هێندەی ئەو شکۆمەند و بە هەیبەت نەبوو لەپێش چاوم، وە هەرگیز نەمتوانی پڕ بە چاوەکانی خۆم تەماشای بکەم لەبەر هەیبەت و شکۆمەندی و شەرمدا، وە ئەگەر پرسیارم لێ بکرێت وەصفی بکەم ئەوا ناتوانم، چونکە من پر بە چاوەکانم تەماشام نەکردبوو).

هەروەها (عوروەی کوڕی مەسعودی ئەلسەقەفی) وەصفی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکرد بۆ قورەیش لە رۆژی حودەیبییەدا و فەرمووی: ((واللَّهِ إِنْ رَأَيْتُ مَلِكًا قَطُّ يُعَظِّمُهُ أَصْحَابُهُ ما يُعَظِّمُ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) مُحَمَّدًا، واللَّهِ إِنْ تَنَخَّمَ نُخَامَةً إِلَّا وقَعَتْ فِي كَفِّ رَجُلٍ منهمْ، فَدَلَكَ بِهَا وجْهَهُ وجِلْدَهُ، وإِذَا أَمَرَهُمُ ابْتَدَرُوا أَمْرَهُ، وإِذَا تَوَضَّأَ كَادُوا يَقْتَتِلُونَ علَى وَضُوئِهِ، وإِذَا تَكَلَّمَ خَفَضُوا أَصْوَاتَهُمْ عِنْدَهُ، وما يُحِدُّونَ إِلَيْهِ النَّظَرَ تَعْظِيمًا)) **واتە : سوێند بە خوا هیچ پادشایەکم نەبینیوە هاوەڵانی هێندە بە مەزن و گەورە تەماشای بکەن و بە گەورەی بزانن هەروەکو چۆن هاوەڵانی موحەممەد (ﷺ) ئاوا موحەممەدیان بە گەورە دەزانی و تەماشایان دەکرد، سوێند بە خوا ئەگەر تفێکی بکردایە ئیللا دەکەوتە ناو دەستی یەکێکیان، ئەو کەسەیش روخسار و پێستەکەی خۆی پێ دەسڕی، وە ئەگەر فەرمانێکی بکردایە ئەوا پێشبڕکێیان دەکرد بۆ جێ بە جێ کردنی فەرمانەکەی، وە ئەگەر دەستنوێژی بگردایە خەریك بوو بە شەڕ دەهاتن لەسەر پاشماوەی ئاوی دەستنوێژەکەی، وە ئەگەر قسەیان بکردایە لە حزوریدا ئەوا بە ئەسپایی و لەسەرخۆ قسەیان دەکرد، وە هەرگیز بە بەردەوامی تەماشایان نەدەکرد (زیادەڕەوییان نەدەکرد لە تەماشاکردنیدا) لەبەر مەزنی و هەیبەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)))**

هاوەڵانی (ﷺ) بە شکۆمەندییەوە تەماشایان دەکرد

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :	**ئەدەبی لە گەڵ خوادا :**	**(عەبدوڵای کوڕی ئەلشیخیر) دەفەرموێت :** «فقُلْنَا: أَنْتَ سَيِّدُنَا، فَقَالَ (ﷺ) : السَّيِّدُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى، قُلْنَا: وَأَفْضَلُنَا وَأَعْظَمُنَا طَوْلًا، قَالَ (ﷺ) : قُولُوا بِقَوْلِكُمْ -أَوْ بَعْضِ قَوْلِكُمْ-، وَلَا يَسْتَجْرِينَّكُمُ الشَّيْطَانُ» **واتە : وتمان : تۆ سەیدی ئێمەیت، ئەویش فەرمووی : سەیدی راستەقینە تەنها خوایە، ئێمەش وتمان : تۆ لە هەمومان باشتریت بە فەزڵ و چاکە و لە هەمومان مەزنتریت لە بەخشین و دەسەڵاتدا، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : قسەکانی خۆتان بکەن (یان هەندێ لە قسەکانتان) وریابن شەیتان پەلکێشتان نەکات و بتانکاتە وەکیلی خۆی) .**
	زیرەکی و بوێری :	**عەلی دفەرموێت :** «كُنَّا إِذَا حَمِيَ الْبَأْسُ وَلَقِيَ الْقَوْمُ الْقَوْمَ اتَّقَيْنَا بِرَسُولِ اللهِ (ﷺ) ، فَلَا يَكُونُ أَحَدٌ مِنَّا أَدْنَى إِلَى الْقَوْمِ مِنْهُ».**واتە: ئەگەر هەردوو سوپا بە یەکتر بگەیشتایەن و شەڕەکە گەرم بوایە، ئەوا خۆمان دەدایە پاڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، تاوەکو هیچ کەسێك نەبوو لە دوژمن نزیکتر بێت وەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ)) .**
	ترسانی لە خوا :	**پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:** «أَمَا وَاللهِ إِنِّي لَأَخْشَاكُمْ للهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ» **واتە : سوێند بە خوا من لە هەموتان لە خواترسترم و لە هەموتان بە تەقواترم)**

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

چاکەکردنی لە گەڵ کەسوکارەکەیدا :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : «خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لِأَهْلِهِ، وَأَنَا خَيْرُكُمْ لِأَهْلِي» واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە لە گەڵ خێزانەکەیدا باش بێت، وە منیش باشترین کەسی ئێوەم لە گەڵ خێزانەکەی خۆمدا باش بم)).

شەرم و حەیای :

ئەبو سەعیدی ئەلخودری دەفەرموێت: «كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أَشَدَّ حَيَاءً مِنَ الْعَذْرَاءِ فِي خِدْرِهَا، فَإِذَا رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ عَرَفْنَاهُ فِي وَجْهِهِ».واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە شەرمتر بوو لەو کچە عازەبانەی لە بنی مالّەکەی خۆیاندا دەمێننەوە، وە ئەگەر شتێکی ببینیایە پێی ناخۆش بوایە ئەوا بە روخساریدا دەمانزانی – کە پێی ناخۆشە–)

کارئاسانی :

عائیشە دەفەرموێت : «مَا خُيِّرَ النَّبِيُّ (ﷺ) بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلَّا اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَأْثَمْ، فَإِذَا كَانَ الْإِثْمُ كَانَ أَبْعَدَهُمَا مِنْهُ» واتە : هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نێوان دوو کاردا سەرپشک نەکراوە ئیللا سووکەکەی هەڵدەبژارد ئەگەر تاوان نەبوایە، وە ئەگەر تاوان بوایە ئەوا لە هەموو کەس زیاتر لێی بە دوور دەبوو) .

بۆ نەفسی خۆی تۆڵەی نەدەسەندەوە :

عائیشە دەفەرموێت : «وَاللهِ مَا انْتَقَمَ لِنَفْسِهِ فِي شَيْءٍ يُؤْتَى إِلَيْهِ قَطُّ حَتَّى تُنْتَهَكَ حُرُمَاتُ اللهِ فَيَنْتَقِمَ للهِ» واتە : سوێند بە خوا هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆڵەی بۆ نەفسی خۆی نەدەسەندەوە ئەگەر توشی شتێك بوایە، وە ئەگەر قەدەغەکراوکانی خوا پێشێل دەکرا ئەو کات تۆڵەی دەسەندەوە))

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :	**هیچ خواردنێکی عەیبدار نەدەکرد :**	**عائیشە دەفەرموێت:** «مَا عَابَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) طَعَامًا قَطُّ، إِنِ اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ وَإِنْ كَرِهَهُ تَرَكَهُ».**واتە : هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ چێشتێکی عەیبدار نەدەکرد، ئەگەر پێی رازی بوایە ئەوا دەیخواردو ئەگەر نا ئەوا وازی لێ دەهێنا).**
	دیاری وەردەگرت :	**عائیشە دەفەرموێت :** «كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ، ويُثِيبُ عَلَيْهَا».**واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیاری وەردەگرت و پاداشتیشی لەسەر دەدایەوە).** **صەدەقەی نەدەخوارد:** **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** «إِنَ آلَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) لَا يَأْكُلُونَ الصَّدَقَةَ» **واتە : بزانن کە ئالو محمد (ﷺ) هەرگیز صەدەقە ناخۆن).**
	بێ فێزی و خاکێتی :	**عوقبەی کوڕی عامیر دەفەرموێت :** ((أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَجُلٌ فَكَلَّمَهُ، فَجَعَلَ تَرْعُدُ فَرَائِصُهُ، فقالَ لَهُ: «هَوِّنْ عَلَيْكَ؛ فَإِنِّي لَسْتُ بِمَلِكٍ، إِنَّمَا أَنَا ابْنُ امْرَأَةٍ تَأْكُلُ الْقَدِيدَ)) **واتە : کابرایەك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە گەڵیدا قسەی دەرکرد کەچی ماسولکەکانی شانی دەلەرزین (لە ترساندا)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : لەسەر خۆ بە، خۆ من پادشا نیم، بەڵکو من کوڕی ئافرەتێکم کە گۆشتی وشکی دەخوارد) .**

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

خزمەتکردنی کەسوکارەکەی :

لە (ئەلئەسوەدی کوڕی یەزید)ەوە هاتووەو فەرموویەتی : پرسیارم کرد لە دایکە عائیشە : ((مَا كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَصْنَعُ فِي بَيْتِهِ؟ قَالَتْ: «كَانَ يَكُونُ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ -تَعْنِي خِدْمَةَ أَهْلِهِ- فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ)) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەکەیدا چی دەکرد ؟ فەرمووی: هەردەم لە خزمەتی خانەوادەکەیدا بوو، جا ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە دەردەچوو بۆ نوێژەکەی).

پشتگوێ خستنی نەفامەکان :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : «أَلَا تَعْجَبُونَ كَيْفَ يَصْرِفُ اللهُ عَنِّي شَتْمَ قُرَيْشٍ وَلَعْنَهُمْ؟! يَشْتِمُونَ مُذَمَّمًا وَيَلْعَنُونَ مُذَمَّمًا، وَأَنَا مُحَمَّدٌ (ﷺ)».واتە : ئایە سەرسام نابن چۆن خوای گەورە جوێن و لەعنەت کردنی قورەیشم لە کۆڵ دەکاتەوە ؟ ئەوا جوێن بە (مُذَمَّم) زەمکراو دەدەن و لەعنەت لە (مُذَمَّم) زەمکراو دەکەن، کەچی من (محمد)م (ﷺ)).

راستگۆیی :

عەبدوڵای کوڕی مەسعود دەفەرموێت : ((حدَّثنا رسول الله (ﷺ) وهو الصَّادق المصدوق)) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی گێڕاینەوە لە کاتێکدا ئەو راستگۆی باوەڕ پێکراوە)) رەوشت و ئاکاری لە گەڵ خزمەتکارەکەیدا :

(ئەنەس) فەرموویەتی : «خَدَمْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَشْرَ سِنِينَ فَوَاللَّهِ مَا قَالَ لِي أُفٍّ قَطُّ، وَلَا قَالَ لِشَيْءٍ فَعَلْتُهُ: لِمَ فَعَلْتَ كَذَا، وَلَا لِشَيْءٍ لَمْ أَفْعَلْهُ: أَلَا فَعَلْتَ كَذَا» واتە : دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەری خوام کرد (ﷺ)، سوێند بە خوا هەرگیز بە منی نەگوت : ئۆف، وە هەرگیز بە منی نەگوت بە هۆی

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

راستگۆیی :

شتێکەوە کردبێتم : بۆ وات کرد، وە شتێکم نەکردبێت : بریا وات بکردایە)) .

نەبوونی هیچ جیاوازییەك لە نێوان خۆی و هاوەڵانیدا و کەسێکی سینەساف و میهرەبان بوو :

ئەنەسی کوڕی مالیك دەفەرموێت : ((بَيْنَا نَحْنُ جُلُوسٌ فِي الْمَسْجِدِ دَخَلَ رَجُلٌ عَلَى جَمَلٍ فَأَنَاخَهُ فِي الْمَسْجِدِ ثُمَّ عَقَلَهُ ثُمَّ قَالَ لَهُمْ: أَيُّكُمْ مُحَمَّدٌ(ﷺ)؟ وَرَسُولُ اللهِ (ﷺ) مُتَّكِئٌ بَيْنَ ظَهْرَانَيْهِمْ، قَالَ: فَقُلْنَا لَهُ: هَذَا الْأَبْيَضُ الْمُتَّكِئُ، فَقَالَ لَهُ الرَّجُلُ: يَا ابْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): «قَدْ أَجَبْتُكَ»، فَقَالَ الرَّجُلُ: يَا مُحَمَّدُ (ﷺ) ؛ إِنِّي سَائِلُكَ فَمُشْتَدٌّ عَلَيْكَ فِي الْمَسْأَلَةِ فَلَا تَجِدَنَّ عَلَيَّ فِي نَفْسِكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) : «سَلْ مَا بَدَا لَكَ»، فَقَالَ الرَّجُلُ: نَشَدْتُكَ بِرَبِّكَ وَرَبِّ مَنْ قَبْلَكَ؛ آللهُ أَرْسَلَكَ إِلَى النَّاسِ كُلِّهِمْ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) : «اللَّهُمَّ نَعَمْ»، قَالَ: فَأَنْشُدُكَ اللهَ؛ آللهُ أَمَرَكَ أَنْ نُصَلِّيَ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) : «اللَّهُمَّ نَعَمْ»، قَالَ: فَأَنْشُدُكَ اللهَ؛ آللهُ أَمَرَكَ أَنْ نَصُومَ هَذَا الشَّهْرَ مِنَ السَّنَةِ؟ قَالَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) : «اللَّهُمَّ نَعَمْ»، قَالَ: فَأَنشُدُكَ اللهَ؛ آللهُ أَمَرَكَ أَنْ تَأْخُذَ هَذِهِ الصَّدَقَةَ مِنْ أَغْنِيَائِنَا فَتَقْسِمَهَا عَلَى فُقَرَائِنَا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) : «اللَّهُمَّ نَعَمْ»، فَقَالَ الرَّجُلُ: آمَنْتُ بِمَا جِئْتَ بِهِ، وَأَنَا رَسُولُ مَنْ وَرَائِي مِنْ قَوْمِي، وَأَنَا ضِمَامُ بْنُ ثَعْلَبَةَ أَخُو بَنِي سَعْدِ بْنِ بَكْرٍ)) **واتە : لە کاتێکدا ئێمە لە مزگەوت دانیشتبووین کابرایەك بە سواری وشترەکەیەوە هاتە**

ژوورەوە لە مزگەوتەکەدا یخی دا و ئەمجار بەستییەوە و بەوانی گوت : کام لە ئێوە موحەممەدە (ﷺ) ؟ لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ناویاندا شانی دابووەوە، دەڵێت : ئێمەش وتمان : ئەو کابرا سپییەیە کە شانی داوەتەوە، کابرا پێی گوت : ئەی کوڕی (عەبدولموتەلیب)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەوا ولاّمتم دایەوە (واتە: گوێم لێتە)، کابرا گوتی : ئەی موحەممەد (ﷺ) من چەند پرسیارێکت لێ دەکەم و لە پرسیارەکانمدا تووندم، بۆیە ئاسایی بێت و لات گران نەبێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : پرسیار بکە لەوەی دەتەوێت، کابرا وتی : سوێندت دەدەم بە پەروەردگارەکەت و پەروەردگاری ئەوانەی پێش تۆن، ئایە خوای گەورە تۆی بۆ هەموو خەڵکی رەوانە کردووە ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :- بەڵێ سوێند بە خوا، کابرا فەرمووی :- سوێندت دەدەم بە خوا، ئایە خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە لە شەو و رۆژێکدا پێنج نوێژ بکەین ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :- بەڵێ سوێند بە خوا، کابرا وتی : سوێندت دەدەم بە خوا، ئایە خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە ئەم مانگە بە رۆژوو بین لە ساڵەکەدا ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ سوێند بە خوا، کابرا وتی : سوێندت دەدەم بە خوا، ئایە خوای گەورە فەرمانی پێت کردووە ئەم صەدەقەیە لە دەوڵەمەندەکانمان وەرگریت و

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :		
	ڕاستگۆیی :	دابەشی بکەیت بە سەر هەژارەکانماندا ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەڵێ سوێند بە خوا، کابرا وتی : باوەڕم هێنا بەوەی هێناوتە، وە من نێردراوی قەومەکەی خۆمم، من (زیمامی کوڕی سەعلەبە)م لە تیرەی (بەنی سەعدی کوڕی بەکر) .
	نان و خۆراکی :	عائیشە دەفەرموێت : «مَا شَبِعَ آلُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) مِنْ خُبْزِ الشَّعِيرِ يَوْمَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ حَتَّى قُبِضَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) ». واتە : هەرگیز ئالو موحەممەد (ﷺ) دوو ڕۆژ بە سەر یەکدا تێر نانی جۆیان نەخوارد تاکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد)).
	زوهد و دونیا نەویستی (ﷺ) :	پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: «مَا يَسُرُّنِي أَنَّ عِنْدِي مِثْلَ أُحُدٍ هَذَا ذَهَبًا تَمْضِي عَلَيَّ ثالِثَةٌ وَعِنْدِي مِنْهُ دِينَارٌ إِلَّا شَيْئًا أَرْصُدُهُ لِدَيْنٍ، إِلاَّ أَنْ أَقُولَ بِهِ فِي عِبادِ اللهِ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا» واتە : پێم خۆش نییە بە ئەندازەی کێوی ئوحود ئالتونم هەبێت سێ شەو بە سەریدا بڕوات و تەنها یەك دینارم لێی مابێت، ئیللا مەگەر شتێك بۆ قەرز دامنابێت، ئیللا بەم لاو بەولادا بەسەر عەبدەکانی خوادا دابەشی بکەم))
	هەرگیز جوێنی نەدەدا	عائیشە فەرموویەتی : «لَمْ يَكُنْ فَاحِشًا وَلَا مُتَفَحِّشًا، وَلَا صَخَّابًا فِي الْأَسْوَاقِ، وَلَا يَجْزِي بِالسَّيِّئَةِ السَّيِّئَةَ، وَلَكِنْ يَعْفُو وَيَصْفَحُ» واتە : بە هیچ شێوەیەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی بەدگۆ و زمانپیس نەبووە، وە لە بازارەکاندا

صیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

هەرگیز جوێنی نەدەدا

دەنگ بەرز نەبوو، وە سزای خراپەی بە خراپە نەدەدایەوە، بەڵکو کەسێکی لێبوردە و بەخشندە بوو)).

هەرگیز دەستی لە دەستی ئافرەت نەداوە :

عائیشە دەفەرموێت : «مَا مَسَّتْ كَفُّ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) كَفَّ امْرَأَةٍ قَطُّ» واتە : هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی نەیداوە لە دەستی هیچ ئافرەتێکی بێگانە).

مال و زیان و گوزرانی :

عومەر دەفەرموێت : ((دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) وَهُوَ مُضْطَجِعٌ عَلَى حَصِيرٍ فَجَلَسْتُ، فَأَدْنَى عَلَيْهِ إِزَارَهُ وَلَيْسَ عَلَيْهِ غَيْرُهُ، وَإِذَا الْحَصِيرُ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِهِ، فَنَظَرْتُ بِبَصَرِي فِي خِزَانَةِ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَإِذَا أَنَا بِقَبْضَةٍ مِنْ شَعِيرٍ نَحْوِ الصَّاعِ، وَمِثْلِهَا قَرَظًا فِي نَاحِيَةِ الْغُرْفَةِ، وَإِذَا أُفَيْقٌ مُعَلَّقٌ... قَالَ: فَابْتَدَرَتْ عَيْنَايَ، فَقَالَ (ﷺ) : «مَا يُبْكِيكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ؟!» قُلْتُ : يَا نَبِيَّ اللهِ (ﷺ) ؛ وَمَالِي لَا أَبْكِي وَهَذَا الْحَصِيرُ قَدْ أَثَّرَ فِي جَنْبِكَ، وَهَذِهِ خِزَانَتُكَ لَا أَرَى فِيهَا إِلَّا مَا أَرَى، وَذَاكَ قَيْصَرُ وَكِسْرَى فِي الثِّمَارِ وَالْأَنْهَارِ، وَأَنْتَ رَسُولُ اللهِ وَصَفْوَتُهُ وَهَذِهِ خِزَانَتُكَ؟! فَقَالَ (ﷺ): «يَا ابْنَ الْخَطَّابِ؛ أَلَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَنَا الْآخِرَةُ وَلَهُمُ الدُّنْيَا؟» قُلْتُ: بَلَى)) واتە : چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا لە سەر حەسیرێك راکشابوو، منیش دانیشتم، ئیزارەکەی لە خۆی نزیك کردەوە و لەوە زیاتر هیچی تری لەبەردا نەبوو، بینیم حەسیرەکە کاریگەری لە سەر جەستەی –تەنیشتی– پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە، تەماشای خەزینەکەی پێغەمبەری خوام کرد (ﷺ)

سیفاتەکانی (ﷺ) بە گشتی :

مالّ و ژیان و گوزرانی :

بینیم کەمێك جۆی تێدایە بە ئەندازەی صاعێك، وە هێندەی ئەوە لە لایەکی تری ژوورەکە بوو، وەپێستەیەکیش هەڵواسراو بوو، عومەر دەڵێت : منیش چاوەکانم پڕ فرمێسك بوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بۆچی دەگریت ئەی کوڕەکەی خەتتاب ؟ وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چۆن نەگریم ئەوەتا ئەو حەسیرە کاریگەری لە سەر جەستەت کردووە، وە ئەوەش خەزینەکەتە تەنها ئەوەی تێدایە کە دەیبینم، ئەوەش قەیصەر و کیسرایە وان لەو بەروبوم و روبار و جێگە خۆشەدا، وە تۆیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەڵبژێردراوی ئەوی و ئەوەش خەزینەکەتە ؟ فەرمووی : ئەی کوڕی خەتتاب، ئایە رازی نابیت دوارۆژ بۆ ئێمە بێت و دونیا بۆ ئەوان ؟ وتم : بەڵێ)) .

تاقیکردنەوەی یەکەم

پرسیار	راستە	هەڵەیە
• بەختەوەری بەندەکان لە دونیا و دوارۆژدا پەیوەستە بەرێبازەکەی پێغەمبەرەوە(ﷺ).	☐	☐
• پێغەمبەران لە باشترین نەسەب و رەچەڵەکی قەومەکەیاندا رەوانە دەکرێن .	☐	☐
• تەواوترین وەصفی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەیە خۆی وەصفی خۆی کردووە: من موحەممەدم (ﷺ) بەندەی خوا و پێغەمبەری ئەوم)	☐	☐
• ئاورێشم و حەریر نەرمترن لە دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ).	☐	☐
• خوای گەورە هێندە رەوشتی تەواو و ئاکاری جوانی لە پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) کۆ کردووەتەوە، وە هێندە زانست و فەزڵی پێ بەخشیوە کە دەبێتە هۆی دەربازبوون و سەرکەوتن لە دونیا و دوارۆژدا کە بە هیچ کەسێکی تر نەدراوە لەم جیهانەدا))	☐	☐
• پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەخوێندەوار بووە، نە دەیخوێند و نە دەینوسی، وە هیچ مامۆستایەکی نەبووە لە مرۆڤەکان .	☐	☐

- باشترین کەسی سەر زەوی لە نەسەب و رەچەڵەکدا بە رەهایی :

  یونس بن متی ☐ محمد بن عبدالله (ﷺ) ☐

- ناوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : هەمووی وەصفن ☐

  عەلەمی رووتن و مەبەست لێی تەنها ناسینە ☐ لە چەند صیفاتێکەوە وەرگیراوە

  کەمەدح و کەمال لە خۆ دەگرێت ☐ هەمووی ☐ یەکەم و دووەم ☐

- (کان خلقه القرآن) واتە : رازی دەبێت بە رازی بوونی ئەو ☐

  تووڕە دەبێت بە تووڕەبوونی ئەو هەمووی ☐

- (خلیل الله) کێیە؟ ئیبراهیمە ☐ محمدە(ﷺ) ☐ هەمووی ☐

- (كان رسول الله (ﷺ) أزهر اللون) واته : ☐ گەنم رەنگ ☐ سپی ☐ زۆر سپی
- خۆشترین بۆنی خۆش : ☐ میسکە ☐ ئارەقەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)
- پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوارشانە بوو واتە: ☐ بەژن و بالآی ناوەند بوو
  ☐ بەژن وبالآی درێژ بوو
- مۆری پێغەمبەرایەتی : لە نێو شانیدا بوو ☐ لە شێوەی جەستەی دەچوو ☐
  وەکو هێلکەی کۆتر بوو هەمووی ☐

خوای گەورە	بەنی هاشیم	ئیسماعیل	کەنانە	قورەیش
کەنانەی هەڵبژاردووە لە :		☐	☐	☐
وە قورەیشی هەڵبژاردووە لە :		☐	☐	☐
وە بەنی هاشیم لە :		☐	☐	☐
وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە :		☐	☐	☐

رەچەڵەکی (ﷺ)	ناوی	ناو باوکی	باپیری	باوک باپیری	باپیری گەورە	پێش باپیری گەورە
هاشم	☐	☐	☐	☐	☐	☐
عەبدولموتەلیب	☐	☐	☐	☐	☐	☐
عەبدوڵا	☐	☐	☐	☐	☐	☐
موحەممەد (ﷺ)	☐	☐	☐	☐	☐	☐
ئیسماعیل	☐	☐	☐	☐	☐	☐
ئیبراهیم	☐	☐	☐	☐	☐	☐

هەر ناوەی بۆ لای ماناکەی خۆی راکێشە:	موحەممەد	ئەحمەد	ئەلعاقیب	ئەلسیراج
لە هەموو کەس زیاتر سوپاسگوزاری پەروەردگاری خۆی بووە	☐	☐	☐	☐
ئەوەی روناکی دەبەخشێت بە بێ سوتان	☐	☐	☐	☐
خاوەنی زۆرێك لە ئاکاری جوان کە سوپاسگوزاری دەبوون	☐	☐	☐	☐
هیچ پێغەمبەرێك لە پاش ئەو نییە ئەوەش وەکو ناوی (الخاتم)ە	☐	☐	☐	☐

پێغەمبەری خوا (ﷺ)	دەستی	بۆنی	مامەڵەکردنی	ڕەوشت و خولقەتی	ترسانی
باشترین کەس بوو لە	☐	☐	☐	☐	☐
نەرمونیانترین کەس بوو لە	☐	☐	☐	☐	☐
بۆنخۆشترین کەس بوو لە	☐	☐	☐	☐	☐
چاکترین کەس بوو لە	☐	☐	☐	☐	☐
توندترین کەس بوو لە	☐	☐	☐	☐	☐

پێغەمبەری خوا (ﷺ)	بۆ خوا	خواردنێك	بۆ خۆی	صەدەقە	دیاری
تۆڵەی نەدەسەند	☐	☐	☐	☐	☐
تۆڵەی دەسەند	☐	☐	☐	☐	☐
عەیبداری نەدەکرد	☐	☐	☐	☐	☐
وەریدەگرت و پاداشتی لەسەر دەدایەوە	☐	☐	☐	☐	☐
وەری نەدەگرت	☐	☐	☐	☐	☐

ڕێباز و بەرنامەکەی لە پۆشاك و خواردن و خواردنەوەدا (ﷺ):

خۆشەویسترین ڕەنگ لە لای:

خۆشەویسترین ڕەنگ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەنگی سپی بووە، فەرمویەتی: ((هِيَ مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ فَالْبَسُوهَا وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ)) واتە: ڕەنگی سپی لە باشترین پۆشاکەکانتانە، بۆیە لەبەری بکەن و مردووەکانتانی پێ کفن بکەن)).

پۆشاکەکەی:

هەر پۆشاك و جلێکی بەردەست بوایە لەبەری دەکرد، هەندێ جار جلی سوف و هەندێ جار لۆکە، جارجاریش کەتان و هەر کات قەمیسەکەی –کراسەکەی– لەبەر بکردایە بە دەستی ڕاست دەستی پێ دەکرد.

نیوەندبوونی (ﷺ) لە جل و پۆشاکیدا:

هەندێ لەپێشینان وتویانە: (كَانُوا يَكْرَهُونَ الشُّهْرَتَيْنِ مِنَ الثِّيَابِ الْعَالِي وَالْمُنْخَفِضِ) واتە: پێشینان دوو جۆرە پۆشاکی ناوبانگیان پێ ناخۆش بووە، پۆشاکێکی زۆر بەرز و پۆشاکێکی زۆر نزم))، وە لە فەرمودەیەکی (ئیبن عومەر)ەوە هاتووە: ((مَنْ لَبِسَ ثَوْبَ شُهْرَةٍ أَلْبَسَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَوْبَ مَذَلَّةٍ ثُمَّ تَلَهَّبُ فِيهِ النَّارُ)) واتە: هەرکەسێك پۆشاکی ناوبانگی لەبەر بکات ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا پۆشاکی زەلیلی دەکاتە بەری و ئەمجار بە گڕی ئاگر دەیسوتێنێ))، چونکە مەبەستی لێی خۆبەزل زانی و

ڕێباز و بەرنامەکەی لە پۆشاک و خواردن و خواردنەوەدا (ﷺ):

ڕێوەندبوونی (ﷺ) لە جل و پۆشاکیدا:

شانازی کردن بووە بۆیە خوای گەورە سزای داوە، هەروەها لە (ئیبن عومەر)ەوە هاتووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلَاءَ لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) واتە: هەرکەسێك پۆشاکەکەی درێژ کردبێتەوە لەبەر فیزلی ئەوا خوای گەورە تەماشای ناکات لە رۆژی قیامەتدا)).

خواردنی (ﷺ):

ئەوەی هەبوایە نەیدەگێڕایەوە و هەرچیش لەبەردەست نەبوایە داوای نەدەکرد، وە هیچ خواردنێك لە پاك و حەڵاڵەکان نەبووە ئەگەر لێی نزیك کرابێتەوە ئیللا خواردوویەتی، ئیللا مەگەر حەزی لێی نەبوایە ئەوا وازی لێی دەهێنا و بە بێ ئەوەی بە حەرامی بزانێت، دایکە عائیشە دەفەرموێت: (وما عاب طعاما قط، إن اشتهاه أكله وإلا تركهُ) واتە: هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ خواردنێکی عەیبدار نەدەکرد، ئەگەر حەزی لێ بوایە ئەوا دەیخواردو ئەگەر نا ئەوا وازی لێ دەهێنا) هەروەکو چۆن گۆشتی بزنمژۆکی نەخوارد چونکە پێی ڕانەهاتبوو).

خواردنی (ﷺ):

- زۆرینەی خواردنی لەسەر زەوی لە سەر سفرەیەك دادەنرا.
- وە بە سێ پەنجەکەی نانی دەخوارد.
- وە بە پاڵکەوتنەوە نانی نەدەخوارد.
- وە لە سەرەتای خواردنیدا ناوی خوای دەهێنا، وە لە کۆتاییشدا سوپاسی خوای دەکرد.
- وە کە لە خواردنەکەی دەبوبەوە پەنجەکانی دەلێسایەوە.

ڕێباز و بەرنامەکەی لە پۆشاک و خواردن و خواردنەوەدا (ﷺ):

خواردنەوەی (ﷺ):

- زۆربەی خواردنەوەکانی بەدانیشتنەوە بووە، بەڵکو قەدەغەی خواردنەوەی بەپێوە کردووەو لێی ڕێگر بووە، وە دروستە بە پێوە بخورێتەوە لەبەر عوزر و بیانوویەك کە ڕێگر بێت لە دانیشتن.
- ئەگەر خواردنەوەیەکی بخواردایە ئەوا پاش خۆی دەیدایە ئەو کەسەی بە لای ڕاستیەوە بوایە، هەرچەندە ئەو کەسەی لای چەپی گەورەتر بوایە.

ڕێبازەکەی (ﷺ) لە هاوسەرگیری و ڕەفتاری لە گەڵ خێزانەکانیدا:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُمْ: النِّسَاءُ وَالطِّيبُ، وَجُعِلَتْ قُرَّةُ عَيْنِي فِي الصَّلَاةِ)) واتە: لە دونیاکەتاندا سێ شتم لا خۆشەویست کراوە: ئافرەتان و بۆنی خۆش و بیلبیلەی چاوم لە نوێژەکاندایە).

وە لە مانەوە و خەرجی و بژێویدا ئەوا بە یەکسانی لە نێوانیاندا دابەشی کردبوو.

دایکە عائیشە دەفەرموێت: ((وَكَانَ إِذَا أَرَادَ سَفَرًا أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ، فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا مَعَهُ، وَلَمْ يَقْضِ لِلْبَوَاقِي شَيْئًا)) واتە: ئەگەر بیویستایە سەفەر بکات ئەوا لە نێوان خێزانەکانیدا تیروپشکی دەکرد، جا ئەگەر ناوی هەرکەسێکیان دەرچوایە ئەوەیان لە گەڵیدا سەفەری دەکرد، وە بۆ ئەوانی تر قەرەبووی نەدەکردەوە)).

وە هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوسەرەکانیدا بە ڕەفتاری باش و ڕەوشتی جوان بووە.

ڕێبازەکەی (ﷺ) لە هاوسەرگیری و ڕەفتاری لە گەڵ خێزانەکانیدا :

وە کچۆڵەی ئەنصارەکانی دەهێنا بۆ لای دایکە عائیشە تاوەکو یاری لە گەڵ بکەن، وە ئەگەر شتێکی بویستایە و حەرام نەبوایە ئەوا بۆی دابین دەکرد .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری دەخستە سەر کۆشی دایکە عائیشە و قورئانی دەخوێند و ڕەنگە دایکە عائیشە لەسوڕی مانگانەشدا بوایە، وە ئەگەر لە سوڕی مانگانەدا بوایە جاری وابوو فەرمانی پێ دەکرد نێوان ناوکی بۆ ئەژنۆی دابپۆشێت، پاشان گەمەو کاری خۆی لەگەڵدا دەکرد.

وە جاری وابوو ماچی دایکە عائیشەی دەکرد لەکاتێکدا بە ڕۆژوو بوو.

وە هێندە نەرمونیان و ڕەفتارچاك بووە، لەگەڵ خێزانەکەیدا یاری دەکرد، و دووجار لە سەفەریدا بە پێ پێشبڕکێی لەگەڵ کردووە، وجارێکیان لەکاتی دەرچونیان لەماڵ پاڵیان بەیەکەوە دەنا.

وە ئەگەر سەفەری بکردایە و بگەڕایەتەوە ئەوا بە شەو لە دەرگای نەدەدا، وە نەهی لەو کارە دەکرد .

هەستان لە خەو :

ئەگەر هەموو شەوێك بچوایەتە سەر جێگەکەی بە مەبەستی نوستن دەیفەرموو : ((بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَحْيَا وَأَمُوتُ)) : (ئەی خودایە .. بە ناوی تۆوە دەژیمو دەمرم). ((وَكَانَ إِذَا أَوَى إِلَى فِرَاشِهِ كُلَّ لَيْلَةٍ جَمَعَ كَفَّيْهِ، ثُمَّ نَفَثَ فِيهِمَا فَقَرَأَ فِيهِمَا: ﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ و﴿ قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ﴾ و﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ ثُمَّ يَمْسَحُ بِهِمَا مَا اسْتَطَاعَ مِنْ جَسَدِهِ، يَبْدَأُ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ وَوَجْهِهِ وَمَا أَقْبَلَ مِنْ جَسَدِهِ يَفْعَلُ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ» واتە : ئەگەر هەموو شەوێك بچوایەتە سەر جێگەکەی

هەستان لە خەو:

ئەوا هەردوو دەستی کۆ دەکردەوەو ئەمجار فووی پیادەکردنو ئەم سورەتانەی دەخوێندەوە: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ﴾ و﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ﴾ و﴿ قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ﴾ ئەمجار ئەوەی لە توانایدا بوایە جەستەی خۆی پێ دەسڕین، سەرەتا لە سەرو دەموچاوو پێشەوەی جەستەی دەستی پێدەکرد، ئەم کارەی سێ جار ئەنجام دەدا) و «كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْقُدَ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى تَحْتَ خَدِّهِ، ثُمَّ يَقُولُ: اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ عِبَادَكَ ثَلَاثَ مِرَارٍ» واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر بیوستایە بخەوتایە ئەوا دەستی راستی دەخستە ژێر گۆنای (کولّمی) و دەیفەرموو: ئەی خودایە.. لە سزاکەت بمپارێزە لەو رۆژەی کە بەندەکانتی تێدا زیندوو دەکەیتەوە) سێ جار، ((وَكَانَ إِذَا انْتَبَهَ مِنْ نَوْمِهِ قَالَ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَ مَا أَمَاتَنَا وَإِلَيْهِ النُّشُورُ»، ثُمَّ يَتَسَوَّكُ)) واتە : وە ئەگەر لە خەو هەستایە دەیفەرموو : ((سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خوای کە زیندووی کردینەوە لە پاش ئەوەی مراندنی(واتە : خەوتن)و زیندووبونەوەش هەر بۆ لای ئەوە)) ئەمجار سیواکی بە دەمی خۆیدا دەهێنا)).

سەرەتای شەو ئەخەوت و کۆتاییەکی هەڵئەستا، وە ڕەنگە سەرەتاکەی بەخەبەر بمایەتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی موسڵمانانداو.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوەکانی دەخەوت بەڵام دڵی نەدەخەوت.

وە ئەگەر بخەوتایە کەس بەخەبەری نەدەهێنایەوە تاکو خۆی بەخەبەر دەهات، خەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێکوپێکترین خەو بووە، و بەسوودترین خەویش بووە.

وە هەندێ جار گاڵتەی دەکرد و لە گاڵتەکردنەکەیدا حەق و ڕاستی دەگوت.

وە جاری وابوو تەوریپەی دەکرد و لە تەوریەکەیدا لە حەق زیاتر هیچی تری نەدەگوت .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی بە خەڵکی دەکرد و خەڵکیش پرسیان پێی دەکرد.

وە سەردانی نەخۆشی دەکرد و شوێنی جەنازە دەکەوت و وڵامی دەعوەتی دەدایەوە و پێداویستی بێوەژن و هەژار و لاوازی دابین دەکرد و لە گەڵ ئەواندا ڕێی دەکرد.

گوێی لە پیاهەڵنانی شیعر بووە و پاداشتی لەسەر داوەتەوە و ئەو شتانەی کەپێی مەدح کراوە بەشێکی کەمە لە صیفاتە جوان و ئاکارە بەرزەکانی، بەڵام مەدحی خەڵکانی تر ئەوا زۆربەی درۆیە.

بەدەستی خۆی نەعلەکەی دەدوریپەوە و هەرخۆی جلەکانی خۆی پینە دەکرد، سەتڵەکەشی پینە دەکرد و مەڕەکەی دەدۆشی و جلەکانی ڕێك دەخست و خزمەتی خۆی و خانەوادەکەی دەکرد، وە لە گەڵیاندا خشتی هەڵدەگەرت بۆ دروستکردنی مزگەوت.

جاروبار لەبرساندا بەردی دەبەستە سکییەوە، وە جاروباریش تێر دەبوو.

چووە بۆ میوانی و میوانیشی هاتووە .

لەناوەڕاستی سەری و پشتی پێی کەڵەشاخی کردووە، هەروەها لای ملی و سەرشانی .

چارەسەری دەکرد و داخی بۆ کەسانی تر کردووە بەڵام خۆی داخ نەکردووە، ڕوقیەی کردووە بەڵام داوای نەدەکرد روقیەی بۆ بکەن، وە کەسی نەخۆشی پاراستووە لەوەی ئازاری داوە.

لە مامەڵەکردندا باشترین کەس بووە، وە ئەگەر قەرزێکی بکردایە ئەوا لەوە باشتری دەگەڕاندەوە.

ڕێبازەکەی (ﷺ)ـە ڕێکردندا :	خێراترین و باشترین و ڕێکترین کەس بووە لەڕێکردندا. لە هاوەڵانی خێراتر بووە وە بۆ گەیشتن پێی ماندوو دەبوون . وە هەندێ جار بەپێی پەتی ڕێی دەکرد و هەندێ جار بەنەعلەوە. وە هاوەڵانی لەپێشیەوە ڕێیان دەکرد و ئەویش لەدوایانەوە دەڕۆیشت . بەتاك و بەکۆ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا ڕێی دەکرد .
ڕێبازەکەی (ﷺ) لە زیکرکردندا :	تەواوترین کەس بووە لەزیکرکردنی خوادا، بەڵکو هەموو قسەکانی زیکری خوا و ئەوەی ئەو پێی خۆش بووە . وە لەکاتی هەستانی لەخەو زیکری خوای دەکرد و لەکاتی دەستپێکردنی نوێژ و کاتێك لەماڵەکەی دەردەچوو و کاتێك دەچووە ناو مزگەوتەوە و لەبەیانیان و ئێواراندا، وە لەکاتی پۆشینی جلوبەرگ و کاتێك دەچووە ماڵەوە و کاتێك لێی دەردەچوو، وە لە کاتی چوونە سەر ئاو و لەپێش و پاشی دەستنوێژ و کاتێك گوێی لە بانگ دەبوو، وە لەکاتی بینینی سەرەتای مانگدا و لەپێش و پاش خواردن و لەکاتی پژمیندا ...
سوننەتەکانی فیترەت و پاشکۆکانی:	**ژمارەی سوننەتەکان** پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ» ونسي الراوي العاشر) واتە : دە ئاکار هەن لەفیترەتن: بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و ریش هێشتنەوە و سیواك و ئاو هەڵدانە دەم و لووت و نینۆك کردن و شوشتنی گرێی پەنجەکان و لادانی توکی بن باڵ و بەرتاشین و خۆپاککردنەوە بە ئاو) وە ڕاوی فەرموودەکە دەیەم دانەی لە بیر چووە).

سوننەتەکانی فیترەت و پاشکۆکانی :		
	ڕاست ڕەوی (ﷺ) :	ڕاست پۆشینی پێخۆش بووە، لە پیلاو لە پێکردن و سەرشانەکردن و خۆ خاوێنکردنەوە و وەرگرتن و بەخشیندا، وە دەستی ڕاستی بەکارهێناوە بۆ خواردن و خواردنەوە و خۆ خاوێنکردنەوە، وە چەپیشی بۆ سەرئاوکردن و نمونەی ئەوانە لە لابردنی پیسی .
	سەرتاشین	ڕێبازی لە سەرتاشیندا وابووە، یان هەمووی لادەبرد یان هەمووی دەهێشتەوە.
	سیواک :	حەزی لە سیواککردن بووە، چ بەڕۆژوو بوایە یان نا سیواکی هەر دەکرد، وە لەکاتی لەخەو هەستانیشیدا سیواکی دەکرد و لەکاتی دەستنوێژدا و لەکاتی نوێژدا و کاتی چوونە ماڵەوەی، وە بە داری ئاراك سیواکی دەکرد.
	بۆنخۆشی :	بۆنی خۆشی زۆر لەخۆی دەدا و حەزی لەبۆنی خۆش بووە.
	سمێڵ و ڕیش :	پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : «خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ وَوَفِّرُوا اللِّحَى وَأَحْفُوا الشَّوَارِبَ» واتە : لە گەڵ موشریکەکاندا جیاواز بن، ئێوە ریش بهێڵنەوە و سمێلتان کورت بکەنەوە)
	دیاری کردنی کاتەکەی :	ئەنەس دەفەرموێت : ((وَقَّتَ لَنَا النَّبِيُّ (ﷺ) فِي قَصِّ الشَّارِبِ وَتَقْلِيمِ الْأَظْفَارِ أَلَّا نَتْرُكَ أَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِينَ يَوْمًا وَلَيْلَةً)) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی بۆ دیاری کردین بۆ بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و نینۆك کردن کە لە چل شەو و ڕۆژ زیاتر نەیهێڵینەوە) .

قسەکردنی (ﷺ) :

عائیشە فەرمویەتی : ((مَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَسْرُدُ سَرْدَكُمْ هَذَا، وَلَكِنْ كَانَ يَتَكَلَّمُ بِكَلَامٍ بَيِّنٍ فَصْلٍ يَحْفَظُهُ مَنْ جَلَسَ إِلَيْهِ)) **واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەکو ئێوە قسەی بە پەلەو بە دوای یەکدا نەدەکرد، بەڵکو بە شێوەیەك قسەی دەکرد روون و ئاشکرا بوو و بەشەکانی لە یەك جیا بوون، هەرکەسێك لای دانیشتایە دەیتوانی لەبەری بکات)**

زۆرجار سێ جار قسەکەی دووبارە دەکردەوە تاکو بەباشی لێی تێبگەن، وە ئەگەر سەلامی بکردایە سێجار سەلامی دەکرد.

وە ئەگەر پێویست نەبوایە قسەی نەدەکرد (واتە : بە پێی پێویست قسەی دەکرد)، وە بە شێوەی کۆکەرەوەی قسەکان قسەی دەکرد (جوامع الكلم) (واتە : قسەیەکی کەم بۆ مانایەکی زۆر) .

هەر شتێك پەیوەندی بە ئەوەوە نەبوایە قسەی تێدا نەدەکرد، وە تەنها لەو باسانەدا قسەی دەکرد کە ئومێدی پاداشتی لێ هەبوایە.

بە هیچ شێوەیەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەسێکی بەدگۆ و زمانپیس و دەنگ بەرز نەبووە.

ڕێبازەکەی لە قسەکردن و پێکەنین و گریان و وتارەکانیدا:

پێکەنینی (ﷺ):

هەموو پێکەنینەکەی زەردەخەنە بووە، وە ئەوپەڕی پێکەنینی ئەوە بووە کە ددانەکانی دەردەکەوت.

گریانی (ﷺ):

بە هەنیسک و دەنگی بەرزەوە نەدەگریا، بەڵکو چاوەکانی پڕ فرمێسک دەبوون تاکو دەکەوتنە ڕێ، وە لە سینگیەوە وەکو دەنگی ویزەویزی ئاوی کوڵاوی لێ دەبیسترا.

گریانەکەی هەندێ جار بە هۆی بەزەیی هاتنەوە بوو بۆ مردوویەك، وە هەندێ جاریش لە ترسی ئەوەی تووشی ئومەتەکەی ببێت و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، وە هەندێ جاریش لەترسی خوادا و هەندێ جاریش لەکاتی بیستنی قورئاندا.

وتارەکانی (ﷺ):

لەسەر زەوی و مینبەر و وشتر وتاری داوە.

جابر فەرمویەتی : ((وَكَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) إِذَا خَطَبَ احْمَرَّتْ عَيْنَاهُ وَعَلَا صَوْتُهُ وَاشْتَدَّ غَضَبُهُ، حَتَّى كَأَنَّهُ مُنْذِرُ جَيْشٍ)) **واتە** : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر وتاری بدایە چاوەکانی سوور دەبوەوە و دەنگی بەرز دەکردەوە و تووڕە بوونەکەی توند دەبوو، هەروەکو ئەوەی ڕاگەێنەری سوپا بێت).

هیچ وتارێکی نەدەدا ئیللا بە سوپاس وستایشی خودا دەستی پێ دەکرد.

لە هەموو کاتێکدا وتاری دەدا بەپێی پێویست و بەرژەوەندی گوێگران.

تاقیکردنەوەی دووەم

پرسیار:	ڕاست	هەڵە
• هەرکات کراسەکەی لەبەر بکردایە بە لای ڕاست دەستی پێ دەکرد.	☐	☐
• زۆربەی خواردنی لەسەر زەوی لە سەر سفرەیەك دادەنرا هەر ئەوەش خوانەکەی بووە.	☐	☐
• و ئەگەر سەفەری بکردایە و بگەڕایەتەوە بە شەو لە دەرگای ماڵەوەی نەدەدا و نەهی لەو کارە دەکرد.	☐	☐
• جاروبار لەبرساندا بەردی دەبەستە سکییەوە، وە جاروباریش تێر دەبوو.	☐	☐
• چارەسەری دەکرد و داخی دەکرد و خۆی داخ نەدەکرد و روقیەی دەکرد و داوای لە کەس نەدەکرد روقیەی بۆ بکەن .	☐	☐
• هیچ کارێکی نەدەکرد لەو کارانەی ئەو جۆرە کەسانەی کە وەسواسیان هەیە دەیکەن وەکو : بە تۆندی زەکەری خۆی ڕاکێشێ و کۆکە و ئهم ئهمی زۆر و بازدان و گرتنی پەت و چوونە سەر پلیکانە و لۆکە بخاتە ناو زەکەری خۆی و ئاو بکاتە سەریدا و هەر جارە نە جارێك چاودێری بکات و تەماشای بکات و لە نمونەی ئەو بیدعانەی کە ئەوانە دەیکەن کە توشی وەسوەسە هاتوون.	☐	☐

- خۆشەویسترین ڕەنگ لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ ڕەنگێك بوو؟

  سپی ☐ ڕەش ☐ هەر ڕەنگێکی بۆ ڕێککەوتایە ☐

- جلەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : سوڕی نەدەپۆشی ☐ لۆکە و کەتان دەپۆشی ☐

  هەر جلێك بەردەست بووایە دەیپۆشی☐ تەنها یەکەم و دووەم.☐

- جلەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : جلە گرانبەهاکان بوو ☐

  جلە هەرزانەکان لەبەر زوهد و دونیا نەویستی ☐ نێوەند. ☐

- ناوی خودای دەهێنا و حەمد وسەنای دەکرد: لەسەرەتای خواردنەکەیدا ☐

  لەکۆتاییەکەیدا ☐ لەسەرەتا و کۆتاییەکەیدا. ☐

- زۆربەی خواردنەوەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : بەدانیشتنەوە بوو ☐

  بە پێوە بوو ☐ هەموویان ☐

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (حُبِّبَ إِلَيَّ مِنْ دُنْيَاكُمْ) : ئافرەت ☐

  بۆنی خۆش ☐ هەموویان ☐

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (بیلبیلەی چاوەکانم.... :

  بەهەشتە ☐ نوێژە ☐ هەموویان ☐

- ژیانی لەگەڵ هاوسەرەکانی بریتی بووە لە :

  جوان مامەڵەکردن ☐ رەوشت جوانی ☐ هەموویان ☐

- ئەنەس فەرمویەتی : ((پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی بۆ دیاری کردین بۆ بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و نینۆك کردن کە لە ..... شەو و رۆژ زیاتر نەیهێڵینەوە)) :

  سی ☐ چل ☐ پەنجا ☐

- ڕێبازەکەی لە سەرتاشین بریتی بووە لە : ☐ هەندێکی دەتاشی و هەندێکی دەهێڵایەوە

  ☐ هەمووی لادەبات یان هەمووی دەهێڵێتەوە

- حەزی لە سیواك کردن بووە، و سیواکی دەکرد : کاتێ بەڕۆژوو دەبوو ☐

  کاتێ بەڕۆژوو نەدەبوو ☐ هەردوکیان ☐

- پێکەنینەکەی : هەمووی زەردەخەنە بووە ☐ زۆربەی زەردەخەنە بووە ☐

- نێردراوە بۆ : هەموو خەڵکی ☐ جنۆکە و مرۆڤ. ☐

- باشترین کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە رەهایی :

  فاتیمە ☐ زەینەب ☐ هەموویان ☐

- جگە لێفەی ئەو وەحی لەلێفەی هیچ ئافرەتێکی تردا بۆ دانەبەزیوە :

  حەفصە ☐ ئوم سەلەمە ☐ عائیشە ☐

پێغەمبەری خوا (ﷺ)	جەنازە	دەعوەتی	بێوەژن و هەژار و کەسی لاواز لە کاتی پێویستیدا	نەخۆش
سەردانی کێی دەکرد؟	☐	☐	☐	☐
ئامادەی چی دەبوو ؟	☐	☐	☐	☐
وەڵامی کێی دەدایەوە ؟	☐	☐	☐	☐
لە گەڵ کێدا دەڕۆیشت؟	☐	☐	☐	☐

لە کردارەکانی (ﷺ)	مەڕەکەی	خشت لە دروستکردنی مزگەوتەکەدا	کراسەکەی بەدەستی خۆی	پێڵاو و نەعلەکەی بە دەستی خۆی	خۆی و کەس و کارەکەی
دەیدورانەوە	☐	☐	☐	☐	☐
پینەی دەکرد	☐	☐	☐	☐	☐
دەیدۆشی	☐	☐	☐	☐	☐
خزمەتی دەکرد	☐	☐	☐	☐	☐
هەڵی دەگرت	☐	☐	☐	☐	☐

ئەو کارانەی لە فیترەتن	نینۆکەکان	مووی بنباڵ	بەر	ریش (ردێن)	سمێل
کورتکردنەوەی	☐	☐	☐	☐	☐
هێشتنەوەی	☐	☐	☐	☐	☐
قرتاندنی	☐	☐	☐	☐	☐
هەڵکێشانی	☐	☐	☐	☐	☐
تاشینی	☐	☐	☐	☐	☐

رێبازەکەی لە خواردندا	بزر	ئیللا	دەیخوارد	وازی لێ دەهێنا بەبێ ئەوەی حەرامی بکات	هەبێت
نایگێڕێتەوە	☐	☐	☐	☐	☐
تەکلیفی نەدەکرد	☐	☐	☐	☐	☐
شتێکی خۆشی لێ نزیك بکرایەتەوە	☐	☐	☐	☐	☐
ئیللا مەگەر نەفسی بۆی نەچێت	☐	☐	☐	☐	☐

له ئاکارەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)	ئەگەر لێ بوایەتەوە	خواردنێك	بەیەك پەنجە بە پێنج پەنجە وە دووری دەخستەوە بە لەپی (ناو دەستی)	سێ پەنجە
بە پەنجەکانی دیخوارد	☐	☐	☐	☐
دەیلێسایەوە	☐	☐	☐	☐
ئەو شەریفترین کەس بوو کە	☐	☐	☐	☐
کەسی فیززل دەخوات	☐	☐	☐	☐
کەسی تەماحکار دەخوات	☐	☐	☐	☐

لە تایبەتمەندییەکانی (ﷺ)	نێردراوە بە هەنیفییەی میهرەبانی :
	(ئیبنولقەییم) فەرمویەتی : (دوو ئاکاری لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە کە ئەوانیش (حەنیفییە) و (میهرەبانی) یە، جا ئەو (حەنیفییە)یە لە تەوحیددا و (میهرەبانی)یە لە رەوشت و ئەخلاقدا، وە دژی ئەو دوو ئاکارە : شیرك و حەرامکردنی حەلاڵە).
	بۆ مرۆڤ و جنۆکە ڕەوانە کراوە :
	پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (كان النبي (ﷺ) يُبعث في قومه خاصة وبعثتُ الى الناس كافة) واتە : هەموو پێغەمبەرێك نێردراوە بۆ لای گەلەکەی خۆی بە تایبەتی وە من نێردراوم بۆ هەموو خەڵکی)) .
	کتێب و بانگەوازەکەی :
	خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿الٓرۚ كِتَٰبٌ أَنزَلۡنَٰهُ إِلَيۡكَ لِتُخۡرِجَ ٱلنَّاسَ مِنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ بِإِذۡنِ رَبِّهِمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَمِيدِ ١﴾ إبراهيم
	ئایەتەکانی :
	گەورەترین ئایەتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانی پیرۆزە، وە هیچ ئایەتێك نییە کە بۆ پێغەمبەرێکی پێش خۆی هاتبێت ئیللا ئەم بەشێکی لێ بەرکەوتووە.

لە تایبەتمەندییەکانی (ﷺ)

خۆشویستنی ئەو بەشێکە لە دین :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (لا يؤمن أحدكم حتى أكون أحب إليه من ولده ووالده والناس أجمعين) واتە : هیچ یەکێك لە ئێوە ئیمانی کامل نابێت تاوەکو منی خۆشتر نەوێت لە کوڕەکەی و لە باوکی و لە هەموو خەڵکی) .

حوکمی ئەو کەسانەی ڕقیان لە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) : کافرە بە کوفری گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ۝٣﴾ الكوثر.

خەلیلی خوایە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((فإن الله قد اتخذني خليلا كما اتخذ ابراهيم خليلا) واتە: خوای گەورە منی بە خەلیلی خۆی داناوە هەروەکو چۆن ئیبراهیمی بە خەلیلی خۆی داناوە)). (خەلیل : بریتییە لە بەرزترین پلەی خۆشەویستی).

یەکێکە لە (أولی العزم) :

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِذْ أَخَذْنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمْ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٍ وَإِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ۖ﴾ الأحزاب.

زانستەکەی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (أما إني أعلمكم بالله) واتە : بە دڵنیاییەوە من لە هەمووتان زاناترم دەربارەی خوای گەورە)) وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمْ عِندِى خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعْلَمُ ٱلْغَيْبَ وَلَآ أَقُولُ لَكُمْ إِنِّى مَلَكٌ ۖ﴾ الأنعام

حوکمی ئەوانەی گوێڕایەڵی دەبن و ئەوانەی سەرپێچی دەکەن :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِى يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ آل عمران **هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:** ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ ﴾ آل عمران

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (كلكم يدخل الجنة إلا من أبى . قالوا: ومن يأبى يا رسول الله ؟ قال : من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى) **واتە: هەموتان دەچنە بەهەشتەوە ئیللا کەسێك نەبێت خۆی نایەوێ.. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کێ بەهەشتی ناوێ؟ فەرمووی: کێ گوێڕایەڵیم بکات ئەوا دەچێتە بەهەشتەوەو کێ سەرپێچی فەرمانەکانم بکات ئەوا خۆی بەهەشتی ناوێ).**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (جعل الذلة والصغار على من خالف أمري) **واتە : زەلیلی و بچووکی دراوەتە ئەو کەسانەی سەرپێچی فەرمانەکانم دەکەن))**

ئومەتەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۗ ﴾ ال عمران) . **پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((والذي نفسي بيده إني لأطمع أن تكونوا شطر أهل الجنة)). **واتە : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بە دەستە من خوازیارم ئێوە نیوەی ئەهلی بەهەشت بن)) .**

لە تایبەتمەندییەکانی (ﷺ)

شارەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ):

شارەکەی شاری مەککە بوو، خوای گەورە فەرمویەتی :
﴿إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ ﴿٩٦﴾ فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ ۖ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا ۗ وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ۚ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ ﴿٩٧﴾﴾ (آل عمران)
وە مەککە شارێکە کوشتاری تێدا حەرامە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ هَذَا الْبَلَدَ حَرَّمَهُ اللهُ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللهِ)).واتە : بێگومان ئەم شارە خوای گەورە حەرامی کردووە لەو رۆژەوەی کە زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووە، وە حەرامە چونکە خوای گەورە خۆی حەرامی کردووە)، وە مەککە شاری موسڵمانانە تاکو قیامەت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لا هِجْرَةَ بَعْدَ الفَتْحِ)) واتە : کۆچ کردن نییە لەپاش فەتحی مەککە – واتە : لە مەککەوە بۆ مەدینە–)).

قیبلەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

قیبلەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرەو کەعبەیە، و پێش ئەوە بەرەو (بيت المقدس) بووە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ ۗ﴾ البقرة)، وە مزگەوتی حەرامیش یەکەم مزگەوتە لەسەر زەوی دروست کرابێت، (ئەبو زەر) فەرموویەتی :

قیبلەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

((سألتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) عن أول مَسْجِدٍ وُضِعَ فِي الأَرْضِ فقَالَ: الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ)) **واتە : پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد یەکەم مزگەوت لەسەر زەویدا دروست کرابێت کام مزگەوتە، فەرمووی : مزگەوتی حەرام)**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ أتى هَذَا الْبَيْتَ فَلَمْ يَرْفُثْ ، وَلَمْ يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمَ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)) **واتە : هەرکەسێك هات بۆ سەردانی ئەم مزگەوتە و نەچووە لای خێزانییەوە و سنووری شەرعی نەبەزاند کە گەڕایەوە ئەوا دەگەڕێتەوە هەروەکو ئەو رۆژەی لە دایك بووە).**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((صَلاَةٌ فِي المسْجِدِ الحَرَامِ مائَةُ أَلْفِ صَلاَةٍ وَصَلاَةٌ فِي مَسْجِدِي أَلْفُ صَلاَةٍ وَفِي بَيْتِ المقْدِسِ خَمْسُمَائَةِ صَلاَةٍ)) **واتە : تەنها نوێژێك لە مزگەوتی حەرام بەرانبەر بە سەد هەزار نوێژە و تەنها نوێژێك لە مزگەوتەکەی من بەرانبەر بە هەزار نوێژە و لە (بیت المقدس) بەرانبەر بە پێنج سەد نوێژە).**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لَا تُشدُّ الرّحال إِلَّا إِلَى ثَلَاثَة مَسَاجِد : مَسْجِد الْحَرَام ، وَمَسْجِدي ، وَمَسْجِد الْأَقْصَى) **واتە : کۆچ و بار ئامادە ناکرێت ئیللا بۆ سێ مزگەوت نەبێت : مزگەوتی حەرام و مزگەوتەکەی من و مزگەوتی ئەلئەقصا).**

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا أَتَيْتُمْ الْغَائِطَ، فَلا تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ, وَلا تَسْتَدْبِرُوهَا، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا)) **واتە: ئەگەر چوونە سەرئاو ڕوو مەکەنە قیبلەو پشتیشی تێ مەکەن بەڵکو ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا)).**

هاوسەر و کەسە نزیکەکانی:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەوت منداڵی بووە : سێ کوڕ و چوار کچ :

١- ئەلقاسم، پێغەمبەری خوا(ﷺ) کونییەی بە ناوی ئەمەوە بووە (ئەبو لقاسیم).

٢- زەینەب.

٣- روقیە.

٤- ئوم کەلسوم.

٥- فاتیمە.

٦- عەبدوڵا، وە نازناوی (ئەلتەییب) و (ئەلتاهیر) بووە.

٧- ئیبراهیم، ئەویش کوڕی (ماریەی ئەلقیبتییە) بووە، کەنیزەکێکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، وە ئەو دوای منداڵەکانی تر لە خەدیجەیە، لە هیچ هاوسەرێکی تری جگە لە ئەو منداڵی نەبووە.

هەموو منداڵەکانی لە پێش خۆی وەفاتیان کرد تەنها (فاتیمە) نەبێت، ئەو لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە شەش مانگ کۆچی دوایی کرد، وە لەبەر ئارامگرتن و چاوەڕوانی پاداشت لە خواوە، خوای گەورە پلەو پایەی بەرز کردەوە بە سەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا، وە (فاتیمە) باشترین کچی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) بە رەهایی.

وە هەموو کچەکانی گەیشتن بە سەردەمی ئیسلام و هەموویان موسڵمان بوون و لە گەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کۆچیان کرد .

مامەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، یازدە مامەی هەبووە:

١- حەمزە بە (سید الشهداء) ناسراو بوو.

٢- ئەلعەببباس.

٣- ئەبو تالیب، و ناوی (عەبدولمەناف) بووە.

٤- ئەبو لەهەب، و ناوی (عەبدولعوززا) بووە.

٥- ئەلزوبیر.

٦- عەبدولکەعبە.

٧- ئەلموقەویم.

٨- زیرار.

٩- قوسەم.

١٠- ئەلموغیرە، نازناوی (حجل) بووە.

١١- ئەلغەیداق، ناوی (موصعەب) بووە.

هیچ لەمامەکانی موسڵمان نەبوون جگە لە (حەمزە و ئەلعەببباس) نەبێت .

شەش پوورەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ):

١/ صەفیە، کە دایکی زوبێری کوڕی عەووامە.

٢/ ئوم حەکیمی ئەلبەیزا.

٣/ عاتیکە.

٤/ بەررە.

٥/ ئەروا.

٦/ ئومەیمە.

هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (حَجَرَ صَخْرٌ سَعْدَ):

حجر :

(**پیتی ح**) = (حەفصە)ی کچی (عومەر)ی کوڕی (ئەلخەتتاب).

(**پیتی ج**) = (جویریە)ی کچی (ئەلحاریس).

(**پیتی ز**) = (زەینەب)ی کچی (جەحش) + (زەینەب)ی کچی (خوزەیمە).

هاوسەرەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (حَجَرْ صَخْرْ سَمْعَهْ):	صخر : (**پیتی ص**) = (صەفییە)ی کچی (حویەی) کوڕی (ئەختەب). (**پیتی خ**) = (خەدیجە)ی کچی (خوەیلد). (**پیتی ر**) = ئوم حەبیبە (رەملە)ی کچی (ئەبو سوفیان).
	سمعة : (**پیتی س**) = (سەودە)ی کچی (زەمعە). (**پیتی م**) = (مەیمونە)ی کچی (ئەلحاریس). (**پیتی ع**) = (عائیشە)ی کچی (ئەبو بەکر). (**پیتی هـ**) = ئوم سەلەمە (هیند)ی کچی (ئەبو ئومەییە).
خەدیجە :	یەکەم هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) (خەدیجەی کچی خوەیلدی قورەیشی ئەسەدی) بووە، پێش پێغەمبەرایەتی هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە و ئەو کات خەدیجە تەمەنی چل ساڵ بوو، وە تاکو وەفاتی نەکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی بەسەردا نەهێنا، و هەموو منداڵەکان لە ئەوە جگە لە (ئیبراهیم)، وە خەدیجەش ئەو کەسەیە کە پشتیوانی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و جیهادی کرد لەگەڵیدا و بە نەفس و بەماڵ لەگەڵیدا بووە، و خودای گەورەش بە (جبریل)دا سەلامی بۆ ناردووە، و ئەمەش تایبەتە و نەزانراوە کەوا بۆ هیچ ئافرەتێکی تر بووبێت و سێ ساڵ پێش هیجرەت کۆچی دوایی کرد.
سەودە:	پاش مردنی خەدیجە بەچەند ڕۆژێك هاوسەرگیری لەگەڵ (سەودەی کچی زەمعەی قورەیشی) کرد، و ئەویش ئەو ئافرەتە بوو کە ڕۆژەکەی خۆی دا بە عائیشە.

عائیشە :

دوای (سەودە) پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەرگیری کرد لەگەڵ (ئوم عەبدوڵا عائیشە صدیقەی کچی صدیق)، ئەو کەسەی کە لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە پاککرایەوەو خوای گەورە بێ تاوانی سەلماند، خۆشەویستی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بووە, پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکات فریشتەیەك لە قوماشێکی ئاورێشمدا پیشانی دا و وتی : ((ئەمە خێزانتە))، لەمانگی شەوالدا هاوسەرگیری لەگەڵ کرد لە کاتێکدا تەمەنی شەش ساڵ بوو، وە گواستییەوە لە مانگی شەوالدا لە ساڵی یەکەمی هیجرەت کردنی و تەمەنی نۆ ساڵ بوو، وە جگە لە ئەو هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ کچێکی عازەب نەکردووە، وە جگە لە ئەو وەحی لە لێفەی هیچ ئافرەتێکی تردا دانەبەزیوە، وە خۆشەویسترین کەس بووە لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە پاکانەکەی لە ئاسمانەوە دابەزی، وە هەموو ئوممەت یەکدەنگن لەسەر ئەوەی ئەو کەسەی تۆمەتباری بکات بە زینا کافرە، وە زاناترین و فەقیهترین ئافرەتە، بەڵکو تێگەیشتوترین ئافرەتی ئەم ئوممەتەیە و لە هەموویان زاناترە بە رەهایی، وە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕانەوە بۆ قسەی ئەو و پرسیاریان لێ دەکرد و فەتوایان لە ئەوەوە وەردەگرت.

حەفصە :

پاشان هاوسەرگیری لەگەڵ (حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەتتاب) کرد، حەفصە لەگەڵ هاوسەری پێشوویدا (خونەیس کوڕی حوزافەی سەهمی) موسڵمان بوو بوو، وە لەگەڵ ئەودا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەمجار لە پاش غەزای ئوحود خونەیس وەفاتی کرد و پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەرگیری لەگەڵ حەفصە کرد.

زەینەبی کچی خوزەیمە :

پاشان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ زەینەبی کچی خوزەیمەی کوڕی حارسی قەیسی لە بەنی (هیلال ی کوڕی عامیر)، و بە دوو مانگ لە دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کرد کۆچی دوایی کرد، وە ئەویش ئەو کەسەیە کە نازناوی ئومولمەساکین (دایکی هەژاران)ـی هەبوو.

ئوم سەلەمە :

پاشان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ (ئوم سەلەمە هیندی کچی ئەبو ئومەیەی قورەیشی مەخزومی)، ئەبو ئومەیەش ناوی (حوزەیفە ی کوڕی موغیرە)یە، و ئەمیش دواهەمین خێزانی پێغەمبەرە (ﷺ) کە وەفاتی کردبێت، سالّی شەست و دووی کۆچی کۆچی دوایی کرد.

جوەیریە :

وە هاوسەرگیری کرد لەگەڵ (جوەیریەی کچی حاریسی کوڕی ئەبو زیراری موصتەلیقیە)، و یەکێك بوو لە کەنیزەکەکانی بەنی موستەلیق، هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە گرێبەستی ئازادکردنیدا، ئەویش هەموو پارەی گرێبەستەکەی دا و هاوسەرگیری لە گەڵ کرد.

زەینەبی کچی جەحش :

پاشان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش لەبەنی ئەسەدی کوڕی خوزەیمە، و کچی ئومەیمەی پوریەتی، ئەم ئایەتەش لەبارەی ئەمەوە دابەزیوە : ﴿ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا ﴾ الأحزاب: ٣٧﴾، بەوەش شانازی دەکرد بەسەر هاوسەرەکانی تری پێغەمبەردا (ﷺ) و دەیگوت : (زَوَّجَكُنَّ أَهَالِيكُنَّ وَزَوَّجَنِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مِنْ فَوْقِ سَبْعِ سَمَوَاتٍ) واتە : ئێوە کەس و کارتان بە شووی دان بەڵام من خوای گەورە لە سەرووی حەوت

زەینەبی کچی جەحش :

ئاسمانەکانەوە بە شووی دام))، و لەتایبەتمەندیەکانی ئەوەیە کە خودای گەورە خۆی وەلی بووە لەسەرووی ئاسمانەکانەوە دای بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە لەسەرەتای خیلافەتی (عومەر)دا کۆچی دوایی کرد، سەرەتا هاوسەری (زەیدی کوڕی حاریسە) بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەیدی گرتە خۆی و کردی بە کوڕی خۆی، کاتێ زەید تەلاقی دا خوای گەورە کردییە خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، بۆ ئەوەی ئوممەتەکەی چاوی لێ بکەن لە هاوسەرگیری لە گەلّ خێزانی ئەوانەی دەیانگرنە خۆیان و دەیانکەنە کوڕی خۆیان.

ئوم حەبیبە :

پاشان (ئوم حەبیبە)ی مارە کرد، و ناویشی (رەملەی کچی ئەبو سوفیان صەخری کوڕی حەربی قورەیشی ئەمەوی)یە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەرگیری لە گەلّ کرد لە کاتێکدا ئەو کۆچی کردبوو بۆ حەبەشە، نەجاشی مارەییەکەی گرتە ئەستۆی خۆی کە چوار سەد دینار بوو، وە لەوێوە بۆیان گواستەوە، لەسەردەمی موعاویەی برایدا کۆچی دوایی کرد .

صەفیە :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەرگیری کرد لەگەلّ (صەفییەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب) گەورەی بەنی نەزیر لە نەوەی هارونی کوڕی عیمران برای موسا، بۆیە ئەو کچی پێغەمبەرێکە و هاوسەری پێغەمبەرێکە، وە یەکێك بووە لە جوانترین ئافرەتەکانی جیهان، بوو بە پشکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەبایەکاندا وەکو کەنیزەکێك و ئەویش ئازادی کرد و ئازادکردنەکەی کردە مارەیی بۆی و ئەوەش بوو بە سوننەتێك.

مەیمونە :

پاشان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ مەیمونەی کچی حاریسەی هیلالی، و ئەویش کۆتا هاوسەرێتی، لەمەککە هاوسەرگیری لەگەڵ کرد لە عومرەی (قضاء) لە پاش ئەوەی تەحەلولی کرد.

جیاوازی لەوەدا نییە کە کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد نۆ هاوسەری لە پاش خۆی بە جێ هێشت و یەکەم هاوسەری لە پاش خۆی وەفاتی کرد زەینەبی کچی جەحش بوو لەسالّی بیست و دواهەمینیان (ئوم سەلەمە) بوو لە سالّی شەست و دوو لەکاتی خیلافەتی یەزیدی کوڕی موعاویە کۆچی دوایی کرد.



بەشی دووەم : ژیانناماەی پێغەمبەری خوا ﷺ

بەشی یەکەم : پێش پێغەمبەرایەتی

لەدایك بوونی (ﷺ) :

لەسالّی فیل لە شاری مەککە لەدایك بووە، ڕۆژی دوو شەممە لە مانگی (ڕەبیعی یەکەم)، پێش کۆچکردنی بە ٥٣ سالّ، بەرانبەر بە سالّی ٥٧١ـی زایینی، وە لەم سالّە بابەتی فیل ڕوویدا و خوای گەورە ڕێی لێگرتن وەکو پێشهاتێك خوای گەورە پێشکەشی پێغەمبەر (ﷺ) و مالّەکەی خۆی کرد.

باوکی :

عەبدوللای کوڕی عەبدولموتەلیب، کۆچی دوایی کرد لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سکی دایکیدا بوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە هەتیوی لەدایك بووە.

دایکی :

ئامینەی کچی وەهەب لە بەنی زوهرەیە، کاتێك وەفاتی کرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێشتا تەمەنی نەبووە حەوت سالّ.

کەفالەت کردنی :

دوای مردنی دایکی، (عەبدولموتەلیب) ی باپیری کەفالەتی کرد، پاشان ئەویش کۆچی دوایی کرد لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەمەنی نزیکەی هەشت سالّ دەبوو، و پاشان (ئەبو تالیب) ی مامی کەفالەتی کرد کە ناوی (عەبدو لمەناف)ـە.

دایانەکانی (ﷺ) (مرضعاتە) :		
	سوەیبە :	مەولای ئەبو لەهەب، وە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) شیری دا بە (ئەبو سەلەمە عەبدولّای ی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزومی)، بە شیری (مەسروح)ی کوڕی، وە لە گەڵ ئەوانیش شیری دا بە (حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب) ی مامی.
	حەلیمەی ئەلسەعدیبە :	بەشیری کوڕەکەی عەبدولّای برای ئونەیسە و جوزامە – کە شەیمایە – منداڵەکانی حاریسی کوڕی عەبدولعوززای کوڕی ریفاعەی ئەلسەعدی، و لەگەڵ ئەویش شیری دا بە کوڕە مامەکەی : ئەبو سوفیانی کوڕی حاریسی کوڕی عەبدولموتەلیب.

پەروەرشیاری (حاضناتە) (ﷺ) :			
	ئامینەی دایکی	سوەیبە مەولای ئەبو لەهەب	حەلیمەی کچی ئەبو زوئەیبی سەعدیە
	ئەنشە یما :	کچی حەلیمەی ئەلسەعدیەیە و لە شیرەوە خوشکی پێغەمبەرە (ﷺ)، لە گەڵ وەفدی (هەوازن)دا هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش عاباکەی خۆی بۆ ڕاخست و لە سەری دانیشان وەکو پاراستنی حەقەکەی.	
	ئوم ئەیمەن :	بەرەکەی حەبەشی، پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە باوکیەوە بۆی مابوەوە، لە کاتی لە دایك بوونیدا ئەو مامانی بووە . وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) مارەی کرد لە خۆشەویستەکەی خۆی (زەیدی کوڕی حاریسە) و (ئوسامەی کوڕی زەید)ی لێ بوو.	

پەروەردگاری (حاضناتە) (ﷺ) :

ئوم ئەیمەن :

ئەو ئافرەتە بوو کە ئەبو بەکر و عومەر لە پاش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوون بۆ لای بینیان دەگری، ئەوان بە (ئوم ئەیمەن) یان فەرموو : بە هۆی چییەوە دەگریت ؟ ئەوەی لە لای خوداوەندە چاکتر و باشترە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ). ئەویش فەرمووی : من باش دەزانم ئەوەی لای خوداوەندە باشترە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) رۆیشت بۆ جێگایەك زۆر لەوە باشترە کە تیایدابوو، بەڵام بۆ ئەوە دەگریم کە بە مردنی ئەو وەحی لە ئاسمانەوە بڕا، جا هەستی ئەوانی وروژاند و ئەوانیش لە گەڵ ئەودا دەستیان بە گریان کرد)) .

پیشەکەی (ﷺ) :

شوانی مەڕی کردووە و ئەوەش هۆکارێك بووە بۆ ئارامگرتنی و بەزەیی هاتنەوەی بە لاوازەکاندا و چاودێری کردنیان.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ما بعث الله نبياً إلا رعى الغنم) فقال أصحابه : وأنتَ ؟ قال : نعم، كنتُ أرعاها على قراريط لأهل مكة) واتە : خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێکی ڕەوانە نەکردووە ئیللا شوانی مەڕەکانی کردووە) هاوەڵانی وتیان : تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی : بەڵێ، من شوانیم دەکرد بۆ خەڵکی مەککە بەرانبەر بە چەند قیراتێك)

بازرگانی و هاوسەرگیری کردنی :

کاتێك تەمەنی بوو بە بیست و پێنج ساڵ بە مەبەستی بازرگانی چوو بۆ شام، وە گەیشتە (بوصرا) و پاشان گەڕایەوە، وە پاش گەڕانەوەی هاوسەرگیری کرد لەگەڵ خەدیجەی کچی خوەیلد، یەکەمین هاوسەری.

بنیاتنانی کەعبە :

کاتێك تەمەنی بووە سی و پێنج ساڵ بینای کەعبە هەندێکی لێ ڕوخا بۆیە قورەیش هەستان بە دووبارە بنیات نانەوەی و تیرەکانی قورەیش کەعبەیان دابەش کرد و هەریەکە و لایەکی بەرکەوت، کاتێك بیناکردنەکە گەیشتە لای بەردە ڕەشەکە ڕایان جیاواز بوو سەبارەت بەوەی کێ بەرزی بکاتەوە بۆ شوێنی خۆی، لەسەر ئەو بابەتە چوار یان پێنج شەو مانەوە، پاشان لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کەوا یەکەم کەس دێتە مزگەوتەوە حوکم لە نێوانیاندا بکات، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) یەکەم کەس بوو هاتە ژوورەوە، و ئەویشیان کردە داوەر لە نێوانیاندا، ئەویش داوای کراسێکی کرد و بەردەکەی کردە سەری، پاشان هەر خێڵەو چمکێکیان گرت و بەرزیان کردەوە تا گەیشتە نزیك شوێنەکەی خۆی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەستی خۆی لە جێگاکەی خۆی داینا.

خەڵوەت کردنی (ﷺ) :

دایکە عائیشە دەفەرموێت : (حُبِّبَ إليه الخلاء، فكان يخلو بغار حِراء يتحنثُ – يتعبد – فيه الليالي أولات العدد) **واتە : خەڵوەتی لا خۆشەویست بوو، بۆیە لە ئەشکەوتی (حیرا)دا بە تەنها دەمایەوە و لە خەڵوەتدا دەبوو، لەوێ چەند شەوێکی دیاری کراو خواپەرستی دەکرد)، وە ڕقی لە بت و ئاینی گەلەکەی بوویەوە و هیچ شتێك نەبوو لەوە زیاتر ڕقی لێ بێت .**

بەشی دووەم : دەستپێکردنی وەحی

کاتێك تەمەنی (ﷺ) بووە چل ساڵ ڕووناکی پێغەمبەرایەتی بەسەردا هەڵهات، وە خوای گەورە لەڕۆژی دووشەمەدا بە پەیامەکەی ڕێزی لێنا.

پێغەمبەرایەتیەکەی (ﷺ) :

دایکە عائیشە دەفەرموێت : ((أَوَّلُ مَا بُدِىءَ بِهِ رَسُولُ اللهِ مِنَ الْوَحْيِ الرؤيَا الصَّالِحَةُ فِي النَّوْمِ، فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ، ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلاَءُ، وَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ فَيَتَحَنَّثُ فِيهِ، -وَهُوَ التَّعَبُّدُ- اللَّيَالِيَ ذَوَاتِ الْعَدَدِ قَبْلَ أَنْ يَنْزِعَ إِلَى أَهْلِهِ، وَيَتَزَوَّدُ لِذَلِكَ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَى خَدِيجَةَ فَيَتَزَوَّدُ لِمِثْلِهَا، حَتَّى جَاءَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ؛ فَجَاءَهُ الْمَلِكُ فَقَالَ اقْرَأْ، قَالَ: مَا أَنَا بِقَارِيءٍ، قَالَ: فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: اقْرَأْ، قُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِيءٍ، فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: اقْرَأْ، فَقُلْتُ: مَا أَنَا بِقَارِيءٍ، فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣﴾ العلق) فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ الله يَرْجُفُ فُؤَادُهُ، فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ، فَقَالَ: زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ، فَقَالَ لِخَدِيجَةَ، وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ : لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي، فَقَالَتْ خَدِيجَةُ: كَلاَّ وَاللهِ، مَا يُخْزِيكَ اللهُ أَبَدًا، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ، وَتُعِين عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ.

فَانْطَلَقَتْ بِهِ خَدِيجَةُ حَتَّى أَتَتْ بِهِ وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى ابْنَ عَمِّ خَدِيجَةَ، وَكَانَ امْرءًا تَنَصَّرَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، وَكَانَ يَكْتُبُ الْكِتَابَ الْعِبْرَانِيَّ فَيَكْتُبُ

مِنَ الإِنْجِيلِ بِالْعِبْرَانِيَّةِ مَا شَاءَ اللهُ أَنْ يَكْتُبَ، وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ عَمِيَ، فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ: يَا ابْنَ عَمِّ اسْمَعْ مِنَ ابْنِ أَخِيكَ فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: يَا ابْنَ أَخِي مَاذَا تَرَى؟ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللهِ بِخَبَرِ مَا رَأَى فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: هذَا النَّامُوسُ الَّذِي نَزَّلَ اللهُ عَلَى مُوسَى ، يَا لَيْتَنِي فِيهَا جَذَعًا، لَيْتَنِي أَكُونُ حَيًّا إِذْ يُخْرِجُكَ قَوْمكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ : أَوَ مُخْرِجِيَّ هُمْ ؟ قَالَ : نَعَمْ، لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمِثْلِ مَا جِئْتَ بِهِ إِلاَّ عُودِيَ، وَإِنْ يُدْرِكْنِي يَوْمُكَ أَنْصُرُكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا، ثُمَّ لَمْ يَنْشَبْ وَرَقَةُ أَنْ تُوُفِّيَ وَفَتَرَ الْوَحْيُ، قَالَ : بَيْنَا أَنَا أَمْشِي إِذْ سَمِعْتُ صَوْتًا مِنَ السَّمَاءِ، فَرَفَعْتُ بَصَرِي فَإِذَا الْمَلَكُ الَّذِي جَاءَنِي بِحِرَاءٍ جَالِسٌ عَلَى كُرْسِيٍّ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، فَرُعِبْتُ مِنْهُ ، فَرَجَعْتُ فَقُلْتُ: زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي ، فَأَنْزَلَ اللهُ تَعَالَى :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ۝٥﴾ (المدثر) فَحَمِيَ الْوَحْيُ وَتَتَابَعَ.

واتە : (یەکەم شێوازێك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەحی بۆ هات خەوبینینی چاك بوو لە خەودا، هیچ خەوێکی نەدەبینی ئیللا هەروەکو رۆژی روناك دەهاتە دی، ئەمجار خەڵوەتی لا خۆشەویست بوو، بۆیە لە ئەشکەوتی (حیراء) تەنها دەبووەوە و لەوێ خواپەرستی دەکرد بۆ چەند شەوێکی دیاری کراو، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکارەکەی توێشووی بۆ ئامادە بکات، ئەمجار دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە دیسان هەروەکو ئەوە توێشوی ئامادە دەکرد، تاوەکو ئەو کاتەی حەقی بۆ دابەزی لە کاتێکدا ئەو لە ئەشکەوتی (حیرا)دا بوو، جیریل هات بۆ لای و فەرمووی: بخوێنە، ئەویش فەرمووی: من خوێندەوار نیم، دەفەرموێت: توند بە خۆیەوە نوساندمی (گوشاردمی)

تاوەکو شەکەت بووم، ئەمجار بەریدام و دیسان فەرمووی: بخوێنە، ئەویش فەرمووی : من خوێندەوار نیم، دیسان بۆ جاری دووەم توند بە خۆیەوە نوساندمی (گوشاردمی) تاوەکو شەکەت بووم، ئەمجار بەریدام و دیسان فەرمووی : بخوێنە، ئەویش فەرمووی : من خوێندەوار نیم، دیسان بۆ جاری سێیەم توند بە خۆیەوە نوساندمی (گوشاردمی) تاوەکو شەکەت بووم، ئەمجار بەریدام فەرمووی : ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣﴾ ئەمجار پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو ئایەتانەوە –یان بەو بەسەرهاتەوە– گەڕایەوە لە کاتێکدا دڵی دەلەرزی، جا چووە ژوورەوە بۆ لای خەدیجە ی کچی خوەیلد –ڕەزای خوای لێ بێت– و فەرموی : دامپۆشن دامپۆشن . ئەوانیش دایانپۆشی تاوەکو ترسەکەی لێ ڕوایەوە، ئەمجار هەواڵەکەی بە خەدیجە گوت و فەرموی: زۆر لە خۆم ترسام، خەدیجە فەرموی : نەخێر سوێند بە خوا، هەرگیز خوای گەورە شەرمەزارت ناکات، تۆ کەسێکی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنی و بەسەر هەژار ونەدراندا دەبەخشی و بەرگەی ئازارەکانی ئەوان دەگری و بەشی خەڵکی نەدار دەدەیت بەوەی کە لای جگە لە تۆ دەستیان ناکەوێ و ڕێز لە میوان دەگریت و لە کاتی بەسەرهات و ڕوداوەکاندا پشتی حەق دەگریت . ئەمجار خەدیجە پێغەمبەری خوای (ﷺ) برد بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفەل ی کوڕی ئەسەد ی کوڕی عەبدولعوزا) – ئامۆزای خەدیجە بوو – ئەو کەسێك بوو لە سەردەمی نەفامیدا چوو بووە سەر دینی گاورەکان، وە کتێبی عیبرانی دەنوسیەوە، جا ئەوەی خوای گەورە ویستی لەسەر بوایە ئەوا ئەو ئینجیلی بە عیبرانی

پێغەمبەرایەتیەکەی (ﷺ) :

دەنوسیەوە، هەروەها ئەو کەسێکی بە تەمەن بوو هەردوو چاوی لەدەست دابوو، خەدیجە پێی فەرموو : ئەی ئامۆزاکەم گوێ لە برازاکەت بگرە، وەرەقە پێی فەرموو : ئەی برازاکەم چیت بینیوە ؟ پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئەوەی بینی پێی گوت، وەرەقە فەرمووی : ئەمە ئەو وەحی یەیە (ناموس)ەیە کە دابەزیە سەر موسا، خۆزگە من کەسێکی گەنج دەبووم، خۆزگە زیندوو بوایەم کاتێك قەومەکەت دەرت دەکەن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بۆ ئەوان من دەردەکەن ؟ فەرمووی : بەڵێ، ئەوەی کە تۆ هێناوتە هیچ کەسێك نەیهێناوە ئیللا دژایەتی کراوە، وە ئەگەر گەیشتمە ئەو رۆژەی تۆ، ئەوا بەسەرخستنێکی بە هێز سەرت دەخەم، ئەمجار هێندەی پێ نەچوو وەرەقە کۆچی دوایی کرد و وەحی بڕا و ماوەیەك دواکەوت) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : لە کاتێکدا من ڕێم دەکرد گوێم لە دەنگێك بوو لە ئاسمانەوە، منیش چاوم بەرز کردەوە دەبینم ئەو فریشتەیەی کە لە ئەشکەوتی (حیراء) هات بۆ لام، لەسەر کورسییەك دانیشتوە لە نێوان ئاسمان و زەویدا، منیش لێی ترسام و گەڕامەوە و وتم : دامپۆشن دامبۆشن، خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند :

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ۝٤ وَٱلرُّجْزَ فَٱهْجُرْ ۝٥ ﴾ ئەمجار وەحی لە دوای یەك دادەبزی).

پلەکانی وەحی :	١/ خەونی ڕاست و دروست :	ئەوەش دەستپێکی وەحیەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، دایکە عائیشە دەفەرموێت : ((فَكَانَ لاَ يَرَى رُؤْيَا إِلاَّ جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ)) واتە : هیچ خەوێکی نەدەبینی ئیللا هەروەکو ڕۆژی ڕوناك دەهاتە دی)).
	٢/ خستنە دڵ و عەقڵییەوە :	فریشتەکە دەیخستە دڵ و عەقڵییەوە بە بێ بینینی فریشتەکە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((إِنَّ الروح الأمين نفث في روعي وأخبرني أنه..)) واتە : بزانن کە جبریل فووی کرد بە دڵمدا و هەواڵی پێدام کەوا ....))
	٣/ خۆچواندنی فریشتەکە :	پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَيَتَمَثَّلُ لِي الْمَلَكُ أَحْيَانًا رَجُلًا فَيُكَلِّمُنِي فَأَعِي ما يقول)) واتە : وە هەندێ جار فریشتەکە (واتە : جبریل) خۆی دەکاتە شێوەی پیاوێك و قسەم لەگەڵدا دەکات منیش تێدەگەم لەوەی ئەو دەیڵێت)، و لەم پلەدا هەندێك جار هاوەڵەکانیش دەیانبینی.
	٤/ زڕەی زەنگ :	پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : ((أَحْيَانًا يَأْتِينِي مِثْلَ صَلْصَلَةِ الْجَرَسِ وهو أَشَدُّهُ عَلَيَّ فَيُفْصَمُ عَنِّي وقد وَعَيْتُ عنه ما قال)) وقالت عَائِشَةُ رضي الله عنها : ((رَأَيْتُهُ يَنْزِلُ عليه الْوَحْيُ في الْيَوْمِ الشَّدِيدِ الْبَرْدِ فَيَفْصِمُ عنه وَإِنَّ جَبِينَهُ لَيَتَفَصَّدُ عَرَقًا)).واتە : هەندێ جار بۆم دێت هەروەکو زرنگەی جەرەس ئەویش لە هەمووی تووندترە لەسەرم کە لێم جیا دەبێتەوە جا ئەوەی ئەو گوتی من لێی تێدەگەم)، عائیشە دەڵێت : جاری وا هەبوو پێغەمبەرم (ﷺ) دەبینی وەحی بەسەردا دادەبەزی لە ڕۆژێکی زۆر ساردا و نێو چاوانی عارەقەی پێدا دەهاتە خوارەوە) . بەڵکو ئەگەر لەسەر وڵاخێك بوایە ئەوا وڵاخەکە چووکی دەدا بە زەویدا .

پلەکانی وەحی :

٥/ فریشتەکە لەسەر شێوەی خۆی :

فریشتەکەی دەبینی لەسەر ئەو شێوەیەی دروست کراوە، ئەویش ئەگەر خودا بیویستبایە وەحی بۆی دەکرد، ئەمەش دوو جار بەسەریدا هاتووە هەروەک چۆن لەسورەتی (النجم)دا باسکراوە.

٦/ وەحی لە خوداوە :

ئەوەش ئەوەیە کەخودا وەحی بۆ کرد لەسەرووی حەوت ئاسمانەکانەوە شەوی میعراج وەکو فەرزکردنی نوێژ و ئەو شتانە.

٧/ قسەکردنی خودا لەگەڵی :

خودای گەورە قسەی لەگەڵی کرد هەروەکو چۆن قسەی لەگەڵ موسا کرد بەبێ نێوەندگیری فریشتەیەک.

یەکەمینی ئایەتانێک بەسەریدا دابەزی (ﷺ) :

پێنج ئایەتی سەرەتای سورەتی (العلق)ی بەسەردا دابەزی :

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ٥﴾ العلق:(١ – ٥)

پلەکانی بانگەوازەکەی (ﷺ) :

١- پێغەمبەرایەتی (النبوة)

٢- ئاگادارکردنەوەی خزمە نزیکەکانی.

٣- ئاگادارکردنەوەی گەلەکەی.

٤- ئاگادارکردنەوەی هەموو ئەوانەی کەپێش خۆی پێغەمبەریان بۆ نەهاتووە ئەوانیش تەواوی عەرەب دەگرێتەوە.

٥- ئاگادارکردنەوەی هەموو ئەوانەی بانگەوازەکەی پێیان دەگات لە جنۆکە و مرۆڤەکان تا کۆتایی دونیا.

قۆناغەکانی بانگەوازەکەی (ﷺ):

١- بانگەوازی نهێنی : کە سێ ساڵی یەکەمی پێغەمبەرایەتی خایاند.

٢- بانگەوازی ئاشکرا : کاتێك فەرمانی پێکرا :﴿فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ﴾ الحجر: (٩٤)

یەکەمین ئەو کەسانەی باوەڕیان پێ هێنا (ﷺ):

لە پیاوان : ئەبوبەکری ئەلصدیق.

لە ئافرەتان : خەدیجەی کچی خوەیلد.

لە منداڵان : عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب.

لە مەوالیەکان: زەیدی کوڕی حاریسە

لە کۆیلەکان : بیلاڵی کوڕی ڕەباحی حەبەشی.

هەندێك لەوانەی سەرەتا بوون بە موسڵمان :

لەیەکەم ئەو کەسانەی باوەڕیان پێهێنا، لە دوای ئەوانەی باسمان کرد ئالو بەیتەکەی بوون، پاشان عوسمانی کوڕی عەففان و تەڵحەی ی کوڕی عوبەیدوڵا، و زوبێری کوڕی عەووام، و سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص، و عەبدولڕەحمانی ی کوڕی عەوف، و خەببابی کوڕی ئەرەت، و سوهەیبی ڕۆمی، و عەمماری کوڕی یاسر، و سومەیەی دایکی، و ئەبو عوبەیدە عامری کوڕی جەرراح، و عوسمانی کوڕی مەزعون، و ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەد، و عوتبەی کوڕی غەزوان، ڕەزاو ڕەحمەتی خودا لە هەموویان بێت.

ئازاردانی موشریکەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی :

- کاتێ موشریکەکان ڕاستبوونی بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کۆبونەوەی خەڵکیان لەدەوری بینی، بە سەختترین ئازار ئازاریان دا، وە لە شێوازی ئازارەکانیان بۆیان:
- قسە و قسەڵۆك کردن کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) جادووگەرە تاکو خەڵکی لێی ڕاکەن و لێی بترسن.
- قسە و قسەڵۆك کردن کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) شێتە تاکو خەڵکی بە نەفامی بزانێت.
- قسە و قسەڵۆك کردن کە گوایە پێغەمبەر (ﷺ) درۆزنە، ئەوەش بەوە ڕەد دەدرێتەوە کە ئەو لە ناویاندا بە دەستپاك ناسراو بوو بەهۆی ڕاستگۆیی و دەستپاکیەوە.
- گاڵتەکردن بە پێغەمبەر (ﷺ) و بە ئەوەی هێناویەتی.
- نانەوەی ئاژاوە و ژاوەژاو کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەهات بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی تاکو نەهێڵن گوێیان لەوەحی و ئەو حەقە بێت کە هێناویەتی.
- پێشوازیکردن لەوانەی لە دەرەوەی مەککەوە دەهاتن بۆ عومرە یان حەج یان جگە لەوان و ئاگادارکردنەوەیان لە پێغەمبەر(ﷺ).
- ئازاردانی جەستەی پیرۆزی، وەکو ئەو جارەی کە (عوقبە ی کوڕی ئەبو موعیت) کردی کاتێك کراسەکەی ڕاکێشا تاکو خەریك بوو

ئازاردانی موشریکەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانی :

بیخنکێنێت هەتا ئەبو بەکر لێی دوورخستەوە و وێڵاشی وشتری کرد بەسەریدا تاکو فاتیمە ی کچی لەسەری لایبرد.

- هەوڵدانی کوشتنی کاتێك پێشنیاری ئەوەیان کرد لە گەڵ ئەبوتالیبی مامیدا کە بیگۆڕێتەوە بە (عومارەی کوڕی وەلید) و بیکوژن، هەروەها ئەو کاتەش ویستیان بیکوژن کاتێك ویستی هیجرەت بکات.
- ئازاردانی ئەو ئیمانداره لاوازانە و توندی و سەختی ئازارەکەیان، هەروەکو چۆن بەردی گەورەیان دەخستە سەر سکی بیلال، وە هەروەها ئەوەی بە (عەماری کوری یاسر)و جگە لە ئەوان کردیان.

هیجرەت بۆ حەبەشە :

کاتێك موسڵمانان ژمارەیان زۆربووەوە بێباوەڕان لێیان ترسان و ئازاردانیان بۆیان زیادی کرد و زیاتر موسڵمانانیان توشی فیتنە دەکرد، بۆیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) مۆڵەتی پێدان کۆچ بکەن بۆ حەبەشە و فەرمووی : (إنَّ بها ملكاً لا يُظلَمُ الناسُ عنده) واتە : حەبەشە پادشایەکی تێدایە هیچ کەسێك لای ئەو ستەمی لێ ناکرێت .

هیجرەت بۆ حەبەشە :

هیجرەتی یەکەم :

لەو کۆچەدا دوازدە پیاو و چوار ئافرەت کۆچیان کرد، لە ناویاندا عوسمانی کوڕی عەففان بوو، و ئەو یەکەم کەس بوو کە دەرچوو، و روقیەی کچی پێغەمبەری خودای (ﷺ) هاوسەری لەگەڵدا بوو، و بە باشترین میوانداری لە حەبەشە مانەوە، پاشان پێیان گەیشت کە قورەیشیەکان موسڵمان بوون، وە ئەم هەواڵەش درۆ بوو، بۆیە گەڕانەوە بۆ مەککە، و

هیجرەتی یەکەم :	کاتێك بۆیان دەرکەوت کە کارەکە لەپێشتر سەختترە، ئەوەی گەڕایەوە گەڕایەوە، و کۆمەڵێکیان چوونەوە ناو مەککە و ئازارێکی زۆریان لەقورەیشەوە بەرکەوت، لەوانەی کە چوونەوە ناو مەککە عەبدوڵا ی کوڕی مەسعود بوو.	هیجرەتت بۆ حەبەشە :
هیجرەتی دووەم :	لەو کۆچەدا هەشتاو سێ پیاو و هەژدە ئافرەت دەرچوون، و بەباشترین شێوە لەلای نەجاشی مانەوە، و هەواڵی ئەو باش مانەوەیەش گەیشتە قورەیش، بۆیە عەمری کوڕی عاص و عەبدوڵا ی کوڕی ئەبو رەبیعەیان لەگەڵ کۆمەڵێکدا نارد تاکو لای نەجاشی پیلانیان بۆ دابنێن، و خودای گەورەش فێڵەکەیانی گەڕاندەوە بۆ خۆیان و بەرۆکی خۆیانی گرتەوە.	
موسڵمانبوونی حەمزە و عومەر :	لەساڵی شەشی پێغەمبەرایەتی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلێب موسڵمان بوو کە بە سەربەرزترینی قورەیش ناسراو بوو، بە هۆکاری ئەویش پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەربەرز بوو، پاشان بە بەرەکەتی نزایەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عومەری کوڕی خەتتاب موسڵمان بوو، بە ئەوانیش موسڵمانان بەهێز بوون و لەقورەیش پاراستنی.	
دۆڵەکانی ئەبو تاڵیب :	ئازاردانی قورەیش بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) زیادی کرد، جا خۆی و ئالو بەیتەکەیان سێ ساڵ لە دۆڵەکانی ئەبو تالیبدا گەمارۆدا، و لە دۆڵەکەدا عەبدوڵا ی کوڕی عەبباس لەدایك بوو، وە بێباوەڕان ئازارێکی زۆری پێغەمبەری خوایان دا (ﷺ)، وە کاتێك لە گەمارۆکە دەرچوون و رزگاریان بوو تەمەنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چل و نۆ ساڵ بوو.	

کۆچی دوایی ئەبو تائیب وخەدیجە :	وە دوای ئەوە بەچەند مانگێك ئەبوتالیب ی مامی لە تەمەنی هەشتا و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، وە بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوە خەدیجە کۆچی دوایی کرد، بەوەش ئازاردانی بێباوەڕەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیادی کرد.
دەرچوونی بۆ شاری تائیف :	خۆی و زەیدی کوڕی حاریسە دەرچوون بۆ (تائیف) بە مەبەستی بانگەواز بۆ لای خوا، چەند ڕۆژێك لەوێ مانەوە کەچی هیچ وەڵامیان نەدرایەوە، لەبەرانبەردا ئازاریان دا و دەریان کرد و بەردبارانیان کرد تاکو پاژنەی خوێناوی بوو، وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) جێیانی هێشت و گەڕایەوە بۆ مەککە، پاشان چووە نێو مەککەوە بە داڵدەدانی (موتعیمی ی کوڕی عەدی).
موسڵمان بوونی عەدداس :	لەڕێگەی گەڕانەوەیدا عەدداسی نەسڕانی بینی و باوەڕی پێی هێنا و بەڕاستی زانی.
ئیمانی جنۆکە :	هەروەها لەسەر ڕێگاکەی لەشوێنێك کە پێی دەوترێت (نەخلە) کۆمەڵێك جنۆکەی بۆ ڕەخسا، حەوت دانە لە ئەهلی (نەصیبین) و گوێیان لەقورئان گرت و موسڵمان بوون.
ئیسرا و میعراج :	پاشان بەجەستە و ڕۆح شەوڕەوی پێکرا بۆ مزگەوتی ئەقسا و پاشان بەجەستە و ڕۆح بردرا بۆ سەرووی ئاسمانەکان بۆ لای خوای گەورە، لەوێ خوای گەورە قسەی لەگەڵ کرد و نوێژەکانی لەسەر فەرز کرد.

خستنەڕووی ئیسلام بۆ هۆزەکان :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمەککەدا مایەوە بانگەوازی هۆزەکانی دەکرد بۆ لای خوای گەورە، وە لە هەموو مەوسمێکی حەجدا داوای لە هۆزەکان دەکرد بەوەی دالّدەی بدەن بۆ ئەوەی پەیامەکەی خوا بگەیەنێت ئەو کات بەهەشت پاداشتیان دەبێت، بەڵام هیچ هۆزێك وەڵامی نەدایەوە، خوای گەورە ئەو فەزڵەی هەڵگرت بۆ ئەوەی ئەنصارەکانی پێ ڕێزدار بکات، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە شەش کەس لە ئەهلی مەدینەو بەوانی گوت، ئەوانیش وەڵامی خودا و پێغەمبەریان (ﷺ) دایەوە و گەڕانەوە بۆ مەدینە، و بانگەوازی گەلەکەی خۆیان کرد بۆ ئیسلام و تاکو تیایاندا بڵاوە بووەوە کە هیچ ماڵێك نەبوو باسی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا نەکرێت.

ئەنسارِ و بەیعەتی عەقەبە :

بەیعەتی یەکەم :

پاشان لەساڵی دواتر دوازدە پیاوی ئەنسارِ هاتن بۆ مەککە، تێیاندا پێنج کەس بوون لە شەش یەکەمەکە، ئەمجار بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر (بەیعەتی ئافرەتان) هەروەکو چۆن لە سورەتی (الممتحنة)دا هاتووە لە لای عەقەبە، پاشان چوونەوە بۆ مەدینە.

بەیعەتی دووەم :

پاشان لە ساڵی دواتر حەفتا و سێ پیاو و دوو ئافرەت هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەوانیش ئەهلی عەقەبەی کۆتایی بوون، وە بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا کە بیپارێزن، هەروەك چۆن هاوسەر و منداڵ و خۆیان دەپارێزن، بۆیە خۆی و هاوەڵەکانی چوون بۆ لایان، وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دوازدە نەقیبی لێ هەڵبژاردن.

مۆڵەت دان بە کۆچکردن :

پێغەمبەری خودا (ﷺ) مۆڵەتی بەهاوەڵەکانی دا کۆچ بکەن بۆ مەدینە، ئەوانیش بە جیا جیا و بەنهێنی دەرچوون، یەکەمین کەس کە کۆچی کرد هەروەکو باسکراوە : (ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزومی) بووە، وە دەڵێن : (موصعەب ی کوڕی عومەیر) بووە، ئەوانیش چوون بۆ لای ئەنصار لە ماڵەکانی خۆیاندا، ئەوانیش گرتیانە خۆیان و سەریان خستن و ئیسلام لە مەدینەدا بڵاوە بووەوە .

پاشان مۆڵەت درا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچ بکات، ئەویش لەڕۆژی دووشەممە لە مانگی ڕەبیعی یەکەم لە مەککە دەرچوو، وە ئەو کاتیش تەمەنی پەنجا و سێ ساڵ بوو، و ئەوانەشی لەگەڵی بوون ئەبوبکری صدیق و عامیری کوڕی فەهیرە –مەولای ئەبوبەکر– و ڕێنیشاندەرەکەشیان (عبدالله ی کوڕی ئورەیقیتی ئەل لەیسی)، و خۆی و ئەبوبکر چوونە نێو ئەشکەوتی (سەور)ەوە، و سێ ڕۆژ تیایدا مانەوە، پاشان ڕێگای کەناری دەریایان گرتە بەر.

چوونە ناو شاری مەدینە :

پاشان خۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون گەیشتنە مەدینە – ئەویش لەڕۆژی دووشەممە دوازدەی مانگی ربیعی یەکەم – لە قوبا مایەوە لەبەشی سەرەوەی مەدینەوە لەلای خێڵی (عەمری کوڕی عەوف) و بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ لایان مانەوە.

یەکەمین مزگەوت لە ئیسلامدا :

مزگەوتی قوبائی دامەزراند، ئیبن عومەر فەرمویەتی : ((كان النبي (ﷺ) يأتي مسجد قباء كل سبت ماشياً وراكباً)) واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەموو شەممەیەك دەچوو بۆ مزگەوتی قوبا، بە پێی و بە سواری)، وە فەرموویەتی: ((صلاة في مسجد قباء كعمرة)) واتە : پاداشتی نوێژێك لە قوبا وەکو پاداشتی عومرەیەك وایە) .

بنیاتنانی مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ) :

پاشان سواری وشترەکەی بوو و بەڕێکەوت و خەڵکی دەستیان کرد بەقسەکردن لەگەڵی و داوایان لێ دەکرد لەلای ئەوان بمێنێتەوە و جڵەوی وشترەکەیان دەگرت، ئەویش دەیفەرموو : ((خلّوا سبيلها فإنها مأمورة)) واتە : لێی گەڕێن چونکە ئەوە فەرمان پێکراوە)، وشترەکەش لەلای مزگەوتەکەی ئەمڕۆی یخی دا و کەوتە سەر چۆك، ئەو شوێنەش هی سەهل و سوهەیل بوو کە دوو منداڵی بەنی نەجار بوون، لەوێ دابەزی لە ماڵی ئەبو ئەییوبی ئەنصاری، پاشان لەشوێنی بەستنەوەی ئاژەڵەکان (مربد) مزگەوتەکەی بنیات نا بەدەستی خۆی و هاوەڵەکانی، بە سەعاق دارەخورما و خشت، پاشان لەتەنیشتی مزگەوتەکە ماڵی خۆی و هاوسەرەکانی بنیات نا، وە نزیکترینیشیان لەمزگەوتەکەوە ماڵەکەی دایکە عائیشە بوو، پاشان و لە دوای حەوت مانگ لەماڵی ئەبو ئەییوبەوە گواستییەوە و چووە ناو ماڵەکەی خۆی.

بڕیارەکان :

دوای ئەوەی مزگەوتەکەی بنیات نا برایەتی دروست کرد لەنێوان کۆچەران –کە ئەوانیش نەوەت پیاو بوون– لە گەڵ ئەنصارەکاندا لەسەر دڵدانەوە و پشتیوانی کردن و یارمەتیدانیان، وە لە دوای مردن ئەبنە میراتگری یەکتر تاکو شەڕی بەدر.

جوولەکەکان :

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ مەدینە و جوولەکەکان بینیان یەکسەر ناسیانەوە و زانیان کە ئەو بەڕاستی پێغەمبەرە (ﷺ) و ئەو کەسەیە کە لە تەوراتدا باسکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جگە لەچەند کەسێکی کەم نەبێت کەسیان موسڵمان نەبوون، لەوانەش کە موسڵمان بوو زاناکەیان بوو (عەبدوڵای کوڕی سەلام)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەڵ عەشیرەتەکانی جولەکەدا ڕێککەوتنامەی ئیمزا کرد کە ئەوانیش : بەنی قینوقاع و بەنی نەزیر و بەنی قورەیزە بوون.

گۆڕینی قیبلە :

دوای فەرزبوونی نوێژ لە میعراج، پێغەمبەری خودا (ﷺ) ڕووی لە (بیت المقدس) دەکرد و نوێژی دەکرد، وە پێی خۆش بوو قیبلەکەی بگۆڕدرێت بۆ کەعبە و بەردەوام سەیری ئاسمانی دەکرد و هیواخواز بوو، خوای گەورە ئەم ئایەتەی بەسەردا دابەزاند، کە دەفەرموێت : ﴿قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ﴾ (البقرة: ١٤٤)، لەسااڵی دووەمی کۆچی، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) قیبلەی گۆڕی بۆ کەعبە.

مۆڵەتدان بە جیهاد :

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینە جێگیر بوون و کۆمەڵەی ئەنصار دەیانپاراست و بەرگریان لێ دەکرد، ئایەتی: ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ٣٩ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُۗ﴾ الحج: ٣٩ – ٤٠) دابەزی، خودای گەورە مۆڵەتی دا بە ئیمانداران شەڕی موشریکەکان بکەن، و لەیەکەمین غەزاکانی غەزای ئەبوا و بوات و عەشیرە و ناردنی هەندێ سرییە بوو.

غەزای بەدر :

لە ڕەمەزانی ساڵی دووی کۆچی پێغەمبەری خودا (ﷺ) لەگەڵ سێ سەد و چەند پیاوێکی ئیماندار دەرچوون بەمەبەستی ڕێگری کردن لە کاروانێکی قورەیش کە لە شامەوە دەگەڕایەوە، ئەبو سوفیانیش بە کاروانەکە لەڕێگاکە دەرچوو و شەیتانیش قورەیشی فریودا و دەرچوون بۆ شەڕ لە دژی ئیمانداران، و لە بەدر بەیەک گەیشتن و غەزای بەدری گەورە ڕوویدا کە ناونرا ڕۆژی (فرقان) واتە : جیاکەرەوە.

وە کاتێک هەردوو سوپاکە بەیەک گەیشتن پێغەمبەری خودا (ﷺ) داوای لەخودا کرد و لێی پاڕایەوە، خوداش پاڵپشتی کرد لە موسڵمانان بە کۆمەڵە فریشتەیەک هاوکاری موسڵمان بوون و هاوشانیان شەڕیان دەکرد، وە خودای گەورەش سەری خستن بەسەر بێباوەڕاندا و وشەی خۆی سەرخست و بەرز بوویەوە و لەبەدردا حەفتا کەس لە موشریکەکان کوژران، وە لە موسڵمانان چواردە کەس شەهید بوون.

غەزای قینوقاع :

لەساڵی سێیەمی کۆچی بەنی قینوقاع ڕێکەوتنەکەیان شکاند، بۆیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) پازدە ڕۆژ گەمارۆی دان پاشان بەحوکمی پێغەمبەر (ﷺ) ڕازی بوون و ئەویش ئازادی کردن، کە حەوت سەد کەس دەبوون.

غەزای ئوحود :

لە مانگی شەوالدا غەزای ئوحود ڕووی دا، کاتێک کە قورەیش بە سێ هەزار جەنگاوەرەوە دەرچوون بۆ تۆڵەکردنەوەی کوژراوانی بەدر و هاتن بەرەو مەدینە، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) لەگەڵ نزیکەی حەوت سەد کەس لە هاوەڵانی دەرچوو بۆ ئوحود، و دووڕووەکانیش لێی پەشیمان بوونەوە و گەڕانەوە.

غەزای ئوحود :

لە سەرەتای ڕۆژەکە سەرکەوتن بۆ موسڵمانان بوو، پاشان خودا موسڵمانانی تاقیکردەوە و سەرکەوتنەکەی گەڕانەوە بۆ موشریکەکان تاکو گەیشتن بە پێغەمبەری خودا (ﷺ) و بریندارییان کرد و ددانی پێشەوەیان شکاند، وە ئەو ڕۆژە فریشتەکان هاوشانی شەڕیان دەکرد، و حەفتا لە موسڵمانان شەهید بوون لەناویاندا حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب و موصعەب ی کوڕی عومەیر و ئەنەس ی کوڕی نەزر و حەنزەلەی شۆردراوی دەستی فریشتەکان و چەندانی تر.

وە ئەو ڕۆژە تەڵحە ی کوڕی عوبەیدوڵا ئاستێکی باشی پێشکەش کرد تاکو پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی : ((أوجب طلحة)) واتە : تەڵحە بەهەشتی بۆ خۆی واجیب کرد) و پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ئیماندارەکان خۆیان دایە پاڵ چیاکە، خوداش دەستی موشریکەکانی لێ دوورخستنەوە.

و ڕۆژی ئوحود ڕۆژی تاقیکردنەوە و جیاکردنەوە بوو، خودای گەورە ئیماندارەکانی تێدا تاقیکردەوە و دووڕوەکانی دەرخست و فەزڵی شەهیدبوونیشی دا بە ئەو کەسانەی خۆی ویستی لێ بوو .

و دوای ئەو غەزایە پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەوالّی دەرچونی قورەیشی بیست کە دەیانویست موسڵمانان لەناوبەرن، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دژیان دەرچوو هەرچەندە ئیمانداران لەو کاتەدا ماندوو شەکەت بوو بوون و کاتێك موسڵمانان گەیشتنە (حمراء الاسد) ئەو هەوالّە گەیشتە قورەیش بۆیە سەرشۆڕ بوون و گەڕانەوە بۆ مەککە.

ساڵی چواری کۆچی :

له ساڵی چواری کۆچی ڕووداوی (بیری مەعونە) ڕوویدا کە حەفتا لە قورئان خوێنانی تێدا کوژرا، وە غەزای بەنی نەزیر ڕوویدا کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەمارۆی دان تاکو خودا ترسی خستە دڵیانەوە و پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە دەریکردن و سورەتی (الحشر) لە باسی ئەواندا دابەزی.

غەزای ئەلبورەیسیع :

لەساڵی پێنجی کۆچی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەرچوو بۆ شەڕکردن لە گەڵ بەنی موصتەلەق، و بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە، وە لەڕێگای گەڕانەوەیدا تەیەموم دانراو بە شەرع کرا، وە ڕووداوی بوختانەکە ڕوویدا، کاتێك دووڕووەکان تۆمەتیان بە دایکی ئیمانداران عائیشە هەڵبەست لەکاتێکدا ئەو پاك و بێ خەوشە، ئەوەش بەسەر خۆی و پێغەمبەردا (ﷺ) بەسەختی تێپەڕی تاکو خوای گەورە پاکی و بەرائەتی لەسورەتی (النور) دابەزاند، وئەوانەش تۆمەتیان بۆ هەڵبەست جەڵد کران.

غەزای ئەحزاب :

و لە شەوالی ساڵی پێنجەمی کۆچی غەزای خەندەق (ئەحزاب) ڕوویدا، کاتێك جولەکەکان لەگەڵ قورەیش و هاوپەیمانانیان ڕێککەوتن لەسەر کوشتار لە گەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانیدا، بۆیە لە (قورەیش و بەنی سولەیم و بەنی ئەسەد و فەزارە و ئەشجەع و جگە لەوان) دە هەزاریان کۆکردەوە و هاتن بەرەو مەدینە.

و سەلمانی فارسی ئاماژەی کرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە خەندەقێك هەڵبکەنن بۆ ئەوەی لە ئەو ئەحزابانە بپارێزێت، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) بە سێ هەزار کەسەوە دەرچوون و پشتی دابە چیای (سلع)ەوە و خەندەقەکەی خستە پێش خۆیەوە، وە

غەزای ئەحزاب :

متمانەی کرد بە هاوپەیمانەکانی لە بەنی قورەیزە بەڵام ئەوان پەیمانەکەیان شکاند و لەگەڵ ئەحزابەکان ڕێککەوتن، بۆیە پێغەمبەری خودا (ﷺ) نوعەیم ی کوڕی مەسعودی بۆ ئەوان و ئەحزابەکان نارد و فێڵی لەگەڵیان بەکارهێنا و نێوانیانی تێکدا، پاشان خوای گەورە سەرباز گەلێکی بە با نارده سەر ئەحزابەکان و خێوەتەکانیانی هەڵکەند و مەنجەڵ و دەفرەکانیانی سەراوژێر کرد، ئەو بایە ئەوانی هێنایە لەرزە و ترسی خستە دڵیانەوە و سەرشۆڕی کردن، بۆیە بەبێ دەسکەوت گەڕانەوە، و پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەرچوو بۆ بەنی قورەیزە و سەعدی کوڕی مەعاز داوەری ئەوانی کرد، وە دەربارەی ئەم غەزایە سورەتی (الأحزاب) دابەزی.

ڕێککەوتنامەی حودەیبیە :

لە ساڵی شەشەمدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ هەزار و چوار سەد لە هاوەڵانی دەرچوو بە مەبەستی عومرە، و کاتێك گەیشتنە حودەیبیە قورەیش ڕێگریان لێکرد بچێتە ناو شاری مەککەوە، وە لەگەڵیان ڕێککەوت کە بۆ دە ساڵ شەڕ بەلاوە بنێن، و ئەوەش بۆ موسڵمانان سەرکەوتن و فەتحێك بوو هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرموێ :

﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ۝١﴾ئەوەی لە ڕێککەوتنەکەدا لەسەری ڕێککەوتبوون ئەوەبوو کە قورەیش ساڵی داهاتوو ڕێگە بدەن بە ئیمانداران بچنە نێو مەککەوە بۆ عومرە کردن، ئەوانیش لە ساڵی حەوتەم و لە مانگی (زیلقەعیدە) عومرەی قەزایان ئەنجام دا .

غەزای خەیبەر :

دوای گەڕانەوەی لە حودەیبییە بە بیست ڕۆژ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ خەیبەر لە باکووری مەدینە و نزیکەی بیست شەو گەمارۆی جولەکەکانی دا کە موسڵمانەکان کۆششێکی زۆریان کرد، وە کاتێك جوولەکەکان دڵنیا بوونەوە لە لەناوچوونی خۆیان داوای ڕێکەوتنیان لێکرد ئەویش لەگەڵیان ڕێکەوت لەسەر ئەوەی کەوا خوێنیان پارێزراو بێت و لە خەیبەر دەرچن بە تەنها ئەو جلانەی لەبەریاندایە، ئەمجار بەکاری هێنان لەسەر زەوییەکەی خۆیان لەسەر نیوەی داهاتەکەی .

گەڕانەوەی جەعفەر :

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەیبەر بوو ئەبو هورەیرە بە موسڵمانی هات بۆ مەدینە، وە هەر لەو کاتەدا جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب ی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەگەڵ ئەوانەی لە حەبەشە مابونەوە هاتنەوە بۆ مەدینە و لە خەیبەر لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەیەك گەیشتن، وە ئەشعەرییەکانیش لە گەڵیاندا هاتن، واتە: ئەبو موساو هاوەڵانی.

غەزای مۆئتە :

لەساڵی هەشتەمدا غەزای موئتە ڕوویدا، هۆکارەکەشی کوشتنی نێردراوەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بۆ لای پادشای ڕۆم لە لایەن (شرحبیل ی کوڕی عەمری غەسانی)یەوە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ هەزاری لە هاوەڵای نارد و (زەیدی کوڕی حاریسە) ی خۆشەویستی کرد بە ئەمیر بەسەریانەوە و فەرمووی : ((إن أصيب زيد فجعفر ابن أبي طالب على الناس وإن أصيب جعفر فعبدالله بن رواحة)) واتە : ئەگەر زەید پێکرا ئەوا جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب

غەزای موئتە :

بەرپرسی ئەو خەڵکە دەبێت و ئەگەر جەعفەر پێکرا ئەوا عەبدوڵای کوڕی ڕەوواحە دەبێتە بەرپرسیان).

هیرەقل و هاوپەیمانەکانی لە عەرەب بە دوو سەد هەزار کەسەوە دەرچوون لە دژیان، وە لە موئتە بەیەک گەیشتن و جەنگەکە ڕووپدا، و ئەمیرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) شەهید بوون، پاشان خالیدی کوڕی وەلید ئاڵاکەی بەدەستەوە گرت و بەباشی سەرکردایەتی سوپاکەی کرد و موسڵمانانی دوور خستەوە تاکو لە دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆیان ڕزگاری کردن.

فەتحی مەزنی مەککە :

و لە هەمان ساڵدا، خێڵی (بەنی بەکر) کە هاوپەیمانی قورەیش بوون هێرشیان کردە سەر خێڵی (خوزاعە) کە هاوپەیمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون، و قورەیش بەشاراوەیی پاڵپشتی کردن، کاتێك ئەو هەواڵە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت بڕیاری دا فەتحی مەککە بکات، وە ئەبو سوفیان هات بۆ مەدینە بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بکات بەڵام گوێی بۆ نەگرت، وە قسەی کرد لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر و عەلی بۆ ئەوەی وەکو نێوەندێك قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەن بەڵام ئەوانیش ڕەتیان کردەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لەخودا کرد چاوی قورەیش کوێر بکات بۆ ئەوەی بەدەرچوونی بەرەو مەککە نەزانن ئەویش وەڵامی دایەوە، و پێغەمبەری خواش (ﷺ) بە دە هەزار جەنگاوەرەوە دەرچوو تاکو چووە ناو مەککەوە، و پێش فەتح بە ماوەیەکی کەم عەببасی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان بوو.

فەتحی مەزنی مەککە :

وە لەو وتانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتی فەتحی مەککەدا فەرمووی : ((مَنْ دَخَلَ دَارَ أَبِي سُفْيَانَ فَهُوَ آمِنٌ، وَمَنْ دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَهُوَ آمِنٌ، وَمَنْ أَغْلَقَ عَلَيْهِ بَابَهُ فَهُوَ آمِنٌ)) واتە : هەرکەسێك بچێتە ماڵەکەی ئەبو سوفیانەوە ئەوا لە ئەمانایە و هەرکەسێك بچێتە ناو مزگەوتی حەرامەوە ئەوا لە ئەمانایە و هەرکەسێك دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست ئەوا لە ئەمانایە))، و شەڕی لەگەڵ کەس نەکرد مەگەر ئەوانەی خۆیان سەرەتا دەستیان بەشەڕ کردبێت، جگە لەکۆمەڵێکی کەم نەبێت لەوانەی کە ئازاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانانیان دابوو خوێنی حەڵاڵ کردن، و کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە نێو مەککەوە تەواف بەیتی کرد بە بێ ئەوەی ئیحرام بپۆشێت، پاشان بانگی عوسمانی کوڕی تەڵحەی کرد و کلیلی کەعبەی لێ وەرگرت و هەرچی بت لەناو و دەور و بەری کەعبەدا هەبوو شکاندی، پاشان کلیلەکەی گێڕایەوە بۆ عوسمانی کوڕی تەڵحە، وە پاش فەتحی مەککە خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون، بەڵکو وای لێهات هۆزەکان پۆل پۆل ئەهاتن بۆ لای پێغەمبەری خواو (ﷺ) موسڵمان دەبوون.

ڕوخان و شکاندنی بتەکان :

دوای ئەوەی خوای گەورە مەککەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەتح کرد، هاوەڵانی نارد بۆ شکاندنی بتەکانی دەورو بەری مەککە، عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ شکاندنی (سواع)، و سەعدی کوڕی زەیدی نارد بۆ شکاندنی (مەنات)، و خالیدی کوڕی وەلید بۆ شکاندنی (ئەلعوززا)، و (توفەیلی) نارد بۆ شکاندنی (زیلکەففەین) و عەلی نارد بۆ شکاندنی بتی (تەی) .

غەزای حونەین :

کاتێك عەشیرەتی هەوازن هەوالّی فەتحی مەككەیان بیست ڕێیان گرتەبەر بەرەو پێغەمبەر (ﷺ) و لەگەلّ خۆیاندا مالّ و ژن و منداڵەکانیان هێنا، پێغەمبەری خوداش (ﷺ) بە دوازدە هەزار کەسەوە بۆیان دەرچوو، بۆیە موسلّمانان سەرسام بوون بەزۆری خۆیان تاکو گەیشتنە دۆلّی حونەین، جا هەوازن فشاریان خستە سەر موسلّمانان بە یەکەوە وەکو فشاری تەنها کەسێك تاوەکو خەلّکی لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆبوونەوە و خۆیان دایە پاڵ ئەو لەبەر زۆری ترسەکە، وە لەگەلّ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هەندێك لە موهاجیرین و ئالو بەیتەکەی خۆی مانەوەو خۆراگر بوون، پاشان خوای گەورە ئیمانداراني جێگیر کرد و گەڕانەوە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوشانی شەڕیان کرد تاکو خودا سەری خستن بەسەر دوژمنەکانیاندا، وە هەوازن هەلّهاتن بۆ تائیف.

پاشان چواردە پیاو لە هەوازنەوە بە موسلّمانی هاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوایان لێکرد منەتی خۆی برژێنی بە سەریاندا بە گەڕانەوەی دیل و کەنیزەکەکان ئەویش ئەوەی لای بوو گەڕانییەوە و خەلّکیش کارەکەی ئەویان کرد .

غەزای تائیف:

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەوازن بووەوە، بڕیاری دا غەزای تائیف بکات، بۆیە ڕۆیشت بۆ ئەوێ و هەژدە ڕۆژ گەمارۆی قەلّاکەی دا، پاشان بەبێ شەڕکردن گەڕایەوە.

غەزای تەبووك :

وە لەسالّی نۆیەمدا غەزای تەبوك ڕوویدا (غەزای ئەلعوسرە)، و لەکاتێکی زۆر گەرمدا ڕوویدا، لە کاتێکدا دارەکان بەرهەمیان پێگەیشتبوو وە سێبەرەکان خۆش بوو بوون، بۆیە دەرچوون بۆ ئەو شەڕە، ئەو شەڕە زۆر سەخت بوو لەسەر خەڵکی، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی دەربچێت هانی خەڵکی دا لەسەر بەخشین، بۆیە عوسمانی کوڕی عەففان سێ سەد وشتری بە زین و ڕەشمە و هەموو پێداویستییەکانیەوە و هەزار دیناریشی لە گەڵدا بوو بەخشی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کاتە فەرمووی : ((ما ضر عثمان ما عمل بعد الي اليوم)) واتە: چیتر لە ئەمڕۆوە عوسمان هەر کارێك بکات زەرەر ناکات))، و هاوەڵەکانیش هەرچی لەتوانایاندا بوو بەخشیان.

هەموو دووڕووەکان لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) دواکەوتن، وە سێ لەباشترین هاوەڵەکان بەبێ هیچ بیانویەك دواکەوتن ئەوانیش (کەعب ی کوڕی مالیك و هیلال ی کوڕی ئومەییە و موزارەی کوڕی ئەلرەبیع) بوون، کاتێك پێغەمبەری خودا (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە چوون بۆ لای داوای لێبوردنیان لێکرد، وە ئەو ئایەتانەی سورەتی (التوبة) دەربارەی ئەوان دابەزی : ﴿ وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ ﴾، وە خوای گەورەش لێیان خۆش بوو کاتێك ڕاستگۆیی ئەوانی بۆ دەرکەوت، وە خوای گەورە لەم سورەتەدا لۆمەی دووڕووەکانی و کرد و هەر بە باسی ئەوان سورەتەکەی کۆتایی پێ هێنا، بۆیە ئەو سورەتە ناونرا سورەتی (الفاضحة) چونکە خوای گەورە ئەوانی سووك و ریسوا کرد.

غەزای تەبووک :

وە هەر لەم غەزایەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێکەوتنی کرد لەگەڵ (صاحب أيلة)دا لەسەر پێدانی سەرانە، هەروەها لە گەڵ خەڵکی (جەربا و ئەزرەح)دا و نوسراوێکی بۆ نووسین، هەروەها ڕێککەوتنی کرد لە گەڵ (ئوکەیدر دۆمە) لەسەر پێدانی سەرانە، وە پێغەمبەری خودا (ﷺ) چەند شەوێك لە تەبووك مایەوە و پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە و هیچ شەڕێکی نەکرد، وە کاتێك گەڕایەوە بۆ مەدینە خوای گەورە فەرمانی پێکردن مزگەوتی (زیرار) بڕوخێنێت کە دووڕووەکان بنیاتیان نابوو ﴿ضِرَارًا وَكُفْرًا وَتَفْرِيقًا بَيْنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَإِرْصَادًا لِّمَنْ حَارَبَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾ (التوبة: ١٠٧) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو مزگەوتەی ڕووخاند، ئەمەش دوایین غەزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بە خۆی بەشداری تێدا کردبێت.

نوێنەرەکان (وەفدەکان) :

دوا بە دوای غەزای تەبووك عەشیرەتی (سەقیف) موسڵمان بوون، وە سااڵی نۆیەم بەسااڵی نوێنەرەکان (وەفدەکان) ناونرا، وای لێهات خێڵەکان بە موسڵمانی دەهاتن بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وە لەناویانیشدا نوێنەری (بەنی تەمیم) و گەورەکەشیان (عەتاردی ی کوڕی حاجیب ی تەمیمی) لە گەڵدا بوو، وە نوێنەری (تەی) و گەورەکەیان (زەیدو لخەیل) و نوێنەری (عەبدولقەیس) و گەورەکەیان (ئەلجارودی ئەلعەبدی) و نوێنەری (بەنی حەنیفە) و لەناویاندا (موسەیلەمەی درۆزن) هەبوو کە دواتر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کرد.

حەجەکەی ئەبوبەکر :

لەساڵی نۆیەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبوبەکری وەکو ئەمیری حەج ڕەوانە کرد، ئەویش حەجی بە خەڵکی کرد، وە عەلی نارد بۆ ئەوەی سەرەتای سورەتی تەوبە بەسەر خەڵکیدا بخوێنێتەوە و پەیمان و بەڵێنەکان بگێڕێتەوە بۆ موشریکەکان (واتە : هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێککەوتنەکان) و لەناو خەڵکیدا بانگەوازی کرد کە لە دوای ئەمساڵەوە هیچ موشریکێك حەج نەکات و هیچ کەسێك بە ڕووتی تەوافی کەعبە نەکات هەروەك لە سەردەمی نەفامیدا دەکرا.

حەجی مااڵئاوایی :

وە لە ساڵی دەیەمدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەجی مااڵئاوایی کرد، وە موسڵمانان لە هەموو هۆز و تیرەو وڵاتێکەوە لەگەڵی دەرچوون تاکو ژمارەیان گەیشتە سەد هەزار کەس، پێغەمبەری خواش (ﷺ) مەناسیکەکانی حەجی فێرکردن، وە لە ڕۆژی عەرەفەدا وتاری بۆ دان و ئەم ئایەتەی خوێندەوە، ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا﴾، هەوالّی پێدان کە ئاینی ئیسلام تەواو کرا و وەسێتی پێکردن دەست بەوەوە بگرن کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و خوێن و مالّ و ناموسیان (أعراض)یان لەیەکتر حەرامە، ئەوەش وتاری مااڵئاوایی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.

نارەزایی ئوسامە :

لە مانگی سەفەری ساڵی یازدە پێغەمبەری خودا (ﷺ) سوپایەکی ئامادە کرد بۆ کوشتاری ڕۆمەکان و ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە ئەمیر بەسەر ئەو سوپاوە، ئەویش دەرچوو و لە (ئەلجەرەف) سوپاکەی لادا، پاشان هەوالّی نەخۆش کەوتنی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) پێگەیشت.

پوختەی غەزا و نێردە و سریەکانی (ﷺ) :

غەزا و نێردە و سریەکانی هەمووی دوای کۆچ بوون لە ماوەی دە ساڵدا، وە سریە و نێردەکانی نزیکەی شەست دانە دەبوون، و غەزاکانیشی بیست و حەوت غەزا بوون، پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لە نۆ دانەیدا بەشداری کردووە ئەوانیش : بەدر و ئوحود و خەندەق و قورەیزە و موصتەلیق و خەیبەر و فەتح و حونەین و تائیف و لەهەندێکیدا قورئان دابەزی :

ئەوەی لە قورئان دابەزیوە لەسەر غەزاکانی (ﷺ) :

غەزای بەدر : تیایدا سورەتی ئەنفال دابەزی، و پێی دەوترێت سورەتی بەدر.

غەزای ئوحود: کۆتایی سورەتی (آل عمران) دابەزی لە ئایەتی:﴿وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ ٱلْمُؤْمِنِينَ مَقَـٰعِدَ لِلْقِتَالِ﴾ تاکو کەمێك پێش کۆتاییەکەی.

غەزای خەندەق و بەنی قورەیزە و خەیبەر : تیایاندا سەرەتای سورەتی ئەحزاب دابەزی.

غەزای بەنی نەزیر : تیایدا سورەتی (الحشر) دابەزی.

غەزای حودەیبیە و خەیبەر : سورەتی (الفتح)ی تیا دابەزی، و تیایدا ئاماژە کراوە بە فەتح، و بەڕوون و ئاشکرایی لە سورەتی (النصر)دا باسی فەتح کرا.

غەزای تەبووك : تیایدا چەند ئایەتێك لەسورەتی (التوبة) دابەزی.

پوختەی غەزا و نێردە و سریەکانی (ﷺ) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەیەك غەزادا بریندار کرا ئەویش غەزای ئوحود بوو، و لە بەدر و ئوحود و حونەیندا فریشتە لەگەڵیدا جەنگان، وە لە ڕۆژی خەندەقدا فریشتەکان دابەزین و موشریکەکانیان هێنایە لەرزە و بەزاندیان، وە لەو غەزادا وردە بەردیان فرێ دایە دەموچاوی موشریکەکان و ئەوانیش هەڵاتن، و فەتح لە دوو غەزادا بوو : بەدر و حونەین، و لەیەك غەزادا بە مەنجەنیق شەڕی کرد ئەویش غەزای تائیف بوو، و لەیەکێکیاندا قەڵابەندی کرد ئەویش خەندەق بوو – ئەویش غەزای ئەحزاب بوو– کە سەلمانی فارسی ئاماژەی پێکردبوو.

پاشان خوای گەورە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) سەرپشک کرد لە نێوان دونیا یان گەیشتن بەخوای گەورە و بەهەشت ئەویش گەیشتن بە خوا و بەهەشتی هەڵبژارد، بۆیە بە نەخۆشییەکی سەخت نەخۆش کەوت، مۆڵەتی لە خێزانەکانی وەرگرت لە کاتی نەخۆشیەکەیدا لەماڵی عائیشە بمێنێتەوە ئەوانیش مۆڵەتیان پێیدا، کاتێك نەیتوانی پێش نوێژی بە هاوەڵانی بکات لە مزگەوت فەرمانی کردە ئەبوبەکر پێشنوێژی بکات، ئەوەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ شایستە بوونی بەخەلیفە و جێنشینی پێغەمبەر (ﷺ) دوای خۆی.

لە ڕۆژی دوو شەممە دوازدەی ڕەبیعی یەکەم ساڵی یازدەی کۆچی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەرچوو بۆ ناو خەڵکی لە کاتێکدا ئەوان نوێژی بەیانیان دەکرد و پەردەکەی بەرزکردەوە و دەرگاکەی کردەوە تاکو بینیان، ئاماژەی بۆ کردن نوێژەکەیان تەواو بکەن و زەردەخەنەیەکی بۆ کردن، کاتێك ڕۆژ گەیشتە چێشتەنگاو پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، وە مردنەکەی گەورەترین کارەسات بوو بەسەر ئوممەتەکەیدا هاتبێت، بۆیە موسڵمانان بە مردنی بە خەمێکی زۆر خەمبار بوون .

پاشان خەڵکی کۆدەنگ بوون لەسەر ئەبوبەکر و بەیعەتی خیلافەتیان پێدا، و هیچ کەس لە بەیعەت پێدانی دوانەکەوت، چونکە پێش

نەخۆشکەوتن و مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

هەموویان موسڵمان بووە و فەزڵی هەیە بەسەر هەموو ئەم ئوممەتەوە لە پاش پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) شۆردرا و لەسێ پارچەی سپیدا کفن کرا، پاشان لەو شوێنەدا نێژرا کە تێیدا وەفاتی کردبوو، لە ژوورەکەی دایکی ئیمانداران عائیشە، و ئەوەش سوننەتی خوای گەورەیە لە پێغەمبەرەکانیدا کە لەو جێگادا دەنێژرێن کە تێیدا وەفاتیان کردووە، مرۆڤەکان و جنۆکەکانیش نوێژیان لەسەری کرد سەڵات و سەلامی خوای گەورەی لەسەر بێت، ئێمەش شایەتی ئەوە دەدەین کە ئامانەتەکەی بە جوانی گەیاند و ئامۆژگاری ئوممەتەکەی کرد و بە باشترین شێوە جیهادی کرد لەپێناوی خوادا، بۆیە خوای گەورە پاداشاتی بە خەیری بداتەوە و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان.

کۆتایی:

حەسسانی کوڕی سابیت شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت :

يَـــا رَبّ! فاجْمَعنا معاً ونَبِيَّنَا فِي جَنّـــةٍ تُثْـــنِي عُيُـــونَ الحُسَّـــدِ

فِي جَنّةِ الفِرْدَوْسِ واكتُبْها لَنَا يـــــا ذا الجلالِ وذا العلا والسؤْدَدِ

صَلّى الإلهُ وَمَنْ يَحُفُّ بِعَرْشِهِ والطيبـــونَ علـــــى المبـــارِكِ أحمدِ

پرسیار	ڕاست	هەڵە
• پێغەمبەری خوا (ﷺ) شوانی مەڕومالاّتی کردووە ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ ئارامگرتن و بەزەیی هاتنەوەی بە لاوازەکاندا و چاودێری کردنیان.	☐	☐
• کاتێك تەمەنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتە چل ساڵ روناکی پێغەمبەرایەتی بەسەردا هەڵهات، و خوای گەورە لەڕۆژی هەینیدا بە پەیامەکەی ڕێزداری کرد.	☐	☐
• ئازاردانی قورەیش بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیادی کرد بۆیە خۆی و ئالو بەیتەکەیان سێ ساڵ لە شیوەکانی ئەبو تالیبدا گەمارۆ دا، کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گەمارۆکە دەرچوو تەمەنی چل و نۆ ساڵ بوو.	☐	☐
• نێردراوە بە حەنیفییەی میهرەبانی و دژی دوو شت : شیرك و حەرام کردنی حەڵاڵ.	☐	☐
• حەوت منداڵی هەبوو : چوار کوڕ و سێ کچ.	☐	☐
• هەموو منداڵەکانی لە خەدیجە بووە و لەهاوسەرەکانی تری منداڵی نەبووە.		
• هەموو منداڵەکانی پێش خۆی کۆچی دواییان کردووە.	☐	☐

خیلاف لەوەدا نییە کاتێك وەفاتی کرد ئەم نۆ خێزانەی لێ بە جێ ماوە : عائیشە، حەفصە، زەینەبی کچی جەحش، ئوم سەلەمە، صەفییە، ئوم حەبیبە، مەیمونە، سەودە، و جوەیریە.

خوای گەورە بە جبریلدا سەلامی بۆ خەدیجە ناردووە، و ئەمەش تایبەتە و نەزانراوە بۆ هیچ ئافرەتێکی تر بووبێت.

- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککە لەدایك بووە لە : ☐ ساڵی فیل ☐ پێش کۆچ بە ٥٣ ساڵ ☐ هەردووکیان
- سەرەتای وەحیەکەی بە: ☐ خەڵوەتکردنی لا خۆشەویست کرا ☐ خەونی چاك ☐ هەردووکیان
- ژمارەی پلەکانی وەحی : ☐ پێنج ☐ حەوت ☐ سێ
- پلەکانی بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ☐ دوو ☐ سێ ☐ پێنج
- پاشان بەڕۆح و جەستە شەوڕەوی پێکرا بۆ مزگەوتی ئەقصا، پاشان بە بەرزکرایەوە بۆ سەرووی ئاسمانەکان بە(.....)بۆ لای خودا، خوداش قسەی لەگەڵ کرد و نوێژەکانی لەسەر فەرزکرد. : ☐ بە جەستە ☐ بە ڕۆح ☐ بە جەستە و بە ڕۆح.
- یەکەم مزگەوت لە ئیسلامدا بریتییە لە مزگەوتی : ☐ ئەلحەرام ☐ پێغەمبەر ☐ ئەقصا ☐ قوباء .
- گۆڕینی قیبلە ڕوویدا: ☐ لە مەککە پێش کۆچ ☐ لە ساڵی دووەمی کۆچی ☐ لە ساڵی سێیەمی کۆچی.
- غەزای بەدر لەڕەمەزاندا بوو لەساڵی : ☐ دووی کۆچی ☐ سێی کۆچی.

یەکەم کەس باوەڕی هێنا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)	
لە پیاوان	عەلی کوڕی ئەبو تالیب
لە منداڵان	بیلاڵی کوڕی ڕەباح
لە مەوالیّکان	زەیدی کوڕی حاریسە
لە کۆیلەکان	ئەبو بەکری سدیق

کەفالەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :	
لە پاش مردنی دایکی کەفالەت کرا لە لایەن باپیری	ئەبو تالیب
ئەمجار باپیری وەفاتی کرد هێشتا تەمەنی پێغەمبەر	عەبدولموتەلیب
ئەمجار مامەی کەفالەتی کرد	عەبدولّای کوڕی عەبدولموتەلیب
باوکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی	نزیکەی هەشت ساڵ
دایکی وەفاتی کرد هێشتا تەمەنی چەند ساڵی تەواو نەکردبوو	حەوت ساڵ

غەزا و نێردەکانی	
هەموو سریە و نێردەکانی لە پاش هیجرەت بوو لە ماوەی	دە ساڵ
سریە و نێردەکانی نزیکەی چەند	شەست
ژمارەی غەزاکانی چەند بوون	بیست و حەوت
جەنگا لە	لە نۆ دانەیدا
بریندار بوو لە	یەك غەزا

پێرستی بابەتەکان

- پێشەکی کتێبەکە ٢
- بەشی یەکەم : رەوشت و رێبازەکەی (ﷺ)..... ٤
- تاقیکردنەوەی یەکەم ٢٤
- رێباز و بەرنامەکەی (ﷺ) : ٢٧
- تاقیکردنەوەی دووەم ٣٧
- لە تایبەتمەندییەکانی (ﷺ)..... ٤١
- هاوسەر و کەسە نزیکەکانی (ﷺ):..... ٤٦
- ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێش پێغەمبەرایەتی ٥٣
- دەستپێکردنی وەحی ٥٨
- سەردەمی مەککی لە ژیاننامەکەی (ﷺ)..... ٦٥
- سەردەمی مەدینە لە ژیاننامەکەی (ﷺ)..... ٧٠
- پوختەی غەزاکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)..... ٨٤
- نەخۆشکەوتن و مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ٨٦
- تاقیکردنەوەی سێیەم ٨٨
- پێرستی بابەتەکان ٩١

بسم الله الرحمن الرحيم

ملخص كتاب
الوسائل المفيدة للحياة السعيدة

پوختەی کتێبی:

"هۆکارە سوود بەخشەکان بۆ ژیانێکی ئاسوودە"

نوسەر : عبدالرحمن بن ناصر السعدی ،(١٣٠٧-١٣٧٦) لە دیارترین زانایانی موسڵمانان لەسەردەمی خۆیدا ، وە یەکێکە لە پێشەوا لێکۆڵەرەوەکان .

هۆکاری نوسینی کتێبەکە : کاتێك شەیخ بە مەبەستی چارەسەر سەفەری کرد بۆ لوبنان ساڵی ١٣٧٣ لەوی کتێبێکی خوێندەوە بە ناوی : (دع القلق وابدأ بالحياه) واتە : (واز لە دڵەراوکێ بهێنە و دەست بە ژیان بکە) کە نوسەری ئەمریکی (دیل کانیجری) یە ، سەرسام بوو بە ئەو کتێبە و لە ژێر رۆشنایی ئەو کتێبەدا ئەم کتێبەی نووسیەوە .

١- باوەڕبوون بە خوای گەورە و ئەنجامدانی کاری چاك.

جا باوەڕبوون خاوەنەکەی بەرەو ئارامگرتن و رازیبوون قەناعەت دەبات .

٢- چاکەکردن لە گەڵ خەڵکیدا بە گفتار و کردار .

جا چاکە چاکە بە دوای خۆیدا رادەکێشێ و خرایە دوور دەخاتەوە .

٣- خۆ سەرقاڵ کردن بە کردار یان زانستی سوودبەخش .

چونکە ئەوانە دڵ سەرقاڵ دەکات لەوەی بیر بکاتەوە لە دڵەڕاوکێ .

٤- سەرقاڵکردنی بیرو هۆش بە کرداری ئەرێوە .

بۆیە خەمبار مەبە بۆ ئەوەی رۆیشت ، وە بایەخ بەوەی داهاتوو مەدە ، چونکە پێغەمبەری خوا پەنای دەگرت بە خوا لە خەم و پەژارە .

٥- زۆر ئەنجامدانی زیکری خوای گەورە .

جا زیکری خوای گەورە دڵنیایی و ئارامی دەبەخشێتە دڵ

٦- ژماردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە ئاشکراکان و پەنهانەکان .

چونکە ئەو کارە سوپاسگوزاری بە دوای خۆیدا دەهێنی و خەم و پەژارە لەبیر دەباتەوە .

٧- تەماشا کردنی ئەوانەی لە خوار خۆتەوەن .

چونکە ئەو کارە پەلکێشت دەکات بۆ سوپاسگوزرای خوا بۆ ئەوەی لەسەریت و خەم و

٨- لەبیرکردنی رابوردوو .

ئەوەی رۆیشت و رابورد هەرگیز ناگەڕێتەوە ، وە خۆسەرقاڵ کردن پێوە شیتی و کاری

٩- پاڕانەوە لە خوای گەورە .

وەکو ئەوەی لە خوا بپاڕێتەوە کە دین و دونیا و دوارۆژی پارێزراو بکات هەروەکو لە

١٠- پێشبینی خراپترین ئیحتیمال بکات .

لە کاتی رودانی هەر رووداوێکدا پێشبینی خراپترین ئیحتیمال بکە ، چونکە ئەوە لە کاتی رودانیدا سووك دەبێتەوە لە سەرت ، جا ئەگە رووبدا ئەوا هەوڵ بدە سووکی بکەیتەوە بە گوێرەی توانا .

١١- شۆرنەبێتەوە لە گەڵ خەیاڵاتدا .

جا خەیاڵات بیرۆکەی خراپ بۆ خاوەنەکەی دەهێنێت ، وە گومان بردنی رودانی خراپ ، کە ئەوەیشە هۆکاری خەیاڵات و نەخۆشییە .

١٢- پشت بەستن بە خوای گەورە .

جا هەرکەسێك پشت بە خوای کەورە ببەستێت ئەوا بەسیەتی.

١٣- بەرگەگرتنی هەڵەی ئەوانیتر و ئارامگرتن لە سەر ئازارەکانیان .

هەموو مرۆڤێك کەموکورتییەکی هەیە یان کارێکی تێدایە کەوا تۆ پێت ناخۆشە ، بۆیە تەماشای لا چاك و باشەکەی بکە .

١٤- خۆت بە شتە بێ بایەخەکانەوە سەرقاڵ مەکە .

هەروەکو چۆن تۆ خۆت ڕاهێناوە لەسەر بەرگەگرتنی کارەساتە گەورەکان ئەوا بچووکەکان لە پێشترە فەرامۆش بکرێت.

١٥- ژیان کورتە .

جا ژیانی ڕاستەقینە – هەرچەندە کورتە- ئەو ژیانەیە کە پڕە هـ بەختەوەری و ئارامی ، بۆیە کورتی مەکەرەوە بە خەم و پەژارە و خۆسەرقاڵکردن بە ناسۆرییەکانی ژیانەوە .

١٦- زۆربەی دڵەڕاوکێیەکان خەیاڵ و ئەندێشەن هیچ حەقیقەتێکیان نییە .

زۆربەی ئەوانەی کە بوونە هۆی دڵەڕاوکێی تۆ ڕوویان نەدا ، بۆیە مەهێڵە هیچ ئەگەرێکی لاواز زاڵ ببێت بە سەر ئەگەرە گەورە و بە هێزەکاندا .



١٧- بێزار مەبە لە ئازاری خەڵکی .

چونکە ئازاری خەڵکی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە ، جا ئەگەر خۆتی پێوە سەرقاڵ بکەیت ئەوا زیانت پێ دەگەیەنێت هەروەکو چۆن زیان بە ئەوان دەگەیەنێت .

١٨- ژیانت شوێنکەوتەی بیرۆکەکانتە .

جا ئەگەر بیرۆکەکانت سوود و قازانجی بۆ دینەکەت یان دونیاکەت بگەڕێتەوە ئەوا ژیانەکەت بەختەوەر و ئاسوودە دەبێت ، وە ئەگەر پێوانە بوو ئەوا بەرهەمەکەیشی پێچەمانە دەبێت .

١٩- چاوەڕوانی سوپاسگوزاری خەڵکی مەبە .

ئەگەر چاکەیەکت کرد لە گەڵ کەسێکدا حەقی بەسەرتەوە هەیە یان کەسێك حەقی بەسەرتەوە نییە ، ئەوا باش بزانە تۆ لە گەڵ خوادا مامەڵەت کردووە ، بۆیە ئەگەر ئەوان

٢٠- خۆت بەو شتانەوە سەرقاڵ بکە کەوا سوودی بۆت هەیە .

چونکە کارە زیانبەخشەکان خەم و پەژارە بە دوای خۆیدا دەهێنێت ، بۆیە پشت بە کرداری سوود بەخش ببەستە .

٢١- کارەکانت هەر ئێستا ببەڕەوە و یەکلای بکەرەوە .

جا کارەکان ئەگەر یەکلای نەکەیتەوە ئەوا لە گەڵ کارەکانی رابوردودا کۆ دەبێتەوە لەسەرت ، وە کارەکانی داهاتویشی دێتە سەر ، ئەوا سەرقاڵت دەکات .

٢٢- کارە لە پێشینەکانت ڕێك بخە .

سەرتا لە گرنگترینەوە دەست پێ بکە ، وە ئەوەیان هەڵبژێرە کە زیاتر نەفست بۆ لای دەچێت ، بۆ ئەوەی بیزار نەبیت ، وەراوێژ بکە چونکە هەر کەسێك راوێژ بکات ئەوا پەشیمان نابێتەوە .

01/42 - الكردية - كوردی

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێر کردین؟

شەیخ د• هەیسەم سەرحان
کورتی کردووەتەوە

ماموّستا لە مزگەوتی پێغەمبەری
خوا لە پێشاندا و سەرپەرشتیاری
پەیمانگای سوننە

باڕکۆدەکە سکان بکە - sarhaan.com

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- ئەو ئەو کەسەیە کە بەرگری لە مافەکانی هەموو مرۆڤەکان کردووە لە ماوەی ١٤٠٠ ساڵی رابوردوودا.

- پیاوان و ئافرەتان و بچوکەکان و لاوازەکانی پاراستووە.

- مافەکانی ئاژەڵ و رووەکی پاراستووە و هانی موسڵمانانی داوە لەسەر بایەخدان بە زەوی.

- فەرمانی پێکردووین بە ڕەوشت جوانی و پەیوەندییەکان نێوان خزمە نزیکەکان و دەرهاوسێکان ڕێکخستووە.

- وە پەیوەندی پێکەوە ژیانی بنیاتنا لە نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵماندا.

- وە پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانی خێزاندا ریکخست کە بە شێوەیەکی گەورە و مەزن مافەکانی باوک و دایکی زەمان کردووە لە سەر منداڵەکانیان.

- ڕێگری لە ستەم کردووە و بانگەوازی بۆ دادپەروەری و خۆشەویستی و یەکڕیزی و هاوکاری کردنی یەکتر لە خەیر و چاکەدا کردووە.

- بانگەوازی بۆ هاوکاری کردنی خاوەن پێداویستییەکان و سەردانی نەخۆش و خۆشەویستی و ئامۆژگاری کردن لە نیوان هەموو خەڵکیدا کردووە.

- ڕێگری کردووە لە موسڵمانان بە ئەنجامدانی مامەڵەی خراپ و قیزەون وەکو دزی و غەش و کوشتن و ستەم .

- ئەوە ئەو کەسە بوو کە ژیان و ئاکارە خراپەکانمانی گۆڕی بۆ ژیان و ئاکاری باش و جوان.

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە دزی نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە درۆ نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە عارەق نەخواتەوە.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە زینا نەکات.

- وە پەیوەندی پێکەوە ژیانی بنیاتنا لە نێوان موسڵمانان و غەیرە موسڵماندا.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە غەش نەکات.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە خەڵکی بێتاوان نەکوژێت.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە ئازاری دەرهاوسێکەی نەدات ئەگەر باوەردار بێت یان بێباوەڕ.

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە لە گەڵ دایک و باوکیدا بە چاکی هەڵسوکەوت بکات و خزمەتیان بکات هەرچەندە لە سەر جگە لە دینەکەی ئەو بن .

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە بەزەیی بە بچوک و ئافرەتان و لاوازەکان و کەسە بە تەمەنەکاندا بێتەوە .

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- موسڵمانی فێری ئەوە کرد کە سزاو ئەشکەنجەی مرۆڤەکان و گیانداران نەدات و ژینگە تێک نەدات و خراپی نەکات .

- کەسی موسڵمانی فێرکردووە کەوا بەزەیی بە ژنەکەیدا بێتەوە و خۆشی بوێت و بایەخ بە منداڵەکانی بدات و بەزەیی پێیاندا بێتەوە تاوەکو دواییین رۆژ لە تەمەنی.

- کەسی موسڵمانی فێرکردووە کەوا پەیوەندی لە گەڵ منداڵەکانیدا هەرگیز کۆتایی پێ نایەت لە پاش تەمەنی بالغبوون و پێگەیشتن.

- هەموو موسڵمانێک موحەممەدی ﷺ خۆشدەوێت زیاتر لە هەموو دروستکراوێکی تر.

- موسا و عیسا موژدەی هاتنی ئەویان داوە.

- هەموو موسڵمانێک موسا و عیسای خۆشدەوێت و باوەڕی وایە کەوا ئەوان لە باشترین پێغەمبەرانن.

- موحەممەد ﷺ بۆ عەرەب و جگە لە عەرەب رەوانە کراوە.

- وە هیچ جیاوازییەک نییە لە دینەکەیدا لە نێوان عەرەب و جگە لە عەرەب ئیللا بە تەقوا و لە خواترسان نەبێت.

- ئەوە موحەممەدە پێغەمبەر و نێردراوی خوایە ﷺ.

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ کێیە و چی فێرکردین؟

- ئایە زانیتان موسڵمانان بۆ موحەممەدیان خۆش دەوێت ﷺ؟

- ئایە زانیتان موحەممەد ﷺواتە چی بە نیسبەت موسڵمانانەوە؟

- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ و فێربوونی :

سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکە :

پەیمانگای سوننە

mahadsunnah.com

ماڵپەڕی شەیخ

sarhaan.com

٠١/٤٢ - الكردية - كوردى

پوختەی

ئەو مافانەی کە فیترەت داوای کردووە و شەریعەتیش بڕیاری لە سەر داوە .

بەزمانی کوردی

(نوسینی : شێخ ئیبن عثیمین
ڕەحمەتی خوای لێبێت)

شەیخ د• هەیسەم سەرحان
کورتی کردووەتەوە

ماموّستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە پێشاندا و سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە

بۆ وەرگێڕانی پروشە (مەتویە) : sunnah.com - باڕکۆدەکە سکان بکە
مافی چاپکردن ڕێگەپێدراوە

١ـ مافی خوای گەورە :

بەتەنها و بێ هاوتا و شەریك بیپەرستیت، وە ببیتە بەندەیەکی زەلیلی خۆ بەکەم زانی ملکەچ بۆی ، جێبەجێکاری فەرمانەکانی بیت، خۆت لە نەهیەکانی دوورکەیتەوە، وە باوەڕ بە هەواڵەکانی بکەیت، بیروباوەڕێکی ئمونەیی، وە ئیمان بە حەق و کاری چاکەی بە بەرهەم، بیروباوەڕێك کە بنچینەکانی : خۆشەویستی و بەمەزن دانان بێت، وە بەرهەمەکەی : دڵسۆزی و هەوڵدان بێت.

٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ) :

شکۆمەندکردن و ڕێزگرتن و بە مەزن دانانی؛ مەزن دانانێکی لایەق و شایستە بێت بەخۆی، بەبێ زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی.
وە باوەڕکردن بە هەموو ئەوانەی باسی کردووە لە کارەکانی ڕابردوو و داهاتوو، وە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆدورخستنەوە لەوانەی نەهی لێکردووە و ڕێگری لێکردووە ، وە باوەڕهێنان بەوەی ڕێبازەکەی و ڕێگاکەی ئەو تەواوترین ڕێبازە ، وە بەرگریکردن لە شەریعەت و ڕێگا و ڕێبازەکەی.

٣ـ مافی دایك و باوك :

چاکەیان لە گەڵدا بکەیت و مافیان بدەیت، ئەوەش بە چاکەکردن لەگە ڵیان بە قسە و کردەوە چ بە ماڵ بێت یان بە جەستە، وە فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەی لەوەی سەرپێچی کردنی خودای تێدا نەبێت ، وە لە جگە لەوانەی زیانی بۆ خۆت هەیە.

٤.مافی منداڵان :

-1 پەروەردە ؛ ئەویش پەرەپێدانی دین و ڕەوشتە لە ناخیاندا تاکو پشکێکی زۆریان لەوبارەوە دەست بکەوێت.
-2 پارەیان بۆ خەرج بکات بەچاکە ، بەبێ زیادەڕۆیی کردن و بێ کەمتەرخەمی.
-3 کەسیان پێش نەخات بەسەر ئەوانیتردا لە دیاری و بەخششدا.

٥.مافی خزمە نزیکەکان :

سەردانی نزیکەکانی بکات بە چاکە ؛ بە بەخشینی ئەوەی لە توانایدایە و بە سوودی جەستەیی، وە سوودی سەروەت و سامان بۆیان هەبێت بەپێی نزیکی خزمایەتی و پێویستی کەسەکە ببێت.

٦. مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە :

هەریەکەیان بەچاکە لەگەڵ ئەویتردا مامەڵە بکات و ئەو مافەی لەسەریەتی جێبەجێ بکات بەوپەڕی و لێبوردەیی و ئاسانی بەبێ پێناخۆش بوون لەکردنیدا و بێ دواخستن .
لەمافەکانی ژن بەسەر مێردەکەیەوە: ئەرکی بژێوی دابین بکات لە خواردن و خواردنەوە و جل و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئەوانەی پەیوەستن بەوانەوە، و دادپەروەری کردن لەنێوان هاوسەرەکانیدا.
لەمافەکانی پیاو بەسەر هاوسەرەکەیەوە : گوێڕایەڵی بکات لە جگە لە سەرپێچی خوا، وە نهێنی و ماڵەکەی بپارێزێت، وە کارێك نەکات تەواوی خۆشیەکانی لێ تێك بدات.

٧. مافی کاربەدەستان و خەڵکی :

مافی خەڵکی بەسەر کاربەدەستانەوە : هەستن بەجێبەجێکردنی ئەو ئەمانەتەی خودا لەسەر شانی داناون و ئیلزامی کردوون بەئەنجامدانی هەر لە ئامۆژگاریکردنی خەڵکی و ڕێبەری کردنیان لەسەر ڕێگای ڕاست کە بەسە بۆبەرژەوەندییەکانی دونیا و دواڕۆژ، ئەوەش بەشوێنکەوتنی ڕێگای باوەڕداران.
مافی کاربەدەستان بەسەر خەڵکییەوە : ئامۆژگاری کردنیان لەوانەی کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت لە کارەکانیان، وە بیریان بهێنێتەوە ئەگەر بیریان چوو، وە دوعاکردن بۆیان ئەگەر لەسەر حەق لایان دا، وە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانیان لەجگە لە سەرپێچی خوادا و یارمەتی دانیان.

٨. مافی دەرهاوسێ :

دەرهاوسێ : ئەو کەسەیە کە ماڵەکەی لێتەوە نزیکە ، چاکەکار دەبێ لە گەڵیدا بەپێی توانا بە ماڵ و کەسایەتی و سوود پێگەیاندن ، وە ئازاری وتن و کرداری لێ دوور دەخاتەوە.
١- ئەگەر لە نەسەب و خزمایەتیدا لێتەوە نزیك بوو و موسڵمان بوو ، ئەوا سێ مافی لەسەرتە : مافی دراوسێیەتی، وە مافی خزمایەتی ، وە مافی ئیسلام.
٢- ئەگەر موسڵمان بوو بەڵام نزیکت نەبوو لە خزمایەتی و نەسەبدا ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی ئیسلام.
٣- هەروەها ئەگەر خزم بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا دوو مافی هەیە: مافی دراوسێیەتی و مافی خزمایەتی.
٤- ئەگەر لەنەسەبدا دوور بوو و موسڵمان نەبوو ئەوا یەك مافی لەسە رتە : مافی دراوسێیەتی.

٩. مافی موسڵمانان بەگشتی :

لەو مافانە سەلام کردنە، وە ئەگەر بانگێشتی کردی بەدەمیەوە بچۆ و وەڵامی بدەرەوە ، وە ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێکردی ئامۆژگاری بکە، وئەگەر پژمی و سوپاسی خوای کرد تۆیش وەڵامی بدەرەوە (بلّێ : یرحمك الله) ، وە ئەگەر نەخۆش کەوت سەردانی بکە، وە ئەگەر مرد شوێنی تەرمەکەی بکەوە، و خراپەی لێ دوور بکەوە.

مافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان زۆرن، وە دەکرێت مانای کۆکەرەوەی فەرمودەکەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) بێت کە دەفەرموێت: (موسڵمان برای موسڵمانە) جا هەر کاتێك هەستا بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەم برایەتیە هەوڵ دەدات هەموو خەیرێکی بۆ فەراهەم بکات و خۆی دوور بخاتەوە لەهەموو ئەوەی زیانی بۆ براکەی هەیە.

١٠. مافی ناموسڵمانان :

پێویستە لەسەر دەسەڵاتداری موسڵمانان بە حوکمی ئیسلام فەرمانڕەواییان بکات لە نەفس و ماڵ و شەرەفیاندا، وە حەددەکانیان لەسەر جێبەجێ بکات لەو کارانەی کە بڕوایان هەیە بەحەرامبوونی، وە پێویستە لەسەری پارێزگاریان لێبکات و خراپەیان لێ دوور بکاتەوە.

وە پێویستە لەجل پۆشیندا لەموسڵمانان جیاواز بن، وە شتێك دەرنەخەن کە لە ئیسلامدا مونکەر بێت (ڕێگەپێدراو نەبێت) ، یان شتێك لە شەعیرەکانی ئاینەکەیان؛ وەکو ناقوس و خاچ.

*ناوەڕۆک

١ـ مافی خوای گەورە :.....١
٢ـ مافی پێغەمبەری خوا (ﷺ).....١
٣-مافی دایك و باوك.....١
٤-مافی منداڵان.....٢
٥-مافی خزمە نزیکەکان.....٢
٦-مافی هاوسەر بەسەر یەکەوە ٢
٧-مافی کاربەدەستان و خەڵکی ٣
٨-مافی دەرهاوسێ.....٣
٩-مافی موسڵمانان بەگشتی.....٤
١٠-مافی ناموسڵمانان.....٤

پەیمانگای سوننە
mahadsunnah.com

ماڵپەڕی شەیخ
alsarhaan.com

٠٥٠٤٢٥٠٣٣٧ mahadsunnah

	سوننەتەکانی فیترەت ئەو صیفاتانەی کە خوای گەورە خەڵکی خستووەتە سەری و لە ناخیاندا چاندوویەتی	معهد السنة As-Sunnah College

هەموو مرۆڤێك حەز و مەیەلان و پێویستییەکی هەیە لە بنەڕەتدا ، ئیللا مەگەر کۆمەڵگاکەی دەوروبەری کاریگەری لەسەر بکات ، لە فەرموودەی صحیح و دروستی پێغەمبەردا هاتووە.

سوننەتەکە	حوکمەکەی	پێناسەکەی
١- بڕینی سمێڵ	سوننەتە و تاشینی بە گشتی مەکروهە	سوونەت لە سمێڵدا بڕین و کورتکردنەوەیەتی ، وە پێویستە لێی ببڕێت تاوەکو سوورایی لێوەکان دەردەکەون
٢- ڕیش هێشتنەوە	واجیبە	تاشینی ڕیش حەرامە ، چونکە لە گەڵ فەرمانی پێغەمبەری خوادا ناکۆکە کە فەرمانی بە هێشتنەوە و بەردانەوەی کردووە.
٣- سیواك	سوننەتێکی موئەکەدەیە	بە کار هێنانی داری ئەراك و نمونەی ئەوانە بە مەبەستی پاك کردنەوەی ددانەکان ، جا ئەوە سوننەتە لە هەموو کاتێکدا ، وە دووپاتکراوەتەوە : لە کاتی دەستنوێژدا و لە کاتی نوێژدا و لە کاتی چوونە مالێ و چوونە مزگەوت و خوێندنەوەی قورئان و لەکاتی لەخەو هەستان و لە کاتی سەرەمەرگدا و گۆڕینی بۆنی دەم .
٤- ئاو وەردانە لووت	لە سوننەتەکانی دەستنوێژە	شوشتنی لووت لە ڕێگای ئاو وەردانە لووت و پاشان دەرهێنانی .
٥- نینۆك کردن	سوننەتە ، وە نابێت لە چل ڕۆژ زیاتر دوا بخرێت .	نینۆك کردن بریتییە لە بڕینی ، چونکە هێشتنەوەی نینۆك هۆکارە بۆ کۆبوونەوەی پیسی لە ژێریدا .
٦- شوشتنی گرێی پەنجەکان	سوننەت	پاککردنەوەی ئەو جێگایانەی کە پیسی تێدا کۆ دەبێتەوە ، ئەویش ئەو گرێیانەیە کە لەسەر پەنجەکانە .

٧- لادانی تووکی بن بالّ	سوننەتە ، وە نابێت لە چل رۆژ زیاتر دوا بخرێت .	بریتییە لە لادانی تووکی بنبالّ ، جا ئەگەر لابدرێت بە هەڵکێشان یان تاشین یان جگە لەو دوو رێگایە ، چونکە لادانی هۆکاری پاکی و نەهێشتنی بۆنی ناخۆشە.
٨- بەرتاشین	سوننەتە ، وە نابێت لە چل رۆژ زیاتر دوا بخرێت .	ئەو تووکانەیە کە لە دەوروبەری دامێنی مرۆڤ دەردەچێت (لە پێشەوەی) ، دەکرێت لابدرێت بە بێ تاشین ، وەکو ئەو ماددانەی دروستکراون بۆ ئەو مەبەستە .
٩- خۆخاوێن کردنەوە بە ئاو	لە ئادابەکانی سەرئاو کردنە	لادانی ئەوەی لە پێش و پاشی مرۆڤەوە دەردەچێت ، بە شوشتنی بە ئاو یان هەر شتێکی تر ، لە جێگای دەرچوونییەوە و ئەوانەی دەوروبەری.
١٠- ئاو وەردانە دەم	لە سوننەتەکانی دەستنوێژە	شوشتنی دەم لە رێگای ئاو وەردانە ناوی و ئەمجار دەرهێنانی .

لە دایکە عائیشەوە هاتووە و فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : ((عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ» قال زكريا: قال مصعب : ونسيتُ العاشر إلا أن تكون المضمضة ، زاد قُتيبة ، قال وكيع : ((انتقاص الماء : يعني الاستنجاء) رواه مسلم. واتە : ((دە ئاکار هەن لە فیترەتن : بڕینی سمێڵ (بەرسوێل کردن) و ریش هێشتنەوە و سیواك و ئاو هەڵدانە لووت و نینۆك کردن و شوشتنی گرێی پەنجەکان و لادانی توکی بن بالّ و بەرتاشین و خۆپاککردنەوە بە ئاو) زەکەریان دەڵێت : موصعەب فەرموویەتی : وە دەیەم دانەم لەبیر چووە ، ئیللا ئەوە نەبێت وا دەزانم ئاو هەڵدانە دەم بێت) . قوتەیبە ئەوەی زیاد کردووەو فەرموویەتی : مەبەست لە (انتقاص الماء : واتە بەکارهێنانی ئاو لە کاتی خۆپاککردنەوەدا) موسلیم ریوایەتی کردووە.

١١- خەتەنەکردن	واجیبە بۆ پیاوان و سوننەتە بۆ ئافرەتان ئەگەر پێویستی پێی هەبوو .	بریتییە لە بڕینی ئەو پارچە پێستەی دامێنی مرۆڤی داپۆشیوە ، بۆ ئەوەی پیسی تێدا کۆ نەبێتەوە و بۆ ئەوەی خۆی لە میز پاکبکاتەوەو هیچ نەمێنێتەوە.

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الْخِتَانُ، ...)) الحديث . متفق عليه

واتە: ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی: پێنج شت هەن لە فیترەتن : خەتەنەکردن و .....)) فەرموودەکە . متفق عليه

سەرچاوە : (فتح المعين في تقريب منهج السالكين و توضيح الفقه في الدين)) لە نوسینی شەیخ هەیسەم سەرحان (خوا بپارێزێت) بۆ پەیوەندی کردن :https : alsarhan.com

اللغة الكردية
زمانی کوردی

هيا بنا نتعلم

خێراکه با فێربین

المستوى الأول
ئاستی یەکەم

بقلم الفقير إلى عفو ربه

هيثم بن محمد سرحان

المدرّس بمعهد الحرم بالمسجد النّبويّ -سابقاً-
والمشرف على معهد السنة

نوسەر : دکتۆر هەیسەم سەرحان

ماموّستا لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا لە پێشاندا ، وە
سەرپە رشتیار لە سە ر پە یمانگای سوننە

حقوق الطبع والنشر متاحة للجميع
مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕێگەپێدراوە بۆ هەموان

Cover

أعوذ بالله من الشيطان الرجيم

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٢ مَٰلِكِ يَوۡمِ ٱلدِّينِ ٣
إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ٤ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٥
صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ٦ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣
وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ٤﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلۡفَلَقِ ١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ٢ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ٣
وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِي ٱلۡعُقَدِ ٤ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ٥﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣
مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥
مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦﴾

ما يَجِبُ عَلى المُسْلِمِ مَعْرِفَتُهُ

ئەوەی پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێت

مَنْ رَبُّكَ؟

پەروەردگارت کێیە ؟

رَبِّيَ اللهُ عز وجل

پەروەردگارم (اللە)یە

مَا دِينُكَ ؟

دینەکەت چییە ؟

دِينِي الإِسْلامُ

دینەکەم ئیسلامە

مَنْ نَبِيُّكَ ؟

پێغەمبەرەکەت کێیە ؟

نَبِيِّي مُحَمَّدٌ ﷺ

پێغەمبەرەکەم موحەممەدە ﷺ

أَقْرَأ وَأُلونُ

دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

الله ربي

(اللە) پەروەردگارمە

الإسلام ديني

ئیسلام دینمە

محمد ﷺ نبيي

موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)

پێغەمبەرمە

3

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنووسم

ربي الله عز وجل

ديني الإسلام

نبي محمد صلى الله عليه وسلم

پەروەردگارم (الله)یە

دینەکەم ئیسلامە

پێغەمبەرەکەم موحەممەدە (صلى الله عليه وسلم)

أُجِيبُ بالكِتَابَةِ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَةِ
بە نوسین لەسەر پیتە خاڵدارەکان وەڵام دەدەمەوە

مَنْ رَبُّكَ؟ ربي الله عز وجل.

مَا دِينُكَ؟ ديني الإسلام.

مَنْ نَبِيُّكَ؟ نبي محمد صلى الله عليه وسلم.

پەروەردگارت کێیە ؟ پەروەردگارم (الله)یە

دینەکەت چییە ؟ دینەکەم ئیسلامە

پێغەمبەرەکەت کێیە ؟ پێغەمبەرەکەم موحەممەدە صلى الله عليه وسلم

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە دەگەینمە مانا تەواوەکە

مَنْ رَبُّكَ؟	دِينِي الإِسْلامُ	پەروەردگارت کێیە؟	دینەکەم ئیسلامە
مَا دِينُكَ؟	نَبِيِي مُحَمَّدٌ ﷺ	دینەکەت چییە؟	پێغەمبەرەکەم موحەممەدە ﷺ
مَنْ نَبِيُّكَ؟	رَبِيَ اللهُ عز وجل	پێغەمبەرەکەت کێیە؟	پەروەردگارم (اللە)یە

أَرَتِّبُ الْكَلِمَاتِ الآتِيَةَ
ئەم وشانە ڕێك دەکەمەوە

عز وجل	من	ربك؟	ربي الله
الإسلام	دينك؟	ما	ديني
محمد	نبيي	نبيك؟	من
کێیە	؟	پەروەردگارم (اللە)یە	پەروەردگارەکەت
ئیسلامە	دینەکەم	دینەکەت	چییە ؟
موحەممەدە ﷺ	پێغەمبەرەکەم	پێغەمبەرەکەت	کێیە ؟

الله خالق كل شيء
خوا هەموو شتێکی دروست کردووە

مَنْ خلقني؟ کێ منی دروست کردووە؟

الله. خوا.

مَنْ خلق الناس؟
کێ خەڵکی دروست کردووە؟

الله. خوا.

مَنْ خلق السماوات والأرض والشمس والقمر؟
کێ ئاسمانەکان و زەوی و خۆر
و مانگی دروست کردووە ؟

الله. خوا.

مَنْ خلق الحيوانات والطيور؟
کێ ئاژەڵ و باڵندەکانی دروست کردووە؟

الله. خوا.

أَقْرَأ وَأُلونُ

دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

من خلقني؟ الله

من خلق الناس؟ الله

من خلق السماوات والأرض

والشمس والقمر؟ الله

من خلق الحيوانات والطيور؟ الله

کێ منی دروست کردووە؟ خوا

کێ خەڵکی دروست کردووە؟ خوا

کێ ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگی

دروست کردووە ؟ خوا

کێ ئاژەڵ و باڵندەکانی دروست

کردووە؟ خوا

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

من خلقني؟ الله – من خلق الناس؟ الله
من خلق السماوات والأرض والشمس والقمر؟ الله
من خلق الحيوانات والطيور؟ الله

کێ منی دروست کردووە؟ خوا
کێ خەڵکی دروست کردووە؟ خوا
کێ ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگی دروست کردووە ؟ خوا
کێ ئاژەڵ و باڵندەکانی دروست کردووە؟ خوا

أُجِيبُ بالكِتَابةِ عَلَى الْحُرُوفِ الْمُنَقَّطَةِ
لەسەر پیتە خاڵدارەکە بە نووسین وەڵام دەدەمەوە

من خلقني؟ الله
من خلق الناس؟ الله
من خلق السماوات والأرض والشمس والقمر؟ الله
من خلق الحيوانات والطيور؟ الله

کێ منی دروست کردووە؟ خوا
کێ خەڵکی دروست کردووە؟ خوا
کێ ئاسمانەکان و زەوی و خۆر و مانگی دروست کردووە؟ خوا
کێ ئاژەڵ و باڵندەکانی دروست کردووە؟ خوا

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بالْمَعْنَى الصَّحِيحِ

وشەکە دەگەینمە مانا تەواوەکە

الله	لأنني مسلم	خوا	چونکە من موسڵمانم
خلقني	إلا الله	دروستی کردووم	ئیلاد خوا نەبێت
لا خالق	الله	هیچ دروستکارێک نییە	خوا
أطيع الله الذي خلقني	خالق كل شيء	گوێڕایەڵی نەو خوایە دەبم کە دروستی کردووم	هەموو شتێکی دروستکردووە

أُرَتِّبُ الْكَلِمَاتِ الْآتِيَةَ

ئەم وشانەی خوارەوە ڕێك دەخەم

خالق	كل	شيء	الله
خوا	شتێکە	هەموو	دروستکاری

اللهُ يَرْزُقُنِي

خوا رزقی من دەدات

اللهُ يَرْزُقُنِي ويَرْزُق جميع المخلوقات

خوا رزقی من و رزقی هەموو
دروستکراوەکان دەدات

اللهُ يَرْزُقُ النَّاسَ

خوا رزقی هەموو خەڵکی دەدات

اللهُ يَرْزُقُ الحَيَوَان والطَّيْرَ

خوا رزقی ئاژەڵ و باڵندەکان
دەدات

أَقْرَأُ وَأُلونُ

دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

اللّه يرزقني
ويرزق جميع المخلوقات
اللّه يرزق الناس
اللّه يرزق الحيوان والطير

خوا ڕزقی من و ڕزقی هەموو
دروستکراوەکان دەدات
خوا ڕزقی مرۆڤ دەدات
خوا ڕزقی ئاژەڵ و باڵندەکان دەدات
خوا ڕزقی خەڵکی دەدات

11

أَكْتُبْ عَلَى الحُرُوفِ المَنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

الله يرزقني ويرزق جميع المخلوقات
الله يرزقني - الله يرزق الناس
الله يرزق الحيوان والطير

خوا رزقی من و رزقی هەموو دروستکراوەکان دەدات
خوا رزقی من دەدات
خوا رزقی ئاژەڵ و باڵندەکان دەدات
خوا رزقی هەموو خەڵکی دەدات

أُجِيبُ بالكِتَابةِ عَلَى الحُرُوفِ المَنَقَّطَةِ
لەسەر پیتە خاڵدارەکە بە نووسین وەڵام دەدەمەوە

من يرزقني ويرزق جميع المخلوقات؟ الله
من يرزقني؟ الله
من يرزق الحيوان والطير؟ الله
من يرزق الناس؟ الله

کێ رزقی من و رزقی هەموو دروستکراوەکان دەدات؟ خوا
کێ رزقی من دەدات؟ خوا
کێ رزقی ئاژەڵ و باڵندەکان دەدات؟ خوا
کێ رزقی خەڵکی دەدات؟ خوا

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

الله	هو الله	خوا	تەنها خوایە
الرزاق	تسعى في البحث عن طعامها	رۆزیدەر	هەوڵ دەدەن بۆ گەڕان بە دوای خواردنەکەیاندا
المخلوقات	يرزقني ويرزق جميع المخلوقات	دروستکراوەکان	رزقی من و رزقی هەموو دروستکراوەکان دەدات

أُرَتِّبُ الْكَلِمَاتِ الْآتِيَةَ
وشەکانی خوارەوە ڕێک دەخەم

الله	والطير	الحيوان	يرزق
الله	ويرزق	المخلوقات	جميع	يرزقني
خوا	بانْدەکان دەدات	ئاژەڵ و	رزقی
خوا	رزقی	دروستکراوەکان دەدات	هەموو	رزقی من و

إنه الله
ئەوە خودایە

اللهُ الذي يُنْزِلُ المَطَرَ من السماء

خوا ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت

اللهُ الذي يُنْبِتُ الزَّرْعَ والأَشْجارَ

خوا ئەو کەسەیە کە دارو درەختەکان سەوز دەکات

أقول عند نزول المطر: «اللّٰهُمَّ صَيِّبًا نَافِعًا»

لە کاتی باران بارینداد دەڵێم:

ئەی خودایە بارانێکی بە سوود و بە فەر

وبعد نزول المطر أقول:
«مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللّٰهِ وَرَحْمَتِهِ»

وە لە پاش باران بارین دەڵێم: بارانمان بۆ داباری بە فەزڵ و بەزەیی خوای گەورە

أَقْرَأ وَأُلونُ
دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم
اللّه ينزل المطر من السماء
اللّه الذي ينبت الزرع والأشجار
أقول عند نزول المطر:اللهم صيبا نافعا
وبعد نزول المطر أقول:مطرنا بفضل اللّه ورحمته
خوا ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت
خوا ئەو کەسەیە کە دارو درەختەکان سەوز دەکات
لە کاتی باران بارینداا دەڵێم : ئەی خودایە
بارانێکی بە سوود و بە فەر
لە پاش باران بارین دەڵێم : بارانمان بۆ دابارێ
بە فەزڵ و بەزەیی خوای گەورە
15

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

اللهُ الذي يُنْزِلُ المَطَرَ من السماء

اللهُ الذي يُنْبِتُ الزَّرْعَ والأَشْجارَ

خوا ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت

خوا ئەو کەسەیە کە دارو درەختەکان سەوز دەکات

أُجِيبُ بالكِتابةِ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَةِ
لەسەر پیتە خاڵدارەکە بە نووسین وەڵامم دەدەمەوە

من الذي ينزل المطر من السماء؟ الله

من الذي ينبت الزرع والأشجار؟ الله

کێ ئەو کەسەیە کە لە ئاسمانەوە باران دەبارێنێت؟ خوا

کێ ئەو کەسەیە کە دارو درەختەکان سەوز دەکات؟ خوا

أُرَتِّبُ الْكَلِمَاتِ الْآتِيَة
وشەکانی خوارەوە ڕێك دەخەم

الله	من السماء	المطر	ينزل	الذي
الله	والأشجار	ينبت	الذي	الزرع
خودا	که له ئاسمانەوە	باران	دەبارێنێت	ئەو کەسەیە
خودا	و درەختەکان	سەوز دەکات	ئەو کەسەیە	کشتوکاڵ

الله المُنعِم
خودا نیعمەت ڕێژ و بەخشندەیە

اللهُ الذي أَنْعَمَ علينا بالسَّمْعِ والبَصَرِ

خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی بیستن و بینینی بەسەرماندا ڕژاندووە

اللهُ الذي أَنْعَمَ علينا بالطعامِ والشَّرابِ

خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی خواردن و خواردنەوەی بەسەرماندا ڕژاندووە

أَقُولُ بَعْدَ تَناوُلِ الطعامِ والشَّرابِ:
«الحَمْدُ للهِ»، وقبلَه أقول: «بسم اللهِ»

: لە پاش خواردن و خواردنەوە دەڵێم
(الحمد لله) وە لە پێشیدا دەڵێم : (بسم الله)

نِعَمُ اللهِ علينا كَثِيرَةٌ

نیعمەتەکانی خوا بە سەرمانەوە زۆرن

أَشْكُرُ اللهَ على نِعَمِهِ الكثيرة

سوپاسی خوا دەکەم لەسەر نیعمەتە زۆرەکەی

17

أَقْرَأ وَأُلونُ

دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

الله الذي أنعم علينا بالسمع والبصر
الله الذي أنعم علينا بالطعام والشراب
نعم الله علينا كثيرة .. أشكر الله على نعمه
الكثيرة .. أقول بعد تناول الطعام والشراب
الحمد لله .. وقبله أقول بسم الله

خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی بیستن
و بینینی بەسەرماندا ڕژاندووە
خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی خواردن
و خواردنەوەی بەسەرماندا ڕژاندووە
نیعمەتەکانی خوا بەسەرمانەوە زۆرن
سوپاسی خوا دەکەم لەسەر نیعمەتە زۆرەکەی
لە پاش خواردن و خواردنەوە دەڵێم : (الحمد لله)
وە لە پێشیدا دەڵێم : (بسم الله)

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المَنْقُطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

اللهُ الذي أنعم علينا بالسمع والبصر - اللهُ الذي أنعم علينا بالطعام والشراب - نعم الله علينا كثيرة - أشكر الله على نعمه الكثيرة - أقول بعد تناول الطعام (الحمد له) وقبله أقول (بسم الله)

خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی بیستن و بینینی بەسەرماندا رژاندووە

خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی خواردن و خواردنەوەی بەسەرماندا رژاندووە

نیعمەتەکانی خوا بە سەرمانەوە زۆرن

سوپاسی خوا دەکەم لەسەر نیعمەتە زۆرەکەی

لە پاش خواردن و خواردنەوە دەڵێم : (الحمد لله) وە لە پێشیدا دەڵێم : (بسم الله)

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

اللهُ الذي أَنْعَمَ علينا	بسم الله	خودا ئەو کەسەیە کە نیعمەتی رژاندووەتە سەرماندا بە	بسم الله
نِعَمُ اللهِ علينا	بالسَّمْعِ والبَصَر والطعامِ والشَّرابِ	نیعمەتەکانی خوا بەسەرمانەوە	بیستن و بینین و خواردن و خواردنەوە
أَقُولُ بَعْدَ تَناوُلِ الطعامِ والشَّرابِ	كَثِيرَةٌ	لە پاش خواردن و خواردنەوە دەڵێم	زۆرن
أَقُولُ قبل تَناوُلِ الطعامِ والشَّرابِ	الحَمْدُ للهِ	لە پێش خواردن و خواردنەوە دەڵێم	الحمد لله

19

أُحِبُّ اللهَ وأعبدُه

خوام خۆشدەوێت و هەر ئەو دەپەرستم

أُحِبُ اللّٰهَ لأنه هُو الذي:
هَدانِي، خَلَقَنِي، رَزَقَنِي، أَنْعَمَ عَلَيَّ

خوام خۆشدەوێت چونکە ئەو : هیدایەتی داوم و دروستی کردووم و رزقی داوم و نیعمەتی بە سەرمدا رژاندووە.

أَعْبُدُ اللّٰهَ وَحْدَهُ

تەنها خوا دەپەرستم

أَدْعُو اللّٰهَ وَحْدَهُ

تەنها لە خوا دەپاڕێمەوە

أُصلي للّٰهِ وَحْدَهُ

تەنها بۆ خوا نوێژ دەکەم

خَلَقَنا اللّٰهُ لِعِبادَتِهِ

خوای گەورە ئێمەی بۆ پەرستنی خۆی دروستکردووە

أَقْرَأ وَأُلونُ
دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

أحب الله لأنه هو الذي
هداني ✿ خلقني ✿ رزقني ✿ أنعم علي
أعبد اله وحده - أدعو الله وحده
أصلي لله وحده - خلقنا الله لعبادته

خوام خۆشدەوێت چونکە ئەو ئەوە کەسەیە کە :
هیدایەتی داوم و دروستی کردووم و ڕزقی
داوم و نیعمەتی بەسەرمدا ڕژاندووە
بە تەنها خوا دەپرستم
تەنها لە خوا دەپارێمەوە
تەنها بۆ خوا نوێژ دەکەم
خوای گەورە ئێمەی بۆ پەرستی خۆی
دروستکردووە

21

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المَنَقَّطَة

لە سەر پیتە خاڵدارەکان دەنووسم

أحب الله لأنه هو الذي:

هداني - خلقني - رزقني - أنعم عليّ

أعبد الله وحده - أدعو الله وحده

أصلي لله وحده - خلقنا الله لعبادته

خوام خۆشدەوێت چونکە ئەو ئەو کەسەیە کە :

هیدایەتی داوم و دروستی کردووم و رزقی داوم

و نیعمەتی بەسەرمدا رژاندووە .

تەنها خوا دەپرستم

تەنها لە خوا دەپاڕێمەوە

تەنها بۆ خوا نوێژ دەکەم

خوای گەورە ئێمەی بۆ پەرستی خۆی دروستکردووە

أَصلُ الْكَلِمَةِ بالْمَعْنَى الصَّحِيحِ

وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

أُحِبُّ اللهَ لأنه هُو الذي:	لِعِبادَتِهِ	خوام خۆشدەوێت چونکە ئەو ئەو کەسەیە کە	بۆ پەرستی خۆی
خَلَقَنا اللهُ	وَحْدَهُ	خوا دەپەرستم	هیدایەتی داوم و دروستی کردووم و رزقی داوم و نیعمەتی بەسەرمدا رژاندووە
أَعْبُدُ اللهَ	هَدانِي، خَلَقَنِي رَزَقَنِي، أَنْعَمَ عَلَيَّ.	خوای گەورە ئێمەی دروست کردووە	بە تەنها

أَجِيبُ بالكِتابَةِ عَلَى الْحُرُوفِ الْمُنَقَّطَةِ

لەسەر پێتە خاڵدارەکە بە نووسین وەلآم دەدەمەوە

من أعبد؟ الله

لمن أصلي؟ الله

لماذا خلقنا الله؟ لعبادته

کێ بپەرستم؟ خوا

بۆ کێ نوێژ بکەم ؟ بۆ خوا

خوا بۆ ئێمەی دروست کردووە؟ بۆ پەرستنی خۆی

أَرْكَانُ الإِسْلاَمِ
پایەکانی ئیسلام

١ـ شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ
(مَعْنَاهَا: لَا مَعْبُودَ بِحَقٍّ إِلَّا اللهُ)
وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُوْلُ اللهِ
(وَمُقْتَضَاهَا: تَصْدِيقُهُ فِيمَا أَخْبَرَ، وَطَاعَتُهُ فِيمَا أَمَرَ، وَاجْتِنَابُ مَا نَهَى عَنْهُ وَزَجَرَ، وَأَلَّا يُعْبَدَ اللهُ إِلَّا بِمَا شَرَعَ).

شایەتی دان کەوا هیچ خوایەك نییە شایەنی پەرستن بێت تەنها اللە نەبێت (ماناکەی : هیچ پەرستراوێك بە حەق نییە جگە لە اللە) ,
وە موحەممەد نێردراوی خوایە (وە ناوەرۆکەکەی : باوەر پێکردنی لەوەی هەواڵی داوە و گوێڕایەڵی کردنی لەوەی فەرمانی کردووە و دوور کەوتنەوە لەوەی نەهی لێکردووە و خوای گەورە نەپەرستریێت ئیللا بەوەی ئەو لە شەرعدا دایرشتووە)

٢ـ إِقَامُ الصَّلاَةِ.
ئەنجامدانی نوێژەکان

٣ـ إِيْتَاءُ الزَّكَاةِ.
دەرکردنی زەکاتی سەروەت و سامان

٤ـ صَوْمُ رَمَضَانَ.
ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان

٥ـ حَجُّ البَيْتِ.
حەجکردنی ماڵی خوا

أَقْرَأُ وَأُلَوِّنُ
دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

أركان الإسلام
شهادة أن لا إله إلا الله
وأن محمدا رسول الله
إقام الصلاة - إيتاء الزكاة
صوم رمضان - حج البيت

شایەتی دان کەوا هیچ خوایەك نییە
شایەنی پەرستن بێت تەنها اللّٰه نەبێت
و موحەممەد نێردراوی خوایە
ئەنجامدانی نوێژەکان
دەرکردنی زەکاتی سەروەت و سامان
ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان
حەجکردنی ماڵی خوا

أَكْتُبْ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

أركان الإسلام: شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله، إقام الصلاة، إيتاء الزكاة، صوم رمضان، حج البيت

پایەکانی نیسلام

شایەتی دان کەوا هیچ خوایەک نییە شایەنی پەرستن بێت تەنها اللە نەبێت و موحەممەد نێردراوی خوایە نەنجامدانی نوێژەکان . دەرکردنی زەکاتی سەروەت و سامان
ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان . حەجکردنی ماڵی خوا

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيح
وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

شَهَادَةَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهِ	أَرْكَانُ الإِسْلاَمِ	إِقَام	إِيتَاء	صَوْم	حَجّ
وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُوْلُ اللهِ	الصَّلاةِ	رَمَضَان	البَيْتِ	خمسة	الزَّكَاةِ
ژمارەی پایەکانی نیسلام	شایەتی دان بەوەی هیچ خوایەک نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها اللە نەبێت	نەنجامدانی	دەرکردنی	ڕۆژووگرتنی	حەجکردنی
نوێژەکان	ماڵەکەی خوا	و موحەممەد نێردراوی نەوە	ڕەمەزان	زەکات	5

أُرَتِبُ الْكَلِمَاتِ الآتِيَة
وشەکانی خوارەوە ڕێك دەخەم

صوم رمضان	إيتاء الزكاة	إقام الصلاة	الشهادتان	حج البيت
ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان	دەرکردنی زەکات	نەنجامدانی نوێژەکان	دوو شایەتمانەکە	حەجی ماڵی خوا

أَرْكَانُ الإيمَان
پایەکانی ئیمان

١ـ الإيمَانُ بِاللهِ.
ئیمان هێنان بە خوا

٢ـ الإيمَانُ بالمَلائِكَة.
ئیمان هێنان بە فریشتەکان

٣ـ الإيمَانُ بالكُتُب.
ئیمان هێنان بە کتێبەکان

٤ـ الإيمَانُ بالرُّسُل.
ئیمان هێنان بە پێغەمبەران

٥ـ الإيمَانُ باليَوْمِ الآخِرِ.
ئیمان هێنان بە رۆژی دوایی

٦ـ الإيمَانُ بالقَدَر.
ئیمان هێنان بە قەدەر

أَقْرَأُ وَأُلَوِّنُ

دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم

أركان الإيمان

الإيمان بالله - الإيمان بالملائكة

الإيمان بالرسل - الإيمان بالكتب

الإيمان باليوم الآخر - الإيمان بالقدر

پایەکانی ئیمان

ئیمان هێنان بە خوا

ئیمان هێنان بە فریشتەکان

ئیمان هێنان بە کتێبەکان

ئیمان هێنان بە پێغەمبەران

ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی

ئیمان هێنان بە قەدەر

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

أَرْكَانُ الإِيمَان

الإِيمَانُ بِاللهِ - الإِيمَانُ بالمَلائِكَة - الإِيمَانُ بالكُتُب -
الإِيمَانُ بالرُّسُل - الإِيمَانُ باليَوْمِ الآخِرِ - الإِيمَانُ بالقَدَر

پایەکانی ئیمان

ئیمان هێنان بە خوا. ئیمان هێنان بە فریشتەکان. ئیمان هێنان بە کتێبەکان
ئیمان هێنان بە پێغەمبەران . ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی
ئیمان هێنان بە قەدەر

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە دەگەینمە مانا تەواوەکە

الإِيمَانُ بِاللهِ	ئیمان هێنان بە فریشتەکان
الإِيمَانُ بالقَدَر	ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی
الإِيمَانُ باليَوْمِ الآخِرِ	ئیمان هێنان بە قەدەر
الإِيمَانُ بالمَلائِكَة	ئیمان هێنان بە خوا
الإِيمَانُ بالكُتُب	ئیمان هێنان بە پێغەمبەران
الإِيمَانُ بالرُّسُل	ئیمان هێنان بە کتێبەکان

نَبِيي مُحَمَّدٌ ﷺ
پێغەمبەرەکەم موحەممەدە ﷺ

من ذُرية إبراهيم عليه السلام
لە نەوەی ئیبراهیمە

أَنْزَلَ اللهُ عليه القُرْآنَ الكَرِيمَ
خوای گەورە قورئانی پیرۆزی دابەزاندە
سەر پێغەمبەرمان موحەممەد

بشر بنبوته وأمر باتباعه موسى وعيسى عليهما السلام
موسا و عیسا موژدەی پێغەمبەرایەتی ئەویان
داوە و فەرمانیان کردووە بە شوێنکەوتنی

أَرْسَلَه اللهُ إلى النَّاسِ جَمِيعًا
خوای گەورە موحەممەدی پێغەمبەرمانی ﷺ
ناردووە بۆ هەموو خەڵکی

يَدْعُوهُم إلى عبادة الله وَحْدَهُ
بانگیان دەکات بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها

مُحَمَّدٌ ﷺ بَشر مخلوق لكنه أفضل البَشَر، وآخر الأنبياء والرسل
موحەممەد ﷺ مرۆڤە و دروستکراوە بەڵام
باشترینی مرۆڤەکانە و کۆتا پێغەمبەرانە

مَنْ أَطَاعَه دخل الجنة
هەرکەسێك گوێڕایەڵی بکات دەچێتە بەهەشتەوە

أُحِبُّ نَبِيي مُحَمَّدًا ﷺ
من پێغەمبەرەکەم موحەممەدم ﷺ خۆش دەوێت

محمد
نبينا
صلى الله عليه وعلى آله وسلم
31

أَقْرَأ وَأُلونُ
دەخوێنم و ڕەنگی دەکەم
من ذرية إبراهيم عليه السلام.
أنزل الله عليه القرآن الكريم. بشر بنبوته
وأمر باتباعه موسى وعيسى عليهما
السلام. أرسله الله إلى الناس جميعا.
يدعوهم إلى عبادة الله وحده. أفضل
البشر، وآخر الأنبياء والرسل. من أطاعه
دخل الجنة. أحب نبيي محمدا
لە نەوەی ئیبراهیمە
خوای گەورە قورئانی پیرۆزی دابەزاندووەتە سەری
موسا و عیسا موژدەی پێغەمبەرایەتی ئەویان داوە و
فەرمانیان کردووە بە شوێنکەوتنی.
خوای گەورە بۆ هەموو خەڵکی ئەوی ڕەوانە کردووە.
بانگیان دەکات بۆ پەرستنی خوای تاك و تەنها
باشترینی مرۆڤەکانە و کۆتا پێغەمبەرانە .
هەر کەسێك گوێڕایەڵی بکات دەچێتە بەهەشتەوە
من پێغەمبەرەکەم موحەممەدم خۆش دەوێت
32

أَكْتُبُ عَلَى الحُرُوفِ المُنَقَّطَة
لەسەر پیتە خاڵدارەکان دەنوسم

نقول عند ذكر النبي : صلى الله عليه وسلم
أحب نبي محمدا. أنزل الله عليه القرآن الكريم.

لە کاتی باسکردنی پێغەمبەردا دەڵێین : صلی اللّٰه علیه وسلم
من پێغەمبەرەکەم موحەممەدم ﷺ خۆش دەوێت.
خوای گەورە قورئانی پیرۆزی بە سەردا دابەزاندووە.

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

نَبِيِي مُحَمَّدٌ ﷺ	موسى وعيسى عليهما السلام	موحەممەد پێغەمبەر ﷺ	موسا و عیسا
أَنْزَلَ اللهُ على نَبِينَا مُحَمَّدٍ ﷺ	عبادة الله وَحْدَهُ	خوای گەورە داپەزاندووەتە سەر موحەممەدی پێغەمبەرمان ﷺ	پەرستنی خوای تاک و تەنها
بشر بنبوته وأمر بإتباعه	إلى النَّاسِ جَمِيعًا	موژدەی پێغەمبەرایەتی نەوبان داوە و فەرمانیان کردووە بە شوێنکەوتنی	بۆ هەموو خەڵکی
أَرْسَلَ اللهُ نَبِينَا مُحَمَّدًا ﷺ	القُرْآنَ الكَرِيمَ	خوای گەورە موحەممەدی پێغەمبەرمانی ﷺ ڕەوانە کردووە	قورئانی پیرۆز
مَنْ أَطَاعَه ﷺ	من ذُرية إبراهيم عليه السلام	هەرکەسێک گوێڕایەڵی بکات ﷺ	لە نەوەی ئیبراهیمە
دعوته ﷺ: يدعو الناس إلى	ﷺ	بانگەوازەکەی ﷺ: بانگی خەڵکی دەکات بۆ	صلى الله عليه وسلم
نَقُولُ عِنْدَ ذِكْرِ النَّبِي	دخل الجنة	لە کاتی باسکردنی پێغەمبەردا دەڵێین :	دەچێتە بەهەشتەوە

33

الطَّهَارَة
پاك و خاوێنی

أقول قبل دُخُول الحمام: بسم الله

پێش ئەوەی بچمە سەرئاو دەڵێم : بسم الله

وأقول بعد الخروج: غُفْرَانَكَ

وە لە پاش دەرچوون دەڵێم : غفرانك

أُنَظفُ مَخْرَجَ الْبَوْلِ والغَائِطِ بِالمَاءِ أو بِمِندِيل بيدي اليُسْرَى

جێی دەرچەی میز و پیسی بە ئاو یان بە دەسەسرێك پاك دەكەمەوە بە دەستی چەپ

أُنَظفُ ثِيَابِي كُلَّمَا اتَّسَخَت

پۆشاكەكەم پاك دەكەمەوە هەر كاتێك پیس بوو

أُقَلمُ أَظْفَارِي كُلَّمَا طَالَت

نینۆكەكانم دەقرتێنم هەركاتێك درێژبوون

آصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە دەگەینمە مانا تەواوەکە

أُقَلِّمُ أَظْفَارِي كُلَّمَا	بالماء أو بمنديل بيدي اليسرى
أُنَظِّفُ ثِيَابِي كُلَّمَا	غُفْرَانَكَ
أقول قبل دُخُولِ الْحَمَّامِ:	طَالَت
وأُقول بعد الخروج:	اتَّسَخَت
أَنَظِّفُ مَخْرَجَ الْبَوْلِ والغَائِطِ	بسم الله

نینوکەکانم دەقرتێنم هەرکاتێک	بەئاویان دەسەسڕێک بە دەستی چەپ
پۆشاکەکەم پاک دەکەمەوە هەرکاتێک	غفرانك
پێش ئەوەی بچمە سەرئاو دەڵێم:	دریژبوون
لە پاش دەرچوون دەڵێم:	پیس بوون
دەرچەی میز و پیسی پاک دەکەمەوە	بسم اللّٰه

35

صفة الوُضُوء
شێوازی دەستنوێژ

أَقُولُ: بسم الله

دەڵێم : بسم الله

أَغسِلُ كَفَّيَّ ثَلاثَ مَرَّاتٍ

سێ جار دەستم دەشۆرم

أَتَمَضْمَضُ وأَسْتَنْشِقُ ثَلاثَ مَرَّاتٍ

سێ جار ئاو بە دەم و لووتمدا وەردەدەم

أَغْسِلُ وَجهي ثَلاثَ مَرَّاتٍ

سێ جار دەمو چاوم دەشۆرم



أَغْسِلُ يَدَيَّ من أَطْرَافِ الأَصَابِعِ إلى المِرْفَقَيْن ثَلاثَ مَرَّاتٍ

سێ جار دەستەکان و سەری پەنجەکانم تاوەکو ئەنیشکەکانم دەشۆرم

أَمْسَحُ رَأْسِيَ مع أُذُنَيَّ مَرَّةً وَاحدة

یەک جار سەرم لە گەڵ هەردوو گوێمدا مەسح دەکەم

أَغْسِلُ رِجْلَيَّ إلى الكَعْبَيْنِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ

سێ جار هەردوو پێم تاوەکو قاپەرەقەم دەشۆرم

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ

وشەکە دەگەینمە مانا تەواوەکە

١	أَغْسِلُ رِجْلَيَّ إلى الكَعْبَيْنِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ.
٢	أَمْسَحُ رَأْسِيَ مع أُذُنَيَّ مَرَّةً وَاحدة.
٣	أَغْسِلُ وَجهي ثَلاثَ مَرَّاتٍ.
٤	أَقُولُ بسم الله.
٥	أَتَمَضْمَضُ وأَسْتَنْشِقُ ثَلاثَ مَرَّاتٍ.
٦	أَغسِلُ كَفَّيَّ ثَلاثَ مَرَّاتٍ.
٧	أَغْسِلُ يَدَيَّ من أَطْرَافِ الأَصَابِعِ إلى المِرْفَقَيْنِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ.

1	سێ جار هەردوو پێم تاوەکو قاپەرەقەم دەشۆرم
2	سەرم لە گەڵ هەردوو گوێمدا یەک جار مەسح دەکەم
3	سێ جار دەمو چاوم دەشۆرم
4	دەڵێم : بسم الله
5	سێ جار ئاو بە دەم و لووتمدا وەردەدەم
6	سێ جار دەستم دەشۆرم
7	سێ جار دەستەکان و سەری پەنجەکانم تاوەکو نەنیشکەکانم دەشۆرم

نَواقِضُ الوُضُوء

هەڵوەشێنەرەوەکانی دەستنوێژ

الخارج من السَّبِيلَيْنِ (البول ـ الغائط ـ الريح)

ئەوەی لە هەردوو دەرچەکەوە دەرچێت (میز – پیسی – با)

النَّوْمُ

خەوتن

أَكْلُ لَحْمِ الإِبِلِ

خواردنی گۆشتی وشتر

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ

وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

الخارج من السبيلين	الإبل	ئەوەی لە هەردوو دەرچەکەوە دەردەچێت	وشتر
أكل لحم	البول – الغائط الريح	خواردنی گۆشتی	(میز – پیسی – با)

أُرَتِّبُ الأَفْعَالَ التَّالِيَةَ

ئەم کردارانە ڕێک دەخەم

أُصَلِّي	أتوضأ	أَسْتَنْجِي	نوێژدەکەم	دەستنوێژ دەگرم	سەرئاو دەکەم

38

صفة الغُسل — شێوازی خۆشوشتن

أن ينوي الغسل بقلبه، ثمَّ يسمِّي الله تعالى، ثمَّ يعمِّم جميع البدن وما تحت الشُّعور الخفيفة والكثيفة بالماء، مع المضمضة والاستنشاق.

بە دڵ نییەتی غوسل دەکات , ئەمجار ناوی خوا دەهێنێت , ئەمجار هەموو جەستەی دەشۆرێت بە ئاو و ئەوەی لە ژێر پرچەکەدایە تەنک بێت یان پڕ , لە گەڵ ئاو وەردانە دەم و لووت

الصَّلَواتُ المَفْروضَة
نوێژە فەرزەکان

صَلاةُ الفَجْرِ، رَكْعَتَانِ
نوێژی بەیانی , دوو رکاتە

صَلاةُ الظُّهْرِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ
نوێژی نیوەڕۆ , چوار رکاتە

صَلاةُ العَصْرِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ
نوێژی عەسر , چوار رکاتە

صَلاةُ المَغْرِبِ، ثَلاثُ رَكَعَاتٍ
نوێژی مەغریب , سێ رکاتە

صَلاةُ العِشَاءِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ
نوێژی خەوتنان , چوار رکاتە

أَصِلُ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ
وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

الصلوات المفروضة	الفجر	نوێژە فەرزەکان	بەیانی
أبدأ كل يوم بصلاة	ركعتان	هەموو رۆژێک دەست پێدەکەم بە نوێژی	دوو رکاتە
صلاة الفجر	ثلاث ركعات	نوێژی بەیانی	سێ رکاتە
صلاة المغرب	أربع ركعات	نوێژی مەغریب	چوار رکاتە
صلاة الظهر والعصر والعشاء	خمسة	نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و خەوتنان	5

أُرَتِّبُ الْكَلِمَاتِ الْآتِيَةَ
وشەکانی خوارەوە ڕێک دەخەم

	صلاةُ الظُّهْرِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ		نوێژی نیوەڕۆ , چوار رکاتە
	صَلاةُ المَغْرِبِ، ثَلاثُ رَكَعَاتٍ		نوێژی عەسر , چوار رکاتە
	صَلاةُ العَصْرِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ		نوێژی مەغریب , سێ رکاتە
	صَلاةُ العِشَاءِ، أَرْبَعُ رَكَعَاتٍ		نوێژی خەوتنان , چوار رکاتە
	صَلاةُ الفَجْرِ، رَكْعَتَانِ		نوێژی بەیانی , دوو رکاتە

صِفَةُ الصَّلاةِ

شێوازی نوێژ کردن

أَسْتَقْبِلُ القِبْلَةَ قائمًا

بە راوەستانەوە روو دەکەمە قیبلە

أُكَبِّرُ تَكْبِيرَةَ الإِحْرامِ قَائِلًا:
(اللهُ أَكْبَر)

سەرەتا تەکبیرەی ئیحرام دەکەم و دەڵێم : اللّٰه أكبر



أَضَعُ يَدي اليُمْنَى على اليُسْرى على صَدْري

دەستی ڕاستم دەخەمە سەر دەستی چەپم و دەیانخەمە سەر سینگم

أَقْرَأُ دُعَاءَ الاسْتِفْتَاحِ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، وتَبَارَكَ اسْمُكَ، وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلاَ إِلَهَ غَيْرُك.

دوعای دەستپێکردنی نوێژ دەخوێنم :

(سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، تَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ).

أَقْرَأُ الفَاتِحَة: (أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ) {بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (١) الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعَالَمِينَ (٢) الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (٣) مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ (٤) إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ (٥) اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ (٦) صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِالْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ (٧)}
ثم أقول: "آمين".. ثم أَقْرَأُ مِمَّا أَحْفَظُ من القُرآن.

سورەتی الفاتحة دەخوێنم: (((أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (1) الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (2) الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (3) مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ (4) إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ (5) اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ (6) صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ (7))،
ئەمجار دەڵێم: (آمين)، **ئەمجار ئەوەی لەبەرم بێت لە قورئان دەیخوێنم**

أقولُ: "اللهُ أَكْبَر"، وأَرْكَعُ، وَأَقُولُ: "سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ"

دەڵێم: (الله أكبر) **وە کرنۆش دەبەم و دەڵێم:**
(سُبْحَانَ رَبِيِّ الْعَظِيمِ)

أقولُ حالَ رَفعي من الرَكُوعِ: "سَمِعَ اللّٰهُ لِمَن حمِده".
ثم أقولُ وأنا قائم: "ربَّنا ولك الحمدُ"

کاتی سەرم لە کرنۆش بەرز کردەوە دەڵێم : (سَمِعَ اللّٰهُ لِمَن حمِده)
ئەمجار بە پێوە رادەوەستم و دەڵێم : (ربَّنا ولك الحمدُ)

أقولُ: "اللّٰهُ أَكْبَر"، وَأَسْجدُ، وَأَقُولُ: "سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى"

دەڵێم : (الله أكبر)
و سوژدە دەبەم و دەڵێم : (سُبْحَانَ رَبيِّ الْأَعْلَى)

أَعْتَدِلُ قائلًا: "اللّٰهُ أَكْبَر"، وأَجْلِس على قَدَمِي اليُسْرى
وَأَنْصِبُ اليُمنى، وَأَقُولُ: "ربِّ اغفِرْ لي"

ئەمجار دادەنیشم و دەڵێم : (الله أكبر) **وە لە سەر پێی چەپم دادەنیشم و پێی راستم توند دەکەم لە زەوی و دەڵێم :** رب أغفر لي

أقولُ: "اللّٰهُ أَكْبَر"، وأسْجدُ ثَانِيَة، وَأَقُولُ: "سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى".

دەڵێم : (الله أكبر) **وە بۆ جاری دووەم سوژدە دەبەم و دەڵێم :** (سُبْحَانَ رَبيِّ الْأَعْلَى)

أَقَومُ للرَكْعَةِ الثَّانِيَةِ قائلًا: "اللّٰهُ أَكْبَر"،
وَأَفْعَلُ فيها مِثْل مَا فَعَلْتُهُ في الرَكْعَةِ الأُولى

هەڵدەستمەوە بۆ رکاتی دووەم و دەڵێم : (الله أكبر)
وە هەمان ئەوەی کە لە رکاتی یەکەمدا کردم لە رکاتی دووەمدا دەیەکەم

أَجْلِسُ بعد الرَّكْعَة الثَّانِيَة لِلتَّشَّهدِ الأوَّلِ، وأَقُولُ: "التَّحِيَّاتُ لله وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ الله وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ الله الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا الله، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ"

لە رکاتی دووەم بۆ خوێندنەوەی تەحیاتی یەکەم دادەنیشم

ودەڵێم:(التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)

إن كانت الصَّلاة ثنائيَّةً ذات ركعتين أقرأُ الصلاة الإبراهيميَّة، ثمَّ أُسَلمُ

ئەگەر نوێژەکە دوو رکاتی بوو ئەوا (صلاة الابراهيمية) دەخوێنم و سەلام دەدەمەوە .

وإن كانت الصَّلاة ثلاثيَّةً أو رباعيَّةً أقُومُ للركعةِ الثالثة، وأَفْعَلُ في بَقية صَلاتِي مثل ما فَعلتُهُ في الركعتَيْن السابِقَتَين وأَقْتَصِرُ على قِراءةِ الفَاتِحَة

وە ئەگەر نوێژەکە سێ رکاتی یان چوار رکاتی بوو ئەوا هەڵدەستمەوە بۆ رکاتی سێیەم , وە ئەوەی لە رکاتی یەکەم و دووەمدا کردم ئەوا لەو رکاتانەی ماوەتەوە دەیکەم و تەنها سورەتی (الفاتحة) دەخوێنم .

45

أجْلِسُ فِي آخِرِ صَلاتِي وأقرأُ التَّشهُّدَ الأخِيرَ، وأصَلِي علَى النبِي ﷺ قائلًا: "اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ".

لە کۆتایی نوێژەکەمدا دادەنیشم و تەحیاتی کۆتایی دەخوێنم و صەلاتوات دەنێرم بۆ پێغەمبەری خوا و دەڵێم :

(اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَىَ مُحَمَّدٍ وَعَلَىَ آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَىَ آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ علَىَ مُحَمَّدٍ وَعَلَىَ آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَىَ آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ).

أُسَلمُ عن يَمِيني قائلًا: "السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ"، وعن يَساري قائلًا: "السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ".

بە لای راستدا سەلام دەدەمەوە و دەڵێم :

(السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ)،

وە بە لای چەپدا دەڵێم : (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ)

مُبْطِلاتُ الصَّلاةِ
پووچەڵکەرەوەکانی نوێژ

الكلام.
الأكلُ أو الشُّرب.
الضَّحِك.
الحَرَكَةُ الكثِيرة.
انتقاضُ الوُضوء (ببول ـ غائط ـ ريح).

قسەکردن
خواردن و خواردنەوە
پێکەنین
جوڵانەوەی زۆر
هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژ(بە میز – پیسی – با)

أَصِلِ الْكَلِمَةَ بِالْمَعْنَى الصَّحِيحِ

وشەکە بە مانا تەواوەکە دەگەیەنم

أَقولُ في تَكْبِيرَة الإِحْرام	سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ	لەتەکبیرەی ئیحرامدا دەڵێم:	(سُبْحَانَ رَبِيَ الْعَظِيم)
أَقولُ في الركوع	سَمِعَ اللهُ لِمَن حمِده	لە کرنۆشدا دەڵێم:	(سَمِعَ اللهُ لِمَن حمِده)
أَقولُ في السجود	اللهُ أَكْبَر	لە سوژدەدا دەڵێم:	(اللهُ أَكْبَرُ)
أَقولُ بين السجدتين	سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى	لە نێوان هەردوو سوژدەکەدا دەڵێم:	(سُبْحَانَ رَبِيَ الْأَعْلَى)
أَقولُ في الرفع من الركوع	ربِّ اغفِرْ لي	کە سەرم بەرز دەکەمەوە لە کرنۆش دەڵێم:	(ربِّ اغفِرْ لي)

يقول دعاء الاستفتاح في الركعة	كل ركعة	دوعای دەستپێکردنی نوێژ دەخوێنرێت لە رکاتی	هەموو رکاتێکدا
تقرأ الفاتحة في	الثانية	(الفاتحە) دەخوێنرێت لە	دووەم
التشهد الأول يكون في الركعة	الأخيرة	تەحیاتی یەکەم دەخوێنرێت لە رکاتی	کۆتایی
أقرأ التشهد الأخير بعد الركعة	الأولى	تەحیاتی کۆتایی دەخوێنرێت لە رکاتی	یەکەم

صلاة الفجر			نوێژی بەیانی
صلاة الظهر	تَشَهُّدان	دوو تەحیاتە	نوێژی نیوەڕۆ
صلاة العصر	تشهد واحد	یەک تەحیاتە	نوێژی عەسر
صلاة المغرب			نوێژی مەغریب
صلاة العشاء			نوێژی خەوتنان

47

هيا بنا نتعلم: كتاب باللغة البوسنية ، ألفه الدكتور هيثم سرحان، يهدف إلى تعليم الطفل المسلم مبادئ الدين والأخلاق والآداب الإسلامية من خلال أسلوب ممتع وشيق، جمع بين موثوقية المعلومة والالتزام بالضوابط الشرعية وبين مراعاة حب الطفل للّعب والتسلية والتشويق.

خێراکە با فێر ببین : کتێبێکە بە زمانی کوردی ، دکتۆر هەیسەم سەرحان نوسیویەتی ، ئامانج لێی فێرکردنی منداڵی موسڵمانە بە بیروباوەڕ و بنە ماى دینەکەی و نەخلاق و رەوشت و ئادابە ئیسلامییەکان لە ڕێگای شێوازێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش ، کۆی کردوەتەوە لە نێوان زانیاری ڕاست و دروست و یاسا و ڕێسا شەرعییە کان و نێوان بەلەچاوگرتنی خۆشەویستی منداڵ بۆ یاری کردن و خوشکردن و شیرین کردنی بابە تە کە

mahadsunnah.com/ar
alsarhaan.com
sarhaan.com